پوختەی ئایینی ئیسلام

وەرگێڕان و بە کوردی کردن:
مەلا مەحمودی گەلاڵەیی
(مامۆستا نوری فارس پێیدا چووەتەوە)

پوختەی
ئایینی ئیسلام

وەرگێڕان و بەکوردی کردنی:
مەلا مەحمودی گەلاڵەیی

(مامۆستا نوری فارس پێیدا چووەتەوە)

چاپی دووەم

بسم الله الرحمن الرحيم

..*
..*.*.*.*.*
..*.*.*.*.*.*.*.*.*.*.*
.

ناوی کتێب: پوختەی ئایینی ئیسلام

وەرگێڕانی: مەلا مەحمودی گەلاڵەیی

پێداچونەوە: نوری فارس حمە خان

چاپ: دووەم

ساڵی چاپ : ٢٠٠٩

تایپ: گەزاڵ حسین

تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: (١٣٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٩.

بسم الله الرحمن الرحيم

لـەپاش حەمـدو سوپاسـی خـودای گـەورەو مـەزن عـەرزم ئەومیـە:
زۆردەمێك بوو بە تەمابووم‌و ئارەزوو مەندبووم، کە کتێبێ (روح الدین
الاسلامي): دانـراوی مامۆسـتا عـەفیف طـەبباره لـە زمـانی عەرەبیـەوە
وەربگێرمـە سەر زمـانی کوردی.. چەند جارێکیش لە مامۆستاو برادەران
ناوبـانگی باشی ئەم کتێبەم بیستبوو، ماوەیەك بە ئەمانەت نوسخەیەکی
چاپی سێهەمیم کەوتـەلا، بـرێکم لێ خوێنـدەوە، سـاڵی (١٩٧٠)ی زاینـی
دانەیـەکم کـڕی وابـزانم چاپی حەوتـەمینی بـوو، بەتـەواوی هـەموویم
خوێندەوە، بەمە زیاتر لە کتێبەکە شارەزا بووم‌و چووە دڵمەوە.. لەوساوە
هەر بەینەنا بەینێك بە گوێرەی پێویست باسێك لاپەڕێك یان زیاترم لێ
دووبارە کردۆتەوە، هەموو کاتێکیش بەیەکێ لە کتێبە خۆشەویستەکانی
کتێبخانەم حسێب کردوە، بەلاەوە کتێبێکی زانست ئامێزو دەق راستەو
ئوسلوبی رێك‌و رەوانە، کەرەستەیەکی ئامۆژگاری کردنی رێك‌و پێکەو
نووسینێکی رەوانی بەهێزو پێزە، رۆحێکی دینی خاوێن‌و باس‌و خواسێکی
بە سوودی لەخۆ گرتووە. پێویستە هەموو ماڵێکی موسوڵمان نوسخەیەکی
لەم کتێبە ئاوازە تێدابی‌و هەموو موسوڵمانێك بیخوێنێتەوەو لێی
بەهرەوەربێ. دیارە ئەمە تەنها رای من نییە بەڵکوو زۆربەی خوێندەوارانی
موسوڵمان ئەم هەڵوێستەیان هەیەو بە لایانەوە کتێبێکی بەنرخەو سوود
بەخشە، بەڵگەشم لەسەر ئەمە ئەومیە، ئەم کتێبە لەماوەی کەمتر لە (٢٥)
ساڵدا هەژدە جار هەر جارەی بە هەزاران نوسخە چاپ کراوەو هەر
جارێکیش بە ماوەیەکی کورت لە کتێبخانەکاندا نەماوە، ئەمە ئەوە
دەگەیەنێ کە کتێبەکە جێگای خۆی لە دڵی خوێندەوارانـدا کردۆتەوە،
ئەگینا ئەم هەموو جارەو بەم حەمکە نووسخە چاپ نەدەکراو ئاوا بڵاو
نەدەبووەوە.

بۆیـه منـیش هـهر کـهبیرم کـردهوهو ویـستم کتێبێکـی ئـایینی لـه زمـانی عهرهبیهوه وهرگێڕمه سهر زمانی کوردی، یهکسهر دڵم بۆ وهرگێڕانـی کتێبـی (روح الدين الإسلامي) چوو، ئـهمم پهسـهند کـرد، لـهپاش راوێـژو پـرس‌و را چهند مامۆستاو برادهرێکیش ههر ئهمیان بۆ دهست نیـشان کـردم‌و پیرۆزیـی کـارێکی وههایـان بـۆ درکانـدم‌و بهرامبـهر بـهم نیـازهم خۆشـحاڵی خۆیـان دهربڕی.. ئیتر منیش به پشتگیری‌و یاریدهی خودا قۆڵم لێ ههڵـکردو دهستم کـرد بـه وهرگێڕانـی، هیـوام وایـه جێگـای رهزامهنـدیی خوێنـهران بـێ، جێـی خـۆی لـه دڵـی موسـوڵمانانـدا بکاتـهوه. خـوای گـهورهو مـهزنیش وهکـوو ئهسـڵهکهی بهرهکـهتی تـێ بخـاو بـڕهوی پـێ بـداو ئـهمیش وهك ئـهو سـوود بهخش بێ....

ناشمــهوێ ســهری خوێنــهر بهێــشێنم‌و باســی وهرگێــڕان‌و پــرۆژهی وهرگێڕانهکـه بکـهم، ئهمـه کارهکـهی بهندمیـه وا لهبـهر دهسـتی ئێـوهی خوێنــهری ئـازیزدا، ئومێـدهوارم جێگـهی رهزامهنـدیی ئێـوه بـێ، ئهگـهر ههڵهیهکیش لـه ئـارادا بـی چاوپۆشـی لێ بکـهن، چونکه لـه کۆششی گـهورهی وههادا، نهك منی بێ ئایهو مایه بگره کهڵه پیاوانیش نووچه دهدهن!! تـهنیا ئهوهنده دهڵێم: تا بـۆم کرابـێ لـه وهرگێڕانـی وشـه بـه وشـه خـۆم پاراسـتووه ههمیـشه هـهوڵم داوه مهبهسـتهکه بکـهم بـه کـوردی باسـهکه تـێ بگـهم‌و بـه کوردی دای رێژمهوه.

✍ محمود أحمد محمد

بەشی یەکەم:

مانای ئیسلام (معنى الإسلام)

مانای ئیسلام لە زماندا - مانای ئیسلام لە شەرعدا - (ئەو ئایینانەی کە بانگەوازیان بۆ تاكو تەنهایی خوا هەڵداوە) دوو بەرەکی لە ئاییندا بەهۆی زیادە رەوی و دوژمنایەتی و سەرپێچی کردنەوە.

ئیسلام ناوە بۆ ئەو ئایینەی کە حەزرەتی محمد (درودی خودای لەسەر بێ) هێناویەتی و پەخش و بڵاوی کردۆتەوە، جا وەنەبێ ناونانی ئایینەکە بە ئیسلام لە پێغەمبەرەوە بووبێ، بەڵکوو ناونانی ئایینی ئێمە بە ئیسلام لەلایەن خواوە بووە.. خوا خۆی ئەم ناوە خۆشەی بۆ ئەم ئایینە پیرۆزە داناوەو فەرموویەتی:

{وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا... سورة المائدة/ ٣}:

واتە: من ئیسلامم بۆ ئێوە بەدیین رەوا بینیوەو تا کۆتایی دونیاش ئەم دینە بەردەوامە.

مانای ئیسلام لە زمانی عەرەبیدا:

زۆر لە زمانەوانانی عەرەب و راڤەکەرانی قورئان و رۆژهەڵات ناسانی ئەوروپایی هەوڵیان داوە کە وشەی ئیسلام ببەنەوە سەر ریشەو رەچەڵەکێ کە لە زماندا مەعنای چییە؟ لەسەر ئەمە لێکۆڵینەوەو وتو وێژێکی زۆر وردو درێژیان هەیە، زۆر راوو بۆچونیان خستۆتەرو، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لێرەدا هەڵی دەبژێرین بریتییە لەو رایەی کە زۆربەی زانا موسوڵمانەکان بەلایانەوە پەسەندە، ئەویش مانای گوێڕادێری و ئاشتی و خاوێنی لە خەوش دەگرێتەوە. چونکە ئێمە کاتێك لە وشەی (سلم) ورد دەبینەوە دەبینین بەم مانایانە هاتووە:

أ/ پاڵفتەیی و خاوێنی لە خەوشی ئاشکراو نهێنی.

ب/ ئاشتی و ئەمن و ئاسایش.

ج/ گوێ رادێری و گەردن کەچی.

مانای ئیسلام لە شەرعدا (المعنى الشرعي):

ئیسلام لە شەرعدا بریتییە لە خودا بەیەك ناسینو گەردن کەچیو گوێ رادێری بۆ فرمانەکانیو پاڵفتەکردنی دەروون لەهەموو خەوشێكو ئامادەکردنی بۆ خۆشەویستی ئەو پەروەردگارەو بڕواکردن بەو بنەما ئاینیانەی کە حەزرەتی محمد (درودی خودای لەسەر بێ) لە خواوە هێناونیو بە ئوممەتی خۆی ڕاگەیاندوون، لەم روەوە دەبینین قورئانی پیرۆز جارێك وشەی ئیسلامی بەکارهێناوە لە بەرامبەر هاوبەش پەیداکردن بۆ خودا دەفەرموێ:

{قُلْ أَغَيْرَ اللّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَهُوَ يُطْعِمُ وَلاَ يُطْعَمُ قُلْ إِنِّيَ أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ وَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكَينَ} (سورة الأنعام/ ١٤)

واتە: ئەی موحەممەد بەو هاوبەش پەیداکەرانە بڵێ: ئەوە بەچ عەقڵێکەوە داوا لەمن دەکەن کە لە جیاتی ئەو خودا گەورەو مەزنە کە ئەم هەموو ئاسمانو زەوییانەی لە نەبوون دروست کردوە من بچم خودای تر بۆ خۆم دابنێم؟، نەخوازەڵڵا ئەو خودا هیچو پووچانەیش کە ئێوە کردوتانن بە خودا، من چۆن هەڵەی وا دەکەم، خوای من رزقو رۆزی هەموو ژیاندارێك دەداو بۆ خۆشی هیچ پێویستی بە خواردنو خواردنەوە نییە، ئەی پێغەمبەری من! بە ئەمری من پێیان بڵێ: من خودا فەرمانی پێ کردووم کە یەکەم کەس بم کە دینی ئیسلام قەبووڵ بکەمو ببم بە سەرمەشقو پێشەوایەکی جوان بۆ گەلی خۆم لەم رێگە پیرۆزەدا، وە من چۆن فەرمانی ئەم خودایەی خۆم بە قسەی ئێوە دەشکێنم کە فەرمویەتی پێم: {وَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ}: ئەی موحەممەد لە هیچ روویەکەوە مەبە بە بتپەرستو هاوبەش پەیداکەر!.

جارێکی تر قورئان وشەی ئیسلامی لە بەرامبەر کوفرەوە بەکارهێناوەو فەرموویەتی:

{وَلاَ يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُواْ الْمَلاَئِكَةَ وَالنِّبِيِّيْنَ أَرْبَابًا أَيَأْمُرُكُم بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ} سورة آل عمران (٨٠).

واتە: ئایا عیسای پێغەمبەری من، یان پێغەمبەرێکی تر داواتان لێ دەکا کە فریشتەو پێغەمبەرەکانی بکەن بە خوای خۆتان!؟ چۆن شتی وا دەبێ، چۆن فەرمانتان پێ دەکا بە کافربوون پاش ئەوەی کە ئێوە موسوڵمان بوون؟. لە شوێنێکی تردا قورئان وشەی ئیسلامی بەمانای ئیخلاص و دڵ سۆزی بۆ خوا بەکارهێناوەو فەرموویەتی:

{وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لله وَهُوَ مُحْسِنٌ واتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَاتَّخَذَ اللّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلاً} سورة النساء (١٢٥).

واتە: دەبێ کێ بێ کە ئایینێکی پاك و خاوێن و چاك و باشی وای هەبێ کە لە ئایینی جوانی ئەو کەسە جوانتر بێ، کە خۆی دابێتە دەست خودای خۆی و، بە ساغی و بە دڵ سۆزی گەردن کەچی دینی خودا بی و لەهەمان کاتا خێر خوا بێ و چاکەش لەگەڵ مەردوم بکا؟

ئەوەتا لێرەدا خوای مەزن مەدح و سەنای کەسێك دەکا کە دڵ سۆزانە گەردن کەچی خوا بێ و جگە لە پەروەردگار خوایەکی تر بە راست نەزانێ.

هەروەها وشەی ئیسلام لە قورئاندا بە مانای گەردن کەچی و گوێ رادێری هاتووە دەفەرموێ:

{وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِن قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ} سورة الزمر (٥٤).

واتە: بگەڕێنەوە بۆلای خواو گەردن کەچی فەرمانی بن و گوێ رادێری ئامۆژگاریەکانی بن.

جاری واش هەیە قورئان وشەی (أسلم)ەی بۆ کافرو موسوڵمان بەکارهێناوە لەم روەوە کە هەموویان گەردن کەچی خودان و فەرمان بەرداری ویستی ئەون، پێیان خۆش بێ یان پێیان ناخۆش بێ واتە خۆشییان بێ و ترشییان بێ، یاسای بونەوەریان بەسەردا تەنفیز دەکرێ وەك ئەمە کە دەفەرموێ:

{أَفَغَيْرَ دِينِ اللّهِ يَبْغُونَ وَلَهُ أَسْلَمَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ} سورة آل عمران (٨٣).

ئەوەتا لەم ئایەتەدا وشەی (أسلم) مانای گەردن کەچیو فەرمان بەرداری ویستی پەروەردگارە، وەلێ لەئەنجام دا بەکارهێنانی ئەم وشەیە لەم زاراوەدا تەرخان کراوە بۆ ئەو خاوەن هەستانەی کە بە دڵو بە گیان، بە لێ وردبوونەوە گەردن کەچی فەرمانی خودان. چونکە موسوڵمان زیاد لە تاعەتە سروشتییەکەی کە یاسای بوونەوەرە بە نیازو رەزامەندیش بە ئیرادەو ویستی خۆشی تاعەتی خوا دەکاو ملکەچی فەرمانێتی لەم روەوە وشەی (مسلم) بەکاردەهێنرێ بۆ هەر کەسێك کە بە دڵو لە ناخەوە فەرمان بەرداری فەرمانی خوا بێو بە حوسنو رەزای خۆی گەردن کەچی فەرمانی خواو گوێڕادێری پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرەکان بێ، شوێن ئاینێکی ئاسمانی کەوتبێ، رێبازی پێغەمبەرێکی گرتبێ. پێغەمبەرەکانیش بۆ خۆیان نازناوی موسوڵمانیان بۆخۆیان هەڵبژاردوە ئەوەتا حەزرەتی نوح پێغەمبەر (درودو سەلامی خودای لەسەر بێ) وەکوو قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە خۆی لە ریزی موسوڵمانان حسێب کردوەو فەرموویەتی:

{وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ} سورة يونس (٧٢).

حەزرەتی ئیبراهیمیش خوا لە قورئاندا باسی دەکاو وشەی ئیسلامی بە بالا دەبڕێ، وەکوو ئەو زاتە مەزنە بۆ خۆی فەرموویەتی:

{وَلَقَدِ اصْطَفَيْنَاهُ فِي الدُّنْيَا وَإِنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ إِذْ قَالَ لَهُ رَبُّهُ أَسْلِمْ قَالَ أَسْلَمْتُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ} سورة البقرة (١٣٠ – ١٣١).

واتە: ئێمە (ئیبراهیم)مان لە دونیادا هەڵبژاردووە بە چاکترین مرۆڤی سەردەمی خۆیمان حسێب کردوە، لە رۆژی ئاخیریشدا لە رێزی صالحانو پیاو چاکاندا دادەنرێ، چونکە زۆر گەردن کەچی فەرمانی خوای خۆی بووە. بە جۆرێك کە خوای خۆی پێی فەرموو ئیسلام بکە بە ئایینی خۆتو گەردن کەچی فەرمانم بە بەبێ سیو دوو فەرمووی: ئەوا گەردن کەچی فەرمانی بەدی هێنەری بونەوەر بوومو دینی ئیسلامم قبوڵ کرد.

حەزرەتی یوسفیش تاقە ئاواتی هەرە گەورەی ئەوە بوو کە بە موسوڵمانی بمرێ ئەوەتا دوو دەستی نزاو پاڕانەوە بۆلای خوا بەرز دەکاتەوەو دەڵێ:

{أَنتَ وَلِيِّي فِي الدُّنُيَا وَالآخِرَةِ تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ} سورة يوسف (١٠١).

واتە: پەروەردگارا! هەر تۆ خواو خاوەن‌و گەورەی منی لە دونیاو قیامەتدا، نزاو تکام ئەوەیە بە موسوڵمانی بمرێنە، بمخەرە ریزی پیاو چاکانەوە. حەزرەتی موساش روو دەکاتە هۆزەکەی‌و پێیان دەڵێ:

{يَا قَوْمِ إِن كُنتُمْ آمَنتُم بِاللّهِ فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ - سورة يونس/ ٨٤}:

واتە: ئەی نەوەی ئیسرائیل! ئەی گەلی خۆم! ئەگەر بەڕاستی ئیمانتان بە خودا هێناوە هەر پشت بە ئەو ببەستن‌و ئەو بکەن بە پشتیوانی خۆتان پاڵ بە هێزی ئەوەوە بدەن‌و خالیصانە بیپەرستن، ئەگەر راست دەکەن موسوڵمان‌و گەردن کەچی ئەون.

لە بارەی حەزرەتی (عیسا)شەوە قورئان دەفەرموێ:

{فَلَمَّا أَحَسَّ عِيسَى مِنْهُمُ الْكُفْرَ قَالَ مَنْ أَنصَارِي إِلَى اللّهِ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ اللّهِ آمَنَّا بِاللّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ - سورة آل عمران/ ٥٢}:

واتە: کاتێك حەزرەتی عیسا هەستی کرد کە زوربەی قەومەکەی کافرن‌و خوا بەیەك ناناسن، وتی: کێ یارمەتیدەرو هاوڕێی منە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی خودا؟ حەواریيەکانی کە دوانزە قوتابی خۆی بون‌و زۆر لێیەوە نزیك بوون، هەموو بەیەك دەم‌و یەك زوبان وتیان: ئێمە یارمەتیدەری ئایینی خوداین‌و بۆ هەموو کارو بارێك لە گەڵتاین‌و ئیمانمان بە خوا هێناوەو باوەڕمان بە خوایەتی ئەو هەیە، رۆژی قیامەتیش تۆ شایەتیمان بۆ بدە، کە ئێمە موسوڵمانین‌و گەردن کەچ‌و گوێ رادێری فەرمانی خواو پێغەمبەرین، کەوابوو هەر یەکێك لەو پێغەمبەرانە ئایینەکەی بریتی بووە لە جێبەجێ کردنی چەند رووپەڕێکی ئایینی ئیسلام. جا بۆ تەواوکردنی کاری ئەو هەموو پێغەمبەرانە (درووودی خودایان لەسەر بێ). خوای گەورە فرستادەی خۆی، هەڵبژێراوی هەردوو جیهان، حەزرەتی (محمد) (درووودی خودای لەسەر بێ) نارد تا ئایینەکەی ببێتە تەواوکەری ئایینی پێغەمبەرەکانی

پێشوو.. لە شوێنێکی تردا خوای گەورە بەچەند ئایەتێك ئەوە دەچەسپێنێ کە هەموو پێغەمبەرەکان یەك ئامانجیان هەبووەو فرستادەی یەك مەبەست بوون.

{إِنَّا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ كَمَا أَوْحَيْنَا إِلَى نُوحٍ وَالنَّبِيِّينَ مِن بَعْدِهِ وَأَوْحَيْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأَسْبَاطِ وَعِيسَى وَأَيُّوبَ وَيُونُسَ وَهَارُونَ وَسُلَيْمَانَ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُوراً وَرُسُلاً قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلاً لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ وَكَلَّمَ اللّهُ مُوسَى تَكْلِيمًا رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزاً حَكِيمًا - سورة النساء/ ١٦٣ – ١٦٥}:

واتە: ئایینی حەزرەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێ) وەکوو ئایینی پێغەمبەرەکانی پێشوو وایە ئێمە نیگامان بۆ ئەو ناردووە وەکوو چۆن نیگامان بۆ نوح‌و[1] پێغەمبەرەکانی دوا ئەو کردوە، هەروا نیگامان بۆ ئیبراهیم‌و ئیسماعیل‌و ئیسحاق‌و یەعقووب‌و کوڕەکانی یەعقووب کردوە هەروەك نیگامان بۆ ئەییوب‌و یونس‌و هارون‌و سولەیمان ناردووە (داود)یش زەبورمان بۆ ناردووە[2] هەروا چەند پێغەمبەرێکی تریش کە بڕێکیان سەر گوزشتەکانیمان بۆ گێڕاویتەوەو هێندێکیشیان باسمان بۆ نەکردوی. خوای گەورە لەگەڵ موسادا هەر راستەوخۆ قسەو گفت‌و گۆی کردو نیگای بۆ نارد. ئەم پێغەمبەرانە هەموو مژدە دەرو ترسێنەری هۆزەکانیان بوون‌و بەتەواوی ئەرکی سەر شانی خۆیانیان ئەنجامداوە، تا ئەو هۆزانە ئەو گرۆهانە رۆژی رەستاخیز بەڵگەیان لە حوزور خوادا نەبێ‌و بیانوو مەهانەیان بڕێ‌و نەڵێن: ئەمان زانیوەو ئاگامان لەم چەندو چوونە نەبووە. خوای گەورە هەموو کارو بارێکی رێك‌و پێکەو بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵات دارەو ئیشی هەموو پڕ حیکمەتن.

---

[1] ناوهێنانی حەزرەتی نوح لێرەدا بە تایبەتی دەڵێن لەم روەوەیە کە ئەم حەزرەتە یەکەم پێغەمبەر بووە کە یاساو قانوونی لەسەر دەست بڵاو بۆتەوە.

[2] زەبوور دەڵێن سەدو پەنجا سورەت بووە هەمووی هەر پەندو ئامۆژگاری بووە هیچ باسی حەرام‌و حەڵاڵی تێدا نەبووە لای لە حوکم‌و قانوون نەکردۆتەوە.

جا ئەگەر یەکێکی دڵ ڕەشی بیانوو گری زۆر بڵێ، بڵێ: دەی باشە کە خوا بۆ هەموو پێغەمبەرەکان هەر یەك جۆرە نیگای ناردووە ئەی بۆچی ئەم هەموو جیاوازییە لە ئایینەکاندا بەرپا بووە!؟

لە وەڵامدا دەڵێین: قورئانی پیرۆز بۆ خۆی وەڵامی ئەم جۆرە گێرە شێوێنانەی داوەتەوەو چەند بەڵگەیەکی زانستانەو راست ئامێزی خستۆتە روو راستو خراپی لێك جیا کردۆتەوەو حەقو بەتاڵی لێك هەڵاوێراوە.

هەموو ئایینەکان بانگەوازییان بۆ تاكو تەنهایی خودا کردوە

هەموو ئایینی پێغەمبەرەکانی پێشوو بانگەوازی خوا بەیەك ناسینیان کردوە، قورئانی پیرۆز لە چەند ئایەتێکدا داکۆکی لەسەر ئەوە دەکا کە پەروەردگار هیچ پێغەمبەرێکی نە ناردووە ئیللا داوای خوا بە تاکو تەنیا ناسینیان کردوە هەموو بانگەوازی هۆزەکانیان کردوە کەخوا بەیەك بزانن‌و شەریکی بۆ رەوا نەبینن، لەم بارەوە چەند ئایەتێك لە قورئاندا هەیە:

خوا بە پێغەمبەر دەفەرموێ:

{وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَـٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ - سورة الأنبياء/ ٢٥}:

واتە: ئەی محمد! ئێمە لەپێش تۆ هیچ پێغەمبەرو فرستادەیەکمان نەناردووە بە دینێکی جیاواز لە ئایینی تۆ، بەڵکوو بۆ هەموویان نیگامان کردوە کە هیچ خوایەك نیە مەگەر من نەبێ تاعەتو عیبادەت هەر بۆ من بکەن هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە کە خوا ئەمر دەکا بە پێغەمبەر کە بانگەوازیی جولەکەکانو مەسیحییەکان بکاو پێیان بڵێ:

{قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ - سورة آل عمران/ ٦٤}:

واتە: ئەی محمد! بەو گەلانە بڵی کە کتێبی ئاسمانییان بۆ نێردراوەو فرستادەی خوایان چۆتە ناو، بانگی جولەکەو مەسیحییەکان بکەو بڵێ:

وەرن با هەمووومان بەیەکەوە لەسەر ئایینی ئیسلام کە ئایینێکی پڕ دادو ئینصافە خڕببینەوەو پەیمان بدەین: کە بەندایەتی غەیری خوا نەکەین‌و کەسی تر نەکەین بە خودای خۆمان وەك ئێوە ئەو مالووم‌و قەشەو راهیبانەی خۆتانتان کردوە بە جێنیشینی خوداو بە ئارەزووی خۆیان شتتان بۆ حەڵاڵ‌و حەرام دەکەن، جا ئەگەر ملیان نەداو پشتیان هەڵکرد پێیان بڵی هەر کەسە کاری خۆی بۆ خۆی‌و بزانن‌و ئاگادار بن کە ئێمە موسوڵمانین‌و گەردن کەچی فەرمانی پەروەردگارین‌و دڵسۆزانە بەندایەتی دەکەین. پوختەی وتە ئەوەیە: کە قورئان لەم ئایەتانەدا داکۆکی لەسەر ئەوە دەکا کە خوای گەورە هەچ پێغەمبەرێکی ناردبێ فەرمانی پێ کردوە کە بۆ خوا بەیەك ناسین بانگەواز بکەن‌و خوا بە تاکوو تەنیا بناسن، کەوابوو جگە لە خوا بەیەك ناسین شتێکی تر کە بەدەم پێغەمبەرەکانەوە هەڵبەسترابی دوور لە ئایینەو هیچ پێغەمبەرێك بانگەوازی خوایی نەکردوە.

جیاوازیی لە ئایینەکاندا بەهۆی سەرپێچی‌و زیادە ڕەوییەوە

ئایینی خوا یەکەو نابێ بە دوو، هەموو پێغەمبەرەکانیش بانگەوازیان بۆ یەك ئایین کردوە، ئەویش ئایینی ئیسلام بووە. ئەو جیاوازی‌و دوو بەرەکییەی کە بە درێژایی رۆژگار لە دیندا پەیدابووە بەهۆی سەرپێچی کردنی مەردوومەکەوە بووەو لە زیادەڕەوی ئەوانەوە رووی داوە، بە تایبەتی بەهۆی ئەوانەوە بووە کە خۆیان سەپاندووە بەسەر دینەکەداو خۆیان داناوە بەسەر کارو کاربەدەستی سەر ئایینەکە.. چونکە خۆیان بە ئارەزوو گۆڕانکارییان تێدا کردوە، چۆن لەگەڵ مەبەست‌و بەرژەوەندییان گونجابێ ئاوا، بە چ شێوەیێك دنیا

خواردن و بەرزبوونەوەو پەیداکردنی پلەوپایەی دنیاییان بۆ ئاسان بووبێ و بە ئامانجی گڵاوی خۆیان گەیشتبن بەو شێوە گۆڕانکارییان لە ئاییندا کردوە.

حەزرەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێ) بە ڕوونی ئەم لایەنەی ئاشکرا کردوە، هەموو نەخۆشیەکانی کۆمەڵانی سەر زەوی دەرخستووە، بەگشتی بانگەوازی ئادەمیزاد دەکا بۆ ئەوەی هەموویان لەسەر یەك ئایین کۆببنەوەو یەك خوا بپەرستن و روو بکەنە یەك قیبلە، ئەوەتا قورئان بە ئاشکرا دەڵێ:

{إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ إِلاَّ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَمَن يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللّهِ فَإِنَّ اللّهِ سَرِيعُ الْحِسَابِ، فَإنْ حَآجُّوكَ فَقُلْ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ لِلّهِ وَمَنِ اتَّبَعَنِ وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ - سورة آل عمران/ ٢٠}:

واتە: لەلای خوا دینی بەڕاستی هەر ئیسلامەو خوا هەر ئەم ئایینەی بەلاوە پەسەندە، لە هیچ کەسێکی کە دینێکی تر وەرناگرێ.

ناکۆکی و دوو بەرەکی نەکەوتە نێوان جولەکەو فەلەکانەوە تا ئەو دەمەی فەرمانیان پێکرا کە خوا بەیەك بناسن و گەردن کەچی فەرمانی بن، کاتێ کە ئەمەیان پێ گوترا لەبەر لووت بەرزی خۆیان، پشتیان هەڵکردو ملیان نەداو لەناو خۆیاندا لێیان بووە دوو بەرەکی و جیاوازییان کەوتە ناوەوەو گومانیان لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرەکان پەیداکردو بڕوایان بە خوایەتی خوا نەکرد!! خۆ کەسێکیش بڕوای بە خوا نەبێ خوا تۆڵەی لێ دەستێنێ و سزای دەداو هیچی لێ ون نابێ، خوا زۆر بەزوویی حیساب و کیتابیان بۆ دەکا.

جا ئەگەر ئەو کافرانە هەر لەسەر رای پووچی خۆیان سوور بوون و بەڵگەی لاوازی خۆیان دەهێنایەوەو ملیان نەداو نەهاتنە سەر رێبازی راستی ئیسلام، تۆ بڵێ: ئێوە کەیفی خۆتانە، من و ئەوانەی لەگەڵ منیش دان گەردن کەچی پەروەردگارین شوێن فەرموودەکانی دەکەوین و هەموومان موسوڵمانین، یەك دڵ و یەك باوەڕین.

ئەی محمد! دووبارە جارێکی تریش بانگەوازیی جولەکەو نەصرانییەکانو کافرەکانی قورەیش بکەرەوە، داوایان لێ بکەو پێیان بڵێ: وەرنە سەر ئایینی ئیسلامو باوەڕم پێ بهێنن، جا ئەگەر هاتن بە دەنگتەوەو موسوڵمان بوون ئەوە باشەو جێی خۆیەتی، ئەگەر پشتیان هەڵکردو گوێیان پێ نەدای، ئەوە تۆ ئەرکی سەرشانی خۆت ئەنجام داوە، خواش بۆ خۆی ئاگای لەهەموو کردارێکی بەندەکانی هەیەو هەر کەسە بە گوێرەی کردەوەی خۆی ڕۆژی ڕەستاخیز حیسابی لەگەڵ دەکاو سزای دەداتەوە، چاکە بە چاکەو خراپە بە خراپە!!

جا ئەگەر هەموو ئایینەکان لە بنەڕەتدا یەك بنو جیاوازیو دژایەتییان تێدا دروست نەبێ، کەوابوو ئەو دوو بەرەکیو نیزاعو جیاوازییەی پەیدابووە لەنێوان شوێن کەوتووانی ئایینی مەسیحیو یەهودیو ئیسلامیو پارچە پارچە بوونی شوێن کەوتوانی هەر یەکێ لەم ئایینانەو دابەش بوونیان بۆلای چەند خێڵو گرۆهو پارتو کۆمەڵێكو پەیدابوونی دوژمنایەتی لە نێوانیاندا، هەموو ئەم کارانە دژی فەرمانەکانی خوایەو پەروەردگار پێیان ڕازی نییە.

چونکە خوا ئەم ئایینانەی ناردووە کە ببن بە مایەی ئاشتیو ئەمنو ئاسایش، بۆئەوەی ناردوون کە لەسەر ڕووی زەوی ببنە هۆی بلاوبوونەوەی برایەتیو خۆشەویستی بۆ تاكو کۆمەڵ، نەك ببنە هۆی دووبەرەکیو جیاوازی، لەم ڕووەوە ئایینی ئیسلام بەسەر ڕشتەی پەیوەندی نێوان گەلان دەناسرێ، دروشمی برایەتیو خۆشەویستی بەرزکردۆتەوە، هەوڵ دەدا ئەو حەقو ڕاستیەی کە لێی دوور کەوتونەتەوە بۆیانی بگێڕێتەوە، بانگەوازییان دەکا بۆ ئەوەی لەسەر ئەمە کۆببنەوەو بێنە ژێر ئالاکەیەوە، لەهەمان کاتدا قورئان موسوڵمانان ئەترسێنێ لە ناکۆکیو دووبەرەکی، ڕوویان تێ دەکاو دەفەرموێ:

{شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ كَبُرَ عَلَى الْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ اللَّهُ يَجْتَبِي إِلَيْهِ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ وَمَا تَفَرَّقُوا إِلَّا مِن بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى لَّقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ أُورِثُوا الْكِتَابَ مِن بَعْدِهِمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ فَلِذَٰلِكَ فَادْعُ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ وَقُلْ آمَنتُ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ مِن كِتَابٍ وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ اللَّهُ رَبُّنَا وَرَبُّكُمْ لَنَا

أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ لَا حُجَّةَ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ اللَّهُ يَجْمَعُ بَيْنَنَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ - سورة الشورى/ ١٣ - ١٥}:

ئائەوە راستییەکەو قورئان روونی دەکاتەوە، هەموو ئەو قسەلۆكو پڕو پاگەندەی ئەو خودا نەناسانە ئەو جیاوازیو دووبەرەکییەی کە لە دینەکاندا هەیەو پەیدا بووە دەکەن بە بەڵگە لەسەر پووچیو بەتاڵی ئایینو دەڵێن گوایە چونکە لە ناوەرۆكو بنەڕەتدا دژایەتییان تێدا دیارە مانای وایە دین راست نییە.

کەوابوو قسەی بۆشو پوچییان کە دەڵێن: هەموو پێغەمبەرێك لە گیرفانی خۆیەوە ئاینێکی دژ بە ئاینێکی تری هێناوە، ئەم قسەیە لەگەڵ راستیو واقیعی ئاییندا کۆنابێتەوە، لە ناوەرۆکی ئایینەوە دوورەو عەقڵ وەری ناگرێ، چونکە وەکوو وتمان: دین لە بنەڕەتدا بە گوێرەی فەرموودەی قورئان هەر یەکەو ئەویش ئیسلامە. شایانی باسە کە ئەو جیاوازییەی کە بە رواڵەت لەنێوان یاساو چۆنییەتی ئایینەکاندا هەیە، ئەوە بەهۆی جیاوازی باری کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری گەلەکانو رێژەی ئامادەیی عەقڵو هۆشو بیریان بۆ وەرگرتنی فەرمانەکانی خوا بووە. نەك لە خوودی ئایینەکاندا بووە.. پوختەی باس ئەوەیە کە خودای پەروەردگار ئایینی ئیسلامی کردوە بە تەواوکەری ئایینی پێغەمبەرەکانی پێشوو، کۆتایی هەموو دینەکانی بە ئیسلام هێناوە، بە ئایینی ئیسلام ئایینەکانی تری سڕیوەتەوە، ئیسلام وەکوو ئایینێکی راستو دروست خۆی چەسپاندووە، ج دینێکی تر نیە ئەم نەسخ بکاتەوە، چونکە ئیسلام ئاینێکە لەگەڵ هەموو پێشکەوتنێکی هۆشو بیری مرۆڤدا دەگونجێ، بەکاری هەموو رۆژگارێكو شوێنێك دێ، ئاینێکە لای خوا پەسەندەو جگە لەم دینە هیچ ئاینێکی تر پەسەند ناکا.

{وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ - سورة آل عمران/ ٨٥}:

واتە: هەر کەسێك لەدوای هاتنی پێغەمبەر حەزرەتی موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێ) ئاینێکی تر داوا بکاو یاساو قانوونێکی جیا لە ئیسلام پەیڕەوی بکا، خوا لێی وەرناگریو لە رۆژی دواییدا بە کافرو خوا نەناس حسێب دەکرێو خۆشی بەهەشتی پێ ناگاو ماڵ وێران دەبێ!!

بەشی دووەم:

قورئانی پیرۆز (القرآن الكريم)

ئەم بەشە بریتییە لە شیکردنەوەی ئەم سەرە باسانە:

مانای نیگاو دورخستنەوەی لەککە لێی – کۆکردنەوەی قورئان و نوسینەوەی – قورئان هیچی لێ نەگۆڕاوە – چۆن قورئان بۆ پێغەمبەر دەهات و مەبەست لەو شێوە هاتنە – قورئان بەرەنگاری ناکرێ – قورئان موجیزەیە – شێوەو وشە ئارایی قورئان – چەند لایەنێکی شێوازو وشە ئارایی و رەوانبێژی قورئان – چەند لایەنێك لە موجیزاتی قورئان – قورئان هەواڵی غەیبی تێدا هەیە – چیرۆك لە قورئاندا – ناوەرۆکی قورئان.

قورئان نیگای خوایەو بۆ سەر فرستادەی خۆی کە حەزرەتی (محمد)ی کوڕی عەبدوڵلایەو پێغەمبەری ئاخر زەمانە نێردراوەتە خوارێ.

ئەم قورئانە (هەم شێوازی هەم مەبەستی، واتە بە لەفظو بە مەعناوە)بە شێوەی تەواتوور لە پێغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەر بێ) بە ئێمە گەیشتووە، چۆن لە پێغەمبەرەوە بیستراوە ئاواش بە ئێمە گەیشتووە، زیادو کەمی تێدا نەکراوە.

قورئان دوا پەڕاوێکی ئاسمانییەو بەرنامەی ئایینەو سەرچاوەی ساف و بێ گەردی ئیسلامە.

جا پێش ئەوەی دەست بکەین بە شیکردنەوەی باسی قورئان پێویستە ئاورێکی خێرا لە مانای نیگا (وەحی) بدەینەوەو بزانین چۆن نیگا بۆ پێغەمبەر دەهات!!

مانای نیگا (وەحی):

نیگا کردنی پەروەردگار بۆ پێغەمبەرو فرستادەکانی بریتییە لەوە پەروەردگار ئەو شتانەی کە دەیەوێ فێری ببن، بیخاتە دڵیانەوەو بەشێوەیەکی تایبەتی فێریان بکات.

<u>نیگا</u>: زانیارییەکە مرۆڤ لە دەروونی خۆیدا هەستی پێ دەکاو بڕواشی وایە کە ئەم زانستیە لە خواوە بۆی هاتووە جا یا بەهۆی فریشتەوە یا بەبێ فریشتە،

لە شێوەی دەنگێکدا یان بەبێ دەنگ، جیاوازیی نێوان ئیلهام و نیگا ئەوەیە هەرچی ئیلهامە بریتییە لە زانستییەك كە لە دەروونا پەیدا دەبی و جێگیر دەبێ، بەڵام نازانێ لە کوێوە ئەم زانستییەی بۆ پەیدا بوو، واتە چۆن مرۆڤ هەست بە برسییایەتی و تینوایەتی و کەیف خۆشی و دڵ ناخۆشی دەکا بەو شێوەیەش هەست بە ئیلهام دەکا جا ئەم پێناسەیە هەر سێك شێوە نیگاکانی کە خوا لە ئایەتی (٥١)ی سورەتی شورادا باسی کردوە دەگرێتەوە، کە دەفەرموێ:

{وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَاء حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاء إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ - سورة الشورى/ ٥١}:

واتە: بۆ ئادەمیزاد نەهاتووە کە لەگەڵ خوادا گفت و گۆ بکا مەگەر بە یەکێ لەم سێ شێوەیە:

(١) لەسەر شێوەی نیگا بەم شێوە زانیارییەکەی بخرێتە دڵیەوە.

(٢) یان لە پاشی پەردەوە بەم شێوەیە قسەی خوا ببیستێ بەڵام نەزانێ لە کوێوە دێ. وەکوو گفتوگۆی پەروەردگار لەگەڵ حەزرەتی موسادا.

(٣) بەم شێوە فریشتەی تایبەتی نیگا لە خواوە نیگاکە بێنێ بۆ پێغەمبەر ئەو کاتە فریشتەکە لە شێوەی پیاوێکدا دێتە پێش چاوی پێغەمبەر یان هەر دەنگەکەی دەبیسرێ و نابینرێ بەڵام پێغەمبەر بە دڵ لە دەنگەکە تێ دەگا.

جۆرەکانی نیگا (وەحی):

دەربارەی چۆنیەتی هاتنی نیگا بۆ پێغەمبەر کتێبەکانی حەدیثی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) شێوەو جۆری نیگایان بەتەواوی رون کردۆتەوە، پوختەی فەرموودەکان بریتین لە:-

١- نیگا لە شێوەی خەونی راستدا، ئیمامی بوخاری لە کتێبی صەحیحی خۆیدا حەدیسێك لە عائیشەوە لە پێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ:

(أَوَّلُ مَا بُدِئَ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مِنَ الْوَحْيِ الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ فِي النَّوْمِ ، فَكَانَ لاَ يَرَى رُؤْيَا إِلاَّ جَاءَتْ مِثْلَ فَلَقِ الصُّبْحِ):

واتە: سەرەتای دەست پێکردنی نیگا ناردنی پەروەردگار بۆ پێغەمبەر لە شێوەی خەون بینینی باش بوو، هەر خەونێکی بدیبایە وەك دوخ راست دەردەچوو بە رەنگی سپیایی بەیانی دەدرەوشایەوە.

٢- بەشێوەی ئەوە کە فریشتەی نیگا ماناو زانیاری پێویست بخاتە دڵی پێغەمبەرەوە بەبێ ئەوەی کە پێغەمبەر فریشتەکە ببینێ:

وەکوو پێغەمبەر بۆ خۆی فەرموویەتی:

(ان روح القدس نفث في روعي انه لن تموت انس حتى تستكمل رزقها فأتقوا الله واجملوا في الطلب ولا يحملنكم استبطاء الرزق على ان تطلبوه بمعصية الله فأن ما عند الله لا يطلب الا بطاعته):

واتە: گیانی پاك کە جوبرائیلە چپانی بە گوێی دڵماو بە نیگا پێی گوتم: کە هیچ گیانلەبەرێ نامرێ تا بە تەواوی رۆزیی خۆی نەخوا، کەواتە شەرمو شکۆ لە خودا بکەنو کە نیازو مرازتان عەرزی بارەگای حەق دەکەن بە جوانیو بەپێی شەرع عەرزی بکەن، ئەگەر هاتوو رزقو رۆزیتان کەمێ کووڕ بوو، درەنگ دەهات بۆتان، نەچن بە شێوەی نارەوا هەوڵی بۆ بدەنو بە گوناھ پەیدای بکەن، چونکە رزقی باشی لای خودا تەنیا بە طاعەتی خودا دەردەست دەکرێ. (!)

٣- جۆرێکی تر لە (وەحی) لە شێوەی بیستنی دەنگێکدا بووە وەکوو دەنگی جەرەس پێغەمبەر بۆ خۆی تێی گەیشتووە.

٤- جۆرێکی تر لە نیگا ناردن بەم جۆرە بووە کە جوبرائیل لەشێوەی پیاوێکا هاتووەتە خزمەت حەزرەتو نیگای بۆ هێناوە، لە کتێبی صەحیحی

بوخاریداهاتووە دەفەرموێ: رۆژێك حاریثی کوڕی هیـشام (رەزای خوای لێ بێ) پرسـیاری لـە پێغەمبـەر کـردو وتـی: ئـەی فرسـتادەی خـوا! چـۆن چـۆناهی نیگـات بـۆ دێ؟ پێغەمبەر فەرمووی: جاری وا هەیە نیگام بۆ دێ وەکوو دەنگی زەنـگ وایـە، ئـەم شێوە نیگایە زۆر لەسەر شانم قورسەو ماندووم دەکا، کە تەواو دەبێ دەبیـنم چـی گوتـووە هـەمووم لەبـەرە، جـاری واش هەیـە فریـشتەی وەحـی خـۆی لەشـێوەی پیاوێکدا نیگام بۆ دێنێ چی دەڵێ هەمووی تێ دەگەم.

٥- جۆرێکی تر لە نیگاکردن ئـەوە بـووە پێغەمبـەر (درودی خودی لەسەر بێ) فریـشتەی نیگـا هێنەری لەسەر شێوەی خۆی بینیوەو نیگای لێ وەرگرتووە.

٦- جۆرێکی تر ئەوە بووە کە پـەروەردگار راستەوخۆ (بـەبێ ناونـدیار) نیگـای بـۆ پێغەمبـەر کـردوە وەکـوو ئـەو نیگایـەی کـە پێغەمبـەر شـەوی میعـراج لـە ژوور ئاسمانەکانەوە دەربارەی فەرزکردنی نوێژو شتی تر لە یەزدان خۆیی بیست.

٧- جۆرێکی تر لە شێوەکانی نیگـا گفـتو گـۆی خـودا لەگـەڵ پێغەمبـەرە لـە پـشت پـەردەوە بـەبێ ئـەوەی کەسـێکی تـر لـە نێوانیانـدا هـەبێ، وەکـوو چـۆن لـە پـێش پێغەمبەری خۆمانا خودای مەزن بـە نیگـا گفـتو گـۆی لەگـەڵ حـەزرەتی موسـادا کردوە.

پووچەڵ کردنەوەی گومان دەربارەی نیگا (دحض شبهة عن الوحي)

لەمەوبەر پوختەیەك باسی نیگامان لە حەدیثی پێغەمبەر خۆیەوە راگوێزی ئێـرە کـردو جۆرەکانیمـان نوسـین، ئێـستا پرسـیارێك (کـە لـەدڵی زۆر کەسـی بـی بڕوادا چەکەرەی کردوە) دێتە پێشەوەو سەر هەڵدەدا، پرسیارەکەش ئەوەیە: ئایـا ئەوەی کە بۆ پێغەمبەر دەهاتو هەستی پێ دەکردو مەشهوورە بـە (وەحـی) نیگـا تارمایەکی خەیاڵیو دەروونـی بـووە؟ یـان راسـتییەکی واقیعـی بـووە؟ لـە ڕاسـتیدا بونێکی حەقیقی چەسپاوی هەبووە؟!!

بەڵێ راستە هەر کەسێ وردببێتەوەو تێ بفکرێ دەبینێ زۆر جۆرە نەخۆشی هەن بەتایبەت هەستیریا (فێ) کە تووشی مرۆڤ دەبێ چۆنیەتییەك بۆ مرۆڤەکە پەیدا دەبی بەهۆی ئەوەوە چەند شێوەو شکڵو سەرو سیمایێك دێتە پێش چاوی، لە تارمایی خەیاڵی بەولاوە هیچی تر نییە، کەچی لە نەخۆشەکەش وایە بونێکی واقیعییە: جا لەبەر ئەم بیانووە برێك لە نووسەرە رۆژ ئاواییەکان زۆر بێ شەرمانەو راشکاوانە بە ئەنقەست یان لەبەر نەزانی ئەو نیگایەی بۆ پێغەمبەر هاتووەو ئێمە بەلامانەوە نیگای خوایی بووە، ئەوان بە جۆرێك لە نەخۆشی هەستیریایان حسێب کردوە پێیان وایە پەرکەم بووە. بەبێ ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکی زانستییان بە دەستەوەبێ، وەلێ وەك بە بەڵگە لە دواوە دەیسەلێنین گێرانەوەی نیگا بۆ خانەی نەخۆشی هەستیریا جگە لە نەزانینو نەشارەزایی لە چۆنیەتی نیگای خوا بۆ پێغەمبەرو جگە لە سەرپێچی کردنی کوێرانە لە حەقو راستی جگە لەمانە بەولاوە هیچ لایەنێکی زانستیو زەمینەیەکی واقیعی پاڵپشتی ناکا بەڵگەشمان لەسەر ئەم بڕیارو رایەمان ئەمانەیە:-

أ/ بزرکاندنو هەستیریا کاتێك دەبێ کە کۆمەڵێك کردەوەی نابەجیو هەڵسو کەوتی شێتانە بە کردارو گوفتار لە نەخۆشەکە رووبداو دەرکەوێ، دەی قەت ئەم جۆرە شتانە لە پێغەمبەر رووی نەداوە.

ب/ ئەو کردەوە نابەجێیانەی کە بەهۆی نەخۆشی هەستیریاوە پەیدا دەبن هاوکاتن لەگەڵ پەیدابوونی نەخۆشییەکە، کە لە نەخۆشییەکە رزگاری بوو هیچ شتێکی لەو کردارو گوفتارانەی کە لەکاتی نەخۆشییەکە لێی روو داوە لەبیری نامێنێ، دەی باشە ئەمە لەگەڵ چۆنیەتی نیگا هاتن بۆ پێغەمبەردا ناگونجێو پێچەوانەیە، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) لەکاتی وەحیدا بی دەنگو کشو مات بووە، کە نیگاکە تەواو بووە ئیتر بەرێكو پێکی چی بۆ هاتووە هەمووی بە رەوانی خوێندۆتەوەو بە هاورێکانی راگەیاندوەو ئەوانیش لەبەریان کردوەو نووسیویانەتەوە.

ج/ ئەو شتانەی کە لەسەر زوبانی خەستەیەکی هەستیریاوی دەربچێ بە رواڵەت لە زەمین دۆزیەکی (تصورات) ئەندێشەیی تێپەڕ ناکا، بە زۆریش ئەو قسانە لەگەڵ ماندویەتی مێشکی نەخۆشەکە دەگونجێنو لە شەکەتی ئەوەوە هەڵدەستن، وەکوو ئەو نەخۆشە لە حەیبەت ئازارو کوشندەیی دەردەکەی چەند تارمایەکی شەیاتینیو دێوو درنج دەبینیێو دێنە پێش چاوی بە خەیاڵی خۆی هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکەنو دەیترسێنن بەلێدان ئازاری دەدەن، یان بە گاڵتە پێکردنو گەمە ژیانی لێ تێک دەدەن، دەی تا ئێستا نەزانراوەو نە بینراوەو نەبیستراوەو رەچاونەکراوە کە کەسێك نەخۆشی هەستیریای هەبێو لە هەمان کاتا ئەخلاقو رەوشتی جوانو یاسای رێكو پێكو رێنومایی بۆ چاکەکردن بلاو بکاتەوە. ئیتر چۆن دەبی گومانی ئەوە ببرێ کە ئەو نیگایەی بۆ پێغەمبەر هاتووە جۆرێك بووە لە نیشانەو دیاردەی نەخۆشی هەستیریا؟!

دەست پێکردنی هاتنە خوارەوەی قورئان:

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بەتەنیا دەچوو بۆ ئەشکەوتی حەررا، توێشووی لەگەڵ خۆی دەبردو چەند شەوێك دەمایەوە، خوا پەرستی ئەکرد، کە توێشوەکەی تەواو دەبوو دەهاتەوە بۆ ماڵو هەندێکی تری دەبردەوە، ئالەم کاتەدا بۆ یەکەم جار ئەم ئایەتانە:

{اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ، خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ، اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ، الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ، عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ}.

هێنراون بۆ پێغەمبەرو گوێچکەو دڵی ئەو فرستادە مەزنەیان پی ئاشنا بوو، ئیتر بە گوێرەی رووداوو پێویستی رۆژ، پەیتا پەیتا قورئان بەش بەش بۆ پێغەمبەر دەهات، تا لەماوەی بیستو سی ساڵێکدا هاتنە خوارەوەی قورئان تەواو بوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) هەمووی وەرگرتو بەناو هاورێکانیدا بلاوی کردەوە..

قورئـانی پـیرۆز لەچـەند سـورەتێك پێـك هـاتووە سـورەتیش بـۆ خـۆی پارچەییکە لە قورئانو لەسێ ئایەت یان زیاتر پێك هاتووە.

ژمـارەی سـورەتەکانی قورئـان (١١٤) سـورەتن‌و هـەموو سـورەتێکیش نـاوی تایبـەتی خۆی هەیـە، برێکیـشیان زیـاد لەیـەك نـاوی هەیـە، بـۆ نموونـە سـورەتی (فاتیحـة) پێـی دەگـوترێ (أم القـرآن) پێـشی دەگـوترێ (الـسبع المثـاني) ناونـانی سـورەتەکان جـاری وا هەیـە لـە یەکـەم وشـەو سـەرەتای سـورەتەکە خۆیـەوە وەرگـیراوە، جـاری واش هەیـە چـیرۆك‌و رووداوی تایبـەتی‌و ئـەحکامی شـەرعی دەورێکـی بالآیـان هـەبووە لـە ناونـانی سـورەتەکە بـە ناوەکەیـەوە.. سـورەتەکانی قورئـان تێکـڕا دەکـرێن بـە دوو بەشـی سـەرەکییەوە ئـەو سـورەتانەی کـە پـێش کۆچـکردنی پێغەمبـەر بـۆ مەدینـە هاتوونـە خـوارێ پێیـان دەگـوترێ (مـەککی) مەککەیی. ئەوانەیشیان کە لـە دوای کۆچـکردن هاتوونـە خـوارێ پێیـان دەگـوترێ (مەدەنی) مەدینەیی.

نوسەرەکانی قورئان (کُتاب القرآن):

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بۆ نوسینەوەی قورئان چەند نوسـەرەوەیەکی دەسـت نیـشان کردبـوو، چـی لـە قورئـان دەهاتـە خـوارێ پێغەمبـەر بـۆی دەخوێندنـەوەو ئـەوانیش دەیـان نوسـییەوە، بـەناوبانگترینی ئـەم نوسـەرەوانە جـێ نـشینەکانی پێغەمبەر: ئەبوبەکرو عومەرو عوثمان‌و عەلی بوون هەروا زەیـدی کـوڕی ثابیـت‌و ئوبـەی کـوڕی کـەعب‌و موعاوییـەی کـوڕی ئـەبو سـوفیان‌و یەزیـدی کـوڕی ئـەبو سوفیان‌و موغەیرەی کوڕی شوعبەو زوبەیری کوڕی عەوام‌و خالیدی کوڕی وەلیـد بوون.. ئەم زاتانە ئایەت‌و سورەتەکانی قورئانیان دەنووسیەوە، لەسەر هەر شـتێك کـە بـەکاری لەسـەر نووسـین بـێ: وەکـوو لقـە دار خورمـاو بـەردی پـان‌و تـەنك‌و ئێسکی لاشـان‌و شـەپیلکی وشـترو بـزن‌و هـەر شـتێکی تـر لـەم جـۆرە بابەتانـە.. پێغەمبـەر (درودی خودای لەسەر بێ) بـۆ خـۆی نووسـەرەوەکانی شـارەزا دەکـرد بـۆ شـوێنی نوسـینەوەی هـەر ئایـەتێك لـە سـورەتەکەیداو چـاوەدێری ئیـشەکەیانی دەکـرد.

شایانی باسە برێك لە هاوڕێیانی پێغەمبەر لە سەردەمی ژیانی پێغەمبەردا هەموو قورئانی لەبەر بوو، واتە دەیتوانی لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی (بەو تەرتیبەی کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆ نوسینەوەکەی دانابوو) دەوری بکاتەوەو لەبەر بینووسێتەوە لەمانە: عەبدوڵلای کوڕی مەسعوودو سالی کوڕی مەعقیل (مولی ابي حذيفة)و مەعاذی کوڕی جەبەلو ئوبەییەی کوڕی کەعبو زەیدی کوڕی ثابیت بە ناوبانگنو مەشهورن.

کۆکردنەوەی قورئانو نوسینەوەی لە پەڕاودا:

لە سەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لەسەر بێ) لەناو پەڕاوێکا قورئان کۆ نەکرایەوە، چونکە هێشتا حەزرەت لە ژیاندا بوو، تا ئەویش لە ژیاندا بوو هیوای زیاد بوونی نیگاو هاتنە خوارەوەی بەشێ تر لە قورئان چاوەڕوان دەکرا، پاشان کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەر بێ) وەفاتی کردو لە دونیا دەرچوو، ئەو هیوایە بڕا، قورئانیش پارچە پارچە لەسەر تەنکە بەردو لقی دارخورماو ئێسقانو شتی وا نوسرابووەوە، هەروەها لە سینگی قورئان لە بەرەکانیشدا پارێزرابوو، زیاد لەوە زوربەی هاوڕێکانی پێغەمبەر کەم تا زۆر قورئانیان لەبەر بوو. جا کە ئەبوبەکر کرا بە جێ نیشینو فەرمانڕەوای موسوڵمانان، لە سەردەمی جێ نشینی ئەمدا زۆر شەڕی پاشگەزبوەکان (حروب الردة) رویدا، یەکێك لەو شەڕە سامناکانە شەڕی (یەمامە) بوو: کە زۆر لە قورئان لەبەرەکانی تێدا کوژرانو گیانی خۆیانیان لە ڕێگای ئیسلامدا بەخت کرد. لەمەوە ئیمامی عومەر ترسی لێ نیشت کە بە کوژرانی قورئان لەبەرەکان قورئان بفەوتێ. بۆیە داوای لە حەزرەتی ئەبوبەکر (خودای لێ رازی بێ) کرد کە فەرمانبدا بە کۆکردنەوەی قورئانو لە کتێبێکی تایبەتیدا کۆی بکاتەوە بکرێتە کتێبێکی تایبەتی!!

حەزرەتی ئەبوبەکر لە سەرەتادا دوو دڵ بوو، بەلایەوە گران بوو ئیشێك بکا کە پێغەمبەر لە ژیانیدا نەی کردبێ، بەڵام دوایی رای گۆڕیو پێشنیارەکەی ئەوی پەسەند کردو بانگی زەیدی کوڕی ثابیتی کرد ئەم ئەرکە پیرۆزەی خستە

ئەستۆی ئەو، چونکە زەید لە هەموو هاورێکان زیاتر لە خزمەت پێغەمبەردا دانیشتوەو لە هەمووان زۆر تر ئامادەی کۆڕو مەجلیسی بووە، زیاتر ئاگای لە هەڵس‌و کەوتی حەزرەت بووە، زیاد لەمەش لە هەمووان زیاترو باشتر قورئانی لەبەر بوو، بۆیە ئەم کارە پیرۆزە روو بە رووی ئەو کرایەوە، ئیتر زەیدی کوڕی ثابیت زۆر چالاکانەو لێهاتوانە بە کارەکە هەڵساو هەموو قورئانی بە جوانی‌و رێك‌و پێکی کۆکردەوەو لە دەفتەرێکا نوسییەوەو سپاردی بە حەزرەتی ئەبوبەکر، ئەمیش ئەم نوسخە قورئانەی لای خۆی گل دایەوەو لەلای خۆی پاراستی، لەکاتی پێویستدا موسوڵمانان دەگەڕانەوە بۆ سەر دەقەکەی.

پاشان کە حەزرەتی ئەبوبەکر دنیای بەجێ هێشت‌و ئەو نوسخە قورئانە کەوتە لای حەزرەتی عومەر ئەویش دوایی لەلای خاتوو حەفسەی کچی داینا. لە سەردەمی حەزرەتی عوسماندا موسوڵمانان بەچوار دەوری دونیادا بڵاوبونەوە، زۆر لە گەل‌و هۆزەکانی سەر زەوی موسوڵمان بوون، ئیتر بەهۆی جیاوازیی زمان‌و زاراوەی ئەو گەل‌و هۆزانەوە جیاوازی کەوتە نێوان قورئان خوێنەکانەوە، هەریەکە بەجۆرێك قورئانی دەخوێندەوە. بۆ نمونە وشەی (تابوت) هەندێك بە (تابوت)یان دەخوێندەوەو بڕێکیش بە (تابوة)یان دەخوێندەوە. زۆر نمونەی ئاوا روویداو زۆر شت لەم بارەوە بەر گوێی حەزرەتی عوسمان کەوتەوە، تا بشهاتایە جیاوازییەکە زیاتر پەرەی دەستاندو تەشەنەی دەکرد، ئیتر حەزرەتی عوسمان بڕیاریدا ئەم جیاوازییە نەهێڵی‌و فەرمانیدا ئەو نوسخە قورئانەی کە لەلای حەفصە بوو هێنایان.. ئەمجار بانگی سێ پیاوی قوڕەیشی کرد کە بە قورئان لەبەرو قورئان زان‌و قورئان رەوان بەناوبانگ بوون سەر لەنوێ نوسینەوەی قورئانی بەو شێوەی کە لە دواجاردا پێغەمبەر بۆ جوبرائیلی خوێندبووەوە خستنە ئەستۆو داوای لێ کردن بەو شێوە بینووسنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا زەیدی کوڕی ثابیت (کە یەکێك بوو لەو سێ کەسە) هیچ ئایەتێکی نە دەنووسییەوە تا دوو شایەتی تر شایەتییان بۆ نەدایە کە ئەو ئایەتەیان لە دەمی موبارەکی پێغەمبەرەوە بیستووە.. ئیتر ئەو سی پیاوە موسوڵمانە خواناسە قوڕەیشییانە

چوار (نوسخە) یان شەش (نوسخە)یان بە رێك و پێکی نوسیەوەو دایانن بە حەزرەتی عوسمان، ئەویش بە دنیادا بڵاوی کردنەوە نوسخەیەکی بۆ مەککەو یەکێکی بۆ کوفەو یەکێکی تری بۆ شام نارد، نوسخەیەکیشی لە مەدینە هێشتەوە، بۆ خۆیشی نوسخەیەکی نوسیەوە بڕێکیش لایان وایە شەش نووسخە بوون نوسخەیەکی تری لێ ناردووە بۆ یەمەن و نوسخەیەکی بۆ بەحرەین ناردووە.

ئینجا حەزرەتی عوسمان (خودای لێ ڕازی بێ) فەرمانیدا، جگە لەو چەند دانەیە کە بە فەرمانی خۆی دەسنووس کرابوون، چی شتی تر هەیە، کە قورئانیان لێ ڕوو نووس کرابو، بیسووتێنن، یا بیفەوتێنن. ئەمجار ئەو حەوت نوسخە قورئانە کران بەسەر مەشق و بوون بە سەرچاوەیەکی بڕوا پێکراوو هەر کەسێ لەوەدوا بیویستایە قورئانێ بنووسێتەوە لەبەر یەکێ لەو نوسخانە یا لەبەر وێنەی ئەوان ڕوو نووسی دەکردەوە (١).

قورئان گۆڕانکاری تێدا نەکراوەو دەستی لێ نەدراوە:

شتێکی ڕون و ئاشکرایە کە ئەو گرینگییەی موسوڵمانان بە قورئانیان داوە، تا ئێستا هیچ گەلێك لە جیهاندا بە هیچ کتێبێکی ئاسمانی یان ئەرزییان نەداوە، ئەو خزمەت و لێکۆڵینەوەو ڕاڤەو توێژینەوەی موسوڵمانان بۆ قورئانیان کردوە، تا ئێستا بۆ هیچ کتێبێکی ئایینی و نا ئایینی نەکراوە، ئەو چاوەدێری و ڕێزگرتنەی موسوڵمانان لە قورئانیان گرتووە هیچ کەس بۆ هیچ کتێبێکی تری نەکردوە! هەر لە ڕۆژی هاتنە خوارەوەی تا ئێستا چۆن بووەو چۆن هاتۆتە خوارێ ئاوا ماوەتەوەو نەگۆڕاوەو دەستکاری نەکراوە. هەموو کاتێ چاوەدێری خوای لە تەکا بووە، لە سەرەتادا هەر کە ئایەتێك یان چەند ئایەتێك دەهاتنە خوارێ، پێغەمبەر لەبەری دەکردن، پاشان بۆ هاوڕێکانی دەخوێندنەوە، ئەوانیش گەلێکیان لەبەریان دەکرد، ئەمجار فەرمانی دەکرد دەیەها قورئان خوێن دەیان نووسینەوە، نوسخەیان لێ دەگرتنەوە، بۆ خۆشی نوسخەیەکی لە ماڵی خۆیدا

گلدایەوە. لە لایەکی ترەوە قورئان وەکوو کتێبە پیرۆزە ئاسمانییەکانی پێش خۆیەوە نەبووە: کە هەر تایبەت بێ بە کۆمەڵێکەوە بە ئارەزووی خۆیان دەقەکانی بگۆڕن و بە گوێرەی بەرژەوەندی و مەبەستی شەخصی شەرح و راڤەی بکەن، هەرکاتێ ویستیان زیادو کەمی تێدا بکەن، بەڵکوو قورئان هەر لە یەکەم رۆژی هاتنە خوارەوەیەوە بە ناو موسوڵماناندا بڵاوکراوەتەوە، هەموو موسوڵمانێ توانیویەتی قورئان لە بەربکاو بیخوێنێتەوە، تەنانەت موسوڵمانان تێکڕا فەرمانیان پێکراوە کە بیخوێننەوەو خوێندنەوەکەیشی بە تاعەت و عیبادەت حسێب کراوە، داوایان لێ کراوە بیکەن بە دەستورو یاسای ژیانیان هەموو کاتێك لەبەر دەستیاندا بێ و سەیری بکەن و لێی ورد ببنەوەو تێی بفکرن.. دەی کەوابێ چۆن گومان دەبرێ کە قورئان گۆڕانکاری تێدا کرابێ زیادو کەمی بەسەردا هێنرابێ و زوربەی موسوڵمانان لەهەموو کاروبارێکی ژیانیاندا قورئانیان کردبوو بە یاسای خۆیان و پەیڕەوی فەرموودەکانیان دەکردو بەموو لێیان لا نەدەدا..

لەسەرێکی ترەوە قورئان پێش ئەوەی لە سەردەمی حەزرەتی ئەبوبەکردا کۆبکرێتەوە هەموو پارچە پارچە نوسراوەکانی لەلای پێغەمبەر هەڵگیرابوون، زوربەی هاوڕێیانیشی روو نووسیان لەلا هەبوو ئەمانە هەموویان رۆژانە لە ماڵی خۆیاندا دەوریان دەکردەوەو دەیانخوێندنەوە.. کاتێکیش حەزرەتی عوسمان کۆی کردەوە زوربەی ئەو قورئان لەبەرو قورئان نووسەرەوانە لە ژیاندا مابوون، دەی چۆن عەقڵ دەیگرێ و رێی تێدەچێ (لەگەڵ ئەم هەموو لایەنە ئیجابیانەی کە بۆ پاراستنی ئەم کتێبە پیرۆزە رەخساوە) گۆڕانکاری تێدا کرابێ و زیادو کەمی بەسەر دەقەکانیا هاتبێ؟! بە تایبەتی کە خوای پەروەردگار لە بارەی قورئانەوە دەفەرموێ:

{إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ}:

واتە: ئێمە قورئانمان ناردۆتە خوارێ بۆ پێغەمبەرو هەر خۆشمان چاودێری دەکەین و دەیپارێزین و ناهێڵین دەستکاری بکرێ.

چۆن قورئان هاتۆتە خوارێو مەبەست لەو شێوە هاتنە خوارەوەدا چی بوو؟

قورئانی پیرۆز لەماوەی نزیکەی بیستو سێ ساڵدا ئایەت ئایەتو سورەت سورەت بە گوێرەی پێویست هاتۆتە خوارێ، جاری وا هەبووە ئایەتێك یان چەند ئایەتێك تا دە ئایەت بە گوێرەی روداوو پێویستی هاتون بۆ پێغەمبەر.. بۆیەش قورئان ئاواهی جوێ جوێو کەم کەم هاتۆتە خوارێ لەبەر ئەم هۆیانە:

أ/ تا باش بچێتە دڵی عەرەبەکانی قورەیشەوەو وردە وردە سامیان لێی بشکیو پێیەوە رابێن.

ب/ بۆئەوەی بەتەواوی داماوێو دەست کورتی عەرەبەکان لەبارەی رەوانیو رەوان بێژییەوە دەربکەوێ، چونکە ئەگەر بەوجۆرە جوێ جوێو کەم کەم نەهاتایە خواری، وا سەرکوت نەدەکرانو چاو بەرەوژێر نەدەبوونو دەستەوسانیەکەیان بەو شێوە ئاشکرا نەدەبوو، لەم رووەوە ئەگەر قورئان هەموو بەیەك جار بهاتایە بۆ پێغەمبەر ئەوکاتە عەرەبەکان لەوانەبوو سوکە عوزرێکیان بەدەستەوە بوایەو بیان گوتایە ئەو کتێبە دورودرێژە وا بەکوتوپڕی بەر هەڵستی ناکرێ، بەڵام کە قورئان ئایەت ئایەتو کەم کەم دەهاتە خوارێو هەمووجارێکیش ماوەیەك بەسەر دەچوو تا هەندێکی تری لێ دەهاتە خوارێو ئەو ماوەیەش بەشی ئەوەی دەکرد ئەگەر کەسێك لە توانای دا هەبێ خۆ حازربکا بۆ بەرەنگاری سورەتەکە، جا کاتێ لەگەڵ ئەم حاڵەشدا لەگەڵ هەبوونی ئەم ماوە زەمەنییەش دا، نەیان توانیبی بەرهەڵستی بکەن ئەوا زیاتر داماوی دەستەوسانیان لە بەرامبەر شاکاری رەوانو رەوانبێژی قورئاندا دەچەسپێو دەردەکەوێ کە ئەو عەرەبانە هەرچەند بە زوبان درێژو قسەزانو رەوانبێژ بەناوبانگ بوون، هەتا بڵێی لە گفتو گۆدا بە دەمو پل بوون، کەچی لە بەرامبەر بەلاغەتو فەصاحەتی قورئاندا لاڵو پاڵو بێ بڕشت بوون، بە تایبەتی سەرەتای نیگاو سورەتەکانی قورئان کە لە مەککەدا هاتوونە خوارێ، هەموویان سورەتی کورت کورت بوون.. هەشیانە تەنیا سێ ئایەتی کورتیلە بوو، دەی کاتی ئەوان

نەتوانن بەرەنگاری سێ ئایەتی قورئان بکەن لەگەڵ ئەو هەموو قسە زانیو بە دەموو پلیو رەوان بێژییەدا کە هەیان بوو، دیارە کە قورئان موعجیزەیەو بەرەنگاری کردنی سەردان لەبەرد دانەو خۆماندوو کردنی بی هودەیە.

ج/ مەبەستێکی تر لە هاتنە خوارەوەی قورئان بەجیا جیاو لەوماوە دورو درێژەدا لەبەر ئەوە بووە تا عەرەبەکان وردە وردەو پلە پلە فێری یاساو ئەحکامی ئەو کتێبە پیرۆزە ببن. دڵو دەرونیان بە فەرمودەکانی رابێننو بە گوێرەی روداوو پێویستی لە گەڵیا رابێنو یاساکانی لە دڵیاندا بچەسپێ، بۆئەوەی بتوانرێ لە ناخەوە رەوشتو دابو نەریتی سەردەمی نەزانییان بە ئاسانی بگۆڕدرێ، چونکە عەرەبەکان پێش هاتنی ئیسلام لە بەرەڵلایەکی تەواو دابوونو بەبێ سنوور هەموو شتێکیان بەڕەوا دەزانی. ئەگەر بێتوو قورئان بە یەکجار بهاتایەتە خوارێ، فەرمان (حوکم)و ئەرکەکانی لەسەر شانیان زۆر قورس دەبوو، دڵو دەرونیان ئامادەی وەرگرتنی فەرموودەکانی نەدەبوون.

د/ هۆیەکی تر لەو هۆیانەی کەوای کردوە قورئان بەو شێوەیە بێ بۆ پێغەمبەر ئەوە بووە: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) بتوانێ بە باشی لە بەری بکاو لە مەبەستەکانی حاڵی ببێو تێیان بگاو لەسەر دڵی موبارەکی نەقش ببەستی، خوا بەوە دڵی ئەوی پی پتەو بکاو بتوانێ بەو دڵە بەهێزەوە بەرەنگاریی کافرو خوانەناسەکان بکا.. ئەوەتا خوای پەروەردگار لەم بارەوە بۆ خۆی دەفەرموێ:

{وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْلَا نُزِّلَ عَلَيْهِ الْقُرْآنُ جُمْلَةً وَاحِدَةً كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِ فُؤَادَكَ وَرَتَّلْنَاهُ تَرْتِيلًا - سورة الفرقان/ ٣٢}:

واتە: بێ بڕواکان رەخنە دەگرنو دەڵێن: ئەم قورئانە ئەگەر راستە نامەی خودایە، ئەوە بۆچی وەك نامە ئاسمانیەکانی تر بەیەك جار بۆ موحەممەد نە نێردراوەتە خوارێ؟ ئەی خۆشەویست من خۆم وەڵامی ئەم پرسیارە غەرەزاوییەی ئەمانە دەدەمەوە، ئێمە بۆیە قورئانمان وا بە بەش بەشو جیا جیا بۆ ناردووی کە بە پێی پێداویستو سوودی هەموو لایێو لەکاتی پێویستدا،

سورەتێ یا چەند ئایەتێکمان لێ ناردۆتە خوارەوە بۆ تۆ، هەتا سەرەڕای بەهرەکانی تری ئەم کارە دڵو دەروونی تۆشی پی پتەو بکەینو ئایەت لەدوا ئایەت لە دڵتا بچەسپێو نەخش ببەستێ. بۆیە هەمیشە ئەم قورئانە بە شێنەیی‌و لەسەرخۆ بەرێك‌و پێکی بەسەر تۆدا دەخوێنینەوە، کە وشەو رستەو ئایەتەکانی لەناو سورەتەکاندا وە هەروەها لەناو گوێی بیسەردا وەك دانەی برنجی سەیری دانار دانار دەوەستێ.

ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) نەخوێندەوارو بێ سەواد بووە، نوسین‌و خوێندنەوەی نەزانیوە، لە کاتێکا پێغەمبەرەکانی تر خوێندەوار بوون‌و توانیویانە کە ئەو کتێبەی بۆیان نێردراوە سەر لەبەر بەیەکجار هەزمی بکەن‌و وەری بگرن.

قورئان داوای بەرامبەری دەکا (القرآن يتحدي):

ئەو نەحەددایەی قورئان بە راشکاوی‌و بەبێ پەروا لە عەرەب‌و ناعەرەبی کرد ئەو دەستەی کە خستیە چاویانەوەو بە تەوسەوە پێی گوتن:

ئەگەر دەڵێن: ئەم قورئانە لە خواوە نەهاتووە دەفەرموو: ئێوە ئازابن بتوانن نموونەیەکی ئەم دابنێن. یاخود بتوانن سورەتێکی وەکوو سورەتی ئەم بخەنە روو، کەچی نەیانتوانی‌و دۆش دامان.. ئا ئەم لەخۆ رادیویەی قورئان‌و دەستە وەستانی ئەوان گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قورئان نیگای خوایەو دانراوی مرۆڤ نیە!! چونکە عەرەبەکان لە خۆیانەوە بە شێوەیەکی سروشتی قسە رەوان بوون‌و رەوانبێژییان خۆش دەویست‌و حەزیان لە هونەری خەبات‌و تاری هونەری بوو، ئەدەب دۆست‌و شیعر خۆشەویست بوون. ساڵانەو وەرزانە کۆڕی رۆشنبیری‌و شیعر خوێندنەوەو پێشبڕکێی وتاردانیان دەبەست، ساڵی چەند جارێك لە بازاڕی عوکازو شوێنی تر میهرەجانی شیعرو دەمە دەمێیان ئەنجام دەدا، لە هەموو کۆڕو کۆبونەوەیەکی جەماوەرییاندا شاعیرەکانیان شەڕە شیعریان دەکردو خەتیبەکانیان لە رەوان بێژی‌و قسە رەوانیدا خۆیان بەتاقی دەکردەوە، هەریەکەیان بە هۆزی

خۆیدا هەڵ دەگوت و ڕێزی لە تیرەی خۆی دەنا. لەهەمان کاتدا چەند شاعیرێکی کارامەو لێهاتووی بێ لایەنیان دەست نیشان دەکرد بۆ هەڵسەنگاندنی شیعری شاعیرەکان و لە سەنگی مەحەکیان دەدان و پلەو پایەیان دادەنا بۆ ئەو شاعیرانەی کە لێهاتویی خۆیان دەچەسپاند. بە کورتی ئەم گرینگی پێدانەیان بە قسەی هونەری (شیعر یان پەخشان) دیاردەیەکی باوی ئەو سەردەمەیان بوو، کارێکی هەرە دیاری ئەو رۆژگارەیان بوو، لەبەر دوو شتی سەرەکی:-

أ/ ژیانی سارا نشینی و هاتووچۆیان لێرەو لەوێ بەدوا لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتیاندا هەلی دەنان بۆئەوەی زیاتر لە روبەری سروشت تی بفکرن و چاویان بە دیمەنی وڵات بڕێژن، تا کەف و کوڵی دەرونیان سەربکاو سۆزیان گەرم بێ و هەستیان ناسك ببێ، بە ڕواڵەت ئەم شتانەش دەبنە هۆی شاعیری و هەڵ رشتنی قسەی ناسك و هەڵقوڵانی مانای ئەفسوناوی و بزوتنی هەستی ناسکی وێژەوان.

ب/ ژیانی خێڵەکی و هۆز پەرستی و رەگەز پەرستی هەلی دەنان بۆ خۆهەڵنانەوەو بەخۆوە نازین و لەخۆ رازی بوون و دەمەدەمێ و مشت و مڕو کێشەو پێك هەڵپڕژان.. هەروا بۆ تێك گیران و بە گژیەکدا چوون و یەکتری کوشتن، ئەمەش وای لێ کردبوون کە زۆر پێویستیان بە شاعیری رەوان و قسەزان و زمان تیژو لێهاتوو ببێ، بۆئەوەی بەچەکی شیعر بە شمشێری زوبان داکۆکی لە بەرژەوەندی هۆزەکەی بکاو ستایشی جەنگاوەرانی خێڵ و شکۆمەندیی شەهیدان دەربڕێ، لە پلەی خێڵەکەی بەرز بکاتەوەو رێز بۆ سەرۆکی هۆز بچەسپێنێ. لەم رووەوە ئەوپەڕی گرینگیان بە هونەری شیعرو خەتابە داوە، رێزی شاعیری رەوانبێژی بە بڕشتیان دەگرت و خەتیبی رەوان و قسەزانیان دەبردە کەشکەلانی فەلەك.

ئا لەم کاتەدا قورئانی پیرۆز بەوپەڕی رەوانی و وشە ئارایی و مانا جوانی و وشەکاری و شێواز شیرینی هاتە خوارەوە تاوەکوو بچێتە دڵی دانیشتوانی دورگەی عەرەبییەوە کە ئەوکاتە کاتی پشێوی و نەفامێتی و دوو بەرەکی بوو، چینایەتی و دەمار گیری و رەگەز پەرستی لەناویان رەگی داکوتا بوو... ئاشکراشە قورئان نەیدەتوانی سەرو دڵیان بگرێ و زاڵ بێ بەسەریاناو کاریان تێ بکاو بۆڕیان بدا،

ئەگەر لەڕووی ماناو وشە ئاراییو ڕەوانیو گوزارە کارییەوە ئەگەیشتایەتە تروٚپکی بەلاغەتو فەصاحەت بە جوٚرێکی وا کە ئەو شاعیرو ڕەوانبێژانە هەست بە نەتواناییو دەستە وەستانی خوٚیان بکەنو دەستەو ئەژنوٚ دابنیشن لە بەرامبەریدا.. لە دابو نەریتی مروٚڤیشە هەرکاتێك لە بەرامبەریو زوٚران بازیدا تێشکاو تێشکانەکەیشی لە شتێکدا بێو لە بارێکەوە بێ کە لەوە پێش خوٚی پێوە بادابێو لافی کاراماییی تێدا لێ دابی کەچی لەوەدا دەستە وەستان بووبیو بڕشتی لێ بڕابێ، ئیتر وەکوو کەو دەچێو هیچ شتێکی تر ئەو تێشکانەی بوٚ تێ هەڵ ناهێنێتەوە، ئەو کەلێنەی بوٚ پڕ نابێتەوەو جارێکی تر ناتوانێ سەر بەرزبکاتەوەو گێژو وێژ دەبێو کەڕو لاڵ دەکەوێ هەر بوٚیەشە کە عەرەبەکان دوای ئەوەی کە نەیان توانی لەڕووی ڕەوانبێژییەوە (کە چەکی هەرە گرینگی وان بوو) بەرەنگاریی قورئان بکەنو ململانێی لەگەڵدا سازدەن ملیان نایە خەتو بڕیاریاندا کە ئیتر ببڕای ببڕای جارێکی تر لەم بارەوە سەر هەڵ نەدەنەوەو لافی ڕەوانبێژی لێ نەدەن، بەڵکوو بە ناچاری پاش ماوەیێك گەردن کەچی ئیسلام بوون بەڵام لەگەڵ ئەوەشا لوت بەرزەکانی قوڕەیش لەبەر کەللە ڕەقی خوٚیانو دەمار گیرییان نەدەهاتنە خەتەوەو بڕوایان بە پەیامەکەی (محمد) (درودی خوای لەسەر بێ) نەدەکرد، دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لە دژی قورئان، جارێك دەیانگوت قورئان شیعرە، دەمێك دەیانگوت سیحرە چاخێك دەیانگوت ئەفسانەو چیروٚکە ڕزیوی کوٚنەکانە پێغەبەریشیان بە شێتو فاڵ گرەوەو جادو باز حسێب دەکرد، بەڵام بەری ڕوٚژ بە بێژینگ نەگیراو هەموو پەلەقاژەیەکیان بێهودە بوو هەموو هەوڵو تەقەللایەکیان دا بەفیڕوٚ چوو.

بوٚچی قورئان داوای بەرامبەریی لە عەرەبەکان کرد؟

وەکوو ئاشکرایە دابو نەریتی عەرەبەکان لەو ڕوٚژگارەدا وابوو کە بڕێکیان تەحەددای بڕێکیان بکەن، ئەم شاعیرە بەرامبەری ئەو شاعیرە بکا، ئەو خەتیبە قسەی ئەو خەتیب ڕەت بکاتەوە، کوٚڕی شەڕە شیعرو شەڕە قسەیان هەردەم گەرم بێ.

لەبەرئەوە قورئان لەچەند ئایەتێکدا تەحەددای جەماوەری عەرەبی کردووەو بە ئاشکرا پێی گوتون ئەم قورئانە نیگای خوایە، ئەگەر بڕوا ناکەن دەی ئێوە ئازابن قورئانێکی ئاوا بێنن، یان کە هەر هیچ نەبێ بەقەی سورەتێکی بخەنە روو مەبەستی سەرەکیش لەم تەحەددایە ئەوەیە کە مێژوو ببێتە شایەتو بزانرێ ئەو عەرەبە زمان درێژانە چەند داماوو دەست کورتو زمان کۆڵن لە بەرامبەری قورئاندا لە کاتێکا کە ئەوان خەتیبی زمان لووسو بەدەمو پلو شارەزا لە هونەری قسەکردنیان تێدا بووە، رەوان بێژو قسە حازر بەدەستیان لەناو دا بووە، هەروەها بۆئەوەی مەردوم دەم کوت بکاو رێگە لەوە ببەستێ کە لە داهاتوودا هەرزە گۆیەك یان نەزانێكو بێ ئاگاو دڵ کرمێیەك بێ بڵێ: بابە قورئان موعجیزە نیەو عەرەبەکان لەکاتی خۆیدا دەیانتوانی دەقی هاوتای قورئان بێننو بەرامبەری بکەن بەڵام نەخۆیان بیریان لەوە کردۆتەوەو نە کەسیش داوای ئەوەی لێ کردوە... جا لەبەر ئەو هۆیانەو شتانی تریش قورئان ئاوا پێش دەستی کردوەو تەحەددای بەرامبەری کردنی کردوون، تەحەددا کردنەکەشی لە سێ خاڵدا خۆ دەنوێنێ:

یەکەم: قورئان داوایان لێ دەکاو پێیان دەڵێ ئەی گەلی عەرەب! ئەگەر بڕواتان نییە بەوە کە قورئان لە خواوە هاتووە، بەلاتانەوە کتێبێکی عەیبدارە، دەفەرموو ئێوە کتێبێکی باشتر لەوە لەخواوە بێنن تا منیش شوێن فەرمودەکانی بکەوم، ئەگەر راست دەکەن، جا ئەگەر ئەم ئەرکەیان بۆ ئەنجام نەدرا (بێ گومان کە بۆشیان ئەنجام نادرێ) لەهەمان کاتدا ئیمانیشیان بەتۆ نەهێنا، ئەوە دیارە شوێن بڕوای پوچی خۆیان کەوتونو بە گوێرەی هەواو هەوەسی خۆیان دەجوڵێنەوە ئاشکراشە کەسێك شوێن هەواو ئارەزو بکەوێ هیچ بەڵگەی پتەویشی پێ نەبێ، ئەوە لە خواوە یارمەت نادرێو بە تەواوی گومڕایەو سەر لێ شێواوەو زۆرو ستەم لە خودی خۆی دەکاو دیارە کە خودا رێی راست نیشانی هۆزی بێ دینی ستەم پیشە ناداو رێنومایان ناکا.

{قُلْ فَأْتُوا بِكِتَابٍ مِّنْ عِندِ اللَّهِ هُوَ أَهْدَى مِنْهُمَا أَتَّبِعْهُ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ، فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَكَ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءهُمْ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ - سورة القصص/ ٤٩-٥٠}.

بەڵێ: لەم ئایەتەدا قورئان داوای لە عەرەبەکان کردوە کە کتێبێکی وەکوو قورئان دابنێن، لەو کاتەشدا تەنها چلو حەوت سورەتی لێ هاتبوو بۆ پێغەمبەر، ئیتر قورەیشیەکان سەریان تێك ناو هەرچەند سەریان دەهێناو دەبرد نەیان دەزانی چۆن بەرهەڵستی ئەم تەحەددایە بکەن. لە سەرەتاوە هەوڵیاندا بەلام تێشکانو دۆش دامان. بۆیە دەبینین قورئان رویان تێ دەکا بەبی پەروا پێیان دەڵێ خۆماندوو کردنتان بی هودەیەو رەنج بەخەسارییە تەنانەت ئەگەر هەموو ئادەمیزادو ئەجندەکان یەك بگرنو بیانەوێ قورئانێکی ئاوا دابهێننو لەناو خۆیاندا زۆر بەباشیو بە دڵسۆزی یارمەتی یەکتری بدەنو وێنەی قورئان بهێنن ئەوجاش هەر دەستە وەسان دەبنو بۆڕ دەدرێن.. چونکە قورئان ئاخاوتنی خوایە قەت ئاخاوتنی بەشەر ناگاتە ئاخاوتنی ئەو.

{قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَن يَأْتُواْ بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لاَ يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا - سورة الإسراء/ ٨٨}:

دوای ئەمە قورئان تۆزێك تەحەدداکەی توند کردۆتەوە داوای لێ کردون کە بتوانن (دە) سورەتی وەکوو هی قورئان بخەنە روو.

{أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُواْ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُواْ مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُواْ لَكُمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّمَا أُنزِلِ بِعِلْمِ اللّهِ وَأَن لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ - سورة هود/ ١٣-١٤}:

واتە: ئایا عەرەبەکان دەڵێن: (محمد) بۆ خۆی قورئانی داناوە؟ دەفەرموو پێیان بڵێ: (ئەگەر راست دەکەن ئەمە عەرزو ئەمە گەز) فەرموون ئێوە بتوانن (دە) سورەتی ئاواهی بێننو بیخەنە روو. داوای یارمەتی جگە لەخوا لە کێ دەکەن بێ منەت بن. جا ئەگەر نەیان توانی ئەوە ئەنجام بدەنو دەستەو ئەژنۆ دانیشتن ئەوە بەبێ شك بزانن کە ئەم قورئانە کەلامی خودایەو ئەو بۆ

پێغەبەری ناردوە ئەوەش بزانن کە هیچ خودایەکی راست نیە (جگە لەو پەروەردگارە) کەوابێ ئێوە موسوڵمان ببن‌و وەرنە سەر رێگای راست‌و دروست. قورئان بەمەشەوە نەوەستاوە بەڵکوو جارێکی تر پلەی تەحەددایەکەی هێندێ بەرزتر کردەوەو ئەمجارەیان داوای لێ کردن کە بتوانن تەنها یەك سورەتی وەکوو سورەتی قورئان دابنێن.

{وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُواْ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ وَادْعُواْ شُهَدَاءكُم مِّن دُونِ اللّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ وَلَن تَفْعَلُواْ فَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ - سورة البقرة/ ٢٣}:

واتە: ئەی گرۆهی عەرەب! ئەگەر ئێوە شك‌و گومانتان هەیە لە راستی ئەو قورئانەی کە بۆ بەندەی خۆمانمان ناردۆتە خوارێ‌و بە لاتانەوە درۆو دەست هەڵبەستە، دەفەرموو ئێوە بتوانن بەقەی سورەتێکی ئەو بخەنە روو بێ منەتیش بن (جگە لە خوا) داوای یارمەتی لەکێ دەکەن بیکەن، جا ئەگەر نەیانتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەن (مسۆگەر) ناشتوانن ئەمجار بیان ترسێنەو پێیان بڵێ: خۆتان بپارێزن لە سزاو سوتان بە ئاگرێك کە سوتەمەنییەکەی ئادەمیزادو بەردەو ئامادەکراوە بۆ بی بڕوایان! جا هەرکاتێ ئێمە لەم لەخۆ رادیویەی قورئان تێ بفکرین‌و بزانین کە قورئان بەو شێوە سوورە لەسەر داماویی قورەیش‌و دڵنیایە کە ئەوان‌و هەموو دونیا ناتوانن بەربەرەکانی قورئان بکەن. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەم سوور بوونە هەڵوێستی مرۆڤ نییە، چونکە ناچێتە عەقڵەوە مرۆڤێك تۆزێ هۆش‌و گۆشی هەبێ، ئەم تەحەددایە بکاو ئاوا بەو جۆرە بچێتە ژێر ئەم رچەوەو لەوە نەترسێ کە رۆژێ لە رۆژان کەسێك هەبی بەرهەڵستی بکا!!! چونکە هیچ کاتێ سەر رووی زەوی خاڵی نییە لە خاوەنی هێزێك وەکوو هێزی یەکێکی تر، واتە هەر مرۆڤێك تۆزێ ئەقڵی هەبێ نابێ وابزانێ کەوا جیهان خاڵییەو کەس ناتوانێ بەرەنگاری ئەو بکا.

کەوابی بێگومان ئەم تەحەددایە کە لەسەر زمانی پێغەمبەرەوە بیستراوە لە خواوەیەو سەرچاوەکەی ئەوە، هەموو عەرەبەکانیش ئەم تەحەددایەیان

بیستووەو بە ناویاندا بلاوبۆتەوە، کەچی نەیانتوانیوە هیچ بەرەنگاریەکی عاقلانە ئەنجام بدەن، بەڵکوو هەموو دەستە وەسانو کۆڵەوار بوونو بە تەواوی دەست کورتییان دیارکەوتو بۆ خۆشیان لێیان عەیان بوو کە ئەم دەستە وەسانیەیان هەتا هەتایەو رۆژێك لە رۆژان ناتوانن لەم بارەوە نقەیەك بکەن.

جا ئەگەر ئەم قورئانە رەوان نەبوایەو رەوانیو رەوانبێژیەکەیو ئوسلووبی وشە ئارایيو وشەکاریيەکەی موعجیزە نەبوایە ئەوە بێگومان عەرەبەکان بەدەردی چامەی شیعرو خوطبەو چیرۆکەکانیان دەبرد. وشە بە وشە هەڵیان دەوەشاندەوەو ئەو سەر شۆڕییەیان قبوڵ نەدەکرد...

لەلایەکی ترەوە رەوانبێژانی عەرەب زۆرو زەبەندەبوون، تێیاندا هەبووە بە دڵ دوژمنی ئاینی ئیسلام بووە، ئەگەر تۆزێك تروسکایەکیان بەدی بکردایە بۆ بەرپەرچ دانەوەی قورئان دەیان خستە روو، زۆر دەقی رەوانو رێكو پێکیان دادەرشت بۆ بەربەرەکانی قورئان دەیان هێنانە گۆڕێ.

جاحیظ لە باسی قورئاندا دەڵێ: (ناچێتە ئەقڵەوە ئەم هەموو زاناو رەوانبێژو لێهاتوانە لەسەر هەڵە کۆببنەوە ئەگەر بیانزانیایە بەرامبەری کردنی قورئانیان لە تواناداپە چۆن بێ دەنگ دەبوون لەگەڵ ئەم هەموو تانوت لێدانو سەرکۆنە کردنەی کە قورئان ئاراستەی ئەوانی کردوە، لە کاتێکا عەرەبەکان خۆیان بە قسەزانو لێهاتوو دەزانيو خۆیان بە کارامایی لە قسەو ئاخاوتندا هەڵ دەنایەوە، قسەزانيو رەوانبێژی کاری هەرە گرنگی ئەوان بووە، جا چۆن دەچێتە ئەقڵەوە چەکی هەرە بەهێزی ئەوان قسەو ئاخاوتن بێو کەچی لەکاتی پێویستیدا بەکاری نەهێنن، خۆ ناعیلاجيو پێویستی پیاو وا لێدەکا پەنا بۆ شتی پەنامەکی بەرێو خۆی پێ هەستێنێتەوە، چ جایی شتێکی بەرووەو ئاشکرا!! جا هەر وەکوو چۆن محاڵە بیستو سێ ساڵ ئەوان ئەم سەر شۆڕییە قبوڵ بکەن لەم بارەوە نقەیەك نەکەن هەروا محاڵە کەوان بێ دەنگ بن بەمەرجێك بیانزانیایە رێگایەکیان هەیە...

دوای ئەو رۆژگارەی کە قورئانی تێدا هاتە خوارەوە تا ئێستا چەند چین هاتوون و چەند سەدەو چەرخ تازە بوونەوە، ملیونەها زاناو رۆشنبیر و رەوانبێژو رەخنەگرو نوسەرو کتێب دانەر هاتوون و پێ گەیشتون هەموویان ئیعتیرافیان بەسەر ئاسایی قورئان کردوە، دانیان بە دەست کورتی خۆیاندا ناوەو ئەوەیان چەسپاندوە کە ناگەنە پلەی قورئان لە رەوانبێژیو رەوانیو گوزارەکاریدا).

خۆ لە مێژووی گەلی عەرەبدا زۆر لێهاتووی رەوانبێژی تیدا هەڵکەوتووە زۆریان لە پەخشاندا ناوبانگیان دەرکردوە زۆری وەکوو (عبدالله ابن المقفع) و(الجاحظ) و(ابن العميد) و(بديع الزمان الهمداني)و زۆری دیکەشیان تێدا پەیدا بووە.

لە شیعریشا شاعیری رەوانی وەکوو (جرير) و(فرزدق) و(بشار بن البرد) و(ابو نواس) و(ابو تمام) و(المتنبي) و(المعري) و(احمد شوقي)و صەدەهای دیکەی ئاواش هاتوون و رۆییشتوون، دەی باشە کوا رەوانیو رەوانبێژی ئەمان لە عاست رەوانیو گوزارەکاری قورئان!! ئایا کێ لەمانە گەردن کەچ نەبووە کێ لەمانە گوتوویەتی قورئان نیگای ئاسمانی نییە؟! کێ لەمانەو غەیری ئەمانە سەرسام نەبووەو بڕوای بە سەرئاسایی قورئان نەکردوە؟!!

قورئان (موعجیزە)و سەر ئاسای (محمد)ە (د.خ)

ویستی پەروەردگار وابووە کە موعجیزەی پێغەمبەر لە شتێکدا بێ کە عەرەبەکان خۆیان تێیدا سوار چاك بوون و پێوەی ناسراون، چونکە بە درێژایی مێژوو هەموو پێغەمبەرێك موعجیزەی هەرە گەورەی لەسەر راستی پێغەمبەرایەتیەکەی لە شتێکدا بووە کە گەلەکەی تێیدا کاراماو شۆڕە سوار بووبێ و تێیدا شارەزا بووبن، ئەوەتا چونکە گەلی قیبطی سەردەمی فیرعەون تا رادەیەك ئاشنایەتیان لەگەڵ زانستی ماتماتیك و سروشت ناسیدا هەبووە، چونکە خاوەنی زانینی جادو ئەفسانەو پیشەسازی بوون، بۆیە پەروەردگار

موعجیزەیەکی دا بە موسا پێغەمبەر، کە زاناو ساحیرەکانی فیرعەون لە هەموو کەس باشتر دەیانزانی کە لە خواوەیەو کاری موسا نییە. موعجیزەکەشی بریتی بوو لەوە کە کاتێ دەستی بخستایەتە باخەڵیەوەو دەری بێنایە، وەکوو رۆژ روناکی دەبەخشی، کاتێکیش لە رۆژی دیاری کراودا لەگەڵ ساحیرو جادو گەرەکاندا کەوتە رقەبەری‌و ساحیرەکان گوریسەکانی خۆیان بەرەڵڵا کرد وەکوو مار دەجولانەوەو خەڵکی وایان دەزانی گوریسەکان بوون بە ماری راستی، ئیتر کە حەزرەتی مووسا عەسایەکەی بۆ هەڵ دان عەساکە بوو بە ئەژدەهایەك‌و هەموو گوریسە ئەفسوناوییەکانی ئەوانی هەڵ لووشین، ساحیرەکان کەوایان زانی خێرا ئیمانیان بەخواو حەزرەتی موسا هێنا. هەروەها چونکە گەلی حەزرەتی عیسا لە نۆشداریدا پێش کەوتوو بوون، بڕوایان بە رۆح‌و زیندوبوونەوە نەبوو خوای گەورە موعجیزەیەکی دا بە حەزرەتی عیسا کە بتوانێ کوێرو بەڵەك چاك بکاتەوەو مردوو زیندو بکاتەوە.

جا لێرەدا راستییەك هەیە ئەویش ئەوەیە موعجیزەی هەموو پێغەمبەرەکانی پێشوو بریتی بوون لە چەند روداوێکی کاتی کە روویان داوە ئەوانەی هاوچەرخی پێغەمبەرەکان بوون‌و بینیویانەو بڕوایان پێ کردوون‌و دوا خۆیان هیچ ئاسارێکی ئەو روداوانە نەماوەو بۆ دوا خۆیان دەورێکی ئەوتۆیان نەبووە... هەروەها ئەو موعجیزانە لەگەڵ بیرو هۆشی سەرەتایی ئەو رۆژگارەدا گونجاون، بەڵام دوای ئەوەی ژیریی‌و خوێندن‌و خوێندەواری پێشکەوت بە درێژایی مێژوو خەڵکی گومانیان لە ئایینەکاندا پەیدا کردو ئایین کاریگەری نەماو موعجیزەکان وردە وردە پوکانەوە لە بیرو باوەڕی خەڵکیدا پلەیان نزم بووەوە تا هاتنە ریزی ئەفسانەو جادو، بەم جۆرە ئیمان‌و باوەڕ لە دڵی مەردومدا زەعیف بوو، بێ باوەڕی تەشەنەی کردوو وەکوو سەرەتان چووە کەڵکەڵەی ئادەمیزادەوە، بێ دینی باڵی شومی بەسەر جیهاندا کێشا.

ئیتر مرۆڤ بەگشتی پێویستی بە ئایینێك بوو کە موعجیزەو بەڵگەی راستیەتی لە بەڵگەو موعجیزەی ئایینەکانی پێشوو نەچێ.

جا ئەوەی کە زۆر کەس نایزانێو پێویستە بیزانێ ئەوەیە کە ئیسلام لە بەرنامەیدا رێبازێکی گرتووە جیاوازە لە هەموو ئایینەکانی پێش خۆیەوە، رێبازێکی تازەی وای گرتۆتە بەر کە بە روونی ئەوە دەچەسپێنێ کە ئەم ئایینە لە خواوەیەو دەستکردی مرۆڤ نییە ئایینێك کە قورئان بەرنامەیەتی قورئانیش بۆ خۆی لە هەموو روویەکەوە سەر ئاسایەو مرۆڤ لە بەرامبەریدا دەستە وەستانو داماوە، چونکە قورئان لە رووی رێنوماکردنەوە، لە بارەی یاساو شێوەو شێوازەوە، لە بارەی ماناو ناوەرۆکەوە، تا سەرنجی لێ بدەی ئەوە دەگەیەنێ کە ئایینی ئیسلام بەردەوامو خۆڕاگرەو هەتا دونیا دونیابێ پایەدارە.

بەڵێ دوای ئەوەی کە ئادەمیزاد بەرەو پێشکەوتن دەچوو پەروەردگار قورئانی پیرۆزی نارد بۆ پێغەمبەر تا لەگەڵ چۆنیەتی ئەو پێشکەوتنەدا بگونجێو تا ئادەمیزادیش بەرەو پێشکەوتن بڕوا ئەمیش شان بەشانی ئەم پێشکەوتنە لە پێشبڕکێدا هەرگیز دوانەکەویو بۆ هەموو شوێنو کاتێك بگونجێ.
جا خوا یاربی لێرە بەولاوە لێکۆڵینەوەیەکی کورت ئەنجام دەدەین لەچەند لایەنێکەوە لە قورئان دەدوێین کە هەموویان پەیوەندییان بەسەر ئاسایی قورئانەوە هەیە هەموو شایەتو بەڵگەن لەسەر ئەوە کە ئەم قورئانە نیگای خوایەو ئاوەڵناوی زاتی بێچوونە، جگە لە بی دینو خوا نەناس کەسی تر رەتی ناکاتەوەو دژی ناوەستێ!.

سەر ئاسایی قورئان (إعجاز القرآن):

سەر ئاسایی لە زماندا بریتییە لەوە ناتوانایی پاڵ خەڵك بدەیو داماوییان بۆ بچەسپێنی هەرکاتێ یەکێك یەکێکی داماو کرد دەگوترێ فلان فلانی داماو کردو لە پەلو پۆی خست کە دەڵێین قورئان ئادەمیزادی دەسە وەسان کرد واتە بۆڕی داو بەزاندی لەوەی کە بتوانێ کتێبێکی وەکوو قورئان دابڕێژن، کەوابوو کە دەڵێین قورئان موعجیزەیە مەبەستمان ئەوەیە قورئان لە پلەیەکدایە مرۆڤ هێزی ئەوەی نیەو نایبێ کە بتوانێ دەقێکی ئاوا داڕێژێو کتێبێکی وا بخاتە روو

چونکە قورئان شێوە ئاخاوتنێکی پەروەردگارەو ئاوەڵ ناوێکی ئەو زاتەیەو تایبەتە بەو بێ هاوتایە، لێکدانو تەرتیبو وشەو رستەو دەنگو صەداو ئاوازو مۆسیقای شێوەیەکی تایبەتییەو لە ئاکارو کرداری مرۆڤ ناکا.. جا چونکە لایەنەکانی سەر ئاسایی قورئان زۆرو زەبەندەنو پێویستیان بە شیکردنەوەو درێژەپێدانو بەڵگە بە ئایەت هێنانەوە هەیە ئەمەش کارێکە ئەگەر ئەنجام بدرێ پێویستی بە نوسینی چەند بەرگێك هەیەو لەگەڵ ئەم باسە کورت ئامێزەی ئێمە ناگونجێ بۆیە ناچارین کە بە کورتی بەسەر باسەکەدا رابورینو بەسەر پێیەکەوە چەند نموونەیەك لە لایەنەکانی سەر ئاسایی قورئان بخەینە روو بەشی ئەوەندە بکا کە ببێتە بەڵگە لەسەر ئەوە کە قورئان نیگای خوایەو ئاکاری خۆیەتی، واتە هەر ئەوەندە دەچینە ناو باسەکەوە کە خوێنەر ئەزمونێکی لەلا پەیدا ببێ بتوانێ لە رێگەی ئەو ئەزمونەوە برێك شارەزایی لە سەر ئاسایی قورئاندا پەیدا بکاو بەس... لە سەرەتاشەوە لایەنی ئوسلوب لە قورئاندا دەکەین بەسەر مەشقو دەستە گوڵ.!!

شێوەو شێوازی قورئان (أسلوب القرآن):

ئەگەر لە سەرانسەری قورئان وردبینەوە دەبینین دیاردەیەکی سەر سورهێنەری لە بارەی وێژەو شێوازەوە تێدایە، شێوازی قورئان لەرووی خۆش خوانیو جوانیو روناکی رەوانکاریو جوانی سەرەتادا جیاوازە لەگەڵ هەموو دەقی عەرەبیو رێبازی دانانو داڕشتنی شیعرو پەخشان.

دکتۆر طاها حوسێن دەڵێ: (قورئان نە پەخشانەو نە شیعرە)، بەڵکوو قورئان قورئانەو بەس، واتە شێوازی قورئان نابێ جگە لە قورئانی پی بگوترێ.. قورئان شیعر نیە چونکە وەك شیعر ئایەتەکانی بەقەد یەك نینو کێشو سەروای تێدا نیە، پەخشانیش نیە چونکە هەلەو گیری برێ مەرجی تایبەتی بووەو هەندێ شتی تیایە دەرمیان کراوە کە لە پەخشاندا نەکراوە هەندێ لایەنی

تایبەتیو شێوە دارشتنی هونەری پەیوەند بە کۆتایی ئایەتەکانو دەنگو صەداو مۆسیقا تایبەتییەکەیەوە هەیە لە پەخشانی ئاساییو ئیعتیادیدا بەرچاو ناکەوێ.

ئیمامی باقلانی دەفەرموێ: دارشتنی قورئان لەڕووی بار گۆڕین لەشتو بۆچوون بۆی لە ڕێبازی جوێ جوێوە جیاوازی لەگەڵ هەموو شێوە دارشتنێکی دەقو ئاخاوتنە عەرەبیەکاندا هەیەو ئەم شێوە تایبەتییە قورئان جیا دەکاتەوە لە پەخشانو شیعر لەوەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە قورئانی پیرۆز بەو وێژەو شێوازە تایبەتییە کە هەیەتی بە هیچ جۆرێك لە دارێژراوی ئادەمیزاد ناچیو ئاکاری ئەو نییە. خۆ ئەگەر قورئان ئاکارو دارشتنی مرۆڤ بوایە دەبوایە بچوبایەوە سەر شێوەو شێوازی ئاخاوتنی عەرەب، دەبوو لە شێوە دارشتنی نووسەرێكو سەردەمێك بچوایە! کەوابوو لێ نەچوونی شێوازی قورئان لە شێوازی ئەو هەموو دەقە نوسراوانەی عەرەب بەڵگەیەکی زۆر بەهێزە لەسەر ئەوەی کە قورئان موعجیزەیەو سەر ئاسای هەموو گرۆهێکە، نە دانراوی ئادەمیزادە بە گشتیو نەهی (محمد)ە بە تایبەتی!! خۆ ئەگەر قورئان ئەم وێژەو شێوازە تایبەتیەی نەبوایە بەو جۆرە عەرەبەکانی بوڕ نەدەداو وا بە ئاشکرا دەستە وەسانی نەدەکردن، بۆیە بوڕیان خواردو مل کەچ بوونو زانییان کە ئەو دەقو ئاخاوتنە ئەزمونو قەریحەی ئەوان ناتوانی دەری ببڕێ!

تەنانەت کاتێك کە برێ لە عەرەبەکان بۆ نموونە یەکێکی وەکوو (مسیلمە)ی درۆزن ویستی بەر پەرچی قورئان بداتەوە جڵەوی قسەی لە دەست دەرچوو ئاخاوتنێکی وای لێ دەرچوو نە لە وێژەو شێوازی قورئان دەچوو نە لە قسەو ئاخاوتنی خۆشی دەچوو، واتە لە هەموو روویێکەوە رەوانبێژی لە دەست داو هەربوو بە پەندو گاڵتەچی!!!

جیاوازی شێوازی قورئان لەگەڵ فەرمودەکانی پێغەمبەردا (د.خ):

بۆئەوەی زیاتر بەڵگەی ئەوەمان دەست کەوێ کە قورئان سروشی خوایە ئاکاری ئادەمیزاد نیە، شتێکی گرینگ هەیە پێویستی بە لێ وردبونەوە هەیەو

گەرەکە بخرێتە بەرچاو، ئەویش ئەوەیە کە وێژەو شێوازی قورئان لە وێژەو شێوازی فەرموودە (حەدیثە)کانی پێغەمبەر ناچێ، هەرکاتێ بێنین بەرامبەری لە نێوان دەقی قورئانو دەقی فەرمودەکانی پێغەمبەردا بکەین دەبینین جیاوازییەکە لە هەموو رویەکەوە زۆر ئاشکراو بەرووەمیە، بۆ نموونە مرۆڤ لەکاتی خوێندنەوەی حەدیثدا هەست بە شێوە زمانو ئاخاوتنێك دەکا بریتییە لە تێگەیاندنو فێرکردنو وتاردانو پرسیارو وەلامو شیکردنەوەیێك کە لە ئاخاوتنی ئادەمی دەچێو عەرەبەکان ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەو شێوە ئاخاوتنە هەبووە، بەلام ئاشنایەتییان لەگەڵ وێژەو شێوازی قورئان نەبوو، بەلایانەوە لە پلەیەکی بەرزدا دەنگی دەدایەوە، کە گوێیان بۆ ئاخاوتنەکە دەگرت بە بیستنی سەرسام دەبوون. جگە لەوەش لە خوێندنەوەی حەدیثدا هەست بەوە دەکرێ کە لەو دیو فەرموودەکانی پێغەمبەردا خۆیەتی زاتیەتو (شخص)یەتێکی ئادەمی هەیە هەست دەکرێ کە ئەو ئادەمیە برێ جار زەعیفیو زەبوونی رووی تێ دەکاتو شانازیش بەم زەبوونیەوە دەکا، چونکە لە عاستی خواوەیەو بەندایەتی خۆی تێدا دەنوێنێ کەچی لەو دیو دەقی قورئانو ناوەرۆکی ئایەتەکانیدا هەست بە خۆیەتیەکی بەهێزی دەسەلاتداری بێ باکی دادپەروەری بە ئاگاو زاناو خاوەن روحمو شەفەقەت دەکرێ، بەلام خۆیەتیەکە لە هیچ روویەکەوە زەبوونی تێدا هەست پێ ناکرێ، تەنانەت لەو شوێنانەشدا کە جێگای دڵ نەرمین... جا ئەگەر قورئان دانراوی (محمد) بوایە دەبوایە لەگەڵ وێژەو شێوازی فەرمودەکانی خۆیدا چ جیاوازییەکیان نەبوایە، چونکە ئاشکرایە هەموو نووسەرێك یەك جۆر وێژەو شێوازی لە نوسیندا هەیە تەنانەت کەس ناتوانێ بە دوو جۆری لێك جیاوازی تەواو بنووسێ، کەوابوو ئەم لێك نەچوونو جیاوازییە ئاشکرایە لە نێوان وێژەی قورئانو حەدیثدا بەهێزترین بەڵگەیە کە قورئان سروشی خوایەو شاکاری ئادەمی نیە.

برێ دیاردەی پەیوەندی بە شێوازو رەوانبێژی قورئان:

تا ئێستا زۆر زانایانی رەوانبێژیو خۆشخوانی لە وێژەو شێوازی قورئانیان نوسیوە، لەو شتانەی کە تایبەتن بە جۆرەکانی رەوانبێژییەوە لێکۆڵینەوەیان

ئـەنجام داون: کـە لـەم نوسـینە تەسـکەدا ئاماژەیـان بـۆ نـاکرێ بـەڵام پێویـستە هێندێك توێژینەوە لەسەر بـڕی لایـەنی تایبـەت مەنـد بـە شـێوازی قورئـانو ئـەو لێـك چـوون (تـشبیە)و خواسـتن (اسـتعارة)و کـورت بـڕیو پەنـدو ئامۆژگاریانـەی لەخۆی گرتوون ئەنجام بـدەین تـا بتـوانین (بـە کـورتی) خوێنـەر شارەزای خـۆش خوانی قورئان بکەین لـەکاتی خوێندنەوەیـدا چێژی رەوانکـاریو جـوانی شـێوازی ئەو کەلامە بکا. هەرچەندە گەورەییو جۆری هونەری قورئان کەسێك بە تـەواوی هەستی پێ دەکا کـە زۆر تێـی بفکرێو شـارەزایی تێـدا هـەبێو رێبازەکـانی زبـانی عەرەب شارەزابێو بەشێوە هونەرییەکانی ئەو زمانە ئاشنا بێ.

کێشی قورئانو چێژی ئاهەنگو مۆسیقای:

وێژەو شێوازی قورئان شـێوەیەکی تایبەتییـەو چـێژێکی ئاهـەنگو مۆسـیقای سـەربەخۆی هەیـە، ئەمـەش بـەهۆی هەڵبـژاردنی وشـەی شـیرینو رازاوەو رێـك خـستنیان لـە زنجیرەیـەکی تایبەتیـدا تـا گەیـشتۆتە سـەر تـۆپکی خـۆش خـوانیو رەوانی بۆ پەیدا بووە، جا هەرچەندە ئەم ئاوازی مۆسـیقایەی قورئـان لـە هێنـدێ شوێندا وا رێ دەکەوێ لەگەڵ کێشی جۆر (بحر)یك لە جۆرەکانی شـیعری عـەرەبی یەك دەگرێتەوە بەڵام ئەمـە مانـای وانیـە کـە قورئـان شـیعرە، هـەرگیز نـاگوترێ: قورئـان شـیعرە بەڵـکوو قورئـان لایەنـە جوانـەکانی شـیعرو پەخـشانی بەیەکـەوە لەخۆ گرتووە، بەوە دەقەکە تا بڵێی شەکر ئامێز بووەو رازاوەتەوەو گۆی هونەری جوانکـاری بردۆتـەوە، خۆشـی لـە تـاك سـەرەوایی پاراسـتووە، بڕگـەو تـەفعیلاتی تەواوی شیعری پـاش گـوێ خـستووە بەمـە خـۆی لـە کـۆتو زنجیـری شـیعر رزگـار کردوە، بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی.. پەلی ئاوازو مۆسیقای ناسکی شـیعری چەشـە کردوە، جار جارە خۆی لە کێشی شیعر نزیك کردۆتـەوە، لـە بـڕی شـوێندا بڕگـەو سەروای بەکار هێناوە لە شێوەیەکی تایبەتیـدا. لـەم روەوە جـاری وا هەیـە وێـژەو شـێوازی قورئـان لەگـەڵ شـێوازی دەقو ئاخـاوتنی سـەروادار (مەسـجووع)دا لێـك دەچنو لایەنی سەجعیشی پاش گوێ نەخستووە، هونەری (سەجع)یش شێوەیەکە

لە دارشتن و ئاخاوتنی هونەری و لە کۆنەوە لەلای عەرەبەکان باو بووەو پێی ئاشنا بوون، چونکە جەرەس و سۆزو ئاوازی مۆسیقاکەی کاریگەرەو گوێچکە چێژی لێ وەردەگرێ و ئارامی دەداتە دڵ و دەروون، خوتبە خوێنەکانی سەردەمی پێش ئیسلام هەروا پیاوە جادو بازو ئەستێرە شوناسەکان بەکاریان هێناوە، چونکە کار لە بیسەران دەکاو جێی خۆی لە دڵاندا دەکاتەوە!! بە کورتی قورئان بڕێکی سەروا دارەو مەسجووعە بڕێکیش شێوازی تایبەتی خۆی هەیەو ئاوازو مۆسیقایەکی سەربەخۆی لەخۆ گرتووە.

(ابن سنان) دەڵێ: قورئان بە زبان و داب و نەریت و شێوە ئاخاوتنی عەرەب نازڵ بووە، خۆ دەقی رەوانکارو رەوان لە ئاخاوتنی ئەواندا هەمووی سەروادار (مەسجووع) نەبووە چونکە دەقی درێژو سەروادار نیشانەی خۆ گوشین و نقەنقی لێ بەدی دەکرێ، رێ نەکەوتووە دەقێکی درێژی سەروادار هەمووی رەوان بووبێ و شێرین و رازاوە بووبێ.

کەوابوو کێشی تایبەتی قورئان و ریزکردنی برگەکانی لەسەر شێوەیەکی تایبەت لە زوربەی ئایەتەکانیدا لە جۆری دەربڕین و کارتێکردندا هێزی سەرسام کەری پی بەخشیوە، ئاوازێکی ناسکی شیرینی ئاشنا بە گوێچکەی لە شێوەی مۆسیقایەکی نەرمی کاریگەردا وەکوو جۆگە ئاوێکی صاف و بێگەرد دەکشێ، مرۆڤی موسوڵمانی بیسەر دەمار شێل دەکاو گومڕایان سەرسام دەکا.

وەك یەك و لێك چوون لە قورئاندا (التشبیه في القرآن):

لێك چوون لە قورئاندا بریتییە لە لێك چواندنی شتێك بە شتێکی ترو هاوبەشییان لە کارێکدا، لە صیفەتێکدا، هێنان و بەکارهێنانی ئەو لێك چوونە بۆ زیادە روون کردنەوەو کارتێکردن بێ.

ئاشکراشە قورئانی پیرۆز چەند جۆرە لێك چوون (تشبیه)ی جوان و رەوانی لەخۆ گرتووە، هەموویان شیرین و دڵ گیرن و جوانی بە ماناکانی قورئان دەبەخشن، کارتێکردنیان زیادو بەهێز دەکەن.

هەنـدێ جـار قورئـان لێـك چـوونی هێنـاوە بـۆ روون كردنـەوەی كـاری مەعنەویو نادیار بە شتی بینـدراوو دیـارو هەسـتپێكراو، بـەوە شـتی پەنامـەكیو نادیـاری روون كردۆتـەوە ماناكـەی چەسـپاندووە... بـۆ نموونـە كاتێـك قورئـان دەیەوێ زەبوونی بتە داتاشراوەكانی كافرەكان بچەسپێنێ باسی هیچو پوچی ئـەو خـوا درۆزنانـە دەكـا، دێنـێ هـەوڵو كۆشـشی ئـەو خـوا نەناسـانە دەشـوبهێنێ بـە هەوڵو كۆششی جاڵجاڵۆكە، لەم رووەوە كە ئەم زیندەوەرە بچكۆلە چەند خۆمانـدو دەكاو هەوڵو كۆشش دەكا تا خانوەكەی دەتـەنێ كەچـی لـە پڕێكـا بـە فویـەك بـە كەمترین لێكەوتنی شتێكی بێ هێز خانوەكەی دەڕوخێو رەنـج بـە خەسـار دەبـێ، هەر بەو جۆرەش كافرو خوا نەناسەكان ئەو هەوڵو كۆششو بت پەرستیەیان بی سودەو رەنج بەخەسار دەبنو كارەكەیان زەرەر ئامێزە.

{مَثَلُ الَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ أَوْلِيَاء كَمَثَلِ الْعَنكَبُوتِ اتَّخَذَتْ بَيْتًا وَإِنَّ أَوْهَنَ الْبُيُوتِ لَبَيْتُ الْعَنكَبُوتِ}.

لەشوێنێكی تردا قورئان دەیەوێ تێمان بگەیەنێ، كە كـردەوەی كافرەكـان بـێ سـودەو بـەردار نابـێ، هـاتووە كردەوەكانیـانی شـوبهاندون بـە خۆڵـە مێـشێك كـە رەشەبایەكی بەهێزو تەوژم لێی هەڵكاو هیچی لێ نەهێڵێتەوەو بەربادی بكا.

{مَّثَلُ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمْ أَعْمَالُهُمْ كَرَمَادٍ اشْتَدَّتْ بِهِ الرِّيحُ فِي يَوْمٍ عَاصِفٍ لاَّ يَقْدِرُونَ مِمَّا كَسَبُواْ عَلَى شَيْءٍ ذَلِكَ هُوَ الضَّلاَلُ الْبَعِيدُ - سورة إبراهيم/ ١٨}:

واتە: وەكوو چۆن كەسێك خاوەنی خۆڵە مێش بێ، بێنێ خۆڵە مێـشەكەی لـە جێگایەكی بەرەو بادا كۆبكاتەوە، لەناكاوێكا رەشەبایەكی بە تەوژم لێی بداو تۆزی بـەرێ بەهـەواداو هیـچی لێ نەمێنێتـەوە، ئـاوا بـەو جـۆرەش كافرەكـان رۆژی رەستاخیزو زینـدو بوونـەوە هیـچ سوودێكیان لـە كردەوەكانیـان دەسـت ناكـەوێو رەنج بەخەسار دەبن، چونكە هیچ ئاسەوارێك بۆ كردەوەكانیان نابینن. لە لایەكی ترەوە زوربەی لێك چواندنو تەشبیهاتی قورئان لە سروشت هەڵقوڵاون، لایەنێكی تەشبیهەكە شتێكی سروشت ئامێزەو هەست پێكراوەو ئاشنایە بەهەسـتی مـرۆڤ.

ئەوەتا کـردەوەی کافرەکـان دەشـوبهێنی بـە سـەرابو رەنگدانـەوەی تیـشکی رۆژ کاتێك لە زیخو بەردە وردە دەدا، چۆن مرۆڤی تینوی صەحرا نـەوەرد، کاتێ ئـەو سـەرابە دەبینـێ پێـی وایـە ئـاوەو پەلـەی بـۆلا دەکـا بـە مەبەسـتی ئـەوە ئـاگری تینوایەتی بکوژێنێتەوە، کەچی کە دەگاتە نزیکی دەڕوانێ هیچ ئاوی لێ نیەو دڵـی پـڕ دەبێ لـە ناهومێـدیو هیـچی دەسـت ناکـەوێ، ئابـەو جـۆرەش کافرەکـان بـە کــردەوەی خۆیــان دەنــازنو دڵیــان بــە کردەوەکانیــان خۆشــەو پێیــان وایــە کردارەکانیان سود بەخشەو پاداشی لێ وەردەگرن، کەچی رۆژی رەستاخیز کە دێـن دەبینن هیچ شتێك لەوەی کە بەتەمای بوون دیار نیەو رەنج بەخەسارن، بەڵـکوو لەجیاتی پاداشو قازانج سـزاو ئـازارو ئەشـکەنجەیان بـۆ ئامـادەکراوە پـەروەردگار هەڕەشەکانی کە لێی کردبوون بۆیان دێنێتە دی... سەیرکە چۆن خوا دەفەرموێ:

{وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَعْمَالُهُمْ كَسَرَابٍ بِقِيعَةٍ يَحْسَبُهُ الظَّمْآنُ مَاء حَتَّى إِذَا جَاءهُ لَمْ يَجِدْهُ شَيْئًا وَوَجَدَ اللَّهَ عِندَهُ فَوَفَّاهُ حِسَابَهُ - سورة النـور/ ٣٩}.

لەشوێنێکی تـردا قورئـان حـاڵو چۆنیەتی دونیـاو ئەوانـەی بـەهێزو بـازوی خۆیان دەنازنو کەچۆن کۆتایی ژیانیان دێو چۆن تەمـەنیان هـەڵ دەوەرێو پـوچ دەبنەوە شوبهاندونی بـە گـژو گیـای بـەهارو سـەوزو شـین بـوونیو رازانـدنـەوەیو دوایی وشك بونو بەبادا چوونی.

{إِنَّمَا مَثَلُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاء أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاء فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الأَرْضِ مِمَّا يَأْكُلُ النَّاسُ وَالأَنْعَامُ حَتَّىَ إِذَا أَخَذَتِ الأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَازَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَا أَنَّهُمْ قَادِرُونَ عَلَيْهَآ أَتَاهَا أَمْرُنَا لَيْلاً أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَاهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِالأَمْسِ - سورة يونس/ ٢٤}:

واتە: ژیانی ئینـسان لـە جوانیو خۆشـیو رازاوەیـی دا وەکوو چۆنیەتی ئـەو ئاوە وایە کـە لـە ئاسمـان دێتـە خـوارێو تێکـەڵ بـە گـڵو خـۆڵ دەبـێو گـژو گیـاو رووەکــی پــێ دەڕوێو بــە گــوڵو گــوڵزارو ســەوزاییو چــەمەن بــووکی زەوی دەڕازێتەوە، میوەو بەروبووم وەئەنجام دێنێو ئادەمیزادو ئـاژەڵ لێـی دەخـوا، جـا

کاتێك ئەرز خۆی جوان کردو بەتەواوی خۆی ئارایشتدا، لەهەموو بەرو بوومێکی وە دەرخست، ئیتر خەڵکەکە وادەزانن ئەم نازو نیعمەتە بەردەوامەو هەتا هەتایە پایەدارە!! لەباتی شوکرو ستایش، هەریەکەیان دەست دەکا بە گومڕایی‌و روو لەخوا وەردەگێڕی‌و خۆی بە خوای سەر ئەرز دەزانێ!! لەناکاوێکا خوا زیانی لێ تێك دەداو ئەم نازو نیعمەتە لە چاو تروکانێکا سەرنگون دەکاو چەرخی چەپگەردی لێ وەکار دەخا، بە بومە لەرزە یان بە لافاو یان بە شەڕو شۆڕی وێرانکەر، ئەو چونیەتە دڵگیرە دەکاتە سوتەمەڕۆو وەکوو زەوییەکی گژوگیای کرِوزاوی لێ دەکاو ئاداری بەسەر پاداریەوە نامێنێ. جا تێفکرە لەم ئایەتەدا دە رستەی یەك بەدوا یەکی هێناون وای ریز کردون‌و لێکی داون دەڵێی یەك رستەیە تەشبیهەکەش لەشێوە گشتییەکە وەرگیراوە.

خوازەو خواستن لە قورئاندا (الإستعارة في القرآن):

خواستن: وەرگرتنی وشەیە کە بخوازرێ لە مانای تایبەتی خۆیەوە بۆ مانایەکی تازەی پی نەزانراو کە لە بنەڕەتی زماندا ئەو مانایە نەبەخشێ بەڵام مەرجە دەبی پەیوەندی نێوان مانای خوازراوو لێ خوازراو بەهێز بێ مەبەستیش دەرخستنی مانای پەنامەکی‌و نائاشکرا بە شێوەیەکی رون‌و ئاشکرا... لە راستیدا قورئانی پیرۆز جۆرەها خوازراو خواستنی لەخۆ گرتووەو دەقەکانی پێ رازاندۆتەوە، ئەم خواستن‌و خوازراوە بوومتە ئاوێنەیەکی بالا نومای صاف‌و بێگەرد بۆ دەرکەوتنی رەوانبێژی قورئان‌و پلەی بەرزی دەربڕین. لە تەك ئەمەشدا خواستن (الأستعارة) بە وشەی کەم مانای دورو درێژ دەگەیەنێ. بۆ نموونە قورئان دەفەرموێ: {وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا} دەبینین وشەی (اشتعل) ئیستیعارەیەو خوازراوەو لەسەر مانای دروستی خۆی نیە، چونکە ئەم وشەیە لە ماکی زماندا بۆ هەڵایسانی ئاگر بەکار دەهێنرێ نەك بۆ سپی بوونی مووی سەرو سمێڵ. بەڵام چونکو سپی بوونی مووی سەری مرۆڤ وردە وردە پێوە دەچێ‌و

بەکاوەخۆ سپی دەبێ تا بە تەواوی هەموو سەری دادەگرێ. جا ئەم شێوە هەر دەڵێی گەش بوونەوەی ئاگرە لەناو خەڵوزدا کە ئەمیش وردە وردە پێوە دەچێ‌و دەتەنێتەوە تا بەتەواوی هەموو خەڵوزەکە گەش دەبێتەوە بۆیە وشەی (اشتعل) لە مانای خۆیەوە کە هەڵایسانی ئاگرە خوازراوە بۆ سپی بوونی مووی سەر، پەیوەندی نێوان بڵێسەی ئاگرو سپیایەتی مووی سەریش ئاشکرایەو بەهێزە.

یان لە شوێنێکی تردا قورئان دەفەرموێ: {بَلْ نَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَى الْبَاطِلِ فَيَدْمَغُهُ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ - سورة الأنبياء/ ١٨}:

وشەی (نقذف) و (يدمغه) هەردوکیان خوازراون‌و خواستیان تێدایە ئەگەر بیگوتایە (بل نورد بالحق على الباطل فيذهبه) خواستنیان تێدا نەدەبوو، مانای (نورد) و (يذهبه) وە دەست ناکەوێ چونکە (نقذف) شێوەیەك دەگەیەنێ کە بەهێزو زەختێکە وە شتێکی قورس‌و رەق بەسەر شتێکدا بخرێ‌و لێی بکەوێ‌و پانی بکاتەوە. وشەی (يدمغه)ش ئاماژەیە بۆ ئەو جەنگە کە لەنێوان حەق‌و بەتاڵدا رودەداو لە ئاکامدا حەق سەری بەتاڵ پان دەکاتەوەو مۆخی دەپژێنێ‌و گیانی لەبەر دەردەکا.

لە جێیەکی تر قورئان دەفەرموێ: {وَالصُّبْحِ إِذَا تَنَفَّسَ} لێرەدا وشەی (تنفس) خوازراوەو ئیستعارەیە ئەگەر لەجیاتی (تنفس) بیگوتایە (بدأ انتشاره) لەسەر مانای دروست (حقيقة)ی خۆی دەبوو خواستنی تێدا نەدەبوو بەڵام هەرگیز ئەو بەلاغەت‌و رەوانی‌و پاراوییەی کە لە وشەی (تنفس) وەردەگیرێ هەرگیز لە رستەی (بدأ انتشاره) دەست ناکەوێ چونکە (تنفس) ئەوە دەگەیەنێ کە سروشت هەمووی کش‌و مات‌و بێدەنگ‌و خەو لێ کەوتووە، نەجوڵەیەو نە سرتە، کاتێ بەیانی دێ سروشت بە خەبەر دێ‌و ژیانی تێ دەگەڕێتەوە وەکوو چۆن هەناسە ژیان بۆ زیندەوەر تازە دەکاتەوە.

یان بە شێوەیەکی تر بڵێین هەڵاتنی خۆرو پێوە چوونی‌و تەقینەوەی روناکییەکەی دەشوبهێ بە دەرچوونی هەناسە کە وردە وردە دێ‌و دەچێ، جارێکی تر دەفەرموێ:

{وَتَرَكْنَا بَعْضَهُمْ يَوْمَئِذٍ يَمُوجُ فِي بَعْضٍ وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَجَمَعْنَاهُمْ جَمْعًا - سورة الكهف/ ٩٩}:

بڕوانە وشەی (يموج) لەم شوێنەدا بەوەندەوە ناوەستێ کە خوازراوە بۆ مانای پشێوی‌و تێکرو تێکوشیوی، بەڵکوو لەگەڵ ئەمەش رەسمێکی سەر سوڕهێنەر بۆ خەیاڵی مرۆڤ دەکێشێ کە بریتییە لە کۆبوونەوەی ئەو خەڵک‌و حەشاماتە بەجۆرێك چاو سەرەتاو کۆتایی‌و ئەم سەرو ئەوسەری نابینێ، هەتا بڕوانێ خەڵکەو دەجوڵێتەوە، بە شێوەیەك تابلۆکەمان پیشان دەدا هەر دەڵێی دەریایەو شەپۆل دەداو خۆی دەخواتەوە، ئەمە هەموو وشەی (يموج) دەی گەیەنێ چونکە لە بنەڕەتداو بە دروست‌و حەقیقەت ئەم وشەیە بۆ جوڵانەوەو شەپۆلی ئاو دێ.

لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: {وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى الْغَضَبُ}:

واتە: کاتێ موسا رقی نیشتەوەو ئارام بووەوە... لێرەدا وشەی (سکت) خوازراوە بۆ مانای (زال) بە مانا نیشتنەوەی رق‌و کینەیە. چونکە لە بنەڕەتدا (سكت) بەمانا وازهێنان لەقسەکردنە. بەڵام لێرەدا وا پیشان دراوە کە غەضەب وەکوو ئینسانێك موسا هەڵ دەنێ‌و دەنە دەنەی دەدا بۆ تورە بوون‌و شەڕەنگێزی‌و دوایی وازی لە موسا هێناو چی دی پاڵی پێوە نەناوە، یان کە قورئان دەفەرموێ:

{أَوَ مَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا - سورة الأنعام/ ١٢٢}:

دەبینین لەم ئایەتەدا وشەی (نور) دەبینری‌و بەچاو هەستی پێ دەکرێ‌و رێبوار سودی لێ دەبینێ مرۆڤ بەهۆی ئەوەوە دەگاتە ئاواتی خۆی.

هەروەها وشەی (الظلمات) لە مانای خۆیەوە خوازراوەو هێنراوە لە جیاتی (الضلال) دانراوە چونکە کەسێك بە تاریکیدا بڕوا رێگای راستی لێ ون دەبێ‌و رێبازی مەبەست‌و پێویست ناگری دوور نییە بکەوێتە چاڵ‌و چۆڵەوەو توشی هەڵدێرو شوێنی سەخت ببێ‌و تێدا بچی...

کورتبڕی لە قورئاندا (الإيجاز في القرآن):

کورتبڕی: ئەنجامدانی مانایەکە بە کەمترین وشە، کەوابوو رستەو دێڕێکی کورت ئامێز کە مانای زۆر ببەخشێ خۆشخوانو رەوانە، هەتا وشەی کەم بێو مانای زۆر بێ رێژەی خۆش خوانییەکەی بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە پلەی ئیعجازو سەر ئاسا.

دیاردەی هەرە دیاری قورئان ئەوەیە کە بە وشەیەك یان چەند وشەیەکی کورت مانایەکی دورو درێژ دەگەیەنێ کە راڤەیو شەرحیان زۆری دەوێ. ئەگەر نوسەرێك رۆشنبیرێك بیەوێ لاسایی قورئان بکاتەوەو ئەو مانایەی ئەو بە وشەی کورت گەیاندویەتی بیگەیەنێ بۆی ئەنجام نادرێ مەگەر بە چەند وشەیەکی دورو درێژ. پوختەی قسە ئەمەیە وشەی کورتو رەوانو پڕ ماناو مانا زۆر هەر لە قورئان دێو لە وزەی مرۆڤدا نییە.

بۆ نموونە سەیربکە لەو ئایەتەی لە قورئاندا دەربارەی بوونو تەنهایی خوایە کە دەفەرموێ:

{مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَهٍ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ}.

یان ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: {لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا - سورة الأنبياء/ ٢٢}:

واتە: ئەگەر لەگەڵ خوای پەروەردگارو مەزندا خوای تر هەبوونایە ئەم بونەوەرەیان بەش بەش دەکردو دوایی تووشی کێشەو نیزاع دەبوون کێشەو نیزاعیشیان سەری دەکێشا بۆ وێران بوونی کەون بە ئەرزو ئاسمانیەوە جا خۆ ئەوە ملیۆنەها ساڵە ئەم ئەستێرەو مانگو رۆژو زەویو کەونە بەردەوام هەڵ دەخولێو تێك نەچووە، کەوابوو ئەمە باشترین بەڵگەیە لەسەر بوونو تەنهاییو دەسەڵاتو پایەداریو بێ وێنەیی خوا.

یان دەفەرموێ: {خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ — سورة الأعراف/ ١٩٩}:

لێرەدا دەبینین قورئانی پیرۆز لەم چەند وشانەدا باسی هەموو ڕەوشتی جوانو ئەخلاقی بەرزی لەخۆ گرتووە، چونکە لە وشەی (عفو)دا پەیوەندی پتەوکردنی نێوان ناحەزانو یەکگرتنەوەی دڵ لێك هێشاوانو ئاشتبوونەوەی دڵ ڕەنجاوان دەگەیەنێ، ڕستەی {وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ} گەردن کەچیو فەرمان بەرداری بۆ خواو جێبەجێ کردنی پەیوەندی هەموو کارێکی باشی لەخۆ گرتووە، چونکە ناگونجێ مرۆڤ ڕێگای خزمایەتیو دوورکەوتنەوە لەهەموو کردەوەیەکی ناشیرینو کردنی چاکە پیشانی خەڵك بداو بۆ خۆشی کاری چەوت ئەنجام بدا.

لە ڕستەی {وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ}دا کە فەرمان بەوە دەکا کە موسوڵمان ڕو وەرگێڕێ لە نەزانانو گوێیان پێ نەدا، صەبرو ئارامو خۆشەویستی دابین کردنو گێڕانەوەی نەفس لە وەڵام دانەوەی بێ ئەقڵو نەزانان دەگەیەنێ.

یان کە دەفەرموێ: {إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاء ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ – سورة النحل/ ٩٠}:

لەم ئایەتەدا پەروەردگار فەرمانی فەرمووە بە کردنی هەموو کارێکی چاكو کردارو گوفتاری خێر ئامێز. (نەهی)یشی کردوە لە کردنی هەموو کردەوەیەکی خراپو زەرەر ئامێز، کۆتایی ئایەتەکەشی بە جوانترین ئامۆژگاری لە چەند وشەیەکی کورتدا هێناوە.

یان کە لە باسی نازو نیعمەتی بەهەشتدا دەفەرموێ:

{يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ – سورة الزخرف/ ٧١}:

دەبینین بەم چەند وشە کورتانە ئەم هەموو مانا جوانانەی کۆ کردۆتەوەو ئاماژەی بۆ ئەم حەمکە نازو نیعمەتەی بەهەشت کردوە کە لە ڕاستیدا لە ژمارە نایەن، ئەوەتا سەرەنجمان ڕادەکێشی بۆ هەرشتێك نەفسو ئارەزو پێیان خۆش بێ... یان کە دەفەرموێ:

{وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَاْ أُولِيْ الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ – سورة البقرة/ ١٧٩}:

دەبینین ئەم ئایەتە کورتە هۆو حیکمەتی تۆڵە سەندن کوشتنەوەی بکوژی بە رەوانترین ماناو کورتترین وشە گەیاندووە.

جا وەکوو دەڵێن: پێش هاتنی ئەم ئایەتە عەرەبەکان دەیانگوت: (القتل انفي للقتل) خۆشیان بە رەوانیو بەلاغەتی ئەم رستەیە هەڵ دەکێشا پێیان وابوو زۆر رەوانو بەلیغە بەڵام کە قورئان هاتو ئەم ئایەتەی تێدا بوو رستەکەی خۆیان پاش گوێ خست چونکە رەوانیو بەلاغەتی ئەم لەگەڵ ئەودا وەك عاسمانو ڕێسمان وایە.

کورتبڕی قورئان لە باسکردنی تۆفانی نوح دا:

یەکێك لەو شوێنانەی کە قورئانی پیرۆز ئەوپەڕی کورتبڕیو رەوان بێژیو سەر ئاسایی تێدا کردوە باسو خواسی تۆفانی حەزرەتی نووحە کە دەفەرموێ:

{كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ فَكَذَّبُوا عَبْدَنَا وَقَالُوا مَجْنُونٌ وَازْدُجِرَ فَدَعَا رَبَّهُ أَنِّي مَغْلُوبٌ فَانتَصِرْ فَفَتَحْنَا أَبْوَابَ السَّمَاءِ بِمَاءٍ مُّنْهَمِرٍ وَفَجَّرْنَا الْأَرْضَ عُيُونًا فَالْتَقَى الْمَاءُ عَلَى أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ وَحَمَلْنَاهُ عَلَى ذَاتِ أَلْوَاحٍ وَدُسُرٍ تَجْرِي بِأَعْيُنِنَا جَزَاءً لِّمَن كَانَ كُفِرَ – سورة القمر / ٩-١٤}:

جا خوێنەری خۆشەویست چەند جارێك ئەم ئایەتانە بخوێنەرەوەو سەیری جوانی دارشتنو کێشو تابلۆی پێویستیان بکەو گوێ لە ئاوازو مۆسیقایان بگرە دەبینی بە کەمترین وشەو رستە جوان ترینو رەوان ترین مانایان بەخشیوە. پاشان جارێکی تر تێفکرە قورئان چۆن باسی نیشتنەوەی تۆفانەکە دەکاو بە چ دارشتنێکی رەوانو رستەیەکی بەرز کۆتایی تابلۆکە دەکێشێ. کە دەفەرموێ:

{وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْداً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ – سورة هود / ٤٤}.

واتە: گوترا زەمین ئاوت هەڵقوڕێنە بەرازیی بەس ببارێنە ئاو رۆچوو بەناخی ئاخاو کار سەری گرت، لەسەر جودی لەنگەری گرت، وترا تارن ئەوانەی ناهەقیکارن. هەژار.

لەم ئایەتەدا قورئان بە کورت ترین رستەو رەوانترین قسە وەسفی کۆتایی هاتنی تۆفانی حەزرەتی نوح دەکا، بە بیستنی مرۆ هەست دەکا بە رەوانیو بێ گرێو گۆڵیو صافو لووسی ڕستەکە، هەر دەڵێی ئاوی صافو بێگەردە بە ئەسپایی دەکشیو بە ئاوازو مۆسیقای خۆشی مرۆڤ دەمار شێل دەکا، هێندە رەوانو شەکر ئامێزە ماناو ناوەڕۆکی پێش وشەو رستە لە دڵا جێگیر دەبێو وشەو رستەی پێشبڕکێی ماناو ناوەڕۆك دەدەنەوەو جێی خۆیان لە میحرابی دڵا دەکەنەوە!!! چۆن دەبێ کەوانەبێ ئەمە دارشتنی پەروەردگارەو شاکاری زاتی بێچونە.

بڕوانە ریزبوونی رستەکانی ئەم ئایەتە چۆن بەهۆی پیتی واوی عەتفەوە بەسەر یەکدا هاتوونەتەوە، بەو شێوەیە کە رەوانبێژی داخوازیەتی ئاوا تەرتیبو ریزکردنی ئەنجام دراوە، هەر دەڵێی ملوانکەی مرواریيە بە رێكو پێکی هۆندراوەتەوە.

بڕوانە چۆن یەکەمجار دەست نیشانی لایەنی هەرە گرینگی باسەکە دەکاو لە رزگاربوونی کەشتییەکەوە دەست پێ دەکا لە کاتێکا کەشتییەکە لەناو گێژاوی ئاودا هەڵبەزو قەڵبەزیەتی، ئەمەش ئەنجام نادرێ مەگەر بە رۆچونی ئەو ئاوەی کە لە دەوری کەشتییەکەیە لەبەرئەوە پەروەردگار لە سەرەتاوە فەرمان دەکا بە زەویەکە ئاوەکەی لەسەریەتی بیخواتەوەو قوتی بدا، بەڵام ئەگەر بارانەکە بەردەوام بێو بروکەی نەداتێ لەوانەیە ئەوانەی لە کەشتییەکە دادەبەزن بەتەواوی تووشی تەڕو توشیو ناڕەحەتی ببن، لەبەرئەوە خوای مەزنو بەتوانا فەرمانی کرد بە ئاسمان کە لەبارین بوەستێتەوەو چی تر نەبارێنێ.

جا کە ئەرز ئاوی خۆی خواردەوەو هەڵی چۆڕاندو ئاسمانیش لە باران بارین وەستایەوە، کارەسات تەواو بوو هەموو شتێك بڕایەوە (وقضی الأمر) واتە ئەوانەی لە عیلمی پەروەردگاردا بڕیار درابوو کە لەناو دەچنو ئەوانەی رزگار بونیان کاتی خۆی لە زانستی خوادا بڕیار درابوو ئەنجام دراو کار تەواو بوو!.

ئەم جار دێتە سەر باسی راوەستانو جێگیر بوونی کەشتییەکە لەسەر کێوی جودی ئەم جار دوعاو نزاکردن لە بەهیلاك چووەکان پاش ئەوەی کە بە زۆرو ستەمکاری تاوانباریان دەکا بۆ خاتری ئاماژەی ئەوە بکا کە لەناو چوونەکە بەس بۆ ئەوانەیە شایانی سزانو موستەحەقی ئەو رۆژە رەشەن جا چونکە فەرمانی ئیلاهی دەربارەی لەناو چوونی ستەمکاران بەشێوەیەك دەرچووە کەسی تر نەی بیستووە گوێیان لێ نەبووە بۆیە فیعلەکان هەموو بە شێوەی (مبني للمجهول) دەر بڕاونو لە سەرەتاوە فەرموویەتی (وقیل یا ارض) ئەمجار دوا بەدوای ئەوە سەیری ئاوازو مۆسیقای دوو وشەی (ابلعي)، (اقلعي) بکە چەند گونجاو لەبارن لەگەڵ وشەی پێش خۆیانەوە ئەم دوو وشانە هەردووکیان خوازراوی زمانینو لە مانای خۆیانەوە گوێزراونەوە بۆ مانای تر، ئەمجار بڕوانە رستەی (ابلعي ماءك) وشەی (ابلعي) شێوەی ئەو کارەمان پیشان دەدا کە لە ئەرز داواکراوە، ئەویش ئەوەیە کە بە گورجی هەرچی زووە چی ئاو هەیە قوتی بداو هەڵی مژێ.

دیارە ئەم مانایەی کە (ابلعي) دەی گەیەنێ وشەی (امتصي) پەیی پێ نابا (ئەوەی ئەحمەد دەیزانێ محمد رێی پێ نابا) ئەوجا لەوەدا کە ئیزافەو نیسبەتی ئاوەکەی داوە بۆ ئەرز ئاماژەیە بۆ ئەوە کە زەوی پێویستەو لاییقە کە ئاوی خۆی هەڵ بمژێ چونکە ئاو ئاوی خۆیەتی لە وشەی (استوت) کە کرداری کەشتییەکەیە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە راوەستانی گەمێیەکە بە جۆرێك بووە جوڵانەوەو لەرینەوەی نەماوە لەنگەرێکی وای گرت ئارام ئامێز بوو تا دانیشتوانی ناوی بە ئاسانی لێی بێنە دەرێو ترسیان نەبێ.

لە رستەی {وَقِيلَ بُعْداً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ} یشدا ئاماژە بۆئەوە کراوە کە لەناو چوونی ستەمکاران بەو مەبەستە بوو تا پشێوی سەر زەوی نەمێنێو ئەو ناپاکانە لە خراپەکاری سەر زەوی دوور بخرێنەوە.

پەندو ئامۆژگاری لە قورئان دا (الامثال في القرآن):

برێك لە دیاردەی شێوازو دارشتنی قورئان هێنانەوەی پەندو مەثەلە: دیارە مەبەستی سەرەکی قورئانیش لەم پەندانە یاد خستنەوەو ئامۆژگاری‌و پەند وەرگرتن‌و چەسپاندن‌و نزیك خستنەوەی مەبەستە بۆ عەقڵ‌و بیرو هۆش، بە شێوە کێشانی ئەو بابەتانە لە شێوەی بیندراوو دیاریدا، چونکە شتی هەست پێکراو زوترو باشتر لە زەمینی ئادەمیزادا جێگیر دەبی‌و زۆرتر ویژدانی پی دادەسکنیٚ‌و ئارام دەگریٚ.

{وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِن كُلِّ مَثَلٍ لَّعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ – سورة الزمر/ ٢٧}:

واتە: ئێمە لەم قورئانەدا لە هەموو بابەتێك پەندو ئامۆژگاریمان بۆ ئادەمیزاد هێناوەتەوە، بەڵكوو یاد بکەنەوەو بیرێك لەخۆیان‌و دوا رۆژیان بکەنەوەو بەخۆیاندا بێنەوە.

پەندەکانی قورئان دوو جۆرن، جۆرێکیان بە ئاشکرا لە شێوەی پەنددا هاتووەو پەند ئامێزە. وەکوو ئەو پەندەی کە پەروەردگار حاڵ‌و چۆنیەتی موونافقەکانی پی روون دەکاتەوە کە دەفەرمویٚ:

{مَثَلُهُمْ كَمَثَلِ الَّذِي اسْتَوْقَدَ نَاراً فَلَمَّا أَضَاءتْ مَا حَوْلَهُ ذَهَبَ اللّهُ بِنُورِهِمْ وَتَرَكَهُمْ فِي ظُلُمَاتٍ لاَّ يُبْصِرُونَ – سورة البقرة/ ١٧}:

واتە: نموونەو پەندی ئەو موونافقانە وەکوو ئیشی ئەو کەسە وایە ئاگرێك چرایەك لە شەوێکی تاریکدا هەڵایسێنیٚ هەر کە دەوروبەری روناك بوەوە، خوای مەزن ئاگرەکەی بکوژێنێتەوە روناکی بۆ نەهێڵیٚ، ئیتر هیچ شتێك نابینی‌و چاوی لەبەر پێی خۆشی نییە.. هەر بەو جۆرەش خوای پەروەردگار نوری ئیمانی لە دڵ‌و دەرونی موونافیق‌و دوو روەکان سریوەتەوەو لای بردووەو رێگای راستیان لیٚ گوم بووە.

جۆرێکی تر لە پەندەکانی قورئان شاردراوەن‌و ئاشکرا نین بەڵکوو کە لێی ورد دەبێتەوە لەگەڵ پەندێکدا یەك دەگرێتەوە پڕ بە پڕ ئەو مانایە دەبەخشیٚ وەکوو ئەم ئایەتە کە دەفەرمویٚ:

{بَلْ كَذَّبُواْ بِمَا لَمْ يُحِيطُواْ بِعِلْمِهِ – سورة يونس/ ٣٩}:

دەق وەكوو ئەم پەندە دەچێ كە دەڵێ: (من جهل شيئا عاداه) يان ئەم ئايەتە كە دەفەرموێ:

{وَمَا نَقَمُواْ إِلاَّ أَنْ أَغْنَاهُمُ اللّهُ وَرَسُولُهُ مِن فَضْلِهِ - سورة التوبة/ ٧٤}:

سەر بەسەر ماناكەی دەشوبهێ بە مانای ئەو پەندە عەرەبیە كە دەڵێ: (اتق شر من احسنت اليه) يان ئەو ئايەتە كە دەفەرموێ:

{أَوَلَمْ تُؤْمِن: قَالَ بَلَى وَلَـكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي - سورة البقرة/ ٢٦٠}:

وەكوو ئەم پەندە مەشهورە وايە كە دەڵێ: (ليس الخبر كالعيان).

ئايەتی {وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا – سورة الفرقان/ ٦٧}:

ڕێك مانای ئەم پەندەی لەخۆ گرتووە كە دەڵێ: (خير الامور أو ساطها).

ئايەتی: {مَن يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ - سورة النساء/ ١٢٢}: وەكوو ئەم پەندە دەچێ كە دەڵێ: (كما تدين تدان).

هەر بەو شێوە لە قورئانی پیرۆزدا چەند وشەیەك هەیە وەكوو پەند بەكار دەهێنرێن بە سەردەم و زوبانی خەڵكەوەیە وەكوو ئەم رستانە كە لە قورئاندا هەن:-

١. {لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ اللَّهِ كَاشِفَةٌ}: (هەر خوا خۆی سەری لێ دەركا).

٢. {وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ}: (چاڵ بۆ خەڵكی هەڵكەنی خۆت تێی دەكەوی).

٣. {مَّا عَلَى الرَّسُولِ إِلاَّ الْبَلاَغُ}.

٤. {هَلْ جَزَاء الْإِحْسَانِ إِلَّا الْإِحْسَانُ}: (چاكە چاكەی لێ دەبێتەوە).

٥. {قُلْ كُلٌّ يَعْمَلُ عَلَى شَاكِلَتِهِ}: (گيا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە).

٦. {عَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ}.

٧. {لاَّ يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ}: (پاك پاكەو پیس پیسە).

٨. {لَوْ عَلِمَ اللّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَّأسْمَعَهُمْ}.

٩. {وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ}.

١٠. {الطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَاتِ}: (پاك بۆ پاكەو پیس بۆ پیسە).

١١. {ذَلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ يَدَاكَ}: (کاری خۆتە دێتەوە ڕێت).

١٢. {أَلَيْسَ الصُّبْحُ بِقَرِيبٍ}.

١٣. {كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ}.

١٤. {لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا}.

دووباره کردنەوەی مانا لە قورئان دا (تكرار معاني القرآن):

لایەنێکی تر هەیە تایبەتە بە شێوازو داڕشتنی قورئانەوە، ئەویش دوبارە کردنەوەو سێ بارە کردنەوەی مەبەستێك لە بڕێ ئایەتو سورەتیدا بەدەقی جوێ جوێ، واتە زۆر جار بۆ یەك مەبەست لە سێ چوار لاوە بە سێ چوار شێوە باسی لێوە دەکات کە یەك لەیەك جوان ترو ڕەوان ترو بەهێز ترن. وەکوو گوتنەوەو دووبارە کردنەوەی بڕێ چیرۆكو سەر گوزشتەی ڕابوردوەکان. بە مەبەستی هەڕەشەو دەربڕینی نارەزایی لە کردارو گوفتارێك یان درێژە دان بە ئامۆژگاریو چەسپاندنی بەڵگە لەسەر ڕاستی کردارو گوفتارو ڕێبازێك، یان باسکردنو ڕانواندنی نازو نیعمەتو لەبەر چاوی خێرو بێرو یاد کردنەوەی خاوەن نیعمەتو پێویستی سوپاسو ستایشو ئەم جۆرە بابەتانە، کەوابوو دووبارە کردنەوەی ڕستەیەك یان ئایەتێك یان چەند ئایەتێك بۆ ماناو مەبەستێکی تایبەتی کە ماناو وشەیان لێك دەچن، لەبارەی ڕەوانیو ڕەوانبێژی، نهێنییەکە لە نهێنییەکانی قورئانو جۆرێکە لە جۆرەکانی بەتواناییو دەسەڵاتداری لە داڕشتنو ئاخاوتنی بەهێزو پێز، کە ئەمەش لایەنێکە تایبەتە بە

قورئانــەوە.. لەهــەر شــوێنێکدا مەبەســتەکان پیرۆزبــن، لەهــەر جێیەکــدا ئــەو مەبەستانەی ئاخاوتنەکەی بۆ هێنـراوە بگەنـە سـەر ترۆپکـی بـەرزیو لوتکـەی بالآیی بە دووبارە کردنەوەو سێ بارە کردنەوە ئاخاوتنەکە شیرین دەبێ، دەقەکە دەرازێتەوە هۆی ئەم دووبارە کردنەوە دەگەڕێتەوە بۆئەوە کە قورئـان تەحەددای عەرەبو ناعەرەبی کردوە لەوەدا کە نـاتوانن لاسایی سورەتێکی لـە سورەتەکانی بکەنــەوە، کەچـی بـۆ خۆشـی بەهـەموو جۆرێـك بـاری لێ دەگـۆڕێو هـەرجارە بـە شێوەیەك مانـاو مەبەستەکە دووبـارە دەکاتـەوە جارێـك بـە کـورتیو جارێـك بـە درێژو فراوانـی، لـە هـەموو رووێکیشەوە شـاکار دەردەچێو ئەوپـەڕی بەلاغـەتی تێدا رەنگ دەداتەوە، بۆ خاتری سەر ئاساییو ئیعجازی دەربکەوێ، رەوانیو هێـزو پێزی وشەو رستەکانی ئاشکرا ببێ، بزانرێ کە ئەم کەلامە پیرۆزە:

ئاخـــــاوتنی ئـــــادەمیزاد نیـــــــەو صـــــــیفەتی

پـــــەروەردگارە، چـــــونکە ئاشـــــکراو رونــــــە

کـە شـاعیر یـان نووسـەر هـەرکاتێ نووسـینێکی دووبـارە کـردەوە بـەبێ شـك جیاوازییەکی زۆر لەنێوان دەقە کۆنەکەو دەقە تازەکەدا پەیدا دەبێو لەیـەکێکیان دا رەوانیو صافو بێگەردی ئەوی تریان هەست پـێ نـاکرێ بەڵـکوو زۆر جـار رێ دەکەوێ نووسەرێك شتێکی جوان دەنووسێ کـە جارێکـی تـر دووبـارەی دەکاتـەوە، نەفەس کورتیو خۆگوشینو نقە نقی پێوە دیارە، بە پێچەوانەی قورئانەوە کە لە هەموو جارێکدا بەلاغەتو رەوانییەکەی لەدەست نەداوە.

لەلایــەکی تــرەوە دووبــارە کردنــەوەو گوتنــەوەی شــت باشــترین رێگــەی تێگەیاندنو ئیقناعە، بەهێزترین ئامێرو هۆکارێکە بۆ چەسپاندنی بیرو راو بـڕوا لـە دەروونـی ئـادەمیزاددا هـەر لەبـەر ئـەم هۆیەیـە کـە لـەم رۆژگـارەدا دەبیـنین کۆمپانیاکــانی پڕوپاگەنــدە پــەنا دەبەنــە بــەر دووبــارە کردنــەوەی پــڕو پاگەندەکانیانو گۆڕانکاری لە وشەو رستەکانی پڕو پاگەندەکەدا دەکـەن بۆئـەوەی بگەنە ئامانجی تایبەتی خۆیان.

بڕێ لایەنی ئیعجازو سەر ئاسای قورئان (من وجوه إعجاز القرآن):

قورئانی پیرۆز زۆر لایەنی ئیعجازو سەر ئاسایی تێدایە کە هەموویان چ بە جیا جیاو چ بە کۆمەڵ کۆمەڵ شایەتی ئەدەن کە ئەو کەلامە نیگاو سروشی پەروەردگارە نەك کرداری ئادەمیزاد، بڕی لەو شایەتو لایەنانە:-

ڕەوانی قورئان لەهەموو شوێنێکا(فصاحة القرآن في كل المواضيع):

بە راستی جێگای سەر سوڕمانە کە ئەم قورئانە لەهەر مەبەستێك بدوێ، هەر باسێك لەخۆ بگرێ، چیرۆك بێ، یان ئامۆژگاری، پەند بێ یان دادپەروەریو پەیمانو مزگێنی بێ یان هەڕەشەو ترس بەرنان، باسی رەوشتێ جوان بکا یان شتی تر، هەرگیزاو هەرگیز جوانی هۆنینەوەو لێکدانی رێكو پێکی کەمو کوڕی ناهێنێو هێزو پێزی کەم نابێتەوە.. لە کاتێکا ئێمە دەبینین نووسەرو خەتیبێکی رەوانبێژ، یان شاعیرێکی هەست ناسكو هونەرمەند، شێوازو ئاخاوتنەکەی بە گوێرەی مەبەستەکانی دەگۆڕێو بەرزو نزمی تێ دەکەوێ. شاعیری وا هەیە لە ستایشو پیاهەڵدانددا شیعری بەهێزی هەیە، کەچی لە زەمو لە کەدار کردندا بێ هێزە، نوسەرو رۆشنبیری وا هەیە لە پەخشانی پیاهەڵدانو سەنادا قەڵەمی رەوانە، کەچی بۆ سەرە خۆشیو لاواندنەوە، قەڵەمی بێ بڕشتە، نوسەرو شاعیری وا هەیە لە وەصفو سەنای باخو گوڵو گوڵزاردا یا لە باسی مەییو دڵداریو ئامۆژگاریدا نووسینو شیعری زۆر بەهێزو سەرنج راکێشی هەیە، کەچی لە لایەنی تردا کۆڵەوارە. بۆیە دەبینین مێژوو نووسانی ئەدەبی عەرەبی ووتویانە وەصفو سەنا لە (أمر أو القيس) جوانە کاتێ سواربێ یان (نابیغەی زوبیانی) کاتێ بترسێو دڵی خورپەی پێ بکەوێو عوزر بێنێتەوە، یان زوهەیری کوڕی ئەبی سەلما کاتێ حەزی لێ بی هەربەم جۆرە دەبینین خەتیبو نووسەر لە شوێنێکا لە باسێکا سەرکەوتوون لە جێیەکی تر هەناسە بڕکێیانە. دیوانی شاعیرێکی هونەرمەند بخوێنەوە، دەبینی جیاوازییەکی بەرچاو لە بەرزو نزمی

شیعرەکانیا بەدی دەکرێ، بەگوێرەی شوێن و باس و مەبەست لە بڕێکیاندا سەرکەوتووەو شیعرەکانی هەست و خوستێکی ناسک و قوڵیان لەخۆ گرتووە، لە بری شوێنیشا دەست کورت و لێ قەوماوەو دۆشداماوە.

بەڵام کە سەیری شێوازی قورئان دەکەین دەبینین لەگەڵ ئەم حەمکە لایەنانەی کە باسی لێوە کردوون، لەگەڵ ئەو هەموو مەبەستە جیا جیایانەی گۆی کردونەوە، هەرگیزاو هەرگیز تۆزقاڵێک لە ترۆپکی ڕەوانبێژی دانەبەزیوە، لە شوێنێکدا کورتی نەهێناوە.. لەلایەکی ترەوە پێویستە بزانرێ کە هەڵبژاردنی وشە بۆ مانای باوو ئاشناو بەیدەست گەلێ ئاسانترو نزیک ترە لە هەڵبژاردنی وشە بۆ مانای داهێنراوی نەبیستراو چونکە ئاشکرایە کە ڕەوانبێژی عەرەبەکان و هونەری وشە زانییان و دەست ڕۆیشتویی و زمان پاراوییان لەباسی سروشت و تەپولکەو بیابان و ئاخ و ئۆف کردن بۆ لای خۆشەویست و باسی وشترو راوو راوە شکارو دڵداری و پیا هەڵدان و خۆ هەڵنانەوەو جنێو دان و لەکەدار کردن بووە، خۆ دیارە ڕەوانبێژی لە وەصف و سەنای ئەم جۆرە شتە هەست پێکراوانەدا بەر فراوان بووە بە زۆری خەڵکەکە پێی ئاشنا بوون و حەزیان لێی بووە هەروەکوو چۆن زوربەی شاعیرەکان ئەم باسانەیان لێوە کردون لەبەرئەوە شتێکی ئاساییە ئەو شاعیرەی سەردەمی دواتر بی شوێن ڕێبازی شاعیرەکانی پێش خۆی کەوتووەو سوودی لە ڕەوانبێژی و بەلاغەتی شاعیرەکەی پێش خۆی بینیوە دەی قورئان بەهیچ جۆرێک لەم شتانەی شاعیرەکان دەمیان لێداوە نزیک نەبۆتەوە، ئەگەر نزیک بوبایەوە دەبوایە بڕێ لەو ڕستانەی کە بەلای عەرەبەکانەوە ڕەوان بووەو شاعیرەکان بەکاریان هێناوەلە قورئاندا بەدی بکرایە.

بەڵام قورئان چەن لایەنی تری لەخۆ گرتووە کە لەلای عەرەبەکان باوی نەبووە، پێی ئاشنا نەبوون هەموویان لە عاست بیرو هۆشی ئەوان تازە بابەت بوون، وەکوو باسی خواو تاق و تەنیایی و گەورەیی و زانایی و بە توانایی ئەو.. هەروەها بانگ کردنی مەردوم بۆ بەحەق ناسینی و پەرستنی و بە پاک و بێگەرد زانینی لەهەموو عەیب و خەوشێک، هەروەها باسی وەصف و سەنای نازو نیعمەتی

بێ پایانو بەرفراوانی خودا بۆ ئەو کەسانەی تاعەتی دەکەنو گەردن کەچی فەرمانەکانی دەکەن! یا وەکوو باسی سزاو سەر زەنشتی بۆ ئەوانەی سەر پێچی دەکەنو لێی یاخی دەبن. هەروەها قورئان هەر بەینە نا بەینێ داستانو چیرۆكو سەر گوزشتەی پێغەمبەرەکانی رابوردو لەگەڵ گەلەکانیان چییان کردوەو چییان بەسەر هاتووە بۆمانی دەگێڕێتەوە، لەناو ئەم چیرۆكو سەر گوزشتانەدا پەندو ئامۆژگاریو عیبرەت لێ وەرگرتن هەیە، لە تەك ئەمەشا ئاماژە بۆ ئەم مەبەستانەی تریش کراوە عیبادەتو چەندو چونی، هەڵنانو دەم شیرین کردن بۆ کاری چاکەو رەوشتی بەرزو دوور کەوتنەوە لە ئەخلاقی بەدو ناشیرین چەسپاندنی یاسای دارایی سەروەتو سامان، چۆنیەتی هەڵسو کەوتی خێزانو کارو باری کۆمەڵایەتیو چەند جۆر لەم کارە گرینگانەی لەخۆ گرتووە کە هیچ رەوانبێژێك ناتوانێ بە توانای ئاسایی دەریان بڕێو بیانخاتە ناو دەقی ئەدەبی خۆیەوە لە هەموو شیانا سەرکەوتوو بێ.

هەر کاتێك ئێمە لە ئایەتەکانی قورئان وردبینەوەو تێی بفکرین دەبینین قورئان ئەو هەموو مەبەستانەی کە لەخۆی گرتوون بەو پەڕی رەوانییەوە ئەنجامی داون، چەند شێوە دووپات کردنەوەو چەند جۆرێك لێك چوونو خواستنو زاراوەی خۆش خوانی بەکار هێناوە کە بە تەواوی خوێنەری عەرەبی زانو شارەزای خستونە سەر سامییەوە لە عاستیدا گۆش بوونو دەستە وەسان وەستاون!!!.

فرە ڕەوانبێژی قورئان (وفرة بلاغة القرآن):

لایەنێکی تر لە لایەنەکانی ئیعجازو سەر ئاسایی قورئانی پیرۆز ئەوەیە کە تا ئێستا گەلی عەرەب پەڕاوێکیان نیە بەو شێوە فراوان بێو ئەو هەموو رەوانیو رەوانبێژیەی تێدا کۆ بووبێتەوە، ئەم حەمکە وشە ئاراییو مانای جوانو پەندو ئامۆژگاریەی لەخۆ گرتبی ئەو هەموو لێك چوونو لێك هاتنو رێكو پێکییەی تێدا هاتبێتەوەو لە هیچ رویەکیەوە کورتی نەهێنابێ. بەڵکوو لە مێژووی

دێرینەی عەرەبی پێش ئیسلامدا چەند رستەو وشەیەکی کەم دەگێڕدرێتەوە، هەروا لە شاعیرانیانەوە چەند شیعرێکی رەوانو پەند ئامێز دوور لە کەفو کوڵی دەروونی گێڕدراوەتەوە، کەچی ئەم هەموو لایەنە بەلاغیانە لە قورئاندا کۆ بۆتەوە، دەی باشە چۆن نەخوێندەوارێکی وەکوو پێغەمبەر (درووی خودای لەسەر بێ) یان خوێندەوارێکیش با زۆری خوێندبێ دەتوانێ ئاوا بەو شێوە نزیکەی شەش هەزار ئایەت رێك بخاو خەڵکی سەر سام بکاو ئەو رەوانیو بەلاغەتەی تێدا بێ؟!

ئەڵبەتە ئەمە باشترین بەڵگەی بەردەوامە کە قورئان سروشی خوایەو نیگای زاتی بێچونە بۆ پێغەمبەر!!.

ساغی قورئان لە دژایەتیو هەڵە(سلامة القرآن من التناقض والخطأ):

شتێکی تر هەیە پێویستە بزانرێ، ئەویش ئەوەیە، قورئان لەگەڵ زۆریو فراوانیدا، لەگەڵ لەخۆ گرتنی ئەم هەموو جۆرە بابەتانەیدا (بە پێچەوانەی ئاخاوتنو بەرهەمی ئادەمیزاد) لەهەموو دژایەتیو جیاوازیو هەڵەو ناکۆکیو ساتمەو پاشو پێشو عەیبو عاری چ هی شێوازو چ هی ناوەڕۆك پاكو بێگەردە هەرگیزاو هەرگیز خەوشێکی بچوك لە شکلو ناوەڕۆکی ناگیرێ، ئێمە دەبینین زاناو نووسەرە گەورەکانی جیهان لەهەموو چەرخو سەردەمێکا کە کتێبێك دادەنێن لەسەرەتاوە بیری لێ دەکەنەوە، ئەمجار دەینووسن، پاشان پاڵفتەی دەکەنو پیادەچنەوە، هی وا هەیە جارو دوو جارو سێ جار بژاری دەکاو پوختەی دەکاو هەڵەی لێ راست دەکاتەوە، کەچی کە بڵاوی دەکاتەوە، چەند هەڵەو دژایەتیو کەمو کوڕیو پاشو پێشی تێ دەکەوێو نەنگی بە کتێبەکە دەبەخشن، جاری واش هەیە کتێبێك لە سەردەمی نووسەرەکەی دا یان لە چەند ساڵێکا بە باشترین کتێب دەناسرێو بێ خەوشو هەڵە حسێب دەکرێو جێگای متمانەی خەڵکەکەیە بەڵام پاش چەند ساڵێك پاش پێشکەوتنی عیلمو زانست، دەبینین ئەو کتێبە چەند هەڵەی زلی لێ بەدی دەکرێ، لەچەند لایەکەوە کەمو کورتی تێدا پەیدا دەبێ.. دەی باشە قورئانی پیرۆز لەسەر زوبانی نەخوێندەوارێکی ئوممی

پەیدا بووە. نەخوێندەوارێك كە نەزانیویەتی بخوێنێتەوە نەزانیویەتی بنووسێ، خۆ ئەوە چوارده سەدەو چەند ساڵێك بەسەر هاتنیدا تێ پەڕیو پێش كەوتنی زانستو زانیاری لە برەودایەو بیرو هۆشی مەردوم بەردەوام لە گۆڕاندا بووە، كەچی دژایەتیو ناكۆكیو هەڵەی زانستی لە هیچ رویەكەوە تا ئێستا لێی بەدی نەكراوەو لە مەودوایش لێی بەدی ناكرێ، بەڵكوو ئەو بنەماو زانستیانەی قورئان هێناونی لەگەڵ هەموو شوێنو كاتو ساتێكا گونجاونو لەگەڵ هیچ زانستیەكی راستدا دژ نەوەستاون. بەڵكوو تا زانستو زانیاری پێش كەوێ مانای قورئان زیاتر ئاشكرا دەبێ.

زۆریو قوڵی مانای قورئان (غزارة معاني القرآن):

دیاردەیەكی تر لە دیارده تایبەتییەكانی سەر ئاسایی قورئان ئەوەیە كە دارشتنو شێوازی ئەوەندە نەرمو نیانی تێدایە، ئەوەندە مانا هەڵ دەگرێ بەجۆرێك كە لەگەڵ رای زۆرو جیاوازدا لەگەڵ یەك هەڵنابەزێتەوە لەگەڵ تەبیاتو گۆڕانكاری ئادەمیزادا لەهەموو سەردەمو چەرخێكدا گونجاوەو بە گوێرەی رافەو شەرحی زانایانی جۆراو جۆرو رێژەی تێگەیشتنیان لێی بەكارهێنراوە.

دەی ئەوەتا عەرەبەكان نەزانو نەخوێندەوارەكانی سەردەمی نەزانی هەر بە سەلیقەی رووت لێی حاڵی بوونو تێی گەیشتوونو تامو چێژیان لێی وەرگرتووە، لە دوای ئەوانیش هەتا ئێستا بەردەوام فەیلەسووفو زاناو بیردۆزو خوێندەوار لێی حاڵی بوونو چەكی دەستیان بووە سەرۆك تایەفەو كۆمەڵو پارت هەریەكە بە گوێرەی بۆچوونی خۆی تێی گەیشتووەو سوودی لێ بینیوە. خۆ زانستو زانیاری تازە زۆر لە نهێنیەكانی ئەو قورئانە پیرۆزەی دەرخست كە لەوە پێش شاردراوەو نەزانرابوون، دەی كەی ئەمە هەمووی یان هەندێكی لە ئاخاوتنی ئادەمیزاددا بەدی دەكرێ؟! ئەوەش لەبیر نەكەین ئەو مانا زۆرانەی لە قورئاندا هەن ئەو مەبەستە جۆراو جۆرانەی قورئان لەخۆی گرتوون ئەگەر لە ئاخاوتنی ئادەمیزاددا بوونایە بەبێ شك بەرگێكی ئادەمیانەیان لەبەر دەكرا كە وەك

ئاوێنەی هەزارو یەك روو لە هەزار رەنگ بینواندایەو شەقڵی چەندان نووسەرانی پێوە دیار بوایە کەچی شتی وا لە قورئاندا بەدی ناکرێ، لەهەموو قورئاندا شتێك نابینی لەوە بچێ کە هەڵقولاوی دەروونی رەوانبێژێکی ناسراو بێ یا شتی وا لە سروشتی ئادەمی بوەشێتەوە وەك قورئان خۆی دەفەرموێ:

{وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ اخْتِلاَفًا كَثِيرًا}. سورة النساء/٨٢}:

وەکوو ئەوان دەڵێن ئەگەر وابێ ئەم قورئانە هی خودا نەبێ‌و هی یەکێکی تر بێ، واتە دەبو پڕی بوایە لە جیاوازیی‌و هەڵەو ناکۆکی.

لەخۆ گرتنی قورئان بۆ هەواڵی غەیبی:

بەڵگەیەکی تر لەسەر سەر ئاسایی قورئان‌و چەسپاندنی ئەوە کە نیگاو سروشی خوایە، لەخۆ گرتنیەتی بۆ برێ هەواڵی نهێنی کۆن‌و رابوردوو، یان بۆ هەندێ‌هەواڵی تری وا کە لە داهاتوودا، لەپاش دابەزینی قورئان روو دەدەن وە گەردشی رۆژگاریش دروستی فەرمایشتی قورئانی سەلماند، چونکە بەهاتووچۆی رۆژگارو کارەساتی چەرخ‌و پێشکەوتنی زانست‌و زانیاری رۆژ لەدوای رۆژ ئەو هەواڵانەی قورئان بە راست گەڕان‌و ئەوەی قورئان فەرموو بووی هاتنە دی، هەندێ لەو بەڵێنانەی قورئان لەکاتی هاتنە خوارەوەیاندا ئەوەندە سەر سوڕهێنەر بوون پاساو (تەعلیل) نەدەدرا لەبەرئەوە گومانی ئەوەی لێدەکرا کە زیادە رەوی تێدابێ بەلام ئەوەندە بە سەیری‌و دەق بە دەقی هاتنە دی، پیاو ناچار دەکەن کە قورئان بە سروشی خوا بزانێ.

بۆ نموونە کاتێك موسوڵمانەکان تازە مەککەیان بەجێ هێشتبوو چوونە مەدینە هێشتا زۆر بێ هێزبوون‌و بە رواڵەت پەنا هێندە بوون کەچی لەم کاتەدا ئایەتێك هاتۆتە خوارێ دەفەرموێ:

{وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّن بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا – سورة النور/ ٥٥}:

واتە: خودا مزگێنی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئێوەو کردەوەی باش دەکەن مزگێنییان دەداتێ.. کە جێگیریان دەکا لەسەر زەوی‌و پاشایەتی‌و فەرمانڕەوایی تێدا دەکەن، چۆن لە رابوردوودا مزگێنی داوە بە خوا پەرستانی پێشوو هەروەها ئایینەکەیان جێگیر دەبی‌و دەکرێ بە یاساو بەرنامەی ئادەمیزاد لە شوێنی ترس‌و بیمیش ئارامی‌و دڵنەواییان دەداتێ!!

دەی بڕوانە ئەم ئایەتە کاتێ هاتۆتە خوارێ کە هێشتا موسوڵمانان کەم بوون‌و ترسێکی زۆریان لە کافرەکان هەبوو شەوو رۆژ لەسەر هەست بوون‌و لە ترسی دوژمن شەو بەچەکەوە دەنوستن، جار ناجارێکیش بە ئاواتەوە دەیانگوت: دەبێ رۆژێك بێ ئێمە بتوانین بە دڵنیایی‌و بێ ترس کاروباری ئایینی خۆمان ئەنجام بدەین!؟ کەچی ئەوەندەی پێ نەچوو رۆژگارێك داهات مانای ئەم ئایەتە هاتە دی‌و موسوڵمانەکان دەستیان بەسەر زۆر شوێنی سەر زەویدا گرت‌و بوونە خاوەن‌و فەرمانڕەوای راستەقینە وەکوو بەڵێنەکەی قورئان.. یان ئەم ئایەتە کە دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ – سورة المائدة/ ٦٧}:

واتە: ئەی محمد! ئەی فروستادە! ئەو ئایین‌و شەریعەتەی بۆت نێردراوە لەلایەن خوای خۆتەوە بە ئادەمیزادی رابگەیەنەو بڵاوی بکەرەوە، ئەگەر رای نەگەیەنی ئەوە تۆ پەیام‌و ریسالەتی خودات نەگەیاندووەو کارو ئەرکی خۆت ئەنجام نەداوە، لەوەش دڵنیا بە کە لەم رێگە پیرۆزەدا خوا لە زیانی ئادەمیزادی بێ بڕوا دەتپارێزی‌و ناتوانن فرسەتت لێ بێنن. لە پێش هاتنی ئەم ئایەتەدا کۆمەڵێك لە یاران چاوەدێری پێغەمبەریان دەکردو ئێشکچی‌و نیگابانی بوون، لەوە دەترسان کافرەکان فرسەتی لێ بێنن‌و بیکوژن، کە ئەم ئایەتە نازڵ بوو پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) سەری لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە دەرهێناو بە پاسەوانەکانی فەرموو: ئەی یاران! هەر کەسە بچێتەماڵی خۆی‌و من لەمەو دوا پێویستم بە حەرەس نییەو خوا بۆخۆی دەم پارێزێ!!

بەڕاستی ئەمە باشترین بەڵگەیە کە قورئان سروشی پەروەردگارە ئەگینا کێ دەتوانێ گرێنتی بدا بە کەسێك کە بەربەرەکانی گەلێکی نەزانو سەر رەق بکاو تانوت لە ئاینو پەرستراویان بدا، کەچی دڵنیابێ لەوە کە ناتوانن بیکوژنو قەت فرسەتی لێ ناهێنن، بە دڵنیایی حەرەسو پارێزەری تایبەتی خۆی مەرەخەس بکاو لەخۆی ئەمین بێ!!.

یەکێکی تر لەو ئایەتانەی کە هەواڵی غەیبی تێدایەو زۆر دوای نازڵ بوونی قورئان پێشبینیەکە هاتۆتە جێ ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ:

{قُلْ هُوَ الْقَادِرُ عَلَى أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعاً وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ – سورة الأنعام/ ٦٥}:

واتە: ئەی فروستادە! تۆ بەو خەڵکە بڵێ هەر خوایە دەتوانێ کە عەزابو ئێشو ئازارتان بۆ بنێرێ، لە ژورتانەوە بەسەرتانا بباری، یا لە ژێر پێتانەوە هەڵبستێ، یاخود تێکەڵتان بکا بە یەکاو بتان کا بە چەند کۆمەڵو گرۆهێکی جیا جیا هەریەکە بە ئاوازێ لێ بداو هەر کام چەقۆ لەوی تر بسوێ، تاڵاوی دوو بەرەکی لە دەستی یەکتر بچێژن.

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود کە یەکێ بوو لە یارانی پێغەمبەر لەبارەی ئەم ئایەتەوە فەرموویەتی: (انها نبأ غيبي عمن يأتي بعد):

واتە: ئەم ئایەتە هەواڵ لە ڕووداوێکی نهێنی دەدا کە لە داهاتوودا ڕوو دەدا جا ئێستا هەر کەسێك لە مانای ئەم ئایەتە تی بفکرێ بۆی دەردەکەوێ تا چ ئەندازەیەك ئاوێنەیەکی باڵا نومایە بۆ شەڕی یەکەمو دووەمی جیهانی یان ئەو شەڕانەی کە لەم ساڵانەدا ڕوویاندا چۆن لە هەموو لایەکەوە لە سەرو خوارو ئەم لاو ئەولاوە ئاگر باران بووە.

لەبەر دووکەڵی باروت شەوانە

سەر زەوی دەتگوت ژووری دوخانە

هـــەوا وەك دەریـــا ، دەریـــا چـــون تـــەنوور

ســـیخناخ لـــە گوڵلـــەو پارچـــە ئـــاوری ســـوور

بەڕاستی لەخۆ گرتنی ئەم هەواڵە غەیبییانە نیشانەی ئەوەیە کە قورئان سروشی خوایەو پێغەمبەرایەتی (محمد) راستەو (محمد) فرەستادەی خودایە. چونکە هەر خوا خۆی غەیب زانە.

چیرۆك لە قورئاندا (القصص في القرآن):

دەستەیەکی تر لەو هەواڵە غەیبییانەی کە قورئان باسیان لێوە دەکا ئەوانەن: کە باسو خواسی چیرۆکی پێغەمبەرەکانی رابوردوومان بۆ باس دەکەن، بە شێوەیەکی رەوانو لێکدانو دارشتنێکی بێ وێنەی وا کە تا ئێستا هیچ خوێنەرو چیرۆك نووسێك نەیتوانیوە بە تۆزی قولیا بگات، کەوابوو ئەمەش لایەنێکە لەو لایەنانەی کە سەر ئاسایی قورئان دەچەسپێنێ، چونکە حەزرەتی موحەممەد (درودی خودی لەسەر بێ) نە نووسەر بووەو نەخوێندەوار،! نەبیستراویشە رۆژێك لە رۆژان بچێتە لای مالێکی جولەکە، یان قەشەیەکی مەسیحی فێری چیرۆك خوێندن ببێ یا باسێکی ئەو رابوردوانە ببیسێ، لەگەڵ ئەوەشا داستانی بەسەرهاتی پێغەمبەرە پێشینەکان لە قورئاندا زۆر بە رێكو پێکیو رەوانی تۆمارکراوە وەك داستانی حەزرەتی ئیبراهیمو یوسفو موساو عیساو گەلێکی تر ئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە قورئان سروشتی خوایە، جا قورئانی پیرۆز بۆ خۆی جاری وا هەیە لە سەرەتاوە یان لە کۆتایی چیرۆکەکەوە راستەو خۆ ئەوە دەچەسپێنێ کە ئەم چیرۆکانە لە خواوەنو سروشی پەروەردگارن نێردراون بۆ پێغەمبەر. وەکوو لەسەرەتای سورەتی یوسفدا دەفەرموێ:

{نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَذَا الْقُرْآنَ وَإِن كُنتَ مِن قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ}:

واتە: ئێمە جوانترین چیرۆکت بۆ دەگێڕینەوە بەهۆی ئەوەوە کە بە نیگا ئەم قورئانەمان بۆ ناردووی هەرچەندە تۆ ئەی (موحەممەد) پێش هاتنی قورئان هیچ ئاگاداریەکت لەم چیرۆکەو لە چیرۆکەکانی تریش نەبووەو لێیان بێ ئاگا بووی...!

یان لە سورەتی (هود)دا دوای گێڕانەوەی چیرۆکی حەزرەتی نوح دەفەرموێ:

{تِلْكَ مِنْ أَنبَاء الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَا أَنتَ وَلاَ قَوْمُكَ مِن قَبْلِ}:

واتە: چیرۆکی نوحو بەسەرهاتی لەگەڵ قەومەکەیدا یەکێکە لەو هەواڵە غەیبییانەی کە بۆت دەگێڕینەوەو بۆمان ناردووی، پێش ئێستا نەخۆتو نەقەومەکەشت ئاگایان لەم رووداوانە نەبووە هیچیان لێ نەبیستوە.

بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوە کە قورئان نیگای خوایە ئەوەیە کە چیرۆکەکانی جیاوازییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ چیرۆکی کتێبە ئایینە پیرۆزەکانی پێش خۆی، زۆر لەوان رەوانترو رێکو پێك ترە.. بۆ نموونە کاتێك سەیری تەورات دەکەین دەبینین برێ کردەوەی ناشیرینو گوفتاری نابەجێ دەداتە پاڵ پێغەمبەرەکان، بە جۆرێك کە عەقڵ نەیسەلمێنێ، بڕواش ناکری پێغەمبەرێك نێردرابێ بۆ رەهنومایی مەردوومو شتی ئاوەها ناشیرینی لێ بوەشێتەوە، بەڵام قورئان کە باسی ئەم پێغەمبەرانە دەکا هێندە بە جوانی وەسفیان دەکاو هەڵیان دەکێشێ ئەوەندە کردەوەی جوانو هەڵوێستی پیاوانەیان دەداتە پاڵ کە شیاوی ئەوەبن ببن بە پێشەواو رابەرو رەهنومای ئادەمیزاد، خوێنەر زیاتر ئیمانو باوەڕی بە رابەرایەتییان دەبێ.

ئەوەش لەیاد نەکەین کە مەبەست لە هێنانەوەی چیرۆكو گێڕانەوەی بەسەرهاتی پێغەمبەران لە قورئاندا مێژووی ژیانی خودی پێغەمبەرەکان یان مێژووی هۆزەکانیان نییە، بەڵکوو مەبەستی سەرەکی لەم چیرۆکانە پەند وەرگرتنو ئامۆژگاریو رەهنوماییو رێ پیشاندانو شارەزایی بوونە بۆ هەموو بانگەوازکەرێكو بانگ کراوێك بۆ سەر رێبازی راستیو حەقیقی!!

دکتۆر فیلیب حەتی لە کتێبی (تأريخ العرب)ە کەیدا دێتە سەر باس کردنی چیرکی قورئان دەڵێ: مەبەستی قورئان لە رانواندنی ئەم چیرۆکانە وەرگرتن‌و تێگەیشتنە لە پەندێکی رەوشت ئامێزو مەبەستی سەرەکی لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانە هەر خودی چیرۆکەکە نییەو بەس! بەڵکوو دەیەوێ خوێنەرو بیسەر بەیەکەوە بگەیەنێتە مانایەکی بەرزو کاکڵەو پوختەی شتێکی باشیان تێ بگەیەنێ، یان ئامۆژگارییەکی رۆشنبیری ئامێزی باڵایان بەبن گوێدا بداو راستییەکی مێژوویان بخاتە پێش چاو وەکوو ئەوە بۆ ئادەمیزادی روون بکاتەوە کە پەروەردگار بە درێژایی مێژوو پاداشی پیاو چاك‌و کردار چاکی بەگوێرەی کردارو گوفتاریان داوەتەوە، هەروەها سەر زەنشت‌و سزاشی بۆ خراپ‌و خرابکاران لەسەر کردەوەکانیان بووەو بە گوێرەی کرداری خۆیان سزایان دراوە!!

جەوهەری قورئان‌و زیندوویی قورئان (روح القرآن):

بەڵگەیەکی تر لەسەر سەر ئاسایی قورئان لایەنی زیندویی‌و کاریگەرییەتی: ئەوەتا دەبینین خوای گەورە کاتێك روو لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) دەکا جارێك قورئان بە گیان‌و جارێك بە نورو رووناکی ناو دەبا دەفەرموێ:

{وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَـكِن جَعَلْنَاهُ نُورًا نَّهْدِي بِهِ مَنْ نَّشَاء مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ – سورة الشوري/ ٥٢}:

بڕوانە پەروەردگار لەم ئایەتەدا جارێك قورئان بە گیان‌و روح ناو دەبا چونکە دەروونی ئادەمیزاد زیندو دەکاتەوە، گەش‌و نمای پێدەکا، گیان چ دەورێکی لە لاشەدا هەیە قورئانیش ئەو دەورەی هەیە، هەروەها قورئان بە نورو رووناکی ناودەبا چونکە وەکوو چۆن خۆر دونیا روناك دەکاتەوە بەو جۆرەش قورئان روناکی مەعنەوی بە دڵ‌و دەروونی ئادەمیزاد دەبەخشێ‌و دەبێتە مایەی خۆشبەختی هەردوو جیهان سەیرکە قورئان چ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەناو عەرەبەکاندا پەیدا کرد، پێش هاتنی قورئان هەموویان پچڕ پچڕ بوون، نە

پەیوەنــدی رامیــاری نــەهی خزمایــەتیو رەگەزایــەتی، نــەهی ئــایینی یــەکی نەدەخستنەوە چەند دابو نەریتی نالەبارو پڕوپوچ لەناویانـدا رەگـی داکوتـابوو.. بـەلآم دوای هـاتنی قورئـانو بلآوبوونـەوەی ئیـسلام لەناخـەوە گۆڕانکاریـەکی سەرانسەرییان تێدا پەیدابوو، بەهۆی قورئانەوە بوونـە گـەلێکی یـەك هەلۆیـستو یەك دەنگـو یەك مەبەست، توانییان بەچوار دەوری خۆیانـدا ئـەخلاقو رەوشـتی جـوان بـلآو بکەنـەوە!! دەی باشـە چ بەلـگەیەك لـە ئەمـە بـەهێزترە کـە قورئـان نیگـاو سروشـی خوایـەو گیانێکـە لـە خـواوە نێـردراوە! ئـەم زیندوویـەتیو گیـان بەخـشینەی قورئـان زۆر لایـەنی لـەخۆ گرتـووە، زوربـەی زانـستەکانی لاهـوتو خواناسیو بنەمای بڕوا ئایینیەکانو یاساو رەوشـتی بـەرزو دابو نـەریتی جـوانو یاساو رێبازی رامیاریو شارستانیو کۆمەلآیەتیو لایەنی دیکەشی تێدا کۆبۆتـەوە. ئەو بنەماو یاسایانەی قورئان هێنانی لـە باشـیدا پـێش هـەموو یاسـاو قـانوونێکی ئـادەمیزاد کـەوتووەو لەهـەموو رویەکـەوە گـۆی مەیـدانیان بردۆتـەوە بـە کـورتی قورئان تێکڕا شاکارێکی ئەدەبی پێك هێناوەو بووە بە بەرنامـەی شارسـتانیەتێکی تازە بابەتی پێشکەوتووی بێ وێنەی سەر رووی زەوی.

ئێمە ئـەم قـسانەمان هـەروا بـە هەوانتـە فـڕێ نـادەینو پڕوپاگەنـدەو کاوێـژ ناکەینو داکۆکی بێ بەلـگە ئـەنجام نـادەین، بەلـکوو چـی دەلـێین بـە بەلـگە دەی چەسـپێنن بەلـگەکانیـشمان بـڕێتین لـەم لێکۆلینـەوەو توێژینەوانـەی کـە لـەم کتێبـەدا ئاماژەمـان بـۆ کـردون، ئاشکراشـە کـە ئـەم لایەنانـە باشـترین بەلـگەو بـەهێزترین دیـاردەن بـۆ سـەر ئاسایی قورئـان چـونکە زانیـاری بـڕواو عەقیـدەو لاهـوتو خواناسـیو رەوشـتو دابو نـەریتی یاسـاو هـەلسو کـەوتی ئـایینیو شارستانی ئەم زانیارییانە لە ژوور هەموو زانیارییەکەوەن، پلەی هـەرە بـەرزییان هەیـە، کـەم رێ دەکـەوێ ئەوانـەی کـە سـالـەهای سـالـە خـەریکی لێکۆلینـەوەنو توێژینـەوەیان تێـدا دەکـەن تێیانـدا سـەرکەوتوو بـن! کـەوابوو چـۆن کابرایـەکی نەخوێندەوار، پیاوێ کە لـە ژیانیـدا هیـچی نەخوێنـدبێو هیـچی نەنووسـیبێ، لـە شـارو ولآتێکـی خـاوەن خوێنـدنگاو زانـستو شـەرع زانـدا گـەورە نـەبووبێ، چـۆن

توانی ئەم قورئانە تێرو پڕە ڕێك‌و پێکە بێنێ!؟ چۆن توانی دوای تێپەڕبوونی چل ساڵ لە تەمەنی نەخوێندەواری دوای ئەوەی دوو بەش لە سێ بەشی تەمەنی بە نەخوێندەواری بردە سەرو ڕۆژێك لە ڕۆژان لەم ماوەدا شتێکی لەم بارەوە لێ نەبیسرابێ‌و یاساو بۆچوونێکی لەم بارەوە لێ دەرنەکەوتبێ، کەچی لەپڕ لە تەمەنی چل ساڵیدا ئەم قورئانە بەم شاکارو ڕێك‌و پێکییە بێنێتە پێشەوە؟! ئەم زانست‌و زانیارییە بڵاو بکاتەوە؟!.

هەر لەم ڕووەوەیە کە پەروەردگار فەرمان دەکا بە فروستادەی خۆی حەزرەتی (محمد) (درودی خوای لەسەر بێ) کە ڕوو بکاتە ئەو عەرەبانەی کەوا دوودڵن لە پێغەمبەرایەتیەکەی، وە پێیان بڵێ ئەگەر خوای گەورە بیویستایە من ئەم قورئانەتان پێ ڕانەگەیەنم‌و بۆتانی نەخوێنمەوە پێم ڕانەدەگەیاندن‌و شارەزاییم نەدەکردن، خۆ من ماوەیەکی زۆر دورو درێژ پێش ئێستا لەناو ئێوەدا بووم‌و چل ساڵە دەمناسن‌و دەتان ناسم، بۆ تا ئێستا من ئەم قسانەم بۆ نەکردوون‌و ئەم هەڵوێستانەم نەبووە!؟

{قُل لَّوْ شَاء اللّهُ مَا تَلَوْتُهُ عَلَيْكُمْ وَلاَ أَدْرَاكُم بِهِ فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ عُمُرًا مِّن قَبْلِهِ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ – سورة يونس/ ١٦}:

بەیارمەتی خوا بەشی دووەم دەربارەی قورئانی پیرۆزو بڕێ لایەنی تەواو بوو ئێستا لێرە بەولاوە دەست دەکەین بە باسکردنی بڕێ موعجیزەو سەر ئاسایی زانستیی لە قورئاندا بە تایبەتی ئەو باسە عیلمییانەی کە لەسەردەمی هاتنی قورئاندا نەزانراو بوون‌و دوایی بەهۆی پێشکەوتنی زانست‌و زانیارییەوە دەرکەوتن‌و لێکۆڵەرەوەو توێژەرەوەکان خستیاننە ڕوو.

بەشی سێهەم:

موعجیزاتە زانستییەکانی قورئان

یەك پارچەیی بونەوەرو نهێنی ژیان- دروست بوونی بونەوەر- لێك کشانەوەی بونەوەرو فراوان بوونی- جوڵەو هەڵسوڕانی مانگ و ڕۆژو کورەی زەوی- هەبوونی زیندەوەر لە ئاسمانەکان- کەم بوونی غازی ئۆکسجین لە بەرزاییدا- بەش بەش بوونی گەردیلەکان- نێرو مێی لەهەموو شتێکدا- موتربە بوونی هەورەکان- فشەڵ بوونەوەی زەوی بەهۆی بارانەوە- بەرامبەری و یەکسانی پارچەکانی بونەوەر- شەپۆلی ئاوەوەو سەرەوەی ئاو- جیهانی زیندەوەرو باڵندەکان کوتو مت لە جیهانی مرۆڤ دەچێ- قۆناغەکانی گەشە کردنی گۆشپارە- پەردەی گۆشتپارە- سەرچاوەی دروست بوونی منداڵ- چۆنیەتی دروست بوونی نێرو مێ- تۆم و گەرای ئادەمیزاد لە خوێنپارە دەچێ- جیاوازی چاوە قامکی ئادەمیزاد.

شتێکی ئاشکرایە کە کاری سەرەکی قورئان بریتی نییە لەوە عەقڵ بازی بکاو تەنگو چەڵەمەی کەون شی بکاتەوەو لە چۆنیەتی دروستبوونی بونەوەر (بەشێوەیەکی زانستی بکۆڵێتەوە)، بەڵکوو قورئان بریتییە لە پەڕاوێکی ڕێ پیشاندەرو شارەزا کەری کۆمەڵی ئادەمیزاد لە ژیانی ئایینی و دونیایی و بەختەوەر بوونیان لە هەردوو دنیادا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئایەتەکانی خاڵی نیین لە بۆچوونی لایەنی زانستی و دەربڕینی شتی وردەکاری و وەستایانە لە تیلنیشانکردنی نهێنییەکانی زۆر لایەنی سروشتی و نوشداری و زەوی ناسی و جوگرافی... بە جۆرێك کەهەر یەکەیان بەڵگەیە لەسەر سەر ئاسایی قورئان و داکۆکی کردنە لەسەر ئەوە کە قورئان نیگاو سروشی پەروەردگارە. شتێکی مێژوویی چەسپاوە کە حەزرەتی (محمد) (دروودی خوای لەسەر بێ) جگە لەوە خوێندەواری نەبووە، نوسین و خوێندنەوەشی نەزانیوە، لە مەککەو لادێیەکانی مەکەش پەروەردە بووە، ئەو ڕۆژگارەش مەککەو دەوروبەری هیچ زانست و زانیارییەکی تێدا نەبووە قوتابخانەو خوێندنگاو دانیشگای تایبەت بە زانیاری بونەوەری تێدا نەبووە، هەر وەکوو چۆن (محمد) دوور بووە لەو زانست و زانیارییەی کە لە شام و ئەسکەندەریەو ئەسیناو ڕۆما دەخوێندراو توێژینەوەی تێدا دەکرا، کەچی لەگەڵ ئەوەشا ئەو بۆچوون و ئەزمەریە عیلمییانەی قورئان ئاماژەی بۆ کردوون لەو

رۆژگارەدا کەس پەی پێ نەبردوونو نەزانراو بوون (واتە لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا) زانستیش تا ئەم نزیکانە نەیتوانی نهێنی ئەم نەزەرییانەی قورئان دەربخاو بۆچوونەکانی روون بکاتەوە.

جا ئێمە لەم بەشەدا برێ لەو زانستییە راستەقینانەی قورئان رادەنوێنین تا خوێنەر بۆخۆی لێیان وردبێتەوەو هۆشو بیری خۆی بکا بە دادوەرو بڕیار بدا ئایا دەگونجێ ئەم زانستییانە هەڵبەستراوی پێغەمبەر بن یان نیگاو سروشی خودایە نێردراوە بۆ پێغەمبەر؟!

یەك پارچەیی بونەوەرو نهێنی ژیان (وحدة الكون وسر الحياة):

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێ:

{أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ – سورة الأنبياء/ ٣٠}:

واتە: ئایا ئەو خوا نەناسانە بیریان نەکردۆتەوەو نازانن کە لە سەرەتادا ئاسمانەکانو زەوی یەکپارچە بوونو ئێمە لێکمان جیاکردوونەوە، بەهۆی ئەو ئاوەشەوە کە لە ئاسمانەوە دەیبارێنین هەموو شتێکی زیندوومان دروست کردوە واتە ئاو هۆی ژیانە لەسەر زەوی دەی بۆچی بڕوا ناهێننو موسوڵمان نابن.

ئەم ئایەتە پیرۆزە خەبەرمان دەداتێ کە ئاسمانەکانو زەوی یەکپارچە بوون دوایی لێك جیابوونەوە.

بەڕاستی ئەمە موعجیزەیەکە لە موعجیزە عیلمییەکانی قورئانو زانستی تازە ئەم رایە دەچەسپێنێو زانایان گەیشتوونە ئەو ئەنجامە کە بۆشایی بونەوەر پێش هەزاران ملیون ساڵ لەمەوبەر پڕ بووە لە غاز ئەو غازە لێك پچڕاوەو بووەتە تەمو غارو ئەم ئەستێرە کاکەشانەی لێ پەیدا بووە، مەنزومەی خۆر ئەنجامی ئەو لێك جیابونەوەیە، ئەوەی پاڵپشتی ئەم بۆچوونو رایە دەکا ئەوەیە کە تا ئێستا زاناکان بە بەڵگە چەسپاندویانە کە لەناو عونصورەکانی خۆردا (٦٧) عونصووریان لە عونصورەکانی زەوین، زەویش بۆ خۆی لە (٩٢) عونصور

پێکهاتووە، بەردەوامیش زاناکان هەوڵی ئەوەیانە عونصوری تریش لە خۆردا بدۆزنەوەو گیرو گرفتەکانی ئەم ڕێبازە لابەرن. تا ئێستا ئەو عونصورانەی کە لە خۆردا دۆزراونەوە لەناو خۆماندا زۆر مەشهوورن بریتین لە هایدرۆجینو هەلیومو کاربۆنو ئازوتو ئۆکسجینو فسفۆرو ئاسنو.... هتد.

زاناکان بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەی شەبەنگی (طەیفی)یان بەکار هێناوە، ئەم شێوە توێژینەوەش کیمیا زانەکان ئەمڕۆ لەکارگەو تاقیکردنەوەکانیاندا بەکاری دەهێنن بۆ دۆزینەوەی ئەصڵو بنەماو هەیولای هەر پارچەیەکی زەویو زانینی نەوعو ڕێژەو چەندیەتی...

زاناکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە ئەو توخمانەی خۆری لێ پێك هاتووە خۆریش بۆ خۆی ئەستێرەیەکەو نموونەی ئەستێرەکانی ترە بونەوەریش بریتییە لەو ئەستێرانە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو ئەصڵو بنەماو عونصورانەی بونەوەری لێ پێك هاتووە لە بنەڕەتدا یەك عونصور بووەو لێك جیابوونەوە.. لە لایەکی ترەوە (نەیزەك) بڵێسەو شوعلە یەکێکە لەو شتە هەست پێکراوانەی کە زانیاریو زانست لە فەزای خاریجیدا قۆزتویەتیەوەو بە دەستی هێناوە، زاناکان هەستیان بەوە کردوە کە زوربەی ئەو عونصورانەی لە زەویدا هەن هەمان عونصوریش لە نەیزەکە بەردییەکاندا هەیە، ئەمە پوختەیەکی بەشی یەکەمی ئایەتەکەیە بەشی دووەمی ئایەتەکە کە دەفەرموێ: {وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاء كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ}:

بە ڕەوانترو بەلیغ ترین شتێك دەزانرێ کە قورئان لە بارەی حەقیقەتێکی زانستییەوە باسی کردبێو زانایان نهێنییەکەیان زانیبێ، چونکە زوربەی تێکەو لێکەی کیمیاوی پێویست بۆ ژیانو گەشە کردن پێویستی بە ئاو هەیەو ئاو عونصورێکی سەرەکییە بۆ بەردەوام بوونی ژیانی هەموو زیندەوەرو ڕووەکێك.

ئاو بۆخۆشی سێ بەش لە چوار بەشی زەوی دادەپۆشێ پلەی توانەوەشی بەرزە ماوەیەکی زۆریش بە شلی دەمێنێتەوە پلەی گەرمیشی زۆر بەرز دەبێتەوە،

لەبەر ئەم هۆیانە ئاو بە یارمەتی دەرێکی باش دەژمێررێ بۆ راوەستانی پلەی گەرمی لەسەر رووی زەوی لە موعەددەلێکی تایبەتیدا، لە لایەکی ترەوە سەر رووی زەوی دەپارێزێ لە سوڕانو گۆڕانی سامناکی سروشتو بەرزبوونەوەی گەرماو نزم بوونەوەی سەرما یان بە پێچەوانەوە، خۆ ئەگەر بەهۆی ئاوەوە نەبی سەر زەوی بۆ ژیان ناگونجێ، هیچ نەبێ ژیانی تێدا زەحمەت دەبوو، هەروەها، ئاو چەند دیاردەیەکی تریشی هەیە لێرە جێگایان نابێتەوە باسیان بکەین، هەمووشیان ئەوە دەگەیەنن کە بەدی هێنەری بونەوەر زۆر کارامەیەو بونەوەری وا تەرتیب داوە کە بگونجێ بۆ ژیانو بەرژەوەندی دروستکراوەکانی.

شایانی باسە کە بگوترێ ئاو تەنها ماددەیەکە لەکاتی بەستنو بوون بە سەهۆڵدا قەبارەی زیاد دەکاو چڕیی کەم دەبێ، ئەمەش گرینگییەکی گەورەی هەیە بۆ ژیانی زیندەوەرانی ناو ئاو، چونکە لەکاتی سەرمای زۆردا سەهۆڵ بەندانەکە سەر ئاو دەکەوێ نەك بن ئاو ببێ ئیتر ئەو سەهۆڵ بەندانە دەبێتە پەردەیەکی جیاکەرەوە ناهێڵێ ئەو ئاوەی لە ژێر سەهۆڵ بەندانەکەدایە سەرمای سەر رووی زەوی کاری تێبکا بەڵکوو ئاوەکە لە پلەیەکی ژوور پلەی بەستندا دەهێڵێتەوە، کاتێك پلەی گەرمی نزم دەبێتەوە ئۆکسجین زۆر هەڵدەمژێ کە پلەی ساردیشی دەگاتە پلەی بەستن ئەندازەیەکی زۆری گەرمی لێ دەردەچێو دەبێتە یارمەتیدەر بۆ پاراستنی زیندەوەرانی ناو دەریاو چۆمەکان وەکوو ماسیو تیمساحو مارو شتی تریش. دەی بڕوانە حیکمەتی قورئان چۆن بە چەند وشەیەکی کەم نهێنی ژیانی لەسەر زەوی روون کردۆتەوە!! ئەم ئایەتە بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر راستییەتی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی (محمد) (دروودی خوای لەسەر بێ)...

لێرەدا قورئان سەرەتای ئەم زانستییە راستەقینانەی دەربارەی یەکپارچەیی بونەوەرو نهێنی ژیان بەوە دەست پێکردوە کە روو دەکاتە خوانە ناسانو بە بەڵگەی زانستی بەهێز دەم کوتیان دەکا ئەو زانستییە راستەقینانەی کە عەرەبەکان لە رابوردوودا هیچیان لێ نەزانیوە، بەڵکوو تا ئەم نزیکانە دوای

هەزارو ئەوەندە ساڵە دوای ماندوبوون و لێکۆڵینەوەی چەندەها چین لە زانایان و توێـژەرەوان و پێـشکەوتنی عـیلم و زانـست ئـەمجا شـتێکی کـەمی لێ زانـراوە، تـا عیلمـیش پـێش بکـەوێ زیـاتر نهێنـی قورئـان و بۆچـوونەکانی دەربـارەی عـیلم و زانست ئاشکرا دەبێ.

ئەم راستییانە گەورەترین بەڵـگەو هەڵـەرن لەسـەر بـاوەڕ بـە بـوونی خـواو دەسەڵاتی فراوانی و نهێنی دروست کراوەکانی، هەر بۆیەشە پەروەردگار لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ:

{أَفَلَا يُؤْمِنُونَ}

واتە: ئایا ئەم بەڵگانە بەس نین بۆ بڕواکـردن بـە بـوونی خـوای پـەروەردگار دەی بۆچی باوەڕ ناهێنن و موسوڵمان نابن؟!!

دروستبوونی بونەوەر (نشأة الكون):

خوای گەورە دەفەرموێ:

{قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ – سورة فصلت/ ٩-١١}:

واتە: ئەی موحەممەد! بـە قوڕەیـشییەکان بڵـێ ئایـا ئێـوە بڕواناکەن و ئیمـان ناهێنن بەو خوایەی ئەرزی لە ماوەی دوو رۆژدا دروست کردوە هـاوڕێ و شـەریکی بـۆ دادەنـێن؟ چۆن وا دەکـەن! ئـەوەی کـە ئێـوە بـڕوای پـێ ناکـەن پـەروەردگاری بونەوەرەو ئەرزی دروست کردوە کێوەکانی لەسـەر کـردوون بـە لەنگـەرو مـێخ تـا زۆر نەجوڵێتەوەئەمجار کردوویـەتی بـەکانگای خێـرو بەرەکـەت، وە رزق و رۆزیـی زیندەوەرانی تێدا ئەنجام داوە، هەموو ئەم کارو بارانەی لەماوەی چوار رۆژدا رێك خـستووە ئـەمجار لای لـە دروسـتکردنی ئاسمـان کـردەوە، ویـستی دروسـتی بکـا، ئەوکاتـە ئاسمـان بریتـی بـوو لـە دووکـەڵ ئـیتر بـەو شـێوەی ویـستی خـۆی بـوو

نەخشەی کێشا بوو فرمانی بە ئەرزو ئاسمان کردو فەرمووی وەرنە کایەوە، ئەوانیش هاتنە پێشەوەو وتیان پەروەردگارا! گەردن کەچین‌و هاتین.. لەم ئایەتە پیرۆزەدا قورئان بە ئاشکرا ئەوە دەدرکێنی کە ئاسمان لە سەرەتای دروست کردنی کەوندا بریتی بووە لە دووکەڵ.

زانایانیش لەم بارەیەوە چەند راوو بۆچونێکی جیا جیایان دەربارەی دروست بوونی ئەم بونەوەرە هەیە. زانای ئاسمان شوناس (سیر جیمس جینز) دەڵێ: رای پەسەند ئەوەیە کە مادەی کەون لە سەرەتادا غازێکی بڵاوەبووە بەنێو بۆشایی فەزادا، دوایی لە زیادە پەستی‌و کەسافەتی ئەم غازە تەم (سەدیم) گەلەکان دروست بوون.

دکتۆر جامو (Dr. George Gamow) دەڵێ: کەون لە سەرەتای دروست بوونیدا پڕ بووە لە غازێکی دابەشکراوی رێك‌و پێك ئەو غازە لە کەسافەت‌و گەرمیدا گەیشتۆتە پلەیەکی هەرە بەرزی گەرما!!

جا لەو غازەدا چەند گۆانکاریەکی نەوەوی لە زوربەی توخمەکانیدا پەیدا بووە ئیتر لەژێر کاریگەری زیادە پەستانێکی بەهێز بۆ ئەو غازە گەرمە کەون لێك کشاو درێژو پان بوو.

ئەمجار کەسافەتی غازەکە وردە وردە فش بوەوە پلەی گەرمی دابەزی‌و سستی تێکەوت‌و لە سەردەمێکی دیاری کراوی ئەم لێك کشانەوەدا غازە بڵاوەکە کۆپلە کۆپلە بوو چووە شێوەی هەوری نارێك‌و پێك‌و لێك نەچوو لە شکڵ‌و قەبارەدا ئەمجار گۆڕان‌و بوونە چەند ئەستێرەیەکی جیا جیا قورئانیش بۆیە بنیچەی کەونی بە دووکەڵ ناو بردووە چونکە عەرەبەکان دوکەڵیان ناسیوەو هەموو کات لە پێش چاو بووە.

ئەمڕۆ زانایان بناغەو سەرەتای کەون بە غاز دەزانن‌و پێیان وایە کەون‌و بونەوەر لەو غازە بڵاوە بەدی هاتووە، دەی باشە کەی لە توانای نەخوێندەوارێکی وەکوو پێغەمبەردایە پێش هەزارو چوار صەد ساڵ ئەمە بزانێ بە تایبەت لەو رۆژگارەدا ئادەمیزاد هیچیان ئاگایان لە نهێنی کەون‌و شێر راوەکانی نەبووە.

لێك كشانەوەو فراوان بوونی كەون (تمدد الكون وسعته):

خوای گەورە لە سورەتی (والذاريات)دا دەفەرموێ:

{وَالسَّمَاء بَنَيْنَاهَا بِأَيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ – سورة الذاريات/ ٤٧}:

واتە: ئێمە ئاسمانمان بە دەستی قودرەت دروست كردوە هەموو كاتێكیش فراوانی دەكەین‌و لێكی دەكشێنینەوە. ئەوەتا ئەم ئایەتە پیرۆزە بە ئاشكرا باسی لێك كشانەوەی كەون دەكاو لەگەڵ تیۆری فراوان بوونی كەون یەكیان گرتەوە.

لەبارێكەوە دەبینین ئەنیشتاین پێی وایە فراوانی كەون بە جۆرێكە كە بۆ حەوانەوەی بەلایین (سەدیم) بگونجێ، هەموو سەدیمێكیش سەدەها ملیون ئەستێرەی گەردار لەخۆ بگرێ. لەبارەی تیۆری فراوان بوون‌و لێك كشانەوەی كەونیشەوە ئاسمان شوناسەكان زۆر لێكۆڵینەوەو توێژینەوەیان ئەنجامداوە بەهۆی پێشكەوتوترین ئامێری تەماشا كردن (دوربین)ەوە ئەوەیان لەلا ئاشكرا بووە، كە جوڵانەوەی سەدیمەكانی دەرەوە جوڵانەوەیەكی بە تەرتیب‌و مونتەزەمە لەمەوە بەڵگەیان هێناوەتەوەو رایان بۆ ئەوە چووە كە هەموو سەدیمەكانی دەرەوە، یان دورگەكانی كەون (الجزر الكونية) رۆژ بە رۆژ لە كۆمەڵی رۆژ دوور دەكەونەوە بەڵكوو هەموو سەدیمەكان لەناو خۆیاندا لێك دوور دەكەونەوە. ئەمجار ئەوەیان چەسپاندوە كە كەون راوەستاو نیەو لەسەر یەك حەجم نامێنێتەوە، بەڵكوو وەكوو چۆن كەفی صابوون فش‌و فۆڵ دەبێ، یان چۆن باڵۆن فش دەبێتەوە، كەونیش بەو جۆرە لێك دەكشێتەوە، بەڵام جیسمە مادییەكانی لەسەر قەبارەی خۆیان دەمێننەوە!؟

شایانی باسە كۆمەڵێك زانای كەون ناس چەند تیۆرێكیان خستۆتە روو هەریەكەیان بۆ خۆی راڤەی نهێنی فراوان بوونی كەون دەكا:-

یەكێ لەوانە دكتۆر هابل (Habble) رابەری توێژەرەوەكانی سەدیم تێبینی ئەوەی كردوە كە دیاردەیەكی گشتی لەنێو ئەم كۆمەڵە ئەستێرە زۆرو زەبەندانەدا بەدی دەكرێ، دیاردەكەش ئەوەیە ئەم ئەستێرانە بۆ پشت لێك كردن‌و لێك دووركەوتنەوە گونجاو ترن تا لێك دوركەوتنەوەی دوورگە كەونیەكان پەیدا دەبێ.

هاتوچۆو هەڵسورانی مانگ و رۆژ و زەوی

خوای گەورە دەفەرموێ:

{وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ، وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ، لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ – سورة يونس/ ٣٨-٤٠}:

واتە: نیشانەیەکی تر لەسەر گەورەیی و بە دەسەڵاتی خوا ئەوەیە کە خۆر دەڕواو دەگەڕێ تا ئەو شوێنەی بۆی دیاری کراوە، ئەم بۆ دیاری کردن و ئەندازە دانانەش لەلایەن خوای بە تەواناو زاناوەیە، هەروەها بۆ مانگیش چەند مەنزڵ و حەشارگەیەکمان بۆ داناوە؛ کە بریتییە لە بیست و هەشت (٢٨) پلەو مەنزڵ هەر شەوە مانگ لە یەکێکیاندایەو بە مەنزڵێکدا تێدەپەڕێ کە گەیشتە کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ سەر شێوەی کۆنی و بە باریکی دێتە پێش چاوو کەوانەیی خۆی دەنوێنێ وەك لاسکی بۆڵە خورمای کۆنی چەماوە کە هێشوەکەی لێ کرابێتەوە ئاوا!، نە خۆر رایەی دەکەوێ بچێتە رێبازی مانگەوە یا مانگ بە رێبازی خۆردا بڕوا، هیچ کاتێکیش شەو پێش رۆژ ناکەوێ واتە هەریەکەیان لەکاتی دیاری کراوی خۆی پەیدا دەبێ.

هەریەکەش لە خۆرو مانگ و زەوی و ئەستێرەکان لە بۆشایی کەونداو بە رێبازی خۆیاندا دێن و دەچن و کاری پێ سپێرراوی خۆیان ئەنجام دەدەن. بە کورتی قورئان لەم ئایەتە پیرۆزەدا راستەوخۆ ئەوە دەچەسپێنی کە رۆیشتن و گەڕانی خۆر تا ئەندازەیەکی دیاری کراوە، ئەم زانستییەش لەگەڵ زانستی تازەدا یەك دەگرنەوە. خۆر لەگەڵ کۆمەڵەی خۆیدا لەهەر چرکەیەکدا نۆزدە کیلۆمەتر بەرەو شوێنێکی دیاری کراو دەبڕێ.

ئەگەر سەرنجی ئایەتی {وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ} بدەین راستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێ کە خۆرو مانگ و زەوی لە جم و جوڵدان بەڵام ئەم جم و جوڵە یان لە جم و جوڵەکەی پێشوو جیایە، بەڵکوو سوڕان و هاتوچۆکەیان تایبەتییەو

هەریەکەیان بە دەوری خۆیدا سوڕ دەخوا، دەربارەی سوڕانەوەی زەوی قورئان بە رستەی (وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ) ئیشارەی بۆ کردوە چونکە لە سوڕانەوەی زەوییەوە شەو رۆژ پەیدا دەبێ.

هەبوونی زیندەوەر لە ئاسمانەکان (وجود أحياء في السموات):

هەندێ جار کە مرۆڤ بیر دەکاتەوە پرسیارێك دێتە پێشەوە پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا (جگە لەسەر زەوی) دەگونجێ ژیان لەسەر ئەستێرەکانی تر هەبێ؟! ئایا وەکوو چۆن زیندەوەر لەسەر گۆرەی زەوی هەن لە ئاسمانەکانیشدا زیندەوەری تر هەن؟ ئا ئەم پرسیارە بیرو هۆشی زۆر لە ئاسمان شوناسەکانی داگرتووە زۆریانی هەڵەوگیر کردوە لەم ساڵانەی دوایی دا لە ئەنجامی بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەیەکی زانستانە زاناکان گەیشتوونە ئەو ئەنجامە کە دوور نییە زیندەوەر لەسەر ئەستێرەکان هەبن وەکوو چۆن لەسەر زەوی هەن!!

لەلایەکی ترەوە زانیاری‌و لێکۆڵینەوە تازەکان ئەوەیان چەسپاندوە: کە لەسەر روکاری ئەستێرەی مەریخ‌و لە بۆشایی دەوروبەریدا گەرمایی‌و ئاوو ئۆکسجین هەیە، ئەم سێ شتەش مەرجی سەرەکین بۆ هەبوونی ژیان!

لەلایەکی ترەوە ئەو توێژینەوانەی کە بەهۆی وێنە گرتنی (ئەشیعەی ضەوئی) تیشکی هەتاوی یان بەهۆی بینینی خودی چاوەوە دەرکەوتووە ئەوەیان چەسپاندووە: کە لە نێوان سەر روی زەوی‌و سەر روی مەریخدا جیاوازییەکی زۆرنیەو لە زۆر روەوە لێك دەچن!. زاناکانی ئەمەریکاو روسیا سوورن لەسەر ئەوە کە لە مەریخ دا دیاردەی ژیانداری هەیەو زیندەوەر هەن! چەند ساڵێك لەمەوبەر رادیۆی مۆسکۆ ئەوەی بڵاوکردەوە: کە زاناکانی روسیا ئەوەیان چەسپاندووەو سورن لەسەر ئەوە کە زیندەوەر لەسەر روی مەریخ هەیە. هەروەها رادیۆی مۆسکۆ ئەوەشی بڵاوکردەوە: کە مەرصەدی (بولکۆفۆ)ی روسی لێکۆڵینەوەیەکی لە بابەت مەریخەوە ئەنجامدا لە توێژینەوەکەدا گەیشتبووە ئەو قەناعەتە کە چۆنیەتی سروشتی لەسەر پشتی مەریخ زۆر نزیکە لەو چۆنیەتە

سروشتییەی کە لەسەر زەوی هەیەو پێویستە بۆمانەوەی ژیان. جا ئەگەر زاناکان سووربن لەسەر ئەوەی کە ژیان لەسەر مەریخ بگونجێو زیندەوەری لێ هەبن! بەبێ شك راشیان بۆ ئەوە دەچێ کە لەنێو ئەم بەلایین ئەستێرانەدا کە بە بۆشایی کەوندا بلاوبونەوە چەند ئەستێرەیەکی تر هەبن ژیانیان لەسەر بگونجێ، وەکوو سەر زەوی زیندەوەری تێدا بژی!!؟ هەرکاتێکیش ئێمە سەیری قورئان بکەین دەبینین (بە ئاشکراو راستو رەوان) دەست نیشانی هەبوونی زیندەوەری تری زیاد لە زیندەوەرانی سەر زەوی دەکا.. بۆ نموونە لە سورەتی (الشوري)دا ئایەتی (٢٩) دەفەرموێ:

{وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَثَّ فِيهِمَا مِن دَابَّةٍ}:

واتە: نیشانەیەك لە نیشانەکانی گەورەیی بە دەسەلاتی خوا دروست کردنی ئاسمانو زەویو ئەو زیندەوەرانەی کە لە نێوانیاندا بلاوبونەوە.

یان لە سورەتی (الإسراء)دا ئایەتی (٤٤) دەفەرموێ:

{تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ}:

واتە: پەروەردگار خوایەکی ئەو تۆیە هەر حەوت ئاسمانەکانو زەویو چی لە ناویاندا هەیە لە زیندەوەرو خاوەن هۆشو بیرو شتی تریش هەموویان سوپاسو ستایشی خوا دەکەن.

یان لە سورەتی (مریم)دا ئایەتی (٩٣) دەفەرموێ:

{إِن كُلُّ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَنِ عَبْداً}:

واتە: هەریەکێك لەو مەخلوقاتەی کە لە ئاسمانو زەویدا هەن هەر هەموویان رۆژی رەستاخیز دێنو گەردن کەچیو بەندایەتی خۆیان دەنوێنن.

یان لە سورەتی (الإسراء) ئایەتی (٥٥)دا دەفەرموێ:

{وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِمَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ}:

واتە: خوای تۆ ئەی محمد! لەهەموو کەس زاناترە بەو خەڵكو زیندەوەرانەی کە لە نێوان ئاسمانەکانو زەویدا هەن. ئەمە پوختەی ئاماژە بۆکردنی قورئانو توێژینەوەی زانایان بوو دەربارەی هەبوونی ژیان لە

ئاسمانەكان جا ئیتر نازانین ئاخۆ لە داهاتوودا زانایان دەتوانن بگەنە پلەیەكی وا هەبونی ژیان لەسەر هەندێ لە ئەستێرەكان بچەسپێنن یان نا؟

خۆ ئەگەر بتوانن بگەنە ئەم ئەنجامە ئەوە بە راستی دەبێتە گەورەترین موعجیزەی قورئان!! بەلاّم هەر چۆنێك بێ تەنها بۆچوونی زانا گەورەكان بۆئەوەی كە ژیان (جگە لەسەر زەوی) لەسەر ئەستێرەكانی تریش هەیە، وە لەم بارەوە توێژینەوەی دورو درێژیان ئەنجام داوەو لێكۆلّینەوەكانیشیان لەگەلّ بۆچوونەكانی قورئان یەكیان گرتۆتەوە بەبێ گومان ئەمە خۆی لە خۆیدا سەركەوتنێكە بۆ قورئانو دەرخستنی نهێنیەكی ژیانو بونەوەرە، قورئان پێش چواردە سەدە پەنجەی بۆ راكێشاوەو پەردەی لەسەر لابردووە.

كەم بوونی ئۆكسجین لە بەرزاییدا:

خوای گەورە دەفەرموێ:

{فَمَن يُرِدِ اللَّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلإِسْلاَمِ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاء - سورة الأنعام/ ١٢٥}:

واتە: كەسێك خوا بیەوێ هیدایەتی بداو بیخاتە سەر رێی راست، دلّو دەرونی فراوانو نوورانی دەكاو ئامادەی دەكا بۆ وەرگرتنی بەرنامەی ئیسلام. كەسێكیش خوا بیەوێ رێگای لێ هون بكاو دلّو دەروونی تەنگ دەكاو تەنگو چەلّەمە دەخاتە دلّیەوەو تەنگە نەفەسی دەكاو هەناسە برِكێی پێ دەكەوێ، وەكوو چۆن كەسێك بەرەو ئاسمان بەرزبێتەوە تەنگە نەفەس دەبێ. لەوكاتەشەوە كە مرۆڤ توانیویەتی بەهۆی بالّە فرِەو ئامێری بەرزبوونەوەو بەرزە فرِەوە پەردەكانی هەوای ژوورو تاقی بكاتەوە هەستی بە دیاردەیەكی سروشتی كردوە ئەویش كەم بوونی ئۆكسجینی هەوایە لە بەرزاییدا. خۆ هەركەسێكیش بەرەو بەرزایی برِواو بەرزبێتەوە هەست بە تەنگە نەفەسیو هەناسە برِكێ دەكا. قورئانیش بە ئاشكرا ئەوە دەچەسپێنێو ئاماژە بۆ ئەم دیاردەیە دەكا، پێش ئەوەش مرۆڤ تەیارەو صاروخ دابهێنێ ئەوانەی شەیدای یاری تەسەللوق بوونو

هیوایەتی چوونە سەر کێوی بەرزییان هەبووە، هەستیان بەو دیاردەیە کردووەو زانیویانە کە لە بەرزاییدا ئۆکسجینی هەوا کەمە.

شایانی باسە کە قورئان تەعبیرەکەی بۆ بەرزبوونەوەی بەرەو ئاسمانە نەك بەرزبونەوە بۆ سەر کێو، زیاد لەوەش وڵاتی عەرەبوستان. کە لە سەرەتادا قورئان بۆ ئەوان نازڵ بووە، خاوەنی روبەرێکی پانو دەشتو بیابانێکی فراوانە دانیشتوانی هەرگیز بیری چوونە سەرکێوی بەرزیان نەکردوە کەسێکیش سەرکەوتبێتە سەر کێوەکانی هەستی بە تەنگە نەفەسی نەکردوە، ئەوەشمان لە یاد نەچێ کە یەك کەوتنی مانای ئەم ئایەتە لەگەڵ راستی زانستیدا بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر چەسپاندنی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی محمد (دروودی خوای لەسەر بێ).

کەرتبوونی گەردیلە (تقسیم الذرة):

خوای گەورە دەفەرموێ:

{وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي الأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاء وَلاَ أَصْغَرَ مِن ذَلِكَ وَلا أَكْبَرَ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ - سورة يونس/ ٦١}:

واتە: هیچ شتێك لە خوا ون نابی چ لەسەر زەوی چ لەئاسمان تەنانەت ئەگەر ئەو شتە بە ئەندازەی گەردیلەیەکیش بێ، یان بچوکتر یان گەورەتربێ هەر لای خوا دیارییەو لە لەوحولەحفوظدا چەسپێنراوە، جا وەکوو لە زانستی کۆنو نوێدا باوە گوایە بچوکترین قەبارە (جیسم) کە لە بونەوەردا هەبێ شتێکە پێی دەگوترێ (زەڕە) گەردیلە. هەتا سەدەی نۆزدەهەمیش زۆر لە زانایان بڕوایان وابوو کە گەردیلە بچوکترین مادەیە کە کەرت کردن هەڵناگرێو ناشێ کەرت بکرێ، بەڵام ساڵەکانی دوای چەرخی نۆزدەیەم زۆر لە زانایان کەوتنە خولیای ئەوەوە بزانن ئاخۆ گەردیلە دەشێ بەش بەش بکرێ؟! لە ئاکاما گەیشتنە ئەو بڕوایە کە ئەویش کەرت بوون هەڵ ئەگرێ؟! چونکە ئەویش بۆ خۆی لە پڕۆتۆنو نیوترۆنو ئەلەکترۆن پێکهاتووە.

قورئانی پیرۆزیش كە دەفەرموێ: {وَلاَ أَصْغَرَ} بە ئاشكرا ئەوە دەگەیەنێ: كە لە گەردیلە بچوكتر هەیەو دەشێ كەرت بكرێ؟! لە لایەكی ترەوە قورئان كە دەفەرموێ: {وَلاَ فِي السَّمَاءِ} ئاماژە بۆ ئەوە دەكا كە ئەو دیاردەو تایبەتكاریانەی كە لە گەردیلەدا دەبینرێ لەسەر زەوی، هەمان ئەو دیاردەو تایبەتكاریانەش لە ئاسمانو خۆرو مانگو ئەستێرەكاندا هەن، هەموو كەونو بونەوەر ئەو پرۆتۆنو ئەلەكترۆنەو نیوترۆنەی تێدایە.

كەچی وا تازە بە تازە زانیاری سەدەی بیستەم گەیشتە ئەو ئەنجامەو بوو بە حەقیقەتێكی عیلمی. دەی باشە حەزرەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێ) پێش زیاتر لە (١٤٠٠) ساڵ لە چ جامیعەو دانشگایەك تایبەتكاریو دیاردەی زەڕڕەی خوێندو شی كردەوە؟ چۆن ئەوەی زانی كە لە گەردیلە بچوكتر هەیە؟ یان چۆنی زانی خەواصی زەڕڕە لە زەوی چۆنە لە ئاسمانیش هەمان خەواصی هەیە؟! بەڕاستی ئەم ئایەتە باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە قورئان نیگای خوایە.

لەهەموو شتێكی بونەوەردا نێرو مێ هەیە:

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ:

{وَمِن كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ – سورة الذاريات/ ٤٩}:

واتە: ئێمە لە هەموو شتێكدا نێرو مێمان دروست كردوە.

جا وەكوو ئاشكراو دیارەو لە كۆنەوە زانراوە لە ئادەمیزادو ئاژەڵو رووەكدا نێرو مێی هەیەو حەقیقەتێكی عیلمییە، قورئانیش لە دوو ئایەتدا ئاماژەی بۆ ئەمە كردوەو ئەم حەقیقەتەی چەسپاندووە. دەربارەی هەبوونی نێرو مێ لە رووەكدا دەفەرموێ:

{أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى الْأَرْضِ كَمْ أَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ - سورة الشعراء/ ٧}:

واتە: ئایا ئێوە تەماشای زەوی ناكەن، نابینن چەند جووت نێرو مێمان تێدا رواندوەو زەوییان ئارایش داوە؟! لە سورەتی (الشورى)شدا دەفەرموێ:

{فَاطِرُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَمِنَ الْأَنْعَامِ أَزْوَاجًا}:

واتە: پەروەردگار، بەدیهێنەری ئاسمانو زەوییەو لە نەبوونەوە هێناونییە وجوود، هەروا لە ئێوەشدا نێرو مێی دروست کردوە لە ئاژەڵیشدا نێرو مێی بەدی هێناوە.

جا وەنەبێ قورئانی پیرۆز بە مەندەوە وەستابێ بەڵکوو لە هەموو شتێکدا نێرو مێی دەچەسپێنێ بە ئاشکرا دەفەرموێ: {وَمِن كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ}.

تەنانەت کارەبا کە پاش چەند سەدەیەك لەدوا هاتنی قورئانی پیرۆز دۆزراوەتەوە، پێك هاتووە لە (سالب) و (موجب) بە کۆبوونەوەی ئەم دووانەو بەیەك گەیشتنیان هێزی کارەبا پەیدا دەبێ، لەمەش گرینگتر ئەوەیە گەردیلە کە بچوکترین شتێکە لە بونەوەردا زانایان ئەوەیان تێدا دەرخستووە کە گەردیلە ناوکێکی بچکۆلەی هەیە پێی دەگوترێ (النواة الذرية) ژمارەیەك قەبارەی بچکۆلەی تر دەورەیان داوە، پێیان دەگوترێ (ئەلەکترۆنات) ئەمانە شوحنەی کارەبای (سالب) هەڵدەگرن ناوکەکەش شوحنەی کارەبای (موجب)ی پێیە، نەك هەر ئەمەندە بەڵکوو زانایانی سروشت زان لە ئاکامی لێکۆڵینەوەی خۆیان، بۆیان دەرکەوتووە کە ناوکی گەردیلە خۆشی پێك هاتووە، لە چەند پارچەیەکی بچکۆلەو دەکرێن بە دوو بەشی سەرەکی.. جا ئەو بەشانەی کە ناوکی گەردیلەی هایدرۆجینە زانایان پێی دەڵێن (البروتون) بەشەکەی تریشیان پێی دەگوترێ (النيوترون) ئەم بەشە ساڵی ١٩٣٢ز زانای بەناوبانگی ئینگلیزی (السير جيميس تشادويك) دۆزیویەتەوە.

موتوربە کردنی هەور (تلقيح السحاب):

خوای گەورە دەفەرموێ:

{أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُزْجِي سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ ثُمَّ يَجْعَلُهُ رُكَامًا فَتَرَى الْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَالِهِ – سورة النور/ ٤٣}:

واتە: ئایا تۆ نابینی خوای پەروەردگار هەورو هەڵم لێ دەخورێو لەکوێ بیەوێ لێکیان دەداو موتوربەیان دەکا. ئیتر ئەم هەڵمە توێ توێ دەکەوێتە سەر یەكو دەبینێ باران لەو هەورە دێتە خوارەوە؟!.

مەبەستی ئێمە لەم ئایەتەدا رستەی (ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُ)وە کە رێك مانای موتوربەکردنی هەورەکان دەگەیەنێو ئاماژەیە بۆ لێك نزیك بوونەوەی پارچە هەورەکانو بەیەك گەیشتنی (سالب)و موجەبی کارەبایی نێو ئەو پارچە هەورانە، جا بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوە کە (فرەنکلین) یەکەم جار ساڵی (١٩٧٢ز) ئەنجامی داوە وەکوو حەقیقەتێکی عیلمی دەرکەوتووە کە هەور کارەبای تێدایە، ئاشکراشە کە هەردوو جۆرەکانی کەهرەبا بۆ لای یەکتری کێش دەکەن چونکە یەکیان (سالب)ەو یەکیان (موجب)ئەگەر هەردووی (موجب) یان (سالب)بن دەشێ کۆببنەوەو یەکتر نەگرنە خۆو دژ بەیەك بن ئەم دژ بەیەکترییە ئەنجامی بڵاوبونەوەی پارچە هەورەکانە بەڵام پەروەردگار بەهۆی (با)وە پارچەکان کۆدەکاتەوە جا ئەو (با)یەی لە زەوی بەرز دەبێتەوە شوحنەی کارەبایی موجەب هەڵ دەگرێ، ئەمجار لەگەڵ شوحنەی کارەبایی هەوادا یەکتر دەگرێو زەمینەیەکی کارەبایی دروست دەبێو دەبێتە هۆی گۆڕانی بە هەڵمو بوخارو بەوردە بارانو لە ئاکاما دەبنە دڵۆپە بارانو هەڵدەڕژێ. کەوابوو پێك هێنەری سەرەکی بۆ باران ئەو کارەبایەیە کە (با) کۆی دەکاتەوەو ئەو سالبو موجەبە لەیەکتر موتوربە دەکا. بە رونیش پەروەردگار لە سورەتی (الحجر)دا ئایەتی (٢٢) ئاماژەی بۆ ئەوە کردوەو دەفەرموێ:

{وَأَرْسَلْنَا الرِّيَاحَ لَوَاقِحَ فَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَسْقَيْنَاكُمُوهُ وَمَا أَنتُمْ لَهُ بِخَازِنِينَ}:

واتە: ئێمە (با)مان موسەخەر کردوەو دەی نێرین هەورەکان لێك موتوربە دەکا لە ئاکاما لە سەروتانەوە ئاو دەبارێنینو ئێوە لێی دەخۆنەوە دەی بۆ سوپاسی خوا ناکەنو سەری بەندەگی بۆ ناخەنە سەر زەوی خۆ ئێوە ئەو ئاوەتان خەزن نەکردوە ئێمە بۆمان پەزمەندە کردوون.

جوڵانەوەی زەوی و فشەڵ بونەوەی (اهتزاز الأرض):

خوای گەورە دەفەرموێ: {وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاء اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ}:

واتە: تۆ دەبینی زەوی وشك و برینگەو مات و مەلوولە، کاتێك بارانی لێ دەبارێنین، لەپڕ نوێ دەبێتەوەو فشەلۆك دەبێ، ئیتر لە هەموو رەنگێك جوت جوت رووەکی نێرو مێ دەروێ و زەمین ئارایشت دەدرێ.

لێرەدا قورئان بە ئاشکرا ئەوە دەچەسپێنێ کە زەوی کاتێك بارانی لێ دەبارێ نوێ دەبێتەوەو دەهاوسێ و فشەڵ دەبێتەوە... ئێستا ئەمە بووەتە حەقیقەتێکی زانستی و لەگەڵ قورئاندا یەکیان گرتۆتەوە، لە لایەکی ترەوە لێکۆڵینەوەی زاناکان ئەوەیان چەسپاندوە: کە زەوی بۆ خۆی کون و کەلەبەری تێدان، هەوایان تێ دەچێ، ئیتر گلەکە نوێ دەبێتەوە بەهۆی هێزی ئاوەکەوە فشەڵ دەبێتەوەو بەجوڵە دەکەوێ.. زانستی کیمیایش ئەوەی چەسپاندوە کە گڵ بەهۆی تەڕبوونەوە لێك دەکشێتەوە بە وشك بونەوەش وێك دێتەوە، هەروەها زەوی کاتێ بارانی لێ دەبارێ بارستایی زیاد دەبێ تەنانەت زەوی کاتێ بارانی لێ دەبارێ و تەڕ دەبێ دەتوانرێ ئەندازەی جوڵانەوەی دیاری بکرێ هەروەکوو چۆن بارستایشی زیاد دەبێ.

هاوکێشەیی عونصورەکانی بونەوەر (توازن العناصر الكونية):

خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

{وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلاَّ عِندَنَا خَزَائِنُهُ وَمَا نُنَزِّلُهُ إِلاَّ بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ – سورة الحجر/ ٢١}:

واتە: هەموو شتێك کە لە بونەوەردا هەیە یا دەبێ، گەنجینەی سەرەکی و ماکی لەلای ئێمەیەو لە ژێر چاودێری ئێمەدایە لە خەزینەی فراوانی خۆمانەوە بە گوێرەی پێویست بەو شێوەی ئارەزومانە بەدی دەهێنین و بە گوێرەی پێویستی مەخلووقات لە خێرو بەرەکەت دەخەینە سەر زەوی {وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ – سورة الرعد/ ٨}:

واتە: هەموو شتێك لەلای پەروەردگار بە رێژەو ئەندازەیەو کاری بێ سوودی نیەو ئیشی بێ حیکمەت ناکا، بەڵێ هەموو شتێك لەم دونیایەدا خوا ئەندازەیەکی تایبەتی بۆ داناوە، بۆ نموونە رێژەی ئۆکسجین لە بەتاڵایی (فەضا)دا ئەندازەی (٢١٪) بیستو یەك لە سەدە، خۆ ئەگەر ئەندازەکەی بە رێژەی (٥٠٪) پەنجا لە سەد بێ، دەبینی هەر شتێك لە بونەوەردا بۆ سوتان بگونجێ ئامادە دەبێ بۆ گڕ گرتنو سوتان.. واتە دەشێ پریشکی بروسکەیێك رێی دارێك بکەوێو تەواوی دارستانەکە ئاگر بگرێ.؟!!

لەلایەکی ترەوە ئۆکسجین هەموو زیندەوەرێك هەڵی دەمژێ ئانی ئۆکسیدی کاربۆنیش دەبێتە خۆراکی رووەكو درەخت، واتە: زیندەوەر ئۆکسجین هەڵ دەمژنو رووەكو درەخت ئانی ئۆکسیدی کاربۆن هەڵ دەمژن، ئەگەر وانەبوایە تەمەنی زیندەوەرو (گیانلەبەر) یان رووەكو درەختەکان کۆتایی دەهات بە کۆتایی هاتنی ئۆکسجین یان ئانی ئۆکسیدی کاربۆن.

لەلایەکی ترەوە تیشکەکانی خۆریش هەر بە رێژەی ئەندازەیەکی تایبەتییە، ئەگەر خۆر نیوەی گەرمای ئێستای هەبوایە سەر زەوی بە جۆرێك ساردو سەرما دەبوو کەسی تێدا نەدەژیاو دەبوو دونیا بیبەستێ، خۆ ئەگەر زیاد لەو گەرمایەی کە هەیەتی بیبوایە هەموو دنیا گڕی دەگرتو ئێمەیش دەبوینە خۆڵەمێش، تەنانەت روناکی خۆریش بۆ خۆی ئەندازەیەکی دیاری کراوی هەیە ئەگەر زیادو کەمی تێدا هەبوایە، دەبووە هۆی شین نەبوونی گژوگیاو رووەكو درەخت، چونکە عیلمو زانست دەری خستووە کە روناکی خۆر پەیوەندییەکی سەرەکی هەیە بە پەروەردە بوونی گژوگیاو گوڵو رووەكو درەخت چونکە گەشو نمای ئەمانە پێویستی بە ئەندازەیەکی تایبەتی روناکی هەیە.

کەوابوو گێرانەوەی ئەم هەموو وردەکاریو رێکیو رێکخستنو نیزامو یاسا جوانانە بۆ سودفەو رێکەوت رایەکی پڕو پوچو بێ بەڵگەو بی پێزە، لەگەڵ عیلمو زانستدا یەك ناگرنەوە.. کەوابوو هەر دەبی بڕوا بەوە بکەین کە ئەم هەموو وەستاییو وردەکارییە پیشەی دەستی قودرەتی کردگارە.

جـارێكی تـریش قورئـان هاوكێـشەی عونـصورەكان دووبـارە دەكاتـەوەو دەفەرموێ:

{وَالأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ – سورة الحجر/ ١٩}:

واتە: ئێمە زەویمان لێك كشاندۆتەوەو بەهەر چوار لادا بڵاومـان كردۆتـەوەو سـەر رووی زەوی بـۆ هەڵـسوكەوتی دانیـشتوەكانی دەڵێـی بـەڕەی راخـراوە، ئـەو هەموو كێوو چیاو گردەمان لێ چەسپ كـردوە دەڵێـی مـێخن و لەنگـەری دەواریـان گرتووە. جا لەم زەوییە رێك و پێكە نەخـشە كێشراوەدا جۆرەهای جـۆر گیانـدارو بێ گیان و رووەك و شتی جیا جیامان دروست كردوە بە ئەنـدازەو رێژەیـەكی وردی دیاری كراو وەهەر لەسەر زەوی خۆی دامان ناون و جێگەمان كردونەتەوە.

مەبەستی سەرەكی ئێمە لێرەدا لەم ئایەتە پیرۆزەدا وشەی (موزون)ە چـونكە زانایانی كەون و بونەوەر شارەزایانی زانـستی كیمیـاو رووەك ئـەوەیان چەسـپاندوە كە ئەو عونصورانەی رووەكیان لێ پێـك هـاتووە لـە هـەموو جۆرێ لـە جۆرەكـانی رووەكـدا بـرێتین لـە چـەند تـوخم و عونـصورێك كـە لـەناو خۆیانـدا بـە پێـی ئەندازەیـەكی دیـاری كـراو زۆر ورد بەیەكـەوە جۆشـدراون بـە رێژەیـەكی سـەر سـوڕهێنەری وا كـە نـاتوانرێ دەركـی بكـەی مەگـەر بـە تـەرازوو ئـامێری زۆر حەسـاس و وردەكـار یـا بـە ئـامێری تایبـەتی وا كـە بەموولـەرە نـەكا.. پێویـستە ئەوەش بزانین: كە رێژەی ئـەم عونـصورانە لـە رووەكێـك بـۆ رووەكێـك دەگـۆڕێ و جیاوازی هەیە ئەمەش مەسەلەیەكی وردەكاری زانـستییە پـێش ئـەم چـەرخە بـە دڵی ئادەمیزادا تێنەپەڕیوەو لێی بی خەبەر بووە، بەڵام قورئان بەو شێوە پـڕ لـە بەلاغەتەو بە روونی ئاماژەی بۆ كردوە.؟!

شەپۆلی ناوەوەی ئاوو سەر رووەكەی (الأمواج الداخلية والسطحية):

خوای گەورە دەفەرموێ:

{أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُّجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُورًا فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ – سورة النور/ ٤٠}:

واتە: ئەو گومڕایانەی بڕوایان بە خودا نیە، سود لە کردەوەی باشیان نابینن، کردەوەی خراپیشیان وەکوو تاریکایی ناو دەریایەکی قووڵی فرە ئاو وایە جا ئەگەر کابرایەك لەناو تاریکایی ئەو دەریایەدا شەپۆلاوی زۆری یەك لەسەر یەك لەنێو خۆی بگرن‌و سەرباری ئەو شەپۆلاوانەش پەڵە هەورێکی ڕەشی پڕو سامناك بەری ورشەی ئەستێرەو مانگ‌و ڕۆژی گرتبێ ڕوناکی نەهێشتبێ لە هەموو ڕویەکەوەو بەهەموو جۆرێك تاریکی لەسەر تاریکی پەیدا بووبێ جا ئەگەر لەم کاتەدا کابرا دەستی ببا بۆ بەرچاوی خۆی نەك هەر نایبینێ‌و بەس بەڵکوو لەبارەشیا نیە کە بیبینێ ئا بەو جۆرە هەر کەسێك خوا نەیەوی نوری ئیمان‌و باوەڕ بچێتە دڵیەوە ڕێگای ڕاست بدۆزێتەوە کەس ناتوانێ بیخاتە سەر ڕێبازی ڕزگاریی‌و خواناسی؟!.

مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئاماژەیەکی ئاشکرا هەیە بۆ هەبوونی شەپۆلی جۆراو جۆری دەریاکان هی ناوەو هی سەر ڕوپاماکەی، تەنانەت گەورەترین شەپۆلی دەریاو سامناك ترینیان ئەو شەپۆلانەن کە لە قولایی دەریادا هەریەکە بە ڕێگاو هێڵی خۆیدا بە شێوەیەکی سەر سوڕهێنەر پەیدا دەبن‌و دەنیشنەوە؟!!.

شایانی باسە چەند ساڵێك لەمەوبەر واباو بوو کە گەمێکانی ڕوو بە قوتبی شیمالی زۆر بە نارەحەتی دەتوانن ڕێگای خۆیان ببڕن، تەنانەت ئەو ناوچەیەی دەریایان ناو نابوو (الماء المیت) نەشیان دەزانی هۆی ئەم دیاردەیە چییە، بەڵام ئێستا وا بەهۆی پێشکەوتنی زانستەوە دەرکەوت کە ئەو تەنگو چەڵەمەیەی ئەو شوێنانەی دەریا دەگەڕێتەوە بۆ هەستانی شەپۆلەکانی ژێر ئاو!! تەنانەت لە سەرەتای ساڵی (١٩٠٠ز) زۆر لە ئەسکندنافیە ڕوو پێوەکانی دەریا. هەستیان بە هەبوونی شەپۆلەکانی نێو دەریا کرد بەڵام تا ئێستاش هۆیەکانی پەیدابوونی ئەو

شەپۆلە گەورانەی ژێر ئاو نەزانراوە هەروەکوو چۆن هۆی هەبوونی ئەم شەپۆلانە بە شێوەیەکی فراوان لە موحیتەکاندا نەزانراوە، زۆرجار وا بووەو وادەبی ئەم شەپۆلانە لە قولایی دەریادا (غەوواصە) فڕێ دەدەنە دەرەوەو لەسەر روبەری دەریاش شەپۆلە سەر ئاوەکان کەشتی فڕێ دەدەن یان لە ڕێگای خۆی لادەدەن.

دیاردەیەکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەو شەپۆلانە کاتێك روو بەڕوی تەوژمی کەنداو یان تەوژمی شەپۆلێکی تری قولایی دەریا دەبنەوە بەسەر یەکدا دەشکێنەوەو شەپۆل سواری شەپۆل دەبێ. ئایەتی قورئانیش کە دەفەرموێ: {يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ مَوْجٌ} ئاماژەیە بۆ هەبوونی شەپۆلی ناوەوەو دەرەوەی ناو دەریا بە تایبەتی کە وشەی (لجيّ) مانای قولی‌و فرە ئاوی دەگەیەنێ‌و لێرەدا بووەتە ئاوەڵناوی دەریا.

شایانی باسە کە دەست نیشانکردنی قورئان بۆ موحیطات لەم رووەوەیە کە موحیتەکان گەرمایی‌و روناکی خۆری کەمتر پێ دەگا جا ئەگەر تاریکایی هەورو تاریکایی شەپۆلەکان یەك بگرن دیارە کابراکە دەست بەرێ بۆ چاوی دەستی خۆی نابینێ، جا کاتێك ئێمە سەیری ژێدو ژیان‌و بەسەرهاتی پێغەمبەری ئیسلام بکەین دەبینین کە ئایەتەکە چ پەیوەندییەکی بە سروشت‌و هەرێم‌و زەمین ناسی ئەو دەوروبەرەوە نییە کە (محمد)ی (دروودی خوای لەسەر بێ) تیا ژیاوە خۆ ئەگەر بڵێین (محمد) بە گەنجی سەفەری کردوە بۆ شام شێوەی دەریای بینیوە بەبێ شك بینینەکەی لە بینینی کەناری بەحری سورو بەحری سپی ناوەڕاست تێپەڕ ناکا، کەوابوو دەبێ بەبێ سێ‌و دوو بڵێین ئەم قورئانە کەلامی خوایە سروش‌و نیگای پەروەردگارە بۆ رەوانەکراوی خۆی حەزرەتی (محمد) (دروودی خوای لەسەر بێ) نازڵ کراوە!!

جیهانی گیانداڕو باڵندە دەق لە جیهانی ئادەمیزاد دەچێ

خوای گەورە دەفەرموێ:

{وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي الأَرْضِ وَلاَ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلاَّ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم – سورة الأنعام/ ٣٨}:

واتە: هەرچی پێڕۆی سەر زەوی هەیە هەر باڵندەو باڵە فڕێکی بەدوو باڵی خۆی بەحەوادا دەفڕێ هەموویان وەکوو ئێوەی مرۆڤو، میللەتو نەتەوەنو دارای یاساو رژێمی تایبەتی خۆیانن بەرژەوەندی خۆیان دەزانن‌و بیرو هۆشی تایبەتی خۆیان هەیە خاوەنی عەقڵی مەداری خۆیانن.

قورئانی پیرۆز لەم ئایەتەدا کۆمەڵانی زیندەوەری سەر زەوی‌و باڵە فڕەی ئاسمانی شوبهاندووە بە کۆمەڵی ئادەمیزادو ئەوەی چەسپاندوە کە ئەم زیندەوەرانە هەریەکەیان عەقڵ‌و هۆشی تایبەتی خۆی هەیە کاروباری خۆیانی پێ ئەنجام دەدەن.. ئەمە راستییەکە زانستی تازە بڕوای پێ کردووەو چەسپاندویەتی ئەوەتا زانست دەری خستووە کە کۆمەڵێ زیندەوەر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەیەکیانەوە دەبەستێ‌و لەسەر بناغەیەکی پتەو یەکتر دەگرن‌و هۆگری یەکتری دەبن زیندەوەری وا هەیە لەسەر داب‌و نەریت‌و یاسا نیزامی میرایەتی یەکتری دەگرن‌و کۆدەبنەوە بۆ نموونە میرایەتی هەنگ‌و مێروولە دەهێندرێتەوە؟! هەر کۆمەڵ‌و جۆرێکیش لە ئەم زیندەوەرانە شێوەی دەربڕین‌و زمانێکی تایبەتی خۆیان هەیە لەناو خۆیاندا ئاخاوتنی پێ دەکەن‌و لەیەکتر حاڵی دەبن!!

ئەمە لە کاتێکا زانایانی پێشوو بڕوایان وانەبووە کە ئاژەڵ‌و باڵندە عەقڵیان هەبێ یا خاوەنی بیرو هۆش بن، بەڵکوو پێیان وابوو (کە جگە لە مرۆڤ) هەموو ئەو زیندەوەرانە بریتین لە چەند ئامێرێکی زیندو هەستی خۆشی‌و ناخۆشی دەکەن بەلام عەقڵیان نییە، پێشیان وابوو کە ئەو دیاردەیەی لێیان دەبینرێ کە بە رواڵەت لە بیرو هۆشەوە پەیدا دەبن دیاردەیەکە لە غەریزەو ئیلهامەوەیە نەك لە عەقڵەوە بێ.

ئیتر ئەم بیرو باوەڕە بەردەوام بوو تا ئەم دوایانە تەنانەت (دیکارت)ی فەیلەسووف بڕوای وابووە کە ئەم زیندەوەرانە هەموویان بریتین لە چەند

ئامێرێکی ئاڵۆزو روت لە ژیانی عەقڵ دارو خاوەن هۆش، رای وابووە کە ئەمانە وەکوومرۆڤ بیرناکەنەوەو نافامێنن بەڵکوو هەڵس و کەوت و جم و جوڵیان رەنگ دانەوەی هەستی غەریزییانە نەك رەهنومای عەقڵ. ئیتر ئەم رایەی دیکارت بووە راستییەکی چەسپاوو لێکۆڵەرەوەکان بە درێژایی ماوەیەکی زۆر لەسەری سوور بوون و هیچ کەسێك دانی بەوەدا نەناوە کە ئاژەڵ و باڵندە عەقڵ و بیری هەبێ هەتا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم زانایان هەر لەسەر ئەم باوەڕە بوون بەڵام لەم مێژووەوە بەملاوە رای زانایان گۆڕاو زانست بە جۆرێکی تر ئەم مەسەلەی خستە روو، یەکێ لە زانایان کە (دارون) بوو ئیعلانی کرد کە عەقڵ و بیرو هۆش لە زیندەوەراندا هەیەو بەڵام پلەیەکی کەمترە لەهی مرۆڤ. لەو کاتەشەوە لێکۆڵینەوەو تیۆری تایبەتی یەك لەدوای یەك پاڵپشتی ئەم رایە تازە دەکەن؟!!.

دەی باشە ئەوەتا پێش ئەمان قورئانی پیرۆز بە سەدان ساڵ پێش (دارون)و هاوەڵانی ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە زیندەوەر وەکوو مرۆڤ هەستی هەیەو بە گوێرەی عەقڵ و بیری خوای بەرژەوەندی ژیانی خۆی ئەنجام دەدا کەوابوو بێگومان ئەمەش یەکێکە لە موعجیزەکانی قورئان و راستییەکی زانستییەو زانست و قورئان یەکالا هاتنەوە؟!.

قۆناغەکانی گەشەی کۆرپەلە (مراحل نمو الجنين):

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێ:

{وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ، ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ - سورة المؤمنون/ ١٢-١٤}:

واتە: بەراستی ئێمە لە سەرەتاوە مرۆڤمان لە قوڕێکی پاڵفتە دروست کردوە، دوایی جەستەی تاکە تاکەی ئێوەمان دروست کردوە لە دلۆپە ئاوێکی پیاو کە دەکەوێتە رەحمی ئافرەتەوە کە قایم ترین شوێنە بۆ پەروەردەکردنی ئەو دلۆپە

ئاوە تێکەڵاوەی ژن‌و پیاو، دوایی هەر لە وێدا ئەو دڵۆپە ئاوە تێکەڵاوەمان گێڕاوە بە خوێنێکی توند بوو (خوێنپارە) ئەمجار ئەو خوێنەمان کردوە بە پارچە گۆشتێکی بێ ئێسقان‌و بەقەد تیکەیێ لە دەما، هیچ سیماو دیاردەیەکی تایبەتی پێوە نیە، ئەمجار ئەم گۆشت پارەیەمان کردوە بە ئێسقان. ئەمجار ئەو ئێسقانەمان داپۆشیوە بە گۆشت‌و ماسولکەو دەماری پێویستمان بۆ ئەنجام داوە، ئەمجار حاڵەتێکی ترمان بەسەردا هێناوەو ڕۆحمان کردوە بە بەرداو شێوەو شێوازی تایبەتی خۆی وەرگرتووە، کەواتە ئەو خوایەی ئەم هەموو گۆڕانکارییەی بەسەر هەر مرۆڤێکدا هێناوەو دەهێنێ، دروست کارێکی بێ وێنەیەو جوانترین‌و لایەقترین دروست کەرە بەڵکوو هەر خۆی بەدیهێنەری بونەوەرەو کەسی تر حەددو رایەی ناکەوێ ئاوەڵناوی (خالق = دروستکار)ی بۆ خۆی دابنێ‌و خۆی بکا بە هاوتای ئەو خوایە..!!

جا هەر کاتێك ئێمە بە وردی لەم ئایەتە تێ بفکرین، دەبینین بە ئاشکرا مانایان لەگەڵ بۆچوونی زانستی تازەدا یەك دەگرنەوە، چونکە زانستیش ئێستا ئەوەی چەسپاندوە کە ئەو دڵۆپە ئاوە تێکەڵاوەی پیاوو ژن کە کۆرپەلەی لێ پەیدا دەبێ لە راستیدا لە خواردەمەنی پەیدا دەبی‌و خواردەمەنیش لە بنەڕەتدا لە گڵ پەیدا دەبێ.

مەبەستیش بە (نوطفە) لە ئایەتەکەدا ئەو کۆمەڵە خەلییە زیندوانەن کە لە پیاوەوە دەردەچن تێکەڵ بە ئاوی ئافرەت دەبن‌و هەریەکەیان پەلەقاژەی ئەوەیەتی کە لەپێش ئەوەکانی تریان خۆی بگەیەنێتە تاقە خەلییەکەی ژنەکە، ئیتر بە قودرەتی خودا یەکێ لەم کۆمەڵە خەلایانەی پیاوەکە تاقە خەلییەکەی ژنەکە (کە پێی دەگوترێ هێلکە یا گەرا یا تۆم) وەگیر دەهێنێ‌و خۆی لێ شەتڵ دەکاو تێکەڵاوی یەکتری دەبن.. ئیتر ئەمە سەرەتای دروست بوونی (جەنینە). واتە: کۆرپەڵە دوایی ئەم تۆمە تێکەڵاوە دەگۆڕێ‌و دەبێتە کۆمەڵە خەلییەك‌و لە شێوەی خوێنێکی خەست‌و خۆڵدا بە دیواری رەحمەوە دەنووسێ. ئەمجار پاش ماوەیەك دەگۆڕێ‌و دەبێتە پارچە گۆشتێك بەقەد تیکەیەکی جووراو بە عەرەبی

پێی دەگوترێ (مضغة) بەڵام بە گوێرەی زاراوەی نوشداری ئەم حاڵەتە بریتییە لــە گەشــە کردنــی خوێنپــارە (علقــە)و دابــەش بــوونی خەلییــەکانو لێــك جیابوونەوەی ئەندامەکان لە یەکتری، ئیتر لەم کاتەوە دروست بوونی جەستە دەست پێ دەکاتو ئێسقانەکان پەیدا دەبن دوای دروست بوونی ئێسقان ئەمجار گۆشت دروست دەبێو ماسولکەکان سەر هەڵ دەدەن ئەمجار لەگەڵ گەشەکردنو دروست بوونی ئەمانە ئەندامەکانی دیکەی جەستە دێنەکایەوە.

کەوابوو پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: {ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ} دەبێ بە موعجیزەیەکی گەورەی قورئان دابنرێ، چونکە تازە وا زانستی تازە ئەوەی دۆزیوەتەوە کە (جنین) لە سەرەتای مانگی دووەمی دروست بونیا گۆڕانکاریەکی سەرەکی بەسەردا دێ کە لە کۆمەڵەی زیندەی ئاویەوە دەچێتە کۆمەڵەی زیندەی ئینسانییەوە، کەوابوو ئەم گۆڕانکارییە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییەو دەقاو دەق لەگەڵ زانستی تازە یەك دەگرنەوە.

دەی باشە ئایا لە توانای نەخوێندەوارێکی نێوە دورگەی عەرەبی پێش چواردە سەدەی پێش ئێستادا هەبووە ئەم باسە ئاڵۆزە ئاوا زانستانە بخاتە روو؟!

دیارە ئەم قورئانە سروشی خوایەو زانستی پەروەردگارە بۆیە وابێ خەوشو راستو دروستە.؟!

پەردەکانی جەنین، کۆرپەلە، ئاولەمە (أغشية الجنين):

خوا دەفەرموێ:

{يَخْلُقُكُمْ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ خَلْقًا مِن بَعْدِ خَلْقٍ فِي ظُلُمَاتٍ ثَلَاثٍ ذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ – سورة الزمر/ ٦}:

واتە: خوای گەورە ئێوەی لە سکی دایکانتاندا دروست دەکاو گۆڕانکاریتان بەسەردا دێنێ؟ لە دڵۆپە ئاوەوە بۆ خوێنپارە، لە خوێنپارەوە بۆ گۆشتپارە لە گۆشتپارەوە بۆ ئێسقانو ئەمجار داپۆشینی ئەو ئێسقانانە بە ماسولکەو پێست هەموو ئەم گۆڕانکاریانە لەناو سێ پەردەی قایمدا ئەنجام دەدرێن؟! ئەم

دروستکارە بە دەسەڵاتە خوای ئێومیە هەموو مڵكو ماڵی بونەوەر بۆ ئەوە لەم ئایەتە پیرۆزەدا موعجیزمیەکی زانستی قورئان هەیە ئەویش ئەوەیە کە قورئان پێش هەزارو چوار صەدو ئەوەندە ساڵ پێمان دەڵێ: کۆرپەڵە لە رەحمی دایکیا لە نێو سێ پەردەدایەو وەڵێ بەو پەردانە دەفەرموێ تاریکایی ئێستا زانستی نۆشداری پێیان دەڵێ پەردەی (المنباری) پەردەی (الخوربون) پەردەی (اللفائفي) شایانی باسە کە ئەم پەردانە بە ئامێری وردبین نەبێ نابیندرێنو لێك جیا ناکرێنەوە، چونکە بە چاوی ئاسایی هەر بەیەك پەردە دێنە پێش چاو.

سەرچاوەی پێکهاتنی مرۆڤ (مصدر تكون الانسان):

خوا دەفەرموێ:

{وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتَ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَى شَهِدْنَا – سورة الأعراف/ ١٧٢}:

واتە: ئەی پێغەمبەر ئەوکاتە بێنە یادی خۆتو بۆ مەردومی باس بکە کە خوای تۆ لە پشتی ئادەم زەروێتی مرۆڤی دەرهێناو دوایی لە پشتی ئەوانیش زەروێتو نەوەی تری لێ پەیدا کردون، جا لە رۆژی (قَالُواْ بَلَى)دا نوری خۆی بەسەر روحیانەتی ئەواندا رانواندوەو پێی گوتوون ئایا من خوای ئێوە نیم؟! ئیتر رۆحیانەتی هەموو مرۆڤێك بڕوایان بە خوایەتی خوا کردوەو بە یەك دەم وتویانە بەڵێ تۆ خوای ئێمەی!!

لێرەدا ئایەتەکە راستەو خۆ دان بەوەدا دەنێ کە خوای گەورە گەرای مرۆڤی لە پشتی خۆیان وەرگرتووە، ئاشکراشە کە هێلکە (گەرا) لە خوار پشتەوەیە نەك لە پشتدا بێ، بەڵام دیارە ئایەتەکە باسی دروست بوونی مرۆڤ دەکا لە سەرەتایدا باسی زانستی (Embryology)یان عیلمی جەنینەکان دەکا قسە لەو بەشە دەکا کە بریتییە لە (نوتفە).

ئەم بەشە رێك دەکەوێتە خوار گورچیلەوە. ئەو ئەندامانەی کە گەرایان لێ پەیدا دەبێ لەم بەشەوە سەر هەڵ دەدەن لە پشتدا لە خوار گورچیلەوە لە سکی

دایکیا دەمێنێتەوە، تا ماوەیەکی دیاری کراو ئەمجار دێتە خوار لە سەرەتای لەدایك بونیا دێتە شوێنی ئاسایی خۆی، کەوابوو ئایەتەکە ئاماژە دەکا بۆ نوختەی سەرەکی لە جیسمی کۆرپەلەدا ئەو نوختەیەی کە نوتفەی لێ وەردەگیرێ ئەویش بێگومان پشتە، جا لەم سەد ساڵەی دوایی پێش کەوتنێکی ئەو تۆی بە دەست نەهێناوە کەوابوو دەبێ ئەم ئایەتەش بە موعجیزەیەکی عیلمی بژمێررێ.

چۆنیەتی دروست بوونی نێرو مێ (كيفية تكوّن الذكر والأنثى):

خوا دەفەرموێ: {أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَى، ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّى، فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَى – سورة القيامة/ ٣٧-٣٩}:

واتە ئایا ئادەمیزاد وا گومان دەبا کە هەروا بە هەوانتە وازی لێ بێنرێو پاش گوی بخرێو هیچ ئەرکێکی نەخرێتە سەر شانو هیچ پاداشیشی نەدرێتێ. دیارە شتی وا نەبوەو نابێ، ئایا هەر یەکێك لە ئێوە لە سەرەتادا بریتی نەبووە لە دڵۆپە ئاوێكو خراوەتە نێو رەحمی دایکییەوە؟ دوایی ئەو دڵۆپە ئاوە گۆڕاوەو بوەتە خوێنپارەو دوایی سیماو شکڵی لێ دروست کراوەو گیانی بەبەردا کراوە.. هەر لەو دڵۆپە ئاوەی پیاو، نێرو مێمان دروست کردوە، لەم ئایەتە پیرۆزەدا قورئان ئەوە دەچەسپێنێ کە کۆرپەلە نێر بێ یان مێ بێ کانی سەرەکی ئاوی پیاوەو لەو پەیدا دەبێ، ئەمەش راستییەکی زانستییەو قورئان ئاماژەی بۆ کردوەو ئەمڕۆ عیلمی تازە دەی چەسپێنێو لەگەڵ قورئاندا یەك دەگرنەوە.

شتێکی چەسپاوو باوە کە هێلکەدانی مێینە (مبيض الأنثى) مانگی یەك جار گەرا دروست دەکا، بەڵام ئاوی پیاو هەموو جارێك ملیۆنەها خانەی سپێرمی (خلايا منوية) دەرێژێ، ئەم (خانە سپێرمی)یانە هەر کاتێ بگەنە هێلکەی مێینە لێی دەهاڵێو پێکەوە خانەیەکی سپێرمی دروست دەکەن دوایی ئەم خانە سپێرمییە بۆ خۆی دەبێتە ملیۆنەها خەلییە لەم خەلایانە کۆرپەلە دروست دەبێ، گونەزای پیاو (السائل المنوي) دیاردەو رەنگو سیمای نێرو مێی پێوەیە جا

هەر کاتێ گونەزا، (شەهوەت)ی پیاو تێکەڵ بە هێلکەی مێینە ببێ هی پیاوەکە دیاردەی مێینەی پێوە بێ کۆرپەکە مێ دەردەچێ ئەگەر هی پیاوەکە سیماو رەنگی نێرینەی پێوە بێ کۆرپەکە نێر دەردەچێ، کەوابو کانگای گەراکەو چۆنیەتی نێرو مێی کۆرپەکە هەر لەهی ئاوی پیاوەکەدایە، جا کە قورئان دەفەرموێ: { فَجَعَلَ مِنْهُ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَىٰ} راناوی (منه) دەگەرێتەوە بۆ وشەی (منی) شەهوەت ئەویش هی پیاوە نەك هی ژن کەوابوو دەبێ ئەم ئاماژە کردنو بۆ چوونەی قورئانیش بە موعجیزەیەکی زانستی بژمێردرێ.

گونەزای مرۆڤ لە زەروو دەچێ:

خوای گەورە دەفەرموێ:

{اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ، خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ}:

واتە: ئەی موحەممەد! بخوێنە بەناوی خوای خۆت، ئەو خوایەی تۆی لە نەبوونەوە دروست کردوە، مرۆڤی دروست کردوە لە گونەزایەك ئەمە بۆچوونی قورئانە پێش چواردە سەدە وا تازە ئەمرۆ زانستی نوشداری چەسپاندویەتی کە گونەزای مرۆڤ مادەیەکی شلی فرە زیندەوەرە ئەم زیندەوەرانە لەبەر پچکۆلەییان بە چاوی عادەتی نابیندرێن، بەڵکوو بە ئامێری (میکرۆسکۆب) دەبینرێن. هەر زیندەوەرێکیش لەم زیندەوەرانە سەلكو ملو کلکی هەیە لە شێوەی سەرو سیمادا زۆر لە کرمی زاروو دەکا، کەوابوو کە خوای گەورە دەفەرموێ: {خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ} مانای ئەوەیە کە مرۆڤی دروست کردوە لەم گیاندارانەی کە لەم کرمە دەچن بەم لێك چواندنەش زیاتر ماناکەی لە عەقڵو بیری مەردومەکە نزیکتر کردۆتەوە.

شایانی باسە کە ئەم ئایەتەش موعجیزەیەکی تری ئاشکرایە لە موعجیزەکانی قورئانو کاتی خۆیو سەردەمی نازڵ بوونیو دوای نازڵ بونیشی بە سەدان ساڵ ماناکەی نەزاندراوە تا لەم سەدەیەدا بەهۆی ئامێری میکرۆسکۆب چۆنیەتی دروست بوونی مرۆڤ لەم گونەزایانە زاندراوە.

جیاوازی نێوان چاوە قامکی مرۆڤ (اختلاف بصمات الإنسان):

خوای گەورە دەفەرموێ: {لَا أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيَامَةِ، وَلَا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ، أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَلَّن نَجْمَعَ عِظَامَهُ؟ بَلَى قَادِرِينَ عَلَى أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُ – سورة القيامة}:

واتە: سوێند دەخۆم بە رۆژی رەستاخیز سوێندم بە دەرونێکی خاوەن بیرو هۆش، نەفسێك کە هەمیشە خاوەنەکەی هەڵئێ بۆ کردنی چاکە، ئێوە زیندو دەکرێنەوە. ئایا مرۆڤ وا گومان دەبا کە ئێمە جارێکی تر ناتوانین ئێسك و پروسکی رزیویان کۆبکەینەوەو رێکیان بخەینەوەو سەر لەنوێ دروستیان بکەینەوە؟! با وانەزانێ، ئێمە توانامان هەیە جارێکی تر (تەنانەت سەرە پەنجەکانیشی رێك بخەینەوە وەکوو خۆیان وەکوو جاری پێشو دروستیان بکەینەوە).

دەی باشە با ئێمە سەرنج بدەین و پرسیار بکەین بۆچی پەروەردگار بە تایبەتی باسی سەرە پەنجەی مرۆڤی کردوە دیارە ئەمە هۆیەکی هەیە بەڵێ: ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ (چاو، لووت، گوێچکە، رومەتن ....هتد) جاری وا هەیە هی ئەم مرۆڤ لەهی ئەو مرۆڤ دەچێ بەلام سەرە پەنجەی هیچ مرۆڤێك لە سەرەپەنجەی مرۆڤێکی تر ناچێ ئەمەش راستییەکی زانستییەو لەوەپێش نەزاندراوە (تەنانەت تا ئەم سەدەیەی رابوردوش) واتە دوای نازڵ بوونی قورئان بە دوانزە چەرخ و نیو ئەمجار هەست بەم حەقیقەتە عیلمییە کراوە، ئەوەبوو ساڵی (١٨٨٤ز) بە شێوەیەکی رەسمی لە ئینگلتەرە هەست بە گرینگی سەرەپەنجە کراو بۆ رێبازی دۆزینەوەو ناسینەوە بەکارهێنرا مۆرکردنی پەنجە لەسەر بەڵگە نامەو نامەو پەیمان ...هتد، هاتەکایەوە چونکە پێستی سەرەپەنجەی هەر کەسێك داپۆشراوە بەچەند هێڵێك ئەم هێڵانە سێ جۆرن کەوانەیی، تێکچرژاو، بازنەیی جۆرێکی تریش هەیە پێك هاتووە لە تێکەڵی ئەم سێ جۆرە هێڵە، ئەم هێڵانەی چاوەی قامك بە درێژایی تەمەنی مرۆڤ ناگۆڕێن سەرە پەنجەی هەر یەکێکیش جیاوازی هەیە لەگەڵ سەرەپەنجەی یەکێکی تر.

کەوابوو قورئانی پیرۆز تەنها بریتی نییە لە وشە ریزکردن بەڵکوو هەر وشەیەکی مانای خۆی هەیەو هەر ئایەتێك بۆنو بەرامی تایبەتی خۆی هەیە.

خوێنەری ئازیز ئەمانە چەند نموونەیەکی کەم بوون لە موعجیزە زانستیەکانی قورئان لەم بەشەدا راماننواندن، خوا یاربێ برێکی تریشیان لە باسی تەندروستیدا دێنین.. با جارێ لێرەدا وازیان لێ بێنینو بۆ شوێنی خۆیانیان هەڵگرین، بەڵام ئێستا لەم بەشەی داهاتوودا باسی موعجیزاتی قورئان دەربارەی کۆمەلایەتیو گونجاندنی بۆ هەموو کاتو شوێنێك دەکەین؟!.

شایانی باسە کە زانستو بەرنامەو یاسای کۆمەڵگاکانی سەر زەوی دانی بە کۆڵیو لێ قەوماویو داماویيو دەستە وەستانی زانیاریدا ناوە لە ئاست زوربەی لایەنەکانی کۆمەلایەتی واتە چەندە زانست لەبارەی تەکنۆلۆژیو نۆشداریو ئاسمان شوناسی... هتد دا پێشکەوتووە ئەوەندە لەبارەی کۆمەلایەتییەوە دواکەوتووە، ئەمەش راستییەکە زاناکانی بێگانە پێش زانا موسوڵمانەکان دانیان بەم دیاردەدا ناوە.

(دکتۆر جون کوینسی ستیوارت) مامۆستاو پرۆفیسۆری سروشت زان لە دانیشگای برینستون باسی کردوەو دەڵێ: لەکاتێکدا زانستی سروشت ناسی سەرکەوتنێکی ئەفسووناوی وەدەست هێناوە پێشکەوتنێکی بەخۆوە بینیوە، کەچی لەبارەی کۆمەلایەتیەوە بە پێچەوانەوەیەو تا ئێستا چ پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە. دەبینین مرۆڤ لە سروشت ناسیدا، زیندەوەرزانی دا، هەندەسەو نۆشداریدا زنجیرە سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێناوەو جێگای باسکردنە، کەچی لە بواری رامیاریو تیووری بوژانەوەو باری بەرێوەبردنی فەرمانرەواییو نەخشەی کۆمەلایەتی زۆر لە دوایە مامۆستاو لێکۆڵەرەوەکانی بواری کۆمەلایەتی خۆیان بڕوایان بەم دیاردەیە هەیە!!!.

بەشی چوارەم:

بڕوا بە خوداو چەند بەڵگەیەکی

سەرە باسەکانی ئەم بەشە:

بەڵگە لەسەر هەبوونی خودا- ئەم بونەوەرە بەڵگەیە لەسەر هەبوونی خودا - (شەوو رۆژ خۆرو مانگ بەڵگەن لەسەر هەبوونی خودا) - رێك و پێکی سروشت و خانە زیندوەکان (الخلايا الحية) بەڵگەن لەسەر هەبوونی خودا- دروست کردنی رووەك بەڵگەیە لەسەر هەبوونی خودا- خانە خانەکانی رەچەڵەك (وحدات الوراثة) بەڵگەن لەسەر هەبوونی خودا- دروستکردنی مرۆڤ بەڵگەی هەبوونی خوان (زاوزێی مرۆڤو ئاژەڵ بەو جۆرەی کە هەیە بەڵگەیە لەسەر هەبوونی خوا) بڕوا بە خوا شتێکی دەروونییەو لە دەرووندا پەیدایە.

زانست بانگەوازی خەڵك دەکا بۆ بڕوا بەخوا:

مشتو مڕ لەگەڵ ماددییەکاندا:

بڕوا بە هەبوونی خوا شتێکی خوایی زکماکی سەرەتایی و داخوازییەکی دەروونییەو مرۆڤ نازانێ سەرەتا چۆن بۆی پەیدا دەبێ، باوەڕ بەخوا کارێکی زەرورییەو بەرو بەرهەمی هۆش و بیرەو عەقڵ خۆی پەی پێ دەباو چەکەرەی لە دڵدا شین دەبێ.

شتێکی بڕوا پێکراوو بەڵگە نەویستیشە کە هەموو شتێك بەدیهێنەرێکی هەیە دەیهێنێتە کۆڕی بونەوە، یان بڵێین وەستایەك هەیە دروستی دەکاو رێکی دەخا، کەوابوو ئەگەر مرۆڤ سەیری بونەوەر بکاو چی تێدایە لە جڕو جانەوەر بە پێش چاوی خۆیدا رای نوێنێ، زانیارییەکی زەروریی بۆ پەیدا دەبێ بەوە کە ئەم مەخلوقات و بونەوەرە سودفە نەیهێناوەتە کۆڕی ژیانەوە بەڵکوو دەبێ دروستکەرێك بەدی هێنابێ.

بەڵگە لەسەر هەبوونی خوا (البرهان على وجود الله):

بیروباوەڕی تاك تاکەی کۆمەڵ و مرۆڤ بەگشتی دەربارەی خوا بڕوایەکی زەرووری و خوا دادە بۆ خاوەن عەقڵ و بیر پەیدا بووە، پێش سەرهەڵدانی رێبازی

بەڵگەو لێكۆڵینەوە پەیدا بووە، هەر مرۆڤێك هەستی بە چاكەو خراپە كردبێ لەخۆوە بیرو باوەڕێكی تایبەتیش لە ناخیدا سەری هەڵداوە، بەڵام مرۆڤ هەرچۆنێك بیر لە مێژووی منداڵی خۆی بكاتەوە، ناتوانێ ئەوساتە دەستنیشان بكا كە تێیدا بڕوای بەخوا بۆ پەیدا بووە! بڕوایەك كە بەبێ دەنگو لە خشكەوە چۆتە دەروونیەوەو گەورەترین كاریشی كردۆتە سەر ژیانی، ئاشكراشە كە ئەم بڕوایە وەكوو هەموو هەست پێكراوێكی سەرەكی لە دەروونی هەریەكێ لە ئێمەدا پەیدا بووە، گومانیش لەوەدا نیە ئەم بڕوا سەرەتاییە یا بڵێین ئەم بڕوا دەرونییە لەپاش چەكەرە كردنی بە سروشت لەژێر كارتێكردنی گۆرانیو لاواندنەوەی دایكو ئامۆژگاری باوكو كەسو كاریشا گەشەی كردوە، دوایی لە قۆناغەكانی ژیاندا بەهۆی لێكۆڵینەوەو تێفكرینەوە تەواو چەسپیوەتە دڵی ئێمەوە، شایانی باسە كە هەر قۆناخو بارو دۆخێك بۆ ژیانی مرۆڤ دابنرێ دەتوانرێ بۆ ژیانی گەلو هۆزیش بگوترێ، چونكە مێژوو بۆمانی دەگێڕێتەوە كە هەر لە كۆنەوە كەسانێك هەبوون لە خودی خۆیانەوە بڕوایەكی فیترى (فطري)یان بە هەبوونی دەسەڵاتێكی بەهێزو راگرو رێخەری بونەوەر هەبووە، بڕوایان وابووە كە خوایەك هەیە دادپەروەرو خاوەن دەسەڵاتە، پاداشی چاكە بە چاكە دەداتەوەو سزای خراپەش بە خراپە.. جا یا لە جیهاندا دەبێ یا لە رۆژی رەستاخیزدا. مرۆڤی كۆن لە بواری بڕوا بە خوادا گۆڕانكاری بەسەردا هاتو گومانی جۆێ جۆێی دەربارەی دروستكەری بونەوەر بۆ پەیدا بوو، ئەوجا پەروەردگار یەك لەدوای یەك پێغەمبەرەكانی نارد بۆ شارەزاكردنی مەردومو هاوردنیان بۆ سەر رێبازی راست، پێغەمبەرەكانیشی پاڵپشت كردوە بەوە كە موعجیزەی لەسەر دەستیان دەرخستووە، موعجیزەش بۆ خۆی برێتییە لە كردەوەیەك كە لە زوور توانای مرۆڤەوە بێ پەروەردگار بۆیە موعجیزەی داوە بەم پێغەمبەرانە (درودی خوایان لەسەر بێ) تاوەكوو مەردومەكە بە پیر بانگەوازەكەیانەوە بچنو بڕوا بە پێغەمبەرایەتیەكەیان بكەنو بزانن كە ئەمانە رەوانە كراوی خودانو لە گومڕایی دەربچنو بێنە سەر رێبازی خوا پەرستی، بەڵام ئەمڕۆ بیرو هۆشی مرۆڤ

پێشکەوتووەو وەکوو ڕۆژگاری کۆن موعجیزە کاری تێناکاو ئەو دەورەی ڕابوردووی نەماوە، بەڵکوو عەقڵو لێکۆڵینەوەی زانستی بوونەتە ڕێبازی سەرەکی فیکری مرۆڤی هاوچەرخ.. لەبەرئەوە پێویستە ئەمڕۆ ئایینو پێشەوایانی ئایین بەڵگەی تازەی زانستیی بێننەوەو ڕێبازی بانگەوازی بۆ ئیسلامو هەبوونی خوا زانستانەو کارامانە بێ، سەیر لەوەدایە کە تەنها ئایینی ئیسلام مرۆڤ هەڵ دەنێ بۆ ئەوەی کە عەقڵو بیرو هۆش بخەنە کار لە ڕێگەی عەقڵەوە خوا بدۆزنەوە!! چەندەها ئایەتی قورئان هەیە بە ئاشکراو بە نهێنی داوا لە موسوڵمانان دەکا کە لە بونەوەر وردببنەوەو عەقڵ بەکاربێنن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دوژمنانی ئیسلام هاتوون تانەو تەشەر لە ئیسلام دەدەنو دەڵێن: (گوایە محمد بە ئاشکرا داکۆکی لەسەر ئەوە کردوە کە نابی لە بارەی ئایینەوە عەقڵ بەکار بهێنرێ چونکە بوونی خوا بە بەڵگەی عەقڵی ناچەسپێنرێ) دیارە ئەم بۆچوونە لەگەڵ ڕاستیدا یەك ناگرنەوە، ئەمە خەیاڵ پلاوێکە (الأب تيري) لە دەروونی پیسی خۆی هەڵی هێنجاوەو بوختان بەدەم پێغەمبەرەوە دەکا، ئەگینا شتی وا لە ئاییندا نیەو نەبووە بەڵکوو وەکوو گوتمان ئایەتەکانی قورئان کە باسی بڕوا بەخوا دەکەن، هەموویان داوای بەکارهێنانی عەقڵ دەکەنو قسە لەگەڵ عەقڵ دەکەن ئێمەش لێرە بەولاوە بە گوێرەی پێویست چەند بەڵگەیەك ڕادەنوێنین داوا دەکەین خوێنەر بۆ خۆی ڕای خۆی لەم بارەوە دەربڕێ، تێبینی ئەوە بکا چۆن ئیسلام لایەنی عەقڵی مرۆڤی گرتووەو دەیەوێ ڕادەی بیرو هۆشی بەرەو پێش بڕواو هەوڵ بدا لە نهێنی بونەوەر تێبگاو تا لە ئاکاما لەناخی دڵەوە بڕوا بەبوونی خوایەکی دروستکەرو بەتواناو دەسەڵات بهێنێو هەست بکا کە ئەم بونەوەرە بەم شێوە ڕێكو پێکە خاوەنێکی هەیەو لەخۆیەوە بەدی نەهاتووە.

ئەم بونەوەرە بەڵگەیە لەسەر هەبوونی خوا:

بەڵگە لەسەر هەبوونی خوا زۆرن، گەورەترین بەڵگە لەسەر هەبوونی ئەو زاتە دروست کردنی ئەم بونەوەرمیە، ڕاگرتنی ئەم کەونەیە، ئەو زەوییەی کە

لەسەری دەژین ئەو کۆمەڵە سامناکە زۆرو بێ شمارەی ئەستێرەکان: کە هەتا مرۆڤ تێیان بفکرێ زیاتر لێیان سەر سام دەبیو ناچار دەبێ بڕوا بە دەسەلاتو هێزێك بکا کە ئەو بونەوەرەی بەدی هێناوەو رایگرتووە.. قورئانی پیرۆز زۆر ئایەتی تێدان کە داوا دەکا لە مرۆڤ بە چاوێکی وردبینییەوە سەیری بونەوەر بکەنو بێ پەردە لە ئاسمانو زەوی بڕوانو سەرنج بدەن. زوربەی ئایەتەکانی قورئان بانگەوازی مرۆڤ دەکەن کە لە نهێنییەکانی کەونو کائینات تێ بفکرن. تا لە روانگەی ئەمەوە بڕوا بە خوایەتی خوا بەهێزبێو شكو گومانی لە دڵ دەرچێ؟

{قُلِ انظُرُواْ مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا تُغْنِي الآيَاتُ وَالنُّذُرُ عَن قَوْمٍ لاَّ يُؤْمِنُونَ} (١٠١) سورة يونس:

واتە: ئەی پێغەمبەر! بەو مەردومە رابگەیەنەو پێیان بڵێ: سەرنج لە ئاسمانەکانو زەوی بدەنو بزانن چییان تێدایە! دەبینن هەموو شتێکی ناو ئاسمانو زەوی خوایەتیو تاکو تەنیاییو بەدەسەڵاتی خوا دەگەیەنن!! بەڵام هەر کەسێك لە عیلمی خوادا بە گومڕاو سەر رەق نوسرابێ هەرگیز نیشانەکانی خوایەتی خواو ناردنی پێغەمبەرانو ئامۆژگارییان بۆ ئەو سوودی نیەو کەڵکی لێ وەرناگرێ!!.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ:

{أَوَلَمْ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللّهُ مِن شَيْءٍ وَأَنْ عَسَى أَن يَكُونَ قَدِ اقْتَرَبَ أَجَلُهُمْ فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ} (١٨٥) سورة الأعراف:

واتە: ئایا بۆچی ئەم خەڵقە لە بونەوەر تێ نافکرنو سەرنج لە مەخلووقاتی خوا نادەن؟! بۆ تێ نافکرن لەو شتانەی خوا دروستی کردوون هەتا ئەگەر شتێکی بەدیمەن بچوكو بێ وەج بێ لە حەقیقەتدا چەند سوودی تێدایە. بەڕاستی واقیعو حاڵ ئەوەیە کە نزیکە ئاکامو ئەجەل داوێنگیریان ببێو مەیدانی کردەوەی باشیان نەمێنێ؟! دەی باشە کە بڕوا بەم قورئانە بەهێزو بەرزو شیرین تەرزە ناکەن ئەی بەچی دی بڕوا دەکەنو ئیمان دەهێنن؟!

لێرەدا قورئانی پیرۆز بە ئاشکرا ئەوە دەچەسپێنێ بیرو باوەڕی گومڕایی‌و ئیلحاد ئەگەر بە تێفکرین‌و تێڕوانینی ئەرزو ئاسمان‌و رێك‌و پێکی سروشت‌و بونەوەر لە دڵی مرۆڤ دەرنەچن ئیتر چ بەڵگەیەکی تری بەهێز نییە کار بکاتە دڵی گومڕاو بێ باوەڕان؟! کەوابوو تەنها موسوڵمانانن کە بەڵگە لەسەر هەبونی خوا بە دروست کردنی بونەوەر دێننەوەو بەلایانەوە رێك‌و پێکی بونەوەر بەڵگەیە لەسەر هەبوونی خوا {خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ} (٤٤) سورة العنكبوت:

واتە: خودا زەوی‌و ئاسمانەکانی بە رێك‌و پێکی دروست کردون، لەم دروستکردنەدا بەڵگەی خوایەتی خوا هەن بۆ کۆمەڵی موسوڵمانان.

یان دەفەرموێ: {إِنَّ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَآيَاتٍ لِّلْمُؤْمِنِينَ} (٣) سورة الجاثية:

واتە: بە راستی لە ئاسمان‌و زەویدا زۆر بەڵگە لەسەر خوایەتی خوا هەن‌و موسوڵمانان بڕوایان پێ پتەو دەبێ.

لێرانەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە پرسیارەکەش ئەوەیە: ئایا ئەم کەونە چەندەو چۆنەو چییە؟! لە وەڵامدا دەڵێین زانایانی ئاسماننناسی دەڵێن: زەوی بریتییە لە بەشێك لەبەشەکانی کۆمەڵەی خۆریی (المجموعة الشمسية) کۆمەڵەی خۆریش بەشێکە لە بەشەکانی کۆمەڵەی مەجەڕە وەکاشەکان کۆمەڵە مەجەرەکانیش بەشێکن لە بەشەکانی شارە ئەستێرەکانی بۆشایی فراوان. زیاد لەمانەش چەند نەیزەك‌و ئەستێرەی ئاگراوی‌و کلك دارو مانگی تر هەن.

دەی کەوابوو ژمارەی ئەو ئەستێرانەی کە لە مەجەڕەی خۆماندا هەن‌و سەر بە کۆمەڵەی خۆرن‌و پێیان دەگوترێ کاکێشان (درب التبانة) چەندن؟! لە وەڵامدا دەڵێین: ئەگەر بە چاوی ئاسایی‌و عادەتی سەیرییان بکەین دەبینین ژمارەی تێکڕای ئەم ئەستێرانەی کە لە دوو نیوە گورەی باشوورو باکوردا دەبینرێن لە شەش هەزار ئەستێرە تێپەڕ ناکەن بەڵام ئەگەر بە ئامێری دووربین‌و پێشکەوتوو سەیریان بکەین ژمارەیان زۆر زیاتر دەبێ؟ زانای ئاسمان ناس (کابتین) دەڵێ:

ژمارەیان بە (٤٠,٠٠٠) ملیۆن دادەنرێ. مامۆستا (شابیلی) کە زانایەکی فەلەکی دووربینی هارڤەردە دەڵێ: ژمارەیان دەگاتە (١٠,٠٠٠) ملیون ئەستێرە ژمارەی مەجەرەکانیش دەگاتە (١٠٠) ملیۆن مەجەرە هەر مەجەرەیەکیش چەند ملیون ئەستێرەی هەڵگیرساوو ئاگراوی تێدایە. دەی باشە قەبارەی ئەم ئەستێرانە دەبێ لەبەرامبەر قەبارەی خۆردا چەند بێ؟!

لە وەڵامدا دەگوترێ: خۆر بۆ خۆی ئەستێرەیەکە وەکوو ئەو ئەستێرانەی کە بە ئاسمانەوە دەبینرێن، وەلێ کە بە گەورەتر لەوانی تر دێتە بەرچاومان لەبەرئەوەیە کە لە ئێمەوە نزیکترە، دەنا خۆی ئەستێرەیەکی مامناوەندییە، بچوکترین ئەستێرەیەك کە تا ئێستا دزراوەتەوە ئەستێرەی (فان کاتن)ە، کە رەنگ بێ کەمێ لە گۆی زەوی گەورەتر بێ لەگەڵ ئەوەیشا ملیۆنێ ئەستێرەی ئاوا لەناو قەبارەی گۆی خۆردا بەهاسانی جێی دەبێتەوە. بگرە پتریش، لەلایەکی تریشەوە ئەستێرەی وا زەبەللاح هەیە خۆر لە چاویا هیچە، تەنانەت ئەستێرەی (منکب الجوزاء) ئەوەندە گەورەو زەبەللاحە جێگای ملیونەها ئەستێرەی وەکوو خۆری تێدا دەبێتەوە، دەی باشە ئەم ئەستێرانە چەند لە ئێمەوە دوورن؟! لە وەڵامدا دەڵێین: کۆمەڵەی خۆر کە زەویش لەوانە ئەوەندە لە ئەستێرەکانی ترەوە دوورن دەتوانرێ بە گۆشە گیرێکی تەواو حسێب بکرێن لە فەزادا، چونکە دووری خۆر لە ئێمەوە کەمتر لە (٩٣) ملیۆن میلە واتە زیاتر لە چوار صەد جار بەقەی دووری مانگ لە ئێمەوە دوورترە، خۆ کاتێك بمانەوێ رێژەی دووری ئەستێرەکانی تر بزانرێ هەزار ملیۆنیش بەش ناکاو باس ناکرێ، بەڵکوو پێویستە ئەوکاتە قسە لە ملیۆن ملیۆن بکەین، بۆیە زانایانی ئاسمان ناس هاتوون خێرایی روناکییان کردوە بە ئامێری رونکردنەوەو زانینی ئەندازەی دووری نێوان ئەستێرەکان، واشیان تەخمین کردوە کە خێراییو تیژرۆیی روناکی لە چرکەیەکدا (١٨٦,٠٠٠) میلە، دورترین ئەستێرەی گەرۆك کە ناوی بلۆتۆنەو سەر بە کۆمەڵەی خۆرە روناکی ئەومان بە چوار پێنج سەعات دەگاتی لە کاتێکا گەیشتنی روناکی لە نزیکترین ئەستێرەی کۆمەڵە ئەستێرەی ترەوە چوار پێنج ساڵ دەخایەنێ.

پێشکەوتوترین ئامێری دووربینو وێنە گرتن تا ئەمڕۆ هەر دەتوانێ ئەو ئەستێرانە ببینێ کە دوو هەزار ملیۆن ساڵی روناکی لە ئێمەوە دوورن. ئەوەش زانراوە کە کۆمەڵە ئەستێرەی سەر بە خۆر بە هێواشی بە دەوری تەوەرە (میحوەری) خۆیاندا دەسوڕێنەوە هەروەها کۆمەڵە ئەستێرەی تریش هەمان سوڕانەوەو جوڵانەوەیان هەیە.

کەوابوو هەبوونی ئەم هەموو بلوێنە ئەستێرەیەو دابەش کردنیان بەو شێوە رێكو پێکەو هەڵسوڕانو هاتوو چۆیان بە گوێرەی نیزامو یاسایەکی دیاری کراوی وا کە بەهیچ جۆرێك لێك نەخشێنو دەعم نەکەنو بەری رێگا بە یەکتری نەگرن ئائەمانە هەمووی گەورەترین بەڵگەیە لەسەر هەبوونی خوایەکی خاوەن دەسەڵاتی بێ هاوبەشو بێ هاوتا کە هیچ بەڵگەیەکی تر نایگاتێ هەر بۆیەشە قورئان دەفەرموێ:

{فَلَا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ وَإِنَّهُ لَقَسَمٌ لَّوْ تَعْلَمُونَ عَظِيمٌ} (٧٥) سورة الواقعة:

واتە: سوێند دەخۆم بە روانگەو بەجێی هەڵاتنو شوێنی هاتوچۆی ئەستێرەکان، کە گەورەترین نیشانەن لەسەر دەسەڵاتی خوا، ئەم سوێندە ئەگەر بزاننو تێ بفکرن سوێندێکی زۆر گەورەیە، دیارە گەورەیی سوێندەکە لەبەر گەورەیی سوێن پی خوراوەکەیە کە مەنزڵو بورجی بلیۆنەها ئەستێرەیە جا ئەگەر تۆزێك بە وردی سەیری رستەی (لَّوْ تَعْلَمُونَ عَظِيمٌ) بکەین دەبینین کە ئەم رستەیە باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە قورئان نیگای خوایە چونکە مانای تەواوی ئەم رستەیەی قورئان تەنها زانایانی ئاسمان ناسی دەیزانن‌و تێی گەیشتونو لە نهێنیو ئامازە کردنی قورئان بۆ ئەم لایەنە حاڵی بوون، ئەویش دوای پەیدابوونی دووربینی پێشکەوتوو کە بەهۆی ئەوەوە زۆر نهێنی بونەوەر دۆزراوەتەوەو زانراوە..!!

ئەنشتاین دەڵێ: (لەگەڵ هەست بە هیچو پووچی خۆما)، ئەو گیانە هەرە بەرزە بی سنوورو بی پایانەم گەڵێ بەدڵە کە گەڵێ جار لە پشت پەردەی غەیبەوە

شـەوقێ دەداو هەنـدێ جـار درێـژە پێـدانی کـەم وەدەردەخـا کـەبیرو هۆشـی کـۆڵی ئێمە دەتوانێ پەی پێ ببا، ئیتر ئەم بڕوایـە کـە لـە قـووڵایی دڵو دەروونمـا ڕەگـو ڕیشەی داکوتاوە لەگەڵ باوەڕ بە هەبوونی هێزێکی زاناو داناى باڵادا کـە دەتـوانین لەناو ئاوێنەی ئەم بونەوەرە ئەفسووناوییەدا هەستی پی بکەین.. ئائەمـە بـوو بـە دەستە چرای من بۆ بیرو باوەڕم لە بارەی خودا وەندەوە!.

دوکتۆر (ماریت ستانلی کونجدن) دەڵێ: هەرچی لـە بونـەوەردا هەیـە شـایەتی دەدا لەسـەر هـەبوونی خـواو بەڵـگەیە لەسـەر دەسـەڵاتو گـەورەیی ئـەو زاتـە کـاتێکیش ئێمـەی پـسپۆڕو شـیکەرەوەی دیاردەکـانی سروشـت لێکۆڵینـەوە لـە بونـەوەردا ئـەنجام دەدەیـن لـە هـەموو شـتێکدا هەسـت بـە شـاکاری دەسـەڵاتو قودرەتی خوا دەکەینو گەورەیی ئەو زاتەمان بۆ دەردەکەوێ...

دەی باشە بۆ پێویست نییە لەسەر ئێمە لە کاتێکا بیر لە چـەندو چۆنی ئـەم کەونە دەکەینەوە، بڕوایەکی قایمو پتەو بە خوایەکی دروسـتکەری بـەهێزو توانـا بهێنین، کـە لـە قەناعـەتی عـەقڵو بەڵـگەی زانـستییەوە بنـەوانی هەڵـگرتبێ وە هەردەمو هەرکات ئەم ئایەتە پیرۆزە بکەین بە دروشمی سەر زارمان.

{إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لآيَاتٍ لِّأُوْلِي الألْبَابِ، الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىَ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِـي خَلْـقِ الـسَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ رَبَّنَا مَـا خَلَقْتَ هَذا بَاطِلاً} (١٩٠) سورة آل عمران:

واتە: بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکانو زەویدا لە هاتوچۆو پەیـدابوونی شـەوو ڕۆژدا چـەند بەڵـگەی بـەهێزو پێـز هـەن لەسـەر خوایـەتی خـوا، ئەوانـەی خـاوەن عـەقڵو فـامن هەسـتی پـێ دەکـەن، ئەوانـەی هـەردەم یـادی خـوا دەکـەنو خوایـان لـەبیر ناچـێتەوە، بـە ڕاوەسـتانەوە بـە دانیـشتنەوە بـە ڕاکشانەوە لەسـەر تەنیشت لەسەر هەموو حاڵێ، هەردەم سەرنج لە دروسـتکردنی ئاسمانـەکانو زەوی دەدەنو بیر لە دیاردەکانیان دەکەنەوە دەڵێن: پەروەردگارا! تۆ ئەمەت بەبی هـودە دروست نەکردوە!؟!.

شەوو ڕۆژ، خۆرو مانگ، بەڵــگەن لەسەر هەبوونی خوا:

قورئان دەفەرموێ:

{وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لَا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ} (٣٧) سورة فصلت:

واتە: بڕێـك لـە بەڵـگەو نیـشانەی خوایـەتی خـوا پەیـدابوونی شـەوو ڕۆژە، هاتوو چۆی خـۆرو مانگـە، سوڕانەوەی ئەسـتێرەکانە کـەوابوو ئێـوە خـۆرو مـانگ مەپەرستن‌و سەری بەندەگییان بۆ مەخەنە سەر عـەرز بەڵـکوو سـوجدە بـۆ ئـەو خوایە بەرن کە دروستی کردوون ئەگەر ئێوە لە ڕاستیدا خوا دەپەرستن.

جـا وەکـوو ئاشـکرایە گـۆڕانی شـەوو ڕۆژ بـەهۆی سـوڕانەوەی زەوییـەوە بـە دەوری خۆیدا پەیدا دەبێ دیارە سورانەوەی زەویش خـۆی لـە خۆیـدا بەڵـگەیەکی بەهێزە لەسەر هەبوونی خوا لـەم ڕووەوە کـە ئەوەنـدە سـوڕانەوەکەی ڕێـك‌و پێکـە ساڵەهای ساڵ چرکەیەك زیادو کەم ناکاو تۆزقاڵێك پـاش‌و پـێش ناکـا، لـە کاتێکـدا سەعاتێکی دروستکراو لە مەعدەنێك کە سەنگی چەند غرامێك دەبێ شەوو ڕۆژی چەند چرکەیەك پاش‌و پێش دەکاو کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێی دەڵێن سـەعاتێکی مەزبووتـە! دەی باشـە کـورەی زەوی کـە ئـەو قـەبارە گەورەیـەی هەیـەو سـەنگی ملیۆنـەها بلیۆنـەها تەنـەو مـەلایین سـاڵە دەسـوڕێتەوە کەچـی هێـشتا هـیچ ڕۆژێ چرکەیەکی پاش‌و پێش نەکردوە، تەنانەت ئەو جیاوازییە کەمەی کە دەشیبێ بـۆ مەبەستێکەو حیسابێکی تایبەتی تێدایە بە هەڵەو پاش‌و پێش نازمێررێ.

لەلایەکی ترەوە سوڕانەوەی زەوی دەورێکی گەورەی هەیە بۆ بەردەوامی ژیان لەسەر ڕوبەری زەوی، چونکە ئەگەر ئـەم سـوڕانەوەی زەوییـە بـەم ڕێـك‌و پێکییـە نەبوایە دەریاکان ئاویان تێدا نەدەما یان ئەگەر زەوی خێراتر بسوڕایەوە کۆشـك‌و تەلاری سەر زەوی لێك هەڵدەوەشان‌و تێك دەڕوخان، ئەگەر هێـدی تـر بـسوڕایەوە ئەوکاتە چی لەسەر زەوی هەیە یان لە سەرمان یان لە گەرما دەفەوتا، یـا هـەر لـە بنەڕەتا نەدەبوون.

قورئانی پیرۆز بە ئایەتێك ئاماژە بۆ ئەو سوڕانەوە رێك‌و پێکە دەکاو دەفەرموێ:

{وَتَرَى الْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ السَّحَابِ صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ} (٨٨) سورة النمل:

واتە: تۆ کێوان دەبینی پێت وایە راوەستاون بەڵام لە راستیدا وەکوو هەور لە گەڕدان‌و دێن‌و دەچن، ئەمە شاکاری خوایەکی وایە کە هەموو کارێکی رێك‌و پێك‌و بێ خەوشە.. پەروەردگار لێرەدا سوڕانەوەی زەوی بە رۆیشتنی کێوەکان دەردەخا لەم رووەوە کە کێوەکان دیاری ترین نیشانەی سەر زەوین‌و وەکوو بزمار لە زەوی چەقیون خۆریش بۆ خۆی نیشانەیەکی هەرە گەورەیە لەسەر هەبوونی خوا، دەبینین پەروەردگار رامی کردوە بۆ بەردەوام بوونی ژیانی هەموو شتێکی سەر زەوی لە ئاژەڵ‌و مرۆڤ‌و رووەك‌و دارو درەخت؟

جا لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوەو دەگوترێ: خۆر ئەم هەموو وزەیەی خۆی لە کوێ دێنێ؟! خۆ ئەگەر لە گەنجینەی خۆیەوە بیدا دەبوایە بە درێژایی ئەم ملیۆنەها ساڵە ساڵ لەدوای ساڵ پلەی گەرمای نزم ببوایەتەوە وزەی بێ هێز ببوایە، ئیتر ئەوکاتە تەمەنی خۆر کورت دەبوو زوو لە ئیش دەکەوت: لەلایەکی ترەوە دەبینین لە دێر زەمانەوە خۆر وزەی خۆی بە زەوی دەبەخشێ‌و بەو دەستوورو یاساو نیزامەی بۆی دانراوە نە زیاد دەکا نە کەم بە شێوەیەك ئاژەڵ‌و رووەك‌و مرۆڤ پێی گەش‌و نما دەکەن‌و پێی دەژین‌و هیچیشی لێ کەم نابێتەوە، کەوابوو دەبێ شتێك هەبێ تەزویدی خۆر بکا بەو وزەی کە لێی کەم دەبێتەوە هەتا بتوانێ بەردەوام بە ئەندازەی پێویست وزەی خۆی بداو لەو ئەندازەی پێویستە زیادو کەم نەبێ، چونکە ئەگەر گەرمییەکەی زیاد بێ شت دەسوتێنێ کەم بێ شت دەیبەستێ!! پەروەردگار مانگیشی بۆ ئێمە رام کردوە بۆ خاتری حیسابی خۆمانی پێ بکەین‌و بە شەویش چرای ڕوناکمانەو هۆی پەروەردە بوونی رووەك‌و دارو درەختەو پێویستی ژیانی مرۆڤ‌و ئاژەڵە، دەی باشە چۆن ئەم

کرداره ئەم نەخش و نیگاره ئەم هێزو دەسەڵاتە بەبێ هوودە دروستکراوە؟!!.
دیاره ئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر خوایەتی خواو دەسەڵات و هێزو توانای؛

نەخش و نیگاری فەرشی کاشانی
گەرچی بە ڕاستی تۆ گەلی جوانی
لە چاو ڕەنگامەی نەخشی یەزدانی
حەسیرە شڕی گوێی ئاگردانی
هەردوو دیوی بوون دەرەوە و ناوی
نەخشاو بە تابلۆی پڕ ئەفسوناوی
ئاشکرا دەلێی خەتی نووسراوی:
خواوەندی هەیە یەزدانە ناوی

ڕێك و پێكی و هەبوونی نەخشە لە سروشت دا:

زانای بەناوبانگ (کریسی موریسون) دەڵێ سەیرکردنی شتە عەجائیبەکانی سروشت و ڕانواندنیان ئەوە دەگەیەنن کە لە سروشتدا نەخشەو بەرنامەیەکی ڕێك و پێك هەیەو ڕۆژانە تەنفیز دەکرێ و بە گوێرەی ویستی خوا ئەنجام دەدرێ.؟! ناوبراو درێژە بە باسەکە دەداو دەڵێ: قەبارەی زەوی و ئەندازەی دووری لە خۆرو پلەی گەرمایی زەوی یان ئەستوراییی توێکڵی زەوی و چەندییەتی ئاو تێیدا هەروەها ئەندازەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی و قەبارەی نیترۆجینی، یان پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر زەوی و بەردەوامی ژیان و درێژە پێدانی هەموو ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە یاسای بونەوەر گەڕە لاوژێ نیەو هەرەمەکی دروست نەبووە، بەڵکوو بە گوێرەی نەخشەو پڕۆژە وەدی هاتووەو دروستکەرێك بەدی هێناوە!!!؟

شایانی باسە قورئانی پیرۆز لەچەند شوێنێکا ئاماژەی بۆ ئەم نەخشەو پڕۆژەیە کردووەو دەفەرموێ:

{إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَالْفُلْكِ الَّتِي تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِمَا يَنفَعُ النَّاسَ وَمَا أَنزَلَ اللّهُ مِنَ السَّمَاء مِن مَّاء فَأَحْيَا بِهِ الأرْضَ بَعْدَ

مَوْتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٍ وَتَصْرِيفِ الرِّيَاحِ وَالسَّحَابِ الْمُسَخِّرِ بَيْنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ} (١٦٤) سورة البقرة:

واته: به راستی له دروستکردنی ئاسمانو زەویدا لە گۆڕانی شەوو رۆژدا لە هاتوچۆی گەمیّو کەشتیدا بەناو دەریادا کە چۆنو بەهاسانی مەردووم خۆیانو تفاقیان هەڵدەگریّو لە شوێنێکەوە دەیان گوێزێتەوە بۆ شوێنێکی ترو دەبیّ بە مایەی سودو قازانج، هەروەها لە باراندنی باراندا کە لەلای ئاسمانەوە دەباریّ دارو درەختو رووەکی پیّ زیندو دەبێتەوە کە لەوە پێش وشك بوو بوونو زەوی دەتوت لاشەی مردووە، هەروەها لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەموو زیندەوەرەدا کە پەخشو پرشن لەناو زەویدا هەروەها لە هەڵسوڕانو گۆڕانی بادا، کە جاریّ لە باشورەوە دەوەزیّو جاریّ لە باکورەوە، یا جاریّ گەرمە، جاریّ ساردە، دەمیّ نەرمە بایە، سروەیە، شەماڵە، دەمیّ رەشەبایە، گەردەلوولە، هەروەها لە راگرتنی هەور لە نێوان ئاسمانو زەویدا، ئەمانە هەموو بەڵگەن لەسەر هەبوونی خوایەکی زاناو دانا، کار دروستو کار ساز.

بڕوانە زەویو شێوەی هێلکەیی چۆن لە فەزادا بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە بەو هۆیەوە شەوو رۆژ پەیدا دەبن زیاد لەمەش ئەم سوڕانەوەی زەوییە دەبێتە هۆی هەڵستانی (با) بایش بە دەوری خۆی هەڵمی ئاو لە دەریاکانەوە دەبا بۆ ناو کیشوەرەکان ئەمجار ئەم هەڵمە بەرزە پەست دەبیّو دەبێتە باران بارانیش بۆ خۆی سەرچاوەی ئاوی شیرینە ئەگەر ئەم ئاوە نەبوایە زەوی روتەنێکی کاکی بە کاکی دەبوو شوێنەواری ژیانی لیّ نەدەبینرا. ئەوەش لەیاد نەکەین کە پەروەردگار چەند عونسورێکی تەرخان کردوە رووەكو دارو درەخت هەڵی دەمژیّو بە گۆڕانکاری کیمیاوی دەگۆڕێن بە چەند شێوە خۆراكو خۆرشت کە هەموو کات زیندەوەر پێویستی پێیانە ئا ئەمانە چەند راستییەکی زانستین دەربارەی نهێنی ژیان لەسەر ئەم زەوییە..

دەی باشە ئەوە قورئانی پیرۆز پێش چوارده سەدە روونی کردۆتەوەو رای گەیاندووە کە لەم بونەوەرەدا نەخشەو پرۆژە هەیەو پەیوەندی نێوان عونصورەکانی زەوی زۆر بەهێزە هەموویان دەبنە بەڵگە لەسەر خوایەتی خوا بە تایبەتی بۆ کەسانێك کە عاقڵ مەندو خاوەن بیرو هۆش بن..

لە شوێنێکی تردا قورئان باسی دەسەڵاتی خوای گەورە دەکاو دەفەرموێ:

{وَهُوَ الَّذِي مَدَّ الأَرْضَ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنْهَاراً وَمِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ جَعَلَ فِيهَا زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ} (٣) سورة الرعد:

واتە: پەروەردگار خوایەکی ئەو تۆیە زەوی راخستووە هەرچەندە خۆی لە خۆیدا هێلکەییە...، ئەمجارە کێوەکانی تێدا کردوون بە لەنگەرو ناهێڵن زەوی زیاتر لە ئەندازەی پێویستی خۆی بجوڵێتەوە، هەروەها چۆمو جۆگەو دەریای تێدا بەدی هێناون، لە هەموو بەروبوومو میوەیەکیش دوو جۆرو زیاتری دروست کردوە، بۆنموونە ترشو شیرین رەشو سپی نێرو مێ...تاد. شایانی باسە زانستی تازە دەری خستووە کە هەموو گوڵو رووەکێك نێرومێیان هەیە. لەلایەکی ترەوە شەو ئەهێنێ بەسەر رۆژداو دای دەپۆشێو لە جیاتی روناکی تاریکی دەست پێدەکا بەڕاستی لەم گۆڕانکاریو دیاردە سەیرانەدا بەڵگەی بەهێز هەن لەسەر خوایەتی خوا بە تایبەت بۆ کەسانێك کە تێفکرنو بیر بکەنەوە. وشەی (**رَوَاسِيَ**) لە ئایەتەکەدا بە مانای کێوەکانە وا دەبێ مرۆی بێ هۆشو بیر دەڵێ ئەم کێوانە زیادەنو زەوی پێویستی پێیان نییە، بەڵام ئەگەر ئێمە بە چاوێکی وردبینیەوە سەیر بکەین دەبینین ئەم کێوانە زیاد لە راگرتنی ئەرز چەند سوودو قازانجیان بۆ ژیانی مرۆڤ هەیە بۆ نموونە بەفر دەبارێو دەکەوێتە سەریانو وردە وردە دەتوێتەوەو لە کێوەکاندا دەبێتە عەمباراوو لە خوارەوە هەڵ دەقوڵێو دەبێتە جۆگەو روبار، مرۆڤ سوودی لێ دەبینێ هەر بەهۆی ئاوەوە چەندەها جۆر میوەو خۆراك پەیدا دەبێ.

وەكوو ئاشكرایە پەیدا بوونی دارو درەختو بەروو بوومی خۆراكیو گەشو نماكردنیان پێویستی بەگۆڕانی شەوو رۆژ هەیە، لە هەمان كاتدا دەبێ ماوەی هەریەكێ لە شەوو رۆژ بە ئەندازەیەكی تایبەتی بێ، كەوابوو ئەگەر رۆژ درێژتر بوایە یان شەو درێژتر بوایە ئەوكاتە یان خۆر دنیای دەسوتاند یان سەرما هەموو شتێكی دەبەستو هیچ رووەكێك نەشو نمای نەدەكرد، سەر زەوی یان دەبوو بە بیابانێكی وشكو برینگ یان دەبوو بە زوقمو سەهۆڵ بەندان، ئەمەش راستییەكی عیلمییەو قورئانی پیرۆز چەند جار ئاماژەی بۆ كردوەو ئەوە دەگەیەنێ كە رێخستنی ئەم بونەوەرە دەسەڵاتێك رێكی خستووەو ئاڵو گۆڕی تێدا دەكا.

یەكێكی تر لە بەڵگەی خوایەتی خوا ئەم ئایەتە پیرۆزەیە كە دەفەرموێ:

{وَمِنْ آيَاتِهِ يُرِيكُمُ الْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا وَيُنَزِّلُ مِنَ السَّمَاء مَاء فَيُحْيِي بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ} (٢٤) سورة الروم:

واتە: بەڵگەیەكی تر لەسەر خوایەتی خوا ئەوەیە كە بروسكەتان پیشان دەداو هیوای بارانتان پێیەتیو لێشی دەترسن، بارانتان لە ئاسمانەوە بۆ دەبارێنێو زەوی پێ زیندو دەكاتەوە لە دوای پوشپەڕو گەڵا رێزانو روتبوونی زەوی سەر لەنوێ دار چرۆ دەكاتەوەو گەڵای شین دەبێتەوە رووەك شین دەبێتەوە دونیا بە گوڵو گوڵزار دەڕازێتەوە، بەڕاستی ئەمانە هەموو بەڵگەو نیشانەن بۆ كەسانێك عەقڵو بیرو هۆشیان هەبێ. جا لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵ دەداو دەگوترێ: چ پەیوەندییەك لە نێوان هەورە بروسكەو باران بارینو زیندو كردنەوەی زەویدا هەیە؟! ئایا ژیانی زەوی تەنها پێویستی بە ئاو هەیەو بەس؟! نەخەیر بەڵكوو لێرەدا عونصورێكی سەرەكی هەیە بۆ گەشەو نماكردنی رووەك ئەویش گازی نیترۆجینە كە بەبێ ئەندازەیەك لەو گازە مومكین نیە هیچ رووەكێك گەشو نما بكا.

جا لێرەدا دوو رێگا هەیە كە گازی نیترۆجین بچێتە نێو زەویو كشتو كاڵییەوە.

رێگەی یەکەمیان هەورە بروسکەیە هەر کاتێك هەورە بروسکە لێ بدا کەمێك نیترۆجین‌و ئۆکسجین یەك دەکەون‌و دەبنە نیترۆجینی تێکەڵاو لەگەڵ بارینی باراندا دەکەونە سەر زەوی.

رێگەی دووەمیان بەهۆی بەکتریای تایبەتی کە لە رەگ‌و ریشاڵی رووەکدا هەیە، ئەم جرثومە بەکتریایانە غازی نیترۆجینی هەوا هەڵدەمژن‌و دەیگۆڕن بە نیترۆجینی تێکەڵاو کاتێ ئەم رووەکە وشك دەبێ دەرزێ بڕێ لەم گازی نیترۆجینە تێکەڵاوە تێکەڵاو بە زەوی دەبێ‌و هێزو پێزی گەشەکردنی رووەك دەدا بە زەوی.

کەوابوو باسکردنی بروسکە لە ئایەتەکەداو هێنانی باسی باران بە شوێنیداو باسی زیندوکردنەوەی زەوی پەیوەندییەکی زۆر بەهێزیان هەیەو راستییەکی زانستین‌و قورئان پێش چواردە سەدە ئاماژەی بۆ کردوون کەوابوو هەر بروسکە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی هەرە گەورەیە لەسەر هەبوونی تەصمیم‌و نەخشەو پرۆژەی رێك‌و پێك لە بونەوەردا هەمووشیان شاکاری دەستی قودرەتی پەروەردگارن.

خانە زیندووەکان بەڵگەن لەسەر هەبوونی خوا:

قورئانی پیرۆز دەفەرموێ:

{إِنَّ اللّهَ فَالِقُ الْحَبِّ وَالنَّوَى يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ الْمَيِّتِ مِنَ الْحَيِّ ذَلِكُمُ اللّهُ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ} (٩٥) سورة الأنعام:

واتە: خوای گەورە دانەوێڵەو ناوك لەژێر زەویدا دەقڵیشێنێ‌و چەکەرەی پێدەکا، زیندو لە مردوو دەردەهێنێ‌و مردوو لە زیندو ئیجاد دەکا، ئەوەی ئەو کردارانە ئەنجام دەدا خوای پەروەردگارە کەوابوو ئێوە چۆن لە حەق‌و راستی لادەدەن‌و چاوێ خۆتانی لێ دەنوقێنن.

یان دەفەرموێ:

{إِنَّ اللّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ يُحْيِي وَيُمِيتُ} (١١٦) سورة التوبة:

واتە: پەروەردگار خوایەکی وایە هەرچی ملْكو سەڵتەنەتی ئاسمانو زەوی هەیە هەمووی هی خۆیەتی کەس رادەی ناکەوێ ببێتە هاوبەشی، مردنو ژیان بە دەستی خۆیەتی، جا ئەگەر هەموو ماددەیەك پارچەیەکی سەرەکی هەبیو بریتیبێ لەو بەشانەی لێی پێك هاتووە، ئەوا مادە زیندوەکان لە سادەترین شێوەو، تا وردەکاری ترین شێوە هەموویان پێك هاتوون لە خانەی زیندو (الخلايا الحية) خانەی زیندوش بۆ خۆی بریتییە لە پارچەیەکی هەرە بچکۆلە کە ماددەی ژیانی تێدا بێ هەر بەهۆی ئەو خانە زیندوانەوەیە: کە ژیان لە زیندەوەری بچوكو گەورەدا بەدی دێ شایانی باسە کە هەموو خانەیەکی زیندو ئەرکی جۆراو جۆری خۆی بەو پەڕی رێكو پێکی ئەنجام دەدا تەنانەت پێشکەوتو ترین سەعاتو کۆمپیوتەرو ئامێری ژماردن ناتوانن ئاوا ئەرکی سەر شانی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەم پارچە بچکۆلە (خانە زیندووە) پێی دەگوترێ (پرۆتۆپلازم). دکتۆر ولیەم سینرتیز لە پێناسەی ئەم پارچەیەدا دەڵێ: ئەو پارچە بچکۆلە زیندووە کە پێی دەگوترێ پرۆتۆپلازم تێکەڵاو کراوێکی سەیرەو پێك هاتووە لە ئاوو خوێو شەکرو رۆنو پرۆتین لەم پارچە زیندووە تێکەڵاوە ژیان دروست دەبێ، هەموو رووەكو زیندەوەرێك لە (پرۆتۆپلازم) پێك هاتووە (پرۆتۆپلازم)ی رووەكو زیندەوەر هەمووی لێك دەچن، بەڵام سەد دەر سەد لێك ناچن جیاوازییەکی کەم تا کورتیان لە نێواندا هەیە، ئەم جیاوازییانەش جیاوازییەکی سەرەکین لەم روەوە کە هێلکەی مراویی دەبێتە مراویو ناوکی هەرمێ دەبێتە هەرمێ دەنکە شووتی دەبێتە شووتی جا ئەم جیاوازییانە هەرچەندە لە راستیدا زۆرنو سەرەکین بەڵام لە ئێمە نادیارنو هەستیان پێ ناکەین، چونکە یەکێ لە هەرە یاسا سەرەکیەکانی زانستی ژیانداری ئەوەیە کە هەموو جۆرەکانی (پرۆتۆپلازم) هەر چۆنێك بن کانزاکەیان لە ئێمە نادیارە بەڵام بەرواڵەت لە

یەکتر دەچن و لە شێوەی سپێنی هێلکەدا خۆیان دەنوێنن نوختەی ورد وردی تێدا دەبینرێن.

دکتۆر (رسل تشارلز آرنست) دەڵێ: من بڕوام وایە هەموو خانەیەك لە خانە زیندوەکان ئەوەندە وردەکاری تێدایە ئێمە ناتوانین تێیان بگەین وە ئەم هەموو مەلایین مەلایین خانە زیندوانەی سەر زەوی شایەتی لەسەر بە دەسەڵاتی خوا دەدەن، شایەتیەك کە پشت بە فکرو مەنتیقەوە ببەستێ لەبەر ئەوە من بڕوایەکی پتەوم بە هەبوونی خوا هەیە.

دروستبوونی رووەك بەڵگەیە لەسەر هەبوونی خوا:

بڕێ لەو بەڵگانەی هەبوونی خوا دەچەسپێنن ئەو گیاوو گژە جۆراو جۆرمیە کە عەرد دەیڕوێنێ و جۆرەها دانەوێڵەو میوەجاتی لێ پەیدا دەبێ.

خوا دەفەرموێ:

{وَهُوَ الَّذِيَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ النَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ وَجَنَّاتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ انظُرُواْ إِلِى ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ إِنَّ فِي ذَلِكُمْ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ} (٩٩) سورة الأنعام:

واتە: خوا ئەو خوایەیە کە باران لە ئاسمانەوە دەبارێنێ و زەوی پێ زیندو دەکاتەوە، ئەمجار بەو بارانە هەموو جۆرە گیاو رووەکێکمان بۆ رواندون، جۆرە گیاو رووەکێکی سەوزمان بۆ رواندون کە لە کاتی پێگەیشتنا چەند دانەوێڵەیەکی چین لەسەر چینی بە سوودی لێ دەردەکەین و دەیکەین بە ژێواری ئادەمیزاد. هەروەها لە دارخورما هێشوو دەردەکەین و خورمای لێ پەیدا دەبێ و هێشوەکانیشی یەکە یەکە شۆڕ دەبنەوە هەروەها چەند باخێکمان دروست کردوە کە بە داری مێوو دار زەیتوون و دار هەنار رازاوەتەوە ئەم دارانە بازێکیان لە

قەبارەو رەنگدا لێك دەچن بەلاّم لە تامو بەرامدا لێك ناچن دەی ئێوە بە چاوێكی وردبینەوە سەیری میوەو بەروبومیان بكەن بڕوانن چۆن هێندێكیان لە بارنو بەرێكی باش دەگرن بەلاّم لە سەرەتاوە بەرەكەیان كاڵو كرچو تورتو تاڵەو خەریكە بە كەڵكی هیچ نەیە، كەچی لەپاشا خۆشو باش باش دەبێو دەبێ بە سەرچاوەی خێرو خۆشی. سەیر لەوەدایە كە ئەم هەموو دارو درەختە جیا جیایە كە هەریەكەی لە رەنگێكەو هەریەكەی تامێ دەداو خاوەنی بۆنێكی تایبەتییە لە یەك ئاو دەخۆنەوەو لە یەك خاك دەڕوێن.

خوێنەری بەڕێز سەیری ئەم رستەی ئایەتە بكە: كە دەفەرموێ: (فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا) كە راستەوخۆ ئەوە دەچەسپێنێ كە پەروەردگار دانەوێڵەو ناوكو بەری درەختی لە پەلكی سەوز دەرهێناوە ئەمەش راستییەكی زانستییە دوای چواردە سەدە زانست دەری خست كە رووەكو دارو درەخت بەهۆی خانەی پەلكە گەلاّ سەوزەكانیانەوە خۆراك وەردەگرن تەنانەت پێشكەوتوترین كارگەی سەردەمی ئەمڕۆ ناتوانێ ئەو ئاڵو گۆڕو تاو توێیەی پەلكە گەلاّ دارێ دەیكا بە رێكو پێكی خۆراك بۆ دارەكەو بەروبومەكەی دەبا ئەم لەباتی ئەو گەلاّیە ئەو ئەركە ئەنجام بدا! ئەمجار قورئان دێتە سەر بەیانكردنی جیاوازی تامو بۆنو بەرامی میوەكانو دەفەرموێ:

{وَفِي الأَرْضِ قِطَعٌ مُّتَجَاوِرَاتٌ وَجَنَّاتٌ مِّنْ أَعْنَابٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَى بِمَاء وَاحِدٍ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَى بَعْضٍ فِي الأُكُلِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ} (٤) سورة الرعد:

واتە: بڕوانن چۆن چۆنی پارچە زەوی جیا جیا لە پاڵ یەكدان پارچەیێ بە پێزە، پارچەیێ شۆرەكاتە، پارچەیێ دەشتە، یەكی تر شاخە، هەروەها دێبەرو باخو رەزەترێو باخە خورماو سەوزاییو شینایی جیا جیا لەسەر ئەم عەردە رووانو لە ئاوێك ئاو دەدرێن كەچی تامو بەرامی هێندێكیانمان لەهی هێندێكیان

خۆشتر کردوە ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە لەسەر خوایەتی خوا بە تایبەتی بۆ کەسانێك خاوەن هەست بن.

جارێکی تر قورئان سەرنجی مرۆڤ رادەکێشێ بۆ ئەوەی تێ بفکرن لە رەنگی گوڵو گوڵزاری سەر زەوی‌و دەفەرموێ:

{أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَسَلَكَهُ يَنَابِيعَ فِي الْأَرْضِ ثُمَّ يُخْرِجُ بِهِ زَرْعًا مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهُ} (٢١) سورة الزمر:

واتە: ئایا نابینی خوای گەورە چۆن لە ئاسمانەوە ئاو دەڕژێنێتە سەر زەوی‌و ئەمجار بەناو درزو بۆشایی دا رۆدەچێ‌و لە دەشتو دۆڵو شاخەکان دەبێتە کانیاوو جۆگەو جۆبار ئەمجار بەهۆی ئەم ئاوەوە کشتو کاڵ دەڕوێنێ‌و جیهان بە شینایی‌و سەوزایی گوڵو گوڵزاری جیا جیا هەرداری بە شێوەیێ هەر گوڵێ رەنگێ هەر میوەیێ تامێ بۆنێ، گشت شتێکیان جودایە بەس خودایان یەکە!! لە شوێنێکی تردا قورئان هەبوونی نێرو مێی لەناو رووەكو گوڵو گوڵزارو دارو درەختدا دەکاتە بەڵگە لەسەر هەبوونی خوا چونکە برێ گیاو گژ هەیە بۆ خۆی خۆی موتوربە دەکاو برێکی تریان تۆوەکەی بەهۆی هەواوە یان باڵندەوە لە رووەکێکی ترەوە بۆ دێ. قورئان دەفەرموێ:

{أَوَلَمْ يَرَوْا إِلَى الْأَرْضِ كَمْ أَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍ كَرِيمٍ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً وَمَا كَانَ أَكْثَرُهُم مُّؤْمِنِينَ} (٧ - ٨) سورة الشعراء:

واتە: ئەوە ئەو بێ بڕوایانە بۆ سەیری سەر زەوی ناکەن کە ئێمە بە قودرەتی خۆمان چەندەها جووت رووەکمان تێدا رواندوە هەموویان بەڵگەن لەسەر زانایی‌و دانایی‌و بە دەسەڵاتی پەروەردگار بە راستی لەم رواندن‌و پەروەردەکردنەدا بەڵگەی بەهێز هەن بۆئەوەی ئیمان بێنن‌و روبکەنە خوا کەچی زۆر لەو خوا نەناسانە بڕوا ناهێنن‌و نایەنە سەر رێگای راست...

دکتۆر (لستر جون زمرمان) دەڵێ: گەشەکردنی رووەك وەنەبێ هەر بەهۆی روناکی‌و شتە کیمیاویەکان‌و ئاوو هەواوەبێ بەڵکوو پێویستە بۆئەوەی رووەکەکە

چەکەرەو گەشە بکا دەبێ هێزێك هەبێ لەناو تۆمەکە لەکاتی لەبارداو وەختی تاوتوێکەو گۆڕانکاری کیمیاویدا پاڵ بە عونصورەکانەوە بنێ تا بە شێوەیەکی رێكو پێك کاری خۆیان ئەنجام بدەن.

شایانی باسە کە تۆم (البذرة) لە دوو شانەی زەرەبین (میجهەری) پەیدا دەبێ هەریەکێ لەم خانانە بەهۆی عەمەلیاتی کیمیاوییەوە لەچەند عونسورێك پەیدا دەبن جا ئەم تۆمەیە چەکەرە دەکاو شین دەبێ. چەند دانەوێڵەیەك لە چەشنی تۆمەکە بەدی دێ. ئەوەش لەیاد نەکەین کە هەرچەند رووەکەکان یان دانەوێڵەکان بە رواڵەت لێك بچن بەڵام لە راستیدا هەریەکەیان جیاوازی لەگەڵ ئەوی تردا هەیە.

جا لە کاتێکدا رووەکە رەسەنەکان جیاوازیو کەسایەتی خۆیان هەیە دەبینین لە برێ ئاکارو صیفاتدا هەموویان هاوبەشن، بۆ نموونە هەموویان بەهۆی رووناکی لە سیانە ئۆکسیدی کاربۆنو ئاوەوە مەودای غیزائی دروست دەکەن زوربەیان لە تۆمو رەگو ریشاڵو پەلکە گەڵاو لقو پۆپو گوڵو چرۆدا تا ئەندازەیەك لێك دەچن هەموویان حەزیان لە رووناکییەو بە نەبوونی رووناکی دەمرن هەموویان پێویستیان بە ئۆکسجین هەیە ئەگەر نەبوو ناژیەن... هتد.

دەی باشە ئەم رووەکانە کێ دروستی کردوونو ئەم یاسایانەی بۆ داناون کە هەریەکێ لەم یاسایانە دەوری خۆی هەیە لە دروست بوونو گەشەکردنی رووەکەکاندا بەڵکوو ئەم پرسیارە رامان دەکێشێ بۆ پرسیارێکی سەیر ترو وردتر، ئەویش ئەوەیە ئایا لە سەرەتادا رووەکەکان چۆن پەیدا بوونو لە کوێوە هاتوون؟! بە راستی ئێمە ناتوانین بڵێین ئەم رووەکانە خۆیان خۆیانیان دروست کردوە، یان بە سودفە پەیدا بوون بەڵکوو پێویستە دان بەوەدا بنێین کە خالقێك دروستکەرێك ئەم یاسایانەی بۆ داناون کەوابوو بروا بە هەبوونی خوا شتێکی زانستییەو عەقڵمان لەسەرمان فەرز دەکا.

خانەکانی رەچەڵەك بەڵـگەن لەسەر هەبوونی خوا:

شتێکی ئاشکرایە کـە بۆئـەوەی ژیـانێکی تـازە بـۆ مرۆڤێـك بێتـەدی پێویـستە دوو خانـە تـۆمی جیـاوازی خـاوەن دیـاردەی تایبـەتی تێکـەڵ بـە یـەکتری بـبن یەکێکیان هی نێرینەیەو یەکێکیان هی مێینەیە.

قورئانی پیرۆزیش پێش هەزارو چوارسەدو ئەوەندە ساڵ سەرنجی مرۆڤی بـۆ لای ئەم دیاردەیە راکێشاوەو فەرموویەتی:

{قتل الإنسان ما أكفره، مِنْ أَيِّ شَيْءٍ خَلَقَهُ مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُ فَقَدَّرَهُ} (١٩) سورة عبس:

واتە: یا خوا مرۆڤی بێ بـاوەڕ عـەمری نـەمێنێو داوەشـێ! بـۆ خـوا نـاناسـێو نـای پەرستـێ؟! نازانـێ خـوا لەچی دروسـتی کـردوە؟! لـە دڵۆپـە ئاوێـك دروسـتی کردوەو ئەندامەکانی لەشی رێك خستوونو ئەمجار عەقڵو هۆشی داوەتێو رێگای چاكو خراپی پێ نیشان داوە؟!!.

پرۆفیـسۆری بـەناوبانگ أ- کریـسی موریـسون دەڵـێ: تاڵتاڵـەکانی رەچـەڵەك (وحدات الوراثة) کە لەناو هـەموو خانەیـەکی نێـرو مێـدا هـەنو بەڵـگەن لەسـەر هەبونی خوا، دەڵێ ئـەم تاڵتاڵانـەی رەچـەڵەك ئەوەنـدە وردن ئەگـەر هـی هـەموو مرۆڤی سەر زەوی کۆبکەیتـەوەو لـە شـوێنێك دایـان بنێیو قـەبارەیان لـە کوسـتە بانێـك ئەمووسـتیلەیەکی دوورومـان بـچوکتر دەبـێ واتـە ئـەم تاڵتاڵانـە (جیناتانـە) ئەوەنـدە وردن تەنانـەت جینـاتی دووە بلیـۆن مـرۆڤ لـە کوسـتە بانێکـدا جێگایـان دەبێتەوە کەچی ئـەم جیناتانـەی دەبـن بـەهۆی دەیـەها جیـاوازی سـەرەکی نێـوان رەوشتو ئاکارو سەرو سیمای ئـەم مـرۆڤ تـا ئـەو مـرۆڤ، هـەر ئـەم جیناتانـەن کـە سیفەتەکان لەخۆ دەگرنو دەبنە هـۆی گواسـتنەوەی رەنـگو روخـسارو رەچـەڵەك (جنس) شتێکی ئاشکرایەو پێویست بە لێکۆڵینـەوە ناکـا، قورئـانی پـیرۆز ئامـاژەی بۆ کردوەو دەفەرموێ:

{وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ} (٢٢) سورة الروم:

واتە: برێك لەو بەڵگانەی تاكو تەنهایی خودا دەچەسپێنێ دروستكردنی ئاسمانەكانو زەوییە، هەروەها جیاوازی رەچەڵەكو زمانو رەنگتان، هەر كۆمەڵە كەسێكە بە زمانێك ئاخاوتن دەكاو هەتانە رەشو هەتانە سورو هەتانە سپیو هەتانە گەنم رەنگ... هتد لە كاتێكا هەمووتان لە سەرەتادا وەچەی باوكو دایكێكن بە راستی لەم جیاوازییە زۆرانەدا بەڵگەی بەهێز هەیە بۆ خوایەتی خوا، گەرەكە عالەم تێیان بفكرێ.

دروستكردنی مرۆڤ بەڵگەیە لەسەر هەبوونی خوا:

یەكێك لە نیشانەكانی هەبوونی خوا دروستكردنی مرۆڤە بەو شێوە رێكو پێكە، خوا دەفەرموێ:

{وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ} (٢٠) سورة الروم:

واتە: برێك لە بەڵگەی بەهێز لەسەر خوایەتی خوا ئەوەیە كە باوكی ئێوەی لە گڵ دروست كردوە دوایی لەویش دایكە حەوای ئێوەی بەدی هێناوە، ئەمجار ئێوەی لێ پەیدا كردوونو بە زەویدا بڵاوی كردونەتەوە جارێكی تر لە سورەتی (المؤمنون)دا دەفەرموێ:

{وَهُوَ الَّذِي أَنشَأَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ قَلِيلًا مَّا تَشْكُرُونَ} (٧٨) سورة المؤمنون:

واتە: پەروەردگار خوایەكی وەهایە چاوی بۆ دروست كردوون تا پێی ببینن گوێچكەی داونێ تا پێی ببیسن، دڵی بۆ دروست كردوون تا لەشت حاڵی ببنو شت لێك بدەنەوە كەچی ئەو خوا نەناسانە هەرگیز ستایشی خوا ناكەنو سەری بەندەگی بۆ نزم ناكەن؟!!!.

خۆ ئەگەر بمانەوێ لە لاشەی خۆماندا بەڵگە لەسەر خوایەتی خوا بێنینەوە ئەوە بەڵگەكان زۆر لەوە زۆرترن كە بژمێردرێن!! هەتا ئاسۆی زانستو زانین

فراوان تر بێ بەڵگە لەسەر خوایەتی ئەو زاتە زیاتر دەبن و هەموویان ئەوە دەچەسپێنن کە ئەم مرۆڤە دروستکەرێکی زاناو دانای هەیە.. چونکە سەیری هەر لایەنێکی مرۆڤ بکەی سەرت سوڕ دەمێنێ و ئامان و رامانت بەسەردا دێ. چۆن وانیە؟! ئایا چ لایەنێکی لەشی مرۆڤ شوێنی سەر سوڕمان نیە؟! ئایا پەروەردە بوونی سەرەتای لەناو منداڵدانداو ئاڵ و گۆڕبوونی بە خوێن و ئێسقان و گۆشت و پێست و گۆڕانکاری یەك لەدوای یەکی نیشانەی هەبوونی خوا نیە؟!! ئایا یاسای خواردنی مرۆڤ و شێوەی خواردنی و هەزمکردنی خواردەمەنی و دابەش کردنی ئەو خۆراکە بەچەند بەشێکی جیا جیاو بەرێ کردنی هەر بەشێك لەو خواردنە بۆ شوێنی خۆی و سوود لێ بینینی ئەوەشی بەکەڵك نایە فڕێی بداتە دەرەوە ئایا ئەم چۆنیەتە خوایەتی خوا ناچەسپێنێ؟! ئایا یاسای دابەشکردنی خوێن لە کانی سەرەکییەوە کە دڵە بۆ هەموو دەمارو بۆریەکانی لەش کەهەر خوا دەزانێ چەند زۆرن دوایی هێنانەوەی ئەو خوێنە بەهۆی گورچو سورچکەوە هەروەها بردنی هەوای تازە بەهۆی هەناسە دانەوە تا خوێنەکە چاك بکاتەوەو لەش سود لەو هەڵسوڕانی خوێنە وەربگری نیشانەی خوایەتی خوا ناگەیەنن؟؟ واز لەوە بێنەو سەیری ئامێری بیستن (گوێچکە) بکە سەیری چاوو زمان و دەم و لێوی ئادەمیزاد بکە لە چۆنیەتی هەست شعووری تێ بفکرە، ئەمانەش هەر نەیسە، سەیری چۆنیتی بیرکردنەوەو لەبیر چونەوەی مرۆڤ بکە لە شێوەی پێکەنین و گریانی تێ بفکرە یان سەیری چۆنیەتی زانین و نەزانینی خۆشویستی و دوژمنایەتی بکەو بزانە ئایا ئەمانە هەموویان نیشانەی هەبوونی خوا نین؟!

دروستکردنی نێرو مێ نیشانەی خوایەتی خوان:

نیشانەیەکی تر لە نیشانەکانی هەبوونی خوا دروست کردنی مێینە لەتەك نێرینەدا، بە راستی ئەمەش نهێنییەکی کەونەو دەسەڵات و توانای خوا دەچەسپێنێ، خوا دەفەرموێ:

{وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ} (٢١) سورة الروم:

واته: لە نیشانەکانی خوایەتی خوا کە لە جینسی خۆتان ئافرەتی بۆ دروست کردون و دەبنە خێزانتان و لەگەڵیان ئارام دەگرن و وەگری یەکتری دەبن خۆشەویستی خستۆتە نێوانتانەوە بێ یەکتری هەڵ ناکەن بە راستی لەم دیاردەیەدا زۆر بەڵگەی گەورە هەن لەسەر خوایەتی خوا.

کەوابوو هەبوونی مێینە لەتەك نێرینەدا بە مەبەستی زاوو زێ و ئاوەدان کردنەوەی زەوی و بەردەوامی ژیان و مانەوەی مرۆڤ لەسەر ئەرز بەم شێوەی کە دەی بینین! بەڵگەیە لەسەر هەبوونی خوای پەروەردگارو لەسەر ئەوەش کە ئەم مرۆڤە هەروا بە هەوانتە دروست نەکراوە بەڵکوو مەبەست لە دروست کردنیدا هەیە لەهەمان کاتدا رای ئەوانەش دەپوچێنێتەوە کە دەڵێن: بونەوەر (کەون) لەسەر ماددە راوەستاوە خۆی خۆی هێناوەتە دی و هەوەجیی بە کەسی تر نیە.

پرۆفیسۆر (مومینە) باسێکی لە گۆڤاری (کۆسمۆسی) فەرەنسیدا بڵاو کردۆتەوە تێیدا داکۆکی لەسەر ئەوە کردوە کە ئەم کەونە بەدیهێنەرێکی هەیە دروستی کردوەو ئێستاش ڕای گرتووە، دەڵێ ئەگەر ئێمە عەقڵ و هۆشمان بخەینە لاوەو کوێرانە بڵێین ئەم کەونە بە سودفە هاتۆتە دی و رێکەوتێك دەستی لە بوونی بونەوەردا هەیە دوایی بە چەند رێکەوتێکی تواندراو پیاوێك دروست بکرێ بەڵام ئایا عەقڵ دەیگرێ ئەگەر بگوترێ چەند رێکەوتی ترو سودفەی تر توانیویانە مرۆڤێکی تر لە شێوەی پیاو دروست بکەن بەڵام مێینە بێ و لە تەرکیبی ئەندامی داخلی و دەرەوەیدا چەند جیاوازی فیسیولۆجی و نەفسی لەگەڵ پیاودا هەبێ، کەچی پیاو لە گەڵیا هەڵ بکاو وەگری یەکتری ببن و بتوانن و هەردوکیان زەوی ئاوەدان بکەنەوەو زاوو زێیان بەردەوام بێ؟؟ دیارەئەمە عەقڵ نایگرێ و سودفەو رێکەوت شتی وایان لە دەست نایە، کەوابوو هەبوونی مێینەو نێرینە لەتەك یەکدا بەڵگەیەکی هەرە بەهێزە لەسەر ئەوە کە ئەم کەون و کائیناتە دروستکەرێکی زاناو داناو توانای هەیە ئەو بەدەستی قودرەتی خۆی

بونــەوەری بــەدی هێنــاوە، لــە هــەموو جیــنس و نــەژادێك لــەناو تــاك و كۆمــەڵی زیندەوەریـدا غـەریزەی جۆراو جۆری تێـدا دروسـت كـردوون و هەریـەكێ لەمانـە بەپێی داخوازی غەریزەكەی كاری خۆی ئەنجام دەدا.

زاووزێی مرۆڤو ئاژەڵ بەڵــگەیە لەسەر هەبوونی خوا:

بەڵگەیەكی تر لەسەر هەبوونی خـوا ئـەو زاوو زێیـە بەردەوامەیـە كـە لـەناو مرۆڤو زیندەوەری تردا هەیە: خوای گەورە دەفەرموێ:

{وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَاجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ أَفَبِالْبَاطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ اللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ} (٧٢) سورة النحل:

واتە: خوای گەورەو پەروەردگار لە جینـسی خۆتـان ژنـی بـۆ دروسـت كـردون لەو ژنانە كوڕو كوڕەزاو كچ و كچەزای پێ بەخشیون رزق و رۆزی پاك و خاوێنیشی پێ داون خۆشی و لەززەتی لێ دەچێژن دەی كەوابێ بۆچی بڕوا بە خوا درۆزنەكان دەكەن و دان بە نازو نیعمەتی خوادا نانێنن و خوای گەورە ناناسن؟!!.

جارێكی تر قورئانی پیرۆز سەرنجی مرۆڤ رادەكێشێ بـۆ چۆنیەتی زاوو زێـی وشترو دەفەرموێ:

{أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ} (١٧) سورة الغاشية:

واتـە: عەرەبـە قوریـشییەكان بـۆ سـەیری حوشـتر ناكـەن چـۆن دروسـتكراوە؟ لــەش و قەبارەیــەكی زل و زەلام، هێــزو توانایــەكی زۆرو زەبەنــدە، گــوێڕادێری و هێمنی و لەسەرەخۆیی و رام بوونی... هتد.

زانای بەناوبانـگ پرۆفیسۆر أ- كریسی موریسون دەڵێ: ژیان خۆی هانـدەرە بـۆ زاووزێ و دەیەوێ چینی زیندەوەر بمێنێتـەوە، ئـەم هانـدەرە زۆرە ملێیـە ئەوەنـدە بەهێزە تەنانەت هەموو زیندەوەرێك ئەو پەڕی خۆ بەخت كـردن ئـەنجام دەدا تـا ئەم زاوو زێیە بێنێتە دی، لەهەر شوێنێك ژیان نەبێ ئـەو هێـزە هانـدەرەش نیـە،

دەی باشە ئەم هێزە هاندەرانە لە کوێوە پەیدا بوون یان بۆچی دوای ئەوەی کە پەیدا بوون ئەوە ملیۆنەها ساڵە هەر بەردەوامەو ساڵ دوا ساڵ ئەم هەوڵدانە لە برەودایەو کزنابێ، دیارە ئەمە یاسای سروشتی زیندووە خوا پێی بەخشیوە.

زانای بەناوبانگ (بالی) دیاردەی زاوو زێی شوبهاندووە بە کاژێرێکی دەستیو دوایی دەڵێ دیارە کاژێر بە کردەومیەکی زیهنی بەکارهێنراو بەسەر میکانیکا هاتۆتە دی. جا ئەگەر ئێمە بێنین بڵێین! ئەم کاژێرە هێزێکی پێدراوە دەتوانێ خۆی سەعاتی تر دروست بکا هێشتا بە ئەندازەی زاوو زێی مرۆڤو ئاژەڵ جێگای سەر سوڕمان نیە...

دروستکردنی ئاژەڵو خشۆکو باڵندە بەڵگەن لەسەر هەبوونی خوا:

یەکێك لە بەڵگەکانی هەبوونی خوا دروستکردنی ئاژەڵو خشۆکە بەو شێوە سەرنج راکێشەی کە دەبینرێ!!

قورئان دەفەرموێ:

{وَاللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِن مَّاء فَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَى بَطْنِهِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَى رِجْلَيْنِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَى أَرْبَعٍ يَخْلُقُ اللَّهُ مَا يَشَاء إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} (٤٥) سورة النـــور:

واتە: پەروەردگار هەموو زیندەوەرێکی سەر زەوی لە ئاو دروست کردوە جا هی وایان هەیە خشۆکەو لەسەر سك دەڕوا وەکوو مارو کرمو خشۆکەکانی تر، هی وایان هەیە لەسەر دوو قاچ دەڕوا وەکوو مرۆڤو باڵندە هی وایان هەیە لەسەر چوار قاچ دەڕوا وەکوو ئاژەڵە چوار پەلەکان بە راستی پەروەردگار چی بوێو چۆنی گەرەك بێ ئاوا شت دروست دەکا، خوا دەسەڵاتو توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو هیچی لێ عاسی نابێ.

باڵندەکانیش بەڵگەن لەسەر خوایەتی خوا:

{أَلَمْ يَرَوْاْ إِلَى الطَّيْرِ مُسَخَّرَاتٍ فِي جَوِّ السَّمَاء مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلاَّ اللّهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ} (٧٩) سورة النحل:

واتە: ئایا ئێوە سەیری باڵندەکان ناکەن چۆن بە گەردن کەچی لە بەرزاییدا لەناو هەوادا دێن‌و دەچن چۆنیان بۆ دانراوە کاری خۆیان ئەنجام دەدەن تەنیا پەروەردگار بەو حەوایەوە رای گرتوون‌و ناهێڵێ بکەونە خوارێ ئەگینا قورسایی لاشەیان‌و سووکی هەواو بێ پێزی پەڕو باڵیان ئەوە دەگەیەنی کە بەر ببنەوە!!!.

بەڵێ بەڵگەی خوایەتی پەروەردگار لە چۆنیەتی ئاکارو دروستکردنی ئاژەڵ‌و باڵندەدا زۆرن‌و ناژمێردرێن. درێژە پێدان‌و باسکردنیان پێویستی بە نووسینی چەند بەرگێك هەیە، زانستی ژیانداریش برێکی لەم باسە روون کردۆتەوە دەتوانرێ بۆی بگەرێیەوە..

فەیلەسووفی بەناوبانگ نیوتن باسێکی لەسەر هەبوونی خوای مەزن نوسیوەو تێیدا دەڵێ: (ئەندامی زیندەوەرەکان چۆن ئاوا بەو شێوە رێك‌و پێکە دروست کراوە؟! بە چ مەبەستێك ئەم ئەندامانە رێك خراون؟!! ئایا دەگونجێ چاو دروستکرابێ بێ ئەوەی یاسای بینینی تێدا رەچاو کرابێ؟ یان گوێچکە دروستکرابێ بێ ئەوەی یاساو نیزامی دەنگ‌و بیستنی زانیبێ؟ یان چۆن ئەم زیندەوەرانە دەتوانن‌و دەزانن بە پێی ویستی خۆیان ئەندامەکانیان بجوڵێنن؟! لە کوێوە ئەم سروشتەیان بۆ هات‌و چۆنیان زانی ئەم ئەندامە بۆ فلان کار باشەو ئەو ئەندامە بۆ فیسارە ئیش باشە؟!).

دوایی ناوبراو دەڵێ: ئەم زیندەوەرانە هەموویان بە هەڵس‌و کەوت‌و ئاکارو رەفتاریان بەو شێوە رێك‌و پێکە، ئایا بەڵگە نین لەسەر وجوودی خوایەکی تاك‌و تەنیاو بە دەسەڵات‌و زاناو داناو بێبەری لە هەموو عەیبێك‌و هەبوو لە هەموو شوێنێك‌و زانا بە هەموو شتێك؟!؟؟.

بڕوا بە خوا فیترەتەو شتێــکی ئاساییە لە دەروونی مرۆڤدا:

لێکۆڵینەوە ئایینیـە تازەکـان زۆر شـتیان دەرخـستووە کـە پێویـستە بـە وردی سەیریان بکرێو سەرنجیان بدرێ بڕی لەو لێکۆڵینەوانـە ئـەوەیان دەرخـستوە کـە دینداریسیفەتێکی گـشتییە بـۆ هـەموو مرۆڤێکـی کـۆنو تـازە چـونکە تـا ئێـستا نەزانراوە گەلێك هەبوو بێ بڕواو هیچ ئایینێکی نەبوبێ! تەنانەت زۆر لە زاناکان رایـان وایـە: کـە فیکـرەی خواپەرسـتیو ئـایین پـەروەری بـە گـشتی فیکرەیـەکی سروشتییەو لە بیری مرۆڤدا دروست بوەو خۆڕسکی دەرونیـەتی، بـەلآم خـوا ئـەم فیکرەیەی پەیدا کردوەو خستویەتیە بیری مرۆڤەوە..

پرۆفیسۆری نوسکتلەنـدی (ئەنـدریە لنـج) یەکێکە لەو زانـا بەناوبانگانـەی کـە بڕوای بەم فیکرەیە هەبوەو لەم بارەوە زۆر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ئەنجام داوە کورتەی راوو بۆچونەکانی ئەمانەن!

یەکـەم: هـەموو مرۆڤێـك لـە دەروونـی خۆیـدا فکـرەی بـەهۆی بـوونی شـتی یەکسان (فکره العلیه)ی هەیە هەر ئەم فکرەیەش بەسە بۆ دروست بـوونی بـڕوای هــەبوونی خوایــەکی دروســتکەرو بەدیهێنــەری بونــەوەر...! هــەروەها هــەموو مرۆڤێکیش فکرەی دروستبوونی شتی لا هەیە، واتە بڕوای وایە کـە بەدیهێنـەرێك هەیە فلآن شت دروست دەکا یا دروستی کـردوەو ئـەم خـۆی ناتوانـێ خـۆی بـەدی بهێنێ.

دووەم: ئێمـە دەبیـنین مرۆڤـە کۆنـەکانو مرۆڤـە سـەرەتاییەکان بڕوایـان بـە هەبوونی هێزێك هەبووە باوەڕیان وابووە کە کەسێك هەیە بەدیهێنـەر بـێ پێیـان گوتووە: باوك، گەورە، دروستکەر.

سێیەم: هەر لە سەرەتاوە لایەنێکی ئـایینی لای مرۆڤـە سـەرەتاییەکان هـەبوە زۆر خاوێنو بێگەرد بووە، دوایی شتی پڕوپوچو ئەفسانەیی تێکـەڵاو بـووە، ئەمـە بـە کـورتی بـیروڕای (ئەندریـە لـنج) بـوو بـەلآم ئـەم تیـۆرەی (لـنج)ە وەك خـۆی مایـەوەو پـاش گـوێ خـراو بـڕوای پێنـەکرا هـەتا زانـست پـەرەی سـاندو ڕێبـازی

مێژووی رەگەز ناسی (المنهج التاريخي في علم الأجناس) پەیدا بوو ئەم توێژینەوە تازەیە لەگەڵ زۆر لە ئاکام و نەتیجەکانی (لنج)دا یەکیان گرتەوەو پاڵپشتی یەکتریان کرد لەم رووەوە تیۆرەکەی لنج کەوتە بەردەم لێکۆڵینەوەو توێژینەوە.

گرنگترین باسێك کە فکرەی (لنج) بچەسپێنێو پاڵپشتی بکا توێژینەوەکەی مامۆستا (لیوبولدفون شرودر) مامۆستای دانشگای ڤینا بوو کە دەربارەی هیندە سورەکانی ئەوروپا نوسیبووی، ئەم زانایە لە ئاکامی توێژینەوەدا گەیشتبوە ئەو راستییە کە کاتی خۆی ئارییەکان فکرەی هەبوونی خوایەکی خاوەن دەسەڵاتو باڵا دەستیان هەبووە ئەم فکرەش خۆی لە خۆیدا کراوەتە بناغەی ئایین لایانو لە سێ بنەما پێك هاتووە.

یەکەم/ پەرستنی سروشت.

دووەم/ پەرستنی مردوو.

سێیەم/ بڕوا بە هەبوونی خوایەکی باڵاو چاكو بەدیهێنەر بەڵام ئەم زانایە روونی نەکردۆتەوە ئاخۆ کام لەم سێیانە کۆنترە لایان تەنانەت لە شوێنێکی باسەکەیدا دەڵێ ئەم باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیەو هێشتا تەواو نەکراوە.

هەر لەو کاتەدا دکتۆر (کرۆپر) چەند باسێکی دەربارەی هیندییە کالیفۆرنیایەکان بڵاو کردەوە ئەوەی روون کردبوەوە کە ئەم هۆزو تیرانە کۆنترین هۆزو تیرەی ئەمریکای باکورن بە ئاشکراش لە باسەکەی دەردەکەوێ کە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە خوای خێرو چاکەی دۆزیوەتەوە بەڵکوو ئەوەشی چەسپاندووە کە ئەم هیندییانە بڕوایان بە خوایەك هەبووە هەموو هێزو توانایەکی لێ وەشاوەتەوەو هەموو رووداوێکیشیان روو بە رووی ئەو کردۆتەوە.

زانای رەگەز ناس (شمت) دەڵێ کوڵە بنەکانی ئەفەریقا (أقزام أفريقا) کە کۆنترین رەگەزی مرۆڤن، بڕوایان بە خوایەکی چاكو باڵا دەست هەبووە هەر ئەم زانایە لە توێژینەوەکانیدا گەیشتۆتە ئەو راستییە کە زۆر لە هۆزە زنجە

رەشەكانو زۆر لە هۆزە ئوستورالیایەكان بڕوایان بە تاكو تەنیای خوا هەبووە، تەنانەت لەلای هۆزەكانی تریش بڕوا بە هەبوونی خوایەكی باڵا هەبووە!!! بەڵام دوایی باری ژیانی ئەو هۆزانە پێش كەوتو گۆڕانكاری هات بە سەریانداو لایەنی رۆشنبیریو كۆمەڵایەتیان گۆڕاو فكرەی ئاینیان چەواشە بوو، گرێ كوێرەكەی تێدا پەیدا بوو بیروباوەڕی فرە خوایی هاتە كایەوەو لەمەشەوە بڕوا بە هەبوونی چەند شتێكی باڵا لە تەك خوایەكی تەنیاو باڵا دەستدا سەری هەڵدا.

مامۆستا رینان (كە زانایەكی بەناوبانگە) دەڵێ: سامییەكان هەموویان بە تەبیعەت بڕوایان بە خوایەتی یەك خوا هەبووە. ناوبراو ئەم تیۆرەی لەو باسانە دەرهێناوە كە دەربارەی خواكانی سامییەكان نوسیبووی، هەروەها لە خودی وشەی (ایل)یش سوودی وەرگرتووە چونكە ئەم وشەیە لە زاراوەی سامییەكاندا زۆر باوبووەو بۆ زۆر شت بە كاریان هێناوە ئەم سامییانە تاعەتی خوایەكیان كردوە پێیان گوتوە (ایل)- ئیل دوایی ئەم وشەیە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بوەتە (یهو) (یهوه) دوای بووە بە (ألوهیم)ی عیبرییەكان ئەمجار لای عەرەبەكان بووەتە (اله)، (اللات)، (الله) بنەمای هەمووشیان وشەی (ایل)ە.

دوكتۆر (بول كلیرانس آیوسولد) مامۆستای شتە سروشتییە زیندووەكان دەڵێ: گومان لەمەدا نییە كە مرۆڤ هەردەم عەودالی دۆزینەوەی عەقڵێكی گەورەو داناتر لەهی خۆیو نەخشەو پیلانێكی رێكو پێك ترو فراوانتر لەهی خۆیەتی، تا بە كۆمەكی ئەو عەقڵو نەخشەو تەگبیرەوە بتوانێ لە بونەوەر حاڵی ببیو لاپەڕەكانی شی بكاتەوە!! دەی هەر ئەم عەودالیو توێژینەوەیە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیە لەسەر هەبوونی هێزێكی گەورەترو بە تواناتر لە هێزی خۆی، ئەویش هێزو توانای خوای پەروەردگارە هێزی دروستكەری بونەوەرە.. شایانی باسە جاری وا هەیە مرۆڤ ناتوانێ تەنیا بەهۆی بەڵگەی زانستیو ماددییەوە خوا بدۆزێتەوەو بڕوا بە وجودی خوا بكا ئالەم كاتەدا پێویستە ئێمە بەڵگەی زانستیو ماددی تێكەڵاو بە بەڵگەی رۆحیو ئاینی بكەین.. واتە: بێنین چی

زانیاری‌و زانستمان دەربارەی بونەوەر هەیە تێکەڵاوی بکەین بە هەست‌و سۆزو عاتیفەی قوڵایی دەرونمان چی کەلەبەرو کون‌و قوژبن هەن لەناو بەڵگە مادییەکاندا بە هەستە ئاینیەکە پڕی بکەینەوە بە هەردوولا (بەڵگەی زانستی‌و بەڵگەی ئایینی) ڕێبازێکی ڕاست دروست بکەین بۆ دۆزینەوەی خواو بڕوا پێ هێنانی!!

جا ئەگەر ئێمە بێنین هۆو هاندەرەکانی ناوەوەی دەروون (الدوافع الداخلية) بژمێرین دەبینین ئەم هاندەرانە زۆرن‌و جوێ جوێن‌و ژمارە نایان گرێتەوە، ملیونەها مرۆڤی زیرەك هەڵدەنێن بۆ باوەڕ هێنان‌و هەمووشیان کاریگەرن‌و دەوری خۆیان هەیە لە پتەوکردنی بڕواو یەکالا کردنەوەی هەست‌و شعورو باوەڕ هێنان بە هەبوونی خوا.

ئەمەی گوترا راو بۆچوونی برێ زانا بوو دەربارەی ئەوەی کە ئایین فیطری‌و رواوی ناو دەروونە هەموو مرۆڤێك لە ناخەوە خاوەن بڕوایەو ئەگەر خۆ گێل نەکا ئیمان دارە، کاتێکیش سەیری قورئان دەکەین دەبینین پێش چواردە سەدە ئەم ڕاستییەی درکاندوەو پەنجەی بۆ ئەم حەقیقەتە ڕاکێشاوە ئەوەتا دەفەرموێ:

{فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَٰلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ، مُنِيبِينَ إِلَيْهِ وَاتَّقُوهُ وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ} (٣٠ - ٣١) سورة الروم:

واتە: روبکەرە ئایینی ڕاست‌و دروست‌و لێی لامەدە، لێ ببڕێ بۆ ی‌و خوی بدەرێ، چونکە ئەو ئایینە فیطرەتی خوایەو خوا خستویەتیە دەروونی مرۆڤەوەو هەموو ئینسانێك کە لە دایك دەبێ لەسەر ئەو ئایینە فیطرییە لە دایك دەبێ! دەی کەوایە ئێوە دەست لە کاری خوا مەدەن‌و لەسەر ئایینە فیترییەکە بمێننەوە، ئەوە ئەو پەڕی ئایینی ڕاستەقینەو پەسەندە لەلای خوا، بەلام زۆر کەس نازانێ‌و کردەوەی پێ ناکا!! هەمووتان بگەڕێنەوە بۆ لای خواو

خۆتان لە سزای ناهەمواری بپارێزن بەوە سەرپێچی فرمانەکانی مەکەن‌و نوێژی بۆ بکەن‌و هاوبەشی بۆ دامەنێن...

ئێمە کە سەرنجی ئەم دوو ئایەتە دەدەین دەبینین قورئانی پیرۆز ئەوە دەچەسپێنێ کە ئایین شتێکی فیترى‌و سروشتییە، هەر لە سەرەتاوە لە دەروونی مرۆڤدا پەیدا دەبێ خوای گەورە مرۆڤی لەسەر ئەو ئایینە دروست کردوە بنەمای ئەو ئایینەش بڕوا هێنانە بە دروستکەری بونەوەرو بەوە کە تاك‌و تەنیاو بێ شەریك پاك‌و بێ خەوشە، خۆ ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ دەروونی خۆیدا بیربکاتەوە دەست بەجێ رای دێتە سەر ئەوە کە خۆی دروستکراوی خوایەکی بە دەسەلاتی دانای زانایە ئەو خوایە دروستی کردوەو نیعمەتی دونیاشی بەسەردا رشتووە!!

سەیری وشەی (حنیفا) بکە کە راستەوخۆ مانای خوا بە یەك ناسین دەبەخشی ئەمجار سەیری رستەی (وَلَـكِنَّ أَكْثَـرَ النَّـاسِ لَـا يَعْلَمُـونَ) بکە بزانە چەند سەرنج راکێشەو تا چ رادەیەك لەگەڵ زانستی ئەمڕۆدا گونجاوە!! چونکە کەس نازانێ کە ئایین فیترییەو خۆڕسکی دەرونە مەگەر ئەوانەی خۆیان خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستین، دەربارەی سەرەتای پەیدابوونی ئایین‌و کاریگەری لە دەروونی مرڤدا تەنها ئەوانە دەزانن کە ئایین شتێکی فیترییەو ئەوانەش کەمێکن لە زۆر، کەوابوو ئاماژە کردنی قورئان بۆ ئەم لایەنە بە موعجیزەیەکی زانستی قورئان دەژمێردرێ‌و تازە بە تازە پەی پێبراوە.. پێغەمبەریش (درروودی خوای لەسەر بێ) ئەم مانایەی دووپات کردۆتەوەو لە حەدیسێکی قودسیدا دەفەرموێ: (كل عبادي خلقت حنفاء فاجتالتهم الشياطين عن دينهم وامروهم ان يشركوا بي غيري).

واتە: هەموو بەندەکانم بە خوا پەرستی دروست کراون‌و لەسەر یەك خوا ناسین لە دایك بوون بەڵام شەیاتینی لەسەر دین لایان دەدەن فرمانیان پێ کردوون کە هاوبەش بۆ من دابنێن.!!

هەروەها پێغەمبەر لە حەدیسێکی تردا دەفەرموێ: (كل مولود يولد على الفطرة وأنما أبواه يهودانه أو ينصرانه أو يمجسانه):

واتە: هەموو منداڵێك كە لە دایك دەبی لەسەر ئایینی فیترى‌و خوا بەیەك ناسین دێتە سەر زەوی، بەڵام دەوروبەرو خێزان‌و باوك‌و دایك ئایینەكە دەگۆڕن‌و لە راستەرێ لای دەدەن‌و دەیبەنە سەر ئایینی جولەكەیی یان گاوری یان ئاگر پەرستی...هتد.

كاتێكیش مرۆڤ تووشی تەنگ‌و چەڵەمەیەك دەبی یەكسەر نزاو هاوار دەكاتە خواو پەنای پێدەبا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە بڕوا بە خوا شتێكی فیترییەو لە دەروونی مرۆڤدا چەكەرەی كردوە.

مامۆستا (كریسی موریسون) دەڵێ: تەنها ئەوە كە مرۆڤ هەر لە كۆنەوە لە هەموو شوێنێك تا ئێستا هەستی بەوە كردوە كە كەسێك هەیە لەخۆی بەهێزتر پەنای پێ دەبرێ‌و لەكاتی تەنگانەدا هاواری دەكرێتێ، بەڵگەیەكی بەهێزە لەسەر ئەوە كە دین زكماكی‌و فیترییەو پێویستە زانست بڕوا بەم حەقیقەتە بێنێ.

قورئانی پیرۆز لەچەند ئایەتێكدا ئەم حەقیقەتەی ئاشكرا كردوە دەفەرموێ:

{وَإِذَا مَسَّ النَّاسَ ضُرٌّ دَعَوْا رَبَّهُم مُّنِيبِينَ إِلَيْهِ} (٣٣) سورة الروم:

واتە: هەركاتێك زەرەرو زیان‌و تەنگانەیەك تووشی مرۆڤەكان دەبێ هاوار دەكەنە خوای خۆیان‌و بەندایەتی خۆیان دەردەخەن‌و بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.

یان دەفەرموێ:

{وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوْجٌ كَالظُّلَلِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ} (٣٢) سورة لقمان:

واتە: كاتێك لە دەریادا شەپۆلی ئاو گەمی كەیان دادەپۆشی‌و ترسی مردنیان دەگاتێ هاوار دەكەنە خواو بە دڵسۆزی‌و ئیخلاصەوە باوەڕی پێ دێنن.

كەوابوو دەروونی مرۆڤ بە فیترەت‌و سروشتی خۆی هەست بە وجوودی خوا دەكاو لە تەنگ‌و چەڵەمەدا هاواری تێ دەبەستێ‌و داوای یارمەتی لێ دەكا!! لەم باسەی رابورد ئەوەمان بۆ دەركەوت كە توێژینەوە ئایینیەكانی تازە ئەوە دەچەسپێنێ كە قورئان ئاماژەی بۆ كردوە دەربارەی ئەوە كە بڕوا بە بوونی خوا شتێكی فیترییەو لە دەروونی مرۆڤا رسكاوە جا ئەگەر سەیری رۆژگارو سەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئان بكەین دەبینین خەڵك لەوكاتەدا هیچیان لە

نهێنییەکانی فیترەتی دینی نەزانیوە، کەوابوو ئەمە باشترین بەڵگەیە کە قورئان لە خواوەیەو (محمد) (درودی خوای لەسەر بێ) راستی کردوە.

زانستو زانیاری بانگەوازی مرۆڤ دەکا بۆ باوەڕهێنان بە خوا:

برێ نیمچە خوێندەوارو زڕە زانا هەن پێیان وایە بێ دینی نیشانەی زانستو زانینەو مرۆڤ تا زاناتر بێت بێدین تر دەبێ!!.

لە راستیدا ئەمە هەڵەیەو وانیە هەرگیز لە هیچ رۆژگارو سەردەمێکدا عیلم نەبۆتە هۆی بێدینی، چونکە زاناو لێکۆڵەرەوە هەمیشە عەوداڵە بەدوای حەقائیقو مەبەستدا، هەردەم خۆی لەناو بونەوەرێکی فراوانو سەر سوڕهێنەردا دەبینێتەوە، باش دەزانێ کە ئەم کەونە فراوانە یاساو نیزامێکی رێكو پێك هەڵی دەسوڕێنێو دەیگێڕێ نەك گەڕەلاوژەو خۆ بەسەری. ئیتر کاتێ توێژەرەوە هەست بەو حەقیقەتە دەکا ناچاردەبێ سەری بەندەگی بۆ دەسەلاتو توانای ئەو خوایەی کە ئەم کەونە فراوانەی هێناوەتە وجودو هەڵی دەسوڕێنێ دابنەوێنێو بڕوا بە خوایەتی خوا بێنێ نەك بێدین ببێو روو لە خوا وەرگێڕێ!!.

دکتۆر (دینرت)ی ئەڵمانی باسێکی بڵاو کردۆتەوە لەو باسەیدا راوو فەلسەفەی زانا گەورەکانی شیتەڵ کردۆتەوە بە تایبەتی هی ئەو زانایانەی کە چراو پێشەوای زانستی ئەم چار چەرخەی دوایی بوون لەو باسەدا هەوڵی داوە بیرو باوەڕیان دەربخا لە ئەنجاما گەیشتۆتە ئەو نەتیجەیە کە لە (٢٩٠) زانا:

١. (٢٨)یان هیچ بڕوایەکیان نەبووە.
٢. (٢٤٢)یان بە ئاشکرا بڕوایان بەخوا هەبوەو خاوەن باوەڕ بوون!!.
٣. (٢٠)یان هیچ گرینگیان بە باری ئایینی نەداوە.

جا ئەگەر ئێمە ئەو (٢٠) یان کە گرینگیان بە باری ئایینی نەداوە هەموویان بەخوا نەناس دابنێین هێشتا (٩٢٪) لەو زانا گەورانە بڕوایان بە خوا هەبووە دەی ئەم رێژەیە (٩٢٪) بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ کە دژایەتی لەنێوان عیلمو ئایینیدا نیە، ئەو رایەی مادییەکان دەهۆڵی بۆ لێ دەدەن کە گوایە بێدینی ئاوەڵناوو

دیاردەی زاناکانە ئەسلّو ئەساسی نیە نەك هەر ئەوە بەلّکوو ئەوە دەگەیەنی کە عیلمو ئایین تەواوکەری یەکترن نەك دژی یەك بن.

دکتۆر (لیون) وتی: کە ئەو سەر ژمێرییەی ئەنجام داوە دەلّێ: بڕوا بەخوا هیچ کاتێك بەرگری لە پێشکەوتن ناکات، چونکە هەموو پێشکەوتنێك رێكو پێکی دروستکراوەکانی خوا دەگەیەنێ، خۆ ئەگەر ئەمڕۆ زیاتر لەم زانینەی ئێستام بزانیایە بێگومان بڕوام بە خوا بەهێزتر دەبوو، واتە تا زاناتربم بە دین تر دەبم. دوایی دەلّێ زانستی راست (العلم الحقيقي) هەرگیز سەر ناکێشێ بە مادییەت! بەلّکوو سەر دەکێشێ بە خوا ناسین، چونکە بەهۆی شیتەلّ کردنەوەی لایەنێکی بونەوەرو توێژینەوە تێیدا زیاتر لێهاتوویی‌و زانایی‌و توانایی ئەو کەسە دەردەکەوێ کە بونەوەری بەدی هێناوە.

دکتۆر (وتر) کیمیاگەری بەناوبانگ‌و ئەندامی کارای ئەکادیمیەی زانستو عەمیدی کۆلیجی پزیشکی (باریز) دەلّێ هەر کاتێ هەست بکەم کە بڕوام بەخوا زەعیفە خێرا روو دەکەمە ئەکادیمیای علوم بۆئەوەی بیرو باوەڕم بەهێز بکەمەوە.

زانای بەناوبانگ (فای) گەردوون ناس‌و ئەندامی ئەکادیمیەی علوم لە کتێبەکەیدا (أصل العوالم) دەلّێ: زۆر هەلّەیە کە بگوترێ: زانست خاوەنەکەی هان دەدا بۆئەوەی ئینکاری خوا بکا!!!.

مامۆستا (ئەدمون هەربرت) زەوی ناسی بەناوبانگ‌و مامۆستای دانیشگای سۆربۆن دەلّێ: قەت ناگونجێ عیلم‌و زانست سەر بکێشن بۆ بێ بڕوایی یان بۆ مادییەت یان بۆ گومان پەیدا کردن.

پرۆفیسۆرو مێژوو زانی سروشتی مامۆستا (فابر) دەلّێ: هەموو سەردەمێك هەوای شێتی تێدایە لەبەرئەوە من بەلامەوە بێ بڕوایی بەشێکە لەو هەوای شێتییەو بە نەخۆشی سەردەمی ئێستای حسێب دەکەم وەمن بەلامەوە پێستم لێ دارنن ئاسانترە نەك بیرو باوەڕم بەخوا لێ دارنن!!

ئەمە بە کورتی بڕێ بیرو باوەڕی زانا گەورەکانی زانستی تەبیعەت بوو لە باسە گرینگەکەی (لیون ووتي)مان هەڵبژارد مشتێکیش نموونەی خەروارێکە!!.

لە دکتۆر (أندرو کو نوای ایفی) یان پرسیار کرد وتیان راستە کە دەڵێن زوربەی ئەوانەی خەریکی توێژینەوەی زانستین بێ بڕوانو خوا ناناسن؟

لە وەڵامدا ووتی: بڕوا ناکەم ئەمە راست بێ، بەڵکوو من پێم وایە شتەکە بەرەو ئاواژوە، چونکە لە ئاکامی توێژینەوەو موناقەشە بۆم دەرکەوتووە زوربەی ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی زانستین بە تایبەتی زیرەكو لێهاتووەکانیان بێ بڕوا نەبوونو خوایان ناسیوە، بەلام خەڵکی قسەو راکانی ئەوانیان بە هەڵە گێڕاوەتەوە... ئەمجار دەڵێ: بێ باوەڕی یان بی بڕوایی ماددی هەرگیز ناگونجێن لەگەڵ ئەو رێبازەی کە زاناکان گرتوویانە، نە لەگەڵ بیرکردنەوەیان دەگونجێ نە لەگەڵ کردەوەو ژیانیان!! چونکە زاناکان شوێن یاسایەك کەوتوون کە دەڵێ: مومکین نییە ئامێرێك بێ وەستا دروستکرابێ، واتە ئەوان عەقڵو بیری خۆیان بەکار دێنن لەسەر بناغەی راستو زانست ئامێز بە نیشاتو ئەمەلو هیواوە دەچنە کارگەو تاقیگاو شوێن ئیشی خۆیانو هەموو کاتێ دڵیان پڕە لە بڕوا، تەنانەت زوربەی زاناو زانست دۆستەکان کە کارێك ئەنجام دەدەن هاندەریان بۆ کردنی ئەو کارە خۆشەویستی زانینو خۆشەویستی مرۆڤو خۆشەویستی خوایە.

دکتۆر (البرت ماکوب ونشتر) مامۆستای ژیانداری لە دانیشگای بایلور دەڵێ: خەریکبونم بە زانستەوە باوەڕمی بە خوا بەهێز کردووم رۆژ بە رۆژ بڕوام لە بەهێز بووندا بووە چونکە هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە زانیارییەکان هەردەم بە توانایی خوداو دانایی باڵای ئەو زاتە بێچوونە ئاشکرادەکەنو هەتا مرۆڤ لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیدا شتێکی تازە بە دەست بهێنێ باوەڕی بە خوا پتەو تر دەبی بڕوای زیاد دەکا..

مامۆستا (اللورد کلیفن) یەکێکە لە زانا مەشهورەکانی تەبیعەت دەڵێ: هەر کاتێ بە وردی بیر بکەیتەوەو زیاتر لە زانستەکاندا قووڵ ببیەوە ئەو زانستانە ناچارت دەکەن بڕوا بە خوا بکەیتو ئیمان بە خوایەتی ئەو زاتە بهێنی.

زانـای بـەناوبانـگ (ئێنـشتین) دەڵـێ: بـڕوا بـە خـودا باشـترین‌و بـەهێز تـرین دەسکەوتی باس‌و توێژینەوە زانستییەکانە، ئەمجا باسەکە بە ووتە بەنرخەکانی فەیلەسووفی ئینگلیزی (فرانس بیکۆ) کۆتایی دێنێ کە دەڵێ: کەمێ لە فەلسەفە مـرۆڤ لـە ئیلحادو بـێ بڕوایی نزیـك دەخاتـەوە بـەڵام رۆچـوون بـەناخی قـوڵی فەلسەفەدا بڕواو ئایینی تازە دەکاتەوە.

کەوابوو لە وتەو راوو بۆچوونی ئەو زانایانە ئەوەمان زانی کە زانستەکان دەبـن بەهۆی بڕوا هێنان بە خوداو پتەوبوونی باوەڕ، مرۆڤ تا زاناتر بێ خواناس تر دەبێ.

دەی ئـەوە قورئـانی پـیرۆز پـێش چـواردە سـەدە ئـەم راسـتییەی درکانـدوەو فەرموویەتی:

{ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ} (٢٨) سورة فاطر:

واتـە: ئەوانـەی کـە بەباشـی لـە خـودا دەترسـن تـەنهاو تـەنها زاناکـانن کـە دەیناسن چونکە هەر کەسێك زیاتر خودا بناسێ زیاتر لێی دەترسێ لەم رووەوە کـە زاناکان بیر تیـژن‌و بـە وردەکاریی‌و لێکۆڵینـەوەی زانـست ئامێزیـان گـەڵێ نهێنـی‌و دەست رەنگینی خودایان لـە بونـەوەردا بـۆ دەردەکـەوێ بـە لایەنـە سـەر ئاسـاکانی بونەوەر دەزانن‌و تێی دەگەن‌و لەهـەر رووپـەڕێکی سروشـت خوایـەتی خوایـان بـۆ ئاشکراتر دەبێ لە کاتێکا ئەم حاڵەتە بۆ نەزان‌و نەخوێندەوار پەیدا نابێ.

لە دیباچەی کیتابی حوسنی عالەم هەر وەرەق لادەم

دەبینم مەجمەسی وەصفت لەهەر فەسڵێ لەهەر بابێ

(بێتوشی)

لەلایـەکی تـرەوە قورئـان زیـادە ئیعتبـارو رێزێکـی بـە شـایەتی زاناکـان داوەو شایەتی ئەوانی خستۆتە رێزی شایەتی خوداو فریشتەوەو دەفەرموێ:

{شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ وَالْمَلاَئِكَةُ وَأُوْلُواْ الْعِلْمِ قَآئِمَاً بِالْقِسْطِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ} (١٨) سورة آل عمران:

واتە: پەروەردگار خۆی شایەتی داوە کە جگە لە خۆی هیچ خودایەکی تر نیە شایانی پەرستن بێ، هەروا فریشتەو زاناکانیش ئەم شایەتیەیان داوە هەموو شایەتن لەسەر عەدالەتو دادپەروەری باری تەعالا.

ئەوەتا شایەتی زاناکانی خستۆتە ئاستی شایەتی فریشتەکانەوە جا خۆ زانینی فریشتەکان شكو گوومان رووی تێ ناکەن دیارە لەم خستنە ریزەوە زیادە ئیعتیبارێکی تەواو بەڕای زاناکان دەچەسپێنێ.

بەکورتی زانست لە رووپەڕی بونەوەردا بەڵگەی لەسەر بوونی خوداو توانایی‌و دانایی هێناوەتەوە قورئانیش پێش پێشکەوتنی عیلم‌و زانست هەمان بەڵگەی خستۆتە روو هەردوو بەڵگەکان: بەڵگەی قورئان‌و بەڵگەی عیلم لە بونەوەردا یەکیان گرتووە، پاڵپشتی یەکتری دەکەن.

بەرپەرچ دانەوەی مادییەکان (مناقشة الماديين):

مادییەکان بڕوایان نیە کە بۆ بونەوەر بەدیهێنەرێك هەبێ، بەڵکوو پێیان وایە هەرچی لە بونەوەردا هەیە ئەزەلییەو لە ماددە بەدی هاتووە، مادەش خۆی هەر بووەو هەر دەبێ یاساو نیزامە سروشتییەکانیش بە رێکەوتو سودفە پەیدا بوون بەهۆی گۆڕانکاری پەیتا پەیتایانەوە تەطەوریان کردوە گەیشتونە ئەم پلە رێكو پێکە گونجاوەی کە ئێستا دەبینرێ ئیتر ئەم قسە بۆشانەی مادییەکان بلاوبوونەوەو کاریان کردە سەر بیری بڕێ ئادەمیزادو سەریان لێ تێك دان‌و رێگای بێ بڕوایی (الحاد)یان گرت‌و بوونە خودا نەناس، لەهەمان کاتدا زۆر لە زاناو عالمەکان بەرەنگاری فیکرەی ئەم مادییانەیان کردوو بۆچوون‌و رایەکانیان پوچ کردنەوە نیزاعێکی کوشندە لە نێوان خاوەن باوەڕو زاناکان لەلایەك‌و مادییەکان لەلایەکی تردا سەری هەڵدا ئەمەش بڕێ لە راوو بۆچوونی زاناکانە کە بەر پەرچی مادییەکانیان داوەتەوە.

پوچ کردنەوەی تیۆری ڕێکەوت و سودفە:

دکتۆر (ایرفنج ولیام) مامۆستای زانستی تەبیعی دانشگای میشیجان دەڵێ: من بڕوام بە هەبوونی خودای گەورەو مەزن هەیە چونکە ناتوانم و عەقڵم ڕێگام نادا کە بڵێم ڕێکەوت بەتەنیا دەتوانێ چۆنیەتی پەیدابوونی ئەلەکترۆنەکانی سەرەتایی یان گەردیلە هەوەڵییەکان یان ترشە ئەمینەکان (الأحماض الأمينية)ی یەکەم یان پرۆتۆپلازمی یەکەم یان یەکەم تۆم و مادەی ژیان یان عەقڵی یەکەمم بۆ شی بکاتەوە!! کە وابوو من بڕوام بە هەبوونی خودا هەیە چونکە هەر لە بوونی ئەوەوە دەتوانین دیاردەکانی بونەوەر شی بکەینەوەو پەیدابوونی ئەمانەو شتەکانی تریش پاڵ ئەوبدەین دکتۆر (واین أولت) ئەندامی کۆمەڵەی جیۆلۆجی ئەمریکی دەڵێ: ئەو تیۆرانەی دیانەوێ بونەوەر لە بیرو باوەڕی مادییەوە بخەنە بەر لێکۆڵینەوە بە عەقڵێکی مادی سیرف قسەی لێ بکەن هەر زوو تیۆرەکانیان لە پەل و پۆ دەکەون و ناتوانن راڤەی چۆنیەتی پەیدابوونی بونەوەر بکەن!!!

ئەمجار چی گۆڕانکاریی و گەش و نما روویداوە دوای پەیدا بوونی یەکەمی بونەوەر هەمووی دەگەڕێنینەوە بۆ ڕێکەوت و سودفە، ڕێکەوتیش بۆ خۆی فیکرەیەکە مادییەکان بۆ بەرهەڵستی فیکرەی هەبوونی خوا دەیخەنە ڕوو، ئەگینا ڕێکەوت بۆ خۆی هیچەو هیچی پێ ناکرێ!! تەنانەت ئەگەر ئێمە چاومان لە ئاستی لایەنە ئاینییەکانیش بنوقێنین دەبینین تا فکرەی هەبوونی خوا زۆر بە ئەقڵ ئاشناترەو نزیکترە لە مەنتیقەوە تا فکرەی ڕێکەوت و سودفە!! بەڵکوو ئەم یاسا ڕێك و پێکەی کە کەون و بونەوەر هەڵدەسوڕێنێ بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ کە خوایەکی دانای زانای ڕێکخەرو بەتوانا بەدی هێناوە نەك ڕێکەوت و سودفەیەکی هیچی لە هیچ بوو!!.

زانای بەناوبانگ (أ. کریسی موریسون) سەرۆکی ئەکادیمیای زانست لە نیۆرك پرسیار دەکا دەربارەی نهێنی ژیان: ئایا ژیان مادده دروستی کردوە!!؟ دەڵێ: ئەوەی کەبەگشتی رای زانایانی لەسەرە ئەوەیە کە نە بیئەو دەوروبەر بە تەنها نە مادە بە تەنها هەرچەندە گونجاو بێ بۆ ژیان هەروەها نە هیچ ڕێکەوت و

هەڵێك لەکاری کیمیاوی‌و سروشتیدا کە بگوترێ سودفە دروستی کردوون هیچ یەکێك لەمانە ناتوانن ژیان دروست بکەن‌و بیهێننە گۆڕەپانی بونەوەرەوە.

ئەمجار دەڵێ: ژیان تاکە سەرچاوەیە بۆ هەست‌و شعوور، هەر ژیانە کەوامان لێدەکا هەست بە دروستکراوانی پەروەردگار بکەین‌و بەجوانی سروشتی رەنگاو رەنگ سەرسام ببین خۆ ئەگەر چاویش بنوقێنین هەر ناتوانین خۆ لەوشاکاری خوایە گێل بکەین هەرچەندە تا ئێستا پەردەی تاریکی بەسەر چاومانەوەیە!!!.

کەوابوو تیۆری رێکەوت (نظرية المصادفة) لەسەر هیچ بەڵگەیەکی زانستی وەرگیراو هەڵنەستاوە، هیچ عەقڵێکی ساغیش وەری ناگرێ، هەر بۆیە دەبینین قورئانی پیرۆز روو دەکاتە ئەو بێ بڕوا رارایانەو بە شێوازێکی دڵ ئارام بۆیان روون دەکاتەوە کە بونەوەر دەبێ کەسێك بەدی هێنابێ ئەو کەسەش خوای پەروەردگارە... ئەوەتا لە سورەتی ئیبراهیمدا دەفەرموێ: {أَفِي اللَّهِ شَكٌّ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ}:

واتە: ئایا ئێوە ئەوەندە گەوج‌و نەزانن گومانتان لە هەبوونی خواو خوایەتی‌و تەنهایی ئەو زاتەدا هەیە!

لەکاتێکا ئەو خۆی بەدیهێنەری ئاسمانەکان‌و زەوییە، ئەمجار قورئان سەرنجی بەندەکانی رادەکێشێ بۆئەوە لە بونەوەر وردببنەوە سەیری سروشت بکەن‌و تێی بفکرن تا بۆیان دەربکەوێ کە رووپەڕەکانی بونەوەر هەریەکەیان ئەوە دەگەیەنێ کە پەروەردگار دروستکەرو بەدیهێنەرێکی زاناو داناو کار سازە. قورئان دەڵێ: {صُنْعَ اللَّهِ الَّذِي أَتْقَنَ كُلَّ شَيْءٍ}:

واتە: ئەم بونەوەرە دروستکراوی خوایەکی وایە کە هەموو شتێکی بەرێ‌و جێیە، هەموو شتێکی لە شوێنی خۆی دایە یان دەڵێ: {الَّذِي أَحْسَنَ كُلَّ شَيْءٍ خَلَقَهُ}:

واتە: پەروەردگار خوایەکی وەهایە بەدیهێنەرێکی ئەو تۆیە هەر شتێکی دروستی کردوە رێك‌و پێکەو گونجاوو لەبارە!!!.

كەون سەرەتای هەیە، كاتێك بووە نەبووە (للكون بداية):

دوكتـۆر (ادوارد لوثركيـل) مامۆسـتای ژیانـداری سـەرۆكی بەشـێكی دانـشگای (سـان فرانسیـسكۆ) بـەر پەرچـی ئـەو مادییانـە دەداتـەوە كـە گوتویانـە كـەون ئەزەلییە، دەڵێ: زانستەكان بـە ئاشـكرا ئـەوە دەگەیـەنن كـە ئـەم كەونـە ناگونجـێ ئەزەلی بێ‌و هەر بووبێ چونكە گواستنەوەی گـەرمای لـە قـەبارە گەرمەكانـەوە بـۆ قـەبارە ساردەكان بەردەوامـە خـۆ ناشـگونجێ پێـچەوانەیەك رووبـداو بـەهێزێكی خـۆیی گەرمایيەكـە لـە قـەبارە ساردەكانەوە بـارێكی تـر بگەرێتـەوە بـۆ قـەبارە گەرمەكان، كەوابێ گواستنەوەكە هەر لـە قـەبارە گەرمەكانـەوە دەگوێزرێتـەوە بـۆ ساردەكان ئەمەش مانای وایە كە كەون لـە رۆژگارێكـا وای لێ دێ‌و دەگاتـە پلەیـەك گـەرمایی هـەموو شـتێكی یەكـسان دەبـێ كـانی وزەی تێـدا رۆدەچـێ ئـیتر تێكـەو لێكەی كیمیاوی‌و سروشتی نامێنێ‌و شوێن‌و ئاسەواری ژیانیش نابیندرێ!!

جا چونكە ئێـستا ئێمـە بەچاوی خۆمـان دەبیـنین ژیـان بەردەوامـەو تێكـەو لێكەی كیمیاوی (عمليـات كيمياويـة) بـە رێـك‌و پێكـی دەڕوا سروشـت كـاری خـۆی ئەنجام دەدا كەوابێ دەتوانین بڵێین ئەم كەونە ئەزەلی نیـە چونكە ئەگـەر ئـەزەلی بوایە زۆر دەمێـك بـوو وزەی نـەدەماو هـەموو كـردو كۆیـەكی بونـەوەر دەوەسـتاو خپ دەبوو؟!! ئابەو شێوەیە زانست دەری دەخا كـە بونـەوەر سـەرەتای هەیـەو لـە نەبونـەوە بـەدی هـاتووە ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا هـەبوونی خـوا دەچەسـپێنێ، چونكە هەرشـتێك سـەرەتای هـەبێ ناگونجـێ خـۆی خـۆی بـەدی هێنابـێ، بەڵـكوو دەبــێ بەدیهێنــەرێك، دروســتكەرێك بــەدی هێنابــێ ئــەو بەدیهێنــەرە خــوای پەروەردگارە!!

كـە سـەیری قورئـانیش دەكـەین دەبیـنین بـە ئاشـكرا ئـەوە دەچەسـپێنێ كـە بونەوەر سەرەتای هەیەو شاكاری كەریمی كارسازە، ئەوەتا دەفەرموێ:

{أَوَلَمْ يَرَوْا كَيْفَ يُبْدِئُ اللَّهُ الْخَلْقَ} (١٩) سورة العنكبوت:

واتــە: ئایــا ئێــوە نــابینن خــوا چــۆن شــت دروســت دەکــاو مــەخلوقات بــەدی دەهێنێ؟! ئابەو جۆرە جارێکی تریش رۆژی رەستاخیز دروستیان دەکاتەوە!

لە شوێنێکی تردا قورئان ئەوە دەدرکێنێ کە کەون بەرەو رۆژی نەمانی دەڕوا ئــەو رۆژەش رۆژی دواییــە رۆژی قیامەتــە لــەو رۆژەدا هــیچ وزمیــەکی بونــەوەر نامێنێ خۆریش هیچ نورێکی نابێ‌و ئەستێرەکان لێڵ‌و تاریك دادێن.

{إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ، وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ} (١ - ٢) سورة التكوير:

واتە: ئەی محمد! پێیان بڵێ: بـا یـادی ئـەو رۆژە بکەنـەوەو لـەو رۆژە بترسـن کەخۆر روناکی نامێنێ‌و تاریك دادێ!! کاتێـك ئەسـتێرەکان هەڵدەوەرن‌و رەنگیـان دەگۆڕێ‌و نوریان نامێنێ ئیتر دوای ئەوە سەر لەنوێ باری تـەعالا بـە شێوەیەکی تر خەڵك دروست دەکاتەوە.

گۆڕانکاری‌و بەرەو پێش چوونی کەون یەکێکە لە نیشانەکانی خوایەتی خوا (التطور من آيات الله)

دوکتۆر (جۆرج ایرل دافیز) پسپۆڕ لە تیشکی خۆردا دەڵێ: ئـەو گۆڕانکـاری‌و پێشکەوتنەی زانسـت لـە کەونـدا دەری خـست خـۆی لـە خۆیـدا بەڵـگەیە لەسـەر هـەبوونی خـوا چـونکە هـەر لـەو وردیلـە گەردیلانـەی کـە ئەوەنـدە وردن لەبـەر وردییـان نـابینرێن‌و بۆشـاییان نییــە ملیۆنــەها ئەسـتێرەو مـانگ‌و خـۆرو زەوی دروست بووە هەریەکەیان شێوەو روخسارێکی تایبـەتی هەیـەو تەمـەنێکی دیـاری کراوی هەیە، بە گوێرەی قانون‌و یاسایەکی دامەزراو دێن‌و دەچن، بـە جۆرێـك کـە عەقڵ‌و هۆشی ئادەمیزاد ناتوانـێ ئەنـدازەی ئـەو رێـك‌و پێکییـە بزانـێ!! تەنانـەت هەموو گەردیلەیەکی ئەم بونەوەرە بەڵـکوو لـە گەردیلـەش بـچوکتر.. واتـە شـتێك ئەوەندە بچوك بـێ نـە هەسـت پێـی بزانـێ‌و نـە بەخەیاڵدا رابـبرێ لەبـەر وردی. هەریەکە یاساو نیزامی خۆی هەیە پێویستە بەو پێ‌و دانە بگەڕێ!!!.

ئەمانــەی وتــران چــەند بەڵــگەیەکی زانــستی بــوون لەســەر هــەبوونی خــواو بەسیشن بۆ ئەو مەبەستە بە تایبەتی کە هەموویان بەڵگەی زانست ئـامێز بـوون! بەڵام لێرەدا بەڵگەی بەهێزتر هەیە کە باشتر هەبوونی خوا دەچەسپێنێ، چونکە لەو گەردیلەو وردیلە بچکۆلانە نەك هەر تەنها ئەستێرەو خـۆرو مـانگ‌و زەوی لێ پێکهاتووەو بەس! بەڵکوو هەر لەو گەردیلانـە جۆرەها زینـدەوەرو خاوەن عـەقڵ‌و هۆشی پێشکەوتوو داهێنەرو بیرکەرەوەو سەیرو سەمەرەی دروست کردوە مرۆڤـی لێ پێهاتووە کە دەتوانێ فکر بکاتەوەو داهێنان بەدی بهێنێ‌و شـتی جـوان دروسـت بکا بەڵکوو بەوەش قاییل نابێ توێژینەوە لە نهێنییـەکانی ژیـان‌و بوونـدا ئـەنجام بدا، بەڵێ هەموو گەردیلەو وردیلەیەکی ئەم گەونە شایەتی لەسەر هـەبوونی خـوا دەدەن وە ئەوانە هەبوونی خوا دەگەیەنن بەبێ ئەوەی پێویستمان بەوە هەبێ کـە بەڵگە بۆ ئەوە بێنینەوە کە مادە خۆی خۆی دروست ناکا.

دوکتۆر (ادوارد لوثرکیل) دەڵێ: هەڵبژاردنی سروشتی بۆ خۆی یەکێکە لـەهۆ میکانیکیەکانی تەطەوور، کەوابوو تەطەوور بۆ خۆی یەکێکە لە یاساکانی کـەون‌و قانوونی سروشتیەتی، ئەویش وەکوو باقی قانوونە زانستییەکانی تر دەوری خـۆی دەبینێ، بەڵام دەورێکی سەرەکی نا چونکە ئەو خۆی پێویـستی بـە کەسـێك هەیـە کـە بیخاتــە روو بــەدی بهێنــێ گومـانیش نیـە کـە ئـەو دەرخـستن‌و دیـاری کردنـە کــرداری پــەروەردگارەو ئــەو ئــەنجامی داوە، ئــەو شــتانەی بــەهۆی گــردو کــۆی هەڵبــژاردنی سروشــتییەوە پەیــدا دەبــن هــەر خــوا دروســتی کــردوون، چــونکە قانوونەکەی کە ئەو شتە گەردن کەچیەتی خوا دروستی کردوە چونکە ئاشکرایە هەڵبژاردنی سروشتی بۆ خۆی هیچی پێ دروست ناکرێ، ئەوەی کە ئـەنجامی دەدا تەنها بریتییە لەوە کە برێ شـتی بونـەوەر بـە مەبەسـتی مانـەوە یـان فـەوتان لـە نێوان چەند جۆر رێبازدا رێبازێکی تایبـەتی دەگـرن‌و پێیـدا دەڕۆن. ئـەو شـتانەی کە هەڵبژاردنەکەیان تێدا ئەنجام دەدرێ بۆ خۆیان گـەردن کەچـی یاسـای رەگـەزو رەچـەڵەکایەتیە ئـەم قـانون‌و یاسایەش بـەبێ شـارەزاو رەهنومـا نـارۆن‌و هـەرگیز

گەردن کەچی رێکەوتی کوێر نابن، قەت سودیە لە بوون و نەبونیاندا دەورێکی نە کەم نە زۆری نیەو ناشێ بێ جا با مادییەکان و رێکەوت پەرستەکان هەر بۆ خۆیان بڵێن... تیووری پێش کەوتنیش ئەوە قورئان بۆ خۆی دەستنیشانی کردووەو دەڵێ: {وَيَخْلُقُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ}:

واتە: پەروەردگار شتی واتان بۆ دروست دەکا کە هێشتا نەتان زانیوەو رەنگە بە خەیاڵیشتاندا رانەبوریبێ!!! ئەمەش ئەوپەڕی فراوانیی گۆڕەپانی پێشکەوتن دەگەیەنێ و پێمان دەڵێ کە هەردەم کەون لە پێشکەوتندایەو گۆڕانکاریی و تەطەوراتی بەسەردا دێ!!.

(هەڵبژاردنی سروشتی)ش کە رووبدا بە گوێرەی ئەو یاساو داب و نەریتانەوە پەیدا دەبن کە خوا دایناوەو دەیەوێ بەو جۆرە ژیان بڕوا بە رێوە، دەفەرموێ:

{فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاء وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الأَرْضِ} (١٧) سورة الرعد:

واتە: پەروەردگار کاتێ لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێ هەر دۆڵ و شیوێك بە ئەندازەی خۆی لافاوی پێدا دەڕوا... ئەو لافاوە لەگەڵ خۆیا خشت و خۆڵ و کەف و زبڵ و زاڵ هەڵدەگرێ، جا هەرچی کەف و خشت و خۆڵەکەیە بە خۆڕایی و بەبێ سوود دەڕوا ئاوە سافەکەش لە زەویدا دەمێنێتەوە بۆ سوودو قازانجی ئادەمیزاد بەکار دەبرێ!.

بەشی پێنجەم:

یەکتایی خودا (وحدانية الله)

بیروباوەڕی عەرەبەکان پێش هاتنی ئیسلام - ئیسلام بانگەوازی خوا بەیەك ناسینی کردوە - پوختەی خوا بەیەك ناسین لە ئیسلامدا - بەڵگەی عەقلی لەسەر تاك و تەنهایی خودا - یەکیەتی یاسا کەونیەکان نیشانەی یەکتایی خودان - هێرشی ئیسلام بۆ سەر فرە خواییەکان - مرۆڤ پەرستی - بت پەرستی - شەفاعەت - بڕێ سیفەتی خودا لە قورئاندا - پوکاندنەوەی شوبهەو نەنگ گرتن لە سیفەتەکانی خودا.

بیرو باوەڕی عەرەبەکان لە پێش ئیسلام (عقائد العرب قبل الإسلام):

لە پێش هاتنی ئیسلامدا بت پەرستی بە تەواوی لە نیوە دوورگەی عەرەبی دا بڵاو بوبوەوە، لەشاری مەککەدا هەموو خێزانێك بتێکی هەبوو دەیپەرست. تەنانەت ئەگەر یەکێکیان سەفەری بکردایە دواکاری ئەومبوو بتەکەی ماچ دەکردو کڕنووشی بۆ دەبردو خودا حافیزی لێدەکرد، کەلە سەفەرەکەشی دەگەڕایەوە یەکەم کرداری ئەومبوو دەبوایە ماچ و موچێکی بتەکەی بکردایە. جا وەکوو مێژوو نووسان نووسیویانەو قورئانیش باسی کردوە چەند بتێك لەنێو بتەکانی تردا مەشهوورو بەناوبانگ بوون، هەرە مەشهووریان (سواع ويغوث ونسر ومناة وود واللات والعزى) بوو!!

هەندێ لە عەرەبەکان ئەستێرەیان دەپەرست، بە تایبەتی زۆریان مانگ و خۆریان دەپەرست، هەندێکی تریان فریشتەیان دەپەرست، هەندێکی تریان جنۆکەیان دەپەرست، هەروەها پەرستنی گیانی مردووی کۆنیان لەناودا باو بوو، هەر بۆیەش پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خوای لەسەر بێ) فەرمانی کرد بە هاوەڵەکانی کە تا دەتوانن گۆڕستانیان سادەبێ و گومبەزو خانوویان لەسەر نەبێ، هەروەها نەچن گۆڕستانەکانیان بکەن بە شوێنی نوێژو مزگەوت. تەنانەت بڕێ عەرەبی پێش ئیسلام بڕوایان بە پەرستنی گیانی مردووان هەبووە بەلایانەوە ئەو گیانانە کاریگەریی تەواویان لە ژیانی زیندواندا هەبووە.

هەقایت خوانو بەیت بێژیان زۆریان لە باسی کاریگەریی ئەو گیانانە گوتووە، زۆر بە دوورو درێژی باسی ئەوەیان کردوە کە پاش مردن چۆن ئەو گیانە لە لاشە جیا دەبێتەوە، چۆن بە دەوری گۆڕدا دەسورێتەوە، چۆن بەسەر گۆڕەکەدا دەشنێتەوەو باڵە تەپێ دەکا، خۆی دەکا بە باڵندە بە دەوریدا باڵە فرتێ دەکا. بەتایبەتی ئەگەر مردووەکە کوژرابێ‌و تۆڵەی نەسێندرابێ!!

بەلایانەوە گیانەکان توانیویانە بە زۆر شێوە خۆیان بۆ مرۆڤە زیندووەکان بە دەرخەن، یان ئەو گیانانە چونەتە بەر ئاژەڵ‌و باڵندەو خشۆکەوە، لەم رووەوە بیرو باوەڕی رەشبینی‌و گەشبینییان تێدا بڵاوبۆتەوە، لە برێ حەیوان ترساون‌و بینینی برێ زیندەوەریان بەلاوە سامناك بووە. هەروەها دابو نەریتی ئاژەڵ پەرستن‌و رووەك پەرستنیان بە زۆری لەناودا بڵاو بوبووەوە، تەنانەت لەبەر پیرۆزیچەند تیرەو بەرە بابو هۆزو خێڵیان بە ناوی ئاژەڵەوە ناو نابوون، لەمانە وەکوو هۆزی (کەلب= سەگ) تیرەی (ذئب- گورگ) بەرەی (دوبب= ورچ) خێڵی (نەسر= هەڵۆ) و (ثەعلەب= رێوی) و (هِرَە- پشیلە)، (بەطّطە= قاز)، (ثەور- کەڵەگا).... هتد. هەروا برێ تیرەشیان بەناوی رووەك‌و درەختەوە ناو نابوون!

بەشێکی تری عەرەبەکان لە پێش ئیسلامدا گەردون پەرست بوون، بڕوایان بە خودا نەبوو، زیندوو بوونەوەیان بەلاوە درۆ بووە، ئەمانە پێیان دەگوترا: (دەهرییە) گەردون پەرست، قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ کردوون‌و دەفەرموێ:

{وَقَالُوا مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ}:

واتە: ئەو بێ ئەقڵانە دەڵێن: ژیان هەر ئەم ژیانی دونیایەو زیندو بوونەوەی قییامەت درۆیە، ئاوا وەك هەیە دەژین‌و دەمرین، ئەوی دەشمان فەوتێنێ گەردوونەو چەرخی چەپگەردەو بەس!

کۆمەڵێکی تری عەرەبەکان گەرچی نە لەسەر ئایینی جوولەکە بوون‌و نە لەسەر ئایینی مەسیحی بوون، کەچی بڕوایان بە هەبوونی یەك خوا هەبوو یەك خوایان دەپەرست، راڤەکەرانی قورئان‌و مێژوو نووس‌و چیرۆك خوانان ناوی کۆمەڵێك لەمانەیان باس کردوە، بەڵام باسکردنەکەیان چەواشەو تێکەڵ‌و پێکەڵ،

بە وردی لە بیرو باوەڕیان نەکۆڵیونەوە، ئەمانە پێیان دەگوترێ: (الحنفاء) دەشڵێن لەسەر ئاپینی حەزرەتی ئیبراهیم بوون (درودی خودای لەسەر بێ). لە هەندێ ریوایەتو سەر گوزەشتەدا وا دەردەکەوێ کە ئەوانە نامەی ئاسمانیان خوێندۆتەوەو بە وردی تێی فکریون. خۆیان لە خواردنەوەی شەرابو بادەو مەی پاراستووە، کاری نابەجێیان هەرگیز نەکردوە، ئامۆژگاری خەڵکیان کردوە کە خۆیان لە بت پەرستی دوور بخەنەوەو وازیان لێ بێنن!! ئەو ئاپینانەی پێش هاتنی ئیسلام لە دوورگەی عەرەبدا باوبوون برێتی بوون لە ئاگر پەرستی (المجوسية) صابینەیی (الصابئه) جولەکەیی (اليهودية) فەلەو دیان (المسيحية).

ئاگر پەرستی: وەکوو مێژوو نووسان دەڵێن لە فارسەکانەوە وەریان گرتووە...[1]

سوببەکان دوو تاقمن، تاقمێکیان پێیان دەگوترێ: (صابئة حنفاء) سوببە خوا پەرستەکان. بەشێکیشیان کافرنو هاوبەش بۆ خودا دادەنێن، ئەمانە یان ئەستێرە پەرستن. هەندێ لایان وایە ئەمانە بۆیە پێیان دەگوترێ (صابئة- لەرێ دەرچووەکان) چونکە لە فەرمانی سەرەکی ئاپینەکەی خۆیان دەرچوونو بە کەیفی خۆیان لە هەموو ئاپینێ هەرچییان بەدڵ بێ وەری دەگرن!.

---

[1] لە کۆندا فارسەکان خودا پەرست بوون، دوایی رێزی خۆرو مانگو ئەستێرەکانیان گرتووە. کە زەردەشت پێغەمبەر هات داوای لێ کردن کە خودای تاکو تەنیا بپەرستنو بت پەرستی لابردو ووتی: نوری خودا ئەدرەوشێتەوە لە هەموو شتێکی رۆشنو خاوەنی گڕو بڵێسەدا، وە داوای لێ کردن کە ئاگرو هەواو خۆڵو ئاو پیس نەکەن، لە دوای خۆی زانایانی ئاپینەکەی هاتن ئاپینەکەیان گۆڕیو شەریعەتو ئاپینێکی جیاوازیان بۆ زەردەشتییەکان دانان هەر شتێك ئاگری بوێ لێیان قەدەغە کردن تەنیا رێگای ئەوەیان دان کە خەریك بن بە کشتو کاڵو بازرگانییەوە، ئەمە وردە وردە سەری کێشا بۆ ئاگر پەرستیو هاتن ئاتەشگەدەیان داناو پەیکەریان بۆ ئاگر داناوهەموو ئاپینو باوەڕەکەیان لەسەر پەرستنی ئاگر کورت کردەوە ئاپینە راستییەکە لەبیر چووەوەو خراپە ژێر لێوەوە. سەیری کتێبی: ژیانی پێغەمبەری مەزن (محمد) دروودی خودای لەسەر بێ (١٢٠) بکە.

دانیشتوانی مەککەش (وەکوو قورئان ئاماژەی بۆ دەکاو شیعری سەردەمی پێش ئیسلام دەی گەیەنێ) هەیان بووە بڕوای بە هەبوونی خودایەکی بەدیهێنەری ئاسمان‌و زەوی هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا هاوبەش پەیداکەر بوون‌و بڕوایان وابووە کە خودا ئەم هەڵوێستەی ئەوانی لا خۆشە، بەلای خۆیانەوە بت پەرستییەکەیان دەبێتە هۆی نزیك بوونەوەیان لە خوداو ئەم بتانە لای خودا شەفاعەتیان بۆ دەکەن.

ئەوەتا خودای مەزن لەسەر زمانی ئەوان دەفەرموێ: { مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى} ئێمە بۆیە تاعەتی ئەم بتانە دەکەین‌و دەیانپەرستین هەتا لە خودامان نزیك بخەنەوە!! بە کورتی خودا بە یەکناسین لای عەرەبەکانی پێش ئیسلام تێکەڵاو بە باوەڕی فرە خودایی بوو بوو، لەگەڵ بڕوا بە خودا بڕوایان بە چەند خودایەکی تر هەبوو، بۆیە بتەکانیان دەپەرستن هەتا لە خودای مەزن نزیك ببنەوە، هەبوونی کوڕو کچیان بۆ خودا بە ڕەوا دەبینی، پێیان وابوو فریشتە کچی خودان، باوەڕیان وابوو کە قوربانی کردن بۆ بتەکانیان لە خودایان نزیك دەکاتەوە، بە دڵی خۆیان ئەو بتانە ڕۆژی قیامەت لای پەروەردگار شەفاعەتیان بۆ دەکەن! ئیتر کە ئایینی ئیسلام هات ئەم بیرو باوەڕە پوچانەی هەموو لێك هەڵتەکاندن‌و لە بێخی دەرهێنان، ڕێبازی خودا بە یەکناسینی لە خەوشی شیرك‌و هاوبەش پەیداکردن بۆ زاتی بێچوون پاك کردەوە!!

ئایینی ئیسلام بانگەوازی خوا بەیەکناسینی کردوە:

پێش هاتنی ئیسلام عەرەبەکان جۆرەها ئایین‌و بیرو باوەڕیان لە نێودا بڵاو بوبوەوە هەریەکە بۆ خۆی ئاینێکی پەیڕەوی دەکرد، کە ئیسلام هات هەموو ئایینەکانی بە بەتاڵ‌و پوچ دانا، ئایینی خودا پەرستی ڕاستی بە ڕەوابینی، خودا بە یەکناسینی (بەزات‌و سیفاتەوە) چەسپاندو داکۆکی لەسەر خودا پەرستی کرد، خەڵکی هەڵنا بۆ ئەوەی گەردن کەچی تەنیا هەر بۆ خودا بکەن‌و بەس!!

قورئان دەفەرموێ:

{وَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ} (١٦٣) سورة البقرة:

واتە: خودای بە راستو حەق خودایەکی تاكو تەنیایە هیچ خودایەك نیە شایانی پەرستنو گەردن کەچی بۆ کردن بێ جگە لە خودای گەورەو بەخشندەو میهرەبان خودایەك کە بەخشندەو میهرەبانە لە جیهاندا بۆ هەموو زیندەوەرێك لە قیامەتیشدا بۆ موسوڵمانان!!

بەڵێ: خودا بەیەك ناسین بەردی بناغەی ئایینی ئیسلامە پێویستە هەموو موسوڵمانێك بە دڵ بڕوای هەبێو بە زوبانیش بیڵێو بە کردەوەش رەفتاری پێبکا، هەموو موسوڵمانێك دەبێ شایەتمان بهێنێو بڵێ: (أشهد أن لا اله لا الله) واتە بە دڵ بڕوام هەیەو بە زوبان دەیڵێم کە هیچ خودایەك نیە شیاوی پەرستن بێ جگە لە (الله) وشەی (الله) ناوێکە تەنیا بۆ خودای پەروەردگارو بەدیهێنەر بەکار دەهێنرێ وشەی (الا له) بۆ هەموو پەرستراوێك بەکار دەهێنرێ راست بێ یان درۆ، کەوابوو رستەی (لا اله) سڕینەوەو نەهێشتنو بەتاڵ کردنەوەی هەموو خودایەکە وشەی (الا الله) چەسپاندنە بۆ هەبوونی خودایەکی زانای بە تواناو حەقو راست، ئەویش خودای پەروەردگارە!!

کەوابوو موسوڵمان کە شایەتمان دێنێو دەڵێ: (لا إله إلا الله) ئیعترافە بە زوبانو بڕوایە بە دڵ بە یەقینو زانینەوە کە هیچ شتێك شیاوی پەرستن نیە جگە لە خودای پەروەردگار، هەر شایەتمانێکی بەم شێوە بێ شایەتمانە بە هەبوونی خوداو تاكو تەنهایی!!

پوختەی خودا بەیەك ناسین لە ئیسلامدا (روح التوحيد في الإسلام):

پەروەردگار وای داناوە کە هەموو کات بیرو باوەڕی دڵو دەروون ئاوێنەی بالا نومابن بۆ کردارەکانی جەستە، هەر کردەوەیەك (چاك یان خراپ) لە مرۆڤەوە پەیدا ببێ ئەوە بەبێ شك کانی سەرەکیو هۆی راستەقینەی چۆنیەتی ئەو بیرو

باوەڕیە کە لە دڵیدا هەیە. کەوابوو هەرکەسێك بە چاکی خودا بەیەك بناسێ‌و هیچ شك‌و گومانی لە خودایەتی ئەودا نەبێ‌و لە دڵێکی پاکی بێ خەوشدا ئەم باوەڕە جێگیر بووبێ بێگومان چی کاری باشە لێیەوە دەردەچێ، چونکە بڕوای بە ڕاست‌و خودا بەیەك ناسینی تەواو ئەوە لە دڵی مرۆڤەکەدا دەچەسپێنێ کە هیچ خودایەك نیە شیاوی پەرستن بێ، هیچ کەس نیە زیندو کردنەوەی بەدەست بێ‌و خۆی گیان وەرگرەوە بێ، هیچ کەس نیە رزق‌و ڕۆژی دەربێ‌و سوود بەخش بێ جگە لە خودای پەروەردگار.. بۆیە موسوڵمان هەرکاتێ بە تەواوی خودای بە تاك‌و تەنیا ناسی، سوودی سەربەخۆیی‌و ئازادیی وەردەگرێ، هەست بە ڕێزو شانی مرۆڤی خۆی دەکاو سەری بەندەگی هەر بۆ خودا دادەنەوێنێ گەردن کەچی کەسی تر نابێ، بەڵێ هەرکاتێ مرۆڤ بڕوای بە تاك‌و تەنیایی خودا بەهێز بوو بۆی دەردەکەوێ کە ئەو بەلاو مۆتەکەیەی ئەمڕۆ سواری شانی کۆمەڵ بووەو زوربەی خەڵك گەردن کەچ‌و دەست بەسینگەوەیە بۆ پاشاکان‌و سەرۆکەکان‌و بۆ زاڵم‌و بەرژەوەند پەرستەکان، بۆ شێخە دەست بڕەکان، بۆ پیاوە بەناو ئایینییەکان، ئەمانە هەموو هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی باوەڕیان‌و هەست نەکردنیان بە هێزی کاریگەری خودای هەموو خودایان‌و کەسی بێ کەسان! ئەگینا ئەگەر بە تەواوی بڕوایان بە خودایەتی خودا هەبێ، چۆن دەچن گەردن کەچی دەنوێنن بۆ بەندەیەکی قنگ هەڵپچراوی بی وەج‌و توانا کە لە ڕاستیدا چی لەو مرۆڤ گەلە زیاتر نیە، ئەویش وەکوو ئەوان گۆشت‌و خوێن‌و ئێسقان‌و پێستەو خاوەنی ورگ‌و ریخۆڵەیە!! هەر بۆیەشە قورئان بەرگریی دەکا لە پەرستنی کەسێ جگە لە خودای گەورەو میهرەبان‌و دەفەرموێ:

{إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ عِبَادٌ أَمْثَالُكُمْ فَادْعُوهُمْ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ} (١٩٤) سورة الأعراف:

واتە: بەڕاستی ئەو بتانەی ئێوە جگە لە خودای گەورە دەیان پەرستن‌و گەردن کەچیانن ئەوانیش وەکوو ئێوە بەندەی خودان، دروستکراوی خۆنی،

بەڵکوو ئێوە باشترن و تەواوترن چونکە ئێوە دەبیسن ئەوان نابیسن ئێوە دەڕۆن ئەوان ناتوانن بڕۆن. ئێوە قسە دەکەن ئەوان ناتوانن نقەیان لێ بێ، تەنانەت ئەوان هەر زیندو نین دەبانگیان بکەن بزانن ئاخۆ وەڵامتان دەدەنەوە؟ دەی با وەڵامتان بدەنەوە ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن ئەمانە سودو زەرەریان بە دەستە؟!

لە شوێنێکی تردا خودای مەزن فەرمان دەکا بە پێغەمبەر کە ڕووبکاتە گەلەکەی و پێیان بڵێ: ئایا ئەو بتانەی کە ئێوە بە خوداتان داناون و (جگە لە خودا) دەیان پەرستن، ئەگەر خودای مەزنی من، تووشی زیانێکی کردم و بەڵایەکی بەسەر شاندا هێنام، ئایا ئەو بتانە دەتوانن ئەو زیانەم لێ دوور بخەنەوە؟ یان ئەگەر خودا ویستی میهرەبانی و ڕەحمەتێکم بەسەردا بڕێژێ ئایا ئەوان دەتوانن نەهێڵن ئەو سوودەم بۆ بێ؟!

هەروەها خاوەن بڕواو موسوڵمانی باش لە بڕوای خودا یەکناسیندا دوو ڕەوشتی بەرزی دەسکەوت دەبێ ئەو دوو ڕەوشتەش ڕێز گرتنی خۆیەتی و داوێن پاکی و دەست پاکییە، واتە چاو چنۆك و دەست پانکەرەوە نابێ بۆ ماڵی دونیا چونکە بڕوای بەوە هەیە کە هیچ کەس ڕۆژی دەر نیە جگە لە خودای مەزن {اللَّهُ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاء مِنْ عِبَادِهِ وَيَقْدِرُ لَهُ} (٦٢) سورة العنكبوت:

واتە: خودای گەورە ڕزق و ڕۆژی فرە دەدا بەو بەندانەی خۆی کە خۆی ئارەزووی لێبێ بە ئارەزووی خۆی ڕزقی هەندێکی تریشیان سوار دەکاو بە فەقیری دەژی و دەوڵەمەند نابێ. کەوابوو ڕزق و ڕۆژی زۆرو کەمی بە دەست خودایە، ئیتر پێویست ناکا مرۆڤ بۆ ماڵی دونیا لە ڕێزو شان و شکۆی خۆی کەم بکاتەوە!

هەروەها موسوڵمان هەرکاتێ بەباشی خودای بە تاك و تەنیا ناسی سیفەتی ئازایەتی و پیاوەتی و چاو نەترسانی تێدا گەشە دەکاو لە خودا نەبێ لە کەس ناترسێ، چونکە بڕوای وای لێ دێ کە هەر خودا خاوەنی ئەوە بەمەش بە تەواوی عیززەتی نەفسی بۆ پەیدا دەبێ و تێکۆشان و داکۆکی کردنی لەسەر ئایین و وڵات و ناموس و خوێن و خۆبەخت کردن لە پێناویانا بەلاوە ئاسایی دەبێ و لەسەر حەق و

راستی خۆ بەخت دەکاو جگە لە خودا لە کەسی تر ناترسێ. چونکە بڕوای وایە کە هەموو گیانێك بە دەست خودایەو هەموو تەمەنێك ماوەیەکی دیاری کراوی هەیەو ئەجەل پێش‌و پاش ناکا.

{وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلاَّ بِإِذْنِ الله كِتَابًا مُّؤَجَّلاً} (١٤٥) سورة آل عمران:

واتە: هیچ نەفسێك بۆی نیە کە بمرێ مەگەر بە ئیزن‌و رەزای خودا نەبێ، پەروەردگار مردنی لەسەر هەموو زیندویەك نوسیوەو مردنی هیچ کەسێك لەکاتی خۆی پاش‌و پێش ناکا.

بەڵگەی ئەقڵی لەسەر تاك‌و تەنیایی خودا :

ئیسلام ئایینی عەقڵ‌و بیرو هۆش‌و مەنتیقە، هەرگیز فەرمان بە پەیڕەوی کەرانی ناکا بۆ بڕوایەك یان بۆ وەرگرتنی رایەك هەتا چەند بەڵگەیەکی عەقڵی نەهێنێتەوە!!.

بۆ نموونە فرە خوایی (تعدد الآلهة) ئەگەر بگونجێ دەبێ ئادەمیزاد بەندەی ئەو خوایانە بێ، ئیتر ئەرکی سەرشانی هەر مرۆڤێك (بە هۆی زۆری خواکانەوە) زۆر گران دەبێ، چونکە هەموو خودایەك بەشی خۆی تاعەت‌و خێرو خێرات‌و قوربانی گەرەکە، زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ هەموو خوداکان رازی بکا، بۆیە قورئانی پیرۆز لەسەر زمانی حەزرەتی یوسف (دروودی خوای لەسەر بێ) روو دەکاتە هاوبەش پەیداکەرەکان‌و پێیان دەڵێ:

{يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِ إِلاَّ أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَآؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ} (٤٠) سورة يوسف:

واتە: ئایا مرۆڤ چەند خودایەکی جیا جیا بپەرستێ باشترە یان خودایەکی تەنهاو بە دەسەڵات‌و شایانی پەرستن. بە راستی ئەو خودا درۆزنانەی ئێوە دەیان

پەرستن (جگە لە خودا) خودانین‌و ناوتان ناون خودا، ئێوەو باوك‌و باپیرتان بە خوداتان داناون، ئەگینا خودای پەروەردگار هیچ بەڵگەیەکی لەسەر خودایەتی ئەوان نەناردووە، فەرمانڕەوایی‌و دەسەڵاتتداری‌و خودایەتی هەر بۆ ئەو خوایەیە کە ناوی (الله)یە، فەرمانیشی فەرمووە بە بەندەکانی کە تاعەت‌و بەندایەتی هەر بۆ ئەو بکەن‌و کەسی تر بە خودا نەزانن.

ئێمە کە سەیری ئایەتەکە دەکەین دەبینین قورئان هەر لە سەرەتاوە جیاوازی نێوان ئەم دوو هەڵوێستەی دەرخستووە جیاوازی لە نێوان ئەوەدا مرۆڤ بەندایەتی خودایەکی تاك‌و تەنیا بکاو هەموو ئادەمیزاد گەردن کەچی فەرمانی بن چەند ئەرکی سەر شانیان سووك دەبێ‌و چۆن یەکیەتی لەنێو مرۆڤدا دەچەسپێ، تا چ ئەندازەیەك هۆیەکانی ناکۆکی لەناو دەچن. بە تایبەتی ئەو ناکۆکیانەی کە بە هۆی بیرو باوەڕی جیاوازەوە سەریان هەڵداوە! ئەمجار قورئان بارەکە دەگۆڕێ‌و دەست دەکا بە سەر کۆنەی موشریکەکان‌و موناقەشەیان لەگەڵ دەکاو دەڵێ: ئەوە بە چ عەقڵێك گەردن کەچی ئەو خودا درۆزنانەن‌و تاعەتیان بۆ دەکەن، چۆن عیبادەت بۆ خودایەك دەکەن کە خۆتان تاشیوتانەو دروستتان کردوە، ئێوەو باوك‌و باپیرتان ناوی جوێ جوێ‌و گەورە گەورەتان بۆ دۆزیونەوە، ئەگینا خوا بەڵگەیەکی لەسەر خودایەتی ئەوانە بۆ ئێوە نەناردووە هەتا ئێوە لە جیاتی خودای مەزن ئەوان بپەرستن!!!

کەوابوو مرۆڤ دوای ئەم وردەکارییە لە نهێنیەکانی کەون‌و ئەو شتانەی لە خۆی گرتووە، ئەو دەست ڕەنگینییەی لە دروست کردنەکەیدا بەکارهاتووە، ئەو یەکیەتی ئامانجەی گونجانی لە نێو ئەندامەکاندا پەیدا کردوە، دوای لێ وردبوونەوە لە ئەمانە ناچار دەبێ بڕوا بهێنێ بە تاك‌و تەنیایی خوداو بە ئاشکرایی خودایەتی ئەو لە هەموو ڕوویەکەوە، هەر ئەوکاتەش جوانی‌و ڕەوانی ئەم دەقە قورئانیەی بۆ دەردەکەوێ کە دەفەرموێ:

{أَمِ اتَّخَذُوا آلِهَةً مِّنَ الْأَرْضِ هُمْ يُنشِرُونَ، لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا} (٢١ - ٢٢) سورة الأنبياء:

واتە: ئایا ئەو کافرانە بۆ خۆیان لەسەر زەوی چەند خودایەکیان دیاری کردووەو دەیان پەرستن هیوایان پێیانە مردوو زیندوو بکەنەوە؟! با وا نەزانن‌و واز لەو باوەڕە پڕوپوچانە بێنن، چونکە ئەو خودا درۆزنانە زۆر لەوە کەمترن بتوانن مردوو زیندو بکەنەوە، خۆ ئەگەر لە ئاسمان‌و زەویدا چەند خودایەکی تر (جگە لە خودای گەورەو مەزن) هەبوونایە ئەوە زۆر زوو ئاسمان‌و زەوی تێک دەچوون‌و دەڕوخان.

مامۆستا شێخ (محمد عبده) لە راڤەی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ: ئەگەر چەند خودایەك هەبوونایە بەبێ گومان كێشەیان تێ دەكەوت، لە زانین‌و ویست‌و ئیرادەدا، هەریەكەیان شێوەیەكی پەسەند دەكرد ئیتر كردەوەكانیشیان بە گوێرەی ویستەمەنی‌و زانینەكەیان جیاوازی دەبوو بەوەش نیزام‌و یاسای كەون تێك دەچوو، بەڵكوو هەر نیزامی نەدەبوو بەڵكوو هەر هیچ شتێك لە بونەوەردا نەدەبوو چونكە بوونی هەرشتێك پێویستی بە جۆرە ویستەمەنی‌و زانینێكی تایبەتی هەیە، جا كە خوداكان زۆر بوون دیارە هەریەكەیان جۆرە عیلم‌و ئیرادەیەكی هەیە جیا لەهی ئەوانی تر، كە بوون‌و پەیدا بوونی شت پەیوەندە بەم دوو شتەوە: ئەوكاتە وای لێ دێ پەیدا بوونی شت دەبێ بە چەند پەیدا بوونێكی جوێ جوێ رووبدات، بە گوێرەی زانست‌و خواستی خوداكان ئەمەش مەحاڵەو ئەقڵ‌و هۆش نای گری‌و لە راستیدا ناگونجێ!!

دەی باشە ئەوە ئێمە بە چاوی خۆمان دەی بینین كە كەون بە رێك‌و پێكی دەڕوا بە رێوەو هەموو شتێكی بونەوەر بە ئەندازەو رێژەی تایبەتی خۆی لە هاتوو چودایەو كاری خۆی ئەنجام دەدا كەوابوو دیارە یەك خودا هەیەو كەس رادەی ناكەوێ هاوبەشی بكا. خودای خاوەن شان‌و شكۆ چ زاتی چ صیفاتی بێ چوون‌و بێ هاوتایە، لە بوونیا بێ چوونەو لە كارەكانیدا بێ هاوەڵ‌و بێ چەندو چوونە.

جا وەنەبێ قورئانی پیرۆز بەمەندە وازی هێنابێ واتە کە باسی تێکچوونی کەونی کرد بە هۆی فرە خوداییەوە ئیتر بیبڕێتەوە، بەڵکوو بە بەڵگەوە بڕێ دیاردەی تێکچوونەکەش روون دەکاتەوە سەری سەرپێچیکەر دەکوتێتەوەو بەڵگەی بەهێزی تر دەخاتە روو دەفەرموێ:

{مَا اتَّخَذَ اللَّهُ مِن وَلَدٍ وَمَا كَانَ مَعَهُ مِنْ إِلَهٍ إِذًا لَّذَهَبَ كُلُّ إِلَهٍ بِمَا خَلَقَ وَلَعَلَا بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يَصِفُونَ} (٩١) سورة المؤمنون:

واتە: خودای پەروەردگار هەرگیز منداڵی بۆ خۆی رەوا نەبینیوە، خودای تری لەگەڵدا نیە، ئەگەر وەها بوایە خودای تری لەگەڵدا هەبوایە بە گوێرەی خۆی بەشی خۆی جیا دەکردەوەو سنووری بۆ مەملەکەتی خۆی دادەناو کەناری لە خوداکەی تر ئەگرت‌و، بازێکیان بەسەر بازێکیاندا زاڵ دەبوون، ئیتر ئەوکاتە دەردەکەوت کە ئەمانە هیچ کامێکیان خودا نین کەوابێ ئێمەی موسوڵمان خودا بە دوور دەگرین لەو سیفەتانەی ئەوان بۆیان داناوە خودای ئێمە زاناو ئاگادارە بە هەموو شتێکی پەنهان‌و ئاشکرا، زۆر دوورە لەوەی کە هاوبەش‌و شەریکی هەبێ.

یەکیەتی یاسا کەونیەکان نیشانەی تەنهایی خودان:

یەکێك لەو بەڵگانەی سەر سوڕهێنەرەو تەنها قورئان بە بەڵگە لە لەسەر تاك‌و تەنیایی خودا هێناویەتی: سەلماندنی یەکیەتی یاسا کەونیەکانە، ئەو یاسایانەی کە بە تاك‌و بە کۆمەڵ بەڵگەن لەسەر هەبوونی خودایەکی بەدیهێنەری تاك‌و تەنیا، ئەوەتا لە قورئاندا هاتووە دەفەرموێ:

{قُل لَّوْ كَانَ مَعَهُ آلِهَةٌ كَمَا يَقُولُونَ إِذًا لاَّبْتَغَوْاْ إِلَى ذِي الْعَرْشِ سَبِيلاً سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوًّا كَبِيرًا تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدَهِ وَلَـكِن لاَّ تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا} (٤٢ - ٤٤) سورة الإسراء:

واتــە: ئــەی محمــد! بــەو کافرانــە بڵــێ: ئەگــەر لەگــەڵ خــودادا خــودای تــر هەبوونایــە (وەکــوو ئــەوان دەڵــێن) ئــیتر ئــەو خودایانــە هەریەکــەیان ڕێبــازێکی دەگــرتو دەچــوون بــۆ لای خــودای خــاوەن عــەرشو کورســی لــە گــەڵی دەکەوتنــە کێشەو نیزاعــەوە تــاوەکوو فــەرمانڕەوایی لــە دەســت دەربهێــنن!! خــودا زۆر دوورو پــاکو خاوێنــە لــەوەی کــە خــودای تــری لەگــەڵ بــێ: چــۆن دەشــێ ئــەو هاوبەشــی هەبێ؟؟ خۆ ئاسمانەکانو زەویو چی لەوان دایە، هەموویان بــە تــاکو بــە کۆمــەڵ شایەتی تاکو تەنهایی ئەونو تەقدیسی ئەو دەکەن سوپاسو ستایــشی ئــەو بــەجێ دەهێنن بــەڵام ئێــوە تێیــان ناگــەنو نــازانن ئــەوان چــۆن حەمــدو تەقدیــسی خــودا دەکەن!!؟

ئەمە ڕاستییەکە قورئان پێش چواردە سەدە دەری خستووەو ئیعلانی کــردوە لە کاتێکا عیلمو زانین هیچی لە نهێنییەکانی کەون نەزانیوە! بــەڵام لــەم چــەرخی بیستەمەدا عــەقڵو هۆشــی مــرۆڤ گەیــشتۆتە ئــەوە کــە بتوانــێ بــڕێ نهێنــی کــەون دەربخا لەم ڕووەوە زانایان بۆیان دەرکەوت کە لە هەموو گەردیلەیەکدا جمو جوڵی بەردەوام هەیە، لە هەموو جیرمێکی ئاسمانیدا لە زیندەوەرانو بەردو داردا. بــەڵێ ئێستا عیلم دەری خستووە کە هەموو مادەیەکی ئەم کەونــە لــە گەردیلــەکان پێــک هــاتووە، هــەموو گەردیلەیــەکیش لــە دوو عونــصور پێــک هــاتووە کــە (نیــوترۆن)و (پرۆتــۆن)ن ئــەم دوو عونــصورە پێیــان دەگــوترێ: نــاوکو بناغــەی زەڕڕە، پێــک هێنــەری گەردیلــە، لەگــەڵ ئــەم دووە عونــصورێکی تــر هەیــە پێــی دەگــوترێ (ئەلەکترۆن) بە دەوری ناووکی گەردیلەدا دەسوڕێتەوە، ئــەم تەرتیبــە بــە تــەواوی لــە تــەرتیبو نیزامــی کۆمەڵــەی خــۆر دەچــێ، واتــە ئــەمیش بــە کۆمەڵەیــەکی بـــچکۆلەی خـــۆریی دەژمێـــردرێ، نـــاوکی گەردیلەکـــە وەکـــوو خـــۆر وایـــە ئەلەکترۆنـــەکانیش کـــە بـــە دەوری ناوکەکـــەدا دەســـوڕێنەوە وەکـــوو ئەســـتێرە گەڕۆکــەکانی دەوری خــۆر دەچــن کــە لــە خولگــەو چــەمەرەی خۆیانــدا بــە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە!!

هەروەها لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی دەری خستووە کە کۆمەڵەی ئەستێرەی خۆمان زۆر بە هێدی بە دەوری چەقی تەوەرەی خۆیدا خول دەخوا، ئەوەش دەرکەوتووە کە هەموو کۆمەڵە ئەستێرەکان سوڕانەوەیان لە یەکتر دەچێ!

ئاکام و ئەنجامی تێفکرین و وردبونەوەمان لە نهێنییەکانی بونەوەر بریتییە لەوە کە کەون بە هەموو یەکیەتی یاساکانیەوە بەڵگەیە لەسەر تاك و تەنهایی خودا، ئەم جەم و جوڵە بەردەوامەی ناو ئەستێرەکان و گەردیلەی هەموو فەبارەکانی بونەوەر (نابێتە زیادە رەوی ئەگەر بڵێین) دیاردەیەکە لە تەسبیحات و گەردن کەچییان بۆ خوداو شێوەی تاعەت و خودا پەرستییانە. قورئانی پیرۆزیش ئاماژە بۆ ئەم لایەنە دەکاو دەفەرموێ:

{وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدَهِ وَلَـكِن لاَّ تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ}:

واتە: هەموو شتێك لە بونەوەردا هەردەم خەریکی تەسبیحاتی خودان و فەرمانبەرداری ئەون بەڵام ئێوە ئەی دەستەی هاوبەش پەیداکەران! چونکە بە دروستی سەرنج لە شت نادەن، لە تەسبیحاتەکەیان حاڵی نابن و تێیان ناگەن!!

شەریك بۆ خودا پەیداکردن و دیاردەکانی (الأشراك بالله ومظاهره):

شەریك بۆ خودا قەراردان بریتییە لەوە کە لەگەڵ خودای گەورەدا شتی تریش بە خودا بزانی، واتە پەرستنی بت و دارو بەردو ئاژەڵ و قسن و گۆڕو خۆرو مانگ و باوو باران و گێژەڵوکە تێکەڵاو بە پەرستنی خودا بکا یان لەگەڵ خودادا بیانکا بە شەریك و بیان پەرستێ، یان بڕوای وابێ کە خودا کورو کچی هەن!!

بە راستی ئایینی ئیسلام زۆر بە ئاشکرایی زەرەرو زیانی هاوبەش پەیداکردنی بۆ خودا روون کردۆتەوەو پوچی و بە تاڵی دەرخستوەو دەفەرموێ:

{إِنَّ اللّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء وَمَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيداً} (١١٦) سورة النساء:

واتە: پەروەردگار لە هاوبەش پەیداکردن بۆ خودا خۆش نابێ، مەگەر تەوبەی لێبکا، چونکە ئەوە لوتکەی گوناهانەو هیچ تاوانێکی تری پێ ناگا، وەلێ تاوانی شیرکی لێ دەرچێ (دوور نیە کە خودا بە مەرحەمەتی خۆی ئەگەر ئارەزووی هەبێ لە هەموو جۆرە گوناهێکی تر خۆش ببێ).

جا چونکە شەریك بۆ خودا پەیداکردن لە نەزانیو سەر لێ شێوانەوە پەیدا دەبێ، زۆر زەرەرو زیانی سامناك بۆ کۆمەڵ دەهێنێ، نەخۆشی وا بۆ ئادەمیزاد دەخاتەوە کە هەرگیز لە بیرو بڕوایەکی تر رەچاو ناکرێ. سەرەڕای ئەوە کە هاوبەش پەیداکردن بۆ خودا لەگەڵ مەنتیقدا ناگونجێو یەك ناگرنەوە!.

لە لایەکی ترەوە شەریك بۆ خودا قەراردان زەمینی مرۆڤ وائێ دەکا کە ئامادەبێ بۆ وەرگرتنی هەموو بیرو بڕوایەکی پوچو بەتاڵو بڕواکردن بە هەموو جۆرە ئەفسانەو خەرافاتێك، دیارە ئەمەش شیرازەی کۆمەڵ دەپچڕێنێو لاوازی دەکاو دەبێتە بەر پەرچ لە رووی هەموو پێشکەوتنو گەشە کردنێکدا.

سەد داخو مخابن! زۆر جار شەریك بۆ خودا قەراردان تێکەڵاوی جوانترینو بەرزترین دەستورو سەرە مەشقە جوێ جوێیەکانی خودایی بووە، خەڵکەکەی لە راستی لاداوەو شوێن گومڕایی کەوتوون، ئەوەش بە هۆی پڕوپاگەندەی کۆلکە مەلاو زڕە شێخو خوێندەواری هەل پەرستو یارمەتی دانی دوژمنانی ئایینەوە ئەنجام دراوە، رەشە خەڵکەکە لە جیاتی کاکڵەو ناوەڕۆك بە توێکڵی بێ سودە وە دەستەخەرۆ بوونو بە کردەوەی بەناو ئایینیان جوانی شاکارەکانی دینیان داپۆشیوەو رێیان بۆ ئیلحاد گەراکانو بۆ بێدینی خۆش کردوە هەتا لە هەلو کاتی لەباردا هەڵمەت بێننە سەر قەڵای ئیمانو باوەڕو ئایین!!

هێرش بردنی ئیسلام بۆ سەر هاوبەش رەوابینین بۆ خودا:

ئیسلام ئەم رێبازەی رەچاو کرد چونکە مەبەستێکی بەرزی بە ئادەمیزاد هەبوو ویستی تاعەتو بەندایەتی بۆ غەیری خودا نەبێ، کەسێك بە خودا

نەزانێ کە گۆڕانو نەمانی بەسەردا بێ، هەر کەسێك بگۆڕێو نەمانی بەسەردا بێ مانای وایە فەردێکە لەم عالەمە، ئیسلام ئەم ڕێبازەی بۆ مرۆڤ ڕەچاو کرد چونکە بەندایەتی کردن بۆ مرۆڤێك کە گۆڕانی بەسەردا بێو نەمان ڕووی تێ بکا وا دەکا کابرا هەر ڕۆژەی بۆ کەسێك گەردن کەچ بێو هەر ڕۆژەی بە ڕبەی یەکێك بپێوێ، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ مرۆڤ چەواشەبێ لە ژیاندا، چەواشە بێ لە ئامانجدا چەواشە بێ لەو شتانەدا کە هاندەرن بۆ کردنی کارو باری ڕۆژانەیو وەکوو گوڵەبەڕۆژە هەرساتەی ڕوو بکاتە شوێنێك.

کەوابوو شەڕی ئیسلام لەگەڵ شیركو بێدینیدا لەبەر خاتری بەرزکردنەوەی شانی مرۆڤە، بۆئەوەی مرۆڤ ڕزگار بکا لە تاعەت کردن بۆ شەخسێکی هیچو پوچی وا کە ئەمڕۆ گەنجەو سبەینێ پیرە، یان ئەمڕۆ زیندووەو سبەینێ مردووە!! هەروا بۆ ئەوەی تاعەتو پەرستش بۆ خودایێ بکرێ کە بەردەوام بێ، دیارە کە گۆڕانی بەسەردا نەیەو بەردەوام بێ تەواوی کەماڵی هەیە، ئەگەر کەماڵی بەردەوامی هەبوو ئەوکاتە مرۆڤ بە گەردن کەچیو تاعەت کردن بۆ خودایەکی وەها دیارە ڕێزی زیاد دەکاو لە پلەی بەرز دەبێتەوە، چونکە ئەوەی کە تاعەتی بۆ دەکاو بە خودای خۆی داناوە لەو بەرزترەو کەماڵی بێ سنووری هەیە، ئیتر ئەوکاتە مرۆڤی خوا پەرست بەرنامەی ژیانی یەك شێوە دەبێو گۆڕانی بەسەردا نایە چونکە دەستی بە ئەڵقەی کەشتی نەجاتەوە گرتووەو لە ژیانیدا ڕووی لە کەماڵی موتلەقە، هەر بۆیە خودا دەفەرموێ:

{ وَلِلّهِ الْمَثَلُ الأَعْلَىَ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ } (٦٠) سورة النحل:

واتە: سیفەتی بەرزو کەماڵی موتلەقو دووریی لە خەوش هەر بۆ خودایە، کەسی تر ئەو کەماڵەی نیە، هەر خۆی بێ نیازە لە عالەمو خاوەن حیکمەتە لە مۆڵەتدانی خوا نەناساندا؟!

جا وەنەبێ ئیسلام بەم هێرش بردنە وازی هێنابێ؟ یان بە هاوردنی بەڵگەیەکی عەقڵی لەسەر تاكو تەنیایی خودا کارەکە تەواو ببێ، بەڵکوو

پێویستە چی بەڵگەی خوا نەناسانە هەمووی پووچ بکرێتەوە چی بەڵگەی عەقڵیو زانستی جوێ جوێ هەیە بە گوێرەی پێویست بهێندرێنو بخرێنە روو، بۆیە قورئانی پیرۆز لەچەند شوێنێدا ئەم لایەنەی رەچاو کردوە.

{قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ اللَّهُ الصَّمَدُ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ}:

واتە: ئەی پێغەمبەر بڵێ شتێکی گرنگ هەیە گوێتان لێ بێ ئەویش ئەومیە کە ئەو زاتەی ناوی (الله)یە تاقو تەنیایە بێ شەریکە، هەر ئەو بۆ جێ بەجێ کردنی ئیحتیاجیو پێویستی پەنای بۆ دەبرێ ئەو پێویستی بە هیچ نیە کەسی لێ نەبووەو کەسی لێ نەکەوتۆتەوە لە کەسیش نەبووە، لە بونەوەردا کەس نیە هاوپایەو هاوتای بێ، زاتێکی داناو زاناو بە کەماڵە، مادده نیە، زەمانی بۆ نیە، مەکانی بۆ نیە، هەر بووەو هەر دەبێ (واجب الوجود).

دووبارە قورئان دەفەرموێ: {الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا، وَاتَّخَذُوا مِن دُونِهِ آلِهَةً لَّا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ وَلَا يَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ ضَرًّا وَلَا نَفْعًا وَلَا يَمْلِكُونَ مَوْتًا وَلَا حَيَاةً وَلَا نُشُورًا} (٢ - ٤) سورة الفرقان:

واتە: پەروەردگار خودایەکی وەهایە خاوەنی ئاسمانەکانو زەوییە مڵکو دارایيان هەر بۆ ئەوە، هەرگیز فرزەندەو وەچەی بۆ خۆی رەوا نەبینیوە، هاوڕێو شەریکی نەبووە، هەموو شتێکی بونەوەر دەستکردی ئەوزاتەیەو بە ئەندازەو نەخشە رێكو پێکی کردوە!!؟ کەچی لەگەڵ ئەوەدا ئەو کافرو خوا نەناسانە چەند خودا درۆزنەیەکی نابوودی هیچ لە بارا نەبووی ناڕەسای بێ دەسەڵاتیان کردوە بە خودای خۆیان دەیانپەرستن کە ئەمانە ناتوانن هیچ شتێ دروست بکەن، بەڵکوو بۆ خۆیان دوستکراون.!! هیچ دەسەڵاتو هێزو توانایەکیان نیە، دەستیان بەسەر هیچ سوودو زیانێکدا ناڕوا، دەسەڵاتی مراندنو زیندویەتیو زیندو کردنەوەی پاش مردنیان نیە!! ئەوەتا خودای پەروەردگار لەم ئایەتەدا ئەوەی چەسپاندووە کە بونەوەر هەمووی مڵکی خۆیەتی، نە منداڵی هەیەو نە

هاوبەش و نە شەریك، هەموو شتێکی لەسەر یاساو قانوونێکی تایبەت مەند دروست کردوە، ئەمجار بە تەوسەوە گاڵتە بە موشریکەکان دەکا بەوانەی تاعەت و عیبادەتی چەند خودایەکی دروستکراوی بێ دەسەڵات دەکەن: کە ناتوانن نە زەرەر نە قازانج بە کەس بگەیەنن، بەڵکوو لەمە گرنگتر ئەوەیە کە ئەو خودا درۆزنانە دەسەڵاتی زیندوو کردنەوەی هیچ مردوویەکیان نیە!!

بە راستی مەسەلەی ژیان و گیان و هێزی مردن تا ئەمڕۆش (لەمەو دواش) گرێ کوێرکەی بونەوەرن، شتێکن مرۆڤ لە ئاستیان دۆش دادەمێنێ و هیچ راڤەو تەفسیرێکی دەست ناکەوێ جگە لە هەبوونی دەسەڵاتێك لە ژوور دەسەڵاتی خۆیەوە!!

بە کورتی هاوبەش بۆ خودا پەیدا کردن لەچەند شێوەو دیاردەیەکدا رەنگ دەداتەوە.. قورئانی پیرۆز چەند جارێك رەخنەی لێ گرتووەو زەممی کردوە هێرشی هێناوەتە سەری، بە شێوەیەکی زانست ئامێز زیانەکانی خستوونە روو وا ئێمەش لێرە بەولاوە بە درێژی جۆرەکانی فرە خوایی (شیرك) باس دەکەین و شییان دەکەینەوە!!

پەرستنی مرۆڤ بە خودا زانین (عبادة الشخصية الإنسانية):

یەکێك لە جۆرەکانی شەریك بۆ خودا قەراردان پەرستنی شەخسییەتی مرۆڤە، زۆرجار وا رێ دەکەوێ هەندێ مرۆڤ مرۆڤێك یا برە مرۆڤێك بە خودا دەزانن چونکە بڕوای وایە ئەو مرۆڤە پەرستراوانە هەندێ سیفاتی وایان تێدایە لە مرۆڤی ئاسایی جیایان دەکاتەوە لەبەرئەوە شایانی پەرستن و تاعەت بۆ کردنن و تایبەتییان هەیە مرۆڤی ئاسایی نین!!

ئەو مرۆڤە بەخودا دانراوانە چەند رێبازو فێڵ و فرتێکیان بەکار هێناوەو بەکاری دەهێنن تا بگەنە ئامانجی گڵاوی خۆیان، وەکوو بە هەڵە بردنی ئینسانی بێ عەقڵ و ساویلکە، چاوو راوو چاو بەست لێکردنیان، بەکارهێنانی هەڕەشەو

ترساندنی ئەو ساویلکانە، رام کردنی دەسگاکانی پڕو پاگەنـدە بۆ پیاهەڵدانیانو ڕێز لێ گرتنیانو ڕیزکردنـی سوپاسـی نابـەجێو ستایـشی رێ لێ تێکـدەر بۆئـەوەی بتـوانن گـەلو کۆمـەڵ بـە خـراپترین شـێوە ئیـستغلال بکـەن بـۆ بـەجێ هێنـانی مـەرامو بەرژەوەنـدی تایبـەتی خۆیـان تـا لـە ئاکامـدا بـەرەو هەڵـدێرو لاڕێ ڕەهەنـدەیان کـردوونو لـە خلیـسکیان بـردونو خـستوویاننە چـاڵی خەسـارەت مەندییـەوە!! بـەڵێ زۆر کۆمەڵـگای مـرۆڤ تووشـی زەرەرو زیـانی زۆرو زەبەنـدەو سامناکی ئەم جۆرە مرۆڤە خۆ بە خودا زانانە بـوون، کە بوونـە باڵنـدەی شـوومو گێژەڵوکەی نەدامەت، وەك مۆتەکە باڵی شـوومو لەعنـەتیان بەسـەر دڵی کۆمەڵدا کێشاوەو تەنگیان پێ هەڵچنیوە، کونە مشکیان لێ کردوونە قەیسەری!! جا کاتێك دەسـتی قـودرەت چـەپۆکێکی پێـدا داونو شۆڕشـێك سـەر نگـوومی کـردون ئـیتر کۆمەڵـگاکە رزگـاری بـووەو کۆمـەڵ ئـاهێکی هاتۆتـەوە بـەرو هەوایـەکی ئازادییـان هەڵمژیوەو بـە برینـی خۆیـان زانیـوەو لـەو گـەردن کەچیو بـەخوا زانینـی ئـەو دڕندانـە پەشـیمان بوونـەوەو شایەتمانێکی بەحـەقیان هێنـاوە ئـیتر شـنەی بـای ئازادیی دڵو دەروونی فێنك کردونەتەوە!!

نموونەی ئەم دیاردانەو وێنەی ئەو ملۆزمانـەش لـە کۆنو نوێـدا لـەلای گـەلێ گەلو هۆز زۆرو زەبەندەن، ئەوەتا ستالینی گوڕ بە گوڕ کە سەردەمێك لەناو گەلی خۆیدا بتێ بوو بۆ خـۆیو نیمـچە پەرسـتنێکی بـۆ ئـەنجام دەدرا، کەچـی هـەر کـە گۆڕ بە گۆڕ بوو گەلی روسیا لەو بەڕێز گرتنە ژێوان بوونەوە، وێنـەکانیان دڕانـدو پەیکـەرە کانیـان روخانـدنو دەنگـی نـاڕەزاییو دژ بـە سـتالین لـە هـەموو کـونو قوژبنێکی ئەو وڵاتە بەرز بوەوە!؟!

یەکێك لەو بیرو باوەڕە سەرەکیانەی قورئان هێناویەتیو بانگەوازی بـۆ دەکا عیبادەت کردنی خودایە بە تەنهاو وازهێنان لە عیبـادەت کردنـی مرۆڤـە (بەهـەر جۆرێـك بـێ؟!) بڕوانـە چـۆن ئیـسلام روو دەکاتـە جوولەکـەو فەلـەو بناغەیـەکی قایمو قۆڵ دادەڕێژێ بۆ یاساو نیزامێك کە دەشێ هەرسێ ئایینەکە (ئیسلام، جو،

نەصرانی) لەسەری کۆببنەوە تا لەم ڕێبازەوە مرۆڤ بگاتە ژیانێکی ئاسوودەو زۆرو ستەمو چەوساندنەوە نەمێنێ، چونکە ئەمانە سەر دەکێشن بە مرۆڤ پەرستنو بە خودا زانینی.

{قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضاً أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ اشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ} (٦٤) سورة آل عمران:

واتە: ئەی پێغەمبەر! بە خاوەن نامەکان (جولەکەو نەصرانیەکان) بڵێ: وەرن با هەمووومان لەسەر فەرماییشتێك کۆ ببینەوە بیکەین بە بەرنامەو پەیڕەوو لێی لا نەدەین ئەویش بریتیە لەوە کە جگە لە خوای گەورە عیبادەتی کەسی تر نەکەینو کەس نەکەین بە هاوبەشی، هەروەها لەناو خۆمانا بە هەقو ناهەق دوای قسەی مەلاو قەشەو زاناکانمان نەکەوین چونکە ئەوانیش وەك ئێمە بەندەی خودانو مافی تەحلیلو تەحریمیان نیە!!

لەلایەکی ترەوە برێ لە پێغەمبەرانو پیاو چاکان دوای لە دونیا دەرچونیان گەلو شوێن کەوتوانیان بە خوداو نیمچە خودایان داناونو تاعەتو قوربانییان بۆ کردوون ئەم دیاردەیە بووەتە بیرو باوەڕیان لێیان بە ڕاست گەڕاوە! ئیتر قورئان پڕو پووچی ئەم جۆرە عەقیدە بەتاڵانەی ئاشکرا کردوەو فەرموویەتی:

{مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ اللّهُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُواْ عِبَادًا لِّي مِن دُونِ اللّهِ وَلَـكِن كُونُواْ رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ، {وَلاَ يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُواْ الْمَلاَئِكَةَ وَالنِّبِيِّيْنَ أَرْبَابًا أَيَأْمُرُكُم بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ} (٧٩ - ٨٠) سورة آل عمران :

واتە: هەرگیز نەبووە ئادەمیزادێ خودای پەروەردگار کردبێتی بە پێغەمبەرو فروستادەی خۆیو نامەی ئاسمانی بۆ ناردبێ، فێری فامو زانستی کردبێو پایەی نبووەتو پێغەمبەرایەتی پێ بەخشیبێ، کەچی ئەم پێغەمبەرە لە جیاتی ئەوەی خەڵك بانگ بکا بۆ خودا پەرستیی یا نگیان بکا بۆئەوەی خودی

پێغەمبەرەکە بپەرستن پێیان بڵێ: وەرن ببن بە بەندەی گوێ لە مستی منو عیبادەت بۆ من بکەن تاعەتی خودا مەکەن. هەرگیز ئەو پێغەمبەرانە قسەی وەهایان نەگوتوە؟! بەڵکوو وتویانە: ئەی گرۆهی ئادەمیزاد ئەی زانایان بە کیتابو نامە ئاسمانییەکان! هەمووتان ببن بە مرۆڤی خودا ناسی پاکی بێ خەوشی خاوەن پەیمان، چونکە دەرسی کیتابی ئاسمانیتان خوێندوەو تێگەیشتونو دەزانن دەبی ئینسانی وەها بکرێن بە پێغەمبەرو بەو جۆرە تەربیەتی گەلو ئومەتەکەیان دابدەن!! ئەی گرۆهی ئادەمیزاد هەرگیز پێغەمبەران فەرمانتان پێ ناکەن کە فریشتەکان یان پێغەمبەرەکان بکەن بە خودای خۆتان، ئایا پێغەمبەران فەرمانتان پێ دەکەن کافرببنو تووشی سەر لێ شێواوی ببن، پاش ئەوەی موسوڵمان بوونو باوەڕتان دامەزراوە؟! هەرگیزاو هەرگیز شتی وانەبووەو نابێ! عیبادەت کردن بۆ پیاو چاکانو پێغەمبەرانو پەرستنیان لە نێو زۆر گەلو هۆزدا کارێکی باو بووە، بۆ نموونە (بوذا) لە ژیانی خۆیدا لافی خوایەتی لێ نەداوە بەڵکوو شوێن کەتووەکانی دوای مردنی بە خودایان زانیو پەیکەریان بۆ تاشیو دەستیان کرد بە پەرستنی! جا بۆئەوەی ئەم تێڕوانینە گومرایی ئامێزە بۆ پیاو چاکانو پێغەمبەران جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە ئیسلام زوو پێش دەستی خۆی کردوەو چارەسەری دۆزیوەتەوە، بە ئاشکراو عەلەنی موسوڵمانانی لەم بارەوە هۆشیار کردۆتەوە داوای لێکردوون کە نەچن پێغەمبەری ئیسلام بە خودا بزانن و بیپەرستن.. بۆیەو لە ترسی ئەوە لە بیرو باوەڕی ئیسلامیدا لایەنی ئەوە کە حەزرەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێ) بەشەرەو سیفاتی ئادەمیزادی (وەکوو باقی ئادەمیزادی تر وایە) زۆر گرنگی پێدراوە، لە قورئانو حەدیثدا پوختەو مانای ئەوە کە محمد (درودی خوای لەسەر بێ) بەشەرەو رەوانەکراوی خودایە دووبارەو سێ بارە بۆتەوە!!! ئەوەتا پەروەردگار فەرمان دەکا بە پێغەمبەر کە بە موسوڵمانان بڵێ: منیش وەکوو ئێوە بەندەیەکی خودامو هیچم بە دەست نیە.

{قُل لاَّ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلاَ ضَرًّا إِلاَّ مَا شَاء اللّهُ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لاَسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَاْ إِلاَّ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ} (١٨٨) سورة الأعراف:

واتە: ئەی محمد! تۆ بەو كافرانە بڵێ من نازانم قیامەت كەی دەقەومێ! بەڵكوو (بەبێ ئیزنو رەزامەندی خوا) ناتوانم بزانم سوودو قازانجم لە چ كارێكدا دێتە رێ! چونكە من زاهیر بینمو ئاگام لە نهێنی نیە! خۆ ئەگەر من غەیب زان بومایە هەرچی خێرو بێری تێدا بوویایە لە مامەڵەو كاری دونیایی بۆلای خۆم دەهێناو هەرگیز تووشی زەرەرو ناخۆشی نەدەبووم، من تەنیا ئەوەندەم بە دەستە خەڵكی بترسێنم لە سزای خوداو مژدەیان بدەمێ بە بەهەشتو نیعمەتەكانی خودا، ئەمە ئەركی سەر شانی منەو بە موسوڵمانانی رادەگەیەنم...

لە نموونەی ئەم مانایە جارێكی تر قورئان دەفەرموێ:

{قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا} (١١٠) سورة الكهف:

واتە: ئەی پێغەمبەر! بەو خەڵكە بڵێ: منیش وەك ئێوە بەشەرم لافی بێ هەوەجێی لێ نادەم فەرقمان ئەوەندەیە كە من سروشم بۆدێو پێغەمبەرم، سروشم بۆ دێ بەوە كە خودای منو ئێوە خودایەكی تاكو تەنیایە، جا هەر كەسێك هیوای هەیە بگا بە خودای خۆیو رەزامەندی ئەوی بە نسیب ببێ، با هەمیشە كردەوەی چاك بكا هەرگیز لە عیبادەت كردنی خودای خۆیدا كەس نەكا بە شەریكو هاوبەشی ئەو زاتە بێچوونە!!

دەی خوێنەری بەرێز جوان لە مانای ئەم ئایەتە تێ بفكرە بزانە چۆن بەچەند وشەیەكی كەم مانایاكی زۆری گەیاندووە، چۆن بەم چەند وشانە ئەو هەموو ئامۆژگارییە بەرزانەی بە گوێدا چپاندوین، كە بە تەواوی خۆش بەختیو ئازادیی كۆمەڵی لەخۆ گرتووە، پوختەی فكرەی ئیسلامی كە بریتیە لە كردەوەی چاكو تاعەت كردن بۆ خوداو بە تاكو تەنیا ناسینی لە ئامێز گرتووە!!.

پەرستش بۆ بتگەل (عبادة الاصنام والاوثان):

جۆرێکی تر لە شەریك بۆ خودا قەراردان عیبادەت کردنە بۆ بتو دارو بەرد. بت (صەنەم) بریتییە لە پەیکەرێکی دروستکراوی داتاشراو لە بەرد یان لە دار یان لە هەر کانێکی تر لە شێوەی زیندەوەرێکدا وەکوو مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندە یان شێوەیەکی تێکەڵاو لەمانە.

وەثەن: بریتییە لە بەردێك یان گردێك یان کێوێك واتە شتێك کە لە شێوەی مرڤو ئاژەڵو باڵندە نەبێ.

بت لە بیرو باوەڕی بت پەرستەکاندا بریتییە لە هێزێکی باڵا کە لە ژوور هێزی سروشتە، یان بڕوایان وایە کە ئەو هێزە سامناکە لە بتەکاندا هەیە. لەلای بت پەرستەکان ئەم بتانە چەند سەر گوزشتەو ئەفسانەیەکیان هەیە، بە بڕوای ئەوان ئەم بتانە هەندێکیان خاوەندی نیزاعو شەڕو بڕێکیان خاوەندی خراپەو ناخۆشیو بەڵاو موصیبەتن.... هتد.

جا وەکوو لە قسەی مێژوو نووسان دەردەکەوێ پێش هاتنی ئیسلام بت پەرستی لە نیوە دوورگەی عەرەبیدا بە تەواوی بڵاو بۆتەوە، تەنانەت دەڵێن: کاتێ پێغەمبەر شاری مەککەی گرتو چووە ناو کەعبەوە وێنەی چەند پێغەمبەرێکی تێدا بینی فەرمانی کرد کوژاندیاننەوە، سێ صەدو شەست بتیشی تێدا ژمارد فەرمانیدا هەموویان شکاندن.

بەڵێ بت پەرستی کارێکی ناشیرینی وابوو ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ مێشکی مرۆڤی تێك دابوو، شێوەی ژیانو رەوشتی مرڤی چێواشە کردبوو. دوایی لەسەر دەستی پێغەمبەرانو بەهۆی ئایینەوە (ئایینە گەورەکان، یەهودی مەسیحی، ئیسلام) کۆتایی هاتو بنە بڕ کرا.

بەڵام ئەوەندە ماوە بزانین ئەو هۆیانە چ بوون کە پاڵی بە عەرەبەکانەوە ناوە بەردو دار چ جایێ زیندو نین زەرەرو قازانجیشیان لێوە رەچاو ناکرێ بیان پەرستنو بە خودایان بزانن!!؟ قورئانی پیرۆز ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە کافرەکان بۆیە ئەو بەردو دارەیان دەپەرست (بە خەیاڵی خۆیان) لە خودایان نزیك بکەنەوە.

{ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى } (٣) سورة الزمر:

ئێستاش هەر ئەو بەڵگە پڕو پوچانەن کە بڕێ بت پەرستی تازە دەیان هێننەوە دەڵێن هەبوونی بت یا روو تێکردن لە بت لەکاتی تاعەتدا وا لە عابیدەکە دەکا کە بە تەواوی سەرنجی کورت هەڵبێنێ بۆ بە قوڵدا چوونەوەو نزیکبونەوە لە خودا بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە کڕنووش بردن بۆ بت بەو مەبەستە کە ئەو بتە ڕەمزو نیشانەی خودایە یان لە خودای نزیک دەکاتەوە قسەیەکی بەتاڵو بێ بایەخە، چونکە نوێژ کەر ئەگەر کاتی نوێژکردن روو بکاتە بتەکەو سەیری بکا بێگومان بیرو هۆشی لە خودا لادەداو خودای لە بیر دەباتەوە، جگە لەوەش ئاشکرایە کە نزیك بوونەوە لە خودا بە فیکرو بیرو سەرنج دەبێو پێویست بە واستەو ماسیتە ناکا بە تایبەتی کە واسیتەکە بەردو دار بێ، چونکە روو تێکردنی فیکرو سەرنج راستەوخۆ بۆ لای خودا هیچ بەر هەڵستێکی لەبەردا نیە، بەڵکوو ئەم جۆرە پەیوەندییە راستەوخۆیە بە خوداوە زۆر گونجاوە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا نرخی مەعنەوی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە، ئەوەش لە یاد نەکەین کە زۆر جار ئینسان تووشی بەڵاو تەنگو چەڵەمەی وا دەبێ کە واسیتەو ماسیتەی بۆ ئەنجام نادرێ لە کاتێکا ئەم واسیتانە نە دەتوانن سود بگەیەنن نە دەتوانن زەرەرو زیان پەیدا بکەن!!

ئارەزوو پەرستن (عبادة الاهواء):

جۆرێکی تر لە شەریك بۆ خودا پەیدا کردن ئارەزوو پەرستییە. بڕێ مرۆڤ هەیە هەرشتێکی حەز لێ بوو دەیپەرستێو شوێنی دەکەوێ، وەکوو قورئانی پیرۆز بۆمانی باس دەکاو دەفەرموێ:

{أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا} (٤٣) سورة الفرقان:

واتە: چەند سەیرە دەبینی هەندێ هەن هەواو هەوەسی خۆیان دەپەرستن، بە کەیفی خۆیان شت دەکەن بە خوداو بە خودای دەزانن! دیارە ئەوەی کە

جڵەوی هۆشی لە دەستی هەوەسیدابێ بە تۆنایەتەوە سەر رێی راست، خۆ تۆ پاسەوانی ئەونیت لە شتی وا قەدەغەی بکەی.

ئاشکراترین هەواو هەوەسێك کە مرۆڤ کردوویەتی بە خودای خۆیو بەندایەتی دەکا (سامانو پلەو پایەو خۆشەویستییە) سامانو ماڵ پەرستراوێکی وەهایە سواری عەقڵو هۆشی زۆر کەس بووەو جڵەوی لە دەستیان ستاندووە، وای لێکردوون ژیانیان (بەڵێ هەموو ژیانیان) تەرخان بکەن بۆ کۆکردنەوەیو لە رێگەی ئەوەوە نەبێ لە خۆش گوزەرانی ناگەڕێن، زۆر جاریش لە پێناوی کۆکردنەوەی ریتەو پیتەدا تووشی بگرەو بەردەو بکوژو ببڕو شەڕو هەرا دەبن! تا بە تەواوی خەڵکی لە رێبازی راستەقینەی خودا لاداوەو شوکرو سوپاسی پێویستی خودای لەبیر بردونەوە، لە بەجێ هێنانی فەرمانی خودای وەرگێڕاون، بۆیە قورئانی پیرۆز ئەم لایەنەی پاش گوێ نەخستوەو مرۆڤی ترساندوە لە زاڵبوونی ماڵو دارایی بەسەر کۆمەڵی مرۆڤداو دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ} (٩) سورة المنافقون:

واتە: ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هەیەو موسوڵمانانن! با ماڵو منداڵتان لە یادی خوداتان غافڵ نەکەنو خوداتان لەبیر نەبەنەوە! هەرکەسێ خوو بداتە ماڵی دونیا تا خودای لەبیر دەچێتەوە بە راستی ئەوانە خەسارمەندنو رەنج بە خەسارن!!

بەڵێ ماڵو دارایی هەر کاتێ زاڵ بوو بەسەر هەستو هۆشی مرڤدا دەبێتە دوژمنیو وازی پێ لە تاعەتی خودا دێنێو ناهێڵێ کردەوەیەك بکا کە جێگای رەزامەندیی خودا بێ. هەر بۆیەشە پێغەمبەران بە تێکڕا کۆمەڵی مرۆڤیان لە زاڵبوونی مادده بەسەریاندا ترساندووە، بۆ نموونە حەزرەتی عیسا لە وەعظو ئامۆژگاریدا ئەم رستە جوانەی فەرمووە: (لا تعبدوا ربين الله والمال) نەکەن ماڵیش وەك خودا بکەن بە خوداو بیپەرستن!!؟.

مردوو پەرستنو عیبادەتی پێشینان (عبادة الأسلاف):

هیچ بیرو باوەڕێك (لە كۆنو نوێدا) وەكوو بیرو باوەڕی مردوو پەرستی بڵاو نەبۆتەوە، دەبینین خەڵكی چی سیفاتی جوانو بەرزو باڵا هەیە لەبەر مردوانی دەكەن، چی بشێ بۆ خودا بۆ وانیشی دەچەسپێنن ئابەم جۆرە مردوو پەرستن بووەتە باوو رێز لێگرتنیان لە باری ئاسایی دەرچووە گەیشتۆتە پلەی تەقدیسو پەرستن. زانای بەناوبانگ (تایللوور) دەڵێ: عیبادەتی باوكو باپیرو پەرستنیان لە بڕوا كردن بە دەسەڵاتی رەوانەكان (الأرواح) پەیدا بووە. لەم رووەوە كە باوكو باپیر لە كۆنەوە لەناو هۆزو خێڵەكاندا سەرۆك هۆزو سەرەك خێزانو ریش سپی تیرە بوونو كار بەدەست بوون. چونكە لە كارو باری ژیان شارەزا بوون، جا پێیان وابووە ئەگەر ئەم ریش سپیو سەرۆك هۆزانە مردن ئیتر گیانەكانیان لە ئاسمانی ئەو خێزانو خێڵەدا دەسوڕێتەوەو دێوو دەچێ پارێزگاری خێزانەكە دەكاو لە شەڕو بەڵا دەیپارێزێ شەڕی دوژمنیان لێ دوور دەخاتەوە، كەوابوو رێزگرتن لە پاڵەوانانو ریش سپی هۆزو خێزانو ترسان لێیان مرۆڤی هەڵناوە بۆ مردوو پەرستنو تاعەت بۆ كردنیان!!

دەی باشە هەر عاقڵ مەندێ خاوەن بیرو هۆشێ ئەگەر لە ئەم شێوە پەرستنەو جۆرە تاعەتە بیر بكاتەوە بەلایەوە شتێكی غەریبو دوور لە راستییەو ناتوانێ خۆی ئیقناع بكا!! چونكە هەر كەسێ تۆزێ هۆشی هەبێ دەبێ بزانێو وردبێتەوە ئەو مردووە كێنو چن؟! با ئێمە بیرێك لە ئەصڵو كۆتایی ئەو مردووانە بكەینەوە، ئەوانیش بە شەربوونو وەكوو ئێمە خواردنو خواردنەوەیان هەبووە، ساغیو نەخۆشییان بەسەردا هاتووە، دوایی مردوونو ئەمجار پۆڵگاونو كرمێ بوونو رزیونو بوونەوە بە گڵو خۆڵەمێش! جا كەسێك ئەمە چۆنیەتی سەرەتاو كۆتایی بێ ئایا چۆن دەگونجێ پەنای بۆ ببرێو داوای یارمەتی لێ بكرێ!!

لەوانەیە بگوترێ گیانی ئەو رابووردوانە كە لەلاشەكانیان جیابۆتەوە ئێستا ئەو گیانانە لەگەڵ خێزانەكان لەگەڵ زیندووەكان دایەو دیفاعیان لێ دەكەن!!؟

وەڵامی ئێمە بۆ ئەم جۆرە بۆچوونانە ئەوەیە دەڵێین: ئەو گیانانە چین و لە کوێن؟ حەقیقەتیان چیەو چۆن دیفاع دەکەن؟ لە راستیدا گیان کە لەلاشە جیابوەوە زۆر بێ هێزتر دەبێ لەوەی کە کاربکاتە سەر دەوروبەری، هیچ دەورێکی لە بونەوەردانامێنێ! چونکە کاتێ گیان هێزو توانای هەیە کە بە لاشەوەبێ! دەی خۆ مرۆڤی زیندوو بە ئەوپەڕی هێزو توانایەوە جاری وا هەیە عاجزە لەوەی کە کاربکاتە سەر سروشت، زۆر جار ناتوانێ گەلێ شتی پێویست بۆ ژیانی خۆی فەراهەم بێنێ، بەڵکوو ناتوانێ هیچ تەئسیرێك لە دیاردەکانی سروشت بکا، ناتوانێ مردن لە خۆی بڕەوێنێتەوە، هەرکاتێ ئەجەلی تەواو بوو دەبێ بمرێ، جا ئەگەر حاڵی مرۆڤ ئەمە بێ لەکاتی ژیانیدا دەبێ دوا مردنی چی بەدەست بێ‌و چی لە دەست بێ؟!!

مردوو پەرستی‌و تاعەت کردن بۆ پێشینان زۆر خەرافات‌و ئەفسانەی تێدایە، ئەو شێوە ئاکارو کردارەی کە بەو بوونەوە ئەنجام دەدرێ دەتوانین بلێین جۆرە بەنج کردنێکەو گەل‌و هۆزی پێ بێ هۆش دەکەن‌و ڕێگای راستی لێ بزر دەکەن. هەموو کاتێکیش ئەم داب‌و نەریتە نا ئیسلامیانە بوونەتە کۆسپ لە بەردەم پێشکەوتنی گەل‌و هۆزدا!!

کەی زانایانی ئیسلام ئەمەیان داناوە؟ بۆ نموونە کەی لە ئیسلامدا ئاهەنگ دەگێڕدرێ بۆ مردوو؟ ئەگەر مەبەست پرسەو تەعزییە بێ ئەوە کەی مردوو پەرستیەو شەریك بۆ خودا قەراردانە؟ نوێژکردن لەسەر مردوو فەرزێکی ئیسلامییە بەرگی (حداد)ی ژنی مێرد مردوو دەستورێکی ئیسلامییە بەڵام لەبەر کردنی جۆرە لیباسێك، یان رازاندنەوەی گۆڕو گومبەزو نوێژکردن لەسەر قەبرەسان یان ئاهەنگ گێرانی ئایینی لەناو گۆڕستاندا ئەمانەو زۆر شتی تری ئاوا جۆرێك لە مردوو پەرستن‌و کردارێکی دژ بە ئیسلامە. بۆیە قورئان لەمەش بێئاگا نەبووەو ئەم جۆرە بیرو باوەڕە پڕو پوچانەی (کە وەکوو خۆرکە کەوتوونەتە ناو کۆمەڵی ئادەمیزادەوە) رەت کردوونەوە، هەموو کات تەعالیم‌و

ئامۆژگارییەکانی قورئان هەوڵی ئەوەی داوە مرۆڤ لە گیروداوی ئەم جۆرە بیرو باوەڕانە رزگار بکا.

{لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ رَبُّكُمْ وَرَبُّ آبَائِكُمُ الْأَوَّلِينَ} (٨) سورة الدخان:

هەر خودا خودایەو بەس، ژیانو مردن بە دەست خۆیەتی، خودا پەروەردگاری خۆتانو بابو باپیرتانە، چ پێشینانتان چ پاشینانتان. سەیرکە قورئان چۆن وەسفی دەسەڵاتو توانای خودا دەکا دەربارەی مراندنو ژیاندن، لە کاتێکا پێشینان ئەم سیفەتانەیان نەبووە، بەڵکوو بێ گیانو مردوون. دەی کەی مردوو دەتوانێ سوودو قازانج بە زیندوو بگەیەنێ؟!

ئەمجار سەرنج بدە چۆن ئایەتەکە ئیعلانی ئەوە دەکا کە خودا خودای ئەوانیشو باوكو باپیریشیانە جا کە خودا خودای هەموو کەس بێ مردوو پەرستنو تاعەت بۆ کردنیان بەتاڵەو رەنجی بێ هودەیە!!!

پەرستنی دیاردە سروشتییەکان (عبادة المظاهر الطبيعية):

ئاشکرایە کە سروشت بە هەموو نهێنیەکانیەوە، بە رازاوەیی‌و جوانیو عەنتیکەکانیەوە، بە سوودو قازانجی زۆرو زەبەندەی بۆ ئادەمیزاد، بە دیمەنی رەنگاو رەنگی گوڵو گوڵزاری بەهارە خوڕەی کانیاوو جۆگەو جۆباری... هەموو ئەمانە هاندەرن بۆ لێکۆڵینەوە لە دروستکراوانی خوداو چەقاندنی داری ئایینو گەشە کردنی فیکرەی ئایین پەروەریی لە دەروونی مرۆڤدا!!

لەلایەکی ترەوە سروشت بەهۆی دیاردە سامناکەکانیەوە (هەورە تریشقە، لافاو، بۆمەلەرزە، گێژەڵوکە... هتد) هێزو سامناکی ئەم دیاردانە مرۆڤی هانداوە بگەڕێ بۆ پەنایەكو خۆی لە رقی بێ مەجازی سروشت بپارێزێ، هەر ئەم لێ ترسانەش وای لە مرۆڤ کردوە کە سروشت بپەرستیو بە خودای بزانێ. زانای بەناوبانگ (ماکس موللر) دەڵێ: دیاردە سروشتییەکان یەکەم شت بوون کە

هەوەڵجار سەرنجی مرۆڤی کۆنی ڕاکێشاوەو ئێستی سەرسامی پێکردوە، کاتێک سەیری بونەوەری کردوە ترسی لێ نیشتووە، جا لەبەر کاریگەری و بەهێزی نفوزی سروشت لە دەروونی مرۆڤدا فیکرەی ئایینی تێدا ڕسکاوەو سروشتی بە خودا زانیوەو تاعەتی بۆ کردوە!!

جا ئەگەر دیاردە سروشتییەکان لە تێڕوانینی زۆر لە کۆمەڵانی مرۆڤی کۆندا خودا بووبن و گەردن کەچی بۆیان پێویست بووبێ! ئەوە برێ لەو گەل و کۆمەڵانەی مرۆڤی کۆن لە سروشتدا چەند خودایەکیان قەرارداوە! هەندێ مرۆڤ بۆ ئاسمان خوایەکیان داناوەو بۆ زەوی و هەوا خوایەکی ترو بۆ دەریا خوایەکی کە. برێ مرۆڤیش بۆ هەرکام لە هەورو ئاگرو ڕووناکی خودایەکی تایبەتیان قەرارداوە.... هتد.

بۆیە قورئانی پیرۆز هاتووە دەرمانی دەردی سروشت پەرستیی کردوەو هیچ و پووچی ئەم بیرو باوەڕە بێ بایەخانەی دەرخستووە، ئاگر برێ لەم ئاگرە سوتمانە کردوە! ئەوەشی چەسپاندووە کە پەرستراوی ڕاست و حەق تەنیا خودایەو چی لە سروشتدا بێ هی ئەوەو خۆی خاوەنی کەون و کائیناتە!!

{ان الهكم لواحد رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَرَبُّ الْمَشَارِقِ} (٥) سورة الصافات:

واتە: خودای ئێوە خودایەکی تاک و تەنیایە، خاوەنی ئاسمان و زەوییەو خاوەنی هەرچی لە نێوانی ئەم دووانەدا هەیەو خاوەنی هەموو خۆرهەڵاتەکانە!!

لە شوێنێکی تردا قورئان وەسفی تاک و تەنهایی خودا دەکا یەکە یەکە دیاردە سروشتییەکانی دروستکراوی ئەو دەژمێرێ و دەفەرموێ:

{إِنَّ رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ} (٥٤) سورة الأعراف:

واتە: خودای ئێوە دروستکەری ئاسمانەکان و زەوییە (بەدیهێنەری هەموو کەونە) ئەم ئاسمان و زەوییەی لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروست کردوون، ئەمجار

دەسەڵاتی تەواوی بونەوەری بە دەستی قودرەتی گرتووەو بەیدەستی کردوە، خودایەکی وەهایە بە هێنانی شەو، رووناکی خۆر دادەپۆشیو، هەردەم شەو بەدوا رووناکیدا دێو بە رێكو پێکی شەوو رۆژ دروست دەبن، خۆرو مانگو گشت ئەستێرەکان گەردن کەچی فەرمانی خودانو بە ویستی ئەو دێنو دەچن (ألا له الأمر والخلق) بونەوەر هەمووی دروستکراوی خۆیەتی، دەسەڵاتو فەرمانیش تێیدا هەر بۆ خۆیەتی!! ئائەم تەعبیرە رەوانە کورتە هەموو شتێکی پەیوەند بە سیفاتی خودای لەخۆ گرتووە!!

شەفاعەتو تکاکردن (**الشفاعة**):

پێش هاتنی ئیسلام عەرەبەکان بۆیە بتەکانیان دەپەرست بە خەیاڵی خۆیان شەفاعەتیان بۆ بکەن!

شەفاعەت چەند جۆرێکی هەیە: شەفاعەت بە وەسیطو ناوەند، شەفاعەت بە نوێژ، شەفاعەت بە دوعاو نزا، شەفاعەت بە رووتێکردن بۆلای پیاو چاکانو پێغەمبەران، بە قوربانی کردنو فتۆ کردن بۆ پەیکەرو مزگەوتو گومبەزو قسن (ضريح)، بە مەبەستی ئەوە ببنە واسیتەو ناوەند بۆ خوداکانو شەفاعەت بۆ خاوەن خێرەکانیان بکەن لەلای خوداکانیان تا دوعاو نزایان گیرا بێو بەهرەوەر بن! بەڵام قورئانی پیرۆز بە روونیو ئاشکرا دەفەرموێ: شەفاعەت لە سیفەتە تایبەت مەندەکانی خودایە.

{قُل لِّلَّهِ الشَّفَاعَةُ جَمِيعًا لَّهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ} (٤٤) سورة الزمر:

واتە: ئەی محمد! بەو خەڵكە بڵێ: شەفاعەت وەرگرتن هەمووی هەر بۆ خودایە، موڵكی ئاسمانەکانو زەوی هەر بۆ ئەوزاتە بێ چوونەیە، هەر خۆی خاوەنیەتیو دروستکردنو گۆڕانکاری تێیدا هەر عائید بە خۆیەتی شەفاعەتو قبووڵ کردنی شەفاعەت لەو شتانەن کە تایبەت مەندن بە خوداوە.

قورئان هەمیشە داکۆکی لەسەر ئەوە دەکا کە شەفاعەت بۆ کەس نیـە مەگـەر خودا بۆ خۆی ئیزن بدا.

{ ومَا مِن شَفِيعٍ إِلاَّ مِن بَعْدِ إِذْنِهِ } (٣) سورة يونس.

قورئان بە ئاشكرا ئەوە دەگەیەنێ کە پێغەمبەرەکان رۆژی قیامەت شەفاعەت دەکەن بۆ کەسانێك خودا خۆی بیەوێ شەفاعەتیان بۆ بکرێ.

{ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ } (٢٨) سـورة الأنبياء:

هەروەکوو چۆن قورئـان رەخنـە دەگـری لـە موشـریكو بـێ دینـەکان چونکە پشتیان بە شەفاعەت بەستووە، باوەڕی پوچو بـەتاڵیان بـەدەر دەخـاو دەفـەرموێ:

{وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلاء شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللّهِ } (١٨) سورة يونس:

واتە: نەفامی ئەو موشریکانە لەوەدایە کە خـودا ناپەرسـتنو تاعـەت بـۆ ئـەو بتە بێ گیانانە دەکەن: کە هیچیان لە دەست نایە نە زەرەریـان هـەس نـە قـازانج! کەچی دەیان پەرستنو دڵی خۆیان بەوە خۆش دەکەن دەڵێن: ئەم بتانە لای خودا شەفاعەتمان بۆ دەکەن!!.

پێویـستە ئـەوە دووبـارە بکەینـەوە: کـە قورئـان دەفـەرموێ شـەفاعەت تایبەتمەندە بە خودای مەزن خۆیەوە، ئەو خۆی بۆ کەسێك بیەوێ شەفاعەتی بۆ بکرێ ئیزن دەداو شەفاعەتی بۆ دەکرێ. لەمەشـدا مەبەسـتێکی ئیـصلاحی گـەورە هەیـە هـەموو هیـواو ئەمـەلی سەرپێـچی کـەرانو ئەوانـەی پـشت بـە شـەفاعەت دەبەستن دەبڕێ نا ئومێدیان دەکا! هەروەکوو چۆن دەبێتە بەر پەرچو ئاگر بڕ لە ئەو کەسانەی ئیدیعای دووعـا گۆیی‌و خـودا پەرسـتی دەکـەن، ناهێڵـێ ئـەم جـۆرە دەستبڕانە ئیستغلالی خەڵك بکەن بەوە کە دەبن بە شەفاعەت خـواز لـەلای خـودا بۆیانو لێ خۆشبوونی گوناهیان لـەلای خـودا بـۆ فەراهـەم دەکـەن، چونکە ئیزنـی خودا بۆ کەس ئاشـکرا نیـە شـەفاعەتیش بـێ ئیزنـی خـودا سوودی نیـە، کـەوابوو ئینسان پێویستە پشت بە کردەوەکانی خۆی ببەستێو نییەتی خۆی حلێبە، رزگار

بوونی یا بە هیلاك چوونی پەیوەندی بە کرداری خۆیەوە هەیە! کەوابوو تیووری ئیسلامی لەسەر بنەمای خوا بە یەکناسین هەڵساوە، یەکتایی لەزاتو لە سیفاتدا. پەروەردگار هەمیشە ویستوویەتی مرۆڤ لە بەندایەتی بۆ بەندە رزگار بکاو رێزی ئینسانی پێ ببەخشێو دڵی قایم بکا بۆ خۆ راگرتن لە بەرامبەر تەنگو چەڵەمەی ژیان، تا ببێتە مرۆڤێکی صاڵحو گونجاو بۆ کۆمەڵی ئادەمیزاد؟!.

بڕێ سیفاتی خودا کە لە قورئان دا باس کراون:

نابینین هیچ ئایینێك وەکوو ئایینی ئیسلام شانو پایەی خودایەتی هەڵبێو پێیدا هەڵبڵێو چی شایستەی ئەو زاتەیە لە تەواوی زاناییو دانایی.... هتد، بۆی بچەسپێنێو وەپاڵی بدا، هەر کەسێ توێژینەوە لە قورئاندا بکا، بە جوانی تێبفکرێ لەو ئایەتانەی وەسفی خودا دەکەن هەستو شعوورێکی تێکەڵاو بە ترسو خۆ بەکەم زانینو سەر سوڕمان لەو زاتە بێچوونە (کە نە فکرو نە خەیاڵ دەرکی دەکاو نە عەقڵو فام دەورەی دەدا) دای دەگرێو راچەنینێکی وای تێدا پەیدا دەکا هەست بە لەززەتو خۆشییەکی تەواو بکا!!

ئەوەی کە مرۆڤ دوور دەخاتەوە لە شیرکو هاوبەش بۆ خودا پەیداکردن بریتییە لە بڕوا بە هەبوونی پەیوەندییەکی وا کە مرۆڤ بە دەسەڵاتو توانای خوداوە ببەستێتەوە، هەردەم وابزانێ کە هیچ پەردەیەك نیە ببێتە ناوکۆ لە نێوان مرۆڤو زاتی خودادا، بە هیچ کلۆجێك لایەنی شەریك بۆ خودا قەراردان رەچاو نەکا! هەر لەبەر ئەمەشە ئیسلام لە نێوان خوداو خەڵکدا پەیوەندییەکی وا پتەو دادەنێ کە مرۆڤەکان پەنا نەبەن بۆ غەیری خوداو داوای یارمەتی جگە لە ئەو لە کەسی تر نەکەن!! لێرەش بەولاوە خودا یار بێ بە کورتی باسی بڕێ لەو سیفاتانەی خوداو ئەو پەیوەندییەی کە دایناوە لە نێوان خۆیو بەندەکانیدا دەخەینە روو.

١- توانایی خودای گەورە (قدرة الله تعالی):

چی لە کەوندایە بە زیندوو مردوویەوە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی بە توانایی خودا، پەروەردگار ئەم حەشاماتەی لە نەبوونەوە هێناوەتە وجوود بە گوێرەی ویستی خۆی ڕێکی خستوون! ئەم دەسەڵاتو توانایەی خودا توانایەکی بێ پایانو بێ سنوورە، هیچ شتێك بەرهنگاری نابێو شت نیە لە بونەوەردا لەژێر دەسەڵاتی خودا دەربچێ؟!! قورئانی پیرۆز ئەمەی ئاشکرا کردووەو دەفەرموێ:

{تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} (١) سورة الملك:

واتە: پاکیو بەرزیی بۆ ئەو خودایەیە موڵكو فەرمانڕەوایی بونەوەر بە دەست خۆیەتیو بەسەر هەموو شتێکدا بە تواناو بە دەسەڵاتە.

{ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّهُ يُحْيِي الْمَوْتَى وَأَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ } (٦) سورة الحج:

واتە: دروستکردنی ئادەمیزاد لە نەبوونەوە وەهەروا ئەو هەموو ئاڵو گۆڕەی بە سەریدا هاتووە، هەروا ژیانەوەی رووەك بەهۆی بارانەوە، ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەوەن کە خودا خودایەکی حەقو ڕاستو بێ وێنەیە، دەتوانێ مردوو زیندو بکاتەوە، بەسەر هەموو شتێکدا بە دەسەڵاتو خاوەن توانایە، قودرەتی خودا بەرهەم دارەو نیهایەتی هەیە، بەڵام زۆر لە تواناو دەسەڵاتی مرۆڤ بەرز ترو بەهێز ترو فراوان ترە، چونکە عەقڵو هێزی ئادەمیزاد مەیدانی لە دروستکردنو زانینی شتدا سنوورێکی دیاری کراوی هەیە، بەڵام دەسەڵاتی خودا هیچ سنوورێکی نیە!! ئەوەتا پێرۆکەیەك کە هیچو پوچ ترین دروستکراوی خودایە ئەگەر هەموو کۆمەڵی ئادەمیزاد کۆببنەوە ناتوانن ئەو پێرۆکە بەسیتەیان بۆ دروست بکرێ؟! ئائەم جیاوازییە فراوانە کە لەنێوان دەسەڵاتی خوداو دەسەڵاتی بەندەدا هەیە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ کردووەو فەرموویەتی:

{يَا أَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَن يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ } (٧٣) سورة الحج:

واتە: ئەی کۆمەڵی ئادەمیزاد! ئەی خەڵکی مەککە! ئەی ئەوانەی کافرو بت پەرستن پەندێکی پڕ حیکمەتمان بۆ لێ داون گوێی لێ بگرن پەندەکەش ئەوەیە: ئەو بتانەی ئێوە لە جیاتی خودا دەیان پەرستن ناتوانن مێشك دروست بکەن، تەنانەت ئەگەر هەمووشیان کۆببنەوە هەر بۆیان دروست ناکرێ!!

بەڵێ نیشانەی بە دەسەڵاتیو بە توانایی خودا کە ئێمە لەم بونەوەرەدا هەستی پێ دەکەین ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو دەسەڵاتو هێزە زۆر فراوانەو سنوورێکی نیە!! چونکە ئاشکرایە هەرچی لەسەر زەویدا هێزێکی هەبێ لە نوورو هێزی خۆری وەرگرتووە، دەی خۆ خۆر بۆ خۆی ئەستێرەیەکە لەو هەموو ئەستێرانەی ئاسمان کە ژمارەیان (خوا نەبێ) کەس نایزانێ!! کەوابوو دەبێ ئەندازەو چەندییەتی ئەو وزە بەهێزە گەورەیەی کە ئەم هەموو ئەستێرە کاکەشانەی بونەوەر وزەو روناکی لێ وەردەگرن چەند بێو چۆن بێ؟؟!!

ئەمە نموونەیەکە لە بەتوانایی خودا وا دەیخەینە پێش چاوی خوێنەر، جا با بۆ خۆی ئەندازەی گەورەییو بە توانایی خودا بخاتە بەر بڕستی خەیاڵی خۆی، ئەو وزەو توانایە تەصەوور بکا کە قورئانی پیرۆز لە ئایەتێکی کورتیلەدا وێنەی کێشاوەو دەفەرموێ: {الله نور السموات والأرض}:

واتە: پەروەردگار روناککەری ئاسمانەکانو عەردە، هەموو شتێکی خاوەن پرشنگو وزە روناکی لەو وەردەگرێ!!

هێزو توانای خودا تێکەڵاوی ژیانی ئادەمیزادە، لە هەموو لایەکەوە ئاوێتەی بووە، کەوابوو هیچ پێویست ناکا مرۆڤ بە مەبەستی گەیشتن بە ئاوات یان خۆ پاراستن لە ناخۆشییەك پەنا بۆ غەیری خودا بەرێ، چونکە گەیاندن بە هیواو دوور خستنەوە لە بەڵا، هەر بەدەست خودا خۆیەتی.

{وَإِن يَمْسَسْكَ اللّهُ بِضُرٍّ فَلاَ كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدُيرٌ، وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ} (١٧ - ١٨) سورة الأنعام:

واتە: ئەگەر خودا بیەوێ تۆ تووشی زەرەرو زیانێك بكا، كەس نیە بتوانێ ئەو بەلایە بگێڕێتەوە، مەگەر خودا خۆی بتوانێ، ئەگەر بیشیەوێ تۆ تووشی خێرو سوودێك ببی ئەوە هەر بۆ خۆی دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێكدا دەشكێ‌و كەس نیە بەری ئەو خێرو بێرە بگرێ، ئەو زاتە بێچوونە بەهێزو توانایە بەسەر بەندەكانی خۆیدا حەكیم‌و زانایە ئیش‌و كاری هەموو رێك‌و پێكەو بەرێ‌و جێیە!

تواناو دەسەلاتی خودا كاریگەرە لە هەموو شتێكدا؟ كاریگەرە لە دروستكردنی نێرو مێدا، كەوابوو چ حەوێجە دەكا لە جیاتی خودا پەنا بۆ بت‌و شەخص‌و قسن‌و گۆڕ بەرن یان خۆ بخەنە باوەشی نوشتە نووس‌و جادوگەرو دەست بڕەوە بۆئەوەی ژنەكەی كوڕێكی ببێ یان فلان شتی بۆ جێ بەجێ ببێ!! قورئان دەفەرموێ: {يَهَبُ لِمَن يَشَاء الذُّكُورَ وَيَجْعَلُ مَن يَشَاء عَقِيمًا} (٥٠) سورة الشورى:

واتە: خودا بە دەست خۆیەتی كەسێك مەیلی لێ بێ كچی ئەداتێ كەسێك مەیلی لێبێ كوڕی ئەداتێ، كەسێكیش مەیلی لێبێ نەزۆك‌و قسری دەكاو وەجاخ كوێر دەبێ.

هەروەها تواناو دەسەلاتی خودا كاریگەرە لە بەهێز كردن‌و بەرز كردنەوەی گەل‌و هۆز، یان ریسوا كردن‌و نزم كردنەومیان خودا بۆ خۆی دەفەرموێ: {قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاء وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاء وَتُعِزُّ مَن تَشَاء وَتُذِلُّ مَن تَشَاء بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} (٢٦) سورة آل عمران:

واتە: ئەی محمد! بلێ ئەی پەروەردگارم! پاشای پاشایان هەر تۆی، خاوەنی ملك‌و دارایی هەر تۆی، هەموو شتێك بەدەستی تۆیە كەسی تر شتی بە دەست نیە، هەر كەسێك ئارەزووت بێ ملك‌و سەڵتەنەتی پێ دەبەخشی! هەر كەسێك حەز بكەی نگین‌و دارایی لێ دادەڕنی! كەسێك بتەوێ رێزی دەدەیەو سەر بەرزی دەكەی، هی واش هەیە ژێر دەستەو ریسوای دەكەی...! خێرو فەڕ بە دەست خۆتەو بەسەر هەموو شتێكدا دەسەلاتت هەیە.

بە راستی ئەمە وایەو رەوایە، ئەوەتا مێژوو پڕیەتی‌و بە چاوی خۆشمان دیومانە چەند گەل‌و كۆمەڵ‌و هۆز بەرز بونەوەو دەست رۆیشتو خاوەن حەشەم‌و

ناوبانگ بوون! کەچی لە پڕ چەرخ لێیان وەرسوڕاو نگینو دارایییان نەماو ژێر دەستەو زەلیلو داماو بوون! چەندەها پاشاو سەرۆك لە رۆژگارێکا گەیشتوونە ئەو پەڕی هێزو نگینو سەر فرازیی، کەچی لە ناکاوێکا سەرەنگریێ بوونو کەوتوونە گێژاوی گەردوونەوە، یان کوژراون یان خراونە بەندیخانەوە یان شار بەدەر کراونو لە وڵات دوور خراونەوە!!

بەڵی لە راستیدا کاریگەرو کار ساز لە چۆنیەتی پێشکەوتنو دواکەوتنی گەلو هۆزو تاکتاکی کۆمەڵ تەنها خودایەو بەس!! ئیتر هیچ پێویست ناکا پەنا بردن بۆ غەیری خودا!! ئەوەندە هەیە پێویستە مرۆڤ دوای پشت بە خودا بەستن تا دەتوانێ تێکۆشێو رەنج بداو رێگەی هەوڵو تەقەللا بگرێو رێبازی گەیشتن بە ژیانی کامەرانیو خۆش بەختی بدۆزێتەوەو بزانێ رێگای چاكو خراپ کامەیەو لە کوێیە، چونکە مرۆڤ بۆ خۆی دەورێکی گرینگی هەیە لە ژیانی خۆیدا، هەر وەك هۆو سەبەب رۆڵێکی گرینگی هەیە لە ژیندا، خودا دەفەرموێ:

{ إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ } (١١) سورة الرعد:

واتە: خودای پەروەردگار ژیانو شێوەی ژیانی هیچ کۆمەڵێك ناگۆڕی تا ئەو گەلە خۆیان رەوشتی خۆیان نەگۆڕنو زەمینەی ئەو گۆڕانە دروست نەکەن. سەیرکە ئەم ئایەتە پیرۆزە چۆن بە ئاشکرا ئەوەمان تێ دەگەیەنێ کە دەستووری خودا وایەو وا هاتووە: کە حاڵو ژیانی هیچ گەلێك لە خۆشییەوە بۆ ناخۆشی یان لە ناخۆشییەوە بۆ خۆشی نەگۆڕێ مەگەر ئەو کۆمەڵو هۆزانە زەمینەی ئەو گۆڕانە دروست بکەنو شایستەی ئەو گۆڕانە بن، هەر گەلێك هەوڵ بدا کارو باری خۆی رێكو پێك بێو هەوڵی پێشکەوتن بداو سەر پێچی فەرمانی خودا نەکاو، ئەوە ئەو کۆمەڵە شایانی ئەوەن خودا یارمەتییان بدا. بەڵام هۆزێك رەوشتو رەفتاری بەرز ژێرپێ بخاو ستەمو زۆرداریی بەلاوە پەسەند بێ ئەوە بەبێ شكو گومان شایانی ئەوەیە سەر شۆڕیی بە سەردا بێو ببێتە ژێر دەستەی بەرو جیرانی؟!!!

زانستی خودا (علم الله):

پەروەردگار زانایەو زانینەکەی نەزانینی لە پێشدا نەبووە وەکوو زانینی ئێمە، هەروەکوو چۆن سڕینەوەی بەسەردا نایە زانینەکەشی بۆ هەموو شتێکە دوێنێو ئەمڕۆو سبەینێو ئاشکراو نهێنی بەلاوە یەکسانە، ئاگادارە بە هەموو کونو قوژبنێك لە ئاسمانو زەویدا، زانایە بە هەموو شتێکی دونیاو قیامەت!!

ئەم بونەوەرە چی تێدایە (لەگەڵ رێكو پێکی شتەکانی) هەموویان بەڵگەن لەسەر فراوانیو گشتییەتی زانستی خوداو کارسازیو دانایی ئەو زاتە بێچوونە. بڕێ لەو بەڵگانەی کە لە قورئانا هەنو فراوانی زانستی خودا دەچەسپێنن ئەوەیە کە پەروەردگار بەدیهێنەری هەموو شتێکە، دیارە کەسێکیش بەدیهێنەری کەونو کائینات بێ هەموو شتێك ئەو دروستی کردبێ، پێویستە زانابێ بە هەموو کونو قوژبنی ئەو بونەوەرە!

{وَأَسِرُّوا قَوْلَكُمْ أَوِ اجْهَرُوا بِهِ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ، {أَلَا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ} (١٣ - ١٤) سورة الملك.

واتە: قسەو گفتوگۆتان بشارنەوە یان ئاشکرای بکەن خودا ئاگای لێیەتیو دەیبیسێ، سەرەڕای ئەوەیشە زاناو ئاگادارە بە ئەندێشەو خەیاڵو چەکەرەو خەتەرەی دڵو هەرچی لەناو دڵدایە لای ئەو وەك یەك نمایانە، چۆن خودا بۆ خۆی نازانێ چی دروست کردوە؟ گوایە دروستکراوی خۆی ناناسێ؟!؟ خودایەکە زانینی وەهایە دەزانێ ناو دڵ چی تێدایە، خەبیرو ئاگادارە بەو شتانەی کە لە دڵدا شاردراوەن. جا لە کاتێکا ئەوەمان زانی قورئان ئەوە دەچەسپێنێ کە خودا نهێنیو ئاشکرای هەموو مرۆڤێك دەزانێ، زیاد لەوە ئاگادارە بەسەر هەموو شتێکی بونەوەردا، سەرنجێکیش لەم ئایەتە پیرۆزە بدە کە بە راستی مرۆڤ تێیدا هەست بە گەورەییو زانایی خودا دەکا کە دەفەرموێ:

{اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَى وَمَا تَغِيضُ الأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْكَبِيرُ الْمُتَعَالِ، {سَوَاء مِّنكُم مَّنْ أَسَرَّ الْقَوْلَ وَمَن جَهَرَ بِهِ وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍ بِاللَّيْلِ وَسَارِبٌ بِالنَّهَارِ} (٩ - ١٠) سورة الرعد:

ئایەتەکە بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ کە پەروەردگار دەزانێ ئەو کۆرپەڵەی لە سکی مێینەدایە نێرە یان مێیە، تاکە یا دوانە یا پترە! هەروەها دەزانی منداڵدان چۆن دوای منداڵبوون وێك دێتەوە پچووك دەبێتەوە یان چۆن بەهۆی نەش‌و نمای کۆرپەلەوە منداڵدان رۆژ لەدوای رۆژ لێك دەکشێتەوەو زیاد دەبێ، بە راستی هەموو شتێك لای خودا ئەندازەو شوێن‌و کات‌و زەمانی ئاشکرایەو زانراوە، نەك هەر ئەوە بەڵکوو پەروەردگار زانایە بەو شتانەی کە نهێنین لە هەستی ئێمەو هەستیان پێ ناکەین یان ئەو شتانەی کە دەیانبینین‌و هەست پێکراون، بە کورتی خودای گەورە زانایە بەهەر شتێك لە بونەوەردایە زیاد لەوە نهێنی‌و ئاشکرای دڵ‌و دەروونی هەموو مرۆڤێك دەزانێ چ کردار بێ چ گوفتار بێ هەروەها زانایە بەو شتانەی لە تاریکی شەودا ون‌و نابینرێن یان ئەوانەی ئاشکراو نمایانن لە رووناکی رۆژدا.

بەڵی پەروەردگار زانایەو ئاگادارە بە وردیات‌و نهێنی ئەم بونەوەرە.

{وَعِندَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لاَ يَعْلَمُهَا إِلاَّ هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلاَّ يَعْلَمُهَا وَلاَ حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الأَرْضِ وَلاَ رَطْبٍ وَلاَ يَابِسٍ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ} (٥٩) سورة الأنعام:

واتە: کلیلی گەنجینەی نهێنی گشتی هەر لای خودایەو ئەو نهێنی بونەوەر دەزانی‌و ئاگادارە بەسەر رابردوو داهاتوودا، چ ئەوی بووە چ ئەوی دەبێ، دەزانێ چی لە وشکانیدا هەیە چی لە دەریادا هەیە، هەر پەڵکە گەڵایێ هەڵوەرێ دەزانێ لە کوێ دەکەوێتە خوارێ‌و چۆن دەکەوێ، دوایی چی بەسەر دێ، هەر دەنکە دانەوێڵەیەك لەناو جەرگی زەویداو لە شوێنی تاریك‌و حەشارگەدا هەبێ، ئاگای لێیەتی‌و پێی زانایە بە کورتی هەموو شتێك تەڕبێ یان وشك لەم بونەوەرەدا هەبووبێ یان لەمەودوا ببێ، هەموو لە عیلمی خودا لە (لەوحولمەحفوظ)دا نوسراوەو ئاشکراو نمایانە!!

لەم دەقە پیرۆزەی قورئانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە تیۆری ئیسلامی دەربارەی خودا بریتی نیە لە تیۆرێکی فەلسەفی میتافیزیقی رووت، وەکوو

زوربەی رۆژئاواییەکان بڕوایان وایە کە خودای گەورە بونەوەری بەدی هێناوە، دوایی خۆی بەرز بۆتەوە بۆ ئاسمانو چ پەیوەندییەکی بە مەخلووقاتی خۆیەوە نەماوە!! بەڵکوو موسوڵمانان پێیان وایە کە کردگار هەموو کات دەستی قودرەتی لەتەك زانستی فراوانیدا بونەوەر هەڵ دەسورێنن، هەرچی بووە یان دەبێ لەهەر شوێنو کاتێکدا بێ ئیشی کەریمی کارسازە خۆی دەی خوڵقێنێ!!

بێ مانەندی خودا (ليس كمثله شيء):

جیاوازی خودا خۆی لەگەڵ دروستکراوانیدا روونو ئاشکرایە چونکە هەموو کات پلەی بەدیهێنەر زۆر لە ژوور پلەی بەدیهێنراوەوەیە، ئاشکراو نمایانە کە بەدیهێنەر نابێ (نە لە زاتدا نە لە صیفاتدا) لە بەدیهێنراوی خۆی بچێ. کەوابوو کە دەگوترێ خودا شت دەبیسێ مانای وانیە وەکوو ئێمە گوێچکەی هەیە! یان کە دەڵێن: خودا دەبینێ مانای وانیە وەکوو ئێمە بە چاوی سەر شت دەبینێ! ئەو زاتێکە جودایە لە مەخلووقاتی، شانو شکۆی خوایەتی ئەو زۆر لەوە بەرزترە عەقڵی کولی ئێمە دەرکی بکا...

مامۆستا شێخ (محمد عبده) دەفەرموێ: بیرکردنەوە لە خودی زاتی پەروەردگار هەوڵدانە بۆ زانینی کەونو چۆنیەتی ئەو زاتە بە شێوەیەکی تایبەتی لە روویەکەوە، لە روویەکی ترەوە دەرك کردنی کەونو چۆنیەتی خودا بۆ عەقڵی ئێمە پەی پێ نەبراوەو عەقڵی مرۆڤ وزەی پێ ناشکێو لە سنوور بەدەرە چونکە رێژەی بوونی خوداو بوونی ئادەمیزاد زۆر لێك دوورنو یەك ناگرنەوە. هەروەها چونکە خودا جیسمێکی لێك دراو نیە، زاتێکە بیرو هێزی مرۆڤ نایگاتێو کوڵ دەبیو کول دەوەستێ! کەوابوو هەوڵدان بۆ زانینی کونهو زاتی خودا کات بە فیڕۆدانەو خۆ خستنە ناو گێژاوەوەیەو سەر بە فەتارە چوونە، کات بە فیڕۆدانە چونکە هەوڵو کۆشش کردنە بۆ شتێك کە نایگاتێ! سەر بە فتارە چوونە، چونکە ئەو هەوڵدانە سەر دەکێشێ بۆ چەواشە کردنی بیرو باوەڕ

لەم رووەوە هەوڵدەر دەیەوێ شتێك بپێوێ کە ناپێورێ، شتێك بژمێرێ کە ناژمێردرێ!!

دوکتۆر (ماریت ستانلی کودج) هەمان رای شێخ (محمد عبده)ەی دووبارە کردۆتەوەو دەڵێ گومان لەوەدا نیە کە ئێمە کاتێك بمانەوێ‌و هەوڵ بدەین بۆ زانینی کونهو زاتی خودا پێویستمان بە چەند زاراوەو مانایەکی وا هەیە کەبە تەواوی جیاوازن لەو زاراوەو مانایانەی بۆ باسکردنی شتی ماددی بەکاریان دەهێنن. بە تایبەتی دوای ئەوەی کە زانیمان ئەم بونەوەرەی ئێمە تێیدا دەژین مومکین نیە هەر بریتی بێ لە ماددەیەکی روت‌و قوت!! بەڵکوو پێك هاتووە لە ماددەو رۆح یان لە ماددەو شتی تریش، خۆ ناشتوانین شتە نا مادییەکان وەصف‌و دیاردەی مادییان بۆ بچەسپێنین!!

سەد مخابن برێ ئادەمیزاد رێگایان لێ هونبووەو کەوتوونە کێشەو نیزاعەوە دەربارەی زاتی خودا، برێ (وەثەنی) بەردو دار پەرست پێیان وایە خودا برێتییە لە چەند روحێك کە لە بەردو داردا دەنگ دەدەنەوە!! هێندێ پێیان وایە خودا لەناو لاشەی هەندێ مرۆڤدا حەل بووەو تواوەتەوە!!؟! بەڵام ئایینی ئیسلام هاتووە هەموو شتێکی خستۆتە شوێنی گونجاوی خۆیەوە، بۆ هەموو شتێك چونیەتێکی لەباری داناوە، دەربارەی حەقیقەتی خودی زاتی خودا بناغەیەکی پتەوی داناوە تیۆرێکی هێناوە دەم کووتی تاوانباری کردوە، عەقڵ‌و هۆشی لە ژنگی نەزانی‌و دڵە راوکێ پاك کردۆتەوە، عەقیدەو بیرو باوەڕی خەڵکی دەربارەی خودا پاڵفتە کردوە:

تیۆری ئیسلامی بەلایەوە وایە کە بونەوەر یەك بەدیهێنەری هەیە کە هەرچی سیفاتی جوان‌و بەرزو کەماڵ‌و جەلال هەیە تێیدایەتی!!

هەروەها داوامان لێ دەکا کە پەروەردگار بە دوور بگرین لە هەموو دیاردەیەکی ماددی، تەشبیهی بە هیچ شتێك نەکەین‌و لاشەو ئەندازەی جیسمی بۆ رەوا نەبینین، بە دووری بگرین لە هەموو سیفات‌و رەوشتی مەخلووق. ئەوەتا

ئایەتەکانی قورئانی سەر بەم باسە هەموویان داکۆکی لەوە دەکەن کە مـرۆڤ نابـێ بیر لە چۆنیەتی خودی زاتی خودا بکاتەوە چونکە کارێکی بـێ هودەیـەو نـەجات بوونی تیا زەحمەتە.

{لاَّ تُدْرِكُهُ الأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الأَبْصَارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ} (١٠٣) سـورة الأنعام:

واتە: چاوو حەواسـەکانی تـر نـاتوانن کـەونو حەقیقـەتی خـودا دەرك بکـەن بەڵام خودا کونهو حەقیقـەتی چاوو حەواسـی ئێمـە دەزانـێ یـان ئـەم ئایەتـە کـە دەڵێ: { لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ } (١١) سورة الشورى:

واتە: خودا خودایەکی بێ چوونو بێ مانەنـدە، هـیچ شـتێك لـە مـەخلووقاتی خودا ناتوانن وەکوو زاتی ئەو بن لە زانستو کارامایی‌و دەسەڵاتو توانادا.

یان ئەم ئایەتە کە دەفەرموێ: {يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ بِهِ عِلْمًا} (١١٠) سورة طـه:

واتە: خودا هـەموو شـتێکی ئـەوان زۆر بـاش دەزانـێ، چ ئـەوەی لەمـەو پـێش روویداوەو چ ئـەوەی لەمـەودوا روو دەدات، وەڵێ ئـەوان سـەر لـە زاتـی دەرناکـەنو پەی بە چۆنیەتی‌و حەقیقەتی نابەن.

یان ئەم ئایەتە کە دەفەرموێ: {سُبْحَانَ رَبِّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ} (٨٢) سورة الزخرف:

واتە: پاكو بێ عەیبی بۆ خودایـە کـە بەدیهێنـەری ئاسمانو زەوییـە خـودای عەرشو کورسییە، زۆر دوورە لەو سیفەتانەی وەپـاڵی دەدەنو لـەوەی کـە منـداڵی هەبێ!!

پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێ) بۆ بەرگری لـەم چەواشـە بوونـە فـەرمانی کـردوە بەوە کە موسـوڵمان بـیر لـە مـەخلووقاتی خـودا بکاتـەوە بـەڵام بـیر کردنـەوەی لـە خودی زاتی خـودای بـە یاساغ دانـاوەو فەرموویـەتی: {تفكـروا في كـل شـيئ ولا تفكروا في ذات الله}:

واتە: بیر لە نازو نیعمەتی خودا بکەنەوە، سەیری مەخلووقاتی بکەنو تێیان بفکرن، بەڵام بیر لە چۆنیەتی خودی خوا خۆی مەکەنەوە.

ئائەم تیۆرەی ئیسلام داینـاوە بـۆ بـە دوور گرتنـی پـەروەردگار لـە هـەموو خەوشێك، بەرزترینو قوڵترین فەلسەفەی جیهانی (تا دوای هاتنی ئیسلامیش بـە چـەند سـەدەیەك) پـەییان پـێ نـەبردووە، کـە وابـوو پەیـدابوونی ئـەم تیـۆرە لـە دوورگـەی عەرەبیـدا لـەو رۆژگـارەدا بەڵـگەیە لەسـەر ئـەوە کـە قورئـانی پـیرۆز سروشی خودایە.

سیفەتی ژیان بۆ خودای مەزن (حیاة الله تعالی):

خـودای پـەروەردگار مەصـدەرو کـانی ژیانـە، هـەر ئـەوە ژیـان بـە هـەموو زیندوویەك دەبەخشی، کەوابوو پێویستە خۆی سیفەتی ژیانی هەبێو زیندویەتی ئـەو لـە بـەرزترین شـێوەدا خـۆی بنوێنـێ، ژیـانی خـودای گـەورە هـەتا هەتاییـەو برانەوەی نیە، وەنەوزو نووستنی بەسەردا نایە.

قورئان دەفەرموێ: {اللّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ {اللّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ }:

واتە: بەس یەزدان خـودای راسـتو دروسـتە شایسـتەی پەرسـتنو عیبادەتـە، خودای تر نیە جگە لە خۆی، زیندوەو هەرگیز نامرێ، بۆ خـۆی پایـەداەو راگـرەو لەنگەری بونەوەری راگرتووەو پارێزگاری هەموو شتێکەو هەمیشە ورياو ئاگـادارە بە هەناسە بێ ئاگایيو فەرامۆشیو وەنەوزو خەو رووی تێناکا!!

قورئانی پیرۆز لە دوو ئایەتی کورتیلەدا باسی ئەو دیاردەو گۆڕانکارییـەی کـە تووشـی زینـدەوەر دەبـێ لـە تـەك باسـی سـیفەتی ژیـانو زینـدویی بـۆ خـودا بـە رەوانیو پاراوی رادەگەیەنێو دەفەرموێ:

{كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ، وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ}:

واتە: هەرچی لەسەر زەوی هەیـە دەمـرێو دەفـەوتێ، زیندەوەرلـە بونـەوەردا نامێنێ، تەنها زاتی بێچوونی خودای تۆ دەمێنێتەوە، چونکە ئەو خـاوەن شـکۆیەو

دووره له هەموو کەمو کورتییەك. ژیانی خودا پێویستی بە خواردەمەنی نیە وەکوو زیندەوەرانی تر پێویستیان پێیە. خودا دەفەرموێ:

{قُلْ أَغَيْرَ اللّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَهُوَ يُطْعِمُ وَلاَ يُطْعَمُ قُلْ إِنِّيَ أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ وَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكَينَ...} (١٤) سورة الأنعام:

واته: ئەی پێغەمبەر! بەو خوا نەناسانە بڵێ: ئایا چۆن رەوایە لە کاتێکا خودای من دروستکەری ئاسمانو زەوییە لە نەبوو هێناونیە بوون، خۆراكو رۆژی دەدا بە زیندەوەرانو خۆی هیچ هەوەجی بە خۆراكو رۆژیی نیە، لە هەموو خواردەمەنییەك بێنیازە، ئەمجار بڵێ: ئێوە کەیفی خۆتانە من فەرمانم پێکراوە کە یەکەم کەس بم بۆ خودا پەرستیو گەردن کەچی لەم ئۆمەتی ئیسلامە، هەروەها پێم گوتراوە کە بە تەواوی قەطعی عەلاقە بکەم لەگەڵ فرە خودا کاناو هاوڕێیان نەکەم!

ئایینی ئیسلام بەم ئایەتە رێگای لە هەموو کاهینو مالەو بت پەرستو دەست بڕەکان بەست، ئەوانەی فەرمانیان دەکرد بە شوێن کەوتووانی خۆیان کە قوربانیو کوشتی سەر ببڕن بۆ خودا درۆزنەکانیان، بە ئاشکرا بانگی هەڵدا کە قوربانیو فووتو بۆ قەبرو قسنو عیبادەتگا سەر نابڕدرێ، چونکە خودا پێویستی بە خۆراك نیەو شت ناخوا ئەو قوربانیانە تەنها کاهینەکان سوودی لێ وەردەگرنو خۆیان لرفی لێ دەدەن!!

بە راستی قورئانی پیرۆز بە ئاشکرا کردنی ئەم راستییە مرۆڤی رزگار کرد لەو بیرە پڕو پووچە، لەو فیکرە شێواوەی کە لەناو زۆر لە گەلاندا بڵاو بوبووەوەو خەڵکی بە خۆڕایی ماڵو دارایی خۆیان بە فیڕۆ دەدا تەنانەت ئێستاش بڕێ نەزانو نەفام ئەم جۆرە کردەوانە رەچاو دەکەنو هەر بەینە نا بەینێك حەیوانێك بۆ گۆڕی شێخ فلان یان بۆ مزگەوتی فلان شوێن سەر دەبڕن، بەمە ماڵی خۆیان بە فیڕۆ دەدەنو کردەوەکانیان بێ هودە دەبن.. ئیتر بەم روون کردنەوەیە قورئان دەرگای لەسەر ئەو بێدینانە داخست کە بتوانن لە رێگای ئەم

کردەوە تا ئیسلامیانەوە هێرش بێننە سەر دین بە گشتیو دەندوکی پیسی خۆیانی پێ دادەن!

(بەڵام قوربانی شەرعی لە ئیسلامدا ڕەوایەو ئەوە لەم جۆرە بیدعەتانە جیایەو مەبەست لێی ڕەزای خوداو سوودی هەژارو گەدایە، نەك بەرژەوەندی مشە خۆرە لە چەرەگانە)...

لە شوێنێکی تردا قورئانی پیرۆز ئەوە دەردەخا کە ژیانی خودا (حیاة الله) زیندویی هەمیشەیی و نەبڕاوەیە، دوورە لە دیاردەی ژنو منداڵ، نە ژنی هەیە نە منداڵ. بەمەش ئیسلام کەلەبەرێکی گەورەی بەست (کە لەو کەلەبەرەوە) هێندی لەوانەی کە خۆیان بە خودا دەزانی گەڵو ژێر دەستەی خۆیان بچەوسێننەوە بە بەڵگەی ئەوە کە خۆیان کوڕو کوڕەزای خواکانن پێویستە تاعەتیان بۆ بکریو خەڵکی بۆیان گەردن کەچ بن. لەم ڕووەوە قورئان دەفەرموێ:

{بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَنَّى يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُ صَاحِبَةٌ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ، ذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمْ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ } (١٠١ - ١٠٢) سورة الأنعام:

واتە: خودای گەورە خودایەکی ئەو تۆیە ئاسمانەکانو زەوی لە نەبوون دروست کردوون، خاوەنی بونەوەرە، لە هەموو شتێك بێ نیازە، دەی کە وابێ چۆن منداڵی دەبێ، چۆن منداڵ بۆ خۆی ڕەوا دەبینێ! نە منداڵی هەیە نە ژن. هەموو شتێك خۆی دروستی کردوە، ئاگاداری هەموو شتێکە!! ئائەو خودایە پەروەردەکەری ئێوەیە، جگە لە ئەو هیچ خودایەك نیە! هەرچی بووەو هەرچی دەبێ ئەو بەدی هێناوەو بەدی دەهێنێ هەر ئەو شایستەی تاعەتو پەرستنە تەنها ئەو بپەرستنو بەس!!

صیفەتی بیستنو دیتن بۆ خودا (سمع الله وبصره):

صیفەتی بیستنو دیتن لەو صیفەتانەن کە بۆ خودا شاییستەنو پێویستە هەی بن، چونکە ناگونجێ خودا هەبێو ئەم صیفەتانەی نەبن، ئەمەش ڕاستییە

کە قورئان بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ کردوە، ئەوەی چەسپاندووە کە بوونی صیفەتی بیستنو دیتن نیشانەی خودایەتییەو نەبوونیان نیشانەی نا خوداییە!

ئەوەتا حەزرەتی ئیبراهیم کاتێ داوا لە باوکی دەکا کە واز لە پەرستنی بتەکانیان بێنن بەڵگەیەکی لەسەر ناخودایی بتەکان ئەوەیە کە نابیستنو نابینن.

{ يَا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْئًا} (٤٢) سورة مريم:

واتە: باوکە بۆچی تۆ شتێك دەپەرستی کە نابیسێو نابینێو لە هیچ شتێکیش بێ ئیحتیاجت ناکا!! مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە کە خودای حەقو راستو دروست پێویستە بیسەرو بینابێ، ئەم راستییەش قورئان لە زۆر شوێندا دووپاتی کردۆتەوە، یەکێ لەم شوێنانە ئەو رووداوەیە کە (خەولە) هات بۆلای پێغەمبەرو شکاتی لە مێردەکەی کرد ئەم ئایەتە نازڵ بوو کە دەفەرموێ: {قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ} (١) سورة المجادلة:

واتە: بە راستی خودا قسەی ئەو ژنەی بیست کە دەربارەی مێردەکەی دەمەدەمێت لەگەڵ دەکاتو سکاڵای دەباتە لای خودا، خودا گوفتووگۆی ئێوەی دەبیستو ئاگای لێ بوو بە راستی خودا ژنەواو بینایەو ئاگاداری هەموو شتێکە.

گفتوو گۆی پەروەردگار، فەرمایشتی خودا (كلام الله تعالى):

رەوشتی فەرمایشت (صیفەتی کەلام) یەکێکە لە صیفەتەکانی خودا بەڵام پێویستە ئەوە بزانین: کە جیاوازیی هەیە لە نێوان گفتو گۆی خوداو گفتو گۆی ئادەمیزاددا، گفتو گۆ لای ئادەمیزاد بە وشەی گوتراو یان نووسراو ئەنجام دەدرێ، بەڵام پەروەردگار گفتو گۆی خۆی بە سروشو نیگا ئەنجام دەدا... بەم جۆرە سروشو نیگا بخاتە دڵی ئەوانەی هەڵیان دەبژێرێ بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی خۆی، یان وشەکە لە دڵو دەروونی قسە لەگەڵ کراویدا دەخولقێنێ یان

بە هۆی فریشتەوە کە بیکاتە پەیامنێر بۆ لای پێغەمبەرەکان، قورئانی پیرۆز دەربارەی ئەم شێوە گفتو گۆیانە ئاماژەی کردووەو فەرموویەتی:

{وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِن وَرَاء حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا فَيُوحِيَ بِإِذْنِهِ مَا يَشَاء إِنَّهُ عَلِيٌّ حَكِيمٌ} (٥١) سورة الشورى[1]:

له ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: {تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ اللّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ} (٢٥٣) سورة البقرة:

ئەو پێغەمبەرانە هەموویان بە رێزو نازدارن، دەنا نەدەبوون بە پێغەمبەر! وەلێ حیکمەتی خودا وایە ئەوانیش بە رێزو بەرێز تریان تیایە، هەیانە خودا بۆ خۆی قسەی لەگەڵدا کردوە، هەیانە خودا لە زۆر رووەوە پایەو پلەی بەرزەوە کردوە!

کەلامی خودا کۆتایی نیەو نابڕێتەوە هەروەکوو چۆن لە ژمارەش نایە.

{وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِن شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِن بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَّا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ} (٢٧) سورة لقمان:

واتە: ئەگەر هەرچی دارو درەختی سەر زەوی ببنە پێنووسو دەریا ببێتە مەرەکەبو حەوت بەحری تریش بخرێنە پاڵیو کەلیماتو گفتو گۆی خودای پێ بنووسرێ هێشتا کەلامی خودا کۆتایی نایەو قەڵەمو مەرەکەب تەواو دەبن!! چونکە کەلامی خودا بێ ژمارەو ئەندازەیەو بڕانەوەی نیە!

صیفەتی قیدەمو هەوەڵی خوداو پایەداریی (قدم الله وبقاؤه):

خودای مەزن دەفەرموێ:

{هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ} (٣) سورة الحديد:

واتە: پەروەردگار خودایەکی بێ وێنەی بێ نیازە، پێش هەموو شتێك هەبووەو سەرەتای بوونیشی نیە پاش هەموو شتێك دەبێو کۆتایی هەبوونیشی

---

[1] تەفسیرو راڤەی ئەم ئایەتە لەسەرە باسی (وحی)دا رابووورد.

نابێ، ئاشکرایەو بەڵگە لەسەر خوایەتی ئەو دیارو لەبەر چاوون، نهێنییەو هەستی مرۆڤ دەرکی ناکا، ئەو خودایە ئاگاداری هەموو شتێکەو هیچی لێ هون نابێ!

لە شوێنێکی تردا خودای مەزن دەفەرموێ: {وَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ} (٨٨) سورة القصص:

واتە: ئەی موحەممەد نەکەی بچی لەگەڵ پەرستنی خودای گەورە خوایەکی تر بپەرسێو شەریکی بۆ رەوا بینێ! هیچ خودای راستو دروستو حەق نین جگە لە ئەو، هەموو شتێك بە فەنا دەچێو هیچ کامێك لەم خودا درۆزنانە نامێننو تەنها زاتی حەق پایەدارو بەرقەرار دەمێنێ، حوکمو فەرمانڕەوایی هەر بۆ خودایەو هەمووتان رۆژی رەستاخیز بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە!

پوچاندنەوەی شوبهەو رەت کردنەوەی لکەدارکردنی صیفەتەکانی خودا:

وەکوو ئاشکرایە ناوی پیرۆزی خودای مەزن لە قورئاندا زۆر جار هێندراوە لە تەك صیفەتێك یا زیاتر لە صیفەتەکانی کەماڵو جەلالی دا وەکوو (قاهر)، (جبار)، (المهیمن)، (العزیز).... هتد. ئیتر برێ لێکۆڵەرەوەی دەروون پیس ئەومیان کردوە بە بیانوو برێ شوبهەو لکەیان لە زاتو صیفاتی خودا خڕ کرۆتەوە، یەکێ لەو لێکۆڵەرەوانە دکتۆر (فیلیب حتی)یە کە لە کتێبی (تاریخ العرب ج/١ ل/١٧٧ چاپی/٢)دا دەڵێ: باسی صیفەتی خۆشەویستیو سۆزو دڵنەرمی لە قورئاندا لە بەرامبەر صیفەتی هێزو تواناو بەدەسەلاتو تۆڵە سێنو دەست رۆیشتودا زۆر خۆ بەکەم دەنوێنن، واتە صیفەتی خۆشەویستیو سۆزو... تاد لە بەرامبەر صیفەتی هێزو توانادا زۆر کەمن!!

جا بۆ رەتکردنەوەی ئەم بۆ چوونە پوچەی دکتۆری ناوبراو دەڵێین: شتەکە بە پێچەوانەوەیە چونکە صیفاتی هێزو تواناو دەسەلات لە قورئاندا زۆر کەمترن لە صیفاتی سۆزو خۆشەویستی! ئەگەر بێین سەر ژمێری صیفاتەکانی خودا بکەین کە لە قورئاندا باس کراون دەبینن رێژەی صیفەتی حوببو خۆشەویستی

زۆر ترن لە صیفەتی جەلالو عیززەت. لە لایەکی ترەوە صیفەتی هێزو توانا پێویستیاتی خودایەتی راستین، چونکە بەم صیفەتانە زۆر داران لە سەر کێشیو ناهەمواریيان دەگێرێتەوە!! هیچ پێویست ناکا کە ئێمە پێمان وابێ دەبێ هەموو کاتێ خودا بە روحمو هێدیو هێمنو بەزەیی بێ. نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە رقو خەشمی خودا بۆ شەقاوەو سەرپێچی کەرانو زۆر داران لایەنێکی دادوەریو داد پەروەرییەتییە.

صیفەتی هێزو شکۆمەندیو سەرکوت کردن (صفات القوة والقهر):

ئەگەر ئێمە بمانەوێ هەرچی صیفاتی قەهرو خەشمو هێزو توانایە کە لە قورئاندا بۆ خودا رەوا بینراون رایان نوێنینو بیانخەینە بەر لێکۆڵینەوە دەبینین هیچیان مانای زوڵمو زۆر هەڵناگرنو نابنە جێگای شوبهەو گومان (وەکوو لەمەدوا رونیان دەکەینەوە) بۆ نموونە یەکێك لە صیفاتی شکۆمەندیو جەلال صیفەتی:

١- (الجبار) سەرچاوەکەی وشەی (جبر یجبر)ە کە بە مانای چاك کردنەوەو پرکردنەوەی کەلەبەرو راست کردنەوەی خواریو لارییە. برێك دەڵێن وشەی (الجبار) بە مانا رام کردنی بەندەگانە بۆ ویستی خۆی. برێك دەڵێن: (الجبار) بە کەسێك دەگوترێ: کە هیچ شتێ نەتوانێ کاری تێبکا، نە پەلاماری هێرش بەرانو نە فێڵی فێڵبازان ناتوانن زەبری پێ بگەیەنن، یان کەسێك نەبێ دەستی بە سەریدا بڕوا.

٢- (المهیمن) واتە: ئاگادارو دەست رۆیشتوو بەسەر دروستکراوانیدا.

٣- (العزیز) واتە: خاوەن هێزو توانایەکی ئەوتۆ هیچ کەس نەیگاتێ هیچ کەس بە سەریدا زاڵ نەبێ، هیچیشی لێ عاسی نەبێ لە هیچ شتێکیش نەترسێ!!

٤- (المتکبر) واتە: خۆ بە گەورە گرو شکۆمەندو خاوەن دەعیەو عینوان.

٥- (القهار) واتە: خاوەن هێزو تواناو دەست رۆیشتوو بەسەر هەموو بونەوەردا.

٦- (العظیم) واتە: مەزنێکی وا سنوورو ئەندازە نەبێ بۆ گەورەیو شکۆمەندی.

٧- (المنتقم) واته: تۆڵە سێن‌و سزادەر بۆ سەرپێچی کەران‌و خوا نەناسان.

٨- (مالك الملك) واته: کەسێك کە شایانی ئەوەبێ لە ملکی خۆیدا کە بونەوەرە (چی خواست‌و ویستی بێ بیکا)، کەس دەست بەر دەستی نەهێنێ.

صیفەتی خۆشەویستی‌و بەزەیی‌و دڵ نەرمی بۆ خودا :

صیفەتی خۆشەویستی‌و بە بەزەیی‌و دڵ نەرمی بۆ خودای پەروەردگار لە قورئاندا زۆر باس کراون‌و زۆرو زەبەندەن. لەم جۆرە صیفەتانە صیفەتی (الرحمن)ە کە بە مانا بەخشندەیە بە نازو نیعمەتێکی زۆرو زەبەندە بۆ هەموو زیندەوەرو مرۆڤێك. صیفەتی (الرحیم) بە مانا ئاشتی بەخشەو خوڵقێنەری ئارامییە.

صیفەتی (الغفار) بە مانا خاوەنی لێخۆشبوونی زۆرە. صیفەتی (الرزاق) واتە رزق رۆزیی زیندەوەرانی لە ئەستۆ گرتووە. صیفەتی (اللطیف) واتە: هێدیەتی‌و هێمنی لە کارو کردەوەیدا کۆبونەتەوە.

صیفەتی (الشکور) واتە سوپاسی فەرمانبەردارانی دەکا. صیفەتی (الکریم) واتە: جوامێرێکی وایە هەرچەندێ خەڵاتی گەورە ببەخشێ بایستی نیەو هەرچی ببەخشێ لەبەر چاوی نیەو چاوی لە دووی نیە.

صیفەتی (المجیب) واتە: کەسێك داوای داواکاران جێ بەجێ دەکاو دڵ نیگەران نابێ لە داوا کردنی زۆرو لە پێداگرتن‌و پێ کێشی کردن.

صیفەتی (التواب) واتە: تەوبە قبووڵ دەکاو پێداویستی تۆبە دەخوڵقێنێ بۆ بەندەکانی.

صیفەتی (الودود) واتە: زۆر بەندەکانی خۆی خۆش دەوێ هەر کەسێك لێی نزیك ببێتەوە دەیخاتە ژێر باڵی رەحمەتی خۆیەوە.

تەنانەت بڕێ لەو ئایەتانەی قورئان کە وەصفی خودایان بە بەهێزو شکۆمەندی کردوە راستەوخۆ یان لە پێشەوە یان لەدواوە صیفەتی رەحمەت‌و نەرم‌و نیانیانی لەتەکدا هێناوە وەکوو ئەم ئایەتە کە دەفەرموێ:

{نَبِّئْ عِبَادِي أَنِّي أَنَا الْغَفُورُ الرَّحِيمُ، وَ أَنَّ عَذَابِي هُوَ الْعَذَابُ الأَلِيمَ} (٤٩ - ٥٠) سورة الحجر:

واتە: ئەی پێغەمبەرو فروستادەی خۆم بە بەندەکانم رابگەیەنە کە من زۆر لە هەڵەو تاوانیان خۆش دەبمو بە روحمو دڵ نەرمو بە بەزەییم بۆیان. لە هەمان کاتیشدا پێیان بڵێ کە سزاو تۆڵەم زۆر بە ئێشو کوشندەیە سوێ دەباتە ناو دڵی تاوانبارانەوە. ئەوەتا دەبینین پەروەردگار لەم ئایەتەداو لە ئایەتی تریشدا وەصفی خۆی بە بەزەییو رەحمو شەفەقەت کردوە { رَبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَاسِعَةٍ } (١٤٧) سورة الأنعام:

واتە: رەحمەتی پەروەردگارتان دەریایەکی بی پەیەو ئەوەندە بەروالاو فراوانە ئەم پەرەو پەرو سنووری بۆ نیە. یان دەفەرموێ: { كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ } (٥٤) سورة الأنعام:

واتە: ئەی فروستادە! بەو خەڵکە بڵێ: خودای ئێوە صیفەتی رەحمەتو بە بەزەیی لەسەر خۆی نوسیوەو لەگەڵ ئێوەدا رەفتاری دەکا تەنانەت موسوڵمانان هەر کاتێ بیانەوێ قورئان بخوێنن بە رستەی (بسم الله الرحمن الرحيم) بە ناوی خودای بەخشندەو میهرەبان دەست پێدەکەن، کەوابوو راوو بۆچوونی ئەوانەی کە دەڵێن لە قورئاندا خۆشەویستیو میهرەبانی کەم باسکراوە صیفەتی بەهێزو توانای زۆر هێنراوە بی بناغەو بی بنەمایە هەر لە خۆیەوە دەیوو چێتەوە!!.

خودا لە زوڵمو زۆر، گەلێ بە دوورە (انتفاء الظلم عن الله):

لە قورئاندا زۆر جار وەصفو سەنای خودا بەوە کراوە کە زوڵمو زۆردار نیەو ستەم لە کەس ناکا، بۆ نموونە لە سورەتی (الكهف/٤٩)دا دەفەرموێ: {وَلَـا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا}:

واتە: خودایێ کە خودای تۆ بێ، کە ئەوەندە هەقانیو دوور لە زوڵمو زۆر بێ، هەرگیزاو هەرگیز زۆرو ستەم لە کەس ناکا.

لە سورەتی (آل عمران/١٠٨)دا دەفەرموێ: {وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعَالَمِينَ}:

واتە: هەرگیز خودا نایەوێ زوڵم و زۆر بۆ بەندەکانیو مەخلووقاتی ئەنجام بدا.

لە سورەتی (النساء/٤٠)دا دەفەرموێ: {إِنَّ اللَّهَ لاَ يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ}:

واتە: بێگومان خودای گەورە بە ئەندازەی گەردیلەیەك زوڵم و زۆرداری لە هیچ کەس ناکا! جا ئەگەر سیفاتی خودا سیمای زوڵم و ستەمیان پێوە دیار نەبوو، یان بڵێین هەر تێیاندا نەبوو، ئیتر بە تەواوی پرو پووچی گومانی ئەوانەی کە دەڵێن: سیفەتەکانی خودا لایەنی (قارو زۆرو تواناو هێزو جەبەڕوتی) لە لایەنی (میهرەبانیو خۆشەویستیو دڵنەرمی زۆرترە) دەردەکەوێو ئاشکرا دەبیو بۆمان روون دەبێتەوە کە سەرجەمی سیفەتەکانی خودا کە لە قورئاندا باسکراون هەموویان سیفاتی کەماڵو شکۆمەندیو بەرزینو لایەنی میهرەبانیو بە بەزەییو عەطفیان زۆرترە.

گومانێکی رەت کراوە (شبهة مردودة):

یەکێك لەو گومانە سەیرانەی کە بێ دینو خوا نەناسەکان لە وڵاتی ئیسلامدا پڕو پاگەندەی بۆ دەکەن، ئەوەیە کە دەڵێن: (ئەگەر راست بێ خوا هەیە چۆن رێگا دەدا مرۆڤ هەڵبەزێتە ناو مەلەکوتو کیشومریەوەو هەوڵ بدا سەرمانگ داگیر بکا بە کەشتی ئاسمانی سەر ئەستێرەکانی تر بپشکنیٚ؟!) ئێمە بەوانە دەڵێین: ئێوە بە چ ئەقڵێك دەڵێن کە مەلەکووتی خودا بریتیە لە مانگو مریخو زوهرە؟! بەڵکوو مەلەکووتی خودا (بە گوێرەی قورئان) بریتییە لە هەموو کەونو بونەوەر! خودا دەفەرموێ: {اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ}:

واتە: خودای گەورە خودایەکی وایە چی لە ئاسمانو زەویدا هەیە هەموو موڵكو مەلەکووتی خۆیەتی! نەك هەر ئەوەندە بەڵکوو ئایەتی قورئانی وا هەیە راستەوخۆ بۆ چوونی ئەو نەفامانە رەت دەکاتەوەو بەڵگەو دەلیلیان پوچ دەکاتەوە! بۆ نموونە دەفەرموێ:

{أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ} (٢٠) سورة لقمان:

واتە: ئایا ئێوە نابینن کە خودای مەزن بۆ خۆش گوزەرانی ئێوە چی لە ئاسمان‌و زەویدا هەیە مەرەخەسی کردووەو دەتوانن سوودی لێ وەرگرن نازو نیعمەتی بە ئاشکراو نهێنی بە سەردا رشتوون، کەچی هێشتا مرۆڤی وا هەیە کێشەو دەمە دەمێ لە کاری خودادا دەکاو رەخنە لە نەخشەو ئیشەکانی دەگرێ، بەبێ ئەوەی زانستییەك، بەڵگەیەك، نووسراوێکی رۆشن کەرەوەی بە دەستەوە بێ!!! دەی ئەم ئایەتە دەقێکی ئاشکراو نمایانە بەوەی کە خودای گەورە چی لە بونەوەردا هەیە بە ئەستێرەو جیرم‌و مانگ‌و خۆریەوە بە وشکانی‌و زەوی‌و ئاوو هەواو دارو درەخت‌و روەکیەوە رام کراوە بۆ سوودی ئادەمیزاد، هەر کاتێك مرۆڤ توانی بەسەر سروشتدا زاڵ ببێ‌و پێویستی خۆی لێ وەدەست بخا مانای وایە بە گوێرەی ویستی خودای کردووەو فەرمانی ئەوی بەجێ هێناوە! تۆ سەیری کۆتایی ئایەتەکە بکەو بڕوانە چۆن بە کورت‌و پوختی بە رەوانی‌و بە ئاشکرا پڕو پاگەندەی ئەو باشقە پرۆفیسۆرانە رەت دەکاتەوە کە هەردەم خەریکن گومان بخەنە ناو دڵی عەوام‌و رەشە خەڵکەکە، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی زانستییان لا هەبێ‌و بتوانن بۆچوون‌و رایەکانیان بچەسپێنن بە راستی ئەم رستەو کۆتایی ئایەتە کە دەفەرموێ: {وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ}...هتدهەر دەڵێی ئەمڕۆ هاتۆتە خوارێ بۆ دەم کوتکردنی ئەو مولحیدو بێ دینانە!!؟

بەشی شەشەم:

بڕوا بە ڕۆژی ڕەستاخیز (الإیمان بالیوم الآخر)

بەڵگە لەسەر هەبوونی ڕۆژی ڕەستاخیز - ڕێبازی ماددیو کاریگەریی لە کۆمەڵدا - کێشە لەگەڵ مادییەکانو بەگژدا چوونەوەیان - حەقیقەتو چۆنیەتی گیان لە روانگەی قورئانەوە - زیندو بوونەوەی دوایی تەنگو چەڵمەی ڕۆژی قیامەت - حیسابو لێکۆڵینەوە - خۆشییە هەستییە (حسّی یە)کانی بەهەشت - خۆشییە گیانیەکانی بەهەشت - سزا لەسەر کردەوەی خراپ.

بەڵگە لەسەر هەبوونی ڕۆژی ڕەستاخیز:

ئێمە دوو جۆر بەڵگەمان هەیە بۆ چەسپاندنی ڕۆژی ڕەستاخیزو زیندو بوونەوە، جۆرێکیان نەقلیو گوفتار ئامێزە، جۆرێکیشیان لە رووی عەقڵو ئاوەزەوە ئەنجام دەدرێ! بەڵگە نەقلییەکان بریتین لەوە کە هەموو ئایینەکان (ئایینە ئاسمانییەکان) سوورن لەسەر ئەوە کە دوای مردن ژیانێکی تر هەیە مرۆڤ تێیدا سزاو پاداشی کردەوەکانی دونیای وەردەگرێتەوە!!

بەڵگەی ئەقلیش بریتییە لەوە کە هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە نێو ئادەمیزادا لە شارو لە لادێ لە هەموو کونو قوژبنێکدا لە دەروونی ئادەمیزادی خوێندەوارو زانادا، یان مرۆڤی نەزانو نەفامدا هەستێکی نیگا ئاسای خەفۆك هەیە، ئەوە دەخاتە دڵی مرۆڤەوە: کە لە دوای ژیانی دونیا ژیانێکی تر هەیە، ئەو دادپەروەرییەی کە لە جیهاندا بە ئاواتییەوەین لەوێدا دێتە کایەوە هەموو مرۆڤێك سزاو پاداشی خۆی بەچاك یا خراپ وەردەگرێتەوە:

هەستی شارەزا لە هاتو چوونا
کەروێشکە دەکا بەناو دەروونا
دڵێ گوم بووە لەناو بۆچوونا
تۆ بە تەنیا نیی لەناو گەردوونا

زانای بەناوبانگ نورمان فیست بیل دەڵێ: لە راستیدا هەستی دەروونی (عەریزی) بە هەبوونی ژیانێکی تری دوای مردن بە بەهێزترین بەڵگە دەژمێردرێ لەسەر ئەو ژیانە رەستاخیزییە، چونکە پەروەردگار هەرکاتێ ویستی ئادەمیزاد ئیقناع بکا بە شتێك تۆوی ئەو بڕوا هێنانە لە دەروونی دادەچێنێ، هەروەکوو چۆن ئارەزووی ژیانی هەتا هەتایی (با لەو دنیاش بێ) هەستێکی هەبووی بڵاوە بووە لەناو دەروونی ئادەمیزادا بە جۆرێك کە نابێ و ناگونجێ ئێمە بە شێوەیەکی گشتی بە هەوانتە سەیری بکەین! ئاشکراشە ئەوەی کە ئێمە خۆی بۆ دەکوتین و لە قوڵایی دەروونەوە هەستی پێ دەکەین ئەوە دەقی دەنگدانەوەی ئەو یاسا سەرەکییەیە کەوا لە وجوودی ئادەمیزاددا!!

بە بێگومان نموونەی ئەم راستییانە، ئەو هەستە دەرونیانەیە کە هەستیان پێ دەکەین و بڕوا بە هەبوونیان دەکەین، ئەو بڕوایەمان لە رێگەی بەڵگەی گوفتار ئامێزەوە سەری هەڵ نەداوە، بەڵکوو لە رێگەی بڕواو نیگاو هەستی دەروونیەوە پەیدا بووە، ئەوەش لە یاد نەکەین کە نیگا (ئیلهام) خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی زانستانە لە حەقیقەت و راستی!!

برجسون: دەڵێ: زانایان کاتێ دەگەنە ئاکامێکی زانستی وا کە پێویستی بە چەسپاندن هەبێ لە ناکاوێکا دەکەونە تروسکایی (وەمضە)ی نیگاو ئیلهامەوەو ئیتر دەگەنە حەقیقەت و راستییان بۆ دەردەکەوێ. شایانی باسە کە توێژینەوە زانستییەکان پاڵپشتی ئەوەمان بۆ دەکەن کە باوەڕمان بە هەبوونی نیگاو (إلهام)و عەقیدە بێ، لە کاتێکا کە راوو بۆچوونی مادییەکان لەناو عالەمدا بەرەو نەمان دەڕواو دەپوچێتەوە.

ئەو خودایەی ئادەمیزادی دروستکردوە بەو شێوە کە هەردەم ئامادەو لەسەر پێیە بۆ بەرەو پێش چوون و پێش کەوتن بەهۆی ئەو ئاوەزەی کە پێی بەخشراوەو هەرگیز لە سنوورێکی تایبەتی زانیندا ناوەستێ و دەیەوێ بونەوەر بپشکنێ و نهێنیەکانی دەربخا، دەڵێین: ئەو خودایە قەت ناگونجێ کە ئامانجی لە

دروستکردنی مـرۆڤ وەکـوو هـەمان ئامـانجی وابـێ کەلـە دروسـتکردنی ئاژەڵـدا هەیـەتی! بەڵـکوو حیکمـەتی خـودا لـە بـەدیهێنانی ئـادەمیزاد ئەوەیـە کـە دەبـێ ژیانێکی تری هەبێو تێیدا سزاو پاداشی خراپەو چاکەی خۆی وەربگرێتەوە!!؟!

خـۆ ئەگـەر ئـەو هـەموو هێـزو توانـا بـەدەنیو ئەقڵییـەی کـە داویـەتی بـە ئادەمیزاد هەروا بە خۆڕایی دابیەتێو هیچ لێ پرسینەوەی نەبێ دیارە کارێکی بـێ هودەیەو دوورە لە عەدالەتو دادپەروەری! ئەمەش لە کاری خـودا دوورەو لەگـەڵ حیکمەتو زانایی‌و دانایی زاتی حەقدا ناگونجێ!!

رێبازی ماددیو کارتێکردنی لە کۆمەڵ:

ماددییەکان دەڵێن: دوای ژیانی جیهان ژیانێکی تر نیە ئادەمیزاد کە مرد ئـیتر جـارێکی تـر زینـدو نابێتـەوە!! دەڵـێن: فکـرو هەسـتو شـعوور، سـۆزو عاتیفـە دیاردەیـەکی ئاکامی مـادەنو لـەوەوە سەرچاوە دەگـرن، هـەروەکوو چۆن جـەرگ سەفرا دەخاتەوە گورچیلە میز جیادەکاتەوە، فکـرو ویسـتو سـۆزو عاتیفـەش کـار گـوزاری مێـشکن، ئەنـدازەو چـۆنیەتی ئـەم دیاردانـە پەیوەنـدی بـە ئەنـدازەو چۆنیەتی مێشکەوە هەیـە، هـەموو شـتێکیش لـە ژیـان یـان ماددەیـە یـان دیـاردەی ماددەیـەو هـیچ شـتێك نیـە نـاوی گیـان بـێ، ئـەو وتەیـەی کـە دەگـوترێ: رۆح ئەبەدییـە ئـەوە قـسەیەکی خـەیاڵ ئـامێزەو حەقیقـەتێکی نیـە، ماددیـەکان لـە چـەرخی رابـوردوودا (چـەرخی نۆزدەهـەم) هـەوڵو کۆشـشێکی زۆریـان کـرد بـۆ بڵاوکردنەوەی رێبازو پرۆگرامەکانیان پشتیشیان بەوە ئەسـتوور بـوو کـە زانـستی سروشـتیو کیـشوەر ناسـیو زەمـین شوناسـی بـەرەو پـێش دەچـێ، بـە بۆچـوونی خۆشـیان روتکردنـی عـەقڵ لـە هـەموو پەیوەندییـەکی ئـەودیو سروشـت سـەر دەکێشێ بۆ مشتو ماڵ کردنی عەقڵو گەشە کردنی هێزو تواناى، ئـیتر کاریگـەری لەسـەر رەوشـتو مامەڵـەو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیـەکان بـەهێز دەبـێو مـرۆڤ دەگەیەنێتـە ئەوپـەڕی کـەماڵی زانـستو کـردار، ئەمـەش رەوڕەوەی کۆمەڵایـەتی

بەرەو پێش دەباو ئادەمیزاد دەگەیەنێتە ڕۆژگاری زێڕینی چاوەڕوان کراوی. بەبێ ئەوەی کە کەندەلان و کۆسپی بڕوا بەودیو سروشت ببنە پەردەو مرۆڤ لە حەقائیقی بونەوەر دوور بخەنەوە.

بەڕاستی مادديەکان کۆششی کەم وێنەيان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێبازو پرۆگرامەکانیان، بۆ پاڵپشتی ڕێبازەکەيان زۆر موحازەريان دان و وتارو لێکۆڵینەوەو دەمە دەمێيان ئەنجامدا چەندەها کتێب و پەڕاوی سەر بە ڕێبازو بۆچوونەکانی خۆيان بە ژمارەيەکی زۆر لە چاپ داو بە نرخێکی هەرزان لەناو کۆمەڵاندا بڵاويان کردەوەو چیيان لە دەست هات لە پڕو پاگەندەو ديعايە بۆ مەزهەبەکەيان کرديان بە مەبەستی ئەوە بیرو باوەڕی دیندارەکان دەربارەی ئەوديوی سروشت (وراء الطبيعة) بکوژێننەوە! لە ڕاستیدا توانیان تا ئەندازەيەك ويستەمەنی خۆيان لەو بارەيەوە ئەنجام بدەن، ئەوەبوو لە بەروبوومی ئەو هەوڵ و تەقەللايەی مادییەکان ئاداب و ڕەوشتی کۆمەلان بە تێکڕا چەواشە بوو، پەيوەندييە گشتیەکانی ئادەمیزادان لەناو خۆياندا لە گریژەنە چوون، ئاداريان بەسەر پادارەوە نەما، هیچ ڕەوشتێکی باشی ئینسانی کاری پێ نەدەکرا! چونکە وەکوو دکتۆر (ليون ووتی) دەڵێ: ڕێبازی ماددی و ماددە پەرستی هەر کاتێ تیۆرەکانی چوونە ناو دەرونی مرۆڤەوەو جێگیر بوون و باويشکياندا، وا لە مرۆڤ دەکەن کە نەفس و ئارەزووی خۆی بەرەڵلا بکا، چونکە پێی وا دەبێ ژيان هەر ژيانی دونيايەو ژيانێکی تر لەو دنيا نيە. ئائەم نەخۆشییە کۆمەڵايەتيە سامناکە کە پێکهاتووە لە هەستريا و بێ ئاگایی و بێ ویژدانی کۆمەڵی ئادەمیزاد بەرەو نەمان و پەرت و بڵاوی دەباو لە ئاکاما هیچ چاری نەخۆشیەکانی ناکرێ. ئاشکراشە مرۆڤ هەرکاتێ کەوتە ناو زەلکاوی مادییەتەوەو بڕوای بە ژيانی ئەودنيا نەبوو، هەست دەکا بە لێڵايی ژيانی دونيايی و هەردەم هەوڵی ئەوە دەدا ژيانێکی باشتر بە دەست بێنێ، پەلە قاژيەتی بۆ گەیشتن بە ژيانێکی خۆشترو باشتر، بەڵام يارمەتيدەری پێويستی دەست ناکەوێ تا لەو زەلکاوە ڕزگاری بکا..

بەراستی ئەو عەقڵییەتە ماددییەتەی کە ئەمڕۆ هێرشمان بۆ دێنێ، ژەهرێکی کوشندەیە مرۆڤایەتیمان لە بێخ هەڵ دەکەنێ! خۆ ئەگەر ئەو ژەهرە زیاتر بڵاوبێتەوە، هەرچی ڕەوشتی جوانو بەرزو پاکو خاوێن هەیە لە دەروونمانا هەمووی رادەماڵێو لەناوی دەبا. خۆ قانونو یاسایەکیش کە دانراوی مرۆڤ خۆی بێ دەسە وەسان دەبێ لە عاستی ئارەزووە سەر کەشەکانی ئینسان، مادام رەوشتو ئەخلاق دەست رۆییشتویی خۆیان لەسەر دڵو دەروون لە دەست دابێ ئەوە ئێمەی ئادەمیزاد لە نێو قوڕەلیتەو زەلکاوی ماددییەتدا نوغرۆ دەبین! خۆ ئەگەر ئێمە هەوڵو تەقەلالایەك نەدەین بۆ ژیانەوەی مرۆڤایەتیو گەڕانەوەی تەواومان بۆ کۆشی هەبوونی راستەکی خۆمان ئەوە بەبێ گومان بە خێرایی بەرەو فەوتان بە رەشەبای فەنا شەقاو هەڵ دەنێین چونکە شەڕو خراپە لە ئاکاما سەر دەکێشێ بۆ سزاو تۆڵەی سەختی خودا!

ئەدیبو نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی (فیکتور هیجۆ) کە باسی کاریگەری رێبازی ماددی لە دەروونی مرۆڤدا دەکا دەڵێ: لە رۆژگاری ئێمەدا بەلاو ئافاتێکی سامناك پەیدابووە ئەویش بریتییە لەوە کە کۆمەڵ هەموو ئیعتبارێکی کورت هەڵیناوە لەم ژیانە کورتەی جیهاندا، شتێکی راستو بەڵگە نەویستە مرۆڤ هەرکاتێ قەناعەتی وابوو کە ئەم ژیانە کورتەی سەر زەوی هەموو ئامانجو ئاکامی بونەوەرەو ژیانێکی تر لە گۆڕێ نیە، ئیتر ئەوکاتە ناڕەحەتی وەدەست هێنانی گوزەرانو ژیانی لێ دوو چەندانە دەبێتەوە، ئەرکی ئەوەی لەسەر شان گەڵێ قورستر دەبێو فیکرەیەکی بەرچاو تەنگی رەشبینی پڕ لە تارمایی نەمانو نەبوونی تاریك سەرو دڵی دەگرێو پردی صەبرو ئارامی دەڕوخێو بەرگەی زەبری ئەوە ناگرێو ئێشو ئازارو ماندوبوونێك کە بە ڕواڵەت پلیکانەیە بۆ گەیشتن بە کەماڵو ژیانی خۆشبەختی لێی هەڵدەگەڕێتەوەو دەبێ بە یاسایەکی دژوارو پەردەیەکی رەش دەخاتە بەر ئاسۆی روناکیو کوێرانە بەرەو ئاگری دۆزەخ دەی رەتێنێ! هەر بەو جۆرە هەموو لایەنی کۆمەڵایەتیو کاروباری لێ بە

پێچەوانە دەگێڕێ! دونیای روناکی لێ دەکاتە تاریکستان! چونکە لایەنی رۆحی پاش گوێ خستووەو بە تەواوی تێکەڵاوی جیهانی ماددە بووە.

خۆ ئاشکراو نمایانە ئەوەی جیهاد لەسەر شانی مرۆڤ سووك دەکاو خۆ بەخت کردنی لە دڵدا شیرین دەکاو کارکردنو هەوڵ دان بە شەرەفو ڕێز دادەنێو هەوڵ دەدا ئینسان بە ورە بێو هێزی دەروونی گەشە بکاو لێبووردو بێو هۆشمەندو بە صەبرو ئارام بێو ئازاو نەترسو نەبەرد بێ، لە هەمان کاتدا خۆبەکەم بزانێو جڵەوی نەفسی سەر کەشی بگرێو خۆی بە شایستەی ئازادی بزانێ، ئەوەی کە ئەمانە گشت دەکا ئەوە ئەو روناکییەیە کە لە ژیانی هەتا هەتایی ئەو دونیاوە دێت بەناو تاریکی ژیانی دونیادا سەرچاوە هەڵ دەبەستێو مرۆڤ بە دوور بینی رۆحی پڕتەو پەخشی بەرزە فڕی بەدی دەکاو بە هۆی ئەو روناکییەوە ژیانی ئەو دونیای دەبینێ. کەوابوو ئەرکی پیرۆزی سەر شانی هەموومانە سەر بەرز بکەینەوە بۆ لای ئاسمانو سەرنج بدەین لە ژیانێکی تری پڕ کامەرانی کە لەو دونیا بەدی دەکرێو بەدی دێو هەموو لایەنێکی دادپەروەری تێدا ئەنجام دەدرێو هەرکەسە بە گوێرەی کردەوەی خۆی حیسابی لەگەڵ دەکرێو سزاو پاداشی خۆی وەردەگرێتەوە!

بەر پەرچدانەوەی مادییەکان (مناقشة الماديين):

ئەو قسەیەی کە مادییەکان دەڵێن: گوایە بونەوەر بریتییە لە مادەی رووتو بەس قسەیەکی بێ جێو ڕێیە عەقڵ وەری ناگرێت، چۆن فیکرو ئەندێشەو ویستو ئیرادەو سۆزو عاتیفە بە ئاکامی مادەی رەقو تەقی کەرۆ کوێر دادەنرێن! چۆن ئەو فیکرەی کە مرۆڤ بە هۆی ئەوەوە هەست بە کەسایەتی خۆی دەکا ئاکامی ماددەیەکە کە ئەو خۆی هەست بە کەسایەتی خۆی ناکا؟! چۆن ماددە دەبێتە هۆ (علة)ی پەیدابوونی فیکرو ئەندێشەو عەقڵ کە ئەمانە خۆیان ماددە

نین؟! دەی کەوابوو دەبێ لێرەدا شتێك لە ئەودیوی مادده (ماوراء المادة)وە هەبێ ئەویش گیانو (روح)ە.

زانای بەناوبانگ (کریسی موریسون) لە بارەی چەسپاندنی ئەم راستییەدا دەڵێ: هیچ گەردیلەیەك یان پارچەیەك هەرگیز فکری نەبووە هیچ کاتێکیش یەك کەوتنی توخمەکان (العناصر)ی ماددەی رووت نەبۆتە بەدیهێنەر بۆ رایەکی تر، هیچ یاسایەکی سروشتی نەی توانیوە (کاتدرائیە) یان کۆشكو تەلارێکی وەك کاتدرائییەکان بەو نەخشاوییە دروست بکا! بەڵام چەند زیندەوەرێکی دیاری، کە بە پێی چەند هاندەرێکی دیاری، دروستکراون بۆ زیندەگانی، کە ئەم زیندەوەرانە شتێکیان لەخۆ گرتووە، کە پاژو پارچەکانی ماددەش بە سەرەی خۆیان لە فەرمانی ئەو شتە سەیرو عەنتیکەیە سەرپێچی ناکەنو بە گوێی دەکەن، دەی باشە ئەو زیندەوەرە چییە؟! ئایا بریتییە لە گەردیلەو پارچەو پاژی زۆر؟ بەڵێ، بەڵام لە شتی تریش، دەی ئەو شتەی تر چییە؟ شتێکی بێ قەوارەیە، بە دەستو هەست ناگیرێ، لە مادده گەڵێ باڵا ترە، بە رادەیەکی وا زاڵو باڵا دەستە بەسەر هەموو شتێکی تردا، زۆر جیایە لە هەموو شتێ کە مادده داربێ، لەوانەی کە ئەم جیهانەیان لێ دروستکراوە، بۆیە بە هەستەکانی ئێمە هەستی پێ ناکرێ، نە دەبینرێ، نە دەکێشرێ نە دەپێورێ، تەنانەت (بە پێی زانینی ئێمە) یاساو قانوونی وا نیە کە لە ژێر رکێفی ئەواندا بێ... جا ئەم جیهانە سەیرە، بە زۆری بەری بە یەك گەیشتنی ئەم دوو شتەیە بەڵێ بێگومان گیانی مرۆڤ خاوەنی چارەنووسیەتی، گیانی ئینسان گەورەو رابەریەتی! ئەگەر روح نەبێ مرۆڤ ماددەیەکی کەرو کوێرە هەر بەهۆی رۆحەوەیە کە مرۆڤ هەست دەکا بەوە کە پەیوەندی بە خوداوە هەیە، هەر رۆحە کە بۆ ئادەمیزاد یاسایەکی ئەخلاقی داناوە، کە بۆ هیچ ئاژەڵێکی تری رەچاو نەکردوەو پێویستیشی پێی نیە، جا ئەگەر یەکێك هات گوتی: روحیش کە ئەم گیانەی بۆ خۆی پێك هێناوە، ئەویش هەر برێكو پاشخوانی ماددەیەو پاشەڕۆکی ئەوە، قسەی نابەجێ دەکاو بۆ خۆی

دەڵێ: دیارە بۆیەش وا دەڵێ: چونکە ناتوانێ لە جەوهەری روح تێبگا، لەبەرئەوە گیان لە بۆتە نادرێو بە لوولەی تاقیکردنەوە پەی پێ نابرێ!!؟ بەڵێ دەبێ بڵێین راوو بۆچوونی ئەو کابرایە هەڵەیەو بێ بەڵگەیە، بەڵکوو رۆح شتێکی هەبووە دیاردەکانی لە کردەوەکانیا، لە خۆبەخت کردنیا دەردەکەوێ هەروەها بە دەست رۆیشتنی بەسەر ماددەدا بە تایبەتی بەوە کە دەسەڵاتی هەیە مرۆڤ بەو هەموو زەبوونیو هەڵەیەوە لایەنی ماددی ئەو وا بەرز بکاتەوە کە بگونجێ لەگەڵ ویستی خودادا؟! ئەمە بە کورتی پوختەی مەبەستی خودایە لە دروستکردنی گیاندا، لەم پوختەدا هۆی ئەو حەزە شێردراوەی کە لە دەروونی مرۆڤدا هەیەو ئارەزوی گەیشتنی بە لە خۆی بەرزتری هەیە، هەروەها پەردەی هەڵماڵی لە رووی ئەو هاندەرەی کەوا لە ناخی دەرونی مرۆڤداو هانی دەدا لەسەر دینداری کە ئاینیش دەق هەمان شتە!

بێگومان زانستی تازە ئەوەی چەسپاند کە مادە نافەوتێ هەرچی گەدیلەی ئەم بونەوەرە هەیە نافەوتێ بەڵکوو دەگۆڕێ مۆم دەسووتێ بەلام کیمیا گەر دەتوانێ کە بیچەسپێنێ کە توخمەکانی نەفەوتان بەڵکوو لێك جیابونەوەو پەرتو بڵاو بوونەوەو لە هەوادان بەلام لە شێوەو شێوازێکی تردا، شێوەی گۆڕاوە بەلام جەوهەرەکەی هەر ماوە!! ئەمە پوختەی سەلمێندراوی زانستی تازەیەو دوا ئاکامی عیلمییە، بەم پێیە مردنی لاشەی زیندوو بریتییە لە گۆڕانکارییەکی تایبەتی بۆ لاشەکە نەك فەوتانی بەڵکوو لاشەکە لە کەوندا دەمێنێتەوە بەلام بە شێوەیەکی ترو لە بەرگێکی دیکەدا!!

جا ئەگەر عالەم بریتی بێ لە (رۆح)و زانیشمان کە مادە نافەوتێ دەبێ چۆن بیسەلمێنین کە رۆح دەفەوتێ بە تایبەتی کە رۆح لە ماددە گونجاوترە بۆ مانەوەو نەفەوتان، تەکوینو سیفاتی ئەم زۆر لە بارترن بۆمانەوەو بەردەوامی! بێگومان رۆح بە ماددە دەگا ژیانی تێدا دروست دەکا، رۆح دەچێتە ناو مادەوە عەقڵو هۆشی تێدا پەیدا دەکا، هەرکاتێ رۆح لاشە بەجێ بهێڵێ لاشەکە دەبێتە

ماددەیەکی کەڕو کوێر، بەڵێ نیگای ئینسان و ئیلهامی بە هەبوونی ژیانێکی تر لەو دونیا بەوەهەم و خەیاڵ ناژمێردرێ، بەڵکوو سروشێکی راستگۆی هەڵقوڵاوە لە سروشتی خۆیەوەیە، هەستێکی زیندوی خۆیەتی و رۆچووە بەناو غەریزەیدا!!؟

حەقیقەت و چۆنیەتی رۆح لە روانگەی قورئانەوە (حقيقة الروح في القرآن):

لەوکاتەوە مرۆڤ بیری لە حەقیقەتی شتەکان (الأشياء) و چۆنیەتییان کردۆتەوە، مەسەلەی رۆح و چۆنیەتی بە چێواشە ترین مەسەلەی زانست و فەلسەفە دانراوە، هەر کەسێك باسی لێوە کردوە تێیدا سەر گەردان بووە، بۆیە یەکێك لە موعجیزەکانی قورئان ئەوەیە کە مەسەلەی رۆحی لە شوێنی خۆیدا لە نێو زانست و فەلسەفەدا داناوە.

قورئان دەفەرموێ: {وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّن الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلاً} (٨٥) سورة الإسراء:

واتە: پرسیارت لێ دەکەن رۆح چیەو چۆنەو لەچی پێك هاتووە؟ لە وەڵامدا بڵێ: رۆح سرێکە لە سرەکانی خودا، بە فەرمانی خودا خۆی دروست دەبێ، سرەکانی خودا زۆر زۆرن زانستی ئێوەیش زۆر کەمە، ناتوانن ئەو مەسەلەیە هەزم بکەن!! ئەم رستەی ئایەتە کە دەفەرموێ: { وَمَا أُوتِيتُم مِّن الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلاً}، وتەکەی زانای بەناوبانگ (شارل ریشیە) ئەندامی کۆڕی زانیاری و مامۆستای فیزیۆلۆجی لە دانیشگای نوزداری فەرەنسا، ئەوەمان وەبیر دەهێنێتەوە کە لە پێشەکی کتێبی (الظواهر النفسية) دا نووسیبوی دەڵێ: بۆچی بە دەنگێکی بەرز هاوار نەکەین و نەڵێین ئەو زانینەی کە ئێمە خۆی پێوە بادەدەین و خۆمانی پێ هەڵدەنێینەوە، لە راستیدا لە دەرك کردن و زانینی رووکەشی شتەکان دەرناچی، چونکە حەقیقەتی شتەکان و زانینی ناوەڕۆکیان نایەتە ژێر رکێفی ئێمەوەو لە ئێمە عاسییەو بەیدەستی هەستی ئێمەی ئادەمیزاد نابن، چۆنیەتی و حەقیقەتی ئەو یاساو نیظامەی کە مادەی زیندو یا مردوی پێ دەگۆڕدرێ

لەحاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر لەوە بەرزترە کە ژیری و فامی ئێمە بیقۆزێتەوە پەی پێبەرێ... تا دەڵێ: کەوابوو باشتر وایە بۆ زانای راستو تەواو کە موتەوازیعو خۆ بەکەم زان بێو لە هەمان کاتیشا ئازاو لێهاتووبێ، خۆ بەکەم بزانێ چونکە زانستی ئێمە زۆر کەمو بێ بایەخە، ئازاو لێهاتووبی چونکە ئاسۆی بونەوەر لە بەردەمیا کراوەیە!!

زیندوو بونەوەی رۆژی قیامەت (البعث):

حیکمەتو ویستی خودای گەورەو میهرەبان وای داناوە کە لە دوای ئەم ژیانی جیهانە ژیانێکی تر هەبێ، ئادەمیزاد تێیدا پاداشی کردەوەی خۆی وەربگرێتەوە، چاکە بە چاکەو خراپە بە خراپە. قورئانی پیرۆز لە لایەن خۆیەوە دەیەوێ بە ئادەمیزادی بسەلمێنێ: کە ئەو ژیانەوە راستەو حەقە بۆئەوەی مرۆڤ چی بکاو چی نەکا لە جیهاندا مەبەستی پاداشی ئەو دنیابێ، بێگومان قورئانی پیرۆز زۆر گرینگی داوە بە کارو باری ژینەوەو هاتنی رۆژی رەستاخیز، تەنانەت کەم وا هەیە سورەتێکی قورئان هەبێو باسی زیندوبوونەوەی ئەو دونیای تێدا نەبێ! زۆر جار دەبینین سورەتێك سەراپا باسی قەبرو قیامەتو چۆنیەتی زیندوبوونەوەو حەقو حیسابو سزاو پاداشو پەند هێنانەوەو ترساندنو تەماع بەرنانو خۆشیو ناخۆشی ئەو رۆژە دەکا. دەی باشە بۆچی قورئان ئەوەندە گرنگی داوە بە پتەوکردنی بڕوا بە رۆژی قیامەتو چەسپاندنی لە دڵی مرۆڤدا؟!

لە وەڵامدا دەڵێین: چونکە بڕوا بەهەبوونی رۆژی قیامەت بناغەیەکی پتەوی سەرەکییە بۆ کار دروستی بونەوەرو کەونو کائینات، خۆ ئەگەر مرۆڤ هەموویان ئەم بڕوایە لە دڵیاندا بچەسپێو ئیمان بە رووداوەکانی رۆژی قیامەت بێننو گومانیان لێی نەبێ، هەموو کارو بارێکیان راستو دروست دەردەچێ، خێرو چاکەیان لەناودا زۆرو زەبەندە دەبێ، شەڕو ئاژاوەیان لە ناودا کەم دەبێتەوە! بەڵام بە داخەوە ئادەمیزاد لە هەموو سەردەمو چاخێکا ژیانی دونیای فانی بەری چاوی گرتوونو بە جوانیو ئارایشی خۆی کێشی کردوونو خستونیە باوەشی

خۆیەوەو ئەو دونیای لە بیر بردونەوە، تەنانەت زۆر لە گرۆهانی ئادەمیزاد شكو گومان پەردەی بەسەر دڵیاندا هێناوە، زینەوەو رۆژی قیامەتیان لەلا بوومتە ئەفسانە، لە گوێی گادا نوستوونو هەرگیز بڕوا ناكەن كە دوای مردن جارێكی تر زیندوو دەكرێنەوەو حیسابو كیتابیان لەگەڵ دەكرێ! بڕوا نەكردنیان بە زیندوبوونەوەیان، گومان پەیدا بوونیان تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە:-

یەكەم: بە ڕواڵەت زیندوبونەوەی رۆژی رەستاخیز شتێك نیە خەڵكی پێویستی پێی بێ! یان مەسڵەحەتێكی مادی دونیای لە دواوە هەبێ.

دووەم: دووری هاتنیو سامناكیو گەورەیی كارەكە وای كردوە لە عاستی دا چاوی خۆیان بنووقێننو پاش گوێی بخەن، چونكە زیندوەكان بە چاوی خۆیان دەبینن كە لاشەی مردووان پەرتو پڵاو دەبێتەوەو بۆگەن دەكاو دەڕزێو دەفەوتێ! ئیتر عەقڵیان نای بڕێ جارێكی تر هەروا بە ئاسانی ئەم لاشە یەك بگرێتەوە بێتەوە بە جیسمێكی زیندوی خاوەن ئیرادەو هەستو هۆش.

سێیەم: ناگونجێ لەگەڵ ئەو یاساو دەستورانەی سروشت كەوان بە بەرچاوەوە، گوایە چینی زیندوو بە چاوی خۆی نەیدیوە كە مردوویێ لەناو گۆڕەكەیەوە كفن بگرێ بە كۆڵیەوەو بێتە دەرێو ژیانی بۆ دووبارە بوبێتەوە؟! بۆیە قورئانی پیرۆز بەر پەرچی ئەوانەی داوەتەوە كە بڕوایان نیە بە زیندوبونەوە، هەرجارە بە شێوەیەك بۆ چوونەكانی ئەوانی رەت كردۆتەوە. بۆ نموونە قسەی ئەوانەی كە گوتوویانە زیندوبوونەوەهیچ پێویست ناكاو بونەكەی هیچ حیكمەتێكی تێدا نیە بەوە رەت كردۆتەوە كە دەفەرموێ:

{ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ أَسَاؤُوا بِمَا عَمِلُوا وَيَجْزِيَ الَّذِينَ أَحْسَنُوا بِالْحُسْنَى- سورة النجم/٣١}:

واتە: بۆیە زیندوبونەوەی رۆژی قیامەت دانراوە تا سەرپێچی كەران سزای كردەوەی خراپی خۆیان وەربگرن هەروەها فەرمان بەردارانیش پاداشی كردەوەی چاكی خۆیان بە چاكە بدرێتەوە! یان دەفەرموێ:

{أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ- سورة المؤمنون/١١٥}:

واتە: ئایا پێتان وایە ئێمە ئێوەمان هەروا بەبێ هوودە دروست کردووەو ئیتر بۆ لای ئێمە ناگەڕێنەوەو ڕۆژی قیامەت حیسابو کیتابتان لەگەڵ ناکرێ!!

بۆ ڕەت کردنەوەی قسەی ئەوانەش کە لایان وایە زینەوە کارێکی ئەستەمەو ناگونجێ ئەم هەموو خەڵکە دوای مردنو رزینو بونەوە بە گڵ، جارێکی تر زیندو ببنەوە دەفەرموێ:

{وَهُوَ الَّذِي يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ- سورة الروم/٢٧}:

واتە: خودایەکی ئەو تۆیە ئادەمیزادی لە نەبوونەوە بەدی هێناوە دوای مردنیش ڕۆژی ڕەستاخیز جارێکی تر زیندوویان دەکاتەوە، ئەم زیندوو کردنەوەشی بەلاوە ئاسانترە لە دروستکردنی سەرەتا، هەرچەندە بە نیسبەت خوداوە شتێك نیە سوك بێو شتێك گران بێ هەمووی لەلا یەکسانە!!

دووبارە دەفەرموێ: {وَضَرَبَ لَنَا مَثَلًا وَنَسِيَ خَلْقَهُ قَالَ مَنْ يُحْيِي الْعِظَامَ وَهِيَ رَمِيمٌ، قُلْ يُحْيِيهَا الَّذِي أَنشَأَهَا أَوَّلَ مَرَّةٍ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ، الَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ الشَّجَرِ الْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَا أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ، أَوَلَيْسَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِقَادِرٍ عَلَى أَنْ يَخْلُقَ مِثْلَهُم بَلَى وَهُوَ الْخَلَّاقُ الْعَلِيمُ- سورة يس/٨١}:

واتە: مرۆڤ گوێ بەوە نادا کە ئێمە لە دڵۆپە ئاوێك دروستمان کردوە، گەردن کەچ نابێو لەجیاتی ئەوە فەرمانبەردار بێو گوێ ڕادێربێ! دێ چیرۆكو پەندمان بۆ لێ دەدا، سەرەتاو قۆناغەکانی دروستبوونی خۆی لە یاد چۆتەوەو ئینکاری زیندوبوونەوە دەکاو دەڵێ: کێ دەتوانێ ئێسقانی رزیو جارێکی تر بژێنێتەوەو زیندویان بکاتەوە!؟ ئەی پێغەمبەر بڵێ، ئەو کەسەی یەکەم جار لە نەبوونەوە دروستی کردوون هەر ئەویش زیندوویان دەکاتەوە، ئەو خودایەی کە یەکەم جار دروستی کردوون ئاگاداری هەموو دروستکراوێکە، هیچی لێ عاسی نابێ، کەسی لێ هون نابێ، خودایەکی وایە لە داری تەڕو بڕو سەوز ئاگری حەشارداوە، ئێوە لەو

داره تەڕە سەوزە ئاوداره ئاگری سوتێنەر دەردێنن، شایانی باسە دارێك هەیە پێی دەڵێن (مەرخ) دارێکی تریش هەیە پێی دەڵێن: (غەفار) ئەگەر چیلکەیەك لەم دارو چیلکەیەك لەوداره لێ بکەیەوە لە یەکیان بدەی ئاگریان لێ دەبێتەوە!!

ئایا ئەو خودایەی ئاسمانو زەوی بەو هەموو عەظەمەتەوە دروست کردوە، ناتوانێ جارێکی تر ئێوە دروست بکاتەوە؟ بەڵێ بێگومان بە توانایە بۆ دروستکردنەوەی ئادەمیزاد سەر لەنوێ بەلایەوە زۆر ئاسانە چونکە ئەو بە دروستکردن ماندوو نابێ، چی بوێ‌و چەندی بوێ دروستی دەکا زۆر زانایە بە هەموو شتێك. لە وەڵامی ئەوانەی کە بەلایانەوە زیندو بوونەوە شتێکی دژ بە یاسای ئولفەت پێو گیراوە دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّى وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَى أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئًا وَتَرَى الْأَرْضَ هَامِدَةً فَإِذَا أَنزَلْنَا عَلَيْهَا الْمَاءَ اهْتَزَّتْ وَرَبَتْ وَأَنبَتَتْ مِن كُلِّ زَوْجٍ بَهِيجٍ ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّهُ يُحْيِي الْمَوْتَى وَأَنَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَأَنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ مَن فِي الْقُبُورِ- سورة الحج/ ٥-٧}:

واتە: ئەی کۆمەڵی ئادەمیزاد ئەگەر ئێوە لە شكو گوماندان لە زیندوبونەوەو ژینەوەی رۆژی رەستاخیز، ئەوە پێویستە ئەو گومانەتان نەمێنێ چونکو ئێمە ئادەمی باوکی ئێوەمان لە سەرەتاوە لە گڵ دروست کردوە، دوایی ئێوەمان لە دڵۆپە ئاوێك (تۆماو - سپێرم)ێك بەدی هێناوە ئەمجار ئەو دڵۆپە ئاوەمان کردوە بە گیاندارێك لە شێوەی (زاڵو)دا ئەمجار ئەو زاڵۆیەمان کردوە بە پارچە گۆشتێکی وا کە لە پاروەوە گۆشتی جوواو دەچێ. جاری وا هەیە پارچە گۆشتەکە شێوەکەی رێكو پێکە، کاتی واش هەیە ناڕێكو پێکە؟! ئەوە بۆ خاتری توانای خۆمانتان بۆ ئاشکرا بکەین، ئیتر ئەم کۆرپەلە لە منداڵانی ئافرەتدا جێگیر

دەکەین تا کاتی لەدایك بوونی، ئەمجار لە سکی دایکانتاندا دەرتان دەهێنین وەکوو منداڵ دەتانخەینە سەر زەوی، ئەوجا گەشەو نوماتان پێ دەکەین تا دەگەنە حاڵەتی کەماڵو هێزو قووەت، هی واتان هەیە پێش ئەوەی بگاتە تافی هێزو بازوی خۆی دەی مرێنین، هی واشتان هەیە دەی هێڵینەوەو تەمەنی درێژ دەبێ تا دەگاتە عومری پیری‌و پۆڵتك دەبێ‌و دەخەرەفی‌و چاك‌و خراپ لێك ناکاتەوە، ئەو کارو بارەی لەوە پێش فێری بووە هەمووی لە بیر دەچێتەوە هەر دەڵێی هیچی نەزانیوەو هیچ فێر نەبووە.

بەڵگەیەکی تر لەسەر زیندو بوونەوەی ڕۆژی ڕەستاخیز ئەوەیە کە ئێوە زەوی دەبینن وشکو برینگە هەر دەڵێی ئاگری کوژاوەیە، جاکاتێ بارانی بەسەردا دەبارێنین، لەخۆ دەکەوێ‌و جمو جوڵ پەیدا دەکا بەهۆی ئاوو دانەوێڵەو ڕەگ‌و ریشاڵی ڕووەکەکانەوە زەوییەکە فشەڵ دەبێت‌و لە هەموو جۆرێك ڕووەك دەروێنێ‌و بە گوڵو گوڵزار خۆی ئارایشت دەدا، ئەمانە هەمووی هۆی ئەوەیە کە پەروەردگار خودایەکی حەق‌و ڕاستەو دەتوانێ مردوو زیندوو بکاتەوە، هەر وەکوو چۆن دەسەڵات‌و توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، ڕۆژی ڕەستاخیزیش هەردێ‌و شك‌و گومان لە هاتنەکەیدا نیە، لەو ڕۆژەدا خودای مەزن‌و بە دەسەڵات چی مردوو هەیە لە گۆڕەکانیان دەریان دێنێ‌و زیندوویان دەکاتەوە!!

خوێنەری ئازیز لە مانای ئەم ئایەتانەی ڕابورد ئێمە دوو بەڵگەی بەهێزمان لەسەر هاتنی ڕۆژی قیامەت بەرچاو کەوت:

یەکەمیان: دروستکردنی ئادەمیزادو قۆناغەکانی پەروەردە بوونی‌و ئەو گۆڕانکارییەی تێیدا ڕوو دەدا لە دڵۆپە ئاوێکەوە بۆ خوێنپارە ئەمجار گۆشتپارە هەروا تا کاتی لە دایکبوونی‌و پەروەردە بوونی‌و بوونی بە پیاوو لە ئاکاما مردنی.

بەڵگەی دووەمیان: زەوی مردووی وشك‌و برینگە کە بەهۆی باران‌و بارانبارینەوە دەژێتەوەو ڕووەك دەروێنێ.

خودای مەزن دەفەرموێ: {وَنَزَّلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً مُّبَارَكًا فَأَنبَتْنَا بِهِ جَنَّاتٍ وَحَبَّ الْحَصِيدِ{وَالنَّخْلَ بَاسِقَاتٍ لَّهَا طَلْعٌ نَّضِيدٌ رِزْقًا لِّلْعِبَادِ وَأَحْيَيْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا كَذَلِكَ الْخُرُوجُ – سورة ق/ ٩-١٠}:

واتە: ئێمە لە ئاسمانەوە؟ لە ژورتانەوە بارانمان باراندووە بارانێکی بە فەڕو بەرەکەت بەهۆی ئەوەوە چەند باخو باخاتمان رواندووە، چەند دانەوێڵەمان شین کردوەو بووەتە رووەك، دارخورمای بەرزو بڵندیش نۆبەرەی میوەی بەدەر دەکەوێو هێشووی سواری هێشووی دەبێ! ئەمە هەموو بۆئەوەی ببنە بژێوو خۆراکی بەندەکانی خۆم، هەر بەو بارانە چەند کیشوەرو وڵاتی وشكو برینگو مردوو زیندوو دەکەینەوە سەر لەنوێ دانەوێڵەو رووەکی دەڕێنینەوە، هیچ گومانتان نەبێ زیندوو بوونەوەتانو هاتنە دەرتان لەناو گۆڕ، هەروا بەو جۆرە دەبێو لای خودا ئاسانە!!؟ بە کورتی پەروەردگار بەم ئایەتانە بەڵگەی هێنایەوە لەسەر دروستی زیندوو بوونەوەو ژینەوەی ئەو دونیا، لەم رووەوە کە رووەكو دارو درەخت دەڕوێنو گەشە دەکەن، کاتێك باران دەبارێو زەوی تەڕ دەبێ ئیتر ئەم رووەكو دارو درەختە خۆراکی خۆیان لە زەوی وەردەگرنو نەشو نوما دەکەن. هەر بەو جۆرەش زیندەوەران ئادەمیزادان دوای ئەوەی هێزی نەشو نمایان پێ درایەوە لە گۆڕ دێنە دەرێو زیندو دەبنەوە.

تەنگو چەڵەمەو بەڵا سامناکەکانی رۆژی قیامەت:

قورئانی پیرۆز زۆر گرینگی داوە بە لایەنی وێنە کێشانی تەنگو چەڵەمەی رۆژی قیامەت، ئەو تەنگو چەڵەمەو بەڵا سامناکانەی کە هەموو سروشت دادەگرێو هەموو ئادەمیزادێك دەتۆقێنێو لە ناخەوە دەروونی دەبزوێنێو هەناوی بەردەداتەوە!!

خودا دەفەرموێ: {إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ وَإِذَا الْجِبَالُ سُيِّرَتْ وَإِذَا الْعِشَارُ عُطِّلَتْ وَإِذَا الْوُحُوشُ حُشِرَتْ وَإِذَا الْبِحَارُ سُجِّرَتْ وَإِذَا النُّفُوسُ زُوِّجَتْ

وَإِذَا الْمَوْؤُودَةُ سُئِلَتْ بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ وَإِذَا الصُّحُفُ نُشِرَتْ وَإِذَا السَّمَاء كُشِطَتْ وَإِذَا الْجَحِيمُ سُعِّرَتْ وَإِذَا الْجَنَّةُ أُزْلِفَتْ عَلِمَتْ نَفْسٌ مَّا أَحْضَرَتْ - سورة التكوير/ ١-١٤}:

قورئانی پیرۆز لەم ئایەتانەدا وێنەی کودەتایەکی تەواوی بونەوەر دەکێشێ، ئەوەمان پیشان دەدا کە هەرچی دەی بینین لە بونەوەردا لەسەر حاڵی خۆی نامێنێ‌و هەموو شتێك بەرەو ئاواژوو هەڵدەگەڕێتەوە، خۆر لە شوێنی خۆی نامێنێ‌و ڕووناکی دەکوژێتەوە، نە وزەی دەمێنێ‌و نە ڕووناکی!! ئەم هەموو ئەستێرە روناك‌و ڕێك‌و پێکانە هەڵ دەوەرن‌و روناکیان کپ دەبێتەوە، کێوەکان کە وەکوو مێخ داکوتراون‌و ناهێڵن زەوی جوڵە جووڵ بکا هەموویان هەڵدەکەندرێن‌و بە حەواوە وەکوو قانگەلاشك دەخولێنەوە وشتری ئاوسی لەسەر گووان بەرەڵڵا دەکرێ‌و کەس لای لێ ناکاتەوە، لەبەر سامناکی ڕۆژە کە کەس ناپرژێتە سەری، ئاژەڵ‌و حەیوانە کێویەکان لە ترساناکۆدەبنەوەو تیکەوە دەهاون. دەریاکان سەردەکەن‌و هەڵدەچن‌و هەموو دەبن بە دەریایەکی سامناکی فراوانی بێ سەرو بن، ئەو گیانانەی لە لاشە جیابوونەوە دەگەڕێنەوە بۆ لاشەکان، ئەو کچە زیندە بەچاڵ کراوانەی کە بەبێ ئەوەی هیچی نا بەجێیان کردبێ زیندە بەچاڵ کراون زیندوو دەکرێنەوە بۆئەوەی پرسیاریان لێ بکرێ‌و لێیان بکۆڵدرێتەوە لەبەر چی‌و لەسەر چی زیندە بە چاڵ کراون، نامەی کردەوەو کرداری ئادەمیزاد بڵاو دەکرێنەوە بۆ حیساب‌و کیتاب، ئاسمان لەسەر شێوەی خۆی نامێنێ‌و وەکوو پێستێك دادەڕنرێ هیچ یاساو نیزامێکی نامێنێ، دۆزەخ ئاگری خۆشتر دەکرێ‌و دەکەوێتە گڕوگف‌و نێڵە نێڵ، بەهەشت جوان دەکرێ‌و دەرازێندرێتەوەو ئامادە دەکرێ بۆ خودا پەرستان.. ئالەم ڕۆژەدا هەموو شتێك هەڵەو گێڕ خۆی دەنوێنێ‌و بەرەو ئاواژوو دەبێ، هەموو دەروون‌و نەفسێك دەزانێ چی کردوەو چی نەکردوە، ئەگەر چاکەی کردبوو نامەی عەمەلی درایە دەستی ڕاستی بەرەو بەهەشتی دەبەن! ئەگەر خراپەی کردبوو بۆ لای دۆزەخ ڕای

دەپێچن‌و تلۆری دەکەنـەوە بـۆ نـاو دۆزەخ! جـاری واش هەیـە قورئـان وێنەکـە وا دەکێشی وەکوو ئـەوە بڵێـی بەڵاکـە سروشـتەکە رادەتڵەقێنیێ‌و بونـەوەر دەکەوێتـە لەرزە.

{إِذَا وَقَعَتِ الْوَاقِعَةُ لَيْسَ لِوَقْعَتِهَا كَاذِبَةٌ خَافِضَةٌ رَّافِعَةٌ إِذَا رُجَّتِ الْأَرْضُ رَجًّا وَبُسَّتِ الْجِبَالُ بَسًّا فَكَانَتْ هَبَاء مُّنبَثًّا - سورة الواقعة/ ١-٦}:

واتە: ئەی فروستادە! ئەوەیان بۆ بـاس بکـە کـە رۆژی قیامـەت پەیـدا دەبـێ‌و خەڵکی بە چاوی خۆیان دەیبینن، ئیتر کەس نیـە بـە درۆی بزانـێ‌و هـەموو پێـی بڕوا دەکەن، بەڵام تازە چ سوود!! رۆژی قیامـەت رۆژێکـی وایـە سەرپێچی کـەرانی جیهان نزم دەکاتەوە بۆ قوڵایی دۆزەخ‌و فەرمانبەردارانی خـوداش بـەرز دەکاتـەوە بۆ هەرە پلە بەرزەکانی بەهەشت.

ئەو بەڵا سامناکە (رۆژی رەسـتاخیز) زەوی رادەتـەکێنێ‌و کێوەکـان وردو هـاڕ دەکاو قورساییان تێدا ناهێڵێ‌و وەکوو قانگلاشك بە حەواوە دەخولێنەوە.

جاری واش هەیە، وا وێنەی بەڵاکە دەکێشێ کە دڵ‌و دەروونی مرۆڤ دابگـرێ‌و کاس‌و هۆڕی بکا هەست‌و شعووری نەمێنێ.

خودا دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ إِنَّ زَلْزَلَةَ السَّاعَةِ شَيْءٌ عَظِيمٌ، يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُم بِسُكَارَى وَلَـكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ - سورة الحج/١-٢}.

واتـە: ئـەی خەڵـکینە! خـۆ بپـارێزن لـە سـزاو تۆڵـەی خـودا، گـەردن کەچـی فەرمانەکانی بن، بە راسـتی بومەلـەرزەی هـاتنی رۆژی قیامـەت شـتێکی سامناك‌و گەورەیە!!؟ ئەو رۆژەی کە ئێوە ئەو راتڵەقاندنە دەبینن ئەوەندە بە سام‌و جـەرگ بڕە ژنـی شیردەر ئاگـای لـە کۆرپـە شـیر خۆرەکـەی نامێنـێ‌و نـای پڕژێتـە سـەری. هـەموو سـك پـڕو دووگیانێـك منـداڵی بـە نـەکامی‌و پـێش وەخـت لـەبار دەچـێ، سـەرنج دەدەیـە خەڵـکی مەحـشەر وا دەزانـی هـەموویان سەرخۆشن‌و مەسـتی شەرابن وا لە گل‌و گۆ کەوتوون! لـە راسـتیدا سـەر خۆشـی عـەرەق‌و شـەراب نـین

بەڵکوو سزای خودا بەشیددەتەو لە ترسی سزای ئەو چاویان پێ ئەبڵەق بووەو لە گڵو گۆ کەوتوون!!

جارێکی تر قورئانی پیرۆز وێنەکە بە شێوەیەکی تر دەکێشێو دەفەرموێ:

{فَإِذَا جَاءتِ الصَّاخَّةُ يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ وأمه وأبيه وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ – سورة عبس/ ٣٣-٣٧}:

واتە: کاتێک گرمەی سامناکی ڕۆژی قیامەت دێو دەی بیسن کەس بەسەر کەس ناپرژێو ڕۆژی نەفسی نەفسییە؟! ئەو ڕۆژە ڕۆژێکە ئینسان دەیەوێ لە خۆشەویسترین کەسو کاری خۆی دوورکەوێتەوە! ڕۆژێکە پیاو لەبەر براو دایکو باوکو خێزانو کوڕو کچی خۆی هەڵدێ خوا خوایەتی هیچیان خۆی پێوە هەڵنەواسنو دڕو داوێنی نەگرنو خۆی تێ هەڵنەخوشێننو پاگیری نەبن، هەموو ئادەمیزادێک ئەو ڕۆژە ئیشێکی وای هەیە نای پرژێتە سەر کارو باری خەڵکی دیکە، هەر کەسە بیر لە داهاتووی خۆی دەکاتەوەو خەریکی کاری خۆیەتی!!

حیسابو لیکۆڵینەوەی ڕۆژی ڕەستاخیز (الحساب في الآخرة):

مرۆڤ سەیری دەوروبەری خۆی دەکا دەبینێ خێرو شەڕ لە ململانێدان، هەمیشە جەنگو هەرا لەنێوان خێرو شەڕدا بەرپایە، چاکەو خراپە یەخەی یەکتریان گرتووە، زۆر جار شەڕ بەسەر خێردا زاڵ دەبێو پەستی (ڕەذیلە) بەرزیی (فضیلة) دادەپۆشێ! مرۆڤیش لە تەمەنی کورتی خۆیدا زۆرجار وا دەبێ مەرگ ماوەی نادا بە چاوی خۆی ئاکامی خێرو شەڕ ببینێ، هەموو ئینسانێکیش بەلایەوە قورسەو لەسەر شانی گرانە کە خێرخوا پاداشی خێر وەرنەگرێتەوەو شەڕ خواز سزای شەڕی خۆی وەرنەگرێتەوە! هەبوونی بیرو باوەڕ بە وجوودی خودایەکی دادپەروەر سەر بۆ ئەوە دەکێشێ کە هەموو کەسێک پاداشی کردەوەی خۆی بێتەوە ڕێ، جا ئەگەر ئەم دادپەروەرییە لە جیهاندا ئەنجام نەدرا ئەوە بەبێ شک لەو دونیادا ئەنجام دەدرێ!! قورئانی پیرۆز لە زۆر شوێنیدا ئەوە

دەچەسپێنێ کە مرۆڤ لەسەر کردەوەی جیهانی، لەو دونیا حیساب و کیتابی لەگەڵ دەکرێ!! بڕێ لەئایەتەکانی قورئان گرینگیان داوە بە وێنە کێشانی راوەستان و هەڵوەستانی لێ پرسینەوەی رۆژی قیامەت لەگەڵ بەڵای سامناکی رۆژی رەستاخیزدا.

خودا دەفەرموێ: {يَسْأَلُ أَيَّانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ؟ فَإِذَا بَرِقَ الْبَصَرُ وَخَسَفَ الْقَمَرُ وَجُمِعَ الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ يَقُولُ الْإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ الْمَفَرُّ كَلَّا لَا وَزَرَ إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمُسْتَقَرُّ يُنَبَّأُ الْإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ بَلِ الْإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ ولو ألقيٰ معاذيرة – القيامة/ ٦-١٥}:

واتە: بە تەوسەوە پرسیار دەکەن و دەڵێن: ئەرێ کەی قیامەت هەڵدەستێ؟ ئەوکاتەی چاو بە ملۆق دەوەستێ و لە ترسی مردن و حیساب و کیتاب سەر گەردان دەبێ، ئەوکاتەی مانگ روناکی نامێنێ و تاریک دەبێ خۆر و مانگ کۆدەکرێنەوە دەخرێنە ناو یەکترەوە و هاتوو چۆو روناکیان نامێنێ، نیزامی کەون تێک دەچێ جا لەناو ئەم گێژاوو ترس و تەنگ و چەڵەمەیەدا ئینسان بە ترس و لەرزەوە دەڵێ: پەنا بۆ کوێ بەرم، روو لە کوێ بکەم؟!! خەیر هیچ پەنایەك نیە، گەڕانەوە هەر بۆلای خودایە، تازە کار لەکار ترازاوە، ئیتر هەموو مرۆڤێك هەواڵی پێ دەدرێ چی کردوەو چی نەکردوە! عوزرو پاڕانەوە دەوری نامێنێ، {يُنَبَّأُ الْإِنسَانُ يَوْمَئِذٍ بِمَا قَدَّمَ وَأَخَّرَ} جارێکی تر دەبینن قورئان مەوقیفی لێکۆڵینەوەو حیساب بە جۆرێکی تر وێنە دەکێشێ و دەفەرموێ:

{إِذَا زُلْزِلَتِ الْأَرْضُ زِلْزَالَهَا وَأَخْرَجَتِ الْأَرْضُ أَثْقَالَهَا وقال الإنسان مالها يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَى لَهَا يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ النَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا أَعْمَالَهُمْ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ – سورة الزلزلة}.

سەیری ئەم وێنە فۆتۆغرافیە بکە قورئان کێشاویەتی: زەوی شەق شەقەی پێ دەکەوێ و رادەتلەقێ، چی لەناو خۆگرتووە لە گەنج و خەزێنەو مردوو فڕێی دەداتە دەرەوە، مرۆڤ چاوی پێ ئەبڵەق دەبن لە ترسی ئەو روانگە سامناکەی کە

هەرگیز لەوە پێش نەی بینیوە، چاوەکانی بەملۆق دەوەستن و ئەبڵەق دەبن و پرسیار دەکا چی قەوماوە و چی رووی داوە، زەوی ئاوا ناوسکی خۆی خاڵی دەکاو کەوتۆتە جم و جووڵ دەڵێی جیوەی تێکراوە هەدادانی نیەو لە لەرزەو جوڵە ناکەوێ؟ ئیتر زەوی (وەکوو مرۆڤێکی خاوەن هەست) دێتە جواب و دەڵێ فەرمانی خودای گەورەم بۆ دەرچووە کە ئیتر چی دی ئاوەدان نەبم و کوێر ببمەوەو کاتی خەرابوونم هاتووە نابێ ئادارم بەسەر پادارەوە بمێنێ! ئیتر ئەو کاتە ئادەمیزاد هەموویان وەکوو گەلە ئاژەڵی بێ شوانی گورك نێو کەوتوو، هەریەکە بە لایەکدا دەڕوا بۆئەوەی پاداش و سزای کردەوەکانی دونیای خۆی ببینێ، چاکە هەر چەندێك پچکۆلە بێ پاداشی لەسەر وەردەگرێتەوە خراپەش چەندێك کەم بێ سزای خۆی دەدرێتەوە!!

لە برێ شوێنی تردا قورئان بەوەندە کیفایەت دەکا کە مەوقیفی حیساب و لێکۆڵینەوەکە رادەنوێنێ بەبێ ئەوەی کە باسی قیامەتی لەگەڵدا باس بکا دەفەرموێ:

{حَتَّى إِذَا جَاء أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحًا فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ فَلَا أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَاءلُونَ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ فِي جَهَنَّمَ خَالِدُونَ - سورة المؤمنون/ ٩٩-١٠٣ }:

ئەم ئایەتانە وێنەیەکی تری رۆژی رەستاخیز دەکێشن و بە شێوەیەکی تر تابلۆکە ئەنجام دەدەن، سەرەتا مەشهەدی سەرە مەرگ و کاتی لە دونیا دەرچوون و درکاندنی تۆبەو ژیوان بوونەوە لە گوناهو هاتنی دێوەزمەی مەرگ دەخاتە سەر شانۆو پاڕانەوەو تکاو رەجای ئەوە کە جارێکی تر کابرای گوناهبار بگەڕێتەوە بۆ سەر دونیاو کردەوەی باش بکاو فەرمانبەردار بێ و سەرپێچی نەکا، دەخاتە سەر مەشهەدەکە! کەچی لەپڕ وەڵامێکی جەرگ بڕو نائومێد ئامێز (نەك هەر بۆ کابرای گوناهبارو تکا کار) بەڵکوو بۆ هەموو مرۆڤێك دەدرێتەوە.

(**كلا انها كلمة هو قائلها**) واتە: ئەمە قسەیەكەو كابرا دەیكا تازە كێ گوێ بۆ وتەی وا رادەگرێو كەی ئەوە قسەی كردنە!؟!

خۆ ئەگەر بشگێڕدرێتەوە ئاشكرایە وەفا بە وەعدو پەیمانی خۆی ناكاتو هەر وەكوو جاری پێشوو پشت هەڵ دەكاتەوە! چۆن ئەوانە جارێكی تر دەبرێنەوە بۆ دونیا؟ چۆن شتی وا دەبێ؟ تازە دیوارو پەردەیەكی بەهێز كەوتۆتە نێوان ئەوانو دونیاوە، ئەویش مردنە، تازە ئەوان هەتا رۆژی زیندوو بوونەوەی قیامەت لە مانەوەی بەرزەخیدانو دەمێننەوە، هەر كاتێكیش (فوو) بە كەرِەنای صوردا كرا، ئیعلانی زیندوو بوونەوە هەڵدرا ئیتر بە گورجی هەموو مردوویەك هەریەكە لە گۆڕی خۆیەوە دێتە دەرێو پەلە پڕوزە بە ترسو خۆفێكی بێ وێنەو نەبیسراو بەرەو دەشتی مەحشەرو كۆبوونەوە دەچمن، بەلام چۆن جمانێ؟! كەس ئاگای لە كەس نیە هەركەسە خەمی خۆیەتیو رۆژی نەفسی نەفسیە، كەس وەسەر كەس نایپەرژێ!!

ئەمجار تەرازوو شایانی حەقو حیساب دادەنرێنو چاكەو خراپە دەكێشرێن، هەر كەسێ لای خێرو چاكەی قورسو گران نەبێ ریسواو فەوتاوە. پەروەردگاریش هەموو حیسابو كیتابێك دەپرسێتەوە تەنانەت نیيەتو خەتەرەی دڵو دەرونیش حسێب دەكاو ئیعتیبار دەكرێ.

{لِّلَّهِ ما فِي السَّمَاوات وَمَا فِي الأَرْضِ وَإِن تُبْدُواْ مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللّهُ فَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاء وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاء وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ — سورة البقرة/ ٢٨٤}:

واتە: هەرچی لە ئاسمانەكانو زەویدا هەیە هەمووی هی خودایە، تەنانەت ئەوەی لە دەرونتانا هەیە، وەكوو شكو گومان، نیفاق شاردنەوەی شایەتی حەقو شتی ئاوا بیشارنەوە یان دەری بڕن خودای گەورە موحاسەبەتان دەكا لە سەری، جا ئەگەر بیەوێو ئیرادە بكا لە هەندێ گوناهبار خۆش دەبێو هێندێكیش سزا دەدا، ئارەزووی خۆیەتیو كەس ناتوانێ بڵێ بۆ؟! خودا بۆ خۆی بەسەر هەموو شتێكدا بە تواناو بە دەسەڵاتە!! خوێنەری ئازیز ئەوەی كە تێپەڕ بوو چەپكێكە

لەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز کە ئەوە دەچەسپێنن مرۆڤ بـە خـۆڕایـیو بـێ هـودە دروست نـەکراوەو هـەروا بەهەوانتـە نەهاتۆتـە ئـەم دونیایـەوە؟ بەڵـکوو لەسـەر هەموو شتێك لێ پرسینەوەی لەگەڵ ئەنجام دەدرێ.

{أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ – سـورة المؤمنـون/ ١١٥}:

واتە: ئایا ئێوە وا گومان دەبەنو وا دەزانن کە ئێمە ئێوەمان وا بـە بـی هـودە دروسـت کـردوەو هـیچ مەبەسـتو قەصـدو حیکمـەتو تێبینیـەکمان لـە دروسـت کردنـی ئێـوەدا نـەبووە؟ وا دەزانـن ئێـوە ناگەڕێنـەوە بـۆلای ئێمـە سـزاو پاداشـی کردەوەکانتان وەرناگرنەوە؟ نەخەیر وا نیەو وا مەزانن، ئێمە ئێوەمـان هـەروا بـە خۆڕایی دروست نەکردوە، بەڵکوو ئێوەمان دروست کردوە بۆ خـاتری بـە تاقیتـان بکەینەوە دوایـی پاداشـی چاکە بـە چاکە بدەینـەوە سـزای خراپەکـەر بـە خراپـە بدەینەوە؟!

خۆشییە حیسیەکانی بەهەشت (نعیم الجنة الحسي):

ئەو شوێنە کە لەدوا رۆژدا شـوێنی رابـواردنو خۆشـیو سـەیرو سـەفایە، خـوا پەرستان تێیـدا بـە مـراز دەگـەن، لـە قورئانـدا بـە چـەند نـاوێ هاتووە، هـەرە بـە ناوبانگیان وشەی (الجنة)یە. ئەم وشەیە لە زمانـدا بە مانـا باخـە خورمایـەك یـان باخە دارێکی بەرداری چڕو پڕی وایە کە لقە دارەکانی لەبەر زۆری خۆیانو چڕی گـەڵاکانیان بـە جـۆرێکی وا تێـك چـڕژاونو سـەریان کـردوە بـە یـەکا خـۆی تێـدا حەشـار دەدرێ. ناوەکـانی دیکـە کـە قورئـان بـۆ بەهەشـتی دانـاون ئەمانـەن (دار السلام): خـانووی ئاشـتی، (دار الخلـود): سـەرای نـەمری، (دار المقامـة): خـانووی مانـەوە، (جنـة المـأوى): بـاخی حەوانـەوە، (جنـات عـدن): باخـچەکانی مانـەوەی بەردەوام. (الحیـوان): ژینگـە، خـانووی ژیـان، (الفـردوس): بـاخی جـوانی خۆشـیو لەززەت، (المقام الامین): شوێنی ئارامو ئاسایش.

بەهەشت خانووی ئەوانەیە بڕوایان بە خوا هەیەو کردەوەی چاکیان کردوە، خانووی ئەوانەیە خوایان پەرستووەو تەقوای زاتی بێچوونیان ئەنجام داوە. خانووی بەندە موخلیسەکانی خودایە، خانووی ئەوانەیە لە خوا ترساونو لە خوا دەترسن. خانووی ئەوانەیە وەفایان بەعەهدو پەیمان کردوە! خانووی ئەوانەیە لە ڕێگای خودادا بە گیان تێکۆشاونو هەوڵی سەرکەوتنی وشەی (لا اله الا الله)یان داوە، خانووی تۆبە کارانە، خانووی عیبادەت کارانە هی سوپاس کارو ڕۆژوەوانو نوێژ کەرو کڕنوش بۆ خودا بەرانە، خانووی ئەوانەیە فەرمان دەکەن بە چاکەو نەهی دەکەن لە خراپە. خودای گەورەو میهرەبان وەسفی بەهەشتی بۆ ئەو خاوەن ڕەوشتانە کردوە بۆئەوەی ئەو خودا پێداوانە دڵیان ئارام بگریو عەزیمەتیان بەهێز بێ بۆ کردنی تاعەت توێژەرەوەو لێکۆڵەرەوەکان کەوتوونە نیزاعو کێشەی ئەوەوە کە ئایا لەززەتو خۆشی ئەو دونیا بەچی دەبێ، کۆمەڵێك ڕایان وایە کە خۆشیو لەززەتەکە حیسسیو مادە ئامێزە. کۆمەڵێکیش لەوانەی صوفی مەشرەبو فەیلەسوفن زۆر بە ڕەمزو ئیشارە حسێب دەکەن پێیان وایە کە خۆشیو لەززەتی بەهەشت گیانییە نەك جیسمانی!!

ئێمە رامان وایە کە خۆشیو لەززەتی بەهەشت دوو جۆرە هێندێکی حیسسییەو مادییە بڕێکی گیانییەو ڕۆح هەستی پێدەکا، ئەمەش ڕایەکە زاهیری ئایەتەکانی قورئان پاڵپشتی دەکاو دەی چەسپێنێ!! لێرە بەولاوە بە گوێرەی پێویست بڕێ لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەربارەی لەززەتو خۆشی بەهەشت، هی جیسمانیو هی ڕۆحانی دەخەینە ڕوو.

جۆگاو چۆمەکانی بەهەشت (أنهار الجنة):

خودای گەورە دەفەرموێ: {مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ فِيهَا أَنْهَارٌ مِّن مَّاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِن لَّبَنٍ لَّمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِّنْ خَمْرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِّنْ عَسَلٍ مُّصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ – سورة محمد/ ١٥}:

ئەم ئایەتە پیرۆزە وەصفو سەنای جۆگەو جۆباری بەهەشت دەکا ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە لەوێدا جۆگای ئاوی روونو جوان، جۆگای شیری صافی وا کە هەرگیز تامی نەگۆڕی، جۆگای شەرابو جۆگای هەنگوینی پاڵفتە کراوی جوان هەیە، هەروەکوو چۆن چ میوەیەك بە دڵ دابێو خەیاڵ پەی پێ بەرێ بەبێ ئەندازەو چەندو چوون هەموو کاتێ بەیدەستە. خۆشترین خۆراكو خواردەمەنی، پاك ترین میوەهاتی جوانو نایاب هەرچی مرۆڤ بە خەیاڵ حەزی لێ بکا، بەبێ رەنجو ماندوو بوون ئامادەو بەردەستە!!

ئەم جۆگایانە باشترین نەوعی خواردنو خواردنەوەیان تێدایە لەززەتو خۆش تامییان هەر حیساب ناکرێ، زیاد لەوەش هەموو جۆرە میوەیەکیان لە دەوروبەرە. بەهرەی هەرە بەرزی لەمانەیش خۆشترو نایابتر نیعمەتی لێخۆش بوونو لێ رازی بوونی خودای گەورەو میهرەبانە.

خودای گەورە دەفەرموێ: {قَالَ اللّهُ هَذَا يَوْمُ يَنفَعُ الصَّادِقِينَ صِدْقُهُمْ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ – سورة المائدة/ ١١٩}:

واتە: رۆژی قیامەت خودای گەورەو میهرەبان دەفەرموێ: ئەمڕۆ رۆژێکە راستگۆیان پاداشی راستگۆیی خۆیان وەردەگرنەوە، پاداشتەکە بریتییە لە چەند باخچەو باخو باخاتێك کە دارەکانی تێك چڕژاونو شینو زەنوێرن بە ژێر ئەو دارانەدا جۆگەو جۆبار دەکشێنو خۆشترین شوێنو جوانترین دیمەنی رەنگین دەخوڵقێنن، چونکە جوانترین مەنزەر ئەوەیە کە باخەکە دارەکانی پڕبنو بەژێر دارەکاندا جۆگای ئاو جاری ببن. ئەم ژیانە ژیانێکی هەتا هەتاییەو بە ئەبەدی تێیدا دەمێننەوە، خوا لەوان رازییەو ئەوانیش لە خودا رازین، بە راستی ئەو پاداشەی وەریان گرتووە بە مراد گەیشتنێکی گەورەیەو خوا بە نسیبی هەمووومانی بکا!!

دارو درەختی بەهەشت و میوەو بەروبوومیان:

خودای گەورەو میهرەبان دەفەرموێ: {وَبَشِّرِ الَّذِين آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ كُلَّمَا رُزِقُواْ مِنْهَا مِن ثَمَرَةٍ رِّزْقاً قَالُواْ هَذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِن قَبْلُ وَأُتُواْ بِهِ مُتَشَابِهاً وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ – سورة البقرة/ ٢٥}:

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خودای گەورەو مەزن فەرمان دەکا بە محمەدی پێغەمبەری (درودی خودای لەسەر بێ) کە مزگێنی بدا بە موسوڵمانان خەبەرێکی کەیف خۆشکەریان بداتێ خەبەرەکەش ئەوەیە خودای مەزن ئامادەی کردوە بۆ موسوڵمانان چەند باخ و باخاتێکی خاوەن بەرو بووم و زەنوێر کەوان لە بەهەشتا، لە ژێر ئەو دارانەوە بەناو تەلارو کۆشکی بەهەشتییەکاندا، لەبن خانەو باڵە خانەکانیانەوە جۆگەو جۆباری زۆر لە هەمە جۆر دەکشێن و دەروون و چاوو دڵ و دەروون ڕۆشن دەکەنەوە. هەرکاتێ لە میوەیەکی ئەم باخانە بخۆن دەڵێن: ئەوە ئەمە ئەو میوە خۆشەیە کە لەمەوبەر لە دونیا حەزمان لێی بوو لێمان دەخوارد قسەکەیان ڕاستە چونکە بە شێوەو بیچم و ڕەنگ و شێواز لە میوە جاتی دنیا دەچێ بەڵام تام و بۆن و بەرامەی گەڵێ گەڵێ لەو خۆشترە. هەروا بۆ ئەو موسوڵمانە خودا پێداوانە چەند خێزانێکی پاک و خاوێن و بێ خەوش و عەیب ئامادە کراوە پێکەوە لەگەڵ خێزانەکانیاندا لە ژیانێکی خۆشی بەڕێزی بەرزی هەتا هەتایدا رادەبوێرن!!

لە شوێنێکی تردا خودای میهرەبان وەسفی بەهەشت دەکاو دەفەرموێ: {وَدَانِيَةً عَلَيْهِمْ ظِلَالُهَا وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا - سورة الإنسان/ ١٤}:

واتە: سێبەری دارو درەختەکانی بەهەشت (بۆ زیادە خۆش بەختی ئەوان) لێیان نزیک دەبێتەوە، هەروەها میوەو بەرەکانیشیان خۆشە چین و بەیدەست دەبن بۆیان بە ئاسانی دەستیان دەی گاتێ و دەیان ڕنن.

خواردن و خواردنەوەی بەهەشت (طعام الجنة وشرابها):

خودای گەورەو میهرەبان لە وەسف و سەنای ئەو خۆشی و لەزەتەی بۆ بەندە موسوڵمانەکانی ئامادە کردوە دەفەرموێ:

{يَا عِبَادِ لَا خَوْفٌ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ وَلَا أَنتُمْ تَحْزَنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِآيَاتِنَا وَكَانُوا مُسْلِمِينَ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ أَنتُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ تُحْبَرُونَ يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ وَأَنتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ وَتِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ لَكُمْ فِيهَا فَاكِهَةٌ كَثِيرَةٌ مِّنْهَا تَأْكُلُونَ - سورة الزخرف/ ٦٨-٧٣}:

لەم ئایەتە پیرۆزانەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە خودای مەزن رۆژی رەستاخیز رووی رەحمەتی دەکاتە بەندە موسوڵمانەکانی و پێیان دەفەرموێ: ئەی بەندەکانم ئەمڕۆ ئێوە سەر فرازان و ترس و بیمی سزاو عەزابی جەهەننەمتان نەبێ! هیچ دڵتەنگ و غەمباریش مەبن لەسەر لە دونیا دەرچوونتان. بێگومان چەند باخ و باخاتێکی خۆش و قەسرو باڵە خانەی دڵگیری بۆ ئامادە کردوون، بۆ خۆتان و بۆ خێزانەکانتان لە پاداشی کرداری باشی دونیاتان. ئەمجار پەروەردگار لە ئایەتەکەدا ناوی هەندێ لەو شتانەی لەززەتی لێ دەبینن ریز دەکا! لە لایەکەوە دەفرو پیاڵەی زێڕو زیوی پڕ لە خۆراکی خۆش و نایاب! لە لایەکی ترەوە سوراحی و کوپ و پەرداخ و حاجەتی رەنگاو رەنگی پڕ لە شەرابی بە تام و مزری جۆراو جۆر! هەروەها لە بەهەشتدا زیاد لەو شتانەی کە باس کران هەرچی دڵ ئارەزووی بکاو چاو خۆشی لێ ببینێ هەیەو بە ئاسانی دەست دەکەوێ، ئەم نازو نیعمەتە وەکوو نیعمەتی دونیا نیە برانەوەی هەبێ، بەڵکوو هەرگیز برانەوەی نابێ.... دوای ئەمە پەروەردگار مزگێنی ئەوەی داوە کە ئەو موسوڵمانانە زیاد لەم نیعمەتە باسکراوانە چ میوەیەکی تر حەز بکەن بۆیان ئامادەو بەیدەستە!

خودای گەورەو مەزن لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: **{إِلَّا عِبَادَ اللَّهِ الْمُخْلَصِينَ أُولَٰئِكَ لَهُمْ رِزْقٌ مَّعْلُومٌ فَوَاكِهُ وَهُم مُّكْرَمُونَ فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ عَلَىٰ سُرُرٍ مُّتَقَابِلِينَ**

يُطَافُ عَلَيْهِم بِكَأْسٍ مِن مَّعِينٍ بَيْضَاء لَذَّةٍ لِّلشَّارِبِينَ لَا فِيهَا غَوْلٌ وَلَا هُمْ عَنْهَا يُنزَفُونَ - سورة الصافات/ ٤٧}:

واتــە: بەنــدە موخلیــصەکانی خــودا ڕۆژی قیامــەت بــە پێــچەوانەی خــوا نەناسەکانن! بەندە ڕاستاڵەکانی خودا چەند باخو باخاتێکیان هەیە هەر خۆراكو خواردەمەنییەك خۆشو بەتام بیَ تێیایدا هەیەو لەززەتیان لیَ وەردەگرن! ئەم خواردنو خواردنەوەیان پێشکەش دەکریَو بە ڕیزەوە بۆیان دادەنری هەروەکوو پاشاو پیاو ماقوڵان لەسەر مێزو سینی ڕەنگاو ڕەنگو نایاب خواردنیان بۆ دادەنریَ، هەموویان ڕوو دەکەنە یەکتری بەرامبەری یەك خواردنو خواردنەوەیان نۆش دەکەن چی خۆشەو بەتامو لەززەتە دەرخواردیان دەدریَ جۆرەها شەرابی ڕەنگ سپیو تام خۆشیان پێشکەش دەکریَ، ئەوەش لە یاد نەکەین ئەم شەرابە کارناکاتە سەر مێشكو ئینسان سەرخۆش ناکا، نابێتە هۆی سەر ئێشە بۆ ئەو کەسەی دەیخواتەوە، عەقڵو هۆشی ناباو سەرخۆشی ناکا!

بەرگو کاڵای بەهەشتو خشڵو ئارایشتی ڕازاندنەوە:

خودای گەورە دەفەرمویَ: {إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا أُوْلَئِكَ لَهُمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِّن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ نِعْمَ الثَّوَابُ وَحَسُنَتْ مُرْتَفَقًا - سورة الكهف/ ٣٠-٣١}:

واتــە: ئەوانــەی بڕوایــان بــە خــودا هــەبووەو کــردەوەی باشــیان ئــەنجام داوە پاداشی کردەوەی خۆیــان وەردەگرنــەوە.. بێگومــان ئێمــە بــە فیــڕۆ نــادەین پاداشــی هەرکەسێك کرداری چاك بیَ ئەوانە لە بەهەشتدا لە ژیانێکی خۆشدا دەگوزەرێنن، هەروەکوو چۆن بەهەشت باشترین خانووی مانەوەو ئیسراحەتە!

خانوو باڵە خانەی بەهەشتو هۆدەکانی (مساكن الجنة وغرفها):

خودای گەورە دەفەرموێ: {وَعَدَ اللّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللّهِ أَكْبَرُ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ – سورة التوبة/ ٧٢}:

واتە: پەروەردگار پەیمانی بە موسوڵمانان داوە چ پیاو چ ژن، کە بیان خاتە ناو بەهەشتەوە کە بە باخو باخاتی نازداری وا رازاوەتەوە کە جۆگەو جۆباری زۆری لەهەمە جۆر بەبن دارو درەختو گوڵو گوڵزارەکانیا رەها دەبن، جارێ بە خوڕیو جارێ بە مەنگی دێنو دەڕۆن، بە ئەبەدی تیایاندا دەمێننەوە لەتەك ئەمانەشدا چەند جێگەو شوێنی رابواردن لەناو باخەکانی بەهەشتدا بۆ ئەوان ئامادە کراوە زیاد لەمانە بەهرەی هەرە بەرزی لەمانەیش خۆشترو دڵگیر تر خۆشنوود بوونو لێ رازی بوونی خودای گەورەو میهرەبانە، کە هەر لە ئێستاوە بەڵێنی ئەوەیشی پێ داون. چونکە ئارامیو ئەمینی دەداتە دڵیانو لەوە دڵنیا دەبن کە خودا لێیان رازییە، ئائەو بەهەشتو رەزامەندییەی خودایی، بە مراز گەییشتنێکی گەلێك گەورەو مەزنە.

لە سورەتی (الزمر/٢٠)دا جارێکی تر خودای گەورە دەربارەی خانوو بەرەی بەهەشت دەفەرموێ:

{لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ لَهُمْ غُرَفٌ مِّن فَوْقِهَا غُرَفٌ مَّبْنِيَّةٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَعْدَ اللَّهِ لَا يُخْلِفُ اللَّهُ الْمِيعَادَ - سورة الزمر/ ٢٠}:

واتە: بەڵام ئەوانەی لە دونیادا تەقوای خودایان کردوەو فەرمانبەرداری بوون چەند هۆدەو باڵە خانەیەکیان بۆ ئامادە کراوە قات لە بان قات دروست کراون بۆ زیدە جوانیو خۆش گوزەرانیو تەواو بەناو ژێر خانو باڵە خانەکاندا جۆگەو جۆبارو حەوزو فیچقەو فوارە هەڵدەقوڵێن. ئەوە وەعدەو مزگێنی خودایەو خوداش هەرگیز وەعدە بە خیلاف دەرناچێ.

ژن و پەریی بەهەشت (نساء وحور الجنة):

پەروەردگار بۆیە لە قورئاندا باسی ئافرەتانی کردوە بۆئەوەی روونی بکاتەوە کە پیاوو ئافرەت لە ئەرازووی خودادا یەکسانن چی بۆ پیاو هەبێ بۆ ژنانیش مەیسەر دەبێ، ئافرەتانیش وەکوو پیاوان لەو دونیادا لەززەت و خۆشییان دەست دەکەوێ.

خودای گەورە دەفەرموێ: {وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتَ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلاَ يُظْلَمُونَ نَقِيرًا - سورة النساء/ ١٢٤}:

واتە: هەر کەسێك کردەوەی چاك بکا ژن بێ یان پیاو بێ بڕوای بە ئایینی ئیسلام هەبێ ئەوە ئەوانە ژن و پیاو بە یەکەوە دەچنە بەهەشت و بە مرازی خۆیان دەگەن!!

{هُمْ وَأَزْوَاجُهُمْ فِي ظِلَالٍ عَلَى الْأَرَائِكِ مُتَّكِؤُونَ - سورة يس/ ٥٦}:

واتە: پیاوان لەگەڵ خێزانەکانیاندا لە ژێر سێبەری دارو درەخت لەسەر کورسی و قەنەفە پاڵ دەدەنەوەو ئیستیراحەت دەکەن! لە شوێنێکی تردا قورئان ئەوە دەگەیەنێ کە خودای مەزن رۆژی ڕەستاخیز روو دەکاتە خودا پەرستان و دەفەرموێ:

{ادْخُلُوا الْجَنَّةَ أَنتُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ تُحْبَرُونَ – سورة الزخرف/ ٧٠}:

واتە: ئەی خودا ناسانی دونیا! خۆتان و خێزانەکانتان بچنە بەهەشتەوە لەززەت و خۆشی وەرگرن و رابوێرن.

{كَذَلِكَ وَزَوَّجْنَاهُم بِحُورٍ عِينٍ - سورة الدخان/ ٥٤}:

بەو جۆرە ئەو موسوڵمانانە ژنی جوانیان لێ مارە دەکەین (حور) وشەیەکی عەرەبییە کۆی (حوراء)ە بەمانا ئافرەتی گەنجی جوانی سپی پێستی چاو رەش و نازدار هاتووە کە بە کوردی پێیان دەگوترێ (پەری)!!.

{حُورٌ مَّقْصُورَاتٌ فِي الْخِيَامِ - سورة الرحمن/ ٧٢}:

واتە: برێتین لە پۆل پۆل پەری چاو رەشی سپی لەشی بۆن خۆش پێست گەشی جوانی بێ خەوشی وا کە پەروەردەی نازو نیعمەتی ناو کۆشك و تەلارو رەشماڵ و دەوارن، چاویان لە مێردی خۆیانەو چاو نابڕنە پیاوی بێگانە!!

لێرەدا تێبینییەك هەیە ئەویش ئەوەیە مەبەست لە حۆریانی بەهەشت چییە؟ ئایا هەر ژنەکانی دونیان یان جیاوازن؟!!

ئێمە کە سەیری قورئان دەکەین دەبینین دەفەرموێ: {إِنَّا أَنشَأْنَاهُنَّ إِنشَاء فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا عُرُبًا أَتْرَابًا – سورة الواقعة/ ٣٥-٣٧}:

واتە: ئێمە ئەو پەریيانەمان یانەمان دروست کردون بە دروست کردن، هەمووومان کردوون بە کچۆڵەی ناسكو نازدار هەموویان مێرد خۆشەویستو قسە خۆشو سروشت پاكو روو گوشادو گەشن، هەموویان لە یەك تەمەندانو هاو عومرن.

دەگێڕنەوە دەڵێن: پیرە ژنێك هاتە خزمەت حەزرەتو عەرزی کرد قوربان! ئەی رەوانە کراوی خودا! نزام بۆ بکە بچمە بەهەشت پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) فەرمووی: {إن الجنة لايدخلها عجوز}:

واتە: ئاخر پیرێژن ناچێتە بەهەشت. ئیتر پیرێژنەکە هاتە ئەم لاوەو دەستی کرد بە گریان ئەمجار پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێ) فەرمووی: {اخبروها انها لا تدخلها وهي عجوز}: پێی بڵێین ئەو پیرێژنە بە شێوەی پیرێژنی ناچێتە بەهەشتەوە پێغەمبەر ئەم ئایەتەی خوێندەوە { إِنَّا أَنشَأْنَاهُنَّ إِنشَاء فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا}:

لەمەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە هەر ژنەکانی دونیا جارێکی تر رۆژی قیامەت دروست دەکرێنەوەو گەنج دەبنەوە!!

ئەوەی رابوورد بریتی بوو لە برێ باسو خواسی لەززەتو خۆشی حیسسی کە لە قورئاندا باس کراوە! جا هەندێ لە دوژمنانی ئیسلام ئەم باسی لەززەتو خۆشیانەی بەهەشتیان کردوە بە رێ خۆشکەرێك بۆئەوەی تانووت لە ئایینی ئیسلام بدەنو بە خەیاڵی خۆیان رەخنەی بەوە لێ بگرن کە ئایینێکی ماددی شەهوانییەو هیچ گرینگی نەداوە بە لایەنی رۆحی!

بۆ وەڵامی ئەوانە دەڵێین: خۆ ئایینی (مەسیحی)یش ئاماژەی بۆ ئەم جۆرە نیعمەتە حیسسیانە کردوەو پێغەمبەرو قەدیسەکانیان هەر بەو شێوە باسی لەززەتە حیسسیەکانی بەهەشتیان کردوە! ئەوەش لەیاد نەکەین بڕێ لە توێژەرەوە موسوڵمانەکان رایان وایە کە ئەو لەززەت و نیعمەتە حیسیانەی کە لە قورئاندا باس کراون مەبەست لێیان تێگەیشتن لە لەززەتی رۆحییە، چونکە ناگونجێ بە تێکڕایی کۆمەڵی ئادەمیزاد بە لەززەتی روحی ئاشنا بکرێ بەبێ ئەوەی باسی لەزەتی حیسسی بۆ بکرێ چونکە فکرو بیریان هەرگیز ئامادە نەبووەو رام نەکراوە بۆ تێگەیشتن و حاڵی بونیان لە چۆنیەتی لەززەتی رۆحی.

زیاد لەوەش خۆ حەزرەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێ) ئایینی ئیسلامی (هەر بە عاقڵ مەندو موفەکیرە میسالییە ناوازەکان رانەگەیاندوەو بەس) بەڵکوو ئایینی تازە داهاتووی خۆی بە هەموو ئادەمیزاد رادەگەیاندو عالەمێك کە ماددە بەرچاوی گرتبوون بەلایانەوە ماددە هەموو شتێك بوو پێویست بوو بە گوێرەی عەقڵی خۆیان ئاخاوتنیان لەگەڵدا بکا! عەرەبە پێ پەتیەکی برسی دەبێ چ شتێك هەبێ لەگەڵ بیرو هۆشیدا زیاتر بگونجێ و لەلای خۆشترو شیرین تر بێ لە باسی بەهەشت!! ئەی چ شتێك هەبێ لەلای دڵگیر تر بێ لە جۆگای ئاوو جۆگای شیرو جۆگای هەنگوین!؟ ئایا پێی خۆش نیە هەردەم باسی میوەو سەوزای و بەردەوام هەرزانی بەرو بووم ببیستێ؟! بەڵێ کابرای عەرەبی نەخوێندەوار یان هەر کەسێکی تری نەخوێندەوار ناتوانێ لە دڵ و مێشکی خۆیدا لەززەتێك بڕیاربدا کە لەززەتی حیسسییەوە هەڵنەستابێ؟!!

لەززەتە گیانییەکانی بەهەشت (نعیم الجنة الروحي):

ئەو لەززەت و خۆشیانەی بەهەشت کە لە قورئاندا باس کراون تەنها بریتی نین لە لەززەتی ماددیو بەس! بەڵکوو لە بەهەشتدا لەززەتی گیانیش هەیە، قورئانی پیرۆز چەند جارێك ئاماژەی بۆ کردوەو لەسەری دواوە.

لەززەتو خۆشی بەهەشت لە خۆشی دونیا ناچێ:

مامۆستا شێخ محمد عەبدە لە تەفسیری سورەتی غاشیەدا دەفەرموێ عالەمی ئەو دنیا واتە: قیامەت، لاشەو قەبارەیان زیادو کەم ناکا، وەکوو لە دونیادا بە مادەو خۆراك دەگۆڕێ لە شتێکەوە بۆ شتێك، لەوێدا وا نابێ، چونکە لەو دونیا عالەمەکە ئەبەدیو بەردەوامە لەززەتو خۆشی لەوێ لەززەتو خۆشی خۆش بەختییە، ئێشو ئازاریش ئێشو ئازاری شەقاو ناخۆشییە، هەرچی لەو دونیا هەیە لەگەڵ ئەوەی لەم دونیایەدا هەیە لێك چونێکیان لە نێواندا هەیەو نەك یەکیەتی جینسو ماك، ئەو وەسفو سەنایەی کە لەم سورەتانەی قورئاندا کراوە وەکوو پیالەو دەفری ڕیزکراو دانراو دۆشەكو پشتی سەفتە، فەرشو ڕاخەری بڵاوکراوە... هتد لەو جۆرە شتانەی کە دەیانبینن لە ماڵو باڵە خانەی خودا پێداواندا، ئەوە قورئان بەس بۆ نزیك خستنەوەی ئەو نازو نیعمەتەی لە زەینی ئادەمیزاد هێناونی ئەگینا لەززەتو نیعمەتی ئەو دونیا ئەوەندە خۆشو بە تامو جوانو دڵ ئاوێزە هیچ لەززەتو خۆشی ئەم دونیای ناگاتێ.

ئەم ڕاوو بۆ چونەی شێخ محمد عەبدە هەڵقووڵاوو وەرگیراوە لە فەرمودەیەکی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێ) کە حەدیثێکی قودسییەو پێغەمبەر لە خوداوە دەیگێڕێتەوە دەفەرموێ:

(قال عزوجل: اعددت لعبادي الصالحين ما لا عين رأت ولا أذن سمعت ولا خطر على قلب بشر):

واتە: پەروەردگار فەرموویەتی من بۆ بەندە موخلیسە ڕاستاڵەکانی خۆم نازو نیعمەتێکم بۆ ئامادە کردوون، نەچاو بینیویەتی نە گوێچکە بیستوویەتی بە خەیاڵیش بەسەر دڵی کەسدا ڕانەبوردوە!!

حەزرەتی ئەبو هورەیرە کە خۆی ئەم حەدیثەی گێڕاوەتەوە دەفەرموێ: ئەگەر حەز دەکەن زیاتر بۆتان ڕوون بێتەوە ئەو ئایەتەی سورەتی (السجده/ ١٧) بخوێننەوە کە دەفەرموێ:

{فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّا أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاء بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ – سورة السجدة/ ١٧}:

واتـە: هـیچ دەروونێـك، هـیچ نەفـسێك ناتوانـێ تـێ بگـاو بزانـێ ئـەو نـازو نیعمەتانە چینو چۆنن کە بۆی ئامادەکراون لە بەهەشتدا لە پاداشی ئەو کردەوە چاکانەی کە لە دونیادا ئەنجامی داون.

شادبوون بە دیداری خودا (لقاء الله تعالى):

بـڕێ لـەو بەڵـگانەی ئـەوە دەچەسـپێنن کـە لـەززەتی ئـەو دونیـا لـەززەتێکی ماددی ڕوت نیەو بـەس ئەوەیە کـە پـەروەردگار ڕوونـی کردۆتـەوە کـە مەبەسـتی سـەرەکی لـە ژیـانی دونیـایی مـرۆڤ گەیـشتنیەتی بـە خـوداو شـادبوونیەتی بـە دیداری ئەو زاتە بێچوونە لە پاشە ڕۆژدا.

{يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ إِنَّكَ كَادِحٌ إِلَى رَبِّكَ كَدْحًا فَمُلَاقِيهِ - سورة الإنشقاق/ ٦}:

واتە: ئەی ئادەمیزاد تۆ لەم ژیانەدا کار دەکەیو بە دڵ تێدەکۆشی دڵ سـۆزی لە کارو فەرمانتا تا کاتی کۆتایی ژیانت دێو ئـەمجار بـە پـەروەردگارێ خـۆت شـاد دەبیت. لە ئایەتێکی تردا خـودا نارەزامەنـدی خـۆی دەربـڕیـوە دەرحـەق ئەوانـەی چاویان بڕیوەتە ژیانی دونیایانو پێی دڵ خۆشنو بە لایانەوە ژیانێکی تری باشتر لەم ژیانە نیەو تازە کە مردی زیندو بوونەوەو ژیانی ئەو دونیا نیە.

خودای گەورە دەفەرموێ: {إِنَّ الَّذِينَ لاَ يَرْجُونَ لِقَاءنَا وَرَضُواْ بِالْحَياةِ الدُّنْيَا وَاطْمَأَنُّواْ بِهَا وَالَّذِينَ هُمْ عَنْ آيَاتِنَا غَافِلُونَ أُوْلَئِكَ مَأْوَاهُمُ النُّارُ بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ – سورة يونس/ ٧-٨}:

واتـە: بێگومـان ئەوانـەی هیوایـان نیـە بـە ئێمـە بگـەنو زینـدو بوونـەوەیان بەلاوە درۆیەو بە ژیانی پەستو نزمی دونیا ڕازی بوونو دڵیان پێـی داسـەکناوەو پێیان وایە ئیتر ژیانێکی تر نیە، هەروەها ئەوانیش کە لە نیـشانەکانی خودایـەتی ئێمـە بێئاگـانو تێفکرینیـان نیـە، شـوێنو جێگـای حەوانـەوەیان ڕۆژی قیامـەت ئاگری دۆزەخەو سزای کردەوەکانیان دەبێ!!

لە شوێنێکی تردا سزای ئەوانەی بڕوایان بە لیقای خودا نیە روون دەکاتەوەو دەفەرموێ:

{فَنَذَرُ الَّذِينَ لاَ يَرْجُونَ لِقَاءنَا فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ -سورة يونس/ ١١}:

واتە: ئەوانەی هیوای لیقای ئێمەیان نیەو بڕوایان بە زیندو بوونەوەو ژیانی ئەو دونیا نیە، ئەوانە لێیان دەگەڕێین با لە گومڕاییو سەر کەشی خۆیان نقوم بنو سەر گەردانو سەراسیمە بژین... لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار موسوڵمانان شارەزا دەکا بۆ ڕێبازێك کە بیان گەیەنێ بە خوداو لێی نزیك ببنەوە، ئەویش برێتییە لە کردنی کرداری چاكو بەیەك ناسینی خوداو شەریك بۆ پەیدا نەکردنی.

{ فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا – سورة الكهف/ ١١٠}:

واتە: هەرکەسێك ئارەزوی لێقای پەروەردگاری هەیە دەیەوێ ڕۆژی قیامەت لە بەهەشتدا بە خودای بگا، با لە دونیادا کردەوەی چاك بکاو هەرگیز شەریك بۆ خودا بە ڕەوا نەبینێو ڕەچاوی نەکا. ئەم دەقە قورئانیانەی باسمان لێوە کردن ئەوە دەگەیەنن کە گەیشتن بە خوداو شادبوون بە دیداری، بەرزترین مەبەستێکە کە پێویستە ئینسان هەوڵو کۆششی بۆ بدا، چونکە لیقای خوداو شادبوون بە دیداری لەززەتێکە هیچ لەززەتێکی تری ناگاتێ!

بینینی خودای مەزن بە چاوی سەر (رؤية الله تعالى):

قورئانی پیرۆز بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ کە لەو دونیا لەززەتێکی گیانی جگە لەو لەززەتە حیسسییەی کە بۆ بەهەشت باس کراوەو هەیە ئەم لەززەتە بریتییە لە ڕوانین بۆ خودای میهرەبانو شکۆمەند.

خودا دەفەرموێ: {وَاللّهُ يَدْعُو إِلَى دَارِ السَّلاَمِ وَيَهْدِي مَن يَشَاء إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ وَلاَ يَرْهَقُ وُجُوهَهُمْ قَتَرٌ وَلاَ ذِلَّةٌ أُوْلَـئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ – سورة يونس/ ٢٦}:

واتە: پـەروەردگار کۆمـەڵی ئـادەمیزاد بـانگ دەکـا بـۆ لای بەهەشـتی بـەرین‌و سەرای رابواردنی هەرگیز نەبڕاوە، هەرکەسێك ئارەزوو بکا شارەزای دەکا بـۆ سـەر رێگای راست، بۆ ئەوانەی کرداریان چاکە بـووە پاداشـی چاکیان دەدرێتـەوە جگـە لەوەش بە بینینی خودا شەرەفیاب دەبن‌و زیـادە لـەزەت‌و خۆشـی وەردەگـرن کـە ئەم لەزەت‌و بینینە هیچ لەزەتێکی ناگاتێ. هەرگیز (وەك دۆزەخیـەکان) لەبـەر داخ‌و خەفەت روویان رەش داناگیرسێ‌و هەرگیز کەساس‌و داماو نـابن وەك ئـەوان، ئەوانە کۆمەڵی بەهەشتین‌و هەتا هەتا تێیدا دەمێننەوە!!؟

کەوابوو کە لە ئایەتەکەدا دەفەرموێ: (الحسنی) واتە بەهەشت (وزیادە) واتە: روانـین بـۆ رووی خوداونـد. (صـوهەیب) کـە یەکێکـە لـە یـارانی پێغەمبـەر دەگێرێتەوە دەفەرموێ: کە پێغەمبەر ئـەم ئایەتـەی خوێنـدەوە {لِّلَّـذِينَ أَحْـسَنُواْ الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ ...} (٢٦) سورەتی یونس تادوایی دەفەرموێ:

{اذا دخل اهل الجنة الجنة واهل النار النار نادی یا اهل الجنة ان لكم عند الله موعدا یرید ان ینجزكموه فیقولون ما هو؟! ألم تثقل موازیننا وتبیض وجوهنـا وتدخلنا الجنة وتزحزحنا عن النار؟! قال فیكشف لهم الحجاب فینظرون الیه فوالله ما اعطاهم الله شیئا احب الیهم من النظر الیه ولا أقر لاعینهم} رواه مسلم.

واتە: کاتێ ئەهلی بەهەشـت دەچـنە بەهەشـتەوە، ئـەهلی جەهەننـەم دەچـنە جەهەننەم بانگ بێژێك بانگ هەڵدەداو دەڵێ: ئـەی دانیـشتوانی بەهەشـت! ئێـوە لای خودای میهرەبان پەیمانێکتان هەیـە دەیـەوێ بۆتـانی جـێ بـەجێ بکـا، دەڵێن ئـەو پەیمانـە چـیە؟! ئـەی ئـەوە نـەبوو تـەرازووی چـاکەمان قـورس کـراو دەم‌و چـاومان شـوعلەوەرو رونـاك بـووەو چـوینە نـاو بەهەشـتەوەو لـە دۆزەخ دوور خراینـەوە، لـە سـزای ئـاگر رزگارمـان بـوو؟! پێغەمبـەر فـەرمووی ئـیتر پـەردە لـە نێوان پەروەردگارو دانیشتوانی بەهەشـتدا لادەدرێ بـە چـاوی خۆیـان زاتـی حـەق دەبینن، بە خودا قەسەم هیچ شتێکیان لەم بینینە بەلاوە خۆشتر نیە هیچ شـتێك ئاوا چاویان فێنێك ناکاتەوەو دڵیان خۆش ناکا!

بینینی خودا لە بەهەشتدا قورئان چەسپاندویەتی: {كَلَّا بَلْ تُحِبُّونَ الْعَاجِلَةَ وَتَذَرُونَ الْآخِرَةَ وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَّاضِرَةٌ إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ - سورة القيامة/ ٢٠٢٣}:

واتە: باوانەبن باشە!! بەڵکوو ئەوان دونیایان خۆش دەوێو وازیان لە ژیانی قیامەت هێناوە لەو دونیا هەندێك دەمو چاو گەشو تەڕو تازەو جوانو درەوشاوەن، دەڕواننە خودای خۆیان سەیری بەدیهێنەری خۆیان دەکەن! پەروەردگار رۆژی قیامەت پەردە لە نێوان خۆیو بەندە راستاڵە خودا پێداوەکانی لادەباو بە راستی دەی بینن ئەم بینینە لەززەتێکی گیانی وایە هیچ خۆشیو لەززەتێکی حیسسی ناگاتێ!

ڕەزامەندی خودای شکۆمەند (رضوان الله تعالی):

بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی کە خۆشیو لەززەتی ئەو دونیا دوو جۆرە: (هەیە گیانی هەیە جیسمانی) ئەوەیە کە قورئان روونی کردۆتەوە، ڕەزامەندی خودا لەو لەززەتو نیعمەتانەیە کە تایبەتە بە بڕواداران و موسوڵمانانەوەو جیاوازە لە لەززەتی حیسسی (واتە: خۆشی هەستی).

خودا دەفەرموێ: {وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللَّهِ أَكْبَرُ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ - سورة التوبة/ ٧٢}:

واتە: یەزدانی مەزن وەعدەی داوە بە پیاوانی موسوڵمانو ژنانی موسوڵمان: وەعدەی باخو باخاتێکی داونێ کە بە ژێردارو درەختەکانیاندا جۆگاو جۆبار دەکشێنو جاری دەبنو هەتا هەتایە تێیاندا دەمێننەوە، هەروا چەند خانو بەرمیەکی پاكو خاوێنو رازاوەیان لە بەهەشتی بەریندا بۆ ئامادە کراوە کەمترین ڕەزامەندی خودا (چ جایی ڕەزامەندییەکی زۆر) بۆ ئەو بەهەشتیيانە لە هەموو نازو نیعمەتە حیسسیەکانی تر خۆشترو چاکترە، کەواتە شاد بوون بە ڕەزامەندی خودا گەییشتنە بە گەورەترین ئاوات!!

لەم ئایەتەدا یەکەمجار قورئان نیعمەتە حیسسیەکان باس دەکا ئەمجار دێتە سەر ئەوە کە رازی بوونی خودا لە هەموو نیعمەتە هەست پێکراوەکان بەرزترە، بە تایبەتی کە خودا بۆ خۆی فەرمویەتی (فوز عظیم) ئیتر ئەم رستەیە ئەوە دەگەیەنێ کە مەبەست لە هەموو جۆرە خۆشییەکی حیسسیو ئامانج لە نازدار ترین شتی حیسسی بەهەشت بەهرەی گیانییەو خۆشی رۆحییە!

شیرینتر ئایەتو رستەیەك کە لە قورئاندا باسی لەززەتی گیانی بکا ئەو ئایەتەیە کە خودای مەزن رۆژی قیامەت بانگی بەندە راستاڵەکانی خۆی پێ دەکاو دەفەرموێ:

{يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً فَادْخُلِي فِي عِبَادِي - سورة الفجر/ ٢٧-٣٠}:

واتە: ئەی نەفسی بە ئارام! ئەی خاوەن بیرو باوەڕی ساخی دەروون هێمنو پڕ لە ئاسایش! ئەوا (بە روو سووری) هاتیتەوە دیوانی خودا، دەفەرموو بچۆرەوە کۆشی رەحمەتی خوداو لە پەنای خودای خۆتا بحەوێرەوە، لە خودا رازیو خودا لە تۆ رازی دەی بفەرموو بچۆرە ریزی بەندە باشەکانی خۆمەوەو لەگەڵ ئەوانا بڕۆرە ناو بەهەشتی بەرینی منەوە.

بەهەشت خانووی ئاسایشە (الجنة دار السلام):

بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی کە لەززەتی رۆحی لە بەهەشتدا هەیە ئەوەیە: کە پەروەردگار وەسفی بەهەشتی بە (دار السلام) کردوە، واتە خانەی ئارامیو ئاساییشە، هەروا دەفەرموێ: دانیشتوانی هەموو لە خۆشیو ئارامیدان قسەو گفتو گۆیان لەگەڵ دەکەن. خودا بۆ خۆی لە وەسفو سەنای بەهەشتدا دەفەرموێ:

{لَهُمْ دَارُ السَّلاَمِ عِندَ رَبِّهِمْ وَهُوَ وَلِيُّهُمْ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ - سورة الأنعام/ ١٢٧}:

واتە: پاداشێکی هەرە باشی تری موسوڵمانی خودا پەرست ئەوەیە کە لە خزمەتی خودای خۆیان خانووی پڕ لە ئاسایشو ئارامیان بۆ رازاوەتەوە، کە هەرچی هۆی ناخۆشیو نارەحەتی بی تیایاندا نیە!

لە شوێنێکی تردا پەروەردگار وەسفی ژیانی ئارامو پڕ کامەرانی موسوڵمانانی بەهەشت دەکاو دەفەرموێ:

{إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ يَهْدِيهِمْ رَبُّهُمْ بِإِيمَانِهِمْ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمُ الأَنْهَارُ فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ دَعْوَاهُمْ فِيهَا سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَتَحِيَّتُهُمْ فِيهَا سَلاَمٌ وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ – سورة يونس/ ٩-١٠}:

واتە: ئەوانەی بڕوایان هەبووەو کردەوەی چاکیان کردوە، ئەوە خودای گەورە بە هۆی پیرۆزی بیرو باوەڕیانەوە شارەزایان دەکا بۆ ڕێگەی بەختەوەریو لەو دونیا دەیانخاتە بەهەشتەوە لەو بەهەشتە خۆشە بەرینەدا بە ژێر دارو درەختی باخو بوڵاخی بەناو هەموو کونو قوژبنی کۆشکو تەلارەکانیاندا جۆگەو جۆبارو چۆمو روبار دەکشێن. دوعاو نزای ئەو بەهەشتیانە بریتییە لەوە کە دەڵێن (سبحانك اللهم) پەروەردگارا! پاکو خاوێنی لە هەموو خەوشێك شایانی زاتی تۆیە!!

سەلام کردنو چاكو چۆنیان بە سەلامی ئیسلامانەیە هەموو جارێ ئاخر قسەیان رستەی (الحمد لله رب العالمين)ە.

بە کورتی چی لە بەهەشتدا هەیە بریتییە لە ئارامیو سەلامو دڵنەواییا!

لە شوێنێکی تردا قورئان باسی سەلام کردنی فریشتە لە موسوڵمانەکان دەکاو دەفەرموێ:

{جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا وَمَنْ صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَالمَلاَئِكَةُ يَدْخُلُونَ عَلَيْهِم مِّن كُلِّ بَابٍ سَلاَمٌ عَلَيْكُم بِمَا صَبَرْتُمْ فَنِعْمَ عُقْبَى الدَّارِ – سورة الرعد/ ٢٣-٢٤}:

واتە: پاداشی موسوڵمانان باخەکانی بەهەشتە رۆژی قیامەت داخڵی دەبن خۆیانو باوكو باپیری خودا ناسیانو ژنو خێزانی موسوڵمانیانو کوڕو کچو نەوەی راستاڵیان، فریشتە لە هەموو دەرگاییکەوە دەچن بۆ لایانو پیرۆز بایيان لێ دەکەنو پێیان دەڵێن سەلامی خوداتان لێبێ ئەمە پاداشی کرداری چاکتانە وا پێی

شادو کامەران بوون، بەهۆی ئارام گرتنتانەوە لەسەر کردنی تاعەتو بەجێ هێنانی فەرمانی پەروەردگارتان، بێگومان خۆشترین جێگەی حەوانەوە کە لە ئەنجامی کاری باشا کەسێ وەری بگرێ ئەم خانەی بەهەشتەیە کە دراوە بە ئێوە.

لە مانای ئەم ئایەتانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ژیانی ئەو دونیا ژیانی کامەرانیو ئارامیو ئەمنو ئاسایشە کە خۆشیو لەززەتێکە بە گیان هەستی پێ دەکرێو جیاواز لە لەززەتی حیسسی.

ئەمە بوو بە کورتی باسی لەززەتە گیانییەکانی ناو بەهەشت کە لە قورئاندا باس کراون هەر ئەوەندەش بەسە بۆ پوچاندنەوەی راوو بۆچوونی ئەوانەی رەخنە لە ئایینی ئیسلام دەگرنو گوایە دەڵێن: لەززەتەکانی قورئان باسیان دەکا لەززەتی ماددیو جیسمانینو لەززەتی گیانی نین!!

سزای کردەوەی خراپ (الجزاء على العمل السيء):

قورئانی پیرۆز ئەوە دەچەسپێنێ کە سزای سەرپێچی کەران لەسەر کردنی گوناهەکانیان ئاگری دۆزەخە، ئەو ئاگرە قورئان حەوت ناوی بۆ داناوە (جهنم، الهاوية، الجحيم، سعير، سقر، لظى، الحطمة).

لەناو ئەم ناوانەدا جەهەننەم لە هەموویان زیاتر مەشهوورە، پەروەردگار لە دەیەها ئایەتی قورئاندا باسی دۆزەخی (جەهەننەم)ی هاوردوە، باسی بڵێسەو سوتەمەنیو گڕو گفی کردوە، وەسفی خۆراكو خواردنەوەو سزای بە ئێشی کردوە بە جۆرێك کە ترس بخاتە ناو دڵی گوناهکارانو ستەمکاران بۆئەوەی هەموو زۆردارێك لە جەورو ستەمی ناڕەوای خۆی بکشێتەوە!!

پەروەردگار لە وەسفی سوتەمەنی دۆزەخدا فەرموویەتی:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ – سورة التحريم/ ٦}:

واتە: ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هەیە بە خودا خۆتان‌و ماڵ‌و منداڵتان بپارێزن لە ئاگرێك کە سوتەمەنیەکەی ئادەمیزادو بەردە، ئاگر خۆشکەرو لێپرسراوانی سەری چەند فریشتەیەکی دڵ ڕەق‌و بێ بەزەیین. ئەم ئایەتە پیرۆزە وێنەیەکی ڕاستەقینەمان دەداتێ لەو جەهەننەمەی کە سوتەمەنیەکەی ئادەمیزادو بەردە، هەر بەمەشەوە ناوەستێ بەڵکوو ئەوەشمان پێ دەڵێ: کە فەمانبەرانی سەر ئاگرەکەو کاربەدەستانی دۆزەخ چەند فریشتەیەکی بە سام‌و دڵ ڕەق‌و بێ بەزەیین کە بە دیمەنی سامناکیان ئێش‌و ئازاری سزاکە ئەوەندەی تر زیاد دەکەن!!

لە شوێنێکی تردا باسی نێڵە نێڵەی گڕەکەی دەکا دەفەرموێ: {يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ - سورة ق/ ٣٠}:

واتە: بیر لەو ڕۆژە بکەرەوە کە بە دۆزەخ دەڵێین: ئایا پڕ بووی‌و تێرت خوارد لە لاشەی دۆزەخیان؟ ئەویش وەڵام دەداتەوە دەڵێ: ئەگەر ماوە بابێ هێشتا ماوەمە!

لە شوێنێکی تردا پەروەردگار باسی ئەوە دەکا کە لە دوورەوە دۆزەخ گوناهبارەکان دەبینێ ئەوانیش دۆزەخ دەبینن چاویان بە گڕو هەڵچوونی دەکەوێ‌و گوێیان لە لرفە لرفی دەبێ کە دەفەرموێ:

{إِذَا رَأَتْهُم مِّن مَّكَانٍ بَعِيدٍ سَمِعُوا لَهَا تَغَيُّظًا وَزَفِيرًا - سورة الفرقان/ ١٢}:

واتە: هەر لە دوورەوە کە چاو فەرقی دۆزەخ دەکاو لە یەکتری ئاشکرا دەبن بە گوێی خۆیان گوێیان لە لرفە لرف‌و قرخە قرخ‌و لوورە لوورو پیش خواردنەوەیەتی کە لە ڕقانا لێوە کرۆژمیەتی‌و فیشکە فیشکیەتی!

لە شوێنێکی تردا قورئان باسی پۆشاك‌و بەرگی دۆزەخیان دەکاو دەفەرموێ: {هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِّن نَّارٍ يُصَبُّ مِن فَوْقِ رُؤُوسِهِمُ الْحَمِيمُ يُصْهَرُ بِهِ مَا فِي بُطُونِهِمْ وَالْجُلُودُ وَلَهُم مَّقَامِعُ مِنْ حَدِيدٍ كُلَّمَا أَرَادُوا أَن يَخْرُجُوا مِنْهَا مِنْ غَمٍّ أُعِيدُوا فِيهَا وَذُوقُوا عَذَابَ الْحَرِيقِ – سورة الحج/ ١٩-٢٢}:

واتە: ئەوانەی کافرو خوا نەناسن ڕۆژی ڕەستاخیز دەخرێنە ناو دۆزەخەوە پۆشاکیان لە ئاگر بۆ دەبڕدرێو لەبەریان دەکرێ لە ژوور سەریانەوە ئاوی کوڵاوویان بەسەردا دەکرێ ناوسكو پێشییان هەمووی دادەپڵۆخێو دەتوێتەوە، گورزی ئاگرینیان بۆ ئامادەکراوە هەردەم بەو گورزانە دارکاری دەکرێن، هەرکاتێ هەوڵی ئەوە بدەن لەو تەنگو چەڵەمەیە رزگاریان ببێ بێنە دەرەوە لە لوتیان دەدرێو نائومێد دەکرێنەوە، بە تەوسەوە پێیان دەگوترێ دەی بچێژن تامی ئاگری سووری پڕ ئێشو ئازاری دۆزەخ. ئەوەتا لە شوێنێکی تردا قورئان ئاوا باسی خواردەمەنی دۆزەخ دەکاو دەفەرموێ:

{إِنَّ شَجَرَةَ الزَّقُّومِ طعام الأثيم كَالْمُهْلِ يَغْلِي فِي الْبُطُونِ كَغَلْيِ الْحَمِيمِ خُذُوهُ فَاعْتِلُوهُ إِلَى سَوَاءِ الْجَحِيمِ ثُمَّ صُبُّوا فَوْقَ رَأْسِهِ مِنْ عَذَابِ الْحَمِيمِ ذُقْ إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْكَرِيمُ – سورة الدخان/ ٤٣}:

واتە: داری بەرتاڵی نەفرەت لێکراو خۆراکی گوناهبارانە لە دۆزەخدا، وەك خڵتەی زەیت یا مسی تواوە لەناو سکیانا دەکوڵێ، وەکوو چۆن ئاوی داخ لەسەر ئاگری بەتین دەکوڵێ ئاوا، بەم شێوە سزا دەدرێن ئەمجار فەرمان دەکرێ بە زەبانیەو کاربەدەستانی دۆزەخ پێیان دەگوترێ: دەیڕ کێشی کەنێو بیبەن بۆ ناوەڕاستی دۆزەخ با برێکیش لە سزای ئەوێی بەرکەوێ! دوایی بۆ زیادە ئێشو ئازار پێ گەیاندن، لە تەوقی سەریەوە ئاوی کوڵاتوی پیاکەن، ئەمجار بە تەوسو توانجەوە پێی دەڵێن: دەفەرموو بچێژە ئەم سزا پڕ ئێشە، تۆ بە قسەی خۆت گوایە عەزیزو بەرزیتو لەکنە خۆت شایانی نازو نەوازشی!!

لە شوێنێکی تردا پەروەردگار وەسفی سزای دۆزەخ بەم جۆرە باس دەکا:

{وَخَابَ كُلُّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ مِّن وَرَآئِهِ جَهَنَّمُ وَيُسْقَى مِن مَّاء صَدِيدٍ يَتَجَرَّعُهُ وَلاَ يَكَادُ يُسِيغُهُ وَيَأْتِيهِ الْمَوْتُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍ وَمِن وَرَآئِهِ عَذَابٌ غَلِيظٌ – سورة ابراهيم/ ١٥-١٧}:

واتە: هەموو خۆ بە زلزانێکی سەر ڕەقی لووت بەرز بە هیلاك چوون، هەموو سەر شۆڕو داماو بوون ئەوسا بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێنو لەوێ پەچەی

لێ دەگرن، کە لەوێ کێم‌و زوخاویان دەرخوارد دەدرێ، کە دۆزەخی بە نابەدڵی قومی لێ دەدا لە بینی دەگیرێ، کە مژی لێ دەگرێتەوە دیسان بۆی قوت ناچێ ئەوەندە بۆگەن‌و ناخۆشە هەرساتێکی بە مردنێکەو مردن لەچاو ئەو ژیانە پڕ مەینەتەدا زۆر خۆشە، بەڵام بۆ نەگبەتی نامرێ!. سەرەڕای ئەم هەموو ئێش‌و ئازەرەیش جار لەگەڵ جارا ئازاری گرانتر دەبێ!

سزاو ئێش‌و ئازاری توندی ئەو دونیا (شدة عذاب الآخرة):

خودای گەورە کە وێنەی سزای ڕۆژی ڕەستاخیز دەکێشێ وای باس دەکا پێستی مرۆڤ هەر بە بیستنی گرژ دەبێ‌و مچوڕکەی بە لەشدا دێ، سزای ڕۆژی قیامەت‌و ئێش‌و ئازاری دۆزەخ بە جۆرێکە کە مرۆڤ ناتوانێ خۆی بۆ رابگرێ! کەوایە باشتر وایە بۆ موسوڵمان کە هەوڵ بدا خۆی لەئەو ئێش‌و ئازارە قوتار بکا هەردەم فەرمانبەرداری پەروەردگاربێ‌و خۆی لە نارەزایی ئەو بپارێزێ، ئەو سزایەی خودا وێنەی کێشاوە ئادەمیزادی پێ ترساندووە جۆرە سزایەکە ئەمڕۆ زانستی تازە لایەنێکی نهێنییەکەی بەدەر خستووە خودا دەفەرموێ:

{إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِآيَاتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُمْ بَدَّلْنَاهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُواْ الْعَذَابَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا - سورة النساء/ ٥٦}:

ئەمە ماناکەی ئەوە دەگەیەنێ کە هەرکاتێ ئاگری دۆزەخ پێستی ئەو گوناهبارانە بخواو لەناوی بەرێ خودای پەروەردگارو بە توانا پێستێکی تریان بۆ دروست دەکاتەوە تا زیاتر ئێش‌و ئازاریان پێ بگا. هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو رەگانەی ئێش‌و ئازار دەگوێزنەوە هەموویان لە توێی پێستدان‌و ماسولکەو ئەندامەکانی تری ناوەوە هەست کردنیان زەعیفە، هەر بۆیەشە نۆژدار دەزانێ کە هەڵپڕوکان لە سووتان بە سوێ ترە واتە سوتاوییەك لە پێست تێ نەپەڕێ ئازارەکەی زۆرترە لە سوتاوییەك کە دەگاتە ئەنسیجەو ماسولکەکان، هەرچەندە سوتاوییەکی وا قووڵ سامناکترە بەڵام ئازاری کەمترە. جا لەبەر ئەوە خودای

پەروەردگار پێمان دەفەرموێ: هەرکاتێ پێستی ئەو دۆزەخیانە بە ئاگر سووتا بۆئەوەی ئازارەکەیان هەر بەشیدەت و بەردەوام بێ، خێرا پێستێکی تریان بۆ دروست دەکەینەوە! ئا لێرەدا حیکمەتی پەروەردگار دەردەکەوێ! کاتێکیش قورئان ئەم زانستییەی وتووە مرۆڤ هیچی لەم بارەوە نەزانیوە، بە راستی خودای پەروەردگار زاناو بە تواناو کار دروستە!!

ئا ئەوەیە سزای سەختی جەهەننەم کە کافرەکان دەیچێژن وەها بە ئێشە بۆیە هەوڵ دەدەن بە هەر شێوەیەك بێ خۆیانی لێ قوتار بکەن.

{إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لِيَفْتَدُواْ بِهِ مِنْ عَذَابِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ-سورة المائدة/ ٣٦}:

واتە: ئەوانەی کافرو خوا نەناسن رۆژی قیامەت تووشی سزاو ئێش و ئازارێکی وا دەبن ئەگەر چی لە زەویدا هەیە بارمتەی ئەوان بێ و ئەوەندەی تریشی لەگەڵ بێ دەیدەن بە فیدیەو بارمتە ئەوەی لەو سزایەی رۆژی قیامەت دوور بخرێنەوە، بەڵام لێیان وەرناگیرێ و هیچیان بۆ مەیسەر نابێ هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیان بێ سوودو ئەنجامە بەشی ئەوان هەر ئازارو ئێشی توندو کوشندەیە...

ئایا مانەوە لە دۆزەخدا ئێجگارییە (هل هناك خلود في النار):

مانەوە لە دۆزەخدا پەیوەستە بە ویستی خوداوە، ئارەزۆی چۆن بێ وا دەبێ، چونکە مەرج نییە هەرکەسێك چووە ناو دۆزەخەوە هەتا هەتایێ تێیدا بمێنێتەوە!

خودا دەفەرموێ: { النَّارُ مَثْوَاكُمْ خَالِدِينَ فِيهَا إِلاَّ مَا شَاء اللّهُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ – سورة الأنعام/ ١٢٨}:

واتە: ئەی سەرپێچی کەران! دۆزەخ شوێنی مانەوەتانە بۆ هەتا هەتایە مەگەر ویستی خودا وابی لە کاتێکی دیاری کراودا بێنە دەرەوە.

لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: {فَأَمَّا الَّذِينَ شَقُواْ فَفِي النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ خَالِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ إِلاَّ مَا شَاء رَبُّكَ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ - سورة هود/ ١٦-١٧}:

واتە: ئەوانەی کە تووشی شەقاوەت‌و گومڕاهی بوون لە کافرو ستەمکاران دەخرێنە ناو دۆزەخەوە، لەوێدا تووشی تەنگە نەفەسی‌و نالە نال‌و ئازارێکی هەمە جۆر دەبن، هەتا هەتایە ئەو سزایەیان بەردەوامە تا ئاسمان‌و زەوی تایبەتی ئەو دونیایە بەردەوام بن سزاو ئازاری ئەمانیش بەردەوامە مەگەر ویستی خودای تۆ وابێ کە بڕێك لەو دۆزەخیانە رزگار بکا چونکە خودا بۆخۆی چی بوێ‌و ویستی چۆن بێ ئەوە دەکا!

بەکورتی هەرکەسێك سەرنج بداتە باسی رۆژی رەستاخیز لەقورئان داو ئەو نهێنی‌و شتە پەنامەکیانە کە لە خۆی گرتون. دەربارەی ئەو دیوی سروشت هەرگیز بڕوا ناکاو بە خەیاڵیا نایێ کە ئەو قورئانە زادەی عەقڵی ئادەمیزاد بێ، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێ) چەندێك خەیاڵ فراوان بێ‌و زانابێ ناتوانێ کە ئەم سەر گوزشتەو خەبەرە چەسپێنراوانە بێنێ کە هەموویان بەڵگەی عەقڵی‌و بەهێز پاڵپشتیان دەکا، ئەو روداوو سەر گوزەشتانەی کە دەیان گێڕێتەوە هەر کە دەیان بیسین هەست بەوە دەکەین کە قسەی ئادەمیزاد نین، بەڵکوو سروش‌و نیگای خودایەو ناردویەتی بۆ حەزرەتی محمد (درودی خوای لەسەر بێ). تابڕێ نهێنی ئەو دونیای بۆ روون بێتەوە بۆ ئەوەی بە کردەوەی چاك‌و باش خۆی بۆ حازر بکا.

بەشی حەوتەم:

بڕوا بە فریشتە (الإيمان بالملائكة)

مەبەست لە هەبوونی بڕوا بە فریشتە - راستیو چۆنیەتی فریشتە - سروشتی فریشتە - کردەوەی فریشتە - فریشتەکان تکاو شەفاعەت دەکەن بۆ موسوڵمانانو داوای لێ خۆش بوونیان بۆ دەکەن - فریشتەکان کردەوەی ئادەمیزاد دەنووسن.

مەبەست لە هەبوونی بڕوا بە فریشتە:

بڕوا بە فریشتە سەردەکێشێ بۆ ئەوەی بڕوا بکەی بەوەی کە ئادەمیزاد ژیانێکی گیانیشی هەیە پێویستە ئەم ژیانە گەشەی پێ بدرێو ویستەمەنیەکانی دابین بکرێ، تا مرۆڤ لە خێرو بێری ئەو ژیانە کەڵك وەرگرێ، مەبەستو غەرەزیش لێرەدا بەرزکردنەوەی مرۆڤە کە ئایینی ئیسلام بڕوای فریشتەی کردوە بە کۆمەڵێك لە بناخەی ئایینی ئیسلام.

{آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ – سورة البقرة/ ٢٨٥}:

واتە: پێغەمبەر بڕوای تەواوی بەو پەیامە مەزنە هەیە کە لە خودای خۆیەوەو بۆی هاتووە، بۆیە تێکەڵاوی خوێنو مۆخی بووە، هەروا موسوڵمانانیش لە سایەی خوداوە گشت لایەکیان باوەڕی ساغیان بە خوداو بە فریشتەی خوداو کتێبی خوداو پێغەمبەرانی خودا هەیە.

راستیی چۆنیەتی فریشتەکان (حقيقة الملائكة):

قورئانی پیرۆز چەند جارێك ئەوەی روون کردۆتەوە کە ئادەمیزاد لە گڵ دروست کراوە هەروەها جندۆکە لە ئاگر دروست کراون کەچی هیچ باسی دروست کردنی فریشتەی نەکردوە، بەڵام لە پێغەمبەرەوە بیستراوە فەرموویەتی: {خلقت الملائكة من نور وخلق الجن من مارج من نار – رواه مسلم}.

واتە: فریشتە لە نورو روناکی دروست کراون (جان)ی باوکی نەوعی جنۆکەی لە بلێسەی ئاگری سووری بێ دوکەڵ دروست کردوە لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە فریشتە عالەمێکی ناسكو نادیارن بە هەستە ئاساییەکان هەستیان پێ ناکرێ. فریشتەکان هەرچەندە بەچاوی ئاسایی ئێمە نایان بینین بەڵام عەقڵ نەبوونیان ناسەلمێنێو دان بە هەبوونیاندا دەنێ زانایانیش ئەمڕۆ ئیددیعای ئەوە ناکەن کە ئادەمیزاد هەموو شتێکی کەشف کردوەو هەموو شتێك دەزانێ چونکە لە هەموو رۆژێکا زانیاری شتێکی نەزانراوی تازە دەخاتە روو کە لەوەپێش ئێمە نەمان زانیوە، دەی باشە دەتوانین بڵێین ئەم شتانە پێش پێ زانینیان نەبوو بوون دوای کەشف کردنیان پەیدا بوون؟! دیارە شتی وا وەڵامەکەی هەر (نەء)ە.

سروشتو کردەوەی فریشتەکان (طبیعة الملائکة وأعمالها):

سروشتی فریشتە جیاوازە لە سروشتی ئادەمیزاد لەم روەوە کە فریشتە هێزی ئیختیاری نیە، بەڵکوو شێوەیەکی تایبەتی پێ سپێرراوە نابێ لەو رێبازە بە موو لابدا، سروشتیشی وا دروست کراوە کە هەردەم گەردن کەچو فەرمانبەردار بێ نەك سەرپێچیکەرو گوێ پێ نەدەربێ.

پەروەردگار دەربارەی فریشتە فەرموویەتی: {وَلِلّهِ يَسْجُدُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مِن دَآبَّةٍ وَالْمَلآئِكَةُ وَهُمْ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوْقِهِمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ – سورة النحل/ ٤٩-٥٠}:

واتە: چی لە ئاسماندایە هەر هەموویانو چی لە زەویدا لە پێڕۆکەو خشۆكو باڵندە هەموویان سوجدە دەبەن بۆ خوداو گەردن کەچی دەنوێنن فریشتەکانیش هەر هەموویان فەرمانبەردارنو گەردن کەچو لە ئەمرو ئیطاعەی خوداد انو هەرگیز تەکببوروخۆ بە زل زانییان لێ رەچاو ناکرێ دەترسن لە خودای گەورەو بە دەسەڵاتی باڵا دەستیانو هەرچی پێیان بگوترێ تەنفیزی دەکەنو بە جێی دەهێنن!!

دیاری ترینو گرینگترین ئیشو کاری فریشته بریتییه له هێنانو راگەیاندنی سروش له خوداوه بۆ پێغەمبەران.

قورئان دەفەرموێ: {الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَّثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ - سورة فاطر/ ١}:

واته: هەرچی سوپاس هەیه بۆ یەزدانی پاکه، که له نەبوون ئەم بونەوەره سەیرو بێ مانەندەی به ئاسمانو به زەوییەوه دروست کردوەو فریشتەیشی کردوه به پەیام بەرانی خۆی بۆ لای پێغەمبەرانی، که حاڵیان وایه باڵیان دوو دوو، یا سێ سێ، یا چوار یان زیاتره، هەمیشه خودا له دروست کراوانی خۆی هی نوێ دروست دەکا چونکه خودا تەواناى هەموو شتێکی هەیەو هیچی له دەست دەرناچێ.

پەروەردگار بەم ئایەته ئەوەمان پێ رادەگەیەنێ که فریشتەکانی کردوون به ناوبەندو واسیته له بەینی زاتی خۆیو پێغەمبەرەکانیدا سروشی خودا دەهێنن‌و پێیان رادەگەیەنین. پێویسته ئەوەش بزانین که باڵ له عالەمی ماددەدا ئامێری هەڵفڕینو به حەوادا رۆیشتنه، زۆری باڵ ئاماژەیه بۆ تیژ رەوی. بەڵام له عالەمی ئەرواحدا نیشانەیه بۆ بەهێزیو گورجو گۆڵیو جێ بەجێ کردنی فەرمانی خودا به زووی.

قورئان دەفەرموێ: {يُنَزِّلُ الْمَلآئِكَةَ بِالْرُّوحِ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ أَنْ أَنذِرُواْ أَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنَاْ فَاتَّقُونِ – سورة النحل/ ٢}:

واته: پەروەردگار فریشته دەنێرێته خوارێ به سروشی تایبەتی خۆی فەرمانو ویستی خۆی تیا روون دەکاتەوه بۆ کەسێك که خۆی به شایانی سروشی بزانێ... پوختەو پاڵفتەی سروشەکەش برێتییه لەوه ئەو پێغەمبەرانه گەلەکانیان بترسێنن له سزای خوداو پێیان رابگەیەنن که هیچ خودایەکی راستو

حەق نیە جگە لە خۆم بەولاوە! دەی کەوابوو با خەڵك خۆ لە سزای بە ئێشم بپارێزن‌و تاعەت‌و گەردن کەچی تەواوم بۆ بکەن!

شایەنی باسە کە لێرەدا وشەی (روح) بە مانا سروشە بۆیەش پەروەردگار سروشی بە (روح) شوبهاندووە چونکە سروش ویجدان بە ئاگا دێنێتەوە، گەل‌و هۆزو کۆمەڵ لە خەوی بێ هۆشی بێدار دەکاتەوە! هەروەکوو چۆن (روح) لاشە زیندوو دەکاتەوە. ئەوەش لە یاد نەکەین کە لە قورئاندا هاتووە ئەو فریشتەیەی هاتووە بۆ لای حەزرەتی محمد (دروودی خوای لەسەر بێ)و قورئانی بە سروش بۆ هێناوە ناوی جیبریلە.

{قُلْ مَن كَانَ عَدُوًّا لِّجِبْرِيلَ فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَى قَلْبِكَ بِإِذْنِ اللّهِ – سورة البقرة/ ٩٧}:

واتە: ئەی پێغەمبەر بەو کافرانە بڵێ: هەر کەسێك دوژمنی جوبرائیلە با لە ورگی خۆی بداو چی لە دەست دێ با بیکا، چونکە بە راستی جوبرائیل بوو لە خوداوە سروشی هێناو خستیە دڵی تۆوە! جوبرائیل لە قورئاندا بەناوی (الروح الأمين) گیانی هێمن‌و بە ناوی (روح القدس) واتە گیانی پاك، هاتووە پەروەردگار بە حەزرەتی محمد (دروودی خوای لەسەر بێ) دەفەرموێ:

{وَإِنَّهُ لَتَنزِيلُ رَبِّ الْعَالَمِينَ نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ عَلَى قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ الْمُنذِرِينَ – سورة الشعراء/ ١٩٢-١٩٤}:

واتە: قورئان نێردراوی پەروەردگاری بونەوەرە (روح الأمين) هێناوییەتە خوارێ بۆ سەر دڵی تۆ تا ببیتە ترسێنەری خەڵك. یان دەفەرموێ:

{قُلْ نَزَّلَهُ رُوحُ الْقُدُسِ مِن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ – سورة النحل/ ١٠٢}:

واتە: بڵێ قورئان روحولقودس لە خوداوە هێناویەتی، راست‌و دروست‌و بێ غەل‌و غەشە.

برێ لە ئەرکی سەر شانی فریشتە دڵنەوایی کردنی پێغەمبەرانە هەروەها یارمەتی دانیان‌و بەهانا چونیانەوەیە لە کاتی تەنگانەو سەخڵەتیدا بۆ دڵ

دانەوەیان، وەك ئەوە پەروەردگار جوبرائیلی نارد بۆ بەهانا چوونی حەزرەتی عیساو پاڵپشت کردنی.

خودا دەفەرموێ: {وَآتَيْنَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ الْبَيِّنَاتِ وَأَيَّدْنَاهُ بِرُوحِ الْقُدُسِ – سورة البقرة/ ٨٧}:

واتە: عیسای کوڕی مەریەم موعجیزەو بەڵگەی ئاشکرامان دایە لەسەر راستی پێغەمبەرایەتیەکەی، بەهۆی روحولقودسەوە یارمەتیمان داو پشتگیریمان کرد.

فریشتە دێنە خوارێ بۆ سەر دڵی موسوڵمانانو دڵنەواییان دەکەنو موژدەیان بەسەر کەوتنی دونیاو خەنی بوونیان بەهەشت دەدەنێ.

{إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ - سورة فصلت/ ٣٠-٣١ }:

واتە: ئەو خودا پێداوانەی دەڵێن: خودای ئێمە یەزدانی پاکەو ئەمجار بەردەوام دەبن لەسەر عەقیدەو بیرو باوەڕی راستی خۆیان، فریشتەی رەحمەت دادەبارێن بە سەریاندا، لە کاتی سەرە مەرگاو لە کاتی خستنە ناو گۆڕداو لە کاتی زیندوو بوونەوەدا پێیان دەفەرمون: ترستان نەبێ، نەترسی لەمەو دواتان هەبێ نەخەمی ماڵو منداڵتان هەبێو موژدەی چوونە بەهەشتتان لێ بێ لەگەڵ ئەو هەموو نازو بەهرەیەی کە باس کراوە بۆتان، لە هەردوو جیهاندا، خۆمان خاوەنتانینو کەسێکیش خودا خاوەنی بێ هەوەجێی بە کەسی تر نابێ.

ئەرکێکی تری فریشتەکان ئەوەیە کە خودای پەروەردگار دەیانکاتە یارمەتیدەری موسوڵمانان لە کاتی شەڕ لەگەڵ دوژمنیان تا موسوڵمانان بتوانن بەسەر دوژمنیاندا زاڵ بین.

{إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَاسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ الْمَلآئِكَةِ مُرْدِفِينَ وَمَا جَعَلَهُ اللّهُ إِلاَّ بُشْرَى وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِ قُلُوبُكُمْ وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ - سورة الأنفال/ ٩-١٠}:

واتە: بیری ئەو ڕۆژە بکەنەوە کە ئێوە هاوارتان لە خودا دەکردو دەپاڕانەوە کە یارمەتیتان بداو کۆمەکیتان پێبکا، پەروەردگاریش داواکەی پەسەند کردنو وەڵامی دانەوە فەرمووی: یارمەتیتان دەدەم بە هەزار فریشتە یەك بە دوای یەکدا دێنە فریاتان! ئەمەش بۆ مزگێنیو دڵنەوایی ئێوە بوو، تا دڵتان ئارام بگرێو دڵنیابن، ئەگینا یارمەتی لە ڕاستیدا هەر لای خودا خۆیەتیو حەوێجە بە کەسی تر ناکا.

فریشتە گیانی موسوڵمانان ومردەگرنەوەو دەیان مرێنن، {الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلآئِكَةُ طَيِّبِينَ يَقُولُونَ سَلامٌ عَلَيْكُمُ ادْخُلُواْ الْجَنَّةَ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ - سورة النحل/ ٣٢}:

واتە: ئەو کەسانەی فریشتە گیانیان دەکێشێو ئیمانو باوەڕێکی ڕێكو پێکیان هەبووەو خودا پەرستی بە ڕاستی بوون پێیان دەڵێن: سڵاوی خوداتان لێ بێ، فەرموون بچنە بەهەشتەوە لە پاداشی کردەوەی چاكو ئیشی باشتاندا. هەروەها ئەوانەی کە ستەمیان لە خودی خۆیان کردوە سەر پێچی فەمانی خودایان کردوە هەر فریشتە گیانیان دەکێشنو دەیان مرێنن.

{الَّذِينَ تَتَوَفَّاهُمُ الْمَلآئِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ - سور النحل/ ٢٨}:

پێغەمبەرەکانو زاناکان، کە خودا زانستی بە سوودی پێ بەخشیون دەفەرموون: بە ڕاستی ئەمڕۆ تەریقیو ڕوو ڕەشی بۆ ئەو کافرانەیە کە کاتێ فریشتەکان گیانیان کێشان زوڵمو زۆرو ستەمەکی ئەوتۆیان لە خۆیان کردبوو بە هۆی مانەوەی ئێجگارییان لە دۆزەخا.

فریشتەکان شەفاعەت خوازن و داوای لێخۆش بوون بۆ موسوڵمانان دەکەن (الملائکة تشفع وتستغفر للمؤمنین)

قورئانی پیرۆز ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە فریشتەکان شەفاعەت خوازن بۆ موسوڵمانان و شەفاعەتەکەشیان پێویستی بە ئیزن و رەزامەندی پەروەردگار هەیە.

{وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لَا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلَّا مِن بَعْدِ أَن يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَن يَشَاءُ وَيَرْضَى - سورة النجم/ ٢٦}:

واتە: چەند لەو فریشتانە لە ئاسمانەکاندا هەن لەگەڵ ئەو هەموو رێزو نرخەی لای خودا هەیانە هێشتا شەفاعەتیان سوودی نیەو هیچ نرخێکی نیە مەگەر خودا بۆ خۆی ئیزن بداو رازی بێ بەو شەفاعەتە.

هەروەها فریشتە داوای لێخۆش بوون دەکەن بۆ موسوڵمانان و لە خودا دەپارێنەوە کە ئەوان شارەزا بکا بۆ رێگای سەر فرازی و خۆش بەختی.

{الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدتَّهُم وَمَن صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ وَقِهِمُ السَّيِّئَاتِ وَمَن تَقِ السَّيِّئَاتِ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمْتَهُ وَذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ - سورة غافر/ ٧-٩} :

واتە: ئەو فریشتانەی عەرشیان وا بەشانەوەو هەڵگری عەرشن و ئەوانەی وان لە دەوروبەری، هەردەم خەریکی تاعەت و خودا پەرستین، بڕوایان بە خودا هەیەو داوای لێ خۆش بوون لە خودا دەکەن بۆ ئەوانەی موسوڵمانن، دەڵێن: پەروەردگارا! رەحمەت و بەزەیی و عیلم و زانست و زانینی تۆ هەموو شتێك دادەگرێ و بەشی هەموو شتێك دەکا، کەوابوو نزامان ئەوەیە کە خۆش بێ لەوانەی تۆبەیان لە گوناح کردوە، شوێن رێبازی راستاڵ و پیاو چاکانی تر کەوتوون، لە سزای دۆزەخ بیانپارێزە!! پەروەردگارا! بیانخەرە نێو باخی بەهەشت

ئـەو بەهەشـتـەی خـۆت پـەیمانت داونـێ پـەیمانت داوە بـە خۆیـان بەوانـەش کـە راستاڵن لە باوكو باپیریان لە ژنو منداڵیان بە راستی زاتی تـۆ زاتێکی بـە توانـاو کارامەیە، پەروەردگارا! هەموو ئەوانە بپارێزە لە تەنگو چەڵەمەو ناخۆشیی ئەو رۆژە سەختە جا خۆ کەسێك تۆ لـە ناخۆشی ئـەو رۆژە بیپارێزی ئـەوە بێگومـان رەحمت پێ کردوەو بە مراد گەییشتنێکی گەلێ مەزنە. تکاکاری فریشتەو داوای لێ خۆشبوونی پەروەردگار بۆ موسوڵمانانو دوعاو نزاکردنیان لە خودا بۆیان ئەمانە هەموو ئاماژەیە بۆ ئەوە کە موسـوڵمانان بـۆ خۆیـان رێگـای راسـت بگـرنو بـەرەو پێشکەوتنو سـەرکەوتن هـەنگاو بنـێنو ئـەو رێگـا راسـتە بگـرن کـە لـە تـاریکیو نەزانی کوفرەوە دەریان دەهێنیو دەیانخاتە ناو نورو روناکی باوەڕەوە.

فریشتەکان کردەوەی ئادەمیزاد دەنووسن:

قورئانی پـیرۆز پێمـان رادەگەیـەنێ کـە پـەروەردگار بـۆ هـەموو ئادەمیزادێك چەند فریشتەیەکی تەرخان کردوە کە سات بە سات کـرداری ئـادەمیزاد دەنووسـن بۆ ئەوەی رۆژی رەستاخیز حیسابو کیتابی لەگەڵدا بکرێ.

{وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ كِرَامًا كَاتِبِينَ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ – سورة الإنفطـار/ ١٠-١٢}:

ئەی کۆمـەڵی ئـادەمیزاد! خۆتـان دەسـتە خـەرۆ مەکـەنو دوای ئـاواتی هـیچو پووچ مەکەون، سەرمەکەنە تاوانو بڵێن: خودا کەریمـەو پـەنا بـە کـەرەمی خـودا، بزانن هەمیشە فریشتەی هۆشیارو وریاو ئاگاداری ئێمە چاو دێـرن بەسـەرتانەوە، ئاگایان لە وردو درشتی کارتانە، ئەو فریشتە بەرێزانە نووسەری چاكو چاپووکن، چی لە دەمتان دەرچێو هەرچی دەکەن گورج دەینووسن.

{وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ - سورة ق/ ١٦-١٨}:

واتــە: بــە راســتی ئێمــە ئادەمیزادمــان دروســت کــردوە، چــی خەتــەرەو ختووکەیەك بە دەروونیدا بێ ئێمە دەیـزانینو ئاگامـان لێیـەتی، ئێمـە لـە رەگـی لاملی ئەو مرۆڤە نزیکترین بە خۆی ئەو کاتەی کە هەردوو فریشتەی لای راسـتو چەپی حازرو ئامادەن بۆ ئەوەی هەرشتێکی کردوو گوت خێرا بینووسنو بیخەنـە لاپــەڕەی کردەوەیــەوە، هــەر قــسەیەکی کــرد یــان کردارێکــی لێ رودرا خێــرا دەیقۆزنەوەو بەبێ زیادو کەم دەخرێتە نامەی ئەعمالییەوە وشەی (المتلقیان) لـە دەقە قورئانییەکەدا بە مانا ئەو دوو فریـشتەیەیە کـە لـە راسـتو چـەپی مرۆڤـدا دانیشتوون کردارو گوفتاری سەر ژمێر دەکەن. جا کاتێك مرۆڤ بزانـێ کـە کـردارو گوفتـاری ئـاوا موراقەبـە دەکـرێو سـەر ژمێـر دەکـرێ، بـەبێ شـك خـۆ لـە گونـاح دەپارێزێ!!.

ئەمە برێك بوو لەو باسو خواسەی کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون دەربارەی جیهانی فریشتە سروشتو فەرمانو کرداریان لـە پـاڵ ئـەوەش بۆمـان دەردەکـەوێ کە ئایینی ئیسلام هەمیشە هەوڵی ئەوەیەتی ئادەمیزاد لە چڵکی مادییـەت رزگـار بکا بیگەیەنێتە بەرزایی روحو گیانو جیهانی ئەو دیوی ماددە کە بە ئاشکرا ئەوە دەچەسپێنێ کەئەم ئایینە لە خواوەیەو پێغەمبەر بۆ ئێمەی هێناوە.

بەشی هەشتەم:

بڕوا بە نامە ئاسمانییەکان (الإيمان بكتب الله)

پێویستی بڕوا بە نامە ئاسمانییەکان کە خودا ناردوونی - قورئانی پیرۆز ناوەڕۆکی کتێبە ئاسمانییەکانی پێشوو دەچەسپێنێ - قورئان ئەو راستییەیە کە خەڵك لێی هەڵە بوون - تێڕوانین بۆ تەورات لە نیگای قورئانەوە - تێڕوانین بۆ ئینجیلەکان لە نیگای قورئانەوە.

پێویستی بڕوا بە نامە خوداییەکان:

بڕوا هێنان بە نامە ئاسمانیەکان پایەیەکە لە پایەکانی موسوڵمان، لەم رووەوە کە هەرچی فەرمانی خودا هەیە بە هۆی پێغەمبەرانەوە نێردراوە بۆ گەلانی سەر زەوی، ئەم نامانە لە خۆیان گرتووە، هەروەها بڕوای بە کتێبە ئاسمانییەکانی تریش هەبێ کە نێردراون بۆ پێغەمبەرەکانی گەلانی رابوردو، بڕێ لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ئەوەی چەسپاندووە کە پێویستی سەر شانی پێغەمبەرو گەلەکەیەتی کەئیمان بێنو بڕوایان هەبێ بەهەموو کتێبە نێردراوەکانی خودایی بۆسەر پێغەمبەرانی ڕابوردو ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ﴾ سورة البقرة (٢٨٥)[1].

ئەمجار پەروەردگار لەچەند شوێنی تری قورئانی پیرۆزدا، ناوی ئەم نامە نێردراوانە (تەورات کە بۆ حەزرەتی موسا هاتووە ئینجیل کە بۆ حەزرەتی عیسا نێردراوە زەبوور کە بۆ حەزرەتی داوود نێردراوە صوحوف کە بۆ حەزرەتی ئیبراهیم نێردراوە) هێناوەو باسیان دەکا!.

قورئانی پیرۆز ددان بەناوەڕۆکی نامە ئاسمانییەکانی پێش خۆی دا دەنێ (القرآن مصدق لما سبقه من الكتب الإلهية):

ئەو پەیوەندییەی کە ئایینی ئیسلام دەبەستێتەوە بە ئایینە ئاسمانییەکانی ترەوە لە بنەڕەتو شێوە سەرەتاییەکەی دا پەیوەندی تەصدیق پاڵپشت کردنێکی

---

[1] تەرجەماکەی لەباسی بڕوا بە فریشتەدا رابوورد.

سەرومرە لە شێوە ئێستاییەکەی دا تەصدیقە بۆ ئەو بەشە بنەڕەتیانەی کە خێرو بێری ئادەمیزادی تێدایەو پوختەکردنی ئەو ئایینانەیە لەهەموو بیدعەتو شتە نامۆییەکانی کە بەناحەق پاڵ ئەو ئایینانە دراون... خودا بەپێغەمبەری خۆی دەفەرموێ:

{وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ عَمَّا جَاءكَ مِنَ الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا} سورة المائدة (٤٨).

واتە ئەی پێغەمبەر ئێمە پەراوێکمان بۆ ناردووی کە قورئانە تەصدیقی هەموو نامە ئاسمانییە کانی پێش خۆی دەکا وەکوو تەوراتو ئینجیلو زەبوورو صوحوف، سوارە بەسەر هەموان داو چاوەدێریانە بەسەریانەوە، شایەتە بەڕاستیو دروستییان، کەوابوو ئەی پێغەمبەر تۆ حوکم بکە لەنێوان جولەکەو گاورەکان دابەپێی ئەو کتێبەی بۆت نێردراوە، شوێن هەواو هەوەسی ئەوان مەکەوە، ئێمە بۆ هەموو گەلو هۆزێك شەریعەتو یاسایەکمان داناوە، فەرمانمان پێ کردوون بە پەیرەوی کردنی، وەلێ جیاوازی نێوان ڕێبازو دەستوورەکانی نێوان ئەو ئایینانە کە هەبێ تەنیا لەبڕی کردارو گوفتاری تایبەتی داو لەبەجێ هێنانی بڕێ فرمانو ئەنجام دانی پێداویستییە ئایینەکان دابووەو بەس، ئەوەش بەمەبەستی تایبەتیو بەگوێرەی پێداویستی دەروونو ڕامکردنیان بۆ خودا پەرستی بووە، چونکە پرۆگرامی کردار ئامێزو ڕێبازەکانی پاڵفتەکردنی دەروون لەڕەگو ڕیشەی کوفر هەمەچەشنو جۆراوجۆرنو بەگوێرەی گۆڕانو جیایی کۆمەڵو دەورو بەرو ڕێژەی ئامادەبوونی دەروونی تاکەکانی کۆمەڵ دەگۆڕێنو ئەم دیوو ئەو دیو دەکرێن، ئەو ڕێبازەی بۆ کۆمەڵی فلان سەردەم باش بێ بەکەڵکی کۆمەڵێکی تری سەردەمێکی تر نایە! بۆیە دەبینن بڕی ئایین شێوەی ڕێبازی کڕینو فرۆشتنی جیاوازە لەگەڵ شێوەی ڕێبازی کڕینو فرۆشتنی ئایینێکی تر، هەروەها چونیەتیو ڕێبازی ژنو ژن خوازی ئەم ئایین لەگەڵ هی ئەو ئایین لەبڕێ وردەبابەت دا جیاوازی لەگەڵ هی ئایینێکی تر هەیە، هەروەها لەشێوەی کەفارەتو پاساو دانەوەی گوناح دا.

بـەڵام ئـەوەی کەهـەموو ئایینـەکان لەسـەری کۆبوونـەوەو بڕوایـان پێیـەتی‌و داکـۆکی لەسـەر دەکـەن خـودا بەیـەك ناسـینەو ئیخلاصـی تـەواو بـۆی‌و یاسـا ڕەوشتییە بەرزەکان وەکوو ڕاستگۆیی‌و وەفاو بەبەزەیی... هتد. ئەم شتانە هەموو ئایینەکان لەسەری یەکن‌و یەکدیگرن‌و بڕوایان پێ یەتی.

قورئان ئەو ڕاستییەیە خەڵـك لـێی هەڵەبوون :

ڕۆژگارێکی دورو درێژ بەسەر هاتنە خوارەوەی نامـە ئاسمانییـەکان دا تێپـەڕ بـوو بـوو، زوربـەی ئایەتـەکانیان دەسـتییان تێوەردرابـوو، زۆر گۆڕانکاریـیـان تێـدا ئەنجام درابوو، زۆر شوێنیان بەهەڵە ڕاڤە کرابون‌و خرابوونە مێشکی خەڵکییەوە، جیـاوازی نێـوان ئـەو ئایینانـە گەیـشتبووە ئەوپـەڕی شـێوان‌و تێکـدان، ئـادەمیزاد کەوتبووە تـەنگ‌و چەڵەمەیەکی دژوارەوە کـەنزیك بـوو بەتـەواوی لـەدینی خـودا دەرچن‌و سەرجەم بکەونە ناو ئیلحادو بێ ئایینی‌و بتپەرستییەوە. عالەم وای لـێ هـاتبوو کـەزۆر پێویـستیان بـەوە هـەبوو سروشـێکی خـودایی بـێ‌و ببێتـە ڕەهنومایان‌و لەسەر شێواوی‌و گومڕایی ڕزگاریان بکاو ڕێگای ڕاسـتییان پـێ نیـشان بـدا، ئەوانـەی خـاوەن نامـە بـوون (ئـەهلی کیتـاب بـوون) هەریەکـەیان لایەکـەی تریانی بەکافر دەزانی خۆیان نـەبێ، لـەبارەی ناسـینی خـوداو چونیەتی ئایینـەوە کەوتبوونە ناکۆکییـەکی ئەسـتەمەوە! ئالـەم کاتـەدا قورئـان هـات حـەق‌و ناحـەقی لێك جیا کردەوە، زۆر گرێ کوێرکەی بۆ کردنەوە ڕێبازی ژیانی بـۆ ڕون کردنـەوە لەم بارەوە خودا دەفەرموێ:

{تَاللَّهِ لَقَدْ أَرْسَلْنَا إِلَى أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَهُوَ وَلِيُّهُمُ الْيَوْمَ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ، وَمَا أَنزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ إِلاَّ لِتُبَيِّنَ لَهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُواْ فِيهِ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ} سورة النحل (٦٣-٦٤).

واتـە سـوێند بـەخودا ئێمـە لـەپێش تـۆدا ئـەی پێغەمبـەر زۆر فورسـتادەو پێغەمبـەری ترمـان بـۆلای گـەلان نـاردوون، ڕێگـای ڕاسـت‌و دروسـتیان بـۆ ڕون

کردونەوە، بەڵام مرۆکان پاش ماوەیێ ئایینی خودایان لەبیر چۆتەوە، شەیتان کردەوەی ناشیرینی خۆیانی لەپێش چاو جوان کردوون، ئەمرۆش هەر ئەو ڕابەرو پێشەوایانە بەم بۆنەوە سزایەکی بەئێشیان بۆ ئامادە کراوە! ئێستاش کە تۆمان کردوە بە پێغەمبەرو قورئانمان بۆ ناردووی، هەر بۆیەمان بۆ ناردوی کە کێشەو نیزاعی نێوان ئەو خەڵکەی پێ حەل بکەیو ڕێگای ڕاستییان پێ نیشان بدەی، زیاد لەوەش قورئان چرای ڕوناکییە بۆ نەشارەزایان ڕەحمەتە بۆ کەسانێك کە ئیمانی پێ بهێنن!!.

تەورات لەنیگای قورئانەوە (نظرة القرآن للتوراة):

وشەی تەورات وشەیەکی عیبرییەو کراوە بەعەرەبی ماناکەشی بەزمانی عیبری واتە ڕێبازو شەریعەت، جا هەر چەندە لەقورئاندا ئەسفار (پەڕاوەکانی) تەورات دەست نیشان نەکراونو بەتەواوی شی نەکراونەتەوە، بەڵام لەزۆر شوێن دا لەقورئان دا کە ناوی دێ لەگەڵ موسادا ناوی دێ لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین مەبەست لەتەورات ئەو پێنج پەراو (سفر)انە یە کە نێردراوە بۆ موسا ئەو پێنجانەش بەگوێرەی ڕای زانا کۆنەکانی عیبری بریتین لە (سفر التكوين) و (الخروج) و(اللاويين) و(العدد) و(التثنية) دوایی عیبرانییەکان وایان لێ هات وشەی تەورات بەکاربێنن بۆ هەموو ئەو ئەسفارانەی کە پێیان دەگوترێ (العهد القديم)..

قورئانی پیرۆز شایەتی ئەوەدەدا کە خودای پەروەردگار (پێش نازڵ بوونی قورئان) تەوراتو ئینجیلی بەمەبەستی ڕزگار کردنی مەردوم لەگومڕایی ناردوونە خوارێ، ئەوەتا لەسورەتی (آل عمران)دا ئایەتی سێیەم دەفەرموێ:

{اللّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ، نَزَّلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَأَنزَلَ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ، مِن قَبْلُ هُدًى لِّلنَّاسِ}.

واتە پەروەردگار خودایەکی وەهایە هەرچی سیفاتی چاکەو کار دروستی هەیە تێیدایە، هیچ خودای ڕاستو دروست نین (جگە لەو) زیندوەو هەرگیز نامرێ.

ڕاگری بوونەوەرە بەئارەزوی خۆی هەڵی دەسووڕێنێ! ئەی پێغەمبەر! ئەو خودا بەتوانایە قورئانی بۆ ناردووی قورئانێکی حەق ئامێزی واڕاستی ئایینەکانی پێش خۆی دەردەخا، هەروەکوو چۆن لەوەپێش (بەمەبەستی ڕەهنوماکردنی مەردوم) تەوراتو ئینجیلی ناردونە خوارێ.

قورئانی پیرۆز گەلێ جار ئەرکی ڕەخنەگرتنی لەتەورات لەخۆ گرتووە، ئەوەی چەسپاندوە کە شوێن کەوتوانی تەورات زۆریان لەدەقە ئەصڵییەکە گۆڕیوەو حوکمو فەرمانەکانی گۆڕانکارییان تێداکراوە، ماڵەکانیان بەئارەزووی خۆیان دەستکارییان کردوە خودا دەفەرموێ:

{مِّنَ الَّذِينَ هَادُواْ يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ} سورة النساء (٤٦).

واتە: برێ لەو جولەکانە فەرمایشتی تەورات دەگۆڕنو لەمەبەستی خۆی لای دەدەنو بەهەڵەو گەڕاویو تاقۆلایی دەیخەنە ڕوو!! لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە جولەکە گەلێك بوون فەرمایشتی تەوراتیان گۆڕیوە، وەکوو خۆی نەیان خستۆتە ڕوو، ئەمەش بەچەند شێوەیەك بووە:

١. فەرمایشتێك ڕاڤە بکرێ بەواتاو مانایەك کەلە بنەڕەت دا ئەو مانایە نەگرێتەوە.
٢. برێ وشەو ڕستەی لێ هۆن بکرێو ژێر لێو بخرێ.
٣. هێندێ وشەو ڕستەی لێ زیاد بکرێ.
٤. برێ فەرمانو ئەحکامی لەبیر چوبێتەوە بەهۆی کۆنیو درێژەوە بوونی ڕۆژگارو ئەوچەوسانەوەی کەلەمێژوودا توشیان بووە.

لەم بارەوە قورئان دەفەرموێ: {يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ وَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِ} سورة المائدة (١٣).

واتە: بەشێکی زۆریان لەتەورات لەبیر چۆتەوە!

یان دەفەرموێ: {أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوْتُواْ نَصِيبًا مِّنَ الْكِتَابِ يُدْعَوْنَ إِلَى كِتَابِ اللّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ} سورة آل عمران (٢٣).

خۆزگە بەچاوێکی هوشیارانە سەرنجێکی وردی ئەو خاوەن بەش و بارانەت لەنامەی خودا، دەدا کە چۆن کاتێ پێغەمبەری ئێمە بانگیان دەکا بۆ سەر حوکم و فەرمان کردن بەنامەی خودا کە قورئان و تەوراتە، ئەوان دەستە دەستە هەڵ دەتیزێنن و لەهەق لووتەلا دەبن! لەمە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کەئەو حوکم و فەرمایشتە ئاسمانییەیانەی لای جولەکەکان هەیە بەشێکە لە فەرمایشتەکانی خودا نەك هەمووی.. هەروا جارێکی تر قورئان ئەوە ئاشکرا دەکا کە جولەکەکان زۆر بەندو بنەماو ئەصڵ و فەصڵی ئایینی خۆیان شاردۆتەوە {يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ} سورة المائدة (١٥).

ئەو مەسئەلەو باس و خواسانەی دەیان شاردەوەو گۆڕانکارییان تێدا دەکرد ناونیشان و ڕەوشتی پێغەمبەر (حەزرەتی موحەممەد) و مژدەو بەڵێنی هاتنی بوون، هەروەها باس و خواسی حیساب و سزاو قەبرو قیامەت و خۆشی و ناخۆشی ئەو دونیا بوو! تەنانەت هەموو تەوراتی ئەمڕۆ بگەڕێی باسی لێپرسینەوەو حیساب و کیتابی ڕۆژی ژینەوە نابینی! ئاشکراشە کە بڕوا بەڕۆژی ڕەستاخیزو حیساب و کیتابی ئەو دونیا لایەنێکی گرنگی باوەڕو ئیمانە!!

ئینجیلەکان لەنیگای قورئانەوە (نظرة القرآن للإنجيل):

لەدوای حەزرەتی مەسیح چەند جۆرە ئینجیلێك هاتە کایەوە هەرچی ڕاست دەبووەوە ئینجیلێکی دەهێنایە کایەوە، مێژوو نووسەکانی ئایینی مەسیحی ئەم ڕاستییەیان چەسپاندوە، دوایی کەنیسە لەسەرەتای سەدەی چوارەمی زایینی دا ویستی بژارێکی ئینجیلەکان بکاو چەند ئینجیلێکی بڕوا پێ کراو بخاتە بەردەست، لەئاکاما ئەم چوار ئینجیلەی هەڵبژارد ئینجیلی مەتێ، ئینجیلی مەرقس، ئینجیلی لوقا، ئینجیلی یوحەننا.

قورئانی پیرۆز ئیعتراف بە برێ سەر گوزەشتەو ڕەستەو باس و خواسی ناو ئەو ئینجیلانە ناکاو دان بەوەدا نانێ کەئەمانە لەلایەن خوداوە نێردرابن. چونکە پەروەردگار تاقە ئینجیلێکی یەك شێوەی ناردووە بۆ حەزرەتی عیسا، ئەو ئینجیلانەی لەدوایی دا نووسراونەوە جیاوازن و لەگەڵ ناوەرۆکی ئینجیلەکەی بۆ عیسا هاتووە یەك ناگرنەوە خودای مەزن دەفەرموێ:

{وَقَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِم بِعَيسَى ابْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاةِ وَآتَيْنَاهُ الإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ} سورة المائدة (٤٦).

دوا بەدوای ئەو پێغەمبەرە نازدارانە، هەر لەسەر هێڵی ڕێبازی شیرینی ئەوان عیسای کوڕی مەریەممان ناردو کردمان بە پێغەمبەر بۆسەر نەوەی ئیسرائیل باوەڕی تەواوی بە تەورات هەبوو کەلە پێش ئەوەوە خودا ناردبووی بۆ مووسا، خەلاتی ئینجیلیشمان بەعیسا بەخشی کە چرایەکی رۆشنکەرەوەی ڕێگەی هەردوو ژینی هەردوو جیهان بوو، مایەی شارەزا بوونی ڕێگەی ڕاست بوو.

لەلایەکی ترەوە قورئانی پیرۆز ئەوە دەچەسپێنێ کە مەسیحییەکان بەشێکی زۆریان لەناوەرۆکی ئینجیل لەبیرچۆتەوە، خودا دەفەرموێ:

{وَمِنَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّا نَصَارَى أَخَذْنَا مِيثَاقَهُمْ فَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ اللّهُ بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ} سورة المائدة (١٤).

واتە بەشێك لەوانەی کەخۆیان بەمەسیحی دادەنا عەهدو پەیمانمان لێ وەرگرتن کە بڕوایان بەخودا هەبێ و ئیمان بەفریشتەو پێغەمبەرەکانی تر بێنن و کردارو ڕەفتاریان باش بێ و کەچی بەشێکی زۆریان ئەو عەهدو پەیمانانەیان لەبیر خۆبردەوە، یاسای ئینجیلیان ژێر لێوداو ئێمەیش لەسزای ئەوەدا بەش بەش و گرۆ گرۆمان کردن و دوژمنایەتیمان خستە ناویانەوەو هەر تاقمەی چەقۆ لەتاقمەکەی تریان دەسون و تارۆژی ڕەستاخیز خێرو خۆشی و ئەمن و ئاسایش ناچێژن ئەو کاتەش پەروەردگار ئەنجامی کردارو ڕەفتارەکانیان پێ ڕادەگەیەنێ و چییان کردوە دەیخاتە پێش چاویان.

بەڵگە لەسەر ئەوە کەمەسیحی ئایینی خۆیان دەست لێ داوە ئەو ڕەخنە بەهێزەیە کە قورئان ئاڕاستەی ئایینی مەسیحی کردوە ئەو ئایینەی کەدەستی تێ وەردراوەو لەسەر سافو بێگەردی خۆی نەماوە کە دەفەرموێ:

{لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُواْ اللّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللّهُ عَلَيهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ، لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ ثَالِثُ ثَلاَثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلاَّ إِلَهٌ وَاحِدٌ وَإِن لَّمْ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ} سورة المائدة (٧٢-٧٣).

واتە: بەڕاستی سەر لێ شێواو بوونو گومڕا بوون ئەوانەی پێیان وایە کەخوداو عیسای کوڕی مەریەم بوون بەیەکو بەهەردوکیان یەك خودایان لێ دروست بووە، کەئەمە باوەڕی یەعقوبییەکانە لەکاتێك دا عیسا بۆخۆی بەدەمی خۆی ڕای گەیاندووە بانگی لەهۆزی ئیسرائیل کردوەو فەرمانی پێ کردون کە عیبادەتی خودا بکەن، پێی گوتون خودا خودای منو ئێوەشە، لەڕاستی دا هەرکەسێك هاوبەش بۆ خودا پەیدا بکا خودا بەهەشتی لێ مەنع دەکاو شوێنی دۆزەخە چونکە زاڵمو زۆرداره زاڵمو زۆرداریش یارمەتدەری نییە. بەڕاستی ئەو دەستەیەش لە نەصرانییەکان کەبیرو باوەڕیان وایە گوایە خودا سێ ئەقنومی هەیە یەکێکیان خودایەو یەکێکیان عیسایەو یەکێکیان روحولقودسە. ئەم دەستەیەش لەڕەوشی ئایینی خودا دەرچوونو سەر لێ شێواوو گومڕا بوون! هیچ خودایەکی ڕاستو دروست نییە جگە لەخودای پەروەردگار خۆی! جا ئەگەر واز نەهێنن لەوبیرە پوچەڵانە، لەو کردارو گوفتارەیان ژیوان نەبنەوە ئەوە بەبێ شك ئازارێکی بەئێش توشی ئەو گومڕایانە دەبێو لەناویان دەبا!.

بەشی نۆیەم:

بڕوا بەپێغەمبەران (الإيمان بالرسل)

مەبەست لەڕەوانەکردنی پێغەمبەران - بڕواکردن بە پێغەمبەران واجبە - پێغەمبەران لەهەڵەکردن دوورن - هەموو گەلێك پێغەمبەری بۆ نێردراوە - حەزرەتی (محمد) درودی خودای لەسەر بێ نێردراوە بۆسەر هەموو عالەم - حەزرەتی موحەممەد (درودی خودای لەسەر بێ) دوا پێغەمبەرە.

مەبەست لە ڕەوانەکردنی پێغەمبەران (الحكمة من إرسال الرسل):

بڕواکردن بەناردنی پێغەمبەران لەلایەن پەروەردگارەوە کۆڵەکەو پایەیەکی هەرە پتەوی ئیمانو باوەڕە، کەوا بوو پێویستە لەسەر هەموو پیاوو ژنێکی موسوڵمان بڕوای هەبێ کەخودای تەعالا چەند فروستادەیەکی لەئادەمیزادکردوون بەپێغەمبەرو ناردوونی بۆ سەر مەردوم، مزگێنییان داوە بە پاداشی چاکەو خەڵکیان ترساندوە لە سزای خراپە، ئەو پێغەمبەرانە هەریەکە لەعاست خۆیەوە پێویستی سەرشانی خۆی ئەنجام داوە ڕاسپاردەی خۆیان بەگەل‌و هۆزی خۆیان ڕاگەیاندووە، چییان پێ گوتراوە لەتاك‌و تەنیایی خوداو دووری لەعەیب‌و خەوش‌و شکۆمەندی رایان گەیاندوە، هەروا دەسەڵاتی بێ پایانی بەسەر بەندەکانی دا شێکردنەوەی حوکم‌و فەرمانی پەروەردگار، کردنی کرداری باش‌و ڕام بوون لەسەر ڕەوشتی چاك‌و وازهێنان لەکردەوەی خراپ، باوەڕهێنان بەوە کە ئەم پێغەمبەرانە لەلایەن خوداوە نێردراون پێویستە شوێنیان بکەون‌و چییان گوت ئەنجام بدرێ‌و لەهەر شتێك نەیان لێ کرد وازی لێ بهێنرێ، بڕوای تەواومان هەبێ کەئەو پێغەمبەرانە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە کاری خۆیان ئەنجام داوە، هەروا بڕوا بەوە بکەن کە ئەم پێغەمبەرانە یارمەتدراوی خودان‌و لە پەروەردگارەوە کۆمەکییان پێ دەکرێ بەشێوەیەکی وا کە عەقڵی ئادەمیزاد لەوە پێش پێی ئاشنا نەبووبێ ئەم جۆرە یارمەتی دانەی خودا بۆ پێغەمبەران یان ئاشکرابوونی دیاردەی وا لەسەر دەستی ئەوان کە عەقڵی مەردووم لەوە پێش پێی ئاشنا نەبووبێ بریتییە لە موعجیزەو دەبێتە شایەد لەسەر ڕاستگۆیی پێغەمبەرەکە.

بەڵێ ڕاستەو گومانی تێدا نییە کە خودای پەروەردگار پێغەمبەرانی ناردوون هەمیشە مزگێنی دەرو ترسێنەر بوون {كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ} سورة البقرة (٢١٣).

واتە: لەسەرەتادا ئادەمیزاد هەموویان لەسەر ئاینێك بوون کە ئیسلام بوو دوایی بە درێژایی ڕۆژگارو سوڕانی چەرخ بتپەرستیو بێدینی پەیدا بوو، لەناو خەڵکا کوفرو بیرو باوەڕی جیاجیا بلاو بوونەوە، هەبوو بڕوادار هەبوو بێ بڕواو سەر لێ شێواو ئەمجار پەروەردگار پێغەمبەرانی ناردن بۆناو کۆمەلانی خەلك تاموژدە بدەن بەوانەی خاوەنی باوەڕی ڕاستو کرداری باشن، بێ دینو گومڕایانیش بترسێنن لەسزای بەئێشی پەروەردگار. هەر پێغەمبەرێکیش کتێبێکی ئاسمانی تایبەتی خۆی یان هی پێغەمبەرێکی پێش خۆی پێ بووە، تا ئەو کتێبە ئاسمانییە ببێتە یاساو دەستوور بۆیانو کێشەو نیزاعی خۆیان لەرێگەی ئەو نامە ئاسمانییەوە حەل بکەن، چاکەو خراپەی کۆمەڵو ڕاستیو دروستی بیرو باوەڕیان بەتەرازووی خودا بکێشنو بۆ هەموو شتێ: بیکەن بە سەرچاوە، ئیتر ئەو پێغەمبەرانە بە درێژایی تەمەنیان ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجام داوەو مژدەی خێرو خۆشی دونیاو قیامەتیان داوە بەوانەی شوێن ئایینی خودا کەوتونو دەستووری خودایان کردوە بە پرۆگرامو دەستووری ژیانی خۆیان هەروا خەڵکیان ترساندوە بەسزای بەئێشو خەسارەت مەندی دونیاو قیامەت ئەگەر شوێن هەواو هەوەسی خۆیان بکەونو پشت لە فرمانی خودا هەڵکەن!.

بڕوا بە پێغەمبەران پێویستە (وجوب الإيمان بالرسل):

قورئانی پیرۆز بانگەوازی مەردوم دەکا کە تێکڕا باوەڕیان بە پەیامی پێغەمبەران هەبێو بەڕاستیان بزانن.

{قُولُواْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ وَالأسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ} سورة البقرة (١٣٦).

واتە: ئەی گرۆهی موسوڵمانان هەمووتان بڵێن: ئیمانمان بەخودا هەیە هەروا باوەڕمان بەو یاساو دەستوورەی قورئان هەیەو بەڕاستی دەزانین، بڕوامان بەو نامەو پەڕاوانەش هەیە کە نێردراوەتە خواری بۆ ئیبراهیم‌و ئیسماعیل‌و ئیسحاق‌و یاقووب‌و کوڕانی یاقووب، هەروەها بڕوامان هەیە بەونامە ئاسمانییانەی هاتوون بۆ موساو بۆ عیساو بۆ پێغەمبەرەکانی تریش، ئێمە هیچ جیاوازییەك ناکەین لەنێوانیان دا، بڕوامان بەڕاستی‌و دروستی هەموویان هەیە.

قورئانی پیرۆز بەئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ: ئەگەر کەسێك بڕوای بەهەندێ پێغەمبەر ببێ‌و بڕوای بە بڕێکیان نەبێ خودای گەورەو مەزن ئەو بڕواو ئیمانەی لێ وەرناگرێ‌و بەخاوەن بڕوای ڕاستی حلێب ناکاو بەکافری تەواوی دادەنێ.

{إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيْنَ اللّهِ وَرُسُلِهِ وَيقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلاً، أُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا} سورة النساء (١٥٠-١٥١).

واتە: ئەوانەی کافرن بەخوداو بە پێغەمبەرانی خودا بڕوایان بەهەندێ پێغەمبەر هەیە بڕوایان بەهەندێکیان نییە دەیانەوێ لەبەینی کوفرو ئیماندا پلەیێ تر دروست بکەن‌و بیکەن بە ڕێبازی خۆیان‌و کێیان بەدڵ بێ بڕوای پێ بکەن‌و کێیان بەدڵ نەبێ بڕوای پێ نەکەن گەرەکیانە لەنێوانی کوفرو ئیمان دا ئایینێکی مام ناوەندی پەیدا بکەن بیکەن بە بەهانە بۆ ڕۆچون لە گومڕاهی دا.. بەڕاستی ئەوانە کافری تەواون‌و گومڕاو سەر لێ شێواون. ئێمەش بۆ ئەو جۆرە کەسانە سزایەکی بەئێشی کوشندەی ڕیسوا کەرمان بۆ داناون.

لەڕوانگەی ئەم ئایەتە پیرۆزەو چەند ئایەتێکی تریش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئیسلام بەم ئایەتانە بناغەیەکی قایم‌و قوڵی داناوە بۆ تەعاروف‌و یەکتر ناسین‌و برایەتی‌و یەکیەتی لەناو کۆمەڵانی سەرزەوی دا چونکە ئادەمیزاد هەرکاتێ ئیمان‌و باوەڕیان بەهەمووو پێغەمبەران هێناو یەك کەوتن، تێك گەیشتنیان لەسەر باقی مەندەی خیلافەکانی تریان ئاسان دەبێ!

ئەمە دیاردەیەکە تایبەتە بەئایینی ئیسلامەوە وای لەشوێن کەوتوانی خۆی کردوە کە بڕوایان بەهەموو پێغەمبەران هەبێ ڕێزی هەموویان بگرێ، بێگومان شوێن کەوتووی هەر ئایینێك ڕێزو نرخی پێغەمبەری خۆی لەقورئان دا دەدۆزرێتەوە، کەچی لەبەرنامەی ئایینەکانی تردا بەپێچەوانەوەیە!

زۆر لەمێژە زۆر لەنووسەرانو زانایان هەوڵیان داوە یەکیەتی بخەنە نێوانی ئایینی ئیسلامو مەسیحیو جولەکەوە، بەلاَم سەرکەوتوو نەبوون، هۆی سەرنەکەوتنەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بڕێ عیبارەتو ڕستە کەلەبەرنامەی ئایینەکان دا هاتووە ڕاڤەیەکی وایان کردون بەخەیاڵی خۆیان ڕێ خۆشکەرە دەبن بۆ یەکیەتیەکەو کۆسپەکانی دووبەرەکی ناهێڵن. لەکاتێکا ئەم عیبارەتو ڕستانە لەنیگای شوێن کەوتوانی ئایینەکەوە بناغەو کۆڵەکەی دینەکەن، دەست لێدانیان یا ڕاڤە کردنیان بەو شێوە ڕەوانییە، جالەم ڕووەوە ئەم نووسەرانە لەجیاتی ئەوەی یەکیەتی بخەنە نێو ئایینەکانەوە بەو ڕاڤە کردنەیان دینێکی جیاواز لەو ئایینانەیان بەرپا کردوە لەئاکاما بوون بەدوژمنی بابە کوشتەی شوێن کەوتوانی ئەو ئایینانەی کەئەو نووسەرانە ویستویانە یەکیەتی بخەنە نێوانیانەوە!!

شایانی باسە کە ڕەخنەگری شارەزاو نووسەری زاناو دانا ئەگەر تێ بفکرێ بۆی دەردەکەوێ کە ئایینی ئیسلام باشترین ئایینە بۆ یەکخستنەوەی ئایینەکانو توانەوەیان لەناو بۆتەقەی ئایینی حەزرەتی موحەممەددا (دروودی خودای لەسەر بێ) چونکە ئایینی ئیسلام دوای ئەوەی کە ئیقرار دەکا بەوە کە ئایینەکان هەموویان سروشی خوادانو پێغەمبەرەکان هەموویان فروستادەی ئەون، لەپاڵ ئەمەدا ڕاستییەك دەچەسپێ، ڕاستییەکەش ئەوەیە کە بەهۆی ڕۆژگاری درێژو کۆن بوونی ئەو ئایینانە ئادەمیزاد لەڕاستە ڕێی ئەو دینانە لایان داوەو تووشی گومڕایی بوون، دوای چەسپاندنی ئەم ڕاستییە، ئایینی ئیسلام هاتووە بانگەوازی ئادەمیزاد دەکا بە تێکڕایی کە پەیڕەوی قورئان بکەنو بیکەنە پێشەواو بەرنامەی خۆیان ئەو قورئانەی کە پاڵفتەو خولاسەی هەموو کتێبە ئاسمانییەکانی پێشووی لەخۆ

گرتووەو بەگوێرەی پێشکەوتنی زانستو شارەستانی ئادەمیزاد گونجاوە، لەهەموو رووێکەوە سیمای بەرنامەیەتی هەمیشەیی بۆ مرۆڤ لەخۆ گرتووەو یاساو قانوونێکی هەمیشە زیندوو لەبارە بۆ ئادەمیزاد هەتا دونیا دونیابێ!!

پاكو بێ خەوشی پێغەمبەران (عصمة الرُسل):

ئەو پێغەمبەرانەی خودای پەروەردگار ناردونی بۆ رزگار کردنی مرۆڤ لەبەندایەتی هەواو هەوەسو جڵەو گرتنەوەیان لەکردنی گوناهو کرداری بەد، پێویستە خۆیان نموونەی ڕەوشتی بەرزو چاکە بن، چونکە ئەو فرستادانە پێشەوانو ڕێ نیشاندەرن، ئەگەر ڕەوشت خراپ بن دەبنە پێشەوای خراپەکردن، ئەوکاتە تەجیهاتو تەعلیماتی خودا بۆیان بێ هودەو مایە پوچ دەبێ. بۆیە دەبینین قورئان زۆرجار ئاماژە بەڕەوشتی پێغەمبەران دەکاو بەنموونەی چاکیان حلێب دەکاو دەفەرموێ:

{وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا وَأَوْحَيْنَا إِلَيْهِمْ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ وَإِقَامَ الصَّلَاةِ وَإِيتَاء الزَّكَاةِ وَكَانُوا لَنَا عَابِدِينَ} سورة الأنبياء (٧٣).

واتە: ئێمە ئەو پێغەمبەرانەمان کردوون بە پێشەواو فروستادە، بەگوێرەی فەرمانی ئێمە ئادەمیزاد شارەزای ڕێگای ڕاست دەکەن، سروشمان بەوە بۆ کردون کەهەمووکاتو ساتێك کردەوەیان باش بێو نوێژ بکەنو زەکات بدەن خێرو خێرات بکەن، ئەوانیش بەوپەڕی لێ بوردووییەوە فەرمانی ئێمەیان بەجێ هێناوەو گەردن کەچی ئێمە بوون.

جارێکی تر پەروەردگار بەشانو باڵیان دا هەڵ دەداو دەفەرموێ: {أُوْلَئِكَ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ فَإِن يَكْفُرْ بِهَا هَؤُلاء فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُواْ بِهَا بِكَافِرِينَ، أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ} سورة الأنعام (٨٩-٩٠).

واتە: ئەو پێغەمبەرانەی کەباسمان کردن نامەی ئاسمانیمان داونێو فێری زانستمان کردونو کردومانن بە پێغەمبەرو فروستادەی خۆمان. جائەگەر

ناحەزانی ئیسلامو کافرانی قوڕەیش بڕوا بەوە نەکەنو دژی پێغەمبەر بوەستن ئەوە ئێمە کۆمەڵێکمان پەیدا کردون (کە مهاجرو ئەنصارن) ئەوان بڕوایان بەبەرنامەی خودا هەیەو پەیڕەوی پێغەمبەرەکەی دەکەنو فەرمانبەردارن، ئەوانە خودا هیدایەتی داونو هەریەکێ لەو پێغەمبەرانە پێشەوایەك بووە! تۆیش ئەی پێغەمبەری ئاخر زەمان پەیڕەوی پێغەمبەرەکانی پێش خۆتەوە بکە.
هەروا لە شوێنێکی تردا قورئان پەرژینی پێغەمبەران دەکا لە خیانەتو خیانەتکاریو دەفەرموێ: {وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَغُلَّ} سورة آل عمران (١٦١).

واتە: ناگونجێ بۆهیچ پێغەمبەرێك خیانەتکاری بکاو بەناحەق دەستدرێژی بکا بۆ ماڵی خەڵکی!!

قورئانی پیرۆز ئەوە دەچەسپێنێ کە هەریەکێك لە پێغەمبەران رەوشتێکی تایبەتی بەرزی هەیەو بەتێکڕا هەموویان رەوشت جوانو دڵپاكو بەرزن، دەربارەی حەزرەتی (ئیبراهیم) دەفەرموێ: {إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا} بەڕاستی ئەو ڕاستگۆو ڕستال بوو. دەربارەی حەزرەتی (موسا)ش دەفەرموێ: {إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصًا} بەڕاستی ئەو لەخۆبوردوو فەرمانبەردار بوو لەڕێگەی خوادا. دەربارەی (ئیسماعیل) دەفەرموێ: {إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ} بەڕاستی ئەو پەیمان ڕاست بوو هەرگیز بێ وادەیی بەسەردا نەهاتووە، دەربارەی حەزرەتی (هود)و (صالح)و (لووط) بۆ هەریەکەیان دەفەرموێ: {رَسُولٌ أَمِينٌ} واتە: فرستادەی ئەمینو دەستو دەروون پاك. دەربارەی حەزرەتی (عیسا) دەفەرموێ: {وَجِيهًا فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ} واتە: بەرێزە لەدونیاو قیامەتا. دەربارەی حەزرەتی (یەحیا) دەفەرموێ: {كَانَ تَقِيًّا} واتە: خۆپارێز بوو هەرگیز بێ ئەمری خودای نەکردوە.

هەموو گەلو هۆزێك پێغەمبەری هەبووە (لكل امة رسول):

پەروەردگار وای داناوە کە بۆ هەموو گەلو هۆزێك پێغەمبەرێك لەخۆیان بنێرێ تا شارەزاییان بکا بۆ ڕێگای ڕاستو دروستو بیانخاتە سەر ڕێبازی نەجاتو سەرفرازی. خودا خۆی دەفەرموێ:

{وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ} سورة النحل (٣٦).

واتە: ئێمە بۆهەر گەلو هۆزێك پێغەمبەرێكمان ناردووە، ئامۆژگاری كردون كەبەندایەتی خودا بكەنو خۆشەویستی بپارێزن لەپەرستنی تاغوتو بتو لە بت پەرستی دوور بكەونەوە، یان دەفەرموێ:

{وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خلَا فِيهَا نَذِيرٌ} سورة فاطر (٢٤).

واتە: هیچ هۆزێك یا كۆمەڵێك نییە پێغەمبەری بۆ نەنێردرابێ.

قورئانی پیرۆز ناوی بیستو پێنج پێغەمبەرو فروستادەی هێناوە، ئاماژەشی بۆ ئەوەكردوە كە پێغەمبەرو فروستادەی تریش هەبوون باسیان نەكراوە، ئەوەتا پەروەردگار بە پێغەمبەر دەفەرموێ:

{وَرُسُلاً قَدْ قَصَصْنَاهُمْ عَلَيْكَ مِن قَبْلُ وَرُسُلاً لَّمْ نَقْصُصْهُمْ عَلَيْكَ} سورة النساء (١٦٤).

واتە: پێغەمبەران زۆرن هێندێكیان ناومان هێناونو سەرگوزشتەو بەسەر هاتیانمان بۆ گێڕاویتەوە سەرگوزشتەی هێندێكیشیانمان بۆ نەگێڕاویتەوە.

حەزرەتی موحەممەد (د.خ) پێغەمبەری هەموو عالەمە:

فرستادەیی حەزرەتی موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێ) بۆ هەموو كەسێكە بەپێچەوانەی پێغەمبەرەكانی پێشوو كە هەریەكەیان نێردراوە بۆلای هۆزی خۆی. پەروەردگار بە فرستادەی خۆی حەزرەتی موحەممەد دەفەرموی:

{وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَـكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ} سورة سبأ (٢٨).

ئەی موحەممەد! ئێمە تۆمان كردوە بەپێغەمبەرو ڕەوانەمان كردوی بۆسەر هەموو ئادەم، كەڕێگەی ڕاستیان حاڵی بكەی بۆ خاسیان مژدەدەر بیو بۆ بەدیان ترسێنەر بی، بەلام زوربەی ئەو خەڵكە لەبەر بی مێشكی خۆیانو نەفامییان لەحاڵی تۆ بێ ئاگان.

جارێکی تر پەروەردگار فەرمان بە فرستادەی خۆی حەزرەتی (محمد) (دروودی خودی لەسەر بێ) دەکا کە ئەم ڕاستییە بدرکێنیو پێغەمبەرایەتی خۆی بەهەموو عالەم رابگەیەنێ:

{قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ} سورة الأعراف (١٥٨).

ئەی فروستادە! تۆ بەو خەڵکە بڵێ: من فرستادەی خودام بۆ لای ئێوە بەگشتی فرستادەی خودایەکم هەرچی مڵكو سامانی ئاسمانەکانو زەوی هەیە هەمووی هی ئەوەو هیچ خودانین جگە لەئەو.

حەزرەتی موحەممەد دوا پێغەمبەرە (محمد خاتم الرسل):

پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد کراوە بە کۆتاییو تەواوکەری ڕشتەی پێغەمبەرایەتی هەموو پێغەمبەران. خودا بۆ خۆی دەفەرموێ:

{مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ} سورة الأحزاب (٤٠).

موحەممەد (دروودی خودی لەسەر بێ) باوکی نەسەبیی ئێوە نییە کە پیاوانی گەلی ئیسلامن، هەتا تانەی ئەوەی لێ بدەن کە ژنی پیاوێ لەئێوەی مارە کردۆتەوە بۆخۆیو ئەو پیاوەش زەیدی کوڕی حاریثەیە. بەڵکوو ئەوانە پایەی بەرزی محمد نازانن کە دوورە لەشتی وا نابەجاوە، موحەممەد پێغەمبەری خودایەو دوا پێغەمبەرەو دەرگای پێغەمبەرایەتی مۆر کردوە ئیتر چۆن بووکی خۆی مارە دەکاتەوە!؟

ئەمە لەکاتێك دا کەپێش ئەو هەزاران ساڵ تێپەڕبوونو پێغەمبەران یەك لەدوای یەك هاتوونو ڕۆیشتوونو لەنامەو پەڕاوی ئەو پێغەمبەرانەدا چەند جار ئاماژە کراوەو مزگێنی دراوە بەوە کە پێغەمبەری تر دێن، دەی ئەم دیاردەیە دەبوایە حەزرەتی موحەممەدی وا لێ بکردایە کە هەرگیز دان بەوەدا نەنێ کەخۆی دوا پێغەمبەرە، بەڵکوو دەبوایە ئەویش وەکوو پێغەمبەرانی پێش خۆی

مزگێنـی بەپێغەمبـەری دواخـۆی بدایـە. جـا ئەگـەر قورئـان لەلایـەن حـەزرەتی موحـەممـەد (دروودی خودای لەسەر بێ) خۆیـەوە بوایـە دەبوایـە ئـەویش وەکـوو پێغەمبـەرانی پێش خۆی بـڕی لـەو شـێوە مـژدەو مزگێنیانـەی ڕابگەیاندایـە بەمەبەسـتی ڕەواج دانو برەو پێدان بە بانگەوازییەکەی، بەتایبەتی کە ئادەمیزاد ئارەزۆمەنـدی ئـەو جـۆرە مژدانـەنو مـەیلی وەرگرتنـی ئـەم جـۆرە دەعوایانـەیان هەیـە. دەی ئـەوا بەسەر نازڵبوونی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا زیاد لەچوارده سەدە تێپەڕ بـوو، تـا ئێـستا پێغەمبەرێکی ڕاستی تر سەری هەڵنەداوە ئەم ماوە درێژەش بەشی ئەوەی دەکـرد کە چەند پێغەمبەرێکی تێدا ڕەوانە بکرێو برێکیـان یـەك بـەدوای یـەك دا بـێنو هێندێکیان هاوچەرخ بن!! دەی بۆچی وشکاییان هاتووە؟!

جا ئەگەر برێ کۆمەڵو هۆز ئیعتیراف ناکـەن بـەوە کەحـەزرەتی موحـەممـەد ئـەو پێغەمبـەرە مـژدە پـێ دراوەیـە کـە پێغەمبـەرانی پێشوو مـژدەیان پـێ داوە بەڵکوو چاوەڕوانی پێغەمبەرێکی تر دەکەن ئەوە بە تێپەڕبوونی ئەم ماوە درێـژەو نـەهاتنی پێغەمبـەرێکی تـر دەبـێ نائومێـدببنو بگەڕێنـەوە بـۆلای ڕاسـتیو بـڕوا بەئایینی حەزرەتی موحەممەد بکەن.

ئاشکراشە کەئـەم جـۆرە بڕیارانـەی کـە لەئایەتەکـەدا هەیـە لـەو بەڵێنانەنیـە ئـــادەمیزاد دەســـەڵاتی بەســـەردا هـــەبێ بەڵـــکوو ئـــەوە کـــاری پـــەروەردگارە، موعجیزەیەکە لە موعجیزەکانی قورئانو ئـەوە دەچەسـپێنێ کـە قورئـان سروشـی خودایە!!

بەشی دەیەم:

قەزاو قەدەر (القـــدر)

قەدەر لەقورئان دا (خود موختاری مرۆڤ لەکاروباری دا - سەرفیرازیو گومڕایی ئینسان - ویستی ئادەمیزاد بەشێکە لەویستی خودا - تەمەنو ڕۆژی ئادەمیزاد ئەندازە ئامێزن - پوختەی باوەڕ بە قەزاو قەدەر.

بڕێك لەو ڕەخنانەی دوژمنانی ئیسلام ئاڕاستەی ئایینی ئیسلامی دەكەن باوەڕهێنانە بەقەزاوقەدەر لەم ڕووەوە گوایە ئەوجۆرە بڕوایە سەبەبێكی هەرە گرینگی دواكەوتوویی موسوڵمانانەو ناهێڵێ وەكوو ڕۆژئاواییەكان پێش كەون! چ لە بارەی زانستو چ لەبارەی فەنو فەرمانڕەوایی، چونكە بەلای ئەو دوژمنانەوە باوەڕ بەقەزاو قەدەر هەستەكانی ئینسان لەكار دەكەنو هێزو توانای لێ دەستێننو ڕوی پێ لەتەمەڵی دەكەن بەمەبەستی چاوەڕوانی بۆ ئەو ڕوداوانەی كە غەیب بۆی دێنێ.

شایانی باسە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) كاتێ پرسیاری لێ كرا دەربارەی ئیمانو باوەڕ، بڕێك لە وەڵامەكەی بریتی بوو لەڕستەی **(وان تؤمن بالقدر خيره وشره من الله)** دەبێ بڕوات وابێ كەخێرو شەڕ هەردوكیان لەخوداوەن، باوەڕت هەبێ كە خێرو شەڕ لەبوونەوەردا بەئەندازەو دەسەندەو یاسایەكن كە حیكمەتی خودا داخوازیان بووە، وە خودا هیچ شتێك بێ ویستی خۆی دروست ناكاو دروستی نەكردوە. وەهەرچی لەبونەوەردا هەیە بەگوێرەی زانستی خودایە ئەو زانستەی كەپێش پەیدابوونی شتەكە هەبووە!!

بەڵام كاتێك ئێمە لەقورئان تێ دەفكرین دەبینین قەزاو قەدەر واناخاتە بەرچاو كە بەیەكێك لەپایەكانی ئیمانو باوەڕ بژمێردرێ وەكوو باوەڕ بەخوداو فریشتەو كتێبە ئاسمانییەكانو پێغەمبەرانو ڕۆژی قیامەت حلێب ناكرێ، بەڵكوو قورئان هەرئەوەندە دەگەیەنێ كەقەزاو قەدەر یاساو نیزامێكی ئاسمانیە وەكوو باقی یاساو نیزامە ئاسمانییەكانی تر، ئیتر قورئان ئەوەی دەست نیشان نەكردوە كە بڕوا بەقەدەر پێویست بێ.

قەزاو قەدەر لەنیگای قورئانەوە (القــــدر في القرآن):

ئەگەر سەیری وشەی (قەدەر) بکەین کەلەچەند شوێنی قورئان دا هاتووە دەبینین وشەی (قەدەر) یان (مقدار) یان (تقدیر) یەك واتا دەبەخشن: کە بریتییە لە خستنە ڕێی شتێك بەئەندازەیەکی تایبەتی یان کێشێکی سنووردار یان شێوەیەکی زانراو کە بەپاسایەکی مەعلووم ڕەدام بهێنرێ، خودا دەفەرموێ:

{وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاء مَاء بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّاهُ فِي الْأَرْضِ} سورة المؤمنون (١٨).

واتە: ئێمە بەئەندازیەکی پێویست باران لەئاسمانەوە دەبارێنین ئەمجار لەناو سکی زەوی دا پەزمەندەی دەکەین: یان دەفەرموێ:

{اللّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَى وَمَا تَغِيضُ الأَرْحَامُ وَمَا تَزْدَادُ وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ} سورة الرعد (٨).

واتە: هەموو شتێك لەبونەوەردا لەمەخلوقاتی خودا، یاساو نیزامی ئەندازەیەکی تایبەتی هەیە ڕێكو پێكو مونتەظەمن دابو نەریتی تایبەتی هەیە وەکوو سكو زای مێینەو نەزۆکیو زیادە زرِوێتیو کەم زرِوێتی.

ئادەمیزاد بەشێکە لەبوونەوەر، فەرمانبەرداری ئەو یاساو نیزامەیە کەویستەمەنی پەروەردگارە.

{مِنْ أَيِّ شَيْءٍ خَلَقَهُ، مِن نُّطْفَةٍ خَلَقَهُ فَقَدَّرَهُ} سورة عبس (١٨-١٩).

واتە: پەروەردگار ئادەمیزادی لەچی دروست کردوە؟! لە دلۆپە ئاوێك دروستی کردوە ئەمجار نەخشەی (جەستە)لاشەی کێشاوە یان دەفەرموێ: {وَاللَّهُ يُقَدِّرُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ} سورة المزمل (٢٠).

واتە: خودا شەوو ڕۆژ ئەندازەدار دەکا لە ئەم دەخاتە سەر ئەو لەو دێنێتە سەر ئەم. یان دەفەرموێ: {وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيراً} سورة الفرقان (٢).

واتە: پەروەردگار هەموو شتێکی دروست کردوەو لەهەموو رویەکەوە ئەندازەی گرتووە! لە تێفکرینی ئەم دەقە قورئانیانە کە وشەی (قدر)یان لەخۆ

گرتووە بۆمان دەردەکەوێ کەبیرو باوەڕی قەزاو قەدەر لەقورئان دا بەموسوڵمانان دەزانێنێ کەئەم بوونەوەرە یاساو نیزامێکی قایمو قوڵی هەیە هەرشتە سەبەبی خۆی هەیەو هیچ شتێکی بێ حیکمەت نییە لەدروستکراوانی خودادا تێکرو تێکوشیوی نییە سودفەو ڕێکەوت دەوری نییە، هەندێکیش لەسودو فائیدەی ئەم بیرو باوەڕە ئەوەیە کە موسوڵمانان دەبێ لەهەموو کەس زیاترو باشتر بەلێهاتوییەوە لێکۆڵینەوە لەیاساو نیزامی بوونەوەردا ئەنجام بدەنو زانابن بەیاسای پەروەردگار دەربارەی مەخلووقاتی خۆی بۆهەر شتێك لەڕێگای خۆیەوە بچن بۆهەر کارێك کارسازی خۆی بدۆزنەوە!!.

سەربەخۆیی مرۆڤ لەکرداری خۆی دا (إختيار الإنسان):

پێویستە لێرەدا چاوێك بگێڕین بەو ئایەتە قورئانییانەی کەباسی ئیختیارو سەربەخۆیی ئینسان دەکەن لەکردارو گوفتاری دا تابزانرێ تا چ ئەندازەیەك ئەو ڕەخنانەی لەم بارەوە لەئیسلام گیراون لاوازنو چ بوختانێکە بە ئیسلام کراوەو چ درۆیەکە هەڵ بەستراوە، بەڵگە لەسەر ڕاستی ئەوە فەرمودەی پەروەردگارە کە وەڵامی کافرەکان دەداتەوە دەربارەی ئەو هەڵوێستەیان کە دەیانگوت: ئێمە کردەوە خراپەکانمان بەویستی خودایەو خەتای ئێمە نییە!

{سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَاء اللّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلاَ آبَاؤُنَا وَلاَ حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍ كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِم حَتَّى ذَاقُواْ بَأْسَنَا قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا إِن تَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلاَّ تَخْرُصُونَ، قُلْ فَلِلّهِ الْحُجَّةُ الْبَالِغَةُ فَلَوْ شَاء لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ} سورة الأنعام (١٤٨-١٤٩).

هاوبەش پەیداکەرەکانو هاوەمەشرەبەکانیان هاکا گوتیان ئەگەر خودا ویستی لەسەربوایە ئێمە خودامان بەیەك دەزانی هاوڕێمان بۆ بڕیار نەدەدا، هەروەها بەکەیفی خۆمان شتمان حەرام نەدەکرد، کەواتە خودا خۆی دەیەوێ ئێمە شەریکی بۆ قەرار بدەینو خۆی ڕەزای لەسەرە، وەلێ ئەگەر ئەم گوتەیە ڕاست

بێ دەبێ گوتەی پێشینانە کافرەکانیشیان ڕاست بوایە کەهەمان قسەی پووچیان دەکرد کەچی ئەوە بوو ئەوان لەسزای ئەو بیرو باوەڕە چەوتەیان دا تۆڵەی سەختی خودایان چەشت! پێیان بفەرموو ئەگەر بەڵگەیەکی زانستیان بەدەستەوەیە لەسەر ئەم داوایەتان ئادەی بیهێنن، وەلێ نە بەڵگەتان هەیەو نەهیچ، هەرئەوەندەیە دوای خەیاڵ پلاو کەوتوونو درۆی رووت دەکەن! بفەرموو دەلیلو بەڵگەی رۆشنو تەواو ئەوەیە کەلای خودایە، ئارەزووی ببێ هەموتان هیدایەت دەدا، بەڵام یاسای خودا وابووەو هەروا دەبێ هەرگیز زۆرە ملێ لەخەڵك ناکا بۆ گرتنی ڕێبازێکی تایبەتی، بەڵکوو ئادەمیزاد بۆخۆی ئازادو سەربەستە لەڕێگای چاکەو خراپە کامیانی ئارەزۆ لێ بێ هەڵی دەبژێرێ. هەر لەسەر ئەم بنەڕەتەیە کە خودای پەروەردگار پێغەمبەرانی ناردون بۆلای گرۆهانو کۆمەلان تا بۆ خەڵکەکە ڕێگای حەقو ڕاست لەڕێبازی چەوتو خوار جیابکەنەوە، باشو خراپیان بۆ ڕوون بکەنەوە واتە هەڵبژاردنی ڕێبازێك لەم ڕێبازانەی خستۆتە ئەستۆی مرۆڤەکە خۆی! بەئیختیاری خۆی لایەك هەڵدەبژێرێ {إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا} سورة الإنسان (٣).

ئێمە ڕێبازی خێرو ڕێبازی شەڕمان پێنیشانی مرۆڤ داوە چونیەتی هەردوو ڕێبازەکانمان بۆ ڕوون کردۆتەوە.. ئیتر خۆی بە ئارەزوی خۆی کامیان پەسەند دەکاو کامیان پاش گوێ دەخا ئەوە کەیفی خۆیەتی وەك لەم ئایەتەش دا ئەمە دەچەسپێنێ: {وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ} سورة الكهف (٢٩).

واتە: بڵێ، هەق ئاشکرایەو ئەوەیە کەلەلای خوداوە بێو پێغەمبەرەکانی پێتانی ڕادەگەیەنن.. پاش ئەم بەیانکردنەی حەق کێ حەز دەکا موسوڵمان ببێ، کێش ئارەزوو دەکا کافر ببێ. کەوا بوو ویستی خودا لەوەدایە پێغەمبەران بنێرێ بۆ ئەوەی ڕەهنومای ئادەمیزاد بکەنو ڕێگای چاکەیان پیشان بدەنو بیان ترسێنن لەئاکامی رۆیشتن بە ڕێبازە چەوتەکان دا، خواستو ئیرادەی

ئـادەمیزادیش لـەوەدا ڕەنـگ دەداتـەوە کەبـەئارەزووی خـۆی دەتوانـێ ڕێبازێـك هەڵبژێرێو لەسەری بڕوا، بەکورتی قورئـانی پـیرۆز لـەزۆر لەئایەتـەکانی دا ئـەوە دەچەسـپێنێ کـە ئینـسان بۆخـۆی ئیختیـاری هەیـەو بەرپرسـیارە لـەکردارەکانی.. هەروەها ئەوەش رون دەکاتـەوە کەهـەر ناسازیو خواریو تـەنگو چـەڵەمەیەکی کۆمەڵایەتی کە مرۆڤ هاواریەتی بەدەستیەوە، هەر تەنگانـەو ناخۆشـییەکی ژیـانی کە تووشـی دەبـێ هـەمووی نەتیجـەو ئاکـامی کـردەوەی خۆیـەتی، سـووچ سووچـی مرۆڤەو پاداشـی کـردەوەی خراپـی خۆیـەتی وەری دەگرێتـەوە! خـودا دەفـەرموێ: {ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ} سورة الروم (٤١).

واتـە: گرانـیو کـەم بـوونی ڕزقو ڕۆژی، بـڵاو بوونـەوەی تـرسو نائاسایـشی، زۆربـوونی زوڵـمو زۆر، کـەم بـوونی بـەرو بـووم، لەشـارو لادێ لـەکونو قـوژبنو هـەموو شـوێنێکی سـەرزەوی دا هـەمووی بـەهۆی کـرداری مەردومەکەیـەوە یـەو سووچـی خۆیانـە، بۆیـەش ئەمـە دێتـە ڕێیـان هـەتاکوو بەشـێك لەسـزای کـردەوە خراپـەکانی خۆیـان لـەدونیادا وەربگرنـەوە، بەشـکوو واز لەخراپـەکاری خۆیـان بێنو تۆبە بکـەنو بگەڕێنـەوە بـۆلای خـودای خۆیانو ببنـە ئـادەمیزادی چاكو ڕاستال. لەسورەتی (شوری)یش دا دەفـەرموێ: {وَمَا أَصَابَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ} هەرچی بەڵاو تەنگو چەڵەمەیەك دێتە ڕێگەتان هـەمووی سـزای کـردەوە خراپـەکانی خۆتانـە هەرچـەندە چاوپۆشـی لـەزۆر گوناهیشتان دەکاو سزاتان نادا لەسەری جارێکی تر دەفەرموێ: {مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ} سورة فصلت (٤٦).

کەسێك کردەوەی چاك بکا سوودی قازانجی بۆخودی خۆیەتی هەرکەسێکیش خراپە بکا زیانی بۆخۆیەتی! هەرگیز خودای تۆ بەخۆڕایی کەس سزا ناداو زوڵمو زۆری لەبەندەکانی خۆی ناکا.

هەردەم قورئـانی پیـرۆز بانگەوازی مـەردوم دەكا بـۆ ئـەوەی لەهـەموو كـارو بارێك دا، لەهەموو گۆڕانكاریو پێشكەوتنو دابین كردنی پێداویستی ژیان ئەمنو ئاسـایشو خۆشـگوزەرانی یـەك داهـەر خۆیـان بـەر پرسـیار بـزاننو بـەئاكامی كردەوەی خۆیانی حلێب بكەن {إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ} سورة الرعد (١١).

واتــە: پــەروەردگار هــەرگیز نیعمــەتو خێــرو خۆشــی خــۆی لــە هۆزێــك وەرناگرێتەوە مادام ئەوان چۆنیەتی هەڵسو كەوتی خۆیان نـەگۆڕن، هـەتا ئـەوان بەردەوام بن لەسەر كرداری چاكەو خواپەرستی پـەروەردگاریش نیعمـەتو خێـرو خۆشی خۆی دەڕژێنێ بەسەریان دا.

ئەمـە پوختــەی لێـدوانی قورئـانی پـیرۆز بـوو دەربـارەی دەوری ئـادەمیزاد لـەكرداری خـۆی داو ڕێــژەی ئیختیــارو بەرپرســیاری لـەئاكامی كردەوكـانی دا. ئایەتەكانی قورئان صـەریحن لـەوەدا كەویـست (إرادە)و كـردەوەی ئـادەمیزاد هـۆی سەرەكین بۆ سزاو پاداشی. دەی خـۆ ئەمـەش هـەرگیز لەگـەڵ بۆچونی دوژمنـانی ئیسلامو ئەو بوختانەی بۆ ئیـسلامی دەكـەن یـەك ناگرنـەوە! ئـەو بوختانـەی كـە دەڵـێن ئـایینی ئیـسلام ئـایینی تـەواكولو تەمبەڵییـەو ناهێڵـێ شـوێن كـەوتوانی لەژیانی دنیاییان دا پێشكەون!!

ڕەهنومایی كردنو گومڕایی كردن (الهـداية والاضلال):

خـستنە سـەر ڕێگـای ڕاسـتو گـومڕایی كـردن هـەردوكیان بەدەسـت خـودا خۆیەتی!! ئەمە یاسایەكو بیرو باوەڕێكی سەرەكی ئیسلامییە، جا لەمـەوە برێـك تێنەگەیشتوو وایان داوەتە قەڵەم كە ئادەمیزاد هیچ شتێكی بەدەست خۆی نییـەو موجبـەرەو ناچـارە، بـۆرە سەربەسـتی خـۆی نییـە، ئـەم ئایەتانەشـیان كـردوون بەبەڵگە كە پەروەردگار بە فرستادەی خۆی، حەزرەتی موحەممـەد (درودی خوای لەسەر بێ) دەفەرموێ:

{أَفَمَنْ حَقَّ عَلَيْهِ كَلِمَةُ الْعَذَابِ أَفَأَنتَ تُنقِذُ مَن فِي النَّارِ} سورة الزمر (١٩).

واتە: ئایا کەسێ: لەعیلمی خودادا بەجەهەننەمی نوسرابێ‌و مۆری کافریەتی لەناوچاوان درابێ‌و کرداری کافرانەبێ، ئایا تۆ ئەی موحەممەد! دەتوانی ئەو حوکمە بگۆڕی‌و ئەو مەردومە موسوڵمان بکەی؟ واتە هەرگیز ناتوانێ.

{إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَـكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَاءُ} سورة القصص (٥٦).

ئەی موحەممەد! ئیشی تۆ رەهنوومایی کردنەو بەس!! کەوابوو تۆ ناتوانی خۆشەویستێکی خۆت بەزۆرە ملێ بخەیە سەر رێگای راست. ئەوە هەر لەدەست خودا دێ‌و بەس، هەرئەو دەتوانێ تۆوی ئیمان‌و باوەڕ بخاتە دڵی ئەوانەی کە خۆی دەیەوێ موسوڵمان بن.. قەزاو قەدەرو چارەنووس، لە ئایینی ئیسلام دا بەپێی دەقی قورئان‌و صەریحی حەدیسی صەحیحی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) لەسەر فەرمایشتی زاناکانی ئوصول‌و کەلام‌و موفەسیرەکان‌و شەریعەت زانەکان بەمە دەڵێن: خودا لەهەوەڵ دا چارەنووسی هەموو شتێکی نووسیوەو بەتەفصیل هەموو شتێکی شی کرۆتەوەو نووسیویەتی ئەمەی ئێستا ڕوو دەدەات لەعالەمی واقیع دا دەق نوسخەیەکی ڕونووسی ئەومیە کەلەمەو پێش لەعالەمی میسال ڕووی داوە دەقبە پێچەوانەی فلیمی سینەماو تەلەفیزیوونەوە کەلەسەر شاشەی سینەماو تەلەفزیۆن ڕادەنوێنرێ چونکە فلیم لەپێش دا تەمسیل دەکرێ‌و وێنەی دەگیرێ‌و لەپاشا پیشان دەدرێ.

خودا دەفەرموێ: {إِنَّ اللَّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ} سورة المائدة (٥١).

پەروەردگار هەرگیز ئەوانەی کەستەمیان لەخودی خۆیان کردوە بەوە کە بەئارەزووی خۆیان لایەنی کوفریان گرتووەو سورن لەسەر کوفر نایان خاتە سەر ڕێگای ڕاست.

{إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ} سورة الزمر (٣).

واتە: هەرگیز خودای مەزن کەسێك ناخاتە سەر ڕێگای ڕاست‌و هیدایەتی نادا کە ئەو کەسە درۆزن بێ‌و پێی وابێ خودا درۆزنەکان لەخودای گەورەی نزیك

دەکەنــەوە، لەهــەمان کاتــا کــافریش بــێ لــەم ڕووەوە ئــەو بتانــە بــەخودا بزانــێو بەشەریکیان بزانێ.،

{فَلَمَّا زَاغُوا أَزَاغَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ} سورة الصف(٥).

واتە: کاتێك دەست بەرداری حەق بوونو دەستیان کـرد بەنارەحـەت کردنـی پێغەمبەرەکانیان خوداش لەسزای ئەوەدا دڵی لەسەر حەق لادان.

{كَذَلِكَ يَطْبَعُ اللَّهُ عَلَى كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ} سورة غافر (٣٥).

وەکوو چۆن خودا دڵی سەرپێچی کـەرانو کێـشەکەرانی مـۆر کـردوە، هەربـەو شێوەیە خودا دەڵێ هەموو لووتبەرزێکی خۆ بەزلزانی ستەمکار مۆردەکـاو نـووری ئیمانی تێ ناچێ!!

{وَمَا يُضِلُّ بِهِ إِلاَّ الْفَاسِقِينَ} سورة البقرة (٢٦).

واتــە: پــەروەردگار بەهــەموو شــێوەیەك پەنــدو ئامۆژگــاری خەڵــکی دەکــا تەنانــەت باڵە مێـشوولەیەکیش دەکاتــە نموونــەو پەنــد بۆیـان، جا هەیــە پەنـدی لێوەردەگرێو دێتە سەر ڕێگای ڕاستو هی واش هەیە پێی گومڕا دەبـێ هەڵبەتـە ئەوانەی ڕێبازی فیسقو فوجووریـان گرتـووەو گاڵــە بـە پەنـدەکانی خـودا دەکـەن ڕێگای ڕاستییان لـێ گۆم بووە زیاتر سەر لـێ شێواو بوون.

{وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ} سورة إبراهيم (٢٧).

پەروەردگار لەگۆڕدا سەر لـەظلمو ستەمکاران تێـك دەدا هـیچ بەڵــگەیەکیان وەبیر نایەتەوەو کەڕو لاڵ دەبن!! کەوابوو خاوەنی ئەم ڕەوشـتە خراپانـە هـەرگیز لایـەقی ئـەوەنین کـەخودا بیانخاتـە سـەر ڕێگـای ڕاسـتو ڕەحمـەتی خـۆی بڕێـژێ بەسـەریان دا توشـی خۆشـبەختی دونیـاو قیامـەتیان بکـا بـەڵام ئەوانـەی لایـەقی هیدایـەتو ڕەحمـەتی خـودان ئەوانــەن کــەخاوەنی ڕەوشـتی بــەرزو پــاکن، ئــەو ڕەوشــتانەی کــە بــریتین لــەباوەڕی ڕەواو گەڕانــەوە بــۆ ژێــر فــەرمانی خــوداو شوێنکەوتنی ڕێگای ئاشتیو ڕەزامەندی پەوەردگار.

{قُلْ إِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاء وَيَهْدِي إِلَيْهِ مَنْ أَنَابَ} سورة الرعد (٢٧).

{يَهْدِي بِهِ اللّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلاَمِ} سورة المائدة (١٦).

ویستو ئیرادەی مرۆڤ لەژێر ویستو ئیرادەی خودا دایە:

ئاینی ئیسلام ئاینێکی واقیعییە، لەم ڕووەوە ئیختیارو کردەوە بۆ ئینسان دەچەسپێنێو بۆرە سەربەستییەکی دەداتێ، بەلاّم لەهەمان کات دا ئەوە رون دەکاتەوە کەهەردەم ئادەمیزاد ئەوەی کە بەئیختیاری خۆیان ئەنجامی دەدەن ئەو کردارەیە کە ویستی خودای لەسەرە ئەویش ئیرادەی پێیەتی!!

{إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ، لِمَن شَاء مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ، وَمَا تَشَاؤُونَ إِلَّا أَن يَشَاء اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ} سورة التكوير (٢٧-٢٩).

واتە: ئەو قورئانە پیرۆزە لەسەر شێوەیەکی شیرین ئامۆژگاری مەردوم دەکا، بیرخەرەوەیەکی خودایە بۆ ئەوکەسانەی کەلە ئێوە شارێگەی حەقو ڕاستیان گرتووە، ئەمەیش هەر لەکەرەمی خوداوەیە کەئێوە لەسەرەتاوە ڕێگەی ڕاستتان گرتووەو ئەوەیش بەویستو خواستی خودایە!! هەر لەم واتاو مانایەدا چەند ئایەتێکی تری قورئان هەیە وەکوو ئەم ئایەتانە:

{وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَاء وَيَخْتَارُ مَا كَانَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ} سورة القصص (٦٨).

خودای تۆ هەر شتێك ئارەزۆ بکا بەدی دەهێنێ چی ئارەزۆی لێ بێ هەڵی دەبژێرێ، ئەو مەردوم گەلە مافی هەڵبژاردنیان نییە.

{قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللّهُ لَنَا} سورة التوبة (٥١).

ئەی موحەممەد! بڵێ بەهاوڕێیانت هەرشتێك خودا لای خۆی لە لەوحولەحفوظ دا نەی نووسیبێ نایەتە ڕێمانو بەرەو ڕوی نابینەوە.

{وَإِن يَمْسَسْكَ اللّهُ بِضُرٍّ فَلاَ كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدُيرٌ، وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ} سورة الأنعام (١٧-١٨).

واتە: ئەگەر خودا بیەوێ زەرەرو زیانێکت پێ بگا خۆی نەبێ کەسی تر ناتوانێ ئەو زیانەت لێ دوور بخاتەوە، ئەگەر ویستیشی سودو قازانجێکت پێ بگا

ئەوە کاری خۆیەتی، ئەو بەسەر هەموو شتێك دا بەتوانایە هەر ئەوە خاوەن دەسەڵاتو بەهێز لەژور بەندەکانیەوە. بێگومان ئەم ئایەتانەو ئەو ئایەتانەش کەئەم جۆرە مانایە دەگەیەنن وێنەی ڕاستییەکی زانستی دەکێشنو حەقیقەتێك دەگەیەنن کەزۆر فەیلەسووفو زانا ڕۆژئاواییەکان دانیان پیادا ناوەو ناویان لێ ناوە ڕێبازی زۆرە ملێ (مذهب الجبرية) بەڵام ئەوان زۆرە ملێیەکەیان پاڵ دابو نەریتی کەونو چونیەتی ژیان تێیدا داوە لەجیاتی ئەوەی هۆیەکانی بگێڕنەوە بۆ پەروەردگارو ئاکارو ویستو زانستی ئەو! ئەم کۆمەڵە، شوێن کەوتوانی ئەم ڕێبازە تایبەتییە جەبرییە بڕوایان وایە کەمرۆڤ لەژیان دا ئەو ئیختیارەی کەهەیەتی بریتییە لە ئیختیارێکی بێ وەجی زەبوونو بێ هێز، دان پێدانان بەم ئیختیارە زەبوونەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستی ژیانی کۆمەڵایەتی لەبارەی کردەوەی ڕۆژانەوە نەك بۆ حەقیقەتێکی زانستی فەلسەفی، ئەگەر ددان بەم ئیختیارەدا نەنرێ زۆر زەحمەتە یان بڵێین مەحاڵە کە کۆمەڵ بتوانێ بناغەیەکی پتەو دابنێ بۆ یاساو سنوورێکی وا ژیانی خۆی پێ تەنظیم بکا.

تەمەنو رزقو ڕۆژی براونەتەوە (الأجل والرزق محدودان):

خودای گەورەو مەزن دەفەرموێ: {وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلاَّ بِإِذْنِ اللهِ كِتَابًا مُؤَجَّلاً} سورة آل عمران (١٤٥).

واتە: هیچ خاوەن گیانێك نامرێو بۆی نییە بمرێ مەگەر بەئیزنو ڕەزاو قەزاو قەدەری خودا نەبێ، ئەمە فەرمانی خودایە بۆ هەموو گیانداڕێك تەمەنێکی دیاری کراوی داناوە هەرگیز پاشو پێش ناکا.

دەفەرموێ: {أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ} سورة النساء (٧٨).

واتە: لەهەرشوێنێك بن مردن یەخەتان دەگرێو تێکتانەوە دەپێچێ تەنانەت ئەگەر لەناو قەڵای قایمو قوڵیش دابن هەر دەتانگرێتەوە، یان دەفەرموێ: {وَمَا

يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِ إِلَّا فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ} سورة فاطر (١١).

واتە: تەمەنی هەریەکێ لەئێوە درێژبێ یان کورت بێ لە لەوحولمحفوظ دا نوسراوەو هەمووی بەقەزاو قەدەری خودا خۆیەتی.

بەراستی مانای ئەم ئایەتانە ڕاسترین وەسفە بۆ واقیعی ئەم ژیانە، ئاوێنەیەکی بالانومایە بۆ چونیەتی مردنو ژیان، سات لەدوا ساتو ڕۆژ لەدوا ڕۆژ بەڵگەمان دەست دەکەوێ لەسەر ئەوە کەمردن (ئەجەل) فەرمانێکی خودایەو هەلاتن لەدەستی ناکرێ، هی واهەیە مەرگی موفاجات (موجافات) یەخەی دەگرێو کەس لەوەپێش نەخۆشی لێ هەست نەکردوە!! تەنانەت برێ پزیشك دەڵێن: ئادەمیزاد کە لەدایك دەبێ لەلەشیا ماکی مردن هەیە تێکەڵاوی ئەصڵی تەکوینی بووە. جائەگەر ئادەمیزاد تەمەنی ئەندازەیەکی دیاری کراوی هەبێ دیارە ڕزقو ڕۆژیشی هەر بەئەندازەیەو دیاری کراوە.

{إِنَّ اللَّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ} سورة آل عمران (٣٧).

واتە: پەروەردگار ڕزقو ڕۆژی دەدا بە کەسێك خۆی ئارەزوی لێ بێ بەبێ حیسابو ڕێژە.

ئەمە بەکورتی ئەو باسەیە کە قورئان دەربارەی قەزاو قەدەرو ڕزقو ڕۆژیو ماوەی تەمەن لێی دواوەو باسی کردوە، بەڵام ئەگەر کەسێك بیەوێ زیاد لەمە لەمەوزوعەکە قووڵ ببێتەوە هەوڵ بدا گونجانێك بەدی بێنێ لەنێوان ئەو بەڵگانەی کەفراوانیی زانستی خوداو بێ مەودایی‌و ویستو خواستی دەچەسپێنن لەنێوان ئەو کردەوانەدا کەهەموو ڕۆژێ مەردووم بەئارەزووی خۆیان ئەنجامی دەدەن ئەوە هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین کە ئەم هەڵبژاردنەی مرۆڤ بۆ کارێكو وازهێنانی لەکارێکی تر هۆیەکەی نهێنی قەدەرە (سر القدر) قووڵ بوونەوەو پێداگرتن تێیدا کارێکی باش نییە، خۆ پێوەماندو کردنی بێ هودەیەو ئاینی ئیسلام نەهی کردوە لەخۆ پێوە خەریك کردنی.

پوختەی باوەڕ بەقەزاو قەدەر (روح الإيمان بالقـــدر):

بیرو باوەڕ بەقەزاو قەدەر خاوەنەکەی هەڵ دەنێ بۆ کردەوەو کۆشش، هەردەم سوودو قازانجی خۆی لەکردەوەو کۆشش دا دەبینێ، پێی وایە ئەگەر لەم ئیشەدا سەرکەوتوو نەبوو لەئیشێکی تردا سەرکەوتوو دەبێ، هەرگیز نائومێد نابێ‌و هیوای بەنهێنی قەدەر دەبێ، چونکە ئەو بەشەی بۆی بڕاوەتەوە لێی دیارنییەو جگە لە کردەوەو کۆششی خۆشی ج نیشانەیەکی تری بەدەستەوە نییە کە بیگەیەنێ بەئاوات، کەوابێ دەبێ هەرگیز سڵ نەکاتەوە لەکارو پیشەو دەست‌و شانی خۆی بوەشێنێ: بەشێك لە حیکمەتی پەروەردگارە کە داوای لەئادەمیزاد کردوە باوەڕ بەقەزاو قەدەر بهێنن، هەتا کاتی تووش بوونیان بەبەڵاو موسیبەت خۆ راگربن‌و تەحەمولی نارەحەتی بکەن، هەرکاتێ نائومێدی لەشتێك دا سواری دڵ‌و دەروونی ئادەمیزاد بوو هێرشی بۆهێنا، یان کۆسپ‌و تەگەرەیەك هاتە سەر رێگای‌و نەی هێشت بە مەرام بگا ئالەم کاتەدا گرینگی بڕوا بەقەدەر دەردەکەوێ، لەم حاڵەدا پشت بەستن بەخوداو بەقەدەر ئاهێکی دێنێتەوە بەرو دەرگای داخراوی بۆ ئاوەڵا دەکاو دڵنەوایی دەکاو تەم‌و مژی نائومێدی دەرەوێنێتەوەو کۆسپ‌و تەگەرەی لەرێگا رادەماڵێ‌و سەر لەنوێ دەست دەکاتەوە بەکارو باری خۆی.

هەمیـــــشە هـــــــوڵی مەردانـــــــەم داوە
ورەم بـــــــەگلاو قـــــــەت نـــــــەرووخاوە
دوایـــیش هەرچـــی هـــات لـــەلای خـــوداوە
خـــەڵاتی خودایـــە جێگـــەی سەرچـــاوە

خۆ ئەگەر خوا کردی لەکارێکا سەرکەوتوو ناجح دەرچوو دووبارە ئیمان بەقەزاو قەدەر دەوری گرینگی خۆی هەیەو ناهێڵێ خاوەنەکەی لەخۆی بگۆڕێ‌و بیرو هۆشی خۆی لەدەست بدا، لە خۆشیاناقاچی لەعەرد ببڕێ‌و هەوا پەروازبێ!! پەروەردگار کە دەفەرموێ:

{مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ، لِكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ} سورة الحديد (٢٢-٢٣).

ئاماژه بۆ ئەوه دەکا کە هەرچی بەڵاو موصیبەتێك تووشی زەویو زارو باخو ڕەزتان دەبێ یا یەخەی خۆتان دەگرێ، هەمووی لە لەوحولـەحفوظ دا نووسـراوە، لەزانستی خودادا چەسپاوە، پێش ئـەوەی دروستی بکا ئەمـەش لـەکن خـودا زۆر ئاسانە.. ئەمجار داوا لەئادەمیزاد دەکا کە هەرکاتێ بەڵاو ناخۆشیەکی تـووش بـوو غەمو پـەژارە دای نـەگرێ خـۆی نەفـەوتێنێ. بەڵـکوو دەبـێ بـڕوای وابـێ کەئـەوە قـەزاو قـەدەرە لەئـەزەل دا بـۆی نووسـراوە لـێ لادانـی نـەدەکراو خـۆی لـێ نەدەشێردرایەوە، پێویستە ڕازی بێ بەقـەزا، هـەروەها ئەگـەر خـوا کـردی تووشـی خێـرو خۆشـییەك بـوو پێویـستە خـۆی لـێی بـایی نـەبێ، بەڵـکوو وابزانـێ ئەمـە خەڵاتی خودایەو لەئـەزەل دا بـۆی نووسـراوەو بەئازایـەتی خـۆی وەری نـەگرتووە تاپێی بایی ببێ بەڵکوو دەبێ شوکری لەسەر بکا.

بڕوا بەقەزاو قەدەر چەند سیفاتێکی بەرزو جوان لە ئادەمیزاددا دروست دەکاو گەشـەیان پێدەکا وەکـوو ئـازاییو نەترسـانو دەسـت بـە خێـریو سـەخی تەبیعـەتی، چونکە ئەوکەسەی کە بڕوای وابێ تەمەن دیاری کراوەو زیـادو کـەم ناکـا، ئەوکەسـەی پێی وابێ کە ڕزقو ڕۆژی دیاری کراوەو هەموو شتێك بەدەست خودایـە چـۆنی بـوێ ئـاوا هـەڵیان دەسـوڕێنێ! ئـیتر چـۆن لـەمردن دەترسـێ یـان چـۆن داکـۆکی لـەوڵاتو ئایینو ناموسوگەلو هۆزی خۆی ناکا! یـا چـۆن لـە فـەقیری دەترسـێ!! چـۆن کـردارو گوفتاری چاكو باش نابێ!

لایەنی گیانپەوەریی لەئایینی ئیسلام دا:

دوژمنـانی ئیـسلام زۆر پـڕو پاگەنـدەیان لـەدژی ئیـسلام ئـەنجام داوەو زۆر شـوبهەو فێڵو تەڵەکـەیان ئاراسـتە کـردوە، یـەکێك لـەو شـوبهانە ئەوەیـە گوایـە

ئایینی ئیسلام لایەنی گیانی تێدا نییەو ئاینێکی ماددی سیرفە! یان دەڵێن: ئایینی ئیسلام زیاتر یاسایەکی شەرعییە تا نیزامێکی ئەخلاقیو رۆحی!.

لەڕاستی دا ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیەو بوختانێکی زلە دوژمنان بەئیسلامی دەکەن، چونکە ئەو لایەنە ڕۆحیانەی ئایینی ئیسلام لەخۆی گرتوون هەرگیز هیچ ئایینێك نیەو نەبووە ئابەو شێوە مەبادیئی ڕۆحی گونجاوو بەرزی لەخۆ گرتبێ، بۆ زیادە ڕون کردنەوە لەم چەند سەرەباسانەی داهاتوودا ئەم لایەنە شی دەکەینەوە، سەرە باسەکانیش ئەمانەن:

١. پەیوەندی ئادەمیزاد بەجیهانەوە (صلة الإنسان بالدنيا).

٢. پەیوەندی ئادەمیزاد بە پەروەردگارەوە (صلة الإنسان بالله).

٣. ڕەوشت لەئیسلام دا (الأخلاق في الإسلام).

٤. خودا پەرستیی (عیبادەت).

پێش ئەوەی بچینە ناو درێژە باسەکانەوە پێویستە ئەم خاڵانە شی بکەینەوە..

ئادەمیزاد لەڕۆحو مادده پێکهاتووە:

ئادەمیزاد لەدوو عونصوور پێکهاتووە، عونصورێك ماددەیەو گەشو نمای هەیەو جمو جۆڵ، عونصورەکەی تر جەوهەرێکی ڕوتی لەمادده پاڵفتەیەو چەند دیاردەیەکی تایبەتی هەیە وەکوو فکرو ئەندێشە، وەکوو زانینو ویستو ئیرادە، وەکوو خۆشەویستیو ڕق لێبوونەوە، یا ڕەوشتی جوانو ناشیرین. بۆ هەریەکێ لەم دوو عونصوورە ئارەزوی تایبەتی هەیەو هەریەکەیان دەیەوێ ئارەزووەکەی خۆی بەتەواوی بەدەست بێنێ، لاشە ماددەیەکە پێداویستی خۆی هەیەو ئارەزۆی دابین کردنی دەکا، حەزی لە خواردەمەنیو خواردنەوەو ڕابواردنی جینسی هەیەو پێویستی بە خەوو ئیستیراحەتو شتی تر دەبێ! ڕۆحو گیان پلەو پایەی

بەرزو نزمی هەیە، بەگوێرەی سەعیو کۆششی تایبەتی خۆی دەتوانێ برێ یا زۆربەی پێداویستییەکانی خۆی دابین بکا.

وەکوو گوترا ئادەمیزاد پێکهاتووە لەتێکەڵبوونی لاشەو ڕۆح ئەم تێکەڵاو بوونە بوومتە کانی بەلاو موسیبەت لەم ڕووەوە کە زۆربەی ئادەمیزاد بوونە بەندەی ئاڵقە لەگوێی ئارەزووەکانی خۆیان مرۆڤایەتییان دابەزیوە بۆ پلەی ئاژەڵی، تەنانەت لەژیان دا حەزیان لەهیچ نییە جگە لەڕازاندنەوەی سفرەو خوانی ڕەنگاو ڕەنگ هەموو هیواو ئارەزۆیەکیان دابین کردنی پێداویستییەکانی هەواو هەوەسەو بەس! بەڵکوو جاری واهەیە لەپلەی (ئاژەڵی)ش دابەزیون بەتەواوی نقوومی هەواو هەوەس بوونو هیچ لایەنێکی ڕۆحیان تێدا نەماوە! لەبەر ئەمە قورئانی پیرۆز یاساو نیزامێکی گیانی داناوە بناغەکەی بڕوا بەخودایەو باش ناسینییەتی، ناسینێکی ڕاستی بێ گومان کە مرۆڤ بەرز بکاتەوەو بیکاتە مرۆڤێکی صالحو بەسوود لە کۆمەڵگای ئینسانی دا لەو گرێ کوێرکە دروونیەی کەسەری لێ دەرناکاو بەهۆی دووری لەخوداوە هاکا لێی بوو بە مۆتەکەو ملۆزمو هەڕەشەی فەوتانی لێ بکاو بەرەو هەڵەتی نەمان ڕای ماڵێو ڕای پێچێ.

دوای ئەوەش قورئان ئادەمیزادی بانگ کردوە بۆئەوەی جیهاد لەگەڵ نەفسی خۆی دا بکا کۆڵەکەی لەگەڵ دا بدا، لەسەر کردەوەی باش ڕای بێنێ، دڵو دەرونی خۆی پاك بکاتەوە لەچڵکی هەواو هەوەسو شەهوەتی نەفسانیو ئارزۆ پەرستی، لەکینەو حەسوودیو باقی نەخۆشییە دەرونییەکانی تر، تا هەموو خەڵکی لە سەرخۆشەویستیو برایەتیو ئەمنو ئاسایش کۆ ببنەوەو یەکتری بگرنو کۆمەڵێکی ئاسودەو خۆشبەختی پێك بێنن.

ئادەمیزاد بەگشتی پێویستی بەڕۆشنبیری ڕۆحی هەیە:

کۆمەڵی ئادەمیزاد ئەمڕۆ زۆر پێویستیان بەڕۆشنبیری گیانی هەیە، ئەو کۆمەڵە مادده پەرستەی کەلەژێر کاریگەریی بڕوایەکی پتەو بەوە کەبەپێش

کەوتنی لایەنی ماددی ئادەمیزاد دەگاتە لوتکەی خۆشبەختیو کەماڵ! بەڵام ڕوداوەکانی ئەم سی چل ساڵەی ناوەڕاستی ئەم سەدەیە سەر لەبەر ئەم بڕوایەی هەڵوەشاندەوە ئاکامەکەی بەرەو ئاوەژوو هاتەوە، چونکە ئەو پێشکەوتنە مادییەی لەم چەرخەدا ئادەمیزاد پێی گەیی نەیتوانی ئەو بەروبوومەی لێ چاوە ڕوان دەکرا پێشکەشی ئادەمیزادی بکا! نەیتوانی خۆشبەختی بخاتە ناو کۆمەڵی مرۆڤەوە! بەڵکوو بەپێچەوانەوە چی وێرانکاریو ماڵوێرانی هەیە لەڕێگەی شەڕو شۆڕەوە کەوتە ناو کۆمەڵەوە، تا ئێستاش بەهێز بێهێز نێچیر دەکاو داگیرکەر دەمی ژنیوەتە لاکی کۆمەڵە ژێر دەستەکانو بێ وەجەکان، ئەم کۆمەڵ ئەو کۆمەڵ دەبوغزێنێ، سپی پێست، پێست ڕەشی ناوێو ڕەش بەخوێنی سەری سپی تینووە، ئەمە هەموو بەڵگەی ئەوەیە کە حەضارەتی ماددیو شۆڕشی پیشەسازی موفلیسنو ناتوانن ئادەمیزاد بەختەوەر بکەن چونکە هیچ ڕەوشتێکی ڕۆحییان تێدا نییە بۆیە دەبینین شاعیری هیندوستانی (تاغور) ڕەخنە لە شارستانییەتی دروستکراوی ئێستا دەگرێ، ئەو شارستانییەتەی کەلەسەر بناغەی عیلمو ماددە وەدی هێنراوەو هیچ لایەنێکی ڕۆحی تێدا نییە. شاعیری ناوبراو پێش مردنی بەچەند سەعاتێ: ئەم وتانەی بەیەکێ لە قوتابییەکانی گوتووەو دەڵێ: (ڕێکخستی باری کۆمەلایەتی ئابووری ..... هتد. لەوانەیە بتوانێ سروشت ڕام بکا بۆ مرۆڤ تا بتوانێ سوودی لێوەربگرێ، بەڵام هەرگیز کاریگەری لەخودی مرۆڤەکەدا لەوە تێ ناپەڕێ کە دەیکاتە ئاژەڵێکی نایابو مومتازو بەس! هیچ کاتێك ڕێگایەك بۆ ئینسان ناکێشێ.. کەبەرەو ئاسۆی کەماڵی ڕۆحی بیبا، چونکە کەماڵی گیانی لەبڕوای من دا پەیوەندی نییە بە پێشکەوتنی ماددیو ڕاددەی پیشەسازییەوە، بەڵکوو کەماڵی ڕۆحی بریتییە لە جەوهەرێکی ئەبەدی جێگرتوو لەدەروونی ئێمەی مرۆڤ دا، جالە گەشەکردنی ماددیدا پێشکەوتوو بین یان دواکەوتوو بین هیچ لە مەوزوعەکە ناگۆڕێ.

جا کەوابوو پێویستی سەر شانمانە کەلەگیانی خۆمان دابگەڕێین بۆ دۆزینەوەی ئەو جەوهەرە ئەبەدییە، لەدیاردەکانی بگەڕێین لەوهێزە هاوبەشییەی نێوان خۆمانو خەڵکی تردا بگەڕێین جا چەند هەست بەوهاوبەشو ناکۆکییە بکەین، مانای وایە ئەومندە هەنگاومان بەرەو کەماڵی رۆحی هەڵێناوە.

لەراستی دا زۆرکەس لەپێش ئێمەوە دەرکی ئەم راستییەیان کردوە، بوونە نموونەی کەماڵی رۆحیو رەوشت بەرزی بەبێ ئەوەی شارستانییەتی وەکوو شارستانییەتی ئێمەیان هەبوو بێ یان زانستو پێشکەوتووی مادییان وەکوو ئێمە بووبێ. بێگومان ئەوان گرنگییان داوە بەلایەنی بەخێوکردنی هێزە ئەبەدییەکانو لەم بارەوە باخو نەمامیان ناشتوونو بەراویان ئاودێر کردون. ئیتر باخیان خەملیوەو گوڵی کردوەو بەرو بوومی بووە کەوتوونە خۆشبەختی ژیانەوە، دەی بابزانین ئەو هێزە ئەبەدییانە چین؟ بێگومان ئەو هێزانە خۆشەویستیو گیان بەخت کردنو لەخۆبووردونو هەموو ئەوشتە پیرۆزانەیە کەدەبن بەهۆو هەوێنی چەسپاندنی ئارامیو ئاشتیو دادپەروەریو برایەتی لەنێوانی ئێمەی مرۆڤ دا.. سەیر ئەوەیە شارستانییەتی ئێمە لەکنە خۆی پشت بەرێکخستنی یاساو نیظام دەبەستێ بۆ پێشکەوتنمان کەچی نابینین ئەم رێکخستنە یاساییە بخاتە پاڵ بانگەوازییەکی گەرمو دڵ سۆزانەی دوور لە رەگەز پەرستی بۆ ئەو هێزە رۆحیانەی کە پێویستە ئێمە کەڵکیان لێ وەربگرینو پێیان سوود مەندبین وەکوو چۆن سوود لەخەڵوزو ئاسنو بوخارو کارەبا وەردەگرین.

بەلای منەوە پێویستە سودو قازانجی خۆشەویستیو برایەتی لەتەك سوودو قازانجی کارەبادا بەدەرس بەمناڵان بخوێندرێ، قازانجو مەنفەعەتی دڵنەرمی لەگەڵ خوێندنی قازانجی خەڵوزو ئاسن دا یەك بخرێ، واتە پێویستە سۆزو دڵ نەرمیو خۆشەویستی ئەبەدی پەیوەندبکرێ بەزانستەکانو تەتبیقاتی عیلمییەوە

بەیەکەوە بەکاربهێنرێن، ئەگینا زانستەکانو تەتبیقاتەکەش بێهودە دەبنو بە پێچەوانەوە ئاکامیان دەبیو سۆزو عاتیفەکان ڕادەماڵێو ئادەمیزاد دەگێڕێتەوە بۆ نەفامیو نەزانی سەردەمی کۆنی..).

ئەمە پوختەی وتەکەی تاغووری شاعیر بوو، هەر لەم بارەوە زانای بەناوبانگو شارەزای ئەمریکی (أندروکونوای ایفی) دەڵێ: (لایەنە ڕۆحیو ئەخلاقییەکان دەورێکی گرینگیان هەیە لەژیانی ئادەمیزادداو ئامێرێکی گرینگن بۆ خۆشبەختی ئادەمیزادو ساغو سەلامەتی بەڵکوو ئەم لایەنانەو زانینیان زۆر گرنگترە لەزانینی ڕامکردنی سروشتو دەستگرتن بەسەری دا. بەڵێ ئاشکرایە قووڵبوونەوەو فێربوونی زانستە سروشتییەکان وامان لێ دەکەن ئەم جیهانەی تێیدا دەژین شارەزای ببین، جوان کشتوکاڵو پیشەسازیی بەرهەم بێننو بۆ خۆشبەختی خۆمان بەکاریان بهێنن، قەڵاچۆی میکرۆبو نەخۆشییە کوشندەکان بکەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا موشکیلەی هەرەگەورە لەعالەمی ئەمڕۆمان دا موشکیلەی نەبوون (پاکەم)ی ئەخلاقی جوانو ئایینە، چونکە کەمتەرخەمی لەئاستی ئایینو ئەخلاقەوە نەخۆشییەکی کوشندەی ئەمڕۆمانە! موشکیلەی ئەمڕۆ ئەوەیە بزانینو فێربین کەوزەی (زەڕە) بەکار بهێندرێ بۆ خۆشبەختی ئادەمیزاد نەك بۆ وێرانکاریو دوا بڕینەوەو تارو مارکردن.

وا بزانین گەورەترین چێواشەیەك کەتوشی ئادەمیزادو کۆمەڵگای ئادەمی بووە، موشکیلەی دابەزینی ئەخلاقو ڕەوشتە، موشکیلەی دۆزینەوەی ڕێگای ڕاست بۆ دەربڕینی بڕیاری لەبارو گونجاوە!!.

کۆمەڵەی چەك ڕەوشتییەکان (جمعية التسلح الخلقي):

هەر بۆ بەرگری لە دابەزینی ڕەوشتو ئەخلاق ئەمڕۆ چەند جەمعییەتێکی ئینسانی لە سویسراو شوێنی تریش دامەزرێنراون، یەکێك لەم جەمعییەتانە جەمعییەتی چەك ڕەوشتییەکانە کە پرۆفیسۆر (فرانك بکمان) دایمەزراند، بەو

هیوایــه بتوانــێ لــەڕێی ڕەوێتــی تاکەکانــەوە کۆمەڵــگاکەی بگــۆڕێ. بەرنامــەی کارکردنی ئـەم کۆمەڵە بریتییـه لـەوە کـە هەریـەکێك لەتاکـەکانی کۆمـەڵ خـۆی بڕازێنێتــەوە بەمەبــدەئو ڕەوشــتێکی بــەرزو بــێ خەوشــەوە. هــەوڵ بــدا هــەردەم بەتــەواوی ئــەنجامیان بــدا، لایــەنی ســەرەکیو گــرینگیش لــەم مەبدەئــە ڕەوشــت پــەروەرەدا ڕووتــێکردن لەخودایــەو گــوێ ڕاگــرتنو فەرمانبــەرداری تــەواو بــۆ فەرمانو ئامۆژگارییەکانییەتی، بەجۆرێك حاڵەتێکی وا لە خۆی دا دروست بکا کە موحاسەبەی خۆی بکا هەر کە گوناهێکی لــێ ڕوودا خێـرا ژێـوان ببێتــەوەو سـور بــێ لەســەر ئــەوە جــارێکی تــر شــتی وای لــێ ڕونەداتــەوە، هاریکــاری لەگــەڵ دەوروبەری خۆی دا بکا بۆ وەدی هێنانی ئەو مەبدەئـە بەرزانـەو بڵاوبوونـەوەیان لەناو کۆمەڵ دا.

زۆر ســەیرە ئــەمڕۆ کۆمــەڵی ئادەمیزادمــان وای لــی هــاتووە بــەکردەوە پــچڕ پــچڕێو جیابوونــەوە نیــشانەی هــەرە ئاشــکرامانە بەقــسەش یەکیــەتی داوای هەرەزومانە. لێك دابڕانو لێـك جیابوونـەوەو دووبـەرەکی ئاکامی تەکـەببورو دڵ پیــسیو ئــارەزو بــازیو تــەماعکارین ئەمانــەش دروســتکراوی مــاددە پەرســتیو نیشانەی هەرە ئاشکرای ئەو ڕێبازەن.

قورئانی پیرۆز بۆ بەربەرەکانی ئەو ڕێبـازەو بـۆ دابـین کردنـی خۆشـبەختیو ئــەمنو ئاســایش باشــترین بناغــەو پایــەی ڕۆحــیو ئــەخلاقی لــەخۆ گرتــوونو چــاکترین ئــامێرو وەســیلەی ئاســایشو ئــارامیو برایــەتیو خۆشــبەختی بــۆ دانیـشتوانی سـەر زەوی هێنـاوە، بـەڵام سـەد مخابن تـا دەرحـاڵ ئـەم مەبادیئانـەی قورئانی پیرۆز بۆ زۆربەی گەلانی سەرزەوی نـەزانراون تەنانـەت ئـەو موفـەککیرو هۆشمەندانـەی کـە عـەوداڵن بەشـوێن هـۆو وەسـیلەی کاریگـەر بـۆ بڵاوکردنـەوەی ئـارامیو خۆشەویـستی لـەناو خەڵـکا ئـەوانیش بەچـاوێکی وردیـنی یـەوە لـەم مەبادیئانە وردنە بوونەتەوە وەکوو دوڕڕێکی نـاو صـەدەف لـەبنکی دەریـادا پـەی پێ نەبراوە.

بەکورتی ئەم دیاردانە بوونە پاڵپێوەنەرمان بۆ نووسینی ئەم باسانەی کەلەمەولا دەخرێنە پێش چاو، بەڵکوو لەسۆنگەی ئەو باسانەوە بتوانین چەند بەڵگەیەك بخەینە ڕوو لەسەر ئەوەی کە ئایینی ئیسلام داهاتووی نزیکی مرۆیە.

یاسای ڕۆحی لەنیگای زوربەی ئایینەکانەوە:

یاسای ڕۆحی لە ئایینی ئیسلام دا چییەو چۆنە؟! ئەم مەسەلەیە شتێکی گرینگە، زۆر پێویستە بچینە بنج و بناوانیو لێی حاڵی ببین و تێی بگەین، بۆئەوە بتوانین جیاوازیی نێوان ئایینی ئیسلام و ئایینەکان و ڕێبازە فەلسەفییەکانی تر دەربخەین. ئەوەی کە باوەو لەناوەو لەگۆڕەپانی ئایینەکان و ڕێبازە فەلسەفییەکان دایە، ئەوەیە کە بەرژەوەندی ڕۆح و لاشە دژ بەیەکن و هەرگیز مەحاڵە ڕۆح و لاشە لە تەك یەك نەش و نما بکەن و پێکەوە بەرەو پێش بچن.. چونکە بە بۆچونی ئەوان لاشەو عالەمی ماددە بەندینخانەی گیانن، پەیوەندییە دنیاییەکان و نقوم بوون لەڕابواردنی دونیایی و ئارەزوکاری دا زنجیرێکن گیانی ئادەمیزاد پێوەند دەکەن و هەست و خوستی لێ دەبڕن!.

لەئاکام و بەرهەمی ئەم فیکرەدا جیاوازییەکی سەد دەرسەد کەتوۆتە نێوان ماددەو ڕۆحەوە، جا ئەوانەی ڕێبازی ماددیان هەڵبژاردووە هەر لەهەوەڵ هەنگاوەوە نائومێد بوون لەوەی کەبتوانن گەشە بە لایەنە ڕۆحییەکە بدەن و لەهەمان کات دا لەگەڵ لایەنە ماددیەکەدا بڕۆن!! ئیتر نوقمی عالەمی ماددە بون و لەلایەنە ڕۆحییەکە دوور کەوتونەوە.

ئەوانەیش لایەنە ڕۆحییەکەیان پەسەند کرد بۆ مشت و ماڵ کردنی ڕۆح و پەروەردەکردنی چەند ڕێبازو بەرنامەیەکیان هێنایە کایەوە بەتەواوی لەکارو باری دونیایی دووری خستنەوە چونکە لەنیگای ئەمانەوەو بە بۆچونی خۆیان پێیان مەحاڵ بوو کەڕێبازێك هەبێ بۆ گەشەکردنی ڕۆح کەئەو ڕێبازە تێکەڵاوی ژیانی ئەم جیهانەو کارو باری ببێ؟! گوایە بەقسەی ئەوان بێ، ئاوو ئاگر بە

یەکەوە ناگونجێن لەبەر ئەوە دەبینین لەپێناوی ڕۆح دا هەموو کارو پێویستیەکی لاشەیان پاش گوێ خستووە، لەم ڕووەوە دەبینن وەرزش و خۆماندووکردنی وایان داهێناوە بەتەواوی ئارەزۆی نەفس قەلاچۆ دەکا. بە نموونە بەراهیمەو بوذی لەهیندستان دا برِی ڕێبازو دیانەتی تریش لەم بارەوە زیادە ڕەوییان کردوە، هیوایان هەیە زیاد لەمەش خۆیان دەپێچن و کۆڵی خۆیان قورس دەکەن، یان لەسەر نووکە بزمار دادەنیشن و دەنوون، کاتێکیش سەیری ئایینی مەسیحی دەکەین دەبینین ئایینێکی دنیا نەویستی هەڵەوگێڕ بەکارو باری گیانەوەیەو بەس. ئەمە بەپێی قسەو دەقی نامە ئایینیەکانیان، بەلاّم بەپێی کردەوەو ڕەفتاریان کەوان لەبەرچاومان دوور ترین میللەتن لەگیان ویستی و نزیکترین کەسن بەدنیا پەرستی، ئەمرۆ ئەوروپاو ئەمریکاو دەوڵەتە مەسیحییەکان پێشەواو پێشەنگی ئەم هەموو هەوەس و ئارەزوو پەرستییە کە بەچاوی خۆمان دەیبینین، نە شەرم ما نەڤییەم ما، نەترسی خودا ما نەدین و دیانەت ما، بەڕاستی ئێستا لەباتی ئەقانیمی (ثلاثة)کەی جاران ئەم (ئالوثة) دەپەرستن (ورگ و ناوگەڵ و پارەو پوول).

بەشی یازدەهەم:

پەیوەندی ئادەمیزاد بەدنیاو لەنیگای ئیسلامەوە

میانڕەوی لەنێوان ڕۆح و لاشەدا - هەڵبژاردنی قیامەت و باودانی بەسەر دونیادا - هەڕەشە کردن و لە لەخۆبایی بوون و دەستەخەڕو بوون بەخۆشی ژیانەوە - دونیا تاقیگای مرۆڤە - قورئانی پیرۆز لەزەحمەتی ماڵ کەم دەکاتەوەو دەبێ بەهۆی ئەوە ماڵ ماڵی ڕەحمەت بێ.

میانڕەوی لەنێوان داخوازی ڕۆح و لاشەدا:

ئایینی ئیسلامی پیرۆز جیاوازیی لەگەڵ ئایینە ناسراوەکانی تردا لەوەدایە کە ددان بەگرنگی ڕۆح و لەش دادەنێ و داوا دەکا کە داخوازییەکانی هەردوو لا (ڕۆح و لەش) دابین بکرێن، هەرگیز ئیسلام فەرمان ناکا بەموسوڵمان کە نەفسی خۆی لەخۆشییە مادییەکان بگرێتەوە بەمەرجێك ئەو نازو نیعمەتانە حەڵاڵ بن و لە ڕێگای مەشروعەوە بۆیان بچێ و لەئەندازەی عادەتی تێپەڕ نەکەن، تەنانەت ئێمە دەبینین زوربەی ئایەتەکانی قورئان خەڵك هەڵ دەنێن کە هەردوو لایەنەکە (ڕۆح و ماددە) بەیەکەوە پەروەردە بکەن و داخوازی هەردوو لا دابین بکەن.

قورئان دەفەرموێ: {وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ} سورة القصص (٧٧).

واتە: ئەی گرۆهی ئادەمیزاد ئەو ماڵ و دارایيەی خودا بەتۆی داوە هەوڵ بدە لەوشتانەدا سەرفی بکە کە خودا پێی خۆشەو بۆ ئەو دونیا سوودی لێ دەبینی و فریات دەکەوێ، بەڵام هەرگیز نەچی لەم ئاکارەدا زیادە ڕەوی بکەی و هەر لایەنی قیامەتی بگری و دنیا پاش گوێ بخەی! نەکەی بەشی خۆت و پێویستی ژیانت لەدنیا واز لێ بێنی و لەلەززەتی حەڵاڵ و زوڵاڵ دەست بەرداربی! بەڵکوو پێویستە لەنیعمەتەکانی خودا کەڵك وەربگرێ و داخوازی جیسمت بەحەڵاڵی دابین بکەی، ئەوەشت لەبیر نەچێ یارمەتی فەقیرو هەژاران بدە چاکەیان لەگەڵ دا بکە، هەروەکوو چۆن خودا چاکەی لەگەڵ تۆ کردوە، ئەو هەموو نازو نیعمەتەی بەسەردا ڕشتوی. هەروەها ئیسلام بۆ شوێن کەوتوانی ڕەوای بینیوە کە خۆیان

برازێننــەوە جلو بــەرگی جـوان لەبـەر بکـەنو خـواردنی خـۆشو بـەتام بخـۆنو خواردنــەوەی خــۆش نــۆش بکــەن، بەمــەرجێك لەئەنــدازەی خــۆی دەرنەچــێو زیادەرەوی نەکا.

خودا دەفەرموێ: {يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ، قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللّهِ الَّتِيَ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالْطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِي لِلَّذِينَ آمَنُواْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ} سورة الأعراف (٣١-٣٢).

لـەم ئایەتـەدا پـەروەردگار فـەرمان بـە بەنـدەکانی خـۆی دەکا کـەجلی جـوانو نایاب لەبەر بکەن، کاتێ دەچن بۆ مزگەوت بۆ نوێژ یان خـەریکی تـەوافی کەعبـە دەبن، شەرمگای خۆیان داپۆشـنو حیـشمەت ئـامێزبن، ئـەمجار فـەرمانیان پێدەکا کە بخۆنو بخۆنەوە، بەلام زیادە رۆیی نەکەن چونکە زیـادەرۆیی لەهـەموو شـتێك دا موخالیفو پێچەوانەی فەرمانی خودایە!

ئەی موحەممەد! بەو مەردوومە بڵێ: کێ حەرامی کردوە کە بەندەکانی خـودا خۆیــان برازێننــەوەو جــلو پۆشــاکی بــاش بپۆشــنو ئەنــدامی خۆیــان رێــكو پێکبخـەن؟ یـان کـێ لـێی مـەنع کـردون کـەخواردنو خواردنـەوەی خـۆش نـۆش بکەن؟! خودا شتی وای حەرام نەکردوە، کەواتە پێیان بفەرموو: ئەم بەهرەو نازو نیعمەتانە لەژیانی جیهان دا خودالەبـەر خـاتری بـروادارو ئیمانـدارەکان دروسـتی کردوون بەهۆی ئەوانەوەیە کە بێبڕواکان لـێی دەخۆن بەلام لـەژیانی قیامـەت دا ئــەو لیبــاسو خــواردنو خواردنەوەیــە ئــەو ئەســبابی تــەدارەكو رازاندنەوەیــە تایبەتە بە ئیمانداراںو هەر ئەوان سوودی لـێ وەردەگرن، ئاوا بـەو شـێوەیە ئێمـە نیـشانەی گـەورەیی خۆمـان رون دەکەینــەوە بـۆ کەسـانێك هۆشمەنـدبنو زانـابنو هەست بەچاکەو خراپە بکەن!!

لەلایەکی ترەوە پـەروەردگار موسـوڵمانان شـارەزا دەکا بۆئـەوەی بـزانن چـۆن لەخودا دەپاڕێنەوە،پێیان دەفەرموێ: کە پێویستە نزاو پاڕانەوەیان بەجۆرێك بـێ داخوازی قیامەتی تێدا بێ.

{فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ، وِمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ، أُولَئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُواْ وَاللّهُ سَرِيعُ الْحِسَابِ} سورة البقرة (٢٠٠-٢٠٢).

واتە:هەندێك ئادەمیزاد هەن هەر هەڵپەی دونیایانەو داوا لە خوا دەكەن كەماڵو داراییان بداتێ ئەوانە لەڕۆژی دوایی دا هیچ بەشو بارێكیان نییە تاقمێكی تر هەن دوعاو نزایان ئەوەیە لەخودای خۆیانو دەڵێن: خودایە لەجیهان دا چاكەمان پێ ببەخشەو لەڕۆژی قیامەتیشا هەر چاكەمان بدەرێ، لەنیعمەتی خۆت بێبەشمان مەكەو لەسزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە، ئەم تاقمە بەشێكی گەورەیان هەیە لەبەر خاتری كردەوە باشەكانیانو دوعاكانیشیان وەردەگیرێنو پاداشی خۆیان وەردەگرن. پەروەردگار حیسابو لێپرسینەوەی سزاو پاداشی ئەو عالەمە زۆر زوو بەئەنجام دەگەیەنێ.

لەشوێنێكی تردا قورئان دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُحَرِّمُواْ طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللّهُ لَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ، وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللّهُ حَلاَلاً طَيِّبًا وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِيَ أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ} سورة المائدة (٨٧-٨٨).

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان بەخوداو ئایینی خودا هەیە نەچن ئەو ڕزقو ڕۆژیو نیعمەتانەی خودا بۆی حەڵاڵ كردوونو ڕێگای داون لەزەتیان لێوەرگرن هەروا بەهەوانتە لەخۆتانی حەرام بكەنو پارێزی لێ بكەن نەكەن شتی وابكەن تەعەدداو زیادەڕەویمەكەنو لەسنووری فەرمانی خودا دەرمەچن، چونكەخودا سەرپێچی كەرانو لەسنوور دەرچوانی خۆش ناوێ، بخۆنو بخۆنەوە لەو ڕزقو ڕۆژییەی خودا بۆی ڕەخساندون ئەوە حەڵاڵو پاكو خاوێنە، خۆتان بپارێزن لەسزای ئەو خودایەیئێوە بڕواتان پێیەتی.

ئەوەی لەم ئایەتەدا سەرنجی ئینسان ڕادەكێشێ ئەوەیە كە پەروەردگار حەرام كردنی شتی حەڵاڵو گرتنەوەی نەفسی لێی، داناوە بەئیعتداو دەرچوون لەڕێبازیئاسایی نێوان ڕۆحو جەستە. وا بەبەرچاوی هەموو مانەوەیەو دەبینن كە ئیسلام چەند بەكوڵو بەدڵ گرینگی دەدا بەهەردو لایەنەكەو دەفەرموێ:

{هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَـكم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً} سورة البقرة (٢٩).

یان دەفەرموێ: {وَسَخَّرَ لَـكم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ} سورة الجاثية (١٣).

واتە: پەروەردگار چی لەئاسمانەکانو زەوی دا هەیە لەخۆرو مانگو ئەستێرەو بارانو هەورو با ...تاد. هەمووی (بە مەحضی رەحمەتی خۆی) بۆ سودوقازانجی ئێوەی تەسخیروڕام کردوە! بەڕاستی لەم تەسخیرکرنەدا نیشانەی خودایەتی خودا زۆرنو بەتایبەتی بۆ کەسانێك بیر لە بوونەوەر بکەنەوە.

بەڵێ: ئەو دوو ئایەتە ئاماژە دەکەن بۆ ئەندازەی دەسەلاتی ئادەمیزاد بەسەر سروشت دا، ئاشکراشە ئەم جۆرە ئامـاژە بۆکردنـە بـە موعجیزەیـەکی فەلـسەفی قورئـان دەژمێـردرێ.. پـێش سـەدەی نـۆزدە کـەس ئامـاژەی بۆنـەکردوە، ئەوکاتـەی قورئـان ئامـاژەی بـۆ ئـەم لایەنـە کـردوە ئـەم گەردوونـە هەمیـشە بەدەریایـەکی بـێ سـەروبنی سـامناکی نـەزانراو لەقەڵـەم دراوە! بـەلام ئـەمڕۆ دوای ئـەوەی ئـادەمیزاد توانی سروشت بۆ قازانجی خۆی تەسخیر بکا دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین ئیسلام کەشفی ئەم لایەنە زانستییەی کردوە پێش ئەوەی بۆ ئەمە تروسکایی بەدی بکرێ!.

بەڵکوو پێش ئـەوەی ئـادەمیزاد لەبـەردەوامی ژیـانی خـۆی دڵنیـا بـێ لەسـەر زەوی ئەو ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە ڕۆژێك دێ ئادەمیزاد سروشت تەسخیر دەکا بۆ سوودو قازانجی خۆی.

هەر لەم ڕوانگەیەوە کە پێغەمبەر دەفەرموێ: (لا رهبانية في الإسلام).

واتـە: ڕەبـەنی لـەئایینی ئیـسلام دا نییـە، چـونکە ڕێبـازی ڕەبەنیـەتی وادەکا بەندە چاکەکانی خودا هەر بەخۆیانەوە خەریك بنو گرینگی هەر بـەڕزگاربوونی خۆیان بدەنو گۆشەگیری کەنیشتەو مزگەوتو عیبادەتگـای خۆیـان بـبنو جڵـەوی کـارو بـاری مـەردووم بکەوێتـە دەسـت کەسـانێك کـەئامانجیان خراپـەکاریو وێرانکارییە لەسەر زەوی. قورئـانی پیرۆزیـش دەربـارەی ئـەو رەبەنیەتـەی کـەلای مەسیحییەکان هەیە، دەفەرموێ:

{ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِم بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَآتَيْنَاهُ الْإِنجِيلَ وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ابْتِغَاء رِضْوَانِ اللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا فَآتَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا مِنْهُمْ أَجْرَهُمْ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ} سورة الحديد (٢٧).

واتە:ئەو رەبەنیەتەی کە گاورەکان خۆیان دایان هێناو بۆ خۆیان لەسەر خۆیان فەرز کرد.. ئیتر خودای پەروەردگاریش لەم ڕووەوە لەسەری واجب کردن چونکە تاعەتو قوتۆ (نذر)کردن کاتێ بەندە لەسەر خۆی بەلازم بگێڕێ خوداش لەسەری فەرز دەکا، بۆیەش پەروەردگار ئەو رەبەنیەتەی لەسەر گاورەکان واجب کردتالەم ڕێگایەوە ڕەزامەندی خودا بەدەست بێنن، چونکە ڕەبەنیەتیش خۆی لەخۆی دا بریتییە لە خواپەرستیو لەخودا ترسان ئەمەش شتێکی پیرۆزە، هەرچەندە هەندێ رەبەن (راهب) دابو نەریتەکەیان تێك داو {فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا} وەکوو پێویست پارێزگارییان نەکرد، بەڵام ئەوانەی لەبەرخاتری خودا خۆیان کردوە بەرەبەنو بەبیرو بڕوا لەخودا نزیکبوونەوە گۆشە گیربوون ئەوانە پاداشیان لای خودایەو ئەو چاکەیان دەداتەوە، ئەوانەیش کە خراپەیان لەگەڵ ڕێبازی ڕەبەنی دا کرد، وەکوو پێویست مافی خۆیان نەدایە، ئەوانە سەرپێچی کەرو لەڕێ دەرچووی فەرمانی خودان، کەوابوو ڕێگای ڕاستو حەق ئەوەیە کە ئیسلام ڕەچاوی کردوە، کۆبوونەوەی رۆحو ماددەی بەڕەوا بینیوە، ئیعتیرافی بە گرینگی هەردوو لا کردوە، ئەمەش فیترەتی ئادەمیزاد وەری دەگرێو هەزمی دەکا، کەوابوو پەروەردگار بەبێ هودەو بێ سەبەب ئارەزوو شەهوەتی لەئادەمیزاد دادروست نەکردوە، یان بۆیە دروستی نەکردون بەریازەو چلەکیشی سەرکوت بکرێن بەڵکوو بۆیە لەئادەمیزاد دا ئارەزوو شەهوەتی دروست کردوە تاوەکوو بتوانێ جڵەویان بگرێو بەرەو ئاسۆی خۆشبەختی رەهایان بکا. کەوابوو حاڵەتێکی مام ناوەندی لەنێوان ڕۆح پەروەردە کردنێکی موتە تەریفو ماددە پەرستییەکی زیادەڕەودا حاڵەتێکە ژیانی کۆمەڵایەتی داواکاریەتیو گونجاوو

لەبارە بۆ کۆمەڵی ئادەمیزاد، ئاشکراشە هیچ ئایینو یاساو نیزامو تەعلیماتێك نییە بەم جۆرە وەکوو ئیسلام ئەوحاڵەتە ناوەندییەی لەخۆ گرتبێ.

بەگەنکردنی قیامەتو هەڵبژاردنی بەسەر جیهان دا:

ئایینی ئیسلام کەئەو رێبازە مام ناوەندییەی لەنێوان ڕۆحو جەستەدا گرتووەو پەسەندی کردوە مانای ئەوە نییە ڕۆحو بەدەن پلەیان یەکسانەو وەکوو یەك وان، نەخەیر ئەوە مەبەست نییە، بەڵکوو حیکمەتی خوداوای ویستووە کە ئایینی ئیسلام لەسەر بناغەی زانستو یاساکانی سروشت هەڵبچنرێ، زانستی تازەش ئەوەی چەسپاندووە کە عەقڵی تەواو کامڵ لەلەشی ساغو سەلیم دایە، لەشی ساغو هۆشی ساخیان وتووە. هەروەها مشتو ماڵبوونی ڕۆح بەوە پەیدا نابێ لەپێداویستییەکانی جەستە بگریەوە، بەڵکوو مشتو ماڵکردنی ڕۆح بەوە دەبێ دەخوازییەکانی جەستە بەشێوەیەکی مام ناوەندی دابین بکرێن، بەلاّم ئەوەمان لەیاد نەچێ کە قورئانی پیرۆز لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم ئەوە دەچەسپێنێ کە ژیانی قیامەت چاکترە لەژیانی دونیا، وەکە ماڵی ڕۆحی ئاکامو غایەو مەبەستێکە پێویستە هەموو موسوڵمانێك خۆی بۆ بکوتێ، هەڵپەی بۆبکا، هەر لەبەر ئەمەیە کە پەروەردگار خەڵکی هۆشیار دەکاتەوە کە کردەوەی چاکی خۆیان بکەن بە تێشوو لەپێش خۆیانەوە ڕەوانەی بکەنو دەیانترسێنێ لەوەی کە بەتەواوی بەدنیاوە بلکێنو قیامەت فەرامۆش بکەن.

{مَن كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لاَ يُبْخَسُونَ، {أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ إِلاَّ النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَاطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ} سورة هود (١٥-١٦).

واتە: کەسێك هەر هەوڵی دونیای بێو کردەوەکانی مەبەستی بەشی دونیایی بێ، لەدنیادا پاداشی بەوە دەدرێتەوە لەشی ساغو دڵی ئارامو دەوڵەمەندیو پلەو پایەی بەرزی دەبێو لەدونیادا بەتەواوی پاداشی خۆی وەردەگرێتەوە. بەلاّم ئەوانە چونکە بەکردەوەکانیان مەبەستی قیامەتیان نەبووە، ئەوان لەوێ دا هیچ

پاداش و بەش و باریکیان نییە جگە لە ئاگری دۆزەخ، کردەوەکانی دونیایان بەبێ هودە دەڕواو هیچ سوودی لێ نابینن، چییان کردوە پوچ و بەتاڵ و بێ سوود دەبێ. لەشوێنێکی تردا کە پەروەردگار وەسفی بەندە نزیکەکانی خۆی دەکا سلاّوی ترازوی قیامەت بەسەر جیهان دا دەداتەوەو دەفەرموێ:

{وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْاْ مَاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ قَالُواْ خَيْرًا لِّلَّذِينَ أَحْسَنُواْ فِي هَذِهِ الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَلَدَارُ الآخِرَةِ خَيْرٌ وَلَنِعْمَ دَارُ الْمُتَّقِينَ} سورة النحل (٣٠).

فەرموویان بەخاوەن تەقواو لەخودا ترسەکان ئەرێ خەلاّتی پەروەردگاری ئێوە کە ناردوویەتی بۆتان چی بوو؟ دەرحاڵ فەرموویان: خەلاّتێ خەلاّتی خودا بێ و بۆ بەندە نزیکەکانی بارەگای خۆی بێ دیارە خێرێکی گەلێ گەورەیە. بەڵێ قسەکەیان ڕاستەو دروستە، ئەوانەی چاکەیان کردوە بەپیشەی خۆیان لەهەردوو جیهان داپاداشێ کە لەقیامەت دا وەری دەگرن گەلێ باشترە لەهی دونیا، بەڕاستی جێگای حەوانەوەو موسوڵمانی خوداپەرستی ڕاستاڵ لەقیامەت دا شوێنێکی فرەباش و خاسە.

بەکورتی: لە قورئانی پیرۆزدا چەند جار سلاّوی ترازوی قیامەت بەسەر جیهان دا دەداتەوە، لەزۆر ئایەت دا تەفضیلی قیامەت دراوە، وەکوو ئەم ئایەتانە:
{وَمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ وَإِنَّ الدَّارَ الْآخِرَةَ لَهِيَ الْحَيَوَانُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ} سورة العنكبوت (٦٤).

واتە: ئەم ژیانی دونیایە تەنها بریتییە لە گاڵتەو گەپ و منداڵ بازاڕی، هەرگیز بەقای پێ ناکرێ، بەڕاستی ژیان ژیانی قیامەتە نەمان و فەوتانی بەدوودا نایە، ئەگەر ئێوە تۆزێك زانا بونایە هەرگیز تەفضیلی ئەم دنیا بێ بەقایەتان نەدەدا بەسەر ژیانی قیامەت دا کە هەرگیز نابڕێتەوە.

یان دەفەرموێ: {بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا، وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَى} سورة الأعلى (١٦-١٧).

واتـە: ئێـوە هەڵـەن کـە هـەوڵ بـۆ دنیـا دەدەن ئـەوتا ئێـوە ژیـانی خۆشـی‌و ڕابواردنی دنیای بێ بەقاتان پەسەند کـردوە، خـۆ ژیـانی دوا ڕۆژ باشـترو پایـەدارە هەق وایە ئێوە هەوڵ بۆ ئەو بدەن.

بڕواش بەهەبوونی ژیانێکی تری باشتر لەژیانی دونیا صـەبرو ئارام دەخاتـە دڵی زامدارو بریندار بەجەخارو بەڵای دونیاییـەوە، لەهـەمان کـات دا ئـەم بڕوایـە هێزێکی گیـانی بەموسـوڵمانان دەبەخـشێ بـەجۆرێك کـە گـوێ نـەدەن بەتێـشکان‌و فاشیل بوونیان لەژیانی دنیادا ئەگەر سووچی خۆیانی تیا نەبێ.

هەڕەشە کردن لەدەسخەڕۆ بوون بەخۆشی‌و لەززەتی دنیاوە:

قورئــانی پــیرۆز وەســفی دونیــای کــردوەو زەمیــشی کــردوە خەڵکیــشی ترساندووەو هەڕەشەی لێ کردون کە بەدنیا هەڵنەخەڵەتێن.

{اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَامًا وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ} سورة الحديد (٢٠).

لەم ئایەتەدا پەوەردگار وەسفی ئەم ژیانەی کردوە بەوە کە بریتییە لەگاڵتەو گەپ‌و خۆڕازاندنەوەو خۆ هەڵنانەوە لەناو یەکتری دا بەپلەو پایـەو جێگـاو ڕێگـاو باوك‌و باپیر، یان بە زۆری مـاڵ‌و دارایـی‌و منـداڵ‌و وەچـە، ئـەم ڕواڵـەت‌و دیاردانـە وەکوو بارانێکی بەخێرو بێـری واوایـە کـە وەرزێـرو فـەلاح‌و سـەپان سەرسـام بکـا، بۆیـە دەفـەرموێ: ئـەوەی کـە ئێـوە بەلاتانـەوە عەجایبـە لەڕاسـتی دا لـەززەتێکی ناپایەدارە، هەر زوو سەرنگوون دەبێ کوتو مت لەوبارانە دەچێ کەڕووەك‌و گوڵ‌و گـوڵزارێکی زۆرو ڕازاوە دەڕوێنــێ بـەڕەنگێکی وا فـەلاح‌ووەرزێرەکان لەخۆشـیانا سەرسام دەبن‌و گەشکە دەگـرن بـەڵام زۆری پـێ ناچـێ زەرد هەڵدەگـەڕێ‌و دەبێتـە پۆش‌و پەڵاش.

لەسورەتی (کەهف)یش دا بەم شێوەیە وەسفی دونیا دەکا:

{وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاء أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاء فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُّقْتَدِرًا، الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا} سورة الكهف (٤٥-٤٦).

واتە ئەی موحەممەدا! بۆ ئەو مەردومە (بەپەندو ئامۆژگاری) وێنەی ژیانی دونیایان بۆ بێنەوە بڵێ: ژیانی دونیا لەجوانیو ڕازاوەییو زوو بەسەرچوونی دا وەکوو بارانێك وایە کە ئێمە لەلای ئاسمانەوەدەیبارێنین بەهۆی ئەو بارانەوە دانەوێڵەو شینایی‌و ڕووەکی هەمە جۆر لەسەر ڕووی عەرد دەڕوێن‌و لەیەك دەئاڵێن‌و سەر بە سەری یەکترەوە دەنێن وەك دوو خۆشەویست دەستەملانی یەکدی دەبن، لەسەرەتاوە چەکەرەو چووزەرە دەکەن‌و بەربەرە ڕووی زەوی بەتارای سەوزو سوورو زەردی خۆیان دەڕازێننەوە، دوایی ئەوەندەی پێناچێ زەرد هەڵدەگەڕێ‌و وشك دەبێ با پەرتوو بڵاویان دەکاتەوە، ژیانی دونیاش هەر بەو شێوەیەو پایەدار نییەو زوو بەسەر دەچێ! ئەمانە هەموویان بەدەست خودای گەورەن‌و ئەویش بەسەر هەموو شتێك دا خاوەن دەسەڵات‌و بەتوانایە. ماڵ‌و دارایی‌و کوڕوکچ، ئامێری ڕازاندنەوەی ڕواڵەتی ژیانی دونیان، لەقیامەت دا سودو بایەخیان نابێ ئەگەر لەڕێگەی ڕەزامەندی خودادا سەرف نەکرێن، کردەوەی چاك‌و تاعەت‌و خوداپەرستی لای خودا دەمێننەوەو زۆر باشترن لەو ماڵ‌و داراییەی کە لەڕێگای خودادا سەرف نەکرێن.

بەکورتی پەروەردگار لەم ئایەتەدا تەشبیهی خۆشی‌و زوو بە سەرچوونی ژیانی دونیای کردوە بەچۆنیەتی ڕوەکێك کە پەروەردە دەبێ سەوزو تەڕو تازە ماوەیەك خۆ دەنوێنێ، دوایی دەبێتە پوش‌و پەڵاش‌و باوو بۆران تەفرو تونای دەکا، جا لەبەر ئەوە پێویستە ئادەمیزاد بەماڵ‌و دارایی، بەزۆری کوڕو کچ لەخۆبایی نەبێ بەڵکوو کردەوەی چاك لای خودا پاداشی بەردەوامی هەیەو هۆی خێرو خۆشی ئەو دونیایە.

لەئایەتێکی تردا پەروەردگار بانگەوازی دەکاتە هەموو ئادەمیزادو دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ} سورة فاطر (٥).

واتە: ئەی خەڵکینە وەعدو پەیمانێك كە خودا پێی داون بە زیندوو بونەوەو پاداش دانەوەتان لەسەر کردەوەکانتان لەڕۆژی قیامەت دا حەقو ڕاستە، کەوایە باخۆشی دونیا ئێوە غافڵ نەکا لەنازو نیعمەتی بەهەشت باشەیتان زەفەرتان لێ نەبینێو هەڵتان نەخەڵەتێنێ! نەچێتە بن کلێشەتانەوەو پێتان بڵێ: خودا غەفورو ڕەحیمەو لێتان خۆش دەبێ بەم هیوایەوە ئێوە لەسەر گوناهکردن بەردەوام بن.

جیهان تاقیکردنەوەی ئادەمیزادە (الدنيا إمتحان للبشر):

قورئانی پیرۆز دونیای داناوە بەشوێنی تاقیکردنەوەی ئادەمیزاد، وای داناوە کە جیهان هۆو وەسیلەیە بۆ بەمراد گەیشتن لەو دونیادا، هەموو کاتو ساتێکی ژیان لەماڵەوە لەبازاڕ لەکارگە لەدائیرەو مەطعەمو ئەنجومەنو یانەو .....تاد. ئەم کاتانە هەموویان کاتی تاقیکردنەوەن بۆ ئادەمیزاد.

خودا دەفەرموێ: {أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ، وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ} سورة العنكبوت (٢-٣).

واتە: ئایا ئەو خەڵکە پێیان وایە هەر بەوەندە بەدەمو بەڕواڵەت بڵێن: بڕوامان هەیە وازیان لێ دەهێنرێ؟ هەر بەوەندە بڵێن: ئیمانمان هێنا (بەو هیوایەی لەکۆمەڵی بڕوادار بژمێردرێن) ئیتر بەسیانەو بەبێ تاقیکردنەوەیەکی وا دەربکەوێ ئایا ڕاست دەکەن یان درۆ وازیان لێدەهێنرێ؟ هەرگیز شتی وا نەبوەو نابێ، پەروەردگار زۆر گەلو هۆزی پێشینانی تاقیکردۆتەوە،جۆرەها تەنگو چەڵەمەی پێبینیون هەتا ڕاستگۆو درۆزن لێك جیاببنەوە، بێگومان بۆگرۆهی موسوڵمانیش هەمان تاقیکردنەوە ئەنجام دەدا، چونکە ڕێبازی نەجاتو

سـەرفرازی لەئیـسلام دا بـریتی نییـە لـەخۆ بـەئایین هەلاّواسـین‌و بەقـسە بلـێی موسولمانم‌و بەس، بەلکوو دەبێ کاریگەری ئـەو ئایینـە لەسـەر پەیڕەوکەرەکـەی لەناسکترین سات‌و کات دا دیـاریی بـدا، لەخۆشیـ‌و ناخۆشی دا نیـشانەی پـەیڕەوی کردنی ئەو باوەڕەی پێوە دیار بێ. خێرو شـەڕ چاکەو خراپـە تاقیکردنەوەیـە بـۆ ناوەڕۆکی ئایینەکەی‌و ئەندازەی پەیڕەوی کردنی، لەبەر ئەوەیە خودا دەفەرموێ:

{وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّى نَعْلَمَ الْمُجَاهِدِينَ مِنكُمْ وَالصَّابِرِينَ وَنَبْلُوَ أَخْبَارَكُمْ} سـورة محمد (٣١).

ئێمـە ئێـوە بـەجۆرەها تاقیکردنـەوەو ئیمتیحـان لەبۆتـە دەدەیـن، هـەتا کۆششکەران لەئێوە بەدەربخەین، خاوەن صەبرو ئارامان جیابکەینەوە، بۆ خەلکی بەدەر بخەین کێ فەرمانبـەرداری فـەرمانی خودایەو کـێ سەرپێچیو بـێ ئـەمری خودا دەکا.

{وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ} سورة الأنبياء (٣٥).

ئێمـە ئێـوە تـاقی دەکەینـەوە (بـەگرانیو هـەرزانی بەخۆشـیو ناخۆشـی بەسـاغیو ناسـاغی بەفـەقیریو دەوڵەمەنـدی) بۆئـەوەی دەربکـەوێ: شـوکرو سوپاستان، صەبرو ئارامتان تا چ ئەندازەیەکە، هەر بۆلای ئێمە دەگەڕێنەوە سزاو پاداشی کردەوەکانتان بەتەواوی دەدەینەوە.

{تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا} سورة الملك (١-٢).

واتە: پاك‌و بەرزو گەورەیە ئەو خودایەی کەهەرچی دەسەلاّت‌و پاشایی هەیـە بەدەست خۆیەتی، ئەو خودایە خاوەن توانـاو دەسـەلاّتە بەسـەر هـەموو شـتێك دا، ئەو خودایەی کە مردن‌و ژیانی دانـاوە، لەنەبونـەوە ئێـوە دێنێتـە کـۆڕی ژیانـەوە، سەربەخۆیو ئیرادەتان دەداتێ، تا تاقیتان بکاتەوە ئاخۆ کردەوەی کامتـان باشـترە، بۆیەتان تاقی دەکاتەوە تا بۆخۆتان دەربکەوێ تـا چ ئەندازەیـەك ئـارەزووی چاکە یا خراپەتان تێدا هەیە، تا بەپێی کردەوەی خۆتان پاداش‌و سـزاتان بداتـەوە، ئـەم تێڕوانینـەی ئیـسلام بـۆ ژیـان، باشـترین دالدەیـە بـۆ مـرۆڤ بـۆ مـشت‌و مـالکردنی

زیهن، بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی ڕۆشنبیری، باشترین دالّدەیە بۆ لغاوکردنی هەواو ئارەزۆ، بۆ زالّبوونی بەسەر ئەو شەڕو خراپەکاریانەی کە نەفس داخوازیەتی. ئەم تێڕوانینە جیاوازە لەگەلّ برێ تێۆری ئایینەکانی تردا کە پێیان وایە خودا مرۆڤ عەفو دەکا لەجیهادی نەفس‌و کۆششی دەروون.

دەست بلاّوی کارێکی باش نییە (ذم الترف):

پەروەردەکردنی داخوازییە گیانییەکان (المبادئ الروحیة):

گەرەکیانە قوربانی بەزۆر لەداخوازییە جەستەییەکان بداو لەزۆر خۆشیی کاتیی جەستەیی واز بێنێ، ئەمەش لەنەفس‌و ئارەزۆی دەرونێکی نەوسنی خۆپەرست ڕەچاو ناکرێ، چونکە لەززەت‌و خۆشی، ویست‌و ئیرادەی زەعیف کردوەو وای لێکردوە بەئاسانی واز لەو خۆشی‌و لەززەتە نەهێنێ‌و سوور بێ لەسەر لەدەست نەدانی ئەوحالّەتە تەڕەف ئامێزەو بەچاوێکی دووربینەوە نەڕوانێ بۆ ئاسۆیەکی تری خێرئاوەر بۆخۆی‌و گەل‌و کۆمەلّ، هەرگیز نەفسی خۆی هەلّ نەنێ بۆ پێشکەوتن‌و خۆشبەختی دونیاو قیامەت، لەبەر ئەمە قورئانی پیرۆز وەسفی خۆپەرست‌و تەمبەلّ‌و جەستە پەرستی کردوە بەدوژمنی ئیصلاح‌و دژی هەموو پێشکەوتنێکی کۆمەلاّیەتی. هەروەها بەبەرهەلّستی دژواری حەق‌و ڕاستی حسێب کردون لەهەموو شوێن‌وساتێکدا بەگوێی پێغەمبەرانیان نەکردوەو باوەڕیان پێ نەهێناون.

{وَمَا أَرْسَلْنَا فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ، وَقَالُوا نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالًا وَأَوْلَادًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ} سورة سبأ (٣٥).

واتە: هەرکاتێ پێغەمبەرێکی فروستادەی خۆمان دەنارد بۆ ناو ولاتێ بۆ هۆزێ کە لەنافەرمانی خودا بیان ترسێنێ، دەرحالّ ئارەزۆ پەرستە دەولّەمەندەکان (کە هەر خەریکی ڕابواردنی جیهان‌و خۆشگوزەرانین) دەیانگوت: ئەی موسولّمانەکان! ئەی باوەڕدارەکان! ئێمە بڕوامان بەم دینەی ئێوە نییە کەئەم ترسێنەرە بۆ ئێوەی هێناوە، دیسان دەیانگوت: خودا ئەو هەموو مالّ‌و دارایی‌و مندالّەی داوینێ، مانای

وایە خودا بەو حاڵەی ئێمە ڕازییە، بۆیە ئاوا ئێمەی خستۆتە خۆشییەوە.. کەوابوو خودا ڕۆژی قیامەت ئێمە سزا نادا، دوای ئەوەی لەجیهان دا ئەم هەموو خێرو خۆشییەی‌داوینێ‌و لێمان ڕازی بووە! جارێکی تر قورئان وەسفی ئەو خۆپەرستانەی کردوە بە تەبیات وشکی‌و شوێن کەوتنی کوێرانەی باب‌و باپیرانیان، هەرگیز گوێی ڕادێری هیچ بانگەوازییەکی ئیصلاحی نەبوون، ئەوەتا ڕوو دەکاتە حەزرەتی موحەممەد (دروودی خودای لەسەر بێ) دەفەرموێ:

{وَكَذَلِكَ مَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ فِي قَرْيَةٍ مِّن نَّذِيرٍ إِلَّا قَالَ مُتْرَفُوهَا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِم مُّقْتَدُونَ، قَالَ أَوَلَوْ جِئْتُكُم بِأَهْدَى مِمَّا وَجَدتُّمْ عَلَيْهِ آبَاءكُمْ قَالُوا إِنَّا بِمَا أُرْسِلْتُم بِهِ كَافِرُونَ} سورة الزخرف (٢٤).

واتە: هەروا بەدرێژایی مێژوو هەر پێغەمبەرێکمان پێش تۆ ناردبێ‌بۆ ناوهۆزێک، بۆ سەر شارێك، کاتێك پێغەمبەرەکە بانگەوازی خەڵکەکەی کردوە دەوڵەمەندە ئارەزۆ پەرستەکان‌و دەرەبەگ‌و خۆش ڕابوێرەکان بەرهەڵستی بانگەوازییەکەیان کردوەو وتویانە ئێمە نایەینە سەر ئایینی ئێوەو شوێن ئێوە ناکەوین، باوك‌و باپیرانی خۆمان دیوە هەر بەم شێوەڕایان بواردو ئێمەش هەر شوێن ئەوان دەکەوین‌و ڕێبازی ئەوان بەرنادەین. کاتێکیش پێغەمبەرەکەیان پێی گووتون ئەی ئەگەر ئایینێکی باشترم بۆهێنابن هەر ئیمان ناهێنن. گووتویانە نەخەیر ئێمە بەهیچ جۆرێك بڕوامان بەو ئایینەی ئێوە نییەو ئیمانتان پێ ناهێنین.

بەڵێ، خۆپەرست‌و خۆش ڕابوێرەکان لەهەموو کەس ئامادەترن بۆ هەڵخلیسکان‌و کەوتنە نێو شیوی خراپەکارییەوە، چونکە تێرکردنی ورگیان‌و دابین کردنی داخوازییەکانی نەفسیان‌و پڕکردنی گیرفانیان هەرە ئامانجی سەرەکیانەو ژیانیان لەبەر خاتری ورگیان پێ خۆشە.

نووسەری ڕۆشنبیری بەناوبانگی فەرەنسی (مونتسکیو) دەڵێ: شوێن کەوتنی لەززەت‌و ڕابواردن هۆی هێنانی فەسادە بۆ کۆمار (بەهەردوو شێوەکانیەوە) چونکە ئەگەر یاسای کۆمار دیموقراطی بێ تەرەف‌و ڕابواردن خەڵکی لەخۆشەویستی وڵات لادەدا، ئەگەر یاساکە ئەرستۆقراطی بێ دەرەبەگ‌و

دەوڵەمەندەکان والیٚ دەکا هەر تەماعی خۆیانیان مەبەست بیٚ هەوڵی هاوسانی گیرفانی خۆیان بدەن لەهەردوو حاڵەتەکەدا بەڵاو موصیبەتەکە گشتی دەبیٚو هەموو کەس دەگریٚتەوە.

قورئانی پیرۆزیش ئەوە دەچەسپێنیٚ کە تەرەفو ڕابواردنو بەرەڵلایی ویٚرانکارەو کۆمەڵ بەفڕ دەرە، پیٚویستە بەرهەڵستی دەستەی خۆپەرستو خۆش ڕابوێری لەسنوور بەدەر بکریٚو نەهێڵدریٚ لەسنووری شەرعی دەرچنو پیٚی لیٚ هەڵبڕن، چونکە ڕابواردنو بەرەڵلایی لەسنوور بەدەر دەبیٚتە هۆی ویٚرانکاری وڵاتو بەفڕدانی کۆمەڵ، فەوتانو لەناو چوونەکەش تەنها بۆ خۆش ڕابوێرەکان نییەو بەس بەڵکوو موسیبەتەکە بۆ هەموو ئەو کۆمەڵەیە کەڕێگا دەدەن ئەو دەستەیە ئاوا پیٚی لیٚ هەڵبڕنو لەسنوور دەربچن.

{وَإِذَا أَرَدْنَا أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيراً} سورة الإسراء (١٦).

واتە: کاتیٚ خراپەکاریو تاوانو گوناه لەوڵاتێکا پەرەی سەند ئەوە کاتی ویٚرانبوونیەتی، جا ئەو حەلە ویستی لەناوبردنی دانیشتووەکانی دەکەین بەڵام نایەین ڕاستەوخۆ سزایان بدەین بەڵکوو لەپێشا زەمینەی ئەوەیان بۆ دەسازێنین، بەم ڕەنگە فەرمان دەکەین بەخۆپەرستو خۆش ڕابوێرەکانیان کەلەفەرمانی خودا دەرنەچنو بەگوێی ئەو پێغەمبەرە بکەن کە ناردوویەتی بۆیان، ئەوانیش ئەوەندەی تر لەڕێ دەردەچن ئیتر ئەو وڵاتە تێكو پێك دەدەینو بەسەریەك دا دەیڕوخێنن لەبەر بڵاوبوونەوەی گوناهو سەرپێچی کردنی فەرمانی خودا لەناویان دا.

لەلایەکی ترەوە تەڕەفو خۆپەرستی لەناو هەموو گەلو کۆمەڵێکا دەبیٚتە هۆی هەژاریو نابوودی ژمارەیەکی زۆر لەڕۆڵەکانی ئەو گەلە، ئەو کەمو کوڕیەی کۆمەڵ هەستی پیٚ دەکا لەخواردەمەنیو پۆشاكو پێویستی تر هۆیەکەی تەرەفو زیادە ڕابواردنی کۆمەڵێك خۆپەرستی دڵ مردون، ئەمەش دەبیٚتە هۆی تەقینەوەی ڕقو کینەو دوژمنایەتی لەنێوان هەژارانو دەوڵەمەندان دا، بەجۆرێك سەردەکێشیٚ بۆ پەیدابوونی شەڕو هەراو ئاڕامیو ترسو لەرزو پشێویو

سەرەنجام روخانی وڵاتو لەناوچوونی کۆمەڵ، هەربۆیەشە خودای مەزن وەسفی تەرەف خوازانی بەدوو سیفەت کردوە: سیفەتی ستەمکاریو سیفەتی تاوانباری چونکە دەبنە هۆی پەیدابوونی بەڵاو موسیبەت بۆ کۆمەڵ.

{وَاتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مَا أُتْرِفُواْ فِيهِ وَكَانُواْ مُجْرِمِينَ} سورة هود (١١٦).

واتە: ستەمکاران شوێن هەواو هەوەسی خۆیان کەوتوونو گوێ بەفەرمانی خودا نادەنو سەرەڕای ئەوەیش تاوانبارنو موجریمن.

قورئانی پیرۆز نرخی ڕاستەقینە بۆماڵو سامان دادەنێو زیانی کەم دەکاتەوە (القرآن يخفف من شرور المال)

لەم چەرخەی ئێستامان کەدەبینین کێشەو نیزاع لەسەر سامانو دارایی، وەدەست هێنانی گەیشتۆتە ئەوپەڕی، بەتەواوی ئادەمیزادی لەرێ لاداوەو ناهێڵێ ئەخلاقو ڕەوشتی جوانو بەرز لەناو کۆمەڵدا بلاو ببنەوە، تەنانەت بۆتە هۆی پەیدابوونی زۆربەی تەنگوچەڵەمەکانی کۆمەڵ ئەو تەنگوچەڵەمانەی کە جیهان بەگشتی لەژێر باری دا دەناڵێنێو گیرۆدەیان بووە، جا لەبەر ئەم هۆیانە بۆ بەرگریی لەم تەنگوچەڵەمەو کێشەو نیزاعە تەعالیمی قورئانی پیرۆز هەردەم بریتی بوون لەڕونکردنەوەی نرخی ماڵو داراییو کەم کردنەوەی زەرەرو زیانو ترساندنی خەڵکی لەگەردن کەچیو هەڵەو گیربوونی تەواو پێیەوە، بۆ ئەوەی ماڵو دارایی نەبێتە هۆی بەفەرتارەچوونی ئادەمیزادو لەئایینو باوەڕ خافڵیان بکا، ذیکرو یادی خودایان لەبیربباتەوە. پەروەردگار کەوەسفی موسوڵمانان دەکا بەوە پێیان داهەڵدەڵێ کە زۆر گوێ نادەنە ماڵو دارایی، ماڵو سامان نابێتە هۆی ئەوەخودایان لەبیر بچێتەوە، دەفەرموێ:

{رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالْأَبْصَارُ} سورة النور (٣٧).

واتە: ئەوانەی لەخانەی خودادا بەیانیو ئێوارێ یادی خودا دەکەنەوە کۆمەڵە پیاوێکن کەهەرگیز بازرگانیو مامەڵەو کڕینو فرۆشتنو بازاڕو دوکان

ذیکرو یادی خودایان لەبیر ناباتەوەو بەری نوێژو رۆژوو زەکاتی رێك‌و پێکیان لێ ناگرێ، چونکە مەترسی ئەو رۆژە پڕ لەسام‌و ترسەیان هەیە کەدڵ لەسامی دەکەوێتە لەرزە، گەرچی ئومێدی رزگار بوونیان قەوییە، بەلام لەمەکری خودا ئەمین نین‌و نازانن چارەنووسیان بەچی دەگا.

پەروەردگار موسوڵمانان ئاگادار دەکاتەوە بەوە کە ڕەزامەندی خوداو رەحمەت‌و سۆزی باشترە لەکۆکردنەوەی ماڵ‌و دارایی، دەفەرموێ: {وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ} سورة الزخرف (٣٢). ئەمجار قورئان حەقیقەتی ماڵ دەردەخاو زەرەرو زیانی روون دەکاتەوە وا ئێمە ئەو رونکردنەوەی قورئان بەم خاڵانەی داهاتوو شی دەکەینەوە.

أ- دەوڵەمەندی نیشانەی ڕەزامەندی خودا نییە:

قورئانی پیرۆز ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە دەوڵەمەندی نیشانەی ڕەزامەندی خودا بێ، بەڵکوو ئەوە دەچەسپێنێ کە ئیمان‌و باوەڕی تەواوو کردەوەی باش ئەمانە دەبنە هۆی نزیکبوونەوە لەخودا نەك دەوڵەمەندی.

{وَقَالُوا نَحْنُ أَكْثَرُ أَمْوَالًا وَأَوْلَادًا وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ، قُلْ إِنَّ رَبِّي يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاء وَيَقْدِرُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ، وَمَا أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُم بِالَّتِي تُقَرِّبُكُمْ عِندَنَا زُلْفَى إِلَّا مَنْ آمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ لَهُمْ جَزَاء الضِّعْفِ بِمَا عَمِلُوا} سورة سبأ (٣٥-٣٧).

واتە: دەرەبەگ‌و خۆپەرست‌و دەوڵەمەندەکان دەیانگوت: ئێمە ماڵ‌و سامان‌و داراییمان زۆرترەو خاوەنی منداڵی زۆرین‌و ئەمانەش نیشانەی ئەوەیە کە خودا لێمان رازییە، کەوابوو ئێمە سزا نادرێین.

ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ، خوای من رزق‌و رۆزیی گوشاد دەکا بۆکەسانێك ئارەزووی لێبێ بۆ هەندێکیش دەرگای رزق‌و رۆزیی تەنگ دەکا نەدارا دەبێ، بەلام زوربەی ئادەمیزاد ئەم حەقیقەتە نازانن‌و پێیان وایە ماڵ‌و دارایی نیشانەی نزیکبوونەوەیە لەخودا. نەزۆری ماڵ‌و سامانتان نەزۆری منداڵ‌و وەچەتان لەوانە

نــین لــەخوداتان نزیــك بكەنــەوە، بەڵــكوو مــاڵو منــداڵتان بــۆ ئیمتحــانو تاقیكردنەوەیە، تا دەربكەوێ كێتان لەشوێنی خۆیان دا بەكاریان دێنیّو كێتان خۆی لەخۆی دەگۆڕیّو ماڵو سامانەكەی لەڕێبازی نامە شروع دا سەرف دەكا، بەڵام كەسێك بڕوای قایم بیّو كردەوەی باش بكا ئەو جۆرە كەسانە پاداشی دوو چەندانەیان هەیە بەهۆی كردەوەی باشیانەوە نەك لەبەر زۆری ماڵو منداڵو سامانو دارایی.

ب- ماڵو دارایی تاقیكردنەوەیە بۆئادەمیزادو كاڵایەكی نا پایەدارە:

ماڵو سامان تاقیكردنەوەیەكە بۆ ئادەمیزاد لەژیانی دونیایان دا ئاخۆ چۆنو لەچی دا سەرفی دەكەن؟ لەڕاستی دا سامان وەسیلەو ئامێرە بۆ خێریشو بۆشەڕیش، كەوابوو پێویستە لەسەر ئادەمیزاد كە ماڵو سامان سەرف بكەن لەڕێگەی خێرو خۆشی دا بیكەن بە ئامێرو وەسیلەی گەیشتن بەڕەزامەندیی خوای مەزن.

{وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلاَدُكُمْ فِتْنَةٌ وَأَنَّ اللّهَ عِندَهُ أَجْرٌ عَظِيمٌ} سورة الأنفال (٢٨).

واتە: بزانن كەماڵو سامانو منداڵتان وەسیلەو ئامێری تاقیكردنەوەتانن و بەس، خودای پەروەردگار پاداشی گەورەو فراوانی لایە هەوڵ بدەن ئەو لەخۆتان ڕازی بكەن.

قورئانی پیرۆز ئەوە دەچەسپێنیّ كەماڵو دارایی بەشێكە لەكاڵای دنیا زۆر زوو بەرەو نەمان دەڕوا (كورد وتەنی ماڵ چڵكی دەستتانە) لەكاتێكا خێرو چاكە ئەبەدییەو خودا پاداشی خاوەنەكانیان دەداتەوە لەقیامەتا.

خودا دەفەرمویّ: {زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاء وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الْمَآبِ، قُلْ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ} سورة آل عمران (١٥).

واتە خۆشەویستی‌و بەجێ هێنانی داخوازییەکانی شەهوەت‌و ئارەزوی جۆراو جۆر لەدڵی ئادەمیزاد شیرین‌و جوانکراوە، خۆشەویستی ژن‌و کوڕو سەفتەی پارەو پول‌و ڕستەی زێڕو زیو، ئەسپی ڕەسەنی دیاری کراوی ڕامکراوو ڕانە مەڕو ڕانە وشترو گارانی گاوگۆل‌و باخ‌و باخات‌و زەوی‌و زارو کێڵگە ئەمانە هەموویان هۆی خۆشیەکی کاتین‌و هاکا نەمان‌و بەسەر چوون‌و فەوتان.

ئایا دەتانەوێ شارەزاتان بکەم بەخەڵاتێك لەو شتانەی گوتران لەهەموان باشتر بێ، ئەوخەڵاتەیش ئەوەیە، کە هەیەبۆ ئەوانەی‌تەقوای خودای خۆیان دەکەن چەند خێرو بێرێکی بەردەوام‌و نەبڕاوە کە بریتییە لەچەند باخ‌و باخاتێك کەلەژێریانەوە جۆگەو جۆبار دەکشێن، بەنەبەدی لەناو ئەو باخانەدا دەمێننەوە شوێن‌و جێگای هەتا هەتایی ئەوانە، هەروەها ژنی جوانی پاك‌و خاوێنی بێ‌عەیب‌و نەنگی وا چاو لەتەماشاکردنیان تێرنابێ، لەزوور هەموو ئەم نیعمەت‌و خۆشییانەوە ڕەزامەندی خودایە لەو بەندە ڕاستاڵانە. پەروەردگار بینایە بەکردەوەی بەندەکانی هەر کەسێ بەگوێرەی کرداری پاداشی دەداتەوە.

ج- خراپی سەرکەشی‌و هەڵچونی ماڵ‌و سامان (ذم طغيان المال):

قورئانی پیرۆز لەچەند ئایەتێك دا ڕەخنە لەحاڵەتی هەڵچونی ماڵ‌و دارایی دەگرێ، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە نەفسی ئادەمیزاد هەرکاتێ هەستی بەتێرو تەسەلی کرد سەرکەش دەبێ‌و هەڵدەچێ کە ئینسان دەوڵەمەند بوو خۆی لەخۆی دەگۆڕێ‌و لەخۆی بایی دەبێ.

{كَلَّا إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى، أَن رَّآهُ اسْتَغْنَى، إِنَّ إِلَى رَبِّكَ الرُّجْعَى}سورة العلق (٦-٨)

ئادەمیزاد هەرکاتێ هەستی بەتێرو تەسەلی کرد، هەر کەخۆی بە دەوڵەمەند بینی، خۆی لەخۆی دەگۆڕێ‌و زیادە ڕەوی دەست پێ دەکا، لەحاڵەتی مام ناوەندی دا نامێنێ، ئەمجار پەروەردگار دەیەوێ ئەو نەفس‌و دەروونانە لەوسەر کەشییە بگێڕێتەوە، فیزو دەعیە زل‌و لوت بەرزی نەهێڵێ، بۆیە ئەوە دەهێنێتەوە یاد کە مرۆڤ بۆ خۆی زەبوون‌و لاوازە، چەند بەهێز بێ‌و دەوڵەمەند بێ زیاتر پێویستی

بەکەرەمو ڕەحمەتی خودا دەبێ، گەڕانەوە هەر بۆلای خودایە هەر ئەو پەناو مەلجەئە. پەروەردگار لەئایەتێکی تردا ئەوە ڕون دەکاتەوە کە زۆری رزق و ڕۆژیی خەڵك هەڵدەنێ بۆ سەرپێچی کردنو سەر کەشی کردن لەبەر ئەوە خودا بەگوێرەی ویستو ئیرادەی خۆی رزق و ڕۆژییان دەداتێ دیارە خوداش لەخودی خۆیان باشتر ئاگاداری حاڵو چۆنیەتییانە.

{وَلَوْ بَسَطَ اللَّهُ الرِّزْقَ لِعِبَادِهِ لَبَغَوْا فِي الْأَرْضِ وَلَـكِن يُنَزِّلُ بِقَدَرٍ مَّا يَشَاء إِنَّهُ بِعِبَادِهِ خَبِيرٌ بَصِيرٌ} سورة الشورى (٢٧).

واتە: ئەگەر خودای پەروەردگار ڕزق و ڕۆژی بۆ بەندەکانی فراوان بکا ئەو بەندانە لەجیاتی ئەوە زیاتر بەندایەتی خودا بکەن سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن خۆیان لەخۆ دەگۆڕێ، باغر دەبنو لەسەر زەوی خراپەکاریی دەست پێ دەکەن! بەڵام پەروەردگار ڕزق و ڕۆژیی بەو ئەندازەی خۆی دەیەوێ دەیانداتێ، بەڕاستی خودا ئاگای تەواوی لەبەندەکانی خۆی هەیە دەزانێ چی باشەو چی خراپە بۆ ئەوان. خەبیرو زانایە بەکارو باریان بینایە بەکردارو ڕەفتاریان.

شاگەشکە بوون بە ماڵی دونیا پەسەند نییە:

قورئانی پیرۆز نەهی کردوە ئادەمیزاد بەماڵی دونیا کەیف خۆشبێ کاتێك تووشی خێرو خۆشییەك بوو لە سنوور تێپەڕیو ئاگای لەخۆی نەمێنێو شاگەشکە ببێ! بەڵکوو هەردەم هەڵیناوە کەلەجیاتی ئەو شاگەشکە بوونە سوپاسی خودا بکا، دوو دەستی شوکر بەرز بکاتەوە. چونکە کەیف خۆشی بەو جۆرە ئازاری فەقیرو هەژاران دەدا، دڵی لێ قەوماوان دەشکێنێ، سەر دەکێشێ بەوە مرۆڤ گاڵتە بەنیعمەتی خودا بکا، خۆی لەخۆ بگۆڕێ، لەڕۆژگار ئەمین بێ، هەروەکوو چۆن سەردەکێشێ بۆ دەعیەو فیزو لەخۆڕازی بوون، لەبەر ئەم هۆیانە شاگەشکە بوونو کەیف خۆشی زیاد لەئەندازە لای خودا پەسەند نییە:

{إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْفَرِحِينَ } سورة القصص (٧٦).

پێویستە ئادەمیزاد بەماڵو دارایی بەنازو نیعمەتی بێ بەقای دونیا کەیف خۆش نەبێ بەڵکوو پێویستە ئینسان ئامانجێکی بەرز تری هەبێ لەو، ئەویش کەیف خۆشبوونە بە فەضڵو نیعمەتی خودا.

{قُلْ بِفَضْلِ اللّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُواْ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ} سورة يونس (٥٨).

ئەی موحەممەد! بەو خەڵکە بڵێ، با بەماڵی دونیا شاگەشکە نەبنو خۆیان لەخۆنەگۆڕێ بەڵکوو بەفەضڵو نازو نیعمەتی خودا بەکەرەمو ڕەحمەتی خودا کەیف خۆش بنو دڵ خۆش بکەن ئەوە زۆر باشترە لەپڕو پێتاڵی دونیای بێ بەقا.

ڕژدیو بەخیلی پەسەند نییە (النهي عن البخل):

قورئانی پیرۆز نەهی کردوە لەڕەوشتی ڕژدیو بەخیلی چونکە هەبوونی ئەم سیفەتە ناشیرینە شیرازەی کۆمەڵ تێك دەدا خۆشەویستی لەناو خەڵك دا ناهێڵێ، ڕێگا نادا خەڵك لەناو خۆیان دا کۆمەکی بەلێقەوماوان بکەنو یارمەتی یەکتری بدەن، مرۆڤی ڕژد دژی کۆمەك کردنە بەخەڵکی، ڕێگا بەخۆی نادا شتێکی لەدەست هەڵوەرێو یارمەتی فەقیرو هەژاران بداو دەستی لێقەوماوان بگرێ جا لەبەر ئەوە هەژارانو موحتاجان هەموو دەم بەخوێنی سەری تینوونو پڕ بەدڵ ناخۆشییان دەەوێو دووچاوی سەریان پێ هەڵنایە. ڕەوشتی ڕژدی لەناو هەرکۆمەڵێك دا بڵاو ببێتەوە سەر دەکێشێ بەڕوخانی ڕۆحی کۆمەکیو یارمەتی دان لەناو ئەو کۆمەڵەدا، بۆیە پەروەردگار لەچەند ئایەتێکی قورئان دا نەفرەتی لەڕەوشتی ڕژدی کردوە سیفەتی بوخلی بەلاوە پەسەند نییە.

{وَلاَ يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللّهُ مِن فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَّهُمْ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُواْ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلِلّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ} سورة آل عمران (١٨٠).

با وا گومان نەبەن ئەو کەسانەی ڕژدنو بەخیلی دەکەن لەو ماڵو داراییەی خودا بەفەضڵو کەرەمی خۆی داویەتی پێیان با وا نەزانن کەئەو ڕژدییە باشە بۆیانو کارێکی چاك دەکەن بەڵکوو ئەو ڕژدیو چروکییە شەڕە بۆ دوا ڕۆژیان

زەرەریان لێ دەدا، ئەومالٚو داراییەی کە حەقی فەقیرو هەژارانی تێدایەو وەکوو پێویست مافی ئەوانی لێ دەرناکەن ئەو ماڵو سامانە ڕۆژی قیامەت دەبێتە ماری ئاگرینو لە ئەستۆیان دەئاڵێ، هەروەکوو چۆن لەئایەتێکی تردا پەروەردگار وەسفی ئەوانە دەکا کەخۆیان لەڕژدی دەپارێزنو بەخیلی لەدڵو دەرونی خۆیان دەردەکەن:

{وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ} سورة الحشر (٩).

بەڕاستی هەرکەسێك خودا تەوفیقی بداو بیپارێزێ لەخووی ڕژدی نەفسی خۆی ئەوانە لەڕزگاربوانو سەربەستی دینو دونیایان بەدەست هێناوە.

سەیر ئەوەیە مرۆڤی بەخیل لەگەڵ ئەوەدا کەماڵ خۆشەویستەو دونیا بڕوخێ فلسێکی لەدەست نابێتەوە کەچی دایم موحتاجەو بێ ماڵو سامان دێتە بەرچاو، چونکە کۆکردنەوەی ماڵ بەبێ سوود لێ بینین جۆرێکە لەهەژاریی، زۆر لەهەژاریی نەبووان کاریگەرترە، هەردەم ئەوخاوەن ماڵە لەبەر چرۆکیو ڕژدی زەلیلو چاو چنۆكو ڕیسوایە. بۆیە خودا دەفەرموێ:

{وَمَن يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَن نَّفْسِهِ وَاللَّهُ الْغَنِيُّ وَأَنتُمُ الْفُقَرَاء} سورة محمد (٣٨).

واتە: هەرکەسێك ڕژد بێو گیرفانی قووڵ بێ ئەوە ڕژدی لەخودی خۆی دەکاو خۆی خەسارەتمەندە، خودا خۆی دەوڵەمەندەو پێویستی بەئێوە نییە، ئێوە فەقیرو هەژارنو هەمووکاتێ موحتاجی خودان.

جا ئەگەر دەتانەوێ دڵ ئارام بنو خۆشی ڕاستیتان دەست بکەوێ چەندێکی بۆتان دەکرێ دڵ فراوان بنو لەڕەوشتی ڕژدی دوور بکەونەوە بەڵام نەچن لەوەش دا زیادە ڕەوی بکەنو دەستبڵاوی دەست بدەنێ بەجۆرێك لەڕژدییەکە خراپتر بێ، چونکە ئەو جۆرەش هەر خراپەو ئایینی ئیسلام دەستبڵاوی زیاد لەحەدی بەبرای شەیتان حسێب کردوە، بەڵکوو لەهەموو شتێك دا میانەڕەو بنو بەرزو نزمی مەکەن بەگوێرەی ڕێبازی قورئان بجوڵێنەوە وەکوو دەفەرموێ:

{وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَلِكَ قَوَامًا} سورة الفرقان (٦٧).

واتە: موسوڵمانی ساغی ڕاستاڵ ئەوانەن کاتێك ماڵو سامان دەبەخشن دەستبڵاویو ڕژدی ناکەن بەڵکوو میانەڕەوی بەکاردەهێننو ڕێبازێکی مام ناوەندی دەگرن.

بەشی دوازدەهەم:

پەیوەندی ئادەمیزاد بە پەروەردگار لە نیگای ئیسلامەوە، کاریگەری ئەو پەیوەندییە لە نۆژداری دەروونیدا

مەبەست لە پەیوەندی ئادەمیزاد بە خوداوە - باوەڕ بە خودا - یادی خودا - خۆشەویستی نێوان خوداو بەندە – ترس لەخودا – دوای لێخۆشبوون – تۆبەو گەڕانەوە بۆ لای خودا – داواکردنی رەحمەتی خودا – تاعەتکردن بۆ خودا – سوپاسکردن بۆ خودا – پشت بەستن بە خودا – دڵسۆزی بۆ خودا – نزاو پاڕانەوە.

مەبەست لە پەیوەندی ئادەمیزاد بەخوداوە

ئاشکرایە پەیوەندیی سەرەکی نێوان خوداو بەندە – بەگوێرەی قورئان - لەسەر باوەڕ بەخوداو خۆشویستنی دادەمەزرێ، بە سوپاس و نیعمەتی ئەو پەروەردگارە سەرچاوە هەڵدەبەستێ! قورئانی پیرۆز لەم پەیوەندییەدا سێ مەبەستی سەرەکی رەچاو دەکات. گەرەکیەتی ئەنجام بدرێن. ئەو سێ مەبەستەش ئەمانەن:-

أ) پەروەردەکردنی زەمیرو ویژدان: ویژدانی ئینسانی بریتییە لە هێزێکی بەرگریکەری دەروونی کە نەفسی سەرکەشی ئینسان لە زۆر شت دەگێڕێتەوە، هەموو کات وەکوو ئامۆژگاریکەرێکی دڵسۆز وایە بۆ رێڕەوی مرۆڤ ئاکامو ئەنجامی کردارو گوفتاری بۆ رون دەکاتەوە!

جا وەکوو چۆن ئەم ویژدانە، ئەم مەبەستە داخلییەی ئادەمیزاد جار جار زەبوون و بێ هێز دەبێ! هەر بەو جۆرە جار جار گەش و نمادەگاو دەبێتە رێ پیشاندەر، دیارە ئەو گەشەکردنە بەهۆی پەروەردەی باش و چاك ئەنجام دەدرێ، پەروەردەیەکە زەمیرو مشتو ماڵ دەکاو بۆ کاری باش رامی دەکا. هەروەکوو چۆن بەگوێرەی کوشش و باری کۆمەڵ و شوێن و کاتو دەورو بەر گۆڕانکاری بەسەردا دێ!! بێگومان گەورەترین هێزو راگری ویژدان و زەمیر بریتییە لە بڕوایەکی پتەو بەخودایەکی بەدەسەلاتی خاوەن هێزو توانا، خودایەك کە لەسەر هەموو

کردەوەیـەکی گـەورە یـان بـچووك موحاسـەبەی خەڵـك دەکـا، پـاداش و سـزایان دەداتەوە، سەرەڕای ئەوە ئاگاداری هەموو نهێنییەکی ناو دڵ و دەروونە.

بەڕاستی وتەی ئەو فەیلەسووفە زۆر جوانە کە دەڵێ (ویـژدان و زەمیری بێ بڕوا بەخودای گەورە وەکوو دادگای بێ دادوەر وایە).

قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ ویژادنی مرۆڤ و ئاگاداریی خودا بە خەتـەری دڵ و دەروونی ئەو مرۆڤە کردوە دەفەرموێ:

{وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ - سورة ق - ١٦}.

بەراسـتی ئێمـە مرۆڤمـان دروسـت کـردوەو دەزانـین نهێنـیو خەتـەری دڵـی چۆنەو چۆن نیـە، ئێمـە لـە رەگـی لا ملـی زیـاتر لێیـەوە نـزیکین. دەی ئـەم وەسوەسەیەی کە خودا لەم ئایەتەدا باسی دەکا بریتییە لەو ئاوازە وێژدانییەی کە هەرگیز لێی هون نابێ و ئاگاداریەتی!!

ب) ئـارامیی دڵ و دەروون: ئـارامیی دڵ و دەرونـیش – بـەگوێرەی قورئـان– دووبارە بەرو بومی پەیوەندی نێـوان خـوداو بەندەیـە، بـە داخـەوە ئـەمڕۆ مـرۆڤ پێـی وایـە ئـەو رێگەیـەی دەیگەیـەنێ بـەم خۆشـییە نەفـسییە بریتییـە لـە دابینکردنی داخوازییە مادییە شەهوانییەکان!

بـەڵام لـە ڕاسـتیدا دڵ ئـارامیو خۆشـی نەفـسی لـە تێرکردنـی ئـەو ئـارەزووە مادییانەدا نییە، چونکە هەموویان بێ بـەقان و روو لـە بڕوانـەوەو نـەمانن: مـاڵ و دارایـی دەفـەوتێ، جـەوان پـیر دەبـێ و لـەش سـاغی دەبێتـە نەخۆشـی، شـتومەك و کەل و پەلی ناو مـاڵ خـانوو بـەرەو زەوی و زار بـەردەوام نـابن و پایـەدار نـین، زیـاد لەوە روداوە سـامناکەکانی سروشـت وەکـوو بومەلـەرزەو لافـاوو گێژلۆکـە زۆر جـار موصیبەت و بـەڵای سـامناك بەسـەر ژیانـدا دەهێـنن دڵ و دەروون تـەنگ دەکـەن و خۆشی ژیان لێڵ دەکەن! بۆیە پێویستە واخۆمـان ڕابێـنین ئـەم روداوانـە نـەتوانن خۆشی نەفـسیمان بـڕوخێنن، چونکە هـۆی سـەرەکی بـۆ خۆشـبەختیمان، بـۆ دڵ ئارامی بەردەوامان ئەو پەیوەندییەیە کە بە خوداوە هەمانە، ئـەو هەسـتەیە کـە

پێمان وایە بەردەوام خودا لەگەڵمانە، ئەو بڕوایەیە کە لامان وایە ئێمە لەم سەر زەمینە بە تەنهانین‌و خودا چاودێریمان دەکا، بە رەحم‌و کەرەمی خۆی یارمەتدەرمانەو لەگەڵمانە!

ج) نۆژداریی نەفسیی (الطب النفاساني) چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان کەپێیان دەگوترێ: نۆژداریی نەفسانی... زانایان‌و دەروونناسان بۆیان دەرکەوتووە کە غەم‌و ناڕەحەتی، دڵەخورپێ‌و ڕاڕایی، تەنگ‌و چەڵەمەو ناڕەحەتی‌و شەو بێداری، زۆر کاریگەریان هەیە لەسەر چۆنیەتی کردەوەی ئەندامەکانی لەشی ئینسان.

لە دانیشتگاو تاقیگەکانی رۆژ ئاوادا لەم بارەوە چەند لێکۆڵینەوە ئەنجام دراون، چەند قوتابخانەو نەخۆشخانەی تایبەتی بۆ نۆژداریی دەروونی کراونەتەوە.. زانای بەناوبانگ دکتور (بۆڵ ارنست أدولف) دەڵێ بۆم دەرکەوتووە کە چارەسەرکردنی تەواو بۆ نەخۆشی دەبێ چارە سەرکردنەکە رۆحی‌و ماددی بێ، نەفسی‌و جەستەیی بێ بەیەکەوە... هەروەها دەڵێ: بۆم ڕون بۆتەوە کە رێگای راست ئەوەیە کە تەتبیقاتی زانستی نۆژداری‌و جەراحی لەتەك ئیمان بەخودادا ئەنجام بدەم! زانینە ماددی یەکەم تێکەڵ ناسینی خودا بکەم. من خۆم لەژیانم دا هەردوو لایەنەکە (ماددی‌و رۆحی) لەسەر بناغەیەکی قایم‌و قوڵ بەیەکەوە بەستووە، کاری رۆژانەی خۆمم لەبەر رۆشنایی ئەو بەرنامەیە ئەنجام داوە، تەنها لەم رێگەوە توانیومە چارەسەری تەواوو پێویست بۆ نەخۆشەکانم بدۆزمەوە! دوای تێفیکرین‌و لێوردبوونەوە ئەوەشم زانیوە کە زانستی نۆژداریی‌و بڕوا بەخودا هەدوکیان بەیەکەوە پێویستە ببنە بناغەی فەلسەفەی نۆژداریی تازە. لە ئەنجام‌و ئاکامی کارکردنم لەبواری نۆژداریی دا ئەوەم بۆ روون بۆتەوە: کە باوەڕ بە لایەنی رۆحی لەتەك زانینم بە زانستە ماددیەکە وای لێ کردووم کە بتوانم هەموو نەخۆشێك چارەسەر بکەم، بەشێوەیەکی بەرەکەت ئامێز. خۆ هەر کاتێ ئادەمیزاد لایەنی خودای لەم گۆڕەپانە دوورخستەوە، بێگومان هەموو چارەسەرکردنێکی نیوە چڵە بەڵکوو کەمتریش.

دەی با بزانین هۆی سەرەکی بۆ ئەو نەخۆشییانەی پێیان دەگوترێت نەخۆشی دەمارگیری (الأمراض العصبية) چونن‌و چین؟!

ئاشکرایە برێ هۆی سەرەکیی ئەو نەخۆشییانە بریتییە لە هەستکردن بە گوناح، بەخەتاو تاوان، بە رق‌و قین، بەترس‌و ڕاڕایی، بەچاوچنۆکی‌و بەگومان پەیداکردن بە... هتد.

بەلام سەد مخابن ئەوانەی خەریکی چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە دەرونییانەن، لە کاتێك دا دەتوانن هۆی ئەو نەخۆشییانە بدۆزنەوە بەلام لە چارەسەرکردن‌و بنبڕکردنیدا سەرکەوتونابن، چونکە ئەوان بۆ چارەسەرکردنەکە پەنا نابەنە بەر لایەنە ڕۆحییەکەو ناچن بڕوا بەخودا بخەنە ناو دڵی نەخۆشەکانیانەوە، ناچن لەتەك بارە ماددیەکەدا لایەنە ڕۆحییەکەش بخەنە کار!!

دەمانەوێ زیاد لەمەش پرسیار بکەین‌و بڵێین: ئەم ئیضطراباتە هەڵچوناویانە کە دەبنە هۆی نەخۆشییە نەفسییەکان چین! لەراستیدا ئەم دیاردەیە هەڵچوناوییە دەروونیانە کە دەبن بەهۆی نەخۆشییە نەفسییەکان هەمان شتن کە ئایینییەکان هاتوون ئێمەیان لەدەست رزگار بکەن!!

چونکە پەروەردگار بە قودرەت‌و زانست‌و لێزانیی خۆی زانیویەتی پێویستمان بەو چارەسەرکردنە سەرەکییە هەیە!

شایانی باسە: کە قورئانی پیرۆز زۆر باش چارەسەری نەخۆشی نەفسی دۆزیوەتەوەو دەرمانی بۆ داناوە. دەفەرموێ:

{وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاء وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلاَ يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إَلاَّ خَسَاراً - سورة الإسراء – ٨٢}.

واتە: ئێمە لە قورئان شتێك دەنێرینە خوارێ کە شیفاو رەحمەتە بۆ موسوڵمانان نەخۆشی دڵ‌و دەروونیان قەلاچۆ دەکا.

لێرە بەولاوە چەند باسێك دەخەینە پێش چاوتان کە ئەوە بچەسپێنێ کە قورئان شیفای نەخۆشی نەفسییەو باشترین چارەسەرکردنە بۆ ئەو جۆرە نەخۆشییانە.

بڕوا بەخوداو کاریگەری ئەو بڕوایە لەرێڕەوی ئادەمیزادا

بڕوا بەخودا کۆڵەکەی ژیانی رۆحییە، سەرچاوەی هەموو ئارامییەکی دڵو دەروونەکانو هەموو بەختەوەریو خۆشییەکە، جا وەنەبێ ئەم ئیمانە هەر بەوەندە پەیدا ببێ کە باوەڕت هەبێ خودایەك هەیەو زاڵە بەسەر بونەوەردا! بەس ئەوەندە کیفایەت ناکا، بەڵکوو دەبێ ئەو خودایە وا بناسی ناسینەکە بگەیەنیە حەددی تەقدیسو پیرۆزی بزانی چەند گەورەو بەتوانایە ئەم جۆرە ناسینە لەدڵو دەروونی ئادەمیزاد جێگیر ببێو ئاسارو دیاردەی چەسپانو جێگیربوونیو ئەو ئایینە لە کردەوەکانی دیاری بدا!

بڕوا بەخودا نەفسی ئادەمیزاد لە کۆتی ماددییەت قوتار دەکا، وا لە مرۆڤەکە دەکات خۆی لەئاستی شەهوەتو ئارەزوی دنیایی دا بەرزبگرێ، موبالات بە زەرەرو قازانجی تایبەتی دنیایی نەکا، هەوڵو کۆشش بکات بۆ خۆیو بۆ کۆمەڵەکەی بەگوێرەی یاسای گشتی کۆمەڵایەتیو ئایینی، بە گوێرەی رێبازو دابو نەریتی تەواو سود بەخش بەڵێ: هەرچی رەوشتی ئادەمیزاد هەیە لەپیاوەتیو چاکە فیداکاری خۆنەویستی... هتد. لە پێناو کۆمەڵدا هەموویان لە باوەڕ بەخوداوە سەرچاوە هەڵدەبەستن ئەمە راستییەکەو چەسپاوە، تاقیکردنەوەی ئادەمیزاد بە درێژایی مێژوو سەلماندوویەتیو دەیسەلمێنێ!

لە هەموو وڵاتێكو هەموو رۆژگارێکدا چەند کەسێك هەبوونو هەن کە بەهۆی باوەڕیان بە خودا – هەستو شعوریان بە چاکەو پیاوەتی سەررێژی کردوە وەکوو ئەستێرە بەئاسمانی گەلەکەیانەوە درەوشاونەوە! ئیتر هەموو ژیانی خۆیان تەرخان کردوە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵی ئینسانییەتو خۆشبەختی ئادەمیزاد! ئەمەیە حەقیقەتی ئەو ئیمانەی کە قورئان بانگەوازی بۆ دەکاو داوا لە خەڵك دەکات کە هەرگیز دەستی لێ بەرنەدەن؟ هەر لەبەر ئەمەیە ئێمە دەبینین کە هەموو ئایەتێکی قورئان (الذین آمنوا)ی تێدابێ دوابەدوای ئەو رستەیە (وعملوا الصالحات)یشی هێناوە! ئەمە مانای ئەوەیە کە ئیمانو باوەڕ

هەر بەقسە نابێ؟ بەڵکوو دەبێ کردەوە بیسەلمێنێ‌و تەئیدی راستی ئەو ئیمانە بکا چونکە کردار دیاردەو بەرووبومی باوەڕە.

بڕوا بەخوداو کردەوەی باش رەزامەندی خودا بەدەست دێنن، پاداشی باشی قیامەت پەزمەندە دەکەن! خودا دەفەرموێ:

{إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُوْلَئِكَ هُمْ خَيْرُ الْبَرِيَّةِ -سورة البينة ٧}.

ئەوانەی بڕوایان هەیە بە خوداو کردەوەی چاك دەکەن ئەوانە باشترین گرۆهی ئادەمیزادن!

{وَبَشِّرِ الَّذِين آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ - سورة البقرة — ٢٥}.

ئەی پێغەمبەر مزگێنی بەهەشت بدە بەو کەسانەی باوەڕیان بە خودا هەیەو کردەوەی چاك دەکەن.

{إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ إِنَّا لَا نُضِيعُ أَجْرَ مَنْ أَحْسَنَ عَمَلًا- سورة الكهف — ٣٠}.

ئەوانەی باوەڕیان بە خودا هەیەو کردەوەی چاك‌و باش دەکەن ئێمە هەرگیز پاداشییان زایە ناکەین‌و هەر کەسێك کردەوەی باش بێ پاداشی خۆی دەدەینەوە.

باوەڕ بە خودا مرۆڤ وا لێ دەکا لە گوناه هەڵسڵەمێتەوە، چونکە ئادەمیزاد لە کردارو گوفتاری دا گەردن کەچی بیرو باوەڕیەتی‌و بەگوێرەی ئەوان بەڕێگادا دەڕوا! بۆیە پێغەمبەر دەفەرموێ:

« لاَ يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهْوَ مُؤْمِنٌ ، وَلاَ يَشْرَبُ الْخَمْرَ حِينَ يَشْرَبُهَا وَهْوَ مُؤْمِنٌ ، وَلاَ يَسْرِقُ السَّارِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهْوَ مُؤْمِنٌ. رواه البخاري ومسلم .

واتە: ئەو کاتەی موسوڵمان داوێن پیسی دەکا موسوڵمان نامێنێ ئەوکاتەی موسوڵمان دزی دەکا موسوڵمان نییەو ئەو کاتەی شەراب دەخواتەوە موسوڵمان نامێنێ، چونکە ئیمانی تەواو ناهێڵێ خاوەنەکەی شتێك بکا لەگەڵ باوەڕەکەدا نەگونجێ هەروەکوو چۆن ناهێڵی شتێك واز لێ بێنێ کە بە گوێرەی ڕێڕەوی ئەو نەبێ.

بەڵێ بڕوا بە خودا تاریکایی ئەم ژیانەمان بۆ روناك دەکاتەوە لەکاتی ناهومێدیو لێقەوماندا موسوڵمان وەبیری دێتەوە کە پەنایەکی قایمی هەیە پەنای بداو هاواری بکاتێ!

پێی وایە پەروەردگاری دەتوانێ یارمەتی بداو دەستی بگرێ، ئیتر کە ئەمەی زانی ناهومێدی لەدڵو دەروونی دەڕەوێ، ئاخو ئۆف واز لێ دێنێو پشت بە خودای خۆی دەبەستێو دڵو دەروونی ئارام دەبن، بەڵاو موصیبەتی دنیایی بێ نموود دێنە پێش چاوی، تەنگو چەڵەمەی ژیانی لا ئاسان دەبێ، خوداش بۆ خۆی خەبەری داوە بە موسوڵمانان کە هەموو کات دەستی یارمەتی بۆ درێژکردونو پشتیوانییانە:

{وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ - سورة التغابن – ١١}.

هەر کەسێك بڕوای بە خودابێ بزانێ هەموو دەردو رەنجێك بە فەرمانی خودایە خودا دڵو دەروونی شارەزا دەکاو ئەیخاتە سەر رێگای راست. یان دەفەرموێ:

{وَإِنَّ اللَّهَ لَهَادِ الَّذِينَ آمَنُوا إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ - سورة الحج – ٥٤}.

واتە: بێگومان پەروەردگار رەهنوماکوننەدەی موسوڵمانانە بۆ رێگای راستو سەربەستیو خۆشی. یان دەفەرموێ:

{اللّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُواْ يُخْرِجُهُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّوُرِ - سورة البقرة – ٢٥٧}.

واتە: خودا خاوەنو گەورەو یارمەتدەری ئەوانەیە کە ئیماندارن، لە نەفامیو نەزانی رزگاریان دەکاو دەیانخاتە سەر رێگای زانستو شارەزایی باوەڕ.

لەلایەکی ترەوە ئیمانی کامڵو تەواو لە تەك کردەوەی باشدا وەسیلەو نامێرە بۆ لەززەتو خۆشی هەردو دنیا خودا خۆی دەفەرموێ:

{مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ - سورة النحل – ٩٧}.

واتە: هەر کەسێك کردەوەی باش بێ چ پیاو چ ژن بە مەرجێك موسوڵمان بی‌و باوەڕی هەبێ ئێمە لە ژیانی دونیادا بەخۆشی دەیژێنین لە رۆژی قیامەتیشا زۆر باشتر پاداشیان دەدەینەوە!!!

بەراستی ئینسان لەم ژیانەدا لەناو کۆمەڵێك کۆسپ‌و تەنگ‌و چەڵەمەدا دەژی، کۆسپ‌و تەگەرەی ژیان کێژەڵۆکەی رۆژگار ئەوەندە زۆرو زەبەندەن هەرکەسێك بڕوای بەخودا نەبێ‌و خودا نەکا بە پەناگا بۆ خۆی‌و پشتی پێ نەبەستێ‌و نەیکاتە یارمەتیدەرو چاودێری خۆی بەدبەخت ترین ئادەمیزاد دەبێ لە ژیانا!!؟ بەپێچەوانەی ئادەمیزادی موسوڵمانەوە کە بەهۆی ئەو بیرو باوەڕەی کە هەیەتی هەموو کاتێ ئاسۆی داهاتووی خۆی رۆشن دەبینێ‌و ژیانێکی خۆش‌و کامەران بەسەر دەباو لەخودا نەبێ لەکەس ناترسێ!!

یادی خوداو کاریگەری ئەو یادە لە دەروونی ئادەمیزاددا

بەشێك لە ئاکام‌و ئامانجی ژیانی رۆحی بڵاوکردنەوەی ئارامی‌و هێدیەتییە لەناو دڵ‌و دەرونی ئادەمیزاددا قەڵاچۆکردن‌و خستنە دەرەوەی غەم‌و قەلەق‌و ناخۆشییە لە دەروونا: کە ئەمانە دوژمنی هەرە گەورەی ئادەمیزادن. ئاشکراشە زیکرو یادی خودا ئامێرێکی هەرە کاریگەرن بۆ پەیدابوونی ئارامی دڵ‌و دەروون، وەکوو لەمەدوا رونی دەکەینەوە!

ئاشکراشە کە هەڵەو گیربوونی بیرو هۆش بەغەم‌و نارەحەتی مادی یان مەعنەوییەوە بەشبەشبوونی عەقڵ بەهۆی قەلەق‌و بیرکردنەوە لە داهاتوو هەروا پەرت‌و بڵاو بوونەوەی عەقڵ لە ئاستی رووداوی رۆژانەی ژیان هەموو ئەم خەتەرەو ڕاڕایی‌و بیرو هۆش جۆراو جۆرانە مەعنەوییاتی ئادەمیزاد دەروخێنن‌و وای لێ دەکەن داماوبێ‌و نەتوانێ ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام بدا.

هەندێ کەس لایان وایە کە رۆچوون لە غەم‌و قەلەقدا حاڵەتێکی نەفسییە هیچ پەیوەندی بە جەستەوە نییە!! بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵەیە، چونکە تاقیکردنەوەی زانستیی ئەوەی سەلماندووە کە رۆچون لە غەم‌و نارەحەتییدا خۆ

بەدەستەوەدان بۆ قەلەق حاڵەتێکی فیزیولوجییەو کار دەکاتە سەر جەستەو زەبوونی دەکاو جۆرەها نەخۆشی بۆ دەهێنێو سەرچاوەی هەموو غەمو نارەحەتییەکە، کانی قەلەقو دڵەڕاوکێو رارایی بریتییە لە هەستکردنی ئادەمیزاد بە زەبوونی خۆی لە بەرامبەر روداوی ژیاندا! بەڵام بیرو باوەڕی پتەو بە هەبوونی خودایەك کە هەموو تەصەروفێکی کەونی بەدەست بێو بۆ هەموو کارێك پشتی پێ دەبەستێو ئارامی هێزی مەعنەوی دەخاتە دڵو دەروونی مرۆڤەوە، هەموو غەمو نارەحەتییەکی ژیانیان لەلا سووكو ئاسان دەبێ.

دوکتۆر بریل ئیعتیرافی بەم ڕاستییە کردوەو وتوویەتی (مرۆڤی موسوڵمانو خاوەن باوەڕی پتەو هەرگیز تووشی نەخۆشی نەفسی نابێ!).

زانای بەناوبانگ (دیل کانێجی) دەڵێ: (نۆژدارانی دەروونناس بۆیان دەرکەوتووە کە بیرو باوەڕی قایمو دەست گرتن بە ئایینەوە بەرپرسیارن لەوە کە غەمو نارەحەتیو قەلەقو نەخۆشی دەمارگیری نەهێڵنو چارەسەری بکەن).

بەڵێ یادی خودا دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ئیمانو باوەڕ، یادی خودا خوراکی رۆحەو نەفسی ئادەمیزاد تەزوید دەکا بە ئارامیو هێدی بوون، هێزو قووەتی مەعنەوی دەداتێ: قورئان دەفەرموێ:

{الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ - سورة الرعد - ٢٨}.

واتە: ئەوانەی موسوڵمانن و دڵیان بەیادی خودا داسەکناوەو هەردەم خودایان لەبیرەو تەسبیحاتو زیکری ئەو دەکەن کارێکی پیرۆز ئەنجام دەدەن، ئاگادارین! دڵو دەروون هەر بەیادی خودا ئارام دەگرنو دادەسەکنێن!! یادی خودا دیاردەیەکە بۆ ئەوەی دەربکەوێ ئەو مرۆڤە خودای خۆی دەناسێو سوپاسی دەکا یان نا! بۆیە قورئان ئەوە دەچەسپێنێ: کە یادی خودا دەبێتە هۆی نزیك بوونەوە لە خودا، ئەوانەی لە یادی خودادان پاداشی باشیان دەدرێتەوە خۆشەویستی خوداو رەحمەتی بێ پایانیان دەستگیر دەبێ.

وابزانم هێنانی ئەم چەند ئایەتەی دوایی کیفایەتە بۆ وەدەرخستنی گەورەیی و باشی زیکرو یادی خودا؛ کە دەفەرموێ:

{فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُواْ لِي وَلاَ تَكْفُرُونِ - سورة البقرة – ١٥٢}.

واتە: ئەی گرۆهی ئادەمیزاد یادم بکەن بە تاعەتکردن منیش یادی ئێوە دەکەم بە پاداشی باش و لێخۆشبوون لە گوناهتان، شوکرو سوپاسی نازو نیعمەتەکانم بکەن و مەیان شارنەوە کوفرانی نیعمەتم مەکەن!! یان دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا، وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا، هُوَ الَّذِي يُصَلِّي عَلَيْكُمْ وَمَلَائِكَتُهُ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَكَانَ بِالْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا - سورة الأحزاب – ٤١-٤٣}.

واتە: ئەی گرۆهی موسوڵمانان! زۆر یادی خودا بکەنەوە، بەیانی و ئێوارە هەموو کات و ساتێك بە گوێرەی توانا لە خودا غافڵ مەبن! خودا خودایەکی وەهایە رەحمەت و بەرەکەتی خۆی بەسەر ئێوەدا دەڕژێنێ و فریشتەکانی داوای لێخۆشبوونی گوناهتان بۆ دەکەن، تا ئێوە رزگار بکەن لە تاریکایی گوناه بۆ رۆشنایی تاعەت لە گومراییەوە بۆ شارازایی! یان دەفەرموێ:

{وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا - سورة الأحزاب – ٣٥}.

واتە: ئەو پیاوانەی یادی خودا دەکەن ئەو ژنانەی یادی خودا دەکەن پەروەردگار لێخۆشبوونی خۆی و پاداشی گەورەی بۆ ئامادەکردون!

جا لە کاتێکدا قورئان بەوچەند ئایەتە فەزڵ و گەورەیی یادی خودای رونکردەوە، دەبینین لە ئایەتێکی تردا هەرەشە لەوانە دەکا کە یادی خودا ناکەن و لێی غافڵن، ئەوە رون دەکاتەوە کە ڕووەرگێڕان لە یادی خوداو پشت هەڵکردن لە تەسبیحات و زیکری ئەو سەردەکێشی بۆئەوە ئینسان رێگای لێ هون ببێ و تووشی بەدبەختی دنیاو قیامەت بێ! خودا دەفەرموێ:

{وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ الرَّحْمَنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ، وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنِ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُم مُّهْتَدُونَ - سورة الزخرف – ٣٦-٣٧}.

واتە: کەسێك چاو بنوقێنێ لە عاست یادی خوداو زیکری پەروەردگار پشت گوێ بخا، ئێمە شەیتانێکی بۆ ئامادە دەکەین لە گەڵیدابێ‌و لەکۆڵی نەبێتەوە هەموو شتێکیش بە گوێی ئەو شەیتانە دەکا! جا ئەو شەیتانانە دەبنە بەرگری کەر لێیان‌و ناهێڵن ئەو خەڵکە رێبازی هەق بگرن، وەسوەسەو خەتەرە دەخەنە دڵیانەوە بەوە کەوان لەسەر هەقن رێبازی راستیان گرتووە، ئەو کافرو خوانەناسانەش پێیان وایە ئەو خەتەرەی بەدڵیاندا هاتووە شتێکی حەقیقەت‌و راستەو ئەوان لەسەر هەقن! دوو بارە جارێکی تر قورئان هەڕەشە دەکا لەو کەسانەی واز لە یادو زیکرەی خودا دێنن‌و دەفەرموێ:

{وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنسَاهُمْ أَنفُسَهُمْ أُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ - سورة الحشر - ١٩}.

واتە: ئەی موسوڵمانینە! نەچن وەك ئەو کەسانە بن کە خودایان فەرامۆش کردوەو بەدەگمەنیش خودایان وەبیر نایەتەوە، بێگومان کەسێك خودای بیرچووە سەرگەردان دەبێ لە ژیاندا، هیچ هەدەفێکی بەرزی نابێ‌و پاشە رۆژی لە بیردەچێتەوەو ئادەمێتی نامێنی خوداش خۆیانیانی لەبیر خۆیان بردۆتەوە بە جۆرێك کە ئینسانییەتی خۆیان فەرامۆش بکەن‌و هەوڵێك بۆ دوا رۆژ نەدەن ئەوانە بەدکارانی جیهانن.

یادی خودا دەورێکی گرنگی هەیە بۆ پەروەردەکردنی دڵ‌و دەرون، ئەو کەسەی یادی خودای خۆی دەکاتەوەو گەورەیی‌و عەزەمەتی ئەو دێنێتە پێش چاوی خۆی، دڵی نەرم دەبێ، عەتفو سۆزو بەزەیی تێدا پەیدا دەبێ، جگە لە کردەوەی چاکە شتی تری لێ بەدەر ناکەوێ! چونکە پێی وایە خودا ئاگادارە بەسەریداو چی بکا خودا چاوی لێیەتی. لە کاتێکدا ئەوانەی پشت هەڵدەکەن لە خودا هەڵدەخلیسکێن بۆ ناو زلکاوی بێدینی‌و خودایان لەبیر دەچێتەوە دڵ رەق دەبن‌و عەتفو بەزەییان تێدا نامێنێ‌و چی خراپەو شەڕە لێیان دەوەشێتەوە.

لەبەر ئەوە خودا هەڕەشەی لە خەڵکی کردوە کەوا نەکەن بگەنە ئەم حاڵەتە ناپەسەندە:

{أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ - سورة الحديد – ١٦}.

واتە: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە موسوڵمانان دڵو دەروونیان بەیادی خودا سەرریژبکاو ترسو خۆفی خودا بچێتە دڵیانەوەو قورئان کاریان تێ بکاو پەیڕەوی فەرمانەکانی بکەن! نەچن وەکوو گاورو جولەکەکان بن کە ئینجیلو تەوراتیان پێش قورئان دراوەتێ، جا رۆژگارێکی زۆریان بەسەردا تێپەڕیو ماوەی هاتنی پێغەمبەرەکانیان زۆر کۆن بوو دڵ رەق بوونو وایان لێ هاتووە کەلامی خودا کاریان تێ ناکاو گوێی پێ نادەن زۆریان بەدکارو بەد رەوشتو سەرپێچی کەرن!

هەر لەبەر گرنگی دان بە یادی خودایە کە ئایینی ئیسلام هاتووە ئەو نوێژەی کە ئادەمیزاد لەخودا نزیك دەکاتەوە لە شەو رۆژدا پێنج کەرەت فەرزی کردوە، داوای زیادکردنی نوێژی تریشی کردوەو ناوی ناوە (صلاة التهجد) شەو نوێژ چونکە لەشەودا دڵو دەروون صاف دەبێو توانای رۆحی زیاترە بۆ پاڕانەوە. خودا دەفەرموێ:

{أَقِمِ الصَّلَاةَ لِدُلُوكِ الشَّمْسِ إِلَى غَسَقِ اللَّيْلِ وَقُرْآنَ الْفَجْرِ إِنَّ قُرْآنَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا ، وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا ، وَقُل رَّبِّ أَدْخِلْنِي مُدْخَلَ صِدْقٍ وَأَخْرِجْنِي مُخْرَجَ صِدْقٍ وَاجْعَل لِّي مِن لَّدُنكَ سُلْطَانًا نَّصِيرًا - سورة الإسراء – ٧٨-٨٠}.

واتە: ئەی پێغەمبەر! کاتێك خۆر لە نیوە ڕاستی ئاسمان لایدا نوێژی نیوەڕۆ (ظهر) ئەنجام بدەن، کاتێك شەو داهات نوێژی بکەن – لێرەدا مەبەست نوێژی (شێوانو خەوتانە) – نوێژی بەیانی کاتێ ئەنجام بدەن ئاسۆی ئاسمان روناك دەبێو فەجری صادق بە کەناری ئاسماندا بڵاو بووبێتەوە، بێگومان نوێژی بەیانی فریشتەی شەویشو فریشتەی رۆژیش حازری دەبنو ئاگایان لێیەتی، ئەی پێغەمبەر، شەو نوێژیش بکە، چونکە شەو نوێژ (صلاة التهجد) لەسەر تۆ فەرزەو لەسەر ئومەتت سوننەتە، سا بەڵکوو خودای خۆت کە زیندووی کردیەوە مەقامی

مەحمووەدت پێ ببەخشێو ئالآی حەمدو سوپاست پێ عەتا بکا، بڵێ: خودایە لە شاری مەککە بمخەرە دەرێو بەسەلامەتی دەرچم بچمە ناو شاری مەدینەی پیرۆزەوە، لەلایەن خۆتەوە بەڵگەی ئاشکراو بەهێزم بدەرێ بتوانم بەربەرەکانی ئەو خەڵکە نەزانو سەر ڕەقەی پێ بکەم!!

دەی بڕوانە ئەم دەقە قورئانییە چەند جوان ئارامی دەخاتە ناو دڵو دەروونەوە، کاتێك ئایەتەکان دەخوێنیتەوە بەچاوی دڵ تێیان دەفکرێ، هەست بە چ خۆشییەك دەکەی، چۆن لە زلکاوی ئەم ژیانە مادییە دەستت دەگرێو قورتارت دەکاو دەتخاتە ناو ژیانێکی روحیو بەرزو خۆشەوە؟ بەراستی ئەمە هەر لەدەست قورئان دێ کە ئاوا بەو شێوە ئەم لاواندنەوە بخاتە دڵو مێشکەوەو غەمو ناڕەحەتی رامالێ!!

خۆشەویستی نێوان ئادەمیزادو خودا(الحب بين العباد والرب):

دوژمنانی ئیسلام نازانن چۆن داخی دڵی خۆیان بە ئایینی ئیسلام بڕێژن، هەر دەمە رەخنەیەکی لێ دەگرن رۆژێك دەڵێن، ئایینی ئیسلام ئایینێکی مادی صیرفە دەمێکیش دەڵێن: ئایینێکی رۆحی صیرفە!

یەکێك لەو تیرە ژەهراوییانەی ئاڕاستەی جەستەی ئایینی ئیسلام کراوە ئەوەیە کە دەڵێن: ئیسلام ئایینێکی وشكو برینگەو خاڵییە لە خۆشەویستی نێوان خوداو خەڵك، ئەوەتا (ئەدوا روس) لە کتێبی بەناو (فلسفة الدين) کە بە ئینگلیزی داینـاوە دەڵێ: (وشەی ئیسلام مانای گەردنکەچی بۆ ویستی خودا دەگەیەنێ، ئەمەش دەشێ سەربکێشێ بۆ ئەوە خودا حسێب بکرێ بە هێزێکی خاوەن دەسەڵاتو زەبر بەدەستی نەزانراو کەسەر پێچیکردنی بیهۆدەبێ، هیچ لە صیفەتەکانیشی پیرۆزیو خۆشەویستی تێدا نییە زیاد لەئەوەش برێ موسوڵمان هەن ئەم ئایینە وشکەیان بەدڵ نییەو لێی مورتاح نین، بێگومان پەیدابوونی ئەو کۆمەڵە صوفیانە لەناو موسوڵمانانـدا بڵاو بوونەوە شایەتیەکی تەواوە لەسەر ئەوە

کە ئەو خەڵکە حەزیان لەوە هەیە پەیوەندی بە خودایەکەوە بکەن زیندو بێو خاوەن خۆشەویستی بێ عەطفو سۆزی هەبێ).

سەیر ئەوەیە نییەت خراپیو نەزانی دروشمی ئەم نووسەرەیە کە لە راستیدا هیچ شتێك بەقەد رەتکردنەوەی بۆچوونەکەی ئاسان نییە، بە تایبەتی لە کارێکدا کە ئەو نەزانتر کەسە تێیدا! چونکە خۆشەویستی نێوان خوداو بەندە لە قورئاندا تا بڵێی زۆرو زەبەندەیە چەند جار دوو بارەو سێ بارەو دەبارە کراوەتەوە! هەر جارەی بە ئوسلوبو شێوازێك ئەم خۆشەویستییەی گەیاندووە.. کە بەتێکڕا دەتوانین ئەم خۆشەویستییە بکەین بەدوو بەشەوە.

أ) خۆشەویستی بەندە بۆ خودا.

ب) خۆشەویستی خودا بۆ بەندە.

خۆشەویستی ئادەمیزاد بۆ خودا:

موسوڵمانی راستو راستاڵ ئەو کەسەیە هەست بە صیفەتی جەمالو جەلالی خودا بکا، شعوور بە لوتفو چاکەی ئەو بکاو بزانێو لێی بەقین بێ کە خودا خێرو بەخشش بەسەر ئەودا دەڕێژێ، ئەمجار لەم هەستو شعوورەوە حاڵەتێکی خۆشەویستی بۆ پەیدا ببێ، خودای لە هەموو شتێك خۆشتربویو دڵو دەروونی بەوەوە مەشغول بێو هەموو کردەوەیەکی لەبەرخاتری ئەوبێ، لەززەتو خۆشی لە تاعەتکردنو گەردنکەچی بۆ فەرمانەکانی ئەودا دەست بکەوێ، ئەوکاتەی لاخۆش بێ کە بێ ئەمری ئەو ناکا، بەم شێوە باربگرێو دڵرازی ئاوات خوازبێ بۆ زیادە قوڵبوونەوەو رووچوون لەم خۆشەویستییەدا، دڵنیابێ لە راستی رێبازیو چاکیی ئامانجی! خۆشەویستی ئادەمیزاد بۆ خودا برێتییە لە باوەڕی راستو دروست بە خودا، باوەڕێکی وا لە ناخەوە هەستی ببزوێنێ، نەك ناسینی خوداو ملکەچی نەفسی رواڵەتی! بەڵکوو ئیمانی ڕاست برێتییە لە خۆشەویستی خودا بە جۆرێك ئەو کەسە بەسەر خۆیدا سڵاوی بداتەوە، دیاردەی خۆشەویستییەکەی لە کردارو گوفتاردا دیاری بدا! کەوابوو بیرو باوەڕی رواڵەتی کە لە ئیزعانی

نەفسی تێپەڕ نەکاو دیاردەکانی لە بەندەکەدا دەرنەکەون بێشك ئەو باوەڕە ئەو باوەڕە نییە کە خودا لەبەندەکانی خۆی دەیەوێ. خودا دەفەرموێ:

{قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ - سورة التوبة – ٢٤}.

واتە: ئەی پێغەمبەر! بەو مەردوومە بڵێ: ئەگەر باوك‌و باپیرتان یان کوڕو نەوەو وەچەتان یان خوشك‌و براتان، یان ژن‌و خێزانتان، یان هۆزو گەل‌و تیرەتان، یان ئەو ماڵ‌و داراییەی کۆتان کردۆتەوە یان شتوومەك‌و کاڵایەك کە کڕیوتانەو دەترسن رائیج بێ‌و نەفرۆشێ، بەهۆی غەزاو جیهادەوە کاتی فرۆشتنی تێپەڕێ، یان خانوو باڵەخانەتان خۆشەویستترە لاتان لە خوداو پێغەمبەری خوداو کۆشش لە پێناوی ئایینی خودادا، ئەوە چاوەڕوانی سزای خودابن‌و بزانن چیتان بەسەر دێنێ! لەم ئایەتەدا هەڕەشەیەکی زۆر گەورە هەیە بۆ ئەوانەی کە لە کۆشش کردن‌و هەوڵدان لە ڕێگای خودادا پشت هەڵدەکەن‌و خۆی لێ دەشارنەوە!

پەروەردگار لەم ئایەتەدا هەموو حەزو ئارەزۆو پێویستی ماددی دونیایی مرۆڤی کۆ کردۆتەوەو خستویەتیە تایەکی تەرازووەوە، خۆشەویستی خوداو پێغەمبەرو خۆشەویستی جیهادو هەوڵدان لە ڕێگەی ئایینی خودادا ئەمەشی خستۆتە تایەکەی تریەوە! جا ئەو دڵ‌و دەروونەی بتوانێ خۆی لەو حەزو ئارەزووە دنیاییانە قوتار بکاو خوداو پێغەمبەریان بەسەردا هەڵبژێرێ ئەوە دڵ‌و دەروونێکە خودا گەرەکییەتی‌و ئیسلام دەیەوێ.

خودای گەورەو میهرەبان لە ئایەتێکدا باسی ڕەوشتی موسوڵمانانی ڕاستاڵ‌و ڕاستگۆ دەکا، ئەو موسوڵمانانەی خودایان خۆش ویستووە خوداش ئەوانی خۆش ویستووە ڕویان تێ دەکاو دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَلاَ

يَخَافُونَ لَوْمَةَ لآئِمٍ ذَلِكَ فَضْلُ اللّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاء وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ - سورة المائدة - ٥٤}.

واتە: ئەی کەسانێك کە بڕواتان هێناوەو موسوڵمان بوون!

هەر کەسێك لە ئێوە لە ئایینی هەڵگەڕێتەوە، ئایینی خودا پشت گوێ بخا لەوە بەولاوە خودای گەورە گەل و هۆزێکی تر دێنێ و دەسەڵات و فەرمان ڕەواییان دەداتێ و ئەوان دەخاتە شوێنی ئێوەو ئاوەدانی جیهان دەخاتە ئەستۆی ئەوان و ئەوانیش فەرمانەکانی خودا بەباشی ئەنجام دەدەن، خودا خۆشی دەوێن و ئەوانیش خودایان خۆش دەوێ، دەرهەق موسوڵمانان دڵ نەرم و بە بەزەیین، دەرهەق بە کافرو گومڕایان توندو تۆڵ و بەهێزن، لە ڕێگای خوادا، لە پێناوی ئایینی خوادا تێ دەکۆشن و هەوڵ دەدەن لە لۆمەو تانووتی لۆمەکاران ناترسن!

ئەم ڕەوشتە بەرزە ئەم ئاکارو پیاوەتییە فەزڵ و کەرەمی خودایە دەیدا بە کەسانێك خۆی مەیلی لێبێ، کەرەم و ڕەحمەتی خودا فراوانە بەشی هەموو کەسێك دەکاو خۆشی ئاگاداری هەموو شتێکە!

خۆشەویستی خودا نیشانەی موسوڵمانێتی ڕاستییە، ئەو موسوڵمانانەی شیرینی بیرو باوەڕیان چەشکەکردوە هیچ شتێك بە ئیمان ناگۆڕنەوە، ئیمانیان بەلاوە لە هەموو شتێك باشترە بۆیە پێغەمبەر دەفەرموێ:

« ثَلاَثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلاَوَةَ الإِيمَانِ: أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا ، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لاَ يُحِبُّهُ إِلاَّ لِلَّهِ ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ. رواه البخاری .

واتە: سێ ڕەوشت هەن کەسێك ئەو سێ ڕەوشتەی تێدابن، ئەوە شیرینی ئیمان و باوەڕی چەشتووە:

یەکەم: ئەوەیە خوداو پێغەمبەری خودای لە هەموو شتێك بەلاوە خۆشەویستتر بن!

دووەم: ئەگەر یەکێکی خۆش ویست هە لەبەر خاتری خودا خۆشی بوێ.

سێیەم: چەندی پێ ناخۆشە فرێی دەنە ناو ئاگرەوە ئەوەندەی پێ ناخۆش بێ بگەڕێتەوە بۆ کوفر.

خۆشەویستی خودا گرنگترین بناغەیە بۆ دروستکردنی بینای ئەخلاقو رەوشت، خۆشەویستی خودا وامان لێ دەکا ببینە گیانێکی لەتیفو شەڕو بەدکاریمان لێ روو نەدا، دەمانگەیەنێتە ئەو حاڵەتەی هەموو شتێکی بوونەوەرمان خۆش بوێ، چونکە دەستکردی خودایە، ئەم حاڵەتە کاتێك پەیدا دەبێ صەفای نەفسی زاڵبێ بەسەرماندا، هەرچی رقو کینەیە، لە دەروونماندا نەمێنێ، فێڵو تەڵەکەو جامبازیو چاوویراو لەخۆمان دوور بخەینەوە.

خۆشەویستی خودا بۆ ئادەمیزاد:

ئەگەر سەیری قورئان بکەین دەبینین پەروەردگاری خۆشەویستی خۆی داوە بەو کەسانەی خاوەنی کرداری گەورەو رەوشتی بەرزن ئەوانەی کردەوەکانیان خێرو بێری گشتییان تێدایەو بۆ کۆمەڵو ئادەمیزاد سود بەخشە، ئەم خۆشەویستییەی لەکەس نەبڕیوە، مەگەر لە کەسانێك کە خاوەنی رەوشتی خراپ بنو لە خراپەکاریدا رۆچووبن خەریکی بڵاوکردنەوەی خراپەو خراپەکاریی بنو رەواج بە رەوشتی بەد بدەن، ئاژاوەگێر بن...

ئایەتەکانی قورئان کەباسی خۆشەویستی خودا دەکەن بۆ بەندەکانو وەسفی ئەو بەندانە بەچەند رەوشتێك دەکەن کە کاکڵەی ئەخلاقو سەرچاوەی نەفس بەرزیو مرۆڤایەتییە... وەکوو خودای گەورە دەفەرموێ:

{وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُم بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ - سورة المائدة – ٤٢}.

واتە: هەرکاتێ فەرمانڕەواییت کرد لەناو موسوڵمانانیدا حوکم بە عەداڵەتو داد پەروەری بکە، چونکە خودا داد پەروەرانی خۆش دەوێ! یان دەفەرموێ:

{بَلَى مَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ وَاتَّقَى فَإِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ - سورة آل عمران – ٧٦}.

کەسێك وەفا بە ئەهدو پەیمان بکاو تەقواو تاعەتی خودا بکا ماڵی کەس بە زۆرو ستەم نەخوا، ئەوە ئەوکەسە لە خۆشەویستانی خودایە چونکە خودا تەقواکەرو خۆ پارێزانی خۆش دەوێت.

{فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ - سورة آل عمران – ١٥٩}.

واتە: هەرکاتێك دوای موشاوەرەو لێوردبوونەوە هاتیتە سەر ئەوەی کردەوەیەك ئەنجام بدەی، تەوەککولت بەخودابێ پشت بەو ببەستە، چونکە خودا خاوەن تەوەککولی خۆشدەوێت.

{فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاصْفَحْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ - سورة المائدة – ١٣}.

ئەی پێغەمبەر چاو لە هەڵسوکەوتی هەڵەی هاوڕێکانت بپۆشەو سەرفی نەزەرییان لێ بکە بێگومان خودا مرۆڤی چاکە کارو دڵ سافو لێبوردووی خۆش دەوێ!

{وَمَا ضَعُفُواْ وَمَا اسْتَكَانُواْ وَاللّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ - سورة آل عمران – ١٤٦}.

واتە: پێغەمبەرانو شوێنکەوتووانی هەرگیز لە جیهادو هەوڵدان لە ڕێگای خودادا ماندوو نەبوونو زەبوونیان بەسەردا نەهاتووە، لەئاستی بەڵاو موسیبەتی ڕۆژگاردا خۆ ڕاگربوون! لەپێناو ئایینی خودادا صەبرو سەباتیان هەبووەو خوداش خاوەنی سەبرو ئارامی خۆش دەوێن.

{إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ - سورة البقرة – ٢٢٢}.

پەروەردگار تۆبەکاری خۆشدەوێت، هەروەها ئەوانەیشی خوش دەوێت کە هەردەم پاكو خاوێنو دەست بە دەسنوێژن.. پەروەردگار خۆشەویستی خۆی لەوانە بڕیوە کە خاوەنی ئەو ڕەوشتانەن: کە کانی بەدبەختین بۆ گرۆهی ئادەمیزادو ئەمنو ئاسایش لەسەر ڕووی زەویو قەڵاچۆدەکەن، دەفەرموێ:

{وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ -سورة القصص/٧٧}.

واتە: هەرگیز لەسەر زەوی هەوڵی فەسادو گێرە شێوێنی مەدە، بێگومان خودا موفسیدو خراپەکارانی خۆش ناوێن!

{وَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ فَيُوَفِّيهِمْ أُجُورَهُمْ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الظَّالِمِينَ - سورة آل عمران – ٥٧}.

بەلام ئەوانەی ئیمانو باوەڕیان هەیەو کردەوەی باش دەکەن پەروەردگار پاداشی خۆیان دەداتەوە، ستەم لەکەس ناکا! هەرگیز خودا زالمو ستەمکاری خۆش ناوێن!

{لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِن فَضْلِهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْكَافِرِينَ - سورة الروم – ٤٥}.

هەر کەسێك کافر بێ، سزای کوفرەکەی لەخۆی دەسێنرێ. کەسێ کردەوەی چاك بێ پاداشەکەی بۆ خودی خۆیەتی، ئەمە بۆ ئەوەیە هەتا خودای گەورە –بە فەزڵو کەرەمی خۆی– پاداشی کردەوەی چاکی موسوڵمانانو ئیمانداران بداتەوە! بێگومان خودا کافرو بێدینانی خۆش ناوێن.

{لاَ جَرَمَ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْتَكْبِرِينَ - سورة النحل – ٢٣}.

واتە: بێگومان خودای گەورە نهێنیو ئاشکراتان دەزانێ، ئاگاداری هەموو کردارو گوفتارتانە. کەوابێ نە بەنهێنی نە بە ئاشکرا دەعیەو تەکەبوور مەکەن، چونکە خودا هیچ خۆبەزلزانو لووتبەرزێکی خۆش ناوێ!

{إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالاً فَخُورًا - سورة النساء – ٣٦}.

واتە: بێگومان خودای مەزن کەسێکی خۆش ناوێ کە لووت بەرزبێو خۆ بەزل بزانێو ستایشی خۆی بکا.

{وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَانبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاء إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الخَائِنِينَ - سورة الأنفال – ٥٨}.

واتە: ئەگەر ترسان هۆزێك غەشو خیيانەتتان لێ بکەن، عەهدو پەیمانێك کە لە نێوانتانا هەیە بیخەنە بەرچاویان رێكو پێك پێیان رابگەیەنن کە ئێمە شەڕتان لەگەڵ دەکەین، هەرگیز لە سەرەتاوە بەناگەهانی بەسەر دوژمندا مەدەن، چونکە خودا هەرگیز خائینو فێڵبازی خۆش ناوێن.

{وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبِّ الْمُعْتَدِينَ - سورة البقرة – ١٩٠}.

واتـە: ئـەی گرۆهـی موسـوڵمانان! لـە ڕێگـەی خـودادا كۆشـش، ئیـزال بكـەن دژی ئەوانەی شـەڕتان لەگـەڵ دەكـەن بجـەنگێن‌و دیفـاع لـە ئـایین‌و مـاڵ‌و نامووسـتان بكـەن، بـەڵام ئێـوە زیـادەڕەوی مەكـەن، چـونكە خـودا قـەت تـەجاوەزكارانی خـۆش نـاوێن! خۆشەویـستی خـودا بـۆ هـەر ئینـسانێك بـێ دەبێتـە كـانی خۆشـبەختی بـۆی، چـونكە لەتەك خۆشەویستییەكەدا چاوە دێری خودای لەگەڵدایە، یارمەتی ئـەوی بـۆ دێ، خـودا بەهێزو توانـای خـۆی لەسـەری دەكاتـەوەو دوژمنـانی بـۆ دەشـكێنێ! بـە پێـچەوانەشەوە ڕق‌و كینەی خودا بۆ ئادەمیزاد دەبێتـە هـۆی شـەقاوەت‌و نەگبـەتی. پێغەمبـەری مـەزن (دروودی خودای لەسەربێ) لە حەدیسێكدا ئەمەی بەجوانی ڕون كردۆتەوەو دەفەرموێ:

« إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ عَبْدًا نَادَى جِبْرِيلَ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلاَنًا ، فَأَحِبَّهُ . فَيُحِبُّهُ جِبْرِيلُ ، فَيُنَادِى جِبْرِيلُ فِى أَهْلِ السَّمَاءِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلاَنًا ، فَأَحِبُّوهُ . فَيُحِبُّهُ أَهْلُ السَّمَاءِ ، ثُمَّ يُوضَعُ لَهُ الْقَبُولُ فِى أَهْلِ الأَرْضِ. رواه مسلم .

واتە: كاتێك خودا بەنـدەیەكی خۆشویـست بـانگی جوبـرائیل دەكاو دەفـەرموێ: مـن فلانـە بەنـدەم خۆشـدەوێ تـۆش خۆشـتبوێ، ئـەویش خۆشـی دەوێ. ئـەمجار جوبرائیل بە ئاسمانانـدا بانـگ هەڵدەداو دەفەرموێ خودا فلانەكەسی خـۆش دەوێ ئێوەش خۆشتان بوێ، ئیتر ئەهلی ئاسمانەكان هـەموویان خۆشـیان دەوێ‌و ئـەمجار لەسەر زەوی ڕێزو قبووڵی دەچەسپێ!

هـەر كـاتێكیش بەنـدەیـەكی نـاخۆش ویـست بـانگی جوبرائیـل دەكـا پێـی دەفەرموێ: من فلان بەنـدەم نـاخۆش دەوێ تـۆش ناخۆشـت بـوێ ئـیتر جوبرائیـل ناخۆشـی دەوێ، ئـەمجار بـەناو ئـەهلی ئاسمانەكانـدا بـانگ هەڵدەداو دەفـەرموێ: خـودا فـلان بەنـدەی نـاخۆش دەوێ، ئێـوەش ناخۆشـتان بـوێ، ئـیتر ڕق‌و كینـەی خەڵكی بۆ دەچەسپێ...

ترسی خوداو بە بڕشتی ئەو ترسە لە بەرامبەر شەڕدا

ئـەوەی کـە ئـەمڕۆ ئـادەمیزادی بـەگیر هێنـاوەو جیهـان لـە ژێـر قورسـاییدا دەناڵێنـێ، بریتییـە لـە نـزم بوونـەوەی ڕەوشـتی جوانو مرۆڤایـەتی! پـێ داگـرتن لەسـەر ڕەوشـتی ناشـیرینو هەوڵـدان بـۆ فێـر بـوونو وەرگرتنـی ڕەوشـتی بـەدو بڵاوبونەوەی تاوانو تاوانکاری! ئەمانە هەموویان بەهۆی غافڵ بـوونی ئـادەمیزاد لـە خـودا هاتوونـە کایـەوە گـشتیان بـەهۆی هەسـتکردن بـە عەزەمـەتی خـودا پەیدابوون ئەو عەزەمەتو گەورەییەی کە لە دەروندا ترسێك پەیـدا بکـاو ببێتـە پەردەیەکی پتەو لە بەردەم ئادەمیزادداو بەربەرستی خراپەو خراپـەکاری لێ بکـا! بەڵێ ترسی خودا پایەیەکە ژیانی روحی لەسەر هەڵدەچنرێ، چونکە ئـەو ترسـە ئادەمیزاد هەڵدەنێ بۆ هەموو خێرو بێرێكو دەرگـای خۆشـی ژیـانی لێ دەکاتـەوە، هەر لەبەر ئەوەیە کە ئایینەکان یەك بە دوای یەکدا هەوڵیان داوە ئەم هەستە لـە دڵو دەروونی خەڵکیدا بڕوێنن، هەروەها هەوڵبدەن ئەوشـتانەی کـە دەبنـە هـۆی رقو غەزەبی خودا لە دونیاو قیامەتدا بۆیان رون بکەنەوە!

خـۆ ئەگـەر ترسـی خـودا نەبوایـە ئـادەمیزاد بـە تـەواوی ملـی لـە شـەڕو خراپەکاری دەناو باوەشی بە حەزو ئارەزووە دونیاییەکانی دا دەکردو هـیچ یاسـاو قانوونێـك نـەدەبوو بتوانـێ بـەر هەڵـستی ئـادەمیزاد بکـاو لـە خراپـەکاری بیگێڕێتـەوە، هـیچ هێزێکـی بـە توانـا نـەدەبوو دەسـتی زۆردار بگـرێو نـەهێڵێ چـەپۆکی چـەپەڵی بـەبێ نـەوایان دادا. ئاشکراشـە تـا زیـاتر ترسـی خـودا لـەدڵی مرۆڤدا کز ببێ زیاتر جیهان پڕ دەبێ لە ئاژاوەو ناکۆکی.

ئایینی ئیسلام لە تەك ئەو داکۆکی کردنەو سزادانانەی کە بۆ خراپـەکارانو شـەڕخوازانی دانـاوە ئەوەشـی لـە یـاد نەچـووە کـە هـەردەم ئـادەمیزاد هۆشـیار بکاتەوەو ترسی خـوای بخاتـە دڵو دەرونییـەوە، تۆڵـەو سـزای سـەختی دۆزەخیـان بخاتە پێش چاو، بۆ ئەوەی لە سەرکەشی بێگێڕێتەوەو بیخاتـە سـەر رێبازێك کـە دەیگەیـەنێ بـە ڕەزامەنـدیی خـوداو گەیـشتن بـە مـرادی بـۆ ئاسـان دەکـا. خـودا دەفەرموێ:

{وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ- سورة النـور- ٥٢}.

واتـە: کەسێك ئیتاعـەی خـوداو پێغەمبـەری خـودا بکـاو گـەردن کەچـی فەرمانـەکانیان بێ‌و لـە خـودا بترسێ‌و خۆ لـە سزای بەئێشی بپارێزێ بێگومان ئەوانە بە مراد گەییشتون‌و سەرفرازن! یان دەفەرموێ:

{إِنَّ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِالْغَيْبِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ - سورة الملك/١٢}.

واتە: ئەوانەی ترسی سزای خودایان هەیەو بەبێ ئەوەی بیبینن لە ترسی سزاو تۆڵەی ئیمانی پێ دێنن بە نهێنی‌و ئاشکرا لێی دەترسن، ئەوانە لێخۆشبوونی خوداو پاداشی گەورەیان دەدرێتێ!

ترسی خودا، ئازایەتی رۆشنبیری (الشجاعة الأدبية) بە ئادەمیزاد دەبەخشێ ترسی خودا جوانترین رەوشتە: کە ئادەمیزاد دەرازێنێتەوەو مرۆڤایەتی تێدا دەروێنێ! ئازایەتی رۆشنبیری بریتییە لەوە کە مرۆڤ راوبۆچوون‌و بیرو باوەڕی خۆی دەربڕێ گوێ نەداتە ئەوە چی پێ دەگوترێ‌و گومانی چی لێ دەکرێ، تەنانەت ئەگەر ئەم رادەربڕینە سەربکێشێ بۆ رق هەستانی کاربەدەستان‌و فەرمان رەوایانیش، هەر شتێك خۆی بەلایەوە راست نەبێ ئەنجامی نەدا یا ئەنجام نەدانەکەش بەدڵی کۆمەڵ نەبێ‌و خەڵك لێی برەنجێن! خودا دەفەرموێ:

{إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءهُ فَلاَ تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ - سورة آل عمران – ١٧٥}.

واتـە: - ئەگەر ئێوە راست دەکەن موسوڵمانن – لەو کافرو گومڕایانە مەترسن‌و ئەمێتیان پێ مەدەن، لەمن بترسن چیتان پێ دەڵێم ئەنجامی بدەن چونکە خێرو شەڕ بەدەست منە. یان دەفەرموێ:

{أَتَخْشَوْنَهُمْ فَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَوْهُ إِن كُنتُم مُّؤُمِنِينَ - سورة التوبة/١٣}.

واتە: ئایا ئێوە لەوە دەترسن کە لەو کافرو بێدینانە زەرەو زیانێکتان پێ بگا!؟؟ لەوان مەترسن چونکە ئەوان شایانی لێ ترسان نین خودا شایانی ئەوەیە لێی بترسن ئەگەر ئێوە بەراستی موسوڵمانن.

هەروا لە چەند شوێنێکی تری قورئاندا پەروەردگار وەسفی موسوڵمانان دەکاو دەفەرموێ:

{يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَلاَ يَخَافُونَ لَوْمَةَ لآئِمٍ ذَلِكَ فَضْلُ اللّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاء وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ - سورة المائدة – ٥٤}.

واتە: ئەو موسوڵمانانە ڕەوشتیان وایە لە ڕێگای خودادا غەزا دەکەن و هەوڵ دەدەن بۆ پێشکەوتنی ئایین و بڵاوبونەوەی بەناو ئادەمیزاددا، هەرگیز لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسن و گوێ بە تانەو تەشەریان نادەن.

کاتێکیش سەیری مێژوو دەکەین دەبینین پڕیەتی لە ژینامەی ئەو پاڵەوانانەی کە هەموو شتێکیان لە پێناوی گوتنی قسەی حەق و یارمەتدانی حەق و ڕاستیدا بەخت کردوە، لە سۆنگەی حەق خۆشەویستییەوە صەبریان لەسەر ئازارو ئەشکەنجە گرتووە، چونکە هەمووکات حەق و ڕاستییان لەخۆیان خۆشتر ویستووە، پێغەمبەران و زانایان باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەن! بۆیە دەبینین قورئانی پیرۆز کە باسی پێغەمبەران دەکا ئەوە دەگەیەنێ کە ڕەوشتێك لە ڕەوشتە بەرزەکانیان ئازایەتی و نەترسان لە خەڵك بووە:

{الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا اللَّهَ وَكَفَى بِاللَّهِ حَسِيبًا - سورة الأحزاب – ٣٩}.

واتە: ئەو پێغەمبەرانەی پەیامی خودایان گەیاندووە لە خودا ترساون و بەس لە کەسی تر – جگە لە خودا – نەترساون.

ئومێد بەرەحمەت لەتەك ترسان لە سزا (الرجاء مع الخشية):

قورئانی پیرۆز لە زۆر شوێندا ترسی سزای خودا لە تەك ئومێدی ڕەحمەتی دا باس دەکا، چونکە گوناهکار کە بگاتە حاڵەتێك ئومێدی ڕەحمەتی خودای نەمێنێ و پێی وابێ تۆبەی لێ وەرناگیرێ دەبێتە هێزێکی نائومێدکراوی خەتەرناك، کە هەرگیز چاوەڕوانی باشی لێ ناکرێ و سوودی لێ وەرناگیرێ، چونکە

پچرانی پەیوەندی نێوان خوداو بەندە ئەوپەڕی سەر لێ شێواوی لێ پەیدا دەبێ، بۆیە دەڵێین ترساندنی بەندە لە خودا ئەندازەیەکی ھەیە نابێ ترس‌و خۆفەکە بگاتە پلەی مەئیووسی‌و نائومێدبوون!

چونکە پەروەردەکرن بە ترساندنی روت پەروەردەکردنێکی پووچەڵ‌و بێ سوودە، لەم رووەوە کە ئەو جۆرە ترسانە روناکیی لە دەرونی مرۆڤدا دەکوژێنێتەوەو خپی دەکا! ھەموو ئادەمیزادێك حەزو سۆزی تایبەتی ھەیە پێویستە گەشەی پێ بکرێ، بە پاداشی چاك‌و دەسکەوتی باش تەشجیع بکرێ. قورئان لەم بارەوە دەفەرموێ:

{وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ - سورة الأعراف – ٥٦}.

واتە: ھەرگیز لە زەویدا فەسادو خراپەکاری‌و وێرانکاریی بڵاو مەکەنەوە، دوای ئەوەی پەروەردگار زەوی ئاوەدان کردۆتەوە بەھۆی ناردنی پێغەمبەران‌و ناردنی نامە ئاسمانییەکان‌و دانانی یاساو نیزام، ئیتر ئێوە نەچن دەست بکەن بەکوشتنی خەڵك‌و خانوو روخاندن‌و باخ وێرانکردن کانی‌و ئاو پڕکردنەوە، ئەمانە خراپەکاری‌و فەساد بڵاو کردنەوەن خۆتانی لێ بپارێزن. ھاوار بکەنە خودا ترسی ئەوەتان ھەبێ دوعاکەتان نەبیسترێ، ئومێدی ئەوەشتان ببێ نزاکەتان وەردەگیرێ. بێگومان رەحمەتی خودا لە چاکەکاران نزیکە. یان دەفەرموێ:

{تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ - سورة السجدة – ١٦}.

واتە: ئەو موسوڵمانانە رەوشتیان وایە شەو نوێژ دەکەن‌و ھاواری خودای خۆیان دەکەن‌و لێی دەپارێنەوە ترسی سزاو ھومێدی رەحمەتیان ھەیە!

لەباسی پێغەمبەرانیش دا دەفەرموێ:

{إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ - سورة الأنبياء - ٩٠}.

واتە: ئەو پێغەمبەرانە رەوشتیان وابوو پێشبڕكێیان دەكرد بۆ چاكەو چاكەكردن لە ئێمە دەپاڕانەوە، بەڵام بە هیوای رەحمەتو ترسی سزاشیان هەبوو ئەوان لە ئێمە دەترسانو هەموو كاتێ ئێمەیان لەیادبوو.

بێگومان ترسی خودا لە تەك ئومێد بە رەحمەتی بێ پایانی رۆڵێكی گرنگی هەیە لە كردارو گوفتاری مرۆڤدا چونكە ئەو شێوە ترسو هێوایە ویژدانی مرۆڤایەتی پەروەردە دەكەن ئینسان دەكەن بە ئەندامێكی گونجاوو لەبار لە كۆمەڵی ئادەمیزاددا!!

داواكردنی لێخۆشبوونو شوێن دەستی لەچارەسەركردنی نەخۆشی نەفسی

موسوڵمانی روو لە خودا لە هەموو كردارێكی دا خۆ لە هەڵەو گوناهو تاوان دەپارێزێو بە دەگمەن تاوانی لێ روودەدا!

بەڵام جاری وا هەیە قاچی هەڵدەخلیسكێو كردارێك دەكا كە لەو نەوەشێتەوە، بەڵام زوو ژیوان دەبێتەوەو خێرا یادی خودا دەكاتەوەو هەست بە تاوانەكەی دەكاو واز لەو گوناهە دێنێو پەشێمان دەبێتەوەو داوای لێ خۆشبوون دەكا.

بەڵێ موسوڵمان هەڵە دەكا بەڵام پێویستی سەرشانییەتی هەر كاتێ هەڵەی كرد خێرا لێی بگەڕێتەوە، كە قاچی هەڵخلیسكاو كەوت خێرا راست بێتەوە چڵكو تەپو تۆزی گوناه لەخۆی بتەكێنێو بەرەو ئامانجی خواپەرستی هەنگاو هەڵێنێو لەرەحمەتی خودا ناهومێد نەبێ! بۆیە پەروەردگار عوزر بۆ گوناهكاران دەهێنێتەوە، هەڵیان دەنێ بۆ داواكردنی لێخۆشبوونو چاوپۆشییەك كە سەربكێشێ بۆ سەرزنشتكردنی نەفسو رووتێكردن لە خودا بەجۆرێك كەویژدانی ببزوێنێو دڵی زیندوو بكاتەوەو لەخودا دوور نەكەوێتەوە..

لە ئایینی ئیسلامدا کەفارەتی گوناهو پاکبوونەوە لە گوناه پێویستی بە پەسەندکردنی پیاوانی ئایینی نییە! هەروەها گوناه نابێتە شتێك رزگابوون لەدەستی نەگونجێ!

بەڵکوو هەموو موسوڵمانێك دەتوانێ راستەو خۆ روبکاتە خوداو داوای لێخۆشبوونی لێ بکا، لێی بپاڕێتەوە تا دەرگای رەحمەتی خۆی لێ بکاتەوە رەحمو بەزەیی خۆی بداتێ. خودا دەفەرموێ:

{وَمَن يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللّهَ يَجِدِ اللّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا -سورة النساء - ١١٠}.

واتە: کەسێك گوناهێك بکا زەرەری بۆ خۆیو خەڵکی تریش بێ، یان هەر زەرەری بۆ خۆی هەبێ دوایی داوای لێخۆشبوونی گوناهەکانی بکاو لەخودا بپاڕێتەوە ئەوە پەروەردگار لە گوناهەکانی خۆش دەبێو بەزەیی پێدا دێتەوە.

لە شوێنێکی تردا پەروەردگار رەوشتی ئەو موسوڵمانانەی کە شایانی لێخۆشبوونن ئاوا باس دەکاو دەفەرموێ:

{وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُواْ أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُواْ اللّهَ فَاسْتَغْفَرُواْ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ اللّهُ وَلَمْ يُصِرُّواْ عَلَى مَا فَعَلُواْ وَهُمْ يَعْلَمُونَ، أُوْلَئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ - سورة آل عمران - ١٣٥-١٣٦}.

واتە: ئەو موسوڵمانانەی کە گوناهێکی گەورەیان لێ روودەدا یان تاوانێکی پچووك دەکەن خێرا خودایان بیر دەێتەوەو داوای لێخۆشبوونی لێ دەکەن دەپاڕێنەوە کە گوناهەکانیان رەش بکرێتەوە، جا کێ هەیە وەکوو خودا لە گوناه خۆش ببێو ئاوا بە تەواوی چاوپۆشی لە گوناهان بکا!

ئەو موسوڵمانە زیاد لە پاڕانەوەو لالانە سوریش نەبوون لەسەر کردنی ئەو گوناهانە، دەشزانن کردەوەکەیان خراپ بووەو خودا پێی ناخۆش بووە پێویستە تۆبەی لێ بکەن، ئەوانە پاداشیان لێخۆشبوونی خودایە.

لێخۆشبوونی خودا بەردەوامە بۆ هەر کەسێك تۆبە بکاو بگەڕێتەوە، با زۆریش گوناهی کردبێ خودا دەفەرموێ:

{قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ - سورة الزمر – ٥٣}.

واتە: ئەی فروستادە! ئەی پێغەمبەر! بە ئەو بەندانەی زیادە رەویان کردوە، گوناهیان لێ رودراوە ستەمیان لە نەفسی خۆیان کردوە، پێیان بڵێ! هەرگیز لە رەحمەتو بەزەیی خودا نائومێد مەبن، چونکە خودا – ئەگەر حەز بکا – جگە لە گوناهی شیرك لە هەموو گوناهێك خۆش دەبێ، بێگومان خودا لێخۆشبوونی لە گوناه زۆرەو تا بڵێی بە بەزەییو بەرِەحمە!

دەڵێن: ئەم ئایەتە گەورەترین موژدەیە بۆ دەروونی موسوڵمان چونکە دەرگای هومێدی خستۆتە سەر پشتو ئاسۆی هیوای روونکردۆتەوە، ئایینی ئیسلام فرسەتو هەلو هەڵکەوتی رزگاربوون لە گوناهو پاکبوونەوە لە تاوان تێکەڵاو دەکا بە خێرو چاکە! ئەوەتا کرداری چاکەی کردوە بە کەفارەتو قەڵەمی رەشکردنەوەی گوناه، دیارە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئامێرێکی بەهێزی مەردوم هەڵنانە بۆ کرداری چاکە:

{إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ-سورة هود/١١٤}.

واتە: بێگومان کرداری چاكو پیرۆز گوناهو تاوان رادەماڵێو قەلاچوویان دەکا. لە شوێنێکی تردا خودا دەفەرموێ: چاکەو کرداری باش سەردەکێشن بۆ لێخۆشبونی خودا!:

{وَآخَرُونَ اعْتَرَفُواْ بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُواْ عَمَلاً صَالِحًا وَآخَرَ سَيِّئًا عَسَى اللَّهُ أَن يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ - سورة التوبة – ١٠٢}.

واتە: برێکی تر لە دانیشتوانی مەدینە کە لە چون بۆ غەزا پاشکەوتن، دانیان بە گوناهو تاوانی خۆیاندا ناو عوزری درۆو دەلەسەیان نەهێنایەوە، کرداری چاكو باشی پیشوویان تێکەڵاو بەم تاوانە (نەچوونیان بۆ غەزا) کردوە ئەوانە ئومێد وایە خودا عوزریان قبووڵ بکاو تاوانیان بپۆشێو تۆبەیان لێ وەرگرێ بە راستی خودا لێخۆشبوونی زۆرەو بەرِەحمە.

هەر لەم مەعنایەدا پێغەمبەر دەفەرموێ: (وأتبع السَّيِّئَةِ الْحَسَنَةَ تمحها– رواه أحمد والترمذي).

واتە: هەرکاتێ تاوێنکت لێ رودرا، خێرا چاکەیەکی بەشوێندا بکە بۆ خاتری تاوانەکە رەش بکاتەوە.

بڕوای مرۆڤ بەوە کە خودا لە هەموو گوناهێك خۆش دەبێ وە هەرکاتێ داوای لێخۆشبوونی لێ بکا نزاکەی گیرا دەبێ، ئا ئەم بڕوایە وەسیلەو ئامێرێکی نەفسی تازە هەست پێکراوە، زانستی نۆژداری نەفسانی تا ئەم چەرخە بەکاری نەهێناوە، ئەوەتا زانایانی دەروونناسی لەسەرو هەموشیانەوە (فروید) دانەری قوتابخانەی شیکردنەوەی دەرونیی دانیان بەوە داناوە کە هەموو نەخۆشییەکی دەرونیی دەگەڕێتەوە بۆ سەرکوت کردن‌و بەر بەستکردنی هەست‌و شعور، ئەمەش ئەو گرێ دەرونیانەی لێ پەیدا دەبن، کە هەر چارەسەریان نییە مەگەر بەشیکردنەوەی دەرونی تایبەتی، ئەویش بەو جۆرە مرۆڤ بچێتە عیبادەی پزیشکێکی درەوونناس‌و ددان بە تاوانەکانیدا بنێ‌و ناو دەرونی خۆی بخاتە بەردەستی، ئەم ددان بە تاوان دانانە پزیشکەکان دەڵێن: سیفەتێکی دەروونی‌و رەوشتییە، تاوانی نەخۆشەکە دەردەخات‌و دەیان بینێ‌و هەستیان پێ دەکا، ئیتر گونجانێك یان بڵێین رێك کەتنێك لە نێوان دەروون‌و ویژدان پەیدا دەبێ ویژدان چاوپۆشی لە دەروونی دەکا ئەوکاتە مرۆڤ هەست بە لێبوردن‌و لێخۆشبوون دەکا، روناکییەك دەکەوێتە نێوان خۆی‌و دەرونیەوە، گرێ کوێرکە نەفسییەکە نامێنێ.

ئاشکراشە گرێ کوێرکەی دەروونی وەهم‌و خەیاڵ نییە ئەصڵ‌و فەسلێکی هەیە چونکە زۆرجار ئەم گرێ کوێرکە نەفسییانە دەبنە هۆی سەرئێشەو دڵ بەیەکا هاتن‌و پەستاوتنی خوێن‌و بەرزبوونەوەی‌و چەند نەخۆشی تر!

جا ئەگەر چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە بەوە بکرێ کە لەبەردەم پزیشکەکەدا ددان بە تاوانەکاندا بنێی تا ویژدانی خۆت دڵنیا بکەی‌و ویژدان لەخۆت رازی بکەی!؟! ئەی دەبێ چ جیاوازییەك هەبێ لە نێوان ددان بە تاواننانا

لەبەردەم خوداو لەبەردەم پزیشك؟ چونكە جیاوازییەك هەیە لە نێوان لێبوردنی خوداو لێبوردنی ویژداندا.؟!

تیۆری ددان نان بە تاوان لەبەردەم خودادا تیۆرێكی قورئانییەو سوودی تایبەتی خۆی بە دەروونی ئینسان دەبەخشێ. قورئانی پیرۆز نموونەیەكی ددان بە تاوان دانانی هێناوەتەوە بەو كردەوەی لە حەزرەتی (یونس = ذی النون) رویدا، سوودی ئەم ددان پێدانانەش ئەوە بوو كە خودا رزگاری كردو لە سكی ماسیو لەغەمو نارەحەتی قوتاری بوو.

{وَذَا النُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَاضِبًا فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ، فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَنَجَّيْنَاهُ مِنَ الْغَمِّ وَكَذَلِكَ نُنجِي الْمُؤْمِنِينَ - سورة الأنبياء ٨٧ – ٨٨}.

واتە: حەزرەتی یونس (خاوەنی ماسی) كاتێك كرایە پێغەمبەر رەوانەكرا بۆ سەر دانیشتوانی موصڵ ئەوانیش سەرپێچییان كردو بەدرۆیان خستەوە، جا یونس رقی لە قەومەكەی هەڵساو بەبێ پرسی ئێمە ئەوانی بەجێ هێشتو هەڵات! پێی وابوو ئێمە ناتوانین سزای بدەین، ئەوە بوو رووی لە كەناری دەریا كردو سواری كەشتییەك بوو، دوایی دانیشتوانی سەر كەشتییەكە لەبەر چەند هۆیەكی تایبەتی فرێیان دایە ناو دەریاكەوە، هەر خێرا ماسییەك (نەهەنگێك) قوتی دا، ئەمجار هەستی بە تاوانی خۆی كرد، ئیتر لەناو تاریكایی شەوو دەریاو سكی نەهەنگەكەدا دەستی كرد بە پاڕانەوە پاڕانەوەكەشی بریتی بوو لەم دوعایە دەیگوت:

(لا إله إلا أنت سُبحانك إني كُنتُ مِنَ الظالمين)

واتە: ئەی پەروەردگار! هیچ خودای راستو دروست نین تۆ نەبێ، خودایەكی پاكو خاوێنو بێ خەوشی، ئەمن تاوانبارمو ستەمم لەخۆم كردو بێ ئەمری تۆم كرد، ئەمجار ئێمە وەڵامی پاڕانەوەكەیمان دایەوەو نزاكەمان لێ وەرگرت لە غەمو نارەحەتی لە ناوسكی نەهەنگەكە ڕزگارمان كرد، هەر بەو شێوەیەش فریای موسوڵمانان دەكەوینو لە ناخۆشی ڕزگاریان دەكەین.

سەیری ڕستەی (وَكَذَلِكَ نُنجِي الْمُؤْمِنِينَ) بکە سروش‌و ئاماژەیەکی بەهێزی تێدا هەیە بۆ موسوڵمانان بۆ ئەوەی پەیڕەوی ئەم بەرنامە ڕۆشنە بکەن کە هۆی رزگاربوون‌و قورتاربوونە لەو تەنگ‌و چەڵەمەیەی کە هەستی پێ دەکەن لە ئەنجامی وێکهێنانەوەی ویژدان‌و زەمیری لەکاتی کردنی تاوانێکی گەورە یان بچووک.

هەروەها قورئان نمونەیەکی دان پێدانان بە تاوانی هێناوەتەوە بەو تاوانەی کە لەحەزرەتی ئادەم‌و دایکە حەوا رووی دا، کاتێك بێ گوێیی فەرمانی خودایان کردو لە داری گەنمیان خواردو لە بەهەشت دەرکران‌و دوایی دانیان بە تاوانەکەیان دا ناو هاواریان لێ بەرز بووەوەو گوتیان:

{قَالاَ رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ - سورة الأعراف ٢٣}.

پەروەردگار! ئێمە زوڵممان لە خۆمان کردو بێ ئەمری تۆمان کردو تاوانمان کرد ئەگەر لێمان خۆش نەبی‌و چاوپۆشیمان لێ نەکەی‌و بەزەییت پێماندا نەیەتەوە بێگومان ماڵ وێران‌و خەسارەتمەندی هەردوو دنیا دەبین.

سوودی نزاو پاڕانەوە (فائدة الإستغفار):

قورئانی پیرۆز پاڕانەوەو داوای لێخۆشبوون لە گوناهو وازهێنان لە کرداری خراپ دەکاتە هۆو وەسیلەی گەیشتن بە رەحمەتی خوداو دەسکەوتنی خێرو بێرو بەخشش لە ژیانی دونیادا، خودا دەفەرموێ:

{وأن استغفروا ربكم ثم توبوا اليه يمتعكم متاعا حسنا الى أجل مسمى ويؤت كل ذي فضل فضله} (هود/٣).

واتە: داوای لێخۆشبوون لە خودا بکەن‌و لە تاوانەکانتان پەشیمان ببنەوەو تۆبە بکەن‌و بۆ لای خودا بگەڕێنەوە، ئەگەر وا بکەن خودا ژیانێکی خۆش‌و رزق‌و رۆزییەکی باشتان دەداتێ تا لە ژیانی دنیادان‌و کاتی مردنتان دێ بەخۆش‌و دڵئارامیی دەی گوزەرێنن. خودای پەروەردگار هەر کەسێ چاکە بکاو تاعەت‌و

خێرەومەنـد بـێ پاداشـی خـوّی دەداتـەوە چ لـە دونیـا چ لـە قیامـەت چ لـە هەردوکیاندا.

لەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ رون دەبێتەوە کە هەر کەسێك بە راستی روو لە خودابێ، گەردن کەچی فەرمانی خودابێ، ژیانی دونیا بەرێكو پێکی بەسەر دەباو سەر رەحەتو دڵ ئارام، ژیان دەگوزەرێنێ!!

پەروەردگار لەسەر زوبانی فروستادەی خۆی، حەزرەتی (هود) دەفەرموێ:

{وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاء عَلَيْكُم مِّدْرَاراً وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ وَلاَ تَتَوَلَّوْاْ مُجْرِمِينَ - سورة هود ٥٢}.

ئەی هۆزو گەلو خزمو کەسو کارم: داوای لێخۆشبوون لە خودای خۆتان بکەن بەدڵ تۆبە لە گوناەو تاوانتان بکەنو بگەرێنەوە بۆلای قاپی رەحمەتی ئەو، ئەگەر وابکەن ئاسمان خێرو بێری زۆر دەبێ بۆتان هەرزانی دەکەوێتە ولاتتانەوە، هێزو قوومتتان زیاد دەکا!

لەسەر زوبانی فرستادەی خۆشی، حەزرەتی (نووح) دەفەرموێ:

{فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّاراً، يُرْسِلِ السَّمَاء عَلَيْكُم مِّدْرَاراً، وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَاراً - سورة نوح — ١٠-١٢}.

واتـە: داوای لێخۆشـبوونی تاوانتـان لـە خـودای خۆتـان بکـەن، بێگومـان خـودا دەرگای لێخۆشبوونی فراوانەو لە زۆر تاوان خۆش دەبێ، ئاسمانتان بۆ رام دەکا کە خێرو بێرتان بۆ ببارێنێو رزقو رۆزیتان زۆر ببێ، مـاڵو منـداڵتان بـۆ زۆر دەکـا، باخو بێستانتان ئاوەدانو بـە بـەروبووم دەرازێنێتـەوە، جۆگـاو کـانیو ئاوتـان بـۆ دەخولقێنێ.

هەروا ڕودەکاتە فروستادەی خۆی حەزرەتی محمد (درووی خودی لەسەربێ) دەفەرموێ:

{وَمَا كَانَ اللّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ - سورة الأنفال — ٣٣}.

واتە: هەتاکو تۆ لەناو ئەو هۆزەدابی، خودا سزایان نادا، وە هەتاکو ئەوان داوای لێخۆشبوونو چاوپۆشی لە گوناە بکەن خودا سزایان ناداو توشی تەنگو چەڵەمەی سەختیان ناکا.

برێ لە هاوڕێیانی پێغەمبەر کاتێ کە پێغەمبەر لە دنیا دەرچوو دەیانگوت ئێمە دوو سوپەرو پەناگامان هەبوو، یەکیان وجودی پێغەمبەر بوو، وا وەغری خێری کرد، ئەویکەیان داوای لێخۆشبوونو پاڕانەوەیە (الاسغفار)ە ئەگەر ئەمیشیان نەمێنێ بەفەتارە دەچینو ماڵ وێران دەبین.

گەڕانەوە بۆ لای خوداو کاریگەریی لە ڕێکوپێکی ڕەوشتدا

وێ دەچێ یەکێك وا بزانێو لە دەقەکانی سەرەباسی پێشوو دەربارەی (الإستغفار) واتێ بگا لێخۆشبوونی خودا هەروا بە هەوانتە دەستگیر دەبێو تاوانبار هەروا بە ئاسانی هەرچەند زۆر گوناهیشی کردبێ لێبوردنی خودا وە دەست دێنێ!! بەڵام با وا نەزانێو وا بیر نەکاتەوە، کە ئەو مەسەلەیە بریتییە لە چەند وشەیەك توتی ئاسا بیانڵێتەوە، بەبێ پەشێمان بوونەوەی بنەڕەتیو وازهێنان لە تاوانو سوور بوون لەسەر نەگەڕانەوە بۆ ئەو گوناهانە لێخۆشبوون وەدەست دەهێندرێ. چونکە گەڕانەوەی بەدڵ لەگوناە مەرجێکی سەرەکییە بۆ وەدەست هێنانی مەغفیرەتی خودا – کوردی وتەنی خودا هەڵناخەڵەتێ -.

تۆبە لە بنەڕەتی زماندا واتە: گەڕانەوە: جا کە وەپاڵ مرۆڤ دراو وترا: تۆبەی مرۆڤ مەبەست پەشێمان بوونەوە لە گوناهی رابوردوو وازهێنان لە گوناهی ئێستاو لەمەدوایە.

خاوەنی کتێبی (قوت القلوب) دەفەرموێ: مەرجێ تۆبە ئەوەیە کە تۆبەکار پێش هەموو شتێك خۆ لە کۆمەڵی گوناهکاران هەڵهاوێرێ، دوایی جڵەوی نەفسی خۆی بگرێتەوەو نەهێڵێ سەرپێچی فەرمانی خودا بکا، بەشتی پێویست نەبێ هەڵەوگێری نەکا. سووریش بێ لەسەر ئەوە کە هەرگیز جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ گوناهکردن هەر شتێکیش سەربکێشێ بۆ گوناهکردن وازی لێ بێنێ.

قورئانی پیرۆز زۆر گرنگی داوە بە توبەکردنو وازهێنان لە تاوان. لەچەند ئایەتێکیدا باسی کردوە یەکێ لەو ئایەتانە ئەوەیە کە دەفەرموێ:

{فَمَن تَابَ مِن بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ - سورة المائدة -٣٩}.

واتە: کەسێك دوای گوناهکردن ژێوان ببێتەوەو تۆبە بکاو کرداری چاك بێ، خۆی صالّح بکا، ئەوە بێگومان پەروەردگار تۆبەی لێ وەردەگرێ، سەرفرازای دەکا، بەڕاستی خودا تا بلێی خاوەن لێ خۆشبوونە، تا خۆی حەزکا عەتفو سۆزی هەیە. یان دەفەرموێ:

{كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ أَنَّهُ مَن عَمِلَ مِنكُمْ سُوءًا بِجَهَالَةٍ ثُمَّ تَابَ مِن بَعْدِهِ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ - سورة الأنعام – ٥٤}.

واتە: پەروەردگاری ئێوە رەحمەتی لەسەر خۆی پێویست کردوەو نوسیویەتی کە هەریەکێ لە ئێوە ئەگەر خودانەخواستە بە نەزانی تاوانێکی کردو دوایی تۆبەی کردو صالّح بوو، ئەوە خودا بۆ وەرگرتنی تۆبەی ئەو دەرگاکراوەیەو لێخۆشبوو بە روحمو شەفەقەتە. قورئانی پیرۆز زۆجار (استغفار) و (تۆبە) بەیەکەوە دەهێنێ، وەکوو لەم ئایەتەدا کردویەتیو فەرموویەتی:

{وَاسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي رَحِيمٌ وَدُودٌ - سورة هود -٩٠}.

واتە: داوای لێخۆشبوون بکەن ئەمجار تۆبەو ژێوان بوونەوە ئەنجام بدەن. چونکە داوای لێخۆشبوونەکە تۆبە رەها دەکاو دەیرەخسێنێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەبێ تۆبەکردن رێگای داواکاری لێخۆشبوون پەی پێ نابرێ.

چونکە گوناهکار لە رێبازی حەق لای داوە تا لە گوناهو تاوانەکانی نەگەڕێتەوە ناگونجێ داوای لێبوردن بکا. کەوابوو داوای لێخۆشبوون شتێکی سەرەکییەو تۆبە تەواوکەریەتی.

ئەو تۆبەو ژێوانبوونەوەیەی قورئان گەرەکیەتی بریتییە لە تۆبەیەك کە لەپاش کردنی گوناە بێو گوناهکارەکە نەهێڵێ زۆری بەسەردا تێپەڕێو تاوانەکە تەشەنە بکاو چار نەکرێ. خودا دەفەرموێ:

{إِنَّمَا التَّوْبَةُ عَلَى اللّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السُّوَءَ بِجَهَالَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ فَأُوْلَـئِكَ يَتُوبُ اللّهُ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللّهُ عَلِيماً حَكِيماً - سورة النساء – ١٧}.

ئەوەتا پەروەردگار بۆ قوبووڵبوونی تۆبە دوو مەرجی داناوە:-

یەکەمیان: کە کابرا تاوانەکە بە نەزانی ئەنجام بدا، واتە: لە ژێر کاریگەری ئیندیفاعو سەرکەشی ئارەزوودا تاوانەکەی لێ روو بدرێ.

دووەمیان: ئەوەیە کە دوا بە دوای گوناهەکە بە ماوەیەکی کەم زێوان بێتەوەو تۆبە بکا. بەڵام ئەگەر تۆبەکەی وەغراندو لەسەر ئەو تاوانە بەردەوام بوو، تا نزیك مردن بووەوە ئەوە تۆبەکەی لێ وەرناگیرێ، وەکوو لەو ئایەتەدا کە دوا بەدوا ئایەتی پێشوو هاتووەو دەفەرموێ:

{وَلَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّى إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ الآنَ وَلاَ الَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ أُوْلَـئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا - سورة النساء – ١٨}.

واتە: تۆبە بۆ ئەوانە نییە کە خراپە دەکەنو بەردەوامن لە سەری، هەتا کاتێ یەکێکیان مردن یەخەی دەگرێ ئەمجار دەڵێ: خودایە وا من تۆبە دەکەم لە کردەوەی خۆم پەشیمانم.

هەروەها تۆبە بۆ ئەوانەش نییە کە بە کافری دەمرن، بۆ ئەوانە هەموویان سزایەکی کوشندەمان ئامادە کردوە..

قورئانی پیرۆز کرداری چاکو تۆبە دەخاتە تەك یەكو دەیانکاتە پێشنیار بۆ وەدەست هێنانی لێخۆشبوونی خودا، ئەوەتا دەفەرموێ:

{وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِّمَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا ثُمَّ اهْتَدَى-سورة طـه/٨٢}.

خودا خۆی دەفەرموێ: من لێخۆشوونم زۆرە بۆ کەسێك تۆبە بکاو ئیمانی پتەوبێو بڕوای بە خوداو فریشتەی خوداو نامەو پێغەمبەرەکانیو رۆژی قیامەت هەبێ، کردەوەی چاك بکا، ئەمجار بەردەوام لەسەر ئەم بیرو باوەڕە بێ تا مردن. یان دەفەرموێ:

{إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا - سورة الفرقان – ٧٠}.

پەروەردگار لە ئایەتەکەی پێش ئەم ئایەتەدا حاڵو چۆنیەتی سزاو ئەندێشەی بیدینانی رونکردەوە لەم ئایەتەشدا چەند جۆرە ئادەمیزادێك لەو چۆنیەتە چەرت دەکاو دەفەرموێ: (مەگەر کەسێك تۆبە بکاو بڕواپێتەو بێ‌و کردەوەی چاك ئەنجام بدا، ئەوانە پەروەردگار خراپەیان بە چاکە بۆ دەگۆڕێتەوەو لە جیاتی خراپە چاکەیان دەداتێ، لەباتی شیرك‌و شك‌و گومان ئیمان‌و یەقین‌و خودا بە یەکناسینیان پێ دەبەخشێ. خودا لێخۆشبوونی زۆرەو رەحم‌و شەفەقەتی زۆرە.

کەوابوو تۆبە پایەیەکی گەلێ گرنگی ئەخلاق‌و رەوشتە، هەر دواکەوتنێك لە تۆبەکردن دەبێتە هۆی تێك روخانی بینای کەسایەتی مرۆڤ! بە پێچەوانەشەوە هەر پەلەکردنێك بۆ تۆبەکردن‌و راستگۆیی لە تۆبەکەدا دەبێتە هۆی صەلاحی دەرون‌و هۆیەکی فرە گرنگە بۆ قەلاچۆکردنی شەڕو ئاژاوە.

نووسەری هوڵندی، (فرانر ستاڵ) بەراوردییەکی کردوە لە نێوان مەبدەئە رەوشتییە ئیسلامییەکان، مەبدەئەکانی بزوتنەوەی ئەخلاقیی ئەوروپا لە بڵاوکراوەی بەناو. (المجله الإسلاميه)دا بە زوبانی ئینگلیزی بڵاوی کردۆتەوە لەوێدا دەڵێ تۆبە لە ئیسلامدا وەسیلەو ئامێرە بۆ گۆڕانی ئادەمیزادەکان خۆیان‌و لە ناخەوە خۆیان دەگۆڕن!! تۆبە چەکێکی بەکاری رەوشتیی گەورەو کاریگەرە ژێوان بوونەوەو گۆڕان‌و گەڕانەوەی تێدایە.

ئەمجار ئەم نووسەرە بەڕێزە هاتووە مانای تۆبەو گرنگی‌و کاریگەریی لەسەر چەند کەسانێکی موسوڵمانی وەکوو حەسەنی بەصری‌و موحاسیبی‌و مەنصووری هەلاج‌و غەزالی رانواندوەو بەراوردی کردوە لە نێوان ئەم لایەنەی ئیسلام‌و ئەو راوو بۆچونەی دکتۆر (فرانك بکمان)ی بنیات نەری (جمعيه التسلح الخلقي) داو روونی کردۆتەوە کە ئیسلام لەم مەیدانەشدا دەسپێشکەری کردوە؟!

داواکردنی ڕەحمەتی خوداو شوێن دەستی لەقەڵاچۆکردنی ڕەشبینیدا:

ئاشکرایە هیچ شتێك وەکوو رەشبینی زەرەرو زیان بە مرۆڤ ناگەیەنێو شەخصیەتی لێك هەڵناتەکێنێ، بەڵێ رەشبینی کوشندەترین نەخۆشییەکە کە توشی دەروونی ئادەمیزاد دەبێو هێزو هەناوی لێ دەبڕێ، لە کاری دەخاو شلەپەتەی دەکا، زۆر جاری وا هەیە رەشبینی خاوەنەکەی رادەکێشێ بۆ هیلاكو تێداچوونو وای لی دەکا بچێتە باوەشی مەرگەوە، چونکە ژیانی لا دەبێتە دۆزەخێکی بێ وێنەو ناتوانێ خۆی بۆ سوتمانی رابگرێ!!

باوای دابنێین کە لێرەدا مرۆڤێکی رەشبین هەیە دەڕوانێتە ئەم بوونەوەرە، دەبینێ پڕە لە تەنگو چەڵەمەو ئازاوەو ناخۆشیو نەبوونیو نەخۆشی تاوانو گوناهو ئازارو ئەشکەنجە، بەهیچ جۆرێك لە هیچ قوژبنێکدا ئەمنو ئاسایش بەدی ناکا هیوای بەداهاتوو نییەو بتمانەی، پێ ناکاو گەردن کەچی ئەم رێبازە رەش بینیانە بووەو وازی لە کۆششو هەوڵدان هێناوە دەستی لەخۆی بەرداوە.

لە ئاکاما ویستی خۆی لەم ژیانە رزگار بکا هات خۆی کوشت ئایا ئەم کابرایە جگە لە خەسارەتمەندی چی پێ برا!؟

بێگومان لە ژیانی مرۆڤدا بەڵاو موصیبەتی وا هەیە کە قورسایی تەواو دەخاتە سەر دەرونی مرۆڤو وای لێ دەکا سەیری ژیان بکا بە روانینێکی رەش بینیو مەئیووسی!! بەڵام دڵو دەرونی خاوەن باوەڕ بە خوداو چاوەڕوانکەری رەحمەتو بەخششی خودایی هەرگیز لەو رەحمەتە بێ هیوا نابێو هەمیشە لە ئاسۆی ئەو رەحمەتەوە چاوەڕوانی فریاڕەسە. جا بەم بڕواو هیوایەوە دەتوانی گرێ کوێرکەی ژیانی بکاتەوە، چارەسەری تەنگو چەڵەمەی خۆی بکا، بۆ هەموو کارێك حیکمەتو صەبرو ئارامی بەکاردێنێ، چاوەڕوانی لاچونی تەمو مژو تاریکاییە هیوای بەداهاتوو بەهێزە.

بۆیە دەبینین قورئانی پیرۆز بانگەوازی خەڵکی کردوە بەگشتی کەداوای ڕەحمەتی خودا بکەن هەموو ئاواتو هیوایەکیان لەم ژیانەدا ڕەحمەتی خودا بێ،

قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: {قُلْ بِفَضْلِ اللّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَلِكَ فَلْيَفْرَحُواْ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ} (٥٨) سورة يونس.

ئەی پێغەمبەر! بەوخەڵکە بڵێ! بە بەفەزڵو رەحمەتی خودا – کە بریتییە لە قورئان – دڵ خۆش بنو تەسکینییان بێ، خۆیان بەوە دڵخۆش کەن کە پەیڕەوی کەری قورئاننو فەرمانبەرداری خودان با بەو شتانە کەیف خۆش بن چونکە ئەو تانە زۆر چاکترە لەپڕو پیتاڵی دونیایی.

لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: {وَرَحْمَتُ رَبِّكَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ - سورة الزخرف – ٣٢}.

واتە: ئەی محمد! رەحمەتو بەرەکەتی خودای تۆ زۆر باشترە لەو ماڵو داراییەی ئەو خەڵکە کۆی دەکاتەوە.

بێگومان ئەوەی قورئانی پیرۆز بانگەوازی بۆ کردوە لێی دەوەشێتەوە ببێتە شیفابەخشی ملیونەها نەخۆشو داماوو بێ بەش لە خۆشیو لەزەتی ژیان، چونکە داواکردنی رەحمەتی خودا هەرکاتێ بەسەر بیرو هۆش دا زاڵ بوو، کاری لە دڵو دەرونیان کرد، وایان لێ دێ ناڕواننە ژوور خۆیانەوە، بەم جۆرە ئاواتە خوازی ژیانی کامەرانی خەڵکی ژوور خۆیان بنو حەز بکەن ژیانیان وەکوو ئەوانی لێ بێ.

چونکە مەبەستی سەرەکیی ئەوان لە ژیاندا زۆر بەرزترە لەم رەونەقە بازارییەی ژیانی دونیا. کە هەرزوو گوڵەکانی سیس دەبنو دەپوکێنەوە، قورئانی پیرۆز زۆر جار ئاماژە بەم مەبەستە دەکاو کەسانێك دائەنێ بە شیاوی رەحمەتی خۆی کە خاوەنی رەوشتی بەرزبنو ئەرکی سەرشانی خۆیانیان بەرامبەر بەخوداو ئادەمیزاد بە باشی ئەنجام دابێ. خودا دەفەرموێ:

{وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ - سورة الأعراف – ٥٦}.

واتە: بێگومان رەحمەتی خودا نزیکە لەوانەی کردار چاك‌و رەوشت بەرزن.

یان دەفەرموێ:

{وَلَئِن قُتِلْتُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَوْ مُتُّمْ لَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللّهِ وَرَحْمَةٌ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ - سورة آل عمران – ١٥٧}.

واتە: ئەگەر ئێوە لە رێگەی خودادا شەهید بکرێن یان لە سەفەرو هاتووچۆدا بمرن، بێگومان ئەو رێزو نرخەی لە شەهیدبوون‌و مردن لە رێگەی خودادا دەستگیر دەبێ، زۆر چاکترە لەو ماڵ‌و داراییەی کۆی دەکەنەوە... یان دەفەرموێ:

{وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ - سورة الأعراف – ١٥٦}.

واتە: رەحمەت‌و بەرەکەتی من ئەوەندە زۆرو فراوانە بەشی هەموو شتێك دەکا، رەحمەتی خۆم تەرخان دەکەم بۆ ئەوانەی خودا دەناسن‌و تەقوا دەکەن‌و خوا دەپەرستن‌و زەکات دەدەن‌و بڕوایان بە نیشانەکانی خودایەتی ئێمە هەیەو خاوەنی بڕوای پتەون. لە شوێنێکی تردا. پەروەردگار دەربارەی پێغەمبەران‌و فروستادەکانی دەفەرموێ:

{وَأَدْخَلْنَاهُمْ فِي رَحْمَتِنَا إِنَّهُم مِّنَ الصَّالِحِينَ - سورة الأنبياء – ٨٦}.

واتە: ئەو فروستادانەمان خستنە ژێر رەحمەت‌و شەفەقەتی خۆمانەوە، بێگومان ئەوان صاڵح‌و راستاڵ بوون.

ئاشکرایە ئەوانەی هەوڵ‌و کۆششیان بەردەوام بۆ گەیشتنی رەحمەتی خودایە هەرگیز نائومێدی رویان تێ ناکاو هیوا بڕاو نابن، هیچ تاوان‌و گوناهێکیش شالآویان بۆ ناهێنێ، چونکە هێزێکی رۆحییان تێدایە دڵنەواییان دەکا بۆ ئەو ئازارو ئێشەی دەینۆشن‌و صەبرو ئارامیان دەداتێ! بە پێچەوانەشەوە ئەوانەی غافڵ دەبن لەو مەبەستە یان نائومێد دەبن لە رەحمەتی خودا شیاوی ئەوەن رێبازی ژیانیان لێ تێك بچێ، رێگەی سەرفرازی نەدۆزنەوەو بکەونە نێو چاڵی خەتەرو سامناکەوە، دەسخەڕۆی دونیاو قیامەت بن. چەندە راست‌و بەجێیە کە خودا دەفەرموێ:

{قَالَ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِ إِلاَّ الضَّآلُّونَ - سورة الحجر – ٥٦}.

واتە: کێ لە رەحمەتی خودای خۆی نائومێد دەبێ جگە لە گومرایان؟؟ کەوابوو ئەبێ ئەو نەفس‌و دەروونانەی لە بۆتەی سزادا دەتلێنەوەو هەمیشە رەشبین‌و لە ئازاردان‌و کەوتوونە نێو شەپۆلی سامناکی ژیانەوە! هۆشێك بێننەوە بەر خۆیان‌و روبکەنە خوداو داوای رەحمەتی لێ بکەن، تا خودا بە رەحمەتی خۆی لەو ناخۆشی‌و رەشبینییە رزگاریان بکاو بیانخاتە کەناری دەریاوە، لە شەپۆلی نەمان قوتاریان بکا!! بێگومان رەحمەتی خودا هیچی لێ عاسێ نابێ لە بونەوەردا. چونکە رەحمەتی خودا نزیکە لە ئێوە هەرکاتێ داوای لێ بکەن‌و شیاوی ئەوەبن بەر ئەو رەحمەتە بکەون، دەتانگرێتەوە.

کاریگەریی خوداپەرستی لەرزگارکردنی ئادەمیزادو قورتاکردنی لەدەستی ملهوڕی – دیکتاتۆرو ملهوڕان

لەکاتی صافبوونی زیهن‌و بیر لە خۆکردنەوەدا زۆر جار پرسیارێك سەر هەڵدەداو رومان تێ دەکاو دەڵێ: من بۆچی‌و لەبەر چی دروستکراوم؟ مەبەست لە دروستکردنی من چییە!؟

هەر لە کۆنەوە تا ئەمرۆ ئەم پرسیارە تەوەرەی لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوەی فەیلەسوفەکان بووە، هەریەکە لە عاست خۆیەوە کنەی لێ کردوە، بەڵام کەسیان نەیان توانیوە بگەنە رایەکی چەسپاوو نهێنییەکانی ژیان بکەنەوەو وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە؟!

فەیلەسوفی ئەڵمانی (کانت) پێی وابوو گەورەترین مەسەلەی فەلسەفەو گرنگتریان بریتییە لە سێ مەسەلە.

یەکەمیان: چ شتێکە ئێمە بتوانین‌و بیزانین؟

دووەمیان: چ شتێکە کە پێویست بێ بیکەین؟

سێیەمیان: چ شتێکە ئومێدەوارین‌و هیوای خۆمانی پێوە دەبەستین!؟

قورئـانی پـیرۆز وەڵامـی ئـەم سـێ مەسـەلەیە دەداتـەوە روونـی دەکاتـەوە کـە مەبەست لە دروستکردنی ئادەمیزاد بریتییە لـە خـودا پەرسـتیو فەرمانبـەرداری خودا! خودا بۆ خۆی دەفەرموێ:

{وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ - سورة الذاريات – ٥٦}.

واتە: ئێمە کە جنۆکەو ئادەمیزادمان دروستکردون بۆیەمان دروستکردوون کـە تەقواو پەرستشی ئێمە ئەنجام بدەنو خودا پەرست بن.

عیبـادەتکردنی خـوداو فەرمانبـەرداری ئـەو زاتـە بێـچوونە دوا پلـەی گـەردن کەچییە، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ ئەوەی کە هیچ ئادەمیزادێك لەسەر ئەم زەوییە گەردن کەچی هیچ شتێك نەبێ جگە لەخودا، سوژدەو کڕنووش –جگە لە خـودا– بۆ کەس نەبەن. چونکە ئـادەمیزاد هـەموویان دروستکراوو بـەخێوکراوی خـودان هەر ئەو خوداو بەخێوکەریانە.

{إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ - سورة يوسف – ٤٠}.

واتـە: حـوکمو فـەرمانڕەوایی هـەر بـۆ خودایـەو کەسـی تـر مـافی خودایـەتی نییە، فەرمانی کردوە کـە –جگـە لـە ئەوزاتـە بێـچوونە کـە خۆیـەتی– عیبـادەتی کەسی تر نەکرێ.

{ذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمْ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ-سورة الأنعام/١٠٢}.

کەوابوو ناگونجێو نابێو بۆ هیچ کەس ڕەوا نییە: کە خۆ بکاتە ملهوڕی سەر زەوی، لافــی ئاغایــەتیو زۆرداری لێ بــدا، ئــادەمیزادی دەوروبــەری خــۆی بـچەوسێنێتەوەو بـەزەبرو زەنـگ بیانخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە، ملهوڕانـە ڕفتـار بکاو چی بۆێ پێیان بکاو چی نـەوێ لێیـان قەدەغـە بکا، وەکوو کـردارو ڕەفتـاری پاشـاو قەشـەو دەرەبەگـە زۆردارەکـانی مێـژووی کۆن بکـاو بـبڕو بکـوژ خـۆی بـێ! ئەوانەش کە گەردن کەچی ئەو جۆرە ملهوڕانە دەبن لە ڕاستیدا دەبنە موشریكو هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن، هاوبەشی بڵاوکردنەوەی فەسادو شەڕو ئەنگێزە دەکەنو لە ڕەحمەتی خودا بێ بەرین. ئایینی پیرۆزی ئیسلام کاتێك فـەرمانی کـردوە بـە عیبادەتکردنی خودا مەبەسـتی ئـەوە بـووە ئـادەمیزاد لـە تـۆقی بەندایـەتیو ژێـر

دەستەیی زگار بکا! ئەو بەندایەتییەی کە ساڵەهای ساڵ بوو لە ژێری دا دەیاننالاندو لەلایەن پاشاو دەرەبەگو ملهوڕو پیاوە ئایینییە خۆ بە خوازانەکانەوە دەچەوسانەوە، هەروەها ویستی ئەو خەیاڵە پووچەش لە زیهنی ئەو چەوسێنەرانە دەربهاوێ کە پێیان وابوو ئەوان لە توخمێکی جیاواز دروست بوون‌و خێرو شەڕو چاکەو خراپەیان بەدەستە.

{قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلاَ نَفْعًا-سورة المائدة/٧٦}.

واتە: ئەو خودا درۆزنانەی ئێوە دەیانپەرستن‌و -جگە لە خودای پەروەردگار- تاعەتیان بۆ دەکەن ناتوانن رزق‌و رۆژی ئێوە دابین بکەن هیچیان بەدەست نییە! هەر لە خودا داوای رزق‌و بژێو بکەن بۆیە پەروەردگار لە هەموو چەرخ‌و زەمانێکا پێغەمبەرانی خۆی ناردوە بۆ ناو خەڵك تا بانگەوازی ئادەمیزاد بکەن بۆ عیبادەتکردنی خوداو بەیەك ناسینی، داوایان لێ کردون گەردن کەچی هەر بۆ ئەو بکەن‌و بەندایەتی کەسی تر نەکەن. خودا دەفەرموێ:

{وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ - سورة النحل - ٣٦}.

واتە: ئێمە لەناو هەموو هۆزو کۆمەڵێکدا پێغەمبەرێکمان ناردووە کە بەمەردوومەکە بڵێ: تەنها عیبادەت بۆ خودا بکەن‌و خۆ بپارێزن لە عیبادەتکردنی غەیری خودا.

بێگومان ئەو دەردەسەری‌و نارەحەتییەی توشی ئادەمیزاد بووە، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەییشتنی ئەم راستییەو نەناسینی خودا بەو جۆرەی کە پێویستە!! بۆیە دەبینین‌و بینراوە هەر کۆمەڵێك لە عاست خۆیەوە هاتوون یەکێکیان لە خۆیان دەستنیشان کردوەو کردوویانە بە خودای خۆیان‌و ئەوانەش کە کراون بە خوداو بینیویانە خەڵك گەردن کەچیانە بە تەواوی سەرکەش بوون‌و لەرێ دەرچوون‌و دەستیان کردوە بە چەوساندنەوەی ئادەمیزادو بە کێشیان کردوون بۆ دووبەرەکی‌و تەفرەقە نانەوە، کۆمەڵی ئادەمیزادیان کردوە بە چەند گرۆو تاقم‌و کەرت‌و بەشبەش هەر بەشێکیان دژایەتی بەشەکەی تریان

دەکاو سەرزەوی بوومتە گێژی ئەسکەندەر، بۆیە خودای پەروەردگار بانگەوازی هەموو ئادەمیزاد دەکا –بەبێ تێبینیکردن لە رەنگو زمانو توخمو بنیچە –کە روو بکەنە عیبادەتکردنی خوداو پەرستش هەر بۆ ئەو بکەنو دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ، الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الأَرْضَ فِرَاشاً وَالسَّمَاء بِنَاء وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقاً لَّكُمْ فَلاَ تَجْعَلُواْ لِلّهِ أَندَاداً وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ - سورة البقرة – ٢١-٢٢}.

واتە: ئەی گرۆهی ئادەمیزاد! پەرستشی خودای خۆتان بکەن ئەو خودایەی زەوی بۆ کردون بە راخەرو بەسەریدا دەڕونو ئاسمانی بۆ کردون بە سەقفو هەلاش ئەمجار لەسەرتانەوە بارانی بۆ باراندون رزقو رۆژیو میوەجاتی لەبەر خاتری ئێوە دەرهێناوە!

کەوابوو هاوبەش بۆ خودا قەرار مەدەن، خۆ ئێوە دەزانن کە ئەوشتانەی بە خودایان دەزانن و کردوتانن بە شەریکی خودا هیچیان لەدەست نایەو لەم بونەوەرەدا دەسەلاتێکیان نییە. بە کورتی دەڵێ: پەروەردگار خۆی ئەم هەموو نیشانە کەونیانەی بۆ داناون ئەم حەمکە بەڵگە بەهێزانەی لەسەر خودایەتی خۆی هێناوەتەوە کەوابوو ئێوە گەردن کەچی فەمانی بنو شەرێکی بۆ ڕەوا مەبینن!!

ئەمجار پێویستە پێویستیاتی عیبادەت بزانین رەدامیان بێنین! خۆ ئاشکرایە عیبادەت بریتی نییە لە گەردن کەچی بۆ خوداو بەس، بەڵکوو قورئانی پیرۆز چەند پێویستیاتی تری بۆ ڕوون کردوینەوە: کەبریتین لە شوکرو سوپاسی خوداو پشت بەستن بە خودا، دڵسۆزی بۆ خوداو پاڕانەوە لە خودا، بێگومان قورئانی پیرۆز کە ئەم شتانەی بەیان کردوونو وتویەتی دەبێ ئادەمیزاد ئەنجامیان بدا، دەچنە ریزی عیبادەتەوە کەوابوو لێرە بەدواوەوە بڕێ باسو لێکۆڵینەوە بۆ هەریەکێ لەو شتانە لەژێر رۆشنایی قورئاندا ئەنجام دەدەین!

شوکرو سوپاس بۆ خوداو کاریگەری لە خۆشبەختی گەلاندا

زانایان پێناسەی شوکریان کردوەو وتوویانە شوکر بریتییە لەوە ئادەمیزاد بە زوبان سوپاس و منەتباری ئەو نیعمەتانە بێ کە خودا بەخشیونی و بە ئاشکرا ددانیان پیابنێ بەدڵ پەیوەندی و خۆشەویستی خودای هەبێ لە ئەندامەکانیشی نیشانەی گەردن کەچی و فەرمانبەرداری بۆ خودا دیاردەی هەمیشەیی بێ. کەوابوو سوپاسکار ئەو کەسەیە زوبانی خەریکی حەمدو سەنای خودایەو ددان بە نیعمەتەکانی دا دەنێ، دڵیش پڕە لە نووری خوداو پەیوەندە بە خۆشەویستی خوداوە لەسۆنگەی نیعمەتەکانی گەواهی ئەوە دەدا کە ئەو نیعمەتانە چاکەو بەخششی خودان، ئەندامەکانیش سەرگەرمی تاعەتی خودان و گەردن کەچی فەرمان و گوێ رادیری فەرموودەکانن؟!

لەم روەوە شوکر بریتییە لەو دیاردەی عیبادەتەی قورئانی پیرۆز بانگەوازی بۆ کردوە کە دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُواْ لِلّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ - سورة البقرة – ١٧٢}.

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هەیەو ئیمانداربن بخۆن و بخۆنەوە لەو رزق و رۆزی و بژێوە حەلاڵەی پێم بەخشیون، شتێك خودا حەرامی نەکردبێ ئێوە لە خۆتانەوە حەرامی مەکەن، ئەگەر راست دەکەن خوداپەرستی تەواون شوکرو سوپاسی خودا بکەن و منەتباری بەخشش و عەتای بن.

وشەی شوکر لەو وشە پڕمانایانە دەژمێردرێ کە مانای هەموو خێرو چاکەیەکی لەخۆ گرتووە، هەرشتێك دڵ و ئەندامی ئادەمیزادی پێ راستاڵ بکرێ دەیگرێتەوەو لەمانای ئەم وشەیەدا خۆی دەنوێنێ. کەوابوو کەسێك خودای خۆش ویست و بەدڵ بڕوای وانەبوو کە ئەو نیعمەتە هەمەجۆرانەی خۆشییان لێ دەبینێ لە فەزڵ و کەرەمی خوداوەن بە سوپاسکارو شوکر نەژمێر ناژمێردرێ. ئەوەی سوپاسی خودا نەکاو بە زوبان ددان بە فەزڵ و بەخششی خودا دا نەنێ، خەریکی

کرداری پڕو پووچی بێ بایەخ بێ زوبانی بە گوفتاری نابەجا ڕەها بکا، بەسوپاسکار ناژمێردرێ! کەسێك خودا عیلمو زانستی بداتێو کردەوەی پێ نەکاو لە خەڵکی بشارێتەوەو بەکەسی تری نەڵێ شوکر گۆنیە. کەسێك خودا ماڵو دارایی بداتێ بۆ ئەوەی سەرفی بکا لەڕێگەی خێرو چاکەداو دەستی فەقیرو بێ ئەوایانی پێ بگرێ! بەڵام ئەو بەخیلی بکاو دەستی بقوچێنێ، یان سەرفی بکا لە گوناهو تاوانکاریدا بەشوکرگۆ ناژمێردرێ.

بۆیە قورئانی پیرۆز لەزۆر لە ئایەتەکانی دا بانگەوازی ئادەمیزاد دەکا کە شوکرگوێیو سوپاسکاریی بکەن بە ڕەوشتی هەمیشەییانو دەفەرموێ:

{بَلِ اللَّهَ فَاعْبُدْ وَكُن مِّنْ الشَّاكِرِينَ - سورة الزمر – ٦٦}.

واتە: تۆ تەنیا عیبادەتی خودا بکەو ئەو بپەرستە لە هەمانکاتدا شوکر گۆو سوپاسکار لە ڕیزی سوپاسکاراندا بە.

پەروەردگار مەدحی حەزرەتی ئیبراهیمی بەوە کردوە کە سوپاسو شوکری سەرشانی خۆی ئەنجام داوە:

{إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتًا لِلَّهِ حَنِيفًا وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ، شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ اجْتَبَاهُ وَهَدَاهُ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ، وَآتَيْنَاهُ فِي الْدُّنْيَا حَسَنَةً وَإِنَّهُ فِي الآخِرَةِ لَمِنَ الصَّالِحِينَ - سورة النحل – ١٢٠-١٢٢}.

واتە خودا چ کاری بە سزادانی ئێوە نییە بە مەرجێك ئێوە سوپاس گوزارو ئیماندار بن!؟.

هەروەها پەروەردگار بەڵێنی داوە بە سوپاسگوزاران کە لە ژیانی دنیادا نیعمەتو بەخششیان بۆ زیاد بکاو بەردەوام بێ:

{وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ - سورة إبراهيم – ٧}.

واتە: خودای گەورەو بەخێوکەری ئێوە ئیعلانی کردووەو بلاوی کردۆتەوە، هەمووتان گوێتان لێبێ‌و بیزانن! هەتا ئێوە شوکرو سوپاسی نیعمەت‌و بەخششی خودا بکەن بۆتان زیاد دەکەم دەرگای رەحمەت‌و بەخشش‌و عەتام زیاتر دەکرێتەوە! خۆ ئەگەر سپلەو پێ نەزان بن‌و سوپاسگوزار نەبن بێگومان سزاو عەزابی من زۆر بەئێشە.

شوکرکردن‌و سوپاسگوزاریی خودای بەدیهێنەر پێویستە لەسەر ئادەمیزاد ئەگەر نەیکا گەورەترین تاوان ئەنجام دەداو ئەوپەڕی سەرپێچیکردن‌و ناکەس بەچەیی رەچاو دەکا!!

ئەی ئەوە نییە ئێمە هەرکاتێ ببینین یەکێك پیاوەتی چاکەکارانی لەبەرچاو نەبێ سەرکۆنەو لۆمەی دەکەین، ئەی دەبێ چ بلێین: بەرامبەر کەسێك کە شوکری بەدیهێنەرو سەرچاوەی هەموو نیعمەت‌و بەخششێکی خۆی نەکا؟! مومکین نییە ئێمەی ئادەمیزاد بەبێ شوکرو سوپاسی خودا لەزاتی بێچوونی نزیك ببینەوە، بۆیە دەبینین لەچەند ئایەتێکدا خودای پەروەردگار فەرمانی پێمان کردوە کە هەردەم لێی نەبڕێن شوکر گۆو سوپاسگوزاربین! دەفەرموێ:

{وَاللّهُ أَخْرَجَكُم مِّن بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لاَ تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ الْسَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ - سورة النحل – ٧٨}.

واتە: پەروەردگار ئێوەی لەسکی دایکتانەوە دەرهێناوە مندالێکی هیچ نەزان بون‌و ئاگاداری هیچ شتێك نەبوون، ئامێری بیستنو دیتن‌و بیرو هۆشی داونێ تا بەکاریان بهێنن لە شوێنی خۆیانداو زانیاریتان بۆ پەیدا ببێ‌و بزانن نیعمەت‌و بەخششی خودا چەند زۆرە ئەمجار سوپاس‌و شوکری پەروەردگارتان بکەن. یان دەفەرموێ:

{وَآيَةٌ لَّهُمُ الْأَرْضُ الْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَاهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ، وَجَعَلْنَا فِيهَا جَنَّاتٍ مِن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ وَفَجَّرْنَا فِيهَا مِنْ الْعُيُونِ، لِيَأْكُلُوا مِن ثَمَرِهِ وَمَا عَمِلَتْهُ أَيْدِيهِمْ أَفَلَا يَشْكُرُونَ - سورة يس – ٣٣-٣٥}.

واتە نیشانەو گەواهی خوایەتی ئێمەیە کە زەوی مردوو رەق و تەق بەهۆی بارانەوە زیندوی دەکەینەوە سەر لەنوێ شین و زەنویر دەبێتەوە دانەوێڵەی لێ دەروێنین و دەبێتە بژێوی ئێوەو لێی دەخۆن باخ و باخاتی خورماو ترێ و شتی ترمان تێدا رواندووە کانیاومان تێدا تەقاندۆتەوە تا لەبەرو بوومی ئەوداره بەردارانە بخۆن هیچیشیان بەدەست و مەچەکی ئێوە نەهاتوونەکایەوە، ئێمە بۆمان دروستکردون، دەی کەوابوو بۆ سوپاسی خودا ناکەن و شوکری ئەو ئەنجام نادەن!؟ یان دەفەرموێ:

{اللَّهُ الَّذِي سخَّرَ لَكُمُ الْبَحْرَ لِتَجْرِيَ الْفُلْكُ فِيهِ بِأَمْرِهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ - سورة الجاثية - ١٢}.

واتە: پەروەردگار خودایەکی وەهایە دەریای بۆ ئێوە رام کردوە، تا بتوانن بەکەشتی و گەمیٚ و شتی تر پێیدا برۆن و بۆ دەریا دۆزی و بازرگانی و نێچیریەتی و شتی تر بەکاریان بهێنن ئەمجار بیر لە نیعمەتی خودا بکەنەوەشوکرو سوپاسی خودا بکەن. یان دەفەرموێ:

{قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِن جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ اللَّيْلَ سَرْمَدًا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُم بِضِيَاء أَفَلَا تَسْمَعُونَ، قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِن جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ النَّهَارَ سَرْمَدًا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ أَفَلَا تُبْصِرُونَ، وَمِن رَّحْمَتِهِ جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ - سورة القصص - ٧١-٧٣}.

ئەی محمد! ئەی فروستادەی خۆمان بەو خەڵکە بڵێ: ئادەی پێم بڵێن و تێم گەیەنن، ئەگەر خودا شەوتان بەسەرا راکێشی و تا رۆژی رەستاخیز شەوەزەنگ بێ —جگە لە خودا خۆی— چ خودایەکی تر هەیە بتوانێ روناکی خۆرتان بۆ بێنێ و تاریکایی شەوتان لەسەر لابەرێ، دەی بۆچی وتەی حەق و راست نابیستن و کرداری پێ ناکەن؟!

پێیان بڵێ: ئەگەر خودا وا بکا هەموو رۆژگاری ژیانتان بکاتە خۆرەتاوو روناکی تا رۆژی قیامەت درێژە بکێشێ – جگە لە خودا خۆی – کێ هەیە؟ چ خودایەك هەیە بتوانێ شەوتان بۆ بێنێو ئارامی تێدا بگرن؟!

ئەو رەحمەتی خودایە کە شەوو رۆژی بۆ دروست کردوون ئەویان بۆ نوستنو ئارام گرتنو ئەمیان بۆ هەوڵدانو کۆششکردن بۆ رزقو رۆزیی. بەڵکوو لە بەرامبەر ئەم نیعمەتانەدا ئێوەش شوکرو سوپاسی خودا بکەن. بەلام سەد مخابن ئادەمیزاد لە بەرامبەر ئەو هەموو نیعمەتو بەخششانەی خودادا کەمیان شوکر گۆو سوپاسگوزارن.

{إِنَّ اللّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَـكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَشْكُرُونَ-سورة يونس/٦٠}.

بێگومان پەروەردگار خاوەن فەزڵو نیعمەتو بەخششە، بەلام زوربەی ئەو ئادەمیزادانە شوکری خودا ناکەن.

ئاشکراشە سوودو قازانجی شوکر بۆ خودا نییەو خودا نە بە شوکری شوکرگۆیان بەهرەمەند دەبێو نە بەکوفرو بێدینی گومرایان زەرەرمەند دەبێ، بەڵکوو سودی شوکر بۆ شوکر گۆیە چونکە شوکرو سوپاس دڵو دەرون پاك دەکاتەوەو بەندە لە پەروەردگار نزێك دەخاتەوەو بەرەو رێبازی راستو دروست رەهای دەکا،ماڵو دارایيەك کە خودا پێی داوە لە شوێنی خۆیدا سەرفی دەکا.

{وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ-سورة لقمان – ١٢}.

واتە: کەسێك شوکری خودا بکا سوودو قازانجی شوکرەکەی بۆ خۆیەتی، کەسێکیش کافرو گومرابێ بێگومان خودا پێویستی بە شوکری ئەوان نییە، خودا شایانو لایەقی حەمدو سوپاسی دروستکراوانیەتی:

بە پێچەوانەی سوپاسو شوکرەوە سپلەیيو پێ نەزانیی بە نیعمەتەکانی خودا دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئەو نیعمەتانە چونکە کوفرانی نیعمەت وا لە مرۆڤەکە دەکا گرنگی نەدا بەو نیعمەتانە بەبێ هوودە سەرفیان بکا، ئەوەی کە خودا داویەتی لە لەش ساغیو ماڵو دارایی لەشتی پرو پوچدا بەفیڕۆی بدا، ئەو

ڕێبازەی خودا بۆی داناوە لێی لابدا سەر دەکێشێ بۆ بزاواندنی خەشم‌و غەزەبی خوداو دوور لە رەحمەت دەبێ.. قورئانی پیرۆز بۆمان دەگێڕێتەوە کە خرابوونی ولاتان‌و فەوتانی گەل‌و هۆزەکانی پێشوو هۆیە سەرەکییەکەی کوفرانی نیعمەت‌و سوپاس نەکردنیان بوو بۆ خودا.

{وَضَرَبَ اللّهُ مَثَلاً قَرْيَةً كَانَتْ آمِنَةً مُّطْمَئِنَّةً يَأْتِيهَا رِزْقُهَا رَغَدًا مِّن كُلِّ مَكَانٍ فَكَفَرَتْ بِأَنْعُمِ اللّهِ فَأَذَاقَهَا اللّهُ لِبَاسَ الْجُوعِ وَالْخَوْفِ بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ - سورة النحل – ١١٢}.

پەروەردگار لەم ئایەتە پیرۆزەدا بە – پەندو ئامۆژگاری – نموونەی گوندێکی پڕ ئارام‌و ئاسایش‌و رزق‌و رۆزی هێناوەتەوە، گوندەکە بێ هەراو هۆریاو ئاژاوە بوو، لە هەموو لایەکەوە رزق‌و رۆزی هەمە جۆری بۆ دەهات شوێنی کۆبونەوەو کڕین‌و فرۆشتن‌و خۆشگوزەرانی بوو، کەچی لەجیاتی سوپاسگوزاری خودا کوفرانی نیعمەت‌و بەخششی خودایان کردوو سەرپێچیکەر بوون لەبەر ئەو کردارە ناشیرینانەیان پەروەردگار خۆشی‌و رابواردنی لێ کردن بە زەقنەموت‌و بەرگی برسیایەتی‌و ترس‌و بیمی لەبەرکردن‌و کردنی بە پەندی زەمانە، لە ئایەتێکی تردا قورئانی پیرۆز چیرۆکی هۆزی (سەبەء) دەگێڕێتەوەو باسی ئەو تەنگوچەڵەمەیەی کە توشیان هات بەهۆی کوفرانی نیعمەتەکانی خوداوە دەکاتە پەندو ئامۆژگاری‌و بە کوێچکەی ئادەمیزادی دادەدا دەفەرموێ:

{لَقَدْ كَانَ لِسَبَإٍ فِي مَسْكَنِهِمْ آيَةٌ جَنَّتَانِ عَن يَمِينٍ وَشِمَالٍ كُلُوا مِن رِّزْقِ رَبِّكُمْ وَاشْكُرُوا لَهُ بَلْدَةٌ طَيِّبَةٌ وَرَبٌّ غَفُورٌ، وَاللَّذَانَ يَأْتِيَانِهَا مِنكُمْ فَآذُوهُمَا فَإِن تَابَا وَأَصْلَحَا فَأَعْرِضُواْ عَنْهُمَا إِنَّ اللّهَ كَانَ تَوَّابًا رَّحِيمًا، ذَلِكَ جَزَيْنَاهُم بِمَا كَفَرُوا وَهَلْ نُجَازِي إِلَّا الْكَفُورَ - سورة سبأ – ١٥-١٧}.

بێگومان بۆ هۆزی (سەبەء)ی یەمەنی لە ولاتی خۆیانا کە پێی دەگوترا (مأرب) چەند نیشانەی گەورەیی خودا هەبوو، چونکە لە راست‌و چەپیانەوە باخ‌و بێستانی پڕ میوەجات‌و هەمە جۆری بەروبووم هەبوو، بە ئارەزووی خۆیان

هۆشەچنیان تێدا دەکرد رزق‌و رۆژی خۆیانیان لێ مەیسەر دەکرد، پێیان گوترا دە لەبەرو بومی ئەم باخانە بخۆن‌و سوپاسی خودای خۆتان بکەن‌و نیعمەت‌و بەخششی ئەوتان لەبەرچاو بێ‌و سەرپێچی فەرمانەکانی نەکەن ئەم ولاتە ولاتێکی خاوێن‌و دڵخۆشکەرو زەنوێرو دڵنەوایە پەروەردگاریشتان خودایەکی عەفورو لێبوردووە!!

کەچی ئەو خوا نەناسانە گوێ بیس نەبوون‌و پشتیان لە فەرمانی خودا هەڵکردو یاخی بوون، ئەوجار خودا بەربەستی دەریاچەی لە سەر تەقاندن‌و لافاوێکی گەورەی لێ پەیدا بوو کە پێی دەگوترێ: لافاوی عەریم، رەزو باخ‌و باخاتی راماڵێن‌و لەشوێن ئەو هەموو میوەو بەرو بوومە چەند روەکی بەرو بووم تاڵ‌و دڕکاوی‌و چەند درەختێکی بێ بەری وەك (طەرفا)و دارە نەبق سەریان هەڵداو مانەوە بۆیان... ئایا ئێمە جگە لە سەرپێچی کەران‌و بێ بڕوایان زیاتر کەسی تر ئا بەو شێوە سزادەدەین بێگومان نەء!!

کەوابوو شوکر گوێی‌و سوپاسگوزاریی کۆڵەکەو بناغەی راگرتنی خۆش بەختی گەل‌و هۆزە پشت هەڵکردن لێی جگە لە ماڵوێرانی‌و خاپورکردنی ولات هیچ شتێکی تر ناهێنێتە ئاراوە.

بۆیە دەڵێین: خۆزگە گەلانی سەرزەوی تێکڕا لە سوودو قازانجی سوپاسگوزاری‌و شوکرگوێ بگەییشتنایەو کرداریان پێ بکردایە تا لە سونگەی ئەوەوە خۆشبەختی هەردو جیهان روی تێ بکردایە.

پشت بەخودا بەستن و کاریگەریی لە بڵاوکردنەوەی ئارامیی لە دەرووندا:

ئاشکرایە شارستانیەت توانیویەتی ژیان بۆ ئادەمیزاد خۆش بکا گوزەرانیان بۆ دابین بکا بەڵام نەیتوانیوە دڵ ئارامی بەناو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە، ترس‌و دڵەڕاوکێ بە هەموو جۆرەکانیانەوە لە ئارادایە، ترسی داهاتی ژیان‌و کۆمەڵ‌و، ترس لە تیشکان، ترس لە تەندروستی... هتد. کاریگەریی سامناکیان کردۆتە سەر دەرونی ئادەمیزاد!.

زانیاری نۆژداری دەروونیی تازە ئەوەی رون کردۆتەوە کە زنجیرەیەکی دورو درێژ لە نەخۆشییەکان هەر لەسەرماو لەرزی ئاساییەوە تا نەخۆشی (نەقرس) لە زۆرکاتدا هۆیەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ شێوانی دەروونیی نەك تێکچوونی جەستەیی لە راستیش دا زوربەی ئەو نەخۆشییە جەستەییانەی توشی زۆر کەس دەبن هۆیەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ترسێکی قوڵ...!!

شایانی باسە لە ئایینی ئیسلامدا هۆیەکی گەڵێ گرینگ هەیە! بۆ قەلاچۆکردنی ترس لە دەروونـدا. ئەویش پشت بەخودا بەستنە سپاردنی کارەکانە بە ئەوو تاعەتکردنیەتی. خودا بۆ خۆی دەفەرموێ:

{وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ الأَمْرُ كُلُّهُ فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ - سورة هود – ١٢٣}.

واتە: هەموو شتێك هەر بۆ لای خودا دەگەڕێتەوە بە ویستو ئیرادەی ئەوە دەی تۆش ئەی ئادەمیزاد تاعەتی خودا بکەو پشت بەئەو ببەستە پشت بەخودا بەستن، دیاردەیەکە لە رەنگدانەوەی بڕوا بە خودا، ئەو کەسەی بڕوای ببێ کە هەڵسوڕانی کارو بار بەدەست پەروەردگارەو سودو زەرەر لەلای ئەوەوە دێ، جڵەوی ئیرادەی خۆی بەرەڵا دەکاو خۆی تەسلیمی ئەو دەکا رازی دەبێ بە ویستی خوداو هەرگیزو لە داهاتوو نهێنی داهاتوو ناترسێ بەڵکوو لە شوێن ترس‌وبیم دڵئارامی‌و پشت بەستن بە دادوەریی خودا بەدەست دێنێ هیوای رەحمەتی خودای دەبێ لەبەر ئەوە ئایینی ئیسلام ئەوە دەچەسپێنێ کە بڕوا بە خودا دەبێ (تەوەککولی) لەتەکدا بێ.

{وَعَلَى اللّهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ - سورة المائدة – ٢٣}.

واتە: ئەگەر ئێوە راست دەکەن موسڵمانن، پشت هەر بە خودا ببەستن‌و بەس.

{اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ-سورة التغابن/١٣}.

هەر خودا شایانی پەرستنەو هیچ خودای تر نین جگە لە ئەو زاتە.. کەوایە با موسوڵمانان پشت هەر بە ئەو ببەستن.

ئایینی ئیسلام موژدە دەدا بە موسوڵمانانو پەیمانی خێرو بێریان لە خوداوە بۆ دەبەستێ، بەرکەتو فەڕیان بۆ پەزمەندە دەکا.

سەیری ئەو ئایەتە پیرۆزە بکە چۆن دەروونی موسوڵمانان لە ژەنگی ترس سپی دەکاتەوەو هێزێکی نهێنی روحییان دەداتێ، تا بەهۆی ئەو هێزەوە بتوانن دڵەڕاوکیو ترسو رارایی خۆیان قەلاچۆ بکەنو دەفەرموێ:

{فَمَا أُوتِيتُم مِّن شَيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَى لِلَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ - سورة الشورى – ٣٦}.

واتە: ئەو نازو نیعمەتەی دراوە بە ئێوە لە ژیاندا بەشێکی کەمی خۆشی ژیانی دنیایە، ئەو نازو نیعمەتانەی لای خودا هەن بۆ ژیانی ئەودنیا زۆر باشترن بەردەوام ترن بۆ ئەوانەی بڕوایان بە خودا هەیەو پشتیان بە خودا بەستووە.

پەروەردگار پەیمانی کۆمەکیکردنی خۆی دەدا بەو کەسانەی کە پشتی پی دەبەستن دەفەرموێ:

{وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ - سورة الطلاق- ٣}.

واتە: هەر کەسێك پشت بە خودا ببەستێو خۆ بە ئەو بسپێرێ، خودا پشتی دەگرێو لەهانای دێ.

شایانی باسە بگوترێ: کە کۆمەڵێك ئادەمیزاد هەن زیاتر پێویستییان بە تەوەککول هەیە لە ئادەمیزادی تر ئەو کۆمەڵەش کەسانێکن کە موصلیحو دوعاگۆو خێر خوان، هەموو دەم رێگای ژیانیان پڕ لە دڕكو داڵەو کۆسپو تەگەرەیان دێتە ڕێ، ئەوانە خودا وایان دەسازێنێ کە ئیشو کاری خۆیان بە خودا بسپێرنو پشت بە ئەو ببەستن. پەروەردگار فەرمانیان پێ دەکا کە شوێنی شوعەیب پێغەمبەر بکەون رەوشتی ئەو پەیڕەوی بکەن کە دەفەرموێ:

{إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الإِصْلاَحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلاَّ بِاللّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ - سورة هود – ٨٨}.

واتە: من کە فرستادەی خودام ئامانجم هەر ئیصلاحی ئەو خەڵکەیەو بەس، تا بتوانم درێغی لەو ئەرکە ناکەم یارمەتیشم هەر لە خوداوە بۆ دێ و پشت و پەنا هەر بە ئەو دەبەستم.!!

جا لێرەدا خاڵێك هەیە پێویستە رونبکرێتەوە ئەویش ئەوەیە زۆر پرسیار لە دەروندا ختوکەی ئینسان دەداو ئەوە دەخاتە بەرچاو کە تەوەککول و پشت بە خودا بەستن ورەی ئادەمیزاد نزم دەکاو سیپاڵی تەمبەڵی بەسەردا دەدا قورئانی پیرۆز بۆ بەر هەڵستی ئەم شوبهەیەو بۆ پوچانەوەی ئەو رایە دەفەرموێ:

{وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ - سورة آل عمران – ١٥٩}.

واتە: ئەی پێغەمبەر! لەئیش و کاروباری دونیاییدا مەشۆرەت بە هاورێکانت بکەو لەزۆر لاوە لێی بکۆڵەرەوە کاتێك هاتیە سەر ئەنجامدانی ئیشێك تەوەککولت بە خودابێ و پشت بەو ئەو ببەستە چونکە پەروەردگار ئەو کەسانەی خۆش دەوێن کە تەوەککولیان هەیە.

جا کاتێك ئێمە لەم ئایەتە ورد دەبینەوە دەبینین ئایەتەکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دەبێ پێش پشت بەخودا بەستن و دەست درێژکردن بۆ ئیشەکە، گەرەکە مەشۆرەت بە پیاو ماقوڵان بکرێ ئەمجار عەزم جەزم بکە بۆ ئەنجامدانی ئەو کاتەی لە گژکارەکە رادەچی پێویستە پشت بە خودا ببەستی و هیوای سەرکەوتنت بێ!!

کەوابوو تەوەککول بە خودا لە ئایینی ئیسلامدا تێشووی روحییە بۆ سەرکەوتن بەسەر ترس و قەلەقدا چونکە تەوەککول لە سامناکترین ساتی ناخۆشدا ئارامی و هێدیەتی بەدڵ و دەرونی مرۆڤ دەبەخشێ سەکینەو گەشبینی دەخاتە دڵ و دەرونەوە کە بەداخەوە زۆربەی دانیشتوانی سەر ئەرز لێی بێ بەرین.

راستاڵی بۆ خودا کردەوەی مرۆڤ بەرزدەکاتەوە

ئـیخلاص‌و گـەردن کەچـی بـۆ خـودا بریتییـە لـە ئەنجامـدانی کـرداری بـێ خەوش، کردارەکە تاعەت‌و خودا پەرستی بێ یان ئیشی دونیایی بێ، ئـەو لـەکاتی ئەنجامدانیدا مەبەستی رەزامەندی خودابی‌و بەس!!

ئیخلاص‌و گەردن کەچی بۆ خـودا بریتییـە لـە ئەنجامـدانی کـردارو ڕەوشـتی ئینـسانی. ئـارەزۆی نـەفس‌و ریاکـاری‌و ئامـانجی شەخـصی دژی پـەیڕەوی ئـایینی ئیسلامن، ئیسلام ژیان دۆستەو هەردەم دەیەوێ لەشوێنی ئەوان ئیخلاص دابنێ.

بۆیە دەبینین ئیسلام ئەو پەڕی گرینگی داوە بە ئیخلاص‌و لەتـەك عیبـادەت بۆ خودادا ناوی هێناوەو دەفەرموێ:

{وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ - سورة البينة — ٥}.

واتە: ئەوەی فرمان کراوە بەو خەڵکە ئەوە بـووە کـە عیبـادەتی خـودا بکـەن بە ئیخلاصەوە ئایینەکەی بۆ ئەنجام بدەن. یان دەفەرموێ:

{فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ - سورة الزمر — ٢}.

واتـە: عیبـادەتی خـودا بکـەو بـە ئـیخلاص پـەیڕەوی ئایینەکـەی بکـە...

پێغەمبەریش (دروودی خودای لەسەربێ) دەفەرموێ:

(أول من يسأل يوم القيامة ثلاثة: رجل آتاه الله العلم فيقول الله لـه: مـا صـنعت فيما علمت؟ فيقول: يا رب كنت أقوم به آناء الليل وأطراف النهار، فيقول الله: كذبت، وتقول الملائكة: كذبت بل أردت أن يقال فلان عالم، ألا فقد قيل ذلك، ورجـل آتـاه الله مالا فيقول الله له: لقد أنعمت عليك فماذا صنعت؟ فيقول: يا رب كنـت أتـصدق بـه آناء الليل وأطراف النهار، فيقول الله له: كذبت، وتقول الملائكة كذبت، بـل أردت أن يقال فلان جواد الا فقد قيل ذلك، والثالث رجل جاهد في سبيل الله فقتـل فيقـول الله له: لاقد جاهدت ليقال لك فلان شجاع ألا فقد قيل ذلك، ثم قال الرسول (ص) لأبـي هريرة يا أبا هريرة أولئك أول خلق تسعر بهم جهنم يوم القيامة)[1].

---

[1] رواه أهل السنن.

واتە: یەکەم کەس کە راپێچ دەکرێ بۆ پرسیار لێکردن‌و موحاسەبە سێ جۆرە کەسن   یەکێکیان مرۆڤێکە خودا لە دونیادا عیلم‌و زانستی داوەتێ خودا پێی دەفەرموێ: بەو زانیارییەی من پێم دای چیت پێکرد؟! ئەویش دەڵێ: ئەی خودایە هەموو کاتێك بەشەو بە رۆژ من خەریکی بڵاوکردنەوەو پەیڕەوی کردنی ئەو زانیارییە بووم. پەروەردگار دەفەرموێ: درۆت کرد فریشتەکانیش دەڵێن: درۆت کرد بەڵکوو مەبەستت ئەوە بووە پێت بڵێن: زاناو عالمە ئەوەشیان پێ گوتووی پاداشتی خۆت وەگرتووە!!.

یەکێکی تر لەو جۆرە پیاوانە کەسێکە خودا ماڵ‌و دارایی داوەتێ خودا پێی دەفەرموێ: من ماڵ‌و دارایيم دابوویێ چیت لێکرد. دەڵێ پەروەردگار!! شەو رۆژ خەریکی بەخشینی بووم یارمەتی فەقیرو هەژارانم پێ داوە خودا دەفەرموێ: درۆت کرد فریشتەش دەڵێن: درۆت کرد، بەڵکوو مەبەستت ئەوە بوو پێت بڵێن: فلان کەس سەخییە، ئەوەشیان پێ گوتوی.

سێیەم: کەسێکە لە ڕێگای خوادا غەزای کردوە خۆی بەخت کردوەو کوژراوە پەروەردگار پێی دەفەرموێ: تۆ بۆیەت شەڕکردوە تا پێت بڵێن: ئازاو نەبەردی ئەوەشیان پێ گوتوی‌و پاداشی خۆت وەرگرتووە، ئەمجار پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) بە ئەبو هورەیرەی فەرموو ئەی ئەبو هورەیرە ئەو جۆرە کەسانە ئەو کەسانەن کە دەبنە بڵێسەی دۆزەخ.

جا لەکاتێکدا کرداری خالیص بۆ خودا پێویستی بە پێشدەستی نیەت هەیەو دەبێ کابرا پێش دەست پێکردنەکەی عەزم‌و جەزمی کردارەکەی هەبێ، دەبینین ئایینی ئیسلام ئەو پەڕی گرنگی داوە بە نییەت‌و کردویەتی بە تەوەرەیەکی سەرەکی بۆ کرداری موسوڵمانان‌و رای گەیاندووە کە کردار بێ نییەت بایەخی نییە ئەوەتا پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) دەفەرموێ:

« إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى ، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى دُنْيَا يُصِيبُهَا أَوْ إِلَى امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ » .

واتە: هەموو کردەوەیەك پێویستی بە نیەت هەیە، هەموو مرۆڤێکیش بە گوێرەی نیەتی خۆی پاداشتی دەدرێتەوە، جا ئەگەر کەسێك هیجرەتی کردو نیشتمانی خۆی بەجێ هێشتو مەبەستی رەزامەندی خوداو پێغەمبەر بوو، ئەوە پاداشتی ماندو بوونەکەی لەلای خوداو پێغەمبەرە، بەڵام ئەگەر کەسێك هیجرەتی کرد بۆ ئەوەی ژنێکی دەست کەوێ یان ماڵو داراییەکی دەستگیر ببێ، ئەوە پاداشتی هیجرەتو رەوکردنەکەی ئەوەیە کە مەبەستی بووە.

کەوابوو نیەتی باش پایەیەکی گەلێ گرنگە لە پایەکانی پەروەردەو رەوشتی ئینسانی کە بەهۆی ئەوانەوە مرۆڤ دەبێتە ئەندامێکی برنجی لەناو کۆمەڵی ئادەمیزاددا... ئایینی ئیسلام زۆردەمێکە ئەوەی چەسپاندووە کە کردەوە لای خودا بە مەرجێك وەردەگیرێ کە خالیص بۆ خودا بێ، بەمەش زۆر پێش عمانویل کانت (فەیلەسوفی ئەڵمانی) کەوتووە کە گوتوویەتی! نییەتپاکی هەموو شتێکە لە رەوشتدا.

کەوابوو خێرو چاکە لە نیگای ئایینی ئیسلامەوە کاتێك خێرو چاکەیە کە لەنیەتی پاکەوە هەڵقوڵێو بە خالیص مەبەستی خودا بێ، کرداری چاك بە چاك ناژمێردرێ مەگەر لەژێر رۆشنایی فەرمانی خودادا ئەنجام بدرێ. هیچ گومانیش نییە کە ئەمە بۆچونێکی گەلێك مەزنەو مەزهەبێکی فرە باشە بۆ دانانی ئەندازەی رێز بۆ ئادەمیزادو کرداری زۆر خوارو خێچی کۆمەڵ راست دەکاتەوە، موجتەمەع دەگەیەنێتە سەر ترۆپکی کەمال، چونکە کردارو گوفتار دەبەستێتەوە بە تاقە مەبەستێکەوە سەقامگیری دەکا بە نمونەیەکی هەرە بەرزەوە، ئەویش رەزامەندی خودایە خۆشەویستیو دژایەتیکردنو نەکردن، ویستو نەویستی هەر لەبەر خودا دەبێ، ئاشکراشە خودا فەرمان دەکا بە کۆمەڵی بەشەر بەخێرو چاکە نەك بە خراپەکاری.

نزای پاڕانەوە لە خوداو خاسییەتە ڕۆحییەکانی

پاڕانـەوە لـە خـودا بەشـێکە لـە پێویبـستییەکانی خـودا پەرسـتی، چـونکە پاڕانەوە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئادەمیزادو پەروەردگاریەتی، پاڕانەوە لـە خـودا شتێکی سروشتییە لە ئادەمیزاددا لەکاتی تەنگانەدا بەبێ ئەوەی بـەخۆی بزانـێ لا شـعوری پـەنای پـێ دەبـاو هـاواری دەکاتـێو دەپاڕێتـەوەو دڵاڵێتـەوە کـە ناخۆشـی لەسـەر لابـەرێ، چـونکە ئینـسان زەعیفـە لەبەرامبـەر ڕوداوی جیهانیـدا، کاتێـك ڕوداوێکی سامناك ڕوی تێ دەکا جگە لەدوعاو پاڕانەوە لـەخودا پـشتیوانێکی تـری دەسـت ناکـەوێ، لەبەرئـەوە پـەروەردگار فـەرمانی بـە موسـوڵمانان کـردوە کـە هەمووکات خودایان لەبیر بێو لێی بپاڕێنەوە.

{وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ - سورة غافر – ٦٠}.

واتـە: ئـەی کۆمـەڵی ئـادەمیزاد! پـەروەردگارتان فـەرمانتان پـێ دەکـاو پێتـان دەفەرموێ: لێم بپاڕێنـەوەو هـاوارم بکـەنێ، منـیش بـە هاناتانـەوە دێـم، بێگومـان ئەوانـەی لـووت بـەرزیی دەکـەن لـە پەرسـتنی مـنو تاعـەتم بـۆ ناکـەنو لـێم ناپاڕێنەوەو هاوارم ناکەنێ، دەچنە ناو دۆزەخەوەو هەتا هەتایە تێیدا دەمێننەوە. لێرەدا بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پەروەردگار دوعاو پاڕانەوەی بـە عیبـادەتو خـودا پەرسـتی حلێـب کـردوەو، کەسـێك ئـەنجامی نـەدا شـایانی ڕقو کینەی خودا دەبێ!!

نزاو پاڕانەوە چارەسەری زۆربەی نەخۆشییە دەروونیەکانە، ئادەمیزاد خـۆی لەخۆیـدا بـە گـوێرەی سروشـتو تەبیعـەتی بـۆ حـەلکردنی موشـکیلەو تـەنگو چەڵەمەی ژیانی، پێویـستی بـە دۆسـتێکی ڕاسـتاڵ هەیـە کـەمێك ئـازاری ژیـانی لێ سووك بکاو بڕێ غەمو نارەحەتیی لەسـەر لابـەرێ، نـوژدارانی دەروونـیش هـەموو سـوورن لەسـەر ئـەوە کـە چارەسـەرکردنی تـەوەتوری عەصـەبیو ئـازارە دەروونییەکان تا ئەندازەیەکی زۆر پەیوەندن بە دەرکانـدنی ئەو نەخۆشییانە لای دۆستێکی ڕاستاڵ چونکە شاردنەوەیان نەخۆشییەکە زیاد دەکا.

جا کاتێك ئینسانی غەمناكو لێقەوماو هانای برد بۆ لای خوداو نارەحەتیی خۆی درکاندو نزای خۆی بۆ کرد هەست دەکا بەدڵ ئارامیو کزە بایەکی فێنك دڵو دەرونی دەگەشێنێتەوە لەناو چاڵی غەمو نارەحەتی دەری دێنێو غەمو نارەحەتی لێ دەڕەوێنێتەوە، چونکە بڕوای تەواو ئەوە دەچەسپێنێ کە خودا نزیكو بە ئاگایە لە ئادەمیزاد هەر کاتێ هاواری کاتێ بە هانایەوە دێو فریای دەکەوێ، قورئان دەفەرموێ:

{وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِي وَلْيُؤْمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ - سورة البقرة – ١٨٦}.

واتە: هەرکاتێك بەندەکانم هاوارم لێ بکەن بێگومان من لێیان نزیکم بە هانای لێقەوماوەوە دێمو وەڵامی بانگەوازیەکەی دەدەمەوە با ئەوان هاوارم بکەنێو ئیمانم پێ بێنن بەڵکوو منیش بە هانایانەوە بچمو بیان خەمە سەر ڕێبازی ڕاست.

نزاو پاڕانەوە لە خۆشی و ناخۆشیدا:

ئایینی ئیسلام دەیەوێ دوعاو پاڕانەوە لە خودا لە ناخەوە هەڵقوڵێو لە کاتی خۆشیدا وەکوو کاتی ناخۆشی پاڕانەوەکە بەدڵ بێ. بۆ ئەوەی ئینسان هەمیشە پەروەردگاری خۆی لە یاد بێو فەرمان بەرداری فەرمانەکانی بێ مانای بەندایەتی ڕاستەقینە لە خۆیدا بینێتەدی. چونکە ئادەمیزاد بەشێوەیەکی سروشتی لەکاتی تەنگانەدا پەنادەبا بۆ پەروەردگاری خۆی، بەڵام هەر لەگەڵ لەناخۆشییەکە دەرچوو خودای خۆی لەبیر دەکاو ڕو لە فەرمانو بەجێهێنانی ئەمرەکانی وەردەگێڕێو دەست دەکا بە خراپەکاریی لەسەر زەوی... خودای گەورە ئەم دیاردەی ئادەمیزادی باس کردوەو هەڕەشەی لەو جۆرە کەسانە کردوە کە خراپەکاری ئاکاریانەو دەفەرموێ:

{وَإِذَا أَنْعَمْنَا عَلَى الْإِنسَانِ أَعْرَضَ وَنَأى بِجَانِبِهِ وَإِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ فَذُو دُعَاءٍ عَرِيضٍ - سورة فصلت – ٥١}.

واتە: هەر کاتێ نازو نیعمەتی خۆمان بڕێژین بەسەر ئادەمیزاددا لەجیاتی ئەوەی بەندایەتیمان بکا لەخۆی بایی دەبێو پشت هەڵدەکاو لەخودا عاسی دەبێ، خودایەتی خوداو وەبیرنایەتەوە کاتێکیش توشی ناخۆشی دەبێ بەڵایەکی بەسەردا دێ دەست پان دەکاتەوە نزاو لالانەوە دەست پێ دەکاوز هاوار دەکاتە خوداو هانای بۆ دێنێ.

لە شوێنێکی تردا پەروەردگار دەفەرموێ:

{وَإِذَا مَسَّ الإِنسَانَ الضُّرُّ دَعَانَا لِجَنبِهِ أَوْ قَاعِداً أَوْ قَآئِمًا فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُ ضُرَّهُ مَرَّ كَأَن لَّمْ يَدْعُنَا إِلَى ضُرٍّ مَّسَّهُ كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْمُسْرِفِينَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ - سورة يونس – ١٢}.

واتەك هەر کاتێ بەڵاو تەنگانە یەخەی ئادەمیزادی گرت دەست دەکا بە پاڕانەوەو نوزانەوە لەسەر تەنیشتو بە دانیشتنەوە بە راوەستانەوە لە هەموو هەڵسو کەوتێکیدا لەخودا دەپاڕێتەوە: کەچی هەر لەگەڵ ناخۆشییەکەمان لەسەر لابرد خێرا هەڵدەگەڕێتەوەو پشت هەڵدەکاو هەر دەڵێی قەت لە ئێمە نەپاڕاوەتەوەو هانای بۆ نەهێناوێنو داوای لێ نەکردوین بەڵاو ناخۆشی لەسەر لابەرین. بەڵێ، ئەوان بەو جۆرە لایەنی پشت هەڵکردنیان بۆ دەرازێندرێتەوەو لەپێش چاویان جوان دەکرێ، ڕو وەرگێڕانیان لە خودا لە دڵدا شیرین دەبێ.

لە شوێنێکی تردا پەروەردگار منەتی خۆی دەخاتە سەر کەسانێك لە مەخلوقاتی خۆی کە توشی خەتەری خنکان بوون خودا رزگاری کردون دەفەرموێ:

{هُوَ الَّذِي يُسَيِّرُكُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ حَتَّى إِذَا كُنتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُواْ بِهَا جَاءتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَاءهُمُ الْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّواْ أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ دَعَوُاْ اللّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَذِهِ لَنَكُونَنِّ مِنَ الشَّاكِرِينَ، فَلَمَّا أَنجَاهُمْ إِذَا هُمْ يَبْغُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّمَا بَغْيُكُمْ عَلَى أَنفُسِكُم - سورة يونس – ٢٢-٢٣}.

واتە: پەروەردگارتان خودایەکی وەهایە ئێوە دەڕۆیەنێ لەسەر وشکانی بە قاچی خۆتان یا بە سواری لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەچن، لە دەریاشدا بەهۆی کەشتی‌و گەمێوە هاتوو چۆ دەکەن بیرو هۆشی دروستکردنی ئەو ئامێرانەی پێ بەخشیون.

جا کاتێ کە ئێوە لە دەریادا لەناو کەشتیدا بەشێوەیەکی ئاسایی دەڕۆن بای بەحرو شەپۆلەکانی لە صالیحی ئێوەن. وەکوو دەتانەوێ بەدڵی خۆتان کەشتی دەریا دەبڕێ لە نکاوێك گێژەلۆکەیەك هەڵدەکاو لە هەموو لایەکەوە شەپۆلی سامناك دەوریان دەدا، لە هەموو لایەکەوە تارمایی مەرگ لێیان نزیك دەبێتەوەو گومان دەکەن کە تازە رزگاربونیان نابێ، ئەو کاتە بەدڵ‌و بەگیان هانا بۆ خودا دەبەن‌و لێی دەپاڕێنەوە هاواری دەکەنێ‌و دەڵێن: خودایە! ئەگەر ئەمجارە لەم بەلایە رزگارمان بکەیت ئیتر هەرگیز لە شوکرو سوپاس واز ناهێنین‌و هەردەم سوپاسگوزار دەبین کەچی کاتێك خودا بە هانایانەوە هاتوو لە تەنگانەکە رزگاری کردن —هەروەك نەبایان دیبێ‌و نە باران— خێرا هەڵگەڕانەوەو دەستییان کردەوە بە سەرپێچی کردن‌و خوارو خێچی! ئەی کۆمەڵی ئادەمیزاد بەغی‌و خراپەکاریتان دەگەڕێتەوە بۆ سەر خۆتان زەرەرو زیانی لێ دەبینن پاداشی خراپەکاری هەر خراپەیە کەوایە خۆتان تووشی ئەو سزایە مەکەن!

کەوابوو پێویستی سەرشانی ئادەمیزادە کە دوای ئەوە خودا لە تەنگانەو هیلاکی رزگاریکرد، سەرپێچی خودا نەکاو لێی یاخی نەبێ بەڵکوو پێویستە ئەو دیمەنە سامناکەی کە تووشی بووە ببێتە سیاج‌و شورایەك، هەڵنەری بێ بۆ خودا پەرستی‌و فەرمانبەرداری.

پاڕانەوە لە خودا دەبێتە هۆی پاڵفتەکردنی لایەنی رۆحی لە ماددە:

ئاینی ئیسلام دوعاو پاڕانەوەی داناوە بۆ پاکبوونەوەی لایەنی رۆحی لە ماددەو خۆپاراستن لە ئارەزووە زیانبەخشە جەستییەکان‌و بەرز بوونەوەی رۆح

لــە قوناغــەکانی خــودا پەرســتی تــەواودا. لەگــەڵ ئەمانەشــدا جێبــەجێکردنی داخوازییەکانی نزاکەر کە برێتین لە نازو نیعمـەتو کـار بـۆ ئاسـانکردنو زیـان لێ دوورخستنەوە..تاد.

لەبــەر ئــەوە دەبیــنین خــودای پــەروەردگار لەســەر زوبــانی فورســتادەو پیاوچاکانی خۆی موسوڵمانان فێری پاڕانەوەو دوعاکردن دەکاو دەفەرموێ:

{رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلاَةِ وَمِن ذُرِّيَّتِي رَبَّنَا وَتَقَبَّلْ دُعَاء - سورة إبراهيم – ٤٠}.

خودایــە وام لێ بکــە هــەموو کاتــێ بــەڕێكو پێکـی نوێـژەکانم بــەجێ بێـنمو بەندایەتی تۆ بکەم، وەچەو نەوەی داهاتووشم هەر وارام بێنـە خوادیـە نزاکـەم لێ گیرا بکەیو ئەو پاڕانەوەم لێ وەربگری.

{رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ وَأَصْلِحْ لِي فِي ذُرِّيَّتِي - سورة الأحقاف – ١٥}.

واتە: پەروەردگارا! دڵم وارام بکە کە هەموو کاتێ سوپاسگوزاری نازو نیعمەتی تۆ بێ، هەردەم شوکری ئەوەم لەبیر نەچێ کە ڕانمـایی ئـایینی ئیـسلامت کـردومو ئەم ئایینەت لەلا شیرین کردوم، هەروەها شوکری ئەوەشم لەیاد نەچێ کـە سـۆزو عەتفت خستۆتە دڵی باوکمو دایکمەوە تا بەهۆی ئەو خۆشەویستییەوە منیـان بـە منــداڵی بــەخێو کــردوە ئــازاری شــەو بەخەبــەرییان لــەپێناو بەخێوکردنمــدا چەشتووە، خودایە! وام رام کـە کردەوەکـانم چـاكو بـاش بـنو تـۆ لێیـان رازی بـی خودایە! وەچەو نەوەی داهاتووم صاڵحو خواپەرست بن.

{رَبَّنَا لاَ تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ - سورة آل عمران – ٨}.

واتە: پەروەردگارا! نزاو پاڕانەوەمان ئەوەیە کە دوای ئـەوەی شـارەزای ڕێگـای خـودا پەرەسـتیت کـردوینو نـوری ئیمانـت خـستۆتە دڵمانــەوە ئـیتر جارێکی تـر دڵمان لەسەر ئەم ئایینە لانەیو لەخودا پەرستی هەڵنەگەڕێینـەوە، لـە خەزێنـەی

رەحمەتی خۆت پێداویستی ژیانمان بۆ مەیسەر بکە... بێگومان تۆ بەخشندەو میهرەبانیو بەخششو عەتات بێ ئەندازەو سنوورە.

{لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلاَ تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلاَ تُحَمِّلْنَا مَا لاَ طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَآ أَنتَ مَوْلاَنَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ - سورة البقرة – ٢٨٦}.

واتە: ئەی پەروەردگارمان! نزاو پاڕانەوەمان ئەوەیە کە باری قورسمان لەسەر دامەنێو شتی وامان داوا لێ مەکە بە نارەحەتی بۆمان جێبەجێ بکرێ وەك ئەو بارانەی لەسەر کۆمەڵانی پێشوو داتان ناوە وەك جولەکە. کە ئەگەر شوێنێکی پۆشاکیان پیس بوایە دەبوو بی بڕنو فڕێی دەن نەك وەکوو ئێستای ئێمە بیشۆن، هەروەها دەبوو چواریەکی سامانیان هەموو ساڵێك بدەن بە زەکات، خودایە بەڵای وامان بەسەردامەدە کە بۆمان هەڵنەگیرێو خۆی بۆ ڕانەگرین گوناهەکانمان بسڕەوەو لەسەر گوناهمان سزامان مەدەو لێمان خۆشبەو نەنگیو عەیبەمان بەسەردا مەهێنە میهرەبانیمان لەگەڵدا بکە، بەزەییت پێدا بێینەوە تۆ سەردارو بەخێوکەری ئێمەی، زاڵمان بکە بەسەر کۆمەڵی کافراندا:

{قَالاَ رَبَّنَا ظَلَمْنَا أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ - سورة الأعراف – ٢٣}.

واتە: خودایە ئێمە ستەممان لە خۆمان کردوە ئەگەر بێتو لێمان خۆش نەبێ رەحممان پێ نەکەی ئێمە خەسارەتمەند دەبین.

{رَبِّ فَلَا تَجْعَلْنِي فِي الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ - سورة المؤمنون -٩٤}.

خودایا لە کۆمەڵی زاڵمو ستەمکاران حسێبمان مەکە.

{رَبَّنَا لاَ تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ - سورة يونس – ٥٨}.

پەروەردگارا زاڵمو ستەمکارمان بەسەردا زاڵ مەکە، چونکە ئەوان ئازارو سزامان دەدەن، ئێمەش لەوانەیە بەم بۆنەوە واز لەدین بێنینو بچینە سەر

بیروباوەڕی ئەوان، یان ئەوان بڵێن: ئەگەر ئەم کۆمەڵە راستیان بکردایە ئێمە ئاوا بەسەریاندا زاڵ نەدەبووین!!.

{رَبَّنَا آتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا-سورة الكهف/١٠}.

پەروەردگارا! لەلایەن خۆتەوە بە کەرەمی خۆت رەحمەتو بەخششێکی تایبەتیمان بدەرێ، ئیشو کارمان بۆ سازبدە لە کۆمەڵی بێدینان جیامان کەرەوە.

{قَالَ رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي - سورة طـه – ٢٥-٢٦}.

پەروەردگارا! سینگم فراوان بکەی صەبرو ئارامم بدەیە تا بتوانم ئازارو ناڕەحەتی پێغەمبەرایەتی هەڵبگرم لە بەرامبەر قسەو تانەو لۆمەی خەڵکیدا بار قوڵ بم، ئیشو کارم بۆ ئاسان بکەی!!

{وِمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً - سورة البقرة – ٢٠١}.

خودایا! نزات لێ دەکەینو هاوارت دەکەینێ کە لە دونیادا چاکەمان بدەرێ لە قیامەتیشدا هەر چاکەمان بدەرێ.

ئەو دەقانەی نووسران بەشێکن لەو پاڕانەوەو دوعایانەی قورئان بۆی گێڕاوینەوە بۆ ئەوەی ئێمەش لەکاتی تەنگانەدا بەو جۆرە دوعایانە بپاڕێینەوە!!

گەورەیی دوعاو پاڕانەوە:

بەڵگە لەسەر گەورەییو بەهەرێ دووعا زۆرو زەبەندەن، جا لێرەدا بۆ پاڵپشتی ئەوە رووداوێك تێهەڵکێشی ئێرە دەکەین کە گۆڤاری (ریدرزدایجستدا) لەژێر سەرەباسی (ئایا بڕوا بەنوێژو دوعاو پاڕانەوە ناکەی؟؟) بلاوکراوەتەوە. دوایی گۆڤاری (المختار) لە ئوکتوبەری ساڵی (١٩٤٤)دا بلاوی کردەوە دەڵێ: یەکێك لە زانا دەروونناسەکان لە بارەی موعجیزاتی شەڕەوە کە زۆری لە بارەوە نووسراوە وتبووی! دەتوانرێ رەحمەتی خودا بشوبهێنرێ بە مووەلیدەیەکی کارەبایی دەتوانین هەموو کات لەم مووەلیدەوە هێزو قووەت وەربگرین. بە مەرجێك بەهۆی دوعاو پاڕانەوە پەیوەندی بەو خاوەن رەحمەتەوە بکەینو لێی دانەبڕێین.

وا ئێستاش رۆژ لە دوایی رۆژ بەڵگەی یەك بە دوایەك لەسەر كاریگەری دوعاو پاڕانەوە سەر هەڵدەدەن بۆ نموونە دەڵێن كاتێك فڕۆكەوان (الماجور السن لندبرج) خۆیو نۆ هاوڕێی دەچوون بۆ ئوستورالیا لە ڕێگا ناچار بوون لە دەریادا خۆ فڕێ بدەن، چونكە فڕۆكەكەیان خەلەلی تێكەوت.. دوایی هەواڵ وا بڵاوبووەوە كە هەموویان سەریان تێداچووە.

لەم بارەوە فڕۆكەوان (المجور لندبرج) دەڵێ: توانیمان بەهۆی دوو تەختەوە (دوو پارچە مطاطەوە) توانیمان لە دەریا بێینە دەرەوە بۆ وشكانی بەلام نە پارچە نانێكمان پێیە نە دڵۆپە ئاوێكیشمان دەست دەكەوێ، هاوڕێكانم هەموو سەرسامو لە دڵەڕاوكێ دا بوون، تەنها (البرت هرناندز) نەبێ كە تۆپچی دواوەبوو ئەو خێرا دەستیكرد بە دوعاو پاڕانەوەو لالانەوە، لە نكاوێك سەرنجی بۆ ئەوە راكێشاین كە نزاكەی گیرابووەو خودا بەهانامانەوە دێو لەم میحنەتە رزگارمان دەكا.

بەڵێ: (المأجور لندبرج)و هاوڕێكانی بەو شێوەمانەوە لەبەر خورەتاوی گەرمی بێ دەرتان، چاونواڕی فریاڕەسێك بوون هەموو دەمو لێویان قەڵشابوو، زوبانیان لەدەمدا هاوسابوو، نەیان دەتوانی هاوكاری (هرناندز) بكەن لە تەلیلەو تەسبیحاتا بەلام هەر چۆنێك بوو تاو تاوە هاریكاریان دەكرد، دوای سێ رۆژ ئێوارەیەك پێش ئەوەی شەودابێ تارماییێكیان لە شێوەی دوورگەیەكی بچكۆلانەدا بەدی كرد، ئەوەندەی پێ نەچوو شتێكیان بینی كە بە خەیاڵیاندا نەدەهات هەروەندەیان، زانی سێ بەلەم دەپیاوی روتیان تێدابوو رویان تێكردن دوایی دەركەوت كە ئەمانە رزگاركەریانن‌و خەڵكی ئوستورالیان‌و ماسی گرو نێچرەوانن پێست رەش‌و سەربژن.

سەدەها كیلومەتریان بڕیوە تا گەیشتوونە ئەوێ دوایی كەوتنە قسەو گفتو گۆ بە (لندبرج)یان وت ئێمە رۆژێك پێشتر ویستمان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆمان بەلام لەنكاوێك پالپێوەنەرێكی سەیرمان هەست پێ كرد. نەخشەی

سەفەرەکەمانی گۆڕی‌و هاتین بۆ ئەم کەنارە دەریا چۆڵ‌و هۆڵە کە بەنیسبەت ئێمەوە هیچ نرخێکی نییە کەچی هاتین ئێوەمان بەدی کرد.

ئا ئەمەیە فائیدەو سوودی دوعا کە لەکاتی تەنگانەدا بەندە ئازاد دەکاو لەجیاتی ترس‌و بیم ئارامی‌و صەبر دەخاتە دەروونتانەوە، بۆیە دەڵێن وتە بە نرخەکەی کاریل چەند جوان‌و بەنرخە کە دەڵێ:

نوێژو پاڕانەوە لە خودا قوڵترین‌و بەهێزترین کانی هێزی ئادەمیزادە بەڵام بەداخەوە بەتەواوی پاش گوێ خراون...

بەشی سیانزەهەم:

ڕەوشت لە ئیسلام دا (الأخلاق في الإسلام)

ڕەوشتە بەرزەکان بریتین لە :

بەردەوام بوون لەسەر کاری چاكو پاڵفتەکردنی دەروون – کردار چاکیی – خودا پەرستی – خۆ ڕاگریی – لێبوردن – ڕاستگۆیی و دیاردەکانی – ڕێکخستنەوەو صوڵحکردنی نێوان ئادەمیزاد – هاریکاریی – خۆشەویستی – قسەی باش – هاوڕێی کردنی باشان – پرسکردن و سڵاوکردن.

ڕەوشتە نزمەکان بریتین لە :-

گەردن کەچی بۆ هەواو هەوەس – لوتبەرزی و خۆبەزلزانی – عەرەقخواردنەوەو قورماکردن – داوێنپیسی – درۆکردن و دیاردەکانی – ڕێزنەگرتنی خەڵك – گومان بردنی خراپ – جاسووسی کردن – غەیبەتکردن – ڕق هەڵسان و حەسوودی – چەنەبازی و چەواشەکردن – چڵێسی.

ئامانجی ڕەوشت:

زانستی ڕەوشتناسیی باسی مانای خێرو شەڕ دەکاو ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پێویستە خەڵکی بە گوێرەی ئەخلاقی بەرز هەڵس و کەوت لەگەڵ یەکتری بکەن، ئەو مەبەستە ڕوون دەکاتەوە کە پێویستە ئادەمیزاد کردارەکانیانی بۆ ئاڕاستە بکەن، ڕێگەیان بۆ ڕوون دەکاتەوەو پێیان دەڵێ چ پێویستە بیکەن چ پێویستە نەیکەن.

گومانی تێدا نییە کە ئەخلاق و ڕەوشت کۆڵەکەو پایەی سەرەکین بۆ ڕاگرتنی کیانی گەلان، بۆیە دەبینین: لێکۆڵەرەوە فەیلەسووفەکان هەموویان ڕایان لەسەر ئەوەیە کە ڕەوشتی بەرز پێویستە بۆ خودی مرۆڤەکە بە تایبەتی و بۆ کۆمەڵگاکەشی بە گشتی. هەر وەکوو چۆن تاکی کۆمەڵ ئەگەر ڕەوشت نزم بێ زیان بەخۆی و کۆمەڵ دەگەیەنێ، بۆ نموونە ئەگەر یەکێك لە کۆمەڵدا درۆزن بێ، مەراییکەر بێ، حەسوودو بەخیل بێ، شەڕانی بێ، وێڕای زیانی ئەم ڕەوشتانە بۆ

خودی خۆی، کۆمەڵگاش بە بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە رەوشتانە زیانبەخش دەبێ.
هەربۆیە هەمیشە هەڵوێستو هەوڵدانی فەیلەسووفو شەرع زانو کۆمەڵناسەکان بۆ بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی ئەخلاقی بەرزە لەناو کۆمەڵدا، چونکە رەوشتی بەرز کۆڵەکەو پایەی یەکەمی دامەزراندنی کۆمەڵی ساغو پتەوە!.

کەوابو (شاتوبریان) زیادەرەوی نەکردوە کە دەڵێ: (رەوشت بناغەی هەموو کۆمەڵێکە) هەر بۆیەشە پەیامی پێغەمبەران هەمیشە خەڵکیان هەڵناوە بۆ رەوشت بەرزیو بڵاوبوونەوەی لەناو کۆمەڵدا، قورئانی پیرۆزیش لەچەند ئایەتێکدا جەختی لەسەر پابەندبوون بە ئەخلاقەوە کردوە، چونکە رەوشتی بەرز ئادەمیزاد دەگەیەنێ بە لەززەتو خۆشی رۆژی قیامەتو لە بەهەشتدا خۆشنوود دەبێ.

هێرشکردن بۆ سەر ئیسلام:

شتێکی سەیرو سەمەرەیە کە بڕێ لە دوژمنانی ئیسلام ویستوویانە خەنجەری ژەهراوی لە قەبرغەی ئیسلام بدەن لە ناخەوە راستییەکان چەواشە بکەنو بە ناڕەوا ئیسلام لەکەدار بکەنو پڕوپاگەندەی لەدژ هەڵبەستن!!

بۆ نموونە: (المنسیوکۆلی) لە کتێبێکیدا بەناو (البحث عن الدین الحقیقی) کە بریتییە لە چەند (محاضرە)یەك دەربارەی فێرکردنی ئایین – باسی ئیسلامی بە ناشرین ترین شێوە کردوەو جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە ئایینی ئیسلام هیچ رەوشتێکی جوانی لەخۆ نەگرتووە!!

بەراستی دزێوی ئەو هێرشە نامەردانەیە کاتێك پۆخڵاوییەکەی بۆ خەڵك دەردەکەوێ کە ئاگاداری ئایەتەکانی قورئان بن کە دەربارەی ئەخلاق دەدوێن! بێگومان هەر ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئان رەتکردنەوەیەکی بەهێزە بۆ ئەم بوختانە بەڵام بەپێویستی دەزانین پێش ئەوەی مەبادیئەکانی قورئان لەبارەی ئەخلاقەوە رابنوێنین بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو دەستدرێژیکارانە وتە بەنرخەکەی دکتۆر جوستاف لۆبۆنی فەرەنسی بخەینە پێش چاو، ناوبراو لە

کتێبی (حضارة العرب)دا دەڵێ: بنەمای ئەخلاق لە قورئاندا ئەوەندە بەرزە کە بەو شێوە لە هیچ ئایینێکی تردا نابینرێ!!

بێگومان شایەتێدانی دکتۆر جۆستاف دەربارەی ڕەوشت لە قورئاندا نرخێکی زانستی گەورەی هەیە، چونکە ئەو، خۆشەویستی ئایینی پاڵی پێوە نەناوە کە ئەو هەڵوێستە بنوێنێ، بەڵکوو ئەوەی هەڵیناوە شایەتیدانی حەق ویژیو بەجێهێنانی ئەرکی زانستییە کە ئەو هەڵی گرتووە، بێگومان شایەتیدانەکەی دکتۆر جۆستاف هەروا بەهەوانتە نەبووە، بەڵکوو لە ئاکامی تێفکرینو لێکۆڵینەوە دەربارەی ئایەتە ئەخلاقییەکانی قورئان سەری هەڵداوە لە زانیارەیەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە! چونکە گومانی تێدا نییە کە دکتۆری ناوبراو ئایینەکانی هەموو سەرو بەرکردونو توێژینەوەی تێدا ئەنجام داونو بە پسپۆڕێکی زانستی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێو شایەتیدانەکەی نرخی زانستی خۆی هەیە!!

جا وا ئێمە لێرە بەولاوە هەندێ مەبدەئی ڕەوشتیی لە قورئاندا دەخەینە ڕوو، لە پێشەوە ئەو ڕەوشتە بەرزانە باس دەکەین کە قورئان خەڵکی بۆ هەڵناوە. ئەمجار ئەو ڕەوشتە نزمانە دەخەینە ڕوو کە قورئان نەی لێ کردون، مەبەستیشمان خزمەتکردنی ڕاستییەو کاردانەوەی سۆزو عاتیفە نییە. هەروەها مەبەستمان شارەزایی کردنی ئادەمیزادە بۆ ئەو تەعالیمە گونجاوە ساڵحانە کە بەختەوەری هەردوو جیهانیان بۆ دەستەبەر دەکا...

ئەو ڕەوشتانەی قورئان فەرمانی پێ کردون هەموویان ڕەوشتی بەرزو شایانی مرۆڤن، ئەو ڕەوشتانەی کە فەیلەسووفو ڕۆشنبیرەکانی جیهان بانگەوازییان بۆ کردوە، ئەو ڕەوشتانەی کە ئەگەر ئادەمیزاد کاریان پێ بکردنایە گەورەترین خێرو بێریان بۆ جیهانی شێواویان دەهێنا! بە پێچەوانەشەوە ئەو ڕەوشتە نزمانەی قورئان نەهی لێ کردوون هەر هەموویان هۆکاری کێشەو دوژمنایەتی نێوان کۆمەڵنو هیچ دڵسۆزێك بۆ گەلو نیشتمانو مرۆڤایەتی گومانی لە زیانیاندا نییە.

بەردەوامیی لەسەر کاری چاك و پالفتەکردنی دەروون:

ئادەمیزاد لە ژیاندا دوو هۆکارو عامیلی خێرو شەڕ کێشەی لەگەڵدا دەکەن، زۆر جار وا دەبێ بەهۆی هەڵنەرێکی ناوەکی یان کاریگەریەکی دەرەکی بەلای یەکێ لەم دوو عامیلە – خێر یان شەڕ – لا سەنگ دەبێ‌و مەیلی لایەکیان زیاتر دەکا، ئاینیش مەبەستی سەرەکی پاراستنی ئادەمیزادە لە هۆکاری شەڕو هەردەم خەریکی رونکردنەوەی لایەنەکانی شەڕو ترساندنی ئادەمیزاد لێی‌و بانگی ئەوانە دەکا کە گیرۆدەی شەڕ بوون بۆ وازهێنان، لە خراپەکاری‌و دەستکردن بە کردەوەی چاك‌و بەردەوام بوون لەسەری بەو شێوەی کە پەروەردگار بۆ بەندەکانی داناوە.

بەردەوام بوون لەسەر کاری چاك بەهێزترین هۆکارە بۆ گەشەی ئەدەب‌و ئەخلاق، هەر کاتێکیش ئەم حەزە لەناو گەل‌و هۆزێکدا گەشەی سەند حاڵیان باش دەبێ‌و ئاشتی‌و تەبایی لە ناویاندا بڵاو دەبێتەوە، مرۆڤ ئەگەر ئەم حەزی بەردەوام بوون لەسەر چاکەیەی نەبوو، روکردنە خێرو کرداری چاکی کەم دەبێتەوەو دەبێتە کەسایەتیەکی زەبوون‌و بە ئاسانی هەڵدەخەڵەتێ‌و لەگوناهەوە دەگلێ. بۆیە دەبینین ئاینی ئیسلام گرنگی تایبەتی داوە بە بەردەوام بوون لەسەر کرداری چاك‌و بە ئوسلوبێکی وا بانگەوازی بۆ کردوە کە حەزو ئارەزۆ لە دەرووندا دروێنێ‌و کار لە ناخی دڵ دەکا بەهۆی ئەو وادەو بەڵێنەی داویەتی بەوانەی لەسەر کرداری چاك بەردەوامن کە بریتییە لە پاداشت‌و خێرو چاکەی دونیاو قیامەت، خودا دەفەرموێ:

{إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ، نُزُلًا مِّنْ غَفُورٍ رَّحِيمٍ - سورة فصلت – ٣٠-٣١}.

واتە: ئەو بەندە راستاڵانەی کە دەڵێن پەروەردگاری ئێمە (الله)یە ئەمجار وێڕای ئەم بڕوایەیان بەردەوامن لەسەر کردار چاکیی، ئەوانە خۆشەویستی خوداو‌و کاتێك کە دەمرن فریشتەی رەحمەت دێنە سەریان پێیان دەڵێن: مەترسن‌و خەم مەخۆن مژدەتان لێبێ بەو بەهەشتەی کە بەڵێنتان پێدراوە،

ئێمە خۆشەویستی ئێوەین لە دنیاو قیامەتدا... بۆ ئێوە هەیە لە بەهەشتدا چی حەزتان لێبێ‌و ئارەزووی بکەن، ئێوە میوانی پەروەردگاری لێبوردوو بە بەزەیین.

لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار ئەوانە دڵنیا دەکاو دەفەرموێ:

{إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ - سورة الأحقاف -١٣}.

واتە: ئەوانەی دەڵێن: پەروەردگاری ئێمە (الله)یە ئەمجار بەردەوامن لەسەر کرداری چاك، هیچ ترسی سزای قیامەتیان نیەو پەرۆشی ماڵ‌و دارایی‌و جێگەو مەکان‌و ژن‌و منداڵی بەجێ هێڵراویان نییەو دڵخۆشن بەو بەش‌و بارەی پێیان دراوە.

پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەرو عەرزیکرد ئەی پێغەمبەری خودا! ئامۆژگاریم بکە، لە وەڵامدا پێغەمبەر بەرستەیەکی کورت وەڵامی دایەوە پێی فەرموو: (قل آمنت بالله ثم استقم) بڵێ بڕوام بە خوداو هێناوەو ئەمجار بەردەوام بە لەسەر ئەو بیرو باوەڕەو هەرشتێکی لەسەرەنجامی ئەو بیرو باوەڕە سەر هەڵدەدا.

پاڵفتەکردنی دەروون:

بڕێ لەو شتانەی کە لەگەڵ مانای ئیستیقامەو یەك لاییدا دەگونجێ پاڵفتەکردنی نەفس‌و دەروونە، چونکە روچوون‌و پێداگرتن لەسەر شەڕ سەردەکێشێ بۆ خراپترین ئاکام، کاریگەری خراپ لەسەر نەفسی ئادەمیزادو لەسەر کۆمەڵ دروست دەکا. بۆیە پەروەردگار بەڵێنی لێخۆشبوون‌و رەزامەندی خۆی بەو کەسانە داوە کە دەروونی خۆیان پاڵفتە دەکەن‌و دەفەرموێ:

{فَمَن تَابَ مِن بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللَّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ - سورة المائدة – ٣٩}.

کەسێك دوای ئەنجامدانی تاوانو ستەمکاریی تۆبەی کردو خۆی راستاڵو باش رەفتارکرد ئەوە بابزانێ خودا تۆبەکەی لێ وەردەگرێ، بێگومان پەروەردگار لێخۆشبوو خاوەن بەزەییە.

لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار بانگەوازی کۆمەڵی ئادەمیزادی کردوە دەفەرموێ:

{يَا بَنِي آدَمَ إِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي فَمَنِ اتَّقَى وَأَصْلَحَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ - سورة الأعراف – ٣٥}.

ئەی ئادەمیزاد! هەرکاتێ پێغەمبەرێك هاتە سەرتانو ئایەتی ئێمەیان بۆ خوێندنەوە، بڕوای پێ بکەنو شوێنی بکەون! ئەوە بزانن هەر کەسێ لەئێوە تەقوای خودای کردو ڕاستاڵو صالح بوو، ئەوە هیچ ترسیان لەسەر نییەو لە ترسو بیمی رۆژی قیامەت دڵنیانو پەرۆشی دوا خۆیان نییە، پەرۆشی ماڵو دارایىو کوڕو کچو خێزانیان نییە.

شتێکی تر کە لەگەڵ ئیستیقامەدا دەگونجێ پاڵفتەکردنی دەروونە، پاککردنەوەی دڵو دەروون لە چڵكو پۆخەڵی ماددەو بەرزکردنەوەی نەفس لە رەوشتە نزمەکانو دانانی لە شوێنێك کە شیاوی بێو رێزی زیاد بکا رەزامەندی خودای تێدا دەستەبەر ببێ وێڕای دەستەبەرکردنی رێزی لەناو خەڵکدا!!

بێگومان قورئانی پیرۆز خەڵکی هەڵناوە بۆ پاڵفتەکردنی نەفسو بەڵێنی داوە بە ڕزگاربونیانو دەفەرموێ:

{قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى - سورة الأعلى – ١٤}.

رزگاری بووە ئەو کەسەی دەروونی خۆی مشتو ماڵ کردبێ لە گوناه پاڵفتەی کردبێ، یان دەفەرموێ:

{قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا، وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا - سورة الشمس – ٩-١٠}.

پەروەردگار ئەوەشی رون کردۆتەوە کە سوودی پاڵفتەکردنی نەفس بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە بۆیە پێویستە هەمیشە هەوڵی پاککردنەوەی نەفس بدەین.

{وَمَن تَزَكَّى فَإِنَّمَا يَتَزَكَّى لِنَفْسِهِ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ - سورة فاطر – ١٨}.

واتە: کەسێك نەفسی پاك بکاتەوە سوودو قازانجی بۆ خودی خۆیەتیو بۆ خۆی لێی بەهرەمەند دەبێ، گەڕانەوە هەر بۆلای خودایە.

بێگومان ئیستیقامەتو پاڵفتەکردنی دەروون دوو رەوشتی وەهان کە دەرگای هومێد لەسەر ئەوانە دەکەنەوە کە گیرۆدەی گوناه بوون، بۆ ئەوەی سیستەمی ژیانی خۆیان بگۆڕن بۆ شێوەیەکی باشترو ناهومێدیو رەشبینی لە دەروونی خۆیان دەربهاون، چونکە نائومێدیو رەشبینی ئەگەر لە دەروونی هەر کەسێکدا جێگیر بوون دەیکەنە بورکانێکی شەڕو شیرازەو شێوازی کۆمەڵ تێك دەدەن.

ئەم تەعلیماتانەی باسکران هەموو زانیاری زانراوی دەروونناسی تازەبابەت کورتو کۆ دەکاتەوە کە دەڵێ: هەرگیز ناگونجێ کەسی سەرکەتوو یان رەوشتی بەرز لە رێگەی تێفکرینی رووتەوە سەرهەڵدا، بەڵکوو لە رێگەی راهێنانو رامکردنی نەفسو پاڵفتەکردنو سەیتەرەکردن بەسەریدا دەستەبەر دەبێ.

کردار چاکی (الإحسان):

ئیحسان کە بەمانا کردار چاکییە بەخششو یارمەتی دەگەیەنێ بەڵام لە راستیدا زیاتر لە مانایەك هەڵدەگرێ چونکە ئێمە کە سەیری فەرهەنگی زمانی عەرەبی دەکەین دەبینین (أحسن) کە وشەی ئیحاسن لەو وەرگیراوە بەمانا (کردەوەی چاکی کرد) نە بە پێچەوانەی (أساء) کە بەمانا خراپەکردنە وشەی (الحسنة)ش بریتییە لە کردەوەی چاك.

کردەوەی چاك هەموو ئیشێکی باش دەگرێتەوە، هەر کردارێك شانی مرۆڤ بەرزبکاتەوە دەروونی ئادەمیزاد مشتو ماڵ بکاو لە خودای خۆی نزیکی بکاتەوە بە کردەوەی چاك دەژمێردرێ، لەبەر ئەوەیە دەبینن قورئانی پیرۆز زوربەی ئامۆژگارییەکانی بریتییە لە بانگەوازی کردن بۆ کردەوەی چاكو کردار چاکیی، بێگومان تەعلیماتی قورئانی پیرۆز دەربارەی ئیحسان گەواهی ئەوەیە کە ئەو قورئانە کتێبێکی روحییەو ئەو پەڕی پلەی بەرزی گرتووەو بەسەر هەموو

ڕێبازێکی ئەخلاقیو ئایینیدا زیادەی هەیە. زۆر بە باشی مەسەلەی ئیحسانی چارەسەرکردوە، بە جۆرێك کە کاربکاتە سەر کەسایەتی ئینسان خۆیەوەو هەڵنەری بێ بۆ ئیشکردن، زۆر بە باشی نیشانەی چاکەکارانی شی کردۆتەوە، دەستنیشانی ئەو کۆمەڵانەی کردوە کە شایانی ئیحسانن‌و زیاتر پێویستیان بە ئیحسان هەیە.

بانگەوازی کردوە بۆ بڵاوبوونەوەی ڕەوشتی ئیحسان چونکە ئەو صیفەتە بۆ مرۆڤایەتی خۆشبەختی دێنێتە کایەوە، بەرز ڕەوشتی دەست دەخا، هەر بۆیەشە کە لە کۆنەوە هەتا ئێستا فەیلەسووف‌و زانایانی ئاشتیخواز بانگەوازییان بۆ کردوەو لە پێناویا کۆشش دەکەن.

پلەی ئیحسان لە ئیسلامدا:

قورئانی پیرۆز ئەوەی ڕون کردۆتەوە کە چاکەکاری پێویستییەکی سروشتییە بۆ کۆمەڵ، ئادەمیزاد بەبێ ئیحسان ناژی، هەروەها ئەوەشی گەیاندووە کە پێویستە ئادەمیزاد چاکە لەگەڵ خەڵکدا بکا وەکوو چۆن خودا چاکەی لەگەڵ ئەودا کردوە کە لەفەزلی خۆیەوە ئەو هەموو نازو نیعمەتەی بەسەردا ڕشتووە:

{وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ - سورة القصص – ٧٧}.

قورئان ئەوەشی چەسپاندووە کە چاکەکردن خێرو بێرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤەکە خۆی‌و ئەو سوودی لێ دەبینێ. خودا بۆ خۆی دەفەرموێ:

{إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا - سورة الإسراء – ٧}.

واتە: ئەی گرۆهی ئادەمیزاد ئەگەر چاکە بکەن، پاداشی چاکەکە بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە ئەگەر خراپەش بکەن خۆتان سزادەدرێن، ئەمەش ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە چونکە چاك کرداران هەست بە ئارامییەکی دەروونی دەکەن‌و ئارامییەکی وا ڕویان تێ دەکا کە جگە لە خۆیان کەسی تر ئەو هەستە ناکا. هەر ئەندە بەڵگەیە کە چاکە لەگەڵ کراوان لە بەرامبەر چاکەکەیاندا خۆشەویستییان بۆ لەدڵ دەگرن‌و بەچاوی ڕێزەوە سەیریان دەکەن ئەمەش خۆشی‌و ئارامی

دەخاتــە دڵیانــەوە، کەچــی بــە پێــچەوانەوە خراپــەکاریی خاوەنەکــەی واڵێ دەکــا بەچاوی سووك سـەیری بکـرێو خۆشـی لـە ژیـانی نـەبینێ، هـەر لەبـەر ئەوەشـە خـودای گـەورە فـەرمان دەکـا بەخەڵـك کـە چـاکە بکـەنو چـەند جـارێکیش فەرمانەکەی دووپات دەکاتەوەو دەفەرموێ:

{إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ وَإِيتَاء ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ - سورة النحل – ٩٠}.

واتـە: خـودا فـەرمانتان پـێ دەکا بـە عەدالـەت خـوازیو دادپـەروەریو چاکە کردنو بەجێهێنانی پەیوەنـدی خزمایـەتیو هـاتوو چـۆی یـەکتری کـردن، هـەموو کـاتێکیش بـەرگری دەکـا لـە خراپـەکاریو داوێنپیـسیو زیـادەڕەویو سـتەمکاری، هــەروەکوو چــۆن قورئــانی پــیرۆز مــەنزڵی ئیحــسانی بەرزکردۆتــەوەو لەتــەك ئیخلاصدا کردوونی بە بەرزترین رەوشتی مرۆڤی موسوڵمانو دەفەرموێ:

{وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لله وَهُوَ مُحْسِنٌ - سورة النساء – ١٢٥}.

واتە: کێ لەو کەسـە موسـوڵمانترەو موخلیـصترە کـە گـەردن کەچـی خودایـەو کرداری چاکیش دەکا، واتە: هیچ کەسێك نییە هێندەی ئەو کەسە موسـوڵمان بـێ، بە دڵسۆزیی خۆتەسلیمی خودا بکاو هیچ خودای تر بەراسـت نـەزانێو لـە هـەمان کاتیشا کرداری چاك بکاو خۆی لە خراپە کاری رزگار بکا.

لـە شـوێنێکی تـردا پـەروەردگار پـاداشو ئاکـامی چـاکەکردن بـەیان دەکـاو دەفەرموێ:

{وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى -سورة لقمان – ٢٢}.

واتە: کەسێك خۆی تەسلیمی خـودای خـۆی بکـاو چاکە کـاریش بـێ بەراسـتی دەسـتی بـە باشـترین ئەڵقـەو قـایم تـرین قوڵفـە گرتـووەو چـاکترین هۆیەکـە بـۆ وەدەستهێنانی رەزامەندی خودا.

لـە شـوێنێکی تـردا پـەروەردگار خەڵـکی هـەڵناوە بـۆ چـاکە کـردنو تـەماعی بەرناونو دەفەرموێ:

{مَن جَاء بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا - سورة الأنعام – ١٠٨}.

واتــە: هــەر كەســێك چــاكەیەك بكــا دە چــەندانە پاداشــی هەیــە هــەروەها پەروەردگار بەڵێنی داوە بە چاكە كاران بەوە كە لە ڕۆژی قیامەتا شوێنی خۆش‌و ئاسایش‌و گونجاویان بۆ دابین دەكا:

{وَمَن جَاء بِالسَّيِّئَةِ فَكُبَّتْ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ هَلْ تُجْزَوْنَ إِلَّا مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ - سورة النمل – ٨٩}.

ڕەوشتی باش كرداران:

بەشێك لە ڕەوشتی باش كرداران كە لە قورئاندا پیاندا هەڵدراوە ئەوەیــە كــە زوربەی شەو بێدارن‌و خــەریكی شــەو نوێــژن، ئــەمجار لــە ئــاخرو ئــۆخری شــەودا دەست دەكەن بە پاڕانەوەو لالانەوەو داوای لێخۆشبوون دەكەن لە خــودای خۆیــان. بەشێكی تر لە ڕەوشتی باشیان یارمەتیدانی فەقیرو بێ نەوایانە بە گــوێرەی توانــا یارمەتیان دەدەن خودا دەفەرموێ:

{إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ، آخِذِينَ مَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ مُحْسِنِينَ، كَانُوا قَلِيلًا مِّنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ، وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ، {وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ - سورة الذاريات – ١٥-١٩}.

بێگومان خودا پەرستان لــە بەهەشــتا لــەنێو بــاغ‌و سەرچاوەی ئــاوی كانیــاودا كــات بەســەر دەبــەن، بەخــشش‌و عــەتای خــودای خۆیــان وەردەگــرن، ئــەو خــودا پێداوانە لەوەپێش چــاكە كــاربوون، شــەوانە كــەم دەنووســتن، هــەر خــەریكی شــەو نوێــژ بــوون پــێش بــەیانی‌و ئــاخری شــەو داوای لێخۆشــبوونیان لــە خــودا دەكــرد، بەشێكی دیاریكراویان لە ماڵ‌و دارایی خۆیان دادەنا بۆ فەقیرو هەژاران.

كۆشــش كــردن لــە ڕێگــای خــودادا بــە گیــان‌و مــاڵ بەشــێكە لــە ئیحسان خــودا دەفەرموێ:

{وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَــا لَنَهْــدِيَنَّهُمْ سُــبُلَنَا وَإِنَّ اللَّــهَ لَمَــعَ الْمُحْــسِنِينَ - ســورة العنكبوت – ٦٩}.

واتــە: ئەوانــەی کۆشــشیان کــردوە لــە پێنــاو ئــایینی ئێمــە بــەبێ شــك و گومــان شارەزای ڕێبازی ڕاسـتیان دەکـەین بێگومـان خـودا لەگـەڵ چـاکە کاراندایـە. شـوێن کــەوتنی ئــایینی پێغەمبــەر حــەزرەتی (محمــد) (دروودی خوداى لەسەربێ) دەچــێتە خانــەی ئیحسانەوە خودا دەفەرموێ:

{وَالَّذِي جَاء بِالصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ، لَهُم مَّا يَشَاءونَ عِندَ رَبِّهِمْ ذَلِكَ جَزَاء الْمُحْسِنِينَ - سورة الزمر – ٣٣-٣٤}.

واتــە: ئــەو کەســەی کــە ئــایینی راسـتی هێنـاوە کــە حــەزرەتی (محمــد)ە ئــەو کەسـەش کـە بـڕوای پێکـرد – مەبەسـت ئـەو کەسـانەیە ئیمانیـان پـێ هێنـاوە – ئەوانە هەموویان تەقوا کارو خودا پەرستن چییان بوێ لای خودای خۆیـان بۆیـان دابین دەکرێ ئەو جۆرە پاداشانە پاداشتی خێر خواهو چاکە کارانە.

لێبوردن لە هەڵەی خەڵك بە ئیحسان دەژمێردرێ خودا دەفەرموێ:

{فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاصْفَحْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ - سورة المائدة – ١٣}.

ئەی محمد! لە هەڵەی هاوەڵانت ببورەو لێیان خۆشبە چونکە لێبـوردن خێـر خواییەو خوداش خێر خوای خۆش دەوێن... صەبرو ئارام بەشێکە لـە ئیحسان:

{وَاصْبِرْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ - سورة هود – ١١٥}.

واتــە: لـە تەنگانـەدا بـە صـەبرو ئـارام بـە، بێگومـان پـەروەردگارتان هـەرگیز پاداشتی خێر خواهان بە فیڕۆنادا سەیرکە چۆن قورئان خەڵك هەڵدەنێ بۆ خێر خواهیو بەڵێنیان دەداتێ بـە باشـترین پاداشـێك کـە نەفسی ئـادەمیزاد ئـارەزۆری دەکا. ئـەم دڵخۆشـی دانەوەشـی لـەم روەوەیـە کـە خێـر خواهـان خـاوەنی هەسـتی ناسك و وێژدانی زینـدون، دەشێ لە پێناوی بانگـەوازیو کۆشـشی خێـر خواهییانـدا توشی دەها تەنگ و چەڵەمە ببن و گەلەکەیان سەرپێـچییان بکـەن یـان رۆژگـار بـە پێچەوانەی ویـستی ئەوانـەوە بـسوڕێتەوە، بۆیـە دەبیـنین. قورئـان پـێش دەسـتی دەکاو ئامۆژگاریی خۆی ئاراستەی ئادەمیزاد دەکا، بۆ ئەوەی دڵنەواییان بکاو بـاری خەفـەتیان لەسـەر سـووك بکـاو مزگێنییـان بـداتێ بـە رەزامەنـدی خـوداو

خێرخواهـان بـەهێزێکی مەعنـەوی بـەهێز بکـا، دڵیـان داسـەکنێ ڤاچـیان لـە گۆڕەپانی کۆشش دا پێ بچەقێنێ.!!

هـەروەکوو چۆن ئیـسحان پێویـستی بـە قوربانیـدان و بـەر بـەرەکانی نـەفس هەیەو دەبێ هەرگیز نەهێڵی بکەویە داوی نەفسەوە، چونکە نـەفس هـەر فـەرمان بە خراپەکاریی دەکا جا بۆیـە دەبیـنین پـەروەردگار ئـادەمیزاد تـەرغیب دەکا بـۆ چاکەکردن و هەڵیان دەنێ بۆ خێرخواهی لەو رووەوە کە چاکەو پاداشـتی ئیحـسان رێز دەکاو دەیەوێ نەفس رام بکا بۆ کردنی و خۆ پێوە خەریککردنی.

شایانترین کەسانێک کە پێویستە چاکەیان لەگەڵدا بکرێ:

قورئانی پـیرۆز کۆمـەڵێکی ئـادەمیزاد دەسـت نیـشان کـردوە بـەوە کـە شـایانی چاکە لەگەڵدا کردن و لەکەسانی دیکە شیاوترو شایانترن بۆ چاکە لەگەڵدا کـردن، ئەوان پێش هەموو کەسێك دەخرێن پێش هەموو ئەوانەش باوك و دایکن، چونکە باوك و دایك لە هەموو کەس زیـاتر فـەزڵ و پیـاوەتی بەسـەر مرۆڤـەوە هەیـە، جـا قورئـان هـەر بەوەنـدە کـە داوای چـاکەکردنی لەگـەڵ بـاوك و دایکـا کـردوە وازی نــەهێناوە بەڵــکوو چــۆنییەتی و شــێوەی رفتــار لەگــەڵ داکردنیــان و هەســتان و دانیشتن و تێکەڵاوییانی رونکردۆتەوەو سنوورێکی تایبەتی بۆ داناون، بـە جۆرێـك کە ئەو پەڕی پلەی رەوشت بەرزیمان نیشان دەدا باشـترین شـێوەی ئاکـارو رفتـاری رۆژانەمان لەگەڵ باوك و دایکدا بۆ دیاری دەکاو دەفەرموێ:

{وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاَهُمَا فَلاَ تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلاَ تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلاً كَرِيمًا، وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا - سورة الإسراء – ٢٣-٢٤}.

واتە: یەکەم شتێك کە ئێمە لەم دەقە قورئانییە دەرکی دەکـەین ئەوەیـە: کـە پەروەردگار چاکەکردنی لەگەڵ باوك و دایکـا کـردوە بەهاوشـانی عیبـادەت و خـودا پەرستی، ئەمجار هاتووە جۆری ئەو چـاکەکردنەی دەسنیـشان کـردوە بـە تایـبەتی

کە دایكو باوك هەردوكیان یان یەكێكیان دەگەنە حاڵی پیریو زەبوونی زیاتر پێویستیان بە یارمەتی دانو دڵنەوایی هەیە.

پەروەردگار فەرمانی بە ئادەمیزاد كردوە كە بەگوێرەی ئەم پێنج خاڵانەی خوارەوە رفتار لەگەڵ دایكو باوكدا بكا.

أ) ئۆفكردنو ڕوگرژی لە ئاستیان نەكاو دادو بێدادی خۆی بەرامبەریان دەرنەبڕێ.

ب) نابێ لە ڕویانا بەتوندی بجووڵێتەوەو قسە رەق بێ بە جۆرێك دڵیان گەرد بگرێ.

ج) دەبێ ئاخاوتنی لەگەڵیاندا نەرمو نیان بێ قسەخۆش بێ لە خزمەتیانداو ڕێزیان لێ بگرێ.

د) دەبێ لە خزمەت باوكو دایكا ئینسان گەردن كەچیو سۆزی فرزەند نیشان بدا، پەروەردگار بۆ ئەمە نموونەی باڵندەیەكی هێناوەتەوە كەهەر كاتێ ئەو باڵندە ویستی بێچوەكانی كۆ بكاتەوەخێرا باڵیان بۆ بڵاو دەكاتەوەو بە سۆزەوە دەیانخاتە ژێر باڵی خۆیەوە.

هەروەها هەموو كات نزا بكا لە خودا كە رەحمیان پێ بكاو بەزەیی پێدا بێنەوە وەكوو چۆن ئەوان كاتی خۆی ئەمیان بەمنداڵی بەخێو كردوە باڵی سۆزو عەتفیان بۆ بڵاو كردۆتەوە.!؟

قورئانی پیرۆز بڕی خەڵكی تریشی تایبەت كردوە بۆ چاكە لەگەڵكردن لەم ڕووەوە كە لە نێوان چاكەكەرانو چاكە لەگەڵكراواندا پەیوەندییەكی تایبەتی هەیە وەكوو پەیوەندی هاوسێیو پەیوەندی خزمایەتی، یان چاكەكردن لەگەڵ كەسانێك كە یارمەتیدەرو پاڵپشتو بەخێوكەریان لەكیس چووبێ، یان هەر لەسەرتاوە بێ كەسو كارنو بێ نەواو یارمەتیدەرن، ئەو جۆرە كەسانە زیاتر پێویستە چاكەیان لەگەڵدا بكرێ. خودا دەفەرموێ:

{وَاعْبُدُواْ اللّهَ وَلاَ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالجَنبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالاً فَخُورًا - سورة النساء – ٣٦}.

واتە: ئەی گروهی ئادەمیزاد! عیبادەتی خودا بکەن‌و سەری بەندایەتی بۆ بخەنە سەر زەوی هاوەڵ‌و شەریکی بۆ بڕیار مەدەن‌و کەس مەکەن بە هاوشانی لەگەڵ باوک‌و دایکتانا چاکەو ئیحسان بکەن، هەروا چاکەو پیاوەتی لەگەڵ خزم‌و هەتیوو فەقیرو هەژاراو هاوسێی خزم‌و هاوسێی بێگانەو هاوڕێی سەفەرو خوێندن‌و فێربوونی پیشەسازی‌و هاوسەری ژیان (ژن‌و مێرد)و ڕێبوارو بەندەو نۆکەرو خزمەتچی خۆتان بکەن‌و دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکەن.

بێگومان ئەم ئایەتە پیرۆزە هەموو جۆرەکانی چاکەو ئیحسانی کۆکردۆتەوە، بە شێوەیەك ئەگەر ئادەمیزاد پەیڕەوی ئەم فەرموودەیە بکەن خێرو خۆشی دەکەوێتە ناویان‌و هەموو تاکەکانی کۆمەڵ وەگری یەکتر دەبن‌و یەکیەتی‌و یەکسانی‌و خۆشەویستی دەکەوێتە ئاراوە. سەیر بکە چۆن قورئان بناغەی کۆمەڵی بەختەوەر دادەڕێژێ‌و شیرازەی لێ دەنێ! سەرەتا فەرمانیان پێ دەکا کە خودا بە تاك‌و تەنها بزانن‌و هاوبەشی بۆ دانەنێن، ئەمجار چاکە لەگەڵ باوك‌و دایکیان‌و خزم‌و کەس‌و کاریان بکەن. بەم جۆرە کۆمەڵ صالح دەبێ‌و خۆشەویستی لە نێویان دا بڵاو دەبێتەوە. چونکە کۆمەڵ پێکهاتووە لە چەند خێزانێك، ئەمجار پەروەردگار فەرمان دەکا بە چاکەکردن لەگەڵ هەتیوان چونکە ئەوان باوکیان لەکیس چووەو بەرێکەوت نەبێ دایکیان ناتوانێ بەخێویان بکا.

خۆ ئەگەر هەتیوی بێ باوك پاش گوێ بخرێ خوێڕی دەردەچێ‌و بوونی دەبێتە زەرەو زیان بۆ کۆمەڵ.

هەروەها پەروەردگار فەرمانی کردوە بە چاکەکردن لەگەڵ هاوسێی خزم‌و هاوسێی بێگانە، بەوەش خۆشەویستی لە گەڕەك‌و گوزەرا بڵاو دەبێتەوە هەمیشە پاڵپشی یەکتری دەبن لەسەر کاری خێر، ئەمجار پەروەردگار داوای کردوە کە چاکە لەگەڵ هاوڕێدا بکرێ جا چ هاوڕێی سەفەرو گەشت‌و گوزاربێ. یان هاوڕێی

خوێنــدنو فێربــوونو ئــیشو کــارو بازرگــانی بــێ، چــونکە چــاکەکردن لەگــەڵ ئەمانــەش ســەر دەکێــشێ بــۆ صــەداقەتی پتــەوو بــەرو بــوومی بــاش بەرهــەم دەهێندرێ.

ئەمجار پەروەردگار وەسیەتی کردوە بە چاکەکردن لەگەڵ رێبوارێك کە ماڵو دارایی فەوتابێو هێشتا نەگەیشتبێتەوە وڵاتی خۆی هەروەها داوای چاکەکردنی کردوە لەگەڵ ژێر دەستەی خۆیدا وەکوو بەندەو خزمەت کارو کارەکەر...تاد.

ســەیرکە چ خێــرو خۆشــییەك بــاڵ دەکێــشێ بەســەر ئــادەمیزددا هــەرکاتێ رەوشــتی چــاکەکاریو خێرخــوایی رەچــاو بکــەن، بێگومــان موســوڵمان هــەرکاتێ پــەیرەوی ئــەم فەرموودەیــە بکــەن دەتــوانن ئــەو شارســتانییەتە خەیاڵییــەی فەیلەسوفەکان بە خەیاڵ دروستیان کــردوە بیهێننــە کایــەوە ئــەو شارەســتانیەتەی کە ئیسلام لـە سـەرەتای پەیـدابوونیا تـەتبیقی کـردوو لـەژیانی کۆمـەڵی ئـسلامدا لەمەدینە پراوەی پێکردو – بەکردەوە – نەك بە قسە – بەکاری هێناوە.

خودا پەرستیی (التقوى)و خۆپاراستن لە گوناه:

تەقواو خۆپاراستن لـە گونـاە رەوشـتێکی بـەرزی موسـوڵمانییە، قورئـانی پـیرۆز کردوویـەتی بـە جەمـسەری بەیەکـەوە لکـانی نێـوان ئـادەمیزادو مـەخلووقاتی تـرو پتـەوکردنی نێـوان ئـادەمیزادو پـەروەردگار! بۆیـە دەبیـنین ئـەم وشـەی (تەقوایـە) بەشێوەی چـاوگ یـان بەشـێوەی تـر، لـە زۆر لـە ئایەتـەکانی قورئـان کـە لـە بـارەی ئـەخلاقو رەوشـتەوە، یـان لـە بـارەی کۆمەڵایەتییـەوە، دەدوێـن تێکەڵـکیش کـراوە، مەبەسـتی سـەرەکی لـە تـەقوا ئەوەیـە کـە ئـادەمیزاد خـۆ بپـارێزێ لـە شـتێك کـە پەروەردگاری عاجز بکا یان شتێك زەرەرو زیانی بۆ خۆی ببێ یان بۆ غەیری خۆی.

تەقوا لە بنـەمادا بـەمانای ئەوەیـە خـۆت بخەیـە پـەناگاوە، ئاشکراشـە نـەفس ناخەیە پەناگاوە تاترسی شتێکت نەبێ کـەوابوو ترسـی خـودا بناغەیـە بـۆ تـەقوا، ترسی خودا سەر دەکێشێ بۆ ناسینی خودا خۆشی.

خـودا پەرسـتان (تـەقواكاران) ئـەو كەسانەن كـە نەفـسی خۆیـان لـە سـزای خـودا دەپـارێزن لـە دونیـاو قیامەتـدا، هـەرگیز لـە سـنوری فەرمانـەكانی تێپـەڕ ناكـەن گـوێ رایەڵی ئەمرو ویستی ئەون‌و خۆیان دەپارێزن لـەو شـتانەی نـەهی لێ كـردوون‌و تـاوان‌و هەڵەیان بە ئەنقەست لێ رونادا. ئاشكراشە خودای مـەزن فـەرمان ناكا بەشـتێك خێـری تێدا نەبێ‌و (نەهی)یش لەشتێك ناكا زەرەری نەبێ.

شایانی باسە قورئان ئەو پەڕی گرنگی داوە بە خودا پەرستی‌و تەقواكاری، لـە زۆر شـوێندا فـەرمانی بـە تـەقواكردن كـردوە ڕێبـازی بـۆ خـۆش كـردوە، بەچـەند شێوازێكی جوێ جوێ مەردومی بۆ تەقواكاری هەڵناوە.

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ - سورة آل عمران – ١٠٢}.

واتە: ئەی خاوەن باوەڕان! تا دەتوانن تەقوای خـودا بكـەن‌و بـەردەوام لەسـەر ئایینی ئیسلام بن‌و لە ڕێبازی ئـەو ئایینـە لا مـەدەن بـۆ خـاتری ئـەوەی هـەركاتێ مردن گەییە سەرتان بە موسوڵمانی بمرن.

لەشوێنێكی تـردا قورئـان تـەقوای دانـاوە بـە پـارێزەری نـەفس لـە هەرشـتێك زەرەرو زیـانی بـۆی هـەبێ. هـەروەها دووری دەخاتـەوە لـەو شـتانەی كـە دەبنـە بەرهەڵستی ئـادەمیزادو نـاهێڵن بگاتـە ئامـانجی بـەرزو پـیرۆزی ئـەوتۆ كـە لاشـەو گیانی ئارایشت دەدەن. بۆیـەكا پـەروەردگار وەسـفی تـەقواكارانی كـردوە بـەوە كـە ئەوان رازاونەوە بەڕەوشتی بەرزی ئینسانی.

{لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَـكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّآئِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاء والضَّرَّاء وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَـئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَـئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ-سورة البقرة – ١٧٧}.

واتــە: چاکە بریتــی نییــە لــەوە کــە ئێــوە ڕوبکەنــە ڕۆژهــەڵات یــان ڕۆژ ئــاوا، بەڵکوو چاکە چاکەی کەسێکە بــڕوای بــە خــودا هــەبێ، بــڕوای بــە ڕۆژی دوایــیو فریشتەو نامــە ئاسمانییــەکانو پێغەمبــەران هــەبێ! هــەروەها مــاڵو دارایــی خــۆی ببەخــشێ – لەگــەڵ ئــەوەی کــە خۆشــی ئــەوێ –و پێویــستی پێیــەتی بــە خــزمو کــەسو کــارو هــەتیوانو بــێ نــەوایانو ڕێبــوارانو سواڵــکەران، هــەروەها داڵــدەی بەندەکان بــدا بــۆ ئازادیــانو ڕزگاربونیــان لــە کۆیلایــەتی! هــەروەها نوێــژ بکــاتو زەکات بــدا.

هەروەها ئەوانەی کە پەیمان دەدەنو پابەندی پەیمانەکەیان دەبن. ئەوانــەش کە خۆڕاگرن لــەکاتی تــەنگــو چــەڵەمەو نەخۆشــیو دەمــی جــەنگــو هــەرا لەگــەڵ دوژمنــی ئاینــدا، جــا ئەوانــەی کــە ئەمــە خــوو ڕەووشــتیان بــێ ئەوانــە مرۆڤــی ڕاستاڵو خوا پەرستن ڕاست گۆبوون لــەبیرو باوەڕیانــدا هــەر ئــەوانیش پارێزگــارو تەقواکارن پەروەردگار وەسفی بە تەقواکار کردوون.

جا وەنەبێ تەقوا لە قورئاندا بریتی بــێ لــەو ڕەوشــتانەی بــاس، گــرانو بــەس بەڵکوو چەند ڕەوشتێکی تریش هەن کە تەقوا دەیانگرێتەوە. وەکوو دادپــەروەری (عەداڵەت) خودای پەروەردگار دەفەرموێ:

{اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى - سورة المائدة – ٨}.

واتە: دادپەروەرو عەداڵەت کردار بن چــونکە دادپــەروەری نــزیکترین ڕەوشــتە لە تەقواکاری.

ڕەوشتێکی تری تەقواکردن لێبوردنو عەفوکردنە، خودا دەفەرموێ:

{وَأَن تَعْفُواْ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى - سورة البقرة – ٢٣٧}.

واتە: واز لە مافی خــۆت بێنــیو بەرامبەرەکــەت عــەفو بکــەی ئــەم هەڵوێــستە ڕەوشتێکی بەرزەو داخڵی تەقوا دەبێ نزیکترە بۆ پارێزگــاری ئــەو ســنوورەی خــودا دایناوە.

ڕەوشتێکی تر لە تەقواکاری بەردەوام بونە لەسەر کاری خێرو خۆڕاگرییە لەسەر وەعدو پەیمانو رێککەوتننامە لەگەڵ دوژمندا خودا دەفەرموێ:

{فَمَا اسْتَقَامُواْ لَكُمْ فَاسْتَقِيمُواْ لَهُمْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ-سورة التوبة/٧}.

واتە: هەتا ئەوان -دوژمنانتان- وەفا بەعەهدو پەیمانی خۆیان بکەنو رێککەوتننامەکە پێشێل نەکەن ئێوەش وەفا بە عەهدەکە بکەن، چونکە ڕاگرتنی عەهدو پەیمان بەشێکە لە تەقواکاری، خوداش تەقواکارانی خۆش دەوێن.

بەروبوومی تەقواو خودا پەرستی:

قورئانی پیرۆز ئەوە دەگەیەنێ کە تەقوا مرۆڤ دەخاتە ناو قەڵای ئەمنو ئاسایشی رۆژی قیامەتەوە لە ژیانی دونیاشدا یارمەتدەرو بەهانا هاتووی دەبێ.

{أَلا إِنَّ أَوْلِيَاء اللّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ، لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ لاَ تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ - سورة يونس – ٦٣-٦٤}.

واتە: هۆشیاروبن موسوڵمانانو خوا پەرستان ئەوانەی بەرگرییان لە ئایینی خودا کردوە لە رۆژی قیامەتدا هیچ ترسو بیمێکیان نییەو غەمو نارەحەتی روویان تێ ناکا... ئەو موسوڵمانانەی ئەوتۆ کە ئیمانیان بەخوداو پێغەمبەر هێناوەو تەقواو خۆ پارێزییان لە عەزابی خودا کردوە ئەوانە لە ژیانی دونیاو قیامەتدا مزگێنی ئەمنو ئاسایشیان پی دەدرێو دڵنیا دەکرێن.

بەشێکی تر لە بەروبوومی تەقواکاری پاداشی هەرە گەورەی بەهەشتەو گەیشتنی بە ئارەزوو نیعمەتی ئەو دونیایە.!

{لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ-سورة آل عمران/١٥}.

واتە: هەیە بۆ ئەوانەی تەقوای خودایان کردوەو خودا پەرست بوون، چەند باخو باخاتێك کە لە ژێریانەوە جۆگەو جۆبار دەکشێن.

بەشێکی تر لە بەرو بوومی تەقوا وەدەسهێنانی رەحمەتی خودایە.

{وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ - سورة الأعراف – ١٥٦}.

واتە: ڕەحمەتو سۆزم بەشی هەموو کەس دەکا، ئەم ڕەحمەتە فراوانە تەرخان دەکەم بۆ ئەوانەی تەقوای خودا دەکەن زەکاتی ماڵو دارایی خۆیان بەرێكو پێکی دەردەکەن، ئەوانەی کە بڕوایان بە نیشانەکانی خودایەتی ئێمە هێناوەو گەردنکەچی فەرمانمانن.

لە شوێنێکی تردا قورئان تەقوا دەکاتە هۆی لاچوونی غەمو ناڕەحەتیو شی کردنەوەی گرێ کوێرکەی ژیانو حەلکردنی موشکیلەو دەفەرموێ:

{وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا، وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ - سورة الطلاق – ٢-٣}.

واتە: کەسێك تەقوای خودا بکا خودا لە زۆر موشکیلەو تەنگو چەڵەمە ڕەهای دەکاو ڕزقو ڕۆزیشی دەداتێ بە جۆرێك کە ئەوشتە دەبێتە هۆی بژێوی ئەو. یان دەفەرموێ:

{وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا - سورة الطلاق – ٤}.

کەسێك تەقوای خودا بکا خودا بە لوتفی خۆی ئیشو کاری بۆ دەسازێنێ.

لە شوێنێکی تردا خودای مەزن لە سۆنگەی ڕانواندنی یارمەتیو کۆمەگ پێکردنی خۆی بۆ خودا پەرستان دەفەرموێ:

{إِنَّ الأَرْضَ لِلّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَاء مِنْ عِبَادِهِ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ - سورة الأعراف – ١٢٨}.

واتە: زەوی هەمووی هی خودایەو موڵکی خۆیەتی بە ئارەزۆی خۆی دەیدا بەو بەندانەی شیاوی بن سەرەنجامی خۆشیو خۆشبەختیش بۆ تەقواکارانە. لە شوێنێکی تردا بە مەبەستی هۆشیار کردنەوەی دڵو دەروون دەفەرموێ:

{يِا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إَن تَتَّقُواْ اللّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَاناً-سورة الأنفال/٢٩}.

ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هەیە! ئەگەر تەقوای خودا بکەنو پارێزگاری سنورەکانی بکەن خودا لە پاداشی ئەو هەڵوێستەتاندا چاوی دڵتان ڕۆشن دەکاتەوە

چاکەو خراپە لێك جیا دەکەنەوە زەرەرو زیانی خۆتان دەزانن‌و دڵ هۆشیارو چاو کراوە دەبن. کەوابوو بەرو بوومی تەقوا بریتییە لە بینایی چاوی دڵ‌و هۆشمەندی بەجۆرێك کە بە تەواوی حەق‌و ناحەق لێك جیابکاتەوە، ڕاست‌و چەوت دەستنیشان بکاو ڕێگای ڕزگاری‌و سەرفرازی هەڵبژێرێ ئا ئەوەیە تەقواو، ئەوانەیە ڕەوشتی تەقواکاران‌و بەرو بوومی لەناو کۆمەڵدا سودو خێرو بێری بۆ تاك‌و کۆمەڵ.

کەوابوو سەیر نییە کە قورئانی پیرۆز ئەو هەموو گرنگییە بدا بە تەقواو تەقواکاری ئەو هەموو بانگەوازییە جۆراو جۆرەو بەڵێنانەی بۆ هەڵدا.

{وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى - سورة البقرة - ١٩٧}.

واتە: تێشوو هەڵگرن بۆ دواڕۆژتان چونکە بەڕاستی باشترین تێشوو پاشەکەوت تەقواو تەقواکاریە.

خۆ ئەگەر ئادەمیزادی ئەمڕۆ تەقواناس بونایەو بیانزانیایە سوودی تەقوا چییەو چی نیەو پێویستی سەرشانی خۆیان بەرامبەر بە تەقوا ئەنجام بدایە بێگومان ئاگری شەڕو ئاژاوە دەکوژایەوەو سەلام‌و ئەمن‌و ئاسایش باڵی پیرۆزی بەسەر زەویدا دەکێشا.

صەبرو خۆڕاگری (الصبر):

صەبرو دان بەخۆدا گرتن بەشێکە لە ڕەوشتی بەرزو هەناسەیەکی گیانییەو کزەبایەکی فێنکی بەرەبەیانە، موسوڵمان خۆی بەردەداو لێی هەڵدەمژێ تا ئازاری ناخۆشی لێ سووك بکاو ئارامی‌و دڵنیایی بخاتە دڵیەوەو ببێتە مەرهەمی سەربڕینی، ئێش‌و ئازاری لێ دووربخاتەوە.

مرۆڤی خاوەن صەبرو ئارام بە دڵنیاییەوە بەرەنگاری تەنگ‌و چەڵەمەی ژیان دەبێتەوەو بە دڵێکی فراوانەوە وەریان دەگرێ‌و پێی وایە ئەم ناخۆشییانەی ژیانی ئامێری تاقیکردنەوەن‌و لە خواوەیەو ویستی ئەوی لەسەرە!

هەر کاتێکیش ئێمە بە وردی سەیری بەڵاو موصیبەت بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە حیکمەتێکی یەزدانییە، ئەم ناخۆشیانەی ئاراستەی ئێمەیان دەکا مەبەستێکی خوداییە. جا مرۆڤی نەزانو نەفام خۆی بۆ ڕاناگیرێو دەست دەکا بە ئاخو ئۆفو سکاڵاو ناشوکری، بەڵام ئینسانی عاقڵو هۆشیارو خۆڕاگرو بەصەبر چاوەڕوانی خێرو خۆشییەو پێی وایە ئەوە تاقیکردنەوەیەو خودا خۆشی دەوێ!!

ئەگەر صەبرو ئارامی نەبوایە هەرگیز دڵی ئادەمیزاد خۆی بۆ بەڵاو موصیبەت ڕانەدەگرتو لە بەرامبەر ڕوداوی ڕۆژگاردا کۆڵەوار دەبوو، جۆش دادەماو نەیدەتوانی لەگەڵ ژیانا ڕێڕەو بکاو دەبووە ئەندامێکی خراپو بێ سوودو هەموو ڕەوشتێکی جوانو بەرزی پێشێل دەکرد ژیانی لەخۆیو کۆمەڵی تاڵ دەکرد!!

بەڵێ دەتوانین بڵێین صەبر پەردەو جیاکەرەوەیە لە نێوان ژیانی ماددیو ژیانی ڕۆحی، بۆیە قورئانی پیرۆز گرینگی بەصەبر داوەو مەدحی کردوەو لە پلەی بەرز کردۆتەوەو ڕێزی لە ئارامگران ناوە؟! تەنانەت نزیکەی حەفتا جار لە قورئاندا باسی صەبرو پلەی صابیران کراوە، ئەو گرنگیەی بە ڕەوشتی صەبری داوە بەهیچ ڕەوشتێکی تری نەداوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە صیفەتی صەبر زۆر گرنگەو بناغەی زۆر ڕەوشتی ترەو بەڵکوو کانو ماکی هەموو ڕەوشتە بەرزەکانە، چونکە مەلەکەی خێرو باشی لە دەروونەدا دەخولقێنێو هەموو ڕەوشتێکی تر پێویستی پێیەتی، بۆ نموونە شەجاعەتو ئازایی بریتییە لە صەبر گرتن لەسەر ناخۆشی ترسو بیمی شەڕو پێکادان. داوێنپاکی بریتییە لە صەبر گرتن لە بەرامبەر ئەو شتانەی دەبنە هۆی هەڵچوون. شاردنەوەی قسەو باسو پارێزگاری نهێنی بریتییە لە صەبر گرتن لەسەر بڵاونەکردنەوەی ئەو نهێنییانەی کە پێویستە نهێنی بن!! لەبەر ئەوە خودای مەزن خاوەن صەبرو ئارامەکانی خۆش دەوێنو لە قورئاندا بەڵێنی پێ داونو بەیانی کردوە کە ئەوان لە دونیاو قیامەتدا بەهرەمەند دەبنو ڕەحمەتی خودایان بەسەردا دەڕژێ!!

{إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ - سورة الزمر – ١٠}.

واتە: خاوەن صەبرو ئارامگرەکان پاداشی باشی تەواوی خۆیان بەبێ شومار دەدرێ پێیان.

{وَلَنَجْزِيَنَّ الَّذِينَ صَبَرُواْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ-سورة النحل/٩٦}.

واتە: هە کردەوەیەکی خاوەن صەبرەکان گەورە بێ یان بچووك، وەکوو باشترین کردەوەیان پاداشی چاکیان دەدەینەوە.

{وَجَزَاهُم بِمَا صَبَرُوا جَنَّةً وَحَرِيرًا - سورة الإنسان -١٢}.

واتە: خودای گەورە پاداشی گەورەیان دەداتەوە لەسەر ئەو صەبرو خۆگریەیانو بەهەشتی بەرینیان دەداتیو لەو بەهەشتەدا بەرگی نەرمو نۆڵو ئاوریشم دەپۆشن. زیاد لەوەش خۆڕاگرو خاوەن صەبرەکان هەمیشە لە خوداوە یارمەتی دەدرێن، قورئان دەفەرموێ:

{وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ - سورة الأنفال – ٤٦}.

واتە: بەصەبرو ئارامو خۆڕاگرو لەخۆبردوو بن چونکە خودا هەمیشە لەگەڵ خۆڕاگرانە، نەك هەر ئەوەندەو بەس!! بەڵکوو پەروەردگار خاوەن صەبرو خۆڕاگرانی تەخویل کردوە کە ببنە پیشەوای ئادەمیزادو بەرەو ڕێگای نەجات ڕاکێشیان بکەن، ئەوەتا پەروەردگار دەربارەی نەوەی ئیسرائیل دەفەرموێ:

{وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ سورة السجدة – ٢٤}.

واتە: ئێمە لەو خودا ناسانەی بەنی ئیسرائیل بڕێکمان کردون بە پێشەواو ڕێ پێشاندەری خەڵك بەپێی فەرمانو ویستی ئێمە خەڵك شارەزا دەکەن، چونکە خۆڕاگرو بەصەبر بوون بڕوایان بە نیشانەکانی خودایەتی ئێمە هەبووە لە شوێنێکی تردا پەروەردگار ئەوەمان پێ دەفەرموێ: کە صەبر ڕەوشتێکی بەرزو گرنگی وەهایە پێویستە هەموو موسوڵمانێك خۆی پێی برازێنێتەوەو بیکاتە ڕەوشتی هەمیشەیی بۆ خۆی:

{وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الأُمُورِ - سورة آل عمران – ١٨٦}.

لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار مەدحی ئەیوب پێغەمبەری کردووەو بە بەندەی باشی خۆی حسێب کرووە چونکە صیفەتی صەبری تێدا بووەو فەرموویەتی:

{إِنَّا وَجَدْنَاهُ صَابِرًا نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ - سورة ص – ٤٤}.

ئەیوب پێغەمبەر دەری خست کە خۆڕاگرو بەصەبرو ئارامەو بەندەو خوداپەرستێکی باشە.

شایانی باسە ئەو صەبرە کە قورئان بانگەوازی بۆ کردووەو خەڵك هەڵدەنێ بۆی، بریتییە لە خوپێوەگرتنی خۆڕاگری لە بەرامبەر ئێش‌و ئازارو ئەشکەنجەو ناخۆشیدا، لە پێناو پاڵپشتی کردنی حەق‌و ڕاستیدا یان لابردنی ڕەوێتی پڕو پوچ‌و داب‌و نەرێتی بەتاڵدا، تەحەموولکردنی ئەزییەتی هاوڕێ‌و جیران‌و کەس‌و کار یان ئەرکی هەڵگرتنی ناخۆشی ژیان بەهۆی هەژاری‌و نەخۆشی‌و کۆست کەوتوویی‌و خۆشەویست لە دەستدان.

خودا بانگەوازی موسوڵمانانی کردوە بۆ خۆڕاگری لە مەیدانی جەنگ‌و جیهانداو دەفەرموێ:

{فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلاَّ مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُواْ مِنْهُ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنْهُمْ فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ قَالُواْ لاَ طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنودِهِ قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاَقُو اللّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللّهِ وَاللّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ - سورة البقرة – ٢٤٩}.

واتە: پیاو خاسە سەر دەستەکانیان کە باوەڕی تەواویان وابوو: زوو یا درەنگ دەچنەوە بەر دیوانی خودا فەرموویانە: سەرکەوتن بەخودایە، بە زۆری‌و کەمی نییە ئای چەندین کۆمەڵەی کەم، بە فەرمانی خودا سەکەوتوون بەسەر کۆمەڵەی زۆردا، خودایش هەمیشە لەگەڵ کۆمەڵەی خاوەن صەبرە.

لە شوێنێکی تردا دەربارەی تەحەممولکردنی ئەزییەتی خەڵکی دەفەرموێ:

{وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّابِرِينَ - سورة النحل – ١٢٦}.

واتــە: ئەگــەر دنیــا بــوو تۆڵــەی تاوانێکتــان لــە تاوانکــارێ ســەند، ئــەوە دەبــێ بەقــەدەر تاوانەکــەی تۆڵــەی لێ بــسەنن‌و بــەس، خــۆ ئەگــەر چاوپۆشــی لێ بکــەن‌و لەبەر باری خودادا صەبر بگرن ئەوە چاکەیەکی گەورەیەو دەبێ بـە مـاڵی خـاوەن صەبرەکان‌و شایانی پلەی صابیران.

دەربارەی بەردەوام بوون لەسەر عیبادەتکردن دەفەرموێ:

{فَاعْبُدْهُ وَاصْطَبِرْ لِعِبَادَتِهِ - سورة مريم – ٦٥}.

واتــە: ئــەی خۆشەویــست! ئــەی موحەممــەد! ســەرگەرمی پەرســتنی خــودای خۆتبە، خۆت رابگرە لەبەر ئەرکی بەندەیی خودادا.

{وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا - سورة طه – ١٣٢}.

ئەی موحەممــەد ئامۆژگــاری کەســوکاری خــۆت بکــە کــە ئاگــاداری نوێــژ بکــەن‌و بەجوانی جێبەجێی بکەن‌و لەسەر ئەرکی بەردەوامی کردنی ئارام بگرە!!

دەربارەی خۆڕاگرتن لە کاتی بەڵاو موسیبەتدا دەفەرموێ:

{وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوفْ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الأَمَوَالِ وَالأنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ، الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعونَ، أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ - سـورة البقـرة – ١٥٥-١٥٧}.

واتــە: بێگومــان تاقیتــان دەکەینــەوە بــە کــەمێك تــرس‌و برســێتی‌و کــەم بوونەوەی سەرو ماڵو بەروبوم کە بـەھۆی دەربـەدەری‌و بـێ بـارانی‌و مـاڵوێرانی‌و جـەنگ‌و شـەڕو شـۆڕەوە دێتـەڕێتان، جـا مـوژدە بـدە بـەو کەسـانەی خـۆڕاگرن‌و لەبەرامبـەر تەنگانـەی ڕۆژگـاردا بـە پـشوون، ئـەو خۆڕاگرانـەی ئـەوتۆ کـە توشـی سـەختی‌و ناخۆشـییەك دەبـن خێـرا خودایـان وەبـیر دێتـەوەو پـڕ بـەدەم ھـاوار

دەکەن‌و دەڵێن: (إنا لله وإنا إليه راجعون) ئێمە هەموومان بە ویستی خودا هاتووینە کۆڕی ژیانەوەو هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە. ئەوانە دروردو بەخشش‌و رەحمەتی خودای خۆیانیان لەسەرە هەرگیز بەخەم‌و خەفەتی زۆر دڵ تەنگ نابن‌و هەر ئەوانن کە رێگای راستی ژیانیان دۆزیوەتەوە، تێگەیشتوون کە هەموو شتێك بەگوێرەی ویست‌و یاسایەکی تایبەتی دێتە کایەوە!!

لەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار خۆڕاگرانی تایبەت کردوە بەسێ جائیزە کە هەر بۆ ئەوان دانراوەو نادرێ بە کەسی تر:

١- بەخششی خودا بۆیان لە دونیاو قیامەتدا.

٢- رەحمەتی تایبەتی خودایی کە پاڵپشتیان دەکا لەکاتی تێوەگلانی ناخۆشییەکەدا.

٣- صیفەتی هیدایەت‌و شارەزایی کە لەکاتی موصیبەت‌و ناخۆشییەکەدا چۆن رەفتار بکەن‌و چ بکەن‌و چ نەکەن! بۆ ئەوەی ئاخ‌و ئۆف زاڵ نەبێ بەسەر دڵ‌و دەروونیانداو بەڵاکە ئومێد بڕاویان نەکا!!.

لێبوردن و چاوپۆشی (العفو):

لێبوردن رەوشتێکی پەسەندکراوی ئەوتۆیە کە دەبێتە هۆی رازاندنەوەی ئادەمیزاد، چونکە ئەم رەوشتە هەر لە دڵ‌و دەروونی گەورەدا جێگای دەبێتەوەو هەر لای هۆشمەندان دەست دەکەوێ، رەوشتی کەسێك کە خۆشەویست راگربێ بەرامبەر ئازاری خەڵك. بێگومان دەست درێژیکردنی خەڵك بۆ سەر یەکێکی وەك مەمانان هەر لەلایەن دەروون ناساغێکەوە دەبێ کە شەڕو دژ بە مرۆڤی لێی بووبێتە ژەنگێك‌و دڵ‌و دەروونی داپۆشیبێ‌و چاوی بینینی راستەڕێی لێ گوێر کردبێ، کەوابوو شایانی شانی ئێمەیە بەرامبەر بەم دڵ نەخۆشە رەوشتی لێبوردن بەکار بێنین‌و بەدڵێکی فراوانەوە بەرەنگاری سەرچڵی‌و بێ عەقڵی ئەو ببینەوە.

ئێمە زۆر جار هەڵە دەکەین و پێویستیمان بە لێبوردن و چاوپۆشی لێکردن هەیە، جا ئەگەر ئێمە لێخۆشبوونمان نەبێ بەرامبەر ئەوانەی خراپەمان لەگەڵ دەکەن هەڵبەتە کەسانی دیکەش لە ئێمە خۆش نابن. ئەگەر ویستمان تۆڵە لە دەستدرێژیکەر بستێنن با چاکەکردن لەگەڵیا بکەین بەتۆڵەستاندن بێگومان هەموو کاتێ ئەم هەڵوێستە پەسەند نییە چونکە زۆر جار چاکەکردن لە بەرامبەر خراپەی خراپەکاردا دەبێتە هۆی ئەوە کە رق و کینە لە دڵی دەستدرێژیکەر دەربێنێ و سەرسامی بکاو لە گومڕایی خۆی بگەڕێتەوە، بوغزو کینەی بێتە خۆشەویستی و واز لە دەستدرێژی کردن بێنێ.. هەر لەبەر ئەمەشە پەروەردگار لە زۆر شوێنی قورئاندا مەدح و سەنای عەفوولێبوردنی کردووەو دەفەرموێ:

{وَإِن تَعْفُوا وَتَصْفَحُوا وَتَغْفِرُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ - سورة التغابن – ١٤}.

واتە: ئەگەر ئێوە لە هەڵەی خراپەکاران ببورن و چاوپۆشییان لێ بکەن و لێیان خۆش بن ئەوە کارێکی گەلێك باشەو خودا زۆری پێ خۆشە، بێگومان پەروەردگار بۆ خۆشی لێخۆشبوو میهرەبانەو لێبوردنی زۆر زۆرترە لە تۆڵەستاندنی!!

لە شوێنێکی تردا قورئان وەصفی موسوڵمانانی راستگۆو راستاڵی بەوە کردوە کە بەچاکە کردن وەڵامی خراپەکاران دەدەنەوەو دەفەرموێ:

{وَيَدْرَؤُونَ بِالْحَسَنَةِ السَّيِّئَةَ أُوْلَئِكَ لَهُمْ عُقْبَى الدَّارِ - سورة الرعد – ٢٢}.

واتە: سەرەڕای ئەوانەیش رەوشتێکی بەرزی تریان هەیە کە ئەمەیە پاداشی خراپە بە چاکە دەدەنەوەو لەجێی خار گوڵ دەنێژن. هەروا پەروەردگار بانگەوازی ئادەمیزادی کردوە کە لە بەرامبەر خراپەو خراپەکاریی کەسانێکدا کە شەڕخوازن چاکەو بارقوڵی بەکار بێنن، چونکە ئەو جۆرە هەڵوێستە دەبێتە هۆی ریشەکێشکردنی دژایەتی و چاندنی تۆوی خۆشەویستی لە شوێنیدا.

{وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ - سورة فصلت – ٣٤}.

واتە: هەرگیز چاكەو خراپە وەكوو یەك نینو نابێ بەیەك چاو سەیریان بكرێ چۆن گوڵو گول یەكسان دەبن!!. تا بۆشتەدەكرێ بە كرداری چاكە بەرامبەری خراپەكاریی بكە، كاتێ واتكرد ئەو كەسەی كە لە نێوان ئەتۆو ئەودا دژایەتیو ناحەزی هەیە دەبێتە دۆستی گیانی بەگیانی تۆ.

جا لەبەر ئەوەی كەسانێكی دەروون نەخۆش هەنو بەسروشت خراپەكارییان تێدا ڕواوە، ئایینی ئیسلام بۆ بنەبڕكردنی خراپەكردنی ئەو جۆرە كەسانە یاسای تۆڵەساندنی بە ئەندازەی داناوەو داوای كردوە كە لە قالبێكی وێ چوی مەعقوولدا تۆڵە بەقەدەر گوناە بستێندرێتەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی عەفوو سەرفەنەزەری پارسەنگ داوەتەوەو ئەمەیانی بەلاوە پەسەندە، وەكوو قورئان دەفەرموێ:

{وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّابِرينَ - سورة النحل – ١٢٦}.

واتە: ئەگەر سزای خراپەكارانتان دایەوە بە ئەندازەی تاوانو خراپەكارییەكەیان سزایان بدەنەوە نەچن زیادە ڕەوی بكەن، خۆئەگەر صەبرو بێو ددان بە خۆتانا بگرنو تۆڵەكە نەسێننەوە ئەوە ئەو هەڵوێستە زۆر باشە بۆ خاوەن صەبرو خۆڕاگرەكان!! لەشوێنێكی تردا دەفەرموێ:

{وَجَزَاء سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ، وَلَمَنِ انتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِ فَأُوْلَئِكَ مَا عَلَيْهِم مِّن سَبِيلٍ، إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ أُوْلَئِكَ لَهُم عَذَابٌ أَلِيمٌ، وَلَمَن صَبَرَ وَغَفَرَ إِنَّ ذَلِكَ لَمِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ-سورة الشورى – ٤٠-٤٣}.

واتە: پاداشی خراپە خراپەیەكە وەك خۆی، وەلێ ئەگەر كەسێ پیاوەتی بكاو برای ئاشتی بێو تۆڵەی نەستاندەوەو لە دەستدرێژیكەر خۆش بوو، ئەوە پاداشی

باشی ئەو هەڵوێستە مەردانەی دەکەوێتە سەر خودا، بێگومان خودا رووی ڕەحمەتی لە زاڵم و ستەمکاران نییەو خۆشی ناوێن و ڕقی لە کردارو ڕفتاریانە، ئیتر چ ئەوانەیان کە لەسەرەتاوە دەستدرێژی دەکەن و چ ئەوانەی کە لەکاتی هەقکردنەوەو تۆڵەکردنەوە زیادەڕەوی دەکەن.

بێگومان کەسێکیش کەستەمکار زۆرو ستەمی لێکردو دوایی توانی حەقی خۆی بستێنێ ئەوە گلەیی لێ ناکرێ و لەبەر ئەوە سزای نادرێ چونکە تۆڵەی خۆی کردۆتەوە، چونکە تۆڵە لە کەسانێ دەستێنرێ کە بە نارەوا زوڵم و ستەم لە خەڵکی بێ تاوان دەکەن. بە ناحەق دەستدرێژی بۆ سەر ماڵ و ناموسی خەڵکی ئەنجام دەدەن، ئەم تاوانبارانە لە هەردوو جیهاندا سزایەکی سەختیان بۆ هەیە. وەکوو تیۆرێکی گشتیش ئەگەر کەسێ صەبر بکا لەسەر ئێش و ئازارو لێبوردن و چاوپۆشی هەبێ و چاوی لەتۆڵەسەندن نەبێ و بۆ ڕەزای خوداو بۆ بەرژەوەندی گشتی (نەك لەبەر بێ دەسەڵاتی) واز لە تۆڵە سەندن بێنێ، بێگومان کاری وا پەسەند لەو کەسانەوە لەو کارە گرنگانەیە کە خودا گرنگی داوە بە کردنیان!!

خوێنەری خۆشەویست! ئەوەی کە گوترا داب و ڕەسمی ئایینی ئیسلامە، دەربارەی عەفوو لێبوردن و سەرفەنەزەرکردن و میانەڕەوی بەکاری هێناوە. بەڵام ئایینی مەسیحی هەر بەتەواوی عەفوی پەسەندکردوەو لە هەموو بارو دۆخێکدا بەجوان و مەعقوولی زانیوەو بەبێ قەیدو شەرت بانگەوازی خەڵکی بۆ کردوە.

لە ئیصحاحی پێنجەمی ئینجیلی مەتێ ژمارە (٣٨)دا هاتووە دەڵێ: (بێگومان بیستوتانە کە گوتراوە چاو لە جیاتی چاو هەڵدەکۆڵەرێ ددان لەباتی ددان دەدردێندرێ! (٣٩) بەڵام من پێتان دەڵێم هەرگیز دەست مەهێنە بەردەستی خراپەکار بەڵکوو ئەگەر کەسێك شەپلاغەی لە ڕومەتی ڕاستت دا خێرا ڕومەتی چەپی بۆ ئامادە بکە، ئەگەر کەسێك ویستی کێشەو نیزاعت لەگەڵ بکاو کراسی بەرت لێ بستێنێ تۆ سەرباری کراس کەواکەشی بدەرێ، بیستووتانە کە گوتراوە: دۆستت خۆش بوێ و دوژمنت بدزێ، بەڵام من پێتان دەڵێم دوژمنتان خۆش بوێ و چاکە بکەن لەگەڵ کەسێك کە ئێوەی ناخۆش دەوێ، هەر کەسێك ئازارتان بداو

بتانچەوسێنێتەوە ئێوە پاداشی باشی بدەنەوە نویژی ئاشتی لەبەر خاتری بکەن. جارێك لێکۆڵەرەوەیەکی ئەمریکایی پرسیاری لە زانای بەناوبانگ شێخ مەحمودی شاڵ کردو پێی گوت: ئایینی مەسیحی لە ئایینی ئیسلام زیاتر چاوپۆشی تێدایە؟ ئەوە نییە دەڵێ کە یەکێك شاپلاغەیەکی لە رووەتی راستت دا خێرا رومەتی چەپی بۆ ئامادە بکە؟ کەچی ئایینی ئیسلام یەکەمجار تۆڵەی داناوە ئەمجار لێوبردنو لێخۆشبوونی چەسپاندووە!

مامۆستا شێخ موحەممەد لە وەڵامدا فەرمووی: ئەوەی کە ئایینی ئیسلام بانگەوازی بۆ کردوە شتێکی سروشتییەو لەگەڵ واقیعدا دەگونجێ، بەڵکوو زیادەڕوی ناکەم ئەگەر بڵێم ئیسلام لەم بارەوە زۆر زیاتر گیانی لێوبردوویی تێدایە چونکە کاتێك مافی تۆڵەساندنەوەی دا بە زۆرلێکراو ئەوە راستەوخۆ ئارامییەکی دەروونی دەدا بە زۆرلێکراوەکەو ئەوەی بۆ ڕون دەکاتەوە کە هێزێکی باڵا هەیە پاڵپشتی حەق دەکا.

جا کاتێك ئەم راستییەی بۆ چەسپاندو تێی گەیاند کە دەتوانێ تۆڵە وەرگرێتەوە، ئەمجار داوای لێ کردوە کە سیلاحی لێبوردن بە کاربێنێ، گومانیشی تێدا نییە مرۆڤ کە لەگەڵ توانادا بەخشینی بەکار هێنا بەخشینەکەی رەحمەتو پیاوەتی تێدایە، بەلام کە هەر لەسەرەتاوە داوای لێبوردنی لێ بکەینو مافی تۆڵەساندنی نەدەینێ (وەکوو لە ئایینی مەسیحیدا هەیە) ئەگەر لێخۆشبوونەکەش ئەنجام بدا بە نابەدڵیو لوتەلایی دەبێ، چونکە لێخۆشبوونی زەبوونییە نەك لێخۆشبوونی هێزو توانا.

لێخۆشبوون بەو گوێرەی ئیسلام دایناوە زۆر جار سەر دەکێشێ بۆ دۆستایەتیەکی بەهێز لە نێوان ناحەزاندا چونکە دەستدرێژیکەر کاتێك دەبینێ زۆر لێکراو دەسەڵاتی تۆڵەشی هەیەو عەفووی دەکا ئەم عەفوکردنە تەئسیرێکی نەفسی بەهێزی هەیەو کارێکی وای تێ دەکا دەیەوێ زۆر لێکراو رازی بکاو ئاساری دەستدرێژییەکەی لەدڵدا بشواتەوە..!!

راستگۆیی و دیاردەکانی (الصدق ومظاهره):

هیچ رەوشتێك نیە بتوانێ ئارامی بۆ کۆمەڵ دابین بکا وەکوو ئەو هێدیو ئارامییەی راستگۆیی دەیخاتە ناو کۆمەڵەوە! لەبەر ئەوە راستگۆیی دانراوە بە یەکێ لەو بناغە پتەوانەی کە بینای کۆمەڵی لەسەر دروست دەکرێ و کراوە بە عینوان و دیاردەی پێشکەوتنی کۆمەڵانی ئادەمیزاد... هەر کاتێکیش ئەم رەوشتە لەناو کۆمەڵا نەماو پێشێل کرا گیانی هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتریان لەناودا نامێنێ، بێ بڕواییان تێدا بڵاو دەبێتەوەو متمانە بە یەکتری ناکەن.

بێگومان راستگۆیی پێویستییەکە لە پێویستییەکانی کۆمەڵ، دەشێ زۆر گرنگی پێ بدرێ! لە ماڵ لە قوتابخانە لەکارگەو دائیرەو بازاڕدا لە هەموو شوێنێك بە هەموو جۆرێك هەوڵی بڵاوبوونەوی بدرێ، خەڵکی پێ ئاشنا بکرێ چونکە خێرو بێری زۆری لێ پەیدا دەبێ، خاوەن ماف بە مافی خۆی دەگات مەردووم بە یەکتری متمانە پەیدا دەکەن و بڕوایان بە یەکتر پتەو دەبێ، بۆیە پەروەردگار بانگەوازی موسوڵمانانی کردوە کە هەردەم بەم رەوشتە جوانە خێر ئامێزە خۆیان برازێننەوە!!

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا -سورة الأحزاب/٧٠}.

ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هەیەو خۆتان بە خاوەن باوەڕ دەزانن تەقوای خودا بکەن و لەگەڵ راستگۆیان دا بن و هەمیشە قسەی راست و حەق ئامێز بکەن!!

پێغەمبەری مەزن و خۆشەویستیش لەسەر رێبازی قورئان بانگەوازی بۆ راستگۆیی کردوەو فەرمویەتی:-

« عَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى الْبِرِّ وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِي إِلَى الْجَنَّةِ وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَصْدُقُ وَيَتَحَرَّى الصِّدْقَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ صِدِّيقًا وَإِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ فَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الْفُجُورِ وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِي إِلَى النَّارِ وَمَا يَزَالُ الرَّجُلُ يَكْذِبُ وَيَتَحَرَّى الْكَذِبَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ كَذَّابًا. رواه مسلم ».

واتە: ئەی گرۆهی موسوڵمانان زۆر سوربن لەسەر راستگۆیی و هەمیشە بیکەن بە رەوشتی خۆتان چونکە راستگۆیی سەر دەکێشێ بۆ چاکەکاری سەر

دەكێشێ بۆ چونە بەهەشت دەخیلتان بم خۆتان بپارێزن لە درۆ، چونكە درۆ سەردەكێشێ بۆ خراپەكاری، خراپەكاریش دەبێتە هۆی سوتاندن بە ئاگری دۆزەخو چونە ناو جەهەننەم، ئادەمیزادیش كە فێری درۆزنی بوو هەر بەردەوام دەبێ لەسەر درۆكردن تا لەلای خودا بەدرۆزن دەنووسرێ...

دەستپاكی و ئەمینی:

بێگومان جۆرێك لە جۆرەكانی راستگۆیی دەستپاكیی‌و ئەمینییە، بەڵكوو ئەمینی بە بەرزترین رەوشتی ئادەمیزاد دەژمێردرێ‌و پتەوترین كۆڵەكەیە بۆ دامەزراندنی كۆمەڵی رێك پێك‌و دەبێتە هۆی پەیدابوونی خێرو بێر بۆ ئادەمیزاد لەبەر ئەوە ئایینی ئیسلام ئەمینی‌و دەستپاكی بە رەوشتی موسوڵمانان داناوەو كردویەتی بە دیاردەی ئەوان ئەوەتا قورئان لە وەصفی ئەواندا دەفەرموێ:

{وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ - سورة المؤمنون – ٨}.

راست وادەیی (صدق الوعد):

جۆرێكی تر لە جۆرەكانی راستی راست وادەییە كە ئەمیش یەكێكە لەو رەوشتە جوانانەی پێویستە مرۆڤ خۆی پێ برازێنێتەوە، چونكە ئەم رەوشتە بەرزە هۆیەكی سەرەكییە بۆ سەركەوتوویی لە ژیاندا، بەڵكوو ئەمڕۆ رەوشتی راستوادەیی بە دیاری ترین رەوشتی گەلانی پێشكەوتووی ئەمڕۆ ئەژمێردرێ‌و زۆریش سوورن لەسەر ئیلتیزام پێوەكردنی.

قورئانی پیرۆز زۆر لە مێژە بانگەوازی موسوڵمانانی كردوە كە بەو رەوشتە جوانە خۆیان برازێننەوەو بیكەنە دیاردەی خۆیان ئەوەتا كە مەدحو لاوچاوكی پێغەمبەری خۆی ئیساعیل باس دەكا دەفەرموێ:

{وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا - سورة مريم – ٥٤}.

واتە: ئەی پێغەمبەر! سەرگوزشتەی ئیسماعیل بۆ ئەو خەڵکە بگێڕەوە، ژینامەو کردارو ڕەفتاری جوانی بۆ ئەو مەردوومە شی بکەرەوە، با ئەوانیش بەو ڕەوشتانە ڕەفتار بکەن، بەڕاستی ئیسماعیل ڕاستوادە بوو تەنانەت وادەی بەباوکی دا کە خۆڕاگر بێ بۆ سەبڕین و گیان لەدەستدانیش، زۆر بە جوانیش وەفای بەوادەی خۆی کرد، ئەو خۆی پێغەمبەرو ڕەوانەکراوی ئێمەبوو.

بەڵێ، ڕاست وادەیی پێویستییەکە لە پێویستییەکانی کۆمەڵ، هۆیەکی گرینگە بۆ متمانە بەیەککردنیان. قورئانی پیرۆز ئەم لایەنەشی ئیهمال نەکردووەو هەموو کات مەردومی هەڵناوە بۆ ئیلتیزام پێوەکردنی بەڵکوو بانگەوازی کردوە بۆ چەسپاندنی هەموو ڕەوشتێکی جوانی وا کە کۆمەڵ بەرەو پیشەوە بەرێ!!

دامرکاندنەوەی ئاژاوەو مەسلەتکردن لە نێوان خەڵک دا:

لە ئایینی ئیسلامدا باشیو ڕاستاڵی هەر بریتیی نییە لەوە موسوڵمان لەژیانیدا ڕاستاڵ بێو بەس، پیاو چاك بیو زەرەر بە کەسانی دیکە نەگەیەنێو هەر خەیکی ڕێكو پێکردنی خۆی بێ!! بەڵکوو مرۆڤی ڕاستاڵو باشو تەواو ئەو کەسەیە کە زیاج لەوە هەوڵ بدا ئیصلاحی نێوان خەڵکی تر بکاو ئاژەوەی کەسانی دیکە بکوژێنێتەوە!

بەڵێ مەسلەتکردن لە نێوان ئادەمیزاددا هەدەفێکی ئیسلامی پیرۆزە، چونکە دژایەتی لە نێوان دوو کەسدا سەر دەکێشێ بۆ دوژمنایەتی لە نێوان دۆستو خزمی هەردوو لایەنە دژ بەیەکەکانداو سەرەنجام کۆمەڵ بەش بەش دەبێو مەردوومەکان گرۆ گرۆ دەوەستن هەریەکەیان دەیەوێ زەرەر بەوی تر بگەیەنێ، بەڵکوو جاری وا هەیە کار دەگاتە ئەو ڕادەیە شەڕو ئاژاوە ڕوو بداو خوێنڕێژی پەیدا ببێ! مەسلەحەتکردنو ڕێکخستنەوەی نێوان خەڵك ڕەوشتێکی هەرە بەرزی ئینسانییە، لە دەرونێکەوە پەیدا دەبێ خۆ پەرست نەبێو مرۆڤ دۆست بێ! ئایا چ شتێك هەیە وەکوو مەسلەحەتکردن خێرو سوود بە کۆمەڵ بگەیەنێو کۆمەڵی ئادەمیزاد یەك بخاو بیانکاتە یەك پارچەی پتەو!! لەبەر ئەوەیە کە

پەروەردگار فەرمانی کردوە بە ئیصلاحکردنی نێوان موسوڵمانان کە برایەتی ئایینی یەکیان دەخاتەوە.

{إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ - سورة الحجرات – ١٠}.

واتە: موسوڵمانان هەموویان برای یەکترین هەرکاتێ ناخۆشی کەوتە نێوانیانەوە خێرا مەسڵەحەتیان لەناودا بکەنو مەهێڵن ناخۆشییەکە تەشەنە بکا.

لە شوێنێکی تردا قورئانی پیرۆز بانگەوازی کردوە بۆ مەسڵەحەتکردن لە نێوان دوو کۆمەڵی موسوڵمانداو دەفەرموێ:

{وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا-سورة الحجرات/٩}.

واتە: هەرکاتێ دوو کۆمەڵ، یا دوو لایەن، یان دوو بەرە، لە موسوڵمانان. چوون بە گژیەکتریداو بوو بە شەڕیان، ئێوە بەبێ درەنگ خێرا بکەونە نێوانیانو ناوبژییان بکەنو ئاشتیان بکەنەوە.

هەروەها بانگەوازی کردوە کە موصالەحە لە نێوان ژنو مێردیشا بکرێ، هەرکاتێ ناخۆشی کەوتە نێوانیانەوە ترسی دەست لێکبەردانی یەکتریان لێ پەیدا بوو:

{وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُواْ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا إِن يُرِيدَا إِصْلاَحًا يُوَفِّقِ اللّهُ بَيْنَهُمَا إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا-سورة النساء/٣٥}.

واتە: ئەگەر ترستان هەبوو کە ئاژاوەو ناخۆشی نێوان ژنو مێرد ئاکامی باش نابێو سەردەکێشێ بۆ دەست لێك بەردان ئەوە ئێوە خێرا پیاوێکی کارامەو عاقڵ لە خزمی پیاوەکەو پیاوێکی کارامەو هۆشمەند لە خزمی ژنەکە بکەن بە فەرمانڕەوا (حەکەم)و بیان نێرن بۆ رێکخستنەوەیان ئەگەر بیانەوێ رێك بکەونەوە خودا یارمەتییان دەداو سەرکەوتوویان دەکاو لە مەسڵەحەتەکەدا ناجح دەبن!!

لە شوێنێکی تردا پەروەردگار خێرو سوودی مەسڵەحەتکردنی نێوان دوو دژ بەیەك روون دەکاتەوەو دەفەرموێ:

{لاَّ خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلاَّ مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلاَحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتَغَاء مَرْضَاتِ اللّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا - سورة النساء - ١١٤}.

واتە: زۆر لەو سرتەو قسەو گوفتارەی کە خەڵك دەیکەن بێ سوودو خێرو بێرن، چونکە دەبنە هۆی تاوانو گوناهی وەکوو غەیبەتکردنو فیتنەی پیلان گێڕانو چاڵ هەڵکەندن بۆ خەڵكو چەوساندنەوەی هەژارو نەدارا، مەگەر فەرموودەی ئەو کەسانە کە فەرمان دەکەن بە خێرکردنو بە چاکەکردنو تێدەکۆشن بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك هەر کەسێك ئەم کردارە چالاکانە بکاو خەریکی ئەو گوفتارە باشانە بێ مەبەستیشی ڕەزامەندی خودا بێ بێگومان پەروەردگار پاداشتی گەورەی دەداتێ!

هاریکاریو یارمەتیدانی یەکتری (التعاون):

ئاشکرایە کە بەشێك لە لایەنەکانی ژیانی گیانی بریتییە لە هاریکاری یەکتری لەسەر کاری چاکە بۆ ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بخەنە سەر گەڕو بەرەو لوتکەی بەرز پاڵی پێوە نێن، ئەمەیش سەردەکێشێ بۆ خۆشگوزەرانی هەموانو ئەركو ئازاری تاكو تەراش سووك دەکا. مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە هەست دەکەن بەهێزو بڕشتێکی وا کە کاری ئەستەمو قورسیان لا ئاسان ببێو چاو نەترس بن!

هەر بۆیەشە کە کۆمەڵانی پێشکەوتوو شارەستانیەتی تازە هەستیان بە ئاکامو سوودی یارمەتیو هاریکاری یەکتری کردوە، زانیویانە چەند کاریگەرو بەکەڵکە ئەوەتا ئەم هەموو گرنگییەیان پێ داوە ئەو هەموو مەڵبەندو کۆمەڵە تەعاونیەیان پێك هێناوە بە جۆرێك کە شارێك یان شارۆچکەیەك نییە خاڵی بێ لەو جۆرە کۆمەڵە تەعاونیە، ئەم دریادەیە خۆی لەخۆیدا باشترین بەڵگەیە لەسەر ئاکامو سوودی تەعاونو یارمەتیدانی یەکتریو پێویستی هەبوونی لە کۆمەڵدا بۆ خۆشبەختی تاكو کۆمەڵ.

بێگومــان قورئــانی پــیرۆز گرنگییــەکی زۆری داوە بــە بنــەمای هاریکــاریو بانگەوازی ڕاستەقینەی ڕاستەو خۆی بۆ کـردوە کۆمـەڵی ئـادەمیزادی هـەڵناوە بـۆ ئەنجامدانی... ئەوەتا بەم ئایەتە پیرۆزە – کە بـەرزترین مانـای ڕۆحـی تێدایـە – داوامان لێ دەکاو دەفەرموێ:

{وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ} (٢) سورة المائدة.

واتــە: بـبن بــە پـشتیوانو کۆمـەك بـۆ یـەکتری لەسـەر کردنـی کـاری چـاکەو ڕەچاوکردنی تـەقواکاری، بـەڵام لەسـەر تـاوانو خراپـەو ناهـەقیو دەست درێـژی یارمەتی یەکتری مەدەنو لەسەر کاری ناهەق هەرەوەز مەکەن!!

لەبەشـی یەکـەمی ئـەم ئایەتـەدا قورئـان فـەرمانی کـردوە بـە یارمەتیـدانی یەکتری لەسەر کاری چاکە (البر)و تـەقواکاری، وشـەی (البر)یـش لـە زمانـا چـەند مانایەك هەڵدەگرێ، وەکو:-

بەخشش – فەرمانبـەرداری – ڕاسـتاڵی – ڕاسـتگۆیی. کـەوابوو وشـەی (البر) وشـەیەکە کۆکـەرەوەی زۆر ڕەوشـتی بـەرزو خاوێنـە، تـەقواکاریش بریتییـە لـە ترسـان لـە خـوداو فەرمانبـەرداری، کـەوابوو یارمـەتیـدانی یـەکتری لەسـەر چـاکەو تەقواکاری، دەستگرتنی یەکتری دەگرێتـەوە لەسـەر هـەموو کردەوەیـەك کـە خێـر ئامێز بێو خۆشبەختی بهێنێ بـۆ کۆمـەڵ، جائـەم خێـرو بێـرە خۆشـبەختی ئـەو دونیا یا ئـەم دونیـا بگەیـەنێ وەکوو کۆمـەگی کـردن بـۆ درسـتکردنی قوتابخانـەو خەستەخانەو شتی تری ئاوەها.

لەبەشی دووەمی ئایەتەکەدا نەهی دەکا لە کردنـی تـاوانو دەسـتدرێژیکردن، وشـەی (الإثـم) لـە زمانـا بریتییـە لـە کردنـی هـەرکارێك کـە ڕەوا نـەبێ ئەمـەش هەموو کردەوەیەکی نابەجی دەگرێتەوە، وشەی (العدوان)یش بریتییە لە ستەمی نـاڕەواو زوڵمـی بەئاشـکراو نمایـان... کـەوابوو وشـەی (الإثـم)و (العـدوان) هـەموو

کردەوەیـەکی خـراپ دەگرێتـەوە کـە سەردەکێـشێ بـۆ تێکـدانی کۆمـەڵو لـە گرێژەنەچوونی!!

کەوابوو بە تێفکرینێکی کەم ئـەوەمان بـۆ رون دەبێتـەوە کـە قورئـانی پـیرۆز هـەر بەوەنـدە وازی نـەهێناوە کـە بانگـەوازی کـردوە بـۆ یارمەتیـدانی یـەکتری لـە کـاری چاكو تەقواکاریـدا بەڵـکوو ئادەمیزادیـشی ترسـاندوە لەسـەر یارمەتیـدانی یــەکتری بــۆ خراپــەکاریو سەرپێــچیکردنی فــەرمانی خــوداو زەرەر گەیانــدن بەخەڵکی تر!!

کەوابوو تەعاونو یارمەتیدانی یـەکتری ئاکامەکـەی خۆشبەختی ئـادەمیزادی تێدایەو هەر کاتێ کۆمـەڵانی ئـادەمیزاد پـەیڕەویان کـرد دەگەنـە مـرازی خۆیـانو پێـشکەوتنو ئاسـایشو ئاشـتی دەکەوێتـە نـاو کۆمـەڵانی سـەر زەوییـەوە، بۆیـە قورئانی پیرۆز ئاوا بانگەوازی بۆ کردوە.!!

خۆنەویستی (الإيثار):

بەشــێك لــەو رەوشــتە بەرزانــەی ئــادەمیزاد دەڕازێنێتــەوە رەوشــتی خۆنەویـستییە واتـە بەرژەوەنـدی خـۆت لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدی خەڵـکی تـردا لەدەست بدەی، مەصڵەحەتی خەڵـك پـێش مەصڵەحەتی خـۆت بخـەی، بەڕاسـتی ئەمـە دروشمـی ئـەو دڵەگەورانەیـە کـە هەمیـشە کۆشـش دەکـەن بـۆ خزمـەتی ئادەمیزادو وەکوو مۆم لە پێناو خەڵکی تردا دەسوتێنو دەتوێنەوە!!

وە بە پێچەوانەی ئەوەوە رەوشتی خۆپەرستی هەیـە کـە ئـادەمیزاد ناشـیرین دەکاو نرخو رێزی لەناو کۆمەڵدا کـەم دەکاتـەوە! (سـنتهلیر) کاتـێ کـە مەزهـەبو رێبـازی ئـەفلاتونی شـی کردۆتـەوە دەربـارەی رەوشـتی خۆپەرسـتی وتوویـەتی (گـەورەترین عونـصوری شـەڕ لـە ئـادەمیزاددا عـەیبو لەکەیەکـە هـەموو کـات لەگەڵیەتی، هەر لەو رۆژەی لەدایك دەبێ تا ئەو رۆژەی دەمرێ لێی جیا نابێتەوە، هەموو کەس بۆ خۆی بەڕەوای دەبینێو ناتوانێ خـۆی لێ رزگـار بکـا ئـەم ڕەوشـتە پێی دەگوترێ خۆپەرستی (الحب الذاتي).

بێگومان ئەم خۆپەرستییە تا ئەندازەیەك رەوایە بەڵكوو پێویستە، چونكە سروشت تێكەڵاوی گۆشتو ئێسقانی ئێمەی كردوە بەڵام هەركاتێ زیادەڕەوی تێداكرا دەبێتە نەخۆشیەكی كوشندەی سامناكو هەموو گوناهەكانی تر هون دەكا. بەڵێ جاری وا هەیە ئادەمیزاد چاوپۆشی لە واجب دەكا، بەڵام هەركاتێ پێی وابوو كە پێویستە بەرژوەندی خۆی - باناڕەواش بێ - پێش بەرژەوەندی خەڵكی تربخا، بێگومان توشی هەڵەدەبێ، حوكمی ناڕەوا دەدا حەقو چاكە ژێر پێ دەخا!! كەوابوو هەر مرۆڤێك بیەوێ ببێتە پیاوێكی گەورە نابێ خۆپەرست بێ، نابێ بەرژەوەندی خۆی زیاتر لەهی خەڵك مەبەست بێ، دەبێ هەرخێرو چاكەی خۆش بوێ جا بۆ خۆی بێ یان بۆ غەیری خۆی! ئەگینا بە هەزاران هەڵە دەكەوێتە سلووكو رەوشتییەوە كە خۆی بۆ لێ رزگار ناكرێن[١].

كەوابوو خۆنەویستی گەورەترین كاریگەری هەیە لە رواندنی داری بەبەری خۆشەویستی لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵدا، چونكە هەموویان دەكاتە كۆمەڵێكی یەكگرتووی پتەوی وا یەكتریان خۆش بوێو یارمەتی یەكتری بدەن. بە پێچەوانەشەوە خۆپەرستی وادەكا خاوەنەكەی قێز لێكراو بێو كۆمەڵ لەخۆی نەگرێ، چونكە نایەوێ پێویستی سەرشانی خۆی لەكۆمەڵدا بەجی بێنێ!.. خوێنەری هێژا! ئەمە جگە لەو خۆشبەختییەی كە ڕەوشتی خۆنەویستی بۆ خاوەنەكەی دێنێ. شتێكیش كە ئەمڕۆ زانستی دەروونناسی دەری خستووە ئەوەیە كە ئادەمیزاد تاخۆی نەكا بە قوربانیو بەرژەوەندی خۆی نەكا بە قوربانی بەرژەوەندی خەڵكی تر خۆشبەختی وەدەست ناهێنێ!!... هەر لەبەر ئەوەیە پەروەردگار بانگەوازی ئادەمیزادی كردوە بۆ رەوشتی خۆنەویستیو مەدحی ئەو كەسانەی كردوە كە ئەم رەوشتە بەرزەیان تێدایەو فەرموویەتی:

{وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ - سورة الحشر -٩}.

---

[١] پێشەكی كتێبی (الأخلاق)، ئەرستۆ، وەرگێڕانی: لوتفی سید بەرگی یەكەم ل/٦٦.

دەربارەی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە ئیمامی بوخاریو ئیمامی موسلیم لە هاوڕێی بەڕێزی پێغەمبەرەوە: (ئەبو هورەیرە) دەگێڕنەوە کە دەفەرموێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر و وتی: ئەی رەوانەکراوی خودا برسیەتی تەنگی پێ هەڵچنیوم، پێغەمبەریش (درودی خودای لەسەربێ) ناردی بۆ لای خێزانەکانی کە خواردەمەنییەکی بۆ بێنن بەلآم هیچیان نەبوو، ئەمجار پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) فەرمووی: ئایا پیاوێکی خێرخوا نییە ئەمشەو میوانداریی ئەم پیاوە برسییە بکا؟! ئەبو تەلحە وتی ئەی پێغەمبەری خودا من دەبمە خانەخوێیو دەیبەمەوە ماڵی خۆمان، کە بردیەوە بەژنەکەی خۆی گوت: ئافرەت رێزی میوانی پێغەمبەری خودا بگرن خێزانەکەی وتیپیاوەکە جا چیبکەم هیچمان نییە بیدەمێ جگە لە هەندێ خواردەمەنی نەبێ کە بۆ منداڵەکانم ئامادە کردوە، ئەبو تەلحە وتی: هەرکاتێ وەختی نانخواردنی شێوان هات منداڵەکان بخافڵێنە تا خەویان لێ دەکەوێ ئەمجارە وەرە چراکە بکوژێنەوە خواردەمەنییە بخەرە بەردەستی میوانەکەو ئێمە لەبەر خاتری میوانی پێغەمبەر بێ شێو سەردەنێینەوە. بەڵێ چۆنی گوت ئافرەتەکە وایکرد، کە بەیانی ئەبو تەلحە چو بۆ خزمەت پێغەمبەر پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) پێی فەرموو بەراستی پەروەردگار عەجایب ما لە هەڵوێستی ئەبو تەلحەو خێزانەکەیو ئەم ئایەتەش هاتەخوارەوە کە دەفەرموێ:

{وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ - سورة الحشر -٩}.

واتە: رەوشتێکی پەسەندی تریشیان هەیە، خێرخوانو سوودو مەنفەعەتی کەسانی تر وەپێش سوودی خۆیان دەخەن، گەرچی خۆشیان بەماڵو حاڵ کەم دەست بن، بەلآم بەدڵو دەروون دەوڵەمەندن لەبەر ئەوە شتی وایش دەبەخشن کە خودی خۆیان پێویستییان پێی هەیە، دەستووری خودا وایە: ئەوەی دەرەقەتی بەخیلیو رژدی دەروونی خۆی بێو زاڵ بێ بەسەر خۆپەرستیدا دەبێ بەسەر فرازی دونیاو قیامەت!!!

بەڵێ ئەم رووداوە بەڵگەیە لەسەر قووڵیو کاریگەری ئەو پەروەردەییەی کە ئیسلام لەدڵی پەیڕەوانی دا چاندۆیەتیو رۆشنایەکی ئاشکراشە بۆ ئەو کەسانەی کە داخوازیی گیان بەرزیو پیاوەتینو بۆ خێرو بێر کۆمەڵ هەوڵ دەدەن!!

شیرینی گوتار، قسەی چاكو باش (الكلام الحسن):

ئەگەر بە وردی سەرنجێکی گیروگرفتەکانی نێو کۆمەڵ بدەین کەمێ بچیتە بناوانی ئەو موشکیلە خەتەرناکانەی تووشی کۆمەڵ دەبنو لەچوار چێوەی خێزانو کۆمەڵدا سەر هەڵدەدەن بۆت ئاشکرا دەبێ کە ماكو سەرچاوەی ئەو گیرو گرفتانە زۆر جار گوفتارێکی نابەجێیە کە پیاو – بەبێ قەصد – دەیکا بەڵام قسەکە لەدڵی خەڵکا کاریگەر دەبێو دڵی بەرامبەرەکەت ئازار دەداو تۆوی ناحەزی دەڕوێنێ، بەبێ هودە ئاژاوە دەخاتەوە!!

قسەی چاكو باش بنەماو کانێکی گەڵێ گەورەی سەرەکییە بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتنو خۆشبەختی هەردوو جیهان، هۆیەکی فرە بەهێزە بۆ دروستکردنی کۆمەڵی پێشکەوتوو!!

بۆیە مامۆستایانی پەروەردەو پیاوانی خێرخواو کۆمەڵ خۆشەویست، هەموو کاتێ داوایان لە مەردووم کردوە کە بەشێوەیەکی جوانو هۆشمەندانە قسە لەگەڵ خەڵکیدا بکەن موراعاتی ئوسلووبی نەرمو نیان بکەن، چونکە هەڵبژاردنی قسەی جوانو نەرمونیان مرۆڤ لەلای کۆمەڵو هاوەڵانی خۆشەویست دەکاو لەناو کەسو کارو لەچوار چێوەی ئیشو کاری خۆیدا بەرزی دەکاتەوەو دۆستو برادەری لێ کۆدەبنەوەو یارمەتدەری زۆر دەبنو لەژیاندا سەر کەتوو دەبێ، بۆیە پەروەردگار ئادەمیزادی بانگەواز کردوە بۆ گوفتاری باشو دەمو لەفزی شیرین:

{وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ - سورة الإسراء - ٥٣}.

ئەی پێغەمبەر! بەزمانێکی شیرین بەزبانی منەوە بە بەندەکانم بڵێ: کە دەمو گفتاریان شیرین بێو قسەی جوانو رەنگینو رەوابکەن چونکە شەیتان وا لە

پارێزدا لەناو بۆسەدا خۆی مەڵاس داوە بۆ هەل دەگەڕێ کە بەقسەیەکی رەق یا بەتوندو تیژییەك تۆوی دووبەرەکیو ناوەند تێکدان لە نێوانیانا بچێنێ.. لەم ئایەتە پیرۆزەدا یەزدان فەرمان بە موسوڵمانان دەکا کە لەگوفتارو گفتو گۆو توێژینەوەو قسەو باسیاندا قسەی جوانو وشەی شیرین هەڵبژێرنو ئاخاوتنی پێ بکەن، چونکە ئەگەر وانەکەن قسەی زەقو ناقۆڵا بەکاربێنن شەیتان دەکەوێتە ناویانەوەو شەڕو نیزاعو دژایەتی دێتە کایەوە، لە شوێنێکی تردا پەروەردگار دەفەرموێ:

{وَقُولُواْ لِلنَّاسِ حُسْناً - سورة البقرة – ٨٣}.

واتە: قسەی باش بەخەڵك بڵێنو لە ئاخاوتندا گوفتارتان شیرینو شەکر ئامێز بێ.

لە شوێنێکی تردا پەروەردگار فەرمان دەکا بە دەنگ نزم کردنەوە، چونکە دەنگ نزمکردنەوە نیشانەی قسە باشیو گوفتار شیرینییە، تەنانەت قسەکردنی بەدەنگی بەرز شوبهاندووە بە زەڕینی گوێدرێژ، بەمەبەستی ئەوە ئادەمیزاد قێزی لە نەڕەنەڕو قیژەقیژو هەراو هۆریا ببێتەوە!! دەفەرموێ:

{وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ إِنَّ أَنكَرَ الْأَصْوَاتِ لَصَوْتُ الْحَمِيرِ-سورة لقمان/١٩}.

واتە: دەنگت نەوی بکەو لەسەرخۆ ئاخافتن ئەنجام بدە هەرگیز لەکاتی قسەکردنا دەنگ هەڵمەبڕە، چونکە دەنگ بەرزکردنەوەو نەڕەنەڕ لە زەڕە زەڕی گوێدرێژ دەچێ ناخۆشترین دەنگیش زەڕە زەڕی گوێدرێژە.

لە شوێنێکی تردا پەروەردگار بانگەوازی خەڵك دەکا بۆ روخۆشیو دڵنەرمی لەگەڵ ئادەمیزاددا چ بە گوفتار چ بە هەڵوێستو رەفتار، هەر وەکوو نەفرەت دەکا لە رووگرژیو دڵ رەقی، ئەوەتا بە پێغەمبەری خۆی حەزرەتی (محمد) دەفەرموێ:

{فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ - سورة آل عمران – ١٥٩}.

واتە: بەهۆی ئەو ڕەحمەت سۆزەوە کە خستومانەتە نێو دڵی تۆوە ئەی محمد! دەبینین تۆ بەهێدیو هێمنی هەڵسو کەوت لەگەڵ هاوەڵانو هۆزەکەتدا دەکەی! خۆئەگەر تۆ ڕوگرژو مۆنو دڵڕەقو قسە ناخۆش بوویتایە لەگەڵ موسوڵمانانداو، لێت دوور دەکەوتنەوەو لە دەورمت دەتەکێنەوە.

ئەمە ڕەهنومایکردنە بۆ موسوڵمانانو بۆیان ڕون دەکاتەوە کە هەڵسو کەوتی باشو قسەو گوفتوگۆی خۆش پێویستییەکی سەرەکی پێغەمبەرانو پێشەوایانی گەلو کۆمەڵە، پێویستە سەرانو گەورە پیاوان هەمیشە قسە خۆشو دەم بەزەردەخەنەو کردار باش بن، تا بەدڵ کۆمەڵ خۆشیان بوێنو لە دەوریان کۆ ببنەوەو گوێ بۆ قسەو گوفتاریان بگرنو شوێنیان بکەون..!!

ئەمەیە پەروەردەو بۆچوونو ئادابی قورئان دەربارەی گوزەرانو ژیان بەسەربردنی ئادەمیزاد لەناو خۆیاناو لە نێوان پێشەواو شوێن کەوتواندا، بەو هیوایە خۆشەویستی لەناویاندا جێگیر بێو دڵسۆزی یەکتر بن!!

ئاشکراشە ئەم شێوە هەڵسو کەوتە پێویستییەکی سەرەکی هەموو کۆمەڵێکە کە بیەوێ بەخۆشیو بەختەوەری ژیان بەسەربەرێ..!

هاونشینی چاکان (معاشرة الأخيار):

ئەو شتانەی مرۆڤ دەرازێنێتەوەو ڕەوشتی ئینسان جوان دەکا هاوڕێیەتی چاکانە، چونکە هاوەڵی باش ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لەسلووکی ئینساندا، مرۆڤ خۆی حەزی لە تەقلیدکردنو لاسایی کردنەوە هەیە، جا وەکوو چۆن ئادەمیزاد لاسایی ئادەمیزادی دەورو بەری خۆی دەکاتەوە لەپۆشاکو خانوو بەرەو خواردنو خواردنەوەدا هەر بەو جۆرەش لە کردارو گوفتاردا لاساییان دەکاتەوەو ڕەوشتی ئەوان هەڵدەگرێ!

دەڵێن هۆشمەندێك بە کابرایەکی گوت: پێم بڵێ: کێ هاوڕێتە منیش پێت دەڵێم: تۆ کێیتو چیت!!

بێگومان رەفاقەتی راستاڵو پیاوباشان رەوشتی جوان لە دەروونـدا دەرڕوێنـێو پیاو هەڵدەنێ بۆ کرداری بەرز، بـە پێچەوانەوە هـاوەڵی کردنـی خراپـان، ئینـسان رادەکێـشی بـۆ پێـشێلکردنی رەوشـتی بـەرزو تـاوان کـردنو لـە ئاکامـا مـرۆڤ دوور دەخاتەوە لە ئەنجامدانی کردەوەی بەرز!!

هـاوڕێی بـاش بەهرەیـەکی زۆر گـەورەو بەنرخـەو باشـترین نیعمـەتی ئـەم ژیانەیە، پشتو پەنای کاتی تەنگانەیەو رێ پیشاندەرێکی دڵسۆزو ئەمینە. زۆر لـە گەورە پیاوانی مێژوو هەڵکەوتوانی جیهانو سەرکەتوانی ژیان هـۆی سـەرکەوتنو گەییشتن بە ئامانجیان دەگەڕێتەوە بۆ رەچاوکردنی هاوڕێی بـاشو شـانازی بـەوە دەکەن کە توانیویانە سەرکەوتووبن لـە هەڵبـژاردنی هـاوەڵی باشـدا توانیویـشیانە پەیڕەوییان بکەنو بە ئامۆژگاریو نەصیحەتی ئەوان رەفتار بکەن!!

قورئانی پیرۆز بانگەوازیی خەڵـکی کـردوە بـۆ ئـەوە هـاوڕێی راسـتاڵو صـاڵح بگرنو هـاوڕایی باشـان بکـەن!! ئـەوەتا پـەروەردگار فـەرمان دەکـا بـە فروسـتادەی خۆی حەزرەتی (محمد)و دەفەرموێ:

{وَاصْبِرْ نَفْسَكَ مَعَ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ تُرِيدُ زِينَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَن ذِكْرِنَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ وَكَانَ أَمْرُهُ فُرُطًا - سورة الكهف – ٢٨}.

واتـە: لەبـەر ڕەزای خـودا بـەردەوام بـە لەسـەر هاوڕێـەتیو هاونـشینی ئـەو هاوەڵە باشانەت کە هەمیشە تاعەتی خودای خۆیان کردوە بـە پیـشە، بـە تایبـەتی سەرلەبەیانیانو سـەر لـەئێواران، وە هەمیـشە بـۆ رەزای خـودا دەم بـەویردو یـادو صەلاواتن. روتو رەجاڵی ئەوهاوەڵە فەقیرانەت مەکەرە تەرازوو سـەنگو سـووکی پـێ بکـەی چـونکە لای خـودا ئەوانـە زۆر لـە پیـاو مـاقوڵانی قوڕمیـشی لـە خـودا نـەترسو سەرسـەخت لەپێـشترن هـەرگیز چـاو لـەو فـەقیرو هەژارانـە لامـەدەو رومەکـەرە ئـەو دەمـارگیرە خۆبەزلزانانـە کـە خودایـان لـەیاد نییـە بـە تـەواوی سەرگەردانو گومڕابوونو سەریان لێ شێواوە!!

لەم ئایەتەدا پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەری خۆی کردوە کە هاورێیەتی ئەو چاکانە بکا کە لەسەر رێبازی خودا دەڕۆنو پەیڕەی فەرمانەکانی دەکەن... ئەمجار لەسەر زمانی پێغەمبەریش فەرمانی بە هەموو موسوڵمانان کردوە کە هەمیشە مرۆڤی باشو راستاڵ بکەن بە هاورێی خۆیان، تا دەرزیان لێ وەرگرنو رەوشتی بەرزو پاکو خاوێنیان لێ فێر بن!

هەرگیزاو هەرگیز لەبەر فەقیریو هەژاری – یان – ناشیرینیو مەنزەرو شێوەو ڕوخسار لێیان لوتەلا نەبن. ئەمجار پەروەردگار نەهی کردوە لەوە کە موسوڵمانان: هاورێیەتی پیاو خراپان بکەنو هەروا هاورێیەتی ئەوانە نەکەن کە غافڵن لە یادی خوداو شوێن هەواو هەوەسی خۆیان کەتوونو لە سنووری حەقو راست تێپەڕیونو زیادە ڕەوییان کردوە لە کردارییاندا: دووبارە پەروەردگار لەم بارەوە لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ:

{فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّى عَن ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلَّا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا -سورة النجم – ٢٩}.

واتە: ئەی پێغەمبەر! تۆ روو وەرگێڕەو پشت هەڵکە لەو کەسانەی پشتیان هەڵکردوە لە یادی ئێمەو مەبەستیان تەنیا ژیانی دونیایەو بەس...

لەشوێنێکی تردا پەروەردگار ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوەو پێمان دەفەرموێ: کەشیاوی موسوڵمان نییە خودا نەناسو تاوانبارانی خۆش بوێ، با ئەو کەسانە براو باوکو دایکی بن!!

{لَا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءهُمْ أَوْ أَبْنَاءهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ-سورة المجادلة – ٢٢}.

واتە: نابینیو ناش بێ ببینی کۆمەڵێکی موسوڵمانو خاوەن بڕوا بە خوداو بەرۆژی قیامەت خودا نەناسانیان خۆش بوێ، با ئەو خودا نەناسو تاوانبارانە باوکو دایکیان بن یان خوشکو برایان بن یان سەر بەهۆزو عەشیرەتیان بن!!؟ پێغەمبەری مەزنیش لە فەرمایشتێکیا بە جوانترین شێوە نموونەی هاورێو هاونشینی چاکو خراپی بۆ روونکردوینەوەو فەرموویەتی:

« مَثَلُ الْجَلِيسِ الصَّالِحِ وَالسَّوْءِ كَحَامِلِ الْمِسْكِ وَنَافِخِ الْكِيرِ ، فَحَامِلُ الْمِسْكِ إِمَّا أَنْ يُحْذِيَكَ ، وَإِمَّا أَنْ تَبْتَاعَ مِنْهُ ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحًا طَيِّبَةً ، وَنَافِخُ الْكِيرِ إِمَّا أَنْ يُحْرِقَ ثِيَابَكَ ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً. رواه مسلم ».

واتە: هاورێ‌و هاونشینی چاك‌و خراپ وەكوو عەتر فرۆش‌و ئاسنگەر وان:- مرۆڤ كە هاونشینی عەتر فرۆشێكی كرد یان بەشت دەدا یان لێی دەكڕی یان هەر هیچ نەبێ بۆنی خۆشت بۆ دێ.

كاتێكیش نزیك ئاسنگەر بكەویتەوە یان بە پرشكی كورەكەی پۆشاكت دەسووتێ‌و توشی نارەحەتی دەبێ‌و زەرەرو زیانت لێ دەكەوێ یان كە هیچ نەبێ بۆنی ناخۆشت بۆدێ!!

خوێنەری بەڕێز ئەمە دابو نەریت‌و تەعلیماتی ئیسلامە دەربارەی هەڵبژاردنی هاورێی چاك‌و راستاڵ تا هەموو كاتێ رەهنوماییت بكاو بۆ كارو باری باش هەڵتنێ‌و لە رێگای خەتەرو سامناك بتپارێزێ.

پرسكردن‌و سڵاوكردن (الاستئذان والتحية):

بەشێك لە رەوشتی گەلە پێشكەوتووەكانی ئەمڕۆ ئەوەیە كە پەیوەندی بازێكیان بە بازێكیانەوە لەسەر بناغەی ئادابی بەرزو دابو نەرێتی جوان دەبەسترێ‌و لەسەر ئەو شێوە جوانە رەفتار بكەن.

ئایینی پیرۆزی (ئیسلام)یش كە هەموو پێویستییەكی جەستەیی‌و رۆحی ئەنجام داوەو بۆ هەموو شتێك بەقەدەر پێویست حەقی خۆی دیاری كردوە، هەرگیز ئەوەشی لەبیر نەچووە كە دابو نەرێتێكی جوان دابنێ تا شوێنكەوتوانی لەسەری بڕۆن‌و پەیڕەوی بكەن!! جا دابو نەرێتێك كە ئیسلام دایهێناوەو فەرمانی پێ كردوین كە پەیڕەوی بكەین دابو نەریتی پرسكردن‌و سڵاوكردنی كاتی دیدەنی‌و بەیەك گەییشتنە، ئەم دابە (پرس‌و سڵاوە) ئەمڕۆ بە نیشانەی شارەستانیەتی دەژمێردرێ، دەبینین خەڵكی پێشكەوتوو زۆر سوورن لەسەر

ئیلتیزام پێوەکردنو جێبەجێکردنی چونیەتی دیدەنیو هەڵبژاردنی کاتو دابو نەریتەکانی!!

دەی باشە خۆ ئایینی ئیسلام چەند سەدەیەکی دوورو درێژە زۆر بەجوانیو رێکو پێکی شێوەی دیدەنیو پرسکردنو سڵاوکردنی بۆ داناوینو هەڵی ناوین کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە پەیرەوی بکەینو فەرموویەتی:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَكُمْ تَذَكَّرُونَ، فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُمْ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ - سورة النور - ٢٧-٢٨}.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار فەرمانی بە موسوڵمانان کردوە کە بەبێ پرسو خواستن نەچنە ماڵی هیچ کەسێکەوە، کاتێك زانیت ئەو کەسەی دیدەنی دەکەی چونەکەتی پێ خۆشەو رێگا دەدا بچیە لای ئەوکاتە بچۆو سەڵاوو رێزت ئاراستەیان بکە، جا ئەگەر لەماڵ بوونو رێگەیان دای بچیتە ژووری ئەوە باشە، ئەگینا دەبێ - بەبێ دڵگرانیو عاجز بوون - بگەڕێیتەوەو دیەنییەکەت هەڵبگری بۆ کاتێکی گونجاوی تر... چونکە دیدەنی ناوەهاو گەڕانەوە بەو جۆرە دڵو دەروونی مرۆڤ پاك دەکاتەوە شكو گومان لە نێوان یەکتری دادەڕەوێنێتەوە!

جا لە کاتێکدا ئیسلام پرسکرنو سڵاوکردنی داناوە دەبینین لەولاشەوە وڵامدانەوەی سڵاویشی داناوەو خەڵکی هەڵناوە بۆ ئیلتیزام پێوەکردنی چونکە هیچ رەوشتێکی ناشیرین نیە بە ئەندازەی وەڵام نەدانەوەی سڵاو دژایەتی دروست بکاو ببێتە هۆی ناکۆکی! ئیسلام هەر بەوەندە نەوەستاوە کە فەرمانی کردوە بە موسوڵمانان کە جوابی سڵاو بدەنەوەو بەس! بەڵکوو داوای لە پەیڕەوکەرانی خۆی کردوە کە بەجوانترین شێوە وەڵامی سڵاوەکە بسێننەوە، ئەمەش ئەوپەڕی ئەخلاقبەرزی دەگەیەنیو جوانترین ئادابێکە کە ئیسلام فێری شوێنکەوتوانی خۆی دەکا، خودا دەفەرموێ:

{وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا - سورة النساء - ٨٦}.

واتە: هەرکاتێ سلاوو رۆژباشیان لێکردن ئێوەش دەس بەجێ بەشێوەیەك لەوە جوانتر وەلامی سلاوەکەیان بدەنەوە یان کە هەر هیچ نەبێ وەکوو خۆی جوابەکە بدەنەوە!!.

خوێنەری هێژا ئەمە ئادابی قورئانە کە هەرگیز نابینی لایەنێك لەولایەنانەی گەل پێش دەخاو ئەخلاقو رەوشت جوان دەکا پاش گوێی خستبن‌و ئیهمالی کردبن!!

گەردنکەچی بۆ هەواو هەوەس (الانقیاد لهوی النفس):

مرۆڤ لەگۆڕەپانی ژیاندا زۆر جار گێژەلۆکەو زریانی هەواو ئارەزوو بەسەریا دێن‌و تێدەپەڕن، لە بەرامبەر ئەم هەواو ئارەزووەدا مرۆڤ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی پێش دەخاو گوێ ناداتە ئەوە زەرەری بۆ خەلکی تر هەیە یان نا؟ هەروەها گوێ ناداتە ئەوە کردەوەکەی باشە یان خراپە هەرمەبەستی تێرکردنی ئارەزۆی خۆیەتی‌و بەس!

گەورەترین نیشانەی موسولمانیەتی بەرەنگاریکردنی هەواو هەوەسی ئادەمیزادە، بەر پەرچدانەوەیەتی لە شوێنکەوتنی ئارەزووە مادییەکانی، نەوەکوو ئارەزۆی نەفسی سیستەمی ئارەزووە سروشتییەکانی مرۆڤ ناشیرین بکاو بیان ئالۆزێنێ... چونکە ئارەزۆی سروشتی مرۆڤ یاساو نیزامێکی تایبەتی هەیەو تەرتیب‌و رێکوپێکییەکی وای تێدایە پێویستی بە کێش‌و بەرامبەریەکی تایبەتی وا هەیە کە لەنگەری ئارەزووەکانی بگرێ‌و نەهێلێ تەرازووەکە سەرەوخوار بکاو لارسەنگ ببێ!! بەلام (پەنا بە خودا) هەرکاتێ مرۆڤ بکەوێتە نێو داوی هەواو هەوەسەوە ئەم یاسا سروشتییەی لێ دەشێوێ‌و داوە دەزوەکانی رایەلی لێ ئالۆز دەبن‌و هەموو هێزەکانی جەستەی – مادی‌و مەعنەوی – تەرخان دەکا بۆ وەدەست هێنانی ئامانجێکی تایبەتی نەفسی، دەیەوێ بەهەر مەرجێك بێ ئەو ئامانجە وەدەست بێنێ‌و نەفسی چلێس‌و چاوچنۆکی تێر بکا، بەمەش لەنگەری ئارەزووەکانی‌و یاساو سیستەمە سروشتییەکەی لێ تێك دەچێ‌و داوە دەزوەکانی

ژیـانی لێ دەئـاڵۆزێن‌و جڵـەوو دەسـتەدووی رەورەوەکـەی لەدەسـت بـەردەبێ‌و لـە رێگای ژیانی سروشتی لادەداو هەواو ئارەزۆی ناشیاو جڵەوی لەدەست وەردەگـرن‌و بـەرەو هەڵـدێر رەهـای دەکـەن! بۆیـە دەبیـنین قورئـانی پـیرۆز وەسـفی هـەواو هەوەسی کـردوە بـەوە کـە تێکـدەری یاسـاو نیزامـی سروشـتی ئـەم ژیانەیـە کـە پێویـستە جڵـەوی بەدەسـت حەقـەوەبێ هـەرگیز نەهێڵـدرێ ئـەم ژیانـە جڵـەو کێشەکەی هەواو ئارەزۆی بەتاڵ بێ. پەروەردگار دەفەرموێ:

{وَلَوِ اتَّبَعَ الْحَقُّ أَهْوَاءهُمْ لَفَسَدَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْـأَرْضُ وَمَـن فِـيهِنَّ - سـورة المؤمنون – ٧١}.

واتە: ئەگەر حەق‌و راستی شوێن هەواو هەوەسی ئەوان بکەوێ ئەرزو ئاسمان لە گرێژەنە دەچن‌و تێکدەرۆخێن‌و چییان تێدایە بە هیلاك دەچن!!.

ئاشکراشە گـەورەترین زەرەری هـەواو هـەوەس ئـەو زەرەرو ماڵوێرانییەیـە کـە بـەهۆی هـەواو ئـارەزۆی نـارەوای سـەران‌و کاربەدەسـتانی وڵاتـەوە تووشـی گـەل‌و کۆمەڵ دەبێ، ئەو کار بەدەستانە پێویستی سەرشانیانە کە عەدالەت‌و دادپەروەری لە سەرانسەری وڵاتدا بچەسپێنن درەختی ئاشتی‌و خۆشی‌و ئـازادیی بـڕوێنن.. جا هەرکاتێ ئـەوان ئـەرکی سەرشـانی خۆیـان بـەجێ نـەهێناو شـوێن هـەواو ئـارەزوی نارەوا کـەوتن‌و دەوڵەمەنـدو خـاوەن دەسـەڵاتیان بەحـەق‌و ناحـەق خۆشەویـست‌و ستەم جەوریان لە هەژارو نەدارا کردو گوێیان نەدا بـە سـکاڵاو نوزانـەوەی کۆسـت کـەوتوان! بێگومـان فەسـاد لەوڵاتـدا پەیـدا دەبـێ‌و سەرچاوەی جۆگـای ژیـان لـێڵ دەبـێ‌و ئەوەنـدە نابـا کـە شـۆڕش هەڵدەگیرسـێ‌و وڵات توشـی وێرانـی‌و سـوتمانی سـامناك دەبـێ، کوشـتن‌و بـڕین‌و تـاڵان‌و بڕۆیـەکی زۆر دێتەکایـەوە!! ئەمـەش راستیەکەو نمایانە، زۆر جار مێژووی گەلان‌و وڵاتان بەخۆیانـەوە دیـوە، زوربـەیان لە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمارکراون!

قورئانی پیرۆز بۆئەوەی ئەمە فێری ئێمەمانان بکا، بانگەوازی خودا لە داوود پێغەمبەرمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ:

{يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّ الَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا نَسُوا يَوْمَ الْحِسَابِ - سورة ص – ٢٦}.

واتە: ئەی داوود! ئێمە تۆمان کردوە بە جێنشینی خۆمان لە سەرزەوی، کەوایە لە نێو خەڵکدا دادپەوەربەو بەحەقانی فەرمانڕەوایی بکەو شوێن هەواو هەوەس مەکەوە چونکە ئەگەر شوێن هەواو ئارەزۆ بکەوێ ئەو هەواو ئارەزووە لە رێبازی راستەقینەی خودا لات دەداو رێگای راستت لێ گوم دەبێ! ئەوانەی رێگای خودایان لێ گوم دەبێ ئازارێکی بەئێش دەدرێن لەسەر ئەوە کە لە دونیادا هەواو هەوەسیان کردۆتە پێشەوای خۆیان‌و رۆژی رەستاخێزیان لە بیرنەبووەو حیساب‌و کیتابی قیامەتیان لەبیر خۆیان بردۆتەوە!.

بەڵێ ئاشکراو نمایانە کە شوێنکەوتنی هەواو هەوەس ئێمە لادەدا لە شتە سەرکییەکانی ئەم ژیانەو حەقیقەتی ژیانی دونیامان لێ گوم دەکا... زاناو فەیلەسووفی چەرخی شانزەهەم‌و مامۆستای فەلسەفەی تازە (فەرەنسیس بیکون) دەڵێ: بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە حەقیقەت پێویستە خۆمان لەچوار وەهم‌و خەیاڵ رزگار بکەین ئەو وەهم‌و خەیاڵانەی رێگای حەقیقەتمان لێ دەبەستن لە هەموشیان گرنگتر وەهمی شەهوەت‌و جینسە.

ئەم وەهمانە – بەهۆی تەقلیدو خوو پێوەگرتنەوە – هەڵەیان تێ دەکەوێ، تەنانەت زۆر جار وا رێ دەکەوێ‌و رێ کەوتووە پیاو بەرەنگاری حەق‌و راستی بکا لە پێناوی بڕوایەکی هەڵەو رایەکی پووچی وا کە خووی پێوە گرتووەو بە گوێرەی رۆژگارو بیئەو دەوروبەر پێی ئاشنابووە. لەم روانگەیەوە دەبینین قورئانی پیرۆز – کاتێك موناقەشەی جولەکەکان دەکاو فەرمانیان پێ دەکا شوێن بەرنامەی پێغەمبەرو بکەون‌و پەیڕەوی قورئان بکەن – پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ‌و تەئکیدی ئەوە دەکا کە موسوڵمان نەبوونی ئەو جولەکانەو نەهاتنیان بۆ ژێر ئالای ئیسلام بەهۆی تەقلیدی کوێرانەو کۆنەپەرستی‌و شوێنکەوتنی هەواو هەوەسی ناڕەوایانە! ئەوەتا خودای مەزن دەفەرموێ:

{فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُوا لَـك فَاعْلَمْ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهْوَاءهُمْ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّنِ اتَّبَعَ هَوَاهُ بِغَيْرِ هُدًى مِّنَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ-سورة القصص/٥٠}.

واتـە: ئـەی پێغەمبـەر! ئەگـەر ئـەوان – واتـە جولەکـەکان – گـوێ بیـستی ئامۆژگارییەکانت نەبوون‌و بە پیر بانگەوازییەکەتەوە نەهاتن ئـەوە بزانـە ئەوانـە شـوێن هـەواو هەوەسـی خۆیـان دەکـەون‌و سـەرگەردانن! جـا کـێ لـەو کەسـە سەرگەردان ترە کە بەبێ رەهنومایی خودا شوێن ئـارەزۆو هەوەسـی خـۆی بکـەوێ جـەورو سـتەم لـەخۆی‌و کۆمـەڵی بکـا؟! بێگومـان پـەروەردگار هـەرگیز کۆمـەڵی جەورو ستەمکار هیدایەت نادا!

شتێکی رون‌و ئاشکراشە کە زوربەی هۆیەکانی شوێن هەواو هـەوەس کـەوتن لـەم ژیانی دونیایەدا دەگەڕێنەوە بۆ نەفس زەعیفی‌و بیرتەسکی‌و بـێ ورەیـی، شـەهوەت‌و ئارەزۆ عەقڵ‌و هۆش لای مـرۆڤ ناهێڵـێ، هەسـت‌و بـیری راسـتی لێ زەوت دەکاو وای لێ دەکـا کـە بـە هـەموو هێزێکییـەوە بـۆ هـەدەفێکی تایبـەتی نـاڕەوا هەوڵبـدا! چـونکە ئینسان کە شتێکی خۆشویست زۆر سەرنجی لێ دەداو بـیری لێ دەکاتـەوە، تەنانـەت بـیر هـەر لـەو دەکاتـەوە!! بۆیـە دەبیـنین کـە بۆچوونی هـەواو هـەوەس ئاکامـەکانیان زۆر جیاوازن لـە بۆچوونی ئاکامی عـەقڵ‌و هۆش... لـەم روانگەوەیـە کـە قورئـانی پـیرۆز وەسـفی ئاکامی هـەواو هەوەسـی کـردوە بـەوە کـە سـەر لێتێکـدەرەو رێگـای راسـت لـە مرۆڤ چەواشە دەکات.

{وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ بِأَهْوَائِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِالْمُعْتَدِينَ - سورة الأنعام – ١١٩}.

واتە: زۆر لەو خەڵکە بەهۆی هەواو ئارەزۆوە بەنەزانی سەر لێ شێواو دەبن‌و رێگای گومڕایی دەگرنە بەر!!

{بَلِ اتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَهْوَاءهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ - سورة الروم – ٢٩}.

واتـە: بەڵـكوو ئـەوزاڵم‌و ستەمکارانە – بەنـەزانی – شـوێن هـەواو هەوەسـی خۆیـان کـەوتوون‌و کوێرانـە ملیـان لێنـاوە!! جـا بـۆ چارەسـەری ئـەم نەخۆشـییە، قورئـانی پـیرۆز باشـترین سەرمەشـقی دانـاوە بـۆ زاڵبـون بەسـەر هـەواو هەوەسـدا

ئەویش بریتییە لە روکردنە خودا بە تەواوی‌و خۆگرتنەوە لە موخالەفەی ئەمرو فەرمانی‌و پەیرەوی‌و گوێ پێدانی ئامۆژگارییەکانی.

{وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى-سورة النازعات/٤١}.

واتە: بەڵام کەسێك لەخودا بترسێ‌و نەفسی خۆی لە هەوەس بگێڕێتەوە، بێگومان بەهەشتی بەرین جێگایەتی. ئەم لە خودا ترسانە بەو جۆرەو گرتنەوەی نەفس لە خراپەکاریی‌و رامکردنی بۆ ئەوەی رێگای حەق بەرنەدا – بە تایبەتی کە لە جەوێکی ئاینیدا ئەم کارانە ئەنجام بدرێن هەر لەبەر رەزامەندی خودا بن!! باشترین چارەن بۆ ئەوەی جڵەوی نەفس بگرێتەوەو کەمەندی بکا.

خۆ بەزلزانین‌و لوتبەرزی (الکبریاء):

خۆ بەزلزانین رەوشتێکی نەشیاوو ناشیرینی کۆمەڵایەتییە، دوو بەرەکی‌و دوژمنایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دەروێنێ‌و قەڵاچۆی گیانی یامەرتی‌و خۆشەویستی ناویان دەکا!!

خۆ بەزلزانی وەنەبێ هەر قەڵاچۆی خۆشەویستی نێوانمان بکاو بەس! بەڵکوو وامان لێ دەکا کە نەتوانین هەڵەکانی خۆمان هەڵگرینەوەو ئیصلاحی ئەدەبی خۆمان بکەین، چونکە خۆ بەزلزان (متکبر) عەیب‌و عاری خۆی نابینێ‌و وادەزانێ لە ژور پلەی کۆمەڵەوەیە، لە عاست هەموو رەخنەو ئامۆژگارییەك گوێچکەی خۆی دە ئاخنێ‌و تەنیا بۆ مەدح‌و سەناو پێداهەڵدان گوێی دەگرێ، چونکە کەسێك کە خود پەسندبێ‌و خۆ بەزل بزانێ هەرگیز ئامۆژگاری نابیسی‌و قسەی باش کاری تێ ناکا، بەمەش پەردەیەکی ئەستورو قایم دادەداتەوە لە نێوان خۆی‌و زاناو پیاو چاکاندا هیچ سوودێك لە زانست‌و ئامۆژگارییان نابینێ‌و لە زەلکاوی نەزانی‌و گومڕاییدا گیر دەخواو پەی بەرێگای راستی رزگاری نابا!!

بۆیە سوننەت‌و ویستی خودا وابووە کە هەم دەم دڵ‌و دەروونی خۆ بەزلزانان وا لێ بکا کە گوێ بۆ سروشی خودا رانەگرن‌و لە عاست ئامۆژگاری پێغەمبەراندا کەڕو کوێر بن، چونکە ئەو خۆ بەزلزانانە خودا بۆ خۆی بە گومڕای نوسیون‌و

سەریان لێ تێکچووەو شایانی غەزەبی پەروەردگار بوون، بەهۆی تەکەبوورو خۆ بەزلزانی خۆیانەوە:

{سَأَصْرِفُ عَنْ آيَاتِيَ الَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي الأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَإِن يَرَوْاْ كُلَّ آيَةٍ لاَّ يُؤْمِنُواْ بِهَا وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ الرُّشْدِ لاَ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلاً وَإِن يَرَوْاْ سَبِيلَ الْغَيِّ يَتَّخِذُوهُ سَبِيلاً - سورة الأعراف – ١٤٦}.

واتە: ئەوانەی لەسەر زەوی بە ناحەق‌و ناڕەوا تەکەبوور دەکەن‌و خۆ بەزل دەزانن ناهێڵم لە قورئان تێ بگەن‌و دڵیان مۆر دەکەم‌و سەریان لێ تێکدەدەم. ئەو خۆ بەزلزانانە ئەگەر ئایەت‌و نیشانەی گەورەیی‌و خودایەتی ئێمە ببینن – با زۆریش ئاشکرابن – ئیمانی پێ ناهێنن، ئەگەر ڕێگەی ڕاست‌و دروستیان نیشان بدرێ پێیدا ناڕۆن‌و نایکەنە ڕێبازی خۆیان، کەچی ئەگەر ڕێگای گومڕایی‌و سەرلێ شێواوییان بەدی کرد، دەیکەنە ڕاڕەوی خۆیان‌و ملی لێ دەنێن.

قورئانی پیرۆزئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە خۆ بەزلزانەکان یاخی ترین گرۆهـ بوون بۆ بیستنی ئامۆژگاری پێغەمبەرەکان‌و بە پیرەوە چوونی پەیامەکەیان ئەوەتا هەڵوێستێ لە هەڵوێستەکانی قەومی صالح پێغەمبەرمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ:

{قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِ لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُواْ لِمَنْ آمَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَالِحًا مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِ قَالُواْ إِنَّا بِمَا أُرْسِلَ بِهِ مُؤْمِنُونَ، قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ إِنَّا بِالَّذِيَ آمَنتُمْ بِهِ كَافِرُونَ - سورة الأعراف – ٧٥-٧٦}.

واتە: خۆ بەزلزان‌و ملهوڕەکانی هۆزی صالح پێغەمبەر وتیان: بەو ژێردەستەو مسکێن‌و ستەمدیدانەی کە باوەڕیان بە صالح پێغەمبەر هێنابوو، ئایا ئێوە وا دەزانن کە ئەم صالح ناوە پێغەمبەرەو لەلایەن خوداوە نێردراوە؟! ئەوانیش لەوەڵامدا وتیان ئێمە نەك هەر ئەوەندە پێمان وایە ڕاست دەکاو بەس! بەڵکوو ئیمانیشمان پێی هێناوەو شوێنی کەوتووین! ئەمجار خۆ بەزلزان‌و ملهوڕەکان گوتیان: دەی پێغەمبەرێ کە ئێوە ئۆمەتی ئەو بن بەکەڵکی ئێمە نایەت‌و ئیمان بە پێغەمبەری وا ناهێنین!!..

ئەوەش سەرگوڕشتەی قەومی عادە کە لە عاست سروشی خودا تەکەبووریان کردو گوێچکەی خۆیان هاخنی تا بەسزای بەئێشی خۆیان گەیشتن:

{فَأَمَّا عَادٌ فَاسْتَكْبَرُوا فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَقَالُوا مَنْ أَشَدُّ مِنَّا قُوَّةً أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَهُمْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ، فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِي أَيَّامٍ نَحِسَاتٍ لِنُذِيقَهُمْ عَذَابَ الْخِزْيِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَلَعَذَابُ الْآخِرَةِ أَخْزَى وَهُمْ لَا يُنصَرُونَ-سورة فصلت- ١٥-١٦}.

واتە: هۆزی (عاد)یش بە ناحەق‌و ناڕەوا لەزەویدا تەکەبووریان کردو خۆیان بەزلزانی، وتیان کێ بێ لە ئێمە بەهێزتربێ‌و وەکوو ئێمە بەشان‌و شەوکەت‌و دەست‌و بازوو بێ؟! بەراستی ئەو قەومە نەزان‌و بیرتەسک بوون، ئایا نەیاندەزانی کە ئەو خودایەی ئەوانی دروست کردوە لەوان بەهێزترەو دەستی قودرەت‌و توانای لە ژوور ئەوانەوەیە؟! هیچ لەنەوە نەفکرین‌و بەرامبەر بە ئایاتی ئێمە سەرپێچییانکرد ئێمەیش لە سزای ئەوەدا لەچەند رۆژێکی شوومدا رەشەبایەکی سەختی ساردمان نارده سەریان‌و سزایەکی وامان دان لە جیهاندا پێی ریسوا تربوون، دیارە کە سزای ئەو دونیایان سەخترە، ئەوانە لە هەردوو جیهاندا بێ پشت‌و پەناو یارمەتیدەرن لەم دنیاش کەس ددانی خێریان پێدا نانێ‌و لەو دونیاش کەس شەفاعەتیان بۆ ناکا!.

لەشوێنێکی تردا دەبینین پەروەردگار هەڕەشەی توندو ترسناك لەخۆ بەزلزانەکان دەکاو دەفەرموێ:

{أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِّلْمُتَكَبِّرِينَ - سورة الزمر- ٦٠}.

واتە: ئایا ئاگری دۆزەخ بەس نییە بۆ ئەوان کەببێتە بەندیخانەو خانوی مانەوەیان هەتا هەتایە بەهۆی خۆ بەزلزانی دونیایانەوە تێیدا بمێننەوە؟!

دەی باشە با ئێمە پرسیارێك بکەین‌و بڵێین: دەعیەزل‌و فیزنەکان بەچی دەنازن؟ ئایا بەهێزو بازوو تواناو جوانی‌و شۆخ‌و شەنگی دەنازن؟! بێگومان ئەم دیاردانە لە گۆڕاندان‌و رۆژ بەرۆژ لەزیادو کەمیدان‌و پاش ماوەیێك نامێنن هەر نەخۆشی‌و لەرزوتایەکی سووکەڵە جەستە تێك دەداو هەموو رۆژێ رۆژگار کاری خۆی

تێ دەكاو وردە وردە وای لێ دێ دوای چەند ساڵێك پیرو كەنەفت دەبێ!! خۆ ئەگەر بە ماڵو دارایی دەنازن با ئەوە بزانن كە مردنو بەلاو موصیبەت جیاوازی نێوان دەوڵەمەندو هەژار ناكا، ئەبێ ڕۆژێك مرۆڤ ماڵو دارایی خۆی بۆ یەكێكی تر بەجێ بێڵێ! بۆیە دەبینین قورئانی پیرۆز ئامۆژگاری خەڵك دەكا كە هەرگیز لوتبەرزی نەنوێنن‌و خۆ بەزل نەزانن:

{وَلاَ تَمْشِ فِي الأَرْضِ مَرَحًا إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ الأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولاً - سورة الإسراء – ٣٧}.

واتە: بەسەرزەویدا بەدەعیەو تەكەبوور مەڕۆ، وەكوو جەببارو خۆ بەزلزانان ڕەفتار مەكە، چونكە تۆ بەم ڕۆیشتنەت ناتوانی ئەرز كون بكەی‌و لەرزەی پێ بخەی، چەندێك لوت بەرزكەیتەوە ناتوانی بە ئەندازەی كێوێك بەرزی بنوێنی! لە شوێنێكی تردا پەروەردگار داوا لە ئادەمیزاد دەكا كە هەرگیز تەكەببور نەكاو خۆی بەزلنەزانێ!

{وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ - سورة لقمان – ١٨}.

واتە: هەركاتێ ئاخاوتنت لەگەڵ خەڵكدا كرد بەفیزەوە ڕوو وەرمەگێڕەو بەرامبەرەكەت بەهیچ پوچ سەیر مەكە، كە بە سەرزەویدا دەڕۆی بە تەكەببورو فیزەوە مەڕۆ، چونكە پەروەردگار هەرگیز دەعیە زل‌و خۆ بەزلزانی خۆش ناوێن.

خوێنەری ئازیز! تەكەببور ئەو ڕەوشتە ناشیرینەیە كە پەروەردگار زەمی كردوەو بانگەوازی ئادەمیزادی كردوە كە خۆی لێ دوربخەنەوە، چونكە ئەم جۆرە ڕەوشتانە كۆمەڵ تێك دەدەن‌و بوغزو كینە لەناو دڵاندا دەچێنن! كەوابوو پێویستی سەرشانی مامۆستاو دوعاگۆو پیاوچاكان‌و پیاوانی پەروەردەیە كە دژی ڕەوشتی فیزنی‌و خۆبەزلزانین بوەستن‌و بەهەموو هێزو توانایەكیانەوە هەوڵی قەلاچۆكردنی بدەن زیانەكانی بۆ كۆمەڵ ڕوون بكەنەوە، تا خەڵكی بتوانن لێی دوورە پەرێزبن‌و خۆی لێ بپارێزن، هەمیشە هەوڵ بدەن كۆمەڵ لەسەر بناغەی خۆشەویستی دابمەزرێنن.

مەینۆشی قومارکردن (الخمر والقمار):

پەروەردگار دەبارەی تاوانی مەینۆشیو قومارکردن دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ[1] رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ، إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللّهِ وَعَنِ الصَّلاَةِ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ - سورة المائدة – ٩٠-٩١}.

واتە: ئەی خاوەن باوەڕان! ئەی موسوڵمانەکان! عەرەقو قومارو بەخت گرتنەوە بەشێکن لە کردارە پیسەکانی شەیتانو خۆتانیان لێ دوور بخەنەوە، بەڵکوو سەرفرازی دونیاو قیامەت بن. بزانن کە شەیتان دەیەوێ بە هۆی مەینۆشیو قورماکردنەوە ناخۆشیو دوژمنایەتی بخاتە ناوتانەوە، یادی خوداو نوێژتان لەبیر بەرێتەوە، لە رێگای خودا پەرستی لاتان بدا! ئایا ئێوە پاش ئەم روونکردنەوەیە دوای ئەم ئامۆژگارییە راستو رەوانە لەو کردەوە خراپانە واز دێنن!؟!.

لێرەدا پەروەردگار مەیو قوماری بەپیسو کرداری شەیتان حسێب کردوە. بە وشەی (رجس) ناوی بردوە (رجس)یش لە زمانی عەرەب دا ئەوپەڕی پیسیو

---

[1] الميسر: واتە: قومار (الانصاب): ئەو بەردە یان ئەو بتەیە کە عەرەبەکان کاتی خۆی قوربانیان لەلا سەر دەبڕین.

الأزلام: پارچە دارێکی باریکی سوکەڵەبووە لە وێنەی سەرەتیر (یا نصیب)یان پێ کردوە، بەو جۆرە سێ سەرەتیر (الأزلام)یان هێناوە لە وێنەی یەکتری: یەکەمیان، لەسەری نووسراوە (أفعل) بکە ئەوی تریان لەسەری نووسراوە (لا تفعل) مەکە، سێهەمیان، هیچی لەسەر نەنووسراوە هەرکاتێ ویستیان بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە بۆ کارێکی گرینگ هاتوون هەرسێك جۆرە تیرەکەیان خستونەتە ناو توورەکەیەکەوەو ئەمجار دەستی بردۆتە ناو هەگبەکەوەو یەکێك لەو سەرە تیرانەی دەرهێناوە جا ئەگەر ئەوە بووبێ کە لێی نووسراوە (افعل) ئەوە یەکسەر کارەکەی ئەنجامداوە ئەگەر لێشی نووسرابێ (لا تفعل) ئەوە وازی لە کارەکە هێناوە ئەگەر ئەو تیرەش بووبێ کە هیچی لەسەر نەنووسراوە ئەوە چەند جارێکی تر تیرەکانی خستۆتە ناو هەگبەکەوەو تاوای بۆ رێکەوتووە کە دانەیەك لەو دو دانەیەی پێشەوەی بەدەستەوە هاتووە.

ناشیرینی دەگەیەنێ! خۆ پاراستنیشی لە مەینۆشیو لە قومارکردنی کردوە بەهۆی سەرفرازی ژیانی مرۆڤ ، کەوابوو نزیك بوونەوە لێیان هۆی مالۆێرانی ژیانی دونیاو قیامەتە! هەر بەمەشەوە نەوەستاوە بەڵکوو عەرەقو قوماری کردوە بە کۆڵەوەژو هەڵگیرسێنەری ئاگری دوژمنایەتیو رقو کینە، ئەوەش خراپترین روخێنەرو مالۆێرانکەری ژیانی دومنیایە. لەکۆتایی ئایەتەکەدا پەروەردگار عەرەقو قوماری داناوە بە گەورەترین کۆسپ لەبەردەم خودا پەرستیو نوێژکردندا.

زەرەرو زیانی عەرەق:

زەرەرو زیانی مەینۆشی زۆرو زەبەندەنو ناژمێردێن، چونکە عەرەق خواردنەوە وا لە کابرای مەینۆش دەکا ویژدانی بمرێو حەیاو شەرمی بتکێ، هیچ شتێکیش نییە بە ئەندازەی ویژدان مردنو نەمانی حەیاو شەرم زەرەرو زیان بە کۆمەڵی ئادەمیزاد بگەیەنێ، چونکە ویژدان مردنو بێ حەیایی پاڵ بە عەرەق خۆرەوە دەنێ کە ئەخلاق فرێ بداو چی کرداری نەشیاو هەیە بیکا، تەنانەت زۆر لە روداوی پێشێلکردنی ناموسو خیانەتی ژنو مێردایەتیو داوێنپیسی کە روودەدەن بەهۆی خواردنەوەی عەرەقەوە روودەدەن، کە ئەمانەش دەبنە هۆی جودابوونەوەی ژنو مێردو روخانی خانووی خێزانو پەرتەوازەبوونی منداڵی وردو ساواو پەیدابوونی غەمو نارەحەتیو پەشیمانی بێ سوود!! (واقیع)یش دەری خستووە کە زۆر روداوی هەرچیو پەرچی کە سەر دەکێشن بۆ کردنی تاوانی گەورە، لە مەیخانەو شوێنی عەرەقخواردنەوەدا روو دەدان!!

کەسانێکیش هەن کە داکۆکی لە عەرەق خواردنەوە دەکەنو دەڵێن: ئازاری دەروونیو بەلاو موسیبەتو تەنگو چەڵەمە ئەوەندە زۆرو زەبەندەنو پەرەیان ستاندوە پیاوی ناچار کردوە پەنا بۆ عەرەقخواردنەوە بەرێ!

لەوەلامی ئەوانەدا دەڵێین تەنگو چەڵەمەی دنیایی ئێشو ئازاری دەروونی بە عەرەق خواردنەوە قەلاچۆ ناکرێن، بەڵکوو بە بەهێزکردنی ئەخلاقو بە

پەروەردەکردنی خەڵکی لەسەر زەبتی نەفس (خۆزەوتکردن)و صەبرو ئارامی پێویستو دڵدانەوەی رۆحیی ئەنجام دەدرێ!

هەرکاتێکیش ئادەمیزاد دڵی تەنگ بوو خێرا پەنا بۆ عەرەق خواردنەوەی بەرێ بەو هیوایە ئازاری دەروونی خۆی سوك بکاو ویژدانی بمرێنێ، بێگومان لەجیاتی سوککردنی ئازارەکە ئازارێکی تر دەخاتە سەرشانی خۆیو ئەوەندەش نابا کە هەمان ئازاری پێشووی بۆی دەگەرێتەوە! ئیتر مرۆڤەکە وای لێ دێ زەعیفو زەبوون دەردەچێو توشی ئینهییاری عەصەبی دەبێ، یان هیچکەنەبێ دەبێتە مەینۆشێکی مودمینو خوی پێوە دەگرێ، بەمەش رێگای (انتحار) خۆ کوژی دەگرێتە بەرو زۆری پێ ناچێ سلار دەبێتەوە، ئەو ماوەیەش کە بە حیساب زیندووە بە داهێزاویو لەشگرانی ژیان بەسەر دەباو هەمیشە لەش بە ئازارو ئەندێشناکە...!

لەلایەکی ترەوە مەینۆشی زەرەری کۆمەڵایەتی هەیە، لەم رووەوە کە عەرەقخواردنەوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی دوژمنایەتی، دژایەتی لە نێوان دۆستو برادەردا، چونکە عەرەقخۆر سەرخۆش دەبێو عەقڵو هۆشی نامێنێ، فەرقی چاكو خراپ ناکا، ئەو کاتە قسەی ناشرینو نەشیاوی لەدەم دەردەچێ، کرداری خراپی لێوە روودەداو ئەزیەتو ئازاری خەڵك دەدا، هەر لە خۆوە تورە دەبێو بەبێ هۆ هەڵدەچێو دەبێتە هۆی شەرو هەراو ناخۆشی، هەروەها عەرەقخواردنەوە ئینسان لە یادی خودا دوور دەخاتەوە، چونکە – وەکوو وتراوە – سەرخۆش عەقڵو هۆشی نییە کەوابوو چۆن یادی خودا بکاتەوەو چۆن بەندایەتی بۆ خودا ئەنجام بدا، عیبادەتو خودا پەرستیش بەبێ عەقڵو هۆش ئەنجام نادرێن... هەر لەم روەوەیە کە ئایینی ئیسلام – بە پێچەوانەی هەموو ئایینە ئاسمانییەکان – هاتووە عەرەقی حەرام کردوەو حەدو سزای بۆ عەرەق خۆر داناوەو بە تاوانی گەورەی حسیب کردوە، یەکێکیش لە ئەرکە گرینگەکانی ئایین ئەوەیە مرۆڤ بانگ بکا بۆ خودا پەرستی، دەی کە مرۆڤ سەرخۆش بوو چۆن عیبادەتی خودا بکا!؟ کەوابوو حەرامکردنی عەرەق لە ئایینی ئیسلامدا بە

پاسایەکی شاکاری ئەم ئایینە دەژمێردرێ‌و بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئەم ئایینە ئایینێکی رۆحییە بەرنامەو تەشریعاتی هەموو بۆ ئەوەیە نەفس‌و دەروون لە چڵکی مادده پاك بکاتەوە!

زەرەرو زیانی قومار:

یەکەم شتێك کە ئێمە لە زەرەری قومار بەدی دەکەین ئەو زەرەرەماڵیەیە کە قومارکەری دۆڕاو دەیکا -جا هەر چەندە ئێمە- خوایاربێ - لە باسی ژیار (اقتصاد)ی ئیسلامیدا بە درێژی باسی ئەم لایەنە دەکەین بەڵام لێرەدا هەر ئاماژە بۆ ئەو زەرەرو زیانە دەکەین کە لە قومارەوە پەیدا دەبن وەکوو دوژمنایەتی دژایەتی، یەکتری بوغزاندن. چونکە قازانج‌و سوودی قومارکەر لەسەر زەرەری دۆڕاوەکە پەیدا دەبێ، کە بە ئاشکرا ماڵی برای خۆی داگیر دەکاو بە بەرچاوی خۆیەوە گیرفانی هەڵدەتەکێنێ، خۆ تا مرۆڤ زیاتر خەسارەتمەند بێ زیاتر رقی لەو کەسە دەبێتەوە کە زەرەرەکەی بۆ هێناوەو ماڵەکەی لەچەند ساتێکدا لێ ستاندووە!؟

زۆر جار وا رێ دەکەوێ قورمارکەر خوو بە قورماکردنەوە دەگرێ‌و وازی لێ ناهێنێ هەتا هەموو ماڵ‌و دارایی خۆی لەدەست دەداو سەیتەرەی نامێنێ بەسەر خۆیداو لە ئاکاما خۆی دەکوژێ یان بەچاو بەرەو ژێری‌و سەرکۆنەکراوی دەژی!!

قومار یادی خودا لەبیر دەباتەوە، لە نوێژکردن لای دەدا، چونکە قورماکەر بە هەموو هۆش‌و بیرێکیەوە سەرنجی خۆی دەخاتە سەر ئەو یاریی قورمارەی کە زەرەرو قازانجەکەی لێ پەیدا دەبێ! تەنانەت وا تێیدا رۆدەچێ ئاگای لە هیچ نامێنێ‌و جگە لە یارییەکە هیچی تری بەخەیاڵدا نایە، نوێژو یادی خودای هەر لەبیرا نایە. بەکورتی هیچ کردارێك نییە وەکوو قومار ئینسان لە فیکرو یادی خودا غافڵ بکا!

کەوابوو حەرامکردنی قومار باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئایینی ئیسلام ئایینێکە رۆحییەو هەر شتێك زەرەری بۆ ئادەمیزاد هەبێ‌و یادی خودای لەبیر برێتەوە نەهی لێکردوە.

درۆو دیاردەکانی (الکذب ومظاهره):

درۆو دەلەسە سەرچاوەی هەموو رەوشتێکی پەستو ناشرینن، بەهۆی درۆوە دیواری قەلای کۆمەڵ دەروخێ رەورەوەی کاروبار تێك دەچێ! درۆزن لە پێش چاوی کۆمەڵ بە سووك تەماشادەکرێو کەس باوەری پێ ناکاو سیقەیان پێی نامێنێ، زوربەی ئادەمیزاد لە ژیاندا خاوەن پیشەو بەرژەوەند (حرفة ومصلحة)ن ئەمانە پێش هەموو کەسێك ئاتاجی راستگۆییو سەرراستین، پێویستیان بە بتمانەی خەڵکی تر هەیە، درۆزنییان ئەم سیقەیەیان ناهێڵێ. بۆیە پەروەردگار ئەوەندە بە توندی دژی درۆزن دواوەو عەهدی کردوە کە هەرگیز درۆزن هیدایەت نەداو نەیخاتە سەر رێگای راست.

{إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ - سورة الزمر – ٣}.

هەروەکوو چۆن لە ئایەتێکی تردا هەرەشەی توندی لە درۆزنان کردوەو بە سزای بەئێشی رۆژی رەستاخیز ترساندونیو فەرموویەتی:

{وَلاَ تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلاَلٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُواْ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ لاَ يُفْلِحُونَ، مَتَاعٌ قَلِيلٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ - سورة النحل – ١١٦-١١٧}.

واتە: نەچن هەر لە خۆتانەوە شت حەرامو حەلاڵ بکەن هەروا بەهەوانتەو ئارەزۆ بەبێ بەڵگەو دەلیل بڵێن: ئەوە حەلاڵەو ئەوە حەرامە بەمە درۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەستن بەبێ ئەوەی ئەو حەرامکردنو حەلاڵکردنە لە خوداوەبێ، ئەمە کارێکی خراپە، چونکە دانانی شەرعو ئایینو پرۆگرام تەنها هی خودایەو کەسی تر مافی ئەوەی نیە ئەم شت حەلاڵ بکا ئەو شت حەرام بکا.

ئەم کەسانەی درۆ بەدەم خوداوە هەڵدەبەستن، یاساو نیزامێك کەهی ئەو نییە پاڵ ئەوی دەدەن، هەرگیز ناگەنە مرازی خۆیان ئۆخەی لە ژیانی خۆیان ناکەن! ئەو پارەو پوولو جێگاو رێگایەی بەهۆی ئەم درۆو دەلەسەو فتوا بە ناحەقدانە دەستیان دەکەوێ شتێکی کەمو کورت ماوەیەو زۆر ناخایانێ لەناو دەچێو مایە پووچ دەبن لە قیامەتیشا سزای بەئێش لە ئامێزیان دەگرێ.

جـا وەنــەبێ درۆ هــەموو کاتــێ حــەرام بــێ بەڵــکوو کــاتو ڕوداوی وا هەیــە درۆکردن لە راستگۆیی باشترەو سوودی بۆ ئـادەمیزاد زیـاترەو پێویـستە پیـاو درۆ بکاو راستییەکە نەڵێ: وەکوو درۆکردنی کاتی رێکخستنەوەی نێوان دوو کـەس کە لێك عاجزن، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) فەرموویەتی:

« لَيْسَ الْكَذَّابُ الَّذِي يُصْلِحُ بَيْنَ النَّاسِ ، فَيَنْمِي خَيْرًا ، أَوْ يَقُولُ خَيْرًا .

واتە: بەو کەسە نالێن درۆزن کە قسەی خێـر دروسـت دەکاو دوو موسـوڵمانی پێ ئاشت دەکاتەوە.

خیانەتکاری:

خیانەتکاری خراپترین جۆری درۆیـە کـە ئینـسان خـوی پـێ دەگـرێ، زەرەرو زیانی ئەو خیانەتەش راستەو خۆ دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵ، خیانـەتیش لـەناو هـەر گەلو هۆزێکدا بلاو بووە ئەوە نیـشانەی ئەوەیـە کـە لـەناو دەچـێو وێـران دەبـێ، بۆیـە پـەروەردگار نـەهی کـردوە لـە موسـوڵمانان کـە هـەرگیز تـوخنی خیانـەت نەکەون خۆی لێ دوورە پەرێز بگرن، دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَخُونُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُواْ أَمَانَاتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ - سورة الأنفال – ٢٧}.

واتـە: ئـەی خـاوەن بـاوەڕان! نەکـەن خیانــەت لـەخوداو پێغەمبـەر بکـەنو ئەرکی سەرشانتان بەجێ نەهێنن خیانەت لە خودی خۆشـتان بکـەنو ئەمانـەتی خۆتان نەپارێزنو بە ئەنقەست سەرپێچی لە فەرمانی پەروەردگار بکەن!

لـە شـوێنێکی تـردا پـەروەردگار رایگەیانـدووە کـە خائینـانی خـۆش نـاوێنو دەیانبوغزێنێ دەفەرموێ:

{إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ مَن كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا - سورة النساء -١٠٧}.

کـەوابوو پێویـستی سەرشـانی ئەوانەیـە کـە هـەوڵ دەدەن بـۆ دروسـتکردنی کۆمــەڵی بەختــەوەر کــە هەرچــی هێــزو توانایــان هەیــە تــەرخانی بکــەن بــۆ

قەڵاچۆکردنی ئەم ڕەوشتە ناشیرینە کە خیانەتو خیانەتکارییە، بەڵـکوو بتـوانن کۆمەڵ بگەیەننە ژیانی بەختەوەریو ئاشتی...

بێ پەیمانی (خلف الوعد):

جـۆرێکی تـر لـە درۆو چـەوتی بـەجێ نـەهێنانی وەعـدو پەیمانـەو بـێ بەڵێنییـە... ئـەم ڕەوشـتە ڕەوشـتێکی تـا بڵێـی ناشـیرینو قێزلێکـراوە نیـشانەی ئەوەیە خاوەنەکەی بێ شەخصیەتو زەبوونەو هەرگیز خێرو بێری لێ چاوەڕوان ناکرێو لـە هـیچ شـتێکدا متمانـەی پـێ نـاکرێ، بـێ پـەیمانی خۆشەویستی لـەناو کۆمەڵ ڕیشەکێش دەکاو زەرەرو زیانی زۆر بـەتاکو کۆمـەڵ دەگەیـەنێ، زۆر کـاتی بەنرخ بە فیڕۆ دەدا! لەبەر ئەوە پێغەمبەر پەیمان شکاندنو بێ بەڵێنی داناوە بـە ڕەوشتی مونافیقو دووڕووەکانی کۆمەڵو دەفەرموێ:

«آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلاَثٌ إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ، وَإِذَا اؤْتُمِـنَ خَـانَ. رواه البخاري ومسلم .

واتە: نیشانەی ئادەمیزاد مونافیقو دووڕوو سێ شتە: کاتێ قسەی کـرد درۆ بکـا، ئەگـەر وادەیـدا بەشـتێك وەعدەکـەی بـشکێنێو نەیباتـە سـەر، ئەگـەر ئامانەتێکیان لا دانا خییانەتی تێدا بکا!

شایەتی بەدرۆ (شهادة الزور):

شـایەتی درۆ جۆرێکـە لـەو درۆیانـەی ئاکـامێکی خـراپ بـۆ کۆمـەڵ بەدەست دێنێ، گیروگرفتی سامناك دەخاتە ناو کۆمـەڵو دەبێتـە هـۆی لەناوچوونی گیـانی بێتاوانانو فەوتاندنی ماڵو دارایی بـە ناحـەقو بڵاوبوونـەوەی ئـاژاوە لـە وڵاتـدا، بۆیـە پـەروەردگار تـاوانی شـایەتیدانی بـەدرۆی بـە هاوشـانی هـاوەڵ بـۆ خـودا پەیـداکردن حـسێب کـردوە، بـە خـراپترین شـەڕو تـاوانی دانـاوەو فـەرمانی پێکردووین کە خۆمانی لێ دوور بخەینەوەو فەرموویەتی:

{فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ - سورة الحج – ٣٠}.

واتە: خۆتان دوور بخەنەوە لە پیسییەك كە بت پەرستییەو هاوەڵ بۆ خودا پەیداكردنە هەروەها خۆتان بپارێزن لە قسەی درۆو شایەتی بەناهەق.

لە شوێنێكی تردا قورئان وەسفی پیاوچاكانی خۆی بەوە كردوە كە هەرگیز شایەدی بە درۆ نادەن.

{وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ - سورة الفرقان – ٧٢}.

بوختانكردن بە پاكان (البهتان):

بوختانكردنیش بەشێكە لە دووڕوویی كە ئایینی ئیسلام حەرامی كردوە. مەبەست بە بوختان زوربەی كات بریتییە لە زڕاندنو لە كەداركردنی ناموسو سومعەی ئادەمیزادێك لە شەرەفو كردەوەیدا. بێگومان بوختان دەبێتە هۆی پەیدابوونی زۆر زەرەرو بەڵاو موسیبەت، زۆر بێتاوانو بێگوناه دەبنە قوربانی ئەم رەوشتەو زۆر خێزانو بنەماڵە سەریان لێ دەشێوێو توشی ناخۆشی دەبن، بۆیە پەروەردگار كۆمەڵی ئادەمیزادی ترساندووە لە بوختانكردنو فەرموویەتی:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ - سورة الحجرات – ٦}.

واتە: ئەی خاوەن باوەڕان ئیمانداران ئەگەر كابرایەكی فاسقو دووڕو هەواڵێكی بۆ هێنانو دەربارەی موسوڵمانێك خەبەرێكی پێدان كە دەبووە هۆی زڕاندنو لەكەداركردنی سومعەی ئەو موسوڵمانە، ئێوە دەسبەجێ قسەكەی لێ وەرمەگرنو بەراستی مەزانن، بەڵكوو بیخەنە بەرتیشكی لێكۆڵینەوە! نەوەكوو – خوانەخواستە– بە نەزانیو بە ناحەق كۆمەڵێك توشی كێشە بكەنو بیانخەنە ناو گێروگرفتی سامناكەوە دوایش كەرون دەبێتەوە ئەوانە بێتاوانو هەواڵ هێنەر لە گیرفانی خۆیدا ئەم پیلانەی رێك خستووە، ئێوە ژێوان ببنەوە بەڵام پەشیمانبوونەوە سوودی نەبێو تازە كار لەكار ترازابێ!!؟

فیتنەیی‌و دووزمانی (النميمة):

بێگومـان فیتنـەیی‌و دووزمـانی جۆرێکـە لـەو درۆیانـەی کـە نیـشانەی ئـەوەن خاوەنەکەی ئادەمیزادێکی نەفس پەستەو دەروون نەخۆشە، بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە ئەو فیتنەیـەو هـەموو هیـواو ئارەزۆیـەکی ئەوەیـە شـەڕو ئـاژاوە بکەوێتـە نـاو خەڵـکەوە، کێـشەو نیـزاع لەناویانـدا بـەرپا ببـێ، جـا پێویـستە بزانـدرێ کـە گەورەترین چەك بۆ بەرامبەری کردنی فیتنە برێتییـە لـە گوێ پێنـەدانی‌و گوێ بۆ رانەگرتنی، بەمە لووتی دەشکێ‌و شەرمەزار دەبێ، خودا دەفەرموێ:

{وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ، هَمَّازٍ مَّشَّاءٍ بِنَمِيمٍ - سورة القلم –١٠-١١}.

واتـە: هـەرگیز بـە گـوێی ئەوانـە مەکـە کـە بەناحـەق‌و نـاڕەوا زۆر سـوێند دەخـۆن، پڕوپـووچ‌و خـوێڕین، بـە ناحـەق ئـاگری فیتنــەیی هەڵدەگیرسـێنێ‌و ئەمبـەرو ئەوبـەری پـێ دەکـاو بـە دووزمـانی خـۆی دوژمنایـەتی دەخاتـە نێـوان موسوڵمانانەوە.

خەڵـك بە کەمزانین‌و سوککردنی (أحتقار الغير):

قورئــانی پــیرۆز لــە بانگەوازییــەکانی دا هەمیــشە مەبەســتی بینــاکردنی کۆمـەڵێکی خودانـاس‌و بەختـەوەر بـووە، ئاشکراشـە کـە ئیکرامگرتنـی خەڵـك‌و رێزلێنانیان هـەدەفێکی گرنگـی قورئانـە، لـەم روەوە کـە رێزلێنـان‌و ئیکرامگرتنـی یـەکتری یەکیـەتی کۆمـەڵ دەپـارێزێ‌و خۆشەویـستی بـڵاو دەکاتـەوە هۆکـاری دوو بەرەکی‌و دوژمنایەتی قەڵاچۆ دەکا.

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَسْخَرْ قَومٌ مِّن قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُوا خَيْرًا مِّنْهُمْ وَلَا نِسَاءٌ مِّن نِّسَاءٍ عَسَى أَن يَكُنَّ خَيْرًا مِّنْهُنَّ وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ وَلَا تَنَابَزُوا بِالْأَلْقَابِ بِئْسَ الاِسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الْإِيمَانِ وَمَن لَّمْ يَتُبْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ - سورة الحجرات – ١١}.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار فەرمان بە موسوڵمانان دەکا کە ڕێز لە یەکتری بگرن، چاودێری سومعەو کەرامەتو هەستو شعووری یەکتری بکەن هیچ کامێکیان – پیاو یان ئافرەت – گاڵتە بە ئەوی تریان نەکەن بە چاوی سوک سەیری یەکتری نەکەن، نابێ نە بەدەست نە بە زوبان نە بەچاو بە هیچ جۆرێك لە پلەو پایەی ئەمو ئەو بێننە خوارێ، هەرگیز فەقیریو لیباس شڕیو شەلی، کوێریو لاڵیو نەنگی تر نەبنە هۆی ڕێزکەمکردنەوە چونکە زۆر جار وادەبێ گاڵتەپێکراو لای خودا زۆر باشترە لە گاڵتەکەر، لە میزانی خوادا ئەم جۆرە کەم ئەندامییە نابنە هۆی ڕێز کەمکردنەوە، زیاد لەوەش گاڵتە پێکراو هەوڵ ئەدا تۆڵەی خۆی بکاتەوە چی عەیبو نەنگی گاڵتەکەر هەیە بیخاتە روو، خۆ ئەگەر عەیبو عاری بۆ نەدۆزێتەوە بۆی هەڵدەبەستێ، بەمەش ناخۆشیو دژایەتی دەکەوێتە ناوەوە زیاتر ئاگری دووبەرەکی هەڵدەگیرسێ، کەوابوو ڕێز لە یەکتری نەگرتنو گاڵتە بەیەکدی کردن دەبنە هۆی چاندنی تۆوی ناکۆکیو دوژمنایەتی، پەتی نێوانو پەیوەندی خۆشەویستی دەپچڕێنێ.. ئەمجار پەروەردگار نەهی کردوە لە موسوڵمانان – کەبەرەو روو بەناحەق – تانە لە یەکتری بدەن، چونکە ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی دژایەتیو ناکۆکی... پەروەردگار لەم ئایەتەدا هەموو موسوڵمانانی بەیەك نەفس حسیب کردوونو فەرموویەتی: {وَلَا تَلْمِزُوا أَنفُسَكُمْ} ئایەتەکە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە هەرکاتێ موسوڵمان عەیبی لە برای موسوڵمانی گرت وەکوو ئەوە وایە عەیب لە خۆی بگرێ.

ئەمجار نەهی کردوە کە مرۆڤ بانگی برای موسوڵمانی بکا بە ناوێك کە پێی ناخۆش بێ جا ناوە ناشیرینەکە خۆی بگرێتەوە یان باوکی یان دایکی یان هەر کەسێك کە پەیوەندی بە بانگلێکراوەکە هەبێ!! چونکە ئەم جۆرە بانگهێشتنە رقو کینە دەخاتە دڵەوە، لە کۆتایی ئایەتەکەدا پەروەردگار بەیانی ئەوەی کردوە کە گاڵتە بە یەکدی کردنو بەناوی سوكو ناشرین بانگهێشتنی یەکتری.. هتد. دەبنە هۆی گوناهباریو دەرچوون لە تاعەتی خودا، کەوابوو شایانی شانی

موسوڵمان نییە – دوای ئەوەی نووری باوەڕ چووە دڵیەوە – وابکا بە فاسق و بێ دین ناوببرێ!! هەر کەسێکیش لەم گوناهانە نەگەڕێتەوەو ئەم کردارە ناشیرینانە ئەنجام بدا، ئەوە زۆرو ستەم لە خۆی دەکا.

گومانی خراپ سیخوڕیو جاسوسیکردنو پاشملە باسکردن:

خودای مەزنو پەروەردگار دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ - سورة الحجرات – ١٢}.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار داکۆکی کردوە لەوە کە موسوڵمانان گومانی خراپ بە موسوڵمانان بەرن چونکە ئەمە سەردەکێشێ بۆ بەسووك زانینیانو ڕێز لێ نەگرتنیانو زیان پێ گەیاندنیان، بۆیە پەروەردگار فەرمان بە موسوڵمانان دەکاو لەو هەڵوێستە دەیانترسێنێ کە دەفەرموێ: (إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ) واتە: بڕی لەگومان بردن بەخەڵك گوناهو تاوانە. پێویستە ئەوە بزانین کە شكو گومان کاتێك نەشیاوو ناڕەوایە کە گومان لێکراو لەو کەسانە بێ کە بە ئەمینو ڕاستاڵ ناسرابێ، ئەگینا ئەو کەسانەی کە خراپەکارنو کۆ لە هیچ کردەوەیەکی ناشیرین ناکەنەوە گومانکردن لێیان حرام نییە.

ئەمجار پەروەردگار نەهی کردوە لەوە موسوڵمان جاسووسی لەسەر یەکتری بکەنو لە نهێنی یەکتری بکۆڵنەوە، چونکە ئەوە دەست تێوەردانی کارو باری ناو خۆیی خەڵکەو خۆ هەڵپەساردنە بە شێتێکەوە کە پەیوەندی بە کاری ئەوانەوە نیە، سوودی لێ نابینن جگە لە ڕقو کینە بەروبوومێکی تری نابێ. بەڵام ئەو دامو دەزگایەی کە کاربەدەستانو میری دایدەنێن بۆ دابینکردنی ئەمنو ئاسایشو شوێن پێ هەڵگرتنی گێرەشوێنو شەلاتیو خراپەکارانو دزو جەردەکان ئەوە

شتێکی پیرۆزە بە مەرجێك کاری سەرەکی خۆیان وەکوو پێویست ئەنجام بدەن و بەپێی ئایینی ئیسلام کۆڵ هەڵگرن و پەیجووری بکەن و خەفێتی ئەنجام بدەن!!

لە کۆتایی ئایەتەکەدا یەزدانی مەزن نەهی لە موسوڵمانان کردوە کە هەرگیز غەیبەت (لە پاشەملە بەخراپە باسکردن)ی یەکتری نەکەن جا چ بە باسکردنی ئاشکراو بە ڕاشکاوی و بێ پێچ و پەنابێ یان بەهیماو ئاماژەو بەمەعنابێ، دەربارەی ئایین و دین بێ، یان دەربارەی کارو باری دونیایی بێ، پەیوەندی بەرەوشت و ئەخلاقەوە بێ، یان بەجەستەو ئەندامەوە بێ، چونکە باسکردنی ئەمانەو لکەدارکردنیان ئاگری دوژمنایەتی و فیتنەیی هەڵدەگیرسێنێ، تەنانەت ئایینی ئیسلام ئەوەندە قێزی لە غەیبەتکردنە غەیبەتکردنی بە خواردنی گۆشتی مردوو داناوە کە برای موسوڵمانی خۆی دەمی تێژەنێ و بیخوا! ئەوەتا دەفەرموێ:

{أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ}.

واتە: ئایا کێ لە ئێوە پێی خۆشە کە گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوا دیارە هەریەکێ لە ئێوە ئەمەی پێ ناخۆشە کەوابێ غەیبەتکردنی برای موسوڵمانی خۆتان ئاوا پێ ناخۆش بێ.

بەڵام کەسێك کە بە ئاشکرا بێدینیی خۆی بخاتەڕوو، کرداری ناشرین ئەنجامبدا دروستە غەیبەتی بکرێ بەو هیوایەی کە قێز لە ڕفتارو کردارەکانی بکرێتەوە خەڵك شوێنی نەکەون.

ئەمجار ئایەتەکەی قورئان بەوە کۆتایی هاتووە کە بانگەوازی کردوە بە تەقواو تاعەتکردنی خودا چونکە پەروەردگار تۆبە وەردەگرێ لەو کەسانەی کە لەو کردەوە ناشیرینانە دوور دەکەونەوە.

داوێنپیسی (الزنا):

داوێنپیسی ڕەوشتێکی پەست و ناشرینە، ئادەمیزاد بێبەش دەکا لە ئارامی دەروونی، ئەو ئارامی دەروونییەی کە کەسانی ڕاستاڵ و دەروون پاك هەیانە،

بێگومـان داوێنپـاکی ئاشـتیو ئـارامی دەخاتـە نـاو کۆمەڵـەوە بـە پێـچەوانەوە داوێنپیـسی پەشـیمانی لـە دوایـە، قەلـەقو دڵـەراوکێ دەخاتـە نـاو دەروونـەوە، هەسـتکردن بـە گونـاه پەیـدا دەکـا ئـەو هەسـتکردنەش دەروونـی ئینـسان توشـی چـەندەها زەرەرو زیـان دەکـاو مـرۆڤ تووشـی هەناسـەی سـارد دەکـا. ئاشکراشـە داوێنپـیس ڕێگـای نامـە شـروعو نـاڕەوا دەگـرێو واز لـە ژنو مێردایـەتی شـەرعی دێنـێ، دەیەوێ لەسەر سفرەو خوانی خەڵکی تر لامێژی بکاو بـەبێ مانـدو بـوونو ئارەق ڕشتنو ئەرك لەخۆگرتن خۆشییەکی کاتی وەرگـرێو ئـاژەڵ ئاسا ڕەفتـاری سـەرجێی ئـەنجام بـداو پـاڵ بداتـەوەو ئـەرکی مـاڵو خێـزانو ژنو مێردایـەتی هەڵنەگرێ! لە کاتێکا ژنو مێردایەتی قانوونو یاسایەکی سروشتییەو بـەپێی ئـەو یاسـایە مـرۆڤ ئـەرکی بـەخێوکردنو قوربانیـدانی بـڕی لـەژیانی خـۆی بـۆ بەرژەوەندی برێ کەسی تر هەڵگرتووە، هەروەها لە ئاکامی پێکەوەنانی خێزانـی بەختیارو ڕێكو پێکدا منداڵی بەرەوشتو ئەخلاق جوان پـەروەردە دەبـن، لـە دوا ڕۆژدا دەبنە ئەندامی ڕاستاڵو بەغیرەت دەربەسـتی سـەرو مـاڵو نـاموس دەبـنو بەخێرو خۆشی گشتییەوە دێن، ئا ئەمەیە ئـەو لـەززەتو خۆشـییە گیانییـەی کـە ژنو مێردی شەرعی هەستی پێدەکەن، بە پێـچەوانەوە داوێنپیـسی وەکوو لافـاوی قوڕاو ڕەوشـتی ئـەدەبیمان دادەپۆشـێ، چـرای ڕونـاکی ئـەخلاقمان دەکوژێنێتـەوە، دەبێتە هۆی خستنەوەی چەند زۆڵو حەرامزادەی وا کـە دەبنـە بـارگرانی بەسـەر کۆمەڵەوەو گێرەشێوێنی ناو وڵات، هەموو کاتێك هەستو شعووریان بریندارەو بە ڕەشبینـی سەیری ژیان دەکەن ڕقیان لەم ژیانە دەبێتەوە کە بارودۆخێکی وای بـۆ نەگونجانـدوون کـە لـە باوەشـی بـاوكو دایکێکـی شـەرعی دا پـەروەردەبنو دوا ڕۆژێکی بەختەوەریان بۆ بڕەخسێنن!!

خێزانو ژنو مێردایەتی پەیوەندییەکی مرۆڤییە دەبێتـە هۆی کۆبوونـەوەی نێرو مێ لەسەر بناغەی خۆشەویستیو فیداکاریو لێبوردن لە پێناو بەرژەوەنـدی یەکتری دا، وەکوو قورئان ئاماژەی بۆ کردوەو فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾.

واتە: پەروەردگار خۆشەویستیو عەتفو سۆزی خستۆتە نێو دڵی ئێوەی ژنو مێردەوە... بە پێچەوانەوە زیناو داوێنپیسی بریتین لە پەیوەندییەکی کاتی ئاژەڵی نێوان ژنو پیاوو لە سنووری لەززەتو خۆشییەکی کورتو بەرژەوەندییەکی شەخصی دەرناچێ، سەرباری ئەوەش زوربەی کات دوژمنایەتیو ناخۆشیو نەخۆشی بەرپا دەکا. لەبەر ئەم هۆیانەو هۆی تریش ئایینی ئیسلام داوێنپیسی حەرام کردوە بەکاری شەرم ئاوەرو فاحیشەو رێبازی خراپی داناوەو داوای لە ئادەمیزاد کردوە کە خۆیانی لێ بپارێزنو لێی دوور بکەونەوەو فەرموویەتی:

{وَلاَ تَقْرَبُواْ الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاء سَبِيلاً - سورة الإسراء – ٣٢}.

واتە: بەکەمو زۆر توخنی داوێنپیسی مەکەون چونکە لە کۆنو نوێدا لە هەموو ئایینێکدا دەدەنرێ بە کارێکی بێ شەرمانەو مایەی تەریقیو سەرشۆڕییە، هەر رێگەی نامەردی بووەو هەر رێگەی نامەدریش دەبێ.

یەکێکیش لە یاسا شاکارەکانی ئایینی ئیسلام ئەوەیە کە بۆ بەرگریکردن لە بڵاوبوونەی داوێنپیسی سزای توندی داناوە – سەد دار لێدان، بەردە بارانکردن تامردن – بۆ ئەوانەی خوانەخواستە ئەم کارە ناشیرینەیان لێ روودەدا چونکە لە کۆمەڵێکی ئاژەڵیدا رەوشتو ئەخلاق ئیحتیرامی نابێو مومکین نابێ تەتبیق بکرێ ئەگەر هێزێکی وابێ دەروونی نەخۆشو شەڕانەی لە خراپەکاری بگێڕێتەوە!! ئاشکراشە تەعالیمی ئەخلاقو رەوشت ئەگەر لە چوارچێوەی تیوری (نەظەری) رووت دەرنەچێ هەرگیز مەبەستی پێویست وەدەست ناهێنێ.

هەڵچوونو رق هەڵسان (الغضب):

هەڵچونو توڕەبوونی نابەجێ رەوشتێکی ناشیرینی ناهەموارە، هەرکاتێ ئەم رەوشتە نابەجێیە لەناو دەرووندا خۆی داکوتاو جێگیربوو ناشیرین ترین ئاکامی دەبێ لە ژیانی مرۆڤدا، زۆر کاریگەر دەبێ لە پچڕانو لێك هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵان. چونکە مرۆڤ کاتێ رقی هەڵدەستێو دەماری

بەرزدەبنەوە عەقڵو هۆشی نامێنێ دەبێتە درندەیەکی زیانە خرۆو نازانێ چی دەکا. ئەو پێی وایە بەم تورە بوونە بەرز دەبێتەوەو بەرێزو بەنرخ دێتە پێش چاوی خەڵکی، بەڵام لە راستیدا بە ئەحمەقو نەزانو خوێری دێتە پێش چاویانو رێزو نرخی خۆی لەدەست دەداو مایەپووچ دەمێنێتەوە، ئاشکراشە کە رق هەڵسان بەسەرەتای تەجاوزو تەعەددا دەژمێردرێو لەسەرخۆییش بەڵگەی عاقڵیو هۆشمەندییە لەلایەکی ترەوە هەڵچوونو تورەبوون – وەکوو زانست دەری خستووە – لە زۆرلاوە زیان بە تەندروستی ئینسان دەگەیەنێ.

لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە ئایینی ئیسلام حەوسەڵەو لە سەرەخۆیو هێمنیو هێدێتی کردوە بە دروشمو رەوشتی موسوڵمانی لە خواترسی تەقوا کارو فەرموویەتی:

{وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ - سورة آل عمران – ١٣٤}.

موسوڵمانانی لە خواترس ئەوانەن کە رقو کینەی خۆیان دەخۆنەوەو لەکاتی تواناو دەسەڵاتدا چاو پۆشی لەوانە دەکەن کە خراپەیان لەگەڵدا کردوونو عەفوویان دەکەن، ئەمانە کردار چاکنو خوداش ئەم کردار باشانەی خۆش دەوێن، بە سەرنج دانێکی خێرایش لە ئایەتەکە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە قورئان هەربانگی موسوڵمانان ناکا کە رق بخۆنەوەو بەس بەڵکوو داوای ئەوەشیان لێدەکا کە چاوپۆشی لە تاوانبار بکەنو ئەو کەسەی بووەتە هۆی رەق هەڵسانە کە چاکەی لەگەڵدا بکرێو لەجیاتی خراپە بەچاکە پاداشی بدرێتەوە، ئەمەش ئەو پەری رەوشت بەرزی دەگەیەنێ.

مرۆڤ لەکاتی رق هەڵساندا حاکمێکی بێ ئینصافە لەو کاتەدا رێگای راست نازانێ چیەو لەکوێیە، بۆیە هەر حوکمێکی لەژێر تەئسیری رق هەڵساندا بیدا دوورە لە حەقو پوچو بەتاڵە هەر بۆیەشە ئایینی ئیسلام هەڵوێستی عەفوکردنی کاتی رق هەڵسانی کردوە بە نیشانەی رەوشتی بەرزی موسوڵمانانو فەرموویەتی:

{وَإِذَا مَا غَضِبُوا هُمْ يَغْفِرُونَ - سورة الشورى – ٣٧}.

واتــە: کاتــێ رقیــان هەڵدەســتێ خێــرا رق و کینــەی خۆیــان دەخۆنــەوەو لــەو کەسەش خۆش دەبن کە بووەتە هۆی رق هەڵسانیان.

پێغەمبەری مەزنیش بەربەرەکانی نەفس و جڵەوگرتنی لەکاتی رق هەڵساندا کردۆتە نیشانەی پاڵەوانیەتی و ئازایەتی و فەرمەوویەتی:

«لَيْسَ الشَّدِيدُ بِالصُّرَعَةِ ، إِنَّمَا الشَّدِيدُ الَّذِي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الْغَضَبِ .

ئەو کەسە ئازانیە کە پاڵەوانی چاکەو کەس لەزۆرانبازیدا دەرەقەتی نایە، بەڵام پاڵەوان ئەو کەسەیە کە لەکاتی تووڕەییدا خۆی پێ دەگیرێ و رقی خۆی دەخواتەوە، کەوابوو پێویستی سەرشانی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە ئاواتەخوازی رەوشتی بەرزو کۆمەڵێ رێکوپێکن کە خۆیان وارام بێنن کە خۆگر بن و دەروونی خۆیان زەوت بکەن و هەرگیز نەهێڵن شتێك عەقڵ و هۆش شەن و کەوی نەکردبێ دەم بیدرکێنێ، هەتاکو بتوانن خۆیان و کۆمەڵیان لەچەندەها مەشاکیل و گێرەو کێشە بپارێزن.

حەسوودی و بەخیلی (الحسد):

حەسوودی رەوشتێکی ناشیرینی نابەجایە توشی ئادەمیزاد دەبێ و ژیانی لێ تاڵ دەکا، هەموو دەم دڵتەنگ و بەئاخ و ئۆفە... حەسوود بەو کەسە دەگوترێ: هیوای تەنگو چەڵەمەو ناخۆشی بۆ غەیری خۆی بخوازێ کە ئاواتەکەشی نەهاتەدی دڵتەنگ و نارەحەت بێ، ئەو لە جیاتی ئەوەی خۆشی لەو خێرو بێرە ببینێ کە خودا پێی بەخشیوە کەچی دڵەنگ دەبێ بەو نازو نیعمەتەی کە دراوە بە غەیری خۆی!!

لە رۆژگاری ئێمەدا حەسوودی رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ و گرنگییەکی تایبەتی هەیە، دەبینی فەقیرو هەژار حەسوودی بەدەوڵەمەندو خودا پیداودەبەن، ژنان حەسوودی بە پیاوان دەبەن و ناشیرین حەسوودی بە جوان دەبا هەروا برێ کۆمەڵ برێ کۆمەڵی تریان خۆش ناوێ و ئاواتەخوازی ناخۆشین بۆیان، سپڵەیی و

بەدنمەکی رەوش و رەوشتی حەسوودە، خۆشی لەوەدا دەبینێ کە دوزمانی لە نێوان دوو کەسدا بکاو ناخۆشی بخاتە نێوانیانەوە...

هەر کەبینی یەکێك لە کاروباری خۆیدا سەرکەتووە، شەخصییەتی پەیدا کردوە، بە هەموو شێوەیەك دەیەوێ سومعەی بشکێنێ و دڵی خەڵکی لێ کرمێ بکاو جێگای پێ لەق بکاو بۆ ئەوەی خۆی بچێتە شوێنەکەی یان وەکوو خۆی ئادەمیزادێکی فاشل دەرچێ، بەڵێ حەسوود مرۆڤێکە باوەڕی بەخۆی نەماوەو هەست دەکا بەوەی عاجزە لە ئەنجامدانی کارو باری خۆی، بۆیە قورئانی پیرۆز نەهی کردوە لە حەسوودی و دەفەرموێ:

{وَلاَ تَتَمَنَّوْاْ مَا فَضَّلَ اللّهُ بِهِ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبُواْ وَلِلنِّسَاء نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبْنَ وَاسْأَلُواْ اللّهَ مِن فَضْلِهِ - سورة النساء -٣٢}.

پەروەردگار لەم ئایەتە پیرۆزەدا نەهی کردوە لەوە کە مرۆڤ تەمەنناو ئاواتەخوازی ئەوەبێ کە ئەو شتە باشانەی دراوە بە کەسانی دی بدرێ بەئەوو لەوان بسەندرێتەوە! ئەمجار ئەوەمان پێ رادەگەیەنێ کە هەموو دەسکەوتێکی مرۆڤ بەروبوومی کردەوەو کۆششی خۆیەتی و پێویستە موسوڵمانان ئیعتیماد بکەنە سەر کۆششی خۆیان و بۆ هەرشتێك مەبەستیان بێ پشت بەدەست و بازوو عەقڵ و هۆشی خۆیان ببەستن و داوا لە خودا بکەن بەفەزڵ و گەورەیی خۆی یارمەتییان بدا، لە شوێنێکی تردا پەروەردگار فەرمانی کردوە کە هەمیشە پەنا بگرین بە خودا لە شەڕو نەگبەتی حەسوودو ئەوانەی کە هەموو هیواو ئارەزۆیەکیان ئەوەیە خەڵکی نانبڕاو ببن و تووشی بەڵاو موسیبەت ببن:

{وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ - سورة الفلق – ٥}.

بەراستی حەسوود جێگەی دڵ پێ سووتانە لەبەر ئەو هەموو ئازارەی کە توشی دەبێ بەهۆی حەسوودییەکەیەوە، چەند جوانە کە ئێمە حەسوودی حەسوود کاران بە لێخۆشبوون و گوێ پێنەدان و لێ نەگرتنیان ولام بدەینەوە! لەم رووەوە پەروەردگار دەفەرموێ:

{وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّاراً حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ فَاعْفُواْ وَاصْفَحُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ - سورة البقرة -١٠٩}.

زوربەی خاوەن نامەکان – جولەکەو گاورەکان – دەیانەوێ ئێوە لە ئایین هەڵگێڕنەوە، لە ئایینی خۆتان ژێوانتان بکەنەوەو بتانکەنەوە بە کافر چونکە حەسوودیتان پێ دەبەن‌و بۆیان ئاشکرابووە ئێوە لەسەر ڕاستین.

چارەسەری حەسوودی:

چەند هۆیەك هەیە بۆ قوتار بوون لە مۆتەکەی حەسوودی، یەکێ لەو هۆیانە ئەوەیە کە ئادەمیزاد بە بەش‌و باری خۆی شکور بێ‌و قەناعەتی پێ بکا، کاروباری خۆی لەژیاندا ئەنجامبداو هەرگیز لە خێرو خۆشیدا سەیری لەخۆی بەرەو ژوور نەکا، بەڵکوو هەر بڕوانێتە خوار خۆیەوە، هەتا فەزل‌و گەورەیی خودا بەسەرخۆیەوە ببینێ.

ئەوەتا پێغەمبەری خۆشەویست دەفەرموێ: « إِذَا نَظَرَ أَحَدُكُمْ إِلَى مَنْ فُضِّلَ عَلَيْهِ فِي الْمَالِ وَالْخَلْقِ ، فَلْيَنْظُرْ إِلَى مَنْ هُوَ أَسْفَلَ مِنْهُ. رواه البخاري .

واتە: هەرکاتێ یەکێ لە ئێوە ڕوانییە ژوور خۆیەوەو سەیری کەسێکی کرد کە لەخۆی خۆشبەختترە با حەسوودی پێ نەبا بەڵکوو تەماشای خوار خۆیەوە بکا، بڕوانێتە کەسێك کە لە خۆی هەژارترەو کەمتری خۆشبەختی هەیە...!

(اللغو) قسە یان کاری بێهودە، دەمەوەری:

لە ئایینی ئیسلام هۆیەکی سەرەکی هەیە بۆ نەفس بەرزی‌و سەرکەوتن لە ژیاندا، ئەو هۆیەش – وەکوو قورئانی پیرۆز بانگەوازی بۆ کردوە – واز هێنانە لە قسەی بێجایی‌و هەڵەوەڕی کردارو گوفتاری پڕو پوچ‌و بێ هودەو هەرشتێك لەگەڵ پیاوەتیدا نەگونجێ... قورئانی پیرۆز ئەو شتانەی کە بەو جۆرەن بە

(لەغو) ناوی بردون‌و دوورکەوتنەوە لێیان بە نیشانەی موسوڵمانی چاك‌و سەرفراز حسێب کردوە.

{قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ، {الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ، وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ - سورة المؤمنون – ١-٣}.

واتە: بەراستی سەرفراز بوون ئەو موسوڵمانانەی کە لەناو نوێژدا ملکەچ‌و سەرکزو دڵ لەلای خودان، هەروا ئەوانەی کە لە قسەی بێ هوودە روو وەردەگێڕن‌و بایەخی پێ نادەن‌و لێی لووتەلان. لە قورئانی پیرۆزدا جڵەوەگیری لە زۆر بڵێی‌و قسەی بێ جاییکردن چەند جارێك‌و بە چەند شێوەیەك دووبارەو سێبارە بۆتەوە، بە چەند شێوازو ڕێبازی جوێ جوێ‌و هەمەجۆر پەروەردگار ئادەمیزادی هەڵناوە بۆ دوورکەوتنەوە لە زۆرگوتن، ئەوەتا خودای مەزن لە پەسن‌و ستایشی بەندە خۆشەویستەکانیدا دەفەرموێ:

{وَإِذَا سَمِعُوا اللَّغْوَ أَعْرَضُوا عَنْهُ وَقَالُوا لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ لَا نَبْتَغِي الْجَاهِلِينَ - سورة القصص -٥٥}.

واتە: بەندە راستاڵەکانی من، هەر کاتێ قسەیەکی بێهوودە بەرگوێیان بکەوێ، یەکسەر پشتی تێ دەکەن‌و خۆیانی لێ کەڕدەکەن‌و، ئەو کۆڕو کۆمەڵە بەجێ دەهێڵن، ئەگەر ئەو قسەیە بۆڵە بۆڵ‌و جمێن‌و شتی وابوو وەڵامی نادەنەوەو دەڵێن: هەر کەسە کاری خۆی بۆ خۆی‌و باری خۆی، بۆ خۆی خوا حافیز ئێمەو ئێوەیان نەگوتووە ئێمە لەگەڵ نەزاناندا هەڵناکەین‌و دانوولەمان پێکەوە ناکوڵێ.. هەڵبەتە مەبەست لەم فرماییشتە ئەوە نییە کە موسوڵمانان ملکەچی‌و زەبوونی‌و نەکارەیی پیشان بدەن، نەرم‌و نیانی‌و چاوپۆشی کاتی خۆی هەیە، دەنا موسوڵمانان لەناو کۆمەڵدا دەبێ کاریگەریی خۆیان بنوێنن‌و دەبێ تێکۆشەر بن‌و کۆڵنەدەر بن‌و چاو نەترس بن‌و هەموو کاتێ داکۆکی لە هەق‌و راستی بکەن.

(وەرگێڕ)

لە شوێنێکی تردا پەروەردگار دەربارەی رەوش‌و صیفەتی بەندە باشەکانی خۆی دەفەرموێ:

{وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا - سورة الفرقان - ٧٢}.

هەر کاتێ قسەی ناشیرین‌و گوتەی بێ سوودیان بەر گوێ کەوت، یا تووشی کۆڕی چەنەبازو زۆر بلێکان بوون، یا لووتیان تەقی بە لووتی ناشاییستەیەکا، سەلاری خۆیان تێك نادەن‌و بەسەلاری گوزەر دەکەن!

ئاشکراشە هەر شتێك ببێتە هۆی بێئاگایی‌و گەمەو گاڵتەی پڕو پووچ‌و نەفسی ئینسان پاڵفتەنەکات‌و هەستی بەرز نەکاتەوە بە لەغو حسێبەو رەوشتێکی ناشیرینەو پێویستە لێی دوورە پەرێز بین، چونکە یەکێك لە هۆیەکانی سەرکەوتنی گەل‌و پێشکەوتنی وڵات دوورکەتنەوەیە لە لەغوەو خۆ خەریك نەکردنە بەشتی پڕو پووچەوە لە هەمان کاتدا خوودانە کاری باش‌و بەسوود بۆ دین‌و دونیا!! بە پێچەوانەشەوە ئەو گەل‌و کۆمەڵانەی کە دواکەوتوون‌و بەدبەختن ئەوانەن کە خەڵکەکەیان بەزۆری خەریکی لەغومکاری‌و کاری پڕو پووچن‌و کات لەشتی بێهوودەو بێ سووددا بەسەر دەبەن!

چڵێسی‌و زۆر خۆری (الشراهة):

شتێکی رون‌و ئاشکرایە کە ئارەزووە مادییەکان‌و ئارەزووە گیانییەکانی ئیسان دوو تای تەرازووی بەرامبەرن! هەرکاتێ ئارەزووە گیانییەکان زەبوون بن، ئارەزووە مادییەکان بەهێز دەبن‌و لایەنی چڵێسی مرۆڤەکە زیاد دەبێ‌و تەرازووەکە لاسەنگ دەبێ.

ئاشکراشە کە زیادەڕەوی لە خواردندا سەردەکێشێ بۆ زۆر بوونی ئارەزۆی سەرجێیی‌و رەغبەتی سیکسی ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکا کە وا بزانێ ژیان تەنها

بریتییە لە لەززەتی مادیو بەس! ئیتر صیفاتی رۆحی تێدا زەعیف دەبنو رەوشتی چاکە کاریو فیداکاریو خۆنەویستی تێدا نامێنێ، لە شوێنی ئەم رەوشتە بەرزانەدا دڵرەقیو خۆپەرستی سەرهەڵدەدەنو وا لە خاوەنەکەیان دەکەن کە ببێتە ئەندامێکی گەندو پرو پووچو کەس سوودی لێ وەرنەگرێو بۆ خۆشی بە ئەندامێکی بە سوودی کۆمەڵ نەیەتە پێش چاو!

لەبەر ئەم هۆیانە قورئانی پیرۆز زۆر جار ئامۆژگاریەکانی ئاراستەی گرۆهی ئادەمیزاد کردوەو هەڕەشەی ئەوەی لێ کردون کە هەرگیز خۆیان شل نەکەن بۆ ئارەزۆی نەفسیو هەڵپە هەڵپی خواردن نەکەن، چونکە زیادەڕەوی لە خواردنو خواردنەوەدا ڕەوشتێکی ناشیرینو قێز لێکراوە خودا دەفەرموێ:

{وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ-سورة الأعراف – ٣١}.

واتە: ئەی گرۆهی ئادەمیزاد بخۆنو بخۆنەوە لەو نیعمەتو بەروبوومەی خودا بۆی داناون بەلام هەرگیز زیادە رەوی لە خواردنو خواردنەوەدا مەکەن چونکە خودا مرۆڤی چڵێسی خۆشناوێ. لەلایەکی ترەوە چڵێسی دەبێتە هۆی کۆڵەوار بوونی زەینو نازیرەکی، وا دەکا ئینسانەکە وازبێنێ لە تەغزیەی عەقڵو گیان بەو زانستو عیلمانەی کە پێویستن.

بەکورتی: چڵێسی وا دەکا مرۆڤ تەنها بیر لە جۆری خواردەمەنیو خەریکبوون بە لەززەتی ژیانەوە بکاتەوەو بەس! ئەم حاڵەتەش لای دەدا لە پەروەردەکردنی نەفسو ناتوانێ دووری بخاتەوە لە عەیبو عارو وای لێ دەکا لە رەوشتی ئینسانی بشۆرێو ببێتە ئاژەڵێکی ئاسایی ئەو رەوشتەش کە ئاوابێ رەوشتێکی ئاژەڵی رووتەو قورئانی پیرۆز بەڕەوشتی کافرو خودا نەناسانی داناوەو دەفەرموێ:

{وَالَّذِينَ كَفَرُوا يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الْأَنْعَامُ وَالنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ - سورة محمد – ١٢}.

واتە: ناموسوڵمانو خوا نەناسەکان هەر خەریکی سەیرو سەفاو کەیفو رابواردنی خۆیانن‌و وەك ئاژەڵ سەریان ژندۆتە خواردون خواردنەوە وەك هیچ رەوشتێکی مرۆڤانەی پاکیان نەبێ ئاوا، ئەوانەی کە ئەمە حاڵیانە ئاگر جێگەیانەو خانەی حەوانەوەیانە..

ئەوەی کە گوترا ئامۆژگاری قورئانە دەربارەی میانەڕەوی لە خواردن‌و خواردنەوەدا بە مەبەستی بەخێوکردنی لایەنە گیانییەکە تا مرۆڤ بەو هۆیەوە بتوانێ خزمەت‌و راژەی مرۆڤایەتی بکا کە ئەویش ئەمانێکی گەورەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە.

بەشی چواردەهەم:

نوێژ لە ئیسلامدا (الصلاة في الإسلام)

لەم بەشەدا باسی ئەم شتانە دەکرێ:

مەبەست لە نوێژ – حیکمەتی نوێژ – حیکمەتی دەستنوێژ – مەرجەکانی نوێژ – برێك لە کردارەکانی نوێژ – ئەو مانایانەی کە سوورەتی فاتیحە ئاماژەیان بۆ دەکا –

حیکمەتی نوێژکردن بە گوێرەی قورئان بریتییە لەمانە:

گۆڕینی کردەوەی خراپ بە چاکە، رواندنی رەوشتی ئازایەتیو بەخشندەیی، پەروەردەکردنی هۆش و زەین بۆ ئەوەی بە تەواوی رووبکاتە خودا: بە قووەتکردنی نەفسی ئینسانی.

نوێژ لە زاراوەی شەرعو لە زماندا بەمانا نزاو پاڕانەوەیە بۆ خێرو چاکە، نزاو پاڕانەوەیەك کە ئەنجام دەدرێ بە مەبەستی نزیکبوونەوە لە خودا، یان لێخۆشبوونی گوناه یان سوپاسگوزاری بۆ نازو نیعمەتێك یان لابردنی زوڵمو زۆری، یان جێبەجێکردنی بەندایەتی، هەروەکوو چۆن نوێژ بریتییە لە دەربڕینی پێداویستیو هەژاریی بەندە دووپات دەکاتەوەو داواکانی ڕوون دەکاتەوە، ئەنجام دانەکەشی بە پێویست گێڕدراوە تا بەندەکان رۆژانە زیاد لە چەند جارێ پەروەردگاری خۆیانیان بیر بکەوێتەوەو فەرمانەکانی جێبەجێ بکەنو یارمەتیدەریان بێ بۆ خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەو ئێشو ئازارەی توشیان دەبێ لە ژیانی دونیایاندا، هەروەکوو چۆن مانایەك لە ماناکانی نوێژ بریتییە لە سوپاسو ستایشی خودا بەو جۆرەی کە شایانی ئەو بێو لاییقی ئەو بارەگایەبێ.

مەبەست لە کردنی نوێژ (الغاية من الصلاة):

زاناو مامۆستای فەلسەفە لە دانیشگای پاریس مامۆستا (أجوست سباتييه) لە کتێبێکی بەناو (فەلسەفەو ئایین)دا دەڵێ: (ئێمە دەتوانین پێناسەیەکی کورتو پوخت بۆ ئایین دابڕێژینو بڵێین: ئایین بریتییە لە وەدی هێنانی پەیوەندییەکی تایبەتی ئاشکراو ویستراو کە پەیدا دەبێ لە ئاکامی ئێشو ئازارێك کە توشی

ئادەمیزاد دەبیٚو هەست بە زەبوونی خۆی دەکا لە بەرامبەر هێزو توانایەکی غەیبی کە ئەو گیانە زەبوونە پێی وایە خۆی ملکەچی ئەو هێزە بیٚ ئەندازەیەو هەموو هەڵسو کەوتێکی بە ویستی ئەو ئەنجام دەدریٚ! کەوابوو نوێژ بریتییە لە ئاکارو گفتاری ئایین ئاسا یان هەر بریتییە لە ئایینی راستەقینە لە هەموو شێوەیەکدا.. ئەمجار دێتە سەر ئەوە کە دەڵیٚ: ئایین بۆ خۆی هیچ نییەو ج دەورێکی نابیٚ ئەگەر لەکردارو گوفتاردا رەنگ نەداتەوەو والەدەروونی نەکا پەنابەریٚ بەو سەرچاوەیەی کە ئایینەکەی لیٚ پەیدابووە، کەوابوو ئەم کردارو گفتارو پەنا بردنە بەر ئەو هێزە خواییە بریتییە لە نوێژ، نوێژی بەراستی – نەك وتنەوەی چەند وشەیەكو دووبارە کردنەوەی چەند ڕستەیەکی تایبەتی – چونکە نوێژ بریتییە لەو هەڵسو کەوتەی کە نەفسی ئینسانی ئەنجامی دەدا بە مەبەستی ئەوەی خۆبخاتە ژێر سایەی هێزێکی غەیبی بە تواناو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو هێزەدا ببەستیٚ ئەو هێزە نادیارەی کە دەروونی ئادەمیزاد هەست بە هەبوونی دەکا، تەنانەت پێش ئەوەی ئەم دیاردەیە ناوێکی تایبەتیشی لیٚ بنریٚ، کەوابوو هەرکاتێك ئەم پەیوەندییە گیانییە لە نێوان دەروونی ئادەمیزادو پەروەردگارا نەبوو ئایین نییەو ئەو کردارو گفتارەش کە بەرواڵەت ئەنجام دەدرێن بەدین حسێب ناکرێن.

حیکمەتی نوێژ (حكمة الصلاة):

ئاشکرایە کۆمەڵگای ئادەمیزاد پێویستی بە هێزێکی گیانی هەیە بۆ ئەوەی دەروونی تاکە تاکەکانی ئەو کۆمەڵە بەرەو بەرزی بەریٚو نەهێڵیٚ پەیوەندیی نێوانیان لە پێداویستییە مادییەکانو بەرژەوەندییە کەسایەتییەکاندا کورت هەڵبیٚو سەربکێشیٚ بۆ تێکچوونی ژیانی کۆمەڵایەتی! نوێژیش بۆ خۆی دیاردەیەکە هێزی گیانی بەکۆمەڵ دەبەخشیٚو رۆڵێکی گرنگی هەیە لە رێکخستنی نێوان کۆمەڵی ئادەمیزاددا!

لەبارەی دەروونیشەوە ئادەمیزاد هەرکاتێك گیانی بە پەروەردگاری خۆی پەیوەند نەکاو خۆی لەو ئاستانەدا نەبینێ، دیاردەی ڕەوشتی ئاژەڵی تێدا دیاری دەداو غەمو نارەحەتی دڵو دەروونی دادەگرن‌و ئاسۆی ژیانی لێ تێك دەچێ‌و بە هیچ شتێك قەناعەت ناکاو چاوی تێر نابێ‌و بڕی جاریش وادەزانێ: کە غەمو نارەحەتییەکەی لەوەوە هاتووە کە بە گوێرەی پێویست ئارەزووەکانی جێبەجێ نەبوون ئیتر کوێرانە خۆفڕی دەداتە باوەشی ئارەزۆ بازی‌و رووودەکاتە خواردنەوەی عەرەق‌و بەئەو جۆرە شتانە کات بەسەردەبا... هەموو کاتێ پەست‌و نارەحەت‌و سەرلێتێکچووەو هەتا پتری هەبێ زیاتر باری ژیانی قورس دەبێ‌و غەمو پەژارە دای دەگرێ‌و دونیای روناکی لێ دەبێتە شەوەزەنگ. ئالێرەدا گرینگی نوێژ دەردەکەوێ‌و دەزانرێ چ رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە ژیانی ئادەمیزاددا.

چونکە نوێژ زەمینە خۆش دەکا بۆ مرۆڤ کە داوا لە پەروەردگاری خۆی بکا بۆ هەر شتێك مەبەستی بێ هەتا بتوانێ دڕ بەغەمو پەژارەی نێو دەروونی بداو ئاهێکی بێتەوە بەرێ. بەڵێ نوێژ عەقیدەو بیرو باوەڕ لە دڵو دەروونیدا دەڕوێنێ‌و ئادەمیزاد فێری فەرمانبەرداری فەرمانی خودا دەکاو باوەکوو بە رواڵەت ئەنجامدانی ئەو فەرمانانە دژایەتیان هەبێ لەگەڵ ویستی تایبەتی مرۆڤدا، لە لایەکی ترەوە نوێژ گیانی گەش بینی لەدڵو دەروونیدا بلاو دەکاتەوە داوا دەکا ئادەمیزاد هەموو دەم داوای کۆمەکی لە خودا بکەن، ئاشکراشە هەر مرۆڤێك پشت بە خودا ببەستێ، رەشبینی‌و نائومێدی لە دڵیدا جێگایان نابێتەوە، هێزێکی نەفسی وای لاپەیدا دەبێ کە بتوانێ بەرهەڵستی گەورەترین خەتەری سامناك بکا، لێرەدا ئەوەمان بۆدەردەکەوێ کە پەیوەندیکردنی گیانی ئینسانی بە پەروەردگاری خۆیەوە – تەنانەت با چەند ساتێکیش بێ لە رۆژێکا – پێویستییەکی فرە گرنگە بۆ مرۆڤ ، هۆیەکە بۆ دڵ ئارامی، بۆیە پەروەردگار نوێژی فەرزکردوە لەسەر موسوڵمانان فەرمانی پێ کردوون کە هەرگیز لەبیری نەکەن.

نوێژ پێویستە (وجوب الصلاة):

قورئانی پیرۆز لە زوربەی ئایەتەكانیدا فەرمانی كردوە بە ئەنجامدانی نوێژو ئادەمیزادی هەڵناوە بۆ ئەوەی بەرێك‌و پێكی وەكوو پێویست ئەو فەرزە بەجێ بگەیەنن هەرگیز لەبیری نەكەن:

{فَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا - سورة النساء - ١٠٣}.

واتە: ئەی كۆمەڵی موسوڵمان! نوێژ بەجێ بێنن، بێگومان نوێژ ئەركێكی سەرشانتانەو كاتێكی دیاریكراوی هەیە لەو كاتانەدا بەرێكوپێكی ئەنجامی بدەن. ئەوەش بزانن نەكردنی نوێژ دەبێتە هۆی سزادانتان بە ئاگری دۆزەخ ئەوەتا كاتێك لە دۆزەخییەكان پرسیار دەكرێ‌و پێیان دەفەرموێ:

{مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ، قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ، وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ}.

چی ئێوەی ئاخنیوەتە ناوجەرگەی دۆزەخەوە؟ دەڵێن: نوێژ نەكەربووین، لە رفتاری جوانی نوێژكەران بەدووربووین، سەرەڕای ئەوەیش خێرنەكەر بووین‌و نان‌و ئاوی هەژارانمان نەدەدا. جا هەر چەندە قورئانی پیرۆز لە زۆر شوێنا باسی نوێژی كردوەو ئادەمیزادی هەڵناوە بۆ بەجێ هێنانی، بەلآم باسی چۆنیەتی كردنەكەی نەكردوە، بەڵكوو پێغەمبەری مەزن ئەم لایەنەی رونكردۆتەوەو بە هاورێیانی خۆی فەرمووە: (صلوا كما رايتمونى أصلى) واتە: من چۆن كردارو گفتاری نوێژ بەجێ دێنم ئێوەش ئاوەها ئەنجامی بدەن.

خوێنەری هێژا ئێمەیش بە پێویستی دەزانین لێرە بەولاوە كردارو گوفتاری نوێژ لەگەڵ مانا رۆحییەكەیاندا دیاری بكەین. پێش ئەوەی بچینە ناو باسی نوێژ چەند مەرج‌و پێویستییەكی سەرەكی‌و پێشەكی هەن بۆ نوێژ پێویستە باسیان بكرێ یەكەم شتیش لەوانە دەستنوێژشتنە.

چۆنییەتی دەستنوێژشتن (من حكم الوضوء):

قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ چۆنییەتی دەستنوێژ گرتن كردوەو دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَينِ - سورة المائدة – ٦}.

واتە: ئەی موسوڵمانینە! کاتێ ویستتان بچن بەلای نوێژەوە لە پێشەوە لەسەر ئەم شێوەیە دەستنوێژ بگرن:

دەمووچاوتان بشۆرن، ئەوجا هەردوو دەستتان هەتا ئانیشك بشۆرن، ئەوجا دەستی تەڕ بەسەرتانا بهێنن، ئەمجار هەردوو قاچتان تا هەردوو قولەپێ پاك بشۆرن.

ئەڵبەتە حیکمەتی دەستنوێژ گرتن خۆ ئامادەکردنە بۆ نوێژ چونکە ناوەڕۆکی نوێژو کاکڵەکەی بریتییە لەوە کە ئادەمیزاد وا هەست بکا کە روبەرووی پەروەردگار وەستاوەو سەری کڕنووشی بۆ دانەواندووە، جا بۆ ئەوە زەمینی بۆ ئەم حاڵەتە ئامادەبێ، لە مشوورو خەمی ژیان رزگاری بێو دڵی بەلایانەوە نەبێو ئامادەبێ بۆ ئەو مقابەلە گیانییە پێش چوونە ناو نوێژەوە دەستنوێژ فەرز کراوە، چونکە شتێکی دەروونیو سروشتییە ئینسان هەرکاتێ سەرقاڵی بیرێك بوو، مێشکی بە شتێکەوە خەریك بوو ناتوانێ بیر لە شتی تر بکاتەوە! جا ئەگەر نائاساییو گۆزو گومەت وازی لەو بیرە هێناو چووە سەر بیرو وردبوونەوەیەکی تر بێگومان زەمین گواستنەوەکەی هەڵەشەیی پێوە دیار دەبێو ناتوانێ وەکوو پێویست بیر لە مەسەلەی دووەم بکاتەوە.

هەر کاتێکیش ویسترا بە هێدیو لەسەرە خۆیی بیر لە شتێك بکاتەوە بێگومان پێویستی بەچەند کاتێك هەیە، چونکە کەسێك لە بیرو خەیاڵی بازرگانیو پیشەسازی دابێو دوایی گۆزو گومت پێی بڵێن هەستە نوێژ بکە بە نارەحەتی دەتوانێ وەکوو پێویست نوێژەکە بەدڵ ئەنجام بدا.

ئالێرەدا حیکمەتی دەستنوێژ دەردەکەوێ چونکە دەستنوێژ گرتن – جگە لە پاكو خاوێنییەکەی – یارمەتیدەرێکی گرنگیشە بۆ گواستنەوەی زەمینو هۆشو خەیاڵ لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر.

مەرجەکانی نوێژ (شروط الصلاة):

بۆ ئەوەی نوێـژ دروست بێ، پێویستە نوێژکەر بەدەنی پاكو خاوێن بێ، پۆشاکی پاك بێ، بەرماڵو شوێنی نوێژی پاك بێ! دیارە بەمەش موسوڵمان لەگەڵ پاكو خاوێنیدا رام دەبێو خۆی لە پیسیو پۆخڵی دوور دەخاتەوە. هەروەها پێویستە نوێژکەر شەرمگای (عورة) داپۆشراو بێ، شەرمگای پیاو نێوان ناوكو ئەژنۆیە شەرمگای ئافرەتیش هەموو بەدەنیەتی بێجگە لە دەستو دەمو چاوی.

هەروەها پێویستە لە نوێژدا روبکرێتە (کابە) بۆ ئەوەی رۆگەی موسوڵمانان یەکبێ. چونکە ئەگەر ریگە بدرایە موسوڵمانان لە نوێژدا هەر کەسە بۆ خۆی روبکاتە لایەك بشێوی پەیدا دەبوو، دەبووە مقۆمقۆو نەدەزاندا چ لایەك باشترەو نزیکترە لەخودا، لەبەر ئەوە حیکمەتی خودا وای داناوە کە هەموو موسوڵمانان کاتی نوێژکردن رووبکەنە ماڵی کابە چونکە یەکەم خانوێك کە لەسەر زەوی بۆ خودا پەرستی دروستکراوە (کابە)یە ئەوەش لە یادنەکەین کە مەبەست لە رۆتێکردنی (کابە) پەرستنی (کابە) خۆی نییە، بەڵکوو مەبەست پەرستنی خودایەو بەس هەر کەسێکیش مەبەستی بەڕوکردنە (کابە) زاتی خودا نەبێ ئەوە بە گوێرەی شەریعەت کافرە.

پێش ئەوەی ئادەمیزاد بچێتە ناو نوێژەوە ئەو گوفتارە تایبەتییەی کە بە (بانگ)و (قامەت) مەشهوورن دەیانڵێ.

کردارو گفتارەکانی نوێژ (عرض لافعال الصلاة):

کە بانگ دراو قامەت کرا موسوڵمان نییەتی نوێژ کردن لە دڵیدا ئامادە دەکاو روەو قیبلە دوو دەستی تا ئاستی شانی بەرز دەکاتەوەو دەڵێ: {اللّـهِ أكْبَـرُ} تا هەست بکا بەوە کە پەروەردگار لە هەموشتێك گەورەترە هیچ شتێ نییە لە ئاستی ئەو شت بێ.

ئەمجار دوو دەستی بەردەداتەوە یان دەستی راستی لەسەر دەستی چەپی دادەنێ ئیتر ئەم شێوەو ئاکارە والە نوێژکەر دەگەیەنێ کە پەیوەندی دڵ بە

خـوداوه پەیوەسـت بکـا، ئـەمجار نـزای سـەرەتای نوێـژ دەخوێنـێ کـە ئەمـە دەقەکەیەتی:

{إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ حَنِيفًا وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ - سورة الأنعام – ٧٩}.

واتە: بە دڵێکی پاکو بێگەردەوە روو دەکەمە ئەو خودایە کە ئەم ئاسمانو بوونەوەرەی بەدی هێناوە راستاڵو موسوڵمانمو لە کۆمەڵی هاوبەش پەیداکەران نیم، بێگومان نوێژو خودا پەرستیم ژیانو مردنم هەمووی بۆ پەروەردگارو بەدیهێنەری بونەوەرە، ئەو خودایە هیچ هاوبەشێکی نییەو بێ شەریکە من بەم جۆرە فەرمانم بێکراوە بڕواشم وایە هەر ئەوە راستەو رێبازی رزگارییە وەمن لە کۆمەڵی موسوڵمانانم.

مەبەست لە خوێندنی ئەم دوعایە ئەوەیە کە لە ناخی دڵەوە هەست بە گەورەیی خودا بکاو دەروونی ئامادە بکا بۆ راستاڵی لە کرداریدا.

ئـەمجار دوای خوێنـدنی دوعـای (الاسـتفتاح) دەسـت دەکـا بـە خوێنـدنی سوورەتی فاتیحە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

{بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ - الْحَمْدُ للَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ، مَلِكِ يَوْمِ الدِّينِ، إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ، اهدِنَا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ، صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ.... آمين}.

خوێنـدنی فاتیحـە لـە هـەموو رکاتـەکانی نوێـژدا پێویـستە چـونکە سـورەتی فاتیحـە زۆر مەبەسـتی قـوڵو گـەورەی لـە خۆگرتـووە، زۆر کاریگـەرە لـە راسـتاڵ کردنی تاكو کۆمەڵدا.. سورەتی فاتیحە گیانی نوێژە، نوێژ بێ خوێنـدنی سـورەتی (فاتیحە) جەستەی بێ گیانە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە بـڕی لـەو مانـاو مەبەستە بەرزانەی سورەتی (فاتیحە) لەخۆی گرتوون رونیان بکەمەوە.

ئەو مانا بەرزانەی لە سورەتی فاتیحادا هەن:

١- هەست پێکردنو دانـان بە چاکەو ئیحسانی خودا لەگەڵ بەندەی خۆی:

ئەمەش لە رستەی {الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ} وەردەگیرێ، چونکە ڕستەی {الْحَمْدُ للّهِ} کە مانای (قەصر)و کورت هەڵێنان دەگەیەنێ واتە: هەرشتێك کە پێویست بێ سوپاسی خودای لەسەر بکرێو بە چاکە بژمێردرێو نازو نیعمەت بێ لە خوداوەیە. ڕستەی {رَبِّ الْعَالَمِينَ}یش ئەوە دەچەسپێنێ کە ئادەمیزاد هەمووی تاکە خێزانێکەو پەروەردگار بەخێویان دەکاو چاو دێریانە، بێگومان ئەم فیکرە بەرزە ئینسانییە کە قورئان دەری دەبڕێ باشترین پارێزەرو زرێیەکە کە مرۆڤ رزگار دەکا لە بیر تەسکی نیشتمانیو رەگەزیو رەنگ پێستی. پەروەردەکردنی پەروەردگار بۆ ئادەمیزاد دوو شێوە لەخۆ دەگرێ:

١- پەروەردەکردنی جەستە یان بەهۆی گەشەپێدانی لەشو لاریانو گەشەپێدانی بیرو هۆشیان.

٢- پەروەدەکردنی ئایینو باوەڕیان بەهۆی ناردنی پێغەمبەران کە ڕێگای راستاڵو باش پیشانی مەردووم بدەن.

رستەی {الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ}یش دوو صیفەتی تایبەتمەندی پەروەردگارن کە چاکەو بەزەیی بێپایانی خودا دەگەیەنن، ئەوە دەسەلمێنن کە پەیوەندی پەروەردگارو ئادەمیزاد بریتییە لە بەزەییو چاودێری خودا بۆ ئەوان. لەلایەکی ترەوە وادیارە کەسانێك هەبن لەمانای {رَبّ} جەبەروتو زەبرو زەنگ هەست دەکەن، بۆیە خودا دەیخاتە بەرچاوان کە خودایەکی بە بەزەییو خاوەن چاکەو ئیحسانە تا هەردەم ئادەمیزادەکان هەوڵ بدەن بە دڵنیاییەوە رەزامەندی پەروەردگاریان بەدەست بێنن، بەکورتی ئایینی ئیسلام لە هەموو نوێژێکا چەندجار لەدڵی موسوڵماندا نەمامی هیوا دەڕوێنێو بەرەحمیو میهرەبانیی خودا دەچەسپێنێ.

٣- بەڵێنو هەڕەشە (الوعد والوعيد):

پاش ئەوەی پەروەردگار صیفەتی رەحمەتی بێپایانی خۆی بۆ ئادەمیزاد رونکردەوە، ئەوەشی خستنەوە بیر کە {مَلِكِ يَوْمِ الدِّينِ}یشە واتە: ئەمری پێکردون

کە لە خۆیان بایی نەبنو بە هیوای رەحمەتی فراوانی پشت لە خودا هەڵنەکەنو سەرپێچی فەرمانەکانی نەکەن، چونکە ئەو لە رۆژی رەستاخیزدا بە ئارەزۆی خۆی حوکم دەکا چی بوێو چۆنی بوێ ئاوا لە ملکی خۆیدا تەصەروف دەکا.

٣- وادەو بەڵێن (الوعد):

ئەمەش بریتییە لە فەراهەم هێنانی هەموو خێرو خۆشییەك كە كۆمەڵ پێی بەختیار دەبێ لە دونیاو قیامەتدا... پەروەردگار وادەی بە موسوڵمانانی راستاڵو شوێنکەوتووی شەریعەتی خۆی داوە بەوە کە دەیانکاتە جێنشینی خۆیو لەژیانی دونیادا بەکار بەدەستی خۆی حیسابیان دەکا، لەو دوونیاش دەیانخاتە ناوبەهەشتی پانو بەرینو هەرگیز نەبڕاوە.

٤- یەکتا پەرستیو خودا پەرستی (التوحید والعبادة).

ئەم دوومانایە لەم ئایەتە پیرۆزەی سورەتی فاتیحە وەرگیراون کە دەفەرموێ: {إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ} واتە: پەروەردگارا ئێمە هەرتۆ دەپەرستین بەندایەتی کەسی تر ناکەین هەر لەتۆ داوای یارمەتیو سەرکەوتن دەکەین بۆ ئەنجامدانی تاعەتو عیبادەت، بەڵکوو بۆ هەموو ئیشو کارێکی دینو دونیامان، هەر پەنا بۆ بارەگای تۆ دێنینو هەر لەتۆ داواکارین کە خۆت کەریمی کارسازمان بیو کارمان بۆ بسازێنیو ئیشو فرمانمان رایی بفەرموی!!

ئەڵبەتە بە چەسپاندنی ئەم دوو هەڵوێستەو خوو پێوە گرتنیان دەتوانرێ قەلاچۆی هەموو بتپەرستیو هاوەڵ بۆ خودا پەیداکردنێ بکرێ، لە ئایینی ئیسلام دا دیاردەی وانابێ ببێ کە چەند کەسێك بە درۆ، بۆ خواردنی ماڵی خەڵك بە بەلاشو حەلاش، خۆیان بکەن بە پیرو دەستگیرو بەچاوو راوی زۆر وا بکەن کە رەشەخەڵکەکە بە شێخی خاوەن کەشفو کەرامەتیان دابنێنو وابزانن کە ئەو دەسبڕانە غەیب زانن و ئاگاداری عەرشو فورشن، تەنانەت گەڵێ جار دەگاتە ئەو رادەیە نەخوێندەوارو نەفامەکان لەجیاتی خودا هاواریان بۆ دەبەنو داوای کۆمەکیو هاتنەدی مرازیان لێ دەکەن، لەکاتی تەنگانەیشدا پەنایان بۆ

دەبەن جا ئەوانەی کە لەسەر ئەم بنیاتە پەنا دەبەن بۆ گۆڕی پیاوچاکێ بۆ شیفای نەخۆش، یا بۆ ئاسانکردنی کاری گران، یا بۆ دەستدان لە کاری خودا بێگومان ئەمانە رێگای ڕاستیان لێ ون بووەو لە رێبازی راستی خودا لایان داوە، چونکە وەلیو شێخو پیرو مشایەخی نوورانی لە ئیسلامدا ئەو کەسانەن کە بێ ئەمری خودا نەکەن، عیبادەتی ساخ بۆ خودا دەکەن، مامۆستایی و رێنومایی خەڵك بۆ چاکە دەکەنو خۆشیان راستو راستاڵن.

ئەمانە لە حاڵی ژیانو مردندا مایەی رەحمەتن بۆ ئوممەت، لەژیانا چرای چاوو دڵمانن و لە گۆڕا – وەك گوڵ – یادگاری بەهاری قیامەتمانن!

٥- رێبازی راستی پەروەری و بەردەوامی (الإستقامة والثبات):

ئەم دوو هەڵوێستە وەرگیراوی ئەم ئایەتەی فاتیحەیە کە دەفەرموێ: {**اهدِنَا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ**} واتە: پەروەردگارا! شارەزای رێگای راستمان بکەو یارمەتیمان بدەو بمانگەێینە بە رێبازی حەق لە زانستو لە گوتارو لە کردار بە جۆرێك کە خوارو خێچی لە بەرنامەی ژیانماندا نەبێ، جا ئێنسانی موسوڵمان کاتێك بەڵاو موسیبەت دەوری دەدەن، یان تووشی گیرو گرفتێکی دەروونی دەبێو دونیای روناکی لە پێش چاو تاریك دەبێ، پەلاماری نوێژکردن دەداو خۆ دەهاوێژێتە پەنا خودای خۆی و لە پەروەردگاری خۆی دەپاڕێتەوە، دەفەرموێ: {**اهدِنَا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ**} ئیتر دڵی دادەمرکێو بەرامبەر بەڵاو ناڕەحەتی هێزو توانا پەیدا دەکا.

٦- پەیڕەوکردن و ئیقتیداکردن بەراستاڵان و نموونە صاڵحەکان:

ئەمیش لەم فرمایشتەی پەروەردگار وەرگیراوە کە دەفەرموێ: {**صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ**} واتە: ئەی پەروەردگارا! بمانخەرە سەر رێبازی پیاو چاکانی خۆت، ئەوانەی بەهۆی بەرنامەی تۆوە سەرفرازی دونیاو قیامەت بوون کە بریتین لە پێغەمبەران و راستگۆیان و راستاڵان، بێگومان راستاڵی و پیاو باشی شتێکی ئەوەندە پیرۆزە هەموو مرۆڤێك پێویستی پێی هەیە پێویستە هەوڵ بدا بۆ گەشەپێدانی و پیاوە باشە راستاڵەکان بکا بە پێشەواو سەمەشقی ژیانی خۆی.

٧- دووره پەرێزی له رێگای گومرایی (اجتناب سبيل الضلالة):

دووره پـەرێزیی لـه گـومرایی رەوشـتێکی بـەرزەو لـەم فـەرمووده خوداییـە وەرگیراوه که دەفـەرموێ: {غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ} واتـە: غـەزەب لێ گیراوان ئەوانەی له رێبازی حەق لايان داوەو رويـان لـه رێبـازی هەڵدێرو قۆرتو پـێچ کـردوه پـەروەردگاریش قـاری لـێ گرتـوونو لـه رەحمـەتی خـۆی دووری خستونەوه. وشەی { الضَّالِّينَ } کـه بـەمان گومڕاکـان دێ ئەوانـه دەگرێتـەوه کـه لەبیرو باوەڕدا زۆر روچوونو زیاد له ئەندازه تێ هەڵچوون تا لەئاکاما گومڕابوون سەریان لێ شێواوه.

جاوەنەبێ ماناو فائیدەی سوورەتی (فاتیحه) بـەم چـەند خاڵانـه کۆتـایی بـێ، بەڵکوو زۆر فائیدەی تری لێ فەهم دەکرێو ئامـاژه بـۆ زۆر شـتی تـری تێدایـه بـۆ نموونه که نوێژکار دەڵێ (نعبد، نستعين، إهدنا) بەشیوەی کۆو کۆمەڵ، ئەمه ئەوه دەگەیەنێ کـه پـەروەردگار بانگـەوازی کۆمـەڵی ئـادەمیزادی کـردوه بـۆ یەکیـەتیو تەبایىو یارمەتیدانی یەکتریو هەرشتێك که خێرو چاکەی کۆمەڵی تێدابێ.

که دەفەرموێ: (اياك نعبد) ئەوه ئامـاژەیه بۆ ئەوه کـه پێویـسته موسـوڵمانان هەموویان یەکدڵ روبکەنه یەك ئامانج ئەویش یەندایەتی کردنه بۆ خودا خۆیو بەس، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان خۆمانو یەکگرتنمان بـه مەبەسـتی وەدیهێنـانی رەزامەنـدی خودابـێ نـەك بـۆ بەرژەوەنـدی تایبـەتی شەخـصی یـان بـەدیهێنانی ئارەزۆی تایبەتی که دەبێته هۆی لێك هەڵوەشاندنی کۆمەڵ.

له رستەی (إياك نستعين)یشدا ئەوەمان بـۆ ئاشـکرا دەکـاو پێمـان دەفـەرموێ: که پێویسته ئێمەی ئادەمیزاد له هەموو کـارو بـارێکی دونیـاییو قیامەتیـدا داوای کۆمەکیو یارمەتی لەو بکەین له هەمان کاتیشدا خۆمان لەناو خۆماندا یارمەتیو هاریکاری یەکتری بکەین له هەموو کارێکیشدا پشتیوانمان خودابێ.

ڕستەی (إهدنا الصراط المستقيم)یش ئەوه دەگەیەنێ که مرۆڤ هەمیشه داوای دوزینەوەی رێبازی حەقو دروست له خودا بکـاو لـه هـەمان کاتیـشدا موسـوڵمانان

خۆیان لەناو خۆیاندا ئامۆژگاری یەکتری بکەن‌و رێبازی راست‌و رەوان بەیەکتری نیشان بدەن.

ئائەمە پوختەیەك بوو لەماناو سوودو بەهرەی (فاتیحە) کە موسوڵمان لە رۆژێکدا تەنها لە نیوۆژی فەرزدا حەڤدەجار دەیڵێتەوە کەوابوو فاتیحە سودێکی خوادییە شەوو رۆژ موسوڵمان دەیخوێننەوەو دەوری دەکەنەوەو رازو نیازو مرازی خۆیانی تێدا بەپەنامەکی عەرزی بارەگای خودا دەکەن. ئەم سروده زۆر بەرزو پیرۆزترە لەو سرودە نەتەوەییانەی کە مانای تەعەصصوب‌و بەخۆدا هەڵدان‌و بانگەوازی بۆ ناوچەگەرێتی‌و هەرێم پەرستی تێدابێ. ئەمە سرودێکی یەزدانییە برایەتی‌و خۆشەویستی‌و هاریکاری لەناو کۆمەڵدا بلاو دەکاتەوە.

کردارەکانی نوێژ (تتمة أفعال الصلاة):

دوای ئەوەی نوێژکار سورەتی فاتیحەی خوێندو جوان لەماناکەی وردبووە ئەمجار دەڵێ: (آمین) واتە: خودایە ئەم نزایانەم لێ قوبووڵ بکە، داواکاریەکانم جێبەجێ بکە. بێگومان پەیوەندی نوێژکەر لەگەڵ پەروەردگاری خۆیدا وەکوو پەیوەندی نەخۆش لەگەڵ نوشداردا وایە، هەروەکوو چۆن نەخۆش هانا دەباتە بەر نۆشدارو هیوای چاکبوونەوەی لێ دەکاو نۆشداریش پشکنینی تایبەتی خۆی ئەنجام دەداو دەرمانی پێویستی بۆ دەنوسێ‌و ئامۆژگاری بەکارهێنانی بۆ دەکا هەر ئاواش نوێژکار هانا دەباتە بەر پەروەردگاری خۆی داوای شارەزاییکردن بە رێگەی راست‌و گەیاندنی بەحەق‌و حەقیقەتی لێ دەکاو داوای لێ دەکا کە لە کردەوەی نەخۆش‌و بیرو بڕوای خراپ‌و پڕو پووچ بیپارێزێ... هەرکەسێك جوان لە مانای قورئان تێفکرێ بە تایبەتی سەرنجی ورد لە سورەتی فاتیحە بدا وا هەست دەکا کە خوداوەند راستەو خۆ پێی دەڵێ: ئەی بەندەکەم! دەرمانی دەردەکانت لە قورئاندا بدۆزەرەوە، چەند دەتوانی رۆژانە لێی بخوێنەرەوە، بێگومان قورئان شیفادەرە بۆ هەموو دەردێکت، هەر بۆیەشە نوێژکەر دوای خوێندنی سورەتی

فاتیحه چەند ئایەتێکی تری قورئان دەخوێنێ ئەمجار هەست دەکا بەوە کە چەند زەبـوونو بـێ وەجو زەعیفـە چـەند پێویـستی بـە پـەروەردگار هەیـەو چـەند موحتاجی شـیفای قورئانـە، خـاوەن دەسـەلات هـەر خودایـەو هـەر ئـەو هانـای بـۆ دەبرێو ئیتر کەساسیو زەلیلی خۆی بە چوونە روکوعو چەمینەوە دەر دەبـڕێو زایەلەی (الله أكبر) لێ دەداو هـەردو بـەری دەسـتی دەخاتـە سـەردوو ئـەژنۆیو سـێ جـار دەڵـێ (سـبحان ربـي العظـيم وبحمـده) ئـەمجار لـە روکـوع راسـت دەبێتـەوەو سـوپاسو ستایـشی خـودا بـەجێ دێنـێ، لەسـەر ئـەوە کـە هیدایـەتی داوە بـۆ بەندایەتیکردنو دەڵێ (سمع الله لمن حمده) هەرکەسێ سوپاسی خودا بکا بە نیازی پاداشتی باش خودا سوپاسو نیازەکەی قبووڵ دەکا. ئەمجار کە تـێ دەفکرێ نـازو نیعمەتی خودا زۆرنو لە ژمارە نایەنو ناتوانێ وەکوو پێویـست شـوکرانەژمێربێ، ئیتر بـە ناچـاری دەچێتە سـوجدەو بەنـدایـەتی خـۆی گـەورەیی خـودا بـە چـوونە سوجدە بۆی ئەنجام دەدا، بانگی (الله أكبر) لێ دەداو ناوچەوانی دەخاتە سەرزەویو ئەو پەڕی بەندایەتیو زەلیلی خۆی بۆ پەروەردگار نیـشان دەدا بـە زوبـانیش سـێ جار دەڵێ: سبحان ربي الأعلى... واتە: خودای من لە هەموو کەسو هـەموو شـتێك گـەورەترە. ئـەمجار لـە سـوژدە سـەر بـەرز دەکاتـەوەو دەڵـێ: (الله أكـبر) تاوێـك دادەنیشێو تێیـدا دەپاڕێتـەوەو دەڵـێ (رب اغفـر وارحـم) ئـەمجار دەڵـێ (الله أكـبر) دەچـێتەوە سـوژدەی دووەم. پاشـان دەڵـێ (الله أكـبر)و هەڵدەسـتێتەوە بـۆ رکـاتی دووەم: چی کردوە لە رکاتی یەکەمدا هەمووی دەکاتـەوە بـەس دوعـای (اسـتفتاح) نەبێ ئەو هەر لە رکاتی یەکەمدا سوننەتە.

ئەوەی کە سەرنج راکێشە ئەوەیە نوێژ وتنی رستەی (الله أكبر)ی زۆر تێدایـە-لـە سـەرەتاوە — کـاتی چـەمینەوەو چـونە کـوع — کـاتی چـوونە سـوژدە — کـاتی هەستانەوە لـە سـوژدەی یەکـەمو دووەم — ئەمـەش بـۆ ئەوەیـە کـە موسـوڵمان رام بهێنرێ لەسەر نەفس بەرزیو رێز لە خۆگرتن تابەندایـەتی هـیچ کەسـێك نـەکاو تـەنها بەندایـەتی خـودا بکـا چـونکە رسـتەی (الله أكـبر) واتـە: خـودا لـە هـەموان گـەورەترە جگـە لەئـەو کـەس شـایانی بەندایـەتی بـۆ کـردن نییـە. ئـەمجار کـە

نوێژکەر رکاتی دووەم بەجێ دێنێ و لە سوژدەی دووەم هەڵدەستێتەوە دادەنیشێ بە دانیشتنێکی تایبەتی و دەڵێ:

« التَّحِيَّاتُ الْمُبَارَكَاتُ الصَّلَوَاتُ الطَّيِّبَاتُ لِلَّهِ، السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، اللهم صل على سيدنا محمد وعلى آل سيدنا محمد ..... .

واتە:هەچی هۆی قەدرو رێزە چ بە گوفتار چ بە کردار، هەرچی نوێژو داخوازی و لالانەوەو پاڕانەوەو دوعاو نزایە، وە هەرچی سەرچاوەی پاکی و خاوێنییە ئەمانە هەموویان لە راستیدا هەر شایستەی خودای مەزنن! دوورد لەسەر تۆ ئەی پێغەمبەری خودا لەگەڵ رەحمەت و بەرەکەتی خودا، درووود لەسەر ئێمەش و لەسەر هەموو بەندە باشەکانی خودا، شایەدی دەدەم کە هەر خودا خودایەو هیچ خودای تر نییە وەشایەتی دەدەم کە (محمد) هەم بەندەی خوداو هەم پێغەمبەری خودایە. ئەمجار یەزدان فەرمانی پێ کردوین کە درووودو سلاو بنێرین بۆ سەر گیانی پێغەمبەر بە مەبەستی یادکردنەوەو دەرخستنی رێزو فەزلی بەسەر موسوڵماناندا، لە هەمان کاتدا دان پیانان بە پێغەمبەرایەتی و راستی بەرنامەکەیدا، زیاد لەوەش سەلام کردن لە پێغەمبەر مانای پەیمان بەستن لەسەر مانەوەو بەردەوامبوون لەسەر ئایینی ئیسلام دەگەیەنێ.

دوای وتنی (اللهم صل على سيدنا محمد وعلى آل سيدنا محمد)، برێك لە دوعا مەشهوورەکان دەخوێنێ داوای چاکەی دونیاو قیامەت دەکاو ئەمجار کۆتایی بە نوێژ دێنێ و روو وەردەگێڕی بۆ لای شانی راست و سلاو لە کۆمەڵی فریشتەو موسوڵمانان دەکاو دەڵێ: (السلام عليكم ورحمة الله) ئەمجار روو بۆلای شانی چەپی وەردەگێڕێ و هەمان وشە دەڵێتەوە! ئەمجار سەر لەنوێ بەم گیانە ئاشتیخوازییەوە روو دەکاتە کارو باری دونیایی!

خوێنەری موسوڵمانی زێدە ئازیز! ئەمەیە مانای نوێژ لە ئایینی ئیسلامدا ئەمە ناوەرۆك و شێوەو شێوازیەتی، دەی باشە کەسێك بەم گیانە خودا پەرستییەوە

نوێژ بکا ئاوا لە ماناکەی حاڵی ببێ چۆن نوێـژ لـە گونـاهو تـاوان دووری ناخاتـەوە! چۆن نوێژ دەروونی لە دەغەزی نەخۆشی پاك ناکاتەوە؟ بەڵێ ئەمەش حیکمـەتێکی خوداییـە چـونکە زانیویـەتی کـە مـرۆڤ کاتێـك تێکـەڵاوی کاروبـاری دونیـایی دەبـێ ژەنگ دڵو دەروونی دەگرێو چڵکی ماددە صەفای رۆحی دادەپۆشێ، بۆیە فـەرمانی پێکردوە کە لە شەوو رۆژدا پێنج جار نوێـژ بکـا بـۆ ئـەوەی دڵـی لـە چڵـكو ژەنگـی دونیا تێکەڵبوونەوە بشواتەوە. بـە کورتی نوێـژ وەکوو دەرمـانێکی حـازر بەدەسـت وایە هەرکاتێ مەترسی هێرشی نەخۆشی دەروونی کرا خێرا هانای بۆ دەبرێ!!

برێك لە حیکمەتەکانی نوێژ (بعض حکم الصلاة في القرآن):

١- وازهێنان لە کرداری خراپ (تغییر الأعمال القبیحة):

بێگومـان نوێژگـەر کـە لـە شـەوو رۆژدا پێـنج جـار دەچـێتە حـوزوری پەروەردگاری خۆیو هەست دەکا بە ترسو لەرزی ئەو دیدارە روحیەی کە لەگەڵ خودای خۆی ئەنجامی دەدا، بێگومان ئەم دەستەو نـەزمرو لـە خزمـەت راوەسـتانە بڕوای بە پەروەردگاری خۆی بەهێز دەکاو بیرو ڕاو تێڕوانینی بـۆ عالـەم دەگۆڕێ بە جۆرێك کە ئیمانو بڕوای دەبێتە هێزێکی کاریگەر لـە ژیانیـدا نـاهێڵی نەفسی نزیك هەواو ئارەزۆی حەرام ببێتەوەو دەکەوێتە سەر رێبازی راستەقینەی ژیـانی خۆشبەختی!

{وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ - سورة العنکبوت – ٤٥}.

ئەوەتا لەم ئایەتە پیرۆزەدا پـەروەردگار فـەرمان دەکـا بـە بـەجێهێنانی نوێـژ، بـەجێهێنانی هـەموو شـتێکی، ئـەنجام دانیـەتی بـە تـەواوی بـەجۆرێك کـە وەکـوو پێویست جێبەجێی بکا کەوابوو نوێژکردنی بەڕاستی بریتییە لە ڕوکردنە خـوداو ترسان لێی بە شێوەیەك کە ببێتە بەربەستێکی کاریگەرو نـەهێڵی نوێژکەرەکـە لا بەلای تاوانو گوناح دا بکاتەوە. هەرکاتێکیش شێوازی نوێژ لەم مانایە خـاڵی بـوو، واتە نوێژ نوێژکەری لە گوناهو تاوان نەگێڕایەوە لە راسـتیدا ئـەو نوێژکـەرە هـەر

بەرواڵەت بڕێ کرداروو گفتاری بۆشی ئەنجام داوەو لە حەقیقەت دا نوێژی نەکردوە، بەڵکوو بە ڕواڵەت راوەستان و چەمینەوەو چوونە سوژدەو دانیشتنێکی تایبەتی ئەنجام داوەو چەند ڕستەو وشیەکی قورئانیشی بێ ئاگاو توتی ئاسایی گوتونەوە پەروەردگاریش راستەوخۆ هەڕەشەی سەختی لەم جۆرە کەسانە کردوەو فەرموویەتی:

{فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ، الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ - سورة الماعون – ٤-٥}.

واتە: هاوار بۆ ئەو کەسانەی کە بە رواڵەت نوێژ دەکەن و بەڵام ئاگایان لە نوێژەکەیان نییەو دڵیان بەشتێکی ترەوە خەریکە.

٢- ئاشتی و رسکانی رەوشتی ئازایەتی و سەخاوەت:

ئادەمیزاد لە گۆڕاندایە ئەمڕۆ منداڵە سبەینێ گەنجەو دوسبەی پیرە، سەر لەبەیانی هەژارە، سەر لەئێوارە دەوڵەمەندو پارەدارە. ئێستا ساغەو تاوێکی تر دەردەدارە، جا کە توشی خێرو خۆشی بوو، دڵ خۆش دەبێ و بەرچاو تەنگ و بەخیل دەبێ، کە شەڕو بەڵایەکیش بەری دەرگای پێ گرت هاواری لێ هەڵدەستێ و دەست دەکا بە دادو فیغان جا ئەگەر کابرا نوێژکەربێ و خواپەرستی بە راست بێ لەم حاڵانەدا پەنا بۆ نوێژکردن دەبا بە کردنی نوێژەکەی دڵ و دەروونی ئارام دەگرێ و لەسەر خۆشەویستی و خۆ راگری رام دەبێ و پشت و پەنای بە خودای کردگاری خۆی دەبەستێ، ئەو خودایەی بەدیهێنەری ئادەمیزادەو رزق و رۆژی دەریانە، بەمەش زیاتر فەزڵ و گەورەیی خودای لا ئاشکرا دەبێ و نازو نیعمەتەکانی دێنە بەرچاو بۆ ماڵبەخشین و کرداری باش دەست بەکار دەبێ و چنگ دەنێتە ماڵی خۆی و لە رێگەی خوداو سودی گشتیدا چی بۆ بکرێ لە بەخشینی ماڵ و سامانی دریغی ناکا، لەم بارەوە قورئان دەفەرموێ:

{إِنَّ الْإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعًا، وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا، إِلَّا الْمُصَلِّينَ}.

واتە: ئای لە ئادەمیزاد کە بێ ئوقرەو بێ هورەو چاوچنۆک و دەم بە هاوارە، نە لە شادیدا خۆی دەگرێ و نە لە شیندا، کاتێ خودا ماڵ و خێرو دارایی دەداتێ دەست قوچاوو خێر نەکەرە کاتێ توشی زەرەرو زیان و ناخۆشی دەبێ دەم بە هاوارو بۆڵەبۆڵکەرەو بەهات و هاوار ئاسایش لەخۆی هەڵدەگرێ.

لە شوێنێکی تردا قورئان ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە نوێژ قورسایی بەلاو موسیبەت لە سەرشانی ئادەمیزاد سووك دەکاو دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَعِينُواْ بِالصَّبْرِ وَالصَّلاَةِ }.

واتە: ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان هەمیشە بۆ قەلاچۆکردنی باری قورسایی بەلاو موسیبەت پەنا بە نوێژکردن بەرن و رەوشتی صەبرو ئارام لە خۆتانا پەیدا بکەن چونکە نوێژ سیقەو پشت بەستن بە خودا بەهێز دەکا بە پەنابردنیش بۆ لای خوداو نزاو پاڕانەوە لێی، هەم خەموو پەژارەکەی لادەچێ و هەم قورسایی لەسەرشانی مرۆڤ سوك دەبێ.

٣- گەشە پێکردنی مەلەکەی زەین (تنمية ملكة حصر الذهن):

مرۆڤ کاتێك هانا بۆ نوێژکردن دەباو روی بەندایەتی دەکاتە خودای خۆی، چەند بیرو رایەکی جوێ جوێ لە مێشکیدا دێن و دەچن، ئەویش دەیەوێ هەموو بیرو خەیاڵ و خەتەرەی ناو دڵ و مێشکی دەرکا بۆ ئەوەی گەورەیی خوداو لەززەتی نزاو لێ پاڕانەوە لێی بخاتە شوێنی ئەو خەیاڵ و بیرو رایانە، دیارە ئەمەش پێویستی بە صەبرو خۆڕاگری و لەخودا ترسان هەیە هەرکاتێ ئینسان توانی ئەم رەوشتانە بۆ خۆی بەدەست بێنێ دەبێتە لە خوداترس بە گوێرەی فەرموودەی قورئانیش لە خودا ترسان لە نوێژدا دەبێتە هۆی سەرفیرازی دونیاو قیامەت:

{قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ، الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ-سورة المؤمنون/١-٢}.

وشەی (خاشعون) ئەوانە دەگرێتەوە کە گەردن کەچی فەرمانی خودان و لێشی دەترسن. ئیمامی رازی وشەی (الخشوع)ی لە نوێژدا بەم جۆرە ماناکردوە فەرموویەتی: بریتییە لە کۆکردنەوەی بیرو هۆش و خەیاڵ لەسەر نوێژو وەدەرنانی هەموو خەیاڵێکی تر لەدڵدا، جا هەروەها کاتێ ترسان لە خودا بەم جۆرە بوو، دەبێتە هۆی گەشەکردنی مەلەکەی کورت هەڵهێنانی بیرو هۆش بۆ هەرکارێك کە بتەوێ ئەنجامی بدەی، پەیدابوونی ئەم مەلەکەیش رۆڵێکی گرینگی هەیە بۆ سەرکەوتنی مرۆڤ لە ژیاندا، بۆیە پێویستی سەرشانمانە کە چۆنیەتی ئەم مەلەکەیەو گرینگی لە ژیانی ئینساندا بزانین. زانای بەناوبانگ و شارەزا لە دەروون

شوناسیدا مامۆستا (ولیم مولتون مارستن) لە گۆڤاری (ریدرز دایگوست)دا دەڵێ: توانا و سەرکەوتن بۆ کورت هەڵهێنانی خەیاڵ و خەتەرەو روتێکردنی زەین بۆ کارێکی تایبەتی لە هەموو بارێکی ژیاندا لەلای پیاوە گەورەکان و ناودارەکانی جیهان رەوشتێکی ئاساییە، لە هەر سات و کاتێکدا پێشەوا و سەرۆک و خاوەن بەهرە، ئەگەر ویستی زەینی خۆی کورت هەڵهێنێ بۆ کارێکی تایبەتی زۆر بە ئاسانی دەتوانێ تەرکیزی هێزە زەینییەکانی خۆی بکا بۆ ئەو کارەی کە دەیەوێ ئەنجامی بدا، لە کاتێکدا زوربەی ئێمەمانان ئەم هێزە تایبەتییەمان نیەو ناتوانین دڵەڕاوکێ لە خۆمان دەرکەین، هەرکە دەمانەوێ کارێکی تایبەتی ئەنجام بدەین جۆرەها راوو بۆچوونمان لا دروست دەبێ و سەرمان لێ دەشێوێ.

ئەمجار دەڵێ: عەقڵی ئادەمیزاد ئامێرێکی گەلێك بەهێزو توانایە هەر کاتێك تەرکیزی پێ کرایە سەر شتێك ئەنجامی سەرسورهێنەری دەبێ.

ئەمجار مامۆستا (ولیم مولتون مارستن) دێتە سەر باسی چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەم رەوشتە گرینگەو دەڵێ: (ئەم هێزو توانایە کە زەینی پێ تەرکیز دەکرێ بە پەراوەپێکردن و تاقیکردنەوەو کەسب پەیدا دەبێ... ئەمەش پێویستی بە صەبرو خۆڕاگری هەیە چونکە تێپەڕین لە قوناخی دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی بۆ قوناغی کورت هەڵهێنانی زەین لەسەر کارێکی تایبەتی هەروا بە ئاسانی بەدەست نایە، بەڵکوو دەبێ کۆشش و هەوڵ و تەقەللایەکی زۆرو زەبەندەی بۆ بدرێ، هەر کاتێك تۆ توانیت عەقڵت بۆ کارێك بە کاربێنی و چەند جار عەقڵی خۆتت دەمەزمرد کردەوەو لەو کارەی کە دەتەوێ بیکەی بەکارت هێنا، بێگومان ئەو خەیاڵ و بیرو رایانەی کە بوونە کۆسب لەبەردەم عەزمەکەتدا جێگایان پێ لەق دەبی و ناتوانن بەرهەڵستی سوربونت لەسەر کارەکە بکەن، تا لە کۆتایی دا دەبینی زەین و بیرو هۆشت بە تەواوی تەرکیز کراون بۆ ئەو کارەی کە خۆت هەڵت بژاردووە.

بۆیە دەتوانین بڵێین نوێژ لە ئایینی ئیسلامدا رۆڵێك و دەورێکی کاریگەری هەیە بۆ پەروەردەکردنی مەلەکەی کورت هەڵهێنانی زەینی مرۆڤ. چونکە ئەو نوێژکەرەی کە بتوانێ بەدرێژایی نوێژەکەی فیکرو هۆشی خۆی کورت هەڵهێنێ

بۆ روکردنە خودا ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێی دەوترێ (خشوع) واتە: لە خودا ترسان، بێگومان مەلەکەی یەکچاو کردنەوەی زەین (ملكة حصر الذهن)ی لەلا پەروەردە دەبێو بۆی دەبێتە باشترین یارمەتیدەر بۆ ئەنجامدانی کردارەکانی. ئەوەی کە ئەم بۆچوونەمان بەهێزدەکا، دووبارە وتەکەی (ولیم مولتون)ە کە دەڵێ: باشترین شت کە نەیەڵێ زەین پەرتەوەازە بێ ئەوەیە کە عەقڵو جیسم پێکەوە کاربکەن ئەویان هاوکاری ئەم بێو ئەمیان هاوکای ئەویان بێ) دەی نوێژ لە ئایینی ئیسلامدا بەعەقڵو جیسم ئەنجام دەدرێ هەردوکیان دەوریان هەیە لە ئەنجامدانی کارەکە.

٤- بەهێزکردنی نەفسی ئینسانی (تقوية النفس الإنسانية):

لێکۆڵینەوە دەرونزانیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە نوێژو خودا پەرستی سودێکی زۆریان هەیە بۆ ورە بەرزیو دڵ قایمی... بۆ نموونە لەشاری نیۆرك رێکخراوی خستنەگەڕی بێ ئیشەکان (مصلحه تشغيل المعطلين) تاقیکردنەوەیەکی دەروونی بەسەر (١٥٣٢١) کەس لە ژنو پیاوی بێکارەدا ئەنجامدا لە ئاکامی تاقیکردنەوەکەدا هەرکەسە بۆ پیشەیەکی شیاو بەخۆی نێردرا بۆ ئەم کارە گرنگە، دکتور (هنری لنگ) کە پسپۆڕو زانای دەرونزانی بوو کرابوو بە پرسپێکراو (مستشار) داواشی لێکرابوو پیلانو نەخشەی تایبەتی دابنێ چاودێری لێکۆڵینەوەی سەرژمێریارە کورتکراوەکەی کە بۆ دەهەزار نەفس کرابوو بکا.

جا دکتۆر (هنری لنگ) دەڵێ: لەکاتی خەریکبوونم بەم کارە وردە وردە بۆم دەرکەوت کە بیرو باوەڕی ئایینی بەنیسبەت ژیانی ئادەمیزادەوە کاریگەرییەکی زۆری هەیەو رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە دروستکردنی شەخصیەتی ئینساندا، چونکە بۆم رون بووەوە هەر کەسێك پەیڕەوی ئاینێك بکاو هاموشۆی مزگەوتو دێرو کەلیسا بکا شەخصیەتی بەهێزترە لە کەسێك کە هیچ دینێکی نەبێ یان هیچ عیبادەتێك ئەنجام نەدا[1].

---

[1] لە کتێبی العودة إلى الايمان، دانراوی: د. هنری لنگ، وەرگێرانی مامۆستا پروە عكاسە وەرگێراوە.

ئایینی ئیسلام زۆر زوو هەستی بەم راستییە کردوە بانگەوازی خەڵکی کردوە بۆ نوێژکردنو بەردەوام بوون لەسەری، خودا دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ارْكَعُوا وَاسْجُدُوا وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ - سورة الحج – ٧٧}.

هەر لەبەر ئەو هۆیەی سەرومیە کە پەروەردگار لە هەموو هەفتەیەکدا جارێك لەسەر موسوڵمانانی فەرزکردوە کە نوێژی هەینی بەجەماعەت لە مزگەوتدا ئەنجام بدەن، ئەوەشی راگەیاندووە کە کردنی نوێژی جومعە لە مەزگەوتدا خێرو بێرێکی زۆری هەیە بۆ نەفسی ئینسانیو سودێکی تەواوی لێ وەردەگیرێ، دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ - سورة الجمعة – ٩}.

واتە: ئەی موسوڵمانەکان! هەرکاتێ بانگی نوێژی جومعە دراو بانگ کران بۆ نوێژ، خێرا بەرەو پیری بانگەکە بچنو واز لە سەوداو مامەڵەو ئیشو کاری خۆتان بێننو روبکەنە مزگەوت بۆ نوێژکردن، ئەوە بۆ ئێوە باشترە! ئەگەر بزانن.

بەشی پازدەهەم:

ڕۆژوو لە ئیسلامدا (الصيام في الإسلام)

پوختەی ناوەڕۆکی ڕۆژوو – بڕێك حیکمەتو سوودی ڕۆژوو – زەحمەتی ڕۆژوو کەم دەکاتەوە.

ڕۆژوو لە زاراوەی زمانی عەرەبیدا بریتییە لە وازهێنان لە شتێك، لە زاراوەی زانایانی شەرعدا بریتییە لەوازهێنان لە خواردنو خواردنەوەو سەرجێییو جوتبوون لە کازیوەی بەیانییەوە هەتا ڕۆژ ئاوابوون بە مەبەستی ڕەزامەندی خودا!!

یەکەم بەڵگەی واجب بوونی ڕۆژوو ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ، أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ فَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ وَأَن تَصُومُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ، شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُواْ الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ اللّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ - سورة البقرة – ١٨٣-١٨٥}.

پەروەردگار بەم ئایەتانە ڕۆژووی ڕەمەزانی لەسەر موسوڵمانان فەرز کردوە، چۆنیەتی ئەنجامدانیو ئەندازەو سوودو پاداشتەکانیشی ڕوون کردۆتەوە.. دەی با پێکەوە ساتێك بەوردی جارێکی تر بە ئایەتەکاندا بچینەوە بزانین چیمان بۆ دەردەکەوێ؟؟

سەرەتا کە خودای گەورە دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ...}.

ئەوەمان تێدەگەیەنێ کە فەرزکردنی ڕۆژوو یاسایەکی ئاسمانی تازەیە بۆ ئادەمیزاد بەڵکوو یاساو تەشریعێکی کۆنە بۆ کۆمەڵانی ئادەمیزادی پێش ئێمەش. واتە: لە یاساو بەرنامەی هەموو پێغەمبەرێکدا ڕۆژو هەبووە! ئاشکراشە

کــە ئەمــە قورســایی ئــەرکی ڕۆژوو ســووك دەکــاو ڕێگــای پــەیڕەوی کــردنو جێبــەجێکردنی ئــاوەڵا دەکــاو موســوڵمانان هەســت بــەوە ناکــەن کــە داوای شــتێکی تازەقــەڵای نابــەجێییان لێ کــراوە، بۆیــە زۆر بــە دڵفراوانییــەوە وەری دەگــرنو فرمانەکە جێبەجێ دەکەن!!

ئەمجار پەروەردگار، دوا بەدوای ئەمە دەفەرموێ: {لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ} بەمەیش مەبەستو کاکڵەو پوختەی ڕۆژوومان بـۆ ئاشـکرا دەکـاو ڕۆحو جەوهـەری ڕۆژوو لـە ئیسلامدا چییە پێمان دەفەرموێو داوامان لێ دەکا کە ئێمە ڕۆژوو بکەینـە مـەتاڵو سەنگەرو خۆمانی تێدا حەشار دەینو بیکەین بە لەنگەرو بـەرگرو بەربەست، تـا نــەهێڵێ بکەوینــە زلکــاوی کــاری نابــەجێوە، مــەیلو ئــارەزۆو هــەواو هــەوەسمان لەخراپەکاری بگەڕێنینەوە!! چونکە لە ڕاستی دا ڕۆژوو مەتاڵەو سـەنگەرە، ئینـسان دەپارێزێ لەوەی کە ببێتە ئاژەڵێکی گەدە پەرستو بەشەڕمیعەتی بیشەڵان (شـریعة الغـاب) کـار بکـا، کۆمـەڵیش دەپـارێزێ بـەوەی کـە تاکـەکانی وا پـەروەردە دەکـا کـە هـەموویان ڕاسـتاڵو سـوودبەخش بـن، وا هەسـت بکـەن کـە ئـادەمیزادنو لەگـەڵ ئادەمیزاددا کاری ئینسانی دەکـەن، نـەك بـە ئارەزوویـەکی ئاژەڵییـەوە کـاری ئـاژەڵی ئەنجام دەدەن، هەر لەم ڕوەوەیە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) دەفەرموێ:

«إِنَمَا الصَّوْمُ جُنَّةٌ، فَإِذَا كَانَ أَحَدُكُمْ صَائِماً فَلاَ يَرْفُثْ وَلاَ يَجْهَلْ وَإِنِ امْرُؤٌ قَاتَلَهُ شَتَمَهُ فَلْيَقُلْ: إِنِّى صَائِمٌ، إِنِّى صَائِمٌ .

واتە: ڕۆژوو مەتاڵەو قەڵغانەو مەردوم لە خراپە دەگێڕێتەوە، هەریـەکێك لـە ئێوە کە بە ڕۆژوو بـوو بـا وتـەی ناشـیرینی لـەدەم دەرنەچـێو کـاری بـێ عەقڵانـە نەکا. ئەگەر یەکێکیش شەڕی لەگەڵدا کرد یان جوێنی پێدا با بڵێ: من بـەڕۆژووم من بەڕۆژووم.

کە دەڵێن ڕۆژوو مەتاڵە، واتە: پـارێزەرەو نـاهێڵێ خاوەنەکـەی بکەوێتـە سـەر ڕێگای چەوتو چەوێڵ، واتە: دەبێ ئینـسان واهەسـت بکـا کـە ڕۆژووەکـەی ناهێڵـێ کاری ئـاژەڵی بکـاو لـە کـرداری خـراپ دووری دەخاتـەوە! کـە دەڵـێ (مـن بابایـەکی

بەرۆژووم) ئەوە دەدا بە گوێچکەی بەرامبەرەکەیدا کە ئەم بەرگی بێوەیی مرۆڤایەتی بەراستی پۆشیوە، نەك گورگەو لە پێستی مەڕدا.

هەر کاتێکیش مرۆڤ خۆی لە شەڕی نەفسی خۆی پاراستو کۆمەڵیشی پاراست ئەوە گەیشتۆتە جێی ڕەزامەندی خوداو لەریزی تەقوا کاراندا دەژمێردرێ ئەمەش بە کورتی مانای ڕستەی (لعلكم تتقون)ە کە مانای وشەی (لعل) لێرەدا حازکردنو پەروەردەکردن دەگەیەنێ، ئاشکراشە پەروەردەکردنی دەروونو نەفسی ڕۆژووەوانان بەهۆی ڕۆژووەوە بۆتە تەقواکاریو لە خودا ترسان لەچەند ڕوێیکەوە دەردەکەوێ لە هەموویان نمایانتر ئەوەیە کە کاری ڕۆژوو کارێکە پەیوەندی بەخودی ڕۆژەوانەکەوە هەیە، جگە لەخودا کەسی ترنییە کە چاودێربێ بەسەریەوە.

جا ئەگەر ڕۆژووەوان بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خودا وازی لە خواردنو خواردنەوە هێنا، وە ساخ لەبەر ڕەزای خودا نە بەدزیو نە بە ئاشکرا سنووری دیاریکراوی ڕۆژووی نەبەزاندو نەفسی خۆی ڕامکرد لە سەرخۆگریو وازی لەو خۆشیو ئارەزوانە هێناو باوەڕی وابوو پەروەردگاری موراقەبەی دەکاو ئاگاداری نهێنییەکانیەتیو تاماوەی مانگێك ئەم دیاردەیەی پێوە دیاربوو بێگومان لە دووربارەبوونەوەو سێ بارەبوونەوەی ئەم حاڵە، مەلەکەی لە خودا ترسانو حەیا لە خودا کردن هەست بە لێپرسراویکردن بەرامبەر خودای مەزن پەیدا دەبێو دەتوانێ زاڵ ببێ بەسەر هەواو ئارەزۆی نەفسانیدا، ئەم حاڵەتەیش وای لێ دەکا کە بگونجێ لەگەڵ هەموو کارێکی خێرو چاکەداو دوورە پەرێز بێ لە شەڕو کاری شەڕ ئامێز، ئیتر فێڵو تەڵەکە ناکاو زوڵمو زۆر بە ڕەوا نابینێ، حەقی کەس ناخواو هەوڵو کۆششی خراپەکاریو فەساد نادات، کارێکیش ناکات دژایەتیو دووبەرەکی بخاتە ناو موسوڵمانانەوە.

بەڵام تەنها وازهێنان لە خواردنو خواردنەوە — بەبێ هەستکردن بە موراقەبەی خودا — دەبێتە ڕێگا خۆشکەر بۆ گوناهکردنو ئەنجامدانی تاوانی گەورە، کەوابوو ڕۆژوی ئاوا ئەو ڕۆژووە نییە کە خودا فەرزی کردوە لەسەر

موسوڵمانان. جا لەم ڕوانگەوەیە کە بوخاری (خوای لێ ڕازی بێ) حەدیسێك دەگێڕێتەوە حەزرەت (درودی خودای لەسەربێ) دەفەرموێ:

« مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالْعَمَلَ بِهِ فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ فِي أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ. رواه البخاري .

واتە: ئەو ڕۆژووەوانەی واز نەهێنێ لە قسەی ناڕەواو لەکاری ناڕەوا خودا کاری بەوەی ئەو نییە کە دەمی خۆی ببەستێو واز لە خواردنو خواردنەوە بهێنێ.

کەوابوو کاکڵەو پوختەی ڕۆژوو لە ئیسلامدا هەستکردنە بە موراقەبەی خوداو هەستکردنە بەوەی کە دەبێ ڕۆژوو ساخ بۆ ڕەزای خودابێ. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە کە دەفەرموێ:

« مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ. رواه البخاري ومسلم .

لەلایەکی ترەوە ڕۆژوو دەروونی ڕۆژووەوان ئامادە دەکا بۆ خودا پەرستی! لەم ڕووەوە کە ڕۆژوو هەواو هەوەسو هێزی ئارەزووبازی لاواز دەکاو شەهوەتیش – یا هەواو هەوەس – سەرچاوەو کانگای گشت گوناهو تاوانێکە. ئەوەتا پێغەمبەری مەزنمان دەفەرموێ:

« يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ .

واتە: ئەی دەستەی لاوان! هەرکەسەتان تەوانایی سەرجێیو ژنداریی هەیە با ژن بهێنێ، چونکە ئەوە چاوی تێر دەکاو داوێنی لە تاوان دەپارێزێ، ئەو کەسەیشی کە لە کێشیا نییە با بە ڕۆژوو بێ، چونکە ڕۆژوو دەیخەسێنێو ئارەزۆی نێرو مێیی لاواز دەکا.

هەندێ پەندو بەهرەی ڕۆژوو (بعض حكم الصوم وفوائده):

سوودو حیکمەتی ڕۆژوو زۆرن، چ لە بارەی کۆمەڵو کۆمەڵایەتییەوە چ لەبارەی تاکە کەسەوە، یەکێك لەو سوودانە بەزەیی هاتنەوەیە بە هەژاراندا،

چونکە رۆژووەوەوان کاتێ برسی دەبێ هەست بە ئازاری برسێتی دەکا، ئەم حاڵەتە هەلی دەنی بۆ ئەوەی بەزەیی بێتەوە بە هەژارو نەدارایاندا، چونکە رەحمو بەزەیی لە ئینساندا لە ئازارو نارەحەتییەوە سەر هەڵدەدا، رۆژوو خۆی لە خۆیدا رێبازێکی ئاساییە بۆ پەروەردەکردنی رەحم لەدڵو دەروونیدا، جا هەرکاتێ رەحمو بەزەیی هاتنەوە بە هەژاراندا لە دڵی دەوڵەمەندا چەکەرەی کردو رووا، ئەوە لە ناخەوە هەستی بەرامبەر بە لێقەوماوان دەجووڵێو بەخششو خەلاتی بەرفراوان دەبێ، لەبەر ئەمەیە زانایان دەفەرموون: پێغەمبەری مەزنمان لە هەموو کەس سەخی تر بووە، لە مانگی رەمەزانیشا، لە هەموو کاتێك زیاتر سەخی بووە... سوودێکی تری رۆژوو ئەوەیە کە بەکردەوە — نەك هەر بە قسە — یەکسانی دەخاتە نێوان دەوڵەمەندو هەژارانەوە، هەردوکیان وەکوو یەك لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە برساندا سکی خۆیان هەڵدەگوشن. کەوابوو رۆژوو یاسایەکی ئاساییە زۆر رێکو پێکترە لە یاسا ئیشتراکییەکان، بەڵێ: رۆژوو هەژارییەکی زۆرەملێیەو ئایینی ئیسلام وەك یەك لەسەر هەموو موسوڵمانی داناوە تاکو هەموو کەسێك لە ناخەوە هەست بە ئازاری نەداری بکا، تا تێییان بگەیەنێ کە ئیشتراکییەتی راستی کاتێ دێتەجێ کە هەموو کەس لە هەستو شعوردا چون یەك بن، نەك هەر مەلەی لە ئاوازێو هەستو ئارەزۆی جیاجیا لەیەك تەرایان بکا.

کاتێك ئیشتراکییەتو هاوسانی دێتە جێ کە ئەندامەکانی کۆمەڵ هەست بە ئێشو ئازاری ماددیو مەعنەوی یەکتری بکەن، نەك لەسەر بەرژەوەندی تایبەتی تووشی بگرەو بەردەو کێشەی کۆمەلایەتی زۆر ببن.

بەهرەیەکی تری رۆژوو ئەوەیە کە دەسەلاتی عادەتو خوو پێوە گرتن زەبوون دەکا، چونکە کەسانێکی وا هەن وا گەردنکەچی عادەتو خوو دەبن دەڵێی پێوەندکراون، بەرامبەر بەو عادەتە، هیچ هێزی گۆڕانیان نییە، بۆ نموونە بڕێ کەس هەن خۆیان وا پێوە گرتووە کە لە کاتێکی تایبەتیدا چایی بخۆنەوە یان بخۆن یان جگەرە بکێشن! ئەگەر لەو کاتە تۆزێك دواکەوت دونیایان لەپێش چاو

تاریک دەبێ‌و بە تەواوی هەڵس‌و کەوتیان دەگۆڕێ، جا ئەمانە ئەگەر لە ڕۆژوگارێکدا لەکاتی گرانی‌و قات‌و قڕیدا یان لەکاتی جەنگ‌و لێقەوماندا پێویستیاتی ئەوخوو عادەتانەیان بۆ دابین نەکرا ئەوە خێرا ورەیان دەڕوخێ‌و لەپەل‌و پۆ دەکەون‌و دوژمن بەسەریان زاڵ دەبێ!

سودێکی تری ڕۆژوو: بەهێزکردنی ویست‌و ئیرادەیە چونکە ڕۆژوو ڕێبازێکی عەمەلییە بۆ بەرەنگاریکردنی هەواو هەوەس.

مامۆستای بەناو بانگی ئەڵمانی (جیهاردت) کتێبێکی داناوە دەربارەی بەهێزکردنی ویست‌و ئیرادە، ڕۆژووی کردوە بە بناغەو کۆڵەکەی ئەوکارەو بە قەناعەتەوە دەڵێ: ڕۆژوو هۆکارێکی کاریگەرە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ڕۆح بەسەر لەشدا. بەهۆی ڕۆژووەوە ئادەمیزاد دەتوانێ جڵەوی نەفس‌و ئارەزۆی خۆی بەدەستەوەبێ‌و نەبێتە ملکەچی ئارەزوە مادییەکانی. ئەمەی کە گوترا کەمێك بوو لە سوودی گەلێ زۆری ڕۆژوو.

بێگومان ڕۆژوو چارەسەرێکی سەرکەتووە بۆ زۆر نەخۆشی دەروونی‌و کۆمەلایەتی جگە لە سوودی زۆرو زەبەندەی بۆ لەش‌و جەستە کە لە باسێکی تایبەتی ئەم کتێبەدا بەناوی (صحة الابدان في الإسلام)دا باسی دەکەین خودا یاربێ!

ئیسلام بارسووکی نیشاندەدا کە ڕۆژوو نەبێ بەمایەی زەحمەت:

بێگومان ڕێ دەکەوێ کە مرۆڤ لە مانگی ڕەمەزاندا نەخۆش بێ یان لەسەفەردا بێ بە جۆرێك کە نەتوانێ بەرۆژوو بێ بۆیە حیکمەتی پەروەردگار وایە کە قورسایی ڕۆژوو لەم کاتانەدا لەسەر ئەوانە لابەرێ‌و بەرۆژوو بوونەکەیان هەڵبگرێ بۆ دوای چاکبوونەوەیان بۆ دوای گەڕانەوە لە سەفەر: {فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ}. ئەمجار دەفەرموێ: {وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ}.

واتە: پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە ساغن‌و لە شوێنی خۆیانـدان – بـەڵام لەبەر پیری، یـا دووگیـانی، یـا منـاڵ بەبـەری یـا لەبـەر نەخۆشـییەك کـە ئومێـدی چاکبوونەوەی لێ نەکرێ بەخەرجکردنی هەموو تەوانایێ نەبێ ناتوانن کـە ڕۆژوو بگـرن – (کـەفارەت) تۆڵـەی ئـەو ڕۆژوومیـان بـدەن بـۆ هـەر ڕۆژەی بـە ئەنـدازەی خواردەمەنی گەدایەك، گێڕانەوەی ڕۆژووەکەشیان لەسەر نییە![1].

ئــەمجار دوا بــەدوای ئــەوە دەفــەرموێ: (فمــن تطــوع خــیرا) کەســێك لــەو ئەندازەیــە زیــاتر خــواردن بــدا یــان زیــاد لــە لەهــەژارێك خــواردن بــدا، یــان ڕۆژووەکەشی بگرێ‌و خواردەمەنییەکەش بدا (فهو خیر له) ئەوە بـۆ ئـەو باشـترەو خێرو بیرەکەی هـەر بـۆ خـۆی دەگەڕێتـەوەو خـاوەن ڕۆژووەکـە پێـی بەهرەمەنـد دەبێ. ئەمجار دوای ئەوە دەفەرموێ:

{وَأَن تَصُومُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ}. هەرکاتێ زانیتان‌و حاڵی بوون کە بەهرەی ڕۆژوو چەند زۆرەو، ڕۆژوو چەند خێرو بێری هەیە ئـەو کاتـە بـەڕۆژوو دەبن‌و ئەو خێرو بێرە لەکیس خۆتان نادەن.

{شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ - سورة البقرة - ١٨٥}.

پەروەردگار لەم بەشەی ئایەتەکەدا ئەنـدازەو زەمـانی ڕۆژژوومـان بـۆ دیـاری دەکا کە مانگی ڕەمەزانە، حیکمەتی ئەوەش کە ئەم مانگە تایبەتـە بـەو عیبادەتـە ئەوەیە کە لەم مانگەدا سەرتای سروش (وەحی) ئاسمـانی کـە قورئانـە هـاتووە بـۆ پێغەمبــەرو لــەم مانگــەدا لێـشاوی پیــت‌و بەرەکــەتی یــەزدانی بەســەر بــەرەی ئادەمیزاددا ڕژاوە...

---

[1] بـە گـوێرەی مەزهـەبی ئیمـام ئـەبو حەنیفـە ئەنـدازەی (فیدیـة) دووژەم نـانخواردنی مـام ناوەندییە یان بە ئەندازەی سەرفیترەی ڕۆژووی ڕەمەزانە.

{فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ}. هەر کەسێك لە ئێوە مانگی بینی – یا کەسێکی تر لە کۆمەڵی موسوڵمانان بینیو ئەم بڕوای بە بینینەکەی هەبوو – ئیتر پێویستە بەرۆژوو بن. لێرەدا مەبەست لە وشەی (الشهر) مانگی یەکشەوەیە (هیلال)ە چونکە لە زمانی عەرەبیدا لەجیاتی وشەی (هلال) وشەی (شهر) بەکار دەهێنرێ!!

پەیدابوونی مانگی رەمەزان بە دوو بەڵگە دەسەلمێندرێ:

١- بەدیتنی مانگی نوێ، ئەمەش کاتێك دەبێ کە ئاسمان سایەقەو سافو بێ گەردبێ.

٢- ئەگەر هەورو هەڵا بوو نەتوانرا مانگ ببینرێ، پێویستە مانگی شەعبان (کۆلە مانگ) بکەن بە سی رۆژی تەواو ئەمجار بەرۆژوو بن، چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) فەرموویەتی:

(صوموا لرؤيته وافطروا لرؤيته فإن غم عليكم فاكملوا عدة شعبان ثلاثين).

واتە: تا مانگی نوێ نەبینن نەبیکەن بە ڕەمەزان نە بیکەن بە جەژن، ئەگەر هەورو هەڵابوو، هەور بەری مانگی گرتبوو سی رۆژی تەواو دابنێن بۆ مانگی پێشوو، کە یان شەعبان یان شەشەڵانە جا ئەوجا بیکەن بە رەمەزان یان بە جەژن!! وەڵێ نیشتەجێیانی وڵاتەکانی باکوور (القطب الشمالي) کە شەوو رۆژیان بەپێی کاتو وەرز دەگۆڕێ یا زۆر درێژە یا زۆر کورتە، بگرە لە بازەجێیەکی قوتبەکاندا ماوەی چەند مانگێك هەر شەوە یان هەر رۆژە ئەمانە بەپێی کاتو ساتی وڵاتە مامناوەندییەکان بە رۆژوو دەبن، وەك وڵاتی مەککەو مەدینە، گەرچی بازە کەسێکیش دەڵێن: دەشێ چاو لە نزیکترین وڵاتی مامناوەندی نزیکی خۆیان بکەنو بەپێی تەقویمی ئەو شوێنە رۆژوو بگرنو بەربانگ بکەنەوە.

بەشی شانزەهەم:

حەجکردن لە ئیسلامدا (الحج في الإسلام)

ئەم بەشە باسی ئەم شتانە دەکا:-

داستانی درستکردنی کابە – پوختەی حەج لە روانگەی ئیسلامەوە – پۆشینی بەرگی ئیحرامو حیکمەتی ئەو جلە تایبەتیە – حیکمەتی سووڕانەوە بە دەوری کابەدا – حیکمەتی نەرمە ڕاکردنی نێوان صەفاو مەڕوە – حیکمەتی چوونە سەر کێوی عەرەفەو مانەوە لێی – شایەتیدانی بێگانەکان دەربارەی حەج.

حەج لە زمانی عەرەبیدا بە مانا دیدەنی کردنی شتی مەزنە، لە شەرعی ئیسلامدا بەمانا دیدەنی کردنی خانەی خودایە، کە کابەی پیرۆزە لە شاری مەککە بە نیازی خودا پەرستی.

حەج یەکێکە لەو کارە ئایینیانەی کە پێش ئیسلام ئەنجام دراوە. لە کۆن زەمانەوە، لای هەموو گەلو هۆزو خاوەن ئایینێك هەیە، هەر گەلە بەجۆرێكو شێوازێك کردارو رەفتاری حەجی خۆی ئەنجام داوە عەرەبەکانیش پێش هاتنی ئیسلام حەجی کەعبەیان کردوە، ئەو خانووەی کە حەزرەتی ئیبراهیمو ئیسماعیل لە مەککە دروستیان کردبوو، کە ئایینی ئیسلام هات کردنی حەجی پەسەند کرد، بەڵام نەیهێشت هەندێ لە کردارو گوفتارەکانی لەسەر شێوازی سەردەمی نەزانی ئەنجام بدرێ، چونکە بڕی لە عەرەبەکان کە دەچوون بۆ حەجکردن بە لەشی رووتی بە دەوری کابەدا دەسووڕانەوە، دەستیان دەخستە ناو دەستی یەکترەوەو فیکەیان لێ دەداو بڕی جاریش دیانکردە قریوەو قاو قریشكو فیکەکردنو چەپڵە رێزان. قورئانی پیرۆز لە شێوەی دەربڕینی ئەم کارەیان دەفەرموێ:

{وَمَا كَانَ صَلاَتُهُمْ عِندَ الْبَيْتِ إِلاَّ مُكَاءً وَتَصْدِيَةً - سورة الأنفال – ٣٥}.

واتە: ئەوە نوێژنەبوو کە ئەوان لەکن ماڵی خودا دەیانکرد؟ کە بریتی بوو لە فیکوو هوڕو چەپڵە رێزانو بەس!! سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامیش کە موسوڵمانەکان لەتەك پێغەمبەردا دەچوون بۆ کەعبە بۆ نوێژکردن ئەمان زیاتر

شوڵیان لێ هەڵدەکێشاو هەراو هۆریایان لەناو مەسجیدولحەرامدا بەرپا دەکرد، تاکو پێغەمبەرو یارانی نەتوانن بەرێکو پێکی نوێژی خۆیان بکەن گوێیان لە یەکتری نەبێ‌و نەزانن چییان گوتووە..کاتێك موسوڵمانەکان بەهێز بوون‌و لە مەدینەوە لەشکریان هێنایە سەر کافرەکان‌و فەتحی مەککەیان کردو کابەیان کۆنترۆڵ کرد بە تەواوی کەعبەیان لەدیاردەی بتپەرستی‌و نەزانی پاك کردەوە.

سەرگوزەشتەی دروستکردنی کابە:

کابە خۆی شوێنی سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی ئەرك‌و کردارەکانی حەج، بۆیە بە پێویستی دەزانین کە برێك باسی سەرگوزەشتەی دروستکردنی بکەین.. بێگومان دروستکردنی ماڵی کابە (کعبە) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم (سڵاوی خودای لێبێ) لەو رۆژگارەدا بتپەرستی بە تەواوی بڵاو بووەوە خەڵکی وازی لە خودا پەرستی هێنابوو روویان کردبووە بتپەرستی!!

ئیتر حەزرەتی ئیبراهیم نیشتمان‌و زێدی خۆی بەجێ هێشت‌و روی کردە وڵاتی حیجازو لە شوێنی شاری مەککەی ئێستا کە ئەو کاتە چۆڵەوانی بوو بارو بەرگەنەی خست، بۆ ئەوە خێزانێکی خودا پەرست پێکەوە بنێ!! جا کاتێك ئیسماعیلی کوڕی پێگەیشت‌و هێزو توانای پەیداکرد پەروەردگار فەرمانی بە ئیبراهیم کرد کە مزگەوتێك دروست بکا، بۆ ئەوەی ئادەمیزادان بۆ خودا پەرستی تێیدا کۆببنەوە، یادو سوپاس‌و ستایشی خودای تێدا ئەنجام بدەن. قورئانی پیرۆز بەروونی ئاماژەی بۆ ئەم رووداوە کردوە کە دەفەرموێ:

{وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ - سورة البقرة – ١٢}.

جا لەپاش ئەوەی حەزمتی ئیبراهیم‌و ئیسماعیل شێوەو شێوازی کەعبەیان تەواو کرد پەروەردگار فەرمانی پێ کردن کە لە هەموو پیسییەکی مادی‌و مەعنەوی بیپارێزن‌و بەپاك‌و خاوێنی رای بگرن‌و بیکەنە شوێنی یەکتاپەرستی وەك دەفەرموێ:

{وَعَهِدْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ - سورة البقرة -١٢٥}.

واتە: فەرمانمان دا بە ئیبراهیمو ئیسماعیلی کوڕی کە ئەم ماڵی منە دەرو ناوی پاك بكەنەوە لە هەر شتێ کە نەگونجێ لەگەڵ بەندەگیو موناجاتی خودادا، بۆ ئەو کەسانەی کە بەشێوەی ئایین هەڵدەسوڕێن بە دەوریدا یا لەناویا دەمێننەوە بۆ بەندەیی خودا یا نوێژی تێدا دەکەنو خواپەرستی تیا دەکەن.

کەوابوو کەعبە یەکەم خانوێکە کە بۆ خودا پەرستی دروستکراوە وەك دەفەرموێ:

{إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ، فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَّقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَن دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا - سورة آل عمران - ٩٦-٩٧}.

لە راستیدا یەکەم هۆدەیێ کە دانرابێ لەسەر زەوی بۆ خودا پەرستی، ئەو خانووەیە کەوا لەشاری مەککەیە کە ماڵێکی خاوەن پیتو بەرەکەتو هۆی شارەزابوونو هیدایەتە بۆ هەموو کەسێ چەند بەڵگەو نیشانەیەکی گەورەی ئاشکرای تێدایە، وەك مەقامی ئیبراهیمو حەجەرولئەسوەد، هەر کەسێ بچێتە ناوی لە دۆزەخ رزگاری دەبێو لە جیهانیش دا ئاسوودە دەبێ!!!!

حەزرەتی ئیبراهیم لە دونیا دەرچوو حەزرەتی ئیسماعیل پاش ئەو لەسەر دابو نەریتی باوکیو بە گوێرەی فەرمانی پەروەردگار ئەو ماڵە پیرۆزەی پاراستو جگە لە خودا پەرستی رێگەی نەدا هیچ شتێکی تری تێدا ئەنجام بدرێ، ساڵانە خەڵکێکی زۆر دەهاتن بۆ حەجی ماڵی خودا بەرێكو پێکی ئەرکەکانی حەجیان ئەنجام دەدا، بەڵام کە رۆژگار درێژەی کێشاو سەردەمی ئەو دوو پێغەمبەرە مەزنە زۆری بەسەردا تێپەڕی، خەڵکی زۆر شتی نەشیاویان تێکەڵ بە کارو کرداری حەج کرد، هاوەڵ بۆ خودا قەراردانو بتپەرستیان دەست پێکرد، بۆیە پەروەردگار حەزرەتی (محمد)ی کردە پێغەمبەرو ناردی بۆ قەڵاچۆکردنی کوفرو بتپەرستیو گێڕانەوەی خەڵکی بۆ یەکتاپەرستیو خودا بەحەق زانین،

خـودا پەرسـتییەك كـە حـەزرەتی ئیـبراهیم لـە سـەردەمی خۆیـدا ئـەنجامی دابـوو پەیڕەوی كردبوو!!

{هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ - سورة الحج – ٧٨}،

واتە: ئەی گرۆهی ئۆمەتی (محمد)! پەروەردگار خۆی ئێوەی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ببنە كۆمەڵی موسوڵمانانو هەڵگری ئاڵای ئیسلام، ئەوەش بزانن كە خودا لـە ئـەرك‌و ئەنجامـدانی پێویـستییە ئایینییـەكانی سەرشـانتان هـیچ شـتێكی لـە وزەبەدەری خۆتانی لێ داوا نـەكردووە ئـایینی بـۆ ئاسـان كـردون وەكـوو چـۆن بـۆ باوكی پێغەمبەران: حەزرەتی ئیبراهیمی ئاسان كردبوو، خودا خۆی ئێوەی ناو ناو موسوڵمان لەكتێبە ئاسمانییەكانی پێشوودا ئێوەی بە موسـوڵمان نـاوبردووە.. یـان مەبەستی ئەوەیە كە حەزەتی ئیبراهیم كاتی خـۆی ئێـوەی ناونـاوە موسـوڵمان كـە لە خودا پاڕاوەتەوەو فەرموویەتی:

{وَمِن ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُّسْلِمَةً لَّك - سورة البقرة – ١٢٨}.

جەوهەری حەج لە ئایینی ئیسلامدا (روح الحج في الإسلام):

حەج لە ئایینی ئیسلامدا زۆر جیاوازی هەیە لەو حەجەی كە لـە ئایینـەكانی تـردا هەیـە! ئـەوەتا لـە ئایینـەكانی تـردا حـەج بریتییـە لـە ماچـكردن‌و لـە ئـامێزگرتن‌و بـەدەوراهاتنی ئارامگـەی پیاوچـاكان‌و خـۆ تێهەڵساوین لـە پاشمـاوەو بیناو گڵكۆیان، دەی ئەم دیاردە گەلێك ناپەسەندە ئیسلام بەرەوای نازانێ!

چـاكترین حـەج لـەلای ئایینـەكانی تـر ئەوەیـە كـە مـرۆڤ خـۆی بخاتـە نارەحەتییەوەو لە ڕێگای حەجدا خۆی ماندو بكا، بەڵام لە ئـایینی ئیـسلامدا ئـەم دیاردەیە ناپەسـەندەوە نایـەوێ ئـادەمیزاد – بـا مەبەسـتی زێـدە پاداشـیش بـێ – خۆی بخاتە نارەحەتییەوە!!

ئــەوەتا دەگێڕنــەوە جارێــك پێغەمبــەر (درودی خوای لەسەربێت) پیــاوێكی پــیری بینــی قوربانییــەكی پێبــوو دوو كــوڕی خــۆی چــوببوونە ژێــر باڵیــەوەو بــەرەو مەككــە دەرۆیشتن بۆ حەج پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) پرسیاری لـە حـاڵو چۆنیەتی كابراكـە كرد، عەرزیان كرد قوربان! ئەو پیرەمێردە لەسـەرخۆی نـەزر كـردوە كـە بـە پێیـان حەج بكاو سواری ولاغ نەبێ! پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) فەرمووی: با وا نـەكا بێگومـان خـودا پێویـستی بـەوە نییـە ئـەم كابرایـە ئەزیـەتی جەسـتەی خـۆی بـدا!! سـواری وشترێكی كەن با بە سواری رێگاكە ببڕێ.

بەڵێ لـە ئـایینی ئیـسلامدا حـەج وەسیلەو هۆیـە بـۆ بەدەسـتهێنانی بـەهرەی گیانیو رەوشتی رۆشنبیریو كۆمەڵایەتیو ئابووری ئەوەتا ئەم ئایەتـە پـیرۆزە بـە ئاشكرا ئاماژە بۆ ئەوە دەكاو دەفەرموێ:

{وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ، لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ - سورة الحج – ٢٧-٢٨}.

واتە: ئەی ئیبراهیم! بە خەڵك رابگەیەنە حەجی كابە بكەن بانگیان بكـە بـۆ حـەجكردنو پێیـان بڵـێ: حـەجكردن فـەرمانی خودایـەو ئـەنجامی بـدەن، ئـیتر سـاڵانە، لـە هـەموو لایـەكی جیهانـەوە خواناسـان بـە پیـادەو بـە سـواری دێـن بـۆ زیارەتی ماڵی خودا، با ئامادەی رێو رەسمی بە جێهێنـانی حـەج بـبنو سـوود لـەم كۆبوونەوە جیهانییە وەربگرن، لەو رۆژە دیاریكراوانەدا یادی خـودا بكـەن زیكـری تایبـەتی (لبیـك اللهم لبیـك..) بڵێنو بڵێنـەوە، شـوكرو سوپاسـی خـودا بكـەن كـە رزقو رۆزی داوە پێتان، ئەو ئاژەڵانەی بۆ گەردنكەچ كـردون بـە ئـارەزۆی خۆتـان دەیانكەنە گوشتیو سەریان دەبڕن، دەی ئێوە لە گۆشتی ئەو كوشـتییانەی خۆتـان بخۆنو بەشی هەژارو نەدارایانیشی لێ بدەن.. دەبا ئێمە سەرنجێكی ورد لە رستەی (لیـشهدوا منــافع لهــم) بـدەین دەبیـنین زانایـانی ئیـسلام وایـان راڤـە كـردوە كـە مەبەست لە سوود سوودی دونیاو قیامەتـە، لایـەنی ئـایینیو جیهـانی دەگرێتـەوە،

چونکە لە روانگەی قورئانەوە دین و دونیا وەك گیان و لاشە وابەستەی یەکترن و پەیوەندی بە هێزیان لە نێواندایە، هیچیان بێ ئەوی تریان نابێ! چونکە ئەگەر ئایین هێزی باوەڕ بدا بەگیان ئەوە کارە دونیاییەکانیش هۆیەکی مانەوەو پێشکەوتن بە گیان دەبەخشن و دەبنە هۆی راگری ئەو جەستەیەی کە ئەو گیانەی هەڵگرتووە.

ئەگەر بشمانەوێ لە هەموو رووەکەوە سەرژمێری بەروبوومەکانی حەج بکەین لێرەدا جێی نابێتەوە، بەهەرحاڵ حەج کۆبوونەوەیەکی گشتی و فیستیڤاڵی سەرتاسەری موسوڵمانانە بۆ یەکخستنی مەبەستە جۆراو جۆرەکانی خۆیان و رێنماییکردنی هەریەکێ لەوان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی پاك و خاوێن و شت لە یەکتری فێربوون و یەکتر ناسینی ناوخۆییان و بەهێزکردنی پەیوەندییە ستراتیجییەکانیان... جگە لەمەش لایەنێکی تری گرنگ هەیە ئەویش لایەنی ئابورییە چونکە هەموو گەلێك لەو گەلە موسوڵمانانە پیشەسازی تایبەتی خۆیان هەیە بەرو بوومی تایبەتی خۆیان هەیەو لەلای گەلێکی تریان دەست ناکەوێ! جا بەهۆی ئەم کۆبوونەوە گشتییەوە دەتوانرێ سەوداو مامەڵەی گۆڕینەوەی ئەم شتانە ئەنجام بدرێ ئامادەبوونی خاوەنی ئەم کەل و پەل و پیشەیازییانە لە کۆبوونەوەیەکی ئاوەها گشتیدا زۆر لەو کۆسپ و لەمپەڕانە رادەماڵێ لەوانەیە ببنە بەرهەڵست و تەنگ و چەڵەمە بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە سەوداو مامەڵانە..

حەجکردن لەسەرکێ پێویستە:

حەج پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێکی ژیری پێگەیشتوو باڵقی لەش ساغ، لە ماوەی ژیاندا یەك حەج فەرزە بە مەرجێك تێشووی سەفەرو کرێی گواستنەوەی رێگای هەبێ و ئەوەندەشی ماڵ و دارایی هەبێ ماڵ و منداڵی لەماوەی گەشتەکەی دا بەتێرو تەسەلی پێی بژین. ئەم ماڵ و داراییەش دەبێ ساغ هی خۆی بێ و مافی کەسێکی تری پێوە نەبێ قەرزی خەڵکی تێدا نەبێ و سوودو ریبای

تێدا نەبێو زەکاتی لێ درابێ، سەرەڕای ئەمەش دەبێ ڕێگای مەککە لە چوونو هاتنەوەدا ئەمینو ئامان بێو ترسو بیمی تێدا نەبێ.

ئەرکانو پایەکانی حەج ئەم شتانەن:-

١- ئیحرام دابەستن لە میقاتەوە – کە بە (لبيك اللهم لبيك) بە دەنگی بەرز دەست پێ دەکاو بەرگی ئیحرام دەپۆشێ.

٢- هەڵسوڕان بەدەوری ماڵی کابەدا.

٣- هاتوچۆی نێوان صەفاو مەروا.

٤- راوەستانی عەرەفە.

٥- تاشینی یان کورتکردنەوەی موی سەر.

٦- ریزکردنی ئەم کردارانە بەپێی ئەم ریزکردنەیان.

ئیحرام دابەستنو پەندو حیکمەتەکەی:

لە سەردەمی نەزانیدا عەرەبەکان بۆ شوێنلەوەڕی ئاژەڵەکانیان پاکژو پاوانیان دادەنا واتە هەر کەسە بڕێك لەوەڕگای بۆ خۆی دادەبڕیو سنووری بۆ دادەناو هۆزەکانی تر نەیاندەتوانی لەو سنوورە تێپەڕنو ئەو لەمپەرە بشکێنن. دەست ڕۆییشتو ئەو کەسانە بوون کە روبەری زۆر بۆ خۆیان داگیر بکەن!!

کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هات هەموو پاوانێکی بەتاڵ کردەوەو بڕیاریدا، پاوان بەس پاوانی خودایە، هەر خودا مافی ئەوەی هەیە شت قورغو قەدەغە بکا، جا لەم سۆنگەیەوە ئەوەتا پەروەردگار بۆ (کابە) سنووری قەدەغەکراوی داناوە، فەرمانی کردوە: کەس ئەو سنوورە نەشکێنێو نەچێتە ناو ئەو رەزەوە مەگەر پۆشاكو شێوەو شێوازێکی تایبەتی هەبێ، بەرێوو رەسمی تایبەتی بچێتە ناوی.

هەر کاتێ مرۆڤ ئیحرامی بەستو ویستی بچێتە ناو ئەو روبەرە قەدەغەکراوەی ماڵی خودا، نابێ هیچ دیاردەیەکی رابواردنو رازانەوەی پێوەبێ، هیچ بۆنێکی خۆش لە خۆنادا، هیچ پۆشاکێکی دووراو لەبەرناکا! پێڵاوو قۆندەرە

ناکاتــە پێــی، دەبــێ جووتــە ســۆڵێکی ســاکاری بــێ نمــوود بەســەر پێــوە بکــا، هەنگوستیلەو ئەڵقەی رازانەوە لەدەست ناکا سەرو ریش‌و سمێڵ ناتاشێ، نینۆك ناك، لەگشت خۆشییەکی جەستەیی – با زۆر کەمیش بێ – پارێز دەکا!

دوورکەوتنەوە لەم شتانەو قەدەغە بوونی لەوەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ کە مەبەست لە حەج نزیك بوونەوەیە لە خوداو گەیشتن بەو پاداشە گەورەیەیە کە خودا بــۆ میوانــانی خــۆی داینــاوە، ئەمــەش بــە دوورخــستنەوەی نــەفس لــە ئارەزووەکانی ئەنجام دەدرێ، بە جڵەو گرتنەوەی هەواو هەوەس دێتە کایەوە!

دەبــێ موسـوڵمان لـەو شـوێنەو لـەو کاتانـەدا کـە ئیحرامـی بەسـتووە واز لـە هەموو خۆشی‌و لەززەتێك بێنێ جگە لە زەروورییاتی زۆر پێویست بۆ ژیان!!!

هەر لە حیکمەتی ئیحرامە بـەو جـۆرەو شـێوەو شـێوازە کـە نـەفس ڕام بێنـێ لەسـەر دوورکەوتنـەوە لـە خۆشـی ژیـان‌و زاڵ بـوون بـە سـەر مـاددەدا، هـەروەها شــکاندنی داب‌و نــەریتی مــرۆڤ دەربــارەی لــەش پــەروەری... بێگومــان ئــەم حاڵەتەیــەش ریازەیــەکی تابەتییــەو مــرۆڤ دەخاتــە سەرجەمــسەری سروشــتی یەکــەمجاری خــۆی. هــەمووشمان هەســت بــەوە دەکــەین کــە ئێمــە لــەو کاتانــەی دەگەڕێینــەوە بــۆ ســەر سروشــتی خۆمانــەی بنــەرەتیمان لــە خۆشــییەکی گیــانی‌و دڵێکی خۆشدا ژیان بەسەر دەبەین!!

پەندو حیکمـەتێکی تـری ئـەم کردارانـە ئەوەیـە: رامکردنـی دەروونـە لەسـەر زەحمەت‌و ئەرك کێشان.

بێگومـان ئـەو نیـزام‌و یاسـایەی کەشـشافە کـە (بـادن بـاوڵ) دایهێنـا ئاکـام‌و نەتیجەیـەکی زۆر باشـی هـەبوو بـۆ پـەروەردەکردنی منـداڵ‌و گەنجـەکان لەسـەر خۆراگریی بەرامبەر ناخۆشی‌و ماندویی بـەجۆرێك وای لێ هـاتووە ئێـستا زۆربـەی گـەلان ئـەو گرنگییـە بەلایـەنی کەشـافە دەدەن!! دەی بـە مـافی رەوای خۆمـانی دەزانین کە بڵـێین ریـازەی ئیحـرام زۆر کاریگـەرترە لـە ریـیازەی کەشـافە، چـونکە نارەحەتی‌و کردارەکانی ئیحـرام بەسـتن قـورس تـرەو درێژخایەنتریـشە، سـەرباری

ئەوەش ئەو ماوەی کە مرۆڤ لە ئیحرامدایە لە کەش‌و هەوایەکی ئایینی دا دەژی ئەمەش کاریگەری بۆ سەر نەفس‌و دەروون زۆر ترەو سوودو فائیدەشی زیاترە!! جگە لەمانەش ئەو دیمەنە گشتییەی کە حاجییەکانی تێدا دەبینرێن: هەموویان یەك پۆشاك‌و جلیان پۆشیوە: دەوڵەمەندو فەقیرو شاوو گەدا جیاوازییان لە نێواندا نییە مانای یەکسانی‌و بەندایەتییەکی تەواو دەبەخشێ! ئایینی ئیسلامیش ئەم لایەنەی زۆر مەبەستە:

ئیحرام‌و ئاشتی (الإحرام والسلام):

حاجی کە ئیحرام دەبەستێ‌و دەگاتە شاری مەککەو چاوی بە ماڵی خودا دەکەوێ: ئەم پاڕانەوەیە دەخوێنێ:

« اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلاَمُ وَمِنْكَ السَّلاَمُ فَحَيِّنَا رَبَّنَا بِالسَّلاَمِ ، اللَّهُمَّ زِدْ هَذَا الْبَيْتَ تَشْرِيفًا وَتَعْظِيمًا وَتَكْرِيما وَمَهَابَةً وَزِدْ مَنْ حَجَّهُ أَوِ اعْتَمَرَهُ تَكْرِيمًا وَتَشْرِيفًا .

خودایە! تۆ خۆت سەرچاوەی ئاشتیت، ئاشتی هەر لەتۆوە بە هەموو لایەکدا پەخش دەبێتەوە! دەی خودایە! لە ئاشتی خۆت بێ بەشمان مەکە، لەماوەی ژیانا بە خۆشی‌و ئاشتی بمانژێنە، خودایە! ئەم خانەی خۆتە پتر ڕێزی بگرەو زیاتر شکۆمەندی بفەرمووە! هەر کەسێکیش دێ بۆ زیارەتی بە مەبەستی حەج یان عومرە، یان هەردووکیان تۆ زیاتر ڕێزداری بکەو شەرەف‌و شکۆمەندی پێ ببەخشە!!!

خوێندنی ئەم دوعایە لەم شوێنەدا ئەوە دەگەیەنێ کە یەکێك لە مەبەستەکانی ئیسلام لە حەجدا چاندنی تۆوی ئاشتیخوازییە لە دەروونەدا، هەڵکیشانی رەگی رەقەبەری‌و دژایەتی نێوان ئادەمیزادە، رەهنومایکردنی خەڵکانە بۆ ئەوەی کە بە برایەتی‌و یەکیەتی ژیان بەسەر بەرن‌و هەڵس‌و کەوت بکەن، بەڵگە لەسەر ئەم بۆچوونەشمان ئەم ئایەتەی قورئانە کە دەفەرموێ:

{الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللّهُ - سورة البقرة – ١٩٧}.

ئەوەتا لەم ئایەتەدا پەروەردگار بەئەرکی سەرشانی حاجی داناوە کە هەمووکاتێ بە تایبەتی لە ماوەی ئیحرامدا – لە سەرەخۆو ئاشتیخوازو روح سوک بێ، لەگەڵ کەس کێشەو بەرەنەکا، خۆشەویستی بپارێزێ لە قسەی بێ ماناو ناشیرین، دوور بکەوێتەوە لە جنێودانو تاوانکردن دوورە پەرێزبێ، لە فەرمانی خودا دەرنەچێو کارێکی تاوانکاریی ئەنجام نەدا، واز لە دەمەدەمێو بەرهەڵستکاری بێنێ.

هەر لە ڕوانگەی ئەوەوە کە ئیسلام دەیەوێ تۆوی ئاشتیخوازی لە دەروونەدا بچێنێ: ئەوەتا لە ماوەی ئیحرام بەستندا راوکردنی ئاژەڵو نێچیرکردنی – بە هەموو جۆرەکانیەوە – لەسەر موسوڵمانان حەرام کردوە... خودا دەفەرموێ:

{أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِيَ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ - سورة المائدة – ٩٦}.

بێگومان بانگەوازی کردنی ئیسلام لەحەجدا بۆ ئاشتی، لە فراوانترین مانادا ئەوە دەگەیەنێ، کە ئایینی ئیسلام دەیەوێ لە ڕێگەی خودا پەرستییەوە ئەم رەوشتە لە دەروونی شوێنکەوتووەکانی بڕوێنێ.

گەردنکەچی بۆ خودا:

حاجی کە ئیحرامی بەستو ئەوجلە تایبەتیەی لەبەرکرد، ئیتر هەرتاوەنا تاوێك – بە تایبەتی لە دیمەنگا نوێکاندا بە دەنگێکی بەرز ئەم سرووده دەڵێتو دەڵێتەوە:

« لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ ، لَبَّيْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ ، إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ .

واتە: پەروەردگارا! هەمیشە کەمەری بەندەگیم بۆ جێ بەجێکردنی فەرمانی تۆ بەستووە، تۆ بێچوونو بێ هاوەڵی، سوپاسو ستایش هەر بۆتۆیە، بەخششو

نازو نیعمەتو بەهرەو دارایی‌و پاشایی‌و خاوەنی هەر لە خۆت دێ‌و هەر لەخۆت جوانە، بێچونی‌و بێ هاوەڵی تۆ لەکن دانای زانا ئاشکراو نمایانە..

بێگومان ئەم وشانە لە جیاتی سروودی جەنگاوەرانە لە مەیدانی شەڕداو گیانفیداییان دەخاتە نێو دەروونەوە گیانی خۆبەختکردنیان تێدا بەهێز دەکا. مەبەستیش لە گوتنەوەی ئەم وشانە ئەوەیە کە ئینسان جڵەوی خۆی بۆ خودا شل بکا هەرچی لوتبەرزییەکی هەیەتی تێکی بشکێنێ بۆ ئەوە ژیانێکی کامەرانی بەویستی شەرعی خودا بەرێتە سەرو مرۆڤێکی ئێسك سووك‌و بێ وەی‌و رەوشت بەرزو ئاشتیخواز بێ‌و لە سنووری شەرعی خودا تێنەپەڕێ.

حیکمەتی سووڕانە بەدەوری ماڵی کابەدا:

حاجی حەوتجار بەدەوری ماڵی کابەدا دەسووڕێتەوە لەو گۆشەوە کە بەردەڕەشەی لێیە دەست پێ دەکات، ئەم سوڕانەوە وەکوو سڵاو کردنێك وایە لەو بینایەی کە یەکەم خانووی خودا پەرستییە. بەردەڕەشە (حجر الأسود) بەردێکی رەشە وا لە گۆشەیەکی دیواری کابەدا، تاقەبەردێکە لە کابە کە لە سەردەمی ئیبراهیم خۆیەوە هەتا ئێستا ماوەو بووە بە بەردی بنچینەی کابە، وەکوو بەردەنیشانێکی ئەو سەردەمە دێرینەیە ماوەتەوە.

عەرەبەکان بە درێژایی مێژووی رابردویان چەندجار بینای کابەیان هەڵوەشاندۆتەوە دروستیان کردۆتەوەو ئەم بەردە پیرۆزەیان پاراستووە، لە لایەکی ترەوە سوڕانەوەی حاجییان بە دەروی کابەدا دەق دەشوبهێتە سوڕانەوەی فریشتەکان بە دەوری عەرشدا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەیوەندییەکی گیانی لە نێوان ئادەمیزادو فریشتەدا دروست دەکا، وا لە مرۆڤ دەکا کە هەست بە گیان پیرۆزییەکی هەرە بالا بکا. جگە لەوەش موسوڵمانان لە هەرچوارلای جیهانەوە رۆژانە پێنج جار زیاتر لەکاتی نوێژکردنیاندا روو دەکەنە لای (کابە) کەوابوو پێویستە کە دەچن بۆ حەج بەدەوری ئەم ماڵەدا بسووڕێنەوەو سڵاو لەو شوێنە بکەن کە باوکی پێغەمبەران حەزرەتی ئیبراهیم بۆ خودا پەرستی دروستی کردوە.

حیکمەتی نەرمەڕاکردن لە نێوان سەفاو مەروە، کردارێکە لە کردارەکانی حەج، لەپێش هاتنی ئیسلامدا بووە، جۆرە رۆیشتنێکە لە بەینی رۆیشتنی ئاسایی‌و هەڕاکردندایە کە ئیسلام هات هێشتییەوە هەتا ببێ بە یادگارێکی مێژوویی بۆ داستانەکەی بیری زمزم‌و هاجەرە خاتوون، کە کاتێ دایکی حەزرەتی ئیسماعیل: هاجەرە خانم، خێزانی حەزرەتی ئیبراهیم پێویستی بەئاو بوو بۆ ئیسماعیلی کوڕی‌و تینوایەتی تینی بۆ هێنان هاجەرە خانم لە نێوان گردی صەفاو گردی مەڕوەدا چەند جار ئەمسەرو سەری کردوە بەشوێن ئاودا گەڕا تا دوایی پەروەردگار ئاوی زمزمی لەو شوێنەی ئێستادا بۆ هەڵقوڵاندن‌و لێیان خواردەوە. جا دوایی عەرەبەکان لەم شوێنەدا ئەم شێوە خواپەرستییەیان کوێرنەکردەوەو لەکاتی حەجکردنیاندا ئەنجامیان دەدا، بەڵام لەسەر هەر گردێك بتێکیان دانابوو، یەکیان (ئەساف) بوو ئەویتریان (نائیلە) بوو... کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هات بتەکانی شکاندن‌و نەرمەڕاکردنەکەی هێشتەوە چونکە ئەو شێوە راکردنە لەگەڵ رێبازی ئیسلامدا گونجاو بوو، لەمەشق‌و خۆرامکردنی سەربازی دەچێ!!

لە ئەنجامدانی هاتوچۆی نێوان سەفاو مەروەدا ڕەمزی پەناگرتن بە خوداو لابردنی بەڵا دێتە یادو خۆی دەنوێنێ، چونکە لەو شوێنەدابوو کە خودای میهرەبان دەرگای رەحمەتی لە هاجەرەو ئیسماعیلی کوڕی کردەوەو ئاوی زمزمی بۆ هەڵقوڵاندن دوای ئەوەی کە نزیك بوو لە تینوانا بخنکێن.

حیکمەتی راوەستان‌و مانەوە لە کێوی عەرەفە:

مانەوەی حاجییەکان لە رۆژی (٩)ی مانگی قوربانڌا لە کێوی عەرەفە رەکن‌و پایەی هەرە گرنگی حەجی حاجییانە، بەبێ ئەنجامدانی ئەم روکنە حەج تەواو نابێ، خەسڵەت‌و سوودی ئەم مانەوەیە زۆرن:-

یەکەم: کۆبوونەوەیەکی ساڵانەو نومایشێکی گرنگی موسوڵمانانی سەر ڕوی زەوییە، ساڵانە سەدان هەزار کەس لە هەموو لایەکی دونیاوە لەو سەرو دەمەدا لەو پارچە ئەرزەدا کۆ دەبنەوە. (پاکستانی – میصری – عیراقی – سووری – ئەردەنی – ئەندونیسی – تورکی – لونانی – لیبیایی - مەغریبی - جەزائیری – تونسی – ئیرانی – کوردستانی) باقی وەفدەکانی تری هەموو عالەم، هەموویان لەو پارچە زەوییەدا رادەوەستن، لەخودا دەپاڕێنەوە، دوعاو تەلیلە دەکەن، داوای رەحمەتی بێ پایانو لێخۆشبوونی لێ دەکەن، ئەم دیمەنە شیرینە بە تەواوی یەکسانی نێوان ئادەمیزادی تێدا رەنگ دەداتەوە، دەتوانین بڵێین: سوسیالیستی بەراستی ئەوەیە!!!

دووەم: حیکمەتی راوەستانو مانەوە لە کێوی عەرەفە کەسایەتی تازە بەمرۆڤ دەبەخشێتو سەر لەنوێ ئینسانەکە دروست دەکاتەوە، لەرابردوی خراپەکاری جیای دەکاتەوە، پەیمانێکی تازەی لەگەڵ خوادا پێ دەبەستێتەوەو وای لێ دەکا ژیانێکی پاكو خاوێنو کامەران دەست پێ بکا. پێغەمبەریش (دروودی خودی لەسەربێ) دەفەرموێ: (من حج لله فلم یرفث ولم یفسق رجع کیوم ولدته أمه. رواه البخاری). کەسێك لەبەر رەزامەندی خودا حەجی کردو دوایی بەگفتارو بەکردار وازی لە خراپەکاری هێنا لە گوناه پاك دەبێتەوە وەکوو ئەو رۆژەی کە لەدایك بووە.

شایەتیەکی زانایەکی بیانی دەربارەی حەج (شهادة في الحج):

کۆتایی ئەم بەشەمان بە شایەتیەکی دکتۆر (فێلیب حەتتی) دەهێنین کە لە کتێبی (تأریخ العرب)دا دەربارەی حەجکردنی موسوڵمانان نوسیوەیەتی دەڵێ: (تا ئێستا لە بەرنامەی هیچ ئایینێکدا یاسایەکی وەکوو حەج دانەهاتووە، تا ئەمڕۆ بە یاساو نیزامێکی بێ وێنە دەژمێردرێ! هیچ جۆرە خودا پەرستییەك ئاوەها نابێتە هۆی بەیەك گەیاندنو ناساندنی موسوڵمانان لەناو خۆیاندا... بەهۆی حەجەوە جۆرەها کۆمەڵو توێژی موسوڵمانان یەکتری دەناسنو دەبنە برادەرو

ناسیاو! بەڵکوو بەهۆی حەجەوە هەموو موسوڵمانێك لە ژیانیدا دەتوانێ ببێتە گەشتیارو بۆ جارێکیش بێ گەشتو گوزار بکاو کۆبوونەوە لەگەڵ برایانی موسوڵمانی دوور وڵات ئەنجام بداو راو بۆچوونی خۆی بەوان بگەیەنێو راوو بۆچوونی خەڵکی دیش وەربگرێ.

هەر بەهۆی حەجەوە زنجیو بەربەریو صینیو روسیو فارسو تورکو عەرەبو کورد... هتد فەقیر بێ یان دەوڵەمەند گەدا بن یان پاشا دەتوانن یەکتری ببینن‌و پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا پەیدا بکەن‌و راوو بۆچوونی خۆیان لەگەڵ یەکدی بگۆڕنەوە.

بێگومان ئایینی ئیسلام سەرکەوتنێکی گرنگی بەدەست هێناوە دەربارەی قەڵاچۆکردنی بانگەشەی نێوان توێژو نەژادو رەنگو رەچەڵەك جیاوازیی خستنەوە چونکە ئایینی ئیسلام هەرگیز داننانێ بە جیاوازی لە نێوان رۆڵەکانیداو پێی وایە ئەو جۆرە دیاردانە نابنە هۆی جیاوازی، تەنها شتێ کە لە ئیسلامدا دەبێ بەهۆی جیاوازی جیایی بیرو باوەڕە بە خوداو بە پێغەمبەری خودا!!

ئاشکراشە کە کۆبوونەوەی موسوڵمانان لەکاتی حەجدا خزمەتێکی گەورەی لەم بارەوە پێشکەش کردوە...

بەشی حەڤدەیەم:

زانست لە ئیسلامدا (العلم في الإسلام)

کێشەی نێوان زانستو ئاین لە ئەوروپادا – پلەی زانست لە ئیسلامدا – ئیسلام ئاینی بەڵگەو ئەزموونە – ئیسلام ئاینی یەقینو بڕوایە نەك هی شكو گومان – ئاینی ئیسلام دژی لاسایی کردنەوەیە – ئاینی ئیسلام بانگەوازی بۆ ئەوە دەکا کە لە هەموو شتێکدا هەڵبژاردە پەسەند بکرێ – عەقڵو هۆش لە ئیسلامدا – یاساکانی بوونەوەر ناگۆڕێن – دیاردەکانی بوونەوەر ئەزموونی مرۆڤ تێیدا – ئەو عیلمو زانیاریەی ئیسلام پەسەندی دەکاو بانگەوازی بۆ دەکا – شایەتی بڕێك لە زانا ڕۆژئاواییەکان دەربارەی شارەستانیەتی ئیسلام ...!!

خوێنەری هێژا! ئاشکرایە لە سەدەی ڕابوردوداو پێشتریش بوختانێکی گەورە بە ئیسلام لەناو ئەوروپاییەکاندا بڵاو بووەوە کە بریتی بوو لەوەی کە ئاینی ئیسلام قەڵاچۆی ئازادی بیرو باوەڕ دەکاو هەموو هەوڵو کۆششو جوڵەیەکی زانستیانە لە ناو دەبا، دژایەتی زانستو فەلسەفە دەکا. (أرنست ریتان) کە زانایەکی فەرەنسییەو بەناوبانگترین هەڵگری ئاڵای ناپیرۆزی ئەم بوختانە دەژمێردرێو لە کتێبەکەی بەناوی (الإسلام والعلم)دا ئەم ڕاوو بۆچوونو بوختانانەی خۆی بڵاو کردۆتەوە!!

ئێمەیش بە پشتیوانی خودا لەم بەشەدا لەم بارەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەینو ئەم لایەنە ڕوون دەکەینەوە. لەژێر ڕۆشنایی فەرموودەکانی قورئانو شایەتیدانی مێژوو ئەوە دەچەسپێنین کە ئەوەی لەم بارەوە گوتراوە دەربارەی ئیسلامو دژایەتیکردنی بۆ زانستو زانیاری، بوختانێکی فرە گەورەیەو دوژمنایەتیکردنی ڕاستیو حەقیقەتەو چەواشەکردنی مێژووشە...

کێشەی نێوان زانستو ئاین لە ئەوروپادا:

بێگومان ئەوانەی دژایەتی عیلمو زانستیان کردوە لە ئەوروپادا کۆمەڵێك بوون هەڵگری بیرو باوەڕی ئاینەکانی تربوون – نەك ئیسلام – ئەوەتا

مێژوونووسان هەموویان ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە زانا بوونەوەر شوناسەکان تووشی چەرمەسەری و دەردی سەرییەکی تەواو بوون لە لایەن پیاوە ئایینییەکانی ئەوروپاوە، بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست پیاوە ئایینیەکانی ئەو وڵاتە دوژمنکاری زاناکانیان دەکرد، تەنانەت چەند دادگایەکی تایبەتییەیان دانا بۆ دادگاییکردنی پیاوانی زانستخوازو خاوەن بیرو ئەزموون. هەر زانستو زانیارێکیان دابهێنایەو لەگەڵ بیرو رای کەنشتە نەگونجایە بە تاوانی گەورەیان دادەناو کابرای خاوەن بیرو بۆچوونیان راکێشی دادگا دەکردو داوایان لێ دەکرد پەشیمان ببێتەوەو تۆبە بکا، پەیمانیان لێ وەردەگرت کەجارێکی تر ئەو هەڵەیە نەکاتەوە ئەگەر جارێکی تر ئەو کارەی ئەنجام بدایەو رای خۆی دەربڕیایە یەکسەر دەگیراو دەکەوتە ژێر ئازارو ئەشکنجەو بەزیندویی دەیانخستە ناو ئاگرەوە، یان لە شاخێکی بەرزەوە فڕێیان دەدایە خوارەوە!!! ئاوا بەو جۆرە بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست زۆر لە زاناو خاوەن بیرو ئەزموون داهێنەرو لێهاتوویان لەناو بردو سەرنگونیان کردن!!؟

ئەم کارو ڕەفتارە نامرۆڤایەتییانە بەردەوام بوونو درێژەیان کێشا هەتا وای لێهات دەسەڵاتی پیاوە ئایینییەکان زەعیف بوو بەهۆی پەیدابوونی دووبەرەکی نێوان خۆیانەوەو سەرهەڵدانی ڕێبازی پرۆتستانتیو قبووڵکردنی ئەم ڕێبازە لەلایەن زوربەی خەڵکەوە[1] جا ئەم بزوتنەوە ئایینییە هەر بەمەبەستی راکێشانی جەماوەر بەلای خۆیدا بە تەواوی سەربەستی بە خەڵک داو ڕێگای دان کە عەقڵو هۆشو بیری خۆیان بخەنە کارو زانستانە بیربکەنەوەو رفتار بکەن.

لە ئاکاما عیلمو زانست سەرکەوت، بەڵام ئەو ئێشو ئازارەی کە لەلایەن پیاوە ئایینییەکانەوە تووشی خەڵک بوبوو وای کرد کە ئەو زانسخوازانە نەك

---

[1] پرۆتستانت: بزوتنەوەیەکی ئایینیە بەوکەسانە دەگوترێ: کە سەر بە کەنیسەی کاسولیکی رومانیو رۆژهەڵاتینو بیرو رای سەربەستیان هەیە لە بواری ئایینیو کاری دونیاییدا هەموو سەربەستییەك دەدا بە ڕێڕەوەکانی. سەرەتا لە ئەڵمانیاو وڵاتە ئەسکندنافیەکانو سکوتلەندەو سویسراو ئەمەریکای باکووردا بڵاو بۆتەوە.

هەر بیر لە تۆڵەکردنەوە بکەنەوە لە پیاوە ئایینییەکانو بەس، بەڵکوو دژی ئایینیش بوەستنو بە هەموو جۆرێك بەرهەڵستکاری بکەن. ئەوەبوو هاتن هەندێ کتێبو نووسراویان نووسی بە مەبەستی بەڵگە هێنانەوە لەسەر پڕو پووچی بنەماو چۆنیەتی ئایین بەگشتیو پێیان وابوو کە ئەرکانو پایەکانی ئایینی بریتین لە خەیاڵ پلاوی ئادەمیزادە کۆنەپەرستەکان...! هەرکاتێکیش هەلیان بۆ برەخسایەو ڕێگایان بوایە پیرۆزیی ئاینیان پێشێل دەکردو لە ڕێزیان دەهێنایە خوارێ، هەتا کار بەو ئەنجامە گەیشت کە خەڵکەکە لە هەموو ئایینێك یاخی ببنو نەفرەتی لێ بکەن!! بیدینیو خودا نەناسی لەناو هەموو توێژو کۆمەڵێکدا بلاو بووەوە، تاوای لێهات دینداریيان بەلاوە نیشانەی نەزانیو گیلی بوو!!

جا بۆ ئەوەی خوێنەر ئاشنا بکەین بە نموونەیەك لەو شێوانەی کە لە ژێر پەردەی ئازادیی بیرەوە هێرشیان دەکردە سەر ئایین، دەقی ئەو نووسراوەی ئینسیکلۆبیدیای لاروسی سەدەی نۆزدەهەم کە لەژێر سەرەباسی وشەی (دین) نووسیویە دەگوێزینەوە بۆ ئێرە، ئەوەتا کە باسی پیاوە ئایینییەکان دەکا دەڵێ: ئەگەر بڵێین: چێژی مرۆڤایەتی ئەوە لە مرۆڤ دەخوازێ کە بڕوای بە شتێ هەبێ کە هۆش بیگرێ، یەکسەر دەڵێن: نا، نا، وانیە. کەچی بۆ خۆیان هەوڵی ئەوەیانە هۆشو بیری ئادەمیزادەکان پێخوست بکەن، ئەو بیرو هۆشەی کە مافی جیاکردنەوەی لایەنی شەڕو خێری وەپاڵ خۆی داوەو مافی ئەوەی هەیە کە عەداڵەتو ستەم جیابکاتەوە، بە رادەیەکی وا ئەم هەوڵە دەدەن تا دەتوانن عەقڵو هۆش سەرلێشێواو بکەنو چاوی بینایی دڵو دەروون کوێربکەن، تا وا سەر لە هۆش دەشێوێ شتی نەشیاوی بەلاوە ئاسایی بێ، تەنانەت ڕەش بەسپیو سپی بە ڕەش بزانێ، ڕەوشتی باش بە خراپو خووی بەد بە باش دابنێ!! هەتا لەم حاڵەتەیشدا ئەوان هەرواز ناهێننو دیسان ئایین دەکەن بە کوتەکی دەستیانو بەتۆپزی لە خەڵکەکە داوا دەکەن: دەبێ ملکەچی فەرمانی ئایین بێ! ئەگەر لێیان بپرسی: گەردنکەچی کێ بین؟! ئایا پەیڕەوی فەرمانی عەقڵو هۆشمان

بکەین یان هی یاسای سروشتیمان!! یان هی هەستی دەرونیمان؟ ئایا پەیڕەوی یاسا بە کەڵکەکانی ئادەمیزاد بکەین؟ دەڵێن: نەء، بەڵکوو تۆ کوێرانە پەیڕەوی یاساو فەرمانەکانی ئایین بکە.

پلەی زانستو زانیاری لە ئیسلامدا (منزلة العلم في الإسلام):

ئایینی ئیسلام پێشکەوتنو پێشکەوتنخوازی بۆ پەیڕەوکەرانی خۆی بە پێویست زانیوەو گرنگییەکی تایبەتی بە زانستو زانیاری داوە، چونکە لە روانگەی ئەم ئایینەوە هیچ شتێك بە ئەندازەی عیلمو زانست کەسیەتی بۆ ئادەمیزاد پەیدا ناکا، هیچ کارو پیشەیەك بە ئەندازەی زانست رێز بۆ مرۆڤ دەستەبەر ناکا.

{قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ - سورة الزمر – ٩}.

واتە ئەی پێغەمبەری ئیسلام! بە زمانێکی پاراو بانگەواز هەڵبدە، کە هەرگیزاو هەرگیز دەستەی زانستو دەستەی نەزان وەك یەك نین، زانا قەت هاوشانی نەزان نییە، ئەو کەسەیش بەباشی لە شت تێدەگا کە خاوەنی بیرو هۆشەو بە سەرنجو وردبوونەوە دەگاتە ئەنجامی کار..

بڕوانە لەم ئایەتە قورئانییەدا چ رێزو نرخێك بۆ زانینو زانست دانراوە! ئەوەتا راستەو خۆ پەروەردگار ئەهلی عیلمو زانستی لە هی تر جیاکردۆتەوەو رێزی تایبەتی بۆ داناون، ئەمجار هەموو عەقڵو هۆشێکی کورت هەڵیناوە لە زانایانداو دەفەرموێ: بەس ئەوانە دەتوانن لەشت حاڵی بنو تێبگەن!!

ئەمجار لە ئایەتێکی تردا ئەوەی ئاشکرا کردوە کە زانایان لەلای خودا پلەو پایەی تایبەتییان هەیە.

{يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ - سورة المجادلة – ١١}.

خودا بۆ خۆی پایەو پلەی دەستەو کۆمەڵەی ئایینو دەستەو کۆمەڵەی زانست بەچەند قات بڵند دەکاتەوە.

نــەك هــەر ئــەوە بەڵــكوو پــەروەردگار لــە ئایــەتێكی تــردا شــایەتی زانایــانو عالمــانی لــەدوای شــایەتی خــۆیو فریــشتەكانی تۆمــار كــردوەو ڕێزێكــی تایبــەتی بۆشایەتی زانایان داناوە.

{كَذَلِكَ يَطْبَعُ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ - سورة الروم – ٥٩}.

له شوێنێكی تردا قورئان ئەوە دەچەسپێنێ كە زانسـتو زانیـاری دەریایـەكی بێ بنەو كەس نییە بتوانێ پەی بە هەمووی بەرێ دەفەرموێ:

{وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ}.

واتە: هەرزانایەك بگرێ لەویش زاناتر هەیە. بەمەش دوونیشانە دەپێكێ:

یەكەمیان: ئەوەیە كە زاناكان لە خۆیان بایی نەبنو لوتبەرز نەبن.

دووەمیان: هەوڵ بدەن زیاتر زانیاری بەدەست بێنن هەموو دەم ئامـادەبن بـۆ گوێگرتنو قبووڵكردنی رەخنەی رەخنەسازان.

لەهــەمان كاتیــشدا قورئــان داوا لــە موســوڵمانان دەكـا كــە هــەوڵی فێربــوونی عــیلمو زانــست بــدەن تــا ڕێگــای راســتو دروســت بدۆزنــەوە لــە هــەموو كــردارو گوفتارێكدا نیشانە بپێكن..

ئایینی ئیسلام هەر بەوەنـدەش وازی نـەهێناوە دەربـارەی بانگـەوازیكردن بـۆ عیلمو زانست، بەڵكوو چەند ئەصڵو بنەمایەكی داناوە كە ڕێگەی هۆش سـستی بیر تەسكیو كۆنەپەرستی نەدەن، ئەو ئەصڵو بنەمایانەش ئەمانەن:-

١- ئایینی ئیسلام ئایینی بەڵگەو بورهانە: (الإسلام دين الحجة والبرهان).

زانست هیچ شتێك بە راست نازانێ هەتا بەڵگەی متمانـەداری بـڕوا پێكـراوی لەسەر نەبێ!! قورئانی پیرۆزیش هەروافرمانمان پێ دەكاو داوا لـە مـرۆڤ دەكـا كـە هیچ شتێك بێ بەڵگە بەراست نەزانێ.

{وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلاَّ مَن كَانَ هُوداً أَوْ نَصَارَى تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ قُلْ هَاتُواْ بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ - سورة البقرة – ١١١}.

ئــەوەتا كاتــێ جولەكــەكان دەیــانگوت هــەر كەســێ جوولەكــە نــەبێ ناچــێتە بەهەشــتەوە، نەصــرانییەكان دەیــانگوت هــەر كەســێ لەســەر ئــایینی عیــسا نــەبێ

ناچێتە بەهەشتەوە، پەروەردگار فەرمووی: ئەوە ئاواتی بێ سەروبەری ئەوانە، بەقسەی ئەوان نابێ، ئەی پێغەمبەر! بڵێ: ئەگەر ئەو داوایەتان راستە! دە بەڵگەی ئاشکراتان بهێنن‌و داواکەتان بچەسپێنن!.

لە ئایەتێکی تردا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە پەروەردگار ڕازی نییە ئادەمیزاد بێ بەڵگەو دەلیل بڕوا بە هیچ شتێك بکا، ئەوانەی کوێرانە لاسایی خەڵك دەکەنەوەو هاوبەش بۆ خودا دادەنێن لەسەر ئەو لاسایی کردنەوە کوێرانەیە سزا دەدرێن‌و بەرپرسیارن.

{وَمَن يَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ لَا بُرْهَانَ لَهُ بِهِ فَإِنَّمَا حِسَابُهُ عِندَ رَبِّهِ إِنَّهُ لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ - سورة المؤمنون – ١١٧}.

واتە: هەر کەسێ هاوبەش بۆ خودا دابنێ‌و وەك خودا ئەویش بپەرستێ، دیارە کە شتی وا داوایەکی پووچی بی سەرو بەرەو هیچ بەڵگەیەکی روونـاکی لەسەر نییە، هەر کەسێ شتی وا بکا بێگومـان بەپرسیارەو حیسابی لای خودایەو سزای دەداو هەرگیز بێ بڕوایان سەرکەوتوو نابن..

لە ئایەتێکی تردا دەبینین پەروەردگار داوای دەستەوسانکەر لە هاوبەش پەیداکەرەکان دەکا کە بەڵگە بەرپا بکەن لەسەر داوای خۆیان کە گوایە خودای تر لەگەڵ خودادا هەیە قورئان دەفەرموێ:

{أَمَّن يَبْدَأُ الْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُ وَمَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاء وَالْأَرْضِ أَإِلَهٌ مَّعَ اللَّهِ قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ - سورة النمل – ٦٤}.

واتە: ئایا کەسێکی تر هەیە جگە لە خودا خۆی کە لە سەرەتاوە لە نەبوون ئەم بوونەوەرەی دروست کردبێ؟ لەپاشا بیفەوتێنێ‌و جارێکی تر سەر لەنوێ وەك هەوەڵجار دروستی بکاتەوە؟ یا کەسێکی تر هەیە بێجگە لە خودا کەمایەی رزق رۆزیتان لە ئاسمان‌و زەوی دا بۆ بسازێنێ، ئایا باوەڕدەکەن کە خوایەکی تر هەبێ ببێ بە هاوبەشی خودا؟بڵێ: ئەگەر راست دەکەن بەڵگەی رۆشنتان کوا لەسەر ئەم داوایەتان، ئادەی بیهێنن. پوختەی مانای ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ:

کـە هـەموو داوایـەك پێویـستە بەڵـگەی لەسـەربێ‌و خـاوەن داواکـە بتوانـێ راوو بۆچوونی خـۆی بـە دەلیـل بـچەسپێنێ: ئـەگینا قسەکەی لێ وەرنـاگیرێ‌و داواکـەی رەت دەکرێتەوە!!

ئیسلام ئایینی یەقینە نەك گومان (الإسلام دين اليقين لا الظن):

عیلم‌و زانست هەرگیز رازی نییە بەوە شـتێك یـەقین‌و راسـت نـەبێ بەراسـت دابنـرێ یـان شـتێك لەپلـەی گومانـدابێ تـۆ پلـەی یـەقینی بـۆ دەستنیـشان بکـەی! چـونکە داب‌و نـەریتی عـیلم ئەوەیـە: هـەر راوو بۆچـوونێك چـەندە بەڵـگەی بەهێزی لەسەر بێ ئەوەنـدە لـە حەقیقـەت نزیـك دەبێتـەوە!! هـەرکاتێ بەڵـگەکە سـەد دەر سـەد راسـت‌و دروسـت بـوو مەسـەلەکە سـەلێندراوەو حەقـە، وا نـەبوو قەزیەکە گومانەو پلەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم جوداکردنەوە زانستییەی نێـوان پلەی بڕواو گومان ڕاستەو خۆ لەگەڵ بۆچوونەکانی قورئان هاوتـەرازوو دەێتـەوە، ئەوەتا بەڕاشکاوی فەرمانمان پێ دەکا کـە خۆمـان لەشـك‌و گومـان دوور بخەینـەوە چونکە پـەیڕەویکردنی شـك‌و گومـان بـیرو بـاوەڕی زۆر کەسـی تێـك داوەو ڕێگـای راستی لەزۆر خەڵك ون کردوە:

{وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللّهِ إِن يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَخْرُصُونَ - سورة الأنعام – ١١٦}.

واتە: ئەگەر تۆ پەیڕەوی راوو بۆچوونی زوربەی ئەو خەڵکەی سەرزەوی بکـەی، لـە ڕێگـەی راسـتی پـەروەردگار لات دەدەن‌و سـەرت لێ تێـك دەدەن، چـونکە زوربـەیان شوێن شك‌و گومان کەوتوون‌و وردبین نین‌و زانستانە رفتار ناکەن. یا دەفەرموێ:

{وَمَا يَتَّبِعُ أَكْثَرُهُمْ إِلاَّ ظَنًّا إَنَّ الظَّنَّ لاَ يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا - سورة يونس -٣٦}.

مانای ئەم ئایەتە ئەوەیە کە زوربەی ئادەمیزاد لەبیرو باوەڕیاندا شوێن شك‌و گومان دەکەون‌و شك‌و گومـانیش پـشت بـە بەڵـگەو بورهـان نابەسـتێ‌و سـەرەنجام خاوەنەکـەی تووشـی گومـان‌و خـەیاڵ دەکـا، ئاکـامی راسـت‌و دروسـتی نابـێ‌و بـیرو باوەڕی ساغی لێ بە ئاکام نایە؟!

لە ئایەتێکی تردا قورئان فەرمان دەکا بەوە کە پشت بە زانستو یەقین ببەستینو سەرزەنشتی ئەوانە دەکا کە شوێن وەهمو خەیاڵ دەکەون:

{بَلِ اتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَهْوَاءهُم بِغَيْرِ عِلْمٍ - سورة الروم – ٢٩}.

واتە: ئەوانەی کە زوڵمو زۆریان کردوە بە پیشەی هەمیشەیی خۆیان، بە نەزانی، بەبێ زانستی پێویست شوێن هەواو هەوەسی خۆیان کەوتوون.

لە شوێنێکی دیکەدا دەبینن قورئانی پیرۆز سەرزەنشتی دەهرییەکان دەکا، ئەوانەی کە هەموو شتێك دەدەنە پاڵ رۆژگارو شوێن گومان کەتوونو هیچ یەقینو بڕوایەکی راستیان نییە:

{وَقَالُوا مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ وَمَا لَهُم بِذَلِكَ مِنْ عِلْمٍ إِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ - سورة الجاثية – ٢٤}.

لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار فەرمان دەکا بە موسوڵمانان کە لە هەموو شتێکدا شوێن بەڵگەو دەلیلی راست بکەونو لەسەر بناغەی زانستیانە بیرو رای خۆیان دامەزرێنن:

{وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً - سورة الإسراء – ٣٦}.

واتە: شوێن شتێ مەکەوە کە زانستییەکی رەساو تەواوت لە بارەیەوە نییە، چونکە مرۆڤ لە رۆژی رەستاخیزدا بەرپرسیارە لەوەی بەگوێ دەیبیستێ یا بەچاو دەیبینێ، یا بەدڵ وەری دەگرێ لەو شتە خەیاڵیانەی کە سەردەکێشن بۆ پەیدابوونی بیرو باوەڕی پڕو پووچ. کەوابوو حیکمەتو فەلسەفەی قورئان بە گوێرەی دەقی ئەم ئایەتانە بناخەکەی زانستیەکی چەسپاوە، نەك گومانو بۆچوونێکی روت، کە دیاردەیەکی ئاشکرای تیوورە فەلسەفییەکانی پێش هاتنی ئیسلامە: بەتایبەتی فەلسەفەی یۆنانو ئیگریك. ئەم شێوە بیرو بۆچوونە بیرکردنەوەیەکی تازەیەو شتێکی حیکمەت ئامێزەو لەسەدەی نۆزدەهەمدا چووە نێو قاڵبی فەلسەفەی چەسپاوەوە کە پێی دەگوترێ: (الفلسفة الوضعية) تازەترین فەلسەفەیەو کاریگەرترینیشە!

ئادەمیزادیش: تەواو ماندوبووە لەو فەلسەفە گوماناویانەی کە بەدرێژایی مێژوو هەموو چینێکی تازە فەلسەفەی چینەکەی پێش خۆ هەڵوەشاندۆتەوە، جگە لەمەش دەبینین زۆر لەم بۆچوونە گوماناویانە شتی خەیاڵی لەسەر بنیات نراوەو بوەتە هۆی پەیدابوونی کێشەو نیزاعێکی کوشندە. کەواتە فەلسەفەی وەضعی کە بەڵگەو دەلیلی هەست پێکراوی هەبێ هیچ کاتو زەمانێك گۆڕانی بەسەردا نایەو هەموو کاتێ بە زانیاری ڕاستەقینە دەژمێردرێو جێی خۆی دەکاتەوە، حیکمەتی قورئانیش هەر لەسەر ئەو جۆرە بەڵگانە دامەزراوە.

ئایینی ئیسلام دژی لاساییکردنەوەی کوێرانەیە (الإسلام عدو التقليد):

هەموو کاتێك دژی لاساییکردنەوەی کوێرانەیەو هەرگیز بەوە رازی نابێ کە تۆ بێ بەڵگەو دەلیل قەناعەت بەشتێك بکەیو شوێنی بکەوێ. ئەوەش لەیاد نەکەین: زانیاری کۆن لە زانیاری تازە جودایە چونکە زانیاری کۆنو زاناکانی پێشوو بە تایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا زۆر جار قسەی زانایەکی بەناوبانگو راوو بۆچوونیان کردۆتە تەرازوی راستی یان ناڕاستی مەسەلەیەك، بۆ نموونە هەرچ تیۆرو بۆچونێکیان لە ئەرستۆ وەرگرتبێ پێیان وابوە کە ئەمە چەسپاوەو سەد دەرسەد راستەو شكو گومانی تێدا نییە!! ئیتر بەبێ ئەوە بڕواننە خودی راوو بۆچوونەکەی ئەرستۆ یان خۆماندو بکەنو هەوڵ بدەن، بەڵگەو دەلیلەکانی بدۆزنەوە! ئاشکراشە کە هەرچ زانیارییەك دژی لاسایی کردنەوەی کوێرانەبێ راستەوخۆ لەگەڵ قورئاندا یەك دەگرنەوە ئەوەتا قورئان بێ پەروا هێرش دەباتە سەر ئەوانەی کە کوێرانە لاسایی باوكو باپیرو رابووردوی خۆیان دەکەنەوە، لە تێفکرینو ئەزمونکاریو بەڵگەو دەلیلەوە ئیشەکانیان سەرچاوە هەڵناگرن:

{وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَى مَا أَنزَلَ اللّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ قَالُواْ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ شَيْئًا وَلاَ يَهْتَدُونَ - سورة المائدة – ١٠٤}.

لە ئایەتێکی تردا زۆر بەتوندی سەرزەنشتی ئەوانە دەکا کە کوێرانە شوێن داب‌و نەریتی رابوردوانیان دەکەون:

{وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنزَلَ اللّهُ قَالُواْ بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ شَيْئاً وَلاَ يَهْتَدُونَ، وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُواْ كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لاَ يَسْمَعُ إِلاَّ دُعَاء وَنِدَاء صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ - سورة البقرة – ١٧٠-١٧١}.

ئەم دەقە قورئانییە بە روونی ئەوە دەگەیەنێ کە لاسایی کردنەوە بەبێ بەکارهێنانی عەقڵ‌و هۆش‌و وردبوونەوە کاروپیشەی خواناسان نییەو نەزان‌و نەفام کاری وا دەکەن، مرۆڤیش بە موسوڵمانی تەواو دانانرێ هەتا لە ئیسلام تێنەگاو بڕوای تێکەڵ بە زانستی پێ نەبێ، واتە موسوڵمانیەتەکە لاسایی کردنەوە نەبێ!!

دوای ئەوە دەقە قورئانییەکە هاتووە هەڵس‌و کەوتی کافرو خوانەسان ئەوانەی کە بانگیان دەکەن‌و بۆ خوداپەرستی‌و یەکتاپەرستی، ئەوانەیش بە قسەیان ناکەن‌و نایەنە سە رێبازی راست شوبهاندویەتی بەهەڵس‌و کەوتی ئاژەڵ‌و شوانەکانی کە شوانەکە دەیەوێت ئاژەڵەکان بەلایەکدا بەرێ دەنگیان لێ دەکاو ئەوانیش هەر دەنگەکە دەبیستن‌و مانای تێ ناگەن! کەواتە ئەو خوانەناسە لاسایی کەرەوانە گوێچکەیان شتی حەق‌و راست نابیستێ‌و زوانیان لاڵەو ناتوانن وەڵامی بانگەوازیکەران بدەنەوەو چاویشیان کوێرەو بەڵگەی راست‌و دروستی حەق‌و حەقڕەوان نابینن‌و نابیسن!!!

لە ئایەتێکی تردا قورئانی پیرۆز هەموو گەل‌و نەتەوەیەك دەترسێنێ لە شوێنکەوتنی کوێرانەیان! هەرگیز رازی نییە ئادەمیزاد کوێرانە شوێن لێپرسراوو سەرەك هۆزو پیاوە ئایینیەکان بکەوێ. بەئاشکرا ئەوەی رونکردۆتەوە: کە هەرکاتێ پێشەواو کاربەدەست لەسەر بیرو باوەڕی بەتاڵ بوون‌و خەڵکی کوێرانە شوێنیان کەوتبوون رۆژی ڕەستاخیز هەردولا (پێشەواو شوێن کەوتو) دەخرێنە نێو سزای دۆزەخەوە، خودا دەفەرموێ:

{إِذْ تَبَرَّأَ الَّذِينَ اتُّبِعُواْ مِنَ الَّذِينَ اتَّبَعُواْ وَرَأَوُاْ الْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الأَسْبَابُ - سورة البقرة – ١٦٦}.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوە دەگەیەنێ کە رۆژی قیامەت پێشەواکان یەخەی خۆیان لە شوێنکەتووەکانیان دادەڕنو دەڵێن: ئێوە گرۆی ئێمە نین ئەوانیش پێیان دەڵێن: ئێوە ئێمەتان تووشی ئەم چارەنووسە سامناکە کردوە، ئیتر لەم کاتەدا بینینی جۆری سزاو هالاوی دۆزەخ لێکیان دەپچڕێنێو هەر هەموویان رەوانەی سزا دەکرێن!!

خوێنەری هێژا: ئەمەیە تەعالیمی ئیسلامو ئامۆژگارییەکانی کە دەیەوێ دیاردەی لاساییکردنەوەی کوێرانە بنەبڕ بکاتو لە رگو ریشاڵەوە هەڵتەکێنێ لە هەمان کات دا خەڵك هەڵدەنێ بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو عەقڵ بەکارهێنان!

ئاینی ئیسلام داوا دەکا کە کار بەچاکت بکرێ:

قورئانی پیرۆز لەگەڵ ئەوەدا کە نەهی کرد لە لاسای کردنەوەی باوكو باپیرانو شوێن کەوتنی کوێرانەی سەرۆكو پێشەوایانو سەرکۆنەی ئەو لاساییکەرانەوەی کرد کە بەبێ بەڵگە پەیڕەوی فەرمانی گەورەکانی خۆیان دەکەن (نەهی)یشی کردوە کە بەبێ بەڵگە بۆچوونێك پەسەندبکەی وازی لێ نەهێنی! ئەویش بەوە کە بانگەوازی خەڵکی دەکا کە هەمیشە هەوڵ بدەن هەڵبژاردە پەسەند بکەنو پەیڕەوی رێبازی باشتر بکەن، تا چاکتر هەبێ واز لە چاك بهێنن چونکە زوربەی ئادەمیزاد کە لە سەرەتاوە رایەك وەردەگرن یان بۆچونێك دەخوێننەوەو لە دڵیاندا جێگای دەبێتەوە ئیتر دەرگای دڵی خۆیان دادەخەنو هیچ راوو بۆچوونێکی تر – با لە هی خۆشیان باشتربێ – وەرناگرن، بەم جۆرە لەسەر گومڕایی دەمێننەوەو لێی لانادەن!! کەوابوو پیادەکردنی رێبازی هەڵبژاردەو چاکتر توێژینەوەو لێ وردبوونەوە لە بەرنامەو پرۆگرام دیاردەیەکی تازەیەو رادەی بە پەرۆشبوونی ئادەمیزاد دەردەخا لە ئاستی حەقیقەتدا، ئەم تیۆرەش بە تەواوی لەلای توێژەرەوەکانی سەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵداو

موفـەککیرەکانی ئـەو چـەرخە پـەیڕەوییانکرد: ئـەوان هەسـتیان بـەوە کـرد کـە حەقیقەتـە موتلەقـەکان موڵـکی تێـورو فەلـسەفەیەکی تایبـەتی نـین. بەڵـکوو پێویـستی سەرشـانی ئـادەمیزادە کـە لـە هەموولایەکـەوە کاکڵە هەڵاڵە بکەن‌و لـە هـەموو فەلـسەفەو بۆچـونێکدا باشـتڕەکەی وەربگـرن‌و پـەیڕەوی بکـەن، چـونکە شـێوەو ڕێگایـەکی تایبـەتی مـومکین نییـە کـە هـەموو شـتە باشـتڕەکان بـە خـۆوەبگرێ!! دەی ئـەم تێـورە زانـستییە حیکمـەت ئـامێزە پـێش چـواردە سـەدە قورئـانی پـیرۆز بانگـەوازی بـۆ کـردوە، ئـادەمیزادی هـەڵناوە بـۆ پـەیڕەویکردنی‌و دەفەرموێ:

{الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُوْلَئِكَ هُمْ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ - سورة الزمر – ١٨}

ئەوەتا لەم ئایەتە پیرۆزەدا پـەروەردگار فـەرمانی بـە موسـوڵمانان کـردوە کـە گوێ بۆ هەموو قسەیەك بگرن‌و هەموو ڕاوو بۆچونێك ئەم دیوو ئەو دیـو بکـەن‌و وردبینانـە سـەیری هـەموو تێـۆرو فەلـسەفەیەك بکـەن، هـیچ ڕاوو بۆچـوونێکیش کوێرانە ڕەت نەکەنەوە، بەڵکوو دەبێ لەژێر ڕۆشنایی توێژینەوەو تێگەییـشتنەوە هەڵبژادەکان وەربگرن‌و بیانکەنە ڕێبازی ژیانی خۆیان، پـەروەردگار لـەم ئایەتـەدا ئەوانەی بە بەندەراستاڵەکانی خۆی حسێب کردوون‌و بەشارەزاو ڕێـڕەوی ڕێبـازی خـۆی دانـاون، بـەخاوەن عـەقڵ‌و هۆشـی تـەواو چاوکراوەو دڵ ڕۆشـنای لـە قەڵـەم داون... ئابەو جۆرە دەبینین ئایینی ئیسلام بەرنامەیەکی بۆ موسوڵمانان داناوە تا ئێستا هیچ تیورو مەدرەسەیەکی فەلسەفی پەی پێ نەبردوە!!؟!

عەقڵ‌و ئاوەز لە ئیسلامدا (العقل في الإسلام):

زانستی ڕاست ئەوەیە ئادەمیزاد لە هەموو شتێکدا عەقڵ بـە کاربێنـێ بیکاتـە چاوساغ‌و بـراگەورە، مەبەستیش لە عەقڵ ئـەو ئاوەزەیـە کـە هـەموو مەرجـەکانی تێگەییـشتنی تێـدا کۆبووبێتـەوە بـە جۆرێـك کـە شـایانی ئـەوەبێ هەرشـتێکی پـێ سپێردراو بۆی ڕانواندرا تێی بگاو شی بکاتەوە!!

خودای مەزن لە قورئاندا فەرمان دەکا بە بەکارهێنانی عەقڵو لۆمەی ئەوانە دەکا کە بەکاری ناهێنن! هەر بۆ ئەم مەبەستەش قورئان نزیکەی پەنجا جار ناوی عەقڵو ئاوەزی – بەکردار یان بە ناو- هێناوە زیاد لە (دە) جاریش بە وشەی (أولو الالباب)و جارێکیش بە وشەی (أولى النهى) ناوی عەقڵی هێناوە هەمیشەش پێی لەسەر ئەوە داگرتووە، کە عەقڵو ئاوەز نیعمەتو بەخششێکی فرەمەزنەو پێویستە لە هەموو شتێکدا بەکاری بێنین، راوو بۆچوونەکانی وەگرینو بیکەینە مەشخەڵو چرای رێگای ژینمان، بۆیە دەبینین زۆر جار کۆتایی ئایەتەکانی بە وشەی عەقڵ مۆر دەکا:

{فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ – ولقد بينا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ - أَفَلَا يَعْقِلُونَ}.

لەلایەکی ترەوە دەبینین قورئان ڕەخنە دەگرێ لەو کەسانەی بەکارهێنانی عەقڵ پاش گوێ دەخەن، بە ئوسلوبێکی کاریگەری لۆمەئامێز هێرشیان دەکاتە سەریو دەفەرموێ:

{إِنَّ شَرَّ الدَّوَابَّ عِندَ اللّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لاَ يَعْقِلُونَ-سورة الأنفال/٢٢}.

واتە: خراپترین زیندەوەرێك لای خودا کە بەسەر زەویدا دەڕوا کەسانێکن کە خۆیان کەڕو لاڵ کردوە، سوود لە ئالاتی بیستنو زمانیان نابینو عەقڵیان بە چاکەو خراپەی خۆیان ناشکێو ئاژەڵ ئاسا دەژینو دەچن. هەر لەم بوارەدا لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ:

{أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا - سورة الفرقان – ٤٤}.

واتە: ئەی پێغەمبەر! تۆ پێت وایە زوربەی ئەو خەڵکە گوێچکەی بیستنو عەقڵو هۆشی تێفکرینیان هەیە؟! وا مەزانە، ئەوانە وەهانین! بەڵکوو وەکوو ئاژەڵ وانە، تەنانەت لە ئاژەڵیش بێ هۆشترن، چونکە ئاژەڵ خودای خۆی دەناسێ، رێگای لەوەڕگاو هاتنەوە بۆ مۆڵگەی خۆی دەزانێو گەردنکەچی خاوەنەکەیەتی،

بەلام ئەمانە سەررەق‌و لەخۆرازین‌و خوانەناس‌و بێ بڕوان، لە شوێنێکی تردا پەروەردگار بەکارنەهێنانی عەقڵ‌و هۆشی بە تاوانێکی گەورە حسێب کردوە، لە قیامەت دا سزای تایبەتی بۆ داناوەو دەفەرموێ:

{وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ-سورة الملك/١٠}.

واتە: کافرەکان لە قیامەت دا دەڵێن: ئەگەر ئێمە لە جیهاندا گوێ بیستی فەرمانەکانی پەروەردگار بوینایەو عەقڵ‌و هۆشمان ببوایە بەکارمان بێنایە ئێستا بۆچی تووشی ئەم رۆژە رەشە دەبوین! بۆ فڕێ دەدراینە ناو دۆزەخەوەو ئەم سزا سەختە دەدراین؟!

بێگومان هەر بەکەمێ بیرکردنەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەم گرنگیپێدانەی ئیسلام بەعەقڵ کارێکی تایبەتییە بەم ئایینەو لە هیچ ئایینێکی تردا بەم جۆرە گرنگی بە عەقڵ‌و هۆش نەدراوە...!

بوونەوەر یاساو دەستووری نەگۆڕی خۆی هەیە:

پوختەی زانست ئەوەیە کە گۆڕانکاریی بەسەر حەقائیقی سروشتی دا نایە، هەر شتێك لە سەردەمێکا بە بەڵگەی قەتعی دەرکەوت کەراستەو گومانی لێ ناکرێ ئەوە هەموو کاتێ راستەو حەقە! ئەم بناخە علمییە بنەمایەکی قورئانییەو قورئان بە ئاشکرا ئامازەی بۆ کردووە دەفەرموێ:

{فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا - سورة فاطر ٤٣}.

واتە: ئایا ئەمانە چاوەڕێی چی دەکەن جگە لەوەی کە ئەمانیش بە دەستووری کافرە پێشینەکان لەناو بچن، چونکە یاسایەکی نەگۆڕی خودایی یە: دەستوورە سروشتییەکانی خودا، داب‌و نەرێت‌و رێبازە ئاساییەکانی خودا قەتقەت ناگۆڕێن‌و تێك ناچن! کەس نییە بتوانێ کاریان تێ بکاو لە رێڕەوی خۆیان لایان بدا!! لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: {لا تبديل لخلق الله} ئەم ئایەتانە ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە کە رێ‌و رەسمی خودا گۆڕانکاری بەسەردا نایە، سروشتیش خودا

چۆنی بۆ داناوەو یاساکەی چۆنە بەبێ دواکەوتن تا ئەوماوەی بۆی دانراوە کاری خۆی ئەنجام دەدا!

تاقیکردنەوەو وردبوونەوە (التجارب والمشاهدات):

ڕێبازی زانستی چ لە بواری زانیاری سروشتییەکاندا بێت یان لە بواری ژیانداری و کۆمەڵایەتیو ئاسمان شووناسیدا بێ، سەرەتا بە سەلمێنراوە موتڵەقەکان یان یاسا فەلسەفییەکان یان ڕایەکی تایبەتی دەست پێ ناکا: هەروەها پشت بەو حوکمانە نابەستێ کە لە تێفکرنێکی تایبەتی لە دەروون یان ڕای مونەوەرێکی خاوەن عەقڵو هۆشی تەواو بناوان هەڵبەستێ، بەڵکوو هەموو کاتێ پشت بە تاقیکردنەوەو توێژینەوە دەبەستێ: تاقیکردنەوەیەك کە چاوو گوێچکەی تێدا بەکار بهێنرێ وێڕای بەکارهێنانی ئامێری وردبینو دووربینی وەکوو میکرۆسکۆب کە بە یەکەمیان شتی ورد دەبنیرێ وەکوو میکرۆبو بەدووەمیان شتی دوور وەکوو لاشەکانی فەزا (الاجرام السماوية) کە لەبەر دووری بەچاوی ئاسایی نابیندرێن. کەوابوو تاقیکردنەوەو سەرنجدان تاکە ڕێبازێکە کە زانستی سروشتی پێڕەوی دەکا بۆ گەیشتن بە (مقدمات)ی ڕاستو ڕەوان، ئەگەر ئەم (مقدمات)ە نەبوونایە زانیارییە سروشتییەکان بەو جۆرە پەرەیان نەدەستاندو بڕی لە نێهنییەکانی بوونەوەر ئاشکرا نەدەبوونو هەروا بەونی دەمانەوە.

جێگەی سەرنجو تێفکرینە کە تاقیکردنەوەو توێژینەوە کە بناخەی عیلمو زانستن، لە هەمان کاتدا بناخەیەکی قورئانیشن!! ئەو ئایەتانەی کە فەرمان دەکەن بە لێکۆڵینەوەو تاقیکردنەوەو بەکارهێنانی چاوو گوێچکەو عەقڵو هۆش زۆر زۆرن بۆ نموونە ئەوەتا دەفەرموێ:

{قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ - سورة العنكبوت – ٢٠}.

واتە: ئەی پێغەمبەر! بەو خەڵکە بڵێ: کە بڕوایان بە زیندوبونەوە نییە پێیان بڵێ: گەشتو گوزار بەسەر زەویدا بکەنو بەچاوێکی ورد بینانە بڕواننو عەقڵو هۆشی خۆیان بخەنە کارو سەیر بکەن پەروەردگار چۆن بونەوەری

هێناوەتە گۆڕەپانی بونەوە، هەرشتێك لە رەنگێك‌و بەجووۆرێك پەیڕەوی یاسای ژیان دەکا!! یان دەفەرموێ:

{أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَـكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ- سورة الحج -٤٦}.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار گرۆهی ئادەمیزاد هەڵدەنێ – بە تایبەتی ئەوانەی بێ بڕوان – کە گەشت‌و گوزار بکەن، بەکون‌و قوژبنی زەویدا بگەڕێن‌و بڕواننە شوێنەواری ئەو گەل‌و هۆزانەی کە لەناو چون، پەندو عیبرەتیان لێ وەرگرن‌و عەقڵ‌و هۆشی دەرك کردنیان هەبێ‌و هەست بەشت بکەن یان کوێچکەیان قسە بیسێ‌و پەندو ئامۆژگاری کاریان تێ بکا، بێگومان ئەو خوانەناسانە گوێچکەو چاویان – ئامێری بیستن‌و دیتنیان – ساغ‌و سەلیمە ئامۆژگاری پێغەمبەرکەیان دەبیستن‌و لێی حاڵی دەبن، بەڵکوو خەلەلەکە لە عەقڵ‌و هۆشیاندایە عەقڵ‌و ئاوەزیان دەست بەکارنییە، چاوی سەریان کوێرنیەو بینایە بەڵام چاوی دڵیان کوێرەو نابینایە[1].

بۆیە دەڵێین: جاری وا هەیە دڵ ژەنگ دەیگرێ‌و هیچ شتێك دەرك ناکا هەرچەندە لە بارەی مادییەوە هیچ نەخۆشی پێوە دیارنیە، ئەمەش نهێنییە کە لە نهێنییەکانی بسکۆلۆجیا ئەویش ئەوەیە کە دڵ تووشی نەوعە کوێرییەك دەبێ لە حاست چاوی سەردا وەکوو عاسمان‌و رێسمان وایە چونکە کوێر بوونی چاوی دڵ وا لە ئادەمیزاد دەکا هەستی جیاکردنەوەی چاکەو خراپەی لا نەمێنێ!!

هەر لەم رووەوەیە کە پەروەردگار لایەنی تێگەیشتن‌و زانینی لە دڵی بێ بڕوایاندا داپۆشیوەو پەردەی رەشی بەسەردا هێناوەو دەفەرموێ:

{لَهُمْ قُلُوبٌ لاَّ يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لاَّ يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لاَّ يَسْمَعُونَ بِهَا أُوْلَـئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ - سورة الأعراف – ١٧٩}.

---

[1] مەبەست لە وشەی (قلوب) کە کۆی (قلب)ەو بەمانا دڵەو لە ئایەتەکەدا هاتووە مانا لۆغەوییەکەی مەبست نییە، بەڵکوو لێرەدا (قلوب) بە مانا (عقول)ە شوێن‌و ئامێری هەست‌و دەرك کردنە!!

ئاشكراشە زانینو فێربوون بەهۆی ئامێری بیستنو دیتن (كە گوێچكەو چاو) بە پشتیوانی عەقڵ ئەنجام دەدرێن، دەبێ عەقڵ مامۆستاو رابەریان بێ!! كەوابوو ئەگەر منالێك لە شوێنێكدا حەبس بكەینو لە كۆمەڵ دایبڕینو تەنها خواردنو خواردنەوەی پێویستی بۆ دابین بكرێ، دەبینین ئەم مندالە هەر چەند لە بارەی جەستەوە گەورە ببێ بەڵام لە بارەی هۆشەوە هەر بەمندالی دەمێنێتەوەو گەشە ناكا.

ئەم بۆچوونە راوو بۆچوونی زانایانی پەروەردەیە، قورئانی پیرۆزیش هەمان ئاماژەی كردوە كە دەفەرموێ:

{وَاللّهُ أَخْرَجَكُم مِّن بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لاَ تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ الْسَّمْعَ وَالأَبْصَارَ وَالأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ - سورة النحل – ٧٨}.

ئەم ئایەتە بە ئاشكرا ئەوە دەگەیەنێ كە هەرزانیارییەكی ئادەمیزاد دەستی دەكەوێ لە ژیانیدا هەمووی بەهۆی بەكارهێنانی چاوو كوێچكەو عەقڵەوە بەدەستی دێنێ!!

ئەو زانستو زانیاریەی كە ئیسلام داوای دەكا:

ئایینی ئیسلام ئادەمیزاد بانگ دەكا بۆ سەر رێگەی زانستو زانیاری، هەمیشە ئەو خەڵكە هەڵدەنێ بۆ فێربوونو زانست پەروەری! دەی با بزانین ئەو زانیارییەی ئیسلام داوای دەكا زانستی ئایینییە – وەكوو هەندێك وا دەڵێن -؟! نەخەیر! مەبەست لە زانیاری لە روانگەی ئیسلامەوە هەمموو زانیاریەكە كە تاریكی نەزانی بڕەوێنێتەوە، ئیتر ئەو زانستە كارو باری ئیسلام یان جیهانی چارەسەر بكا یان هەردوولا، جیاوازی نییە؟! بە كورتی زانستە سروشتییەكانو زانستییە دەروونزانییەكان زانستی مێژوو زەوی ناسی كۆمەڵناسی ... هتد هەموویان لەو جۆرە زانیارییانەن كە قورئانی پیرۆز بانگەوازی بۆ كردونو ویستوویەتی لە تەك زانستییە ئادەمیزاییەكاندا گەشە بكەنو لێكۆڵینەوەیان تێدا بكرێ.

بــەڵێ پــەروەردگار موســوڵمانانی هــەڵناوە بــۆ فێربــوونی هــەموو عــیلمو زانیارییــەك تــا لەبــەر ڕۆشــنایی ئــەم زانــستانەدا باشــتر گــەورەیی خودایــان بــۆ ئاشکرابێو چاکتر بزانن: کە خوداوەند دەسەڵاتو توانای زۆرە، وێڕای ئەم حیکمەتو مەبەستە چەند مەبەستی تریش هەن لە فێربوونی ئەو زانیاریانە ئەویش ئەو سودەمادییانەن کە لە بەکارهێنانی ئەو عیلمانەدا بەدەست دێنو ڕێگای ژیان ئاسان دەکەنو دەسەڵاتو توانا بەمرۆڤ دەبەخشن بۆ زاڵبوون بەسەر سورشت دا!!.

بانگەوازی ئیسلام بۆ فێربوونی زانستە سروشتییەکان:

ئەو ئایەتە قورئانییانەی بانگەواز دەکەن بۆ فێربوونی زانستی سروشتی زۆرنو لەزۆر شوێنی قورئاندا بەرچاو دەکەون، یەکێك لەو ئایەتانە ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ:

{وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ - سورة الروم – ٢٢}.

واتە: بەشێك لە نیشانەکانی دەسەڵاتو بەتوانایی خودا دروستکردنی ئاسمانو زەوییە، جیاوازی شێوەی گفتو گۆو زمانو ڕەنگو ڕوخسارتانە! بێگومان لەم چوونیەتەدا زۆر بەڵگە هەن لەسەر خودایەتی خوداو هەر کەسێك زاناو دانابێ هەست بەم حەقیقەتە دەکا.. یان دەفەرموێ:

{أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهَا وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ، وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاء إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ - سورة فاطر – ٢٧-٢٨}.

لە نیگاو ڕێڕەوی ئەم ئایەتانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە مەبەست لە (العلماء) لێرەدا ئەو زانا باوەڕدارانەن کە شارەزای ڕازو نهێنییەکانی بوونەوەرنو زانان بەو ڕازو نیهێنییانەی کە پەروەردگار لە دوو توێی توێژەکانی ئەم گۆی

زەوییەدا دایناون، ئاشکراشە ئەو شتانەی ئەم ئایەتانە باسیان لێوە دەکەن دەق ئەو شتانەیە کە زانستی سروشتی باسیان لێ دەکا، چونکە دەزانین کە عیلمی تەبیعی – زانستی سروشت – باسی شتەکەونییەکانو سروشتییە تایبەتییەکانو پەندو پەیوەندی نێوان ئەو شتانە دەکا!! هەروەها جار جارەیش باسی چۆنیەتیو حەقیقەتو جەوهەری شتگەلەکەیش دەکا، واتە: لەو نهێنییانە دەکۆڵێتەوە کە سپێردراون بە ناخی ئەم شتگەلە، کە نیشانەی هەبوونی خوداو دەسەڵاتی بێ سنووری خودا رادەگەیەنن! بۆ نموونە لەم ئایەتەی سورەتی (فاطر)دا بەهۆی زانستی سروشت (علم الطبيعة)وە نەبێ ناتوانین هۆو نهێنی هاتنە خوارەوەی باران لەئاسمانەوە بۆ زەوی بزانین! هەروەها بەهۆی زانستی کیمیاگەرییەوە نەبێ نازانین باران لەچی پێك دێو شتە تایبەت مەندییەکانی چینو چی نین...!! خۆ ئەگەر بەهۆی رووەکزانی (علم النبات)ەوە نەبێ نازانین رواندنو بەرگرتن چۆن ئەنجام دەدرێ!! ئەگەر زانیاری چینەکانی زەوی (علم طبقات الأرض – جیۆلۆجی) نەبێ نازانین کێو چییەو چینەکانی زەوی چینو سپیو رەشو سوری چنو چۆن پێك هاتوون! ئەگەر زانیاری رەچەڵەكو نژادی ئادەمیزادو ئاژەڵ (علم أصل الشعوب والحيوان) نەبێ هەرگیز پەی بە چۆنیەتی جیاوازی رەچەڵەکی ئادەمیزادو ئاژەڵ نابەینو نازانین جیاوازی نێوانیان چییەو چی نییە! ئەمجار بڕوانە کۆتایی ئایەتەکە کە دەفەرموێ:

{إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ}.

چۆن ئەوە دەچەسپێنێ کە خودا ناسینو لە خودا ترسانی تەواو هەر زاناکان بەباشی پەیڕەوی دەکەن، ئەوزانایانەی لێکۆڵینەوە لە شتەکەونییەکاندا دەکەن بە وردی لە نیشانەکانی خودایەتی خودا دەڕوانن و سەرنجی دەدەنێ، ئەوانە بە تەواوی ملکەچی پەروەردگار دەبن، چونکە زاناکان – ئەگەر موسوڵمان بن – زانیارییەکەیان بەنهێنییەکانی سروشت هەڵیان دەنێ بۆ لە خودا ترسانو خواپەرستی بەڕاستی!!

ژیانداری ژینناسی = ژین شوناسی (علم الحياة = البيولوجيا):

لەم بوارەشدا دەبینین قورئانی پیرۆز سەرنجی ئادەمیزاد رادەکێشێ بۆ ئەوەی بیر لە چۆنیەتی خۆی بکاتەوە، چۆن لە منداڵدانی دایکیدا خولقاوەو چۆن قۆناغەکانی ئەو ماوەیەی بڕیوە؟ چی گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە!

{فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ، خُلِقَ مِن مَّاء دَافِقٍ، يَخْرُجُ مِن بَيْنِ الصُّلْبِ وَالتَّرَائِبِ - سورة الطارق – ٥-٧}.

واتە: دەی مرۆڤ سەرنجی دروستبوونی خۆی بدا، کە لەچی دروست کراوە! بناغەی بوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەر تنۆکێ ئاوی هەڵقوڵیو، کە بەشێکی لە بڕبڕەی پشتی پیاوەوە دێتە خوارەوە ئەو بەشەکەی تری لە قەفەزەی سنگی ئافرەتەوە دەردەچێ!!

ئاشکرایە کە ئەم ئایەتە داوای ئەوە دەکا ئادەمیزاد بیر لە بناخەی دورستبوونی خۆی بکاتەوە، بەهۆی بیرکردنەوە لە بناخەی دروستبوونی خۆی، ئینسان زانستی ژیانداری لەلا گەڵاڵە دەبێ، هەر بەهۆی هەوڵدانو لێکۆڵینەوە لەم رووەوە زۆر شتی سەر سوڕهێنەرمان بۆ دەردەکەوێ – بەنموونە – وەکوو گەشەکردنی گیانداره سپۆرییەکان (الجرثومة الإنسانية) ئەو گۆڕانکارییەی بەسەری دادێ لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، کە ئەم حاڵەتە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ ژیانداری (البيولۆجيا).

دەروونزانیی = بەخۆدا چوونەوە (علم النفس):

لەم بارەوە ئەوەی لە قورئاندا هاتووە زۆرە، یەکێ لەو شوێنانە ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە دەفەرموێ:

{وَفِي أَنفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ - سورة الذاريات ٢١}.

واتە: بۆچی بیر لە چۆنیەتی خودی خۆتان ناکەنەوەو بەخۆتاندا ناچنەوە، ئاشکراشە کە بیرکردنەوە لەخۆت، تێفکرینی ئادەمیزاد لەخودی خۆی هەموو بوارەکانی زانستی دەروونزانی دەگرێتەوە؟!

زانستی مێژوو کۆمەڵناسی (علم التأريخ والإجتماع):

ئـایینی ئیـسلام وه نـەبێ هـەر بـە ئەوەنـدە وازی هێنابـێ کـە موسـوڵمانان هەڵبنێ کە بیر لەو کائیناتە بکەنەوە کە لەبەردەمیانایەو بەس!! بەڵـکوو داوای لێ کردوون‌و هەڵیناون کە توێژینەوە بکەن لەو گەل‌و هۆزو گرۆهانەی کە رابـردون‌و نەماون! داوای لێکردوون کە لێکۆڵینەوە بکەن دەربارەیـان، بـزانن هێـزو توانایـان، پیشەسازی‌و شارەستانییان، خـانوو بـەرەو باڵەخانـەیان چۆن بـووە! کاتێکیش لـە فەرمانی خودا دەرچوون چییان بەسەرهات‌و چۆن تەفرو تونـا کـران! ئـەوەتا لـەم بارەوە پەروەردگار دەفەرموێ:

{أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثَارُوا الْأَرْضَ وَعَمَرُوهَا أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَاءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَـكِن كَانُوا أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ-سورة الروم/٩}

واتـە: ئایـا ئـەو خوانەناسـانە بەسـەر زەویـدا گەشـت‌و گوزاریـان نـەکردوە؟ بێگومان کردویانەو دیویانە سەرەنجامی ئەو کافرانەی پێـشوو چی بـووەو چییان لێ هـاتووە! بـاش دەزانـن پـەروەردگار – بـەهۆی بـێ بڕواییـان‌و بەدرۆخـستنەوەی پێغەمبەرەکانیان – هەموویانی لەناو بـردووەو تـەفرو تونـای کـردوون، ئەمـە لـە کاتێکا کە ئەوان زۆر لە کافرەکانی مەککەو ئـەو خوانەناسـانەی کـە شوێن ئـەوان دەکەون بەهێزتربووون، باشتر زەوییان ئـاوەدان کردۆتـەوەو کێڵـگەو فەلاحـەتیان تێـــدا ئـــەنجام داوە، بینـــاو باڵەخانـــەیان تێـــدا بنیـــات نـــابوو! کەچـــی کـــە پێغەمبـەرەکانیان پـەیامیان بـۆ هێنـان‌و داوای بڕواهێنانیـان بـە خـودا لێکـردن، سەرپێـچییان کـردو فەرمانبـەردار نـەبوون ئـیتر... لەتۆڵـەی ئـەوە خـودا لـەناوی بـردن‌و توشـی سـزای بەئێـشی کـردن!! بێگومـان پـەروەردگار زوڵـم‌و سـتەمی لێ نەکردن‌و بەبێ تاوان سـزای نـەدان بەڵـکوو بـۆ خۆیـان زوڵمیـان لـە خۆیـان کـردو ئیمانیـان نـــەهێناو پێغەمبـــەرەکانیان بەدرۆخـــستەوە بۆیـــە شـــیاوی ئـــەو ســـزا سامناکەبوون!

دەی باشە ئایینێك ئەمە پەیڕەوو پرۆگرامی بێ، گەلێك ئەم ئایەتو تەعلیماتەی بۆ هاتبێ چۆن دەگونجێ ڕۆڵەکانی گەشتو گوزاری زانست ئامێز پاش گوێ بخەن؟! چۆن دەبێ بیر لە هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵو پتەو بوونی پەیوەندی نێوانیانو پەرتەوازە بوونیانو پێشکەوتنو دواکەوتنیانو ئاوەدانبوونەوەو وێرانبوونی وڵاتی خۆیانو خەڵکی دیکەش نەکەنەوە؟ ئاشکراشە لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوە لەم بوارانەدا ڕێك بریتییە لە زانستی مێژوو کۆمەڵناسی بە هەموو لقو پۆپەکانیانەوە.

شایەتیدانی بڕێ لە زانا خۆرئاواییەکان دەربارەی شارەستانیەتی ئیسلام:

مێژوو ئەوەی چەسپاندووە مێژوونووسە خۆرئاواییەکانیش کەواهی ئەوەنو سەلماندویانە کە موسوڵمانانی پێشوو دوای ئەوەی بەناوجیهاندا بڵاو بوونەوەو بانگەزای ئیسلامییان بە خەڵکی ڕاگەیاندو وڵاتیان کۆنترۆڵ کرد! چی زانیاریو پیشەسازییەکی لەو گەلو هۆزانەیان بەدی کردبێ فێری بوونو لێکۆڵینەوەیان تێدا کردوەو هەوڵیان داوە فێری بنو بزانن چۆنەو چۆن نییە! بەڵێ زانستخوازییان وای لێکردوون کە هەمیشە هەوڵ بدەن دەقە نووسراوەکانی ئەو گەلانە لە سەرچاوەکانیانەوە فێرببنو توێژینەوەیان تێدا بکرێ، هەربۆیەشە کە موسوڵمانان هەرگیز لەو شوێنانەی ڕزگاریان کردونو ئەو وڵاتانەی کەوتوونە ژێر دەستیان نەیان هێشتووە کەلەپوورو نووسراوی ئەو شوێنانە بفەوتێ، بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ژیاری نەتەوەکانی کەوتوونە ژێر ڕکێفیانەوە پاراستووە، نەهاتوون وەکوو داگیرکەر کتێبو پەڕاوی زانست ئامێز بسووتێنو بیناو باڵەخانەی هونەرکاری بڕوخێنن! بەڵکوو کە نووسراوێکی زانستییان چنگ کەوتووە پسپۆڕیان بۆ دۆزیوەتەوە بەکرێیان گرتووە کە بۆیان وەرگێڕێتە سە زمانی عەرەبیو پارەو پوولی باشیشیان داوەتە ئەو کەسانەی کە بەڕێكو پێکی ئەم کارەیان ئەنجام داوە! دوای وەرگێڕان کەوتوونە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو دەقە وەرگێڕدراوانەو کارپێکردنیان لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیداو پەرەپێدانی ئەم زانستخوازییە تاوای لێ هاتووە موسوڵمانان بوون بە جێگری یۆنانو ڕۆمان لە

زانستو زانیاریداو خوێندنگاو دانشگای زانستییان دروست کردونو کتێبو نووسراوی زۆریان نووسیوەو کتێبخانەیان بنیات ناونو کتێبیان تێدا هەڵچنیونو لە هەموو لایەکی جیهانەوە زانستخوازانو قوتابیان رویان لە شارو پایتەختی وڵاتانی ئیسلامی کردوەو سوودیان لەومەڵبەندە رۆشنبیریانە وەگرتووە، ئیتر میرو فرمانڕەواو زانایانی ئیسلام بە مەشەوە نەوەستاون بەڵکوو هەمیشە لە هەوڵو تەقەلّلا دابوون بۆ برەوپێدانی زانیاریو زۆر لایەنی زانیاری هەمەچەشنەی وەکوو پزیشکیو کیمیاگەریو سروشت ناسیو بیرکاری...هتد یان هێنایەکایەوەو کتێبو نامیلکەیان تێدا نووسیون، شوڕشێکی رۆشنبیری کەم وێنەیان بەپارکرد!! بە جۆرێك کە دوژمن پێش دۆست — ئەم راستییەی سەلماندووە کەسیش ناتوانێ ژێرلێوانی بحا... ئەمەش شایەتیدانی برێ لەو زانا خۆرئاوایو ئەوروپاییانەیە کە بە ئاشکرا رۆڵی موسوڵمانان لەبواری عیلمو زانستدا دەردەخەنو لە نووسراوو وتارەکانیاندا ئاماژەیان بۆ کردوە:

مامۆستا (دریبر) مامۆستای زانکۆی نیوۆرك لە کتێبەکەیدا کە بەناوی (المنازعة بين العلم والدين) کێشەی نێوان زانستو دیندا دەڵێ: خەریکبوونی موسوڵمانان بەزانستییە سروشتییەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری دەست بەسەرگراتنی ئەسکەندەرییە لەلایەن موسوڵمانەکانەوە ساڵی (٦٣٨ ز).

واتە: دوای لە دونیا دەرچوونی حەزرەتی موحەممەد (دروودی خوداى لەسەربێ) بە شەش ساڵ. دوای ئەوە دوو سەدە تێنەپەڕی کە توانییان زوربەی زانستە یۆنانییەکان تاوو توو بکەنو رۆڵی خۆیان بنوێنن!

کاتێکیش فەرمانڕەوایی کەوتە دەست مەئموونی عەباسی ساڵی (٨١٣ ز). بەغدابوو بە بەپایتەختێکی گەورەی عیلمو زانست، چونکە خەلیفە مەئموون زۆر گرنگی بەزانیاریی داو نووسراوو کتێبی زۆری کۆکردەوەو زانایانی لەخۆی نزیك کردەوەو رێزو نرخی بێ پایانی بۆ دانان.

ئیتر دوای ئەوەی (دریبر) شوێن دەستی موسوڵمانان لە بواری زانیاری سرۆشتدا دەردەخا دەڵێ: ئەگەر بێتو بمانەوێ هەموو بوارێکی ئەم جمو جوڵە زانستییە

بنووسین قەبارەی ئەم نووسراوە لە خۆی ناگرێو لێرەدا جێگای نابێتەوە چونکە ئەوان – واتە موسوڵمانەکان – بەراستی گەشەیان بە عیلمو زانست کردوەو زانستو زانیاری تریشیان داهێناوە کە لەوەپێش ئاسەواریشی نەبووەوە!

لە شوێنێکی تردا دەڵێ: زانکۆ ئیسلامییەکان هەموو کاتێ دەرگایان ئاوەڵابووە بۆ خوێندکارە ئەوروپاییەکان ئەوانەی زێدی خۆیان بەجێ هێشتووە چۆن بۆ خوێندنو فێربوون! تەنانەت پاشاکانی ئەوروپا دەچوونە وڵاتە ئیسلامییەکانو لە خەستەخانەکانی ئەواندا چارەسەری نەخۆشییەکانیان دەکرا.

پرۆفیسۆری بەناوبانگ (سدیو) لە کتێبەکەیدا کە ناوی (تأریخ العرب)ە دەڵێ: (موسوڵمانەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا هەر خۆیان شۆڕەسواری گۆڕەپانی زانستو فەلسەفەو هونەر بوون لەهەر شوێنێك باروبارگەنەیان خستبێ‌و دەستیان گەیشتبێ عیلمو زانستیان تێدا بڵاو کردۆتەوە هەر لەوانیشەوە زانست گەیشتە ئەوروپاو تێیدا بڵاوبۆتەوە کەوابوو موسوڵمانان بوون بەهۆی بڵاوبوونەوەی عیلمو زانستو پێشکەوتنی.

مامۆستای کۆمەڵناسی: دکتۆر جۆستاف لۆبون لە کتێبەکەی دا (حضارة العرب – شارستانیەتی عەرەب) دەڵێ: (فەرمانڕەوایی خۆرهەڵات کەوتۆتە ژێر رکێفی زۆرگەڵ‌و نەتەوەی وەکوو فارسو ئیغریقو رۆمەکان...هتد. جا هەرچەندە شوێندەستی ئەم نەتەوانە لە بارەی رامیارییەوە دیاربووە کەچی کاریگەری شارستانییەتیان زۆر لاواز بووە، ئەو پێشکەوتنە ژیاری‌و شارستانییەتەی کە ئیغریقو فارسو رۆمەکان نەیانتوانی دەستەبەری بکەن موسوڵمانەکان زۆر بەزوویی وەدەستیان هێنا، لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئاڵای ئیسلامی تێدا شەکاوەتەوەو کاریگەرییان هەبووە زانستو زانیاریی تێیان دا گەشەی کردووە، ئەوەی لە میسردا ئەنجامیان دا لە وڵاتی فارسو رۆمیشدا ئەنجامیان داوە، تەنانەت لە وڵاتی (هیندو چین)یشدا کە هەر بەرێبواری‌و بۆمەبەستی کاری بازرگانی رێیان تێ کەوتووە، کەچی شوێن دەستیان دیارەو رۆڵی گرنگیان لە بواری شارستانیەتی ئەو وڵاتانەدا بینیوە، بە کورتی هیچ

گەلو نەتەوەیەك لە مێژوودا بە ئەندازەی موسوڵمانەکان رۆڵی شارەستانیەتی نەبینیوە، هەموو گەلو نەتەوە جیرانەکانیان سەردەمێك پابەندی باری شارەستانی موسوڵمانەکان بوون. ئاشکراشە کە کاریگەری موسوڵمانان هەر لەبارەی ئایینو زوبانو هونەرەوە نەبووە بەڵکوو دەورێکی گرنگیان هەبووە لە بواری رۆشنبیری زانستیدا، چونکە هەر ئەمانە بوون کە زانیاریو زانستیان گواستەوە بۆ وڵاتی هیندو چینو ئەوزانیارییەی لە وڵاتانەدا باو بوو بنەماکەی هیندیو چینی نەبوو، لەوەش زیاتر دەتوانین بڵێین کە موسوڵمانەکان چۆن شوێندەستیان لە رۆژ هەڵاتو ئەفەریقادا هەبووە هەر بەو جۆرەش لە روبەری وڵاتانی ئەوروپادا رۆڵی خۆیان بینیوە بە جۆرێك دەتوانین بە راشکاوی بڵێین ئەوروپا قەرزداری شارستانیەتی موسوڵمانانە).

کاتێکیش دەتوانین ئەوە بڵێین کە بەوردی سەرنجێك لە باری ئەو سەردەمەی ئەوروپا بدەینو بەراودێکیان لە نێواندا بکەین، دەبینین ئەوکاتەی کە ژیارو شارستانیەتی موسوڵمانەکان لە ئەندەلووسدا گەیشتبووە لوتکەو تیشکی زانستو زانیاری تێدا بڵاو ببوەوە، ئالەو کاتەدا شوێنە گشتییەکانی رۆشنبیری رۆژئاوا چەند فەرمانڕەوایەکی دەرەبەکی سەر ڕەقی تێدا دەحەوایەوە کە شانازییان بە نەخوێندەواری دەکرد.

هەروا رۆژگارێکی دورو درێژ تێپەڕیو هێشتا ئەوروپا هەستی بە نەزانیو ماڵوێرانی خۆی نەکردبوو! نەیدەزانی تامو چێژی عیلمو زانست چییەو چی نییە! ئەوە نەبێ کە لە سەدەی یازدەو دوانزەی زایینیدا تۆزێك تیشکی زانیاری وێکەوتو شیرینیو خۆشی زانستیان چەشکەکرد، کاتێکیش چەند مرۆڤێکی لەخۆ بردویان تێدا هەڵکەتو بەپەرۆشەوە ویستیان هەوری ڕەشی نەزانی بڕەوێننەوەو پەردەی نەزانی لادەنو روناکی زانست بەدی بکەن یەکسەر بەرەو وڵاتی موسوڵمانان کەوتنە رێو هاتن لەم مەڵبەندانەدا فێری عیلمو زانست بنو قەڵاچۆی جەهلو نەزانی بکەن!!

مامۆستا (لیبری) دەڵێ: ئەگەر موسوڵمانەکان نەبوونایەو نەهاتنایە سەر شانۆی مێژوو پیشەسازیو پێشکەوتنی ئەوروپا چەند سەدەیەکی تریش دوا دەکەوت!

ئاشکراشــە کــە زانــستە عەربییــە وەرگێڕدراوەکــان بــۆ مــاوەی شــەش ســەدە سەرچاوەی خوێندنی خوێندنگاو دانیشگاکانی ئـەوروپا بـووە، تەنانـەت دەتـوانین بڵێین: کـە کاردانـەوەی موسـوڵمانەکان لـەبڕێ زانیاریـدا – بەنموونـە لـە زانـستی پزیشکیدا تا ئێستاش بەردەوامەو ڕۆڵی خۆی دەبینێ! ئەی ئەوە نییـە کتێبـەکانی (ابن سینا) لە کۆتایی سەدەی نۆزەدا لە (مونبیلییە) ڕاڤە کران و شەرحیان لەسەر نووسرا!!.

خوێنەری هێژا ئەوەی گوتراو باسکرا قسەی ئێمـە نییـە بەڵـکوو قسەی زانـا دەروونناسـە ئەوروپییەکانـەو دان پێـدانانی ئەوانـە کـە هـەرگیز نـاتوانین گومـانی ئەوەیان لێ بکەین کە زیادەڕەوی دەکەن و قسە هەڵبەستن! چونکە لەم کارەدا هـیچ شانازییەکیان لێ وەگیر ناکەوێ، نە بـۆ خـودی خۆیـان و نـە بـۆ گـەل و هۆزەکانیـان. ئێمـەش کاتێـك ئەمـە دەنووسـین و بـڵاوی دەکەینـەوە مەبەسـتمان ئەوەیـە کـە بەڵگەبێنینەوە لەسەر ئەوەی کە لە ئیسلامدا گیانێك هەیە هێزو وزەیـەك هەیـە، تـاك و کۆمـەڵ بـەرەو پـێش دەبـا! کـە ئـەم دیاردەیـە لـە هـیچ یاسـایەکی دانـراوی ئادەمیزادا بەرچاو ناکەوێ و نابینرێ ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسـەر ئـەوەی کە ئیسلام نیگایەکی خوداییەو سروشتێکی ڕەببانییە دەستکردی ئادەمیزاد نییە.

بەشی هەژدەهەم:

چاوپۆشیو لێبوردن لە ئیسلامدا (التسامح في الإسلام)

ناکۆکی نێوان پەیڕەوانی ئایینەکان - جیاوازی ئادەمیزاد لە پەیڕەوکردنی ئایینەکاندا، سونەتو یاسای پەروەردگار - ئازادیی بیرو باوەڕ - ئەو هۆیانەی کە ناهێڵن ئافرەتی موسوڵمان شو بە ناموسوڵمان بکا - قەڵاچۆکردنی دەمارگیری (التعصب) - مامەڵەکردنی موسوڵمانان لەگەڵ ناموسوڵماناندا - شایەتیدانی بڕی لە زانا ئەوروپییەکان دەربارەی چاوپۆشیو لێبوردن لە ئایینی ئیسلامدا.

ناکۆکی نێوان پەیڕەوانی ئایینەکان (الصراع بين اتباع الأديان):

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوەو بەچەرخەکانی مێژوودا بچینەوە دەبینین کۆمەڵی ئادەمیزاد - بەهۆی جیاوازییان لە بیرو باوەڕدا - هەرگیز چەشەی ئاشتییان نەکردوە، هیچ کۆمەڵێك مانعی نەبووە کە هێرش بکاتە سەر کۆمەڵێکی تر کە لەبیرو باوەڕدا لێك جیاوازبن، زۆرجاریش وابووە، روداوی سامناكو قەڵاچۆکردنی بە کۆمەڵ لەسەر ئەم هەڵوێست یان ئەو هەڵوێست روی داوە بە جۆرێك کە روی مێژوویان رەشکردوە، مێژوو شەرمەزارە بەرامبەر ئەو روداوانەǃǃ بێگومان هۆی روداني ئەم کارەساتانەش ئەو تەعلیماتو ئامۆژگارییانەبوون کە لێپرسراوە ئایینییەکان لەناو دەستو پێوەندو پەیڕەوکارانی خۆیاندا بڵاویان دەکردەوە دژی رکەبەرەکانی خۆیانو پەیڕەوکارانی ئایینەکانی تر.

(جون سیمون) کە لێکۆڵەرەوەیەکی ئەوروپییە لە کتێبێکی دا کە ناوی (حریە الاعتقاد)ە دەڵێ: رقو کینەی نێوان ئادەمیزاد - بەهۆی بیروباوەڕەوە - تا نزیکەی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم لە پەرەسەندندابوو هەر رۆژە لە جێگایەکەوە کڵپەی دەکرد، ئەمجار دەڵێ: پەیدابوونی ئازادیی بیرو باوەڕ شتێکی تازەیەو زۆر کۆن نییە! مێژووی جیهانیش هەمووی بریتییە لەمێژووی دژایەتی نێوان ئایینەکانو قەڵاچۆکردنی پەیڕەوکارانی ئەو ئایینانە بۆ یەکتری، کەوابوو دەغەزو کینەی ئایینی (الحقد الدینی) کە لە ئازادی کۆنترە دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترین مێژوو، ئەمجار

دوای ئەوەی کە شوێندەستی دەمار گیریی ئایینی لە جیهاندا دەست نیشان دەکاو هەر لەچەرخەکۆنەکانەوە تا چەرخەکانی ناوەڕاست دەڵێ: - لە کۆتاییدا گیانی فەلسەفەیی و توێژینەوە گەیشتە ئەوە کە ئازادیی ئایین و بیرو باوەڕ دابێنێ: لە بڕواری (٤/ی ئابی/١٧٨٩ی ز)دا ئازادیی ئایینی سەلمێنراو بانگەوازی بۆ کرا! بەڵام تا ساڵی/ ١٧٩١، ئەم یاسا پیرۆزە پەیڕەوی نەکرا، هەر لەم ساڵەدا بوو جولەکە لە چنگ زوڵم و ستەم رزگاری بوو، فیکرەی ئازادیی گەشەی کردو خەڵکی پەیڕەوییان کرد. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شۆڕشی فەرەنسا کە لە ساڵی (١٧٨٩) بوو هەر نەیتوانی ئازادیی بیرو باوەڕ بە تەواوی بچەسپێنێ.

بێگومان وتەی (جۆن سیمون) کە دەڵێ: ئازادیی ئایینی تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم دابین نەکراوە راوو بۆچوونێکی هەڵەیە، لەگەڵ واقیعدا یەك ناگرنەوە! بەڵکوو دەتوانین بڵێین دابینکردنی ئازادی بیرو باوەڕ هەزارو چوار سەد ساڵ پێش ئێستا لە سەردەمی موسوڵمانان بەرقەراربووە، ئیسلام بانگەوازی بۆ کردوە، مێژووی رووداوەکانی ئیسلام باشترین بەڵگەی ئەم راستییەن! ئێرەش جێگای ئەوە ناکاتەوە کە بڕێك دەقی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرو رووداوی مێژوویی موسوڵمانانی رۆژگاری زێڕینیان و شایەتی بڕێك لە زانا ئەوروپییەکان بخزێنینە ناو ئێرەوە!!

جیاوازی کۆمەڵانی ئادەمیزاد لە بیرو باوەڕدا یاسایەکی خوداییە، زۆر جار ئەو پرسیارە دێتە پێشەوەو دەگوترێ: چۆن ئایینی ئیسلام توانی بوغزو کینە لە دڵی پەیڕەوکارانی خۆی دەرهاوێژێ؟

لەوەڵامدا دەگوترێ: ئایینی ئیسلام گەیشتە ئەو پلەیەو توانی ئەوکارە ئەنجام بدا بە شێوەیەك کە تا ئەم نزیکانە کەس پەی پێ نەبردوە، واتە تا ئەوکاتەی کە زانا دەروونناسەکان هەستیان بە نهێنییەکانی نەفس نەکردو روونیان نەکردوە کە نەفسی ئادەمیزاد هەریەکە بۆچوونێکی تایبەتی هەیەو شتێکی بەلاوە باشە، مانای ئەم ئایەتەی قورئان باش نەدەزانراو خەڵکی لێی حاڵی نەدەبوو کە دەفەرموێ:

{وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ، إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ - سورة هود – ١١٨ – ١١٩}.

واته ئەگەر خودا بیویستایە هەموو ئادەمیزادی دەخستنە سەر یەك ڕێگای تایبەتی و هەموویانی لەسەریەك ئایین کۆ دەکردەوەو دەیکردن بە گەلو نەتەوەیەکی یەك هەڵوێستو یەك ئایین: کە ئەویش ئایینی ئیسلامە! بەڵام ئەوەتا ئیرادەو ویستی خوداوانە بووە، ئادەمیزاد جیاوازییان هەیە لە بیرو باوەڕدا هەندێکیان لەسەر ڕێگای حەقو ڕاستینو هەندێکیا لەسەر ڕێگای چەوتو چەوێڵن! پەروەردگار وای دروستکردون، ویستویەتی ئاوابن!

لە شوێنێکی تردا پەروەردگار ڕو بەڕوی حەزرەتی موحەممەد (درودی خودای لەسەربێ) دەفەرموێ:

{وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ - سورة يوسف – ١٠٣}.

واتە: ئەی موحەممەد! ئەی پێغەمبەری دڵسۆز بۆ پەخشی ئایینی خودا! گەرچی تۆ زۆر بە پەرۆشی ئەو خەڵکەیتو دەتەوێ موسوڵمان ببن، بەڵام زوربەی ئەو خەڵکە نابن بە موسوڵمان!! هەر لەسەر گومڕایی خۆیان دەمێننەوە... جا لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئایەتانەدا موسوڵمانانی خواناسو ڕاستەقینە ئەوەیان زانیوە کە ئەرکی سەرشانیانە کە لەگەڵ گرۆهە نا موسوڵمانەکاندا هێدیو هێمن بنو بوغزو کینەیان دەربارە نەنوێننو نەیانچەوسێننەوە چونکە ئەم بیرو باوەڕ جودابیە ئیرادەی خودایەو سوننەتی خۆیەتی لە کەوندا.

ئازادیی لەبیرو باوەڕدا = سەربەستی ئایینی (الحرية الدينية):

وەکوو دەبینرێ – لەوەپێشیش وابووە – زوربەی لێپرسراوە ئایینیەکان فەرمان دەکەن بە پەیڕەوکارانی خۆیان کە هەموو چەکێك بەکاربێنن بۆ ئەوەی خەڵکی وا لێ بکەن بێنە سەر بیرو باوەڕیان، تەنانەت ئەگەر لەم ڕێگەدا دەیان هەزار کەس لە ناوبچێو ماڵوێران بێ بەلایانەوە شتێکی ئاساییە!

کەچی ئێمە کە لە بەرنامەی ئایینی ئیسلام وردە دەبینەوەو سەیری قورئانی پیرۆز دەکەین نابینین لە هیچ شوێنێکدا ئیسلام داوا لە موسوڵمانان بکا کە بەزۆر خەڵکی موسوڵمان بکەن‌و وازیان پێ لە ئایینی خۆیان بێنن‌و دەستیان پێ لە بیرو باوەڕی خۆیان هەڵبگرن! ئەوەتا راستەوخۆ قورئان دەفەرموێ:

{لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ - سورة البقرة – ٢٥٦}.

واتە: ئایین بە زۆرەملێ نابێ، بە زۆر نابێ، لەگەڵ ئەوەشدا رێبازی هەق‌و ناهەق وەدەرکەوتوون خۆشبەخت رێگەی راست دەگرێ‌و نەگبەتیش رێگەی چەوت! کەواتە هیچ کەس بۆی نییە بە زۆرە ملێ یەکێکی تر بخاتە سەر رێبازێ کە خۆی دەیەوێ، هەر کەسە با بۆ خۆی بیربکاتەوە چ بیرو باوەڕێکی پێ خۆشە با پەیڕەوی بکا. لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ:

{وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لآمَنَ مَن فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُواْ مُؤْمِنِينَ - سورة يونس – ٩٩}.

واتە: ئەگەر خودا لە ئەزەلدا ویست‌و خواستی لەسەر ئەوە بوایە کە هەموو کەسێ موسوڵمان ببێ، ئەوا هەموویان وەك یەك موسوڵمان دەبوون‌و کەس کافر نەدەبوو، دەی کە حاڵەکە وایەو خواستی خودا وایە هەندێ موسوڵمان بن‌و هەندێ نا موسوڵمان بن: ئیتر تۆ چۆن بەزۆر دەتەوێ ئەو خەڵکە هەموو ببن بە موسوڵمان!؟

لە مێژووی ئیسلامیشدا دەبینین موسوڵمانانی راستەقینە بە گوێرەی ئامۆژگاری ئەم ئایەتە پەیڕەوییان لەگەڵ باوەڕدارانی ئایینەکانی تردا کردوە، هەرگیز زەختیان لەکەس نەکردوە: بۆ موسوڵمان بوون، هەروڵاتێکیان فەتح کردبێ رێگەیان داوە دانیشتوانی ئەو وڵاتە لەسەر ئایینی خۆیان بمێننەوە بە مەرجێك سەرانە بدەن، هەر کەسێك سەرانەی دابێ هێشتۆیانە لەسەر بیرو باوەڕی خۆی بەردەوام بێ‌و پارێزگاریشیان کردوە، نەیان هێشتووە کەس دەستدرێژی بکاتە سەر باوەڕیان‌و کەنیشتەو پەرستگاو داب‌و نەرێتی ئایینیان

بەرێزەوە سەیرکراوە، باشترین بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو وەعدو پەیمانانەیە کە حەزرەتی عومەر (رەزای خوای لێبێ) بۆ دانیشتوانی شاری قودسی چەسپاندو بۆی مۆر کردن! ئەوەتا بە گوێرەی مێژووی باوەڕ پێکراو ئەمن‌و ئاسایش‌و ئازادی دا بە خۆیان ماڵ‌و منداڵیان‌و کەنیشتەو کەلیساو صەومیعەو نەخۆش‌و ساغ‌و باقی گرۆهەکانیان بپارێزن، واتە کەنیشتەی خۆیان بۆ خۆیان لێیان داگیر نەکرێ نەڕۆخێنرێ لە روبەرو بەرزی‌و نزمی زیادو کەم نەکرێتەوە، دەست لە شوێن‌و جێگای صەلیبیان نەدرێ، دەست بۆ ماڵ داریيان نەبرێ، بە زۆر وازیان پێ لە ئایینی خۆیان نەهێندرێ، کەسیان زەرەرمەند نەکرێن نابێ جولەکەیەکیشیان لە ئیلیادا لەگەڵ نیشتەجێ بکرێ. ئەم سەربەستییە کە لەژێر سایەی ئیسلامدا بۆ نا موسوڵمانان دەستەبەر دەکرێ بۆ موسوڵمانەکان خۆیان دەستەبەر ناکرێ! بۆ نموونە ئایینی ئیسلام مەی یاساغ کردوە هەر موسوڵمانێك بیخواتەوە سزا دەدرێ، کەچی بۆ نا موسوڵمانەکان رێگای داوە.. خواردنی گۆشتی بەرازی لە موسوڵمانان حەرام کردوە بۆ نا موسوڵمانان روخسەتی خواردنی داوە بە مەرجێك ئایینی خۆیان مەنعی نەکردبێ!! تەنانەت ئایینی ئیسلام بە مەبەستی پاراستنی ئازادی نا موسوڵمانەکان زیادەڕەوی گەیشتۆتە پلەیەك ئەگەر موسوڵمانێك گۆزە مەی یان شوشە مەی نا موسوڵمانێکی (زمی) رژاند یان بەرازێکی ئەو کابرایەی کوشت پێویستی سەرشانی ئەو موسوڵمانەیە کە قەرەبووی ئەو خەسارەتە بۆ کابرای (ذمی) پڕ بکاتەوەو بۆی ببژێرێ! هەر لە ئاکام‌و بەرو بوومی ئەو سەربەستییە ئایینیەیە ئایینی ئیسلام دابو نەریتی موناقەشەو دان‌و سانی نێوان موسوڵمانان‌و جولەکەو گاورەکانی دەستنیشان کردوەو فەرمانی بە موسوڵمانان کردوە کە لەکاتی موناقەشەو وت‌و وێژدا گوفتارو رەفتاری جوان بەکار بێنن‌و عەقڵ‌و مەنطیق بکەنە پێوەرو هەموو کاتێ مەبەست دەرخستنی ڕاستی بێ.

{وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْنَا وَأُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَٰهُنَا وَإِلَٰهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ - سورة العنكبوت - ٤٦}.

یان دەفەرموێ:

{ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم-سورة النحل- ١٢٥}.

لە شوێنێکی تردا پەروەردگار بە دوو ئایەت نەخشەی چۆنیەتی هەڵس و کەوتی موسوڵمانان لەگەڵ ناموسوڵماناندا دیاری دەکاو دەفەرموێ:

{لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ، إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ - سورة الممتحنة -٨-٩}.

ئەوەتا لەم دوو ئایەتەدا یەزدان فەرمان بە موسوڵمانان دەکا کە موعامەلەو هەڵس و کەوتیان لەگەڵ ئەوانەی بیرو باوەڕیان جودایە عەدالەت ئامێز بێ و دادپەروەری تێدا بێ، نەك هەر ئەوەندە بەڵکوو موسوڵمانانی بەوە راسپاردە کردوە کە چاکە لەگەڵ یەکتری بکەن، ئاشکراشە چاکە کردن لە دادپەروەری زیاتر مرۆڤ دۆستی تێدایە چونکە لە رووی خۆشەویستی و سۆزەوە پەیدا دەبێ و لەکانی خێرەوە هەڵدەقوڵێ بەڵام ئەوانەی کە موسوڵمانانیان چەوساندۆتەوەو لە خاك و زێدی خۆیان دەریان کردون هەرگیز نابێ چاکەیان لەگەڵدا بکری! چونکە ئەوانە زاڵم و ستەمکارن زاڵم و ستەمکاریش دەبێ سزا بدرێن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دادپەروەرییە... لەلایەکی ترەوە دەبینین ئایینی ئیسلام هەمیشە دەیەوێ ئاشتی و نێوان رێکی ناو کۆمەڵ بەرپا ببێ تای تەرازووی قورسی ببێ، ئەوەتا قورئان دەفەرموێ:

{عَسَى اللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً وَاللَّهُ قَدِيرٌ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ - سورة الممتحنة – ٧}.

بەڵگەیەکی تر کە رەفتار جوانی موسوڵمانان لەگەڵ نا موسوڵمانان دەچەسپێنێ ئەو بە یەك چاو تەماشاکردنەی قورئانە دەربارەی باوك و دایکی ناموسوڵمان لەبارەی چاکە کردن لە گەڵیاندا ئەوەتا دەفەرموێ:

{وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ وَهْنًا عَلَى وَهْنٍ وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ أَنِ اشْكُرْ لِي وَلِوَالِدَيْكَ إِلَيَّ الْمَصِيرُ، وَإِن جَاهَدَاكَ عَلى أَن تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا - سورة لقمان – ١٤-١٥}.

واتە: ئامۆژگاری ئادەمیزادمان کردوە دەربارەی باوك و دایکی کە بۆیان چاك بێ و گەردنکەچی فەرمانیان بێ، بە تایبەتی دایکی کە ئەوماوە دیاریکراوە بە پێستی سك هەڵیگرتووە، ئەمجار ماوەیی بەلێبوردوویی بەخێوی کردوە، بۆیە ئامۆژگاری ئینسانمان کردوە بەوە کە سوپاسی پەروەردگاری خۆی بکاو سەری بەندایەتی بۆ بخاتە سەر زەوی، ئەمجار رێزی باوك و دایکی خۆی بگرێ و لە گەڵیان چاك بێ، دەفەرموێ: ئەی ئادەمیزاد! ئاگاداربە هەر بۆ لای خودای خۆت دەگەرێیەوە ئەگەر ئامۆژگاییەکانی جێبەجێ نەکەی سزا دەدرێی، خۆ ئەگەر دایك و باوکت هەوڵیان لەگەڵ دای کە هاوەڵ بۆ خودا بەرەوا بزانیت و کەسێك بکەی بە شەریکی خودا کە هیچ زانیارییەکت دەربارەی نییەو خودایەتی لێ ناوەشێتەوە – جگە لە خوداش بزانە کەس حەقی خودایەتی نییە – ئەوکاتە بە قسەیان مەکەو فەرمانەکەیان پاش گوێ بخە، بەلام لەگەڵ ئەوەشا رفتارت لەگەڵیاندا باش بێ و چاکەیان لەگەڵدا بکە. هەر لەروانگەی گیانی چاوپۆشی و لێ بوردەیی لە ئیسلامدا دەبینین دروستە بۆ موسوڵمان کە خواردەمەنی ئەهلی کیتاب (جولەکەو گاور) و گۆشتی ئاژەڵی سەربڕاویان بخۆن هەر وەکوو بۆیان دروستە ژنیان لێ بخوازن.

{وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ - سورة المائدة – ٥}.

ئاشکراشە نانی یەکتری خواردن و زاواو خەزورایەتی خۆشەویستی دەخاتە نێوانەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەو ناموسوڵمانانەی لەناو موسوڵماناندا دەژین پێیان دەفەرموێ: ئەهلی (ذمة)، وشەی (ذمة) واتە: عەهدو پەیمانی خودا، پێغەمبەریش دەفەرموێ:

(من آذى ذميا فأنا خصمه ومن كنت خصمه خصمته يوم القيامة)

واته: کەسێك ئەزیەتی (ذمی)یەك بدا من دوژمنکاری دەکەم کەسێکیش من دوژمنکاری بکەم رۆژی رەستاخیزیش دەوژمنایەتی دەکەم!

ئەو هۆکارانەی کە دەبنە لەمپەری نەهێشتنی شووکردنی ئافرەتی موسوڵمان بە ناموسوڵمان:

یەکێك لە لێکۆڵەرەوە ئەمریکییەکان پرسیاری لە مامۆستا شێخ موحەممەدی شاڵ کردو وتی: ئەگەر راستە ئاینی ئیسلام چاوپۆشیو لێبوردویی تێدایە؟! ئەدی بۆچی رێگا نادا ئافرەتی موسوڵمان شوو بکا بە پیاوی ناموسوڵمان؟ لەوەڵامدا فەرمووی: بێگومان ژیانی ژنو مێردایەتی ژیانێکە هاوبەشیو هاریکارییە لە نێوان ژنو مێردا لە هەموو رویەکەوە، ئەم ژیانەهاوبەشییە دانامەزرێو رێك ناخرێو رێكو پێك نابێ ئەگەر لەسەر بناخەی خۆشەویستی نێوان ژنو مێردەکەو رێزگرتنی هەریەکەیان بۆ ئەوی تریان سەرچاوە هەڵنەگرێ! لایەنێکیش لەو لایانانەی کە ئیسلام گرنگی پێداوە لایەنی ئاینییە.

جا لە کاتێکدا کە ئیسلام رێگەی داوە پیاوی موسوڵمان ئافرەتی جولەکە یان مەسیحی بخوازێو بیکاتە هاوسەری خۆی هەموو مافێکی ئەو ژنە نا موسوڵمانەشی پاراستووە، چی بۆ ژنی موسوڵمان هەیە بۆ ژنی نا موسوڵمانیشی رەچاو کردوە، تەنیا لە مەوزوعی میراتدا نەبێ کە نە پیاوەکە میرات لە هاوسەرە ناموسوڵمانەکەی دەبا نە ژنە ناموسوڵمانەکەش میرات لە پیاوە موسوڵمانەکە دەگرێ! تەنانەت لەم حوکمەشدا دادپەروەرانە رفتاری کردوە چونکە هەردووکیانی لە میراتی یەکتری بێ بەش کردوە؟! بە پێچەوانەی ئاینی جولەکەوە کە لە شەرعی ئەوانەدا ئەگەر جولەکەیەك ژنێکی نا جوولەکەی مارە کرد ئەگەر ژنەکە مرد پیاوەکە میراتی لێ دەگرێ، بەڵام ئەگەر پیاوەکە مرد ژنەکەی میراتی لێ ناگرێ!؟

هـەروەکوو چـۆن ئیـسلام داوایکـردوە لـە پیـاوی موسـوڵان ئەگـەر ژنـی ناموسوڵمانی هێنـا رێـزی بگـرێو رێـزی ئایینەکەشـی بگـرێ، رێگـای بـدا بـچێ بـۆ کەنیشتەو عیبادەتگای تایبەتی خۆیو رێگەو رەسمی ئایینی خۆی جێ بەجێ بکا!!

ئەمەش شتێکی سەیر نییە لە ئایینی ئیسلامدا چونکە هەر کەسێك بڕوای بە ئیسلام ببێ بـڕوای بەراسـتو دورسـتی حـەزرەتی عیـساو ئایینەکەشـی هەیـە، هەروەکوو چۆن بڕواشی بە حەزرەتی موساو ئایینەکەی هەیە! ئـیتر لـەم رووەوە تـرسو بیمێـك لەسـەر ژیـانی ژنو مێردایـەتی هەسـت پـێ نـاکرێو زەرەرو زیـان بەدی ناکرێ.

بـەڵام ئەگـەر ئـافرەتی موسـوڵمان شـوو بکـا بـە کابرایـەکی مەسـیحی یـان جوولەکـە بێگومـان ژیـانی ژنو مێردایـەتی ئاسـاییو خۆشـبەختی رەچـاو نـاکرێ چونکە ئەو ئافرەتە شوی بە کەسێك کردوە دژایەتی دەکاو باوەڕی بـە ئایینەکـەی نییە، ئەو تێـڕوانینو لێبوردنـەی لای مێـردی موسـوڵمان دەربـارەی هاوسـەری کـە ناموسـوڵمان بـێ هەیـەتی مێـردی نـا موسـوڵمان دەربـارەی هاوسـەری موسـوڵمان نیەتی، کابرای نا موسوڵمان لە روانگەی ئەوەوە سەیری ئـایینی ژنەکـەی دەکا کـە راستی تێدا نیەو بەتاڵە، ئـەم تێڕوانینەشـی دەبێتـە هـۆی ئـەوە کـە مێردەکـە بـە چاوی سووك سەیری خێزانی بکاو گاڵتە بە ئایینی بکا! دەی کـەوابێ چـۆن ژیـانی هاوسـەری راوەسـتاو دەبـێو چـۆن لـە تـەك ئـەم دژایەتیکردنـەدا خـانووی ژنو مێردایەتی بینا دەکرێ؟ چۆن دەتوانن خێزانی بەختەوەر پێکەوە بنین؟!

قەڵاچۆکردنی دەمارگیری (محاربة التعصب):

ئایینی ئیسلام ئەو شكو گومانانەی قەڵاچۆکردوە کە عەقڵو هەستی هەموو پەیڕەوکارانی ئایینەکانی تری داپۆشیوەو بوونە هۆی پەیدابوونی دەمارگیرییـەکی خـراپو نـاڕەوای وەهـا کـە لافـی ئـەومیان لێـداوە کـە هـەر خۆیـان گـەلو هـۆزی هەڵبـژێراوی خـودانو بەهەشـت تایبـەتی ئەوانـەو کەسـی تـر مـافی چـوونە نـاو بەهەشتی نییە:

{وَقَالَتِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى نَحْنُ أَبْنَاء اللّهِ وَأَحِبَّاؤُهُ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ يَغْفِرُ لِمَن يَشَاء وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاء وَلِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ - سورة المائدة – ١٨}.

واتە: جولەکەو فەلەکان دەیانگوت: ئێمە کوڕی خوداین‌و خۆشی دەوێین‌و ڕێزمان لێ دەگرێ. ئەی رەهبەر پییان بڵێ: ئەگەر راست دەکەن ئەدی بۆچی لەسەر گوناه سزاتان دەدا؟! چونکە ئەگەر ئێوە کوڕی خوداین! دیارە کوڕ لە تۆخمی باوکیەتی شتێکی لێ روندادا کە بۆ باوکی نەشیاو بێ، خۆ ئەگەر خۆشەویستی خوداین‌و خودا خۆشی بوێن خۆشەویست سزا نادرێ!! دەی ئێوە بە ئیعتراف خۆتان لەسەر تاوان سزا دەدرێن، کەوابوو ئێوە گرۆهێکن لەو کۆمەڵە ئادەمیزادە لە هەندێکتان خۆش دەبێ‌و هەندێکتان سزا دەدا، دەسەڵاتی تەواوی هەموو بوونەوەر: ئاسمان‌و زەوی هەربەدەست ئەوەو گەڕانەوەی هەموو شتێکیش هەر بۆ لای خۆیەتی. لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ:

{وَقَالُواْ لَن يَدْخُلَ الْجَنَّةَ إِلاَّ مَن كَانَ هُوداً أَوْ نَصَارَى تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ قُلْ هَاتُواْ بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ، بَلَى مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُ أَجْرُهُ عِندَ رَبِّهِ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ - سورة البقرة – ١١١-١١٢}.

واتە: دەیانگوت: کەسێك جوو یان گاور نەبێ ناچێتە بەهەشتەوە! ئەوە شتێکە هیواو ئارەزۆی خۆیانەو وادەزانن ئەوان چییان پێ خۆشبێ خودا وادەکا! ئەی رەهبەر! پێیان بڵێ ئەگەر راست دەکەن دە بەڵگەتان بێنن!!

دیارە بەڵگەشیان دەست ناکەوێ! ئەمجار پێیان بڵێ: کەسێك دەچێتە بەهەشتەوە گەردنکەچی فەرمانی خودابێ، لە خوداپەرستیدا راستاڵ بێ‌و کردەوەی چاك بکا ئەوە پاداشی لای خودای خۆیەتی‌و هیچ ترس‌و بیمێکی سزادانیان نیەو رۆژی ڕەستاخیز خەفەتبار نابن!! لەلایەکی ترەوە قورئان ئیعلانی ئەوەی کردوە کە ئادەمیزاد – بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەنگ‌و رەوخسارو زمان – هەموویان ڕێزی تایبەتییان هەیە، ئەوەتا دەفەرموێ:

{وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً - سورة الإسراء – ٧٠}.

کەوابوو بە گوێرەی ئەم ئایەتە هیچ گەل و هۆزێك نییە – لەبەر خاتری ئەوەی لەو رەچەڵەکەیە یان لەو هۆزەیە – هەڵبژێراوی خودابێ! واتە: ئەو وتەیەی جولەکە دەڵێن: ئێمە (شعب الله المختار)ین قسەیەکی پڕو پووچەو بنەمایەکی نییە، بەڵکوو ئادەمیزاد لە بنەڕەتا هەمووی رێزی هەیەو هەتا لە رێگەی سروشتی خۆی لانەدا ئەو رێزەی لێ نا سەندرێتەوە!

هەڵس و کەوتی موسوڵمانان لەگەڵ ناموسوڵمانان:

پێغەمبەری خۆشەویستمان (دروودی خودای لەسەربێ) لەم بارەوە باشترین رێچکەی بۆ کێشاوین و سەرمەشقی بۆ داداوین بۆیە دەتوانین رەفتاری پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) لەگەڵ خاوەن ئایینەکانی تردا بکەین بە سەرمەشق و پەیڕەوی بکەین، ئەوەتا دەگێڕنەوە دەڵێن: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) ئامادەی کۆڕو داوەتیان بووە نان و خواردەمەنی لە ماڵیاندا خواردووە، ئامادەی بەرێکردنی تەرمی مردویان بووە، دیدەنی نەخۆشیانی کردوە هاموشۆی ماڵیانی کردوەو رێزی لێ گرتوون! تەنانەت کاتێ وەفدی فەلەکانی نەجران هاتن بۆ لای عەباکەی خۆی بۆ داخستن و داوای لێکردن لە سەری دابنیشن..

هەروەها مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە چەند جار پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) پارەو پوولی لێ قەرز کردوون و کەل و پەلی بە بارمتە لا داناون، تەنانەت کاتێ لە دونیا دەرچوو (زرێ)کەی بارمتە بوو لای چەند جوولەکەیەکی مەدینە لەبری قەرزێ کە دابویانێ، دوایی موسوڵمانان قەرزەکەیان بۆ دایەوەو (زری)گەی پێغەمبەریان وەرگرتەوە!! جاوەنەبێ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) ئەمەی بۆیە کردبێ موسوڵمانان پارەیان نەبووبێ بیدەنێ! نەخەیر ئەو کاتە موسوڵمان پیاوی دەوڵەمەندیان زۆر بووەو ئامادەش بوون سەرو ماڵیان قوربانی پێغەمبەر بکەن

بەڵکوو ئەو کە ئەم کارانەی دەکرد مەبەستی ڕێنمویی موسوڵمانان بوو، مەبەست فێرکردن و ئامۆژگارییان بوو..!

بێگومان دوای لە دونیا دەرچوونی پێغەمبەریش موسوڵمانان ئەو ڕێبازەیان پەیڕەو کردو هەڵس و کەوتی ئەویان کرد بە سەرمەشق و لەگەڵ خاوەن دینەکانی تردا زۆر بە نەرم و نیانی و خۆشەویستی جوڵاونەوە، لە زۆر شوێن و جێگادا موسوڵمان و فەلەو جولەکە جیرانی یەکتریی بوون هامۆشۆی یەکتریان کردوە لە خۆشی و ناخۆشیدا هاو دەنگ و هاوەڵی یەکتری بوون، تەنها لە مزگەوت و کەنیشتەدا لێك جودابوونەوە. دەگێڕنەوە کە پیاوێکی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس مەڕێکی سەربڕی، حەزرەتی عەبدوڵڵا پێی گوت: کوڕم! ئاگات لە دراوسێ جووەکەمان بێ، چەند جارێك عەبدوڵڵا ئەم ئامۆژگارییەی ئاراستەی پیاوەکە کردوە تاوای لێهات پیاوەکە گوتی فەرمانت بە جێیە پێویست ناکا ئەوەندە دوبارەی بکەیەوە! عەبدوڵڵا فەرمووی: پێغەمبەر (د.خ) ئەوەندە ئامۆژگاری کردین دەربارەی دراوسێ هەتا خەیاڵمان بۆ ئەوە چوو کە دراوسێ میرات لە دراوسێ بگرێ!! دەی بە گوێرەی ئەم دەقە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دراوسێی کابرایەکی جوولەکە بووە، زۆر گرنگی داوە بەوەی کە دیاری بۆ بنێرێ وەکوو جیرانەکانی تری ڕێزی لێ بگرێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئایینی ئیسلام جوداوازی لە نێوان موسوڵمان و نا موسوڵماندا دەربارەی هەڵس و کەوتی ئاسایی نێوان کۆمەڵگا ناکا..! ڕوداوێکی مێژوویی تر کە ئەندازەی هەست بە بەرپرسیاری جێ نشینەکانی پێغەمبەرمان بەرامبەر بە ئازادی ئایینی بۆ دەردەخا: ئەو هەڵوێستە ژیرانەی ئیمامی عومەرە (خوای لێ ڕازی بێ) کە لە کاتێکا لە قودس بوو چووبووە ناو کەنیشتەی قیامە (كنيسة القيامة)[1] کاتی نوێژ هات، حەزرەتی

[1] کەنیسەی قیامە کەنیسەیەکە لە شاری قودس بەسەر ئارامگای حەزرەتی عیساوە بنیات نراوە دەڵێین شوێنی ئەم کەنیسەیە قدیسە هیلانە دۆزیوتیەوەو دیاری کردوە، جا هەر چەندە

عومەر لەناو کەنیشتەکە نوێژی نەکرد نەبادا دوایی موسوڵمانان ئەو کەنیشتەیە داگیر بکەن و بیکەنە مزگەوت و بەمەش زوڵم و ستەم لە مەسیحییەکان بکەن و شعووریان بریندار بکەن.

هەروەکوو دەگێڕنەوە کە حەزرەتی عومەر چووە ناو قودسەوەو پەیمانی لەگەڵ دانیشتوانەکانیدا بەست پەیکەرێکی بەدی کرد کە لەژێر گڵ دابوو دوایی بۆی دەرکەوت کە ئەوپەیکەرە هی جولەکەیەکەو کاتی خۆی ڕۆمەکان ژێر خاکیان کردوە، ئیتر ئیمامی عومەر بەچاکی کەواکەی دەستی کرد بە پاککردنەوەو سڕینەوەی پەیکەرەکە هاوەڵەکانیشی چاویان لە ئەو کردو زۆری پێ نەچوو بە تەواوی مەعالیمی پەیکەرەکەیان بەدیار خستەوە!

لەلایەکی ترەوە مێژووی موسوڵمانان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە شەریعەتی ئیسلام ڕێگادەدا بە نا موسوڵمانان کە مافی خۆیان لە ماقوڵترین و بەرزترین فەردی موسوڵمان وەربگرنەوە، ئەوەتا مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە جوولەکەیەك شکاتی لای ئیمامی عومەر لە حەزرەتی عەلی کرد (خودای لێ ڕازی بێ) کە ئیمامی عەلی و کابرای جوولەکە حازر بوون لەبەردەم حەزمتی عومەردا ئیمامی عەلی نەچووە شوێنی تایبەت بە تاوانبار کراوان بۆیە حەزرەتی عومەر ڕویکردە عەلی و فەرمووی: باوکی (حسن) هەستە بڕۆ تەنیشت کابرای شکات لێکەرت ڕاوەستە بە تەنیشت یەکەوە بەرامبەرم بوەستن ئیمامی عەلی خێرا فەرمانی حەزرەتی عومەری بەجێهێنا، بەڵام دیاردەی ناڕازی و پێ ناخۆشبوونی لە ڕوخساری دیارکەوت کە مەحکەمەکە تەواو بوو حەزرەتی عومەر ڕوی کردە ئیمامی عەلی و پێی گوت: بۆچی کە پێم گوتی باوکی حەسەن بچۆرە تەنیشت کابرای شکات لێکەرت ڕووت گرژ بوو پێت ناخۆش بوو بچیە تەنیشت کابرای جولەکەوە؟؟ حەزرەتی عەلی وتی نەخەیر! قوربان ئەوەم پێ ناخۆش بوو کە تۆ

ئەم کەنیشتەیە لەژێرچاو دێری ئەو مەسیحییانەدایە کە سەر بە ڕێبازی (الارثوردکس)ن بەڵام هەموو کۆمەڵ و تایفە مەسیحیەکانی تر بەشیان لەم کەنیشتەیەدا هەیە.

بەیەکسانی سەیرت نەکردین و بەمنت گوت: باوکی حەسەن.. مەبەستی ئەوە بوو وشەی باوکی حەسەن کونیەو رێز دەگەیەنێ.

جارێکی تر لە سەردەمی حەزرەتی عورمەدا کوڕێکی عەمری کوڕی عاص لە میسر لە گەنجێکی قیبتی دا گەنجە قیبتییەکە سوێندی خوارد وتی دەبێ لای خەلیفەی موسوڵمانان – حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب – شکاتت لێ بکەم! کوڕەکەی عەمر پێی گوت: منەتت نەبێ شکاتیش بکەی هیچ کارم تێ ناکا من کوڕی گەورە پیاوانم کوڕی عەمری کوڕی عاصم! رۆژان هاتن و رۆیشتن کاتی حەج هات خەلیفە عومەر لەگەڵ کۆمەڵێك لە یارانیدا سەرگەرمی ئەنجامدانی کارو باری حەج بوون، عەمری کوڕی عاص و کوڕەکەشی لەگەڵ دا بوون، کابرای قیبتی هات و چووە لای عومەرو روداوەکەی بۆ گێڕایەوەو وتی: قوربان! ئەم کوڕە بەناحەق لێی دام و وتیشی من کوڕی عەمری کوڕی عاصم و کەس ناتوانێ دەست بەردەستم بێنێ! حەزرەتی عومەر روی کردە عەمری کوڕی عاص و پێی گوت: ئەم ئادەمیزادانە کە بە ئازادی لە دایکبوون ئێوە چۆن دەیانکەن بە کۆیلەو زوڵم و ستەمیان لێ دەکەن! ئەمجار روی کردە کابرای قیبتی و قەمچییەکەی خۆی دایەو پێی گوت: هەستە چۆنی لێ داوی تۆش ئاوا لە کوڕی گەورە پیاوان بدەرەوە!!؟

بەڵێ بەم شێوە موسوڵمانان پەروەردەبوون رێبازی ڕاستەقینەی ئیسلامییان گرتبوو، ئایین هەموو هەستی داگرتبوون بەموو لێیان لانەدەدا، لە مێژوودا شتێکی وایان لێومباس نەکراوە کە لەگەڵ نا موسوڵمانان دا دەربارەی ئازادی ئایینی شایانی رەخنەلێ گرتن بێ! بەڵکوو مێژوو پڕیەتی لە باسی جوامێری و چاکەو لێبوردویی موسوڵمانان لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لەبیرو باوەڕدا لەگەڵیان نەبوون.

کاتێکیش زانست و زانیاری لەناویان بڵاو بووەوە نووسەرو لێکۆڵەرەوەیان تێدا هەڵکەوتن و کتێب و نووسراویان لەسەر یەك هەڵچنین و کتێبخانەیان پێك

هێنان، خۆیان لەخۆ نەگۆڕا هەر لەسەر یاسا ئاساییەکەمانەوە، بەڵکوو زیاتر ڕێزی زانا ئایینییەکانی تریان گرتووە بەخشش و دیاری زیاتریان داونێ، هەر کەسێ بیەوێ لەم بارەوە زیاتر ئاگاداربێ دەتوانێ سەیری کتێبی چەند بەرگی (الاغاني) هی ئەبولفەرەجی ئەصفەهانی بکا.

زانا موسوڵمانەکانی پێشوو (الفقهاء الأولون) لە هیچ بوارێکدا مافی ئەو نا موسوڵمانانەی کە لەناو وڵاتی ئیسلامدا دەژین و پێیان دەگوترێ ئەهلی ذیممە فەرامۆش نەکردوە، بەڵکوو لە کتێبەکانیاندا پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە رەفتارمان لەگەڵیاندا باش بێ پارێزگارییان بکەین. شێخی قەرافی[1] کە یەکێکە لە زانا شەرع زانەکانی ئیسلام لە کتێبی بەناوبانگی خۆی (الفروق) دەفەرموێ: پەیمان (ذمە) پەیمان بەستن لەگەڵ ناموسۆناندا چەند مافێکی ئەوان دەخاتە سەرشانی ئێمەی موسوڵمان چونکە ئەوان بەهۆی ئەم پەیمانەوە دەبنە دراوسێی راستە قینەمان و دەکەونە ژێر چاودێری ئێمەو بە ناوی خوداو پێغەمبەرو ئایینی ئیسلام پاراستنیان دەکەوێتە ئەستۆمان. هەر کەسێك دەستدرێژییان بکاتە سەر تەنانەت بابە قسەیەکی ناخۆش یان پاشملە باسکردنیان بێ ئەوە عەهدو پەیمانی خۆی لەگەڵ خوداو پێغەمبەرو ئایینی ئیسلامدا شکاندووە.

مامۆستای پایە بەرزی ئیسلام و شەرعزانی کەم وێنە (ابن حزم الاندلسي) لە کتێبی (مراتب الاجماع)دا دەڵێ: ئەگەر هات و کۆمەڵێك ناموسوڵمان بووونە ئەهلی (ذمة)و لەناو وڵاتی ئێمەدا ژیانیان بەسەربرد کۆمەڵێك ناموسوڵمان و کافر هاتنە سەریان و دەیانویست دەستدرێژییان بکەنە سەر پێویستە لەسەر موسوڵمانان پارێزگارییان لێ بکەن لە پێناو سەلامەتی ئەواندا دەبێ خۆیان بکەن بە قوربانی، چونکە ڕێگەدان بەوەی کافرە شەڕەنگێزەکان دەستیان بیانگاتێ و تووشی نارەحەتیان بکەن دەبێتە کەمتەرخەمی لە پەیمانی خودادا!

[1] ئەحمەدی کوڕی ئیدریسی کوڕی عبدولرحمن (٦٢٦ – ٦٨٤ ك = ١٢٢٨ – ١٢٨٥م).

بەشی نۆزدەهەم:

یاساو فەرمانڕەوایی لە ئیسلامدا (نظام الحكم في الإسلام)

دانەری یاساو فرمان هەر خودایە – حکوومەتی ئیسلامی تیوقراطی نییە – شورا – یەکسانی – داد پەروەری – فەرمانکردن بە چاکەو نەهی کردن لە خراپە – شەریعەتی ئیسلامی – برێ لەو پایانەی کە شەریعەتی ئیسلامی لەسەر بنیات نراوە – شەریعەتی ئیسلام دادی هەموو کۆمەڵێکی ئادەمیزاد دەداو کەمو کوڕی تێدا نییە – خەلافەتو فەرمانڕەوایی.

ئاشکرایە هەر خوێنەرێك لەو حوکمە شەرعییانەی قورئانی پیرۆز ورد ببێتەوە، بە دیقەت سەیری یاسای حوکمکردنو یاسای تۆڵەو سزاو پاداش، یاسای مامەڵەی دارایی، شێوەی رامیاری ناوخۆو دەرەکی بکا بۆی دەردەکەوێ کە قورئانی پیرۆز تەنها قانوونە سەرەکییەکانی ئەم شتانەو شتەکانی تری دەستنیشان کردوە لقو پۆپ لێکردنەوەی حوکمە جیاجیاکانو رۆچونو قوڵبونەوە بە دوا ئەحکامی جوزئیدا – بە تایبەتی ئەو حوکمانەی کە کۆمەڵانی ئادەمیزاد بە گوێرەی کاتو ساتو شوێن، راوو بۆچوونیان دەربارەیان جیاواز دەبێ! لێیان بێ دەنگ بووە، بەڵکوو هەر قاعیدە سەرەکیو بناخە گشتییەکانی بەکورتی هێناوە ئەو قاعیدانەی هێناوە کە بە گوێرەی کاتو شوێن جیاوازییان تێ ناکەوێ! بۆ نموونە لە یاسای حومکردندا قورئانی پیرۆز شێوازێکی تایبەتی بۆ چونیەتی حکومەتی ئیسلامی دانەناوە، شێوەی چۆنیەتی ئیدارەو ریکخستنی هێڵە گشتییەکانی دیاریکردووە کە یاساکەی لەسەر دەنەخشێنێ!!

هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەرژەوەندی کۆمەڵانی ئادەمیزاد بە گوێرەی دەورو کاتو شوێن دەگۆڕێن، زۆر یاسا بۆ ئەمڕۆ باشە بۆ سبەینێ کەڵکی نییە، بۆ سەردەمێك سود بەخشەو دادپەروەری تێدایە بەڵام بۆ سەردەمێکی تر بێ کەڵكو زەرەر ئامێزە، بۆ بەرژەوەندی ئەم کۆمەڵە باشە بەڵام بۆ ئەو کۆمەڵە بێ کەڵکە!! جا ئەگەر بێتوو پەروەردگار بهاتایە لە قورئاندا حوکمی هەموو شتێکی ورد بکردایەتەوە موسوڵمانان دەکەوتنە تەنگو چەڵەمەوە، لەبەر ئەوە حیکمەتی پەروەردگار وای هێناوە کە قورئانی پیرۆز تەنیا حوکمە سەرەکییەکان دیاری بکا، مەبدەئە گشتییەکان دەستنیشان بکا ئەو حوکمو مەبدەئانە رونبکاتەوە کە بە

گـوێرەی کـاتو شـوێن نـاگۆڕێن! دەستنیـشانکردنی لـقو پـۆپی ئـەو حـوکمو مەبدەئانـەی واز لێ هێنـاوە بـۆ ئـەوەی هـەموو گـەلو هۆزێـك بـە گـوێرەی بەرژەوەندی گشتیو تایبەتی خۆی حوکمو شێوەی ڕەفتارکردنی لەو جوزئییانـەدا بە کاربێنێ بە مەرجێك کە لەگەڵ گیانی یاسا گشتییەکەدا بەنەشاز دەرنەچێو لە چوار چێوەی حوکمە سەرەکییەکەی قورئاندا هاتۆ چۆ بکا!

هەر خودا دانەری حوکمو یاسایە (واضع الحکم هو الله):

بێگومان یەکەم بناغەیەك کە یاسای ئیسلامی لەسەر بنیات نـراوە ئەوەیە: کە دانەری حوکمو یاسا هەر خودایەو بەس! هیچ ئادەمیزادێك مافی ئەوەی نییـە کـە یاسـایەك دابهێنـێ دژی یاسـای خودابـێو لەگـەڵ گیـانی یاسـا خوداییەکـە نەگونجێ!!

بـەڵام ئـەو قەزییـەو روداوانـەی کـە دەقێکـی شـەرعی دەربارەیـان نـەهاتووە، قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) یاسـیان لێـوە نـەکردوە ئـەوە یاسـا دانان بۆ ئـەوجۆرە شـتانە – بـە فـەرمانی شـەریعەت خـۆی: حەواڵەی تێفکـرینو بۆچونی زانایانی ئایینو فەرمانڕەوایان کراوە ئەوانەی شیاوی یاسا دانـانو حـوکم دەرهێنـانو ئـەهلی ئیجتیهـادن دەتـوانن چارەسـەری ئـەو جـۆرە شـتانە بکـەن بـە مەرجێك لە چوار چێوەی گیانە قورئانییەکەدا بێ!

بەڵگە لەسەر ئەوەی یاسا دانـان هـەر هـی خودایـەو کەسـی تـر مـافی ئـەوەی نییە حوکم دابنێ ئەم فەموودەیەی قورئانە کە دەفەرموێ:

{إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ - سورة يوسف – ٤٠}.

واتـە: مـافی یاسـادانان تـەنها بـۆ خودایـەو کەسـی تـر ئـەو مافـەی نییـە، پـەروەردگار فـەرمانی پێکـردوون کـە هـەر عیبـادەتی ئـەو بکـەنو گـوێ ڕایـەڵی حوکمو یاسای کەسی تر نەبن.. لە شوێنێکی تردا بە پێغەمبەر دەفەرموێ:

{إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَـا أَرَاكَ اللّـهُ - سـورة النساء – ١٠٥}.

واتە: ئەی پێغەمبەر! ئێمە قورئانمان بەسروش بۆ ناردووی – هیچ گومانی تێدا نییە – بۆ ئەوە حوکمڕانی نێوان گرۆهانی ئادەمیزاد بکەی بەو شێوەی کە خودا نیشانی داوی‌و فێری کردوی.

لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار داوا لە موسوڵمانان دەکا کە شوێن شەریعەتەکەی بکەون‌و هەرشتێك کە دژایەتی شەریعەتی خودا بکا وازی لێ بهێنن‌و دەست بەرداری بن. ئەوەتا دەفەرموێ:

{اتَّبِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلاَ تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِ أَوْلِيَاء قَلِيلاً مَّا تَذَكَّرُونَ - سورة الأعراف – ٣}.

لەم سێ ئایەتەی سورەتی مائیدەدا پەروەردگار زۆر زەق‌و ئاشکرا دەرچون لە چوار چێوەی دەقە شەرعییەکانی کردوە بە هۆکاری تاوانێکی گەورەو گوێ پێنەدانی بە تاوانی کوفرو زوڵم‌و فیسق حسێب کردوە ئەوەتا دەفەرموێ:

{وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ -سورة المائدة–٤٤}.

{وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ -سورة المائدة–٤٥}.

{وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ - سورة المائدة–٤٧}

لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار سوێند بە زاتی خۆی دەخواو دەفەرموێ: ئێوە موسوڵمان نین‌و بە موسوڵمان حسێب ناکرێن هەتا واتان لێ نەیە کە حاڵەتێکی وایان تێدا پەیدا ببێ ئەگەر نیزاع‌و کێشەیان تێکەوت خێرا پەنا بۆ پێغەمبەر بەرن‌و ئەو بکەن بە دادوەرو چی بۆ دانان هەموو لایەکیان پێی رازی بن‌و دڵیان پێی ئاو بخواتەوە دەفەرموێ:

{فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا - سورة النساء – ٦٥}.

هەر موسوڵمانێك خۆ بە موسوڵمان بزانێ‌و جگە لە حوکم‌و قانوونی خودا حوکمی تر هەڵبژێرێ‌و بەلایەوە باش بێ ئەوە موسوڵمانێکی سەر لێ تێکچووەو گومڕایە:

{وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا - سورة الأحزاب – ٣٦}.

لە تایبەتمەندی مافی حوکمدانان‌و یاسادانان (تشریع) بە خوداو بەس، دوو ئاکامی گرنگ سەرهەڵدەدەن.

ئاکامی یەکەم: جێگیربوونی یاسا شەرعییەکان‌و بەردەوام بوونیان‌و کارپێکردنیان فەرمانڕەوا بگۆڕێ یان نەگۆڕێ ئەو یاسایانە ثابت‌و کارپێکراون. بەڵام لەیاسا دانراوەکانی مەردوم خۆی دا وەها نییە چونکە ئەو یاسادانەرانە کە یاسا دادەنێن بەرژەوەندی بیرو ڕای خۆیان بەرچاو دەگرن‌و خزمەتکردنی ئەو ڕێکخراوو کۆمەڵانەی خۆیانیان مەبەستە، پاراستنی ئەو مەبادیئە کاتیانەی خۆیان بەلاوە گرنگە، بەرژوەندی کۆمەڵانی ترو چینی داهاتوویان بەلاوە مەبەست نییە، کەوابوو هەر چینە بەپێی بەرژەوەندی خۆی یاسا دادەنێ‌و قانوون دەگۆڕێ ئەم دیاردەیەش دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵك سیقەی بەو جۆرە قانوونانە نەمێنێ‌و ڕێزیشی لێ نەگرن.

ئاکامی دووەم: ڕێزگرتنی یاسا شەرعییەکان‌و هەبوونی سیقە پێیان لەو ڕووەوە کە دەستکردی گردگارن‌و لە سەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵاون کە بەسەر هەموو شتێکدا ئاگادارەو بەرژەوەندی هەموو کەسێکی لە هەموو کات‌و زەمانێکدا لە بەرچاو گرتووە، ئەم بڕوایە بۆ خۆی دەبێتە هۆی ئەوە کە ڕێز لەو جۆرە یاسایە بگیرێ، چونکە پەیڕەوکردن‌و ڕێڕەویکردنی ئەو یاسایانە بە خودا پەرستی حسێب دەکرێ‌و بەپێچەوانەوە لادان لەو ڕێبازە بە سەرپێچیکردنی خودا دەژمێردرێ‌و دەبێتە هۆی سزای دونیاو قیامەت.. قورئانی پیرۆز لەچەند شوێنێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، هەموو شەریعەت‌و یاسایەکیش لە جیهاندا بەهاوڕێزی بەئەندازەی کاریگەری لە دەروونی شوێنکەوتووانیدا پێوانە دەکرێ! چەند خەڵك سیقەیان بەو یاسایانە بێ‌و ڕێزیان لێ بگرن ئەوەندە ئەو شەریعەتە پلەی تەقدیسی زیاد دەبێ.

حکوومەتی ئیسلامی حکوومەتێکی تیوقراطی نییە[1]:

ئاشکرایە حوکوومەتی ئیسلامی بە گوێرەی شەرعی خودا کارەکانی بەڕێوە دەبا، بەرنامەی ئیسلام کە قورئانی پیرۆزە پەیڕەو دەکا! کەوابوو ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە حکومەتی ئیسلامی لەسەر بنەمایەکی تیوقراطی دامەزرابێ، واتە: حکوومەتێکی ئایینی بێ، چی دەکا ویستی خودایەو لەجێی خۆی دایەتێ! دیارە ئەم فیکرەیە فیکرەیەکی دوور لە بەرنامەی ئیسلامەو شەریعەتی ئیسلام شتی وای تێدا نییە! ئەم حکوومەتە دینییە کە لەسەر بنەمایەکی ئاوەها دروست بێ، فرمانڕەوا بە ئارەزۆی خۆی قانوون و یاسا داتاشێ لەو فیکرە ئایینییە کۆنانەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ کە پیاوە ئایینییەکان و فرمانڕەواکان ئیددیعای ئەوەیان دەکرد کە دەسەڵاتیان لە خوداوە پێدراوەو هەرچی دیکەن ویست و ئیرادەی زاتی بێچوونە.

بەڵام حکوومەتی ئیسلامی بریتییە لەو شەریعەت و یاساو قانوونەی کە قورئان هێناویەتی، کە هەرگیز چەوساندنەوەی تێدا نیەو فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی تێدا تایبەت نییە بە کۆمەڵێک و بڕێکیش لێی مەحروم بن، بەڵکوو ئەرکی سەرشانی گەلە هەموویان تێکڕا تەنفیزی بڕگەکانی بکەن و هەموو کەس بەرامبەر ئەو یاسا ئاسمانییە یەکسانەو کەس لە کەس زیاتر نییە مەگەر بە زێدە

[1] تیوقراطی: بە هەموو ڕێبازێك دەگوترێ کە سوڵتەی سیاسی بگەڕێنێتەوە بۆ سەر بناغەیەکی ئایینی یان غەیبی... تیوقراطی بەسێ شێوە دەخرێتە ڕو:

أ) کە فرمانڕەوا پێی وابێ بۆ خۆی لە توخمی خودایەو لەو تەبیعەت و سروشتە کەوتۆتەوە! ئەم تیوورە لە سەردەمە شارەستانییە کۆنەکانی هیندو میصرو چیندا بەربلاوبووە.

ب) ئەو تیوورەی کە دەڵێ: خودا ڕاستەو خۆ خۆی حاکم هەڵدەبژێرێ.

ج) ئەو تیۆرەی کە دەڵێ: خودا ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوا هەڵدەبژێرێ و واتە پەروەردگار ڕوداوو کۆمەڵ وا ڕام دەکا کە بنەماڵەیەکی تایبەت مافی ئەوەیان هەبێ فەرمانڕەوایان تێدا هەڵبکەوێ.

خودا پەرستی! چونکە لە ڕوانگەی قورئانـەوە ئـادەمیزاد لەسـەرزەوی جینێشینی خودایەو ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی زەوی خراوەتە ئەستۆی:

{وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً-سورة البقرة -٣٠}.

هەروەکوو چۆن لە ڕوانگەی قورئانەوە گەلو جەماوەر سەرچاوەی دەسەلاتو فەرمانڕەواییـە، هـەموو کاتـێ بـەر پرسـیارە بەرامبـەر تـەنفیزکردنی بەرنامـەی قورئان: بۆیە پەروەردگار ڕوو دەکاتـە موسـوڵمانان بـەتێکڕاو فـەرمانیان پـێ دەکا کە حوکمەکانی قورئان تەنفیز بکەن:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى-سورة البقرة/١٧٨}.

یان دەفەرموێ: {وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا ...الخ}ز

پیاوو ئـافرەت ئەگـەر دزیـیان کـرد دەسـتیان بـبڕن! دیـارە ئـەم دەسـت بڕینـە چەند مەرجێکی هەیە ئەگەر ئەو مەرجانـە نەیەنـەجێ دەسـتی دز نـابڕدرێ! جا لە کاتێکدا ئەنـدامانی گـەل هـەموویان نـاتوانن ئـەو ئەرکـەی سەرشـانیان ئـەنجام بـدەن، پـەروەردگار فـەرمانی پێکـردوون کـە کەسـانی وا هەڵبـژێرن بتـوانن ئـەو ئەرکە ئەنجام بدەن، پێویستیشە ئـەو هەڵبژاردنـە بەشـێوەی ڕەزامەنـدیو ئـازادی بێ، فرتو فێڵو تەزویری تێدا بـەکار نـەهێنرێ، ئـەمجار ئـەو کەسـانەی کـە گـەل هـەڵیان دەبـژێرێ بـۆ بـەڕێوەبردنی وڵاتو سـەرۆکایەتی گـەل، دەبـێ ملکەچـی ڕەقابەی گەل بنو هەڵسو کەوتیان بـۆ بەرژەوەنـدی ئـەوان بـێ، لـە هـەمان کاتـدا ئەرکی سەرشـانی (گـەل)یـشە کـە فەرمانبـەرداری ئـەو سـەرۆکایەتییە بـن چونکە ناوی ئەوانەی ناوە (أولو الامر)و فەرمانی پێکردوین گەرندکەچی فەرمانیان بین.

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً - سورة النساء – ٥٩}.

لـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا پـەروەردگار فـەرمانی کـردوە بـەوەی ئـادەمیزادانی موسوڵمان گەردنکەچی فەرمانەکانی بنو قورئان بکەن بەڕابەرو بەرنامە، چونکە

قورئان هەموو ئەمرو نەهییەکی یەزدانی لەخۆ گرتووەو سەرچاوەی یەکەمە بۆ تەشریع. لەهەر روداوێکدا ئەو باسی کردبێ دەقەکەی تەنفیز بکرێ هەتا لەمدا رێنومایییمان دەست بکەوێ پەنا بۆ شتی تر نابەین.

ئەمجار فەرمانی کردوە کە گوێ بیسی فەرمانەکانی پێغەمبەر بین چونکە ئەو حەدیسانەی پێغەمبەر حوکمە شەرعییەکانو مەبەستەکانی قورئانمان بۆ رون دەکەنەوە، ئەو مەبەستو حوکمانەی کە لە قورئاندا باسکراون... کەوابوو فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) - کە بەراستی لەوەوە گێڕدرابێتەوە —پلەی دووەمی سەرچاوەی شەریعەتن.

ئەمجار پەروەردگار رینومایی کردوین بۆ سەرچاوەی سێیەمو فەرمانی پێ کردوین! وەکوو چۆن پەیڕەوی قورئانو حەدیس دەکەین بەو جۆرەیش پەیڕەوی ئەم سەرچاوە سێیەمە بکەین کە ئەویش بە گوێکردنی کۆمەڵی ریش سپیو زاناو لێپرسراوو عاقڵمەندانن کە بە عەرەبی پێیان دەگوترێ: (أهل الحل والعقد) ئەوانەی کە تاکەکانی کۆمەڵ دەچنە لایانو پرسو رایان پێ دەکەن، راوو بۆچونی ئەو کۆمەڵە بەراوو بۆچونی گەل دەژمێردێ.

مامۆستا شێخ (محمد عبده) لە ڕاڤەی (أولي الامر منكم)دا دەفەرموێ: مەبەست بە (أولو الامر) کۆمەڵی کاربەدستانی موسوڵمانن کە بریتین لە فەرمانڕەوایانو کاربەدەستانو زانایانو سەرلەشکرو سەرەك خێڵو دادەوەرانو لێپرسراوانی باڵای وڵات، ئەوانەی کەپرسو رایان پێ دەکرێ لە کارو باری وادا کە بەرژەوەندیی گشتی تێدابێ!! جا ئەم زانایانە هەر کاتێ دەربارەی شتێك رای خۆیان دا، دەبێ جەماوەر بە قسەیان بکاو ملکەچی فەرمانەکەیان بن بە مەرجێك ئەوان موسوڵمانو خودا پەرست بنو لە کۆمەڵی خۆمان بنو فەرمانەکەیان پێچەوانەی فەرمانی خوداو فەرموودەکانی پێغەمبەر نەبێ، هەروەها بە مەرجێك ئازادو سەربەست بن لە لێکۆڵینەوەو یەکدی گرتنو دەربڕینی رایەکەیاندا، هەروەها دەبێ ئەوکارەی ئیجماعی لەسەر دەکەن شتێك بێ جێگای تێفکرینو لێکۆڵینەوە بێ، کارێك بێ بەرژەوەندی گشتی تێدا رەچاو

بکرێ، شتێك نەبێ دەربارەی عەقیدەو عیبادەت، چونکە ئەوشتانەی پەیوەندییان بە عەقیدەو عیبادەتەوە هەبێ (ئیجماع) یان تێدا بەکار ناهێنرێ.

ئەو زاتانەی کە ئیجماع دەکەن وەکوو ئەنجوومەنێکی باڵای گەل وان دڵسۆزی گەلو نیشتمانن هەموو دەم بەرژەوەندی گەل پێش چاو دەگرن، رامیاری گەلو وڵات لەکاتی ئاشتیو شەڕدا رانومایی دەکەن! لەبەر ئەوە هەر کاتێ ئەمانە لەسەر کارێك رایان یەك کەوت پێویستە جەماوەر گەرندکەچی فەرمانەکەیان بنو کار بەدەستو فەرمانڕەواش جێبەجێی بکەن. ئەگەر سەرپێچی کرد لە کار دەخرێ.

کۆبوونەوەی ئەو زاتانەی — کە قورئان بە (أولى الأمر) ئاماژەی بۆ کردوون لە شەرعدا پێی دەگوترێ: (ئیجماع) ئەمەش سەرچاوەی سێیەمە بۆ شەریعەتی ئیسلامو هەر کاتێ بۆ رووداوێك دەقێکی قورئان یان حەدیث نەبوو پەنای بۆ دەبرێ!

هەر کاتێکیش کێشە کەوتە نێوان ئەو زاتانەی کە (ئیجماع) یان لێ پێك دێ پەروەردگار رێگایەکی راستو رەوانی بۆ داناون بۆ ئەوەی کۆتایی بە کێشەکەیان بێنن ئەوەیش بە گەڕانەوەیان بۆ یاسا گشتییەکانی ئایینو تێفکرینو دۆزینەوەی هۆکارەکانو تاوو توێکردنی ئەم رووداوە بە روداوێکی ترو پێك گرتنیان بەیەکتریو وەرگرتنی حوکمی پێویست دەربارەی لەم بارەوە قورئان دەفەرموێ:

{فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ - سورة النساء — ٥٩}.

رانواندنی کێشە بۆ سەریاسا گشتییەکانی ئایین پێك گرتنی کارەکان بە یەکترو لەلایەن کۆمەڵێك لە لێزانو شەرعزانو سیاسەتمەدارو پیاو ماقوڵو زانایان، ئەمەش پێی دەگوترێ: (القیاس) ئەمەش کراوەتە سەرچاوەی چوارەم بۆ تەشریع، ئەمەش لە کاروبارێکدا دەبێ کە یاسای چۆنیەتی پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵ بەیەکترەوە دیاری دەکا، بەڵام دەربارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی کارە خودا پەرستییەکانی وەکوو نوێژو رۆژوو حەجکردنو زەکات دان ئەوە هەموو موجتەهدێك رای وەردەگێرێو هەر موسوڵمانێك دەتوانێ شوێن ئەو موجتەهیدە بکەوێ کە متمانەی بەزانیارییەکەی هەیە.

بەگوێکردن و پەیڕەوکردنی خاوەن دەسەڵات (أولو الأمر) نابێ لە سنووری فەرمانی خوداو پێغەمبەر دەچێ هەر کەسێك بە گوێرەی فەرموودەی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر فەرمانی کرد بەگوێکردنی پێویستە کەسێکیش بە پێچەوانەی قورئان و حەدیث فەرمانی کرد بە گوێی ناکرێ و قسەی نابیسرێ!! لەم ڕووەوەیە کە پێغەمبەر دەفەرموێ: (لا طاعة لأحد في معصية الله انما الطاعة في المعروف).

واتە: بەگوێی هیچ کەس ناکرێ لەسەرپێچیکردنی فەرمانی خودادا، تەنیا لە چوارچێوەی خودا پەرستی و چاکەکاری بە گوێی فەرمانڕەوا دەکرێ.

خوێنەری هێژا لێرە بەولاوە بڕێ لەو کڵ و پایانەی کە دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر بنیات دەنرێ دەخەینە ڕوو یەکە یەکە شییان دەکەینەوە.

شوڕا (الشورى):

١- ڕاوێژو شوڕا (الشورى):

خوێنەری هێژا! لەوەپێش وتمان: پەروەردگار بەگوێکردن و گوێڕایەڵی کاربەدەست و لێپرسراوانی بە پێویست داناوە، هەرشتێك ئەم زاتانە پێی ڕازی بون و بەلایانەوە پەسەند بوو بەرژەوەندی کۆمەڵ و وڵاتی تێدابوو دەبێ بەقسەیان بکرێ، پەروەردگار بۆ ئەو لێپرسراوو شەرعزان و کاربەدەستانە یاساو نیزامێکی ڕاست و دروستی بۆ داناون بۆ ئەوەی نەکەونە هەڵەوەو وڵات بەرەو هەڵدێرو وێران بوون نەبەن! ئەو یاساو نیزامەش قانوونی (ڕاوێژ) شوڕایەو ڕاوەرگرتن و توێژینەوەو تێفکرینە، ئەمەش ئەمڕۆ بووتە بناغەو پایەیەکی پتەوی سیستەم و نیزامی دیموکراتی!

ڕاوێژو پرس و ڕا یاسایەکە لە یاساکانی شەریعەتی ئیسلامی! هەر لەبەر گرنگی و پیرۆزییە کە لە قورئاندا سوورەتێك ناونراوە سوورەتی (شوڕا) لەو سوورەتەدا پەروەردگار مەدحی ئەو موسوڵمانانە دەکا کە بە مەشۆرەت و ڕاوێژ کاروباری خۆیان ئەنجام دەدەن و دەفەرموێ:

{وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ - سورة الشورى -٣٧}.

ئەوەتا پەروەردگار راوێژو مەشوۆرەتکردنی کردۆتە هاوشانی نوێژ کردنو زەکات دان بۆ ئەوەی لە موسوڵمانانی بگەیەنێ کە راوێژکردنو راوەرگرتن لە نێوان کاربەدەستانی موسوڵمانان دا کارێکی گەلێك گرنگو پیرۆزەو بناغەی ئایینی ئیسلامە... ملهوڕیو دیکتاتۆری هەرگیز کاری موسوڵمانان نییە، نابێ نەمخووە ناشیرینەیان تێدابێ.

لە شوێنێکی تردا روبەری پێغەمبەر دەفەرموێ:

{فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ - سورة آل عمران -١٥٩}.

لێرەدا خودای گەورە فەرمان بە پێغەمبەر دەکا کە لە کاروباری گشتیدا مەشوۆرەت بەیارانی بکاو راوو بۆچونیان وەربگرێ. مێژووش بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) پێش ئەوەی بچێ بۆ غەزای (ئوحود) راوێژی بە موسوڵمانان کردو ئەوانیش رایان وادا کە بۆ شەڕکردن لەگەڵ دوژمندا بچنە دەری شار، جا هەر چەندە پێغەمبەر بۆ خۆی رای وابوو کە لەشار دەرنەچنو لەمەدینەدا بمێننەوەو بەرگری لە خۆیان بکەن، بەڵام هاتە سەرەڕای هاوەڵانیو ئاکامی راوێژکردنەکەی وەرگرتو بەرەو کێوی ئوحود کەوتنە ڕێ، ئەوەبوو شەڕی ئوحود لە نێوان موسوڵمانانو کافرەکانی قورەیش دا بەرپا بوو، بە تێشکانی موسوڵمانەکان کۆتایی هات... کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پەروەردگار بە پێغەمبەر دەفەرموێ:

{ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ }.

واتە: ئەی پێغەمبەر! ئاگاداربە ئاکامی راوێژکردنەکەت تۆ وا لێ نەکا کە واز لە راوێژکردن بهێنی، بەڵکوو هەموو کات لەسەر راوێژکردن بەردەوام بەو فەرامۆشی مەکە! ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە پەروەردگار دەیەوێ کە موسوڵمانان راوێژکردنو پرسو را بکەنە بناغەی سیاسەتی خۆیانو ئاکامی راوێژکردن چی بوو بە دڵێکی فراوانەوە وەری بگرنو کەس ملهوڕیو دیکتاتۆری تێدا بەکار نەهێنێ.

جا لە کاتێکدا راوێـژکردن لەسـەر پێغەمبـەر پێویـست بووبـێ کـە نموونـەی زیرەکـیو عاقڵمەنـدی بـووە، نیگـای پـەروەردگاری بـۆ هـاتووە دیـارە راوێـژکردن لەسەر ئادەمیزادی تر پێویستترە، تەنانەت برێ لە زانایانی ئیسلام پێیان وایە کە پێغەمبەر پێویستی بە راوێژ نەبووە، خۆ ئەگەر یەزدان نەیویـستایە راوێـژ بکاتـە بنەمایەکی سەرەکی بەڕێوەچوونی کاروباری موسـوڵمانان فـەرمانی بـە پێغەمبـەر نەدەکرد کە راوێژ بکا! شتێکی سەلمێندراوە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) لە زۆر لەو شتانەی کە قورئان باسی لێوە نەکردوە راوێژی لەگەڵ هاوەڵانیـدا کـردوەو ئاکـامی راوێژکردنەکە چۆن بووە پەیڕەوی کردوەو جێبەجێی کردوە!

ئەو راوێژکردنەی کە ئیسلام بە پێویستی دانـاوە ئـەوە ناگەیـەنێ کـە هـەموو کەسـێك شـیاوی ئـەوە بـێ راوێـژی لەگـەڵ بکـرێ، یـان راوێـژکردن بـۆ زوربـەی جەماوەر بێ، چونکە قورئان لە چەند ئایەتدا ئـەوە دەچەسـپێنێ کـە رادروسـتیو لێزانی زانیاری سیفەتی زوربەی جەماوەر نییە بە گشتی، بەڵـکوو ئـەو سـیفەتانە هی چەند کەسێکی کەمی ناو کۆمەڵن، واتە: ئەندامانی ئەنجوومەنی راوێژ چـەند زاتێکی تایبەتی ناو کۆمەڵن...

{وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللّهِ إِن يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَخْرُصُونَ - سورة الأنعام – ١١٦}.

ئەی پێغەمبەر! ئەگەر تۆ بە گوێی زوربـەی دانیـشتوانی سـەرزەوی بکـەی لـە رێگـەی راسـتی خـودا لات دەدەنو توشـی هەڵـدێرت دەکـەن! ئەوانـە شـوێن شـكو گومان دەگەونو بە گۆترەو هەوانتە قسە دەکەنو رادەردەبرن. یان دەفەرموێ:

{أَمْ تَحْسَبُ أَنَّ أَكْثَرَهُمْ يَسْمَعُونَ أَوْ يَعْقِلُونَ إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا - سورة الفرقان – ٤٤}.

بۆتۆ پێت وایە کە زوربەی ئەو خەڵکە راستی دەبیسنو هۆشو تێگەیشتنیان هەیە؟! ئەوانە وەکوو ئاژەڵ تێنەگەییشتونو بەڵکوو سەر لێ شێواو تریشن.

جا کە بەگوێکردنی زورینەی نەزانو تێنەگەیشتو رێگای راست لـە ئـادەمیزاد هون بکا، دیارە ئەو زۆرینەیە شیاوی ئەوە نین ئەنـدامی ئەنجوومـەنی راوێـژ بـن.

بەڵکوو راوێژ پلەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتییە دەدرێتە ئەوانەی کە لێزانو خاوەن ئەزمونو عەقڵو زانستو هۆشن. ئەوەتا خودا دەفەرموێ:

{وَإِذَا جَاءهُمْ أَمْرٌ مِّنَ الأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُواْ بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُوْلِي الأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ - سورة النساء -٨٣}.

واتە: کە رووداوێك یان هەواڵێکی سەرکەوتنی موسوڵمانان یان تێشکانیان دەهات کۆمەڵێك لە موسوڵمانی ساویلکەو کورت بین خێرا بەبێ سێو دوو بڵاویان دەکردەوە ئەمەش زەرەری لە بەرژوەندیو ستراتیجیەتی موسوڵمانان دەدا، خۆئەگەر ئەو نەفامانە وازیان بێنایەو لێ بگەڕانایە پێغەمبەرو لێپرسراوانو کار بەدەستان ئەم کارەیان ئەنجام بدایە ئەوە ئەوان دەیانزانی کام هەواڵە شیاوی بڵاوکردنەوەیە بڵاویان دەکردەوە ئەوی بەکاری بڵاوکردنەوەش نەهاتایە بڵاویان نەدەکردەوە.

کەوایە ئەوانەی شارەزای کاروبارنو لێزانو خاوەن ئەزمونن شیاوی پرس پێکردنو راوێژن نەك ئەوانەی کە نەزانو بی ئەزمونن:

{هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ - سورة الزمر -٩}.

خوێنەری هێژا! پەروەردگار راوێژکردنی بەکارێکی پێویست داناوە بۆ موسوڵمانان، بەڵام چۆنیەتی راوێژکردنەکەی رون نەکردۆتەوە، چونکە قوڵبوونەوە لە یاساو چۆنیەتی راوێژ کردنەکە بە گوێرەی رۆژگارو گۆڕانی کۆمەڵو شوێنو جێگا دەگۆرێ، کەوابوو دادپەروەری ئەوەیە کە خودی راوێژکردن بە پێویست دابنرێ بەڵام چۆنیەتیەکەی بدرێتە دەست خەڵکەکەو هەر گەلو نەتەوەیەك بە گوێرەی رۆژگاری خۆیو رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی بەکاری بهێنێ.

یەکسانی (المساواة):

نەتەوەکانی جیهان هەر لە رۆژگاری پێش هاتنی ئیسلامەوە تاکۆتایی سەدەی هەژدەهەمینی زایینی کە شۆڕشی بەناوبانگی فەرەنسای تێدا بەرپابوو

جیاوازییـەکی زۆریـان دەخـستە ناوچـینەکانی کۆمەڵـەوە لـە (ئینـسیکلۆبیدیای لاروس)دا هـاتووە دەڵـێ: لـە سـاڵی (١٧٨٩ ز) جیـاوازیو چـینایەتییەکی زۆر لـە وەرگرتنی وەزیفە گشتییەکاندا بەرچاو دەکەوتو هیچ رەقابەو سانسۆرێکیش لە گۆڕی نەبوو! ئیتر وەزیرەکانی لویسی شانزەهەم زۆر هەوڵو کۆششیان دا کە کارو باری وڵات رێك بخەنو قەڵاچۆی چینایەتی بکەنو ویستو ئاواتی گەلەکەیان دەستەبەر بکـەن بـەڵام سـەرکەوتوو نـەبوونو توشـی بەرەنگارییـەکی سـەر سەختانەی پیاوە ئایینییەکانو دەرەبەگەکان بون، ئیتر جەماوەر ناچار بوو بیر لە رێگا چارەیەکی تـر بکەنـەوە ئـەویش بـەرپا کردنـی شورشـێکی بنەڕەتییـە کـە کۆمـەڵێك لێپرسـراوی یاسا خـوازو دڵسۆز دابنـێ لـە شـوێنی ئـەو کۆمەڵـەی کـە ملـهوڕیو دەرە بەگایـەتیو بـەهۆی یاسـای چـینایەتی ئـەو کورسـییانەیان داگیرکردون.

شتێکی ئاشکراشـە کـە شۆڕشـی فەرەنـسا گـەلێك گۆڕانکـاری ئیـصلاح ئـامێزی هێنایـە کایـەوە، هـەر ئـەم شۆڕشـەش بـۆ گـەلو نەتـەوەکانی ئـەوروپای لەخـەو بێدارکردنـەوەو ئەوەنـدەی نەخایانـد هـەموو ئـەو نەتەوانـە دژی کاربەدەسـتو لێپرسراوانیان شۆڕشیان پـەرپا کـردو داوایـان لـێ کـردن کـە چاو لـە حکوومـەتی فەرەنـسا بکـەن مـافی ئـازادی بـدەن بـە گەلـەکانیان بـڕێ لـە ئایینـەکان یاسـای چـینایەتییان بـەلاوە رەوایـە وەکـوو ئـایینی (بەراهیمـە) کـە کۆمـەڵ دەکاتـە چواربەشو چـینی هـەر ژوروشـیان چـینی بەراهیمـەکان یـان کاهینـەکانن، چـینی خواروشیان مسکێنو کەچەڵو گروێکانن، بۆ ئـەوەی ستەمی ئـەم یاسایە بـزانین دەتـوانین بگەڕێنـەوە بـۆ یاسـا دانـەرێکی ئـەم ئایینـە کـە (Monou) یـە، دەڵـێ: بەرهەمی دەبێ رێزی لێ بگیرێ بەهۆی بنەچەو بنەماڵەیـەوە، هـەروەها بەرهـەمی دەتوانێ – هەرکاتێ ویستی – ماڵو سامانی ئەو مسکێنو رەشو روتانـەی کۆمـەڵ داگیربکا، چونکە کۆیلە خۆی مـاڵو دارایـی هـی گەورەکەیـەتی، هـەموو یـەکێ لـەم چینە بەش خوراوە نەگبەتە نابێ خەریکی ئایین یان خوێندنو زانست بێ ئەگەر

شتی وای کرد سزای بەنێشی دەدرێ بەم جۆرە کە قورقوشمی تواوە دەکرێتە گوێچکەیەوە یان زمانی دەبڕدرێ یان ئەندامێکی گرنگی دەبڕدرێ.

جولەکەکانیش پێیان وابوو خۆیان بە تەنیا کوری خوداو خۆشەویستن لە تەشریعاتو یاساکانیاندا جوداوازییان خستۆتە نێوان خۆیانو ئەوانەی جولەکەنین، سودو فائیزیان لەناو خۆیاندا قەدەغە کردبوو، بەلام ئەگەر خۆیان لەگەڵ کەسانی تردا کڕینو فرۆشتنی ریبا ئامێزیان بکردایە قازانجەکە بۆ خۆیان بێ ئەوە بە رەوایان زانیوە (گەلێ ئەڵمانی نازی)یش پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ئەو پەڕی زیادە رەوییان لە رەگەز پەرستیدا بەرپا کرد، گەلیان دابەشکرد بۆ چەند چینو توێژێكو گەلی (ئاری)یان لە هەرە خانەی بەرز دا داناوە، نەتەوە دیموکراتییەکان کە لافی ئەوە لێ دەدەن کە جیهانی ئادەمیزاد قەرزدارییانەو گوایە بنەمای یەکسانی ئەوان دایان هێناوە! کەچی تا ئێستاش لە قانوونو سیاسەتو رامیارییاندا بە پێچەوانەی ئەو شیعارە هەڵسو کەوت دەکەن، ئەوەتا لە برێ هەرێمی ئەمەریکاو بڕی شوێنی ئەفەریقا رەش پێستەکان کەمترین مافیان نادرێتێو وەکوو ئادەمیزاد سەیر ناکرێن.

ئەگەر بەوردی سەیری ئەو شەرعو یاسایانە بکەین کە ئیسلام دایناوە بۆ پیادەکردنی یەکسانی دەبینین کە هیچ شەریعەتێکی ئاسمانی یان دانراوی ئادەمیزاد نەگەییشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئیسلام پێی کەیشتووە! ئەوەتا ئیسلام یەکسانی هەموو ئادەمیزادانی لەبەرامبەر قانووندا چەسپاندووە، هەروەها یەکسانی هەموو مرۆڤێکی لە مافەگشتییە رامیارییەکانو شتی تریشدا راگەیاندووە، ئەوەی چەسپاندووە کە هیچ زێدەرێزێك نییە بۆ عەرەبێك بەسەر ناعەرەبێکدا هەروا زێدەرێزی سپی پێست بەسەر رەش پێستدا نییە، ساماندار زێدەرێزی بەسەر هەژاردا نییە، پیاو ماقوڵو هەتیو مچەیەك لەبەرامبەر یاسادا چون یەکن! ئابەم یاسا مرۆڤ دۆستانەی ئیسلام توانی قەلاچۆی یاسای چینایەتی

بکا، شێوازی جوداوازی لە نێوان چینەکاندا دەربارەی مافو ئەرك (الحقوق والواجبات) یەکسان بکا، خودا دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ - سورة الحجرات – ١٣}.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار هەموو ئادەمیزاد بانگ دەکا بۆ بەرپاکردنی یەکسانی! قورئان بانگی هۆزێك یان نەتەوەیەك ناکا بەڵکوو بانگی هەموو ئادەمیزاد دەکا کە نەوەی (ئادەمو حەوا)نو پێیان دەڵێ ئێمە ئێوەمان لە نێرمێیەك دروست کردوە، جا کە باوکی هەموویان (ئادەم)بێو دایکیان (حەوا)بێ، کەوابێ هیچ کەسێك بۆی نییە لە بارەی نژادەوە لافی زێدەرێزی لێبدا! ئەمجار ئەو خەڵکە کە بە جیهاندا بڵاو بونەوەو بەهۆی لێك دور کەوتنەوەیان زمانو رەنگیان لێك جواداوازە ئەمە نابێتە هۆی ئەوە کە لە برایەتی یەکتری بشۆرێن، دژایەتی یەکتری بکەن. بەڵکوو ئەم جوداوازی زمانو رەنگو شێوەیە دەبێ ببێتە هۆی یەکتر ناسینو دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان. **{وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا}** یەکتر ناسین دەبێتە هۆی وەگری بونو خۆشەویستیو هاریکاری یەکترکردن بۆلابردنی ئەو کۆسپانەی کە دێنە سەر رێگای ژیان.

ئالێرەدا دەروونی ئادەمیزاد هەست بە بەرزی ئەم ئایینە دەکا، بە جۆرێك کە ئەم هەستە پاڵ بە هەموو کەسێکەوە دەنێ بۆ وەرگرتنی، بەبێ سێو دوو – ئەگەر دەغدەغەی رەگەز پەرستی کوێرانە نەبێ! هەموو گەلێك خۆی بەشایانی رابەری ئادەمیزاد دەزانێو هەموو کەسێك خۆی بەلاوە باشترە لە کەسانی دیکە. ئالێرەدا بەشەکەی تری ئایەتەکە خۆی دەنوێنێ کە دەفەرموێ: **{ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ }** واتە: هیچ زێدە رێزو پیرۆزییەك بۆ ئادەمیزادان نییە ئیللا بە گوێرەی کردەوەکانیان نەبێ، هەرکەسە بە ئەندازەی خودا پەرستیو ئەو خزمەتو کۆششانەی کە پێشکەش بە گەلو نیشتمانی دەکا رێزی دەدرێتێ!

پێغەمبـەری مــەزنیش لــە بانگــەوازی کردنــی بــۆ یەکـسانی لــە دوا وتاریــدا دەفەرموێ: (ئـەی بـەرەی ئـادەم! ئێـوە هـەمووتان یـەك خوداتـان هەیـە لەیـەك بـاوك کەوتوونەوە، هەمووتان لە ئـادەمن‌و ئـادەمیش لـەگڵ دروسـت کـراوە بـەرێزترتان لای یەزدان ئەو کەسەیە کە خودا پەرستی زیاتربێ، هیـچ عـەرەبێك زێـدە ڕێـزی بەسـەرە عـەربێك‌و هـیـچ نـا عـەرەبێك زیـدەرێزی بەسـەر عەرەبێکدا نییـە، هـەروا هـیـچ سـور پێستێك زێـدە ڕێـزی بەسـەر سـپی پێـستێکدا نییـە، هـیـچ سـپی پێـستێك زێـدەرێزی بەسەر سوورپێستێکدا نییە، مەگەر بـە خـودا پەرسـتی!! ئائەمەیـە بناغـەی یەکـسانی کە لەژێر سایەی ئیسلامدا پێش چوارده سـەدە لەناوگـەلی عەرەبـدا لـەدایك بـوو ئـەو گەلـە عەرەبـەی کـە لـە هـەموو نەتەوەیـەك زیـاتر شـانازییان بـە نـەژاد دەکـرد لـە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامیدا سەرانی قورەیش ڕەخنـەیان لـەو یەکسانی خوازییـەی پێغەمبەر گرت کە ئەنجامی دەدا! پێیـان گـوت ئـەی موحەممـەد! ئێمـە چـۆن بێزمـان دێ لەگـەڵتا دانیـشین‌و کۆببینـەوە تـۆ لەگـەڵ بـیلالی حەبەشـی‌و سـەلمانی فارسـی‌و صوهەیبی ڕۆمـی‌و عـەممارو ئـەو جـۆرە کەسـانە دادەنیـشی، تـۆ ئەوانـە دەرکـەو لـە خۆتیان دوور خەرەوە ئەمجار ئێمە ئامـادەی کـۆڕو کۆبوونـەوەکانت دەبـین‌و گـوێ بـۆ قـسەکانت دەگـرین، پێغەمبـەر (درودی خودای لەسەربێ) بەقـسەی نـەکردن ئـەمجار گوتیـان دەی باشە ڕۆژێك بۆ ئێمە دابنێ‌و ڕۆژێکیش بۆ ئەوان، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) نزیـك بـوو ڕاکە یان پەسەند بکاو بەقسەیان بکا، بەڵام ئەم نیگایەی بۆ هات کە دەفەرموێ:

{وَلاَ تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَيْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ الظَّالِمِينَ، وَكَذَلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولواْ أَهَؤُلاء مَنَّ اللّهُ عَلَيْهِم مِّن بَيْنِنَا أَلَيْسَ اللّهُ بِأَعْلَمَ بِالشَّاكِرِينَ - سورة الأنعام – ٥٢-٥٣}. ئیتر پێشنیارەکەیانی ڕەتکردەوە!

ڕۆژێـك ئـەبو زەڕی غـەففاری‌و کۆیلەیـەکی زنجـی ڕەش پێـست لـە خزمـەت پێغەمبەر دەنگیان لێك بەرز بووەو ئەبو زەڕ ڕقی هەڵساو بە کۆیلەکەی گوت: (یا ابن السوداء!) توانجی تێگرت. پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) ڕقی هەڵساو فەرمووی:

{ طف الصاع طف الصاع! ليس لابن البيضاء على ابن السوداء فضل إلا بالتقوى أو بعمل صالح}.

جامەکە پڕبوو، جامەکە پڕبوو، زیادڕۆییو ناماقوڵتکرد: هیچ سپی پێستێك زێدەڕێزی فەزڵی نیە بەسەر هیچ ڕەش پێستێکدا مەگەر بەتەقوا یان بەکردەوەی باش.

ئیتر ئەبو زەڕ ڕومەتی خۆی لەسەر زەوی داناو بە کۆیلە ڕەش پێستەکەی گوت: وەرە قاچت بخەرە سەر ڕومەتم لەسزای ئەو قسە ناشیرینەی پێم گوتی. پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هەرگیز جیاوازی نەدەخستە نێوان سپی پێستو ڕەش پێست یان نێوان ئادەمیزادی ئازادو ئادەمیزادی کۆنەکۆیلە (موالی)، لە بارەی مافو مامەڵەکردندا بە یەك چاو سەیری دەکردن، ئەوەتا بیلالی حەبەشی کردە لێپرسراوی شاری مەدینە لەگەڵ هەبوونو ئامادەبوونی ئەو هەموو گەورەهاوەڵانەی پێغەمبەر کە ئەوکاتە لە مەدینە بوون، (بیلال)یش لە بناغەدا کۆیلەیەكو بوو حەزرەتی ئەبو بەکر کڕی بوویو ئازادی کردبوو، هەروەها پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بازانی فارسی کردە والی یەمەن کە بازان مرد ئەمجار کوڕەکەی کردە جێ نشینی.

ئەم ڕەوشت بەرزییەی کە لە ئیسلامدا هەیە کاتێك باشتر دەردەکەوێ ئەگەر بەرامبەری بکرێ بەو هەڵسو کەوتەی کە ئێستا لە پێشکەوتووترین وڵات ئەنجام دەدرێ کە هەرگیزاو هەرگیز ئەو هەڵسو کەوتە لەگەڵ ڕێزی ئادەمیزادا ناگونجێ.

جا کە زانستو پێشکەوتن لەو وڵاتە پێشکەتووانەدا نەیانتوانی ئادەمیزاد بگەیەننە ئەو ئاستەی کە ئیسلام چەسپاندویەتیو هەوڵی ئەوەی داوە کە موسوڵمانان پەیڕەوی بکەن بە تایبەتی لەکاتو شوێنێکدا کە زانستو فەلسەفە چ دیاردەیەکیان نەبووەو زۆربەی دانیشتوان نەخوێندەواربوون، دەی باشە هەر ئەمە کە زانستو فەلسەفە چ دیاردەیەکیان نەبووە، لەو هەرێمەی کە ئیسلامی تێدا بڵاو بووەوە بۆ خۆی بەڵگەیەکی بەهێز نییە کە ئەم ئایینە لە خواوە

هاتووە؟! چونکە خاوەن عەقڵو هۆش هەرچۆنێك بیر بکاتەوە ناتوانێ بە خەیاڵیش لەم ئایینە باشترو ڕێكو پێکتر بهێنێ.

دادپەروەری (العدالة):

نەتەوەکانی سەرزەوی پێش هاتنی ئیسلام مانای دادپەروەریو ستەمکارییان زانیوە، بەڵام سنوورەکانی هەریەك لەو دوو لایەنەیان نەزانیوە، ئەگەر سەیری مێژووی گەلی یۆنانی بکەین. دەبینین جیاوازییان خستۆتە نێوان ئەوانەی ناچنەوە سەر ئەو نژادە. هەرچی مافو ڕێزێکی نیشتمانی هەیە بۆ یۆنانییەکان دەستەبەر کرابوو، مافی ئەوەیان دابوویە کە نەتەوەکانی تر بچەوسێننەوە گەلی (ڕۆما)یش هەمان شێوەو دابو نەریتی هەبوو، بڕێکیش زیاتر زیادەڕەوی تێدادەکرد، هەر بە ئەوەندە نەوەستان بنەماڵەو دەرەبەگ هەموو مافێکی چەوساندنەوەو ئاغایەتییان درابوویە، خۆیان بکوژو ببڕ بوونو لێپرسراوو کاربەدەستو چەوسێنەرەوە بوون، جەختیان لە چینەکانی تریش دەکرد کە گەردنکەچو گوێ ڕایەڵ بنو نقە نەکەن.

دائیرەتولـەعاریفی لاروس کە باسی یاسای کۆمەڵگای ڕۆمانی دەکا دەڵێ: (یاپاکانی ڕۆمان چۆن بون؟! لەولامدا دەڵێ: زەبرو زەنگو دەرەبەگایەتیو دیکتاتۆریو زۆرداری کرابوونە یاساو کاریان پێ دەکرد، زێدە ڕێزو گەورەییو لێهاتوویی ڕۆمانەکان - کە ئازایەتیو زۆرزانیو پێش بینیو یاسا ناسیو دڵسۆزی بۆ کۆمەڵ بریتی بوو لە ڕەوشتی ڕێگرو جەردەو چەتەو دزو شەقاوە. نیشتمان پەروەریشیان بە پۆشاکی ستەمگەریو دڕندە ئاسایی داپۆشیبو، هەر کەسێکیان لە عاست خۆیەوە پولەکیو ماددە پەرستو دژ بە بێگانە بووا

هیچ سۆزو عاتیفەیەك لە دەروونیاندا نەبوو، ڕەحمو بەزەیی مرۆڤایەتییان تێدا بەدی نەدەکرا، کەوابوو مانای دادپەروەری نەلەلای یۆنانییەکانو نە لەلای ڕۆمانییەکان تەواو نەبوو، بەڵکوو لە سەدەی نۆزدەهەمدا مانای دادپەروەریی تەواوبوو، ئەم دواکەوتنەی بەرپا بوونی دادپەروەری ئەوەندە درێژەی نەدەکێشا ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە هەندێ زانستی کۆمەڵایەتی تا ئەم دواییانە

دەستەبەر نەبوون... بەرزترین ئاستێك كە گەلە پێشكەوتووەكان پێی گەیشتونو زانیاری كۆمەڵایەتی بەمەرجی داناوە بەرپابوونی دادپەروەرییە، بەجۆرێك كە هەر گەلێك قانوون دادەنێ دەبێ پەرژوەندی هەموو مرۆڤ لەبەر چاو بگرێ، تا ئێستا بە شایەتی زانیاری كۆمەڵایەتی (علم الإجتماع) هیچ گەلێك نەگەییشتۆتە ئەم ئاستە!

دەی با بزانین ئاخۆ مانای دادپەروەری لەلای نەتەوە موسوڵمانەكان گەییشتۆتە ئاستی پێویست؟ ئایا قورئان ئەم لایەنە رون دەكاتەوە؟!، جا ئەگەر لە قورئاندا ئەمانە دەست كەوت — دەستیشمان دەكەوێ — ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كە ئەم ئایینە سەرچاوەكەی لە خوداوەیە.

دادپەروەری لە قورئاندا (العدالة):

لە رەوشتە بەرزەكانی ئیسلامە كە داوا لە شوێنكەوتوانی دەكا كە دادوەری لەناو ئادەمیزادا بڵاو بكەنەوە داری عەدالەت بڕوێننو گەشەداری بكەن بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە هیچ ئیعتبارێكی وا كە نەهێڵێ دەسەڵاتی عەدالەت بگاتە شوێنی خۆی، خودا دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاء لِلّهِ وَلَوْ عَلَى أَنفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقَيرًا فَاللّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلاَ تَتَّبِعُواْ الْهَوَى أَن تَعْدِلُواْ وَإِن تَلْوُواْ أَوْ تُعْرِضُواْ فَإِنَّ اللّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا - سورة النساء — ١٣٥}.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار فەرمانی بە موسوڵمانان كردوە، كە ئەو پەڕی هەوڵو تێكۆشان بخەنە گەڕ بۆ بەرپابوونی عەدالەت، هەر كەسە لە عاست خۆیەوە ببێتە شایەتی بەرپاكردنی دادوەریو لەبەر خاتری خودا نەك لەبەر مەبەستی دونیایی — لە هەموو كونو قوژبنێكدا چاودێری ئەنجامدانی عەدالەت بكا. نابێ لەكاتی شایەتیدان — جگە لە بەرپابوونی عەدالەت هیچ مەبەستێكی تر هەبێ تەنانەت ئەگەر شایەتیدانەكەی لەدژی خۆی یان باوكو دایكی یان خزمو كەسو كاریشی بێ، ئەگەر شایەتی لەسەردراو دەوڵەمەندو دەست رۆییشتوو بوو

ئومێدی پاداشی لێ دەکرا یان هەژارو بێ نەوابوو جێگای بەزەیی پیاهاتنەوە بوو نابێ شایەتی بگۆڕێ، روداو چۆن بووە دەبێ ئاوا ئەدای بکا، چونکە خودا لە هەموو کەس زیاتر بەرژەوەندی هەموو لایەك دەزانێ‌و ئەگەر بەرژەوەندی تێدا نەبوایە ئاوا خودا جەختی تێدا نەدەکرد، کەواتە ئەرکی سەرشانی ئێوەی موسوڵمانە کە پابەندی فەرمانی خودابن‌و چۆنتان شایەتی لایە ئاوا شایەتی بدەن‌و ئەم لاو ئەو لای تێدا نەکەن..

ئەمجار پەروەردگار فەرمانی بە موسوڵمانان کردوە کە شوێن هەواو هەوەس نەکەون‌و لاڕێ نەڕۆن، ئەمجار خودا موسوڵمانانی ترساندووە لەوە کە شایەدی بگۆڕن‌و هەڵیبگێڕنەوە، یان بیشارنەوە، چونکە خودا ئاگاداری هەموو شتێکە سزاو پاداشیان بە گوێرەی کردەوەکانیان دەداتەوە. قورئان بە ئەمەندەشەوە نەوەستاوە بەڵکوو فەرمانی بە موسوڵمانان کرد کە پەیڕەوی دادپەروەری لەگەڵ دوژمنیشدا بکەن! ئەوەتا خودا دەفەرموێ:

{وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى - سورة المائدة – ٨}.

واتە: با ڕق لێبونتان لە هۆزێك‌و دوژمنایەتی کردنتان بۆیان ئێوە هەڵنەنێ کە دادپەوەرییان لەگەڵدا نەکەن چونکە دادپەروەری تەنانەت لەگەڵ دوژمنیشا خودا پەرستی‌و تەقوایە. لە قورئانی پیرۆزدا چەند جارێك فەرمان بە پەیڕەوی کردنی دادپەوەری کراوەو لە شان‌و شکۆی بەرزکردۆتەوە، وەکوو خودا دەفەرموێ:

{وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ - سورة النساء – ٥٨}.

واتە: هەرکاتێ فەرمانڕەواییتان لەنێو خەڵکدا کرد دادپەوەرانە حوکم بکەن. تەنانەت پەروەردگار فەرمانی بە موسوڵمانان کردوە کە لە قسەکردنیشا دادپەروەربن راست‌و رەوان قسەکە بڵێن‌و لەبەرخاتری خزمایەتی قسە هەڵنەگێڕنەوە.

{وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى - سورة الأنعام – ١٥٢}.

لە شوێنێکی تردا قورئان هۆی سەرەکی ناردنی پێغەمبەران ئاشکرا دەکاو ئەوە رون دەکاتەوە کە ئەرکی سەرەکی ئەو پێغەمبەرانە چەسپاندنی دادپەروەری بووە:

{وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ - سورة هود -٢٥}.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوە ئاشکرا دەکا کە پەروەردگار مەبەستی سەرەکی لە ناردنی پێغەمبەران بۆ سەر ئادەمیزاد چەسپاندنی دادوەری بووە لە ناویاندا، ئەویش ئەو یاسایەیە کە بریتییە لەو بەرنامەو پرۆگرامەی کە خودا بۆی ناردن‌و هەموو شتێك بە تەرازوی حەق‌و راستی دەکێشێ‌و یاسای ژیانی مرۆڤایەتی پڕ لە دادپەروەرییە، چونکە بەرنامەی خودایە، بەرنامەی خوداش یاسا سنووورداری دەکاو تەرازووی عەدالەت فەرمانڕەوایی دەکا، هەر کە تەرازووەکە تێك بچێ یاساکانیش لەناو دەچن‌و دەبێتە پشێوی‌و فەوزا.

ئا ئەمانەیە مەبدەئە پیرۆزەکانی قورئان بۆ چەسپاندنی دادوەریی لەسەر زەوی‌و ئاوا بەرنامەی ژیان رێك دەخا.

ئەوەی کە بۆمان دەردەکەوێ لە مانای ئەم مەبدەئە پیرۆزانەو پوختەی ماناکانیان ئەوەیە کە ئەم قورئانە وتەی ئادەمی نییەو کەلامی پەروەردگارە بۆ ئەوەی ببێتە پرۆگرامی ئادەمیزادو بیانخاتە ناو ژیانی کامەرانی‌و ئاشتی‌و سەربەستییەوە.

بانگەوازی بۆ رێزگرتن لە ئاوەدانی‌و شارستانیەت:

پێش هاتنی ئیسلام چەند گەل نەتەوەیەك هەبوون کە کلیلی دەسەڵات‌و فەرمانڕەواییان بۆ دەستەبەر بووە، ئەوەندەی پێ نەچووە داب‌و نەریتی کۆمەڵگای خۆیان پاڵی پێوەناون بۆ ئەوەی بەناو وڵاتدا بڵاو ببنەوەو بۆ هەر چوار دەوری خۆیان باڵیان هاویشتووەو ویستویانە سنوری فەرمانڕەوایی خۆیان بەر فراوان

بکەن‌و ماڵ‌و دارایی کۆ بکەنەوە، ئەو ڕێبازەی بۆ ئەم مەبەستانەیان پەیڕەوییان دەکرد هێزی زۆرە ملێ‌و چەك‌و عەسکەرتاری بوو نەك بنەمای دادوەری‌و عەدالەت، ئەوەبوو هەر وڵاتێکیان داگیر بکردایەو هەر شارو شاروچکەیەکیان بکەوتایە ژێر دەست چی دیاردەی ئاوەدانی‌و شارستانی لەو شارەدا هەبوایە تارو ماریان دەکردو لە بێخیان هەڵدەکەندو ماڵ‌و داراییان تاڵان دەکردو دانیشتوانیان دەکردنە ژێر دەستەو کۆیلەو کەسانێکیان دەکردنە لێپرسراوو کاربەدەست کە خاوەن زەبرو زەنگ‌و زۆرو ستەم بن‌و بەزەییان پێدا نەیەنەوە!

ئەمەیە دابو نەریتی داگیرکەران‌و هەڵس‌و کەوتیان لەگەڵ ژێر دەستەکانیاندا، بەراستی وتە بەنرخەکەی مەلیکە سەبەء خاتو بەلقیس تابلۆیەکی پڕاوپڕی ئەم ڕووداوانەن، ناوبراو کاتێك نامەکەی حەزرەتی سولەیمانی بۆچوو ئەم وتە بەنرخەی وت کە قورئانی پیرۆز باسی دەکاو دەفەرموێ:

{قَالَتْ إِنَّ الْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُوا قَرْيَةً أَفْسَدُوهَا وَجَعَلُوا أَعِزَّةَ أَهْلِهَا أَذِلَّةً وَكَذَلِكَ يَفْعَلُونَ - سورة النمل – ٣٤}.

واتە: پاشاو داگیرکەران کە دەچنە شارێکەوەو وڵاتێك داگیر دەکەن چی دیاردەی ژیارو شارستانیەت هەیە تارومار دەکەن، پیاوماقوڵ‌و ڕێزدارانی ئەو ناوچەیە دەکەنە ژێر دەستەو چەوساوە. بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەم دیاردەیە لە مێژوودا زۆرو زەبەندەیە، مێژوو پڕە لە کارەسات‌و زوڵم‌و ستەمی شەرم ئاوەر کە لە هەموو زەمانێکداو لەناو زوربەی نەتەوەکانی سەرزەویدا رویداوە! با زۆر دوور نەڕۆین ئەوە جەنگی یەکەم‌و دووەمی جیهانییە، ئەو شەڕو شۆڕانەی کە لێرەو لەوێ لە نێوان ئەم‌و ئەودا رویاندا، بڕوانە وڵاتە – بەناو پێشکەوتووەکان چۆن سنوری هەموو دابو نەریتێکیان شکاندو چەکە کوشندەکانی خۆیانیان لە گۆڕەپانی شەڕەوە گواستەوە بۆ لێدان‌و بۆردومانکردنی خان‌و بەرەی فەقیرو هەژارو بێ چەك‌و بێ لایەن دانیشتوانی شارو شارۆچکەو دێهاتەکان‌و منداڵ‌و

پیرەژن‌و پیرە مێردیان خستە ژێر دارو پەردەی خانووی روخاوو سوتاوەوە، تەنانەت چەکی کیمیایی‌و بایەلۆجی‌و هەموو جۆرە چەکێکی کۆکوژیان لە دانیشتوانی هەزاری بێ دیفاعدا تاقی کردەوە!! سەیرکە چۆن فڕۆکەی مەرگ ئاوەرو وڵات خاپوورکەریان دەناردنە سەر خەڵکی بێ دیفاع‌و وڵاتی دوور لە گۆڕەپانی شەڕ، لە هەموو کون‌و قوژبنێك مەرگیان دەباراند، وڵاتیان خاپوور دەکرد. پێش هەڵگیرسانی ئەم شەڕانە بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات کە گەلە پێشکەوتووەکان رق‌و کینەیان بگاتە ئەو ئاستە کە بەبێ لێ سلەمینەوە ئاوا بیر لە قەلاچۆی گیان‌و ماڵ‌و ژیارو شارەستانی یەکتری بکەنەوە!!

بەلام کە سەیری ئایینی ئیسلام دەکەین دەبینین هەمیشە ئادەمیزادانی ترساندووە لە ئاکامی لەگرێژمنە چوونی سیستەمی ژیان‌و ژیاری خەڵکی، پەروەردگار بەچەند شێوەو شێواز فەرمانی کردوە بە لە بێخ دەرهێنانی رەگ‌و ریشەی ئەم رەوشتە ناشیرینە لە دڵ‌و دەروونی پەیڕەوکارانی خۆی دا، هاتووە لە شوێن ئەو رەوشتە شوومە مرۆڤ کوژەدا مرۆڤایەتیەکی وای رواندووە کە هیچ ئیعتبارێکی دوژمنکارانەی بەسەردا زاڵ نەبێ.

قورئانی پیرۆز فەسادو ئاژاوەی بەلاوە تاوانێکی کۆمەڵایەتیەو لەزۆر ئایەتدا موسوڵمانانی لە سەرەنجامی ئەو تاوانە هۆشیاو کردۆتەوە.

پەروەردگار بەمەبەستی سەر کۆنەکردنی ئاژاوەگێڕان دەفەرموێ:

{وَمِنَ النَّاسِ مَن يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ، وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الْحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الفَسَادَ، وَإِذَا قِيلَ لَهُ اتَّقِ اللّهَ أَخَذَتْهُ الْعِزَّةُ بِالإِثْمِ فَحَسْبُهُ جَهَنَّمُ وَلَبِئْسَ الْمِهَادُ - سورة البقرة ٢٠٤-٢٠٦}.

واتە: هەندێ ئادەمیزاد هەن بەقسە هیچیان نەهێشتۆتەوە، کە گوێ لە گفت‌و گۆی دەگری سەرت لێ سوور دەمێنێ، چونکە وا خۆی پیشان دەدا کە یارمەتدەری حەق‌و راستییەو حەزی لە ئاشتی‌و کامەرانیەو دەیەوێ کۆمەڵگاکەی بەختەوەر

بژین، جار جارەش بۆ ئەوەی پێی باوەڕ بکرێ سوێند بە خودا دەخوا لەسەر ئەوە چی بەدەم دەیلێ: بەدڵیش هەر هەمان رای هەیە.

بەڵام لە راستیدا ئەو خوانەناسە لە هەموو کەس زیاتر دوژمنی گەلو کۆمەڵە، هەر لەگەڵ لێپرسراویەکی پێ سپێردراو دەسەڵاتی درایە هیچ هەوڵو کۆشش بۆ ئاشتیو ئارامی نادا، بەڵکوو هەر خەریکی تێکدانی وڵاتو کۆمەڵگایە، هەر خەریکی چاندنی تۆوی دووبەرکیو قەڵاچۆکردنی کشتوکاڵو بەرو بوومو وەچەو نەوەیە، بێگومان خوداش فەسادو ئاژاوەو تێکدانی سیستەمی ژیانی پێ ناخۆشە!! جا ئەگەر یەکێك بەرپەرچی ئەم زلحۆرتە لە خۆڕازیو لە خۆڕادیوە بداتەوەو فەرمانی بێ بکا بە چاکەو نەی لێ بکا لە خراپە خێرا رقی هەڵدەستێو هەڵدەچێو بەلایەوە گرانو لەنگییە یەکێك پێی بڵێ: وا بکە یان وامەکە! چونکە پێی وایە ئەو زۆر لەوە بەرزترە یەکێك زاتی بێنێ ئامۆژگاری بکا، هێندە لوتبەرزو لەخۆڕادیوە نایەوێ کەس دەست بەردەستی بێنێ، ئەم گێرەشێوێنە دوا خانووی ئاگری دۆزەخەو سزای کردەوەکانی خۆی وەردەگرێت.

پەروەردگار لێپرسراوانی موسوڵمانی ترساندوە لەوە کە لە گەل نەتەوەکانی تردا دادوەرانە نەجووڵێنەوە بە زۆرەملێ لە گەڵیاندا هەڵسو کەوت نەکەن، ژیارو ماڵو خانو بەرەیان لێ تێك نەدەن، چونکە ئەو جۆرە کارانە دەبنە هۆی ئەوەی کە موسوڵمانان لە ئیشو کاریاندا سەرکەوتوو نەبنو بەمەرامو ئامانجی خۆیان نەگەن.

ئەوانەی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان لە مێژووی گەلاندا کردوە ئەوەیان لا رون بووەتەوە کە هۆی لەناوچونی دامو دەزگای فەرمانڕەوایانو وەرگەڕانی تەختو بەختیان، بەد رەفتاریان بووە لە گەل ژێر دەستەکانیاندا!! ئەوەتا پەروەردگار ئەم بنەما راستییەی لەم ئایەتەدا دەرخستووە کە دەفەرموێ:

{وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِن بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ - سورة الأنبياء - ١٠٥}.

واتــە: لــەپاش تــەورات لــە پــەڕاوی زەبــووردا ئــەوەمان چەســپاندووە کــە فەرمانڕەوایی سەر زەوی دەدریٚ بە بەنـدە راستاڵەکانی خۆمـان ئەوانـەی بـەکاری هــەموو کاروبــارێکی بــاش دێــنو ئەگــەر لێپرســراوییان درایــە دەســت دادوەرانــە هەڵسو کەوت دەکەن. بەراسـتی شـتێکی سـەیرو سـەمەرەیە کـە برێـك ئـادەمیزاد هـەبن گومانیـان لـەم رووداوە هـەبیٚ یـان ئـەم راسـتییانەیان بـۆ ڕون نەبوبێتـەوە، ئەی ئەوە نییە خودا لە ئایەتێکی تردا دەفەرمویٚ:

{أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَالْمُفْسِدِينَ فِي الْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ - سورة ص – ٢٨}.

لــەو شــتانەی کــە پــەروەردگار زۆر بەتونــدی هەڕەشــەی لــیٚ کــردوەو موسـوڵمانانی لیٚ ترسـاندووە، تێکـدانی کاروبـاری دامـەزراوی راسـتاڵی خەڵـکە کـە دەفەرمویٚ:

{وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللّهِ قَرِيبٌ مِّنَ الْمُحْسِنِينَ - سورة الأعراف – ٥٦}.

واتـە: فەسـادو پـشێوی لەسـەر زەوی بـەرپا مەکـەن دوای ئـەوەی کـە ئاشـتیو ئازادیو کامەرانی باڵی پیرۆزی خۆی بەسەر زەویـدا کێـشاوە، هـاوار بکەنـە خـوداو بەترسو تەماعەوە لێی بپاڕێنەوە، بێگومان ڕەحمەتی خودا لە چاکەکاران نزیکە. هـەر بـۆ زێـدە تەئکیـد لەسـەر خراپـی ئـاژاوەگێڕانو فیتنەنانـەوە خـودای مـەزن سـەرفرازیو زگـاربوونی پەیوەسـت کـردوە بـە پابەنـدبوونی ئادەمیزادەکـان بـەم فەرمانە خوداییە کە دەفەرمویٚ:

{تِلْكَ الدَّارُ الْآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ - سورة القصص – ٨٣}.

واتە: ئـەو خـانووە خـۆشو ژیانـە بەختەوەرییـە دەدەیـن بـەو مرۆڤانـەی کـە ئــاژاوەگێڕ نــینو نایانــەویٚ بەملــهوڕیو زۆرداری بــاڵا دەســن بــنو خەڵــکی بچەوسێننەوە، ئاکامی سەربەرزانە بۆ تەقوا کارانەو هەر ئەوان سەرکەوتوون.

بێگومـان پـەروەردگار زانیویـەتی کـە موسـوڵمانان دەسـەڵاتی فـەرمانڕەواییان دەست دەکەوێو زەوی دەکەوێتە ژێر دەستی ئەوانو فەرمووی:

{وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ - سورة النــور – ٥٥}.

پەیمانەو خودا داویەتی بەو موسوڵمانانەی کردەوەی باشیان کـردوە پـەیمانی ئەوەی داونێ کە دەیانکاتە جێنشینو خەلیفەی خۆی لەسـەر زەوی، وەکـوو چـۆن لەوەپێش خواناسانی کردوە بە جێگرو فەرمانڕەوای سەر زەوی!

لــە شــوێنێکی تــردا پــەروەردگار بــە تایبــەتی روی کردۆتــە موســوڵمانو فەرموویەتی:

{فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ-سورة محمد-٢٢}

واتە: ئەی موسوڵمانان! ئایا لە ئێوە چاوەڕوان دەکرێ (کـە خـاوەنی نـابینێکی جیهـانین) ئایـا چـاوەڕان دەکـرێ ئێـوە پـشێویو فەسـاد بڵاوبکەنـەوە، پەیوەنـدی خزمایەتی بپچڕێننو دووبەرکیو ئاژاوە بخەنە ناو گرۆهی ئادەمیزادەوە!؟

ئـەمجار پـەروەردگار هەڕەشـەی تونـدی ئاڕاسـتەی ئەوانـە کـرد کـە جورئـەت دەکەنو ئەم تاوانانە ئەنجام دەدەن، لەکۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ:

{أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَى أَبْصَارَهُمْ - سورة محمد – ٢٣}.

واتــە: ئەوانــەی ئــەم تاوانــە ئــەنجام دەدەن خــودا نــەفرەتی لێ کــردون کـوێرو کەڕی کردون راستی نابیننو حەق نابیستن!

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە باشـترین بەڵـگە لەسـەر ئـەوە کە ئـەم قورئانـە سەرچاوەکەی لـە خوداوەیـە، ئـەم راسـپێریو ئامۆژگایانەیـە کـە بانگەوازی بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە رێـزی شارەسـتانیەتو ئـاوەدانی بگـرنو پـشێویو فەسـاد لەسـەر زەوی بـەرپا نـەکەن. ئەمـە لـە کاتێکدا کـە ئـەم ئامۆژگارییانـە لـە نیوەدوورگەی عەرەبیدا بڵاو دەبونەوەو ئەو وڵاتە دیاردەی شارەستانی تێدا بـەدی نـەدەکراو عەرەبـەکان ئـەوەیان لـەیاد نـەمابوو کـە لـە رۆژگـاری دێرینـدا خـاوەنی شارەسـتانیو نـەخشو نیگـاری بیناسـازی بـوون، ئامۆژگـاری زۆرو زەبەنـدە لـەم

بـارەوە ئامـاژە بـۆ ئەوەیـە کـە موسـوڵمانان لـەوەپاش تێکـەڵاوی چـەند گـەل نەتەوەیەکی خاوەن ژیـارو شارەسـتانی دەبـن. بـەڵێ، ئەوەنـدەی پـێ نەچـوو زۆری نەبرد کە فوتوحاتی ئیسلامی بەهەر چوارلادا پەلی هاویشتو بڵاو بووەوە!

لـەپاش لـە دونیـا دەرچوونی پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەربێ) لـە مـاوەی سـەدەیەکدا دەسـەڵاتی سـوپای ئیـسلام گەییـشتە چـوارپەکی وشـکانی زەوی، موسـوڵمانان بـە قەسرو باڵەخانەو دیاردەی شارەسـتانی ئـەو گـەل نەتەوانـە ئاشـنابوون، چـەندەها کەنیـشتەو ئاتەشـکەدەو دێـرو هورمزدانیـان چـاو پـێ کـەوت، هـەموویان وەکـوو خۆیـان هێـشتنەوەو هیـچیان نەڕوخانـدنو زەرەرو زیانـان پـێ نەگەیانـدن، ئەمـە بەڵـگەیە لەسـەر ئـەوە کـە ئیـسلام ئـایینێکی گشتی جیهانییـەو بـۆ هـەمووکاتو شوێنو گەلو نەتەوەیەك گونجاوە.

فەرمانکردن بەچاکەو نەیکردن لە خراپە:

ئایینی ئیسلام لەوکاتەدا کە بنەمای راوێـژو شـوڕای دانـاوەو داوای کـردوە کـە پەیڕەو بکـرێ، لـە هـەمان کاتیـشدا بـەواجبی دانـاوە کـە هەمیـشە لـەناو دەوڵـەتی ئیسلامیدا کۆمەڵێك هەبن لە ئەهلی (حیلو عەقـد)و پیـاو مـاقوڵو لێهـاتوو زانـا نوێنەرایەتی گەل بکەنو چاودێری ڕامیاریو شێوەی فەرمانڕەواییان بکەن... ئـەم کۆمەڵە ئەو کۆمەڵەن کە پەروەردگار دەفەرموێ:

{وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ - سورة آل عمران١٠٤}.

ئەم کۆمەڵە ئەرکی سەرشانیان ئەوەیـە کـە چـاودێری فـەرمانڕەوایان بکـەنو ببنە سەرچـاوەی تەشـریعو قانوونیـان، بانگـەوازی خەڵـك بکـەن بـۆ چـاکەکردنو (نـەهی)یـان لێبکـەن لـە خراپـەکردنو ئامۆژگـاری خەڵـك بکـەن بـۆ پـەیڕەوی چاکەکاریو دوورکەوتنەوە لە خراپەکردن. جاوە نەبێ فەرمان بەچاکەو نـەی لـە خراپـە هـەر ئـەرکی سەرشـانی ئـەو کۆمەڵەتایبەتـە بـێ، بـەڵکوو هـەموو موسوڵمانێكو هەرەیەکە لەئاست خۆیەوە بەرپرسیارە کە فەرمان بە چاکەو نـەی لە خراپە بکا. ئەوەتا دەفەرموێ:

{وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ - سورة التوبة – ٧١}.

لەم ئایەتەدا پەروەردگار بەڵێنی بە موسوڵمانان داوە ئەو موسوڵمانانەی ئەرکی فەرمان بە چاکەو نەیکردن لە خراپە ئەنجام دەدەن بەڵێنی داونێ کە چاودێرییان بکاو یارمەتییان بدا!

لە شوێنێکی تردا پەروەردگار فەرمان بە چاکە رون دەکاتەوەو دەفەرموێ:

{وَالْعَصْرِ، إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ، إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ}.

لەم سورەتە پیرۆزەدا پەروەردگار خەسارەتمەندیی هەموو گرۆی ئادەمیزادی راگەیاندووە، ئەمجار کۆمەڵێك موسوڵمانی لەم سەرگەردانیو خەسارەتمەنییە جیا کردۆتەوە ئەو کۆمەڵەش ئەوانەی کە ئامۆژگاری یەکتری دەکەن بۆ راستاڵیو بە ئارامیو بانگەزای یەکتری دەکەن بۆ چاکەکردنو دوورکەوتنەوە لە خراپەکاری!

قورئانی پیرۆز سەر گورشتەی نەتەوەی (ئیسرائیل)مان بۆ دەگێڕێتەوە کاتێك کە فەرمان بە چاکەو نەیکردن لەخراپەیان تێدا نەما دەفەرموێ:

{لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ، كَانُواْ لاَ يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ - سورة المائدة – ٧٨-٧٩}.

لێرەدا بە ئاشکرا پەروەردگار نەفرەتو دووربون لە رەحمەتی خۆی بۆ ئەو کۆمەڵەی نەوەی ئیسرائیل چەسپاندووە نەفرەتیش خۆی لە خۆیدا سزایەکی هەرە کوشندەو بە ئێشە، چونکە نەفرەت بریتییە لە دەرکردنو دورخستنەوەی نەفرەت لێکراوە کە لە سۆزو رەحمەتی خوداو بێ بەشبوونی لە یارمەتیو چاودێری پەروەردگار! ئاشکراشە هەر نەتەوەیەك گەییشتە ئەو ئاستە خودا نەفرەتی لێ بکا ئەوە نەتەوەیەکی ماڵ وێرانو نەگبەتو سەر لێشێواوە، هەر لە ئایەتەکەدا پەروەردگار هۆی ئەم نەفرینەی ئاشکرا کردوە کەئەویش سەرپێچی

کردنی فەرمانی خوداو سنوور بەزاندنو نەهی نەکردنە لەخراپە، ئەمجار کردەوەکەیانی بە خراپترین کردەوە لەقەڵەم داوەو دەفەرموێ: (لیس ما کانوا یفعلون) پێغەمبەری مەزنیش لەم بارەوە ئامۆژگاری زۆرەو دەفەرموێ: (الدین النصیحة: فسأله صحابة لمن؟؟ قال: لله ولرسوله ولأئمة المسلمین وعامتهم) واتە: ئایین بریتییە لە ئامۆژگاریکردن، هاوەڵێك وتی: قوربان! ئامۆژگاری بۆکێ؟! فەرمووی: بۆ خوا بۆ پێغەمبەری خودا بۆ فەرمانڕەوایانی موسوڵمانانو گشت موسوڵمانان. یان دەفەرموێ: (من رئی منكم منكرا فلیغیره بیده فان لم یستطع فبلسانه فان لم یستطع فبقلبه وذلك أضعف الإیمان).

ئابەم بنەماو مەبدەئانە ئایینی ئیسلام هەوڵی داوە بۆ پێکەوەنانی رای گشتیو جەماوەری بەرەو ئامانجێکی پیرۆزو بەرز بە جۆرێك کە رەگو ریشەی فەسادو ئاژاوە لە بێخ دەربێنێو نەهێڵێ: لە هیچ شوێنێك سەرهەڵدا. ئاشکراشە کە هیچ شتێك بە قەدەر ئەوە خەتەرناك نییە بۆ گەلو نەتەوە کە برێك لە تاکەکانی کۆمەڵ بە ئاشکرا سنوور بەزێنی بکەنو سنووری پاوانی ئایینو دەوڵەتو مافی گشتی ببەزێننو کەسیش ئەرکی بەرپەرچدانەوەی نەخاتە سەرشانی خۆی بەرهەڵستی ئەو کارە ناوڕەوایە نەکا.

شەریعەتی ئیسلامی (التشریع الإسلامي):

تا پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) لە ژیاندا بوو موسوڵمانان لە هەموو کاروبارێکی ئایینیدا پرسو رایان پێ دەکردو پەیڕەوی فەرموودەکانیان دەکرد، هەر کێشەو نیزاعێك ببوایەو روداوێك بهاتایە پێش تەشریفی حەلی دەکردو رای شەرعی تێدا دەردەبڕیو کۆتایی بە کێشەکە دەهێنا، بە کورتی لەسەردەمی پێغەمبەر خۆیدا بنەماکانی شەریعەت داکوترانو بناغەی شەریعەت دامەزرا..

کاتێك پێغەمبەر لە دونیا دەرچو هاوەڵان هەموویان شیاوی ئەوە نەبوون کە فتوابدەنو کێشەو نیزاع حەل بکەن، بەڵکوو برێك لە هاوەڵان — بەهۆی ئەوەی کە زۆر لەگەڵ پێغەمبەردا ژیابوون زۆرجار بە ئاگاداری ئەوان پێغەمبەر (درودی خودای

سەرین) حەل کێشەو نیزاعی کردبوو — زیاتر لە ناوەڕۆك و روحی شەریعەت حالی بوو بوون و کارامابیان لە حەلکردنی مەسائیل و ڕوبەڕوبوونەوەی رووداودا پەیداکردبوو، لێزانییان لە دوشتدا گەیشتبووە ئاستێکی بالآ؛

یەکەم: تێگەیشتن لە دەقە قورئانییەکان و فەرموودەکانی پێغەمبەر دەرهێنانی ئەو حوکمەی کە لێیان — وەردەگیرێ و ئامازەی بۆ دەکەن!

دووەم: دەرهێنانی حوکمی شەرعی بەهۆی لێکۆڵینەوەو لێ وردبوونەوەو کۆشش و ئیجتیهادەوە ئەمەش لەو مەسەلانەدا کە لە دوای لە دونیا دەرچوونی پێغەمبەر ڕوبەڕوی موسوڵمانان دەبوونەوەو لە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەردا ئاماژەیان پێ نەکرابوو رون نەکرابوونەوە.

هاوەڵانی پێغەمبەر ئەم دەسەڵاتە تەشریعییەیان لە ڕێی دەسەڵاتی جێ نشینەوە یان بەهۆی هەڵبژاردنیان لە جەماوەرەوە نەدراوەتێ! بەڵکوو بەهۆی زیادەمانەوەیان لە خزمەت پێغەمبەرداو گوێ گرتنیان لە قورئان خوێندنی پێغەمبەرو رونکردنەوەی مەبەستە قورئانییەکان و فەرمودەکانی خودی پێغەمبەر خۆی و ئاگادارییان بەسەر چەندەها حوکمکردنی پێغەمبەر بۆ رووداوە جیاجیاکان و هەروا بەهۆی لێهاتوویی و زانایی و تێگەیشتوییان و هەروەها بەهۆی دەستەبەربوونی ئەم (ممیزاتە) بۆیان سوڵتەی تەشریعییان دراوەتە دەست و موسوڵمانان کردویانن بە فتوادەری خۆیان گوێ بیسی فەرمانەکانیان بوون و بەناو جیهانی ئیسلامدا بڵاو بوونەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو حوکمە شەرعییانەو بەجێهێنانی ئەم واجبە خوداییە. ئەوەبوو لە هەموو وڵاتێکی ئیسلامیدا کۆمەڵێك لەم هاوەڵانەی پێغەمبەر هەبوون، لێپرسراوان و کۆمەڵی موسوڵمانان پرس و ڕایان پێ دەکردن، لە کاروباری ئایینی دا دەچونە لایان و داوای حوکمی شەرعییان لێ دەکردن فتوایان لێ وەردەگرتن لە هەموو شارو وڵاتێکی ئیسلامدا کۆمەڵێك موسوڵمان لە دەوری ئەم زانایانە کۆبوونەوەو قورئانیان لێ وەردەگرتن و چۆنیەتی دەرهێنانی حوکمی شەرعییان لێ فێر دەبوون و فتوایان بۆ موسوڵمانان دەدا.

نووسینەوەی شەریعەت (تدوين التشريع):

سەدەی یەکەمی کۆچی تێپەڕبوو هێشتا دەوڵەتی ئیسلامی - جگە لە قورئان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەر - هیچ قانوون‌و یاسایەکی تری نەبوو، ئەهلی فتوا لە هاوەڵانی پێغەمبەرو چینی دوا ئەوان ئەگەر دەقێکی ئەم دوو سەرچاوەیان دەست بکەوتایە پەیڕەوییان دەکردو شوێنی دەکەوتن، ئەگینا تێفکرین‌و بیرو بۆچوونی خۆیان دەخستە گەڕو لە ئاکام دا بە قەناعەتی خۆیان فتوایان دەدا، ئەم فتوایە یان بڵێین ئاکامی ئەم ئیجتهادو تێکۆشانە نەدەنووسرایەوەو نەدەکرا بە قانوون یاسا، ئەگەر سەرچاوەکەی لە قورئان‌و حەدیسەوە هەڵنەقولایە! بەڵام دوایی کە سوپای رزگاری ئیسلام بەزوربەی ولاتان دا بڵاو بووەوە فتوادەران‌و شەرعزانان بە ولاتاندا بڵاو بوونەوەو لێك دوورکەوتنەوە، ترسی ئەوە پەیدا بوو کە حوکمە شەرعییەکان پچڕ پچڕ ببن‌و پشێوی‌و فەوزا بکەوێتە ناو تەشریعەوە! ئەمەش موسوڵمانانی هەڵنا بۆ ئەنجامدانی دوو شت:

یەکەم: نووسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەری مەزن.

دووەم: لێکۆڵینەوەی (مجتهد)ەکان چۆنیەتی توێژینەوەو ئاکامی ئیجتهادەکەیانیان نووسیەوە، چۆنیەتی وەرگرتنی حوکم‌و ئەو بنەماو یاسایانەی پەیڕەویان دەکرد چەسپاندیان! هەرمیەکە لەم زاتانە- ئەبو حەنیفەو مالیك‌و شافیعی‌و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل‌و زەیدی کوڕی عەلی‌و جەعفەری صادیق .. هتد - هەر لەوکاتەوە شەرعزانانی ئیسلام لە هەموو روداوو مەسئەلەیەکدا سەیری دەقەکانی قورئان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەرو ئاکامی ئیجتهادی موجتەهیدەکانیان دەکرد، ئەمەش هیچ زیانێکی تێدا نییە چونکە گەڕانەوە بۆ ئاکامی ئیجتهادی موجتەهیدەکان لە تێگەیشتنیان لە قورئان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە هەڵقولاوە.

برێك لە بنەماكانی تەشریعی ئیسلامی:

هەر كەسێك لێكۆڵینەوە لەو حوكمە شەرعییانەدا بكا كە قورئان لەخۆی گرتوون – هەر لە عەقائیدو خوا پەرستییەوە تا باسی مامەڵەو سزاو پاداش‌و چۆنیەتی ژن‌و ژنخوازی، بۆی دەردەكەوێ كە حیكمەت لە تەشریعی قورئان‌و حەدیث بریتییە لە دەستەبەركردنی بەرژوەندی گشتی بۆ ئادەمیزادو پەیرەوكردنی دادوەری لە نێوانیاندا هەر لەبەر ئەوەیە خودا كە وەسفی قورئان دەكا دەفەرموێ:

{إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يِهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ - سورة الإسراء – ٩}.

واتە: ئەم قورئانە خەڵك شارەزایی دەكا بۆ ڕێبازێك كە لە هەموو ڕێبازەكان راسترو پیرۆزترە.. لە وەسفی بەرنامەكەی پێغەمبەریش دا دەفەرموێ:

{يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَآئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَالأَغْلاَلَ الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ - سورة الأعراف – ١٥٧}.

واتە: فەرمانیان پێ دەكا بە چاكەو (نەهی)یان لێ دەكا لە خراپە، شتی پاك‌و خاوێنیان بۆ حەلاڵ دەكاو پیسییان لێ قەدەغە دەكا، كۆت‌و زنجیرو داب‌و نەریتی نەزانییان لەكۆڵ دەكاتەوەو ڕێگای ژیانیان بۆ ئاسان دەكا. بێگومان زانایانی شەرعزان هەستیان بەم راستییە كردوە لە نووسینەكانیاندا ئاماژەیان بۆ كردوە، ئەوەتا ئیمامی شاتبی لە كتێبی بەناوبانگی دا، (الموافقات) دەفەرموێ: (حوكمە شەرعییەكان، بۆ بەرژەوەندیی ئادەمیزاد ڕێكخراون، لە هەر شوێنێك‌و هەر كارێكدا بەرژەوەندیی موسوڵمانان هەبێ ئەوە شەرعی خودایە).

ئیمامی ئیبنولقەییمی جەوزی لە كتێبێكی دا بەناوی (الطرق الحكيمة)دا دەفەرموێ: (پەروەردگار پێغەمبەرانی رەوانەكردوە پەڕاوی بۆ ناردون بۆ ئەوەی ئادەمیزادەكان دادوەرانە هەڵس‌و كەوت بكەن پابەندی ئەو عەداڵەتە بن كە لەنگەری ئەرزو ئاسمانی ڕاگرتووە، لەهەر شوێنێك نیشانەكانی دادپەروەری دیاربوو روناكایی بەدەركەوت ئەوە شەرعی خودایەو ئایینی خودایە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییانەی لە پێشەوە گوتران دەبینین زانایانی شەرعی ئیسلامی هەموو بنەما تەشریعییە گشتییەکانیان لە قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە هەڵهێنجاوە، ئەم بنەما تەشریعییانە وەکوو دەستوورێکی هەمیشەیی وان، شەرعزان (فقیە) دەتوانێ بەشی خۆی لێ وەربگرێ! هەر بنەمایەك لەم بنەمایانەی کە لەمەدوا باسیان لێوە دەکەین دەبینی هەریەکەیان بەهۆیەکەوە پەیوەستە کە بەرژەوەندی ئادەمیزادی لەخۆ گرتووەو زەمینەی چەسپاندنی دادوەری خۆش دەکاو بەکەڵکی هەموکاتو شوێنێك دێن.

ئەو بنەما تایبەتیانەی کە زیان دووردەخەنەوە:

هەندێ لەو بنەما شەرعییانەی کە تایبەتن بە دوورخستنەوەی زیان لە ئادەمیزاد لەم فەرموودەی پێغەمبەر کە دەفەرموێ: (لا ضرر ولا ضرار) وەرگیراون ئەمانەن:

١- الضرر یزال شرعا: زیان قەلاچۆدەکرێ. واتە: نابێ کارێك بکەین زیان لەخەڵك بدەین، ئەگەر کرا زیاد لێ کەوتوو مافی ئەوەی هەیە داوای مافی خۆی بکا، کەوابوو جیران یان شەریك دەتوانێ بەگوێرەی بنەمای (شفعة) ماڵی فرۆشراوی شەریکی خۆی یان هاوسێی هەڵبگرێتەوە، هەر کەسێك ماڵی کەسێکی فەوتاند دەبێ بیبژێرێت، خۆپاراستن لە نەخۆشی پێویستە.

٢- الضرر لا یزال بالضرر: واتە: زیان بەزیان لاناچێ، ئەمەش ئەوە دەچەسپێنێ کە نابێ مرۆڤ بۆ ئەوەی زەوی خۆی نوغرۆ نەبێ زەوی خەڵکی تر نوغرۆ بکا لافاو لەسەر موڵکی خۆی لابدا بیخاتە سەر زەوی خەڵك. یان بۆی نییە بۆ ئەوەی ماڵو سامانی خۆی بپارێزێ ماڵو دارایی خەڵکی تر بفەوتێنێ.

٣- یتحمل الضرر الخاص لدفع الضرر العام: زیانی تایبەتی لە ئەستۆ دەگیرێ بۆ نەهێشتنو دوور خستنەوەی ژیانی گشتی، ئەمەش ئەوە دەچەسپێنێ کە بکوژ دەکوژرێتەوە بۆ دەستەبەروبونی ئاسایشی گشتی، دیوارێك کەورگی دابێو نزیك

بێ بڕۆخێو کەوتبێتە سەر ڕێگای گشتی دەڕوخێنرێ نەبادا لە نکاوێك بڕوخێ خەڵکی ژێر بکەوێ.

٤- يرتكب أخف الضررين لاتقاء أشدهما: سوکترین زیان لە ئەستۆ دەگیرێ بۆ خۆپاراستن لە زیانی گەورە، ئەمەش ئەوە دەچەسپێنێ کە قازی دەتوانێ ژنی کابرایەك تەڵاق بدا هەر کاتێك زانی کە ژنەکە توشی زەرەر بێ کە لەژێر نیکاحی پیاوەکەیدا بمێنێتەوە یان پیاوەکە نەتوانێ ژیانی دەسبەر بکا.

٥- دفع المضار مقدم على جلب المنافع: دوورخستنەوەی زیان پێش سود وەدەست خستنە، لەمەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە خاوەن ماڵ مەنع دەکرێ لە دەسەڵاتداری ماڵی خۆی هەرکاتێ زانرا کە تەصروفەکەی زیان بەخەڵکی تر دەگەیەنێ.

بنەما تایبەتیەکان بۆ لەمپەڕ دانان لەبەردەم پشێوی و فەسادا:

یەکێك لەو بنەمایانەی تایبەتە بە لەمپەڕدانان لەبەردەم پشێوی و فەسادا کە زانایان ئاماژەیان بۆ کردوە ئەم ئایەتە قورئانییە کە دەفەرموێ:

{وَلاَ تَسُبُّواْ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ فَيَسُبُّواْ اللّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ - سورة الأنعام – ١٠٨}.

لەم ئایەتەدا پەروەردگار جنێودانی بە خودا درۆزنەکانی کافرەکان حەرام کردوە – لەگەڵ ئەوەشا ئەو جۆرە جنێوە سوکایەتی کردنە بەو خودا درۆزنانە – بەڵام چونکە ئەو جنێودانە دەبێتە بیانو بۆ ئەوەی کافرەکانیش جنێو بە خودا بدەن، ئایینی ئیسلام حەرامی کردوە.

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) دەربارەی لەمپەڕنان لە بەردەم بڵاو کردنەوەی فەسادا دەفەرموێ: (ومن حام حول الحمى يوشك أن يقع فيه الا أن حمى الله محارمه).

واتە: کەسێك مەڕو ماڵاتەکانی لە دەوری پاوان بلەوەڕێنێ نزیکە مەڕەکانی بچنە ناو پاوانەکەوە، ئاگاداربن پاوانی خودا ئەو شتانەیە کە حەرامی کردوون.

ئابەم جۆرە زانایانی موسوڵمان ئەم بنەمایانەیان وەرگرتووەو لەژێر رۆشنایی ئەواندا تەشریعییان داناوەو نووسیوەتەوە، بۆ نموونە فەرموویانە: (ما لا يتم الواجب إلا به فهو واجب) هەر شتێك بێ ئەو تەواو نەبێ واجبە. یان دەفەرموێ: (ما ضر كثيره حرم قليله) هەر شتێك زۆرەكەی زیانبەخش بێ كەمەكەی حەرامە. زانای بەناو بانگ ئیبنو لقەییم ئەلجەوزی لە بەرگی سێیەمی (أعلام الموقعين)دا ئەم بنەمایانەی شی كردونەوەو (٩٩) نەوەدو نۆ نموونەی هێناوەتەوە لەو شتانەی كە شەریعەت فەرمانی پێكردوە یان نەی لێ كردوە، بڕێك لەو نموونانە ئەوەیە كە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) مەنعی كردوە كە پیاوێك دوو ژن بێنێ ئەو دوو ئافرەتە پوورو خوشكەزا یان پورو برازای یەكتری بن... فەرموویەتی ئەگەر وابكەن صیلەی رەحمیان دەپچڕێنن، تەنانەت ئەگەر ئافرەتەكان رازیش بن هەر دروست نییە چونكە ئەو رفتارە دەبێتە بیانوو بۆ لێك پچڕانی خزمایەتی، هەروەها شەریعەت شایەتی دوژمنی لەسەر دوژمنی خۆی مەنع كردوە بۆ ئەوەی نەتوانێ لە رێگای شایەتیدانەوە مەبەستی دوژمنكاری خۆی ئەنجام بدا! هەروەها پێغەمبەر مەنعی كردوە كە پیاو شەوانە لای ئافرەتێكی نامەحرەم بمێنێتەوە چونكە ئەومانەوە دەبێتە هۆو رێگە خۆشكەر بۆ زینا.

هەروەكوو چۆن پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) مەنعی كردوە كە پیاو خوازبێنی بەسەر خوازبێنیدا بكا، یان سەودا بەسەر سەودای خەڵكدا بكا، چونكە ئەم جۆرە رفتارانە دەبنە هۆكار بۆ دژایەتیو دوژمنكاری لە نێوانیاندا.

بنەما تایبەتییەكانی لابردنی ئەرك (المبادىء الخاصة برفع الحرج)

زانایانی ئیسلام ئەو بنەمایانەیان لەم ئایەتانە وەرگرتووە:

{ليس عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ - سورة الحج – ٧٨}.

پەروەردگار هیچ ئەركێكی قورسی نەخستۆتە سەر شانتان. یان دەفەرموێ:

{يُرِيدُ اللّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلاَ يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ - سورة البقرة – ١٨٥}.

پــەروەردگار دەیــەوێ ئــەرکی سەرشــانتان ئاســان ئــامێز بــێو قورســاییو نارەحەتی نەخاتە سەرشانتان. یان دەفەرموێ:

{لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا - سورة البقرة – ٢٨٦}.

پەروەردگار لە هیچ کەسێك زیاد لەتوانای خۆی داوای لیٚ ناکا.

ئەو بنەمایانەی کە زانایان لەم ئایەتە وەریان گرتووە ئەمانەن:-

١- المشقة تجلب التيسير: نارەحەتی ئاسان خوازە، ئەمە ئەوە دەچەسپێنێو دەگەیەنێ کە شەریعەت ڕێگەی داوە ڕۆژووەوان کە سەفەری کرد یان نەخۆش بوو بە ڕۆژوو نەبێ. هەروەکوو چۆن ڕێگەی داوە لە سەفەردا نوێژ کورت بکرێتەوەو کۆبکرێنەوە! ئەرکی حەجکردنیشی لە نەخۆشو نەدار دا لابردووە.

٢- الحرج مرفوع شرعاً: واتە: حەرەجو ئەرك دەبێ لابرێن. ئەمە ئەوە دەچەسپێنێ کە بەتەنها شایەتی ئافرەت وەربگیرێ لەوشتانەدا کە ناکرێ پیاو بیان بینێ وەکوو ئەو شتە تایبەتیانەی کەپەیوەندییان بەئافرەتەوە هەیە.

٣- الحاجات تنزل منزلة الضرورات في إباحة المحظورات: واتە: پێداویستی وەکوو زەروری وایە حەرام حەلاڵ دەکا. لەم بنەمایەوە زۆر لەسەوداو مامەڵەو شێوەی کومپانیاو هەڵسو کەوتی بازرگانەکانو پێداویستی جۆری بازرگانییەکەیان سنووردار دەکرێنو ڕێگەیان پێ دەدرێ، هەروەها کاتێك بەڵگەی ڕاستو دورستمان دەست کەوت کە جۆرێك لەو سەودایانە یان هەڵسو کەوتێك تیاندا پێویستەو جەختی لەسەرەو ئادەمیزاد پێویستی پێیەتی ئەگەر نەیکەنو لێیان حەرام بکرێ توشی ئەركو ئورکێکی ناخۆش دەبن، ئەوە ڕێگەیان پێ دەدرێ بە ئەندازەی ئەوە کە حەرەجەکەیان لەسەر لاچێ سنووربەزێنی بکەن!

بنەمای ئەوە کە پێویستی حەرام حەلاڵ دەکا:

زانایانی ئیسلام ئەم بنەمایەیان لەم ئایەتە دەرهێناوە کە دەفەرموێ:

{فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ - سورة البقرة – ١٧٣}.

واتە: کەسێك ناچار بوو بە ئەندازەی پێویستی خۆی دەستی بۆ حەرام برد ئەوە گوناهی لەسەر نییە، ئەمجار پەروەردگار لە ئایەتێکی تردا باسی ئەوانە دەکا کە زۆریان لێ دەکرێ، سەرزارەکیو بە ناچاری کوفر دەکەن بەلام دڵیان پڕ لە نووری ئیمانە:

{إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالإِيمَانِ - سورة النحل – ١٠٦}.

هەر لەم بنەمایەوەیە کە بۆ زۆرلێکراو دروستە کە سەرزارەکی وشەی کوفر ئامێز بڵێو دڵی پڕبێ لە نووری ئیمان، هەروەها دروستە لەکاتی پێداویستیو ناچاریدا گۆشتی مردارەوەبوو بخورێو عەرەقو بیرە بخورێتەوە، هەروەها حەڵاڵە لەکاتی برسییایەتیو پێداویستیو ناچاریدا ماڵی خەڵك بخوی بە ئەندازەی ئەوەی کە برسییایەتییەکەی نەمێنێ!! بەڵێ شەریعەتی ئیسلام لەسەر ئەم جۆرە بنەمایانە ئەحکامەکانی دامەزراون!!

ئەو بنەمایانەی کە تایبەتن بە پاكو خاوێنی بناغەی هەموو شتێك، هەموو شتێك لەسەرتاو بناغەدا حەڵاڵو پاكو خاوێنە

زانایانی ئیسلام ئەم بنەمایەیان لەم ئایەتەوە وەرگرتووە کە دەفەرموێ:

{هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً - سورة البقرة – ٢٩}.

واتە: پەروەردگار خودایەکی وایە هەرچی لە زەویدا هەیە بۆ سودو قازانجی ئێوەی دروست کردوە... یان ئەم فەرموودەی پێغەمبەر کە دەفەرموێ: (كل مولود يولد على الفطرة) واتە: هەموو منداڵێك بەبێ خەوشی لەدایك دەبێ، ئەمجار زانایان چەند مەبدەئێکیان لەم دەقانەوە هەڵساندووە کە ئەمانەن.

١- هەموو شتێك لە بناغەدا حەڵاڵو پاكو خاوێنە.

٢- ئەصڵ لە مرۆڤدا بێ تاوانیو پاکیەتییە تا بەڵگەی تاوانباریی پەیدا دەبێ.

ئەوەی گوترا: برێك بوو لەو بنەمایانەی کە تەشریعی ئیسلام ی لەسەری دامەزراوەو هیچ خاوەن ویژدانێك گومانی لەوەدا نییە کە بنەماکان دادوەرانەنو دژایەتی لەگەڵ بنەمای هیچ شەریعەتێکی تری عادلانەدا ناکا.

شەریعەتی ئیسلامی بۆ هەموو شتێك دەبێ‌و بۆ هەموو كۆمەڵگایەك گونجاوە:

هەرگیزاو هەرگیز قانوون‌و یاسای ئیسلامی لەبەرامبەر هیچ روداوێكدا دۆش دانەماوەو نەبۆتە لەمپەڕ لەبەردەم بەرژەوەندی گشتی‌و دادوەریدا. بەڵكوو دەبینین بەرژەوەندی جۆی جوێی هەموو كۆمەڵ‌و كەسێكی پاراستووە، بێگومان دەوڵەتی ئیسلامی لە چاخە زێڕینەكانی دا روبەرەكانی لە رۆژهەلاتەوە هەروەها لە چینەوە تاكێوەكانی ئیسپانیا، لە رۆژئاوایەوە داگیری كردبوو. (دەریای سپی)یش بوو بووە دەریایەكی ئیسلامی، ئالای ئیسلامی بەسەر مەملەكەت‌و فەرمانڕەواكانیدا دەشەكایەوە، ئەم ولاتانە چەندەها گەل‌و نەتەوەی وەكوو عەرەب‌و فارس‌و تورك‌و كوردو رۆم‌و هۆزو خێڵی جوێ جوێیان تێدابوون‌و جۆرەها داب‌و نەریت‌و ئایین‌و بەرژەوەندی‌و بیرو بۆچونیان لەناودا بوو، دەوڵەتی ئیسلامی بە قانوون‌و یاسای خۆی كاروباری ئەم گەل‌و نەتەوانەی هەڵدەسوڕاندو فەرمانڕەوایی دەكردن، هەرگیز نەبیستراوە لە مێژوودا كە موسوڵمانان لەو چاخانەدا لەبەرامبەر روداوەكاندا دۆش دابمێنن‌و دەستەو ئەژنۆ دابنیشن. یان یاسا لەقانوونی ولاتانی تر وەربگرن، بەڵكوو هەركاتێ خودا ی پەروەردگار یارمەتی موسوڵمانانی دابێ‌و ولاتێكیان رزگار كردبێ زانایانی ئیسلام بەهەوڵ‌و كۆششی تایبەتییان‌و بەتێفكرین لە قورئان‌و حەدیث یاسای پێویست‌و گونجاویان بۆ ئەو ولاتانە دۆزیوەتەوە، هەرگیز قانوون‌و شەرعی ئیسلامی لەبەردەم رووداوەكاندا دەستەوەستان نەبووە، لە هیچ بارێكدا پەكی نەكەوتووەو هیچ بەرژەوەندییەكی پاش گوێ نەخستووە، مافی هەموو كوڕو كۆمەڵێكی پاراستووە، بەرژەوەندی موسوڵمان‌و جولەكەو فەلەو ئایینەكانی تری دادپەروەرانە بەرچاو گرتووە، هەموو ئەم ئایینانەو گروپانە لەژێر سایەی عەدالەتی ئیسلامدا لە ژیانێكی بەختەوەریدا ژیاون‌و كاروباری خۆیانیان ئەنجام داوە.

بەڵێ: تەشریعاتی ئیسلامی كە ئەو كاتە بالا دەست بوو تەتبیق دەكرا، زۆر پێشكەتوو تر بوو، لەم قانوونە مەدەنییەی ئێستا لە هەموو رویەكەوە، بنەمای عەدالەت‌و مرۆڤ دۆستی لە ئامێز گرتبوو هەرچی كۆمەڵگای پێشكەوتوو

پێویستی پێیەتی ئەو دابینی کردبوو، بێگومان زانایانی قانوون ئەوانەی کە خۆیان موسوڵمان نین، نەیان توانیوە ئەم راستییە بشارنەوە، بەڵکوو ئەم راستیەیان لە نووسراوەکانی خۆیاندا چەسپاندووە، ئەمەش بڕێ لە شایەتی ئەوزانا خۆر ئاواییانەیە وا لەمەدوا دەیانخەینەڕوو:

زانای بەناو بانگ (ساتنیلا) دەڵێ: بێگومان لە فیقهی ئیسلامی دا ئەوەندە بنەمای تەشریعی مەدەنی هەیە کە بەشی هەموو رووداوێکی موسوڵمانان بکا، بەڵکوو دەتوانین بڵێین: بەشی هەموو ئادەمیزاد دەکا.

(دکتور محمد صادق فەهمی میسری) نامەی دکتۆراکەی لە باسی (الاثبات)دا نوسیووو بەشی هەرە گرنگی نامەکەی دەربارەی ئەو مەسئەلانەبوو کە زانایانی شەریعەتی ئیسلامی بڕیاریان لەسەر دابوون و چەسپاندبویانن. کاتێك لیژنەی موناقەشە – کە هەموویان فەرەنسی بوون – لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردوو نامەکەیان پەسەندکرد مامۆستاکەی کە ناوی (لیفی أولمان) مامۆستایەکی بەناو بانگ بوو دەڵێ: بێگومان کتێبی دکتۆر شایانی ئەوەیە کە بخرێتە ریزی کتێبە زانستییە قانوونییەکانی سەردەم، لەمەوە دەتوانرێ بگوترێ: پێویستە شەریعەتی ئیسلامی بکرێتە سەرچاوەیەکی زیندو بۆ قانوونی تازە.

(هوکنج) کە توێژەرەوەیەکی ئەمەریکاییو مامۆستای فەلسەفەیە لە دانشگای هارفەرد لە کتێبێکیدا کە ناوی (روح السیاسة العالمیة)یەو ساڵی (١٩٣٢) چاپ کراوە باسێکی دوورو درێژی دەربارەی رۆشنبیری ئیسلامی نووسیوە دوای ئەوەی کە بەدرێژی دەربارەی بناغەی فیقهی ئیسلامیو چوار مەزهەبەکان دواوە دەڵێ: (ئەو رێبازەی کە دەوڵەتە ئیسلامییەکان بۆ پێشکەوتن پەیڕەویان دەکرد جیاواز بوو لەو رێبازەی کە وڵاتە خۆر ئاواییەکان گرتبوویانە بەرو پێیان وابوو ئایین مافی ئەوەی نییە کە هیچ هەڵوێستێکی دەربارەی ژیانی رۆژانەی ئادەمیزاد هەبێو نابێ هیچ بۆچونێکی دەربارەی قانوونو یاسا ئاسمانیەکان هەبێ؟! بەڵکوو موسوڵمانانەکان پێیان وابوو دەبێ مرۆڤ سەرچاوەی پێشکەوتنو گەشەکردن لە ئاییندا بدۆزێتەوە!!

جاری وا هەیە هەندێ کەس پرسیار دەکەن‌و دەڵێن: ئایا یاسای ئیسلام لێی چاوەڕوان دەکرێ کە بیری تازەی تێدا گەشە بکاو ئەحکامی پێشکەوتوو سەربەخۆی وا دەربکا کە ژیانی سەردەم داخوازییەتی؟! بۆ وەڵامی ئەم مەسئەلە دەڵێین: یاسای ئیسلام هەموو ئامادە باشییەکی بۆ گەشەکردنی ناوخۆی تێدایە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکوو یاسای ئیسلام لەبارەی ئامادەباشی بۆ پێشکەوتن‌و گەشەکردن زۆر لە یاساکانی تر گونجاوترە، کێشەکە لەوەدا نییە کە یاسای ئیسلام هاوکاریی پێشکەوتن‌و گەشەکردنی تێدایە یان نا؟ بەڵکوو هەڵەکە لەوەدایە کە هەلی بەکارهێنانی بۆ نەرەخساوە، بەڵکوو من پێم وایە شەریعەتی ئیسلامی هەموو بنەمایەکی گەشەکردن‌و پێشکەوتنی لە خۆگرتووە.

دکتۆر (ئەنریکو ئەنسایا توحین) دەڵێ: شەریعەتی ئیسلامی شان بەشانی ڕوداوو پێویستییە ئاشکراکانی مرۆڤ دەڕواو هەنگاو دەنێ. بەڵێ ئیسلام دەتوانێ گەشە بکاو پێشکەوێ بەبێ ئەوەی کە لاوازی بەخۆیەوە ببینێ‌و ڕۆژگار بتوانێ ڕوناکایی بکوژێنێتەوە، بەڵکوو بەدرێژایی ڕۆژگار دەتوانێ ئیحتیفاظ بە هەموو هێزو پێزێ بکاو بەزیندوویی‌و گونجاوی ڕوبەڕوی ڕوداوەکان ببێتەوە...

خوێنەری هێژا! ئیسلام ئەو ئایینەیە کە دامەزراوترو ڕێك‌و پێکترین شەریعەتی پێشکەشی ئادەمیزاد کردوە، شەریعەتەکەی لە زۆر ڕووەوە لە قانوونە ئەروپاییەکان باشترو پێشکەوتووترو گونجاوترە.

ساڵی (١٩٣٢) گونگری دەوڵەتان کە لە (لاهای) بەسترا و دەربارەی بەرامبەریکردن‌و پێك گرتنی یاساکانی جیهان توێژینەوەی ئەنجامدا ئەوەی چەسپاند کە شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی قانوونی بەرامبەر کراو (القانون المقارن)ە ئیتر بەم جۆرە سەرچاوەکانی قانوون بوون بە چوار:- {قانوونەکانی فەرەنسا – قانوونەکانی ئەڵمانیا – قانوونەکانی ئینگلیزی – شەریعەتی ئیسلامی}.

ئەمەی گوترا: بڕێ شایەتیدانی زانایانی قانوون بوو دەربارەی شەریعەتی ئیسلامی، لەبەر درێژی کورتمان، هەر کەسێ بیەوێ لەم بارەوە زیاتر توێژینەوە

بکا سەرچاوە زۆرو زەبەنـدەن. نەتـەوە موسـوڵمانەکان هـیچ زیانێکیـان پـێ ناگـا ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی حوکم بەبنـەمای ئـەم شـەریعەتە بکەن، بـە تایبـەتی دوای ئەوەی تاقیکراوەتـەوەو بەڵـگە لەسـەر گونجاویو لـەباری بـۆ هـەموو گەلو نەتەوەو کاتو شوێنێك دەستەبەر بووە، چۆن وانیە؟! ئیسلام شەریعەتی خودایە: {وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ - سورة المائدة – ٥٠}.

بۆیە ئـەرکی سەرشانی هـەموو حکومـەتێکی ئیـسلامییە کە هەریەکـەیان لـە عاسـت خۆیـەوە دەزگایـەکی زانـستی لـە باشـترین زانـا ئاینیـەکانو یاسـا نـاسو ئابوری ناسو کارگێڕان پێك بێنن ئەرکی سەرشانیان ئەوەبێ بە گوێرەی قورئانو فـەرموودەکانی پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەربێ) یاسـا بـۆ وڵاتەکـەیان دابنـێن، هـەروەها بگەڕێنەوە بۆ راوو بۆچونی موجتەهیدەکان لەو شتانەدا کە لەگەڵ بەرژەوەنـدی گەلـدا دەگـونجێن، هەرشـتێکیش لـەو روداوانـەی کـە روو بـەرووی گـەلو نەتـەوە دەبنەوە ئەگەر دەقێکی قورئان یان حەدیث دەربارەیان نەبوو بۆ چارەسەرکردنی، ئـەوە بـە تـەرازوی بەرژەوەنـدی گـشتی دەکێـشرێ، سـەیر دەکـرێ ئـاخۆ تـاچ ئەندازەیەك سودو قازانج بۆ کۆمەڵو تاك دەستەبەر دەکا.

جێنشین (الخلافة):

جێنـشین لـە ئـاینی ئیـسلامدا بـەمانا پێـشەوایەتییە واتـە: (الامامـە)و فەرمانڕەوایەتی موسوڵمانانە واتە: لێپرسـراویەتی گـشتی لـەکارو بـاری دونیـاییو قیامەتیدا لە شوێنی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) جا ئەو کەسەی بەم کارانە هەڵدەسـێ پێی دەڵێن: خەلیفـەو پێـشەوا: نـاوبردنی بـە پێـشەوا شوبهاندنیەتی بـە ئیمـامی نوێـژ لـەوەدا شـوێن کـەوتنی پێویـستە، نـاوبردنی بـە خەلیفـە لەبـەر ئەوەیـە کـە جێنشینی پێغەمبەرە لە شوێنی ئەو کارو باری موسوڵمانان هەڵدەسوڕێنێ.

خەلافـەت: هەڵـسوڕاندنی کاروبـاری کۆمەڵـە بـە گـوێرەی داخـوازی شـەرعو دابینکردنی بەرژەوەنـدی هـەردوو دونیایـان، چونکە چونیەتی کـارو بـاری دونیـا پەیوەنـدە بـە چـۆنیەتی بەرژەوەنـدی قیامـەت، وەکـوو دەڵـێن دونیـا کێڵـگە

(مەزرەعــە)ی قیامەتــە: بەڵــکوو لــە ڕاسـتی دا خەلافـەت جێگریکردنـی خـاوەن شەرعە بۆ پاراستنی ئایینو رامیاری دونیا.

کێ مافی ئەوەی هەیە خەلیفە دابنێو لێی بخا:

موسوڵمانانو پەیڕەوکارانی پەروەردگار (ئەهلی سوننەتو جەماعەت) پێیـان وایە کە دانانی جێنشین (خەلیفە) فەرزی کیفایەیـەو ئەوانـەی داوایـان لێ دەکـری خەلیفە دابنێن (ئەهلی حیلو عەقدن) واتە پیاو مـاقوڵانو گـەورە لێپرسـراوانو شەرعزانو ئەوانەی شارەزاییان لـە بەرژەوەنـدیو رامیـاریو دادوەریو کارگێڕیـدا هەیە.

ئـەم سـەرکردایەتیە بڵنـدە کـە خەلافەتـە لـە حوکوومـەتی ئیـسلامیدا هـەرە پلـەی بـەرەژووری دەسـەڵاتە، چـونکە خەلیفـە دەسـەڵاتی فـەرمانڕەوایی لـە نوێنەرانی گەلەوە دەدرێتێ کە بـرێتین لـە ئـەهلی حیلو عەقد، مانەوەشـی لـەو لێپرسـراویەتیەدا یابەنـدە بـە بـەردەوام بـوونی سـیقەی ئـەو نوێنەرانـە بـەو جێشینەو دڵسۆزی خۆی بۆ دابینکردنو پاراستنی بەرژەوەندی موسوڵمانان.

هەر بۆیـە زانایـانی ئیـسلام ئـەوەیان چەسـپاندووە کـە گـەل دەتوانـێ – هـەر کاتێك بە پێویست زانراو هۆکاری لە کارخـستنی پەیـدابوو – خەلیفـە لـە کاربخا! جا ئەگەر لادانی خەلیفە سەربکێشێ بۆ بەرپابوونی فیتنەو ئاشوبو پشێوی ئەوە تێبینی ئەوە دەکرێ ئـاخۆ کـام لایـە لـە هێـشتنەوەی خەلیفـە یـان لەکار خـستنی کەمتر زیان بە کۆمەڵگای موسوڵمانان دەگەیەنێ ئەولایەنە هەڵدەبژێردرێ.

لێپرسـراویەتی خەلافــەت لــە هــەموو لێپرسـراویەك جیـاوازە چـونکە لێپرسراویی خەلافەت – وەکوو وتمان – لێپرسراویەکی گشتی ئایینیو دنیاییە.

ئەو مەرجانەی پێویستن بۆ خەلیفایەتی :

زانایانی ئیسلام چەند مەرجێکیان بەرچاو گرتـووە بـۆ ئـەو کەسـەی دەبێتـە جێنشین (خەلیفە). لێرەدا ئەو مەرجانەی کە ئەبولحەسەنی ماوەردی لـە کتێبـی

(الأحكام السلطانية)دا فەرموویەتی دەیانخەینە روو کە دەفەرموێ: کەسایەتی ئەوانەی کە دەکرێن بە جێنشین پێویستە حەوت مەرجیان تێدابێ:

یەکەمیان: دەبێ مەرجەکانی دادوەری تێدابن.

دووەم: دەبێ زانایی بگاتە پلەی ئەوەی بتوانێ لەکاتی روداودا ئیجتیهادی پێویست بکا.

سێیەم: هەستەکانی – بیستنو دیتن –و قسەکردنی ساغو سەلامەت بن تا بتوانێ کارەکانی ئەنجام بدا.

چوارەم: ساغو سەلامەتی ئەندامەکانی وەکوو دەستو قاچی تا بتوانێ وەکوو پێویست پەلاماری روداو بدا.

پێنجەم: زیرەكو راپەسەندبێ بە جۆرێك بتوانێ کاروباری رامیاری کۆمەڵگاکەیی و بەرژەوەندییان بە لێهاتوویی ئەنجام بدا.

شەشەم: ئازایەتیو لێبوردوییو بەهانا چوونی لێقەوماوان. بەجۆرێك بێ کە بتوانێ پارێزگاری وڵاتی موسوڵمانان بکاو دژی دوژمنان بجەنگێ.

حەوتەم: بنەچە. دەبێ جێنشین لە نەوەی قورەیش بێ. چونکە فەرموودەی پێغەمبەری لەسەرەو ئیجماعی موسوڵمانانیشی لەسەر بەرپا بووە.

ئەم مەرجی حەوتەمەی کە ماوەردی چەسپاندوویەتی جێگای سەرنجەو زانایانی موسوڵمان کێشەیان تێیدا هەیە. بناغەی کێشەکەش لەوەوە هەڵدەستێ کە راستی حەدیسەکە نەچەسپاوەو لەگەڵ ئەو ئایەتو حەدیسانەی کە دەربارەی پوچەڵکردنەوەی بنەچە هاتوون دژایەتی هەیەو لەگەڵ ئەو دەقانەی کە لۆمەی ئەو کەسانە دەکا کە بانگەوازی بۆ رەگەز پەرستی دەکەن ناگونجێ!!.

ئەگەر قورەیشییایەتی بۆ بون بەجێنشین مەرج بووبێ لە سەرەتای بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلامو سەروبەندی لە دونیا دەرچوونی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ)، ئەوە هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەو کاتە هۆزی قورەیش پشتو هێزێکی باشیان هەبووە کە جێنشین پشتیان پێ ببەستێ بۆ بەرژەوەندی موسوڵمانانو ئەنجامدانی لێپرسراویەتی بەکاریان بێنێ! کەوابوو ئەوە مەرجێکی سەردەمیو

کاتییە ئەوە دەگەیەنێ کە جێنشین بێ لە هۆزێکی خاوەن پشتو قەوەت بێ بۆ ئەوەی بەهۆی هێزی هۆزەکەیەوە بتوانێ لێپرسراویەکەی ئەنجام بدا کەوابوو مەرجی قورەیشییایەتی مەرجێکی هەمیشەیی نییە.

جیاوازی نێوان جێنشینیو پاپایی :

زۆر لە نووسەرە ئەوروپاییەکەن مەسەلەی جێنشینییان هێناوەتە ناو نووسینەکانیانەوەو شوبهاندوویانە بە پاپاییەتیەوە. بەڵام لە راستیدا جێنشینی زۆر لە پاپاییەتی جیاوازە، بە جۆرێك کە ئەم دوانە لە هیچ شتێکدا یەك ناگرنەوە!!

چونکە (پاپا) کەرادیلەکان هەڵی دەبژێرن کە رادیلەییش بۆ خۆی پاش پلەی پاپایی بەرزتین پلەی کاهینیەتییە. بەڵام جێنشین (خەلیفە) مرۆڤێکی ئاساییەو ئەهلی حیلو عەقد هەڵیدەبژێرنو هەرکاتێکیش بەپێی قورئانو حەدیث نەجوڵایەوە، نوێنەرانی گەل دەتوانن لە کاری بخەن چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: (لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق) لەهەر شتێکدا سەرپێچیکردنی خودای تێدابوو بەقسەی کەس ناکرێ.

دەی پاپا هەڵوەشاندنەوەو چەسپاندن، لێخۆشبوونو بێ بەشکردن بە دەست خۆیەتی! بەڵام جێنشین هیچ شتێکی لەم جورە شتانە بە دەست نییە، لە ئایینی مەسیحیدا راڤەکردنی کتێبی موقەدەس تایبەتە بە پاپاوە، بەڵام لە ئیسلامدا جێنشین هیچ زێدە تێگەیشتنێکی لە قورئان نییە، بەڵکوو ئەوو قوتابیەکی تر لە تێگەیشتن لە قورئان چون یەکن! ئەگەر زێدەییەك هەبێ لە رووی هۆشمەندیو کارڕاستیو را دروستییەوە دەبێ.

چی لەسەر جێنشین پێویستە بیکا بەرامبەر گەلەکەی؟

ئەرکی سەرشانی جێنشین بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامە، چەسپاندنی تەرازوی دادوەرییە، پاراستنی ئایینە لەوەی کە دەست درێژی بکرێتە سەر. یان

دابو نەریتی پڕو پوچی تێدا پەیدا بکرێ. هەروەها راوێژکردنە لەگەڵ ئەهلی راوێژ لەو شتانە کە دەقێکی قورئان یان حەدیسی تێدا نەبێ. جێنشین بەر پرسیارە لە هەموو کردەوەیەکی کە ئەنجامی دەدا. هەموو یەکێك دەتوانێ یەخەی جێنشین بگرێو لەو شتەی کە پێی وایە خەلیفە هەڵەی تێدا کردوە. ئەهلی حیلو عەقدیش بۆیان هەیە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەنو بەرەو روی کردارەکانی خۆیی بکەنەوە!! پێغەمبەر دەفەرموێ: (الامام راع وهو مسؤول عن رعيته) جێنشین چاودێرەو بەرپرسیارە لە بەرامبەر گەلەکەیداو لێپرسینەوەی لەسەرە، (پەروەردگار)یش دەفەرموێ:

{إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ - سورة النساء – ٥٨}.

ئەمانەت: بریتییە لەهەر شتێك کە پێویست بێ پارێزگاری بکرێو بدرێتە خاوەنی خۆی، کەوابوو کورسیو مەنصەبە گشتییەکان ئەمانەتن لە ئەستۆی جێنشیندا پێویستە بیداتە پیاوی کارامایی خۆی. ماڵو سامانی حکوومەت لە ئەستۆی ئەودایە، دەبێ لە شوێنی خۆیدا سەرفی بکا، ئەرکو مافی کۆمەڵو گروپەکان مافێکە لە ئەستۆی جێنشیندایە، دەبێ زەمینەی گونجاویان بۆ برەخسێنێ تا هەر کەسە ئەرکو مافی خۆی ئەنجام دا، ئەو (عەدلە)ی کە لە ئایەتەکەداهاتووە بریتییە لە فەرمانڕەواییکردن بە گوێرەی قورئانو هەرکەسە بەزوترین کاتو ئاسانترین شێوە حەقو مافی خۆی بدرێتێ!!

یەکەم جێنشین لە ئیسلامدا چۆن هەڵبژێردرا:

حەزرەتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) لە دونیا دەرچوو، هیچ جێنشینێکی بۆ خۆی دانەنا، ماڵئاوایی لە موسوڵمانان کردو بەجێی هێشتن بەو شێوەیە تا بۆ خۆیان کاروباری خۆیان بەگوێرەی ئایەتەکانی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر بەڕێوەبرن؟ تەنانەت لەناو گەورە گەورەی هاوەڵانیدا کەسێکی دیاری نەکرد بۆ جێنشینی!

مردنی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) چاوەڕوان نەکراو بوو لەلای هاوەڵانو کارەساتێکی ناگەهانو خورپە پەیداکەربوو بۆ موسوڵمانان، تەنانەت تا ماوەیەك تاساندنیو خەریك بوو بڕێك لە هاوەڵان ئایینەکەشیان لەدەست بدەن، ئەوەتا عومەری کوڕی خەتاب جۆرە تێکچوونێك ڕوی تێکرد کە چوو لە مەزگەوت پێغەمبەری بە مردویی بینی دەستی کرد بە هەراو هۆریا دەیگوت: پێغەمبەر نەمردووە چووە بۆ خزمەت خودا وەکوو چۆن موسا چوبو بۆ خزمەت خوداو دوای چل شەو هاتەوە ناوگەلەکەی. بە خودا پێغەمبەری خوداش دێتەوە، دەستو قاچی ئەوانە دەبڕێتەوە کە وادەزانن مردووە! تەنانەت دەگێڕنەوە کە عومەر شمشێری گرت بە دەستەوەو وتی خەڵکینە! زمانی خۆتان بگرن دەربارەی پێغەمبەر، پێغەمبەر نەمردووە، بە خودا ببیسم هەرکەسێ بڵێ مردووە بەم شمشێرە لەتەوقی سەری دەدەم.

عوسمان لاڵو پاڵ کەوتبوو دەمی گۆی نەدەکرد، عەلی دانیشتبوو جوڵەی لێ بڕابوو! ئالەم کاتە پڕ داخو ناسۆرەدا لەم ساتە تەنگانەیەدا حەزرەتی ئەبو بەکر هەستاو چووە سەر دوانگەو وتارێکی داو فەرمووی: خەڵکینە!

ئەو کەسەی موحەممەدی دەپەرست ئەوە موحەممەد مرد! هەر کەسێکیش پەروەردگاری دەپەرست ئەوە بێگومان پەروەردگار زیندووە نامرێ! ئەمجار ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

{وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىَ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللّهُ الشَّاكِرِينَ - سورة آل عمران – ١٤٤}.

ئیتر دوای خوێندنەوەی ئەم وتارە لەلایەن ئەبو بەکرەوە هاوەڵان وەئاگا هاتنەوەو تەرمی پیرۆزی پێغەمبەریان لە حوجرەکەی خۆی بەداپۆشراوی بەجێ هێشتو بەپێویستیان زانی پێش ئەوەی تەرمەکەی ئەسپەردەی خاك بکەن جێنشین بۆ خۆیان دیاری بکەن بۆ ئەوەی جڵەوی ئیشو کار بگرێتە دەستو کارو باری موسوڵمانان بەڕێوەبەرێ، ئەوەبوو کۆبوونەوەیەکیان کردو لەناو

خۆیاندا راوێژو پرسو راگۆڕینەوەیان ئەنجامدا دوای سەعاتێك وتو وێژو راوێژ بەتێکرای دەنگ حەزرەتی ئەبو بەکریان کردە جێنشینو دەنگیان پێداو بەیعەتیان پێکرد، کە بەیعەتەکە تەواو بوو حەزرەتی ئەبو بەکر چووە سەر مینبەرو وتارێکی خوێندەوەو تێیایدا فەرمووی: (ئەی خەڵکینە! من کرام بە فەرمانڕەواو جێنشین بەسەر ئێوەوە چاکترین کەسێکی ئێوەش نیم! جا ئەگەر ئیشی باشم کردنو راستو دروست رۆیشتم یارمەتیم بدەن، ئەگەر لاری رۆییشتم راستم بکەنەوە، راستگۆیی ئەمانەتە، درۆزنی خییانەتە، بێ وەچو لاواز لە ئێوە بەهێزو دەسەڵاتە هەتا مافی خۆی بۆ دەستێنمەوە، بەهێزو دەسەڵاتتان بەلای منەوە بێ وەچو بێهێزە تاماڤی لێ دەستێنم! با کەس لە ئێوە پشتی لە جیهاد ساردنەبێتەوە، چونکە هەر گەلو نەتەوەیەك واز لە جیهاد بێنێ خودا زەلیلو ژێر دەستەیان دەکا.. پەیڕەوی فەرمانم بکەن بە مەرجێك من بۆ خۆم پایەندی فەرمانی خوداو پێغەمبەربم، ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خودامکرد ئێوە هیچم بە قسە مەکەن. فەرموون خەڵکینە! رەحمەتی خوداتان لێبێ با نوێژەکەمان بکەینو نوێژەکەمان نەفەوتێ..).

هەر کەسێك سەرنجی ئەو وتارەی حەزرەتی ئەبو بەکر بدا – کە یەکەم جارە دوای وەفاتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) دەنگی دەسەڵاتدارێکی ئاوا بەرگوێی موسوڵمانان بکەوێ – دەبینێ بنەمای دیموکراتی بە ئاشکرا خۆی دەنوێنێو هیچ کەمو کوڕیەکی تێدا بەدی ناکرێ!

دەی کوا نەتەوە پێشینەکان – بە تایبەتی عەرەبەکان – لەو سەردەمەدا زانیویانە دیموکراتی چیەو؟ چی نییە؟!

بەڵێ حەزرەتی ئەبو بەکر بەو شێوەیەو لە ئاکامی راوێژو کۆبونەوەی سەرانی هاوەڵانو وەرگرتنی دەسەڵاتی فەرمانڕەواییو بوونی بە خەلیفەی موسوڵمانان، ئەمجار بەیعەتکردنی موسوڵمانان بۆ ئەو زاتە باشترین بەڵگەیە لە سەر ئەوە کە دەسەڵاتی سەرەکی بۆ گەلە! دیارینەکردنی پێغەمبەریش بۆ جێنشین پشتیوانی ئەو راستییە دەکا.

لە فەرموودەکەی حەزرەتی ئەبو بەکردا کە دەفەرموێ: (ئەگەر ئیشی باشم کردن یارمەتیم بدەن‌و ئەگەر لار رۆییشتم راستم بکەنەوە، ئاماژەیە بۆ ئەوە کە گەل مافی ئەوەی هەیە چاو دێری حکوومەت بکاو پشتیوانی کاری چاکەی بکاو کاری خواری بۆراست بکاتەوە!

لە فەرموودەکەیدا کە دەفەرموێ: (پەیڕەوی فەرمانەکانم بکەن بەمەرجێ خۆم پابەندی فەرمانی خوداو پێغەمبەر بم، ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خودام کرد هیچ شتێکم بەقسە مەکەن).

ئەم بانگەوازییە هیچ پێچ‌و پەنای تێدا نییە کە حکوومەتی ئیسلامی خاوەن دەستوورو یاسایەکی چەسپاوە کە لە قورئان‌و حەدیسەکانی پێغەمبەردا رەنگ دەدەنەوە!! بێگومان ئەبو بەکر بە شایەتی ئەو هەموو هاوەڵانەی پێغەمبەر خۆی پابەند کرد بەوە کە بە گوێرەی ئەو دوو سەرچاوەیە رەفتار بکا! تەنانەت ئەوەشی راگەیاند کە گەل مافی ئەوەی هەیە هەرکاتێ فەرمانڕەوا لەو رێبازە لای داو پەیڕەوی فەرمانی خوداو پێغەمبەری خودای نەکرد، لە جێنشینی بخەن‌و متمانەی دەسەڵاتداریەتی لێ وەربگرنەوەو فنیشی بکەن؟!!

بەڵێ ئەم پابەندبوونانە (الالتزامات)انە کۆڵەکەو پایەی دیموکراتی راستین‌و دیموکراتی راستەقینە هەر لە ئیسلامدایەو بەس.

خوێنەری هێژا ئەمەی گوتراو نوسرا نموونەیەکی دیموکراتی خەلیفەی یەکەم بوو، ئەگەر ترسی درێژە پێدان نەبوایە زۆر نموونەی ترمان لە هەڵس‌و کەوتی حەزرەتی ئەبو بەکرو جێنشینەکانی دوا ئەو دەهێنایەوە.. بەڵام وەکوو دەڵێن: مشتێك نموونەی خەروارێکە.

بەشی بیستەم:

ئابووریی لەئیسلامدا (الإقتصاد في الإسلام)

ئابووریی سەرمایەداریی – ئـابووریی شۆسیالیستی – ئیسلام موڵکداریی فەردیی بەڕەوا دەبینێ

هەوڵدان بۆ سوککردنی سەرمایەداریی‌و بەرگری لە هەڵچوونی بەم رێگە چارانە:

(زەکات – یاسای میرات – راسپێری (الوصیة) – بەشی هەژارو نەدارەکان لە تالآن‌و دەسکەوت – بە حەرام دانانی کەڵەکەکردنی ماڵ – پاراستنی سامانی گەل‌و تاك بەم رێگە چارانە – دەستگرتنی گێل‌و قەدەغەکردنی مامەڵە لێی – تاقیکردنەوەی هەتیوو پێش ئەوەی ماڵەکەی بدرێتە دەست – نووسینی پسووڵەو قەواڵە – نامەی کڕین‌و فرۆشتن‌و بارمتە – حەرامکردنی سودو فایز – حەرامکردنی بردنی ماڵی خەڵك بە ناڕەوا – حەرامکردنی قومار – حەرامکردنی تەرازوبازیی – دەستبڵاویی کارێکی خراپە – چاکەکردن لەگەڵ هەژارو نەدارایاندا.

ئاشکرایە کە کێشەی ئابووریی لەهەرە پێشەوەی کێشەکانی جیهانە، چونکە مەسئەلەیەکی سامناکەو ئەمڕۆ هەموو جیهانی گرتۆتەوە، ژیارو حەزارەتیماددە ئامێزی خۆر ئاواش بەدەستێك پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان دەشێوێنێ‌و بە دەستەکەی تری کێشەو بەرە دەخاتە نێو چینەکانی کۆمەڵەوە.

یاسای ئابووریی خۆر ئاواییەکان نەیتوانی چارسەری کێشە ئابوورییەکان بکا، بەڵکووو چەند تەنگ‌و چەڵەمەیەکیشی بەرپاکرد لەم رووەوە کە نەیتوانی پێویستیەکانی روداوە تازەکان پڕ بکاتەوە.

ئەوەتا کێشە لە نێوان سەرمایەدارو چینی کرێکاردا بەردەوامە رۆژ بەرۆژیش لە پەرەسەندندایە، هەتا کێشەی ئابووریی چارسەرێکی تەواوی نەکرێ ئاشتی لە جیهاندا بەرپا نابێ، وا دیارە لەم بارو دۆخەدا سەرچاوەی ئاشتی‌و کلیلی بەدیهێنانی بەدەست ئیسلامە!!

چونکە هەریاسای ئابووریی ئیسلام سەنگ‌و تەرازو دەکا لە نێوان سەرمایەدارو کرێکارداو چارسەری باشی لا هەیە، هەر بە بەگەڕخستنی ئەو

یاسایە یـان بڵێین بـە بەگـەڕ خـستنەوەی ئـەو یاسایە ئاشـتی بـاڵی خۆشـبەختی بەسەر زەویدا دەکێشێ!!

یاسـای ئیـسلام چـەند تایبەتمەندییـەکی هەیـە لـە یاسـاکانی تـردا دەسـتمان ناکـەوێ، وەکـووو لەمـــەدوا روونـــی دەکەینـــەوە. جـا پـــێش ئـــەوەی دیـــاردە تایبەتمەندییـەکانی ئیـسلام بـاس بکـەین پێویـستە بەسـەر پێێیکـەوە چـاوێك بـە یاسای سەرمایەداریی‌و سوسیالیستی دا بگێڕین.

ئابووریی سەرمایەداریی (الإقتصاد الراسمالي):

ئـابووریی سـەرمایەداریی رێگـە دەدا بـە مـرۆڤ کەچـی پێخۆشـە لـە کـاری بازرگـانی‌و پیـشەسازی‌و پێداویـستییەکانیان بـە ئـارەزۆی خـۆی بـە سەربەسـتی ئەنجامیان بدا، چ بەرهەمێکی بوێ چەند دەتوانێ‌و چۆن دەتوانێ بەرهەمی بێنـێ بەهەرشتێك بیەوێ مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا کا، بە هـەموو سەربەسـتییەك بتوانـێ ویستو ئارەزووەکانی بەجێ بهێنێ!! بـەکورتی ئـابووریی سـەرمایەداریی لـەناوەوەو لە دەرەوە، دەرگای لەسـەر پـشتەو هـیچ شـتێك نیـە سـنووری بـۆ دابنـێ‌و جڵەوی سەرکەشی بگرێتەوە. لەسەر ئەم بۆچوونو دابو نەریتە ئـابوریی سـەرمایەداریی رەنگرێـژ کـراوەو بـنچ بەسـت بـووە..! زانایـانی سـەرمایەداریی دەڵێن: بـۆ ئـەوەی ژیـانی ئـابووریی بەشـێوەیەکی راسـتو رەوان بـڕوا، پێویـستە لەسـەر ئـەم سـێ کۆڵەکانە دابمەزرێ:

١- بەرژەوەندیی کەسایەتی وەکوو ئامانج‌و مەبەست: چونکە سروشـتی مـرۆڤ وایە ئەگەر بەرژەوەندییـەکی تایبـەتی خـۆی پـاڵی پێـوە نـەنێ بـۆ کردنـی کارێـك کارەکە ناکا!.

٢- پێشبڕکێ‌و بەربەرەکانی وەکوو هۆکارێك، چونکە ئادەمیزاد زیـاتر هـەڵس‌و کەوتی بەپێی سۆزی دەروونە، نەك بەپێی زیری‌و هۆش، کەوابوو پێویـستە مـرۆڤ مونافسی هەبێ تا هەڵی بنێ بۆ ئەرککێشان‌و ئازاری ئیشکردن.

٣- سەربەسـتی لـە کارەکـەی دا وەکـوو مـەرجێك، چـونکە نـەبوونی ئـازادیی گیـانی پێـشبڕکێ لـە مـرۆڤ دا دەکوژێو چالاکی شلەپەتە دەکاو سوودی تایبـەتی شەخصی دەستەبەر ناکا، بێگومان واز هێنان لە مرۆڤ لە بـارو دۆخێکـی ئـابووریی ئاوەها ئازادو سەربەستدا بە تایبەتی کە زوربەی کارەکان لە جیاتی ئـەوەی مـرۆڤ بەدەست بیانکا بە ئامێر ئەنجام دەدرێن – کۆمەڵێك تەنگو چەڵەمەی ئـابووریی سامناکی بەدیهێناوە وەکوو:

أ) زۆری کەلو پەلو هەرزانی.

ب) کارگـە داخـستنو ئـیش راوەسـتانو وازهێنـانی کرێکـاران لـەئیش، دیـارە ئەمەش بەرواڵەت سەردەکێشێ بۆ ئەوەی کە کرێکاران نەتوانن پێداویستی خۆیان لە خواردەمەنیو پۆشاك دەستەبەر بکەن! کە ئەمەش بوو بەهۆی هەڵـگیرساندنی شۆڕشـی ئـەو کرێکـارە چـارە رەشـانەو وێرانکردنـی کارگـەو ئـاگر تێبـەردانیانو وێرانکردنی ماڵو سامانی سەرمایەدارەکان، چـونکە ئـەو کرێکارانـە پێیـان وابـووە ئەم سەرمایەدارانە کانگەی چارەڕەشی ئەوانن.

ئابوری سوشیالیستی (الإقتصاد الإشتراكي):

لـەم بـارو دۆخـە ناهـەموارەدا قوتابخانەیـەکی تـر سـەری هەڵـداو بەرواڵـەت لایـەنگری کرێکـار بـوون، هێرشـیان کـردە سـەر یاسـای سـەرمایەدارییو پۆخڵاواتەکانی ئەم یاسایەیان خستە روو، برێ لەو ڕەخنانـەی ئاراسـتەیان دەکـرد دەیانگوت:

بناغـەی بەرژەوەنـدیی شەخـصی لـە ئـابووریی دا سەردەکێـشێ بـۆ کەڵەکـە بـوونی دەوڵەتو سامان لەلای چەند کەسێكو گەردنکەچی زوربەی جەماوەر بۆیان!

هـەروەکوو چـۆن سـەرمایەداریی جگـە لـە چارەڕەشـیو سـتەمکاریی لـەناو کۆمەڵدا چی تر بڵاو ناکاتەوە، زیـاد لـەوەش پاڵەپەستۆی پێـشبڕکێی ئـازاد لەبـەر هەمهێنانـدا دەبێتـە بـەفیڕۆدانی هێـزی بەرهـەم هێنـانو نـابووت بـوونی بازرگانەکان، لەلایەکی ترەوە یەکێك لـە عەیبـەکانی پێـشبڕکێی ئـازاد ئەوەیـە: کـە

هـەموو ئـەو خەڵـکەی هاوبەشـی پێـشبڕکێیەکە دەکـا کەرەسـتەو ئامێرەکانیـان بەرامبەر نـابن، هـەروەها ئـازادیی لـە ئـابووریی دا جگـە لـە ئـاژاوەو گێـرەو کێـشە چیتر بەدی ناهێنێ، چونکە ئەم ئابوورییـە وا دەکـا مـرۆڤ ئـازاد بـێ چـی بەرهـەم دێنـێو چـۆنی بەرهـەم دێنـێو چـەند بەرهـەم دێنـێ کـەیفی خۆیـەتی. ئەمـەش دەبێتە هۆی دروسـتبوونی کێـشەی ئـابووریی! جـا لەبـەر ئـەو هۆیانـە لایـەنگرانی کرێکارەکان بانگەوازییان کـردوە بـۆ بـەرپابوونی ئـابووریی شوسیالیـستیو لەسـەر ئەم سێ بنەمایانە دایان مەزراندووە:

یەکەم: پوچەڵـکردنەوەی مڵـکداریی تایبـەتی فـراوان لـە زەویو سـەرمایەداو سـپاردنی بـە حکوومـەت بـۆ بەرژەوەنـدیی گـشتی، واتـە هاووڵاتیـان ئـیش بـۆ حکوومەت دەکەنو حکوومەتیش کرێیان دەداتێ بە یەکسانیو بە گوێرەی بـەهای ئەو ئیشەی کە ئەنجامی دەدەن!

دووەم: دابەشکردنی بەروبوومی کارگەکان بەسـەر هاووڵاتیانـدا هـەر کەسـەی بە ئەندازەی پێداویستی خۆی!!

سـێیەم: دانـانی بەرنامەیـەکی رێـكو پێـك بـۆ بەرهـەم هێنـان بـە گـوێرەی پێداویستی کۆمەڵ لە بارەی چۆنیەتو چەندیەتەوە! گوایـە دەڵێن: بـەم شێوەیە جیـاوازیی لـەناو خەڵـکدا نامێنـێو چـینایەتی کۆمەڵایـەتی قەڵاچـۆ دەکـرێو یەکسانی بەرپا دەبـێ، گیرو گرفتـی ئـابوورییو هـۆی رقو کینـە نامێنـێ، بەڵـکوو برایەتیو هاریکاریو ئاشتی بەرپا دەبێ.

ئیسلام موڵـکداریی تاکە کەسی بەرەوا دەبینێ!:

یاسای ئابووریی ئیـسلامی یاسـایەکی گونجـاوو لـەبارە، دەتـوانین بڵێین: لـەناو ئابوورییەکانی سەردەمدا وێنـەی نیـە، چـی بـاشو پەسـەندە لـە یاسـای ئـابووریی سەرمایەداریی دا لەخۆی گرتووە لایەنە خراپەکانیشی پاشگوێ خستووە، هەروەها چی باشە لە یاسای ئـابووریی شوسیالیـستی پەسـەندی کـردوەو تێیدایـەتی لایەنـە خراپەکانیشی دوور خستۆتەوە.

یەکەم: شتێك کە لە یاسای ئابووریی ئیسلامی دا بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە: کـە رێـزی موڵـکداریی دەگـرێ، جیـاوازیی هەیـە لەگـەڵ یاسـای ئـابووریی سەرمایەداری دا.

دووەم: شت ئەوەیە کە ئیسلام دژی کەڵەکەبوونی سەرمایەیەو هەوڵ دەدا سامان لـەلای چـەند کەسـێك کۆنەبێتـەوە، بەڵـکوو هـەموو کاتـێ هـەوڵ دەدا سـەرمایەداریی مامناوەنـدیو پـچکۆلە دروسـت بکـا... وا ئێمـە لەمـەدوا بۆچوونەکانی ئیسلام لەم بارەوە شی دەکەینەوە!

پێشگرتن لە هەڵچوونی سەرمایەداریی:

زەکات: ئیسلام هەوڵ دەدات سەرمایەداریی هەڵنەچێو سەرکەش نەبێ، بـەوە کە لەسەر سەرمایەدارەکانی فەرز کردوە کە بەشێك لە ماڵی خۆیان تەرخان بکەن بۆ چینی فەقیرو هەژار، ئەم بەشە پێی دەگوترێ زەکات، ئـەم زەکاتـە یەکێکە لـە پایەکانی ئیسلامو وەکوو زەریبەو باجێکی حوکوومی وایە پێویستە وەربگیرێ!

زەکات پێویستە دەربکرێ لە هەرشتێك کە ئینسان موڵکایەتی دەکا، جا ئـەو شتە پارەبێ یـان شـتوومەکی بازرگـانی بـێ یـان کشتوکاڵ بـێ، بەمـەرجێك کـە لـە پێویـستیاتی خـۆی زیـاد بـێو کـاتی دیـاریکراویی هاتبـێو بگاتـە ڕادەی زەکـات. ئەندازەی زەکات لە مـاڵی بازگـانیو زێـڕو زیـودا لەسـەدا دوو نیـوە، لەبـەروبوومی کشتوکاڵیدا لەسەدا دەیە، ئەگەر بێ ئەرك ئاو بدرێ، زەکات کە کۆکرایـەوە دابـەش دەکرێ بەسەر ئەمانەدا: گەداو هـەژارو قـەرزدارو رێبـواری نـەدارای بـێ دەرەتـانو کارگوزاری سەر زەکاتەکەو نۆ موسوڵمانو ئەو بەندەیەی پێویستی بـە مـاڵ هەیـە بۆ ئازادبوونیو خەباتگێڕانو تێکۆشەرانی ڕێگەی خودا.

یاسای میرات گرتن (قانون التوریث):

ئیسلام کە یاسای میراتی داناوە، بۆیە دایناوە کە سەرمایەداریی قەڵاچۆ بکاو نـەهێڵێ دەوڵـەتو سـامان بکەوێتـە دەسـت چـەند کەسـێكو ئـەوان هەڵبهاوسێنو

خەڵـکی تـریش بـە هـەزاری ژیـان بەسـەر بـەرن! هـەروەها بـۆ ئـەوەی یاسـای چێنایەتی لەناو بەرێو قەڵاچۆی بکا!

یاسای میرات لە ئیسلامدا هۆکارێکی گرنگە بۆ دابەشکردنی دەوڵەتو سامان بەسـەر زوربـەی وەچـەو لـق و پـۆپی مردووەکـەدا! هـەموو کوڕو کـچی مردووەکـە مافی خۆیانە هەریەکەیان بە گوێرەی خۆی بەشی خۆی وەربگرێ! بە پێـچەوانەی یاسای ئینگلیزی کەتێیدا سامانی باوك دەدرێ بە کوڕی گەورە! بەمەش وای لێـدێ سامانەکە بکەوێتە دەست یەك کەس لە خێزانەکەدا.

میرات لە ئیسلامدا بـۆ ئـەوە دانـراوە نیعمـەتو خۆشبەختی بێ بـۆ میراتگـر نەك نیقمەتو بەڵابێ، هەر لەبەر ئەمەشە کە میراتگر بەرپرسیار نیە لـە قـەرزی مردووەکە ئەگەر زیاد لە میرات بێ – واتە ئەگەر کابرایەك مرد قـەرزداربوو ئـەو ماڵو سامانەی لێی بەجێ مابوو بەشی قەرزەکانی نەدەکرد داوا لە میراتگر ناکرێ کە ئەو قەرزەی دەمێنێتەوە بیداتەوە.. پیویستە ئەوە بزانـرێ کـە مـیرات لـێگیراو ناتوانێ میراتگر مەحروم بکا چونکە میرات یاسایەکی سەپێنراوە بـەپێی فـەرمانی شەرع نەك لەسەر خواستی میرات لێگیراو!

یاسای ئیسلام میراتگری کردون بە دوو بەش:

یەکەم: چینی وەچەو بنەچەو ژنو مێرد.

دووەم: چینی دەوروپشت وەك براو خوشك.

هەموو ئەوانەی لە چینی یەکەمـدان راسـتەو خـۆ میراتگـرن، بـەڵام ئەوانـەی چینی دووەم کاتێك میرات دەگرن کە چینی یەکەم وجودیان نـەبێ یـان زوربـەیان نەبن. هەر یەکێ لـەو دوو چینە چینێکی تـری لێ دەکەوێتـەوە نـەوەو کوڕو کـچ کوڕو کچی لە شوێن باوكو دایکیان میرات دەگرن. مامو پورو منداڵی براو خوشـك لەشـوێن خوشـكو بـرا مـیرات دەگـرن، ئـا بـەم شـێوەیە ئیـسلام دوای مردنـی هـەر موسوڵمانێك سامانەکەی دابەش دەکا بەسەر میرات گراندا.

دکتۆر جۆستاف لۆبونی فەرەنسی لە کتێبی (حضارة العرب)دا دەڵێ: بنـەمای یاسـای مـیرات کـە قورئـان چەسـپاندویەتی زۆر دادوەریو ویـژدانی تیدایـە..

شەریعەتی ئیسلام لە میراتدا مافێکی بە ژنان داوە لە یاساکانی لای ئێمەدا وێنەی نابینین کەچی وا گومان دەبرێ ئیسلام مافی ئافرەتی پێشێل کردوە.

ئەو ئایەتە قورئانییانەی کە باسی میراتیان شی کردۆتەوە ئەم ئایەتانەن:

{يُوصِيكُمُ اللّهُ فِي أَوْلاَدِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ.....}.

{يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلاَلَةِ إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ وَهُوَ يَرِثُهَآ إِن لَّمْ يَكُن لَّهَا وَلَدٌ فَإِن كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ وَإِن كَانُواْ إِخْوَةً رِّجَالاً وَنِسَاء فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الأُنثَيَيْنِ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ أَن تَضِلُّواْ وَاللّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ - سورة النساء/١٧٦}.

واتە: خودای گەورە ڕاتان دەسپێرێو فەرمانتان پێ دەکا کە بەپێی ئەم یاسا ڕەسایە: میرات بەش بکەن بەسەر منداڵو وەچەو نەتەوەی خۆتان، لە بۆ کوڕێ دوو ئەوەندەی بەشی کچێ هەیە، وە ئەگەر وەچەکان هەر کچی ڕوت بوونو زیاتر بوون لە دوو کچ ئەوە دوو سێیەك دەبەن، ئەگەر نەوەی مردووەکە یەك کچ بوو ئەوە نیوەی میراتەکە دەبا، وە بۆ هەریەکێ لە باوكو دایکی مردووەکە شەشیەك هەیە لە میراتی مردوەکە ئەگەر نەوەی کەلەپوورگری هەبێ.

بەڵام ئەگەر مردوەکە وەچەی میراتگری نەبوو هەر باوكو دایکی هەبوو، هاوسەریشی نەبوو، ئەوە دایکەکە سێیەك دەبا وە پاشماوەی ماڵەکە هەمووی بۆ باوکەکەیە، وەڵێ ئەگەر مردووەکە چەند براو خوشکێکی هەبوو ئەوە دایکەکە شەش یەك دەبا... ئەو بەشو پشکەی بۆتان دیاریکراوە لەپاش جێبەجێ (اجرا ء)کردنی ڕاسپێری مردووەکە وە لەپاش دانەوەی ئەو قەرزەی لەسەریەتی وەری دەگرن خودا خۆی دانایەو زۆر باش دەزانێ: کەکێ لە باوكو دایكو منداڵو بنەچەو وەچە بۆ ئێوە باشترنو بەسودترن. وە ئێوە ئەوە نازانن! کەواتە بەو بەشە ڕازی بن کە خودای داناو زانا بۆی دیاریکردون، وە بۆ ئێوە هەیە نیوەی ئەو ماڵەی کە هاوسەرەکانتان لەپاش مردن بەجێی دەهێڵن، ئەمە ئەگەر نەتەوەیان نەبێ. بەڵام ئەگەر نەتەوەی میراتگری هەبێ ئەوە بۆ ئێوەی مێرد هەیە

چواریەکی ئـەوەی ئـەوان بـەجێیان هێـشتووە، ئـەم بەشـەیش وەردەگـرن لـەپاش بەجێهێنانی وەصییەتی شەرعییان ئەگەر وەصییەتیان کردبـوو هـەروەها لـەپاش دانەوەی قەرزەکان ئەگەر قەرزداربوو!

وە بۆ ژنەکانیش – یەك بن یا زیاتر – لە هەریـەکێ لـەم دوو حاڵـەدا نیـوەی بەشی ئێوەیان هەیە، کە دەکاتە چواریەك لە حاڵەتی یەکەمـدا، وە هەشـتیەك لـە حاڵـەتی دووەمــدا، ئــەویش لــەپاش جــێ بــەجێ کردنــی راســپێری‌و دانــەوەی قەرزەکانیان؟!. ئەگەر کەسێ مـرد – پیاوبـێ یـاژن – وەچـەو بنەچـەی نـەبوو وە میراتبەرەکەی تەنیا برایەکی دایکی یان خوشکێکی دایکی بـوو ئـەوە بـۆ هەریـەکێ لەو براو خوشـکەش شەشـیەك هەیـە، ئەگـەر ئـەو بـراو خوشـکە دایکییانـە زیـاتر بوون لە یەکێ ئەوە هەموویان هاوبەشن لە سێیەکی کەلەپوورەکـەدا، پـەروەردگار دەیـەوێ ئێـوە رێگـای راسـتی ژیانتـان لێ تێـك نەچـێ، بێگومـان خـودا بـە هـەموو شتێك زاناو دانایە.

دەی ئەگەر تۆ لەدانایی ئیسلام تـێ بفکـرێ دەربـارەی رێزگرتنـی موڵـکداریی تاکە کەس‌و بەوردی سەرنج بدەی لەو یاسا گشتییانەی کە دایناون بۆ میرات، بۆت روون دەبێتەوە کە یاسای میراتگرتن باشترین هەڵنەرە کە سامانداران هەڵدەنێ بـۆ دەوڵەمەندی‌و بەرهەم بەدیهێنان‌و خەریکبوون بەکارو کاسبی‌و ماڵ زۆرکردنـەوە، زیاد لەمەش ماڵ‌و سامانەکە دەپارێزێ لەوەی کە دەستبلاوی تێـدا بـەکار بهێنـرێ چونکە مرۆڤ ئەگەر لێی رون بێت کە ئەو ماڵ‌و سامانەی کۆی دەکاتـەوە تەمـەن‌و گیــانی تێــدا خــەرج دەکــا دوایــی دەدرێ بەحکوومــەت، راســتەوخۆ کــوڕو کــچ‌و خزمەکانی سوودی لێ نابینن هەرگیز خۆماندو ناکا بۆ دەوڵەمەندی!! هـەر لەبـەر ئــەم هۆیــە بــوو کــە روســیا کاتــێ موڵــکداری تاکەکەســییان هەڵوەشــاندەوەو مەنعیانکرد پاش ماوەیەکی کەم بۆیان دەرکەوت کە یاساکەیان نەگونجاوەو پـلان‌و نەخشەکانیان سەرکەوتوو نین، بۆیان دەرکەوت کە دانیشتوان هەر ئەوەندە هەوڵ دەدەن کە پێویستیاتی زۆر پێویستیان دابین بکەن‌و ئیتر پـاڵی لێ دەدەنـەوەو هـیچ

داهێنـانو مانـدو بونێك بەخـەرج نـادەن چـونكە مـادام هـەموو مرۆڤێـك لەسـەر کردارەکانی پاداشی دەدرێتـەوە بەئەوەنـدە كـە پێویـستییەکانی بەیەکسانی دابـین دەکرێ دیارە خەڵکی هـەوڵ دەدەن کـاری سـووكو ئاسـان لـە ئەسـتۆ گـرنو ئیـشی قورس لە ئەستۆ نەگرن... هەر بۆیە روسەکان ئەم یاسایەیان راستـەو پاستـەکردو ساڵی (١٩٣٦ی ز) یاسـای ئـەومیان چەسـپاند کـە مولـکداریی بـچوك بـەرەوا ببیـنن، ئەو قاعیـدە مەشهوورەی خۆیـان کـە دەڵێ: (مـن كـل حـسب حاجتـه) واتـە: هـەر کەسێ بەپێی تەوانای ئەرکی لە سەرەو بەپێی پێداویستی خۆی بەشـی بـۆ هەیـە، گۆڕیان بەڵام (من كل حسب قدرته ولكل حسب ما يؤديه من عمل ومن لا عمل له ليس له الحق في أن يأكل) هەر کەسێ بەپێی توانای خۆی ئەرکی لەسەر، وە بەپێی ئەو رەنجەی دەیدا بەشی بۆ هەیە وەڵێ ئەوەی کارناکا نان ناخوا.

وەسیەتو سنوورەکانی (الوصية وحدودها):

لە ئایینی ئیسلام دا هۆکارێکی تـری زینـدو هەیـە بـۆ کەمکردنـەوەی لایەنـە خراپەکانی سەرمایەداریی ئەویش وەسییەتکردنە، بێگومـان هـەموو موسـوڵمانێك بۆی هەیە کە پێش مردنی بەشێکی ماڵی خۆی بکا بە وەسییەت، بۆ ئەوەی کە لـە رێگـای یارمەتیـدانی هـەژارانو پـرۆژەی خێرخـوازیی بـۆ سـوودی گـشتیدا خـەرج بکـرێ... قورئـانی پـیرۆز وەسـییەتی لـە پلەیـەکی بـەرزدا دانـاوە، ئەنجامـدانی بـەکارێکی پێویـستی وەکـوو دانـەوەی قـەرز لـە قەڵـەم داوە، واتـە: چـۆن قـەرز دەدرێتەوە بەخاوەن قەرز پێش دابەشـکردنی مـیرات – هـەر ئـاواش وەسـییەت – پێش دابەشکردنی میرات جێبـەجێ دەکـرێ، هـەر بۆیەشـە کـە لـە کۆتـایی ئایـەتی میرات دا دەفەرموێ: {مِّن بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ} یان کە دەفەرموێ: {مِن بَعْـدِ وَصِـيَّةٍ يُوصِـينَ بِهَـا أَوْ دَيْـنٍ}. بـەس ئەوەنـدە هەیـە ئیـسلام بـەرفراوانی بەوەسییەت نەداوە، رێگەی نەداوە هەموو کەسێك بۆ هەموو کەسێكو لـە هـەموو شـتێکدا وەسـیەتکردن بـەرەوا بزانـێ! بەڵـکوو وەسـییەتکردنی بـۆ میراتگـر مـەنع

کردوە تا ئەو میراتگرە دووجار بەشی بەرنەکەوێ، بەشێك لە میراتو بەشێك لە وەسییەت — هەروەکوو چۆن ئیسلام مەنعی ئەوەشی کردوە کە وەسییەتکردن لە سێیەکی ماڵ دەربچێ...! وەسییەتکردن تا سێیەکی ماڵ دروستە، بۆ ئەوەی بەتەواوی دووبەش لەسێ بەش بۆ میراتگران بمێنێتەوە! ئەمە لە کاتێکدایە کە برێ لەیاسا سەردەمەکانی شارستانی ئەمڕۆمان بەرەوای دەزانن کە وەسیەت بکرێ بۆ هەر کەسێكو هەرشتێك بەهەموو ماڵ جا وەسییەت بۆکراوەکە میراتگر بێ یان بێگانە مرۆڤ بێ یان ئاژەڵ؟! بەپێچەوانەی یاسای شەریعەتی ئیسلامی کە داوا دەکا میراتەکە بەشبەش بکرێو بە فراوانی بدرێ بە خزمو کەسو کاری مردووەکە، هەرگیز لە ئیسلامدا رێگا نەدراوە بە خاوەن سامان کە زیاد لە سێیەك بکا بەوەسییەت! ئەمەش بۆ ئەوەی تەرازووی ئابووریی رابگیرێ.

بەشی هەژاران لە تالآنو دەستکەوتی جەنگ:

قورئانی پیرۆز بە مەبەستی جڵەوگیری لە سەرکەشیو هەڵچوونی سەرمایەداریی، کە باسی دابەشکردنی دەستکەوتی جەنگ دەکا، بەش بۆ سەر لەشکرو جەنگاوەرەکان دادەنێ، بۆ بێنەوایانو دەستە وەسانو هەتیوو رێبوارانیش دادەنێ، هەر چەندە ئەم چینانە جگە لە شەڕکەرەکان هیچیان هاوبەشی شەڕیشیان نەکردبێ! ئەوەتا دەفەرموێ:

{وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ - سورة الأنفال — ٤١}.

واتە: ئەی موسوڵمانەکان! بزانن ئەو تالآنەی کە لە شەڕی کافران دا دەستتان دەکەوێ ئاوا دابەش دەکرێ: دەکرێ بە پێنج بەشەوە چواربەشی بۆ شەڕکەرەکان پێنج یەکەکەی تری بۆ خوداو بۆ پێغەمبەری خوداو خزمانی پێغەمبەرو هەتیوانو هەژارانو رێبوارانە! مەبەست لە بەشی خودا ئەوەیە کە خەرجکرێ لەو پرۆژانەدا کە بەرژەوەندی ئایینیان تێدایە: _ وەکوو بانگەوازیکردن بۆ ئیسلامو دروستکردنی مزگەوتو قوتابخانەی ئایینی.

ئاشکراشە هەتیوو هەژارو رێبوار کە قورئـان باسـی کـردوونو خـستونیە ریزی ئەوانەی کـە مـافی ئـەومیان هەیـە لـە دەسـکەوتی جـەنگ بەشـی خۆیـان وەربگـرن – دیـارە کۆمـەڵێکی بێنـەواو پەککەوتـەنو نـەیانتوانیوە هاوبەشـی جیهاد بکەن، کەچی لەگەڵ ئەومشـا پـەروەردگار بـە رەوای نـەبینیوە بـێ بـەش بن! بەڵکوو لەگەڵ ئـەو شـەڕکەرانەی کـە گیـانی خۆیـان خـستۆتە خەتـەرەوەو مـردن هـەموو کاتـێ بـەرەورویان بۆتـەوە – بەشـی بـۆ دیـاریکردوون! بۆیـە دابەشکردنی پێنـج یـەکی دەسـکەوتی شـەڕ تایبەتـە بـە پێغەمبـەر خۆیـەوە تـا دابەشی بکا بەسەر ئەو چینانەی لە ئایەتەکەدا بـاس کـراون، چـوار بەشـەکانی تـری تاڵانەکـە دابـەش دەکـرێ بەسـەر پیـاوانی سـوپادا هـەر کەسـە بـەگوێرەی هـەوڵو کۆشـشی خـۆی، ئەمـە کاتێـك وایـە ئەگـەر ئـەو مـاڵو سـامانە تاڵانییـە بەشـەڕ دەسـتیان بکـەوێ، بـەڵام ئەگـەر ئـەو غەنیمەتـەیان بـەبێ شـەڕ دەسـت بکەوێ کە بەعەرەبی بەم نەوعە دەگوترێ: (فیی‌ء) ئەوە قورئـانی پـیرۆز نـەك هـەر پێنـج یـەك بەڵـکووو هـەمووی کـردوە بـە مـافی ئـەو بێنەوایانـە، وەکـوو دەفەرموێ:

{مَّا أَفَاء اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاء مِنكُمْ - سورة الحشر -٧}.

واتە: ئەو دەستکەوتە مالییەی کە بەبێ ئارەقو شەڕو شـۆڕ لـە کافران بـە تاڵانی گرتتان لە خەڵکی گوندەکانی دەورو بەری مەدینە ئاوا دابـەش دەکـرێ: بەشـێکی بـۆ پێغەمبـەرە دەیکـا بـە ئازوقـەو مەسـرەفی خێزانـی، بەشـێکی بـۆ خزمانی پێغەمبەرە، بەشێکی بۆ هەتیوانو هەژارانو رێبوارانـە تـاوەکوو مـاڵو سامان بەسەر هـەموو چینەکانـدا پـەخش بێتـەوە نـەبادا هـەمووی لـە دەسـتی تاقمێکی سەرمایەداردا کۆببێتەوەو لەناو خۆیاندا وەکـوو تـۆپ دەسـتاو دەسـتی پێ بکەنو بەشی کەسی تری لێ نەدەن!.

کەڵەکەکردنی پارەو پولو زێڕو زێو حەرامە (تحريم كنز الاموال):

ئایینی ئیسلام کەڵەکەکردنی پارەو زێڕو زیوی یاساغ کردوە، چونکە مامەڵەو گۆڕینـەوەی کـەلو پـەلی بازرگـانی رادەوەسـتێ، بەمـەش پێویـستییەکانی کۆمـەڵ دابین ناکرێنو سەچاوەی ئـابووریی‌و بەرهـەمهێنان – وەکـوو پێویـست کەڵـکی لێ وەرنـاگیرێ؟ سـەروەتو سـامانی وڵات گەشـە ناکـات. لەبـەر هـەموو ئـەم هۆیانـە ئایینی ئیسلام کەڵەکەکردنی پارەو پوولی حەرام کردوەو هەڕەشەی لەوانە کـردوە کە زێڕو زیو بەناڕەوا کەڵەکە دەکەن بـەوە کـە ئـەو ماڵە لـە ڕۆژی دواییـدا لێیـان دەبێتە تۆقی ئاگرو لـەشو لاریـان دەسـووتێنێو گۆشـتو ئێـسقانیان دەتوێنێتـەوە خودا دەفەرموێ:

{وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ، يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لأَنفُسِكُمْ فَذُوقُواْ مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ - سورة التوبة – ٣٤-٣٥}.

واتە: موژدەی سزایەکی بەسوێ بدە بەوانەی کـە زێـڕو زیـو کەڵەکـە دەکـەنو لـە ڕێگـەی خـودادا خـەرجی ناکـەن، ڕۆژێ دێ کـە ئـەو گەنجـەیان لـەناو ئـاگری دۆزەخـا سـور سـور دەکرێتـەوە، تـا دەبـێ بـە یـەك پارچـە ئـاگر، ئـەوجا تـەوێڵو تەنیشتو پـشتیانی پـێ داخ دەکـرێ، وە فریـشتەی سـزا بـە تـەوسو تەلفیـسییەوە لاقرتێیان پێ دەکەنو پێیان دەڵێن: ئەمە زێڕو زیوو گەنجەکەی خۆتانـەو خۆتـان کۆتان کردۆتەوە بۆ گیانی خۆتان، کەواتـە بـچێژن لـە بـەری ڕەنجەشـانی خۆتـان!! ئایەتەکە ماڵ کۆکردنەوەی ڕەوا حەرام ناکا بەڵام کەڵەکە کردنەکەی بە ناڕەوا کە زەکاتو مافی خودای لێ نەدرێ ئەمە بە حەرام دادەنێ.

جا کە خاوەن پارەو پوولو سامان بزانێ کە پێویـستە هـەموو سـاڵێك زەکـاتی ئەو ماڵە بدا، ترسی لێ پەیدا دەبێ کە زەکات ماڵەکەی قەڵاچۆ بکـات، لەبـەر ئـەوە هەوڵ دەدات ماڵەکەی بخاتە گەڕ تا زەکات ماڵەکەی کەم نەکاتەوە!

جا ئەگەر بزانین سامانی گەل لە سامانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ پێك دێ، ئەوە بۆمان ئاشکرا دەبێ کە پێویستە لەسەر دەوڵەمەندان ماڵو دارایی خۆیان بخەنە گەڕ نەك لە صندوقو قاسەدا سەفتەی بکەن! ئاشکراشە بەگەڕ خستنەکەی بەرژەوەندی گشتییە، خۆ ئەگەر دەوڵەمەندەکان لەسەر سەفتەکردنی پارەو پوول سوور بوونو نەیاندەخستە گەڕ ئەوە بۆ حکوومەتی ئیسلامی هەیە ماڵەکانیان لە دەست دەربێنێو بیخاتە گەڕو بەرعۆدەی دەسمایە (رأس المال) کان ببێو بەناوی خاوەنەکانیانەوە تۆمار بکرێ ئەگەر قازانجی کرد بەشێك لە قازانجەکەیان بدرێتێ، ئەگەر زەرەریشی کرد حکوومەت خۆی لێی بەرپرسیار بێ! ئەمە کاتێك دەبێ بەرژەوەندی گشتی وڵات پێویستیو داخوازی ئەمە بکات!!

ئا بەم جۆرە دەبینین مەبەستی ئیسلام ئەوەیە کە یاسای موڵکداریی پچووك پچووك دروست بکا، تا ئەفرادی کۆمەڵ لەسەرکەشی هەڵچوونی سەرمایەداریی گەورە بپارێزێو چینە هەژارەکانی کۆمەڵ باربوو بکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کە ئەم موڵکدارییە پچکۆلانەی ئیسلام رەوای بینیوە بە گوێرەی یاساو نیزامێکە کە پابەندی رەوشتو ئەخلاقەو بەرژەوەندی گشتی تێدایەو مەبەستێکی مرۆڤایەتی ئاشکرای لەپشتەوەیە! ئەمەشمان لەم خاڵانەی داهاتوودا بۆ روون دەبێتەوە.

پاراستنی ماڵو سامانی حکوومەتو هاووڵاتیان

حیجر دانان لەسەر دەستبڵاوان (الحجر على السفهاء):

خودا دەفەرموێ: {وَلاَ تُؤْتُواْ السُّفَهَاء أَمْوَالَكُمُ الَّتِي جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ قِيَاماً وَارْزُقُوهُمْ فِيهَا وَاكْسُوهُمْ وَقُولُواْ لَهُمْ قَوْلاً مَّعْرُوفًا -سورة النساء – ٥}.

واتە: ماڵ – کە خودا کردوویەتی بەمایەی بەڕێوەچوونی گوزەرانتان مەیدەنە دەست نەفامە دەستبڵاوەکانتان، خۆتان لە ماڵەکانی خۆیان مەسرەفیان

بۆ بکەن‌و خۆراك‌و پۆشاکیان پێ بدەن، قسەی خۆشیان بۆ بکەن‌و بەڵێنیان پێ بدەن کە هەر کاتێ هۆشیاربوونەوەماڵەکەیان پێ دەدرێتەوە.

دەستبڵاو ئەو کەسەیە کە ماڵی خۆی لەجێی شیاوی خۆی دا سەرف ناکا جا ئایا لەبەر بەدڕەوشتی بێ یا لەبەر بێ عەقڵی‌و نەفامی بێ، یا لەبەر بۆچونی هەڵەبێ. ئایەتەکە مەنعی موسوڵمانانی کردوە لەوەی جڵەوی دەستبڵاوان بەرەڵڵا بکەن، ماڵ‌و سامانی خۆیان بەفیڕۆ بدەن‌و لەشتی نەشیاودا سەرفی بکەن، ئایەتەکە دوو ئاماژەی ئاشکرای تێدایە، داوا لە موسوڵمانان دەکا کە پارێزگاری ماڵ‌و سامانی دەستبڵاوان بکەن‌و نەهێڵن بە نەفامی خۆیان هەڵس‌و کەوت بکەن.

ئاماژەی یەکەم: ئەوەیە کە خودا دەفەرموێ: (أموالکم - ماڵی خۆتان) نەیگوت: (أموالهم - ماڵی دست بڵاوەکان) تا سەرنجی موسوڵمان بۆ ئەوە رابکێشێ کە ماڵ‌و سامانی دەستبڵاوان موڵکی گەلەو پێویستە پارێزگاری بکرێ‌و لە چنگی دەستبڵاو زگار بکرێ‌و سوودی لێ وەربگیرێ، چونکە ئەگەر واز لە کابرای مستبڵاو بهێنرێ‌و ئەویش ماڵەکەی بە فیڕۆ بدات هەزار دەکەوێ‌و دەبێتە خەتەر بەسەر کۆمەڵەوەو بەسەر ماڵ‌و سامانی تریشەوە، هاریکاری کۆمەلایەتی وامان لێ دەخوازی کە ماڵ‌و سامانی دەستبڵاو بە ماڵی موسوڵمانان بزانین‌و پارێزگاری لێ بکەین!؟!

ئاماژەی دووەم: ئەوەیە کە خودا دەفەرموێ: {الَّتِي جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ قِيَاماً}.

واتە: ئەو ماڵ‌و سامانەی کە پەروەردگار ئابووریی‌و بەرژەوەندیی ئێوەی لەسەر بەندکردوەو کۆڵەکەی ژیانی ئابووریتانە، ئەگەر بێڵن دەستبڵاو بە ئارەزۆی خۆی ماڵ بەفیڕۆ بدات، بێگومان دەبێتە هۆی لەدەست دانی کۆڵەکەی ژیانی ئابووریتان.

دەستبڵاو ئەگەر هات‌و ماڵ‌و سامانی خۆی بەفیڕۆ بدا وەکوو ئەوە وایە ماڵی گەلی بەفیڕۆ دابێ‌و ژیانی خۆی‌و کۆمەڵی خستبێتە خەتەری هەژارییەوە، بە تایبەتی کە ئەو ماڵە بکەوێتە دەست بێگانەوەو ئەوان سوودی لێ وەربگرن وەکوو لەم رۆژگارانەدا بەئاشکرا دەبیندرێ. ئەو دەستبڵاوانە سەفەردەکەن بۆ دەرەوەی

ولات ماڵو سامانی خۆیان لەیاری قورمارو ئاهەنگو خواردنـەوەدا بـەفیڕۆ دەدەنو لەولاوە بەگیرفانی بەتاڵەوە دەگەڕێنەوە! بۆیـە پێویـستە ئـیشو کـاری ئـەو جۆرە کەسانە بخرێتـە بـەردەم لێپرسـراوانی موسوڵمانو دەست بەسـەر بکـرێنو مـاڵو داراییـان بدرێتـە دەسـت بازرگـانی دەسـتپاك تـا بخرێتـە ئیـشەوەو لـە قـازانجو بەرهـەمی ئـەو ماڵـە بەشـی پێویـستیان بـدرێتێ!! سـەیر ئەوەیـە زوربـەی زۆری موسوڵمانانی ئەمڕۆ بە پێچەوانەی ئەم تەعلیماتـە دەجووڵێنـەوە! بۆیـە سـێیەکی سامانی گەل لەناو دەچێ بەهۆی دەستبلاوە نەفامەکانیانەوەو کەسـیش چاودێری ناکا!

هەتیو تا باڵغ نەبێ ماڵەکەی نادرێتە دەست:

هـەر بەمەبەسـتی پارێزگـاریی لـە سـەرو مـاڵو بـەفیڕۆ نەچوونی لـە رێگـای نەگونجاودا ئیسلام فەرمانی کردوە بـەوە کـە پێویـستە پـێش ئـەوەی هـەتیو مـاڵی بدرێتە دەست بەتاقی بکرێتەوە، خودا دەفەرموێ:

{وَابْتَلُواْ الْيَتَامَى حَتَّىَ إِذَا بَلَغُواْ النِّكَاحَ فَإِنْ آنَسْتُم مِّنْهُمْ رُشْدًا فَادْفَعُواْ إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ وَلاَ تَأْكُلُوهَا إِسْرَافًا وَبِدَارًا أَن يَكْبَرُواْ وَمَن كَانَ غَنِيًّا فَلْيَسْتَعْفِفْ وَمَن كَانَ فَقِيرًا فَلْيَأْكُلْ بِالْمَعْرُوفِ فَإِذَا دَفَعْتُمْ إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ فَأَشْهِدُواْ عَلَيْهِمْ وَكَفَى بِاللّهِ حَسِيبًا - سورة النساء – ٦}.

واتە: ئەی سەرپەرشتیارو لێپرسراوی هەتیوان! ئەو هەتیوانەی لەژێر رکێفی ئێوەدان پێش باڵغ بوونیان بەتاقییان بکەنەوە برێ کارو باری کڕینو فرۆشتنیان بخەنە ئەستۆو لەنزیکەوە چاودێرییان بکەنو بـزانن ئـیشو کاریـان چۆنە؟ جا ئەگەر دوای باڵغ بونیان زیرەکـیو ژیریتـان تێـدا بیـنین، ئـەوە بەشایەتو بەڵـگە ماڵەکـەیان بدەنـەوە، بـا بـۆ خۆیـان سـەروکاری مـاڵی خۆیـان بکـەن! خـۆ ئەگـەر ژیریتان تێدا بەدی نەکردن ماڵەکەیان مەدەنەوە!

ئـەمجار پـەروەردگار نـەهی کـردوە کـە سەرپەشـتیاری هـەتیوان مـاڵی ئـەو هەتیوانـە بـەفیڕۆ بـدەن لـەم رووەوە ئـەوانیش نابـێ دەسـتبلاوی تێـدا بکـەنو بـۆ

خۆیانی خەرج بکەن، بۆ ئەوەی دوایی نەیاندەنەوە، ئەمجار خودا دەفەرموێ: ئـەو سەرپەرشتیارانە ئەگەر دەوڵەمەند بوون و پێویستیان بە مـاڵی هـەتیوەکان نـەبوو با دەست پاك بن تێیداو لەجیاتی سەرپەرشتی کردنەکە هیچ هەڵنـەگرن و مانـدو بونەکەیان مرۆڤایەتی و پیاوەتی بێ!

ئەگەر سەرپەرشتیکاران هـەژاربوون و پێویـستیان بـەکرێی سەرپەرشـتیکردن هـەبوو، ئـەوە بۆیـان هەیـە ئەنـدازەی مانـدو بـوونی خۆیـان و بـەگوێرەی داب و نەریتی ئەو وڵاتە حەقی خۆیان لە ماڵی هەتیوان هەڵبگرن!.

دوای ئەوە پەروەردگار داوای لە سەرپەرشتیکاران کردوە کە کاتێ ماڵەکان بـە هـەتیوەکان دەسـپێرنەوە شـایەدییان لێ بگـرن و بەشـایەدو ئیـسپات (بەڵـگە) بیاندەنەوە تا کێشەو نیزاع بەرپا نەبێ!

نووسینی سەنەدو قەباڵەنامەی ماڵ و دارایی (كتاب العقود المالية):

بێگومان چەرخی تازەو سەردەم سوودو قـازانجی نووسـینی سـەنەدو قەباڵـەی مـاڵ و سـامانی دەرخـستووە، بـۆ ئـەوەی هـەردو لای سـەوداو مامەڵـە، یـان خـزم و کەس و کاریان یان هەر کەسێك کـە لـە داهـاتوودا پەیوەنـدی بـەو موڵـك و ماڵـەوە هەبێ بزانن راستییەکە چۆنەو چۆن نییە، چونکە لەوانەیـە چۆنیـەتی مامەڵەکـە دوای ماوەیەك لە بیربچێتەوە! شایەتەکان بمرن و ئەمەش سەربکێشێ بۆ خواردنی ماڵی یەکتری بە ناڕەواو بە بەتاڵ، جا بـۆ ئـەوەی لـە داهـاتوودا نەکەوینـە کێـشەی ناڕەواوە، قورئانی پیرۆز فەرمانی پێ کردوین کە بەڵگەو قەباڵەی قەرزو قۆڵە لـە نێـو خۆمانـدا بنووسـین و دوو پیـاو یـان پیاوێـك و دوو ژن بکـەین بـە شـایەدو نەهێڵین کەس مـاڵی کـەس بـەخۆڕایی بخوا، هـەر لـەم روانگەیەشـەوە دەڕوانرێتـە هـەموو سـەنەدو قەباڵەنامەیـەکی مـاڵی چونکە هیـچ کامێکیـان لـە گرنگـی دا لـە قەرزو قۆڵە کەمترنین! بەڵکوو برێ مامەڵە هەیـە زۆر لـە قـەرز گـرینگترە وەکوو کڕین و فرۆشتنی زەوی و زارو رەهن و سـەنەدی کـارکردن و شـتی تـری ئـاوا گـرنگ، خودا دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ وَلاَ يَأْبَ كَاتِبٌ أَنْ يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللّهُ.... - سورة البقرة – ٢٨٢-٢٨٣}.

واتــە: ئـەی موسـوڵمانان! هـەرکاتێ لەگـەڵ یـەکتردا قـەرزو قۆڵـەتان کـرد، کاتێکتان دیاریکردو ئەندازەی شتەکانو پارەکەو ماوەکە بنووسن بـا نووسـەرێکی دادوەر بینووسێو چۆن پێویستە ئاوا بینووسێ.

لەم ئایەتەدا حەوت خاڵی سەرەکیمان دەربارەی نووسینی سەنەدو قەواڵە بـۆ دەردەکەوێ:

١- نووسـینی قـەرز تامێژوویـەکی دیـاریکراو، ئـەم تیـۆرە لـە لایـەن قـانوونی فەرەنسـییەوە لـە کۆتـایی سـەدەی هەژدەهەمـەوە خرایـە رو لـەم ڕووەوە کـە لـە ناوەڕۆکی قانوونەکەدا ئەوە چەسپێنرا کە هەر قەرزێك لە ئەندازەیـەکی تایبـەتی تێپـەڕ بکـات دەبـێ بنووسـرێ! یاسـاکانی ئـەوروپاش هـەر لـە قـانوونی فەرەنـسی وەرگیراوە.

٢- دەبێ نووسەری قەواڵە پیاوێکی دادوەربێو لایـەنگری لایـەکیان نـەکاو لـەو بارەوە ئاگـاداری شـەرع بـێ، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە پێویـستە لـەناو گـەل دا پسپۆڕ هەبنو ئەرکی ئەم نووسینو چەسپاندنە بخەنە ئەستۆی خۆیان.

٣- ئــەو کەســەی نــاوەڕۆکی وەســیقە (بڕوانامــە) کــە بــۆ نووســەرەکە دەخوێنێتەوە دەبێ کابرای قەرزداربێ تاوەکوو خاوەن قەرز کاتی پێویست بیکاتـە بەڵـگە بەسـەر قەرزدارەکـەوە! جـا ئەگـەر قـەرزدار نـەیتوانی وەکـوو پێویـست قسەکان بـۆ نووسـەرەکە دەربـڕێ دەبـێ وەلیو سەرپەرشـتیاری قەرزدارەکـە ئـەم ئەرکە ئەنجام بدا بۆ ئەوەی مافی پارێزاوبێو زەرەرمەند نەبێ.

٤- دوای تـەواوبوونی نووسـینی قەباڵەکە پێویـستە بـەلانی کەمـەوە دوشـایەد ئاگـاداری بـنو مـۆری بکـەن، دەبـێ پیـاوی دادوەربـنو ڕەوشـتی بەشـایەد بونیـان تێدابێ، ئەگەر دوو پیاو چـنگ نەکـەوتن دەبـێ پیاوێـكو دوو ژن بـن...! قورئـانی پیرۆز حیکمەتی ئەوەشـی ئاشـکرا کـردوە کـە لـەجیاتی پیاوێـك دوو ژن دادەنـرێن

چونکە ئـافرەت زۆر تـر لـە پیـاو تووشـی هەڵـەو لەبیرچـوونەوە دەبـێ‌و کـەمتر تێکەڵاوی سەوداو مامەڵە دەبێ!

٥- قورئانی پیرۆز قەرزی بازرگانی جیاکردۆتەوەو نووسینی سەنەدو قەباڵەی بـۆ مـەرج نـەگرتووە چـونکە سـەفقەی بازرگـانی کـارێکی رۆژانەیـەو زۆر جـار روودەدا، لەوانەیـە لـە رۆژێکـدا چـەند جـار روو‌بـدا، هـەڵناگرێ هـەموو جـارێ نووسەرو شایەد حازر بکرێن‌و قەباڵە بنووسرێ، چونکە هـەل لـە دەست کڕیـار دەردەچـێ‌و فرۆشـیاریش تووشـی زیـان دەبـێ. ئـەمڕۆش یاسـا جیهانییـەکان ئـەم بۆچوونەی قورئانیان پەسەند کردوە.

٦- قورئـانی پـیرۆز بابـەتێکی تریـشی داهێنـاوە بـۆ پاراسـتنی مـافی کڕیـارو فرۆشـیار ئـەویش بارمتەیـە (رەهـن)ە جـا هـەر کاتێـك کڕیـارو فرۆشـیار لەسـەر سەفەر بوون، نووسەرو شایەدیان دەست نەکەوت، بارمتـە دەبێتـە جـێ نیـشینیان! ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە یاسای بارمتە هەر بۆ ئەو حاڵەتەیـە بـەکار دەهێنـرێ، چونکە لـە حـەدیثی صـەحیحدا هەیـە کـە پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) لـە مەدینـە (زرێ)یەکەی لـەلای کابرایـەکی جوو بارمتـە کـرد، موسـوڵمانانیش لەسـەفەرو لـە ماڵەوە بارمتـەیان لای یـەکتری دانـاوە، نووسـەر بووبـێ یـان نـەبووبێ... ئایەتەکە تەنها ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە لەکاتی سەفەردا ئەگەر نووسەرو شـایەد نـەبوون بارمتە جێگەیان دەگرێتەوە.

٧- قورئانی پیرۆز ئەوەی راگەیاندووە: ئەگەر کەسـێك بـانگ کـرا بـۆ شایەدی پێویستە بەپیر بانگەوازەکەوە بـچێ‌و ئامادەبـێ چـونکە نەچـوون سەردەکێـشێ بـۆ پێـشێلکردنی مـافی خەڵـك مامەڵـە شـێواندن‌و سـستی تێـداکردن، بەرژەوەنـدیی گشتی ئەوە دەخوازێ کە مافی خەڵکی بپارێزێ‌و مامەڵەکردنیش ئاسان بکـرێ ئـا بـەو جـۆرە دەبیـنین رێـك‌و پێککردنـی کـاری بازرگـانی‌و پارێزگـاریی مـافی موسـوڵمانان یەکێکـە لـەو یاسـایانەی کـە ئیـسلام پـێش چوارده سـەدە دایهێنـاوەو چەسپاندویەتی! ئەوەی ئـەمڕۆ لـە تـاپۆو دادگاکانـدا بـۆ چەسـپاندنی مڵـکایەتی‌و ماف ئەنجام دەدرێ زۆر لە شێوەی کارو باری رەهن دەچێ.

سوود خواردن حەرامە (سود حەرامكردن) (تحريم الربا):

ئیسلام سوود خـواردنی حـەرامكردوە، چـونكە سـوود هەسـتی خۆشەویـستیو بەزەیی لەمرۆڤدا دەكوژێ، سوودخۆر هیچ كۆ لە رەتكردنەوەی قەرزدار ناكاتـەوە، هەر هەوڵی زۆركردنی سەفتە پارەكانی خۆیەتی.

لەكاتێكـدا مـاڵ لـە روانگـەی ئیـسلامەوە ئەمانــەتو سـپاردەیە لەدەسـتی خاوەنەكەی داو كابرای كراو بە خاوەنی مووچە خـۆرەو بەرپرسـیارە كـە بـەكاری بێنێ بۆ سوودو قازانجی گشتی – بۆی نیە كە هەل بەدەست بێنێو كاتێك فەقیرو هەژار پێویستیان پێ بوو پارەیان بداتێو زیاد لەمافی خۆی وەربگرێتەوە لێیان!!

هەژارو بێنەوایان لـە حكوومـەتی ئیـسلامیدا پێویـستە قـەرزیان بـەبێ سـوود بدرێتێو (قرض الحسنة) یان لەگەڵ دا بكرێ، چـونكە ئەمـە خۆشەویـستی لـەناو دڵی موسوڵماناندا بڵاو دەكاتەوەو روحی هاریكاری لە نێـوان هـەژارو دەوڵەمەنـددا دروسـت دەكـا بـە پێـچەوانەوە سـوود وەگـرتن دوژمنایـەتیو كینـەو رق بـڵاو دەكاتەوە!

ئایینی ئیسلام سوود وەرگرتنو سوود خواردنی بە تاوانێكی ئابووریی دانـاوە، چونكە پێچەوانەی ئەو دەستوراتو یاسا پیرۆزانەیـە كـە خەڵـكی هـەڵ دەنـین بـۆ هاریكـاریو یارمەتیـدانی كەسـێك كـە پێویـستی بـەو یارمەتییـە هەیـە، خـودا دەفەرموێ:

{يَمْحَقُ اللّهُ الْرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ}.

واتە: خودا ماڵی سوود تێكەڵ بـوو دەپووكێنێتـەوەو مـاڵی زەكـات لێـدەركراو زیاددەكاو خێرو خۆشـی تـێ دەخـا. لـە ئایـەتێكی تـردا پـەروەردگار بـە مەبەسـتی ترساندنی موسوڵمانان لە سوود خواردن دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ، فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ فَأْذَنُواْ بِحَرْبٍ مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَإِن تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُؤُوسُ أَمْوَالِكُمْ لاَ تَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ، وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَى مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ - سورة البقرة – ٢٧٨-٢٨٠}.

ئەم ئایەتە بێ پێچو پەنا سوودی حەرام کردوە دەفەرموێ: ئەی بڕواداران لەخودا بترسنو واز لە سوود وەرگرتن بێنن! ئەگەر واز نەهێنن بزانن ئێوە لە دژی خودا کەوتوونە جەنگەوەو چونە ناوسەنگەری دژ بە پێغەمبەری خودا چونکە سەرپێچی فەرمانی ئەوانتان کردوە، جا ئەگەر تۆبەتان کردو فەرمانبەردار بوون ئەوە دەتوانن سەرمایەی خۆتان وەرگرنەوەو واز لە سوودەکە بێنن! ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خاوەن قەرز تەنها مافی ئەوەی هەیە ئەوپارەی کە بە سوود داویەتی دەسمایەکە وەربگرێتەوەو بەس، دوایی دەفەرموێ: { وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ. الآية}. لەمەشدا داوا لە خاوەن قەرز دەکا کە مۆڵەتی قەرزداری هەژار بداو لەسەری بەسروکەت بێ تا دەیبێ بیداتەوە، بەڵکوو زیاد لەوەش داوای لە خاوەن قەرزکردوە کە هەرکاتێ قەرزدار نەبوو بوو هەر لێی خۆش بێو گەردنی ئازاد بکا.. هەر دەربارەی سوودو زیانەکانی قورئان دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ الرِّبَا أَضْعَافًا مُّضَاعَفَةً وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ، وَاتَّقُواْ النَّارَ الَّتِي أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ، وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ - سورة آل عمران – ١٣٠-١٣٢}.

ئەم ئایەتانەش ئەوە دەگەیەنن کە سوود حەرامە زوڵمو ستەمی تێدایە چونکە (ریبا) سوود سەر بۆ ئەوە دەکێشێ کە خاوەن قەرز دوچەندانەو چەند چەندانە پارەکەی لەقەرزدار وەرگرێتەوە، زوربەی ئەوانەی کە قەرز بە سوود وەردەگرن قازانجێکی کەمیان سەری کێشاوە بۆ فەوتانی ئەو موڵكوماڵەی هەیانبووە! ئاشکراشە کەمێك لە سوودو ریبا بە درێژایی رۆژگار زیاد دەبێو کاتێك قەرزدار بەخۆی دەزانێ قەرزو سوودەکە بەتەواوی ماڵو سامانی داگرتووەو ناتوانێ بیداتەوە، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ خراپترین تەنگو چەڵەمەو ناکۆکیو نەخۆشی کۆمەڵایەتی! بۆیە پەروەردگار هەڕەشەی سزای سەختی لە سوود خۆران کردوە تا خۆیانی لێ بپارێزن.

ئەو سوودو فایزەی قورئان حەرامی کردوە فایزی قەرزە واتە: دواخستنی دانەوەی قەرزە لە بەرامبەر زیادبوونی قەرزەکە...

ئیمامی جەصصاص لە کتێبی (أحكام القرآن)دا دەفەرموێ: ریباو فایزێك كە عەرەب لە سەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئاندا پێی ئاشنا بوونو باوبوون، پارە – زێڕو زیو – بە قەرزدان بوو، تا ماوەیەك بە زیادەیەك كە هەردوكیان پێی رازی بوون! ئـەم شـێوە سـوودو فـایزە بـاوبوو لای عەرەبـەكان! ئـەمجار دەڵێ: ئاشـكرایە سوودو فایزی سەردەمی پێش ئیسلام پارە بە قـەرزدان بـوو تـا كـاتێكی دیـاریكراو بە زیادەیـەكی دیـاریكراو لـە جیـاتی دواكـەوتنی قەرزەكـە، ئـیتر پـەروەردگار ئـەم شێوە مامەڵەی پووچ كردەوەو حەرامی كرد. ئەمجار فەرمووی: {وَإِنْ تُبْتُمْ فَلَـكُمْ رُؤُوسُ أَمْـوَالِكُمْ}. ئەگـەر تۆبـە بكـەن بۆتـان هەیـە دەسمایەكـەتان وەربگرنـەوە. لەوەپێشیش فەرموویبووی {وَذَرُواْ مَـا بَقِـيَ مِـنَ الرِّبَـا}. واز لـەو سـوودو قازانجـە بهێنن كەوەرتان نەگرتووە.

ئیبنو لقەییم دەفەرموێ: ئەم قەرزە بە قازانجە (ربا النسیئة) پێی دەگـوترێ (ربا الجلی) واتە: سوودو قازانجی ئاشكرا. ئەم شێوە مامەڵە لە سەردەمی نەزانیـدا بـاو بـووە، بـەم شـێوە قـەرزدار قەرزدانەوەكـەی دوا دەخـستو خـاوەن قـەرزیش ئەنـدازەی قەرزەكـەی زیـاد دەكـرد ئـیتر هـەتا ئـەو زیـاتر قـەرز دانەوەكـەی دوا بخستایە ئەویش پارەكەی زیاد دەكرد، تا سەد دەبوو بە هەزاو زیاتریش!

شێوەیەكی تریش لە سوودو فایز هەیە، پێی دەگوترێ: (ربـا الفـضل) سـوودی زیـادە، ئەمــەش فــەرموودەكانی پێغەمبــەر (دروودی خوای لەسەربێ) شــییان كردۆتــەوەو حوكمەكەیان دیاری كـردوە، بـەم جـۆرە دوو كـەس شـتەكانیان لەیـەك نـەوع بـنو بەیەكیان بگۆڕنەوە حازر بە حازر بەڵام یەكێكیان زیادەیەك وەربگرێ! جا لەبـەر ئەوەی ئەم شێوە مامەڵەیە كەم رێ دەكەوێو لـەم رۆژگـارەدا، یـان هـەرناكرێ یـان بەكەمی دەكرێ لەبەر ئەوە درێژەی پێ نادەین.

برێ زەرەرو زیانی سوودو فایز (بعض مضار الربا):

ئـا ئەوەیـە ئـەو سـوودو فـایزەی ئیـسلام حـەرامی كـردوە، ئـەو ریبایـەی كـە دژایەتیو دوژمنایەتی دەنێتەوە لە نێوان چینەكانی كۆمەڵداو گیـانی هاریكاریـان

تێـدا دەکـوژێ! هـەروەکوو چـۆن ئیـسلام دەیــەوێ لــە ڕێگــای حرامکردنیــەوە لەخۆباییی بوونی سەرمایەداران پوچ بکاتەوەو نەهێڵێ لەسەر حیسابی کۆمـەڵانی زەحمەتکێش سەرمایەدار هەڵبهاوسێ هەروەها بۆ ئەوەی یەکسانی لە نێـو کۆمـەڵ دەستەبەر بکاتو کۆمەڵێکی بەرهەمهێنـەر بێنێتـە کایـەوە. چـونکە سـەرمایەداریی سـوودخۆر لـەجیاتی ئـەوەی کـارێکی سـودبەخش ئـەنجام بـدا لەسـەر حیـسابی ماندوبوونی خەڵکی هەڵدەهاوسێو دەوڵەمەند دەبێ!

قورئانی پیرۆز ڕێزو نرخی داوە بەئیشکردنو تانەی لە مامەڵەی سوودو فایز ئامێزداوەو فەرموویەتی:

{ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا - سورة البقرة – ٢٧٥}.

جا لـە کاتێکدا کـاری بازرگـانی مانـدوبوونی دەوێو پێویـستی بـە پـسپۆڕیو لێهاتوویی هەیـەو دەبـێ دڵ قـایمو بـەورەبێ، یاسـای سـوودو بڵاوبوونـەوەی فـایز دەبێتە هـۆی پەیـدابوونی چینێکی بـێ ڕەحمـی خۆویـستو تەمـەڵ. هـیچ کارێـك ئەنجام نادەنو بێ ماندوبوونماڵو سامانیان هەڵدەهاوسـێو بـە ئـارەزوی خۆیـان فەقیرو هەژار دەچەوسێننەوە!

لەلایەکی ترەوە سوودو فایز وا لە خەڵکی دەکا کە زیاد لەتوانای خۆیان پتر لـە بـەرەی خۆیـان قـاچ ڕابکێـشنو سـەودای وا بکـەن کـە نـەتوانن خـۆ بـۆ ئاکامەکـەی ڕابگرن، بازرگان لەجیاتی ئەوەی کە بازرگانی بەو پارەو پوولـەی کـە هەیـەتی بکـاو خۆ لە مامەڵەیەك بهاوێ بتوانێ ئەگەر تووشی بەلایەك بوو خۆ ڕزگار بکـاو قـەرزو قۆڵە بداتەوە!! هەڵدەستێ بە سوودو فایز پارە وەردەگرێ بۆ ئەوەی بازرگانییەکانی فـراوان بکـا، جـاری وا هەیـە قـازانج دەکـا! بـەڵام کاتێـك کـەلو پەلـەکانی شـکانی بەسەردا دێو هەرزان دەبێ یـان کـەلو پەلـەکانی تووشـی بەلایـەك دەبـن ئیـتر ئـەو قەرزو سودو فایزەی کـە خـستۆیەتیە ئەسـتۆی خـۆی بـۆی هەڵناسـووڕێو لـە ئاکامـا مایە پوچ دەبێو تێدەشکێ! لەلایـەکی تـرەوە سـوود دەبێتـە هـۆی پەیـدابوونی دڵـە ڕاوکێو هەلەقی نەفسی هەمیشەیی بۆ سووددەرو سوود خۆر!

سوودو فایز هۆکارێکی گرنگە بۆ داگیرکردنی وڵات لەلایەن داگیرکەرانەوەو هەڵبوونی بای شووم تێیدا! شتێکی سەلمێنراوە کە شەڕو هێرشی ئابووریی کە لەسەر بنەمای بازگانی فایز ئامێز ئەنجام درابێ رێ خۆشکەرمیەکی کاریگەر بووە بۆ داگیرکردنی وڵات لەلایەن سوپای داگیرکەرەوە کە زوربەی وڵاتە خۆرهەڵاتییەکانی گرتەوە! ئەو حکوومەتە خۆرهەڵاتییانە بێگانەی سوودخۆر کردەوە، چەند ساڵێکی پێ نەچوو سامانی وڵات لەدەست هاووڵاتیان دەرچوو کەوتە دەست ئەو بێگانانەوە! کاتێك حکوومەتەکان بە ئاگاهاتنەوەو ویستیان بەرگری لە خۆیانو سامانی وڵات بکەنو نەهێڵن ئەو چاو چنۆکانە وڵات تاڵان بکەن، ئیتر ئەو بێگانە سەرمایەدارانە هانایان بۆ حکوومەتەکانی خۆیان بردو داوای یارمەتیدانیان لێکردن ئەوانیش بەناوی پاراستنی بەرژەوەندی هاووڵاتییان دەستیان خستە ناو وڵاتەوەو دەستیان بەسەر شوێنە ئابوورییەگرنگەکانی وڵاتدا گرت!؟

بۆیە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێ) دەفەرموێ: نەفرەت لەو کەسەی سوود دەخواو ئەوەی سوود دەداو ئەوەی سەنەدو قەباڵەکە دەنووسێو ئەوەی دەبێتە شایەدو ئاگاداری مامەڵەکە دەبێ! ئەمجار فەرمووی: هەموویان لە تاوانەکەدا چونیەكو هاوبەشن.

بڕێ جار هەندێ کەس رەخنە دەگرنو دەڵێن ئێمە لە رۆژگارێکداین موسوڵمانان حکوومەتی ئیسلامیان نییەو یاسای ئیسلام کاری پێ ناکرێو موسوڵمانان ناتوانن بێ یارمەتیدانو بەکارهێنانی یاسای ئەو بێگانانە بژین.. ئەوەی کە ئەمڕۆ سەیتەرەو دەسەڵاتی بەسەر جیهاندا هەیە چەند حکوومەتێکی سەرمایەدارن دەستیان خستۆتە بینەقاقای خەڵکییەوەو هەموو گەلو نەتەوەکان بوون بەژێر دەستەی ئەوان، بە ناچاری پارەو کەلو پەلیان بە قەرزی سوود ئامێز لێ وەردەگرن، هیچ چاریان نییە، دەی هەڵوێستی ئیسلام لێرەدا چییە؟! برێك لە زانایانی ئیسلام لەبەر ناچاری رێگەیان داوەو بەڵگەشیان فەرموودەی قورئانە کە دەڵێ: {فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ}.

واتە: کەسێك ناعیلاج بوو بەقـەدەر پێویـست دەتوانـێ پێویـستیاتی زەروریـی خـۆی لـەماڵی حـەرام جێبـەجێ بکـا بەمـەرجێك تـەجاوەزو زیـادەڕەوی نـەکا لەحاڵەتی ئاوادا گوناهبار نابێ!

ئەو حاڵەتە زەرورییەتانەی زانایانی ئیسلام کردویانن بەهۆکاری حەڵاڵبوونی حـەرام هـەروا بەهەوانتـەو بەقـسەی تاکـە کـەس نابـێ بەڵـکوو زانایـانی ئیـسلامو پـسپۆڕانی کۆمەڵناسـیو شـارەزایانی کاروبـاری مـاڵو پیـشەسازیو بازرگـانی ئـەو حاڵەتانە دەسنیشان دەکەن.

ئەو هۆیانەی ریباو سوود قەڵاچۆ دەکەن؟ (وسائل للقضاء على الربا):

ئاشکرایە کـە قـەرزدان بـە موحتاجـانو دەسـتگرتنو یارمەتیـدانیان بەچاکە هۆکـارێکی گـرنگن بـۆ بـەرگری لـە بڵاوبوونـەوەی سـوودو فـایز، لایـەنێکیش کـە زەکاتی تێدا سەرف دەکرێ قەرزدانەوەی قەرزدارانە، ئەو قەرزدارانەی پارەیان بـۆ رەهـاکردنی کـاری چـاکە قـەرز کـردوە زیـادە رەویـشیان نـەکردوەو ناشـتوانن قەرزەکان بدەنەوە، هەروەها ئەو داماوو بێ نەوایانەی کە کەس قەرزیان پێ ناداو پێویستیان بە پارەیە بەشێك لە زەکاتیان پێ دەدرێ بـۆ ئـەوە پێداویـستی خۆیـان دابین بکەن! بـەڵام کەسێك پـارەی قـەرزکردبێ بـۆ زەرورییـەتێکی زۆر پێویـست، وەکـوو ئـەوە پـارەی قـەرزکردبێ بـۆ بـژیوی خـاوو خێزانـیو دابینکردنـی پێداویستییەکانیانو بەقەرزی ئاسایی پارەکەی دەست نەکەوتبێو ناچار بوبێ بە سوودو فایز وەری بگرێ! ئەوە کابرای قەرزوەرگر گوناهبار نابـێ، بەڵـکوو کـابرای کە قەرزەکـەی داوەتـێ ئـەوە گوناهبـار دەبـێ، هـەر کەسـێکیش لەوڵاتـدا تـەنفیزی فرمانی شەرع نەکا کوناهی ئەو سوود خواردنەی دەگاتێ! چونکە زەکـات بەشـێکی بۆ قەرزدانەوەی قەرزدارانە، ئەگەر بـەرێكو پێکـی ئـەنجام بـدرێ نـەدارا نامێنـێ. یـەکێکیش لەمەبدەئـە ئیـسلامییەکان هـەڵنانی موسـوڵمانانە بـۆ هاریکـاریکردنی یەکتری لە پێناوی خێرو خۆشی تاكو کۆمەڵدا: {وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى}.

ئەمـەش هـەموو هاریکارییـەك دەگرێتـەوە – هاریکـاری کـشتوکاڵی، هاریکـاری

پیـشەسازی، هاریکـاری کۆمەڵایـەتی .. هتـد – ئـەم کۆمەڵـە هاریکاریانـەی مـیری پارمـەتییان دەدا لـق و پـۆپی خۆیـان لەشـارو لادێکانـدا دادەمـەزرێنن پارمـەتی کشتیارو بازرگان و پیشەوەران دەدەن و سوودو فایزیـشیان ناخەنـە سـەر، هـەر ئـەم کۆمەڵە هاریکاریانە دەتوانن بەرو بوومی کشتیارو پیـشەسازو بازرگانـەکان بخەنـە بازاڕەوەو قازانجێکی حەڵاڵ و زوڵاڵ دەستەبەر بکەن هەموو لایەك قازانجی لێ بکا!

قەرزکردن بەفایز بۆ خەرجکردن و بەرهەم هێنان:

زانـای بـەناوبانگ (شـارڵ جیـد) دەڵـێ: حـەرامکردنی سـوود لـە چـاخەکانی پێـشوودا شـتێکی ڕەواو بـەجێ بـوو حەڵاڵکردنیـشی لـەم ڕۆژگـارەدا شـتێکی زەروورییەو ڕەوایە، چونکە قـەرز وەرگـرتن لەکۆن دا بـۆ خـەرجکردن بـووە بـەڵام ئـەمڕۆ بـۆ کاسـپی پێکـردن و بەرهـەم هێنانـە. بەقـسەی ئـەم پـسپۆڕە ئابوورییـە ئەورووپییە قەرزکردن بەسوودو فایز بۆ خەرجکردن و خواردن کـارێکی خراپـەو پێویستە حەرام بکرێ! بەڵام ئایا پارە قەرزکردن بە زیادە لەم ڕۆژگارەدا هەمووی بۆ بەرهەم هێنان بەکار دەهێنرێ؟!

بێگومان بەشێکی بۆ خەرجکردن و خواردنی پێداویستی بـەکاردێ، خۆئەگـەر بیسەلمێنین کە قەرزکردنی بەزیادە بۆ بەرهەمهێنان سوودی هەیـە، ئـەمجار واشـی دابنـێین کـە حکوومـەتێك لـە حکوومەتـەکانی جیهـان ڕیبـای بـۆ بەرهـەم هێنـان حەڵاڵکرد، قەرزکردنی بەزیادەو سوود بـۆ خـواردن و خـەرجکردن حـەرام کـرد – وەکوو شارل جیـد دەڵـێ دیـسان ئـەم یاسـایە کەڵـکی تـەتبیقکردنی نییـە، چـونکە پێش قەرزکردنەکە قەرز وەرگر نازانێ کە سەد دەر سەد ئەو پارەیە هـەمووی بـۆ بەرهەمهێنان بەکار دێنێ و بۆ خواردن و خەرجکردن بەکاری ناهێنێ؟!

ئاشکراشە لێرەدا دەرگـای حیلـە شـەرع و فـێڵ و فەنـدەڵ زۆرو زەبەنـدەن هـەر لەبـەر ئەمـە ئیـسلام سـوودی حـەرامکردوە چ بـۆ خـواردن و خـەرجی بـێ چ بـۆ بەرهەم و مامەڵە پێوەکردن بێ، چونکە ئەگەر پـارە قەرزکردنەکـە بـۆ (استهلاك)

خـەرجکردن بـێ، ئـەوە بـۆ پێداویـستی زەروریـاتی کـابرای قـەرز وەرگـرە، دەی کـەوابێ دروسـت نییـە زیـاد لـەو پـارەی وەری گرتـووە لێـی داوا بکرێتـەوە، هـەر ئەوەنـدەی لەسـەرە کاتـێ بـووی قەرزەکـە بداتـەوە، ئەگـەر پـارە قەرزکردنەکـەی بۆمامەڵەو کارو کاسبی بێ ئەوە لە راستی دا ئـەو کۆشش‌و ماندووبوونـەی قـەرز وەرگر دەبێتە هۆی قازانج‌و زیـاد بـوونی ماڵەکـە، نـەك ماڵەکـە بـۆ خـۆی، چونکە ماڵ بۆ خۆی بێ کۆشش‌و مامەڵە پێوەکردن زیاد ناکا!

لێرەدا ئەوانـەی کـە بەلایانـەوە ریبـا دروسـتە دەڵێن: ئـەو قازانجـەی کـابرای قەرزوەرگر بە دەستی دێنـێ بـەهۆی پـارەی کـابرای خـاوەن قـەرزو کۆشـشی قـەرز وەرگـرەوە دێتـە دی دەی بۆچـی بـۆ کۆشـشی کـابرای قـەرزوەرگر قـازانج بـە رەوا ببینین بەلام بۆ دەستمایەکە کە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە قازانجەکەداو هی کابرای خـاوەن قـەرزە هـیچ قـازانج دانـەنێین؟! بـە تایبـەتی کـە ئـەمیش هاوبەشـی ئـەو بەرهەمەیە؟!

بـۆ وەڵامـی ئـەم بۆچـوونە دەڵێین هـەر بـە قـەرزکردنی پارەکـەو وەرگرتنـی، دەستمایەو کۆشش هەردوکیان دەبنە هی کابرای قەرزوەرگرو کابرای خاوەن قەرز پەیوەندییـەکی بـەو ماڵـەوە نامێنـێ، بەڵـکوو قـەرزوەرگر خـۆی بەرپرسـیارە لـە قازانج‌و زەرەردا، تەنانەت ئەگەر ماڵەکە فەوتا خـۆی بـە تـەنیا لێـی بەرپرسـیارە، خاوەند قەرز پەیوەندی پێوە نییە، جا ئەگەر بڵێین: خاوەن قەرز دەبـێ بەشـێکی قـازانجی ماڵەکـەی بـدرێتێ پێویـستە لـە زەرەریـشا بیکـەین بـە شـەریك چونکە هـەموو مافێك لـە بەرامبـەر ئەرکێکدایـە (کـل حـق مقابـل واجـب) هـەرکاتێکیش ئەوەمان بەرەوا زانی کە خاوەن دەستمایە بکەین بە هاوبەش لـە قـازانج‌و زەرەردا ئەوە باسەکەمان لە ریباو سوودەوە مگۆڕێ دەبێتـە کومپانیـای هاوبـەش لـە نێـوان سـەرمایەدارو کـابرای کۆشـشکاردا ئەمـەش ئیـسلام بـەڕەوای دەبینـێ‌و هـیچ خراپیەکی تێدا نیە!

قازانجو سوودی سندوقی زیادکردنو پەزمەندە:

حوکمی وەرگرتنی قازانجو سوود لـە سـندوقی زیـادکردن یـان لـە بانکـەکانی پـارە، لـە ئیـسلامدا بـزانین چـۆنەو چـۆن نییـە چـونکە ئەمـە موشـکیلەیەکی سەردەمەو هەموو جیهانی گرتۆتەوە!!

لێرەدا بە پێویستی دامزانـین کـە دەقـی ئـەو راوو بۆچوونەی کـە لـە لیژنـەی فتوای مامۆستاکانی ئەزهەر دەرچووە راگوێزی ئێرەی بکەین. پوختەی فتواکەیان دەڵێ: (وەرگرتنـی سـوودو قـازانج لـەو پـارەو پوولـەی کـە لـە سـندووقی تـەوفیردا دانراوە یان لـە یـەکێ لـە بانکەکانـدا دانـراوە – حەرامـە چـونکە ریبایـەو سـوودی حەرامە ئەمەش بە گوێرەی قورئانو فەرموودەی پێغەمبەرو رای گـشتی زانایـانی ئایینی).

بەڵام بـەرێز مامۆسـتا شـێخ مـەحمود شـەلتووت، (شـێخی جامع الأزهـر) رایـەکی تـری هەیـە، دەربـارەی سـوودو قـازانجی سـندوقی تـەوفیر، بۆچـونێکی تایبـەتی خـۆی هەیەو دەفەرموێ: (برێ زانایانی ئیسلام دەربارەی حەڵاڵو حـەرام دەفـەرموون: ئـەم قازانجە حەرامە چونکە ئەمە یان سوودو فائیدەیە بۆ پارە دانراوەکە، یـان قازانجێکـە قەرزەکە کێشی کردوە، ئەوەی کە ئێمە لێـرەدا دەیبیـنینو لەگـەڵ ئـەحکامی شـەرعی گونجاوەو قاعیدەی فیقهی راستو دروست دەیگرێتەوە ئەوەیـە کـە ئـەم پـارە قازانجـە حەڵاڵەو هیچ حەرامییەکی تێدا نییـە! چونکە ئـەو پارەیـەی دانـراوە قـەرزی خـاوەن پارە نییە لەسەر سندوقی تـەوفیر، قـەرزێکیش نییـە کـە سـندوقی تـەوفیر لـە خـاوەن پارەکەی قـەرزکردبێ بەڵـکوو خـاوەن پـارە بـە ئیختیـاری خـۆی پارەکـەی دانـاوە لـەو فرمانگـەیـەدا بـۆ بەرژەوەنـدی سـندوقەکەو داوای کـردوە پارەکـەی لێ قبـووڵ بکـەن، دەشزانێ کە ئەو پارەیە دەخرێتە مامەڵەی بازرگانییـەوەو بـە دەگمـەن نـەبێ زەرەر ناکا، دیارە کابرای خاوەن پارە بەم پارە دانانە:

یەکـەم: مەبەسـتی ئەوەیـەماڵەکـەی بپـارێزێو نـەهێڵێ بـدزرێو بفـەوتێ، خۆشی رام بێنێ لەسەر زیادکردنو ئابووریی.

دووەم: مەبەستیـشی ئەوەیــە کــە بەرژەوەنــدی ســندوقەکە بــەردەوام بــێو دەستمایەکەی زیاد کاو دەرگای مامەڵەکردنی زۆر ببن‌و قـازانجی زۆر بکـا کرێکـارو موچەخۆرو هاووڵاتیان سوودی لێ وەربگرن‌و حکوومەتیش قازانـج بکا، جا ئەگـەر فەرمانگەکـە: (صـندوق التـوفیر) بەشـێکی لـەو قازانجـە بڕیـەوە بـۆ پـارە دانـراوە کارپێکراوەکـەو دای بـە کـابرای خـاوەن پـارە بێگومـان ئـەم مامەڵەیـە، قـازانجێکی هاریکــاری گــشتییەو هــیچ شــوبهەو تــاوانی تێــدا نــابینرێ‌و کەســی تێــدا نەچەوساوەتەوە، بەڵکوو تەشجیع‌و هەڵنانی تێدایە بـۆ زیـادکردن‌و هاریکـاری کـە شەرعی ئیسلام پەسەندیان دەکاو بەلایەوە کارێکی باشە.

ماڵ خواردنی خەڵــکی بەناحەق حەرامە:

خودا دەفەرموێ: {وَلاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَـكُم بَيْنَكُم بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُواْ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ - سورة البقرة – ١٨٨}.

پــەروەردگار ئــەم خیتــاب‌و فرمانــەی ڕوبــەڕوی هــەموو موسـوڵمانانەو مانـای ئایەتەکە بەم جۆرەیە: با هیچ کەس لە ئێـوە مـاڵی هـیچ کـەس بـەناڕەواو ناحـەق نەخوا، ماڵخۆرەکە تاکێکە لەو گەلەو هەر تاوانێـك بکـرێ لـەناو گەلەکـەدا هـەموو تاکێــك بەشــێکی بەردەکــەوێ! هــەر بۆیەشــە پــەروەردگار وشــەی (أمــوالکم)ی بەکارهێناوە تا ئاماژە بێ بـۆ یەکیـەتی ڕیزەکـانی گـەل‌و هاریکـاریی ناویـان، مـاڵ‌و موڵکی هەندێکییان ماڵ‌و موڵکی هەموانە، چونکە مـاڵ‌و دارایـی ڕەگـی حەیاتـەو شادەماری گەلـە، کەوایـە پێویـستە لەسـەر هـەموان کـە دەسـت بخەنـە نـاو دەسـتی یــەکترەوە بــۆ پاراســتنی‌و پارێزگــاریکردنی... مانــای فــەرموودەی خــودا کــە دەفەرموێ: { وَتُدْلُواْ بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ}. واتە: بەرتیل مەبەن بـۆ کـار بەدەسـتان‌و فێری ماڵخواردنی بە ناحەقیان مەکەن {لِتَأْكُلُواْ فَرِيقًا مِّنْ أَمْـوَالِ النَّـاسِ بِـالإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ}. داوای کۆمەکیکردنی لێپرسراوان بکەن بۆ ئـەوە بـڕێ کـەس مـاڵی بـڕێ کـەس بـە ناحـەق بخۆن، دەسـتکەوتنی سـامان بـەم جـۆرە حەرامـەو تاوانـە،

چونکە حـوکمی حـاکم هـیچ لـە واقیـع نـاگۆڕێو حـەرام حـەڵاڵ ناکـاو حـەڵاڵیش حەرام ناکا!

قورئانی پیرۆز لە کاتێکدا خـواردنی مـاڵی خەڵـکی بەگـشتی حـەرام کـردوەو، بەم ئایەتە نەهی لێکردوە دەبینین لە شوێنی تردا حەرامی یەکە بـەهێزتر دەکـاو زیاتر داوای پاراستن لەو ماڵ خواردنە دەکاو هەڕەشەی تونـدتر ئاراسـتەی ئەوانـە دەکا کە ئەو کارە ئەنجام دەدەن! یەکێ لەو شوێنانە:

١- خواردنی ماڵی هەتیوانە بە ناحەقو نارەوا، ئـەوەتا پـەروەردگار هەڕەشـەی توندی لەو کەسانە کردوە کە ماڵی هەتیوان دەخۆنو دەفەرموێ:

{إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا - سورة النساء – ١٠}.

واتـە: بێگومـان ئەوانـەی مـاڵی هـەتیوان – بـە ناحـەق – دەخـۆن بـا بـزانن ئەوانە ئاگر دەخۆنو تاوانێکی گـەورە ئـەنجام دەدەن، ڕۆژی قیامـەتیش دەخرێنـە ناو دۆزەخەوە.

٢- قورئـانی پـیرۆز گلـەییو ڕەخنـەی خـۆی ئاڕاسـتەی ئـەو پیـاوە ئایینیانـە کردوە کە – بە ناحەق – ماڵی خەڵکی دەخۆن دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّ كَثِيرًا مِّنَ الأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّـاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ - سورة التوبة ٣٤}.

ئەم ئایەتە بەراشکاوی هەڕەشـەی تونـد لـەو مـالمو قەشـەو – کۆلکـە مـەلا – یانە کردوە کە بە ناحەق ماڵی خەڵکی وەردەگرنو دەیخۆن!

٣- ئەو شتومەكو پارەو پولەی کە خەڵکی پێشکەشی ئەو کەسەی دەکـەن کـە پێیان وایـە عابیـدەو شـێخەو لای خـودا ئیـشیان بـۆ جێبـەجێ دەکـا ئـەو بـەناو – عابیـدو شـێخە –ش خـۆی وا پیـشان دەدا کـەوا لـە خـودا نزیکـەو دوعـای گیرایـەو ڕەشـە خەڵـکەکە لـە خـشتە دەبـاو نووشـتەو دووعایـان بـە پـارە بـۆ دەکـا (دیـارە

مەبەست نووشتەو دوعـای نارەوایـە) ئەمـەش کـارێکی خراپـەو ئیـسلام نـەی لێ کردوە، ماڵخواردنی خەڵکییە بە نارەوا.

٤- ئەو پارەو پوولەی کە زێوان و مجەوری ئارامگای پیـاو چاکان وەری دەگـرن لـەو رەشـە خەڵـکەی کـە هەدیـەو فوتـۆی خۆیـان بـۆ ئـەو شـوێنانە دەبـەن و هـیچ لـەمانای یـەکتا پەرسـتی نـازانن، ئـەوەش بـە خـواردنی مـاڵی خەڵـکی بـە ناحـەق دەژمێردرێ و ئیسلام حەرامی کردوە!

قومارکردن حەرامە (تحریم القمار):

پەروەردگار لە قورئاندا قوماری ناو ناوە (مَیسِر) ئەم جۆرە قومـارە کـە پێـی دەگـوترێ: (مَیـسِر) لای عەرەبـەکان بـاو بـووە هـەر شـتێك گـرەوی تێـدابێ و مامەڵەیـەك بـێ سـەد دەر سـەد قـازانج بـێ یـان سـەد دەر سـەد زەرەر بـێ پێـی دەوترێ: مەیسر = قومار کەوابوو بلیتی (یانصیب)و گرەویی پێشبڕکێی ئەسپ لـە (رایسیس) حوکمی قوماری هەیەو حەرامە. خودا دەفەرموێ:

{إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ - سورة المائدة – ٩٠}.

واتە: بێگومان عەرەقخواردنەوەو قومارکردن و بتپەرستی، پشك هاویـشتن بـە تیر، کاری پـیس و خـراپن و کـرداری شـەیتانەن و خۆتـانی لێ بپارێزن تـا لـە سـزای خودا رزگارتان بێ.

قومـار قورماکـەران لــە رێبــازی راســتی ژیــان لادەداو فێــری تەمبــەڵی و تەوەزەلییان دەکا، وایـان لێ دەکـا چاوەڕوانی ئـەوە بـن و رزق و رۆژییـان لـە رێگـای خەیاڵپلاوەوە بۆبێ، عەقڵیان کول دەبێ و بەهرەو ئەزموونیان نامێنێ!

وایـان لێ دەکـا واز لـە کـارو کاسـبی بـە سـوودی وەکـوو کـشتیاری و بازرگـانی و پیشەسازی بێنن و سات و رۆژگاری درێژیان بەکاری بێ سوود بەسەر بـەرن. قومـار روخێنــەرەو ماڵوێرانکــەرە، چــەندەها جــار خانــەوادەی دەوڵەمەنــدی لەچــەند چرکەیەکدا کردۆتە هەژارو مایە پوچ، زۆر خێزان بە دەوڵەمەندی و خۆشبەختی

پەروەردە بوون کەچی لە ناکاوێك سەرەك خێزان (رب الأسرة) شەوێك لـە شـەوان بــە قورمــاکردن هــەموو ئــەو ســامانو دارایــیەی لەدەســت داوەو لــەژیانی دەوڵەمەندییەوە بووەتە هەژارێکی بێ ئـەوای وەها کـە نـەتوانێ نـەمری و نـەژی خێزانەکەی بەخێو بکا، لەبەر ئەم هۆیانە ئایینی ئیسلام قوماری حەرام کـردوەو داوای کردوە خەڵکی خۆی لێ بپارێزن.

تەرازوبازی حەرامە (تحريم التلاعب بالمكاييل والاوزان):

یــەکێك لــەو یاســایانەی ئیــسلام دایـنــاوە بــۆ پارێزگـاریی ســامانو دارایــی موسوڵمانانو دانیشتوانی وڵاتیان ڕێکخستنو دیاریکردنی تەرازوو ئامێری کێشانو پێوانـە!! ئیـسلام هەمیـشە شـوێنکەوتوانی مـەنع کـردوە لـەوە کـە مـافی خەڵـکی پێشێل بکەنو کەلو پەلی یەکتری بـەهیچو پـوچ سـەیر بکـرێو بـەهای خـۆی پـێ نەدرێ! خودا دەفەرموێ:

{وَأَقِيمُوا الْوَزْنَ بِالْقِسْطِ وَلَا تُخْسِرُوا الْمِيزَانَ - سورة الرحمن – ٩}.

واتە: ئـامێری کێـشانو پێـوان ڕێـك بخـەنو تـەرازوبازیی مەکـەن، ئـەمجار لـە ئایەتێکی تردا قورئان تەرازوبازانی ترساندووە بە کوشندەترین سزای دوا ڕۆژ کـە دەفەرموێ:

{وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ، الَّذِينَ إِذَا اكْتَالُواْ عَلَى النَّـاسِ يَـسْتَوْفُونَ، وَإِذَا كَـالُوهُمْ أَو وَّزَنُوهُمْ يُخْسِرُونَ، أَلَا يَظُنُّ أُولَئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ، لِيَوْمٍ عَظِيمٍ، يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ - سورة المطففين – ١-٦}.

واتە: هاوارو سزای بە ئێش بۆ (موطفیفین) ئەوانەی کاتـێ کـەلو پـەل دەکـڕن مـافی خۆیـان وەردەگـرنو بەگـەزی تـەواوو ربـەی گـەورەو تـەرازوی ڕاسـت کێـشانو پێوانەکە ئـەنجام دەدەن، بـەڵام ئەگـەر شـتو مـەك بـە خەڵـکی بفرۆشـن دزی تێـدا دەکەنو تەرازوبازی دەکەن!؟؟ ئایا ئەوانە نازانن لـە ڕۆژی قیامەتـدا – کـە ڕۆژێکـی سامناکە – زیندو دەکرێنەوە لەو ڕۆژەدا کە هەموو ئادەمیزادان زیندو دەکرێنـەوەو لەبەر دەم پەروەردگاردا ڕادەوەستن!! لەمانای ئـەم ئایەتـەوە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە

پێویستە حکوومەتی ئیسلامی کۆمەڵێك دەستنیشان بکا چاو دێری تـەرازوو کیلـۆو ربـەو قـسناغو گـەزو مـەتری دوکانـداران‌و بازرگانـان‌و چەرچییان بکـەن‌و نـەهێڵن دزی‌و تەرازوبازی بکەن.

دەستبلاوی کارێکی خراپە (ذم الاسراف):

ئـایینی ئیـسلام ئـایینێکی مامناوەنـدی خـوازە، بـۆ هـەموو شـتێك ئەنـدازەو یاسـای دانـاوەو چارەسـەری هـەموو نەخۆشـییەکی کـردوە، ئـەوەتا بـە مەبەسـتی پارێزگاری ماڵ‌و سامانی گرۆهانی موسوڵمانان – قورئانی پـیرۆز نـەهی کـردوە لـە دەستبلاوی‌و ماڵ بەفێڕودان‌و خەرجکردنی لە شوێنی نەشیاوی خۆیـدا... چـونکە دەستبلاوی لە کۆتاییدا خاوەنەکەی مایەپوچ‌و هەژار دەکا! بۆیە دەبینین قورئـانی پـیرۆز دەسـتبلاوانی شـوبهاندووە بـەو شـەیاتین‌و نـەفرەت لێکراوانـەی کـە ڕێگـای ڕاست لە کۆمەلانی موسوڵمانان گوم دەکەن، فەساد لەسەر زەوی بلاو دەکەنەوە!

{وَلاَ تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا ، إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُواْ إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا - سورة الإسراء – ٢٦-٢٧}.

ئاشـکرایە دەسـتبلاوەکان بـەو دەسـتبلاوییەیان یاسـای ژیـانی خۆیـان تێـك دەدەن‌و سپڵەیی دەکەن بەرامبەر ئەو نازو نیعمەتەی خودا پێـی داون، لـە جیـاتی ئـەوەی پارێزگـاری ماڵەکـە بکـەن‌و لەشـوێنی خۆیـدا سـەرفی بکـەن دەچـن ئـاوا بەفێڕۆی دەدەن.

لــە ئایــەتێکی تــردا پــەروەردگار وەســفی ســەرئەنجامی دەســتبلاوانی کــردوە دەفەرموێ:

{وَلاَ تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلاَ تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا - سورة الإسراء – ٢٩}.

واتە: هەمیشە لەماڵ سەرفکردندا مام ناوەندی‌و میانەڕەوبە! وامەکە دەسـتت بقوچـێنی‌و هیـچت لێ هەڵنـەوەرێ ئەوەنـدە دەسـتبلاویش مەبـە کـە بەتـەواوی هەرچی هەتە بلاوی بکەیەوەو دەست بە قرپ بێ، چونکە ئەگـەر دەست قوچاوو

رژد بێ، خەڵکی لۆمەت دەکەن، ئەگەر دەستبلاویش بی، دوایی ئاهی حەسرەت هەڵدەکێشی ،خەفەت دەخۆی بۆ ئەو ماڵو سامانەی کەوا بەهەوانتە بەفیڕۆت داوە.

چاکەکردن لەگەڵ چینی هەژار (البر بالطبقات الفقيرة):

قورئانی پیرۆز هەمیشە بانگەوازی بۆ ئەوە کردوە کە فەرقو جیاوازی لە نێوان کۆمەڵانی موسوڵمانانمدا قەڵاچۆ بکا، لە زۆر ئایەتدا قورئان خەڵکی هەڵناوە بۆ بەخشین لە رێگای خوداداو بۆ بەرژەوەندی چینی هەژاران، بۆیە قورئان سامانداران هەڵناوە بۆ ماڵ بەخشینو مزگێنی داوە بەوانەی کە بەخشندەن بە پاداشی باشو جەزای زۆرو زەبەندە لە رۆژی رەستا خێزدا.

بەخشین لەرێگەی خودادا (الانفاق في سبيل الله):

بەخشین لە رێگەی خودادا هەموو بەخشینو خەرجکردنێك دەگرێتەوە کە بۆ بەرزکردنەوەی ئالآی ئیسلامو بەرگریکردن لێیو بلاوبوونەوەی بەرنامەی خودا بەناو خەڵكو چەسپاندنی حوکمی خودا لەسەر زەویو هەر شتێکی تر کە ببێتە هۆی رەزامەندیی خودا وەکوو ئەو شتانەی کە سوودو قازانجیان هەیەو بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکاردێن... بۆ نموونە قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواریو بلاوکردنەوەی زانیاریو یارمەتیدانی بێ نەوایانو پێشخستنی پیشەسازیو هەر شتێکی تر کە لە هەموو رویەکەوە ئاستی موسوڵمانان بەرز دەکاتەوە، ئەو ئایەتە قورئانییانەی بانگەوازی موسوڵمانان دەکەن بۆ ماڵ بەخشین لە رێگەی خودادا زۆرن یەکێ لەو ئایەتانە ئەم فەرموودەیەی پەروەردگارە کە دەفەرموێ:

{مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّئَةُ حَبَّةٍ وَاللّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاء وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ، الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ ثُمَّ لاَ يُتْبِعُونَ مَا أَنفَقُواُ مَنّاً وَلاَ أَذًى لَّهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ - سورة البقرة – ٢٦١ – ٢٦٢}.

لـەم ئایەتـە پیرۆزانـەدا پـەروەردگار پێمـان ڕادەگەیـەنێ: کـە هـەر شـتێك ببەخشین لە ڕێگەی خوادا پاداشەکەیمان بـۆ دوچـەندانەو دە چـەندانە دەکاتـەوە، هەر ئەو ماڵە بەخشراوە سوودی دونیـاو قیامـەتی لێ دەبیـنین! بـەڵام پـەروەردگار بۆ ئەم پاداشە زۆرو چاکە ئـەوەی بەمـەرج گرتـووە کە بەخشینەکە منـەتی تێـدا نەبێ‌و چاکەکەی بەچاوی کابرای چاکە لەگەڵ کراودا نەداتـەوەو منـەتی بەسـەردا نەکاو ئەزییەتی نەدا:

منەت: ئەوەیە چاکە کەر چاکەکەی بەچاوی چـاکە لەگـەڵ کـراودا بداتـەوەو خۆی بەسەرەوە بادا.

ئەزییەت: ئەوەیە چاکەکەر چاکەکەی لای خەڵکی تر باس بکاو لای کەسـانی تـر خۆی هەڵکێشی‌و بڵێ ئەوەو ئەوەم بۆ فلانکەس کردوەو ئەوەندەم یارمەتی داوە.

قورئـانی پـیرۆز وەصـفی مـاڵ بەخـشینی لـە ڕێگـەی خـودادا کـردوە بـەوە کـە بازرگانیەکی بەسودەو ڕۆژی قیامەت خاوەنەکەی لێی بەهرەوەر دەبێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ، {تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ - سورة الصف – ١٠-١١}.

واتە: ئەی کۆمەڵی ئیمانداران! ئەرێ دەتانەوێ ڕێنومایيتان بکەم بۆ مامەڵەو بازرگانییەك کە بتانپارێزێ لـە سـزای بەئێـشی دۆزەخ؟! ئـەویش ئەوەیـە بڕواتـان بەخودا هەبێ، پێتـان وابـێ (محمـد) پێغەمبـەری ئـەوە، ئـەمجار کۆشـش بکـەن لـە ڕێگای خودادا بە ماڵ‌و بەگیان. بێگومان ئەوە باشە بۆ ئێوە ئەگەر زانابن؟!

ماڵ بەخشین بەسەر موحتاجاندا (الانفاق على ذوي الحاجة):

ماڵ بەخشین بەسەر موحتاجاندا لە ڕیزی ماڵ بەخشین لە ڕێگـەی خوادایـە، بـەڵام قورئـانی پـیرۆز بـڕی چـینی کۆمـەڵی دەستنیـشانکردوون کـە ئـەوان زیـاتر پێویستیان بە چاکە لەگەڵ کردن‌و دڵنەوایی هەیە.

بەشێك لە کرداری باش چاکە کردنـە لەگـەڵ ئـەو موحتاجانـەی ئـەم ئایەتـە باسی کردون کە دەفەرموێ:

{وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ - سورة البقرة – ١٧}.

واتە: موسوڵمان ئەوەیە!ماڵی باشی خۆشەویستی ببەخشێ بـەخزمو کـەس‌و کـاری هـەژاری‌و بەهـەتیوان‌و هـەژاران‌و رێبـواران‌و سواڵـکەران‌و هـەروەها بـۆ رزگاریکردنی کۆیلەکانیش.

لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار وەصفی پیاوچاکانی ئاوا کردوە کە دەفەرموێ:

{وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا، إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا - سورة الإنسان – ٨-٩}.

واتە: ئەو موسوڵمانە راستاڵانە خواردنی ئامـادەکراو بۆخۆیـان – هەرچـەندە خۆشیان ئارەزۆیان لێیەتی – دەبەخشن بە هـەژارو هـەتیوو یێـشیان دەڵـێن: هـەر لەبەر خاتری خودا ئێمە ئەم خواردنەتان پێـشکەش دەکـەین چاوەڕوانی پـاداش‌و سوپاسی ئێوە نین.

لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار لـێ تووڕەبوون‌و رەق جوڵانەوە لەگەڵ هەتیوانـدا هەروا خواردن نەدان بە هەژاران‌و نائومێدکردنیانی داناوە بە رەوشتی کـافرو بـێ بڕوایان‌و دەفەرموێ:

{أَرَأَيْتَ الَّذِي يُكَذِّبُ بِالدِّينِ، فَذَلِكَ الَّذِي يَدُعُّ الْيَتِيمَ، وَلَا يَحُضُّ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ} سورة الماعون – ١-٣}.

واتە: دەزانی کێ بێ بڕوایەو ئیسلامی بەلاوە ناڕاستەو بەدرۆی دەزانێ؟ ئەوە کەسـێکە کـە رێـز لـە هـەتیو نـاگرێ‌و تـرۆی دەکـاو بـە تونـدو تیـژی لـە گەڵیـدا دەجوڵێتەوە، لە هەمان کاتدا سوور نییە لەسە نانبدەیی‌و یارمەتیـدانی هـەژاران‌و خەڵکیش هەڵنانێ بۆ ئەو رەوشتە جوانە!!

رۆژی رەستاخیزیش کە پرسیار لەبێ بڕوایان دەکرێو پێیان دەڵێن: {مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ، قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ، وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ}. چی بوو بەهۆی ئەوەی ئێوە بکەونە ناو دۆزەخەوە لە وەڵامدا دەڵێن: ئێمە لە دونیا نوێژکەر نەبووینو گوێمان بەو عیبادەتە نەداوەو هەرگیز خواردەمەنیشمان بە هەژارو برسییان نەبەخشیوە.

بەخشینی ماڵی باشو خۆشەویست (الانفاق من الطيبات):

خودای پەروەردگار دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّا أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَلاَ تَيَمَّمُواْ الْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِآخِذِيهِ إِلاَّ أَن تُغْمِضُواْ فِيهِ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ - سورة البقرة – ٢٦٧}.

ئەم ئایەتە پیرۆزە دەربارەی زەکات هاتۆتە خوارێ چونکە هەندێ لە موسوڵمانەکان کە بەروبوومی خورمایان دەچنی خورما خراپەکانیان جیا دەکردەوەو لەلایەکەوە کۆمەڵیان دەکرد جا کە زەکات وەرگر دەهاتن لەو خورما خراپانەیان دەدانێ. ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ مەنعی ئەم کارەی لێ کردن.. مانای ئایەتەکەش ئەوەیە کە دەفەرموێ: ئەی بڕواداران کە زەکاتتان دا لە جۆری باشی ماڵەکەتان زەکات بدەن مەچن جۆرە خراپەکان جیابکەنەوەو بیدەن بە زەکات!؟ ئەمجار پەروەردگار لۆمەی کردنو پێی فەرموون: ئێوە چۆن شتی وا دەکەن، دەچن بەرو بوومە خراپەکان دەکەن بە زەکاتو باشەکانیش بۆ خۆتان وەلا دەنێن؟! خۆ بۆ خۆتان بەو جۆرە بەرو بوومە رازی نین، ئەگەر بتاندرێتێ وەری ناگرن، مەگەر چاو بقوچێننو فیروسیای لێ بکەن!

هەر لەمانای ئەم ئایەتەدا ئایەتێکی تر هەیە دەفەرموێ: {لَن تَنَالُواْ الْبِرَّ حَتَّى تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فَإِنَّ اللّهَ بِهِ عَلِيمٌ - سورة آل عمران – ٩٢}.

واتە: ئەی بڕواداران! بزانن کە ئێوە چاکە بەدەست نـاهێنن و دەسـتتان لێـی گیرنابـێ هـەتا لـە مـاڵی چـاك و بـاش و خۆشەویـستتان نەبەخـشن! هەرشـتێکیش ببەخشن چاك بێ یان خـراپ خـودا ئاگاداریـەتی و دەزانـێ چۆنەو چـەندەو بـە چ مەبەستێك بەخشراوە..

ماڵ و سامان هەمووی موڵـکی خودایە (المال ملك لله):

قورئانی پیرۆز سەرنجی ئـادەمیزادی راکێـشاوە بـۆ لای ئـەم راسـتییە کـە مـاڵ و سامانی سەرزەوی هەمووی موڵکی خودایەو مرۆڤ تێیدا سەر پەرشتیارەو وەکیلـی یەزدانە، کەوابوو ناشێ ئادەمیزاد سەرپێـچی فـەرمانی خـودا بکـاو بـەرێك و پێکـی سەرو بەری نەکا! ئـەرکی سەرشـانی ئـەنجام نـەدا. سـەیری ئـەم چـەند ئایەتانـەی خوارەوە بکـە کـە بەشـێوەیەکی مـەنتیقی ریزکـراون ئـەو راسـتییە دەچەسـپێنن و خاوەن موڵکییەتی خودا دەسەلێنن.

{وَلِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاللّهُ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ - سورة آل عمران – ١٨٩}.

واتە: موڵکداریەتی ئاسمان و زەوی و چییان تێدایە هەمووی هی خودایـە. یـان کە دەفەرموێ:

{هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاء وَالْأَرْضِ - سورة فاطر – ٣}.

واتە: خودا رزق و رۆژیدەری هەموو ئادەمیزادەو جگە لە ئەو کێ لە ئاسمـان و زەوی رزق و رۆژیتان دەداتێ؟! یان دەفەرموێ:

{وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَـكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ - سورة الحديد – ٧}.

ئەو ماڵ و سامانەی هەتانە ئێوە تێیدا جێگرو خەلیفەن لێی ببەخشن و رژدی تێدا مەکەن، یان دەفەرموێ:

{وَأَنفِقُوا مِن مَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَـوْتُ فَيَقُـولَ رَبِّ لَوْلَـا أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ الصَّالِحِينَ - سورة المنافقون – ١٠}.

واتە: ئەی موسوڵمانان! ببەخشن لەو ماڵو داراییەی کە ئێمە پێمان داون، پێش ئەوەی مردن یەخەتان بگرێ ئەمجار پەشێمان ببنەوەو بڵێن خودایە! بۆ ئاماوەیەکی تر مۆڵەتم نادەی تا خێرو خێرات بکەمو زەکات بدەمو کرداری چاك بکەمو بچمە ریزی راستاڵانەوەو ببمە خودا پەرستی راست.. یان دەفەرموێ:

{وَآتُوهُم مِّن مَّالِ اللَّهِ الَّذِي آتَاكُمْ - سورة النــور – ٣٣}.

واتە: لەو ماڵو داراییەی کە هی خودایەو داویەتی بە ئێوە بەشی ئەو فەقیرو هەژارانەی لێ بدەن. بۆیە ئەرکی سەرشانی کۆمەڵی ئادەمیزادە کە بە رێكو پێکی فەرمانی یەزدان ئەنجام بدەنو هیچ خاوە خاوی لێ نەکەن. هەرکاتێك فەرمانیان پێکرا کە کەمێك لەو ماڵو داراییەی لەژێر دەستیاندایە بەشی فەقیرو هەژاری لێ بدەنو کەمتەرخەمی لێ نەکەن.

چاکەکردن لەگەڵ ئادەمیزادان قەرزەو خودا دایداتەوە:

قورئانی پیرۆز هەمیشە خەڵکی هەڵناوە بۆ چاکە لەگەڵ یەکدیکردن بە ئوسلوبێکی زۆر جوانو پاراوو رەوان هانی مەردومی داوە بۆ چاکە لەگەڵ یەکدیکردنو دەفەرموێ:

{مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ أَضْعَافًا كَثِيرَةً وَاللَّهُ يَقْبِضُ وَيَبْسُطُ - سورة البقرة – ٢٤٥}.

واتە: ئەوە کێیە ئەو کەسەی قەرز بدا بەخودا، بەبێ سوودو قازانج دەستی لێقەوماوان بگرێو یارمەتی هەژاران بدا؟ پەروەردگاریش پاداشی بۆ دوچەندانەو چەند چەندانە بکاتەوە ئاشکراشە دەوڵەمەندیو هەژاری بەویستی خودایەو هەر ئەو دەبەخشێو دەیگرێتەوە.

سەیر بکە پەروەردگار بە چ شێوەو تەعبیرێکی نەرمو نیان ئەو مەبەستەی گەیاندوە؟ چۆن چاکەکردنی لەگەڵ ئادەمیزادا بە قەرزدان بەخودا شوبهاندووە! چونکە لە راستی دا قەرزەکە کابرایەکی موحتاج وەری گرتووەو خودا بێ ئیحتیاجە لە هەموو بونەوەرو مڵکایەتی ئەرزو ئاسمانو چییان تێدایە هەموو

هەر ئی ئەوە. بەڵام پەروەردگار ئەم تەعبیرەی ئاوا هێناوەو بەم شێوە نەرمە قەرزدانی بە فەقیران بە قەرزدان بەخۆی حسێب کردوە، بۆ ئەوەی ئەوە بگەیەنێ کە کەسێك دوای ئەم پەیامەش رژدو چروك بێو هیچی لەدەست هەڵنەوەرێو برێ لە ماڵەکەی نەدا بە قەرز بەو خودایەی کە ئەو ماڵو سامانەی داوەتێ مانای وایە مرۆڤێکی بێ قیمەتو خوێڕییە.. دەوڵەمەندیو هەژاریش بەدەست خودایە ئەگەر بیەوێ هەژار دەوڵەمەند دەکاو دەوڵەمەندیش هەژار دەخا.

لەئیسلامدا سەچاوەی بژێوی هەژاران زۆرە (مورد للفقراء لا حد له)

ئایینی ئیسلام سەرچاوەی بژێوی جۆراو جۆری بۆ هەژارو بێ نەوایان داناوە کە لە رێگای ئەو کەفارەتانەوە ئەنجام دەدرێ کە بۆ سڕینەوەی تاوانێك یان پڕکردنەوەی واجبێك یان پارسەنگدانەوەو کەمو کوڕی تاعەتێك دانراوە.. وەکوو ئەوە پیاوێك سوێند دەخوا کە فلان کار ئەنجام بدا یان نەیکا دوایی واز لەو کارە دێنێ، لەم حاڵەتەدا دەبێ کەفارتی ئەو سوێندەی بدا کە بریتییە لە خواردن دان بە دە کەسی هەژار، خوادرنێکی مامناوەندی لەجۆری ئەو خواردنەی کە بۆ خۆی دەیخوا، یان بەرگو پۆشاکی (١٠)دە کەس بکا یان کۆیلەیێ ئازاد بکا...!

حاڵەتێکی تر وەکوو ئەوە کابرا نەتوانێ رەمەزان بەرۆژو بێ جا لە بەرنەخۆشی بێ یان لەبەر پیری بێ یان هەر هۆیەکی تر!! لەم حاڵەتەدا بەرۆژو نابێو لەجیاتی هەر رۆژێك هەژارێك نان دەدا.. حاجی لە کرداری حەجدا مەرجێك لە مەرجەکانی حەج بەجێ ناهێنێ دەبێ کوشتییەك سەربڕێ گۆشتەکەی بەسەر هەژاراندا دابەش بکا.. رۆژی جەژنی رەمەزان دێ پێویستە هەموو موسوڵمانێك زەکاتی سەر فیترە بدا بە هەژران، هەروەکوو چۆن پێویستە لەسەر موسوڵمانانی دەوڵەمەند لە جەژنی قورباندا قوربانی بکەنو گۆشتەکەی بدەن بە هەژاران.. یان موسوڵمانێك فۆتۆ (نذر)ێك دەکا ئیسلام لەسەری پێویست

کردوه کە ئەو نەزرە بە تـەواوی جێبـەجێ بکـاو چـی لـە خۆگرتـووە دابەشـی بکـا بەسەر هەژاراندا..

حاڵـەتێکی تـر هەیـە، ئـەویش ئەوەیـە کـابرا ناتوانـێ خـۆ بـە خێـو بکـاو پێداویستی ژیانی بۆ ئـەنجام نـادرێ لێـرەدا ئـایینی ئیسلام بـەواجبی گێـڕاوەو بـە ئەرکی سەرشانی خـزمو کـەسو کـاری دەوڵەمەنـدی دانـاوە کـە نەفەقـەی بکێـشن: کوڕ نەفەقەی باوکی دەکێشێو بـاوك نەفەقـەی کـوڕو منـداڵی لەسـەرە، نەفەقـەی خۆشـك لەسـەر برایـەو هـی ژن لەسـەر مێـردە هـەروا بـەو جۆرەی کـە لـە کتێبـە شەعییەکاندا رون کراوەتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئیسلام یاسای (وەقف)یشی داناوە تا بەرو بوومی ئەو موڵكو ماڵە وەقفـە سـەرف بکـرێ لـە ڕێگـای خێـرو چاکەی گـشتی دا. ئەمـەی گـوتراو خوێندتەوە بڕێك بوو لە یاسای ئابووریی ئیسلام کە مەبەستی سەرەکی تێدا لێـك نزیـك کردنـەوەی چـینەکانی کۆمەڵـەو قەڵاچـۆکردنی هەژارییـە. خـۆ ئەگـەر بمانـەوێ بـە دورو درێـژی ئـەو دەقـە قورئـانیو حەدیـسانە رون بکەینـەوە کـە دەربارەی ئابووریی هاتوون لێرەدا جێگای نابێتەوەو پێویستی بە چەند بـەرگێکی قەوارە گەورە هەیە! بەڵام ئێمـە ویـستمان ئاماژەیـەکی سـەرپێیی بکـەین بـۆ بـڕێ بنەمای سەرەکی قورئان لەم بارەوە کە هەموویان ئەوە دەگەیەنن کـە ئـەم یاسـایە یاسایەکی ئیلاهییەو سەرچاوەیەکی گەلێ بەرزو مەزنەو بـەکاری هـەموو شـوێنێك دێو بۆ هەموو کاتێك باشە.

بەشی بیستو یەکەم:

زەکات لە ئیسلام دا (الزكاة في الإسلام)

زەریبە لای گەل و فەرمانڕەواکانی پێش ئیسلام – مانای زەکات – ڕەنگدانەوەی هەژرای لە کۆمەڵدا – پلەی زەکات – زەکات بە زۆر دەسێنرێ – جۆرەکانی زەکات – مەرجەکانی زەکات – زەکاتی زێڕو زیو – زەکاتی ماڵی بازرگانی – زەکاتی بەرووبوومی کشتوکاڵ – زەکاتی ئاژەڵ کە بە دەمی خۆی بلەوەڕێ – زەکاتی کان و گە نجینە – ئەوانەی زەکاتیان پێ دەشێ مافی خۆیانە زەکات وەگرن.

زەریبەو باج لای گەل و فەرمانڕەواکانی پێش ئیسلام:

حکوومەتەکانی پێش ئیسلام زەریبەو مڵکانەیان دەخستە سەر هەژاران و ساماندارە مام ناوەندەییەکان! پاشاو فەرمانڕەواو پیاوە ئایینییەکان و دەرە بەگو ئەوانەی کە پەیوەندییان بە مانەوە هەبوو هیچ ئەرکێکی (ماڵی)یان نەدەخرایە سەرو لە هەموو زەریبەو مڵکانەیەك عەفو دەکران و هەمیشە لەناو نازو نیعمەتدا خۆیان دلستەوە، چینە هەژارەکانیش بە ژیانێکی کولە مەرگی دەژیان و کۆیلەی فەرمانڕەواو دەوڵەمەندەکانیان بوون. لەبەر ئەوە مرۆڤی ئاسایی لە رۆژگاری کۆندا پێی وانەبوو کە حکوومەت نوێنەری ئەوەو بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەو کار دەکا! بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەموو کاتێ داموو دەزگاکانی حکوومەتی بە دوژمنی خۆی دەزانی و گەیشتبووە ئەو قەناعەتە کە ئەو حکوومەتە تەنها مەبەستی چەوساندنەوەی چینی هەژارەو خەریکی خوێنمژینی هاووڵاتیانە بەبێ ئەوەی کە سودێکیان پێ بگەیەنێ، لەبەر ئەوە خەڵکی باجیان بە بارێکی گرانی وەها دەزانی کەتا بۆیان بکرایە بە پێویستیان دەزانی خۆیانی لێ دەرباز بکەن.

بێگومان گەل و نەتەوەکانی پێش ئیسلام هیچ گرنگییەکیان نەدەدا بە ماڵو دارایی حکوومەت، مەبەستیان نەبوو چەندی واریدات هەیەو چەندی خەرجی هەیە، چونکە پێیان وابوو هیچ بەرژەوەندییەکی ئەوانی تێدا نیەو هەمووی تایبەتە بە مەلیك و وەزیرو کاربەدەستانی حکوومەتەوە، حکوومەتەکانیش لەلایەن خۆیانەوە تەنیا گرنگیان بە دەوڵەمەندبوونی خەزینەی خۆیان دەداو،

هەموو کارێکی ڕەواو ناڕەوایان بەکاردێنا بۆ پڕکردنی خەزینەی پاشا! نەك وەکوو ئەم حکوومەتە تازانەی سەردەم کە ئەندازەیەك دادپەروەییان بەکار هێناوە بۆ ڕێك و پێککردنی زەریبەو بەرکاهێنانی حاصڵاتەکەی لە بەرژەوەندی گشتی وڵاتداو دابەشکردنی بەسەر چینە موحتاجەکانی وڵاتداو پەرەپێدانی ئەو پرۆژانەی کە بەختەوەری دانیشتوانی تێدایە... جا کە ئیسلام هات هەموو ئەو یاساو داب و نەریتە کۆنانەی زەریبەی هەڵگێڕایەوە، یارمەتییەکی سامانی لەسەر دەوڵەمەندەکان دانا بۆ بەرژەوەندی هەژاران و ناوی لێنا: (زەکات) یاساو قانوونێکیشی بۆ کۆکردنەوەو سەرفکردنی داناوە پڕە لە دادپەروەری و عەدالەت بە جۆرێك کە وێنەی لەهیچ قوتابخانەو ڕێبازێکی سەردەمدا نابیندرێ!

مانای زەکات:

زەکات و صەدەقە هەردوکیان یەك مانایان هەیە. زەکات لە زماندا بە مانا پاککردنەوەیە، پەروەردگار صەدەقەی فەرزو پێویستی ناوناوە: زەکات – پاککەرەوە – چونکە دڵ و دەرون لە ڕژدی و چروکی پاك دەکاتەوە، خودا دەفەرموێ: {خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا}.

واتە: ئەی پێغەمبەر لە ماڵ و دارایی ساماندارن زەکات دەرکەو لێیان بستێنە بۆ ئەوەی دڵ و دەرونیان لە نەخۆشی چروکی پاك بکەیتەوەو گەش و نماش بکەوێتە ناو ماڵ و داراییانەوە، پەروەردگار کە دەفەرموێ: زەکات موسوڵمانان پاك دەکاتەوە – کە لە ئایەتەکەدا بە ڕاناوی (هم) ئاماژەی بۆ کردوە – دیارە وشەی موسوڵمانان هەموویان بەتاك و کۆمەڵەوە دەگرێتەوە. ئاشکراشە زەکات لەگەڵ ئەوەدا کە دڵ و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵ لە چڵکی بەخیلی و چروکی و ڕژدی و نەفس نزمی و دڵڕەقی و خۆپەرستی و تەماعکاری پاك دەکاتەوە هەروەها موسوڵمانانیش دەپارێزێ لەوە کە بە ناحەق ماڵی یەکتری بخۆن و نەخۆشی کۆمەڵایەتی: وەکوو دژایەتی و فیتنەیی و شەڕو هەرا لەناویاندا بکەوێتەوە!.

کاردانەوەی هەژاری لە کۆمەڵـگادا (تأثير الفقر في المجتمع):

شتێکی سەلمێنراوەو ئاشکرایە کە هـەژاران چـینی هـەرە خـواروی کۆمەڵـگانو هەژاری کوشندەترین دەردی کۆمەڵە. چونکە فـەقیریی وا لـە مـرۆڤ دەکا هـەموو جۆرە کارێـك لـە پێنـاو بـژێودا ئـەنجام بـدا، سـك ئەگـەر برسـی بـوو خاوەنەکـەی هەڵدەنێ بۆ ئەنجامدانی هەموو جۆرە تاوانێكو بەلاشییەوە رەوایـە... چونکە بـۆ درێژەپێدانی ژیانە!

ئـەو کۆمەڵـگایانەی هـەژارییان تێـدا بـڵاو دەبێتـەوە لـە هـەموو رویەکـەوە توندڕەوی تێدا پەیدا دەبێو هەموو کردارێکـی وەحـشییانەو ئـاژەڵ ئاسـای بـەلاوە حەلاڵـەو هـەموو جـۆرە درندەییـەك بـەکار دێنـێ بـۆ گەییـشتن بـە ئارەزووەکـانی، بێگومـان ئــەوروپا لــەم روەوە خــراپترین ئــەنجامی هــەژاری چێــشت... هــەموو کردارێکی دژە شارستانی تێدا رودا، سەرەتا خۆ پێشاندانی هێمنانە دەستی پێکرد، تا سەری کێشا بە شۆڕشو کوشتنو بڕینو قەلاچۆکردنی هـەموو شتێكو تـەڕو پووشی پێکەوە سووتا!!

پلەی زەکات (منزلة الزكاة):

خـودای پـەروەردگار لـە زۆر شـوێنی قورئانـدا فـەرمانی کـردوە بـە زەکاتـدان، لەهـەر شـوێنکدا باسـی نوێـژکرابێ یەکـسەر زەکاتیـشی لەگەڵـدا بـاس کـراوە، کـە قورئـان داوای کردنـی نوێـژی کـردوە داوای زەکاتدانیـشی کـردوە، چـونکە نوێـژو زەکـات دوو کۆڵەکـەی پتـەون بـۆ باڵەخانـەی ئیـسلامو ئیـسلامیان لەسـەر بنیـات نـراوە! یەکێك لەو شوێنانە: ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ:

{فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ - سورة الحج – ٧٨}.

هەروەکوو چۆن لەئایەتێکی تردا جەختی لەسـەر ئـەوەکردوە کـە موسـوڵمان نابێتە برای موسوڵمانانو لەریزی ئەوان نـاژمێردرێ تـا نوێـژ نـەکاو زەکـات نـەدا، وەکوو دەفەرموێ:

{فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَنُفَصِّلُ الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ - سورة التوبة – ١١}.

واتە: ئەوانە ئەگەر تۆبەیان کردو نوێژیان بەجێ هێناو زەکاتیان دا ئەوە دەبنە برای ئایینیتان!

لەلایەکی ترەوە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) زەکات نەدەرانی ترساندوە بە گرانیو فەقیریو هەژاریو ژیان تاڵی کە دەفەرموێ: (وما منع قوم الزكاة الا منعوا القطر من السماء ولو لا البهائم لم يمطروا). واتە: هەر گەل نەتەوەیەك زەکاتیان لە ماڵی خۆیان دەرنەکردبێ زەکات نەدانیان بەلاوە شتێکی ئاسایی بووبێ ئیللا بارانیان لێ براوەو ئاسمان بارانی بۆ نەبارانـدون، خۆ ئەگەر لەبەر خاتری ئاژەڵو گیانلەبەرانی تر نەبوایە ئاوی خواردنەوەشیان بۆ نەدەباری.

زەکاتدان زۆرە ملێیە بەزۆر دەستێندرێ (الزكاة اجبارية):

ئایینی ئیسلام زەکاتدانی نەخستۆتە بەر ئارەزووی خاوەن ماڵ، ئەگەر ویستی بیداو ئەگەر نەویست نەیدا! بەڵکوو زەکاتی بە شتێکی زۆرە ملێ داناوە، چونکە زەکات حەقی فەقیرە لەو ماڵەی کە خودا داویەتی بە دەوڵەمەند، خودا دەفەرموێ:

{وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَّعْلُومٌ، لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ} سورة المعارج – ٢٤-٢٥.

واتە: ئەو موسوڵمانانەی کە لەماڵو داراییان دا ئەندازەیەکی دیاریکراو هەیە مافی هەژارانو سواڵکەرانە.. کەوابوو ئەرکی سەرشانی کاربەدەستی موسوڵمانانە کە زەکات لە دەوڵەمەندان وەربگرێو ئەمجار بەسەر هەژارەکاندا دابەشی بکاتەوە. بۆیە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێ) زەکاتی کۆ دەکردەوەو فەرمانی بەکار بەدەستانی خۆی دەکرد کە لە هەموو شوێنێك زەکات لە دەوڵەمەندەکان وەربگرنو بەسەر هەژاراندا دابەشی بکەنەوە! لەدوای وەفاتی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) حەزرەتی ئەبو بەکری صدیق کرا بە فەرمانڕەوای موسوڵمانان، برێ لە

عەرەبەکان زەکاتیان نەداو بە ئاشکرا بەرهەڵستی زەکات دانیـان کـرد، بـە خـەیاڵی خۆیان حەزرەتی ئەبو بەکر دەستەوەستان رادەوەستیۆ شەڕیان لەگەڵ ناکا! بەڵام حەزرەتی ئەبو بەکر پیاو ماقوڵانی هاوڕێیانی پێغەمبەری کۆکردەوە لـەم بـارەوە مەشۆرەتی پێکردن دوایی هەموویان رایان هاتـە سـەر ئـەوە کـە شـەڕ لەگـەڵ ئـەو زەکات نەدەرانە بکریٚ بۆ ئەم مەبەستە هێزیان پێك هێنـاو هێرشـیان کـردە سـەر سەرپێـچی کـارانو بەتونـدی لێیـان دانو زاڵ بـوون بەسـەریانداو هەڵـگەڕاوە (مرتد)ەکانیان هێنایەوە ژێر رکێفی تەعلیماتو یاسای قورئان.

بەڕاستی ئەم شەڕە شەڕێکی ناوخۆیی بوو، بۆ بەرژەوەندی چینی هەژار بوو! لە هـەموو ئـەو شـەڕە نـاو خۆییانـەی ئـەوروپا پیرۆزتـر بـوو کـە بـۆ بەرژەوەنـدی چینی هەژار بەرپا بـوون!! چـونکە لـە ئـەوروپا ئەوانـەی کـە شۆڕشـیانکرد چـینی هەژار بوون لـەتاو برسـێتی شـەڕیان کـرد، بـەڵام ئەوانـەی لەسـەردەمی حـەزرەتی ئەبو بەکردا شەڕیان لەگەڵ زەکات نەدەراندا کرد پیاومـاقوڵو سـامانداران‌و ریـش سـپی صـەحابە بـوون سەرۆکەکەشـیان خەلیفـەی ئیـسلام خـۆی بـوو! ئـەو ئـەبوو بەکرە بوو کە لەم بارەوە فەرمووی: (والله لو منعوني عقال بعير يؤدونه إلى رسـول الله لقاتلتهم عليه أو أهلك دونـه). واتـە: سوێند بـە خـودا ئەگـەر ئەشـکێکی تاقـە وشترێکم نەدەنیٚو لەوەپێش دابێتیان بە پێغەمبەری خـودا شـەڕی لەسـەر دەکـەم جا یا لێیان دەستێنم یـان لـە پێناویـا دەکوژرێم. لەمـەوە بۆمـان دەردەکـەویٚ کـە زەکـات ئیختیـاری نییـە، هـەرگیز نابـیٚ وەهـا سـەیری بکـریٚ بەڵـکوو زەکـات زەریبەیـەکی زۆرە ملێیـە حکوومـەتی ئیـسلامی بـە زۆر وەری دەگـریٚو ئـەمجار بەسەر چینی هەژاردا دابەشی دەکاتەوە، تەنانەت ئەم کارە تایبەتـە بـە خەلیفـەی موسوڵمانانەوە خـۆی یـان کەسـێك کـە ئـەو دەستنیـشانی دەکا زەکـات وەرەگـریٚو دابەشی دەکا، چونکە خودا بە پێغەمبەر دەفەرمویٚ:

{خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً}. لەسەر ئەم بنەمایە زانایانی ئیسلام رایان وایە: کە زەکات لەلایـەن زەکاتـدەرەوە دابـەش نـاکریٚ، بەڵـکوو دەبـیٚ تەسـلیم بەخەزینـەی حکوومـەتی بکـاو ئـەمجار حکوومـەت دابەشـی بکاتـەوە، چـونکە ئەگـەر کـابرای

زەکاتدەر خۆی تەوزیعی بکا زەلیلیو چاو بەرەژێرییەك بۆ زەکات وەرگرەکان دێتە کایەوە، بەڵام ئەگەر لێپرسراوی حکوومەت دابەشی بکا ئەو جۆرە چاو بەرەژێییە بەدی ناکرێو منەتو کەشخەی زەکات دەری تێدا نابێ بەڵکوو کابرای هەژار وەکوو موچەیەكو مافێکی خۆی وەری دەگرێ، تەنانەت زانایانی ئیسلام دەفەرمون هەر کەسێك بمرێو زەکاتی لەسەر بێ نابێ میراتەکەی دابەش بکرێ تا زەکاتی لێ دەردەکرێ، هەروەکوو چۆن ئەگەر قەرزی خەڵکی لەسەر بێ تا قەرزەکە نەدرێتەوە میراتەکە تەوزیع ناکرێ.

جۆرەکانی زەکات (انواع الزکاة):

ئەو شتانەی زەکاتیان تێدایە بە گوێرەی شەرع پێنج شتن:

یەکەم: زێرو زیوە.

دووەم: کەلو پەلی بازرگانییە.

سێیەم: بەروبوومی کشتوکاڵیو میوەی خورماو ترێیە.

چوارەم: ئەو ئاژەڵە ماڵییانەیە کە بە دەمی خۆیان دەلەوەڕێن.

پێنجەم: کانو گەنجینەیە.

جگە لەم پێنج شتانە هیچ ماڵو سامانێکی تر زەکاتی لێ ناکەوێ کەوابوو خانوو بەرە بۆ حەوانەوەو نیشتەجێبوون تێیدا، جلو بەرگی تایبەتی، کەلو پەلی ماڵ، ولاغی سواری، سەیارەی تایبەتی چەكو سیلاحی تایبەت، خشڵو زێڕو زیوی ئافرەت، شتی دەگمەنو ناوازە، ئامێری وەستاییو پیشەسازیو کشتوکاڵیو کتێبو دەفتەری زانستیو فێربوون زەکاتییان لێ نادرێ بە مەرجێك نەکرێن بە ماڵی بازرگانی، هەرشتێك لەوانە بازرگانی پێوە کرا دەبێ زەکاتی لێ بدا.

مەعدەنی بەنرخو بەها – جگە لە زێڕو زیو – وەکوو یاقوتو گەوهەر ئەڵماسو ئەو جۆرە کانانە، زانایانی شەرع پێیان وایە زەکاتیان تێدا نییە، بەڵام لە راستی دا دەبوایە زەکاتیان تێدابێ!! بۆیە پێمان وایە، هەرکاتێ ئەو مەعدەنانە قیمەتیان گەییشتە ئەندازەی زەکات تێدابوون دەبێ زەکاتیان لێ دەرکرێ.

مەرجەکانی زەکات (شروط الزكاة):

ئـەو مەرجانـەی کـە پێویـستە کۆببنـەوە لـەو مـاڵو سـامانەی زەکـاتی لێ دەردەکرێ چوار مەرجی سەرەکین:

یەکەم: دەبێ سامانو داراییەکە موڵکی تەواوی کابرابێ، واتـە: دەبێ ماڵەکە لەژێر دەستی خاوەن ماڵدا بێو نابێ مافی کەسی تری پێوەبێو دەبێ بتوانێ بەویستو ئـارەزوێ خـۆی تەصـەروفی تێـدا بکـا، بـەروبوومی ماڵـەکەش بـۆ خاوەنەکەی بێو بۆ ئەو بگەڕێتەوە.. کەوابێ مـاڵی وەقفکراو زەکاتی تێدا نییە، قەرزو قۆڵەیەك کە لەسەر قەرزداربێو هیوای وەرگرتنەوەی نەبێ، هەروەها ئەو ماڵو موڵکەی خاوەنەکەی نەتوانێ بە ئارەزۆی خۆی تەصەروفی تێدا بکا وەکوو مـاڵی (رەهـن) بارمتـە دانـراو، هـەروەها ماڵێـك کـە خرابێتـە ژێـر چـاودێریو خاوەنەکـەی نـەتوانێ نزیکـی بکەوێتـەوە، هـەروەها مـاڵو سـامانێك کـە کێـشەو نیزاعی لەسەربێو بەلایەکدا ساغ نەبووبێتەوە.

دووەم: دەبـێ ماڵەکـە بگاتـە ئەنـدازەی زەکـات لێکـەوتن (نـصاب). واتـە: ئـەو ئەندازەیەی کە لە شەرعدا بۆ زەکات لێکەوتن دانراوە، کەواتە موڵكو دارایی کـەم زەکـاتی لێ ناکـەوێ، هـەر جۆرێـك لـەو جـۆرە ماڵانـە نەگاتـە ئەنـدازەی زەکـات لێکەوتن (نـصاب) زەکاتی تێدا نییـە، چونکە زەکات لـە زێـدەماڵ دەکـەوێ خـودا دەفەرموێ:

{وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ}.

واتە: ئەی پێغەمبەر! پرسیارت لێ دەکەن چی بـدەن بـە زەکـاتو بیبەخـشن؟ تۆش پێیان بڵێ: ئەوەی کە زیاد لە پێویستی خۆیانە.

سـێیەم: دەبـێ سـاڵێکی تـەواو (١٢) مـانگ بەسـەر ئەوماڵـەدا تێپـەڕببێو ئەوسامانە لە هەموو ساڵەکەدا موڵکی کابرا بووبێ، کەوابوو ئەگەر کەسێك دوای کەمتر لە تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ماڵەکـەدا ئـەو ماڵـەی لـە موڵـکایەتی دەرچـو زەکاتی لێ ناکەوێ، چونکە تێپەڕبوونی ساڵ بەسەر ماڵەکەدا مەرجێکی سـەرەکییە

بۆ زەکات واجب بوون جگە لە بەروبوومی کشتوکاڵو گەنجو خەزینـەی دۆزراوەی ژێر زەوی، ئەمانە تێپەڕبوونی ساڵیان تێدا مەرج نییە!

چوارەم: دەبێ ماڵەکە زیاد لە پێویستییە زەرورییەکانی خاوەنەکەی بێ، دەبێ زیاد لەو قەرزانـە بێ کە لەسەریەتی، کەوابوو موڵـكو سامانو داراییەك کە هەر بەشی بژێوی خاوەنەکەیو ئەو کەسانەی نەفەقەیان لەسەریەتی بکا، یان بەشی ئەو قەرزانە بکا کە لەسەریەتی، زەکاتی تێدا نییە.

زەکـات سـاڵی جارێـك وەردەگـیرێ چـونکە زیـادکردنو گەشـەکردنی بـە تێپەڕبوونی ساڵ نـەبێ بەدیارناکەوێ بـەڵام ئـەم حوکمـە بـەروبوومی کشتوکاڵی ناگرێتەوە ئەم جۆرەیان هەرکاتێ هاتە بەرهەم زەکاتی لێ دەردەکرێ.

هەرکاتێ ماڵو دارایی هەتیوو منـداڵو دەسـتبڵاو گەییشتە ئەنـدازەی زەکات لێکەوتن دەبێ سەرپەرشتیارەکەیان زەکاتیان بـۆ دەرکـا، پێویـستە ئـەوەش بـزانین لە زەکاتدا جیاوازی نێوان نێرو مێو ئازادو بەنـدکراو نییە.

لە حکوومەتی ئیسلامیدا ماڵو دارایی زەکـات تێکـەڵاوی بودجـەی حکوومـەت ناکرێ بەڵکوو دەبێ ئیدارەیەکی جیاوازی سەر بەخۆی بۆ دابنرێو ئەو ئیدارەیـە سەر پەرشتی وەرگرتنو خەرجکردنی بکا، جا ئەگەر دەوڵەتەکە فراوان بوو ئـەوە فەرمانڕەوای هەرێمـەکان خۆیـان ئـەرکی کۆکردنـەوەو دابەشـکردنی زەکاتەکـە لـە ئەستۆ دەگرن.

زەکاتی زێڕو زیو (زكاة الذهب والفضة):

زێڕو زیو سکە لێ دراوبن یان قاڵبو پارچە پارچە بن زەکاتیان لێ دەدرێ، بـە مـەرجێك سـاڵێك (١٢) مانگیـان بەسـەردا تێپـەڕێ لای خاوەنەکـەیان. ئەنـدازەی زەکاتی زێڕو زێو چواریەکی دەیەکە واتە لە چل مـسقاڵ یـەك مـسقاڵو لـە بیـست مـسقاڵ نیـو مـسقاڵو لەسـەد مـسقاڵ دوو مـسقاڵو نیـو زەکـات وەردەگـیرێ! ئـەو ئەندازەیەی زەکاتی زێڕی پێ واجب دەبێو خاوەنەکـەی پـێ دەبێتـە زەکـات دەر،

بیست مسقاڵ یان دە دیناری زێڕە، ئەو ئەندازەیە زەکاتی زیوی پێ واجب دەبێ و خاوەنەکەی دەبێتە زەکات دەر زیو دووسەد دیرهەمی زیوە.

مامۆستا (عبدالوهاب خلاف) لە گۆڤاری (لواء الإسلام)ی ساڵی (١٩٥٠)دا دەفەرموێ: بەم پێیە دەبێ قیمەتی ماڵی بیست دینارە زێڕەکە لەکاتی ئەم ئەندازە دانانەدا بەقەدەر قیمەتی دوسەد دیرهەمەکە بووبێ حوکمە شەرعییەکان ئەوە دەگەیەنن... بۆیە خوێنی مرۆڤی بە هەڵە کوژراویان بە هەزار دیناری زێڕ یان دە هەزار دیرهەمی زیو داناوە. ئەمە مانای وایە دینارێکی زێڕ قیمەتی دە دیرهەمی زیوی هەیەو بیست دیناری زێڕ قیمەتی دو سەد دیرهەمی هەیە.

بەڵام هەموو کاتێ ئەم بەرامبەرییە وەکوو خۆی نامێنێتەوە، بەڵکوو بە گوێرەی یاسای (عرض وطلب) بەرامبەرییەکەیان خوارو ژوور دەکا، هەر وەکوو چۆن بە گوێرەی شوێن و وڵات نرخەکەیان بەرزو نزمی دەکا. ئەمجار دەڵێ: بە بۆچوونی من دانانی ئەندازەی زەکات لێکەوتن (نصاب) کاتی خۆی، ئەو کاتەی ئەم تەشریعە دانراوە قیمەتی زیوەکە لە بەرامبەر ئاڵتونەکەدا بە بەرچاو گیراوە، کەوابێ دەبێ هەر ئاڵتون = زێڕ بە ئەصڵ و بنەمای نرخ دابنرێ و ئەندازەی ماڵی زەکات لێکەوتۆو بیست دیناری زێڕە یان قیمەتی ئەوە لە زیوی سکە لێدراو یان پارچە.

ئەو سکەو پارانەی کە زێڕو زیو نین: وەکوو پارەی نیکڵ و ئاسن و وەرشاوو شتی تریش ئەگەر ئەندازەکەیان گەییشتە حەدی زەکات، زەکاتیان لێ دەدرێ، پارەی کاغەزو بەشە کومپانیا بە گوێرەی نرخیان زەکاتیان لێ دەدرێ. خوێنەری هێژا ئەوی گوترا: حوکمی شەرعی زەکات لێ دەرکردنی پارەو پوولە بە هەموو جۆرەکانییەوە بەمەرجێك لە ژێر دەستی خاوەنەکەی دابێ یان لە بانقابێ، یا بە ئەمانەت دانرابێ هەروەها ئەگەر ماڵ و سامانەکە رەصیدێکی بازرگانی بوو یان ماڵێکی پەزمەندەکراو بێ یان چەکی تەئمین بێ. زەکاتی تێدایە.

زەکاتی کەل‌و پەلی بازرگانی (زكاة عروض التجارة):

زەکات لەکەل‌و پەلی بازرگانی دا واجبە بەلام واجیبیەتیەکەی لەخودی کەل‌و پەلەکەدا نییە بەڵکوو لەنرخەکەی دایە، بۆیە دەبێ بەزێڕ بەراورد بکرێ‌و بزانرێ نرخەکەی بەئاڵتون چەند دەگرێتەوە، مەرجیش نییە ساڵێك بەسەر ئەو کەل‌و پەلانەدا تێپەڕبووبێ بەڵکوو ئەگەر بەسەر قیمەتەکەیدا تێپەڕبووبێ بەسە! جا ئەگەر ئەو پارەیە هەزاران جۆر کەل‌و پەلی پێ کڕابێ هیچ لەمەزوعەکە ناگۆڕێ، ئەوەی پێویستەو مەرجە، ئەوەیە دەبێ بەهای ئەو کەل‌و پەلانە لە سەرەتای ساڵ‌و کۆتایی ساڵدا بگاتە ئەندازەی زەکات لێدەرکردن، جا کەمبوون‌و زیادبوونی لە ماوەی ساڵەکەدا هیچ لە مەزووعەکە ناگۆڕێ.

زەکاتی ماڵی بازرگانی لە دەستمایەو قازانج وەر دەگیرێ‌و کەل‌و پەلە بازرگانییەکان بە گوێرەی نرخی تازە حیساب دەکرێن.

زەکاتی بەروبوومی کشتوکاڵی (زكاة المحصولات الزراعية):

ئەندازەی زکاتی بەروبوومی کشتوکاڵی دەیەکە... واتە لەسەد بەش دە بەشە ئەمەش ئەگەر بە باراناو پێگەییشت‌و ئاو درا، ئەگەر بە ئامێرو ناعوور ئاو دەدرا ئەوە لەسەدا پێنجی زەکات لێ دەکەوێ... ئەگەر زەوییەکە هەندێکی بە باران‌و هەندێکی بە ئامێر ئاودەدرا کام لایان زۆرتربێ ئەو ئیعتیبار دەکرێ، ئەگەر زەوییەکە رێك نیوەی بە باران‌و نیوەی بە ئامێر ئاودەدرا ئەوە نیوەی دەیەك‌و نیوەشی پێنج یەکە.

زەکاتی کشتوکاڵ: هەر بەروبومێك کە لە زەوی دەربێ زەکاتی لێ دەدرێ، جا بەروبوومەکە بخورێ یان هی خواردن نەبێ، ئەگەر ساڵی زیاد لە جارێك زەوییەکە بەرو بووم بێنێ هەموو جارێك دەبێ زەکاتی لێ بدا!!

مامۆستا شێخ (محمد أبو زهرة) – کە یەکێکە لە زاناکانی ئەزهەر – دەفەرموێ: ئەو خانوو ئوتێلانە کە بە مەبەستی بەکرێدان‌و سوود لێ وەرگرتن

دروست دەکرێن، ئـەوە دەبـێ زەکاتیـان لێ بـدرێ... وەکـوو کـشتوکاڵ، لـەم بـارەوە دەفەرموێ: (ئەوەی لای زانایانی شەرع باوەو رایان لەسەریەتی ئەوەیە: کە خـانوو بەرە زەکاتی تێدا نییە... چونکە خـانوو بـەرە لەسـەردەمی کۆن دا بـۆ بەکرێـدان بـەکار نـەهاتووە، بەڵـکوو هـەر کەسـە خـانووی بـە ئەنـدازەی پێداویـستی خـۆی دروست کردوە، کەوابوو ئەم رایەیان بۆ ئەو سـەردەمەیە رایـەکی راسـتو دروسـت بووە. بـەڵام لەسـەردەمی ئێـستا شارسـتانیەت پێـشکەوتووە خـانوو بـەرەو قەسـرو باڵەخانەی زۆر دروستکراون واریـداتی زۆرو زەبەنـدەیان هەیـە... کەوایـە شـتێکی راستو رەوایە کە زەکاتیان لێ بدرێ، وەکوو زەویو زاری کشتوکاڵی! چـونکە هـیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان دەوڵەمەندێك کـە ئوتێـلو باڵەخانـەی هـەبێ سـاڵانەو مانگانە واریداتی لێ دەست بکەوێ لەگـەڵ دەوڵەمەنـدێك کـە واریـداتی لـە زەویو زارەوە بۆ بێ، ئەگەر زەکاتی ئـەویان فـەرز بکـەین زەکـاتی ئـەمیان فـەرز نەکـەین زوڵمو ستەمە!

هەر واریداتێکی لەکرێی ئوتێلو باڵەخانەو خانوو بەرەی دوستکراو بـۆ کـرێ دەسـت بکـەوێ زەکـاتی لێ دەدرێ هـەرکاتێکیش واریـداتیان نـەما لـەو مـاوەدا کـە واریداتیان نابێ زەکاتیان لێ دەرناکرێ! زەکاتەکەشـیان بـە گـوێرەی واریداتەکـەیان دەدرێ ئەگەر کرێکەیان مانگانە بوو ئەوە هەموو مانگێك زەکاتیـان لێ دەردەکـرێ، ئەگـەر سـاڵانە بـوو سـاڵانە زەکاتیـان لێ دەدرێ، ئەنـدازەی زەکاتیـشیان نیـوەی دەیەکە!!

مامۆستا شێخ (محمد أبو زهرة) ئامێرو مەکینەو کارگـەو ئوتومۆبیـل قیـاس دەکاتـە سـەر زەویو زاری کـشتوکاڵیو سـاڵانە واریـداتی ئـەو کارگـەو مەکینانـە دەخەمڵێندرێو زەکاتی لێ دەردەکرێ!

زەکاتی ئەو ئاژەڵە ماڵییانەی بەدەمی خۆیان دەلەوەڕێن:

مەبەست بەو ئاژەڵە ماڵییانەی کە بـە دەمـی خۆیـان دەلـەوەڕێنو بەعـەرەبی پێیان دەگوترێ (السوائم) ئەو ئاژەڵانەیـە کـە زوربـەی سـاڵ لـە لـەوەڕگای گـشتیدا

دەلەوەڕێ‌و ئالیك‌و خۆراكی ناكەوێتە سەر خاوەنەكەی بەلام وشترو گاوو مانگاو مەڕو بزن كە خاوەنەكەیان ئالیك‌و لەوەڕیان دەداتێ‌و پێیانەوە ماندو دەبێ، ئەوە زەكاتیان تێدا نییە چونكە ئیسلام ئەركی ئالیكدان‌و زەكات لێ دەركردن لە كاتێكدا كۆ ناكاتەوە، جا بۆ هەر یەكێ لەو ئاژەلانە كە بەدەمی خۆیان دەلەوەڕێن ئەندازەیەكی دیاریكراو هەیە تا نەگاتە ئەو ئەندازەیە زەكاتیان تێدا نییە. حوشتر تا نەگەنە پێنج سەر زەكاتیان تێدا نییە، مەڕو بزن تا نەگەنە چل سەر زەكاتیان تێدا نییە! گاوو مانگا تا نەگەنە سی سەر زەكاتیان تێدا نییە. لە پێنج وشتردا مەڕێك دەدرێ بە زەكات... لەچل سەربزن‌و مەڕدا مەڕێك زەكاتە، لەسی سەر گاوو مانگادا گۆلكەلەیەك دەدرێ بە زەكات دەبێ ئەم گولەكە سالێكی تەواو كردبێ‌و پێی نابێتە سالی دووەمەوە. وشەی (ابل) هەموو جۆرەكانی وشتر دەگرێتەوە، وشەی (غنم)یش مەڕو بزن دەگرێتەوە وشەی (البقر)یش گاوو مانگاو گامێش دەگرێتەوە جگە لەمانە هیچ گیانلەبەرێكی تری مالی زەكاتی لێ دەرناكرێ، ئەسپ‌و هێسترو گوێدرێژ زەكاتیان تێدا نییە. دەگونجێ لێرەدا حیكمەت ئەمەبێ كە هەر وشترو رەشە ولاغ‌و مەروز بزن بە بێچوو بەشیر واریداتیان هەیە. زاناكانی شەرع كە فەرموویانە زەكات لە ئەسپ‌و هێسترو گوێدرێژدا نییە هۆیەكەی ئەوەیە ئەمانە رادەگیرێن بۆ پێویستی، ئەسپ بۆ سواری‌و هێسترو گوێدرێژ بۆ بار بردن‌و شتی تر، بەلام ئەمانەش كە بۆ تیجارەت‌و واریدات راگیران زەكاتیان لێ دەكەوێ.

زەكاتی كان‌و گەنجینە (زكاة المعادن والكنوز):

ئەوەی كە لەژێر زەویدایە لەكان‌و كانزا وەكوو نەوت‌و شتی ئاوا ئەوەی موڵكی (بیت المال)ەو مالی تێكڕای موسولمانانە، بەلام ئەو گەنج‌و خەزینەی كە دەدۆزرێتەوەو هی سەردەمی پێش ئیسلامە ئەوە پینجیەكی بۆ خەزینەی حكوومەتە، ئەوی تری بۆ ئەو كەسەیە كە دۆزیویەتەوە. ئەو گەنج‌و خەزینەی

کە هی سەردەمی پاش هاتنی ئیسلامەو لەژێر زەویدا بدۆزرێتەوە، ئەوە موڵکی حکوومەتەو، ئەگەر خاوەنەکەشی بزانرێ کێیە ئەوە دەدرێتەوە بە خاوەنەکەی، بۆیەش ئەو گەنج و خەزێنانە دەدرێنە بەیتول مال چونکە بەماڵی زاییعە دەژمێردرێ و ماڵی زاییعەش هی حکوومەتە. هەر وەکوو چۆن ئەگەر کەسێك مردو هیچ میراتگری نەبوو ئەوە میراتەکەی هی بەیتول مالەو بەسەر ئەوانەدا دابەش دەکرێ کە زەکاتیان پێ دەشێ بەڵام ئەو شتانەی کە لەدەریادا دەردەهێنرێن وەکوو عەنبەرو لوئلوءو مرواری و ماسی.. هتد ئەوە پێنجیەکی لێ وەردەگیرێ، ئەمە رای ئەوانەیە کە پرۆژەی یاسای زەکاتیان لە میصردا رێك خستو دەڵێن (ئەوەی کە لە جەماوەری زانایانی شەرعەوە پێمان گەیشتووە ئەوەیە کە گوایە لە ماسی دا زەکات نییە بەڵام ئەمە حوکمێکە تایبەت بووە بە رۆژگاری خۆیانەوەو ئەو کاتە دەست رۆیشتویی بەسەر دەریاکاندا وەکوو ئێستا نەبووە، ئەوانەی کە ئەو کاتە راوە ماسییان کردوە تەنها بۆ بژێوی رۆژانەی خۆیان کردویانە، وەکوو ئێستا یاسای راوکردن رێك نەخراوەو پێویستی بە رێك خستنیش نەبووە، خۆ ئەگەر ئەوزانا شەعزانانە لەم رۆژگارەدا بژیابان هەمان بۆچونی ئێمەیان دەبوو! کەوابوو جیاوازیی بۆچونی ئێمەو ئەوان جیاوازیی رۆژگارو سەردەمە نەك جیاوازیی بەڵگەو دەلیلە.

گەنجینەی سەردەمی نەزانی، ئەوشتانەی کە قیمەتی ئەسەری و فۆلکلۆری هەیە ئەوە دەبێتە موڵکی دەوڵەت و سوودی عیلمی تێدایە چونکە ئاسار لە هەموو وڵاتێکدا لای هەموو گەلێك موڵکی حکوومەتە لەبەر قیمەتی مێژوویی.

ئەوانەی زەکاتیان پێ دەشێ (مستحقو الزكاة):

ئایینی ئیسلام کاروباری زەکاتی لە هەموو رویەکەوە دیاری کردوە، ئەوانەی زەکاتیان پێ دەشێ دەست نیشان کراون، ئایەتی قورئانی دەربارەیان هاتۆتە

خواریءو هیچ ئەملاو ئەولای تێدا ناکرێو کەس ناتوانێ گۆڕانکاری تێدا بکا خودا دەفەرموێ:

{إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ - سورة التوبة -٦٠}.

ئەمە دەقە قورئانییەکەیە کە ئەو چینانە دیاری دەکا کە زەکاتیان پێ دەشێ وەکوو لێرە بەولاوە یەکە یەکە باسیان دەکەین:

یەکەم: هەژارەکان، ئەوانەی کە ئەوەندەیان ماڵو دارایی نییە بگاتە ئەندازەی زەکات لێکەوتن، واتە: ماڵێکی کەمیان هەیەو بەشی پێویستی ئاساییان ناکا، هەندێکیش دەڵێن: هەژار ئەو کەسەیە کە بژێوی شەوو رۆژی نەبێ.

دووەم: نەبووەکان (مساکین) دەربارەی وشەی (مسکین) و (سائل) چەند رایەك هەیە: برێك دەڵێن (مسکین) ئەوەیە لە هەژار فەقیرو نەبووتر بێ، واتە: مسکین ئەو کەسەیە کە هەر هیچی نەبێ. لە عەکرەمەی مەولای عەبدوڵلای کوڕی عەبباس گێڕدراوەتەوە: فەرموویەتی وشەی (فەقیر) ناوە بۆ نەدارانی موسوڵمانان وشەی (مسکین) ناوە بۆ نەدارانی ئەهلی کیتاب.

ئەوەی کە پاڵپشتی ئەم رایە دەکا ئەوەیە کە: حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب وشەی (مسکین)ی بەزەعیفو بێ نەوای ئەهلی کیتاب تەفسیر کردوە، دەڵێن: رۆژێك عومەر (رەزای خودای لێبێ) کابرایەکی زیممی کوێری بینی لە دەروازەی شاری مەدینە فڕی درابوو! حەزرەتی عومەر لێی نزیك بووەوە پێی فەرمووو ئەوە چیتە؟ وتی: (استکرونی في هذه الجزیة).

ئەوەتا چاوم کزبووە، کوێر بوومو ئەمجار فڕێیان داومو کەسیشم نییە دالدایەکم بدا، حەزرەتی عومەر فەرمووی: بەخوا ویژدانیان لە گەڵدا بەکار نەهێناوی! ئەمجار موچەی بۆ بڕیەوەو فەرمووی: ئەمە لەوانەیە کە پەروەردگار دەربارەیان فەرموویەتی:

{إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاء وَالْمَسَاكِينِ - سورة التوبة – ٦٠}.

ئەوانە بێ وەچو کەم ئەندامو پەککەوتەکانی ئەهلی کیتابن، یان ئەو نەخۆشانەیانن کە چاکبوونەوەیان چاوەڕوان ناکرێ. جا بە گوێرەی ئەم ڕوداوە زەکات دەدرێ بەنەدارایانی ئەهلی (ذمة) ئەوانەی کارو کاسبییان پێ ناکرێ.. کەچی زوربەی زانا شەرعزانەکان پێیان وایە: کە زەکات جگە لە موسوڵمانان بەکەسی تر نادرێ!!

سێیەم: ئەوانەی بە زەکاتەوە خەریکن، واتە: ئەوانەی کۆی دەکەنەوەو دابەشی دەکەنەوە بەسەر زەکات پێدراوەکاندا، ئەمانەش بەشی خۆیان دەدرێتێ، چونکە ئەمانە موچە خۆرنو بە ئەندازەی کارەکەیانو پێداویستیان دەوڵەمەند بن یان هەژار مافی خۆیان لەماڵی زەکات وەردەگرن.

چوارەم: تازە موسوڵمانو دڵ دانەمەزراو (المؤلفة قلوبهم)ن ئەم تاقمە زەکاتیان پێ دەدرێ تا بیرو باوەڕی ئیسلامی لەدڵیاندا بچەسپێ، یان کەسو کاریان دڵیان بە ئیسلام خۆشبێو دڵنەواییان دەکرێ.. مامۆستای پایە بەرزو خوالێخۆشبوو (ئەبو یەعلا) لە کتێبی (الاحكام السلطانيه)دا دەڵێ (المؤلفة القلوب) چوار چینن: بەشێکیان دڵنەوایی دەکرێنو زەکاتیان پێ دەدرێ تا خراپەیان بۆ موسوڵمانان نەبێ. بەشێکیان دڵنەوایی دەکرێن بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلامیان لەلا شیرین بێ، بەشێکیان دڵنەوایی دەکرێن تا هۆزو عەشیرەتیان موسوڵمان بێ، دورستە، بۆ هەریەکێ لەمانە لە بەشی (المؤلفة قلوبهم) موسوڵمان بێ یان کافر زەکاتی بدرێتێ... زەکات پێدانی ئەمانە بۆ مەبەستی دیفاع لە ئیسلامو بانگەوازی کردنە بۆی، کەوابوو زەکات دان بەوانە وەکوو پارە خەرجکردنە بۆ پرو پاگەندە (الدعاية) بۆیە دەبێ ئەمڕۆ بەشێك لە پارەی زەکات دابندرێ بۆ بانگەوازیکردن بۆ ئیسلام.

پێنجەم: بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان. دابو نەریتی عەرەبەکان وابوو کە خاوەن کۆیلە پارەیەکی دیاریکراوی دادەنا بۆ کۆیلە ئەگەر ئەوپارەیەی بدایە ئازاد دەبوو!

بۆیە پەروەردگار فەرمانی کردوە بە حکوومەتی ئیسلامی کە یارمەتی ئەو کۆیلانە بداو لەپارەی زەکات بەشێکیان بۆ تەرخان بکا تا لە کۆیلایەتی رزگا ببن، شایانی باسە ئەمڕۆ لە جیهاندا بە ئاشکرا کۆیلە نەماوە!!

لێرەدا دەمانەوێ ئەوە بڵێین کە دەوڵەتی ئیسلامی یەکەم یاساو یەکەم فەرمانڕەواو یەکەم حکوومەتە کە دژایەتی کۆیلەیەتی کردوە پێشبینی ئەوەی کردوە کە بڕێك لە بودجەی ساڵانەی تەرخان بکرێ بۆ کۆیلە ئازادکردن، تا ئێشتاش مێژوو یاسایەکی رامیاری یان فەلسەفی تۆمار نەکردوە کە لەم بارەوە پێش ئیسلام کەوتبێ!

شەشەم: قەرزدارەکان، ئەوانەی قەرززاریی یەخەی پێ گرتوونو نیانە بیدەنەوە، ئەمانەش سێ جۆرن:

أ) هەندێك پارە قەرز دەکا بۆ رابواردنو لەکاری ناڕەوادا پارەکە خەرج دەکا ئەم جۆرە قەرزاردارانە بەڕای زوربەی زانا شەرعزانەکان زەکاتیان پێ نادرێ بۆ دانەوەی قەرزەکانی سەریان مەگەر تۆبە بکاو ببێتە راستاڵو خودا پەرستو پیاوی باش.

ب) کەسێك پارە قەرزبکا بۆ بەرژەوەندیی خۆیو بازرگانی پێوە بکاو لە کارەکەشی دا لێهاتوویی خۆی چەسپاندبێ بەلام بەلای ناگەهان، تەرازوی ئابووریی ولات بشێوێنێو کابرا ژێر قەرز بکەوێ، ئەو ماڵو داراییەی کە هەیەتی بەشی قەرزەکانی نەکا، ئیتر کابرا چەندی توانی قەرز دەداتەوە، چی لەسەر مایەوە زەکاتی دەدرێتێ تا قەرزەکانی لێ بداتەوە.

ج) کەسێك کەوتبێتە ژێر باری قەرزەوە بۆ بەرژەوەندییەکی گشتی نەك بۆ بەرژەوەندی خۆی، وەکوو ئەوە کەسێك پارە قەرز بکا بۆ خوێن بەستنو صوڵحکردن، ئەوە زانایان هەموو لەسەر ئەوەن کە لە زەکات قەرزەکەی بۆ دەدرێتەوە، تەنانەت ئەگەر سامانداریش بێ هەر قەرزەکانی بۆ دەدرێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی تەشجیعو هەڵنانی خەڵکییە بۆ پیاوەتی کردن!

شایانی باسە کە ئایینی ئیسلام وا دەکا کە قەرزی وەرگیراو بە مەبەستی رەواو پیاوەتیو ناعیلاجی لە ماڵی (بیت المال) بدرێتەوەو بەشێك لەماڵی زەکات بۆ ئەوە تەرخان بکرێ، بەمەش ئایینی ئیسلام پێش یاساکانی جیهان کەوتووە بە تایبەتی یاساو شەریعەتە هاوچەرخەکان. دەبێ ئەوەش بزانین کە قانوونی رۆمانی لە برێ کاتدا بە رەوای بینیوە کە خاوەن قەرز قەرزدار بکاتە کۆیلەو لەجیاتی قەرزەکەی ببێتە بەندەی؟! کەچی ئیسلام فەرمان بەوە دەکا ئەگەر قەرزار نەیبوو حوکمەت قەرزەکەی بداتەوە، لە ئەمەشدا هەڵنانی خەڵکی تێدایە بۆ پیاوەتیو دەستی یەکگرتن، چونکە خاوەن ماڵ ئەگەر بزانێ کە ئەو قەرزەی دەیدا بە لێقەوماوێكو یارمەتی برایەکی پێ دەدا ئەگەر قەرزدارەکە نەیتوانی بیداتەوە حکوومەت بەرعۆدەیەو بۆی دەداتەوەو ماڵەکەی نافەوتێ، قەرز دەدا بەوانەی پێویستیانەو پیاوەتیان لەگەڵ دەکا:

کەوابوو دەتوانین بڵێین دروستو ڕەوایە کە لە ماڵی زەکات پارە قەرز بکرێ بۆ کاری پیاوەتیو بەرژوەندی گشتی، چونکە ئەگەر رەوابێ قەرزی لێ بدرێتەوە قەرزلێکردنی رەواترە.

حەوتەم: رێبوار – مەبەست رێبوارێکە پارەی نەبێ پێی بگاتەوە وڵاتی خۆی: بەڵام ئەگەر کابرای رێبوار دەوڵەمەندبوو ئەوە لە (بیت المال) پارەی بە قەرز دەدرێتێ کە گەیشتەوە ماڵی خۆیو لای کەسو کاری دەبێ پارەکە بگێڕێتەوە بۆ خەزینەی حکوومەت.

هەشتەم: لە رێگەی خودادا، مەبەست بەمە خەرجکردنی پارەی زەکاتە بەسەر شەڕکەرانی موسوڵمان پارێزەرانی سنووردا، هەر شتێکیش پەیوەندی بە لەشکری ئیسلامەوە هەبێ بەمەرجێك ئەم جەیشە لە پێناوی ئیسلامدا شەڕو بەرگری بکا!

برێك لە زانایانی ئیسلام پێیان وایە کە هەر شتێك لایەنی بەرژەوەندیی ئیسلامو موسوڵمانانی تێدابێ دەتوانێ لەم بەشە زەکاتە زەکاتی پێ بدرێ. ئیمامی

فەخری رازی لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێ: بزانن وشەی (في سبيل الله) ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم بەشە زەکاتە هەر تایبەتە بە شەڕکەرانەوە، بۆیە ئیمامی (قەففال) لە تەفسیرەکەی خۆیدا دەفەرموێ: هەندێ زانای شەرعزان (فقهاء) فەرموویانە دروستە زەکات بدرێ بە هەموو کارێکی خێر ئامێز، وەکوو کفن‌و دەفنکردنی مردووان‌و دروستکردنی قەڵاو سەنگەر، دروستکردنی مزگەوت‌و قوتابخانە، چونکە وشەی (في سبيل الله) هەموو ئەوانە دەگرێتەوە! هەروەها ئەم وشەیە هەموو ئەو قوتابخانەو کۆڕو کۆمەڵانە دەگرێتەوە کە کادیری ئیسلام پێ دەگەیەنن‌و پێداویستیان لەماڵی زەکات بۆ دابین دەکرێ، بەمەبەستی جوان بەدەرخستنی ئیسلام‌و گەیاندنی‌و بلاوکردنەوەی ئەحکامەکانی‌و بەرپەرچدانەوەی دوژمنانی، هەروەها نووسین‌و چاپکردنی کتێب‌و رۆژنامەو گۆڤاری تایبەت بە بانگەوازیی ئیسلامییەوە.. هەروەها دروستە زەکات بدرێ بەفرمانگەو فێرگەی خێرخواز چونکە ئەم فرمانگەو فێرگانە بۆ بەرژەوەندیی چینی هەژاران بنیات نراون.

ئایا پێویستە زەکاتدەر بەشی هەموو ئەو زەکات پێشیاوانە بدا؟

زوربەی زانایانی ئیسلام – جگە لە ئیمامی شافیعی – پێیان وایە کە پێویست ناکا زەکاتدەر زەکاتەکەی بدا بە هەموو چینە زەکات پێ شیاوەکان، بەڵکوو ئەگەر بیدا بەهەر لایەکیان زەکاتەکەی لەکۆڵ دەکەوێ، بەڵام پێویستە گرنگی بدرێ بەوەی کە زۆر پێویستە زەکاتی بدرێتێ!

زەکات هاریکاری کردنێکی کۆمەڵایەتییە(الزكاة ضمان إجتماعي):

خوێنەری هێژا! دەمانەوێ کۆتایی باسەکەمان بەوە بێنین کە بڵێین: ئێمە دەتوانین بە راشکاوییەوە ئەوە بسەلمێنین کە حکوومەتە بەناو ئیسلامییەکان ئەگەر بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام زەکاتیان کۆبکردایەوە دەیانتوانی بەمەلایین

پـارە گردبکەنـەوەو پێداویـستی چینـە هـەژارەکانی کۆمـەڵ دابـین بکـەن، زەکـات شوێنی ئەو زەریبەو باجو مڵکانە دەگرێتەوە کە دەوڵەتە ئەوروپییـەکان لـەم دوو سەدەی دواییەدا چەسپاندیانو هاتن زەریبەیان لەسەر سەرمایەداران داناو ناویـان لێنـا زەریبـەی هاوکـاری کۆمەڵایـەتی (ضـريبة الـضمان الاجتمـاعي) زەریبـەی تریشیان لەسەر خاوەن واریداتی زۆر دانا، لـەبرێ وڵاتو شـوێنو کاتـا گەییـشتۆتە ٩٠٪ - لەسـەدا نـەوت – خـۆ ئەگـەر ئـەم هەوڵانـە نەبوونایـە ئـاگری رقو کینـەی چـینە هـەژارەکان دانەدەمرکایـەوە! لـە ئەمـەوە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە زەکـات یاسـایەکی کۆمەڵایەتییـە مەبەسـتی راگرتنـی لەنگـەری نێـوان چـینەکانی گەلـەو بەرژەوەنـدی گشتی گەرەکە. بـەڵێ ئـایینی ئیـسلام یەکـەم ئـایینو یاسـایەکە کـە دەست پێشکەری دانانی ئەم یاسایەی کردوە.

بەشی بیستو دووەم:

ژنو خێزان لە ئیسلامدا (المرأة والاسرة في الإسلام)

ئافرەت لەلای نەتەوە دێرینەکان – ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتی لە چەوساندنەوە رزگار کرد – ژنو مێردایەتی لە نیگای قورئانەوە – بنەمای ژنو مێردایەتی لە ئیسلامدا – یەکسانی ئافرەتو پیاو لە ژیانی خێزانیدا – خۆدا پۆشینی ئافرەت (الحجاب) – پیاو دەتوانێ زیاد لە ژنێك بێنێ – ژن تەڵاقدان – عیدة – مافی ئافرەت.

شتێکی ئاشکرایە کە هیچ کاتێك بە ئەندازەی ئێستا باسو لێکۆڵینەوە دەربارەی ئافرەت ئەنجام نەدراوە، ئەمەش شتێکی سروشتیو ئاسایی یە چونکە ئەمڕۆ ئافرەت شتێك نییە بکرێتە ئامێری کات بەسەربردن یان وەکوو کەلو پەل کڕینو فرۆشتنی تێدا ئەنجام بدرێ، یان هاوولاتی یەك بێ هیچ مافو ڕێزێکی نەبێ، بەڵکوو ئەمڕۆ ئافرەت بوەتە بناغەی خێزانی مرۆڤایەتی!!

شتێکی ئاشکراو شیاویشە کە ئەمڕۆ خاوەن بیرو رۆشنبیران گرنگی بە ئافرەت بدەن بیخەنە بەر باسو لێکۆڵینەوەی خۆیان بە تایبەتی کە ئافرەت گەلێ کۆسپی لەپێش خۆی رامالیونو تا ئەندازەیەکی زۆر بوونی خۆی چەسپاندوەو راپەڕینێکی کۆمەڵایەتی گەورەی ئەنجام داوە، کەوابوو نووسەری خاوەن بیرو ئەزموون پێویستە بزانێ کام یاساو شەریعەت زیاتر گرنگی بە ئافرەت داوەو کێ زیاتر مافی بۆ دیاریکردوە! ئەمجار بزانێ ئایا ئیسلام ئافرەتی ئازاد کردو مافی پاراستو رێزی لێ گرت، یان بەندایەتیو کۆیلایەتیو چەوساندنەوەی بۆ دیاری کرد!! پێش ئەوەش کە دەست بکەین بە درێژەپێدانیو شیکردنەوەی ئازادیی ئافرەت لە ئیسلامدا، وا باشە بە خێرایی چاوێك بگێڕین بە مێژووداو بزانین ئافرەت چ پلەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووە لەلای گەلو نەتەوەکانی پێش ئیسلام، تا بۆمان رون بێتەوە ئافرەت لە ئیسلامدا چ رێزێکی دراوەتێو چ پلەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە.

ئافرەت لەلای نەتەوە دێرینەکان (المرأة عند الامم القديمة):

ئەثینی یەکان – کە لە سەردەمی خۆیاندا لە هەموو نەتەوەکانی تر شارەستانی تر بوون – ئافرەتیان بە کەلو پەلێکی بێ بایەخ حسێب دەکردو وەکوو شتو مەك لە بازاڕدا دەیانفرۆشتن، پێیان وابوو ئافرەت زادەی شەیتانەو پیسو قێزلێکراوە، هەموو شتێکیان لێ قەدەغە کردبوون تەنها ڕێگایان دەدانێ کە منداڵ بەخێو بکەنو کارو باری ناوماڵ جێبەجێ بکەن!!

لە یاسا کۆنەکانی هیندییەکانیشدا هاتووە کە تاعونو مردنو دۆزەخ، زەهرو ماری ژەهراویو ئاگر لە ئافرەت باشتر... خۆ تەوراتو ئایینی جولەکان لە یاسای هیندییەکان دەربارەی ئافرەت بەرەحم تر نەبوو!! ئەوەتا لە سفری (الجامعة)دا هاتووە دەڵێ: لەناو دڵی خۆمدا بیرم کردەوە بۆ ئەوەی بزانمو زانیاری بەدەست بێنمو بەشوێن دانایيو عەقڵو ئاوەزدا بسووڕێمەوە، بۆ ئەوەی بزانم شەڕ نەزانییەو کەودەنیو حەماقەتەو شێتییە، بەڵام من گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە ژن لە مردن تاڵترە، ئەو ئافرەتەی کە بۆ خۆی تۆڕەو دڵی چقڵو دەستی زنجیرو پێوەندە.. لەناو هەزارا پیاوێکی باش دەبینێ، بەڵام ژنی باش هەر نییە!!

لە ڕۆماش کۆڕو کۆمەڵێکی گەورەو فراوان بەستراو باسو لێکۆڵینەوەیان دەربارەی ئافرەت ئەنجام داو لە کۆتایی دا هاتنە سەر ئەوە کە ئافرەت نەفسی نییەو بێ گیانو کیانە! لەبەر ئەوە ڕۆژی قیامەت زیندوناکرێتەوە، هەروەها ئافرەت پیسەو نابێ هەرگیز گۆشت بخوا، نابێ پێبکەنێ، نابێ قسەبکا. پێویستە کاتی خۆی بە نوێژو خودا پەرستيو خزمەتکردنەوە بەسەر بەرێ، هەر بۆ ئەوەی نەهێڵن قسە کا بە قفڵێکی ئاسن دەمیان دادەخستن، تەنانەت ئافرەت چ لە خێزانی خانەدان یان خێزانی نارەسەن بووبێ لە ماڵەوە یان لە ڕێگاوبان دەبینرا دەمی قفڵ درابوو!! ئەمە جگە لەو سزا جیسمییانەی کە تووشی ئافرەت دەبوو لەم ڕووەوە کە ئافرەت هۆکاری گومڕابوونەو ئامێری شەیتانە بۆ لە خشتە بردنی دڵو دەروونی ئادەمیزادان.

سالی (٥٨٦ی ز) لە برێ هەرێمی فەرەنسادا کۆڕو کۆبوونەوە بەستران بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی ئافرەت، ئایا ئادەمیزادە یان ئادەمیزاد نییە؟ کۆتایی باسەکەشیان بەوەهێنا کە بڕیاریاندا ئافرەت ئادەمیزادە بەڵام بۆ خزمەتی پیاو دروستکراوە.

لە ئینگلتەرەشدا مەلیك هەنری هەشتەم فەرمانێکی دەرکرد بەڕەسمی تەماشاکردن و خوێندنەوەی ئینجیلی لە ئافرەتان قەدەغەکرد، لەلایەکی ترەوە تاسالی (١٨٥٠ی ز) بەگوێرەی قانوونی ئینگلیزی ئافرەت بەهاووڵاتی نەدەژمێردرا، مافی کەسایەتی خۆیشی پێ نەدەدرا، تەنانەت مافی ئەوەشی نەبوو کە خاوەنی پۆشاکی خۆیشی بێ، ئەو ماڵ و دارایییەی کە بە ئارەقی ناو چاوان پەیدای دەکرد نەیدەتوانی بە ئارەزۆی خۆی سەرفی بکا!!

لە وەڵاتی عەرەبیشدا پێش هاتنی ئیسلام ئافرەت لەزۆر رووەوە بەچاوی سووك سەیری دەکراو دەچەوسێنرایەوە وەکوو لەمەدوا شی دەکەینەوە.

ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتی ئازادکردوە:

ئەوکاتەی ئیسلام هات جیهان بەگشتی بەوشێوەبوو کە باسکرا، ئافرەت بەو جۆرە هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکرا، ئیتر ئیسلام هەڵسا بە ئازادکردنی ئافرەت و لابردنی زوڵم و ستەم لەسەری و گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکان بۆی و رێز لێگرتن و بەرزکردنەوەی پلەی کۆمەڵایەتی بە ئەندازەیەك کە تا ئێستا پێشکەوتووترین یاساو قانوون ئەو مافەی نەداوەتێ!! بەڵێ لەو کاتەدا کە ئافرەت لای نەتەوە ئەورووپییەکان بە ئاژەڵ حسێب دەکرا، یان دەیانگوت ئافرەت شەیتانی نەفرەت لێکراوەو لەجۆری ئادەمیزاد نییە! لەو کاتەدا ئیسلام هات ئەوەی درکاند کە ئافرەت یەکێکە لەو دوو عونصورەی کە ژیان بەوانەوە بەندەو نیوەی کۆمەڵەو ئەگەر ئەو نەبێ ئینسانیش نابێ، نەك هەر ئەوەندە بەڵکوو پەروەردگار نەمەی کردوە بە نیعمەت و منەت بەسەر ئادەمیزادەوە بەگشتی وەکوو دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاء - سورة النساء – ١}.

واتە: ئەی نەوەی ئادەم! خۆتان لە سزای سەختی پەروەردگارتان بپارێزن، بەتەواوەتی بەندایەتی بکەن بۆ ئەو خودایەی ئێوەی لەیەك گیان دروستکردوە (مەبەستی حەزرەتی ئادەمە) خێزانی ئادەمیش (کە دایە حەوایە) هەر لەو گیانە دروستی کردوە، ئەمجار لەم ژن و مێردە ژن پیاوی زۆری خستۆتەوە.

بەڵێ لە کاتێکدا بڕێ کەس پێیان وابوو کە ئافرەت نابێ ئایینی هەبێ و نەیان دەهێشت تەوارات و ئینجیل بخوێنێتەوە! – ئیسلام هات ئەوەی سەلماند کە ئافرەت وەکوو پیاو پاداشی کردەوەی چاکی خۆی وەردەگرێ و لەدونیاو قیامەتدا بەرپرسیاری کارو کرداری چاکەو خراپەی خۆیەتی! خودا دەفەرموێ:

{وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتَ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَـئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلاَ يُظْلَمُونَ نَقِيراً - سورة النساء – ١٢٤}.

واتە: هەر کەسێك کرداری چاك بکاو راستاڵ بێ – پیاو بێ یان ئافرەت بێ – بە مەرجێك بڕواداربێ و ئیمانی هەبێ دەچنە بەهەشتەوەو هیچ لە پاداشی کردارو گفتاریان کەم ناکرێتەوە... هەروەکوو چۆن ئیسلام فەرمانی بە ئافرەت کردوە کە شان بەشانی پیاو ئەرکی عەقیدەو ئیمان لە ئەستۆ بگرێ و رەوشتی جوان و باش رەچاو بکا، دەفەرموێ:

{إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيراً وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً - سورة الأحزاب – ٣٥}.

ئاشکرایە بەرپرسیاریی ئافرەت بەرپرسیارییەکی سەر بەخۆیەو کەسایەتی خۆی هەیە، ئەگەر ئافرەت بۆ خۆی راستاڵ و خودا پەرست بێ، مێردی خراپ بێ، خراپی مێردەکەی زیانی بۆ ئەو نابێ، هەروەکوو چۆن ئەگەر ئافرەت بۆ خۆی کافرو چارەڕەش بێ، خودا پەرستی و پیاوچاکی مێردەکەی، پاساوی بۆ نادەنەوە!

{ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ كَفَرُوا امْرَأَةَ نُوحٍ وَامْرَأَةَ لُوطٍ كَانَتَا تَحْتَ عَبْدَيْنِ مِنْ عِبَادِنَا صَالِحَيْنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمْ يُغْنِيَا عَنْهُمَا مِنَ اللَّهِ شَيْئًا وَقِيلَ ادْخُلَا النَّارَ مَعَ الدَّاخِلِينَ، وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ آمَنُوا امْرَأَةَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ابْنِ لِي عِندَكَ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ وَنَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ - سورة التحريم – ١٠-١١}.

هەروەکوو چۆن ئیسلام یەکسانی راگەیاندووە لە نێوان ژنو پیاودا دەربارەی مافی بەیعەتکردنو عەهدو پەیمان بەستن: ئەوەتا پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) چۆن عەهدو پەیانی لە گەڵ پیاواندا بەستو گوێڕادێری فەرمانی خودا بوو هەر بەهەمان شێوەش لە ئافەتاندا عەهدو پەیمانی بەست، خودا دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ - سورة الممتحنة – ١٢}.

دەی لە کاتێکدا ئێمە دەبینین کە بڕێ گەلو نەتەوە بەچاوی سووک سەیری ئافرەتیان دەکردو لەپلەی کۆمەڵایەتییان کەم دەکردەوە، بە شیاوی ئەوەیان نەدەزانی کە هاوبەشی پیاو بکا لە چالاکی کۆمەڵایەتیدا، ئیسلام هات ئەوەی بۆ چەسپاند کە وەکوو پیاو ئەویش بەرپرسیارەو ئەرکی کۆمەڵایەتی لەئەستۆ دەگرێ! خودا دەفەرموێ:

{وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ - سورة التوبة – ٧١}.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار سەر پەرشتیاریو هاریکاری پیاوانو ئافرەتانی موسوڵمانی بۆ یەکتری چەسپاندووەو، مافی ئەوەی داوە کە ژنانیش وەکوو پیاوان ببنە لێپرسراوی سەر پەرشتیارو داوایان لێ دەکا یارمەتی پیاوان دەن لە کاروباری چاکەدا. هەروەها ئەوەی بۆ ئافرەتان چەسپاندووە کە ئەرکی

فەرمانکردن بە چاکە نەیی کردن لە خراپە لە ئەستۆ بگرن‌و تا دەتوانن کرداری چاك‌و باش ئەنجام بدەن‌و خزمەتی گەل‌و نیشتمان بکەن! ئەمەش باشترین بەڵگەیە کە ئایینی ئیسلام مافی ئەوەی داوە بە ئافرەت بەشداریی نیشاتی کۆمەڵایەتی بکا!

ئیسلام ئافرەتی ئازادکرد (تحرير الإسلام للمرأة):

لەسەردەمی نەزانیدا هەندێ لە عەرەبەکان کچیان زیندە بەچاڵ دەکرد! ئیسلام هات ئەو دیاردە دزێوەی قەدەغەکردو بەتاوانێکی گەورەی دانا بەمەش مافی ژیانی بۆ ئافرەت گێڕایەوەو کەسایەتی بۆ سەلماند. خودا بۆ خۆی دەفەرموێ:

{وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدّاً وَهُوَ كَظِيمٌ، {يَتَوَارَى مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ أَيُمْسِكُهُ عَلَى هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ أَلاَ سَاء مَا يَحْكُمُونَ - سورة النحل – ٥٨-٥٩}.

واتە: کاتێك یەکێك لەو عەرەبانە هەواڵی ئەوەی دەدرێتێ کە کچی بووە ڕەنگی ڕەش هەڵدەگەڕاو غەم‌و پەژارە دای دەگرت‌و پیشی دەخواردەوە، تابۆیشی بکرایە خۆی لە خەڵکی دەشاردەوە، بەلایەوە شەرم بوو کە خەڵك بزانێ کچی بووە، خوا خوای بوو کەس نەیبینێ‌و کەس نەبینێ! ئەمجار دەکەوتە بیرکردنەوەو لەدڵی خۆیدا لێکی دەدایەوەو ئایا ئەم کچە (کە بەلایەوە نەنگە) بیهێڵێتەوەو قبووڵی ئەم سوکایەتیە بکا؟ یان زیندە بەچاڵی بکاو بەمنداڵی لەناوی بەرێ‌و ئەم عەیبە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، بەڕاستی ئەو کافرانە حوکمێکی ناڕەوا دەدەن کە دەڵێن! خودا کچی هەیەو فریشتە کچی خودان، واتە کچ (کە بەلایانەوە نەنگییە) پاڵ خودای دەدەن‌و کوڕیش پاڵ خۆیان دەدەن.

لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار داوا لە ئادەمیزاد دەکاو فەرمانیان پێ دەکا کە منداڵەکانیان لە ترسی هەژاری نەکوژن‌و زیندە بەچاڵیان نەکەن! پێیان

دەفەرموێ: رزق رۆژی ئێوەش و ئەوانیش بەدەست خودایەو کوشتنی ئەو منداڵە بێ دەسەڵاتانە تاوانێکی گەلێك گەورەیەو تا زووە وازی لێ بهێنن. دەفەرموێ:
{وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُم إنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْءًا كَبِيرًا - سورة الإسراء - ٣١}.

لەسەردەمی نەزانیدا داب و نەریتی عەرەبەکان وابوو کە میرات نەدرێ بە ئافرەت و بەمنداڵی پچوکی مردووەکە، تەنها ئەو پیاوانە میراتیان دەگرت کە بەرەنگاری دوژمنیان دەکردو بۆ شەڕ دەچوون!! کە ئیسلام هات میرات وەرگرتنی ئافرەتی سەلماندو مافی رەوای خۆی بۆ دیاری کرد... بەشەمیراتی خۆی - چ کچ بێ یان خوشك بێ یان دایك بێ - هتد - بۆ چەسپاند.

خودا دەفەرموێ: {لِّلرِّجَالِ نَصيِبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاء نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا - سورة النساء - ٧}.

عەرەبەکان داب و نەریتێکی تریان هەبوو ئەویش ئەوەبوو کە یەکێك بمردایەو ژنی لەپاش بەجێ بمایە یەکێ لە میراتگرەکان پێشدەستی دەکردو دەهات کراسەکەی بەسەر ژنی مردووەکەدا دەداو دەیگوت: وەکوو چۆن ماڵەکەی هی خۆمە خێزانەکەشی هی خۆمە، ئیتر ئەم کابرایە دەبووە خاوەنی ئەم ژنە ئەگەر بیویستایە لەخۆی مارە دەکردو مارەییەکەی بۆ خۆی وەردەگرت، یان شوکردنەوەی لێ قەدەغە دەکرد بۆ ئەوەی ئافرەتەکە بەماڵ و دارایی خۆی رزگار بکا، یان بۆ ئەوەی ئافرەتەکە بمرێ و میراتەکەی بەرێ!! کە ئیسلام هات ئەم عادەتە دزێوەشی قەدەغەکرد.

خودا دەفەرموێ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُواْ النِّسَاء كَرْهًا وَلاَ تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُواْ بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ - سورة النساء - ١٩}.

واتە: ئەی بڕواداران! رەوا نییە بۆ ئێوە کە بەزۆر ژن بە میرات بگرن، ئەگەر ویستیان شوو بکەنەوە بەرگرییان لێ مەکەن بۆ ئەوەی مارەیی و ماڵ و دارایی خۆیانتان بدەنێ! یان بۆ ئەوەی ئەگەرمردن میراتەکەیان بگرن.

عەرەبەکان عادەتێکی دزێوی تریان هەبوو ئەویش ئەوەبوو هەندێکیان زۆریان لە کچەکانیان دەکرد کە داوێن پیسی بکەن، گەوادخانەیان بۆ دادەنان تا پارەیان بۆ پەیدا بکەن، ئیسلام ئەمەی لێ قەدەغە کردن و فەرمووی:

{وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِّتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا - سورة النور – ٣٣}.

هەندێکی تر لە عەرەبەکان ئەگەر باوك بمردایە کوڕەکەی زڕدایکەکەی خۆی بەمیرات دەگرت و وەکوو کەل و پەلی مردووەکە دەبوو بە ماڵی و ژنی باوکی خۆی دەکردە ژنی خۆی و تێی بەردەبوو! ئایینی ئیسلام ئەم عادەتە دزێوەی قەدەغە کردو بنەبڕی کرد قورئان دەفەرموێ:

{وَلاَ تَنكِحُواْ مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاء إِلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَمَقْتًا وَسَاء سَبِيلاً - سورة النساء – ٢٢}.

هەروەها چۆن ئیسلام چەند جۆرە ژن مارەکردنێکی ناڕەوای تری قەدەغەکرد کە بڕێ لەو جۆرە ژن مارەکردنانە تا ئێستاش لای بڕێ گەل و نەتەوەی دواکەوتوو باوەو ماوە.

ژن مارەکردن لە نیگای قورئانەوە (نظرة القرآن إلى الزواج):

پێناسەی ژن و مێردایەتی چییە؟! ئایا مامەڵەیەکی بازگانییە لەنێوان دوو کەسی هاوبەشی ژیان؟ ئایا ژن و مێردایەتی وەسیلەو هۆیە بۆ دابینکردنی ئارەزۆی تایبەتی ژن و مێردو ئیستراحەتکردن لەو هەوەسە شەیتانییە؟! هەموو ئەو شتانە کۆمەڵگاو بیرو باوەڕی جۆراو جۆر – پێش هاتنی قورئان – لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان دەربارەی ئەنجام داوە.

بەڵام ژن و مێردایەتی لە قورئان دا بریتییە لە بەیەك گەیشتنی دوو ئادەمیزاد بەشێوەیەکی رێك و پێك و شیاو چ لە روانگەی کۆمەڵەوە چ لە روانگەی تاکە تاکەی مرۆڤەوە. ژن و مێردایەتی پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە بۆ درێژەدان بەژیان و مانەوەی جۆری ئادەمیزاد، لە روانگەی تاکیشەوە ئارامییەکی نەفسانییە،

هـۆی رەحمــەتو خۆشەویــستییە لــەنێوان ژنو پیــاودا، بۆیــە خیتــابی قورئــان دەربــارەی ژنو مێردایــەتی روو بــەروی تاکــەکانی کۆمــەڵ وتــراوە بــۆ ئــەوەی پێداویستییەکانی ئاسان بکرێ... خودا دەفەرموێ:

{وَأَنكِحُوا الْأَيَامَى مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِن يَكُونُوا فُقَرَاء يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ - سورة النــور – ٣٢}.

ئەم ئایەتە روو بەڕوی سەرپەرشتیارو لێپرسـراوی کوڕو کـچ ئاڕاسـتەکراوەو، هـەموو موسـوڵمانانیش دەگرێتـەوە – داوای ئـەوەی لێ کـردون کـە کـچی عـازەبو کوڕی جەحێڵ لێك مارە ببڕن، هەرگیز هەژاری کوڕەکە نەبێتە لەمپـەڕو بـەرگری بـۆ سـەرنەگرتنی ئـەم کـارە مرۆڤایەتییـە، چـونکە خـودا بـەرعۆدەی دەوڵەمەنـد بونیان دەبێ! خۆ ئەگەر کەسێك هـەژارو نـەبوو بـوو، ئـەوە قورئـان فـەرمانی پـێ دەکا کە خۆ بگرێو داوێنپاك بـێ تـا خـودا دەوڵەمەنـدی دەکـاو ئەوەنـدەی دارایـی دەداتێ کە بتوانێ ژن بێنێ، دەفەرموێ:

{وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحًا حَتَّى يُغْنِيَهُمْ اللَّـهُ مِـن فَـضْلِهِ - سـورة النــور – ٣٣}.

واتە ئەو پیاوانەی هەژارنو پارەو ماڵی ژن هینانیان نییە با خۆیان بگـرن تـا خودا دەوڵەمەندیان دەکا.

ژنو مێردایـەتی لـە ئیـسلامدا عەهـدو پەیمانـە لـە نێـوان ژنو مێـرددا خـودا دەفەرموێ:

{وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا - سورة النساء – ٢١}.

ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێ کە ئافرەتان پەیمانیان لە پیاوان وەرگرتووە، ئـەو پەیمانەش پەیمانی ژنو مێردایەتییە، پەیمانی بەیەکەوە ژیانە، پەیمانە لە نێـوان پیاوو ژنـدا کە هەریەکەیان بەرامبەر ئەوی تریان بەرپرساربێو ئەرکی سەرشـانی خۆی بەرامبەر هاوسەرەکەی ئەنجام بدا! دیـارە تـەعبیری (میثـاقـا غلیظـا) نـرخو

بـەهای خـۆی هەیـە، مانـای خۆشەویـستی‌و ڕەحـم‌و بـەزەیی دەگەیـەنێ، ئـەوە دەگەیەنێ کە عەقدی ژن‌و مێردایـەتی سـەودای مامەڵەو کـڕین‌و فرۆشـتن نییـە، بەڵـکوو عەقـدێکی موقەدەسـەو پـیرۆزو موبارەکـە، دەبـێ ڕێـزی لێ بگـیرێ!! پەیوەنـدی نێـوان ژن‌و مێـرد پەیوەندییـەکی تایبـەتی‌و ئارامگرتنـە، دڵ‌و دەروون دادەسەکێنێ‌و شەتڵی خۆشەویستی دەڕوێنێ‌و نەمامی ڕەحم‌و بەزەیی ئـاو دەدا... خودا دەفەرموێ:

{وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ - سورة الروم – ٢١}.

ئـەم ئایەتـە ژن‌و مێـرد ئاگـادار دەکاتـەوە کـە گـەورەترین بەڵـگە لەسـەر بـەتوانایی پـەروەردگارو نیـشانەی کـەرەم‌و بـەزەیی ئەوەیـە کـە ژنـی بـۆ پیـاو دروسـتکردوە لەیـەك گـەراو جیـنس تـا پێکـەوە ئـارام بگـرن‌و دڵ‌و دەرونیـان دابسەکنێ‌و دامرکێ‌و ببنە دوو ئەندامی هاریکاری یەکتری‌و بتـوانن زەوی ئـاوەدان بکەنەوە. وشـەی (لتـسكنوا) لـە ئایەتەکـەدا تـەعبیرێکی هێنـدە بـەرزەو شیاوە بـۆ ئەوەی ببێتە ئاوێنەی باڵانوما بۆ ئەو حەزو خۆشەویستییە پیرۆزەی کە لـەنێوان ژن‌و مێرددا دروست دەبێ، هەسـتی خۆشەویـستی پاکیـان دەگەیـەنێ. کە هـەموو دڵەڕاوکێ‌و قەلەقی دڵ‌و دەروون ڕادەماڵێ‌و ئـارامی دەخاتـە دڵـەوە.. هـەروەها لـە ڕەحمەتی خودایە کە خۆشەویستی‌و سۆزو بەزەیی خستۆتە نێـوان ژن‌و مێـردەوە بـــە جۆرێـــك كـــە ڕۆژ بـــەڕۆژ زیـــاد دەكـــاو لەزیادبووندایـــە. بەپێـــچەوانەی خۆشەویستییەکە کە لەسەر بنەمای ئارەزۆ بازی دروست بێ.

هەر لەمانای ئەم پەیوەندییە بەتینەیە کە قورئان دەفەرموێ:

{هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ - سورة البقرة – ١٨٧}.

ئەوەتا ئەم ئایەتە پیرۆزە هەر یەکێکی لەژن‌و مێرد شوبهاندووە بـە پۆشـاك‌و پارێزەر بۆئەوەی تریان، چونکە هەریەکێ لە ژن‌و مێرد پێداویـستی ئـەوی تریـان دابین دەکا، هەریەکەیان پێویستی بە ئەوی تریان هەیە، وەکوو چۆن پێویـستیان

بە پۆشاك هەیە!! هەر یەكێ لە ژنو مێرد بۆ هاوسەرەكەی پارێزەرە، شەرمفو ناموسی دەپارێزێ راحەتو تەندروستی بۆ دابین دەكا، كاتێكیش ئەم ئارامیو دڵنەواییە دێتە كایەوە كە ژنو مێرد لە ئەخلاقو رەوشتدا لێك بچنو ئایینو بیرو بۆچونیان یەك بێ، بۆیە پەروەردگار دەفەرموێ:

{الْخَبِيثَاتُ لِلْخَبِيثِينَ وَالْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَاتِ وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ وَالطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَاتِ - سورة النـــور – ٢٦}.

بەشی یەكەم لە ئایەتەكە مانای ئەوەیە كە ژنی بێ ئابڕوو ناچیزە شایانی پیاوی شەلاتیو سەرسەرییە، پیاوی بەڕێزو سەلار هەرگیز خۆی لە ژنێكی چەتیوە خەسار ناكاو رازی نابێ ئافرەتێكی داوێن پیس ببێتە خێزانی، هەروەها پیاوی خوێڕیو هەتیوەو شەلاتی هەر شیاوی ئەوەن كە ژنی چەتیوەو بێ ئابڕو ببنە هاوسەریان! جا كە هەموو خاوەن رێزو دوێنپاكو سەلارێك رازی نەبوو ببێتە هاوسەرو هاورێی بێ ئەخلاقو بی ئابڕوو چەتیوەو هەتیومچە ئەوە دیارە هەریەكەیان هاوسەرێكی داوێنپاكو بەرێزو بەئەخلاقی بەنسیب دەبێ، ئافرەتی بەشەرمف دەبێتە هاوسەری پیاوی بەشەرمف. پیاوی ئەخلاق جوان دەبێتە مێردی ئافرەتی رەوشت بەرز، ئەمەش راستەوخۆ ئایەتەكە ئاماژەی بۆ دەكا، كە دەفەرموێ:

{وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ وَالطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَاتِ}.

ئارامی بەردەوامو پێكەوە هەڵكردن كاتێك دێتەجێ كە ژنو مێرد لە رەوشتدا هاوشان بن ئەمەش بەهۆی پەروەردەی راستی ئایینییەوە دەستەبەر دەبێ! بۆیە پێغەمبەری مەزنمان دەفەرموێ:

(تنكح المرأة لاربع: لمالها ولحسبها ولجمالها ولدينها فاظفر بذات الدين تربت يدات) – رواه البخاري ومسلم.

واتە: چوار هۆكاری سەرەكی هەن كە پیاو داخوازی ئافرەتێك دەكا: یان لەبەر دەوڵەمەندی، یان لەبەر خاتری جێگەو رێگەو پلەی خێزانی، یان لەبەر جوانیو شۆخی، یان لەبەر دینداری، جا تابۆت دەكرێ هەوڵ بدە ئافرەتی دیندار

هەڵبـژێرە سـەرکەوتوو دەبـیٚ!! ئـەم چـوار هۆکـارە گـرنگترین ئـەو هۆکارانـەن کـە خەڵکی لەکاتی ژن خواستندا رەچاوی دەکەن، هەموو هۆیـەکانیش لای پێغەمبـەر پەسەندن، بەڵام چونکە لایەنی دینی لای خەڵك خراوەتـە پلـەی ئـەخیرەوە بۆیـە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) خوازبێنیکەری هـەڵناوە کـە رەوشـتی دیـن بکاتـە تـەرازوو بەسەر هەموو لایەنەکانی تردا پارسەنگی بداتیٚ؟! مەبەسـتیش لـە دینـداری ئـەوە نییە کە ئەو ئافرەتە نوێژوو رۆژوی هەبیو ئیتر بەسە با رەوشت ناشیرینیش بیٚ! بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ئایین رەوشتو کردارو گوفتـاری مـشتو ماڵـکردبیٚو هەموو شتێکی بە تەرازووی ئایین کێشراوبیٚ.

ئاشکراشە کە هەڵبژاردنی ئافرەت بۆ هاوسەریەتی ئەو ئافرەتانـە دەگرێتـەوە کە ئایینی ئیسلام خوازبێنی کردنو ماەکردنیانی بەڕەوا بینیوە نەك ئەوانەی کـە دەبنە مەحرەم... خودا دەفەرمویٚ:

{حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالاَتُكُمْ وَبَنَاتُ الأَخِ وَبَنَاتُ الأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللاَّتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَآئِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللاَّتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ اللاَّتِي دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُواْ دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلاَئِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلاَبِكُمْ وَأَن تَجْمَعُواْ بَيْنَ الأُخْتَيْنِ إَلاَّ مَا قَدْ سَلَفَ إِنَّ اللّهَ كَانَ غَفُوراً رَّحِيمًا - سورة النساء – ٢٣}.

واتە: حەرامە لەسەرتان دایكو کچو خوشـکی خۆتـان مـارە بکـەن بـۆ خۆتـان هەروەها پـور – خوشکی دایـكو خوشـکی بـاوك – کـچی بـراو کـچی خوشـك ئـەو دایکانـەی شـیریان پێـداون، خوشکی شـیری، خەسـو، کـچی بێوەژنێـك کـە مارەتـان کردبـیٚ، ئەگـەر مـارە نـەکرابیٚ قـەیناکا، هـەروەها ژنـی کـوڕو کـوڕەزا، هـەروەها حەرامە دوو خوشك بەیەکەوە لەژێر نیکاحی پیاوێکدا بن... مەگـەر ئەوانـەی کـە پێش هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتـە مـارەکرابن، بێگومـان خـودا لێخشبوونی زۆرەو زۆر بە بەزەییو بەڕەحمە.

بناغەی ژن و مێردایەتی لە ئیسلامدا (أصول الزواج في الإسلام):

ژن مارەبڕین لە ئیسلامدا عەقدو پەیمانێکە وەکوو عەقدو پەیمانەکانی ترو هیچ پێویست ناکا پیاوی ئایینی حازری ببێ و مەرج نییە بەحەفلەی ئایینی ئەنجام بدرێ، وەکوو لە ئایینەکانی تردا ئەنجام دەدرێ... ئایینی ئیسلام پێی وایە ژن مارەکردن پەیمان و بەیەکدی رازی بوونە لەسەر بنەمای لێك گەییشتن و تێك گەییشتنی ژن و پیاو لە یەکتری.

مەرجی دامەزرانی مارەکردن (نیکاح)یش ئیجاب و قبوولە، واتە: یەکێکیان بەوی تریان بڵێ: خۆم کرد بەهاوسەری تۆ ئەوی تریشیان بڵێ قبووڵم کرد.

هەروا مەرجە دوو شایەت ئامادەی ئەم مارەکردنە ببن. بۆیە ئەگەر کچ و کوڕێك یەکتریان بەدڵ بوو بەیەکدی رازی بوون لەلای دوو شایەتی عادڵ و رێك و پێك رەزامەندی خۆیان بە یەکتریی دەربڕێ. کچەکە بە کوڕەکەی وت: خۆم لێ مارەکردی و کوڕەکەش بڵێ وا قبووڵم کردی، هیچ مانعێکی شەرعیش نەبوو لە مارەکردنەکەو لای قازی یان بریکاری قازی یان موچە خۆرێکی تایبەت عەقدەکە بنووسن و دوو شایەت ئاگاداری عەقدەکە بن، لەرووی ئایینییەوە مارەکردنەکە دامەزراوەو راست و دروستە[1].

بەڵام عەقدی نیکاح لە ئیسلامدا لەگەڵ یاسا دانراوەکانی جیهاندا جیاوازە، چونکە یاسا دانراوەکان (القوانين الوضعية) هەموویان عەقدی ژن مارەکردن لە هەموو صیفەتێکی ئایینی دادەڕنێ، کەچی شەریعەتی ئیسلام ژن مارەکردن بە مەسەلەیەکی ئایینی دادەنێ و لەم رووەوە کە بنەماکانی ژن و مێردایەتی لە ئایینەوە وەردەگرێ، ئایین خەڵکی هەڵدەنێ بۆ ئەنجامدانی! لەم مانایەدا پێغەمبەری مەزن دەفەرموێ:

---

[1] - ئەمە رای ئەبو حەنیفەیە.

« يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ » . (رواه مسلم والبخاري).

واتە: ئەی کۆمەڵی گەنجەکان! هەر کامێکتان کەرەسەو پێویستیاتی ژن هێنانی هەیە با ژن بێنێ چونکە ژن هێنان لەچاو بازیو نەزەر دەتان پارێزێ عەورەتیشتان دەپارێزێ، ئەگەر نەدارا بوونو پێویستیاتی ژن هێنانتان نەبوو بەرۆژوو بن چونکە رۆژو ئارەزۆتان دادەمرکێنێ!!

دەربارەی ژن مارەکردن چەند حوکمێك هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ، یەکێ لەوانە ئەوەیە کە دروست نییە ئافرەتی موسوڵمان شوو بکا بە پیاوی نا موسوڵمان، هەروەها نابێ پیاوی موسوڵمان ژنێك بێنێ کە هاوەڵ بۆ خودا دابنێو لەسەر ئایینێك بێ نامەی ئاسمانی نەبێ، هەروەها مەسەلەی شیرخواردن ئەگەر منداڵێك شیری ئافرەتێکی خوارد وەچەو بنەچەی ئەو ئافرەتەی لێ حەرام دەبێ، هەروەها خۆشکی ئافرەتەکەو پوری، بەکورتی هەرچی بە نەسەب حەرام ببێ بەشیر خواردنیش حەرام دەبێ! کەچی ئەم شتانە لە قانوونی وضعیدا هیچ ئیعتیبارێکیان پێ نییە.

خوازبێنی (الخطبة):

خوازبێنی پێش مارەکردن دەکرێ:_ خوازبێنی بریتییە لەوە کە پیاوێك داوای ئافرەتێکی دیاریکراو بکا بۆ مارەکردنو بوون بە هاوسەری یەکتری. واتە: پیشنیارێك بدا بە کەسو کاری ئافرەتەکەو وتووێژیان لەگەڵدا بکا دەربارەی دەستگرتنو بوون بەهاوسەری ئافرەتەکەو داخوازی ماڵی ئافرەتو داخوازی ماڵی کورەکە دەربارەی هەڵسو کەوتی ئافرەتەکەو ئەو جۆرە شتانە کە بەروالەت ئەنجام دەدرێ.

لە ئایینی ئیسلامدا وا باشە کورو کچ بە تەواوی زیاد لە جارێك یەکتر ببینن تاوەکوو دڵیان یەکتری بگرێو خۆشەویستی بکەوێتە نێوانیانەوە. دوای

گواستنەوەو بوون بە هاوسەری یەکتری پەشێمان نەبنەوە. موغەیرەی کوڕی شوعبە دەڵێ: من ئافرەتێکم خواست پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) **پێی فەرمووم: جوان سەیری بکەو بزانە ئاخۆ بەدڵتە، چونکە ئەو سەیرکردنەی پێش خواستن و مارەکردن دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە نێوانتاندا خۆشەویستی بەردەوام بێ!**

هەروەها پێویستە باوك و کەس و کاری کچەکە - ئەگەر بالغ بێ) - رەزامەندی کچەکە وەربگرن و بەبێ پێخۆشبوونی خۆی بەشووی نەدەن. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: (الثيب أحق بنفسها من وليها والبكر تستأمر واذنها السكوت) واتە: بێوەژن خۆی خاوەنی خۆیەتی و دەتوانێ خۆ لە پیاو مارەبکا، کچیش داوای رەزامەندی لێ دەکرێ، بێدەنگیشی نیشانەی رەزامەندییەتی!!**

خوازبێنیکەرو خوازبێنیکراو (الخاطب والمخطوبة) دەتوانن بەشیمان بینەوەو واز لە کارەکانیان بێنن، جا ئەگەر خوازبێنی کەر ژێوان بوەوە، لە خوازبێنیەکەی یان ئافرەتەکە ژێوان بوەوە ئەوە دیاری و خشڵ ئەگەر مابوون دەگێڕدرێنەوە بۆ خاوەنەکەی، ئەگەر نەمابوون نرخەکەیان حسێب دەکرێ، بەڵام ئەودیارییانەی بۆ مانەوە نابن وەکوو شتی خواردن و خواردنەوە ئەوە ناگێڕدرێتەوە.

لە رۆژانی خوازبێنی کردندا - پێش مارەکردن - نابێ کوڕو کچ پێکەوە کۆبوونەوە بکەن، چونکە کوڕو کچەکە بۆ یەکتر بێگانەن لەیەکتریی حەرامن لەم رووەوە کە خوازبێنی بەڵێنە بۆ مارەکردن نەك مارەکردنە.

هاوکوفی و هاوشانی (الكفاءة):

ئەگەر پیاوێك خوازبێنی ئافرەتێکی کرد دەبێ پیاوەکە هاوشانی کچەکەبێ، هاوشانی لەبنەمادا مانای یەکسانی دەبەخشێ، جا هاوشانی لەبنەماڵەو داراییدا دەبێ، رێزداری عیلم و زانیاری لە ژوور رێزداری خێزاندایە، هاوشانی لەماڵ و داراییدا ئەوەیە کە پیاوەکە بتوانێ مارەیی بداو نەفەقەی خێزانەکەشی دابین

بکا، دەوڵەمەندی لە هاوشانیدا مەرج نییە کەس و کاری ئافرەت ئەگەر هەستیان کرد ئافرەتەکە شوو دەکا بە پیاوێك هاوشانی ئەوان نییە دەتوانن داوای هەڵوەشانەوەی مارەبڕینەکە بکەن.

مارەیی (المهر):

ئایینی ئیسلام لەسەر پیاوی پێویست کردوە کە لەکاتی مارەکردندا مارەیی پێشکەشی ئافرەتەکە بکا، خودای گەورەو مەزن مارەیی ناو ناوە (صدقة) واتە: واتە: بەخشش و پیاوەتی و دیاری... دەفەرموێ:

{وَآتُواْ النَّسَاء صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَيْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَّرِيئًا - سورة النساء – ٤}.

عەرەبەکان پێش ئیسلام پێیان وابوو ئافرەت مافی ئەوەی نییە کە ببێتە خاوەنی مارەیی خۆی، کەسی ئافرەتەکە بۆ خۆی مارەییەکەی وەردەگرت و هیچی لێ نەدەدا بە ئافرەتەکە، ئەگەر شتێکیشی لێ بدایە ئەوە مێردەکەی بەبێ پرس و رای ژنەکە لێی خەرج دەکرد!

کە ئیسلام هات قەڵا چۆی ئەم داب و نەریتەی کردو فەرمانی کرد کە ئافرەت دەبێ مارەیی خۆیان وەربگرن. ئایەتەکەش دووپاتی ئەوەی کردەوە، تەنانەت مارەییەکەی ناوناوە (نحلة) واتە: بەخشینێکی بەدڵ و پێخۆشبوونەوە بڕواشی وابێ کە ئەو مارەییە مافی رەوای خۆیەتی، نابێ کەس و کاری ئافرەتەکە یان مێردەکەی بەبێ رەزامەندی خۆی هیچ دەستکاریەکی بکەن! بەمەش قورئانی پیرۆز مافی مڵکداریەتی راست و راستاڵی بە ئافرەت داوەو ئەوەی بۆ چەسپاندوە کە مێردەکەی هیچ دەسەڵاتێکی لەم بارەوە بەسەر ژنەکەدا نییە! کەچی بڕێ لە دوژمنانی ئیسلام و ئافرەتی موسوڵمان دەربارەی هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر مارەیی وابیر دەکەنەوە کە یاسای مارەیی جۆرێکە لە کڕین و فرۆشتنی ئافرەت و رێزی ئافرەت دادەبەزێنێ، لە ئەوە حاڵی نەبوون کە حیکمەتی ئەوە کە مارەیی لەسەر پیاوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە پیاو بەرپرسیارە بۆ دابینکردنی

پێویستیاتی لانەی ژنو مێردایەتی، ئەم بەرپرسیارییەشی لەبەر ئەوەیە کە پیاو بالاّ دەستەو پیاو شیاوترە بۆ تێکۆشانو دابینکردنی پێویستیاتی ژیان: ئافرەتی خۆرئاوا — بە گوێرەی دابو نەریتی خۆیان — پێویستە لەسەریان کە خانوو ناومالّی ژنو مێردایەتی دابین بکەن، بەمەش دەلّێن (دوطة) دەی ئەمە کە ئافرەت ئەرکی دروستکردنی ناومالّ لەئەستۆ بگرێ کارێکە پێچەوانەی سروشتەو هەلّگێرانەوەی یاسای طەبیعەتە.

لەلایەکی ترەوە ئایینی ئیسلام ئەندازەی مارەیی دەستنیشان نەکردووەو بەگوێرەی توانای دارایی پیاوەکە زیادو کەم دەکا، یان بەگوێرەی رێککەوتنو رازی بوونی کچو کوڕەکە دەخەملێندرێ! تەنانەت دەگێڕنەوە کە پیاوێکی هەژار هاتە لای پێغەمبەرو کڕوزایەوەو وتی: من توانای ئەو مارەییەم نییە کە ئێستا داوا دەکرێو بومتە باوا! پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: جا هەولّ بدە بەئەنگوستیلەیەکی ئاسن ئافرەتەکە رازی بکەو ئەنگوستیلەیەکی ئاسن بکە بە مارەیی.

لەلایەکی ترەوە مەرج نییە کاتی مارەکردنەکە هەموو مارەییەکە تەسلیم بکرێ، بەلّکوو دەتوانێ هەمووی قەرز بێ یان نیوەی حازرو نیوەی قەرز بێ، یان بەوەجبات بیداتێ بەو گوێرەی کە کچو کوڕەکە لەسەری پێك دێن! تەنانەت هەردوای مارەکردنەکە ژنەکە دەتوانێ گەردنی پیاوەکە ئازاد کا لە هەمووی یان لەنیوەی یان لە هەندێکی خۆش ببێ، چونکە مارەیی مافی شەخصی ئافرەتەکە خۆیەتی، دەتوانێ بە ئارەزۆی خۆی تەصەروفی تێدا بکا، جا گەردنی ئازاد بکا یان پێی ببەخشێ! بەلاّم ئەودابو نەرێتەی ئێستا لای هەندێ موسولّمان باوە کە مارەیی زۆرو زەبەندەو خەیالّی داوا دەکەن بۆ کچەکانیان بە جۆرێك کە زۆری مارەیی بووەتە هۆی ئەوەی زۆر لە گەنجەکانمان واز لە ژن هێنان بێننو نەتوانن بچنە ژێر باری، ئەمە هەلّوێستێکە پێچەوانەی بۆچونی قورئانی پیرۆزە کە دەفەرموێ:

{إِن يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ - سورة النـــور}.

واتە: ئەگەر خوازبێنی کەران هەژار بوون خودا دەوڵەمەندیان دەکا.

پێغەمبەری مەزنیش دەفەرموێ: (اذا جاءكم من ترضون دينه وخلقه فزوجوه الا تفعلوا تكن فتنة في الأرض وفساد كبير) ئەوەتا پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) بەس باسی رەوشتی جوانو ئایینی کردوەو باسی ماڵو دارایی نەکردوە، ئاگاداریشمان دەکاتەوە کە ئەگەر ئێمە پەیرەوی ئەم فرمایشتە نەکەین فیتنەو ئاشووب بەرپا دەبێو فەسادو بێ ئەخلاقی لەسەر زەوی بڵاو دەبێتەوە!! ئەوەتا ئەمرۆ بەچاوی خۆمان دەیبینین کە گەنجەکانمان لە حەرامو بێ شەرعیدا روچونو سەریان لێ شێواوە، چونکە ناتوانن ئەرکی دابو نەریتی کۆمەڵگایەکی ناموسوڵمان جێ بەجێ بکەن!

یەکسانی ئافرەتو پیاو لە ژیانی ژنو مێردایەتی دا:

ماڵو خێزان تاکە تاکەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین، خۆشبەختیو کامەرانیو مرۆڤایەتیش بەستراوە بە خۆشبەختی خێزانەوە، کە ژیانی خێزانەکان بەختەوەر بوو دیارە ژیانی کۆمەڵگاکەش کامەران دەبێ، بەکورتی ئەمنو ئاسایشی خێزان بەڵگەیە لەسەر ئارامی کۆمەڵگاو پێشکەوتنی.

جا لە کاتێکدا خێزان پێك دێ لە ژنو پیاوو ئەم دوانە کۆڵەکەی گرنگی راگرتنو پێکهێنانی خێزانن، دیارە راگرتنو گەشەکردنی خێزانیش بەستراوە بە ئەندازەی لێك گەیشتنیانو پەیوەندییان بە یەکترەوەو رێزگرتنیان بە یەکتریو ئەندازەی ئارامیو خۆشبەختی هەریەکەیان.

بێگومان رۆژگارێکی دورو درێژ رابورد تاکۆمەڵگا زانی پلەی شیاوی ئافرەت کامەیەو چۆن پێویستە رێزی لێ بگیرێ! مێژووش ئەوەی چەسپاندووە کە ژن مارەکردن لای زوربەی گەلانو نەتەوەکانی پێش هاتنی ئیسلام جۆرێك بووە لە کۆیلایەتیو بەندایەتی، پیاوان ئافرەتیان بەژێر دەستەو کۆیلەی خۆیان حسێب کردوە! بەڵام ئیسلام یەکسانی خستە نێوان ژنو پیاوەوە بۆ هەریەکەیان مافو

ئەرکی تایبەتی خۆیانی بۆ دەستنیشان کردن، مافی سەروکاری خێزانیشی بەپیاو سپاردو فەرمووی:

{وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكُيمٌ - سورة البقرة ٢٢٨}.

ئەم ئایەتەپیرۆزە بەم کورتبڕییە (الایجاز) چەند مانای قوڵی لەخۆ گرتووە، کە تەفصیل و شیکردنەوەی بەرگێکی قەوارە گەورەی پێویستە، ئەم ئایەتە قاعیدەو پاسایەکی کوللیەو ئەوە دەگەیەنێ ئافرەت لە هەموو ماف و حقوقێکدا لەگەڵ پیاودا یەکسانە، بەڵی ئەم ئایەتە تەرازوویەکی راست و ڕێکە، مامەڵەکردنی پیاو لەگەڵ خێزانیدا دەکێشێ و لە هەموو کارو بارێکدا هەڵوێستی پیاوو ژن بەرامبەر بەیەك هەڵدەسەنگێنێ!

ئەگەر پیاو ویستی خێزانی کارێکی بۆ ئەنجام بدا دەبێ ئەوە بزانێ ئەویش لەبەرامبەر کارەکەی ئەودا بە ئەندازەی خۆی پێویستە کارو باری ئەو ئەنجام بدا، هیچ عەدالەت و دادپەروەریش نییە کە چینی پیاو چینی ژنان بچەوسێنێتەوە، وەکوو کۆیلە سەیری بکاو لەکارو باری خۆی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری بێنێ، بە تایبەتی دوای عەقدی مارەکردن و گواستنەوەی ئافرەت و دامەزرانی ژیانی ژن و مێردایەتی و بەیەك گەیشتنیان کە بەبێ ڕێزگرتن لە یەکتری سوود لەژن و مێردایەتی یەکتر وەرناگرن و ئستیراحەتی لێ ناکەن!.

ئایەتەکە ئیستسنای یەك شتی کردوە: کە فەرموویەتی (وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ) واتە: پیاوان پلەیەکی زێدەیان بەسەر ژنانەوە هەیە ئەمجار لە ئایەتێکی تردا ئەو پلەیەی شی کردۆتەوە، کە دەفەرموێ:

{الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ - سورة النساء - ١٠٤}.

واتە: پیاوان سەرپەرشتیاری ئافرەتانن بەهۆی ئەوەی کە پیاو زێدە هێزو تاقەت و توانای هەیە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە پیاو لەماڵی خۆیان نەفەقەو بژێوی ئافرەتان دابین دەکەن.

مافی سەرپەرشتیاری لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە پیاو بەسروشتو لەشو لاریەوە زێدە توانایەکی تێدایە، هەروەها لەوەوە کە پیاو ئەرکی بەخێوکردنی ماڵو منداڵی بە ئەستۆوەیە هەروەها برێ ئەرکی کۆمەڵو دەورو بەری خۆی لە ئەستۆدایە.

پیاو لە ئافرەت بە تواناترە بۆ هەوڵو تێکۆشانی ژیان، توانای زیهنیو جیسمیشی زیاترە، چونکە ئافرەت –بەسروشت– برێ کات ناتوانێ هەوڵو تێکۆشانی ژیان وەکوو پیاو ئەنجامدا بەتایبەتی لەکاتی سك پڕ بوونو شیر بەمنداڵ داندا. پیاو بەرپرسیارە لە دابینکردنی بژێوی ئافرەتو دابینکردنی خانوو بەرە بۆ ژن تا بتوانێ منداڵ بەخێو بکا، کاروباری ناوماڵ ئەنجام بدا، زیاد لەوەش ئافرەت هەموو مانگێ حەفتەیێ یان زیاتر دەکەوێتە حاڵەتی تێکچوونی وەزعی تایبەتی خۆی، لەلایەکی ترەوە ژیانی ژنو مێردایەتی ژیانێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە هەموو کۆمەڵێك –کەم بن یان زۆر– کێشەو نیزاعیان تێدەکەوێ، بەرژەوەندییەکانیان جێبەجێ ناکرێن ئەگەر لێپرساوێكو سەرۆکێکیان نەبێ! بۆیە پێویستە لێپرسراو هەبێ کاتی پێویست بگەڕێنەوە بۆ لایو ناکۆکیو نیزاعیان بۆ حەل بکا، ئەگەر وانەبێ رشتەی یەکیەتی نێوان کۆمەڵ دەپسێو نیزام تێك دەچێو کەس بەقسەی کەس ناکا. شتێکی ئاشکراشە بۆ ئەم لێپرسراویە پیاو لێهاتووترو زاناترو بەتواناترە، جێبەجێکردنی ئەرکی سەرۆکایەتی – چ بە ماڵ چ بەهێزو توانابێ – بۆ ئەم خۆشتر هەڵدەسووڕێ..

هەڵسو کەوت لەگەڵ ژناندا (معاملة الزوجات):

ئاشکرایە کە شەریعەتی ئیسلامی پیاوان هەڵدەنێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژناندا بە مامەڵەکردنێکی باشو گونجاو! قورئان دەفەرموێ:

{وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا - سورة النساء – ١٩}.

واتــە: لەگــەڵ ئافرەتــان مامەڵــەی چــاکە بکــەن و بۆیــان بــاش بــن، ئەگــەر بەدڵیشتان نەبوون هەر بۆیان باش بن ئومێد وایە ئەوەی کە ئێوە بەدڵتان نییەو رقتان لێیەتی خودای گەورە خێرو بێرێکی باشی تێدا کۆبکاتەوە! لە ئایەتێکی تردا هاتووە دەفەرموێ:

{فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ - سورة البقرة – ٢٣١}.

واتە: ئەگەر ژنەکانتان بەدڵ نەبوون زوڵم و ستەمیان لێ مەکەن، جا یان لای خۆتان بیانهێڵنەوەو لەگەڵیاند باش بن! یان تەڵاقیان بدەن و زۆرو ستەمیان لێ مەکەن!

پێویستە پیاو تا بۆی دەکرێ بە باشی ماڵ و منداڵی خۆی بەخێو بکا نە دەستبڵاوبێ لەگەڵیان دا نەدەست قوچاوییان لەگەڵدا بکا. خودا دەفەرموێ:

{لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِ وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَا آتَاهَا - سورة الطلاق – ٧}.

واتە: دەوڵەمەندو خاوەن سامان بە ئەندازەی سامانداریەتی خۆی مەسرەفی خاوو خێزانی خۆی بکێشێ! کەسێکیش هەژاربوو با بەقەدەر بەرەی خۆی پێ رابکێشێ و لەوەی کە هەیەتی مەسرەفی خێزانی بکا، پەروەردگار هەر کەسە بە ئەندازەی توانای خۆی ئەرکی دەخاتە سەرو هەرگیز زیاد لەتوانای خۆی بەرپرسیاری ناکا.

ئەگەر ژن تۆراو فەرمانبەرداری مێردی نەبوو، دەشێ پیاو بەجۆرەها هەڵس و کەوت و ئوسلوب هەڵەی ژنەکەی راست بکاتەوە وەکوو ئەم ئایەتە ڕونی کردۆتەوە کە دەفەرموێ:

{وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً - سورة النساء – ٣٤}.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوە دەچەسپێنێ کە ئەگەر پیاو هەستی کرد خێزانەکەی سەرپێچی فەرمانی دەکاو پەیڕەوی مافی ژن و مێردایەتی ناکاو شانازی بەسەردا دەکا!

پێویستە ئامۆژگاری بکاو هەڵەکانی بخاتە بەرچاوو شارەزای ڕێگای ڕاستو دروستی بکا – دیارە ئامۆژگارییەکە بەپێی بارو دۆخو ئاستی ڕۆشنبیری ژنو پیاوو داناییان دەگۆڕێ – جا ئەگەر ئامۆژگاری کەڵکی نەبوو ئەوە دەتوانێ جێگا جودایی لەگەڵدا بکاو لەگەڵیدا نەنوێ؟ یان لەگەڵیدا بخەوێ بەڵام پشتی تێ بکاو، ئەمەش وەکوو سزایەکی نەفسی وایەو زۆر کاریگەرە لەدڵی ئافرەت، ئەگینا مەبەست ئەوە نییە کە چەند ڕۆژێك خۆیان بگرنەوە لە لەززەتی جیسمی! چونکە ئافرەت دەزانێ: کە لەبەرابەر پیاودا زەعیفەو ناتوانێ بەرەنگاری بکا، بەڵام ئابزانێ کە مەکرو دەلالی لەدڵی مێردەکەی دا کاریگەرەو دەتوانێ قەرەبووی زەعیفی خۆی بکاتەوە پێی لێ هەڵدەبڕێو شوڵی لێ هەڵدەکێشێ! بەڵام کە هەستی کرد نازونوزو مەکرو دەلالی کاریگەر نییە تەنانەت کە خۆشی لە پیاو نزیك کردەوە پیاوەکە موبالاتی پێ نەکرد، ئەوە لە ناخەوە هەست بە زەبوونی خۆیو هێزو توانای پیاوەکە دەکا ئیتر شتی تر ڕەچاو ناکا جگە لەفەرمانبەرداریو هاتنەوە سەرڕێی ڕاست، ئەم سزایە بۆ پوچەڵکردنەوەی سەرپێچی کردنو ناچیزەبوونی ئافرەتەکەیە هیچ شتێکیش سەرپێچی کەر لەسەرپێی کردن ناگێڕێتەوە وەکوو ئەوەی کە سەرپێچی کەر هەست بە زەبوونی خۆی بکا.

ئایەتەکە باسی لێدانی ئافرەتیش دەکا، واتە کاتێك ئامۆژگاریو لەگەڵ نەنووستن کاریگەر نەبوو، پیاوەکە دەتوانێ بەلێدانێکی کەم ئێش ژنەکەی تەمبێ بکا! بەڵام ئەمە مانای وا نییە کە لێدان لە هەموو حاڵەتێکدا بۆ هەموو ژنێك دەگونجێ، ئەوە تا پێغەمبەری مەزنمان – کە خۆی لە هەموو کەس زیاتر فەرمانبەر دارو گەردنکەچی فەرمانەکانی قورئانە – لێدانی ئافرەت بە باش نازانێو بە عەیبەو نەنگی دادەنێو دەفەرموێ:

{أما يستحي أحدكم أن يضرب امرأته كما يضرب العبد يضربها أول النهار ثم يجامعها آخره}

واتە: ئایا شەرم ناکا یەکێ لە ئێوە کە لەژنەکەی بدا وەکوو چۆن لەکۆیلە دەدا، ئایا شەرم ناکاو حەیا نایگرێ بەیانی لەژنەکەی دەداو شەویش لەگەڵی دروست دەبێ!.. لەلایەکی ترەوە لە پێغەمبەر نەبینراوەو نەبیستراوەو نەگێڕدراوەتەوە کە لە خێزانی خۆی دابێ.

ئەو لێدانەش کە ئایەتەکە باسی دەکا مەرجە دەبێ لێدانێکی سووك بێو ئازاری پێ نەگا! بۆ حاڵەتی تایبەتیو زەروری بێ! بەڵێ کاتێك لێدان دروستە کە پیاوەکە هیچ چاری نەمێنێو جگە لە لێدان رێگا چارەی تر نەبێ مەگەر تەڵاق، دیارە لێدانەکە لە تەڵاق دانەکە باشترە، چونکە لێدان زەرەر بە ژنەکە دەگەیەنێ بەڵام تەڵاقەدان زەرەرەکەی بۆ منداڵو کەسو کاری ئافرەتەکەشە! بۆیەش لێدان دروستە چونکە برێ ئافرەت بە لێدان نەبێ زەوت ناکرێنو داناسەکێن!!

پۆشاك (الحجاب):

زۆر لە نوسەرە ئەوروپییەکان مەسەلەی پۆشاکیان کردۆتە بنێشتە خۆشەی بنی ددانیانو لەم روانگەوە تانە لە ئیسلام دەدەن. بەڵام کە بەچاوێکی ورد بینییەوە سەیری مەوزوعەکە دەکەین دەبینین: قورئان لای لە چارەسەرکردنی بەشتێك لێ کردۆتەوە کە رەوشتو ناموس دەپارێزێ!

چونکە ئارەزۆو مەیلی شەهوەتی جینسی خەتەرناکترە لە زۆر زەرەری تری کە لەخۆرئاوادا یاساو قانوونی بۆ دادەنرێو دەیانەوێ قەڵاچۆ بکرێن بەوەی کە لەبرێ کاتدا ئەندازەیەك دادەنرێ بۆ ئازادیو سنوردار دەکرێ.

ئەو دەقە قورئانییانەی کە باسی پۆشاکیان کردوە ئەمانەن:

{قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ، وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ

بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُوْلِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاء وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ - سورة النــور – ٣٠-٣١}.

لەم دوو ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار فەرمانی بە ژنو پیاوی موسوڵمان کردوە کە لەعاست یەکتریدا چاو داخەنو بەشەهوەتەوە سەیری یەکتری نەکەن. مەبەست لەچاو داخستن ئەوەیە کە بەویستی شەهوەتو ئارەزۆ چاو بەرەڵلانەکریو بۆ ژنی بێگانە بروانی! ئەگینا مەبەست ئەوە نییە مرۆڤ سەری نەوی بکا چاو لە زەوی بچەقێنیو نەپیاو سەیری ئافرەت بکا نە ئافرەت تەماشای پیاو بکا! هەرگیز ئەمە مەبەستی ئایەتەکە نییە، چونکە ئەمە ناکری ناگونجیو لەتوانادا نییە، هەر لەبەر ئەوە پەروەردگار کە فەرمانی بەچاو داخستن کردوە فەرموویەتی (یغضوا من أبصارهم) وشەی (من) لە زمانی عەرەبیدا مانای بڕێك - هەندێك دەگەیەنی چونکە (من) بۆ تەبعیضە کەوابوو مەبەست ئەوەیە کە ژنێکی بێگانەتان بینی چاوی تێ مەبڕن، بەڵکوو چاوتان داخەنو بەشەهوەتەوە درێژە بە سەیرکردنەکە مەدەن!

مەبەست بەرستەی (ذلك أزكى لهم) لە ئایەتەکەدا ئەوەیە کە وشەی (أزکی) بەمانا گەشەکردنو زیادکردنە کەوابوو ماناکەی وارەها دەکری: چاو داخستن لەسەیرکردنی ژنی بێگانە بەشەهوەتەوە مەواهیبی مرۆڤ بەهێز دەکاو هێزو نیشاتی مێشكو هەستەکان بەرەوکاری بەسوود دەباو دەستکەوتی باشو بەنرخ بۆ گەلو نیشتمانی لەداهاتودا بەدەست دێنی! شتێکی ئاشکراشە ئەو کەسانەی –ج ژن ج پیاو– کە چاو بازو سەیرکەرنو چاوی خۆیان لە سەیرکردن ناگرنەوە لەزۆر کاری گرنگو بە سوود بێ بەش دەبنو دەکەونە گێژاوی واوە کە پەشێمانی لەدوایە.

مانای (إلا ما ظهر منها) ئەوەیە کە دروستە ئافرەت دەمو چاوو دوو دەستی تامەچەك بەدەرەوە بنو بۆی هەیە ئەم دوو ئەندامەی لەلای پیاوی بێگانە روت بن بەمەرجێك دڵنیا بێ کە دەرخستنی ئەم دوو ئەندامە نابنە فیتنەیی بەلام

قژی سەر بەهیچ جۆرێك دروست نییە بە دەرەوە بن، ئەمە رای زوربەی زانایانی ئیسلامە.

مەزهەبو رێبازی ئیمام ئەبو حەنیفەو رای پەسەندی شافیعیو رای فتوا پێدراوی ئیمام مالیك ئەوەیە كە دروستە بۆ ئافرەت لە رێبازو قوتابخانەی فرمانگەو شوێنی تردا دەمو چاوو هەر دوو دەستی تا مەچەك لەلای پیاوی بێگانە بە دەرخا!! هەڵگرانی ئەم رایە پێیان وایە كە مەبەست بەم بەشەی ئایەتەكە كە دەفەرموێ:

{وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا}.

ئەوەیە كە نابێ ئافرەت جگە لەو ئەندامانەی – كە بەعادەت بە دەرەوەن – ئەندامی تری بەدەربخا. ئەو ئەندامانەی بە عادەت بەدەرەوەن (دەمو چاوو دوو دەستە) هەر ئەم زانا پایەبەرزانە فەرموویانە كاتێك ئەمە دروستە كە لەفیتنەیی ئەمین بێ تەنانەت ئەگەر هاتو دەرخستنی دەمو چاو دەبووە هۆی فیتنەو سەرنجی مرۆڤی سەرسەری رادەكێشا دەبێ دایانپۆشێ!!

لیژنەی فتوای مامۆستایانی زانكۆی (الازهر) لە گۆڤاری (الازهر)دا دەڵێ: لەژێر رۆشنایی ئەم دوو قاعیدە گەورەیەی فیقهی ئیسلامی:

یەكەمیان: (یسر الدین وسماحته) – ئاسانی ئاینو لێبوردوویی.

دووەمیان: (سد ذرائع الفساد) = بەربەستكردنی هۆكاری فەساد. پێمان وایە ئەو رایە پەسەندە كە دەڵێ: دەمو چاوو دوو دەستی ئافرەت تا مەچەك عەورەت نین... هیچ خراپییەكی تێدانیە ئەگەر لای پیاوی بێگانە دەریان بخا بۆ ئەوەی تووشی هەڵوێستی نالەبارو نەگونجاو نەبێ، لەمامەڵەی گشتیو تایبەتی خۆی دا هەندێك سەربەست بێ! بەڵام ئەگەر لە فیتنەو شەڕ ترسا دەبێ هەموو جیسمی داپۆشێ تا بەرگری لە بڵاوبوونەوەی فەساد بكات.

لەهەمان كاتدا لیژنە رای وایە كە بەدەرخستنی دەمو چاوو دوو دەست بە میكیاجكراوی حەرامەو شەریعەتی ئیسلام دژی وەستاوە، بە دەرخستنی دەمو چاوو دەست كاتێ دروستە كە لەسەر شێوەی سروشتی خۆیان بن. هەر بەناوی

لیژنەشەوە داواکارین لە موسولمانان (مەبەستیشمان خۆشبەختیانە) کە بە ئەدەبو رەوشتی ئیسلامی خۆیان ئارایش بدەنو هەوڵ بدەن کچو ئافرەتیان بە گوێرەی ئەخلاقی ئیسلامی پەروەردە بکەنو تێیان بگەیەنن کە سەرپێچیکردنی ئەم ئەدەبە دەبێتە هۆی رق هەڵسانی خوداو نارەزامەندی لێیان! ئەمە جگە لەوەی ئەخلاقو رەوشتی خێزان تێك دەداو کیانی کۆمەڵ دەروخێنێ! پوختەی ئەوەی باسکرا ئەوەیە قورئان نەهی کردوە کە ئافرەت خۆی برازێنێتەوەو دەربچێ بۆ ناو پیاوانی بێگانەو بە ئارەزۆی خۆی کێی بوێ قسەی لەگەڵ بکاو هاورێیەتی لەگەڵدا بگرێ!!

بەلام بۆی هەیە لەگەڵ خێزانو کەسو کاری خۆیدا سەر لە ماڵی جیرانو خزمو کەسو کاری خۆی بدا لە دانیشتنو کۆمەڵی خێزانیدا ئەگەر پیاوی بێگانەشی تێدابێ قەیناکا بەمەرجێك لە فیتنەییو شەڕ ئەمین بێ. ئومێدەوارین موسولمانان حیکمەتی ئەوە بزانن کە قورئان ئاوا بەو جۆرە نەهی لە بەرەڵلایی ئافرەت کردوەو دژی وەستاوە چ مەبەستێکی بەرزو پیرۆزی هەبووە!

بێگومان خەتەری شەهوەتی جینسی شتێکە پێویستە ئایین چاری سەرەکی بۆ بدۆزێتەوە، ئاشکراشە قورئان باشترین چارەسەری بۆ دۆزیوەتەوە.

دروستە پیاوێك زیاد لە ژنێك بێنێ (اباحة تعدد الزجات):

زۆر لە نووسەرە خۆر ئاواییەکانو رۆژ هەلاتناسو کۆمەڵناسەکان دەربارەی فرە ژن هێنان باسو لێکۆڵینەوەیان نوسیوەو هێرشی نارەوایان کردۆتە سەر ئیسلامو پێیان وایە کە زیاد لەیەك ژن هێنان دابو نەرێتێکی نالەبارو نەشیاوە، ئامۆژگاری لە موسولمانان دەکەن کە واز لەو عادەتە بێننو قەلاچۆی بکەن، تەنانەت برێك نووسەر پێشکەوتنی موسولمانی پەیوەست کردوە بە وازهێنان لەم عادەتە.

لەراستیدا فرەژنی (تعدد الزجات) ئیسلام داینەهێناوە، بەڵکوو فرەژنی یاسایەك بووە، زوربەی ئایینە ئاسمانییەکانو یاسا دانراوەکانی ئادەمیزاد رێگەیان

پێ داوە! عەرەبەکانیش پێش هاتنی ئیسلام لەهەموو گەلو نەتەوەیەك زیاتر پابەنـدی یاسـای فـرە ژنـی بـوون کـە ئیـسلام هـات ویـستی میانـەڕەوی لـە مەوزوعەکەدا بکا سنوورێکی بۆ فرەژنـی دانـاو فـەرمانی کـرد کـەس لێـی تێپـەڕ نەکا، چەند مەرجێکیشی دانا بۆ ئەوانەی کە دەیانـەوێ زیـاد لـە یـەك ژن بهێـنن! جا ئەگەر ئەم مەرجانە هاتنە دی زەرەرو زیانی فرەژنی نامێنێ! وەکوو لەمەودوا رونی دەکەینەوە.

جاری وا هەیە فرەژنی لەبەرژەوەندی ئافرەتە:

ئاینی ئیسلام فرەژنـی بـەرەوا دانـاوە، نـەك فـەرزی کـردوە، دیـارە جیـاوازی هەیە لەنێوان ئەوەدا شتێك بە دروستو رەوا بزانی لەگەڵ ئـەوەی بـەزۆر فـەرزی بکـەی‌و بیـسەپێنی.. ئەمـەش جۆرێکـە لـەو بۆچـوونە هەڵانـەی نووسـەرە خـۆر ئاواییـەکان لێـی دەدوێـن. کاتێـك تـۆ نووسـراوەکانیان دەخوێنێتـەوە یـان گـوێ بـۆ قسەکانیان رادەگـرێ، وا هەسـت دەکـەی کـە ئیـسلام لەسـەر هـەموو موسـوڵمانێکی فەرزکردوە کە زیاد لە ژنێك بهێنێ‌و هەرگیز رازی نییـە کـە پیـاو بـە تاقـە ژنێـك قەناعەت بکاو تا لەژیاندایە خۆ بەتاکە ژنێکەوە هەڵەو گیر بکـا! لەراسـتیدا ئەمـە بۆچونێکی هەڵەیەو ئیسلام فرەژنی فەرز نەکردوە بەڵکوو رێگای پـێ داوە! دیـارە جیاوازی نێوان ئەم دوو هەڵوێستەش بەئەندازەی جیاوازی ئاسمان‌و رێسمانە.

ئیسلام رێگای داوە کە پیاو زیاد لە ژنێك بهێنێ‌و لەیەك کاتدا زیـاد لـەژنێکی ببێ، چونکە ئیسلام دەیەوێ کۆمەڵگایەکی نموونەو ناوازەو راستاڵانە بەدی بێنێ! دەیـەوێ موجتەمـەعێك دروسـت بکـا پیـاوە بـیر تیـژو وردبینـەکانی جیهـان تێـی بگـەن. چـونکە دەزانـێ بـڕێ پیـاو هـەن ئارەزۆیـان زۆرەو دەسـەڵاتی نـەفس‌و ئارەزۆبـازی خۆیـان نییـەو هـیچ شـتێك نییـە ئـەوان بگێڕێتـەوە لـە دابینکردنـی ئارەزۆکانیان، بۆیە بۆ ئەو جۆرە پیاوانە رێگـای داوە زیـاد لـە ژنێـك بهێـنن، نـەك هەر لەبەر خاتری بەرژەوەنـدی پیاوەکـە، بەڵـکوو بـۆ ئـەوەی ئـافرەتیش لەشـەڕو فیتنەی ئەو جۆرە کەسـانە رزگـار بکـا!! بـەڵێ وێنـەی ئـەو جـۆرە پیـاوە شـەهوەت سوارانە لە کۆمەڵگای خۆر ئاوادا کە فرەژنی تێدا یاساغەو بەتاقە ژنێك داناکەون

ناچار دەبن ئافرەتێکی تر یان زیاتر بەدۆست بگرن و لەگەڵیان رابوێرن! جا ئەو ژنانەی کە دەبن بە دۆست و یارو خۆشەویست بە شێوەیەکی ناشەرعی دەبنە چینێکی چەوساوەو خۆ فرۆش و خۆ لە بەرکەرو بازرگانیکەر بەلەش و لاری خۆیان، بێبەش لەهەموو مافێکی ژن و مێردایەتی!

لەراستیدا ئەوانە ژن و خێزانی ناپاسایین و ستەم لێکراوو چارە رەشن. بێگومان ئەو زەرەرو زیانەی لەم رووەوە تووشی ئافرەت دەبێ لە ئەندازەو پلەیەکی دیاریکراودا ناوەستێ چونکە ئەم ئافرەتە کە دەبێتە دۆستی پیاوەکەو لەگەڵیدا رادەبوێرێ هیچ پەیمان و عەقدێکی دادگاییان لە نێواندا نییەو هەر کاتێ پیاوەکە ویستی ئافرەتەکە ترۆ دەکاو وازی لێ دێنێ و بێ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێ ئەگەر منداڵی لێ بوو بوو نیسبەتی بۆ لای ئەو بداو بڵێ ئەوە باوکیەتی و لەئاکاما نەفەقەو بژیوی لێ بستێنێ.

خوێنەری هێژا! غایەو مەبەستی ئیسلام لە فرەژنیدا پاراستنی ئافرەتە بۆ ئەوەی نەکەوێتە حاڵەتی چارەڕەشی ئاوەهاوە هیچ مافێکی خۆی نەدرێتێ و زەمانەتی کۆمەڵایەتی نەبێ و دەربکرێ و بچێتە خانەی ئافرەتانی بێ رەوشت و سەڵیتەوە.

بەڵێ ئیسلام دەیەوێ لە هەموو حاڵ و کاروبارێك دا واهەڵس و کەوت لەگەڵ ئافرەت بکرێ کە خێزانێکی شەرعی و یاساییەو مافی دیاریکراوی خۆی هەیە، دەی باشە کام رێگایە بۆ ئافرەت باشترە؟ کام یاساو شەریعەت باشتر مافی دەپارێزێ و رێزی لێ دەگرێ؟ ئایا ببێتە ژنی دووەمی پیاوێکی بەتواناو نەفەقەی خۆی و منداڵی لێ بستێنێ و ئەگەر پیاوەکە مرد میراتی لێ بگرێ و منداڵەکانیش میراتی بگرن و بێباوك نەبن؟! یان ببێتە ئافرەتێکی لەش و لار فرۆش و هەر کاتێ پیاوەکە لێی تێر بوو بەرەڵلای بکاو هیچ مافێکی نەدرێتێ و میراتی نەگرێ و منداڵیشی زۆڵ و بێ باوك بن و میراتی نەگرن خۆی و منداڵی ببنە کۆڵباری کۆمەڵگاو تووشی چارەڕەشی ببن!!

بەڵـگەی زانستی بۆ ڕەوایی فرەژنی:

بەڵـگەی زانـستی لەسـەر ڕەوایـی فرەژنـی زۆرن، بڕێکیـان دەگەڕێنـەوە بـۆ هۆکارە تایبەتمەندییەکانی سروشتو بڕێکشیان دەگەڕێنـەوە بـۆ پێویـستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. هۆکارە تایبەتمەندییـەکانی سروشت بەڵـگەی ئـەوەن کـە فـرە ژنی یەکێکە لەو دیاردانـەی جاری وا هەیـە سروشت خـۆی فـەرزی دەکـا، چونکە هـەموو کاتـێ ژمـارەی ژنــان لـەهی پیـاوان زۆرتـرە!! ئـەوەتا لەسـەر ژمێرکردنـی ساڵانەو غەیری ساڵانەدا دەرکەوتووە کە لای هـەموو گـەلو نەتەوەیـەك ژمـارەی ئافرەت لە ژمارەی پیاو زیاترە، ئەمە لەکاتی ئاساییو ئاسایـشدا وەهایـە، بێگومـان لەکاتی شەڕدا ڕێژەی ژنان زیاد دەکاو پیاوان کەمتر دەبنەوە.

ژمــارەی ئافرەتــان لــە زوربــەی وڵاتــە خــۆر ئاواییــەکان کــە شــەڕی تێـدا هەڵــگیرساوە زۆر زۆرتــرە لــە ژمــارەی پیــاوان، هــەموو کــاتێکیش ئــەو شــەڕە وێرانکاریانە بوونەتە بەشێك لـە ژیـانی دانیـشتوانو ڕۆژ بـە ڕۆژ وا دەکـا کـە ئـەو ڕێژە زیادبوونەی ژنـانو کـەم بوونـەوەی پیـاوان لـە بـرەو دابـێ، ئێستا چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگـەڵ ئـەم ژمـارە زۆرەی ئافرەتـان بووەتـە پرسـیارێك وەڵامەکـەی ڕۆشـنبیرو بیرتیـژەکانی ئـەورووپای خـستۆتە مقۆمقـۆوە، تـا ئێـستا چارەسـەری بنبڕکەریان بۆ نەدۆزراوەتەوە، هەموو کاتێکیش سروشـتی ئـادەمیزاد هـاوار دەکـاو داوای دابینکردنی پێویستییەکانی دەکا، ئەگەر لە کـاتێکی موناسـبدا حـەللێکی بـۆ نەدۆزرێتـەوە بێگومـان زیـاتر شـەڕو فەسـادی بـێ ئـەخلاقیو داوێنپیـسی بـڵاو دەبێتەوە، زیاتر ئەو دیاردە ناشیرینەی کە بووەتە پەڵەیەکی ڕەش بە نێو چـاوانی ئافرەتی خور ئاواوە پەرە دەستێنێ!!

ئـەو هۆکارانـەی کـە پێویـستیاتی ژیـانی کۆمەڵایـەتی دەیـچەسپێنێ ئەوەیـە جاری وا هەیـە ژن تووشـی نەخۆشـییەکی مـوزمین دەبـێ، یـان نـەزۆك دەبـێ یـان ئافـەتێکی تـووش دێ هـەموو موغرەیـاتی هەسـتیو دەروونـی لێ دادەڕنـێ، یـان پیاوەکـە وا هەسـت دەکـا کـە تاقـە ژنێـك ئـەو تێرناکـاو لـە گونـاهو داوێـن پیـسی

ناپارێزێ، یان پیاوەکە زۆر بە زەوقەو ژنەکە نەفس مردووە یان وادەبێ ماوەی کەوتنە نێو عادەی مانگانەی ئافرەتەکە زۆرەو ئاسایی نییە یان..هتد.

جا ئەگەر ئیسلام ڕێگا نەدا پیاو لەم کاتانەدا زیاد لەژنێك بێنێ ئەوە لەوانەیە پیاوەکە کاری نەشیاوو لادینی لێ رووبداو داوێنپیسی رەچاو بکا، یان ناچار بێ ئەم ژنە تەلاق بداو ژنێکی تر بێنێ ئاشکراشە تەلاقدان زیاتر زەرەر بە ئافرەت دەگەیەنێ لەوەی کە ژنێکی بەسەر بێ!

حوکمەکانی ئیسلام دەربارەی فرەژنی:

لەوە پێش باسمانکرد کە فرە ژنی لەناو عەرەبەکاندا پێش ئیسلام باوبوو لێرەدا بەس ئەوەندە زیاد دەکەین کە بڵێین: زۆر لەو عەرەبانەی موسوڵمان بوو بوون زیاد لە ئافرەتێکیان لەژێر نیکاحدا بوو تەنانەت هی وایان هەبوو موسوڵمان بوو بوو دە ژنی هەبوون..! کە ئیسلام هات ئەم یاسایەی بەتاڵ نەکردەوە بەڵکوو تەعدیلی کردو ڕێکی خست، دوای ئەوەی فرەژنی بەبێ سنوور ڕێگای پێ درابوو، ئیسلام هات سنوورێکی بۆ دانا، لەبارەی چەندییەت و چۆنییەتەوە ئەحکامی بۆ دانا. لەبارەی چەندییەتەوە سنووری بۆ دانا بەوە کە ئەوپەڕی تا چوارژنی ڕێگەدا پیاو بیان هێنێ و نابێ لەکاتێکدا پیاوێك زیاد لە چوا ژنی لەژێر نیکاحدا بێ. لەبارەی چۆنیەتیشەوە سنووری بۆ دانا بەوە کە چەند مەرجێکی داناوە، هەتاکو برێ لەو مەرجانە نەیەنە دی رەوانیە ژنی تر بێنێ، دەبێ دڵنیا بێ کە زوڵم و ستەم لە ژنە کۆنەکەی ناکا دادپەروەرانە رەفتاریان لەگەڵ دەکا. قورئان دەفەرموێ:

{فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء مَثْنَى وَثُلاَثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلاَّ تَعُولُواْ - سورة النساء - ٣}.

واتە: لەو ژنانەی بۆتان حەڵاڵن مارە بکەن ئەوەندەی دەتانەوێ لە یەکێکەوە تا چوار لەوە زیادی مەکەن ئەگەر ترسان کە بە عەدالەت نەجوڵێنەوە لەکاتی مارەکردنی زیاد لە ژنێك ئەوە قەناعەت بە یەك ئافرەت بکەن و ژنی تر مارە

مەکەن، یا هەر ژن مەهێنن و ئیکتفا بە کەنیزەکەکانی ملکی خۆتان بکەن، ئەم یاسایە باشترە بۆ ئەوەی زیادە رەوی نەکەن و لە سنوور لانەدەن و نەفەقەو حەق و حقوق بدەن بە ئەوانەی بژێویان لە ئەستۆی ئێوە دایە!

ئایەتە قورئانییەکە ئەمین بوونی لە زوڵم بە مەرجی سەرەکی داناوە بۆ مارەکردنی زیاد لە ژنێك، زوڵمەکەشی بەهیچ شتێکەوە موقەیەد نەکردوە کەوابوو ئەگەر ترسی هەبوو زوڵم لە خێزانەکەی بکا یان لە خزمەکانی یان لەخۆی بکا هەروەها ئەگەر ترسی هەبوو لە نەفەقەو بژێوو سوکناو پێکەوە ژیانیشدا زوڵمی لێ بکا یان لە بابەتی ژن و مێردایەتیدا زوڵمی لێ بکا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە زیاد لە ژنێك بۆی رەوا نەبێت.

ئەوەش لەیاد نەکەین کە ئایەتەکە هەر چەند فرەژنی رەوا بینیوە ئەوەشی رونکردۆتەوە کە هەرکەسێ ترسی زوڵمی بوو – نەك یەقین – نابێ ژنی تر بەسەر خێزانی بێنێ، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دەقە قورئانییەکە بازنەی فرە ژنی زۆر تەنگ کردۆتەوە لەم رووەوە کە تەنها هەبوونی ترس لە زوڵمکردنی کردوە بە بەهانەی رەوا نەبوونی ژن هێنانی تر! دەی با هەرکەسێك ئیسلام تاوانبار دەکاو بەهیچ و خۆڕایی تانەی لێ دەدا با سەری خۆی لەبەرد بدا!.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) خۆی و برێ لە هاوەڵانی زیاد لە ژنێکیان هەبووەو بەو پەڕی عەدالەت و پاراستنی سنوورەکانی خودا هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا کردون و گوێڕایەڵی وەسیەت و ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەریان کردوە کە فەرموویەتی:

« مَنْ كَانَتْ لَهُ امْرَأَتَانِ يَمِيلُ لإِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرَى جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَجُرُّ أَحَدَ شِقَّيْهِ سَاقِطاً أَوْ مَائِلاً .

واتە: کەسێك دوو ژنی هەبن و زیاتر مەیلی لای یەکێکیان بکا رۆژی قیامەت دێ بۆ دەشتی مەحشەر لایەکی خوارو خێچە؟!!

خوێنەری هێژا دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو عەدالەتەی ئیسلام داوای دەکا عەدالەتی رواڵەتییە نەك خۆشەویستی دڵ، چونکە خۆشەویستیی دڵ کەس

ناتوانێ دەسەڵاتی بەسەردا هەبێ، تەنانەت پێغەمبەریش نەیتوانیوە لە خۆشەویستی دڵو دەروونندا بە یەکسانی سەیری خێزانەکانی بکا!! لە عائیشەوە گێڕدراوەتەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر بە عەداڵەت لای خێزانەکانی دەخەوتو دەیفەرموو! خودایە! ئەمە کە بەیەکسانی هەڵس و کەوت لەگەڵ خێزانەکانمدا دەکەم توانای خۆمەو ئەمەندە دەتوانم ئیتر لۆمەم مەکە لە شتێکدا کە دەسەڵاتی تۆیەو من تێیدا بێ دەسەڵاتم.. دیارە پێغەمبەر مەبەستی خۆشەویستی دڵو دەروون بووە، هەر ئەم خۆشەویستییەی دڵیشە کە قورئان دەفەرموێ:

{وَلَن تَسْتَطِيعُواْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ النِّسَاء وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلاَ تَمِيلُواْ كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَالْمُعَلَّقَةِ - سورة النساء – ١٢٩}.

واتە: ئێوە ناتوانن لەنگەری دادپەروەری بەتەواوی رابگرن لە نێوان ژنەکانتانا، با مەبەستیشتان بێ، کەوابێ وامەکەن هەرچی خۆشەویستیتان هەیە تەرخانی بکەن بۆ ژنێکتان ئەوی تریشتان بەرەڵڵا بکەن، نە بەژن حیساب بکرێو نە تەڵاق دراویش بێ!؟ ئا ئەمەیە حوکمو تەشریعی ئیسلام دەربارەی فرەژنی، وە موسوڵمانان لە رۆژگاری زێڕینیانو سەردەمی سەعادەتیان دا ئاوا بەو شێوەو لەژێر رۆشنایی ئامۆژگاریەکانی خوداو پێغەمبەر دا رەفتاریان لەگەڵ خاوو خێزانی خۆیاندا کردوە، بەڵام بەداخەوە لەم رۆژگارەدا ئەو گیانە ئیسلامییە نەماوە، بەهۆی ئەوەوە کە زوربەی نەتەوە موسوڵمانەکان نەزانیو دوور بوون لە ئیسلامو کارنەکردن بە حوکمو یاساکانی ئەو ئایینە بوەتە دابو نەریتیانو نیزامی فرە ژنی لێیان بوەتە موشکیلەیەکی سەرەکیو چەندەها فەسادو گێرەو کێشەی لە خێزانوماڵو منداڵدا هێناوەتە دی.

هەر لەبەر ئەوە مامۆستا (محمد عبده) رای وایە: کە نیظامی فرە ژنی پەیوەندبکرێ بە دوو مەرجەوە عەداڵەتو هەبوونی توانا لەسەر دابینکردنی بژێو، هەر ئەم رایەی مامۆستا (محمد عبده) بوو کە لێپرسراوانی میصری هۆشیارکردەوە بۆ ئەوەی یاسایەك دابنێن بە گوێرەی تواناو بەرێو رەسمی قورئانو لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامدا چارەیەکی گونجاو بۆ فرە ژنی

بدۆزنــەوە، هــیچ شــتێکی واش لــە قورئانــدا نییــە کــە بــەرگری بکــاو نــەهێڵێ لێپرسراوانی موسوڵمان ڕێبازێکی ئاواهی بگرن و چارەسەری کێشەی خۆیـانی تێـدا بکەن!

ئەوە ئـەو ڕێبازەیـە کە ئیـسلام قەصدی کـردوە بـەوە کە فـرە ژنـی بـە ڕەوا زانیوە، تا بتوانێ سەیتەرە بکا بەسەر هـەر شـتێکدا کـە سـەر دەکێـشێ بـۆ فـەوزاو سەرکەشی ئارەزۆی ئاژەڵێ. چونکە ئیسلام نیظامێکی گشتیو عالەمییـە، بـۆ خـۆر ئاواو خۆرهەڵاتو هەموو شـوێنێکی ئـەم جیهانـە بـۆ دانیـشتوانی ناوچـەی ساردو گەرمو مام ناوەندییە بۆیە دەبێ یاساکانی فـراوانو گـشتی بـنو بـۆ هـەموو کـەس بگونجێو بەکاری هەموو کاتێك بێ.

تەڵاقو حوکمەکانی (الطلاق وأحكامه):

تەڵاق لە شەریعەتی ئیسلامدا بریتییە لە لابردنی قەیـدی نیکاح، - ئێـستا یـا لەمـەدوا – بـەم جـۆرە بـە عیبـارەتێکی صـەریحو ئاشـکراو ڕاسـتەوخۆ قەیدەکـە لابەرێ، وەکوو ئەوە پیاو بەژنەکەی بڵێ: (أنت طالق) تۆ تەڵاق دراوی، تۆم تـەڵاق داوە، تۆ تەڵاقت بکەوێ – یان بەکینایەو درکـە پێـی بڵـێ: تـۆ لـەمن حـەرامی، تـۆ ژنی من نیت.. هتد. یان لەسەر داخوازی ئافرەتەکە قازی پێی بڵێو بەم ڕستانەی پێشوو – صەریح یان درکە – ئافرەتەکە لەژێر نیکاحی پیاوەکە ڕزگار بکا!

حیکمەت لە تەڵاق ئەوەیـە: یەکـەم لـەلای ئـەو شـەریعەتو یاسـایانەی لەبـەر ناعیلاجی بەڕەوای دەزانن و مەبەسـتیان ئەوەیـە وەچـەو نـەوە بکەونـەوەو بنـەبڕ نـەبن، چـونکە وا دەبـێ ئـافرەت نـەزۆك دەبـێو منـداڵی نابـێ پیاوەکـەش هـەژارو نەدارایەو ناتوانـێ ژنێکـی تـر بێنـێ، لـە هـەمان کاتیـشدا حـەزی لـە منداڵـەو پێـی خۆشە وەجاخ کوێر نەبێ، منداڵێکی هەبێ کە پیر بوو یارمەتی بـداو کـە مـردیش ناوەکەی نەکوژێنرێتەوە. ئەمە بۆ کەسێك کە بڕوای بە شەریعەتێك بێ فرە ژنـی تێدا دروست بێ!!

یەکێکی تر لە حیکمەتی تەڵاق لابردنی زەحمەت و نارەحەتییە لەسەر ژن و مێرد، چونکە وا دەبێ یەکێکیان رەوشتێکی ناشیرینی تێدایەو بەدڵی ئەوی تریان نییە، یان تەبیعەت و بۆچوونیان جیاوازەو دڵیان لێک هەڵ دەنگوێ و خۆشەویستییان لەنێواندا نامێنێ، ئاشکراشە کە خێزان لەسەر خۆشەویستی کۆنەبووەوەو رێزی رای یەکتریی تێدا نەگیرا لێک هەڵدەوەشێ و کامەرانی تێدا نامێنێ!

هەر بۆیەشە دەبینین زوربەی وڵاتە خۆرئاواییەکان و وڵاتە یەکگرتووەکان ناچار بوون شتێک دابنێن لەوەپێش پێی نارازی بوون و بەتاوانیان دادەنا بۆ ئیسلام، ئەوە بوو یاسای (الزواج المدني) ژن مارەکردنی شارەستانیانەیان داهێنا کە یاسای تەڵاقیشی تێدایەو کردیان بە یاسایەکی بەردەوام و نەگۆڕدراو لە قانوونی شەخصی وڵاتانداو کردنیان بە ئەصڵ و بنەمایەک لە شێوەی شارەستانی و پێشکەوتنیان هەر چەندە لەگەڵ راوو بۆچوونی ئایینییان یەک ناگرێتەوە.. لەلایەکی ترەوە تەڵاق شتێکی تازە داهاتوو نیەو ئیسلام دایهێنابێ. بەڵکوو یاسایەکی کۆنەو پێش ئیسلام کاری پێکراوە. پیاو بە ئارەزۆی خۆی تەصەروفی تێدا دەکردو ژن مافی ئەوەی نەبوو بەهیچ نەوعێک داوای تەڵاق بکا، بەو حاڵە مایەوە تا سەردەمی دەوڵەتی رۆمان کەوای لێهات ژن تەڵاقدان بە تەواوی پەرەی سەندو بڵاو بۆوە هەر بەم شێوەیە قانوون و یاسای عیبری کۆن و ئەسینییەکان دانران و رەفتاریان پێکرا، پاشان کە ئایینی موسەوی – جولەکە – هات کەمێک لە بەرژەوەندی ئافرەت بوو بەڵام ئەویش ژن تەڵاقدانی بەڕەوا بینی بەم سێ مەرجانە.

١- زیناکردن.

٢- نەزۆکی.

٣ لەکەداریی سەروسیماو شێوەو شێواز.

بەڵام ئایینی مەسیحی رای پەسەندو جەماوەر زۆری لە نێو پیاوانی کەنیشتە ئەوە بوو – تەنانەت لە حاڵەتی زیناکردنیش دا – تەڵاقدان حەرام و یاساغ بوو،

ئەگەر ئافرەتێك زینای بکردایە پیاوەکە بۆی هەبو کەلێی دوور بکەوێتەوە هەر کاتێکیش ژنەکە تۆبەی بکردایەو پەشیمان بوایەوە دەیتوانی بیباتەوە بۆ لای خۆی‌و رێك بکەونەوە؟! هەروەکوو چۆن پیاوەکە بۆی نەبوو کە ژنێکی تر بێنێ، واتە: زیناکردنی ژن دەبووە هۆی ئەوە کە ژن‌و پیاو هەر بە رواڵەت لێك دوور بکەونەوە، ئەمە بە مەرجێك پیاوەکە داوای بکردایە!؟ بەڵام ئەگەر پیاوەکە زینای بکردایە هیچ باس نەبوو.

لێك دوور کەوتنەوەی ژن‌و مێرد پەیوەندی نێوانیانی نەدەپچڕاند، بەس دەبووە هۆی ئەوە کە ژن‌و مێرد واجباتی ژن‌و مێردایەتی خۆیان ئەنجام نەدەن، لەگەڵ ئەوەشا سەرپەرشتیاریی پیاو بەسەر ژنەوە هەر بەردەوام بوو!!

لێك دوورکەوتنەوەی ژن‌و مێرد کە پیاوانی کەنیشتە یاساکەیان دانابوو، لەگەڵ تەڵاقدا هیچ جیاوازییەکی نەبوو جگە لەوە کە بەناو عەقدی نیکاحەکە پایەدار دەبوو بەڵام لەراستیدا پەیمان‌و نیکاحەکە پوچەڵ دەبووەوە چونکە ژن‌و مێردەکە لێك دووردەکەوتنەوە. لە نێوان ژن‌و مێردەکەدا – جگە لە دووشت هیچی تر نەدەمایەوە:

یەکەمیان: مانەوەی نەفەقەو بژێو لەسەر پیاوەکە.

دووەمیان: داوێنپاکی‌و پارێزگاری شەرمگای خۆیان، سەرەڕای ئەوەش پیاوەکە نەیدەتوانی ژنێکی تر بێنێ! کەوابوو وەکوو (المسیو بلانیول) دەڵێ: ژن‌و پیاوەکە بەزۆرەملێ خۆیان دەکرد بە عازەب‌و بەبێ هیوا ژیانیان بەسەر دەبرد!

ئەمجار هەر ئەم پیاوە قانوونییە فەرەنسییە دەڵێ: بێگومان زوربەی کات ئەوەی کە دەبووە هۆی ئەوە کە مانەوەی ژیانی ژن‌و مێردایەتییان تێك بداو لانەی خێزانییان بڕوخێنێ زیناکردنی یەکێکیان یان هەردووکیان بوو.

دەی باشە وێ دەچێ ئەگەر ژن‌و مێرد لەسەر تاوانێکی ئاوا لێك دورخرانەوە واز لەو کردارە بێنن؟! یان دەبوو ژنێکی بەرەڵاکراوو واز لێهێنراو چ پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتی بمێنێ؟!؟ یان دەبێ چ پەلەو پایەیەك بۆ ئەو پیاوە بمێنێتەوە کە ژنەکەی ئاوا یاری بە شەرەف‌و نامووسی بکا؟! ناوی ئەو پیاوەو

مندالەکانی هەلدەگرێ، لە هەموو شوێنێك ژنەکە بەناو پال دەدرێتە پیاوەکەو نەفەقەشی لێ دەستێنێ‌و هەموو کاتێکیش لەوانەیە فەضیحەیەکی تری بێ رەوشتی لێ روو بدا.

ئەمجار دەلێ: لێك جیاکردنەوەی ژن‌و مێرد وەکوو لای ئەو ئایینانە باوبووە، دەدرێك لانابا دەردێکی تر دێنێ!! چونکە هەرگیز شێوەو شێوازێك نییە کە ژن‌و مێردێك یەکتریان ناخۆش بوێ‌و بتوانن بەرێك‌و پێکی پێکەوە ژیان بەسەر بەرن، بەلکوو رووداوی وایان لێ روو دەدا کە ژن‌و مێردەکە لە ژیان نائومێد بن!! تەنانەت ژن‌و مێرد دوای لێك دورکەتنەوە زیاتر رێگایان بۆ دەکرێتەوە کە خراپەکاریی تر ئەنجام بدەن!

پوختەی تەلاق لە روانگەی ئیسلامەوە (روح الطلاق في الإسلام):

ئایینی ئیسلام تەلاقی بەلاوە روایە، هەرچەندە دژیشی وەستاوەو بەلایەوە کارێکی خراپەو نەفرەتی لێ کردوە. لە پێغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەربێ) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی:

«أَبْغَضُ الحلال عند اللّهِ الطَّلاَقِ . رواه ابن ماجه. واتە:

دزێوترین حەلال بەلای پەروەردگارەوە تەلاقە.

جا کە ئیسلام رێگای تەلاقی داوە، مانای وانیە کە مێردی موسولمان بۆی هەیە بەبێ قەیدو شەرت بە ئارەزۆی خۆی ژنەکەی تەلاق بدا... چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ناشیرینکردنی یاسای تەلاق لە ئیسلام دا. قورئانی پیرۆز چەند هۆکارێك باس دەکا کە دەبنە هۆی ئەوەی تەلاق پێویست بێ، بەلام نایان ژمێری‌و لەچەند رووداوێکی تایبەتیدا کۆیان ناکاتەوە، نەتەوە خۆر ئاواییەکانی کە تەلاقیان بەلاوە رەوایە نایانتوانیوە لەسەر هۆکارەکانی رێك بکەون، دەی دەبێ چۆن لە ئایینێکی گشتی فراوانی وەکوو ئیسلام کە بۆ هەموو چەرخەکان‌و نەتەوە جیاجیاکانی سەرزەوی هاتووە دەتوانرێ هەروا بە ئاسانی هۆکارەکانی

تەلاق رون بکاتەوە؟! بەتایبەتی حاڵو زەمانو هەڵوێستو هۆکارەکان بەگوێرەی شوێنو سروشتی ئادەمیزاد دەگۆڕێن!!

یەکێك لە هۆکارەکانی تەلاق کە لە قوئاندا باس کراوە ئەوەیە کە ژنو مێرد بیانەوێ لێك جیاببنەوەو ژیانی ژنو مێردایەتی کۆتایی پێ بێنن! قورئان مەبەستی ئەوە نییە کە هەموو ناکۆکییەك سەربکێشێ بە تەلاقو بەو ڕوداوە کۆتایی پێ بێ. بەڵکوو ئەوەی کە قورئان ئاماژەی بۆ کردوە ئەو ناکۆکییەیە کە محاڵە ئەو ژنو مێردە بەو حاڵەوە بەیەکەوە هەڵکەن.

خوای گەورە ئەم ناکۆکییەی بە (شقاق) ناو بردووە، مانای (شقاق)یش واتە: لێکترازانو بوون بە دووپارچەی وا کە یەکدی گرتنەوەیان چاوەڕوان نەکرێ! قورئان دەفەرموێ:

{وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُواْ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا إِن يُرِيدَا إِصْلاَحًا يُوَفِّقِ اللّهُ بَيْنَهُمَا - سورة النساء – ٣٥}.

لەم ئایەتەدا قورئان یەکسانی خستووە لە نێوان پیاوو ژندا وشەی (شقاق بینهما) ئەوە دەگەیەنێ کە هەریەکێ لە ژنو مێرد بۆی هەیە داوای هەڵوەشاندنەوەی عەقدو پەیمانی ژنو مێردایەتی بکا، بەمەرجێ هۆکارەکانی ڕەوا بوونی تەلاق بێنەجێ، وەکوو ئەوەی یەکێکیان بەهیچ جۆرێك نەتوانێ لەگەڵ ئەوی تریان هەڵبکا، یان هەردوکیان لێك دوورِدۆم بنو هیچیان بەهیچیان رازی نەبن!

ئەمجار لەحاڵەتی دروستبونی ناکۆکیشدا دروست نییە یەکسەر بە تەلاق پەیوەندی نێوان ژنو مێرد بپچڕێ بەڵکوو دەبێ جارێ هەوڵ بدرێ ئاشت بکرێنەوە، عاقڵ مەندێك لە خزمی پیاوەکەو عاقڵ مەندێك لە خزمی ژنەکە دیاری بکرێن بۆ لێکۆڵینەوەو رێکخستنەوە، بۆ ئەوەی ژنو مێردەکە لەم ماوەیەدا بیرێك لە خۆیانو منداڵو داهاتویان بکەنەوە هەریەکەیان بەهەڵوێستی خۆی دا بچێتەوەو هەڵەکانی خۆی راست بکاتەوە.

{فَابْعَثُواْ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا إِن يُرِيدَا إِصْلاَحًا يُوَفِّقِ اللّهُ بَيْنَهُمَا}.

ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە پێویستە ئەو دوو حەکەمە (عاقڵ مەندە) چی لە توانایاندایە کۆشش بکەن و هەوڵ بدەن ڕێکیان بخەنەوە، ناسکی و جوانی ئوسلوبەکەی قورئان لەوەدایە کە باسیی جیابوونەوەی نەکردوە، بەڵکوو هەر ئەوەندەی درکاندووە کە دەفەرموێ: ئەو دوو حەکەمە ئەگەر دەماغ بسوتێنن و بیانەوێ ژن و مێردەکە ڕێك بخەنەوەو نیازپاك بن خواش یارمەتیدەریان دەبێ و کاریان بۆ دەسازێنێ.

کەوابوو کاتێك پەنا بۆ تەڵاق دەبرێ و دەبێتە چارەساز کە ناکۆکی نێوان ژن و مێردەکە زۆر چەواشە بووبێ تەفرەقەو دڕدۆمییەکەیان گەیشتبێتە ئەوپەڕی، ئەوکاتە پەنا بۆ تەڵاق دەبرێ و بەچارەسەر دەژمێردرێ... دەی بابزانین مافی تەڵاق هی قازی و حاکمە یان مافی هەر یەکێ لە ژن و مێردە بە جیا جیا یان مافی هەردوکیانە بەگشتی!؟

تەڵاق مافی پیاوەو حەقی مێردە (الطلاق من حق الزوج):

ئایینی ئیسلام دەسەڵاتی تەڵاقی حستۆتە دەست مێردو نەیخستۆتە دەست قازی، مەگەر ژنەکە خۆی لە قازی داوا بکاو بڵێ تەڵاقم بۆ وەربگرە. لێرەدا ئەگەر بگوترێ: باشترین ڕێگا ئەوەیە کاتێ ژن و مێرد لە مەسەلەی تەڵاقدا یەك نەبوون دەسەڵاتی تەڵاقەکە بدرێتە دەست قازی و هیچیان نەتوانن تەصەروفی تێدا بکەن، چونکە قازی دادوەرێکی بێ لایەنەو لێپرسراوانە هەڵس و کەوت دەکا. لەلایەکی ترەوە دەگوترێ: ئەو عەقدو پەیمانەی حقوق و واجبات بخاتە سەرشانی ژن و مێرد ویست و ئیرادەی یەکێکیان پوچەڵی ناکاتەوە... هەروەها ئەگەر دەسەڵاتی تەڵاق بخەینە بەردەست یەکێکیان ئەوە ئەو عەقدە پیرۆزە بەرق هەڵسانێکی کاتی لێك هەڵدەوەشێتەوەو تەڵاقدانەکە ڕودەدا کاتێکیش رویدا بەشێمانی لەدوایە بەڵام سوودی نابێ!

لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە تا ئەندازەیەك بەدڵدا دەچێ و وێ چووەو بڕێکیش لە قانوون و یاسا دانراوەکانی جیهان کاری پێدەکەن!! بەڵام کە ئێمە

لەمەوزوعەکــە وردەبێنــەوە، بۆچــوونەکە بەشــیاو نــازانین، چــونکە ویــست و بۆچــون و شــتەنهێنییەکانی دڵ و دەروون دەبــێ بــە بەڵــگەی مــادی و زاهــیری بچەسپێن، چونکە قازی بەهەوانتە حوکم ناکا بەڵکوو بە بەڵگەو دەلیل و شایەت کار دەکا، زیاد لەوەش قازی لە فەزاوەتدا سەیر دەکا چی حەقەو چی ناحەقە بۆ ئەوەی حەق بچەسپێنێ و زوڵم و ستەم قەلاچۆ بکا. دەی خۆشەویستی مەسەلەی ژیانی ژن و مێردایەتی مەسەلەی ستەمکارو ستە لێکراو نییە، بەڵکوو مەسەلەی ئەوەیە ئایا ئەم ژیانی ژن و مێردایەتییە دەگونجێ؟ ئاخۆ خۆشەویستی تێدا بەرقەرار دەبێ و لانەی خێزانییان ناشێوێ؟! یان کار لەکار ترازاوەو هەڵکردنیان ناگونجێ.. بۆ نموونە ئەگەر پیاو پێشنیارێکی دایە دادگاو داوای کرد ژنەکەی تەلاق بدا بە بیانووی ئەوە کە رقی لێ هەڵساوەو خۆشەویستی ئەوی لەدڵدا نەماوەو گوریسی خۆشەویستی نێوانیان بچڕاوە، ئیدیعای ئەوەشی کرد کە زۆر هەوڵی داوە خێزانەکەی بخاتە سەر رێگای راست و رامی بکاو وای لێبکا بتوانێ لەگەڵیدا بگونجێ... بەلام سەرکەوتوو نەبووە ئایا لەم کاتەدا قازی ژنەکەی تەلاق دەدا یان نا؟ بێگومان لەم حاڵەدا تەلاق کارێکی پێویستەو دەبێ ئەنجام بدرێ، دەی باشە لێرەدا چ جیاوازییەك هەیە تەلاقەکە قازی بیدایان پیاوەکە بۆخۆی تەلاقەکە بقەومێنێ! جا کە هۆکاری تەلاق خۆشەویستی و ناخۆشەویستی نەبێ، بەلکوو قەزییە یەکی ئەخلاقی بێ یان شتێکی پزیشکی و کۆمەلایەتی بێ، ئایا لە بەرژەوەندی ژن و مێردەکەیە یان لە بەرژەوەندی کۆمەڵگاو خزم و کەس و کاریانە کە نهێنی ئەو خێزانانە – کە خۆیان نایانەوێ بلاوبێتەوە – بچێتە ناو تۆمارگاو (سجلاتی) دادگاو تۆمار بکرێ؟! بێگومان نا!!

مافی ئافرەت لە تەلاقدا (حق المراة في الطلاق):

لەشــەریعەتی ئیــسلامدا ئــافرەت دەســەلاتی تــەلاقی نــەدراوەتێ مەگــەر بــە سۆنگەی قازییەوە بیدرێتێ؟! حیکمەتەکەشی ئەوەیە ئافرەت هەست و سۆزی زۆرەو زۆر زوو عاتیفە کاری تێ دەکا، سۆزو عاتیفەش کە سەیتەرەی کرد بەسەر

ئادەمیزادا – بە تایبەتی لە کاری گرنگو خەتەرناکا – زەرەر بەدی دێنێ نەك قازانج! ئاشکراشە تەلاق گرنگترین کارێکە کە دەبێ زۆر ئیحتیاتاتی بۆ بکرێ. سەرنجی ئەوەش دراوە ئەو ژنانەی مافی تەلاقیان دراوەتێو دەسەلاتی خستنی تەلاقیان هەبوە، زۆر جار لە جێگای خۆیدا ئەم مافەیان بەکار نەهێناوەو لەسەر شتێکی بەسیتو هیچو پووچ تەلاقیان پێدا کێشاوە!! بەپێچەوانەوە پیاو لەم بارەوە زر بە حەوسەڵەو بارقوڵو خۆگرە، هەموو کاتێ بیر لەو مەسرەفو پارەو پوولە دەکاتەوە کە بۆ پێکهێنانی خێزان سەرفی کردوە ئەو مارەییو ئیلتیزاماتەی کە بەرعودەی بووە، هەروەها لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی منداڵەکانیو ئەو ئیلتیزاماتەی کە تەلاقدان دەیخاتە سەرشانی پیاوەکە، هەموو ئەم شتانە وا لە پیاو دەکا کە بیر لە بەرژەوەندی خۆیو ماڵو منداڵی بکاتەوە، بەهەڵوێستی خۆیدا بچێتەوە پێش ئەوەی لەگڕ کارێکی وا رابچێ! تا نەزانێ لێك جیابونەوە کە پەسەندەو ئەنجام نەدانی ناگونجێ هەرگیز پێی هەڵناسێو شانی بەرنادا، جا کە ئێمە تەلاق بدەینە دەست ئافرەت بێگومان زوڵمو ستەمێکی زۆرمان لەپیاو کردوەو ئەو هەموو مەسرەفو خەرجییەی بۆ مارەییو ماڵ پێکەوە نانو گواستنەوەو ئەوجۆرە شتانەی بۆ ژنەکەی خەرجکردوە بەفیڕۆ دەڕوا، کەوابوو دەسەلاتی تەلاق نادرێ بەژن مەگەر بەسۆنگەی قازیو دادگاوە بیدرێتێ، ئەمیش بە مەرجێ مێردەکە رازی بێو ژنەکەش باربووی زەرەرەکەی بداتەوەو هەموو مەسرەفو خەرجییەکە یان هەندێکی ببژێرێ – واتە ئەو خەسارەتەی کە بەهۆی خەرجییەکەوە تووشی پیاوەکە بووە – ئەم شێوە تەلاقە پێی دەگوترێ (خولع).

دەگێڕنەوە کە خێزانی سابیتی کوڕی قەیس هاتە لای پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) وتی: ئەی پێغەمبەری خودا سابیتی کوڕی قەیس لە رەوشتو ئایینداهیچ عەیبی لێ ناگرم، بەڵام بەدەست خۆم نییە خوێنی ساردەو خۆشم ناوێو ناچێتە دڵمەوە! پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) فەرمووی: ئایا ئەو باخەی کە پێی داویو کردوویەتی بە مارەیی تۆ دەیدەیەوە؟! ئافرەتەکە وتی: بەڵێ، دەیدەمەوە...

ئەمجار پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) بانگی سابیتی کردو فەرمووی باخەکە وەربگرەو تەلاقێکی بدە.

لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدا ئەویش ئەوەیە: ئەگەر پیاوەکە نەیەوێ ژنەکە تەلاق بدا، ئایا ئافرەتەکە دەتوانێ داوا لە دادگا بکا تەلاقەکە بخا؟! بەتایبەتی کە هۆی ڕەواو شەرعی بەدەستەوەبێ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: ئیسلام ڕێگای بە ئافرەت داوە کە داوای تەلاق لە مێردەکەی بکا لە کاتێکدا پیاوەکە نەتوانێ بژێوی ژنەکە دابین بکا، ئەمە ڕاوو بۆچوونی ئیمام مالیكو هاوڕێیانیەتی، بەڵگەشیان ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە کە دەفەرموێ: (إمرأتك ممن تعول تقول أطعمنی والا فارقنی).

هۆیەکی تر لەو هۆیانەی کە دەبنە ڕێخۆشکەرە بۆ ئافرەت کە داوای تەلاق بکا هەبوونی نەخۆشیو عەیبێکی هەمیشەیی بێ دەرمانە کە تووشی پیاوەکە بووبێ، نەخۆشیو عەیبەکە وابێ لە وانەبێ لابچێ بەڵام درەنگ وەکوو شێتیو گوڵیو بەڵەکی.

هەروەها دروستە بۆ ژن داوای تەلاق بکا کاتێ مێردەکەی ساڵێك یان زیاتر هون بوو – بەپێی ڕای پەسەندی ڕێبازی ئیمام مالیك – ئەگەر دەزاندرا پیاوەکە لە کوێیەو نامەی دەگەیشتێ ئەوە نامەی بۆ دەنووسرێو پێی ڕادەگەیەندرێ یان دەبێ بێتەوە بۆ لای خێزانەکەی یان خێزانەکەی بەرێ بۆ لای خۆی، یان ژنەکەی تەلاق بدا یان ژنەکەی تەلاق دەدرێ، جا ئەگەر سەرپێچی کرد ماوەیەکی بۆ دیاری دەکرێ، کە ماوەکە تێپەڕبوو، قازی دەسەڵاتی خۆی بە کاردێنێو ژنەکە تەلاق دەدا! ئەگەر شوێنی پیاوەکە نەدەزانرا، یان نامەی نەدەگەیشتێ ئەوە قازی دوای ساڵەکە یەکسەر تەلاقی دەدا چونکە ژنەکە تووشی زەرەری بێ مێردی دەبێ. بەڵام ئەگەر ژنەکە بەو حاڵە ڕازی بوو نەیدەویست عەقدی نیکاحەکەی تێك بچێ ئەوە نیکاحەکەی وەکوو خۆی دەمێنێتەوە!

چەند بەربەستێکی تەڵاق (حوافز تمنع وقوع الطلاق):

وتمان ئایینی ئیسلام تەلاقی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی پیاوەوەو ئەم دەسەڵاتەی نەداوە بە غەیری مێردو کەس بۆی نییە ئەم مافەی لێ زەوت بکا، تەنانەت (قاضي)یش لەسەر داواکردنی ئافرەتەکە نابێ مافی ئەوەی نییە عەقدی نیکاح بپچڕێنێ! بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم دەسەڵاتی تەڵاقدانەی داوە بە پیاو ئامۆژگاریشی کردوە کە لەگەڵ خێزانیدا هێدی و هێمن بێ، ئەگەر هەڵەیەکی لە ژنەکەی بینی سەرفی نەزەری لێ بکاو بەصەبرو تەحەموول بێ لەگەڵیدا، نەچێ هەروا بەهەوانتەو لەسەر هەڵەیەکی بچوك خێرا تەڵاقێکی پێداکێشێ! خودای مەزن دەفەرموێ:

{وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا - سورة النساء – ١٩}.

لەلایەکی ترەوە ئایینی ئیسلام مەنعی ئەوەی کردوە کە پیاو خێزانی خۆی لەکاتی بێنوێژیدا تەڵاق بدا چونکە حەزو ئارەزۆی ژن و مێردایەتی لەو کاتانەدا لاواز دەبێ، دەگێڕدرێتەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر خێزانی خۆی لەکاتی بێنوێژی دا تەڵاق دابوو، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) هێشتا لە ژیاندا مابوو حەزرەتی عومەر کەزانی چووە لای پێغەمبەرو باسی ئەم تەڵاقدانەی عەبدوڵڵای کوڕی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) فەرمووی ئەی عومەر! بە عەبدوڵڵای کوڕت بڵێ: با خێزانەکەی بخاتەوە ژێر نیکاحی خۆی و لێی راوەستێ تا خۆدەشوا، ئەمجار دەکەوێتەوە بێنوێژیەوە، ئەنجار پاك دەبێتەوە، دوایی ئەگەر ویستی بادرێژە بە ژیانی ژن و مێردایەتی بداو لەگەڵیا هەڵبکا، ئەگەر نا با تەڵاقی بدا پێش ئەوەی کە سەرجێیی لەگەڵدا بکا، ئەوە ئەو عیدەو ماوەیە کە پەروەردگار فەرمانی پێ کردوین ئافرەتی تێدا تەڵاق بدرێ. (ئەم فەرموودیە بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە).

حیکمەتیش لەمەدا ئەوەیە کە ئافرەت تەڵاقدان لەکاتی پاکیدا تەڵاقدانیەتی لە کاتێکی پێویستدا لە کاتێکدا کە نەفس و ئارەزۆی دەیەوێ ژنی هەبێ جا کە

لەم کاتەشدا کابرا هەر سوور بوو لەسەر تەڵاقدانی ئەوە ئەوە دەگەیەنێ کە ناتوانێ لەگەڵیدا هەڵبکاو خۆشەویستی یەکتریان نەماوە! بەربەرستێکی تر بۆ رونەدانی تەڵاق شایەدی گرتنە خودا دەفەرموێ:

{وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ - سورة الطلاق – ٢}.

ئاشکراشە کە ئامادەبوونی دوو شایەت بۆ خستنی تەڵاقەکە وا لە پیاو دەکا بیرێك بکاتەوەو برێك بەخۆیدا بچێتەوە، تەنانەت زانا شیعەکان پێیان وایە کە شایەت گرتن بۆ تەڵاقدان مەرجێکی سەرەکییەو بێ ئەو مەرجە تەڵاق ناکەوێ، هەروەکوو چۆن شایەدی مەرجە بۆ دامەزرانی نیکاح، بێ حازر بوونی شایەدەکان نیکاحەکە دانامەزرێ! ئەمەش ئەوەیە قورئانی پیرۆزە ئاماژەی بۆکردووە.

جا هەرکاتێ ژن و مێرد بە ویست و ئیرادەی خۆیان ویستیان پەیمانی ژن و مێردایەتی خۆیان هەڵوەشێنن ئەوە دەتوانن ویستی خۆیان بێننەدی و کەس ناتوانێ بەربەستیان بکا، زوربەی قانوون و یاسای خۆر ئاواییەکانیش ئەمڕۆ لەسەری دەڕۆن.

جۆرەکانی تەڵاق (اقسام الطلاق):

تەڵاق سێ جۆرە:

یەکەم: ریجعی.

دووەم: تەڵاقی بائین (بینونة صغری) لێك دابڕانی کاتی.

سێیەم: تەڵاقی بائین (بینونة کبری) لێك دابڕانی گەورە.

١- تەڵاقی ریجعی ئەو جۆرە تەڵاقەیە کە دروستە بۆ مێرد خێزانەکەی بگێڕێتەوە بۆ ژێر نیکاحی خۆی بەبێ مارەیی و مارەکردنێکی تازە، واتە: تەڵاقی ریجعی عەقدو پەیمانی ژن و مێردایەتی بە تەواوی لێك هەڵناوەشێنێ، بەڵکوو بۆ مێردەکەی دروستە کە خێزانەکەی بخاتەوە ژێر نیکاحی خۆی هەرکاتێ ئارەزووی کرد بە مەرجێ ئافرەتەکە عیدەی مابێ، عیدەش بریتییە لە ماوەیەکی زەمەنی بۆ ئەوەی بزاندرێ کە ئاخۆ ئاساری ژن و مێردایەتی ماوە یان نا؟! جا کە تەڵاق و

لێك ترازان لە نێوان ژنو مێردا روویدا، هەر بەوە لێك دابڕانەكەیان ناچەسپێ بەڵكوو دەبێ ئافرەتەكە چاوەڕوان بێو شوو نەكاتەوە تا ئەو ماوە زەمەنییە تێپەڕ دەبێ كە پێی دەگوترێ: عیدەو لەمەدوا جۆرەكانی ماوەكەی روون دەكەینەوە.

تەڵاقی ریجعی شتێك نییە ئیسلام دایهێنابێ بەڵكوو پێش هاتنی ئیسلامیش لەناو عەرەبەكاندا تەڵاقی ریجعی هەبوە، بەڵام بە شێوەیەكی ستەمكارانە كاریان پێكردوە، لەو رۆژگارانەدا تەڵاق نەئەندازەی هەبوو نە ژمارە، بەڵكوو ئافرەت كرابوو بە ئامێری رابواردنی پیاو، هیچ رێزو نرخێكی بۆ دانەدەنرا! پیاو دەیتوانی بە ئارەزۆی خۆی بەهۆی تەڵاقەوە زەرەرو زیان بە ژن بگەیەنێو نەهێڵێ لەززەتو خۆشی لەژیان ببینێ!!

كاتێ ئیسلام هات ئەندازەو سنوورێكی بۆ تەڵاق دانا، رێگای بە مێرددا كە تەنها دووجار بتوانێ ژنەكەی تەڵاق بداو ریجعەی بكاتەوە، قورئان دەفەرموێ:

{الطَّلاَقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ - سورة البقرة – ٢٢٩}.

مەبەست بە وشەی (الطلاق) لە ئایەتەكەدا تەڵاقی ریجعییە ئەو تەڵاقەی پیاو دەتوانێ دوای گواستنەوە بیخاتە سەر ژنەكەی بەمەرجێك لەوە پێش هیچ تەڵاقی تری نەدابێ، یان یەك تەڵاقی دابێ، جا ئەم جۆرە تەڵاقە پەیوەندی ژنو مێرد ناپچڕێنێو پیاو دەتوانێ پێش تەواو بوونی عیدە موعاشەرەی ژنو مێردایەتی لەگەڵ دا بكا ئەم موعاشەرەیەش حوكمی تەڵاقەكە پوچەڵ دەكاتەوە. تەنانەت پێش تەواو بوونی عیددە ئەگەر یەكێكیان مرد ئەوی تریان میراتی لێ دەگرێ، بژیوو نەفەقەی ژنەكەش لەماوەی عیددەدا لەسەر پیاوەكەیە، مارەیی قەرز (المهر المؤجل) تا عیددە تەواو نەبێ وەختی نایە.

جا لە ماوەی عیددەدا پیاو دەتوانێ – بەكردار یان بەگفتار – ژنەكەی بخاتەوە ژێر نیكاحی خۆیەوە! خودای مەزن دەفەرموێ:

{وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَلِكَ إِنْ أَرَادُواْ إِصْلاَحًا - سورة البقرة – ٢٢٨}.

جا ئەگەر عیددە بەسەر چوو، پیاوەکە ژنەکەی ریجعە نەکردەوە تەلاقەکە دەکەوێو ناتوانێ ریجعەی بکاتەوە، بەڵکوو دەبێ سەر لەنوێ ئافرەتەکە شوبکاتەوە پیاوێکی تر مارەی بکا، دوایی لەگەڵ ئەو – لەبەر هەرهۆیەك بێ – لێك جیاببنەوەو عیددەی بڕوا، کە لەویش عییدەی رۆیی ئەمجار دەتوانێ شوبکاتەوە بە مێردە کۆنەکەی! قورئانی پیرۆز کە دەفەرموێ: (الطلاق مرتان) واتە: تەلاق دووجارە! نەیفەرموو: (طلقتان) ئامازەی بۆ ئەوە کردوە کە پێویستە تەلاق جار لەدەوای جار بێ نەك هەر ئەوەندە بڵێ: (دوو تەلاقی بکەوێ)! تەنانەت ئەگەر بڵێ: دوو تەلاقی بکەوێ یان سێ تەلاقی بکەوێ بە گوێرەی دەقی ئایەتکە هەریەك تەلاقی دەکەوێ[٢]، کەوابوو هەموو تەلاقێك لە جاری یەکەمدا یان دووەم جاردا پراوەو تاقیکردنەوەیە بۆ لێك دابڕانێکی کاتیو فرسەت پێدانە بۆ ئەوەی عەلاقەتی ژنو مێردایەتی بگێڕنەوە بۆ رۆڵی ئاسایی خۆی.

تەلاقی بائین (بینونة صغری):

ئەم جۆرە تەلاقە بریتییە لەوەی کە پەیمانو عەقدی ژنو مێردایەتی دەسبەجێ لادەباو مافی ژنو مێردایەتی پیاو بەسەر ژنەوە ناهێڵێ، جا ئەگەر پیاوەکە ویستی ژیانی ژنو مێردایەتی لەگەڵ ژنەکەیدا دەس پێبکاتەوە دەبێ سەر لەنوێ مارەی بکاتەوەو مارەیی تری بداتێ! ئەمە بەمەرجێك وا دەبێ کە سێ تەلاقەی تەواو نەکردبێ! ئەم جۆرە تەلاقە بائینە لەچوار حاڵەتدا هەڵدەکەوێ.

یەکەم: تەلاقدان پێش گواستنەوە، بەمەش نیوەی مارەیی دەکەوێو عیددەشی لەسەر نییە.

دووەم: تەلاقدان لەسەر ماڵ پاش گواستنەوە ئەمەش بەو جۆرەیە کە ژن ئەو مارەییەی کە وەری گرتووە هەمووی یان هەندێکی یان ماڵێکی تر بدا بە

---

[٢] - ئەم رایە رای هاوەڵانی پێغەمبەرو تابیعینو زانایانی شەرعی سەر بە رێبازی ئیمام (ابن تیمیه) و (ابن القیم الجوزیه)یە.

مێردەکەی بۆ خاتری تەڵاقی بدا، یان گەردنی لە نەفەقەو بژێوی کاتی عیددە ئازادبکا، یان لە مارەیی دواخراوی ئازادی بکا، لەم حاڵەدا پێویستە ژنەکە عیددە بکێشێ.

سێیەم تەڵاقدان بەهۆی بوونی عەیبێکەوە یان بەهۆی بەندکردن، یان بەهۆی زەرەرمەندبوون بەهۆی بێ سەرو شوێن چونی مێردەکەیی‌و دوور کەوتنەوە! ئەم جۆرە تەڵاقە پێویست دەکا قازی فەرمانی پێ بکاو بەرەوای ببینێ، ئەم جۆرە تەڵاقە پێویستی بە عیددە هەیەو دەبێ ژنەکەی عیددە بکێشێ، ئەگەر قازی بەڕەوای بینی مارەییشی دەکەوێ.

چوارەم: ئەگەر لە تەڵاقی ڕیجعیدا عیددەی تێپەڕبوو. ئا لەم کاتەدا مارەیی دواخراو (المهر المؤجل)ی دەچەسپێ‌و دەکەوێتە سەر پیاوەکە.

تەڵاقی بائین مارەیی دواخراوی پێ دەچەسپێ‌و دەکەوێتە ئەستۆی مێردو دەبێ بە کۆ یان پارچە پارچە بیدا بە ژنەکەی، ئیتر میرات لێك ناگرن، مەگەر بزانرێ کە پیاوەکە بۆیە تەڵاقی داوە تا میراتی لێ نەگرێ! بەم جۆرە کە پیاوەکە لە نەخۆشی مردنیدا ژنەکەی تەڵاق بداو ژنەکەش ڕازی نەبێ ئالەم حاڵەتەدا ژنەکە میراتی لێ دەگرێ بە مەرجێ مردنی پیاوەکە لە ماوەی عیددەی ژنەکەیدا ڕوبدا.

تەڵاقی یەکجارەکی (الطلاق البائن بینونة کبری):

ئەم جۆرە تەڵاقە بریتییە لەوەی تەڵاقدەر سێ تەڵاقەی ژنەکەی بدا بەم شێوە تەڵاقە هەموو پەیوەندییەکی نێوان پیاوو ژنەکە دەپچڕێ‌و لێك جیادەبنەوە، نابێ جارێکی تر مارەی بکاتەوە، مەگەر ژنەکە عیددەی بڕواو شوو بکاتەوە بە پیاوێکی ترو بیگوازێتەوە ئەویش تەڵاقی بداو عیددەی بڕوا ئەمجار مێردی یەکەم بۆی هەیە جارێکی تر سەرلەنوێ مارەی بکاتەوەو مارەیی تری بداتێ، ئەمە بەمەرجێك مارەکردنی لە مێردی دووەمی بە مەبەستی مارە بەجاشی نەبێ، بەڵکوو بۆژن‌و مێردایەتی ئاسایی بێ‌و بیگوازێتەوەو ئەمجار –

لەبەر هەر هۆیەك بێ – تەلاقی بداتو عیددەی بڕوات ئیتر ئەوكاتە حەلاڵە بۆ مێردی یەكەم كە مارەی بكاتەوە بەڵگەش لەسەر ئەم بۆچوونە فەرموودەی خودایە كە دەفەرموێ:

{فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ تَحِلُّ لَهُ مِن بَعْدُ حَتَّىَ تَنكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ فَإِن طَلَّقَهَا فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَن يَتَرَاجَعَا إِن ظَنَّا أَن يُقِيمَا حُدُودَ اللّهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ - سورة البقرة – ٢٣٠}.

پێویستە ئەوە بزانرێ: كە مارەكردنی دووەم ئەگەر مەبەست حەلاڵ كردنی بێ بۆ مێردی یەكەمی بەتاڵەو پێی دەگوترێ مارە بەجاشو مارە بەجاشیش نەفرەتی لێكراوە.

مەبەستو حیكمەت لەم تەلاقە ئەومیە كە ئیسلام مافی داوە بەژنو مێرد بۆ ئەوەی كە پەیوەندی ژنو مێردایەتی دابەستنەوە دوای تەلاقی یەكەمو لە ماوەی عیددەدا یان دوای بەسەرچوونی عیددە!. هەروەكوو چۆن دوای تەلاقی دوهەمیش ئەم مافەی پێداون، بەڵام دوای تەلاقی سێهەم، ئەم مافەی نەداونێ، چونكە مێرد كە جاری یەكەم ژنەكەی تەلاقداو دوایی ریجعەی كردەوە، جاری دووەم دوبارە كارەكەی قەوماندەوەو تەلاقی دایەوەو ریجعەی كردەوە دەبێ ئەم پیاوە لە سەربارێك جێگیر ببێ یان بڕیار بدا تا سەر ژنو مێردایەتیان بەرقەراربێ یان لێك جودا بوونەوە هەڵبژێرێ! جا وەكوو چۆن پیاوەكە دەتوانێ ژنەكە ریجعە بكاتەوەو سەرلەنوێ مارەی بكاتەوە دوای ئەوەی كە شودەكاتەوە بە پیاوێكی ترو لەبەر هۆیەك – جگە لەهۆی مارە بەجاشی – ئەویش تەلاقی دەداو عیددەی دەڕوا... ئیتر دەتوانن سەرلەنوێ ژیانی ژنو مێردایەتی دەست پێ بكەنەوە، چونكە هەردووكیان دەرس وەردەگرنو دەزانن بەرژەوەندییان لەچیدایە، دوای ئەوەی كە ژنەكەی شووی دووەمی كردو بیری لە رابوردووی خۆی كردەوە پیاوەكەش هەمان بیرو بۆچوونی لا دروست دەبێو ئەویش چاوێك بەهەڵوێستی خۆیدا دەگێڕێتەوە.

بەراستی ئەو نووسینە کە (السیرمویر) لە کتێبەکەیدا بەناوی (ژیانی موحەممەد) موحەممەد (درودی خودای لەسەربێ) نووسیویەتی خۆ گێلکردنێکی ئاشکرایەو لە عاقڵ مەندەوە دوورە، ناوبراو هاتووە رەخنەی لەم حوکمەو تەلاقو یاسایەی ئیسلام گرتووە، ئاگای لەوە نەبووە کە شوکردنەوەی ژنەکە بە پیاوێکی تر پێش ئەوەی بتوانێ بگەڕێتەوە بۆ لای مێردی یەکەمی خۆی لە خۆیدا گەورەترین لەمپەرو بەربەستە بۆ ژن تەلاق نەدان بە تایبەتی لەناو گەلو هۆزێکی وەکوو عەرەب کە بە خاوەن غیرەتو کەللەرەق بەناو بانگ بوون! بەڵێ گەورەترین لەمپەر بۆ جڵەو گیریی لەتەلاقدان ئەم یاسایەیە، بۆیە قورئانی پیرۆز بەو جڵەوە پتەوە لغاوی کردوە بۆ ئەوەی نەهێڵێ دیاردەی ژن تەلاقدان پەرە بستێنێ بە تایبەتی لەناو گەلو نەتەوەیەکدا کە بەخاوەن شەرەفو عیززەت بەناوبانگ بوون.

گۆشەگیری لەڕێو رەسمی ژنو مێردایەتی (العدة):

پچڕانو لێك دابڕانی ژنو مێرد هەروا کارێکی ئاسایی نییە بۆیە چەند کۆسپێك دێنە رێگای بۆ ئەوەی تا دەتوانرێ ئەو پەیوەندییە پیرۆزە نەپچڕێ، تەنانەت پاش بەرپابوونی کێشەو هەرا لە نێوان ژنو مێرددا پێویستە هەر هەوڵی ئەوە بدرێ کێشەکە سەر نەکێشێ بۆ لێك جودا بوونەوەو تەلاقدان.. بۆیە دەبینین دوای هەموو تەلاقێك ماوەیەکی چاوەڕوانی هەیە پێی دەگوترێ (عیددە)، قورئانی پیرۆز دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ - سورة الطلاق - ١}.

واتە: ئەی بڕواداران! هەر کاتێ ژنێکی موسوڵمانتان مارە کردو دوایی تەلاقتان دان پێش ئەوەی کە بەدەستیان بگرنو بچنە لایان ئەوە عیددەی ئێومیان لەسەر نییە کەواتە مافی خۆیان بدەنیو بەجوانی دەسبەرداریان ببن.

ئـەو مـاوەی چاوەڕوانییە هـەمووکاتێ وەکـوو یـەك نییـە بەڵـکوو جـوداوازی هەیە بەگوێرەی چۆنییەتی حاڵی ژنەکە وەکوو لەمـەدوا بـە درێـژی باسـی لێـوە دەکەین.

یەکـەم: عیـددەی ئـافرەتی دووگیـان (حامـل) بـە منـداڵ بوونیـەتی هـەرکاتێ منداڵەکەی لێ بووە وە عیددەکەی تەواو دەبێ.

{وَأُوْلَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ - سورة الطلاق – ٤}.

دووەم: ئـافرەتی مێـرد مـردوو – کـە دوو گیـان نـەبێ – عیددەکـەی چـوار مانگـو دە ڕۆژە.

{وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا - سورة البقرة – ٢٣٤}.

سـێیەم: عیـددەی ئـافرەتی تەڵاقـدراو – کەسـکی نـەبێ – ئـەم جـۆرە ژنانـە دەکرێن بە دوو بەش.

أ) ئافرەتی سەرو عوزر شۆر ئەم جۆرە ئافرەتانە عیددەکەیان سێ پاکییە کە نزیکەی سێ مانگ دەکا واتە سێ جار بکەوێتە حەیزەوە پاکیش ببێتەوە.

{وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوَءٍ وَلاَ يَحِلُّ لَهُنَّ أَن يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِن كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ - سورة البقرة – ٢٢٨}.

ب) عیددەی ئافرەتی لە عوزر وەستاوە: ئەوانەی تەمەنیان گەورەیەلـە عـوزر شتن دەوەستێنەوە ئەم جۆرە ئافرەتانە عیددەکەیان سێ مانگە.

{وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِن نِّسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ - سورة الطلاق – ٤}.

ئـەو ئافرەتانـەی کـە بـاڵق بـون بـەڵام سـەرو عوزریـان نەشـتووە ئـەوە هـەر حوکمی ئافرەتی لەعوزر وەستاوەیان هەیە.

شایانی باسە کە ئافرەتی تەڵاق دراوی نەگواسـتراوە هـیچ عیددەیـەکی لەسـەر نییە پەروەردگار دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نَكَحْتُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ثُمَّ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِن قَبْلِ أَن تَمَسُّوهُنَّ فَمَا لَكُمْ عَلَيْهِنَّ مِنْ عِدَّةٍ تَعْتَدُّونَهَا فَمَتِّعُوهُنَّ وَسَرِّحُوهُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا - سورة الأحزاب – ٤٩}.

واتە: ئەی بڕواداران! هەر کاتێ ژنێکی موسوڵمانتان مارە کردو دوایی تەڵاقتان دان پێش ئەوەی کە بەدەستیان بگرن و بچنە لایان، ئەوە عیددەی ئێوەیان لەسەر نییە... کەواتە مافی خۆیان بدەنێ و بەجوانی دەسبەرداریان ببن.. جا کاتێ ژن تەڵاقدرا لەماوەی عیددەکەی لە جێگەی دانیشتنی خۆی دەمێنێتەوە پیاوەکە بژێوی و نەفەقەی بۆ دابین دەکاو ناشتوانێ لەماڵەکە دەری بکا مەگەر ئافرەتەکە خراپەو شتی ناشیرینی لێ روبدا خودا دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِن بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ - سورة الطلاق – ١}.

ئەم ئایەتە مەبەستێکی رون و ئاشکرای لێ بەدیار دەکەوێ ئەویش بریتییە لە درێژە پێدانی ماوە لەبەردەم ژن و پیاوەکەدا بۆ رێک کەوتنەوەو دەست پێکردنەوەی پەیوەندی نێوانیان و قەڵاچۆکردنی ناکۆکی نێوانیان چونکە ئەگەر کەمێك خۆشەویستی نێوانیان مابێ و هیوای یەك کەوتنەوەو ئاشتبوونەوە لە نێوانیاندا مابێ لە ماوەی عیددەکەدا بەدەر دەکەوێ و دەبێتە هۆکارو وەسیلە بۆ گەڕانەوەی پەیوەندی و خۆشەویستی نێوانیان.

عیددە چەند حوکمێکی هەیە گرنگەکانیان ئەمانەن:

١- نابێ لەماوەی عیددەدا ئافرەت خوازبێنی بکرێ.

٢- پێویستە ئافرەت لەماوەی عیددەدا لەماڵی خۆی بمێنێتەوەو لێی دەرنەچێ مەگەر لەبەر ناچاریەکی یەکجار پێویست بێ. ئەمە کاتێك وایە کە عیددەکەی بەهۆی تەڵاقەوە بێ، چونکە لەم حاڵەدا بژێوو نەفەقەی لەسەر مێردەکەیەتی

خۆجوانکردنو خۆڕازاندنەوەی لێ یاساغ ناکرێ چونکە ئیسلام دەیەوێ ئەم ژنو مێردە سەر لەنوێ ژیانی ئاسایی خۆیان دەست پێبکەنەوە.

بەلاّم ئەگەر عیددەکەی بەهۆی مردنی مێردەکەیەوە بوو ئەوە نابێ لە ماڵەوە دەربچێ مەگەر لەبەر ناچارییەکی زۆر زۆرو خۆڕازاندنەوەو خۆ جوانکردنیشی لێ یاساغە.

حیکمەتو هۆیەکانی عیددە دانان زۆرن، یەکێ لەوانە ئەوەیە کە ئیسلام سوورە لەسەر نەپچڕانی پەیوەندی ژن مێردایەتی... جا کە تەلاّق هاتە کایەوە ماوەی عیددە ماوەیەکی گونجاوە بۆ ئەوەی ژنو مێردەکە بیرێك لە رابوردوو داهاتووی خۆیان بکەنەوەو ئەگەر بگونجێ نەهێڵن ئەو پەیوەندییە بپچڕێو رێك بکەونەوە... حیکمەتێکی تر ئەوەیە کە لە ماوەی عیددەکەدا دەردەکەوێ ئاخۆ ئەو ژنە سکی هەیە یان نا؟ ئەمەش دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ تێکەڵ نەبوونی نەوەو هەموو منداڵێك پاڵ دەدرێتەوە پال باوکی شەرعی خۆی. حیکمەتێکی تر ئەوەیە کە دەبێ ئافرەتەکە تازیباریو رەشپۆشی بۆ مێردەکەی ئەنجام بدا، چونکە لە دەستدانی مێردەکەی خەسارەتێکی گەورەیە بۆ ژنەکە جا بۆ بەجێ هێنانی ئەمەكو وەفا بەرامبەر بە مێردەکەی دەبێ فەترەیەك تێپەڕ بێ بەسەر لەدونیا دەرچوونی مێردەکەیدا ئەمجار شوو بکاتەوە.

مافی کەسایەتی ئافرەت لە ئیسلامدا:

ئەوەی گرنگو سەرنج راکێشە ئەوەیە کە شەریعەتی ئیسلام پێش هەموو قانوونو یاسایەك کەوتووە لەوەدا کە وەکوو پیاو مافی بە ئافرەت داوە، چی بۆ پیاو رەوای دەبینێ بۆ ئافرەتیشی رەوا دەبینێ، ئەوەتا شەریعەتی ئیسلامی یەکسانی لە نێوان نێرو مێدا چەسپاندووە.

مافی ئەوەی بە ئافرەت داوە کە وەکوو پیاو دەربارەی سەرپەرشتیکردنی ماڵو دارایيو مۆرکردنی پەیمانو قەباڵەو سەنەدی ماڵو دارایيو شتی تریش

هەڵوێست بنوێنێ‌و مامەڵە بکا. هەرکاتێ ئافرەت وەختی شووی هات‌و عاقڵ‌و دانا بوو، بۆی هەیە کە سەروکاری ماڵ‌و دارایی خۆی بکا، سەربەخۆ دەتوانێ — بەکردارو گوفتار — کارەکانی خۆی ئەنجام بدا سەوداو مامەڵە بکاو سەنەدو وەکالەتنامە مۆر بکا، کڕین‌و فرۆشتن‌و بەکرێدان‌و هاوبەشیکارو قەرزو بارمتەو بەخشین‌و وەسیەتنامە جێبەجی بکاو رەهایان بکا، دەشتوانێ وەکیل بگرێ‌و بشبێتە وەکیل، مێردو باوك‌و براو كەس‌و کاری ناتوانن دەست بێننە بەردەستی!!

ئا ئەمەیە شەخصیەتی ئافرەتی موسوڵمان‌و ئەوە چواردە سەدە زیاترە ئیسلام بەو جۆرە کەسایەتی بۆ چەسپاندوەو رێزی لێ گرتووە! دەی ئەمجار لەتەك ئەمەدا ئاورێك لە حاڵ‌و وەزعی ئافرەتی خۆر ئاوایی بدەرەوە بزانە تا چ ئەندازەیەك مافی پێشێلکراوە؟! ئەوەتا دەبینین لە زوربەی وڵاتی ئەوروپادا هەرکاتێ ئافرەت شووی کرد سامان‌و مڵکایەتیەکەی دەکەوێتە ژێر دەستی مێردەکەی‌و خاوەنیەتەکەی نامێنێ!! بۆ نموونە لە ئینگلتەرە هەرکاتێ ئافرەت شووی کرد ئافرەت‌و پیاوەکە بە قانوون‌و یاسای ئەو وڵاتە دەبنە یەك شەخص‌و ژنەکە ناتوانێ بەرعۆدەی بەڵێن‌و پەیمان ببێ.

دوای ساڵی (١٨٨٢ی ز) قانوونێکی تر لەو وڵاتە هاتە کایەوە کە رێگای دا بەژنی مێردار کە ببنە خاوەن مڵکایەتی‌و مافی ئەوەشیان پێدرا کە بە ئەندازەی مڵکایەتی خۆیان بەرعودەی کارو باری ماڵی ببن!!.

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا قانوون لێ نەگەراوە کە مێرد بەرپرسیاری تەصەروفاتی ژنەکەی نەبێ! بەڵکوو داواکار دەتوانێ داوا لەسەر ئافرەتەکە تەسجیل بکاو داوای لێ بکا یان مێردەکەشی بخاتە پاڵی داوایان لەسەر قەید بکا ئەگەر ئافرەتەکە نەبوو بوو، ئەوە داواکارەکە دەتوانێ داوا لەسەر مێردەکە تەسجیل بکا لەم رووەوە کە بەگوێرەی قانوون مێردەکە بەرپرسیارە لە بەرامبەر هەڵس‌و کەوتی ژنەکەدا.. لە وڵاتی فەرەنساش رۆژنامەی فەرەنسی یاسایی لە

(٢)ی فیبرایەر ساڵی (١٩٣٨)دا قانوونێکی بڵاو کردەوە تێیدا هاتووە دەڵێ: ئافرەتی مێردار ناتوانێ بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی دادوەر ئەم کارانە ئەنجام بدا.

١- ئیمزاکردنی چەکی پارە.

٢- حیسابکردنەوە لە بانقەکانی فەرەنسادا (واتە حیسابی جاری).

٣- هیچ سەنەدو عەقدو کمپیالەیەکی دارایی ئیمزا نەکا.

٤- ناتوانێ بەبێ رەزامەندی وەرگرتنی قازیی راستەوخۆ میرات بگرێ.

دوای ئەوەی ئەمە رونکرایەوە دەتوانین بڵێین ئەگەر رێگە پێدانی ئافرەت بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری دارایی خۆی بە ئازادیو دیموکراتی ئافرەت بژمێردرێو بە دیاردەیەکی گەشەداری چەرخی بیستەم حلێب بکرێ ئەوا دەبێ ئافرەتی موسوڵمان شانازی بەو ئازادیو سەربەستییەوە بکا کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زاینیەوە بۆی چەسپاندووەو بانگەوازی بۆ کردوە!

جا ئەگەر ئایینی ئیسلام یەکسانی خستۆتە نێوان ژنو پیاوەوە لەوەدا کە مافی خۆیانە بە ئارەزوی خۆیان تەصەروف لەماڵی تایبەتی خۆیاندا بکەن، ئەوا دەربارەی میراتگرتن هەڵوێستێکی تری وەرگرتووە کە هاتووە بەشی نێرینەی دوو چەندانەی بەشی مێینە داناوە، ئەمەش لەبەر حیکمەتێکی دادپەروەرانەی کۆمەڵایەتی، چونکە بەرپرسیاری پیاو لەلایەنی ماددەو ژیانەوە گەلێ زۆرترە لەبەرپرسیاری ئافرەت، چونکە ئایینی ئیسلام ئەرکی دابینکردنی بژێوی خاوو خێزانو پێداویستیاتی خستۆتە سەرشانی پیاوو لەم بارەوە هیچ ئەرکێکی نەخستۆتە سەرشانی ئافرەت... تەنانەت ژێواری خودی خۆیشی لەسەر خۆی نییە، بەڵکوو پێش شووکردنی دەکەوێتە سەرشانی کەسو کاریو دواشووکردنیشی دەکەوێتە سەرشانی مێردەکەی! نەك هەر ئەوە بەڵکوو ئەگەر ژنەکە دەوڵەمەندیش بێ هەر بژێوو ژێداری لەسەر خۆی نییە چونکە ئەگەر کەسو کاری نەبوو مێردیشی نەبوو ژێواری دەکەوێتە سەرشانی (بیت المال)و نەفەقەی منداڵەکانیشی دەکەوێتە سەر باوکیانو خزمی باوکیان.

جا لەبەر ئەمە شەریعەتی ئیسلام کە شەریعەتێکی دادپەروەرانەیە، بۆ نێرینە دوو چەندانەی مێینەی داناوە، تا لەنگەری دادپەروەریی لە نێوانیاندا رابگرێ، چونکە پیاو کە ئەم هەموو ئەرکەی لەسەرشانە بە تەنیا، ئەگەر لە میراتدا دوو چەندانەی بۆ دانەنرێ مەغدوور دەبێ.

شایەدییەك دەربارەی ئافرەتی موسوڵمان:

کۆتایی ئەم باسەمان بەشایەدیەکی دکتور جۆستاف لۆبۆن دەهێنین کە دەربارەی ئافرەتی موسوڵمان دەڵێ:

ئەگەر بمانەوێ بزانین تا چ ئەندازەیەك قورئان رۆڵی گرنگی لە چۆنیەتی ئافرەت رزگاکردندا بینیوە پێویستە ئاورێك لە رابوردووی ئافرەت بدەینەوەو بزانین لە چەرخە زێرینە گەشەدارەکانی مێژووی موسوڵماناندا ئافرەت چۆن رفتاری لەگەڵدا کراوە؟! چۆن کاروباری خۆی ئەنجام داوەو ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ هێناوە؟! مێژوو نووسان دەڵێن: ئافرەتی موسوڵمان لەو سەردەمە شکۆدارانەدا پلەو پایەی تایبەتی خۆیان هەبووە، بەجۆرێك ئەو مافەی کە ئێستا ئافرەتی خۆر ئاوایی تازە بەدەستی هێناوە ئەوان هەیان بووە! بەڵکوو پزیشکی موسوڵمانەکانی ئەندەلوس بوو کە روناکی خستە ئەورووپاوە، دابو نەریتی جوانو عادەتی پەسەندو رەوشتی بەرزیان لەو موسوڵمانانە وەرگرت.

لەمەو پێش ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد: کە ئەورووپاییەکان لە موسوڵمانەکانەوە یاساو دەستوورەکانی سوارچاکی فێربوون کە دەبن بە مایەی پیاوەتیو رێزگرتن لەژن. بێگومان ئیسلام – نەك ئایینی مەسیحی – ئافرەتی لە کۆیلایەتیو چەوساندنەوە رزگار کردو سەربەستی دایەو پلەو پایەی شیاوی خۆی پێ بەخشی!!

تۆ ئەگەر سەیری مێژووو سەرگوزەشتەی دەرەبەگە گاورەکانی چاخەکانی ناوەڕاست بکەی دەبینی ئەوان هیچ رێزێکیان لە ئافرەت نەناوە! ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی ئەو رۆژگارانە هەڵبدەیتەوە دەزانی کە دەرەبەگە گاورەکانی

ئـەو رۆژگـارە چـەند دڵـڕەق‌و بـێ بـەزەیی بـوون لەگـەڵ ئافرەتـدا. هـەتا لـە موسوڵمانەکانەوە فێری برێ رەوشتی جوان‌و پیاوەتی بوون! بەڵام هێندەی پێ نەچوو کە شارستانیەتی موسوڵمانەکان لەدەست عەرەبەکان دەرهێندراو کەوتە دەست تورکەکان‌و چەند گەل‌و هۆزێکی تر... ئیتر بەهۆی ئەوانەوە نرخ‌و پایەی ئافرەت دابەزی‌و هاتە کزی‌و سەر لەنوێ دەسکرایەوە بە چەوساندنەوەیان! لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا ئەوە روون دەکەینەوە: کە هەر چەندە ئافرەتی موسوڵمان ئێستا حاڵی وایە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا حاڵیان لە حاڵی ئافرەتی خۆرئاوایی باشترە!!؟!

ئەوەی کە وترا ئەوە دەچەسپێنی کە ئەو زوڵم‌و ستەمەی کە موسوڵمانان لە ژنانی دەکەن بە پێچەوانەی فەرمانەکانی قورئانی پیرۆزە، بۆیە لێرەدا جارێکی تر ئەوە دووپات دەکەینەوە کە ئایینی ئیسلام پلەو پایەی ئافرەتی بەرزکردۆتەوەو هەمیشە هەوڵی داوە مافی خۆی بدرێتێ، ئێمەیش یەکەم دەنگ نین کە لەم بارەوە بەرز بووبێتەوە، بەڵکوو پێش ئێمە چەند رۆشنبیرو زانای وەکوو کوسان دوبرسفال‌و مسیو بارتلمی سان هیلر ئەم دەنگەیان بەرز کردۆتەوەو ئەم رایەیان دەربڕیوە.

بەشی بیستو سێیەم:

یاسای جەنگ لە ئیسلامدا (نظام الحرب في الإسلام)

جەنگ ناچارییەکی کۆمەڵایەتییە – تێروانینی یەهودییەکانو مەسیحییەکان لەشەڕو هەرا – بانگەوازیکردنی ئیسلام بۆ ئاشتی – شەڕ بە مەبەستی بەرگریکردن لەگیان – شەڕکردن لە ڕێگای خودادا – بەرامبەریکردن لە نێوان شەریعەتی ئیسلامو قانوونی دەوڵەتان لە بارەی شەڕەوە – خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ – چەند ئامۆژگارییەکی گشتی لەکاتی شەڕدا – هێزی مەعنەوی – سەرانە – پەنا هێندە – عەهدو پەیمان – شایەدی بڕێ لە زانایانی خۆرئاوا دەربارەی فتوحاتی ئیسلامی.

<u>شەڕ</u>: کێشەو بەرەو ململانێکی چەکدارییە لە نێوان دوو لایەن یان زیاتر بەرپا دەبێ، لایەکیان بەرژەوەندی خۆی دەستی پێ دەکاو لایەکەی تر بە ناچاری وەڵام دەداتەوەو بەبێ ویستی خۆی بەسەریا دەسەپێ... شەڕ هۆکارێکە فەرمانڕەواکان دەیکەن بە ئامێری دابینکردنی ئارەزوە سیاسییەکانیان یان ئارەزوە ئابورییەکانیانو خواستە ناوچەییەکانی خۆیانی پێ مسۆگەر دەکەن.

شەڕ ناچارییەکی کۆمەڵایەتییە (الحرب ضرورة إجتماعية):

بێگومان شەڕو هەرا ناچارییەکی کۆمەڵایەتییە کۆمەڵانی ئادەمیزاد پەنای بۆ دەبەن بە مەبەستی حەلکردنی گێرەو کێشەی کۆمەڵایەتییان... کاتێك کە بە ئاشتی حەل ناکرێ، تەنانەت گەلێ جار کۆمەڵانی ئادەمیزاد سەرەڕای مەبەستە مادییەکانیان مەبەستی ڕۆشنبیریو وێژەییشیان هەیە لەبەر پاکردنی کۆشتارو جەنگدا، چونکە ئەگەر شەڕو هەراو ململانێو بەربەرەکانی نەبوایە ئادەمیزاد نەیدەتوانی پێشکەوتنی شارستانیو زانیاریی بەدەست بێنێ!!

هێگل کە یەکێکە لە رابەرانی بیری شوسیالیستی، پێی وایە کە گۆڕانکاریو پێشکەوتن لە هیچ گۆڕەپانێکدا بەبێ ململانێو بەربەرەکانی هێزە دژبەیەکەکان وە دەست نایێ.

مــارکس و ئینجلیــزیش دوای هێگــل هــەر ئــەم بۆچــوونەیان هــەبووە ئــەم فەلسەفەیان پەسەند کردوە.

شـایانی باسـە کـە قورئـانی پـیرۆز پـێش چوارده سـەده بـۆ چەسپاندنی ئـەم راستییە دەست پیشخەری کردوە کە دەفەرموێ:

{وَلَوْلاَ دَفْعُ اللّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الأَرْضُ وَلَـكِنَّ اللّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ - سورة البقرة – ٢٥١}.

واتە: خواستی خودا وایە کە ئەو خەڵـکە بـەرگری لـە خۆیـان بکـەن، لـەکاتی ناتەبایی خۆیاندا، دەنا سەر رووی زەوی تێك دەچوو.

ئایینی ئیسلام کە شەڕی چەسپاندووە لەبەر ئەوەی پێی وایە شەڕ هۆکارە بۆ حەلکردنی برێ گیرو گرفتی کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا کـە هێـزە ملهوڕو سەرپێـچی کـەران دەبنـە کۆسـپ و تەگـەرە لەبـەردەم بانگـەوازی حـەق و راسـتیدا. ئـەوەتا ئێستاش دەبینین وڵاتە خـۆر ئاواییـەکان دوای ئـەو هـەموو پێـشکەوتنی زانیـاری و شارەستانییەتە لە چەرخی بیستەمدا بـۆ حـەلکردنی گـیرو گرفتـی جـۆ جۆرێـان پەنا دەبەنە بەر شەڕو جەنگ! دەی کەوابێ چۆن دەگونجێ و چـۆن عـەقڵ دەیـبڕێ کە ئیسلام پێش چوارده سەده شەڕ نەکاو بەرەوای نەزانێ؟!

بەتایبـەتی کـە ئیـسلام هـاتووە بـۆ ئـەوەی گۆڕانکاریـەکی گـشتی لـە بـارەی ئایینی و کۆمەڵایەتیەوە بەرپا بکاو رەوڕەوەی ژیانی ئادەمیزاد سەر لەبەر بگـۆڕێ، بەم بۆچوونەش رای ناحـەزانی ئیـسلام پوچـەڵ دەکەینـەوە کـە کوێرانـە ئیـسلام تاوانبار دەکەن بەشـەڕخوازو دەڵێن ئـایینێکی شـەڕانییەو بـەزەبری شمـشێر بـڵاو کراوەتەوە؟! ئا ئەم تانەو تەشەرمیە دوژمنانی ئیسلام کردویانە بەوەسیلەو ئـامێر بۆ ناشـیرین کردنـی؟! ئـەوەتا (ماکدۆناڵد) لـە (دائـرة المعـارف الإسلامیة)دا دەڵێ: (بێگومــان بڵاوکردنــەوەی ئیــسلام بــەزەبری شمــشێرو تــیرو کــەوان ئــەرکێکی سەرشانی هەموو موسوڵمانێك بووە). بۆیە ئێمـەش لێـرەدا هـاتین لـەم باسـەماندا ئەم تۆمەتە پڕو پووچ و بەتاڵەمان رەتکردەوە.

لێڕوانینی ئایینی یەهودیو مەسیحی بۆ شەڕو هەرا

ئەگەر ئێمە بەمێژوودا بچینەوەو سەیری بەرنامەو چۆنییەتی ئایینە کۆنەکانی پێش ئیسلام بکەین، دەبینین کە ئایینی یەهودی شەڕی بەسەر پەیڕەوکارانی خۆیدا سەپاندووە، بە ئەرکی سەرشانی ئەوانی داناوەو هەبوونی خۆیو کونترۆڵکردنی دەورو بەرو داگیرکردنی ولاتانو پەلهاویشتن بۆ ئەوەی گەلانی تر بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە لە شەڕدا دۆزیوەتەوە، هەموو بەرنامەو پرۆگرامی لەسەر کوشتنو بڕینو قەلاچۆکردنی دانیشتوانی ولاتە داگیرکراوەکان بنیات نراوە. ئەوەتا لەنامەی پێنجەمی زەبووردا هاتووە دەڵێ: (هەر کاتێ خودای تۆ ئەتۆی بردە ناو ولاتێ هەتا ببێ بە ملکی تۆ کە خۆشی لەپێش تۆوە گەلێ میللەتی قەلاچۆ کردوە! تۆ شەڕیان لەگەڵ بکە!! بیانکوژەو ئاسەواریان ببڕێنەوە، هەرگیز پەیمانیان لەگەڵدا مەبەستەو بەزەییت پێیاندا نەیەتەوە دڵنەرمیان لەگەڵدا بەکار مەهێنە!!

دوای ئەمە ئایینی مەسیحی هات سەر لەبەر هەموو جۆرە شەڕو هەرایەکی حەرام کرد، ئەوەتا بە گوێرەی ئینجیلی (مەتێ) حەزرەتی مەسیح فەرموویەتی: (ئەمن پێتان دەڵێم: هەرگیز بەرهەڵستیی شەڕ بەشەڕ مەکەنو خراپە بەخراپە وەڵام مەدەنەوە، بەڵکووو ئەگەر کەسێ شەقازللەیەکی لە رووومەتی راستتدا، تۆ خێرا لای چەپیشی تێ بکە!).

ئەوانەی کە دەڵێن: شەڕ هەموو کاتێك بەهیچ جۆرێك حەلاڵ نییەو نابێ بکرێ بەڵگەیەکی تریان فەرموودەکەی حەزرەتی مەسیحە کە بەقدیس بطرسی دەفەرموێ کە دەڵێ: (شمشێرەکەت بخەرە ناو کالانەکەیەوە چونکە هەموو ئەوانەی کە دەست دەدەنە شمشێر، خۆشیان بەشمشێر لەناو دەچن.

جا لەسەر ئەم بنەمایە ئایینی مەسیحی شەڕ حەرام دەکا، بێگومان زۆر لە پیاوانی مەسیحی ژیانی خۆیان لەرێگای ئاشتی دا بەسەر بردووەو زۆر هەوڵو کۆششیان داوە بۆ بلاوکردنەوەی فکرەی نارەوایی شەڕو زیانەکانی تەنانەت

برێکیـان پێیـان وابـووە عەسـکەری کـردن و چـەك و تەقەمـەنی دروسـتکردنیش حەرامەو کارێکی خراپە!

برێ زانای تری مەسیحی هەوڵی زۆریان داوە بۆ ئەوەی رێگایەك بدۆزنەوە تا بتوانن لە نێوانی دەقەکانی ئینجیل و پێداویستییەکانی دەوڵەت و فەرمانڕەواییـدا پێکـەوە گونجانـێ بـسازێنن. لـە ئاکامـا گەییـشتنە ئـەوە کـە شـەڕیانکرد بـەدوو بەشەوە: شەڕی رەواو شەڕی ناڕەوا، زۆرباش لێکۆڵینەوەیان لەم بارەوە ئـەنجام دا، لـە کۆتـایی دا هاتنـە سـەر ئـەوە کـە پێناسـەی شـەڕی رەوایـان بـەوە کـرد کـە فەرمانڕەوا بانگی بـۆ هەڵداو شـەڕەکە خـۆی لەخۆیـدا دادپـەروەری تێـدابێ و ئـەو کەسەی بانگەوازی بۆ دەکا نیازپاك بێ و راستگۆبێ و نیازی لەو شەڕە تـەماعکاری و درەندەیی نەبێ!

بێگومـان لـە چـەرخی چوارەمی زایینـی دا مەسـیحییەکان کـە دەوڵەتیان بـۆ دروست بـوو، بەسـەر کردەیـی (قسطنطین)ی رۆمـانی ناچـار بـوون کـە ریـشەی بتپەرستی لـە وڵاتـی رۆمـادا هەڵکێشن و زۆر بـە تونـدی چەکی ئـاگرو ئاسنـشیان بەکار هێنا!! دەی باشـە چۆن ئـەمڕۆ ئەوانـەی تانـە لـە ئیـسلام دەدەن، دەیانـەوێ ئیسلام شەڕ حـەرام بکـا لەکاتێکـدا کـە ئایینـەکانی پـێش خـۆی کـە ناچـار بـوون و هۆکاری ئاسایش کاریگەر نەبووە پەنایان بردۆتـە بـەر شـەڕو بـەگوێرەی پێویـست بەکاریان هێناوە..!

یـان دەیانـەوێ کـە ئیـسلام شـەڕ حـەرام بکـا، بـەڵام هـەرکاتێ پـەیڕەوەکانی بەناچاری شەڕیان بوو بەتوشەوە شەڕ حەڵاڵ بکەن و گوێ بەفەرمانەکەی ئیـسلام نەدەن، وەك ئەمە لە نـاو خـاوەن ئایینـەکانی تـردا بـووە بـە بـاو! بێگومـان یاسـای ئیسلام زۆر لەوە بەرزترە کە شتێك دابهێنێ لەگەڵ عەقڵدا نەگونجێ.

بانگەوازیی ئیسلام بۆ ئاشتی (دعوة الإسلام إلى السلم):

یاساناسانی جیهان چـەند بنـەماو دەستورێکیان دانـاوە بـۆ بەرپرسیاری هـەر دەوڵەتێك بەرامبەر دەوڵەتێکی تر لەکاتی ئاشتی و شـەڕدا، یەکـەم شـتێك کـە ئـەو

زانایانە چەسپاندوویانە لەو رووەوە ئەوەیە پەیوەندی نێوان ئەو حکوومەتو فەرمانڕەوایانە لەسەر بناغەی ئاشتی دابمەزرێنرێ تاوەکوو بتوانرێ ئاڵو گۆڕی سودو قازانج لەگەڵ یەکتردا بکەن، لە هەموو رویەکەوە هاریکاری یەکتر بکەن بۆ گەیاندنی کۆمەڵانی ئادەمیزاد بە کەماڵو کامەرانی، هەموویان بڕیاری ئەوەیاندا کە نابێ بهێڵدرێ ئەم پەیوەندییە ئاشتییە بپچڕێندرێ، مەگەر لەبەر ناچاریو نەبوونی رێگاچارەی تر ئەوکاتە پەنا بۆ شەڕو ململانێ دەبرێ!

دەی ئایینی ئیسلام پێش چوارده سەدە بانگەوازیی بۆ ئەم فیکرەیە کردوە بەکردەوەش پەیڕەوی کردوە، ئەوەتا پەیوەندی نێوانی موسوڵمانانو نێوانی ناموسوڵمانانی لەسەر بناغەی ئاشتیو ئاسایش دامەزراندووە، هەرگیز رێگەی نەداوەو نادا ئادەمیزادێك بکوژرێ لەبەر ئەوەی بڕوای بە ئایینی ئیسلام نییە، قەت رێگە نادا موسوڵمانان ناحەزانی خۆیان قەڵاچۆ بکەن لەبەر ئەوەی لەبیرو باوەڕدا جیاوازن! بەڵکوو فەرمانی کردوە بە موسوڵمانان کە لەگەڵ ناحەزانی خۆیاندا هەمیشە هەڵسو کەوتی جوان بنوێنن، سەوداو مامەڵەیان لەگەڵدا بکەنو سودو قازانج لەیەکتری وەربگرن، ئەمەش بە ئاشکرا لەمانای ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەردەکەوێ کە دەفەرموێ:

{لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ، إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ - سورة الممتحنة - ٨-٩}.

واتە: پەروەردگار لاری لەوە نییە کە چاکە لەگەڵ ئەو غەیرە دینانەدا بکەن، کە نە لەسەر ئایین چون بەگژتاناو نە لەناو ماڵو حاڵو وڵاتی خۆتان دەریان کردوون، چونکە خودا دادپەروەریو میانەکاری خۆش دەوێ، بەڵام لاری لەوەیە کە بۆ ئەوانە باش بن کە لەسەر ئایین شەڕتان لەگەڵ دەکەنو لەماڵو حاڵی خۆتان دەربەدەرتان دەکەنو پشتی ئەوانە دەگرن کە پەرتەوازەتان دەکەن یان بچن ئەمانە بکەن بە ئاغاو سەروەری خۆتانو کارو باری خۆتانیان پێ بسپێرن،

دەی هەرکەسێ ئەم جۆرە دوژمنانە بکا بە گەورەی خۆی بەراستی ستەمکارو ناهەقیکار خۆیەتی... یان دەفەرموێ:

{فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَوْاْ إِلَيْكُمُ السَّلَمَ فَمَا جَعَلَ اللّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلاً - سورة النساء – ٩٠}.

واتە: ئەگەر شەڕیان پێ نەفرۆشتن‌و لاشەڕبون‌و حەزیان لە ئاشتی‌و ئاسایش بوو لەگەڵ ئێوەدا، ئەوە لەم حاڵەدا خودا رێگە بە ئێوە نادا کە بەناهەق شەڕیان پێ بفرۆشن‌و گەڕیان پێ بکەن.

بەڵێ ئیسلام سوورە لەسەر چەسپاندنی ئاشتی‌و ئاسایش لەناو کۆمەڵانی ئادەمیزادا ئەوەتا قورئان دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ ادْخُلُواْ فِي السِّلْمِ كَآفَّةً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ - سورة البقرة – ٢٠٨}.

واتە: ئەی موسوڵمانان! ئێوە ئیمانەکەتان فرمانتان پێ دەکا کە بچنە ژێر ئالای ئاشتییەوە! دەی هەمووتان بە گشتی بچنە نێو ئاشتییەوە دەستدرێژی مەکەنە سەرکەسێ کە دەستدرێژی نەکردۆتە سەرتان‌و شەڕی تێ نەئالاندون... هەندێکی تر لەو ئایەتانەی کە ئادەمیزاد هەڵدەنین بۆ ئاشتیخوازی ئەم ئایەتایە کە دەفەرموێ:

{وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ - سورة الأنفال – ٦١}.

واتە: ئەی پێغەمبەر! ئەگەر تۆو هاوڕێکانت توشی شەڕێك هاتن‌و دوژمن مەیلی ئاشتی‌و لاشەڕی هەبوو ویستی صوڵح‌و رێککەوتن ئەنجام بدا، ئێوەش ئەو هەڵوێستەیان لێ قبووڵ بکەن‌و بەرەو پیری ئاشتی بچن، چونکە ئیسلام ئاینی ئاشتییە.. بەڵێ ئەم ئایەتە دەرگای ئاشتی دەخاتە سەرپشت‌و داوا دەکا هەموو موسوڵمانان لەو دەرگاوە بچنە ژوورەوە! چونکە ئەم هەڵوێستە لەگەڵ سروشتی ژیاندا گونجاوەو هۆکارێکە بۆ لابردنی دیاردەی شەڕو هەرا.ئەوەی سەرنج راکێشە ئەوەیە کە ئیسلام ئەوەندە سوورە لەسەر ئاشتی کە لە هیچ ئایین‌و رێبازێکی

تردا وێنەی نابیندرێ ئەوەتا (سەلام) کە دەق بەمەعنا ئاشتییە کراوە بە کلیلی چاكو چۆنی نێو موسولمانانو رۆژانە موسولمانان لەناو خۆیانداو لەگەڵ خەڵکانی تریشدا بۆ رۆژ باشی مەلایین جار دەڵێن (السلام علیکم: لە سێبەری ئاشتی دابن).

ئەو حاڵەتانەی کە ئیسلام تێیاندا شەڕ بەڕەوا دەبینێ:

شەڕ بە مەبەستی بەرگری کردن لەگیان (القتال للدفاع عن النفس):

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) چەند ساڵ لەمەککەدا مایەوە خەریکی بانگەوازیکردنی ئیسلامی بوو بەبێ ئەوەی شەڕ لەگەڵ کەس بکا، هەر چەندە قورەیشییەکان ئازاریان دەدا ئەو خۆی دەگرتو ئارامو خۆگری زیاتر دەبوو، ئەو ماوەیەی لە مەککەدابوو ماوەیەکیش لە مەدینە ئەوپەڕی ئێشو ئازاری لە عەرەبکانی مەککەو جولەکەکانی مەدینەوە پێ گەییشت زۆر جار هاوڕێکانی دەهاتنە خزمەتی بەلێدراویو سەرشکاویو برینداری، رازو گلەییو سکاڵای حاڵی خۆیان دەکرد داوایان لە پێغەمبەر دەکرد رێگایان بدا تۆڵەی خۆیان بستێننەوەو بەرگری لەگیانی خۆیان بکەن؟! پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) پێی دەفەرموون صەبرو ئارام بگرن، چونکە تا ئێستا فەرمانی شەڕکردنم پێ نەدراوە، تەنانەت برێ لە هاوڕێکانی بەسزاو ئەندێشەی کافرەکان گیانیان لەدەست داوە، یەکێ لەو شەهیدانە سومەییەی دایکی عەممارو مێردەکەی یاسر بوون کە خێڵی موغەیرە لەسەر موسوڵمان بونیان سزایان دان بۆ ئەوەی لە ئیسلام هەڵگەڕێنەوە، بەڵام ئەوان پەشیمان نەبوونەوە، تا لەژێر ئازاردا شەهید بوونو گیانیان بە بەهەشتی بەرین شادبوو.

پاشان رووداوەکان پەرەیان سەندوە بێ بڕوایان زۆر شێوەو شێوازی سزا دانیان بەکار هێنا تاگەییشتە ئەوە کافرەکان بڕیاری شەهیدکردنی پێغەمبەریاندا، کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) بەم پیلانەیانی زانی بڕیاری کۆچکردنی خۆیو یارانی بۆ مەیدنەدا ئەو مەدینەیەی کە دانیشتوانی بەو پەڕی رێزەوە پیشوازییان لێکردو

پەیمانی ئیسلامییان لەگەڵدا بەستو بەسەرو ماڵ داکۆکییان لێکرد. کافرەکان هەر بە ئەوەندە نەوەستان کە هەوڵی لەناوبردنی پێغەمبەریاندا بەڵکوو هەموو هەوڵو کۆششێکی خۆیانیان خستە گەڕ بۆ کۆکردنەوەو گەلە کۆمەکیکردنی هۆزو خێڵە عەرەبەکان دژی بانگەوازی کردنەکەی‌و هەوڵدان بۆ قەلاچۆکردنی.

ئیتر لە بەرامبەر ئەم هەموو دژایەتییکردنەدا هیچ ڕێگایەك نەمایەوە جگە لەوە کە ڕێگەی پێغەمبەر درا بە شەڕکردن لەگەڵ کافرەکاندا.ئێمە کاتێك ئەو ئایەتە قورئانییانەی کە پەروەردگار فەرمانی شەڕکردنی تێدا بە پێغەمبەر داوە دەخوێنینەوەو لێیان ورد دەبینەوە، دەبینین کە ئایەتەکان ئەوە دەسەلمێنن کە شەڕ وەسیلەیەو ڕێگاچارەیە بۆ قەلاچۆکردنی دەست درێژیکردنو زوڵمو ستەم، ئەوەش دەسەلمێنین کە سروشتی ئادەمیزاد وایە زۆر جار بەرەو دووبەرەکی‌و کێشەو ناکۆکی دەڕوا هەر کەسە گەرەکییەتی مافی یەکێ تر پێشێل بکاو دەستدرێژی بکاتە سەر بێ دەسەڵاتان. ئەوەتا بەرونو ئاشکرایی قورئان ئامازە بۆ ئەمە دەکاو دەفەرموێ:

{أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ، الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ - سورة الحج - ٣٩-٤٠}.

ئەم دوو ئایەتە بەبێ پەروا ئەوە دەگەیەنن کە پەروەردگار ڕێگەی شەڕکردنی بە موسوڵمانان داوە هۆی ئەم ڕێگە بێدانەشی ڕونکردۆتەوە بەوە کە موسوڵمانان زوڵمو ستەمیان لێکراوەو دەستدرێژییان کراوەتە سەرو بەناڕەوا لەماڵو حاڵی خۆیان وەدەرنراونو زێدو نیشتمانی خۆیان پێ بەجێ هێڵراوە، ئەمجار ئەوە ڕون دەکاتەوە کە پەروەردگار بۆیە لە هەموو چەرخو سەردەمێکا یاسای شەڕکردنو بەرگری لەگیانی بۆ خودا پەرستان بەڕوا داناوە، ئەگەر ئەم یاسایەی دانەنایەو بەرگری لە بیرو باوەڕو گیانو ماڵ ڕەوا نەبوایە لەسەردەمی هەموو پێغەمبەرێکا پەرستگاکانو شوێنەکانی خودا پەرستی خابوور دەکران،

دێرو کەنیشەو جێگە نوێژی جولەکەو مزگەوتەکانی موسوڵمانان دەروخێنرا!!
ئەمجار قورئانی پیرۆز دوا بە دوای ئەو دو ئایەتەی پێشوو ئەم ئایەتەی فەرموو:

{الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ - سورة الحج – ٤١}.

کە ئەوە دەگەیەنێ: مەبەست لە سەرکەوتنی موسوڵمانان فراوانکردنی دەسەڵاتومالڵو سامانو وڵات نییە وەکوو دەوڵەتە ئیستیعمارییەکان دەیکەن، مەبەست ئەوە نییە دەست بگرن بەسەر سەرچاوەی بەربوومدا یان بۆ ئەوە دەسەڵاتیان بەسەر وەڵاتێکا بشکێو فیزو دەعیە لێ بدەن! بەڵکوو موسوڵمانان ئەگەر سەربکەونو دەسەڵات پەیدا بکەن نوێژ دەکەنو روو لە پەروەردگار دەکەنو سەری نوازشیو بەندەگی بۆ نەوی دەکەن دڵو دەروونی خۆیان بە بەندایەتیکردنی خۆیان بۆ خودا پاك دەکەنەوە، زەکاتیماڵیان دەردەکەنو لەو ماڵو سامانەی هەیانە بەشی بێ نەواو هەژارو لێقەوماوانی لێ دەدەنو باری کۆمەڵایەتی ئەوان راست دەکەنەوە، فەرمان بە چاکە دەکەنو خێرو خۆشیو حەقو راستی لەناو کۆمەڵدا بڵاو دەکەنەوە، نەهی لە خراپە دەکەنو دژی شەڕو فەساد دەجەنگنو زوڵمو ستەم ریشەکێش دەکەن.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) کە شەڕی لەگەڵ بێ بڕوایان دەکرد بۆیە شەڕی دەکرد تا بەربەرچی دەستدرێژیکردنی ئەو خوانەناسانە بداتەوە، لەلایەن خوداوە فەرمانی شەڕکردنی پێکراوە:

{وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبِّ الْمُعْتَدِينَ، وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ وَلاَ تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّى يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِن قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ كَذَلِكَ جَزَاء الْكَافِرِينَ، فَإِنِ انتَهَوْاْ فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ، وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلّهِ فَإِنِ انتَهَواْ فَلاَ عُدْوَانَ إِلاَّ عَلَى الظَّالِمِينَ - سورة البقرة – ١٩٠-١٩٣}.

ئەم ئایەتە پیرۆزانە فەرمان بە موسوڵمانان دەكەن كە لەرێگەی خودادا شەڕ لەگەڵ ئەوانەدا بكەن كە شەڕیان پێ دەفرۆشن. فەرمانیان پێ دەكەن كە لەهەر شوێنێك فرسەتیان لێ هێنان لێیان بدەنو تەفرو تونایان بكەنو لێكیان بڵاو بكەن، وەكوو چۆن لەوە پێش كافرەكان ئەوانیان پەرتەوازە كردوە، داوایان لێ دەكا لەكاتی تۆڵەسەندنەوەدا زیادە رەوی نەكەن چونكە پەروەردگار دەستدرێژیكەرانی خۆش ناوێن.

ئەمجار ئایەتەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە دەركردنی موسوڵمانەكان لە خانوو بەرەی خۆیان ترساندنیانو ئازارو ئەشكەنجە دانیان بەمەبەستی ئەوەی لە ئایینەكەیان هەڵیانگێڕنەوە زۆر گوناهترە لە كوشتن. چونكە بەڵا لەوە گەورەتر نییە بۆ ئادەمیزاد كە لەسەر بیرو باوەڕ سزابدرێو بچەوسێندرێتەوە، كەوابوو ئەركی سەرشانی موسوڵمانانە كە شەڕ لەگەڵ ئەو ئاژاوەگێڕانەدا بكەن! ئەمجار ئایەتەكان موسوڵمانان لەوە قەدەغە دەكەن كە لەلای شوێنە پیرۆزەكاندا شەڕ لەگەڵ كافرەكان بكەن! بەڵام ئەگەر دوژمن ئەتكی بە شوێنە پیرۆزەكان كردو شەڕیان تیایاندا هەڵگیرساند ئەوكاتە موسوڵمانان بۆیان هەیە بەرپەرچی دوژمن بدەنەوە... دوای ئەوە ئایەتەكان بەوە كۆتاییان دێ كە مەبەستی شەڕو بەربەرەكانییەكە رون دەكەنەوە كە بریتییە لەوە بەندەگی هەر بۆ خودا بكرێو چەوتی لە ئاییندا بەرپا نەبێ ئادەمیزاد هەموویان سەربەستی بیرو باوەڕ بەدەست بێننو كەس نەتوانێ بیانچەوسێنێتەوە.

شەڕكردن لەرێگای خودادا (القتال في سبيل الله):

كۆمەڵی موسوڵمانانان بەپرسیارن كە دادوەری لەسەر زەویدا بچەسپێنن... ئەمەش پێویست دەكا كە موسوڵمانان بەگیانو ماڵ كۆشش بكەنو بەرامبەر زوڵمو ستەم بوەستنو لەهەر شوێنێك دیاردەی زۆر داری بەدیار كەوت ریشەكێشی بكەن، نابێ مەبەستیشیان لەو كۆششو هەوڵدانە داگیركردنی زەویو زارو كانو بەروبووم بێ، یان بۆ ئەوەی بێ كە خەڵكی بخەنە ژێر دەستی

خۆیانەوەو بیانچەوسێننەوە، بەڵکوو دەبێ هەوڵو کۆششەکەیان بۆ چەسپاندنی وشەی (الله) بێ بۆ ئەوەی دەنگی (لا اله الا الله) بەرز بێتەوە، فەرمانی خودا پەیڕەوی بکرێو قورئان یاساو قانوون بێ بەمەش دەگوترێ کۆششکردن لە ڕێگەی خودادا شەڕکردن لە پێناو ئایینی خوادا، قورئان دەفەرموێ:

{وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ - سورة البقرة – ٢٤٤}.

یان دەفەرموێ:

{وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ - سورة الحج – ٧٨}.

ئاشکراشە ڕێگەی خودا ڕێگەی حەقو ڕاستییە، هەموو شەڕێکی کە دەکرێ، بەمەرجێ بۆ خاتری ئایین بێو داکۆکی کردن بێ لە ئایین، ئەوە بە ڕێگەی خودا دەژمێردرێ، هەموو شەڕێك کە بۆ قەڵاچۆکردنی زوڵمو زۆرداری بێ یان بۆ یارمەتی بێنەوایان بێو مەبەست سەرخستنی حەقو ڕاستی بێ بەسەر ناحەقدا، ئەوە شەڕکردنە لە ڕێگەی خوادا، هەر ڕێگەیەك مرۆڤ بگەیەنێتە حەقو ڕاستیو وای لێبکا داکۆکی لە حەق بکا ئەوە کۆششکردنە لە ڕێگەی خودادا.

قورئانی پیرۆز لەزۆر ئایەتەکانیدا موسوڵمانان هەڵدەنێ بۆ شەڕکردن لە ڕێگەی خوداداو داوایان لێ دەکا کە هەوڵو کۆششی خۆیان تەنها لەبەر خودا بێو هیچ مەبەستێکی دنیایی تێدا نەبێ، بڕوانە مانای ئەم ئایەتانەی کە لە مەدینە بۆ پێغەمبەر هاتوون چۆن مەبەستەکانی جیهاد ڕون دەکەنەوە:

{فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالآخِرَةِ وَمَن يُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيُقْتَلْ أَو يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا، وَمَا لَكُمْ لاَ تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْ هَذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا - سورة النساء – ٧٤-٧٥}.

ئەوەتا لەم دوو ئایەتەدا ئاماژەیەکی جوان هەیە کە مەبەستی شەڕ لە ئیسلامدا بۆ ئەوە نییە کە دەسەڵات بە سەروڵاتاندا پەیدابکرێو کۆمەڵانی خەڵك بکرێتە ژێر دەستەو بچەوسێندرێنەوە، بەڵکوو شەڕ لە ڕوانگەی

ئیسلامەوە بۆ چەسپاندنی ئایینی خودایە لەسەر زەوی، بۆ بەرژەوەندی فەقیرو هەژارانە کە کافرەکان دەیانچەوسێننەوە، مەبەست لە شەڕەکانی پێغەمبەرو هاوەڵانی دژی بێ بڕوایان رزگارکردنی ئەو موسوڵمانە فەقیرانەی مەککە بوو کە بێ بڕواکان، چەرمەسەرییان دەدان و جۆرەها سزاو ئەشکەنجەیان دەدان تا نەهێڵن کۆچ بکەن و لە ئیسلام هەڵیان بگێڕنەوە، بۆیە پەروەردگار پێیان دەفەرموێ: ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان! ئەو هەژارو فەقیرانەی لە مەککەدا ماون هانایان بۆ خودا هێناوە، پێویستە ئێوە بەهانایانەوە بچن و یارمەتییان بدەن زوڵم و ستەمیان لەسەر لابەرن.. ئەمجار دوای ئەو دوو ئایەتە دەفەرموێ:

{الَّذِينَ آمَنُواْ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ فَقَاتِلُواْ أَوْلِيَاء الشَّيْطَانِ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا - سورة النساء – ٧٦}.

وشەی (الطاغوت) بەکەسێك دەگوترێ کە لەسنوور دەرچێ و زیادە ڕەوی بکا، هەر شتێك لە ئەندازەی خۆی دەربچێ سەرپێچی فەرمانی خودا بکا، بە طوغیان حسێب دەکرێ!! کە ئادەمیزادیش سنووری بەزاندو زیادەڕەوی کردو خۆی بەزلزانی و هەوڵی فەساد بلاوکردنەوەی دا لەسەر زەوی و خەڵکی بەکۆیلەو بەندەو ژێردەستە سەیرکردو مافی پێشێلکردن و لەبەروبوومی زەوی بێ بەشیکردن، ئەوە شەڕکردنە لە پێناوی طاغوتداو هەڵوێستێکە خودا نەفرینی لێ کردوەو بەردوشمی بێ بڕوایانی داناوە. بەڵام شەڕو کۆشش لە ڕێگەی خوادا مەبەستەکەی ئەوەیە کە یاسای خودایی ئاڵای بەسەر جیهاندا بشەکێتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو کۆششکارانە هیچ مەبەستێکی تایەبەتی دونیایی خۆیان هەبێ، یان بیانەوێ دەسەڵاتی جیهان بەدەستەوە بگرن و فیزو لوتبەرزی بنوێنن! خودا دەفەرموێ:

{تِلْكَ الدَّارُ الْآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ - سورة القصص – ٨٣}.

واتە: ئەو خانەی دوا رۆژە بە خۆیو نازو بەهرەی ناویەوە خەڵاتی تایبەتی ئێمەیە تەرخانمان کردوە بۆ ئەو خودا پێداوانەی کە نایانەوێ لەوڵاتدا لوتبەرزیو سەرکەشی روبدا، سەرەنجامی باش هەمیشە خەڵاتی لە خواترسانە.. دەگێڕنەوە دەڵێن جارێك عەرەبێکی دەشتەکی بە پێغەمبەری گوت (دروودی خودای لەسەربێ): پیاوی وا هەیە بۆ تاڵان شەڕ دەکا، هەیە بۆ ناوو شۆرەت شەڕدەکا، هەیشە شەڕ دەکا تا جێگە دەستی دیاربێو پێی بڵێن: ئازایە، ئەمانە کامەیان لە ڕێگەی خودادایە؟! پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) لەوەڵامی دا فەرمووی: (هەر کەسێ شەڕ بکا بۆ ئەوەی شەریعەتی خودا سەربکەوێ، ئەوە لە ڕێگەی خودادا شەڕ دەکا).

بەکورتی موسوڵمانان دەبێ هەمووکات لە تێکۆشاندا بنو خەریکی هەوڵو کۆشش بن مەبەستیشیان چەسپاندنی شەریعەتی خودا بێ: کە سیستەمێکی هەقەو لەگەڵ شروشتی راستو دروستی ئادەمیزاد دەگونجێو بەختەوەریو سەرفرازی بۆ مرۆڤ لە ئامێز گرتووە.

کۆمەڵی موسوڵمانانیش بەرپرسیارن بۆ لابردنی زوڵمو ستەم لەسەر تاكو کۆمەڵ لە هەموو جیهاندا بەبێ ئەوەی جۆری رەنگو زمانو ڕەچەڵەكو ئاینیان بە بەرچاو بگیرێ؟! خودا بە کۆمەڵی موسوڵمانان دەفەرموێ:

{وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيداً- سورة البقرة – ١٤٣}.

واتە: ئێوەمان کردوە بە میللەتێکی میانکاری دادپەروەر، تا ببن بە شایەت لەسەرچاکیو خراپی ئەو خەڵکە، وە پێغەمبەریش ببێ بەشایەت لەسەر کرداری باشو خراپی ئێوە، هەتا بتوانن چارەسەری لاریو خواری ئەو خەڵکە بکەن.

لەم ئەرکە پیرۆزەشدا هیچ زێدەرێزیك بۆ هۆزێك بەسەر هۆزێکی تردا نییە، یان بڵێین: نزمی گەلو نەتەوەیەکی تێدا نابینرێ، هەرگیز نابێ نەتەوەیەك خۆی بە هەڵبژاردەو بێ خەوش بزانێو خەڵکی تر بەکەم رێزو هیچو پوچ دابنێ، چونکە ئەرکی ئیسلامیو پەیڕەوکردنی فەرمانەکانیو ملکەچکردن بۆ یاسای خوداییو هەوڵدان بۆ بڵاوبوونەوەو چەسپاندنیان لەسەر زەوی

تایبەتمەندی هیچ نەتەوەیەك نیەو بۆ نەتەوەیەکی تر نەبێو لێی یاساغ بێ!!
بەڵکوو پەروەردگار ئەرکی جیهادی ئیسلامیو خۆبەختکردنی لەپێناو ئایینەدا کردوە بە دروشمو نیشانەی ئەوانەی بڕوایان بە بنەماو یاساکانی ئیسلام هەیە، بەبێ ئەوەی نژادو رەنگو زمانو وڵاتو زێد دەورێکیان لەم ریزەدا هەبێ!! ئایەتەکانی قورئان ئاشکران لەوەدا کە ئیسلام ئایینێکی گشتییە بۆ هەموو ئادەمیزادو تایبەتمەندی کەس نییە خودا بە پێغەمبەر دەفەرموێ:

{قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ - سورة الأعراف – ١٥٨}.

واتە: بفەرموو: ئەی مەردوم! من پێغەمبەری خودام خودا رەوانەی کردووم بۆ سەر هەمووتان وەك یەك... دیارە کە خودا خاوەنی ئاسمانەکانو زەوییە، هەر خۆی خودایەو بەس، ژیانو مردن بەدەست خۆیەتی، تازووە باوەڕ بە خوداو بە پێغەمبەری خودا بکەن، کە نیشانەی ئەم پێغەمبەرەی وایە: باوەڕێکی ساغی تەواو دامەزاوی بە خودا هەیە، پێغەمبەرێکی نەخوێندەوارە، پەیڕەوی شەریعەتێکی بێ گەردی خودایی دەکا، دەی تازووە پەیڕەوی ئەم زاتە بکەن تارێگەی هەق بگرن.

هەر بۆیەشە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) نوێنەری خۆی بەنامەی تایبەتییەوە ناردوە بۆلای پادشاو سەرۆکەکانی ئەو وڵاتانەی کە دراوسێی دورگەی عەرەب بوون، تەنانەت هێشتا ناوخودی مەککەو مەدینە پاك نەکرابووەوە کە نامەی پێغەمبەر نێردرا بۆلای کیسرای شای ئێران، قەیسەری پادشای رۆم.. هتد. ئەم نامانە بانگەوازیکردن بوون بۆ ئیسلام، بەڵام ئەوانە بانگەوازییەکەیان رەت کردەوەو بەپیر بانگەوازییەکەوە نەهاتن.. هەیانبوو نوێنەرەکەی پێغەمبەری شەهید کرد، هەیانبوو نامەکەی پێغەمبەری دڕاندو هەڕەشەی توندیشی لە پێغەمبەرکرد، ئیتر موسوڵمانەکان ناچار بوون کە شەڕ لەگەڵ ئەو ملهوڕانەدا بکەن بە تایبەتی کە

بۆیان دەرکەوت کە ئەو خوا نەناسانە سەفیرو نوێنەری پێغەمبەریان شەهیدکردوو سوکایەتیان پێکردن‌و بەسیاسەتی زوڵم‌و ستەمکاری وەڵامیان دانەوە.

جا کە موسوڵمانەکان خۆیان ئامادەکرد بۆ شەڕکردن لەگەڵ فارس‌و رۆمدا کە ئەوکاتە زوربەی جیهان لەژێر دەسەڵاتی ئەم دوو ملهوڕانەدا بوو، لە ماوەیەکی کەمدا توانییان ئەم دوو دەوڵەتە ملهوڕە ستەمکارە بڕوخێنن‌و ئیسلام لەناو وڵاتانیاندا بڵاو بکەنەوە!! لەڕاستی دا ئەم دوو دەوڵەتە داهێزابوون‌و مۆرانەو خۆرکەیان تێ کەوتبوو چونکە چەند جار لەگەڵ یەکتردا کەوتبوونە شەڕو جەنگی کاولکارییەوە، بەتەواوی یەکتریان هیلاك کردبوو، لەبارەی رامیاری‌و کۆمەڵایەتیشەوە بەتەواوی تێك شکابوون، چونکە لەگەڵ هاووڵاتی خۆیاندا سیاسەتی کوتەکیان بەکار دەهێناو زوڵم‌و ستەمیان لێ دەکردن‌و باج‌و سەرانەی زۆریان دەخستنە سەرو، تا بیانتوانییایە دەیانچەوساندنەوە بەمەش گیانی نیشتمانپەروەری‌و خۆشەویستی بۆ پاشاو گوێڕایەڵی بۆ فەرمانڕەواکانیان تێدا مردبوو، لەلایەکی ترەوە دانیشتوان بیرو باوەڕی جیاوازو هەمە جۆرو پڕو پوچیان هەبوو، ئایینی زەردەشتی کە فارس‌و کورد بە میرات بۆیان بەجێ مابوو گۆڕانکاری تێدا کرابوو، تا وای لێهاتبوو ببوە ئاگرپەرستی‌و چەند داب‌و نەرێتێکی ئەفسووناوی‌و پڕ لە زوڵم‌و ستەم، بەجۆرێك کە رەشە خەڵکەکە لەناخەوە رقیان لێ بوو، بەنهێنی دژی بوون، دیاردەیەکی ئایینی پێوە نەمابوو!! ئەو کێشەو بێنەو بەرەی کە لە فەلسەفەی یونانەوە بۆیان بەجێ مابوو ئەوەندەی تر ئایینەکەی شێواندبوو تاوای لێهاتبوو هەردوو ئایینی مەجووسی‌و مەسیحی بوبوونە چەندەها تاقم‌و کۆمەڵ‌و رێبازی جیاو دژ بە یەکتر، هەریەکەیان ئەوی تری دەچەوساندەوە، هەر تاقم‌و کۆمەڵێك دەیویست ئەوی تر قەڵاچۆ بکا!

ئەم هۆیانە زۆر کاریگەر بوون بۆ سەرکەوتنی موسوڵمانەکان بەسەر هەردو ئیمپراتۆری فارس‌و رۆم دا! تەنانەت سوپای ئیسلام لە هیچ شوێنێك بەرەوروی بەرگری میللی نەدەبووەوە، زوربەی خەڵکەکە بەبێ شەڕ هاتنە ژێر ئاڵای

ئیسلامەوە، بە ماوەیەکی کەم گزنکی خۆری ئیسلام بەناو ئیمپراتۆری فارس‌و رۆمدا بڵاو بووەوە.

بەرامبەریەکی نێوان ئیسلام‌و قانوونی دەولی دەربارەی شەڕو جەنگ:

ئاشکرایە ئیسلام شەڕی بەڕەوا زانیوەو دەزانێ، بەڵام بەرەحمەت‌و بەزەیی‌و مرۆڤایەتی شورای کردوە، یاسایەکی دادوەرانەی بۆ داناوە... کە تا ئێستاش شارەستانیەتی چەرخی بیستەم پەی پێ نەبردوە تەنانەت لێشی نزیک نەبۆتەوە!! بێگومان ئیسلام چەند یاسایەکی بۆ شەڕ داناوەو پەیڕەویکردنی ئەو یاسایانەی بە پێویستییەکی سەرەکی داناوە، بۆ ئەوەی تا بکرێ شەڕو زیانی شەڕی پێ کەم بکرێتەوەو مافی مرۆڤی تێدا پێشێل نەکرێ، بەمەش ئەو پەڕی رەحم‌و بەزەیی بۆ مرۆڤ رەچاو کردوە.

ئەم یاسایانەی ئیسلام لە زۆر شوێندا لەگەڵ قانوون‌و یاسا جیهانییەکانی ئەمڕۆ یەك دەگرنەوە، بەڵام ئەم یاسا ئیسلامییانە جیاوازییەکی بنەڕەتییان لەگەڵ یاسا نێو دەوڵەتییەکاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە یاسای ئیسلامی یاسایەکی ئایینیەو بڕوای موسوڵمانان پێی دەبێ بە مایەی چەسپاندنی، بەڵام یاسا نێو دەوڵەتییەکان هێزێکی تایبەتی مەعنەوی وایان لەگەڵ نییە کە ببێ بەهۆی چەسپاندنیان، مەگەر بەزۆری کوتەك، تەنانەت بڕی رۆشنبیرو زانا پێیان وایە: کە ناونانی ئەو یاسایانە بە یاسای دەولی لەجێی خۆیدا نیەو بەچاو لێپۆشین نەبێ ناتوانی ناوی لێبنێی (قانوونی دەولی) چونکە قانوون کاتێك قانوونە: کە هێزێك هەبێ هێزی چەسپاندنی پێ بداو وابکا حکوومەتەکان گەردنکەچی برگەکانی بن... دەی خۆ هێزێك بتوانێ حکوومەتەکان گەردنکەچی ئەو قانوونە بکا نییە! بەڵام ئەحکامی ئیسلامی دەربارەی شەڕ هەرچەندە حوکمەکان هەموویان دادوەری‌و بەزەییان تێدایە بیروباوەڕی موسوڵمانانیش پارمەتیدەرێکی باشن بۆ جێەجێ کردنیان. جا لەسەر ئەم بنەمایە ئەحکامی ئیسلامی دەربارەی شەڕ دانراون‌و پەیڕەوییان لێ دەکرێ. وەکوو لەمەدوا رونی دەکەینەوە.

- یاسا نێودەوڵەتییەکان ئەوەیان چەسپاندوە: کە پێویستە ئەو حکوومەتەی ناچار دەبێ: کە جاڕی شەڕ بدا لە دژی دەوڵەتێکی تر، دەبێ لەپێشدا ئاگاداری دەوڵەتەکەی تر بکاتەوەو کاتی شەڕ دەستپێکردنی بۆ دیاری بکاو هەڕەشە لە حکوومەتەکانی تریش بکا بۆ ئەوەی بێ لایەنی خۆیان دەرببڕن، مەبەستیش لەم ئاگادارییە خۆ پاراستنە لەبێ ویژدانیو ئاشوب گێڕێ.

لە شەریعەتی ئیسلامیشدا هاتووە دەڵێ پێویستە لەسەر موسوڵمانان پێش ئەوەی دەست بکەن بەشەڕ لەگەڵ بێ بڕوایان بانگەوازی ئیسلامییان پێ رابگەیەنن‌و داوایان لێ بکەن موسوڵمان بن.

بێگومان مێژوو چەسپاندویەتی: کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) لەگەڵ هیچ هۆزو نەتەوەیەکدا شەڕی نەکردوە هەتا لەپێشدا بانگی نەکردبن بۆ ئیسلام بوون، هەرکاتێکیش لەشکرێکی بناردایە بۆ شەڕ فەرمانی بەسەر لەشکرەکە دەکرد کە بەو جۆرە هەڵس‌و کەوت بکا! ئیمامی موسلیم لەصەحیحەکەی دا ریوایەتی کردوە دەفەرمووێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) بە برێ لە سەرکردەکانی خۆی فەرموو: کاتێ توشی دوژمنی خۆت بووی لە هاوبەشپەیداکەران لەپێشدا داوای یەکێ لەم سێ شتەیان لێ بکە، هەرکامێکیان پەسەندکرد تویش پەسەندی بکە: یا ئیسلام بون، یان سەرانە، یان شەڕکردن. سەرانەش باج‌و خەرجێکی سامانییە نیشانەی ئەوەیە: کە سەرانەدەرەکە گەردنکەچی دەسەلاتی موسوڵمانانە. وەکوو لەوە دوا باسی دەکەین‌و شی دەکەینەوە.

- قانوونی دەولی ئەوەی چەسپاندوە کە ئەو خەڵکەی ناچنە رێزی سوپاوەو خەریکی کارو باری خۆیانن بەشەڕکەر حسێب ناکرێن‌و نابێ زەرەرو زیانیان پێ بگا، چونکە پێناسەی (محارب): شەڕکەر تایبەتە بەسەربازو چەك بەدەست‌و جەنگاوەر! دەی خۆ شەریعەتی ئیسلامیش بە ئاشکرا ئەمەی چەسپاندووە، ئەوەتا قورئان دەفەرموێ:

{وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ - سورة البقرة – ١٩٠}.

واتە: شەڕ لەگەڵ ئەوانەدا بکەن کە شەڕتان لەگەڵ دەکەن‌و زیادە ڕەوی مەکەن، سنوورو یاسا مەشکێنن‌و تەعەدا مەکەن. دەی خۆ تەعەداکردن ئەوەیە

کەشەڕ لەگەڵ کەسانێك بکرێ کە شەڕکەرنین، وەکوو کوڕو کچو ژنی دوژمن یان نەخۆشو پیرو پیاوە ئاینییەکانیان...هتد.

رەباحی کوڕی رەبیعە دەڵێ: لە غەزایەکدا لەگەڵ پێغەمبەر بووم، لە شوێنێکدا پێغەمبەر (درووی خودای لەسەربێ) خۆیو هاوەڵانی لاشەی ئافرەتێکی کوژراویان چاو پێکەوت، پێغەمبەر (درووی خودای لەسەربێ) هەڵوێستەیەکی کردو فەرمووی: نەدەبوو ئەم ئافرەتە بکوژرێ! ئەمجار روی کردە هاوەڵانیو بەصەحابەیەکی فەرموو خێرا بگەرە خالیدی کوڕی وەلیدو پێی بڵێ: نابێ منالو رەنجبەرو ئافرەت بکوژرێن[٢].

لەوکاتەش دا کەسوپاسی موسوڵمانان خۆی ئامادە دەکرد بۆ غەزای (مۆتە) پێغەمبەر (درووی خودای لەسەربێ) پێی فەرموون: بەهیچ جۆرێك ئافرەت مەکوژن، منالی بێ دەسەڵاتو پیری پەککەوتە مەکوژن، باخو دارخورماو میوەی تر مەسوتێنن. درەختو نەمام هەڵمەکێشنو خانوو بەرە مەڕوخێنن.

عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەفەرموێ: پێغەمبەر (درووی خودای لەسەربێ) هەرکاتێ سوپایەکی رەوانەی بەرەی شەڕ دەکرد پێی دەفەرموون دانیشتوانی دێرو خەڵوەخانەکان مەکوژن.

- قانوونی دەولی مەنعی کردوە کە لەشەڕدا بریندار بکوژرێ، دیلەکانی سزا بدرێن، یان بکوژرێن، هەروەها یاساغی کردوە کە قونبوولەو بۆمی کۆکوژو روخێنەر بەکار بهێندرێن، هەروەها یاساغی کردوە کە جۆگەو جۆربارو بیرو کانیاو زەهراوی بکرێن، هەروەکووو چۆن رێز گرتنی لاشەی کوژراوانی شەڕی بەپێویست داناوەو ئەتککردنی ئەو لاشانەی بەحەرام داناوە! دەی ئایینی ئیسلامیش ئەم شتانەی هەموو حەرام کردوە! ئەوە مێژوو شایەتە کەپێغەمبەر (درووی خودای لەسەربێ) هەر کاتێ صەحابەیەکی دەکردە سەرلەشکر یان لێپرسراوی کۆمەڵێك صەحابە ئامۆژگاری سەرکردەو هاوەڵەکانی دەکرد کە لەخودا بترسنو بەپێی فەرمانی خودا رەفتار بکەن، ئەمجار پێی دەفەرموون: بەناوی خودا لەپێناو ئایینی خودادا غەزا بکەن، شەڕ لەگەڵ ئەوانەدا بکەن کە خودا نەناسن،

---

[٢]- ئیمامی موسلیم ئەم فەرموودەی گێڕاوەتەوە.

گـزیو دزی لـه تـالانی مەکـەنو ناهـەقیو بـێ پـەیمانی مەکـەن، کـوژراو ئـەتك مەکەنو لووتو گوێی کەس مەبڕنو منداڵی ساوا مەکوژن[4]! تەنانەت لە ئیـسلامدا ئەگـەر دوژمـن سـوکایەتیش بەشـەهیدانی موسـوڵمانان بکـا وا چـاکە تۆڵـەی ئـەو سوکایەتی پێکردنـە بـەو شـێوەیە نەکرێتـەوە... واتـە ئەگـەر دوژمـن (کافرەکـان) دەمو لـوتی شـەهیدێکیان بـڕی چـاك وایـە موسـوڵمانان نەچـن دەمو لـووتی کوژراوێکیان ببڕنەوە، چونکە کە لە غەزای ئوحوددا بێ بڕواکان سوکایەتییان بە حـەزرەتی هـەمزە کـردو جـەرگیان دەرهێنـا، هـەروەها هـەتکی چـەند شـەهیدێکی تریان کرد پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) سوێندی خـوارد فـەرمووی: ئەگـەر خـودا زاڵـم بکـا بەسـەریانو فرسـەت لـەو خوانەناسـانە بێـنم دەبـێ دووچـەندانە هـەتکیان بکەمەوەو سوکایەتیان پێ بکەم!! بەڵام پەروەردگار ئـەم ئایەتـەی نـاردە خـوارەوە کە دەفەرموێ:

{وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُواْ بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُم بِهِ وَلَئِن صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِّلصَّابِرينَ، وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلاَّ بِاللّهِ - سورة النحل – ١٢٦-١٢٧}.

واتە: ئەگەر تۆڵە دەستێنن بەقەد ئەو تۆڵەیـەبێ کـە لـەئێوە سـەندراوە، وەلێ ئەگەر بە ئارامو بەمۆڵەت بن ئـەوە گـەلێ باشـترە، ئـەی موحەممـەد صـەبر بگـرە: صەبری تۆ بەراستی بۆ خودایەو بەتەوفیقی خودایە.

حــەزرەتی ئــەبو بــەکر یەکــەم جینــشینی موســوڵمانان – کــە لەشــکرەکەی ئوسامەی بـەڕێ کـرد ئامۆژگـاریی کـردنو فـەرمووی: ناپـاکیو گزیکاری مەکـەن، دەستپییسی لە تالانـدا مەکـەن، بـێ پـەیمانی مەکـەنو پـەیمان مەشـکێننو لاشـە ئەتك مەکەنو منـاڵی بـچووك مـەکوژنو پـیرو کەفتـەکار مـەکوژنو ژن مـەکوژنو دارخورمـا مـەبڕن دارو درەختـی بـەری دامەپاچـنو مـەرو مـاڵاتو گـاوو مانگـا مەکوژنەوە مەگەر بۆ خواردنی خۆتان.

---

[4] ئیمامی موسلیم ئەم حەدیسەی گێڕاوەتەوە. تاج/ج ٤/٣٦٥.

- قانوونی دەولی چەند دەستوورێکی هەیە بۆمامەڵەکردن لەگەڵ دیلدا بە گوێرەی ئەو یاسایە نابێ دیلەکان بکوژرێن یان بریندار بکرێن یاخۆ سووکایەتییان پێ بکرێو هەڵسو کەوتی ناشیرینیان لەگەڵدا بکرێ، کاتێ خۆیان بەدەستەوەدا یان دەست بەسەرکرانو ئازادییان لێ سەندرایەوە دەبێ مامەڵەی مرۆڤانەیان لەگەڵ بکرێ!!؟ دەی شەریعەتی ئیسلامیش زۆر بە روونیو بە ئاشکرایی موسوڵمانانی هەڵناوە کە، بەشێوەیەکی گشتی رێزی دیل بگرن، تەنانەت رێزگرتنی دیلو چاکە لەگەڵکردنی بەنیشانەی ئیمانداری داناوە، خودای مەزن مەدحی ئەو موسوڵمانانەی کردوە کە چاکە لەگەڵ دیلدا دەکەن کە دەفەرموێ:

{وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا، إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاء وَلَا شُكُورًا - سورة الإنسان – ٨-٩}.

واتە: خۆراك لەبەر رەزای خودا دەبەخشن بە هەژارو هەتیوو دیل، بە زوبانی حاڵ پێیان دەڵێن: مەبەستمان لەم خۆراك بەخشینە رەزای خودایەو بەس، چاوەڕوانی پاداشو سوپاسی ئێوە نین.

پێغەمبەری مەزنیش (دروودی خودای لەسەربێ) هەمیشە ئامۆژگاری هاوەڵەکانی دەکرد کە بەشێوەیەکی جوان لەگەڵ دیلدا بجوڵێنەوە، فەرموویەتی: (أحسنوا أسراهم) واتە: بەجوانی رەفتار لەگەڵ دیلی دوژمن دا بکەن لەکاتی دیلیدا. لەلایەکی ترەوە ئیسلام فەرمانڕەوای موسوڵمانانی خاتر خۆ کردوە کە بە ئارەزۆی خۆیو بۆ بەرژەوەندی گشتی ئیسلام دیلەکان بەپارە یان بێ پارە رەها بکرێن.

{فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاء - سورة محمد – ٤}.

واتە: هەرکاتێ لەرێزی شەڕدا روو بەڕووی بێ بڕوایان بوونەوە، دەستیان لێ مەپارێزن، لەملیان بدەن، تا بە تەواوی تێکیان دەشکێننو کوشتارێکی زۆریان لێ دەکەنو هێزی شەڕکەریان لەناو دەبەن، ئەوجا بکەونە دیلکردنیان بەشەتەکی توند پەل بەستیان بکەن دوایی بەپیاوەتی بەرەڵایان بکەن یان بەسەرانەو بارمتە بەریان بدەن.

خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ (الإستعداد للحرب):

هەندێك لە دیاردە جوانەکانی شەریعەتی ئیسلامی ئەوەیە: کە شەریعەتێکی عەمەلییە، روبەڕوی گیرو گرفتەکانی ژیان دەبێتەوە بە حەللێکی عەمەلی... هەرکاتێ ئامۆژگاریو نەصیحەت کاریگەر نەبوو، دوژمنانی ئیسلام بەهاوسایی‌و تەبایی لەگەڵ موسوڵمانان دا رازی نەبوون ژیانیان بەرنە سەر، دەستبەرداری عەهدی پەیمانی نێوان خۆیان‌و موسوڵمانان بوون‌و ویژدانیان بەکار نەهێناو پەیڕەوی سەربەستی‌و بیرو باوەڕی ئازادیان نەکرد، ئەوە بێگومان شەڕ دەبێتە رێگە چارەیەکی ناچاری‌و موسوڵمانان ناچار دەبن پەنای بۆ بەرن، بۆیە ئیسلام فەرمانی بە موسوڵمانان کردوە کە هەمیشە خۆیان ئامادە بکەن‌و تفاقی شەڕو جەنگ پەزمەندە بکەن‌و هەموو پێداویستییەکی بۆ دابین بکەن... خودا دەفەرموێ:

{وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لاَ تَعْلَمُونَهُمُ اللّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ - سورة الأنفال – ٦٠}.

پەروەردگار لەم ئایەتەدا فەرمانی بە موسوڵمانان کردوە کە خۆ ئامادە بکەن بۆ بەگژداچوونەوەی دوژمنان‌و هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەن کە پێداویستی جەنگ بۆ جەنگاوەرانی موسوڵمانان دابین بکەن، هەرچی تواناو دەسەڵاتێکیان هەیە بیخەنە گەڕ بۆ بەهێزکردنی خۆیان‌و تەیارکردنی لەشکرو سوپایان... تا دوژمنی خوداو خۆیانی پێ بترسێنن... ئەمەش تایبەتی سەردەمێك‌و کۆمەڵێك نییە، بەڵکوو فەرمانەکەی خودا فەرمانێکی گشتییەو هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە کە شان‌و شەوکەتیان زیاد دەکاو بەهێزیان دەکا بۆ شەڕکردن، هەروا هەموو ئامێرو هۆکارێکی وەکوو قەڵاو سەنگەرو چەکی زەمینی‌و دەریایی‌و ئاسمانی دەگرێتەوە. هەموو کارگەو فێرگەی دروستکردن‌و فێرکردنی چەك‌و جۆرەکانی دەگرێتەوە.. مەعنای (ومن رباط الخيل) لەم ئایەتەدا ئەوەیە کە ماین‌و ئەسپ‌و وڵاخی بەرزە

بۆ شەڕ پەروەردە بکرێنو مەشقیان پێ بکرێ. جا پەروەردگار کە فەرمانی بەوە کردوە، چونکە ئەو سەردەمە ئەسپو وڵاخە بەرزە ولاغی سواری بوون بۆ شەڕ بەکارهێنراون، جا ئەگەر رۆژگار گۆڕاو پیشەسازیی پێشکەوت لەجیاتی ئەسپ کەشتیو تانگو زرێپۆشو فرۆکەو موشەك بەکارهاتن، پێویستە لەسەر موسوڵمانان کە بەگوێرەی توانا لەم جۆرە پێداویستیانە بۆ جەنگاوەرانی خۆیان دابین بکەنو خۆیان تەیارکەن... مەبەستیش لە دابینکردنی ئەم پێداویستیانە ترساندنی دوژمنانە بۆئەوەی بیر لەوە نەکەوە پەلاماری موسوڵمانان بدەنو بەرژەوەندییان بخەنە مەترسییەوە، بۆ ئەوەی موسوڵمانان لەزێدو نیشتمانی خۆیاندا بەئاسایش ژیان بەسەر بەرن... ئەمەش لە زاراوەی رامیاری ئەمرۆدا پێی دەگوتر: (السلم المسلح) ئاشتی پرچەك، کە ئیسلام زۆر پێش ئەوەی دانیشتوانی خۆر ئاوا پێی بزانن و پەی پێ بەرن لەسەر موسوڵمانانی فەرزکردوە. ئەوەش مانای بەشێك لە ئایەتەکەیە کە دەفەرموێ: (ترهبون به عدو الله وعدوكم) لە کۆتایی ئایەتەکەشدا دەبینین قورئان موسوڵمانان هەڵدەنێ بۆ خەرجکردنی ماڵو دارایی بۆ ئامادەکردنی هێزی سەربازی، چونکە بەبێ سەرفکردنی ماڵو دارایی، ئەم مەبەستە نایەتەدی: {وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ}. هەر شتێك خەرج بکەن لە پێناوی ئایینی خوادا پاداشتان دەدرێتەوە هیچ چاکەیەکتان هون ناکرێ.

قورئانی پیرۆز لە ئایەتێکی تردا ماڵ سەرفکردنی لە پێناو ئایینی خوادا بەهۆکاری تێشکانو فەوتان داناوە دەفەرموێ:

{وَأَنفِقُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَلاَ تُلْقُواْ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ - سورة البقرة – ١٩٥}.

واتە: ئەی موسوڵمانان ماڵ لە پێناوی سەربەرزی دینی خوادا بەخت بکەن، دەنا ئەگەر وانەکەن ئەوا بەدەستی خۆتان خۆتان دەخەنە ناو فەوتانو سەرتیاچوونەوە... چونکە شتێکی سروشتییە هەرکاتێ ئێوە کەمتەرخەمیتان

کردو برێك لەماڵو دارایی خۆتان خەرجکرد بۆ بەرگریو بەرەنگار بوونەوەی دوژمنان، ئێوە گیانی بەرگریکردنتان تێدا دەمرێو دوژمن تەماعتان تێ دەکاو قەلاچۆتان دەکا.

ئامۆژگارییە گشتییەکانی کاتی جەنگ (وصايا عامة اثناء الحرب):

کاتی هەڵگیرسانی شەڕو هەرا لایەنێکی گرنگی بەرنامەو دەستوورنامەکانی ئیسلام بە دەردەکەوێ، کە بە ئاشکراو بێ پەروا داوای لەپەیڕەوانی خۆی کردوە کە پەیڕەوی کەنو بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی بزانن. ئەو لایەنە گرنگە کۆڵەکەی سەرکەوتنو پیرۆزی بەدەست هێنانە بەم دوو ئایەتە پەروەردگار چۆنیەتی هەڵسو کەوتی پێویستی موسوڵمانانی شیکردۆتەوە کە دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً فَاثْبُتُواْ وَاذْكُرُواْ اللّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلَحُونَ، وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَلاَ تَنَازَعُواْ فَتَفْشَلُواْ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ وَاصْبِرُواْ إِنَّ اللّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ - سورة الأنفال – ٤٥-٤٦}.

ئەم دوو ایەتە پێنج ئامۆژگاری گرنگیان لەخۆ گرتون.

١- خۆراگریو گۆڕەپان بەرنەدان لەکاتی بەرامبەریو شەڕو پێکدادانداو هەڵنەهاتنو پشتنەکردنە دوژمن. یاساو پرۆگرامی جەنگەکانی سەردەم وادانراون کە هەر سەربازێك لە هێڵی بەرەی شەڕ هەڵبێ کوشتنی بەڕەوا دادەنرێو لەکاتی هەڵاتنندا دەکوژرێ، ئەگەر ئەو کاتەش نەکرا بکوژرێ هەرکاتێ بەردەست کەوت بە گوێرەی یاسا ئیعدام دەکرێ! ئەمەش بۆ ئەوەیە نەوەکوو سەربازەکانی تریش چاوی لێ بکەنو ئەوانیش هەڵاتن هەڵبژێرنو ترس بکەوێتە نێوان ریزەکانی شەرکەرانەوەو توشی شکستی ببن!

٢- یادکردنو ناوهێنانی خودا لەکاتی شەڕدا، چونکە یادکردنی خوداو ناوهێنانی زۆر کاریگەرەو هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتن. لەم رووەوە ئیمانو بیرو باوەڕ هێزێکی مەعنەوی دەداتە جەنگاوەرو پاڵپشتی هۆکارە مادییەکان دەکاو چەکێکی کاریگەری ترە.

٣- گوێڕایەڵی، گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پەروەردگار، ئەوەش پەیڕەوکردنی ئەو ئامۆژگارییانەی کە خودا فەرمانی پێکردون و گەشەو ژیانەوە دەخاتە نێو کۆمەڵی موسوڵمانانەوە، هەروا گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەر لەو شتانەدا کە فەرمانیان پێ دەکا دەربارەی جەنگ. بێگومان پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) تا خۆی لە ژیان دابوو لە زوربەی ئەو جەنگانەدا کە موسوڵمانان دژی بێ بڕواکان کردویانن خۆی سەرپەرشتیار بووەو سەر لەشکرو لێپرسراوی یەکەم بووە، دوای لە دونیا دەرچونیشی فەرمانی کردوە کە موسوڵمانان گوێڕایەڵی جێنشین و فەرمانڕەوایانی موسوڵمانان بن و بێ فەرمانیان نەکەن، قورئانی پیرۆزیش دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ - سورة النساء}.

بەگوێکردنی سەر لەشکرو جێبەجێکردنی ئامۆژگارییەکانی هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتن.

٤- کێشە دروست نەکردن چونکە کێشەو دووبەرەکی لەکاتی جەنگدا سەر دەکێشێ بۆ تێشکان و نوچدان و سەرکەوتنی دوژمن بەسەریاندا.

٥- سەبرو خۆراگریی لەسەر ئازارو برسییەتی و نارەحەتی و ئەو ترس و لەرزەی کە توشیان دەبێ لە دوژمنەوە، چونکە ئاشکرایە کە خودا هەمیشە یارمەتدەرو پاڵپشتی خۆراگرانە، خۆڕاگری و پشوو درێژی و بەربەرەکانیکردنی دوژمن گەورەترین هۆی سەرکەوتنە، یەکێکیش لەو ئامۆژگاریانەی کە لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا هەیە، ئەم فەرموودەیە کە دەفەرموێ: (الحرب خدعة) واتە: جەنگ تەفرەدان و بەهەڵەبردنی دوژمنە! لەم فەرموودەدا هەڵنانی موسوڵمانانی تێدایە کە لەشەڕدا زۆر وریابن و وردبینانە سەیری هەڵس و کەوتی دوژمنان بکرێ و لەهەمانکاتدا تا بۆیان دەکرێ دوژمن بەهەڵە بەرن و فێڵی لێ بکەن، ئەمڕۆش ئەم تیۆرو بۆچوونەی پێغەمبەر جۆرێکە لە هونەری جەنگ و لەکۆڵێژە سەربازییەکاندا لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێ و بەوانە دەگوترێتەوەو دەخوێندرێ و بەسەر چاوەیەکی سەرەکیش دادەندرێ بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن.

هێزی مەعنەوی و کاریگەری لەجەنگدا (القوة المعنوية في القتال):

موسوڵمانان لەجەنگدا دوو جۆرە چەکیان هەیە، چەکی ماددیو چەکی مەعنەوی... لێرەدا دەمانەوێ بزانین چەکی مەعنەوی چیەو کاریگەری چۆنە؟!

چەکی مەعنەوی: بەو بڕواو ورەیە دەگوترێ کە لەدڵ دا خۆی داکوتاوەو لەسینەدا چەسپاوە، ئەویش بریتییە لەو بیرو باوەڕەی کە جەنگاوەران بە خودایان هەیە خۆیان بەبەندەی ئەو دەزانن و واهەست دەکەن کەلەپێناو ئاینی ئەودا خۆیان بەخت دەکەن ئەمەش لەسەر چەند بنەمایەك بنچ بەست دەبێ:

١- خودا لەگەڵ موسوڵمانانەو بەهێزی فریشتەو دەسەڵاتی بێ پایانی خۆی کۆمەکیان پێ دەکاو ترس و لەرز دەخاتە دڵی دوژمنانەوەو هێزی شەڕو بەرەنگاریو خۆراگرییان تێدا دەمرێنێ!

خودا دەفەرموێ: {إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلآئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرَّعْبَ } سورة الأنفال/(١٢).

واتە: پەروەردگار نیگای کرد بۆ فریشتەکان، کەمن خۆشم لەگەڵ ئێوەم، ئادەی بەپشتیوانی من سوپای موسوڵمانان دابمەزرێنن، وا خۆشم ترس و لەرز دەخەمە ناو دڵی سوپای کافرانەوە هەتا ورەیان بڕووخێ.

دەی دەبێ ورەو هێزی ئەو جەنگاوەرانە چۆن بێو چەند بێ کاتێ کەدەبیسێو دەزانێ کەخودای گەورەی لەگەڵ دایەو بەفریشتە کۆمەکی پێ دەکا، ئەمجار ئەوەش دەبیستێ کە کۆمەڵی خاوەن بڕواو ئیماندار باکەمیش بن زۆر جار بەسەر کۆمەڵی زۆرو لەشکری بەهێزدا زاڵ دەبن: {قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاَقُو اللّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللّهِ وَاللّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ} سورة البقرة/(٢٤٩). یان ئەم ئایەتە دەفەرموێ: {إِن يَكُن مِّنكُمْ عِشْرُونَ صَابِرُونَ يَغْلِبُواْ مِئَتَيْنِ وَإِن يَكُن مِّنكُم مِّئَةٌ يَغْلِبُواْ أَلْفًا مِّنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ } سورة الأنفال/(٦٥). بەڵێ ئەو بیست کەسەی زاڵ دەبن بەسەر دوو سەد کەس دا یان ئەو سەد کەسەی کەبەسەر هەزار کەس دا زاڵ دەبن ئەوە ئەو کۆمەڵە کەمەن کە بەسەر کۆمەڵی زۆردا زاڵ دەبن چونکە خاوەنی چەکی مەعنەوین کە ئەویش

چەکی ئیمانو باوەڕە، کە هەموو کەمو کورییەکیان بۆ قەرەبوو دەکاتەوەو وایان لێدەکا کە بەسەر دوژمنیان دا زاڵ ببن!!

٢- یەکێکی تر ئەوەیە کە پەروەردگار دەرگای هیواو ئومێدی لەبەردەم جەنگاوەراندا کردۆتەوە بەوە کە موژدەی پاداشی گەورەی پێ داون، بەتەمای پاشە ڕۆژی خۆشیو بەختەوەری کردون، وەکوو لەم ئایەتەدا کە دەفەرموێ:

{فَالَّذِينَ هَاجَرُواْ وَأُخْرِجُواْ مِن دِيَارِهِمْ وَأُوذُواْ فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُواْ وَقُتِلُواْ لأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ ثَوَابًا مِّن عِندِ اللّهِ وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ - سورة آل عمران – ١٩٥}.

یەکێکی تر ئەوەیە کە پەروەردگار موسوڵمانانی هەڵناوە بۆ ئەوەی کە لەرێگەی ئەودا غەزا بکەن. شەڕکردنو خۆبەختکردنی لەلا خۆشەویست کردون بەوە کە پەیمانی پێداون کە پاشەڕۆژ هەر بۆ ئەوانە، چ شەهید ببن یان بمێنن، بەختەوەری هەر بۆ ئەوانە چونکە ئەگەر سەرکەونو شەهید نەبن ئەوە دەبنە خاوەنی دەسەلاتی سەر زەوی

{وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ - سورة النــور – ٥٥}.

خۆ ئەگەر شەهید بکرێن ئەوە بەهەشتی بەرین جێگایانە:

{وَلَئِن قُتِلْتُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَوْ مُتُّمْ لَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللّهِ وَرَحْمَةٌ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ - سورة آل عمران – ١٥٧}.

ئەمجار دەبینین قورئانی پیرۆز شێوەو شێوازێکی تر دەگرێو بەتەعبیرێکی تر دەروونی بڕواداران زاخاو دەداتەوەو هێدیەتیو ئارامی دەخاتە ناو دوو توێی دڵیانەوەو لە دڵەڕاوکێ دوریان دەخاتەوە، هیوای ژیانی دوا ڕۆژیان پێ دەبەخشێو ئەومیان پێ دەسەلمێنێ کە ئەم شەهیدبوونە مردنی یەکجاری نیەو کۆتایی ژیانی هەتایی نییە، بەڵکوو ئەو شەهیدانە مردنەکەیان بریتییە لە گواستنەوەیەکی

تایبەتیو دەچنە ژێر سایەی رەحمەتی بێ پایانی خوداو بەزیندویی لەو پەڕی خۆشیدا ژیانی ئەو دونیایان بەسەر دەبەن:

{وَلاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاء عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ - سورة آل عمران – ١٤٩}.

بێگومان ئوسلووبی قورئان لەم بارەوە بەچەند شێوەو شێواز رازاوەتەوە، بۆ ئەوەی موسوڵمانان هەڵنێ بۆ کۆششو فیداکاریو خۆبەختکردن وەکوو ئەوە کە دەفەرموێ:

{إِنَّ اللّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللّهِ فَاسْتَبْشِرُواْ بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُم بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ - سورة التوبة – ١١١}.

ئەوەتا لەم ئایەتەدا پەروەردگار کۆششو خۆ بەختکردنی لەدڵی بڕواداران دا شیرین کردوەو، بە مامەڵەو سەوداو گۆڕینەوەی حسێب کردوە، بەڵام لێرەدا کڕینو فرۆشتنی نێوان بەندەو پەروەردگارە!! نەك مامەڵەو سەودای نێوان خاڵە باپیزو حاجی سەردارە! لێرەدا خودا خۆی کڕیارەو بەندە فرۆشیارە! دەی کێ لەخودا زیاتر پابەندی بەڵێنو پەیمانە؟؟ کێ لەخودا راستگۆترە لە بەڵێنو گوفتارا؟؟ لێرەدا خودا بەهەشتی بەرینی پڕ لەخۆشی کردوە بە بەهای گیانی شەهیدانو جەنگاوەران هەر کاتێ ئەوان بەدڵسۆزیو لێبوردویی گیانی خۆیان بەخشی، شایانی پاداشی خۆیانن کە بەهەشتی بەرینەو خودا خۆی بەڵێنی پێداون... جا کە لێرەدا پەروەردگار موسوڵمانانی هەڵناوە بۆ خۆبەختکردن لەپێناو ئایینی ئیسلامداو بەتەمای پاداشی رۆژی دوایی کردون، جیهادو کۆششی لەلا خۆشەویست کردون، دەبینین لە شوێنی تردا هەڕەشە لەوانە دەکا کە پاڵ دەدەنەوەو جیهاد ناکەن، لەوە دەیانترسێنێ کە بە ژیانی دونیاوە خەریك بنو

قیامـەتیان لەبیربـچێتـەوە، بۆیـان رون دەکاتـەوە کـە رێـزو گرنگـی ژیـانی قیامـەت هەرگیز نەبڕاوەیەو ژیانی دونیای بێ بایەخ بەرامبەریی ناکا. خودا دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ مَا لَكُمْ إِذَا قِيلَ لَكُمُ انفِرُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ اثَّاقَلْتُمْ إِلَى الأَرْضِ أَرَضِيتُم بِالْحَيَاةِ الدُّنْيَا مِنَ الآخِرَةِ فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إِلاَّ قَلِيلٌ - سورة التوبة – ٣٨}.

ئەی ئیمانداران! ئەوە چیتانە کە پێتـان دەگـوترێ راپـەڕن‌و رابـن بـڕۆن بـۆ غـەزاو جیهـاد لـە رێگـای خـودادا خۆتـان دەدزنـەوەو بیـانووی جـۆراو جـۆر دەهێننەوە؟! ئایا ئێـوە خۆتـان هەڵەوگیری ژیـانی دونیـاکردوە؟ ژیـانی قیامـەتتان لەبیرخۆ بردۆتەوە؟! بزانن کە ژیانی جیهان لەبەرامبـەر ژیـانی قیامەتـدا شـتێکی زۆر کەم‌و کەم بایەخە.

ئەمجار پەروەردگار لەم شێوە هەڕەشەیە دەگوێزێتەوە بۆ جۆرێکی ترو دەفەرموێ:

{إِلاَّ تَنفِرُواْ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلاَ تَضُرُّوهُ شَيْئًا وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ - سورة التوبة – ٣٩}.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار هەڕەشە لە موسوڵمانان دەکا بەوە کە ئەگـەر لەشـکرانی بکـەن‌و خـۆ لـە جیهـان بدزنـەوە، توشـی سـزای سـەختیان دەکـا، سـزای ژێردەسـتەیی، کۆیلایـەتییان بەسـەردا دەسـەپێنێ دەسـەڵات‌و فـەرمانڕەواییان لێ دەستێنێتەوەو دەیدا بەگەل‌و نەتەوەیەکی تر.

جا لەبەر ئەوەی کە شەڕ خۆی لەخۆیدا دڵگیرنیەو دەروونـی ئـادەمیزاد پێـی ناخۆشە پەروەردگار لەئایەتێکی تردا پێیـان دەفـەرموێ: کە هەرچـەندە شـەڕ بـۆ خۆی کارێکی دزێوەو دەروونی مرۆڤ پێی ناخۆشە، بەڵام دەسکەلاو هۆیە بـۆ کـاری پیرۆزو خۆشەویست کە بەرزکردنـەوەی دروشمـی ئیسلامە، زۆر جـاریش وا دەبـێ ئێوە شـتێکیان پـێ ناخۆشـە کەچی بونەکـەی دەبێتـە خێـرو خۆشـی، جـاری واش هەیە شتێکتان پێ خۆشە کەچی بوونەکەی دەبێتە هۆی ناخۆشـی‌و شـووم، خـودا بۆ خۆی دەزانێ چی باشەو چی خراپە، ئێوە نازانن.

{كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَعَسَى أَن تُحِبُّواْ شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَّكُمْ وَاللّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ - سورة البقرة – ٢١٦}.

سەرانە (الجزية):

دەوڵەتی ئیسلامی پێش ئەوەی ئیعلانی جەنگ لەگەڵ حکوومەتێکی تردا بکا، دەبێ خاتر خۆی بکا لە نێوان سێ شتدا – ئیسلام بوون، سەرانەدان، شەڕکردن – مەبەست لەسەرانە ئەوەیە: کە ئەو دەوڵەتە بکەوێتە ژێر پاراستنی موسوڵمانانەوەو خۆیان سەرپەرشتیاریان بکەن تا شەڕو شوومیان دڵنیابن، هەروەها بۆ ئەوەی بانگەوازیی ئیسلامی بە ئازادیی ئەنجام بدرێ‌و بانگەوازییەکە بگاتە هەموو چین‌و کۆمەڵێك، بێ زۆرە ملێ‌و جەخت، ئایین بڵاوبێتەوە بانگەوازیکەرانی موسوڵمان بەراشکاوی‌و ئەمینی کاری خۆیان ئەنجام بدەن‌و کەس نەتوانێ دەستدرێژییان بکاتە سەر.

سەرچاوەو بنەمای ئەم (سەرانە)یە لە شەریعەتی ئیسلامدا. ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ:

{قَاتِلُواْ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَلاَ يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ - سورة التوبة – ٢٩}.

واتە: ئەی گەلی موسوڵمان! لەگەڵ ئەوخاوەن نامانەدا بجەنگن کە ئیمانی تەواوی ساخیان نەبەخودا هەیە نە بەرۆژی دوایی، هەروەها ئەو شتەی کە خوداو پێغەمبەری خودا حەرامی کردوە، ئەوان بەحەرامی نازانن، بە ئایینی راست‌و دروست رفتار ناکەن، بەردەوام جەنگیان لەگەڵ بکەن هەتا بەداماوی‌و کەساسی بەدەستی خۆیان سەرانەتان دەدەنێ.

سەرانە: خەرجو باجێکی تاکە کەسییە، ئیسلام لەسەر ئەو ناموسوڵمانانە دایناوە کە لەژێر چاودێریو پارێزگاریی دەوڵەتی ئیسلامدا دەژینو مافی هاوولاتیان بۆ هەیە. واتە: دەوڵەتی ئیسلام وەك لە موسوڵمانان زەکات وەردەگرێ لە ناموسوڵمانانیش سەرانە وەردەگرێ، بەو مەبەستە کە هەموو کەسێك لە دانیشتوانی ناو حکوومەتی ئیسلامی (موسوڵمان بێ یان کافر) بەگوێرەی توانای دارایی خۆی ئەرکی بەرژەوەندی گشتی بکەوێتە سەر شان!

بەڵێ پێویستە سەرانە لەو نا موسوڵمانانە بسێنرێ چونکە مافی دانیشتوانیان هەیەو سوود لەو مافە وەردەگرنو دەوڵەتی ئیسلامی وەکوو موسوڵمانان دەیانپارێزێ، هەر کەسێکیشیان لێ موسوڵمان بوو سەرانەی لەسەر لادەچێو دەبێ زەکات بدا!

ئایینی ئیسلام لێرەشدا پێویستی مرۆڤایەتیو بەزەیی لە بیرنەکردوە، لەهەندێ کات دا سەرانە لەهەژارو بێ توانای ناموسوڵمانان وەرناگرێ! بەڵکوو کە پێویست بوو لە بەیتولمال موچەیان بۆ تەرخان دەکاو بەخێویان دەکا.. ئەوەتا خالیدی کوڕی وەلید لەو نامەیەدا بۆ دانیشتوانی حیرەی نارد دەڵێ: هەر کەسێك پیرو کەنەفت بوو نەیدەتوانی ئیش بکا یان دەوڵەمەندبوو هەژار کەوت هاو دینەکانی خۆی یارمەتییان نەدەدا، سەرانەی لەسەر هەڵبگرنو بژێوی خۆیوماڵو منداڵی لە بەیتولمال دابین بکەن بە مەرجێك لە سنووری حکوومەتی ئیسلامی دا دابنیشێ.

ئیمام ئەبو یوسف لە کتێبی (الخراج)دا دەفەرموێ: سەرانە دانانرێ لەسەر ژنو منداڵو هەژارێك خەڵك خێری پێ بکا هەروەها لەسەر پیرو کەنەفتو کوێریش دانانرێ[1].

---

[1] - کتێبی (الخراج) ل/٦٩.

هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەبو یوسف دەفەرموێ: سەرانە لە هەژارێك وەرناگیرێ کە خێری پێبکرێ، هەروەها لە کوێرێك ناستێنرێ کە ئیشو کاری نەبێ (ذمی)یەکیش کە خێری پێ بکرێ سەرانەی لەسەر نییە، کەنەفتو پەککەوتەش سەرانەیان لەسەر نییەو نابێ لێیان وەرگیرێ، پیرو کەفتەکارو کوێرو رەبەنەکانی ناو کەنیشتە ئەگەر دەوڵەمەند بوونو داراییان هەبوو سەرانەیان لێ وەردەگیرێ ئەگەر هەژارو بێ دەست بوون لێیان ناستێنرێ[٢].

دەربارەی دیاریکردنی ئەندازەی سەرانە ئیمامی ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: ئەندازەی سەرانە لەسەر هەژار سالی (١٢) درەمە، لە سەر دەوڵەمەندی مام ناوەندیی سالی (٢٤) درەمە، لەسەر دەوڵەمەندی تەواو (٤٨) درەمە هەرکاتێ ئەو ناموسوڵمانانە سەرانەیان دا پێویستە گیانو ماڵیان بپارێزرێ، بەرگرییان لێ بگرێو سەربەستیو ئازادییان لە ئایینی خۆیاندا بدرێتێو وەکوو موسوڵمانان مامەڵەی یەکسانییان لەگەڵ دەکرێو پێیان دەگوترێ: ئەهلی زیممە. واتە: پەیماندار ئەم هەموو مافەیان هەیە بەگوێرەی پەیمانی خوداو پێغەمبەر، ئاوا بەو جۆرە فەرمان رەوایانی موسوڵمانان هەڵسو کەوتییان لەگەڵ ئەهلی (زیممە) کردوە، بڕوانە ئەو پەیماننامەیەی کە خالیدی کوڕی وەلید لەگەڵ دانیشتوانی دیمشقی کرد کە دەفەرموێ: ئەمە ئەو پەیماننامەیەیە کە خالیدی کوی وەلید داوێتی بە خەڵکی دیمەشق لەوکاتەدا کە رۆیشتە ناوی، پەیمانی داونەتێ کە لەسەرو ماڵی خۆیان دڵنیابن، کەنیشتەکانیان پارێزراو شورای شارەکەیان نەروخێنرێو کەس لەناو خانوو بەرەیاندا نیشتەجێ نەکرێ، لەسەر ئەمە پەیکمانی خوداو بەڵێنی پێغەمبەرەکەیو گفتی جێنشینیانو موسوڵمانانیان پێ دەدرێ، بە چاکە نەبێ کەس هەقی نییە بەسەریانەوە بەمەرجێ سەرانەی خۆیان بدەن.

---

(٢) کتێبی (الخراج) – ل/٦٤.

سەرانە پاداشێکی کەمو بێ ئەرکە ناموسوڵمانان دەیدەن بە دەوڵەتی ئیسلام لە جیاتی پارێزگاریکردن لێیانو پارمەتیدانی ئەو سەربازو لەشکرەیە کە ناهێڵن دوژمن دەستدرێژییان بۆ بکاو وەکوو موسوڵمانان دەیانپارێزن.

بەڵێ موسوڵمانانو فەرمانڕەوایانی موسوڵمانان ئەم راستییەیان باش زانیو، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە ئەبو عوبەیدە – سەر لەشکری موسوڵمانەکان – کاتێك لەگەڵ دانیشتوانی شامدا پەیمانی بەستو سەرانەی لەسەر دانانو لێی وەرگرتن هەواڵی پێگەیی کە رۆمەکان لەشکریان کۆ کردۆتەوە خەیاڵی هێرشکردنیان هەیە، موسوڵمانەکان کەوتنە مەترسییەوە، ئالەم کاتەدا ئەبو عوبەیدە نامەی نووسی بۆ والیو لێپرسراوانی ئەو شارو گوندانەی کە پەیمانیان لەگەڵدا مۆرکرابوو، بۆی نووسین کە هەر سەرانەو خەرجییەکی وەریان گرتووە لە ناموسوڵمانەکان بیاندەنەوە، پێشیان بڵێین بۆیە ئێمە سەرانەو خەرجییەکەتان بۆ ڕەت دەکەینەوە چونکە هەواڵمان پێ گەییشتووە کە دوژمنانمان لەشکرێکی زۆریان کۆ کردۆتەوەو خەیاڵیان هەیە هێرش بکەنە سەرمان، ئێوەش پەیمانتان لە ئێمە وەرگرتووە کە پارێزگاریماڵو گیانتان بکەین، ئێستاش ئێمە ناتوانین ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەین بۆیە ئەوەی لێمان وەرگرتوون دەتاندەینەوە، وە هەرکاتێ خودا سەری خستین ئێمە لەسەر وەعدو پەیمانی خۆمانین جا کاتێك ئەمەیان پێ گوتنو ماڵو سامانەکەیان دانەوە وتیان دەی خودا ئێوە بۆ ئێمە بگێڕێتەوە وە بەسەر ئەواندا زاڵتان بکا!! شتێکی بەڵگە نەویستە کە سەرانە شتێکی رەمزییە بایەخێکی ئەوتۆی مادی نییە.

زانای بەناوبانگ (دریبر) لە کتێبەکەیدا کە ناوی (کێشەی نێوان زانستو ئایین)ی لێناوە، دەڵێ: موسوڵمانەکان ئەندازەیەکی زۆر کەمیان لە ناموسوڵمانە ژێر دەستەکانی خۆیان وەردەگرت تەنانەت زۆر کەمتر بوو لەوەی کە حکوومەتە نیشتمانییەکانی خۆیان لێیان دەستاندن.

مۆنتسکیۆی یاسازان لە کتێبەکەیدا کە ناوی (پوختەی یاساکان)ە لەباسی سەرانەو زەریبە حکومەتییەکاندا دەڵێ: ئەم حەمکە خەرجو باجو سەرانەیەی کە

دەوڵەتـەکان دایـان نـابوون لەسـەر دانیـشتووەکان هۆیـەکی سـەرەکی بـوون بـۆ داگیرکردنی موسوڵمانەکانو زاڵ بوونیان بەسەر زوربەی دراوسێکانیان دا، چونکە دانیـشتوان لـە جیـاتی ئـەوەی ئـەو هـەموو زەریبـەو سـەرانەو مڵـکانە بـدەن بـە حکوومەتەکانیانو چاوی برسی دەرەبەگەکان تێر بکەن، پێیـان خۆشـبوو بکەونـە ژێر دەستی موسوڵمانەکانو سەرانەیەکی کەم بدەنو بۆ خۆیان ئاسوودە دانیشن!!

دڵنیاکراوان (المستأمنون):

یەکێك لەو یاسایانەی کە ئاسانکاریو دڵگەورەیی ئیسلام دەگەیـەنێ ئەوەیـە: کە لەکاتی جەنگدا رێگەی بەتاكو کۆمەڵ داوە لە خەڵکی ئەو دەوڵەتەی کەوا بـە حاڵەتی جەنگدا پەیوەندی بە موسوڵمانانەوە بکەنو بێنە ناویانەوەو لەوەڵاتیاندا دابنیشنو قانوونێك هەبێ پارێزگارییان بکا ئەم قانوونە لە شەریعەتی ئیسلامدا پێی دەگوترێ: دڵنیاکردن - ئەماندان.

ئـایینی ئیـسلام پارێزگـاری کردنـی ئـەم دڵنیاکراوانـەی بـە ئـەرکی سەرشـانی موسوڵمانان داناوەو پاراستنی گیانو مـاڵو سـامانیانی بـەکارێکی سـەرەکی حـسێب کـردوە، بەڵـکوو هەنـدێ ئیمتیـازاتو پلـەو پایـەی داونـێ کـە بـەخودی موسـوڵمانەکانی نـەداوە، لـە بـرێ ئـەرکیش عـەفوکراون کـە بـۆ موسـوڵمانەکان عـەفوکردنی تێـدا نییـە، مەبەسـت لـەم ئەمانـەی کـە ئیـسلام دایناوە ئەوەیە کـە فرسەتێك بۆ ئەو ئایین جیاوازانە برەخسێنێ هەتا بتوانن لـە جەوهـەری ئیـسلام بکۆڵنـەوەو لـە نزیکـەوە بـیرو بۆچـونەکانی ئیـسلام تێبگـەن! ئاشکراشـە کـە لـەم رێگەوە ئیسلام لە زۆر شوێندا بلاو بۆتـەوە، ئـەم یاسـایە هۆیـەکی گـرنگ بـوو بـۆ بڵاوکردنـەوەی بانگـەوازی ئیـسلامی، سەرچـاوەی ئـەم یاسـایە ئـەو ئایەتەیـە کـە دەفەرموێ:

{وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلاَمَ اللّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَعْلَمُونَ - سورة التوبة – ٦}.

واتە: ئەگەر یەکێك لە هاوبەش پەیداکەران داوای لەتۆ کرد ئەی پێغەمبەری خودا، کە ئەمانی بدەری بۆ ئەوەی لەناو ئێوەدا بمێنێتەوەو لەپەنای ئیسلامدا بێ، ئەوە پەنای بدەو ئەمانی بدەێ، تا بەهۆی ئەوەوە لە ئیسلام حاڵی ببێو بەگوێی خۆی فەرمایشتی قورئان ببیستێو لە نزیکەوە لە کرۆکی ئیسلام تێبگا، چونکە ئەمە هەلێکی زێڕینە بۆ بانگەوازیو گوێ گرتن جا ئەگەر کابرا بە قەناعەتەوە ئیمانی هێناو لەناخەوە بیرو باوەڕی گۆڕا ئەوە باشە ئەگینا دەبێ بیگەیەنیەوە ئەو شوێنەی کە خۆی پێی خۆشەو دڵنیایە لە گیانو ماڵی خۆیو کابرا ئازاد دەبێ لەبیرو باوەڕدا!

بێگومان ئیسلام لەم بارەوە زۆر کراوەیە، رێگا دەدا کە هەر موسوڵمانێ لەخۆی رادەبینێ پەنای یەکێك یان کۆمەڵێك خەڵك بدا، پەیمانی پاراستنی گیانو ماڵیان پێبدا پەنادانو پەیمانەکەی پیرۆزەو رێزی لێ گیراوە، پێویستە فەرمانڕەوای موسوڵمانان رێزی لێبگرێ، چونکە پێغەمبەر دەفەرموێ: (ذمة المسلمين واحدة يسعى بها أدناهم).

واتە: پەیمانی موسوڵمانان یەکە، هەرە خوارووەکەیان دەتوانێ پەیمان بدا بە هەرکەس خۆی دەیەوێ، هەرە خوارووەکەیان دەتوانێ پەیمان بدا بە هەر کەس خۆی دەیەوێ. هەروەها پەنادانو پەیماندانی ژنیشی لا پەسەندە، ئەگەر ئافرەتێك پەنای دا بەیەکێك یان بە کۆمەڵێك ئەوە پەنادانەکەی پیرۆزەو رێزی لێ دەگیرێ. چونکە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) بە ئومو هانی فەرمووی: (قد أجرنا من أجرت يا أم هاني!)

واتە: ئەی ئوموهانی هەر کەسێك تۆ پەنای بدەی ئێمەش پەنای دەدەین.

ئاشکراشە کە ئایینی ئیسلام ئەوەی بە مەرج داناوە کە دەبێ بەرژەوەندیی موسوڵمانان لەم یاسایەدا بەرچاو بگیرێ، دەبێ دڵنیابن لەوەی کە پەنا دراوان هێزو توانایەکی وایان نییە کە مەترسییان لێ بکرێو بە مەبەستی جاسووسیو پیلان گێڕان نەهاتوون، پێشەواو فەرمانڕەوای موسوڵمانان مافی ئەوەیان هەیە کە هەر ئەمانێك بزانن دژی بەرژەوەندیی موسوڵمانانە پوچەڵی بکەنەوە.

پەیماننامە لە ئیسلامدا (العهود في الإسلام):

هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ وادەو پەیمان ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە بۆ ڕێککەوتنامەو چارەسەکردنی کێشەو گیرو گرفتو تەنگو چەڵەمە بەشێوەیەکی ئاشتیو هێمنی، ئەمەش کاتێك بنج بەست دەبێ کە لە نێوان هەردوولا بتمانە هەبێ، هەرکاتێك ئەم بتمانەیە نەما گرنگترین کۆڵەکەی ئاشتی دەڕوخێ.

ئایینی ئیسلام زۆر گرنگی داوە بە پەیمانو وادە، بەهەموو جۆرێك ڕێزی لێ گرتووە، هەموو زەمانەتێکی بۆ دابینکردوە بە شێوەیەك کە موسوڵمانان، لە ژوور بەرژەوەندیو ئارەزۆو سۆزی خۆیانەوە دایاناو، تەنانەت لە شەریعەتی ئیسلامدا پێویست ناکا ئەگەر کێشەو دووبەرەکی لەبەر بەرژەوەندییەك کەوتە نێوان موسوڵمانانو دوژمنانیانەوە کە سەرپشکیان بکەن لە نێوان ئیسلام بوونو سەرانە دانو شەڕکردن دا، ئەم خاترخۆیە لە نێوانی ئەم سێ حاڵەتەدا هەموو کاتێك پێویست بە داسەپاندنی نییە، بەڵکووو موسوڵمانان دەتوانن بەپێی بەرژەوەندی خۆیان ڕێکەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ دوژمنی خۆیاندا مۆربکەن، یەکێ لەو سێ مەرجەشی تێدا نەبێ! هەرکاتێکیش ئێمە لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوەو سەیری ئەو پەیماننامەو ڕێککەوتننامانە بکەین کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) مۆری کردون دەبینین مەبەستێکی سەرەکی هەبووە ئەویش، ڕێگە خۆشکردن بووە بۆ بانگەوازی ئیسلامیو بڵاوکردنەوەی بەشێوەیەکی ئاشتی، لەبەر ئەوە قورئانی پیرۆز لەزۆر ئایەتدا موسوڵمانانی هەڵناوە کە پابەندی پەیمانەکانی خۆیان بن:

{وَأَوْفُواْ بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْؤُولاً - سورة الإسراء – ٣٤}.

واتە: ئەی موسوڵمانان پابەندی پەیمان بن، بێگومان پەیمان لێپرسینەوەی لەسەرە، لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار پابەندبوونی بە پەیمانەوە بەرەوشتی موسوڵمانانی ڕاستگۆ داناوەو دەفەرموێ:

{وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ - سورة المؤمنون – ٨}.

لە شوێنێکی تردا قورئانی پیرۆز پەشیمان بوونەوەو لەپەیمان بەدەرچوون لە تەوەرەی مرۆڤایەتی حسێب دەکاو دەفەرموێ:

{إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِندَ اللّهِ الَّذِينَ كَفَرُواْ فَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ، الَّذِينَ عَاهَدتَّ مِنْهُمْ ثُمَّ يَنقُضُونَ عَهْدَهُمْ فِي كُلِّ مَرَّةٍ وَهُمْ لاَ يَتَّقُونَ-سورة الأنفال/٥٥-٥٦}.

واتە: بەدترین جانەوەر لەلای خودا ئەو بێ باوەڕانەن کە هەمیشە دوورن لە ئیمانو تەقواکاری، بە تەواوەتی هەستی ئادەمیزادییان مردووە، هەرکاتێ پەیمانیان لەگەڵ بکەی نایبەنەسەرو زوو بەزوو هەڵی دەوەشێننەوە.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە ئیسلام لەپاڵ ئەو پەیماننامەو ڕێککەوتننامانەدا مەبەستی داگیرکردنی وڵاتان نەبووەو نابێ، هەرگیزاو هەرگیز پەیماننامەی نەکردۆتە هۆی تەفرەدانی گەلانو فێڵ لێکردنیان، نەهاتوە چینێك بکاتە دەرەبەگو چینێکیش بکاتە چەوساوە! بەڵکوو مەبەستی چەسپاندنی ئاشتیو ئارامیو ئازادیو سەربەستییە.. پەروەردگار دەفەرموێ:

{وَأَوْفُواْ بِعَهْدِ اللّهِ إِذَا عَاهَدتُّمْ وَلاَ تَنقُضُواْ الأَيْمَانَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا وَقَدْ جَعَلْتُمُ اللّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلاً إِنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ، وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِن بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَاثًا تَتَّخِذُونَ أَيْمَانَكُمْ دَخَلاً بَيْنَكُمْ أَن تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرْبَى مِنْ أُمَّةٍ إِنَّمَا يَبْلُوكُمُ اللّهُ بِهِ وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ - سورة النحل - ٩١-٩٢}.

واتە: ئەی موسوڵمانان! پەیمانو وادەی خۆتان هەڵمەوەشێننەوە، لەقسەی خۆتان پاشگەز مەبنەوە، نەچن وەکوو ئەو ئافرەتە بێ عەقڵە بکەن ریسی خۆتان بکەنەوە بە خوری کە دوای ڕستنو بادانی ڕیسەکەی خاو دەکردەوەو دەیکردەوە بە خوری.. هەرگیز نابێ پەیمانو بەڵێنتان لەسەر فێڵو تەڵەکە دابمەزرێنن بۆ ئەوە چینێك لە چینێك بەهێزتر بێ، لایەك ماڵو کەسی زۆرتربێ!!

قورئانی پیرۆز فەرمانی کردوە بە وەفاو ئەمەكو پابەندبوون بە پەیمان! تەنانەت ئەگەر ئەو پابەندبوونە سەربکێشێ بۆ لەبیرکردنو پاشگوێ خستنی ئەو موسوڵمانەی کە لە وڵاتی نائیسلام دا دەژینو دانیشتوی ئەو وڵاتەن کە لەگەڵ موسوڵمان دا پەیمانیان هەیە. هەرچەندە قورئان بەیەك چاو سەیری هەموو

موسـوڵمانان دەکا، لەهـەر رەگـەزو نـەتەوەیـەك بـن، یـان هـەر ڕەنـگ و زمانێکیـان هـەبێ و لەهـەر جێگایـەك دانیـشتبن و بەیـەك گـەل و نەتـەوەیان دادەنـێ، هـەر دەستدرێژییەك بکرێتە سەر هەر موسوڵمانێك بە دەسـتدرێژیکردنە سـەر هـەموو موسوڵمانێك دادەنرێ، خودا دەفەرموێ:

{إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ آوَواْ وَّنَصَرُواْ أُوْلَـئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَالَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلاَيَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُواْ وَإِنِ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلاَّ عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ - سورة الأنفال – ٧٢}.

هـەرکاتێك پـەیمان لەگـەڵ بەسـتراوان پابەنـدی پەیمانەکـەی خۆیـان نـەبوون ئـەرکی سەرشـانی خۆیـان ئـەنجام نـەدا ئـەوە موسـوڵمانان بۆیـان هەیـە شـەڕیان لەگەڵدا بکەن:

{وَإِن نَّكَثُواْ أَيْمَانَهُم مِّن بَعْدِ عَهْدِهِمْ وَطَعَنُواْ فِي دِينِكُمْ فَقَاتِلُواْ أَئِمَّةَ الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لاَ أَيْمَانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنتَهُونَ - سورة التوبة – ١٢}.

هەروەها هەرکاتێ موسوڵمانان هەستیان بەوە کـرد کـە دوژمنـەکانیان فێڵیـان لێ دەکـەن و دیـاردەی خیانـەتیان لێ دەرکـەوت بۆیـان هەیـە پەیمانەکـەیان هەڵوەشـێننەوە، بـەڵام دەبـێ پێیـان رابگەیـەنن و پێیـان بڵـێین کـە پەیمانەکـەمان هەڵوەشاندۆتەوە. پەروەردگار دەفەرموێ:

{وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَانبِذْ إِلَيْهِمْ عَلَى سَوَاء إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الخَائِنِينَ - سورة الأنفال -٥٨}.

واتـە: هـەرکاتێ ترسـان لـە هۆزێـك لـەو هۆزانـەی کـە پـەیمانتان لەگەڵـدا بەستوون کە خیانەتتان لەگەڵ بکەن، دیاردەی خیانەتەکەشیان بەدیارکەوت ئەوە ئێـوە بـە راشـکاوی و بـە ئاشـکرا پێیـان بڵـێن: کـە پەیمانکـەتان هەڵوەشـاندۆتەوەو پابەندی نین، بەبێ ئەوەی ئەمەیان پێ رابگەیەنن هەڵمەکوتنە سەریان و شـەڕیان لەگەڵ مەکەن چونکە ئەمە خیانەتەو خوداش خیانەتکارانی خۆش ناوێن.

شایەتیدانی بڕێ لە زانایانی خۆرئاوا دەربارەی فەتحی ئیسلامی:

لێرەدا دەمانەوێ کە بڕی وتەو شایەتی مێژوونووس‌و نووسەران راگوێزی ئێرە بکەین کە هیچ پەیوەندێکیان بە ئیسلامەوە نییە، بەڵکوو ئەوانە زاناو کۆمەڵناس‌و هەموو روداوێك هەڵدەسەنگێنن بەقەدەر خۆی‌و پایەخۆی دەدەنێ هەموو شتێك لە پلەی خۆیدا دای دەنین.

دوکتور جۆستاف لۆبۆن لە کتێبەکەیدا (حضارة العرب) دەڵێ: کاتێك ئێمە باسی شەڕی رزگاری خوازی ئیسلامی (الفتوحات الإسلامية) دەکەین، هۆی سەرکەوتنی موسوڵمانەکان شی دەکەینەوە، بۆمان ئاشکرا دەبێ کە هێزی ماددی هۆکارێکی سەرەکی نەبووە لە بڵاوبوونەوەی بەرنامەی قورئاندا. عەرەبە موسوڵمانەکان بەشێوەیەکی مرۆڤانە لەگەڵ دانیشتوانی وڵاتە گیراوەکاندا جوڵاونەوە، ئەوپەڕی سەربەستی‌و ئازادییان پێ داون، ئەو کەسەی ویستبێتی لەسەر ئایینی خۆی بمێنێتەوە ئازادو سەربەست بووە، جا کە فەلەو جولەکەو پەیڕەوکارانی ئایینەکانی تر لێرەو لەوێ بەویستی خۆیان وازیان لە ئایینی خۆیان دەهێناو موسوڵمان دەبوون، ئەوە لەبەر ئەوە بووە کە ئەو پەڕی دادەوەری‌و رەوشت جوانییان لە موسوڵمانەکان بینیوە کە لە پەیڕەوکارانی ئایینەکانی تردا نەیان بینیوە.

لە شوێنێکی تردا دەڵێ: دەگونجا عەرەبە موسوڵمانەکان بەو سەرکەوتنە گەورانە لە خۆیان بایی ببن‌و زوڵم‌و زۆرییەکی کە زۆرتر سوپای سەرکەوتوو ئەنجامی دەدا بیانکردایەو مامەڵەی نارەوایان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو وڵاتانەی دەیانگرتن بکردایەو بە زۆرە ملێ ئەو ئایینە کە خەباتیان لە پێناویا دەکرد، بە سەریان دا بسەپاندنایە!

جا ئەگەر رفتاریان ئاوابوایە هەموو ئەو گەلانەی کە هێشتا نەکەوتوونە ژێر دەستی موسوڵمانەکان گەلە کۆمەکیان لێ دەکردن‌و ئەو حاڵەتەی کە بەسەر صەلیبەکان هات کاتی داگیرکردنی سوریا بەسەر موسوڵمانەکان دەهات!! بەڵام

خولەفا موسوڵمانەکانی پێشوو ئەوانەی کە ئەو پەڕی لێهاتوویی و ژیرییان بەکار هێناو وێنەیان لەناو بانگەوازیکەرانی ئایینەکانی تردا نەبووەو نابێ، ئەوەیان دەزانی و هەستیان بەوە کردبوو کە ئایین و بیروڕا بەزۆرە ملێ ناچەسپێ، کاتێ وەڵاتێکیان دەگرت مامەڵەی مرۆڤایەتی دادوەرییان لەگەڵ دانیشتواندا دەکرد. لێیان دەگەڕان بەسەربەستی بۆ خۆیان بیرو باوەڕو ئایینی خۆیان پەیڕەو بکەن و تەنها ئەندازە سەرانەیەکی کەمیان لەسەر دادەنان! ئەویش لەپای پارێزگاری کردنیان و پارێزگاری ئاسایشی نێو خۆیان. ئەوەی کە دەبێ بگوترێ ئەوەیە کە تا ئێستا هیچ گەل و نەتەوەیەك سوپای دونیاگری وا بەرەحم و بەزەییان نەبینیوە، هیچ سەرکەوتوویکی جەنگ بە ئەندازەی ئەو موسوڵمانانە لێبوردوو مرۆڤ دۆست نەبوون!!

رەحم و بەزەیی ئەو دونیاگرە موسوڵمانانەو لێبوردن و مامەڵەکردن و هەڵس و کەوتی مرۆڤانەیان هۆی سەرەکی بوون بۆ فراوانبوونی جیهانی ئیسلامی و موسوڵمانبوونی زوربەی ئەو گەلانەی کە دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتیان... هەرزو ئایینیان لەدڵا جێگیر دەبوو، فێری زمان و یاسایان دەبوون، تەنانەت دوای نەمانی دەسەڵاتی عەرەبەکانیش لەسەر شانۆی فەرمانڕەوایی ئەو سۆزە ئایینیە لەدڵی نەتەوەکاندا وا جێگربووبوو کە هیچ هێرش و پەلاماردانێکی سوپایی و فیکری، نەیتوانی کاریان تی بکات هەر چەندە مێژوو نووسان دان بەم راستییەدا نانێن!

هەر بۆ نموونە سەیری میصر بکە کە موسوڵمانە عەرەبەکان گرتیان گۆڕانکارییەکی تەواو لەناو هاووڵاتیانی میصردا پەیدابوو، ئیسلام بەتەواوی بەسەر دڵ و دەروونی دانیشتواندا زاڵ بوو کە پێش ئیسلام نە فارس و نە رۆمان نەئیغریقییەکان نەیانتوانی لەرزەیەك بە ژیارو شارستانی فیرعەونییەکان بکەن!!.

لە شوێنێکی تردا دەڵێ: بێگومان برێ لەزاناو رۆشنبیرانی ئەورووپا ئەوانەی کە خاوەنی هەست و وێژدانی مرۆڤایەتین دانیان بە لێبوردویی و سینگ فراوانی موسوڵمانەکان داناوە.

روبرتسون لە کتێبەکەیدا (تأريخ شارلكن) دەڵێ: هەر موسوڵمانەکان بوون کە توانیان غەزاکاریو چاوپۆشی بەیەکەوە کۆبکەنەوە هەر وڵاتێکیان گرتبێ ڕێگایان داوە دانیشتوانی ئەو وڵاتانە لەسەر ئایینی خۆیان بمێننەوە، ڕێو رەسمی ئایینی خۆیان ئەنجام بدەن.

مێشود لە کتێبەکەیدا (تأريخ الحروب الصليبية) دەڵێ: بێگومان ئەو ئیسلامەی کە فەرمانی کردوە بە جیهادو موسامەحەکردن لەگەڵ ڕێڕەوانی ئایینەکانی تردا هەر ئەویش بوو کە بطریكو راهبەکانی لەباجو سەرانە عەفوکردوە! بەتایبەتیش کوشتنو ئازاردانی راهیبەکانو دێرنشینەکانی حەرام کردوە چونکە بۆ خودا پەرستی لێبڕاون.

حەزرەتی عومەر (خوای لێ رازی بێ) ئەوکاتەی شاری قودسی رزگار کرد بەهیچ جۆرێك خراپەکاری لەگەڵ فەلەکاندا نەکرد، کەچی خاچپەرستەکان کاتێ قودسیان گرتەوە موسوڵمانەکانیان سەربڕین، جولەکەکانیش کاتێ چوونە قودسەوە موسوڵمانەکانیان سوتاندن!!

کۆنت هەنری دی کاستری: لە کتێبەکەیدا (الاسلام خواطر وسوانح)دا دەڵێ: دوای ئەوەی عەرەبکان موسوڵمان بوونو ئیمانیان بە قورئان هێناو دڵیان بە نووری ئیسلام روناك بووەوە، بە شێوەو شێوازێکی تایبەتییەوە هاتنە پێشەوەو شێوازی ژیانیانو مامەڵەکردنیان لەگەڵ مرۆڤانی سەرزەویدا ئاشتیو سەربەستی بوو، ئەمجار پەیتا پەیتا ئایەتەکانی قورئان دەهاتنە خوارێو فەرمانی پێ دەکردن کە هەمیشە چاکەکارو خۆش گفتار بن، پێغەمبەریش (درودی خودای لەسەربێ) رینومایی بۆ هاوەڵانی هەر چەسپاندنی خودا پەرستیو مامەڵەکردنی مرۆڤانە بوو لەگەڵ ئەوانەی دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی موسوڵمانانەوە، دوای لە دونیا دەرچونیشی جێ نشینەکانی هەمان هەڵوێستیان وەرگرتو لەو ڕێبازە پیرۆزە لایان نەداو بۆ ئەم هەڵوێستە پیرۆزە تێکۆشاون.

روبرتسون دەڵێ: پەیڕەوكارانی (محمد) جۆرە مرۆڤێك بوون هەر ئەوان توانیان كە ئایینو بیرو باوەڕكەشیان بڵاو بكەنەوەو چاكەو پیاوەتیش لەگەڵ ئەو گەلانەدا بكەن كە دەكەوتنە ژێر دەستیان، چونكە هەر لەگەڵ وڵاتەكە دەگیرا زۆری پێ نەدەچوو قورئان دەچووە دڵیانەوەو لەناخەوە موسوڵمان دەبوون! ئەوەتا ئەو كاتەی كە موسوڵمانەكان هێرشیان كردە سەروڵاتی شامو وەكوو بروسكە تا بەشی باكووری ئەفەریقا هەر لە دەریای سوورەوە تا موحیتی ئەتلانتی رایان مالّیو هیچ دیاردەیەكی بەرهەڵستكارییان نەهێشتەوە چ كوشتارێكی ئەوتۆشیان نەكرد.

هۆیەكی تریش هەیە بۆ بڵاو بوونەوەی ئیسلامو ملكەچكردنی نەتەوەكان بۆ دەسەڵاتی ئیسلام لە كیشوەری ئاسیاو ئەفەریقادا ئەویش زوڵمو زۆری رۆمانەكان بوو... بێگومان ستەمكاریی فەرمانڕەوایانی (قسطنطين) گەیشتبووە ئەوپەڕی سنوورو وای لێ هاتبوو مرۆڤ كوشتنو ئاژەڵ كوشتن یەكسان بوو بوو!! جا كە ئیسلام هاتو بەو هەڵوێستە مرۆڤانەوە بڵاو بوەوە، خەڵك باوەشی بۆ گرتەوە، لە ترسی زەریبەو سەرانەو ماڵ داگیركردنی ئەو فەرمانڕەوایانە رویان كردە ئیسلامو موسوڵمان بوون! زیاد لەوەش ئەوكاتە ئایینی ئیسلام كاربەدەستی تایبەتی نەبوون بۆ بانگەوازی كردنو فێركردنی بەرنامەو پرۆگرامەكانی، وەكوو لە ئایینی مەسیحیدا بەدی دەكرێ، خۆنەگەر ئەو جۆرە كەسانەی ببوونایە دیارە هۆی بڵاوبوونەوەی ئیسلام باشتر بۆمان روون دەبوەوە، ئەوەتا دەڵێن: شارلمان هەموو كاتێ كە دەچوو بۆ شەڕو وڵاتگرتن كۆمەڵێكی كەشیشو راهیبو بانگەوازیكەری لەگەڵ خۆدەخستن بۆ ئەوەی كە دوا بەدوای گرتنی وڵاتان دەست بكەن بە ئامۆژگاریو دڵی دانیشتوان داگیربكەن، كەچی ئێمە لە مێژوودا نابینین ئەوكاتە موسوڵمانان كۆڕێكی بانگەوازی كەریان هەبووبێ، كۆمەڵێ مەلاو ئامۆژگاریكەر لەپاش لەشكرو سوپاوە بووبێ ئامۆژگاری خەڵكیان كردبێ! هەرگیزاو هەرگیز كەسیان بە زۆر موسوڵمان نەكردوە، نە بەشمشێر نە بە هەڕەشە، بەڵكوو ئایین چۆتە دڵیانەوە لە رووی خوو ڕەوشتی جوانی

جەنگاوەرەکانـەوە، بـەهۆی کاریگـەری قورئانـەوە کـە راسـتەوخۆ کـاری لـەدڵیان دەکردو کەمەندکێشی دەکردن.

بـەڵێ زۆر مێـژوونووس پێیـان وایـە کـە بڵاوبوونـەوەی ئیـسلام لـە نێـو مەسـیحییەکانی سـەر بەکەنیـشتەی خۆرهـەڵاتی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو هەسـتی نارەزامەندییەی کە هەیانبوو بەرامبەر ئەو هەموو هەڵەو سەر لێشێواوییەی کە گیانی هێلینستی هێنابوویە ناو لاهووتی مەسیحییەوە... هەروەها بۆ ئـەو خێـرو خۆشیو سەربەستییەی کە لەژێر ئاڵای ئیسلامدا دەستیان کـەوت، هـەروەها ئـەو توانایەی کە ئیسلام بەکاری هێنا بۆ رزگارکردنیان لەو گەرداوی ئاژاوەی کە تێیدا بوونو رەوڕەوەی ژیانیانی تووشی شەپلە کردبوو!!

ناوچەی خۆرهەڵاتیش کە ناسرابوو بەوە کە بیروڕای بێ پێچو پـەنای بـەلاوە پەسـەندبوو، دانیـشتوانی حـەزیان لـە سـاکاریو حـەقو راسـتی بـوو، رۆشـنبیریی هێلینی لە رووی ئایینییەوە بۆیان ببوە کۆسپێکی گەورەو کۆڵێکی قـورس بـوو بـە کۆڵیانەوە، ئەم گیـانی هێلینـستییە تـەعلیماتو یاسا ئایینییـەکانی مەسـیح — کە خۆیان لە خۆیاندا تا بڵێی ساکارو بەرزبوون — کردبوونیە بـیرو بـاوەڕێکی خـوارو خێچو پڕ لە گومانو هەڵەو ناڕێكو پێکی!! ئـەم حاڵەتـە هەسـتێکی نائومێدیو رەشـبینی لـەناو دانیـشتواندا پەیـداکردبوو بناخـەی ئایینـە راسـتییەکەی هەڵتەکاندبوو، جا کاتێ خۆری ئـایینی ئیـسلام لـە ئاسۆی بیابـانی عەرەبـستانەوە هـەڵهات، بەرنامەیـەکی پـیرۆزی خـۆشو ئاسـانی هێنایەکایـەوە، ئـیتر ئـایینی مەسیحی کە شەقو شڕ بوو بـوو، رەشـبینیو نائومێدی بـاڵی رەشـی بەسـەر بـاری ژیانی پەیڕەوانی دا هێنابوو، ئیتر ئـەو ئایینـە شـەقو پەقـە نـەیتوانی بـەرەنگاری ئـایینی تـازە بکـا، ئـەوەبوو لـە ماوەیـەکی کـەمو کورتـدا ئیـسلام هـەموو شـكو گومانێکی لە وڵاتدا لابردو بەڵگەو بەرنامەی خۆی خستە بەردەم گەلانی جیهانو راستیو دروستی خۆی چەسپاند، ئیتر ئەو کاتە خۆر هـەڵاتی مەسـیحی بەویـستی خۆی خۆی خستە باوەشی بەرنامەی ئیسلامەوە!!

خـاوەنی کتێبـی (العـالم الإسـلامي الجديـد) دەڵـێ: هـەرگیز موسـوڵمانەکان ئـەوەیان مەبەسـت نـەبووە کـە لـەئاکامی گرتنـی وڵاتانـداو سـەرکەوتنی یـەك لەدوایەکیاندا ماڵو دارایـیان دەست کـەوێ، بەڵـکوو ئـەوان بـە گیـانێکی مرۆڤانـە هەڵس و کەوتیان لەگەڵ خەڵکیدا کردوە، زاناو زانیارییان خۆش ویستووە، رێـزی کەلەپوری ژیارو شارستانیەتی گەلانیان گرتـووە، تەنانـەت ئەوەنـدەی پـێ نەچوو بـەهۆی ژنو ژنخوازییـەوە خزمایـەتی کەوتـە نێـوان ئـەوانو ئـەو گەلانـەی کـە کەوتنە ژێر دەستیان، دڵو دەروونیان لەسەر برایەتی ئایینی یەکیان گرتو بوون بـە نەتەوەیـەکی پتـەوی یـەك ئامـانجو یـەك هەلوێـست کـە توانیـان ژیـارو شارستانیەکی تر بخەنەڕو کە ئەویش ژیارو شارەستانیەتی ئیـسلامییە کـە لەسـەر بناغەی ژیاری یۆنانو رۆم دروست بوو بەڵام مۆرکی ئیسلامی پێوەنرا!.

ئەمـەی گـوترا بـڕی قـسەو باسـی مێـژوو نووسـانو نووسـەرو لێکۆڵـەوەرانی فتوحاتی ئیسلامی بوو، بەراستی ئەوە مێژوویەك بوو کە وێنەی نییە لە مێژووی ئـایینیو کۆمەڵایـەتی هـیچ گـەلو نەتەوەیـەکی تـری سـەرزەوی دا ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە قورئـان زۆر کاریگـەربووە لـە ژیـانی کۆمـەڵانی ئـادەمیزاددا بـە جـۆرێکی وا کـە هـیچ پـەڕاوێکی ئاسمـانی تـر ئـەو کاریگەریـەی نـەبووە، ئـەوەش بەڵگەیەکی ترە کە قورئان نیگای خودایە!.

بەشی بیست‌و چوارەم:

سزاو تۆڵە لە ئیسلامدا (العقوبات في الإسلام)

چۆنیەتی ئاسایش پێش ئیسلام (تاوان‌و سزا – سزای کوشتنی بەئەنقەست – سزای کوشتنی بەهەڵە – سزای دەستدرێژیکردن بۆ سەر ئەندامانی لەش – سزای ڕێگری‌و چەتەیی – سزای بوختان – شەرمنەفرین (لیعان) – سزای زینا – سزای نێربازی – سزای دزی سزای یاخی بوون لە فەرمانڕەوا – سزای بادەنۆشی – سزای وەرگەڕان لە ئایین – تەمێکردن (التعزیر) – چەند ئامۆژگاریەکی گشتی بۆ پاراستنی ئاسایش – یەکسانی لە سزادانداندا – سزای ئیسلام هەمووی پڕە لە دادوەری).

چۆنیەتی ئەمن‌و ئاسایش پێش هاتنی پێغەمبەر (د.خ):

ئەو کاتەی حەزرەتی موحەممەد (دروودی خودای لەسەربێ) کرا بە پێغەمبەر سەردەمێکی زۆر چەواشەبوو، رۆژگارێکی زۆر تاریك‌و نائارامی بوو، لە هەموو رووبەکەوە هەوری رەشی شووماویی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو، رەگەز پەرستی‌و نەزانی خۆی داکوتابوو، گەورەترین کاری ناشایستە ئەنجام دەدرا، فڕاندن‌و کوشتن‌و دەستدرێژی کارێکی ئاسایی رۆژانەی خەڵك بوو، ئەم هۆز هێرشی دەکردە سەر ئەو هۆزو تاڵان‌و بڕۆی دەکردو دەستدرێژی دەکردە سەر نامووس‌و ماڵ‌و گیانیان، هەق هی هێزی ناهەق بوو، دەستدار دەیبردو بێ دەست تەماشای دەکرد. بێهێز حەق خوراوو ماف پێشێل کراوبوو، چۆنیەتێکی ئاوا دیاردەیەکی بەدیاری ناو دورگەی عەرەب بوو، دیارە ئەو گەل‌و نەتەوانەی لە دەورو پشتی ئەو ناوچەیە بوون، حاڵیان لە حاڵی دانیشتوانی ناو دوورگەی عەرەب باشتر نەبوو، بەڵام ویستی خودای گەورەو بەدیهێنەری ئادەمیزاد وابوو کە ئەم گەلانە لە نەخۆشی نەزانپەرستی رزگار بکا، قورئانی بە نیگا بۆ حەزرەتی موحەممەد نارد کە هەموو خۆشبەختی‌و بەختەوەرییەکی کۆمەڵ‌و تاکی تێدابوو! دەی با پێکەوە چاوێك بە شەریعەتی ئیسلامدا بگێڕین، بزانین چۆن هەوڵی داوە بۆ دابینکردنی ئەمن‌و ئاسایش، چۆن سیستەمێکی یاسایی داناوە بۆ قەڵاچۆکردنی تاوان‌و تاوانکاران!

شتێکی ئاشکراشە کە تاوان ڕەنگدانەوەیەکی پڕاو پڕی دەروونی تاوانبارەکەیەو سزادانی دەبێتە هۆی دەرمانکردنی ئەو نەخۆشییە دەروونیەو پاراستنی کۆمەڵگایە لە خراپەکاری ئەو تاوانبارە.

تاوانو سزا (الجريمة والعقوبة):

تاوان لە زاراوەی شەرعی ئیسلامدا بریتییە لەو شتە یاساخکراوانەی کە خودا بەیەکێ لەم دووە هەڕەشەی لە کردنیان کردوە: بەسزا یا بەتەمێکردن، شتە یاساخکراوەکان یا کردنی کارێکی ناڕەوایە یا نەکردنی کارێکی ڕەوایە، شەریعەتی ئیسلامی لە پێناسەکردنی تاواندا لەگەڵ یاسا دانراوەکانی سەردەم، یەك دەگرێتەوە چونکە تاوان لە زاراوەی یاساکانی سەردەمدا یەکارێك دەگوترێ کە یاساکردنی یا نەکردنی ئەوی قەدەغە کردبێ، یا نەکردنەکەی بەپێویست بزانێ، جاکردنی کار یا نەکردنی بە تاوان حسێب ناکرێ ئەگەر لەئیسلام دا سزای بۆ دانەنرابێ.

هۆی حەرامکردنی کرداری گوفتارو سزا بۆ دانان لەسەری:

ئەو کارانەی کردنیان یا نەکردنیان بە تاوان دادەنرێ، بریتین لەو کردەوانەی کە کردنیان یا نەکردنیان زیان بە سیستەمی کۆمەڵ دەگەیەنێ، زیان لە بیرو باوەڕی کۆمەڵ دەدا، یان ژیانی هاووڵاتیان دەخاتە مەترسییەوە، یان زیان لەماڵو ناموسیان دەدا، یان هەستو شعووریان بریندار دەکا، یان بەهەرشتێکی تری وا کە پێویستە کۆمەڵی لێ پارێزگاری بکرێ!

بێگومان سزا بۆیە دانراوە، تاوەکوو خەڵك لە تاوان بگێڕێتەوە... چونکە نەهیکردن لەکردنی کردەوەیەك یان فرمانکردن بەکردنی، نابێتە لەمپەڕو لغاو بۆ مەنعکردنی ئادەمیزاد لەکردنی کارێك... هەر وەکوو چۆن نابێتە هاندەرێکی

کاریگەر بۆ کردنی کارێك. سزا بۆیە دانراوە یاسا بچەسپێنێ، خۆ ئەگەر سزاو پاداش نەبن فەرمانکردنو نەهی کردن بەبێ هودە دەژمێردرێن!!

شەریعەتی ئیسلامی لەگەڵ قانوونی دانراوی ئەوروپادا یەك دەگرنەوە لەوەدا کە مەبەست لە دانانی سزا پاراستنی بەرژەوەندی کۆمەڵەو پارێزگاری یاساو دابو نەریتیەتی، هەروەها دابینکردنی هۆکاری مانەوەی خودی کۆمەڵەکەیە، بۆیە پەروەردگار لە بارەی تۆڵەوە دەفەرموێ:

{وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَاْ أُولِيْ الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ - سورة البقرة – ١٧٩}.

واتە: بۆ ئێوە لە تۆڵەستاندنەدا ژیان هەیە ئەی خاوەن فام ژیرەکان، بەڵکوو ئێوە خۆتان لەتاوانی کوشتن بپارێزن.

دەستنیشانکردنی تاوانو سزاکە بەبێ (نەص) ناکرێ:

ئەم قاعیدە بەرزە یەکێکە لەو یاساو بەرنامەیەی کە ئیسلام پێش چواردە سەدە هێناویەتیو کاری پێکردوە، لە کاتێکا قانوونە دانراوەکانی ئەوروپا لە کۆتایی چەرخی هەژدەهەمدا ئەم قاعیدەی هێنایە ناو قانوونی خۆیەوە: کاتێك کە تەشریعی فەرەنسی دوای شۆڕشی فەرەنسا بۆیەکەمجار ساڵی (١٧٨٩ز) جاڕی مافی مرۆڤی دا، ئەمجار ئەو قاعیدەیە لە تەشریعی فەرەنسییەوە گوازرایەوە بۆ قانوونە دانراوەکانی تر، حیکمەتیش لە چەسپاندنی ئەم قاعیدەیە ئەوەیە کە هاووڵاتیان زانابن بەو تاوانانەی کە سزای لەسەر دەدرێو جۆری سزاکەش دیاری کراو بێ، تاوەکوو ئەو سزایە ببێتە لەمپەرو لغاو نەهێڵێ کەسێك تاوان ئەنجام بدا، هەروەکوو چۆن ئەم مەبدەئە دەبێتە لەمپەرێکیش بۆ ئەوەی نەهێڵێ دادگاو کاربەدەستەکان لارێو چەوتی بکەن لە دادگایی کردنیاندا، چونکە ناگونجێ کە سزای کەسێك بدرێ بە سزایەکی وا کە یەکێکی تر وا سزا نەدرێ! هەروەها ناگونجێ سزا دوای تاوان دابندرێ!

شەریعەتی ئیسلامی کە ئەم یاسایەی داهێناوە، تەنها سزای تاوانە گەورەکانی دیاری کردوە، ئەو تاوانانەی کە ئەمن و ئاسایش تێک دەدەن و کۆمەڵ تووشی خراپبوون دەکەن. لە قورئانی پیرۆزدا بە شەش جۆر دانراون:

یەکەم: کوشتنی ئادەمیزاد بە ناڕەوا.

دووەم: رێگری و چەتەیی.

سێیەم: بوختان:

چوارەم: داوێن پیسی.

پێنجەم: دزی.

شەشەم: یاخیبوون لە دەوڵەتی ئیسلام.. چەند سزایەکی تر هەن پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) دیاری کردوون ئەوانیش سزای بادەنوشی و هەڵگەڕانەوە لە ئایین، جگە لەمانە تاوانی تر سزاکەیان دیاری نەکراوە بەڵکوو ئەندازەو شێوەکەی حەواڵەی لێپرسراوو پیاو ماقوڵ و زانایان کراوە، بە بیرو بۆچوونی خۆیان چۆنیەتی تاوان و حاڵی تاوانبار شی دەکەنەوەو چی بگونجێ و چۆن بگونجێ لەگەڵ داب و نەرێتی گەل و کۆمەڵگا دیایی دەکەن، جا بائێستا لەمەدوا سزای هەریەکێك لەو تاوانانە دیاری بکەین.

سزای کوشتنی بەئەنقەست (عقوبة القتل العمد):

بێگومان تاوانی کوشتنی بەئەنقەست سامناکترین تاوانەو کوشندەترین کارێکە کە دەبێتە تێکدەری ئەمن و ئاسایش، لەبەر ئەوە سزاکەی لە هەموو یاساو یاسانامەیەکدا سەختترین سزایەو زۆرجار دەق بریتییە لە کوشتنەوەو لەناوبردنی بکوژەکە، هەر لەو رۆژەوە کە ئادەمیزاد هاتۆتە سەرزەوی و ئەم تاوانە سەری هەڵداوە هەموو ئایینەکان یەك لە دوایەك بەکارێکی ناشرین و نامرۆڤانەیان داناوە.

ئێمە ئەگەر سەیری قانوونی رۆمانی کۆن بکەین، دەبینین: ئەگەر بکوژ پلەی کۆمەڵایەتی بەرزبێ و لەپیاو ماقولانبێ، فەرمان بەکوشتنەوەی نادا، بەڵکوو لە

زێدو نیشتمانی خۆی دووری دەخاتەوە! ئەگەر بکوژەکە پلەی کۆمەڵایەتی مام ناوەندی بوو، ئەوە سزاکەی مل پەڕاندنیەتی، ئەگەر پلەی کۆمەڵایەتی نزم بوو، سزاکەی هەڵواسینە: واتە: لەسێدارە دەدرێ! دوایی ئەم یاسایەیشی گۆڕی بەوە کە تاوانبار بخرێتە بەردەم جانەوەرو درندە بۆ ئەوەی لێکی هەڵبدرێ، دوایی ئەم قانونەش گۆڕدرا بە لەسێدارەدان.. عەرەبەکانیش پێش ئیسلام لەم بارەوە یاساو دابونەریتی خۆیان هەبوو، یەکێ لەو یاسایانە کوشتنەوەی بکوژبوو، بەڵام زۆر زیادە ڕەوییان تێدا دەکرد، لەجێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا، نەیاندەویست دادپەروەرانە بجووڵێنەوە، زۆر جار هەوڵیان دەدا لەجیاتی ئەوەی بکوژ بکوژنەوە کابرایەکی بێ تاوان بکوژنەوە، یان زۆر جار لەجیاتی کوژراوێك چەند کەسیان لەهۆزی بکوژ دەکوشتەوە، یان زۆرجار وادەبوو ئەگەر ئاژەڵێکیان بەدەستی یەکێك لەناو بچوایە ئادەمیزادیان لەبری ئاژەڵەکە دەکوشتەوە، لەگەڵ ڕووداوی بریندارکردنو خوێنی ئەندام دا هەمان هەڵوێستیان هەبوو... زۆرجار ئەم هەڵوێستانەیان ئەم زیادەڕەویو سنوور پەڕاندنەیان سەری کێشاوە بۆ هەڵگیرسانی شەڕو پێکدادانو جاری وا بووە چەند هۆزو عەشیرەتی تێدا بنەبڕکراوە، چەندان بنەماڵەو خانەوادەی تێداماڵوێران کراوە.

هەتا ئایینی ئیسلام هات ئەو شەریعەتو یاسا عادلانەی لەگەڵ خۆیدا هێناو بەو شێوە سزای تاوانی کوشتنی دیاری کردو فەرمووی:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالأُنثَى بِالأُنثَى فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاء إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ذَلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ فَمَنِ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ، وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَاْ أُولِيْ الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ} - سورة البقرة - ١٧٨ - ١٧٩}.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار ڕوو دەکاتە موسوڵمانانو پێیان دەفەرموێ: ئەی موسوڵمانان! تۆڵەتان لەسەر نووسراوە، کەسێك کەسێکی کوشت دەبێ بکوژرێتەوە... ئەمجار دەفەرموێ: مرۆڤی ئازاد لە تۆڵەی مرۆڤی ئازاددا

دەکوژرێتەوە، کۆیلە لە تۆڵەی کویلەدا دەکوژرێتەوە، مێینە لە تۆڵەی مێینەدا دەکوژرێتەوە ، ئیتر بەم یاسایە ئەو دابونەریتە نالەبارەی کە لە دورگەی عەرەبدا باوبووە قەڵاچۆکرد، وا باوبوو هەرکاتێ یەکێك لە بنەماڵەیەکی هەژار بوایەو یەکێکی لە دەست بکوژرایە کە لە بنەماڵەیەکی خانەدان بوایە بنەماڵەی لێکوژراو رازی نەدەبوو هەتا چەند کەسێکیان لەگەڵ بکوژەکەدا نەکوشتایەوە!

ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئیسلام تۆڵەی کوشتنی پێویست نەکردوە، بەڵکوو کەسو کاری کوژراوی سەرپشك کردوە دەتوانن پێداگرن لەسەر کوشتنەوەی بکوژ، دەشتوانن لێی خۆش ببنو خوێنی لێ وەرگرن، جا ئەو کاتە کە خاوەن کوژراوەکە لایەنی لێخۆشبوون هەڵدەبژێرێ قورئان بکوژ بەبرای کەسو کاری کوژراو دادەنێ! بۆ ئەوەی ئەوە بچەسپێنێ کە موسوڵمانان هەموویان برای ئایینی یەکترینو سۆزیان بۆ یەکتری بجوڵێو بەزەییان بەیەکتردا بێتەوە، لێبوردنو لێخشبوونیان بۆ یەکتریی هەبێ! کەسێك مافی لێبوردنی هەیە کە مافی داواکردنی تۆڵەکردنەوەی هەبێ، بێگومان پەروەردگار ئەم مافەی داوە بەکەسوکاری نزیکی کوژراوەکە: وەکوو باوكو براو کوڕو ئامۆزا...هتد.

ئەمانەی دەتوانن داوای کوشتنەوەی بکوژ بکەن ئەگەر داوایان کرد دەبێ فەرمانڕەوای موسوڵمانان رێزی داواکەیان بگرێ، چونکە ئەگەر حاکم گوێی پێ نەدانو تۆڵەی بۆ نەساندنەوە، دەشێ خزمو کەسو کاری کوژراوەکە رێگای تر بگرنو بۆ خۆیان تۆڵە وەربگرنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دوژمنایەتیو دوژمنکاریی نێوان بنەماڵەی بکوژو کوژراو کە ئەمە دیاردەیەکە ئەمڕۆ بەزەقی دەبیندرێ، بە تایبەتی لەلای ئەو گەلو هۆزانەی تایفەگەرییان لە نێواندا باوەو بە عەشایەری ژیان بەسەر دەبەن.

جا ئەگەر لێبوردنو لێخشبوونەکە لەلایەن کەسو کاری کوژراوەکە سەری هەڵدا، ئەوکاتە بکوژ لەگیانی خۆی ئەمین دەبێو ئاژاوەکەش کۆتایی پێدێ، بەتایبەتی ئەگەر هۆی لێبوردنەکە پاڕانەوەو داخوازی بکوژو خزمەکانی بوو!

جاری وا دەبێ یەکێك دەکوژرێ بەڵام کوشتنەوەی بکوژ زیان بەخش دەبێ وەکوو ئەوەی کابرایەك برای خۆی لەدەست بکوژرێ، یان خزمێکی نزیکی بکوژرێ، واش ڕێبکەوێ ئەم بکوژە بەخێوکەرو ئیشکەری ئەو بنەماڵەیە بێ، ئالەم کاتەدا نەکوشتنەوەی بکوژ باشترە لە کوشتنەوەی.

ئەگەر کەس‌و کاری بکوژ سوور بوون لەسەر کوشتنەوەی بکوژ فەرمانڕەوا (حاکم) ناتوانێ بەدەسەڵاتی خۆی عەفوی بکاو داواکاریی کەس‌و کاری کوژراو جێبەجێ نەکا؟! هەروەها (حاکم) ناتوانێ عەفوی نەکا، ئەگەر کەس‌و کاری کوژراو ویستیان عەفووی بکەن، مەگەر بەرەڵڵاکردنی بکوژ ببێتە هۆی تێکدانی ئەمن‌و ئاسایش، ئەوکاتە (حاکم) خۆی سەرپشکە چ شتێك بەگونجاو بزانێ بۆ تەمبێکردن‌و گێڕانەوەی لە تاوان ئەنجامی دەدا، پێویستیشە ماوەیەك بیخاتە ژێر چاوەدێرییەوەو دڵنیابێ لەوە کە سلوك‌و ڕەوشتی باش بووە.

لەکاتێکدا کەس‌و کاری کوژراو لایەنی عەفوویان گرت‌و لە بکوژ خۆش بوون‌و نەیانکوشتەوە پێویستە تاوانبار خوێنی کوژراوەکە بدا بەکەس‌و کارەکەی. بۆیە پەروەردگار دەفەرموێ:

{فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاء إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ}.

ئەمە ئامۆژگاری پەروەردگارە بۆ کەس‌و کاری کوژراو کە عەفوکردن‌و لێخشبوونەکەیان پیاوانە بێ، خوێنەکە زۆر گران نەکەن‌و لەئەندازەی خۆی تێنەپەڕێنن، پێی لەسەر دانەگرن‌و مۆڵەتی بدەن تا پەیدای دەکا، پێویستە بکوژیش خوێنەکە بە پیاوانە تەسلیم بکاو فێڵ‌و فوت نەخاتە کارو دڵی کەس‌و کاری کوژراو ڕازی بکا چی کەوتەسەرو بۆی دانرا پیاوانە جێبەجێی بکا!

ئەمجار قورئان دەفەرموێ: {ذَٰلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ}.

مانای ئەوەیە کە دانانی ئەم یاسا پیرۆزە جێگای سوپاسەو منەتنانی پەروەردگارە بەسەر بەندەکانیەوە کە بەم یاسایە ڕێگای لێخشبوونی بۆ داناون‌و کەس‌و کاری کوژراو دەتوانن لەجیاتی ئەوەی بکوژ بکوژنەوە – ئەگەر ویستیان – خوێن وەربگرن، ئەمەش هەم بارسووکییە بۆ بکوژو هەم سوودی مادیشی تێدایە

بۆ کەس و کاری کوژراو، ئەمجار پەروەردگار کۆتایی ئایەتەکە بەوە دەهێنێ کە هەڕەشە لەکەس و کاری کوژراو دەکا، بەوە کە دوای لێبوردن و لێخشبوون نەچن شەیتان بچێتە کەللەیانەوەو ئەو برا موسوڵمانانەی خۆیان – کە لێی خۆشبوون – بکوژنەوە؟! دەفەرموێ:

{فَمَنِ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ}. کەسێك دوای لێبوردن وخوێن وەگرتن بچێ بکوژ بکوژێتەوە ئەوە سزای توند دەدرێ:

لە دونیادا تۆڵەی کوشتنەوەی لەسەرەو دەکوژرێتەوە لەو دونیاش نارەزامەندی خودای لێیە. ئەمە پوختەی شیکردنەوەی ئایەتی (قیصاص) تۆڵەبوو کە سزای تاوانی کوشتنی بەئەنقەستی دیاری کرد لە ژیانی دونیادا.

سزای قیامەت:

دیارە قورئانی پیرۆز هەر بەوەندە کە بکوژ سزای دونیایی درا کۆتایی بە مەوزوعەکە ناهێنێ بەڵکوو هەڕەشەی لە بکوژ کردوە کە لەو دونیادا سزای دۆزەخی بۆ دانراوەو هەتا هەتایە لەو سزا بە ئێشەدا دەمێنێتەوە، خودا دەفەرموێ:

{وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا - سورة النساء – ٩٣}.

واتە: هەر کەسێك بەناڕەوا موسوڵمانێك بەئەنقەست بکوژێ، ئەوە سزای دۆزەخەو هەتا هەتایە لەو سزایەدا دەمێنێتەوە غەزەب و نەفرینی خوداشی لەسەرەو سزای گەورەی بۆ ئامادەکردوە.

دیارە قورئان هەموو کوشتنێکی بەئەنقەستی مەنع کردوە جا چ خۆ کوشتنبی یان خەڵك کوشتن بێ:

{وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا، يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا - سورة الفرقان – ٦٨-٦٩}.

کەسێك ناکوژن کە خودا کوشتنی قەدەغە کردوە، داوێنپیسی ناکەن، کەسێك ئەم تاوانە گەورانە ئەنجام بدا ئەوە لە قیامەتدا بەسزای سەختی خۆی دەگاو سزای بۆ چەند چەندانە دەکرێتەوەو لەو ئێشو ئازارە سەختەدا بەریسوایی هەتا هەتایی دەمێنێتەوە.

پێغەمبەری مەزنیش لە فەرموودەیەکیا دەفەرموێ: ١٧٢٤٢-

« إِذَا الْتَقَى الْمُسْلِمَانِ بِسَيْفِهِمَا فَالْقَاتِلُ وَالْمَقْتُولُ فِى النَّارِ، فَقِيل: هَذَا الْقَاتِلُ فَمَا بَالُ الْمَقْتُولِ؟ قَالَ: إِنَّهُ كَانَ حَرِيصًا عَلَى قَتْلِ صَاحِبِهِ .

واتە: هەرکاتێ دوو موسوڵمان بە شمشێرەوە بەرەنگاری یەکتری بوونو یەکێکیان یەکێکیانی کوشت، ئەوە بکوژو کوژراو هەردوو دەچنە ناو دزەخەوە، گوترا: بکوژەکە تاوانبارە جێگەی خۆیەتی بچێتە دزەخ ئەی کوژراوەکە بۆچی؟! پێغەمبەر فەرمووی: چونکە ئەویش لەدڵەوە سوربووە لەسەر کوشتنی هاوڕێکەی خۆی!

سزای کوشتنی بەهەڵە (عقوبة القتل الخطأ):

قورئانی پیرۆز چۆنیەتی کوشتنی بەهەڵەو سزاکەی لەم ئایەتەدا رون دەکاتەوە کە دەفەرموێ:

{وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلاَّ خَطَئًا وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَئًا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ إِلاَّ أَن يَصَّدَّقُواْ. سورة النساء/٩٢}.

واتە: شایانی موسوڵمان نییە لە موسوڵمان ناوەشێتەوە کە موسوڵمان بکوژێ مەگەر بەهەڵە، دەی ئەگەر کەسێ بەهەڵە موسوڵمانێ بکوژێ، وەکوو ئەوە گوللەو تیرو شتی وا لەدەستی دەربچێ یا تەقە لەشتێ بکاو موسوڵمانێ بەربکەوێ، ئەوکاتە پێویستە بکوژ بەندەیەك ئازاد بکاو خوێنیشی بەکەسو کاری کوژاوەکە بدا کە سەد وشتری تەمەن جیاجیان.. یان بەهاکەیان بە پارە بەپێی نرخی رۆژ بقەبڵێندرێ. ئەگەر کەسو کاری کوژراوەکە بکوژیان عەفو کرد لێی خۆش بوون ئەوە خوێنەکەی لەسەر لادەچێ.

سزای برینداركردن و فەوتاندنی ئەندامانی لەش:

بێگومان کەسێك دەستدرێژی بکاتە سەر کەسێك دەستی یان قاچی یان چاوی یان گوێچکەی.. بفەوتێنێ یا زیانیان پێ بگەیەنێ ئەوە شەریعەتی ئیسلام سزای تایبەتی خۆی بۆ داناوە سزاکەش ئەوەیە دەستدرێژیکەر چی کردوە وای لێ دەکرێتەوە. قورئان دەفەرموێ:

{وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالأَنفَ بِالأَنفِ وَالأُذُنَ بِالأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ - سورة المائدة – ٤٥}.

واتە: لە تەوراتدا وامان یاسا بۆ جوولەکەکان داناوە کە نەفس بەنەفس دەکوژرێتەوە چاو لە جیاتی چاو دەردەهێندرێ، لوت لەجیاتی لوت و گوێچکە لەجیاتی گوێچکە دەبڕدرێتەوە، ددان لەجیاتی ددان دەردەهێندرێ و تۆڵەی برینیش برینێکە وەك خۆی. ئەم بەرامبەری کردنەو تۆڵەستاندنەوە کاتێك ئەنجام دەدرێ کە ئەندامی تاوان لێکراوو تاوانبار وەك یەك بن، کەوابوو کەسێك چاوی کوێری کابرایەکی دەرهێنا لەجیاتی ئەو چاوە کوێرە چاوێکی ساغی ئەو دەرناهێندرێ! بەڵکوو دەبێ خوێنی بدا ئەمەش ئەو پەڕی دادوەری تێدایە، چونکە ئەو کەسەی دەستدرێژی دەکاتە سەر ئەندامی ئادەمیزادێك سزاکەی ئەوەیە کە ئەندامێکی ئاوهای بەوشێوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ نەك لەجیاتی چاوێکی کوێر چاوێکی ساغ دەربهێندرێ یان لەباتی دەستێکی گۆچ و شلەپەتە دەستێکی ساغ ببڕدرێ! قورئانیش دەفەرموێ:

{وَجَزَاء سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِّثْلُهَا - سورة الشورى – ٤٠}.

سزای خراپە خراپەیەکی بەئەندازەی خۆیەتی. هەروەکوو چۆن تاوان لێکراو دەتوانێ واز لە تۆڵەستاندن بێنێ و تاوانبار عەفو بکا، وەکوو قورئان دەفەرموێ:

{فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ - سورة الشورى – ٤٠}.

هەرکاتێکیش تاوان لێکراو وازی لە مافی خۆی هێنا – کە تۆڵەستاندنە – دەتوانێ خوێن وەرگرێ، ئەندازەو چۆنیەتی ئەو خوێنە زانایانی ئیسلام لە

کتێبەکانی شەرعدا رونیان کردۆتەوە قانوونە دەستکردەکانی سەردەم تۆڵەساندنەومیان بەلاوە رەوایە بەڵام تەنها بۆ تاوانی کوشتن تۆڵەستاندنەوە بە ئەندازەی تاوان پەیرەو دەکەن کەسێك کەسێك بکوژێ سزای کوشتنەوەی بەسەردا دەدرێ بەڵام لەجیاتی برینداركردنو ئەندام فەوتاندن تۆڵەساندنەوە بەرەوا نازانن بەڵکووو سزای برینداریو فەوتاندنی ئەندامو زیان پێگەیاندنیان بە حەبس یان خوێندان داناوە، ئەوەش ئاشكرایە كە شەریعەتی ئیسلام كە یەكسانی خستۆتە نێوان كوشتنو بریندار كردنەوە بۆچوونەكەی سروشتییەو مەنتیقییە: بەڵام قانوونە دەستكردەكان كە هاتوون بەوشێوە بۆمەوزوعەكە چون خۆیان لەمەنتیقو سروشتی شتەكان دوور خستۆتەوە، چونكە تاوانی كوشتنو تاوانی بریندارکردن لەیەك سەچاوە هەڵدەقوڵێن. زۆر جار وادەبێ لێدانو بریندارکردن دەبنە پێشەکی کوشتن. جا مادام تاوانی کوشتنو تاوانی بریندارکردن یەك جۆربن پێویستە سزاکەشیان یەك بێ! واتە: تاوانبار چی كردوە وای لێ بكرێتەوە.

سزای رێگری (عقوبة قطع الطرق):

چەتەو رێگر بریتین لەو كۆمەڵە چەكدارانەی كە لە رێگەوباندا خۆیان حەشار دەدەنو فرسەت لە رێبوارو كاروان دەبینو روتیان دەكەنەوە، یان دەیانكوژن یان هەردوو تاوان ئەنجام دەدەن ئەم جۆرە تاوانبارانە ئەوانەن كە قورئان باسی كردوونو دەفەرموێ:

{إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ، إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُواْ عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ - سورة المائدة – ٣٣-٣٤}.

واتە: سزای ئەوانەی دژایەتی خوداو پێغەمبەری خودا دەكەنو هەوڵ دەدەن ئاژاوەو پشێوی لەسەر زەویدا بڵاو بكەنەوە سزاكەیان ئەوەیە: ئەگەر بەناحەق كەسێكیان كوشتبوو بكوژرێنەوە، ئەگەر هەم كەسێكیان كوشتبوو هەم ماڵیان لە

کەسێك ستاندبوو بکوژرێنەوەو بەدارا هەڵواسرێن ئەگەر هەر ڕوتیان دەکردنەوە دەستو قاچیان ببڕدرێنەوە، بەڵام ئەگەر خەڵکیان نەدەکوشتو راوو روتیشیان نەدەکرد بەس خەڵکیان دەتۆقاند لە زێدی خۆیان شاربەدەر دەکرێن. ئەم سزایانە بۆ ئەو چەتەو رێگرانە ریسوا کردنە بۆیانو لە قیامەتیشا سزای سەخت دەدرێن ئەگەر ئەوچەتانە پێش ئەوەی دەسەلاتتان بەسەردا بشکێو تۆبە بکەنو واز لەو تاوانانە بێنن. بزانن خودا لێخۆشبوو بە بەزەییە. بەکورتی حوکمی شەرع دەربارەی ئەمانە بەم جۆرەیە:

١- ئیعدام کردنیان ئەگەر ئاشکرابوو کە خەڵکیان کوشتووە.

٢- هەڵواسینو کوشتن ئەگەر دەرکەوت کە خەڵکیان کوشتووەو ماڵیشیان ستاندوە هەر چەندە دەربارەی هەڵواسین زانایانی شەرع بۆچوونی جیاجیایان هەیە.

٣-دەست قاچ بڕینیان بەراستو چەپ ئەگەر هەر ماڵیان ستاندبوو خوێنیان نەڕشتبوو!

٤- دورخستنەوەو شاربەدەرکردنیان ئەگەر هەر خەڵکیان ترساند بوو. بڕێ لە زانایانی شەرع ئەم دورخستنەوەیان بە بەندکردن (حەبس) لێك داوەتەوە. کە دەفەرموێ:

{إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُواْ...}.

مەبەست ئەوەیە کە ئەو رێگرو چەتانە ئەگەر پێش ئەوەی موسوڵمانان دەسەلاتیان بەسەردا بشکێن – تۆبە بکەن بگەڕێنەوە بۆ ناو کۆمەلچی موسوڵمانان ئەوانە سزادانیان لەسەر لادەچێ بەڵام مافی خەڵکیان بەسەروە دەمێنێ، واتە: ئەگەر ماڵی یەکێکیان بردبوو رێبوارێکیان روتکردبوو دەبێ فەرمانڕەوا داوایان لێ بکاو لێیان بستێنێتەوە، ئەگەر خەڵکیان کوشتبوو دەکوژرێنەوە یان عەفوو دەکرێنو خوێنیان لێ دەستێندرێ!

سزای بوختان (عقوبة القذف):

بوختان ئەوەیە کە بەناڕەوا یەکێك تاوانبار بکرێ بەوەی کە زینای کردوە وەکوو ئەوە راستەوخۆ بەیەکێك بڵێی: تۆ زینات کردوە یان ناراستەو خۆ وەکوو

ئەوە بە یەكێك بڵێی تۆ كوڕی باوكت نی! كەسێك ئەم جۆرە بوختانەی لێ بیستراو بەڵگەی چەسپاندنی نەبوو، بە بوختانەكەر حسێب دەكرێ‌و تاوانبارە، دەبێ سزا بدرێ سزاكەشی ئەومیە هەشتا داری لێ دەدرێ. بەڵام ئەگەر چوارشایەتی هێنان‌و شایەتیاندا كە بەچاوی خۆیان دیویانە فلاَنكەس لەگەڵ فلاَن ژندا زینای دەكرد، ئەوە نابێتە بوختانكەرو سزای لەسەر نییە. جا بوختانكەر پیاو بێ یا ئافرەت بێ بوختان پێكراو ژن بێ یا پیاو بی حوكمەكە یەكسانە.

بنەمای ئەم حوكمەش ئەم ئایەتەیە كە دەفەرموێ:

{وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاء فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ - سورة النـور — ٤}.

ئایەتەكە ئاماژەی بۆ مەرجێكی گرنگ كردوە ئەویش ئەومیە دەبێ بوختان پێكراو (موحصەن) بێ واتە: موسوڵمان‌و باڵغ‌و عاقڵ‌و ئازادو داوێن پاك بێ... لەوە پێش تاوانی زیناكردنی لەسەر نەچەسپا بێ، ئەگەر لەوەپێش ئەم تاوانەی پێوە گوترابێ‌و لەسەری ثابیت بووبێ، ئەوە داری حەد لە بوختانكەر نادرێ... ئایەتەكە بوختان پێكراوی تایبەت كردوە بە ئافرەتانەوەو وشەی (المحصنات)ی بەكار هێناوە، چونكە زەرەری زینا زیاد لەوە كە ژنەكە بەدناو دەكا سووك‌و بێ حورمەتیش دەخاتە سەر شانی كەس‌و كاری‌و چاو بەرەو ژێریان دەكا! بەڵام بۆ پیاو وا نییە... لەلایەكی ترەوە ئایەتەكە بوختانكەری تایبەت كردوە بە پیاوانەوەو فەرموویەتی: (والذین یرمون...) چونكە ئافرەتان شەرم‌و حەیایان زۆر ترەو دەگمەن نەبێ بوختان بەپیاو ناكەن؟!

فەرموودەكانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) ئەوەیان رونكردۆتەوە كە لە مەوزوعی بوختاندا جیاوازی لەنێوان ژن‌و پیاودا نییە، هەروەها ئەوەشی رونكردۆتەوە كە چەند مەرجێك هەیە دەبێ بەرچاو بگیرێن بۆ جێبەجێكردنی داری حەد وەكوو عاقڵی‌و ئازادی‌و .. هتد. بەو شێوەیەی كە لە كتێبەكانی شەرعدا شیكراوەتەوە، هەر كاتێكیش بوختانكەر داری حەدی لێدرا سزایەكی

تریشی لێ دەبێتە سەربار کە ئەویش بتمانە پێنەکردنە پێی چونکە لەوە دوا شایەدی لێ وەرناگیرێ خودا دەفەرموێ:

{وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا}.

واتە: هەرگیز لەپاش بوختانکردنیان شایەدییان لێ وەرمەگرن.

شەڕە نەفرین (اللعان):

ئاشکرایە کە شەریعەتی ئیسلام مافی مێردی پاش گوێ نەخستووە، هەر کاتێك پیاو هەستی کرد کە ژنە هاوسەرەکەی بەدرەفتارەو داوێن پیسی دەکا، چارەیەکی گونجاوی بۆ دیاری کردوە کە بتوانێ رق و خەشمی دەربڕێ و عەیب و عار لەخۆی دوور بخاتەوە، چونکە وەکوو گوترا ئەگەر بێگانەیەك بوختانی بە ئافرەتێکی داوێن پاك کرد یان بوختانی بۆ پیاوێکی بەئەخلاق هەڵبەست و نەیتوانی چوارشاریەد ئامادە بکاو داواکەی خۆی بچەسپێنێ ئەوە داری حەدی لێ دەدرێ، بەڵام ئەگەر پیاو ئیدیعای ئەوەی کرد کە ژنەکەی زینای کردوە ئەوە شەریعەت داوای شایەتی لێ ناکا چونکە هیچ بەرژەوەندییەك لەوەدا نییە کە مێرد ژنی خۆی بەو شێوە تاوانبار بکا... ئەگەر شتێکی لێ نەدیبێ، بڕواناکرێ هەروا بە هەوانتە کابرا ناوو ناتۆرەی ئاوا دواژنی خۆی بخا، چونکە ئەوە عەیب و عارێکە دەلکێ بەشانی منداڵەکانییەوە، خۆ ئەگەر منداڵیشی لێ نەبوون ئەوە سوکایەتی بۆ خۆی تێدایەو سەری خۆی پێ شۆڕ دەبێ، لەبەر ئەوە شەریعەتی ئیسلام لەم حاڵەتەدا یاسای شەڕە نەفرین (لعان)ی داناوە بۆ ژن و مێردەکە (لعانیش ئەوەیە مێرد لای قازی بڵێ خودا شایەدەو ئاگادرە من راستگۆم لەوەدا کە دەیڵێم: ئەم ئافرەتەی خێزانم داوێن پیسەو زینای کردوە، دەبێ چوارجار پیاوەکە ئەم رستەیە دووبارە بکاتەوە، ئەمجار جاری پێنجەم بڵێ نەفرینی خودای لێبێ ئەگەر درۆ بکا،! ئەمجار نۆرەدێتە سەر ئافرەتەکە ئەویش چوارجار دەڵێ: خودا شایەدەو ئاگادارە ئەو مێردەی راست ناکاو بوختانی پێ دەکا ئەمجار جاری پێنجەم دەڵێ: خودا قین و قارم لێبگرێ ئەگەر ئەم بوختانەی ئەم مێردەی من راست بێ.

بەمە ئافرەتەکە لە سزادانی شەرعی رزگاری دەبێ، بەڵام یەکسەر پەیوەندی ژنو مێردایەتیان دەپچڕێو بۆ هەتا هەتایە لە یەکتر حەرام دەبن، منداڵەکەش دەکرێ بەهی ژنەکەو پیاوەکە بە باوکی حسێب ناکرێ بنەمای ئەم حوکمو شەرعە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێ:

{وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ وَلَمْ يَكُن لَّهُمْ شُهَدَاء إِلَّا أَنفُسُهُمْ فَشَهَادَةُ أَحَدِهِمْ أَرْبَعُ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ، وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَتَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِن كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ وَيَدْرَأُ، عَنْهَا الْعَذَابَ أَنْ تَشْهَدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ، وَالْخَامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِن كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ - سورة النــور -٦-٩}.

سزای زیناکردن (عقوبة الزنا):

شەریعەتی ئیسلام جیاوازی خستووە لە نێوان زیناکەری موحصەنو ناموحصەندا واتە: پیاو ئەگەر ژنی نەهێنابێو ئافرەت ئەگەر شووی نەکردبێ ئەگەر زینایان لەسەر چەسپا سزاکەیان ئەوەیە کە یەکی سەد داریان لێ دەدرێ! خودا دەفەرموێ:

{الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِئَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ - سورة النــور – ٢}.

واتە: ئافرەتی زیناکارو پیاوی زیناکار کە زینایان لەسەر ئیسپات بوو، یەکێ سەد داری حەدیان لێ بدەن، نەکەن بەزەییتان پێیاندا بێتەوەو بەهۆی ئەوەوە گوێڕایەڵی ئایینی خودا نەبنو فەرمانەکەی بشکێنن، ئەگەر ئێوە بە تەواوی باوەڕتان بە خوداو بە رۆژی دوایی هەیە دەبێ ئەم فەرمانە جێبەجێ بکەن، باکۆمەڵێکیش لە موسوڵمانان بەدیار سزاکەیانەوەبن لەکاتی ئەنجامدانیدا، هەتا ببن بە پەندو شەرمەزار ببنو ئێش بەدڵو لەشیان بگا.

بەڵام ئافرەت کە شووی کردبێ یان پیاو ژنی هێنابێ ئەگەر زینایان کرد سزاکەیان ئەوەیە بەردەباران بکرێن تا دەمرن چونکە پێغەمبەر دەفەرموێ:

«لاَ يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ إلاّ بِإحْدَى ثَلاَثٍ: كفر بعد إيمان وزنا بعد احصان وقتل نفس بغير حق .

واتە: رشتنی خوێنی موسوڵمان بەیەکێ لەم سێ شتە رەوا دەبێ:

یەکەم: بە کافربوونی پاش موسوڵمانەتی.

دووەم: بەزیناکردنی ژنی مێردکردوو یان پیاوی ژندار.

سێیەم: بەکوشتنی کەسێ بە نارەوا.

لە راستی دا زوربەی ئەنجامدانی سزای زینا پەیوەستە بە دان پیانانی زیناکەر خۆیەوە، چونکە ئەگەر زیناکەر دان بە تاوانەکەیدا نەنێ گەلێ زەحمەتە کە بە بەڵگەی تەنها تاوانەکەی لەسەری بچەسپێ، چونکە بەڵگەکە کە بریتییە لە چوار شایەتی عادڵ کە روداوەکە بەچاوی خۆیان ببینن، شتی وا گەلێ ئەستەمە، ئەگەر ئەستەمیش نەبێ لە ئەستەم نزیکە! سەرەرای ئەوەیش ئەگەر یەکێکیان شادیەکەی جیاواز بوو یان نکوولی کرد لە شایەتیدانەکەی ئەوە سێیەکانی تر بە بوختانکەر حسێب دەکرێنو سزای بوختان دەدرێن. حیکمەتیش لەم هەموو پەیجوریو لێکۆڵینەوەیە لەبارەی چەسپاندنی ئەم تاوانەوە ئەوەیە نەبادا خەڵکی بەخوتو خۆرایی بە ناهەق تاوانی داوێنپیسی بدەنە پاڵ مەردوومی بێئاگا! هەر کەسێکیش لەو حاڵەتانە ورد ببێتەوە کە لەسەردەمی پێغەمبەردا بەردەبارانی زیناکەری تێدا کراوە، بۆی روون دەبێتەوە کە ئەنجامدانی (حەد) بەپێلێنانی زیناکەر خۆی بووە نەك بەشایەتیدانی چوار شایەد، تەنانەت ئەوەی کە لە خزمەت پێغەمبەریشدا ئیعتیرافی بەو تاوانە دەکرد، پێغەمبەر جۆرەها پرسیاری لێ دەکرد تابەتەواوی پێلێنانەکەی بۆروون ببێتەوە بە ئومێدی ئەوەی کە لە ئیعتیرافەکەی دا کە لێنێك بدۆزێتەوەو ببێتە شوبهەو حەددەکەی لەسەر لابچێ، ئەوەتا کە یەکێك دەهاتە خزمەتی پێغەمبەرو دانی بەوەدا دەنا کە زینای کردوە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) **یەکسەر ئیعترافەکەی لێ وەرنەدەگرت، بەڵکوو پێی دەفەرموو: دەگونجێ دەستت بۆ بردبێ ماچت**

کردبێ... هتد. بەکورتی ئەم سزایە ئەنجام نادرێ مەگەر دەرحەق ئەو کەسەی کە دەیەوێ خۆی لەو تاوانە پاك بکاتەوە.

سزای نێربازی (عقوبة اللواط):

نێربازی تاوانێکی دژ بەڕەوشتی وەهایە هەرگیز شیاوی گەل و کۆمەڵی ئادەمیزاد نییەو دەستدرێژییەکی ئاشکرایە بۆ سەر مرۆڤایەتی لەبەر ئەوە پەروەردگار بە (فاحیشة) ناوی بردوەو وەکوو زینا بە کارێکی ناڕەواو خراپی حسێب کردوە، ئەوەتا دەربارەی هۆزی لوط کە ئەم تاوانە بێ ڕەوشتییەیان تێدا بلاو بوەوە دەفەرموێ:

{وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ الْعَالَمِينَ - سورة العنكبوت – ٢٨}.

واتە: سەرگورشتەی (لوط)یان بۆ بگێڕەرەوە کە ڕەوانەکراوی خودا بوو بۆلای هۆزەکەی، پێی گوتن ئێوە دیاردەی (نێربازی)یتان تێدا بلاوبۆتەوە کە بەدرەوشتییەکی شەرم ناوەری شەرمەزارکەرە لە پێش ئێوەدا کەسێ لە جیهانیان زاتی نەکردوە کە خووی وا بەد دابهێنێ!

ئەمجار قورئانی پیرۆز لە ئایەتێکی تردا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە خودا لەسەر ئەو کردارە خراپەیان سزای سەختی دان و لەناوی بردن.

{إِنَّا مُنزِلُونَ عَلَى أَهْلِ هَذِهِ الْقَرْيَةِ رِجْزًا مِّنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ - سورة العنكبوت – ٣٤}.

سزای هەتیوبازی لەشەریعەتی ئیسلامدا بە گوێرەی بۆچوون و ڕای بڕێ زانایان دەق وەکوو سزای زیناکردن وەهایە، بڕێکیش دەڵێن: فەرمانڕەوا بە گوێرەی بەرژەوەندی گشتی جۆری سزاکەی دیاری دەکا بەشێوەیەك کە خەڵکی لەو کارە ناشیرینە دوور بخاتەوە بڕێکیش دەڵێن هەردوکیان دەکوژرێن؟!

سزای دزی (عقوبة السرقة):

سزای دزی کردن، قورئانی پیرۆز بەم شێوە روونی کردۆتەوە کە دەفەرموێ:

{وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا جَزَاء بِمَا كَسَبَا نَكَالاً مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ - سورة المائدة – ٣٨}.

واتە: پیاوی دزو ئافرەتی دز ئەگەر دزییانکرد هەردووکیان دەستی راستییان ببڕن لە سزای ئەو تاوانەی ئەنجامیان داوە. پێویستە ئەوە بزانین کە ئەو دزییەی سزای دەستبڕینی لەسەرە دەبێ چەند مەرجێکی تێدا بێتەجێ.

یەکەم: دەبێ ئەو کەسەی دزی دەکا عاقڵو باڵغ بێ، کەوابوو شێت ئەگەر دزی کرد سزای لەسەر نییە، منداڵ ئەگەر دزی کرد دەستی نابڕدرێ بەڵکوو سەرپەشتیارەکەی دەبێ دزراوەکە ببژێرێو منداڵەکەش تەمبێ بکا!!

دووەم: دەبێ ئەو ماڵەی کە دەیدزێ هیچ مافو حەقێکی خۆی تێدا نەبێ، کەوابوو ئەگەر کەسێك ماڵێکی دزیو خۆی شەریکبوو لەماڵەکەدا ئەوە کردارەکەی بەدزیکردن حسێب ناکرێ بەڵکوو دەست پیسیو ناپاکییە.

سێیەم: دەبێ کابرای دز ماڵە دزراوەکە لە شوێنی هەڵگرتنی وێنەی خۆی (حرز المثل) بدزێ کەوابوو ماڵی هونبوو یان میوە بەدارەوە ئەگەر باخەکە پەرژینی نەبێ یان ئاژەڵێك شوانی نەبێ ئەگەر دزران دزەکە دەستی نابڕدرێ بەڵکوو تەمبێ دەکرێ.

چوارەم: دەبێ بەهای ماڵە دزراوەکە لەروبعە دینارێکی زێڕ کەمتر نەبێ چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: (نقطع اليد في ربع دينار فأكثر) حیکمەتیش لەدیاریکردنی ئەم ئەندازەیەدا ئەوەیە کە شەریعەتی ئیسلام شتێکی داناوە بەهۆی دەستبڕین کە بەهایەکی دیاری هەبێ کەمتر لە روبعێکیش ناکرێتە هۆی دەستبڕین لەبەر کەمی، بەڵکوو هەرکاتێ ماڵە دزراوەکە لەروبعێك کەمتر بوو، سزاکەی لێدانە یان بەندکردنە هەروەها کەسێك دیواری کون کرد یان خۆی هەڵدایە سەر دیوار بەمەبەستی دزیو شتێك بوو بە مانیعو دزییەکەی بۆ نەکرا ئەوە دەستبڕینی لەسەر نییە بەڵکوو بەسزای تر تەمبێ دەکرێ.

پێنجەم: نابێ دزییەکەی لەبەر ناچاریو پێویستییەکی زۆر پێویست بێ، وەکوو برسیایەتی زۆر. لەم حاڵەشدا سزای دزی لە دسبڕینەوە دەبێتە سزایەکی سوکتر چونکە ئیمامی عومەر ساڵێ گرانی بوو سزای دەسبڕینی لەسەر دز هەڵگرت.

سزای شەڕەنگیزیو فیتنە جۆیی (عقوبة البغي):

ئایینی ئیسلام هەمیشە بانگەوازی بۆ ئاشتی کردووەو شەریعەتو یاساو نیظامێکی دادوەرانەی هێناوە بۆ ئەوەی ئاشتی ناوخۆیی بپارێزێ، قورئان دەفەرموێ:

{وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ فَإِن فَاءتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ - سورة الحجرات – ٩}.

واتە: ئەگەر دوو کۆمەڵ لە موسوڵمانان شەڕیان بوو، ئێوە ناوبژییان بکەنو صوڵحیان بکەنو داوایان لێ بکەن گەردنکەچی حوکمی خودابنو رازی بن بەو حوکمەی بەسەریاندا دەدرێ، جا ئەگەر کۆمەڵێکیان رازی نەبوونو شەڕیان نەوەستاند لایەکیشیان رازی بوونو گەردنکەچی حوکمی خوداو پێغەمبەری خودا بوون، ئەوە ئێوە شەڕ لەگەڵ سەرپێچیکەراندا بکەن تا دەگەڕێنەوە بۆ ژێر حوکمی خودا، ئەگەر دوای شەڕکردنی ئێوە لەگەڵیاندا ملکەچ بوونو شەڕیان وەستاند ئەمجار صوڵحیان لەنێواندا بکەن، دادوەرانە رفتار بکەن بێگومان پەروەردگار دادوەرانی خۆش دەوێن.

سزای بادەنۆشی (عقوبة شرب الخمر):

بەگوێرەی ئایینی ئیسلام هەر کەسێك عەرەقی خواردەوە چل داری حەددی لێ دەدرێ، ئیمامی موسلیم (خودای لێ رازی بێ) دەگێڕێتەوە لە ئیمامی ئەنەسەوە (رەزای خودای لێبێ) دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) هەر کەسێ عەرەقی بخواردایەوە، چل دار یان چل نەعلو سۆڵی لێ دەدا!.

ئیمامی عەلی دەفەرموێ: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) سزای عەرەقخواردنەوەی چل دار دانابوو حەزرەتی ئەبو بەکریش هەر چل داری لێ دەدا، ئیمامی عومەر هەشتاداری دەوەشاند، هەمووشیان سونەتن‌و پەیرەویکردنی پێغەمبەر بوو (درودی خودای لەسەربێ): ئیمامی عەلی دەفەرموێ ئەمەی کە عومەر کردی پێم خۆشترە... جا بەپێی ئەم ریوایەتە حاکم دەتوانێ سزاکە لە چل دار زیاتر بکاو بیگەیەنێتە هەشتا دار، بەمەبەستی تەمبێکردن، سزای عەرەقخواردنەوە کاتێك ئەنجام دەدرێ کە دوو شایەدی عادل شایەدی بدەن کە فلانکەس عەرەقی خواردۆتەوە، یان کابرا بۆ خۆی بڵێ: عەرەقم خواردۆتەوە، خواردنەوەکەش لەبەر ناچاری نەبێ وەکوو خۆدەرمانکردن، یان کابرا پارووی لە قوڕگ بگیرێ‌و بۆ قوتاربوون عەرەق بخواتەوە.

سزای هەڵگەڕانەوە لە ئایین (عقوبة الارتداد عن الدين):

دەربارەی هەڵگەڕانەوە لە ئایین پێغەمبەر دەفەرموێ: (من بدل دينه فاقتلوه) هەر کەسێك لە ئایینی ئیسلام هەڵگەڕایەوە بیکوژن. حیکمەتی ئەمەش ئەمەیە کە ئیسلام ڕێگە نادا بە هەوەسبازەکان هەرکەسە بە ئارەزۆ گاڵتە بە ئایین بکا، ئەمڕۆ لەبەر مەبەستێك موسوڵمان بێ‌و سبەینێ لەبەر مەبەستێکی تر پەشیمان ببێتەوە، بەڵکوو ئەو جۆرە کارانەی بەسەر لێشێوانی ئاییندارانو گاڵتەکردن بەدین حسێب کردوە، هەر بۆیەشە قورئانی پیرۆز لە ئایین هەڵگەڕانەوەی بەگومراترین کار حسێب کردوە، خودا دەفەرموێ:

{إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ازْدَادُواْ كُفْرًا لَّمْ يَكُنِ اللّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلاَ لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلاً - سورة النساء - ١٣٧}.

واتە: بێگومان ئەوانەی موسوڵمان دەبن‌و دوایی پەشیمان دەبنەوەو دیسانەوە کافر دەبنەوەو سەرەنجام سەر دەکەنە کوفرو ڕۆژ بەڕۆژ پتر کافر دەبن، کەسانی وا گومراو سەر لێشێواو هەرگیز خودا لێیان خۆش نابێ‌و ڕێگەی هەقیان پێ ڕەوا نابینێ.

تەمبێکردن (التعزیر):

تەمبێکردن جۆرە سزایەکە (حاکم) دادوەر خۆی دیاری دەکا بەو شێوەیەی کە بەرژەوەندی گشتی تێدا بێ لەمپەرێکیش بێ بۆ ئەوەی تاوانباران لەو تاوانە بگێڕێتەوە، هەر کەسێك تاوانێك بکا کە جۆری سزاکەی لە قورئان و حەدیسدا دیاری نەکرابێ، یان تاوانێك کە جۆری سزاکەی دیاری کرابێ بەڵام مەرجی جێبەجێکردنی سزاکەی تێدا نەیەتەجێ ئەوکاتە حاکم دەتوانێ کە تەمبێی بکا بە سزایەك کە بەگونجاوی بزانێ و نەهێڵێ جارێکی تر دەست بداتەوە ئەو کارە ناڕەوایە...

زانای لێهاتوو تێکۆشەری موسوڵمان مامۆستا (ابن تیمیه) لە نووسراوێکی دا کە ناوی (الحسبه)یە دەفەرموێ: (هەندێ سزا ئەندازەکەیان دیاری نەکراوە پێیان دەگوترێ تەعزیر) تەمبێکردن، ئەندازەی ئەم سزایانە بە گوێرەی بچوك و گەورەیی تاوانەکە دەگۆڕدرێ، بە گوێرەی کەم و زۆری تاوانەکە زیادو کەم دەکا، تەمبێکردن چەند جۆری هەیە، هەیە بە لێتۆڕەبوون و قسە پێگوتن دەبێ، هی واهەیە بە بەندکردن دەبێ، هەیە بە دەرکردن و دوورخستنەوە لە وەڵات ئەنجام دەدرێ، هەیە بەلێدان ئەنجام دەدرێ، تەمبێ کردن بە جەریمەکردنی ماڵیش دەبێ، ئیمامی مالێك لە چەند شوێنی تایبەتیدا فتوای پێ داوە... ئەو تاوانانەی کە تەمبێکردنی تێدا دەبێ وەکوو شایەتیدانی بە درۆ وەکوو ئەوەی موسوڵمانێك غەش لە موسوڵمانێك بکا یان بە هەڵەی بەرێ و فێڵی لێ بکا، یان تەرازووبازیی بکا... هتد تەمبێکردن جۆرەکانی زۆرن بۆیە حاکم مەودایەکی فراوانی لەبەردەم دایە کێی بوێ و چۆنی بوێ تەمبێکردن ئەنجام دەدا بەرمەجێك مەبەستی رێك و پێککردنی کۆمەڵگابێ و ئیصلاحکردنی تاوانباران و خراپەکارانی مەبەستبێ و پێشگیری لە خراپەکانیان بکا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە شەریعەتی ئیسلام زۆر وردبینانە بۆ رووداوەکان دەچێ و نیگای خودایە بۆ ئادەمیزاد، چونکە هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە حاڵ و چۆنیەتی ئادەمیزاد بەگوێرەی روداوو رۆژ دەگۆڕێن! ئەو سزایەی بۆ کۆمەڵێك و سەدەمێك گونجاوە بۆ کۆمەڵێکی ترو

سەردەمێکی تر کە دابو نەریتیان جیاوازبێ ناگونجێن ئەمڕۆش سزای ماوە بۆ دیاری نەکراو، بەعونسورێکی بنەڕەتی دەژمێردرێ بۆ دابینکردنی ئەمنو ئاسایشو بەتازەترین ڕێگا چارە دادەنرێ بۆ چارەسەرکردنی تاوان لەسەر بناغەو پلانێکی زانستیانە کە بەپێی کۆمەڵناسیو دەروونزانی دا بڕێژرێ.

ئامۆژگارییە گشتییەکان بەمەبەستی پارێزگاری ئاسایش:

لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەردا چەند ئامۆژگارییەکی گشتی هەن، پەیوەندییان بە پاراستنی ئەمنو ئاسایشەوە هەیە یەکێ لەو ئامۆژگارییانە ئەو فەرمانەی قورئانە کە داوا دەکا کەس شایەتی نەشارێتەوەو راستو دورست شایەدیەکی کەلایەتی ئەدای بکا، چونکە زوربەی تاوان ساخبوونەوەی بەشایەت ئەنجام دەدرێ... ئەوەتا قورئان دەفەرموێ:

{وَلاَ تَكْتُمُواْ الشَّهَادَةَ وَمَن يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ وَاللّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ - سورة البقرة – ٢٨٣}.

واتە: کاتی پێویست شایەدیەکی کەلاتانە بەرێكو پێکی ئەدای بکەنو مەیشارنەوە، هەر کەسێ شایەدی بشارێتەوە، راستی ژێر لێو بخا، ئەوە گوناهبارە، خودا ئاگاداری کردەوەکانتانە. لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: (وأقیموا الشهادة لله) بەڵێ لە شەریعەتی ئیسلامدا شایەدی بە درۆ بە تاوانی گەورە دەژمێردرێو هاوشانی هاوەڵ بۆ خودا پەیداکردنە، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) رژێك نوێژی بەیانی کرد کە لە نوێژەکە بووەوە هەستایە سەرپێو فەرمووی:

شایەدی بەدرو وەکوو شەریك بۆ خودا پەیداکردن وایە، ئەمجار ئەم ئایەتەی قورئانی خوێندەوە کە دەفەرموێ:

{فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ، حُنَفَاء لِلَّهِ غَيْرَ مُشْرِكِينَ بِهِ - سورة الحج – ٣٠-٣١}.

واتـە: ئـەی کۆمـەڵی ئـادەمیزاد خۆتـان لـەبت بپـارێزن کـە شـتێکی چـەپەڵو پیـسن هـەروا خۆتـان بـە دوور بگـرن لـە قـسەی درۆو دەلەسـەو شـایەدی ناهـەقی، موسـوڵمانێکی سـاخی روو لـەخوداو دادپـەروەر بـنو لـە بتپەرسـتیو بتپەرسـتان بەدوور بن.

بە پشتیوانی خـودا لێـرە بـەولاوە هەنـدێ لـەو ئامۆژگاریانـەی کـە دەربـارەی پاراستنی ئەمنو ئاسایش ئاراستەی موسوڵمانان کـراونو پەیوەنـدییان هەیـە بـەو جۆرە سزایانەوە کە باسمان کـردن راگوێز دەکـەین. یـەکێ لـەو ئامۆژگاریانـە ئـەم فەرموودە پیرۆزەی پێغەمبەرە کە دەفەرموێ:

« لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدَعْوَاهُمْ لاَدَّعَى رِجَالٌ أَمْوَالَ قَوْمٍ وَدِمَاءَهُمْ وَلَـكِنَّ الْبَيِّنَةَ عَلَى الْمُدَّعِي وَالْيَمِينَ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ .

واتە: ئەگەر وابێ هەر کەسێ داوایـێ بکـاو بـەبێ بەڵـگەو نیـشان بـۆی بـچێتە سـەر وای لێـدێ دەبـێ بەپاشـا گـەردانی، زۆر کـەس بـەناڕەوا داوای سـەرو مـاڵی خەڵـکی دەکـەن، بـەڵام شـتی وا نابـێ، لەبـەر ئـەوە بەڵـگەی چەسـپاندن لەسـەر داواکەرەو سوێندیش لەسەر ئەو کەسەیە کە ناچێتە ژێر داواکەی.

یان دەفەرموێ: « كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ .

واتە: هەموو موسوڵمان لە هەموو موسـوڵمانێ حەرامـە، بـە تایبـەتی خـوێنو ماڵو نامووسی، یان دەفـەرموێ: «كَل أَحَدُ أَحق بَمَالـهُ مـنْ وَلَـدِهِ وَوَالِـدِهِ وَالنَّـاسِ أَجْمَعِينَ .

واتە: هەموو کەسێ خۆی لەبەرترە بـە مـاڵی خـۆی لـە منـاڵو بـاوكو دایـكو هەموو کەسێکی تر، یان دەفەرموێ: (لا ضرر ولا ضرار).

واتە: نەزیانـدان نە وەڵامی زیان بە زیان، یان دەفەرموێ: «وُضِـعَ عَـنْ أُمَّتِـي الْخَطَأُ وَالنِّسْيَانُ وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ .

واتـە: هـەر کەسـێ لـە ئومـەتی مـن بەهەڵـە یـان بـەهۆی لەبیرچوونەوە یـان بەجەختو زۆرە ملێ تاوانێکیان ئەنجامدا گوناهیان ناگاتێو مەعفوون.

یەکسانی لە سزاداندا (المساواة في العقوبة):

ئەوەی شەریعەتی ئیسلام لە شەریعەتەکانی تر جیا دەکاتەوە یەکسانی کردنیەتی لە چەندیو چۆنی سزادان... ئەم دیاردەیە دادوەریی ئیسلامی دەچەسپێنێ!

بەپێچەوانەی ئەو یاسا چینایەتیەی کە پێش ئیسلام لای رۆمانەکان باوبوو، قانوونی رۆمان دەڵێ: هەر کەسێك بێوەژنێکی مەرد یا گەورە کچێ لەرێ دەربکاو ئیشی خراپی لەگەڵ بکا ئەوە سزاکەی بەم جۆرەیە ئەگەر ئەو کەسە لە بنەماڵەیەکی خانەدان بوو، نیوەی ماڵەکەی داگیر دەکرێ، ئەگەر لەبنەماڵەیکی هەتیومچە بوو سزاکەی ئەوەیە داری حەددی لێ بدرێو شار بەدەریش بکرێ. بەلام ئایینی ئیسلام ئەو فەرقو جیاوازییەی نێوان چینەکانی قەلاچۆ کردو یەکسانی لە جێبەجێکردنی سزادا چەسپاند!

بەڵگەشمان ئەو حەدیسە پیرۆزەیە کە حەزرەتی عائیشە دەیگێڕێتەوە، دەفەرموێ:

« أَنَّ قُرَيْشًا أَهَمَّهُمْ شَأْنُ الْمَخْزُومِيَّةِ الَّتِي سَرَقَتْ فَقَالُوا: مَنْ يُكَلِّمُ فِيهَا رَسُولَ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم-. ثُمَّ قَالُوا: مَنْ يَجْتَرِئُ إِلاَّ أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ حِبُّ رَسُولِ اللَّهِ فَكَلَّمَهُ أُسَامَةُ فَقَالَ يَا أُسَامَةُ أَتَشْفَعُ فِي حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللَّهِ؟ ثُمَّ قَامَ فَاخْتَطَبَ فَقَالَ: إِنَّمَا هَلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ أَنَّهُمْ كَانُوا إِذَا سَرَقَ فِيهِمُ الشَّرِيفُ تَرَكُوهُ وَإِذَا سَرَقَ فِيهِمُ الضَّعِيفُ أَقَامُوا عَلَيْهِ الْحَدَّ وَايْمُ اللَّهِ لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعْتُ يَدَهَا »[1].

حەزرەتی عائیشە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: قورەیش دەربارەی ئەو ئافرەتە مەخزومییەی کە دزی کردبوو کەوتنە مقۆمۆو ویستیان وا بکەن، ئەو ئافرەتە لەسزای دزییەکەی، رزگار ببێ! وتیان: کێ هەیە لەم بارەوە بتوانێ لەگەڵ پێغەمبەردا قسە بکا؟! دوایی وتیان: جگە لە ئوسامە- کە خۆشەویستی پێغەمبەرە – کێ هەیە ئەم کارە ئەنجام بدا!؟ ئەوەبوو ئوسامە عەرزی

---

[1] ئیمامی بوخاریو موسلیم ئەم حەدیسەیان ریوایەت کردوە.

پێغەمبەری کرد، پێغەمبەر لە وەڵامیا فەرمووی: ئەی ئوسامە! ئەوە دەربارەی حەددێك لە حەددەکانی خودا شەفاعەت دەکەی‌و دەتەوێ (حەد)ی خودا جێبەجێ نەکرێ!؟ ئەمجار تەشریفی هەستایە حەواو وتەیەکی خوێندەوەو فەرمووی: ئەوەی کە بوو بەهۆی لەناوبردنی نەتەوەکانی پێش ئێوە ئەوەبوو ئەگەر خانەدان‌و پیاو ماقوڵێکیان دزی بکردایە عەفوویان دەکردو سزایان نەدەدا بەڵام ئەگەر کەسێکی زەبوون‌و چینی هەژاریان دزی بکردایە حەدیان لێ‌دەدا! سوێندم بەخودا ئەگەر فاتیمەی کچم دزی بکا دەستی دەبڕم‌و عەفووی ناکەم!

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) سوێندی خوارد کە لە جێبەجێکردنی قانوونی خوادا رانەوەستێ‌و شەریعەتی خودا بەسەر هەموو کەسدا وەك یەك تەتبیق دەکا، تەنانەت ئەگەر بەسەر کچی خۆشی دابێ، ئەمەش حەقێکەو نابێ کەس لامجوومی‌و نکوولی لێ بکا چونکە ئەگەر قانوون بەسەر بەهێزو بێهێزدا وەکوو یەك جێبەجێ نەکرێ، دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی بەهێز مافی بێهێز پێشێل بکاو دەستدرێژی بکاتە سەری‌و لە سزادانیش ئەمین بێ بەمەش ئاژاوە دەکەوێتە ناو کۆمەڵەوەو کۆڵەکەی ئاوەدانی‌و شارەستانی دەچەمێتەوە!

سزا لە ئیسلامدا دادپەروەرانەیە (عقوبات الإسلام عادلة):

کۆتایی ئەم باسەمان دەهێنین بە پوچەڵکردنەوەی ئەو شك‌و گومانانەی دەخرێنە سەر ئەو سزایانەی ئیسلام بۆ تاوانەکان دایناون.

ئەو شك‌و گومانانەی کە ناحەزانی ئیسلام پێیان وایە بێویژدانییەو دەڵێن: لەگەڵ روحی شارەستانییەتدا ناگونجێ، رەخنە لەوە دەگرن کە بۆچی ئافرەت ئەگەر شووی کرد دوایی زینا بکا بەردەباران دەکرێ تا گیان دەدا، ئەگەر شووی نەکردبوو سەد داری حەددی لێ دەدرێ! دەڵێن شتێکی نارەوایە کە دز دەستی ببڕدرێ؟! دەڵێن: بۆ دەبێ کەسێك عەرەق بخواتەوە چل داری (جەڵدی) لێ بدرێ؟!!

جا بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو شوبهانە دەڵێین: هەموو شەریعەتو قانوونو یاساو نیظامێك – ئاسمانی بێ یان دانراوی مرۆڤ بێ – پاراستنی ئەم پێنج شتەیان مەبەستە: گیان – عەقڵ – سامان – وەچەو نەوە – نامووس.

زیادەڕەوی تێیانداو دەستدرێژیکردن تێیاندا سەردەکێشێ بۆ کێشەو نیزاعو خوێن ڕشتنو نەمانی ئەمنو ئاسایشو بڵاوبوونەوەی ئاژاوەو پشێوی، بەڵام، قانوونە دەستکردەکان لەم ڕێبازە ڕاستە لایان داوەو نەیانتوانی بەم ئەرکە پیرۆزانەی خۆیان هەڵسنو بۆیان نەکرا ڕەگو ڕیشەی فەساد دەربێنن، ئەوەتا زینایان حەرام نەکردوە مەگەر لەچەند حاڵەتێکدا نەبێ، زینایان بەلاوە ڕەوایە ئەگەر ئافرەتەکە ڕازی بوو گوایە بەمە سەربەستی شەخصی دەپارێزن دەڵێن: مرۆڤ سەربەستە بە ئارەزۆی خۆی چی بوێ با بیکا! دەی ئاگامی ئەم بۆچوونو ڕێگەدانە ناڕەوایە بومتە هۆی زۆربوونی منداڵی ناشەرعیو بڵاو بوونەوەی نەخۆشیە نهێنییەکان، کە وەك شێرپەنجە جەستەی ئادەمیزاد دادەوەشێنێ، ترسی ئەوەی لێ دەکرێ کە ئادەمیزاد بنەبڕ بکا، لەلایەکی ترەوە بەرەوا بینیی زینا وا لەگەنج دەکا کە بیر لە ژنهێنان نەکاتەوە...؟

جارێ بەڵگە هێنانەوەیان بەسەربەستی شەخصی بەڵگەیەکی بێهێزەو ڕەت دەکرێتەوە، چونکە دەستوورێکی سەلێنراوە کە مرۆڤ سەربەستی تەواوی هەیە مەگەر لە کارێکا کە ئەو کارە زەرەری بۆ خۆی یان بۆ کەسانی تر هەبێ، هەرکاتێ ئەم زیانانەی لێ چاوەڕوانکرا، ئەوە سەربەستی نییە، دەی بەپێی تاقیکردنەوەو ئەوەی کەوا لەبەرچاوە زیناکردن زیانی بۆ زیناکەر هەیە چ لە بارەی تەندروستییەوەو چ لەبارەی ڕەوشتو ئەدەبەوە، جگە لەوەش زەرەری بۆ بنەماڵەکانیشیان هەیەو ئەوانیش سەریان پێی شۆڕ دەبێ، بگرە تاوانێکە وەکوو کوشتن وایەو دەستدرێژییەکە چاو پۆشی لێ ناکرێ، بۆیە زۆر جار غیرەتی شەرەفو نامووس وا دەکا کە زیناکەر بکوژرێ، بۆیە لەناو موسوڵمانانددا بەم هۆیەوە کوشتن زۆرە! هەروەها قانوونە دەستکردەکان عەرەقخواردنەوەشیان بەم بەڵگەیە واتە: سەربەستی شەخصی – بەلاوە ڕەوایە، هیچ بەتاوانی نازانن ئەوەیان لەبیر خۆیان بردۆتەوە کە عەرەقخواردنەوە – بەشایەدی پزیشكو

زانیاری تەندروستی – زیانی بۆ لەش هەیەو زەرەری پێ دەگەیەنێ، ئەمە بێجگە لە ماڵو سامان بەفیڕۆدانو دەستدرێژی کردنە سەر عەقڵو ئاوەزو تێکدانی رەوشتی رێکو پێکی مرۆڤ بە جۆرێك ئەگەر ژیرانە سەیری بکەین عەرەقخوادنەوە تاوانێکی گەورەیەو زۆرجار سەردەکێشێ بۆ ئاژاوەو گێرەشێوێنی گەورە!! تەنانەت جاری وا هەیە سەرخۆش هاوەڵو کوڕو کچو خێزانی خۆی دەکوژێ، جاری وا هەیە ژنی خۆی تەڵاق دەداو ماڵی خۆی وێران دەکا! دەی باشە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئایا سزای قانوونی – کە حەبسو پارە لێ ستاندنە – بەگونجاو دادەنرێ؟! بێگومان ئەو سزایانە نابنە لەمپەرو مرۆڤ لەو تاوانە ناگێڕنەوە! مەگەر سزایەکی بەدەنی ئازار بەلەش بگەیەنێ بتوانێ مرۆڤ لەو تاوانە بگێڕێتەوە ئەویش داری جەڵدەیە.

بێگومان سزای بوختانکردنیش کە هەشتا جەڵدەیە، سزایەکی عادڵانەیە چونکە بوختان دەستدرێژیکردنە بۆ سەر ناموسو رێزی خەڵکی کە یاساو نیظام پارێزگاری لێ دەکا، چونکە بوختانکردن بە ئافرەتی داوێنپاكو رەوشت بەرز دوژمنایەتیو دژایەتی لە نێوان خێزانو بنەماڵەکاندا دەخاتەوەو دەبێتە هۆی بوغزو کینەو دژایەتی بۆ یەکتریی، زۆر جاریش سەردەکێشێ بۆ کوشتنو بڕین، ئەمەش تاوانێکە پێویستە سزایەکی وای بۆ دانرێ کە خەڵکی بگێڕێتەوە، خەڵکی هەروا بەهەوانتە جڵەو بۆ زوبانی خۆیان شل نەکەنو ئافرەتی داوێنپاکی رەوشت بەرز لەکەدار بکەن شەڕو ئاژاوە بخەنەوە.

شەریعەتی ئیسلامی کە سزای دەستبڕینی داناوە بۆ دز سزایەکی زۆر عادڵانەو رەوایە، چونکە دز بەنهێنی ماڵەکە دەدزێو دەستدرێژی دەکاتە سەر خاوەن ماڵو غافڵ گیری دەکا، دەستدرێژییەکی تر سنووکانە ئەنجام دەدا بەڵکوو زۆر جار دز مرۆڤ دەکوژێ بۆ ئەوەی بتوانێ دزییەکەی بەتەواوی بکا خۆی لە سزای دزییەکەی قوتار بکاو تەنانەت کوێرانە مرۆڤ کوژی دەکا!؟ دەی بابزانین: ئاخۆ بەندکردن (کە قانوونە دەستکردەکان دایان ناوە) بۆ سزادانی دزیکەر توانیویەتی تاوانباران لە دزی بگێڕێتەوە؟! ئایا چ رۆڵێکی هەیە لە دەروونی ئەوانەی کە بەتاوانی دزی هەڵدەستن؟ ئایا بەندکردن (حبس) ئەمنو ئاسایش دەستەبەر دەکا؟!

بێگومان نەء! ئەوەتا ئێمە دەبینین رۆژ بەرۆژ تاوانی دزیکردن زیاد دەکا، کەم ناکا بۆ؟ چونکە سزاکە سزای بنەبڕکردن نییە، سزایەك نییە خەڵکی بترسێنێ! هەر بۆیەشە دەبینین دزو قاچاخچییەکانی ئەمڕۆ – کە لێپرسراوانمان پێیان وایە دەستبڕین لەگەڵ گیانی شارستانیدا ناگونجێ – خۆ سازدەدەنو کۆمەڵ بۆ خۆیان دروست دەکەن گروپی چەکدار پێکەوە دەنێن، هەر دەڵێیی حکوومەتی ناو حکوومەتن وەکوو لە وڵاتە یەکگرتووەکانو شوێنەکانی تردا بەدی دەکرێ، دڵنیاشین ئەگەر سزای دزی دەستبڕین بوایە تاوانباران دەترسانو لەتاوانی دزیکردن دوور دەکەوتنەوە بەندیخانەکانمان چۆڵو هۆڵ دەبوون، فەرمانگە ئاسایشییەکانمان دەکەوتنە ئیستراحەتەوە، دادوەرو دادگاکانمان لەم قەرەباڵغیو لێکۆڵینەوە بێ هودانە رزگاریان دەبوو! ئەگەر شەریعەتی ئیسلام دەست بەکار بوایەو کاری پێبکرایەو بە گوێرەی یاساکانی ئەو دزەکان سزایان بدرایە ریشەی ئەم تاوانە لە بێخ دەردەهێنراو ئاسەواری نەدەما! بۆ نموونە سەیری وڵاتی سعودییە بکەینو بەراوردییەکی ژیرانەی ئێستاو رابوردووی بکەین بۆمان دەردەکەوێ: کە هەر ئەو وڵاتەو ئەو کۆمەڵگایە لە رابوردودا ئەمنو ئاسایشی تێدا نەمابوو کەس لەماڵو ناموسو گیانی خۆی ئەمین نەبوو، کەچی کە ئەم فەرمانڕەوایانەی بنەماڵەی (آل سعود) هاتنە سەرتەختو یاسای دەست بڕینیان خستەکارو چەند کەسێك دەستی بڕدرا، ئیتر ئەم تاوانە زۆر کەم بووەوەو خەڵکی وازیان لێهێنا!

لە ئەمەوە بۆمان ئاشکرا دەبێ کە ئەو سزایانەی ئیسلام دایهێناون تا بڵێی کاریگەرو گونجاونو بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵنو خۆشبەختی تاكو کۆمەڵیانو لەخۆگرتووەو هەموو کاتێ بەکاری کارپێکردن دێنو چۆن پێشی چوارده سەدە کارپێکردنیان گونجاو بووە، ئەمڕۆش ئاوا بەکاردێنو شیاوی تەتبیقن! لەمەوە بۆمان رون دەبێتەوە کە ئیسلام زۆر بە داناییو کاراماییو لێزانی سزاکانی داناوە، گەواهی ئەوەن کە ئەو یاسا رێكو پێکانە نیگایەکی خوداییو بۆ پێغەمبەری ئیسلامو هاتووتە خوارێو بەڵگەی راستگۆیی پێغەمبەرن (درودی خودای لەسەربێ).

بەشی بیست‌و پێنجەم:

تەندورستی لە ئیسلام دا

ئەمە باسێکە چەند موعجیزەیەکی پزیشکی لەخۆ گرتووە کە زانست ئەمڕۆ نهێنییەکانی دەرخستوون.

* باسی پاك‌و خاوێنی کە بریتییە لە: سوودی دەستنوێژ – سوودی خۆشتن‌و حەمامکردن – ددان شتن‌و پاکردنەوەیان – نینۆککردن موو کورت کردنەوە – خۆپاکردنەوە لە پیسی.

* خواردن‌و خواردنەوە کە برتین لەمانە: مردارەوەبوو حەرامە – زەرەرو زیانی گۆشتی ئاژەڵی درندە – زەرەرو زیانی خوێن خواردنەوە – زەرەرو زیانی خواردنی گۆشتی بەراز – زیانی عەرەقخواردنەوە – چڵێسی خراپە – سوودی رۆژو – هەنگوێن دەرمان‌و شیفاناوەرە.

* تەندروستی گشتی بریتییە لە: دەرمانکرن – قورەتینە (الحجر الصحی) – دورکەوتنەوە لە ئافرەتی بێنوێژ – زیانی داوێنپیسی – بڕیاردانی گلاوی سەگ – وەرزش – سوودی نوێژ – خۆماندوکردن‌و زۆر لەخۆکردن خراپە.

گرنگیپێدانی ئیسلام بە تەندروستی!:

ئایینی ئیسلام یاساو بەرنامەیەکی بێ وێنەی بۆ تەندروستی داناوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە نەخۆشی‌و پەتاو ئازارەکان بپارێزێ‌و کۆمەڵێکی ساغی پتەوی لەشساغ دروستبکا، چونکە لە ئیسلامدا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان گیان‌و لەشداو پێویستە هەردوکیان گرنگیان پێ بدرێ، چونکە مرۆڤی نەخۆش ناتوانێ وەکوو پێویست سوود لە ژیان ببینێ‌و ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام بدا. مرۆڤی نەخۆش ئیرادەی زەعیفەو ئەندامی شپرێوەو بیرو بۆچونی چەواشەیەو میزاج‌و تەبیاتی توندو تیژەو لەخت‌و خۆڕایی هەڵدەچێ. کۆمەڵگای ئادەمیزاد – وەکوو پێویست – سوودی لێ نابینێ، ئەو سوودو قازانجەی موسوڵمانان لە لەشساغ‌و بەهێزو تەندورستانیان دەست دەکەوێ هەرگیز لەبێ وەج‌و نەخۆشانیان وەگیرناکەوێ. بۆیە قورئانی پیرۆز مەدحی لەشساغ‌و بەهێزانی کردوە بەمەرجێك

دەرونپاكو بەرەوشت بن، ئەوەتا قورئان لەسەر زوبانی كچەكەی حەزرەتی شوعەیب دەربارەی حەزرەتی موسا دەفەرموێ:

{يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ-سورة القصص/٢٦}.

لێرەدا كچی حەزرەتی شوعەیب (درودی خودای لەسەربێ) بینیو زانی كە موسا بەهێزەو توانی بە ئاسانی بەردی سەر بیرەكە لابەرێو ئاو بۆ مەڕەكانیان هەڵبێنجێ، لە هەمانكاتدا بە چاوێكی برسییانە سەیری كچەكانی نەكرد، بۆیە كچەكە كە هاتەوە بە باوكی گوت بابەگیان ئەم پیاوە بەكرێ بگرە، چونكە هەم بەهێزو توانایە هەم بەئەخلاقو ڕەوشتو داوێنپاكە! لە ئایەتێكی تردا قورئان ئەوە دەچەسپێنێ كە بەهێزو تواناییو ڕێكوپێك ئەندامی سیفەتێكی پیرۆزەو لە ڕێزی مرۆڤ زیاد دەكا خودا دەربارەی طالوت – كە كرا بە پادشای نەوەی ئیسرائیلو ئەوانیش رەخنەیان گرت – دەفەرموێ:

{إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ وَاللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَن يَشَاء وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ - سورة البقرة – ٢٤٧}.

لێرەدا ڕوی خیتاب لەگەڵ نەوەی ئیسرائیلەو پەروەردگار ئەوەیان بۆ ڕون دەكاتەوە كە هۆی هەڵبژاردنی طالوتو بۆ پادشایی ئەوانو ڕێز لێگرتنی لەبەر دوو هۆیە:

یەكەم: زانایيو لێزانی لە كارو باری فەرمانڕەوایی داو لێهاتوویی بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارەی وڵات.

دووەم: باڵا بڵندیو ڕێكو پێك ئەندامیو لەشساغییە، چونكە وەكوو باوە دەڵێن عەقڵو هۆشی ساغ لەناو لەشو لاری ساغدایە. فەرموودەكانی پێغەمبەریش لەم بارەوە ئاماژەیان بۆ ئەوە كردوە كە موسوڵمانی بەهێزو توانا زێدە ڕێزی هەیە، پێغەمبەر دەفەرموێ:

« الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ وَفِي كُلٍّ خَيْرٌ . رواه مسلم .

واتــە: موســوڵمانی بــەهێزو توانــا باشــترو خۆشەویــسترە لــەلای خــودا لــە موسوڵمانی بێ وەچو زەبونو هەردوکیشیان باشن. هەر کەسێکیش لەو تەشریعاتە ئیـسلامییانە ورد بێتــەوە کــە دەربــارەی تەنــدروستی هــاتوون، ئــەوەی بــۆ ئاشــکرا دەبێ: کە ئیسلام زۆر ئوسوڵو یاسای بۆ موسـوڵمانان دانــاون کــە ئــەمڕۆ زانیــاریی پزیــشکی تــازە بــە قاعیدەیــەکی ســەرەکیو پیــشکەوتوویان دادەنــێ، بــۆ پێــشگیریی کردن لەزۆر نەخۆشی پێش پەیدابوونیان یان سوککردنی کاریگەرییەکەی ئەگەر پەیدابوو!

بێگومان ئیسلام زۆر گرنگی داوە بە یاسای خۆپاراستن (التشريعات الوقائية) ئـەمجار گرنگـی داوە بــە تەشــریعاتی چارەسـەرکردن کــە دەبنــە هــۆی ســوککردنی ئێشو ئازاری لاشە، وەکوو لێرەو بەولاوە رونی دەکەینەوە.

یاساو تەشریعاتی خۆپاراستن (التشريعات الوقائية):

باشترین چارەسەرکردنی نەخۆشی ئەوەیە کە خـۆی لێ بپـارێزیو نـەهێڵێ سـەر هەڵبداو تەشەنە بکاو بڵاو ببێتەوە، زانستی پزیشکیش هەروا دەڵێ: واتـە خۆپاراسـتن باشترە لە چارەسـەرکردن، بۆیـە دەبیـنین زانیـاری خۆپاراسـتن لـە نەخۆشـی لەوەڵاتـە پێشکەوتووەکاندا لەگەشەکردندایەو دەبینین داەو دەزگاکانی ئـەو وڵاتانـە بـە هـەموو شـێوەیەك لێـبڕاوە بـۆ بڵاوکردنـەوەی ئـەو زانیارانـە، تەنانـەت لـە قوتابخانەکانـدا بـە شـێوەیەکی فـراوانو پێویـست بـڵاو دەکرێتـەوە، ئـەوەشمان لـەبیر نەچـێ تەشـریعاتی خۆپاراستن لە ئیسلامدا دەکرێت بەچوار بەشـی سـەرەکییەوە هـەر بەشـێکیش چـەند لقو پۆپی لێ دەبنەوە:

یەکەم: خاوێنی.

دووەم: خواردنو خواردنەوە.

سێیەم: تەندروستی گشتی.

چوارەم: وەرزش.

پاكو خاوێنی (النظافة):

ئـایینی ئیـسلام گرنگییـەكی زۆری بـەپاك خـاوێنی داوە تەنانـەت پێغەمبـەر (دروودی خوداى لەسەربێ) فەرموویـەتی: (النظافـة مـن الإیمـان) پـاكو خـاوێنی بەشـێكە لـە ئیمانـداریو لـەبیرو بـاوەڕەوە هەڵـدەقوولێ: جـا بـۆ ئـەوەی رونـی بكەینـەوە: كـە ئیسلام چەند سوورە لەسەر پاكو خاوێنی چەند خاڵێك دەخەینەڕو:

سوودو قازانجی دەستنوێژ (فائدة الوضوء):

ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلام پـێش ئـەوە موسـوڵمان دەسـت بكـا بـە نوێـژ دەستنوێژگرتنی لەسەر پێویست كردوە وەكوو لە قورئاندا دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَينِ - سورة المائدة – ٦}.

واتە: ئـەی كۆمـەڵی موسـوڵمانان! هـەركاتێ خۆتـان ئامـادەكرد بـۆ نوێـژكردن پێش ئەوەی دەست بكەن بەنوێژ دەستو دەمو چاوتان بشۆن، ئەمجار دەستتان تـا ئەنیـشك بـشۆنو دەسـتی تـەڕ بەسـەرتانا بێـنو قاچـتان تـا قولـەپێ بـشۆرن. پێغەمبـەریش (دروودی خوداى لەسەربێ) لـە فەرموودەكانیـدا زیـاد لـە پێداویـستییەكانی دەسـتنوێژ چـەند شـتێكی تـری زیـادكردوە وەكـوو ئـاو لـەدەم وەردانو ئـاو لـەلوت وەردانو دەسـتی تـەڕ پێـداهێنانی گوێـچكەو دەسـت رێ خـستنی ئـەو ئەندامانـەی ئـاوی دەسـتوێژیان بەسـەردا دەڕوا ئـەمجار بەشانەكردنی بەنجـەی دەسـتو قـاچو شتنی هەموو ئەندامێك سێ جار سێ جار.

جا ئەگەر لە شەوو رۆژێكدا پێنـج جار نوێژ پێویستەو فەرزەو لەكاتی هەموو نوێژێكیـشدا هـەبوونی دەسـتنوێژ پێویـست بـێ، ئـەوە بۆمـان ئاشـكرا دەبـێ كـە موسـوڵمان رۆژانـە دەبـێ پێـنج جـار یـان كـەمتر، بـەلانی كەمـەوە دووجـار دەبـێ دەستنوێژ بشوا ئەمـەش دەبێتـە هـۆی پاراسـتنی چـاو لـە چاوهێـشە چـونكە دەمو چاو رۆژی چەنـدجار بەئاوی پاك دەشۆرێن، هەروەها ئاو لـەلووت راكـردن دەبێتـە

هۆی پاراستنی لە هەلامەتو نەشلە، هەروەها شۆشتنی دەمو چاوو گوێچکەو دەستو مەچەك كە ئەمانە زۆر بەدەردەكەونو عادەتەن نەخۆشی پێستو ئیلتیهابات بە زۆری لەو ئەندامانەوە سەر هەڵدەدا كە زۆرتر بەدەرەوەن! دەی ششتنی ئەم ئەندامانە رۆژانە چەند جارێك باشترین رێگا چارەیە بۆ پاراستنیان لەم نەخۆشییانە. لەم دواییانەشدا زانیاریی دەری خست كە زۆر جرثوومەو نەخۆشی لە پێستەوە دەچێتە ناو لەشی مرۆڤەوە!! ئاشكراشە شۆشتنی رۆژانە چەند جارێك پارێزگارییەكی ئاسانو كاریگەرە، چونكە توێی سەرەوەی پێستی مرۆڤ ناهێڵێ هیچ جرثوومەیەك بچێتە ناو لەشی مرۆڤەوە مەگەر زۆر لەو شوێنە بمێنێتەوە!! ئەو میكروبانەی كە لەدەمەوە دەچێتە ناو لەشی مرۆڤەوە زوربەی بەهۆی پیسبوونی دەستو پەنجەوەیە، جا ئەگەر دەست رۆژی چەند جارێك بەئاوی پاك بشۆرێن دیارە باشترین پارێزگارییە.

سوودی حەمامكردنو لەش شوشتن (فائدة الاستحمام):

ئایینی ئیسلام شوشتنی هەموو لەشی پیاوو ئافرەتی بە پێویست داناوە بە تایبەتی دوای بەیەك گەیشتنیانو دروستبوونیان، یان ئیحتیلام بوونیان وەكوو قورئان دەفەرموێ:

{وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ - سورة المائدة – ٦}.

ئەگەر لەشتان گران (پیس) بوو خۆتان بشۆنو لەشتان پاك بكەنەوە.. ئەمە كردەویەكی بەسوودە چ بۆ پیاوو چ بۆ ژن، زانستی تازەش ئەوەی چەسپاندووە كە جەستەی ئادەمیزاد پاش ئەنجامدانی عەمەلییەی جنسی (سیكس) گەلێ هێزو گەشەی دەفەوتێو تەواو ماندو دەبێ، هیچ شتێك نییە بتوانێ ئەو هێزو توانایەی بۆ قەرەبوو بكاتەوە وەكوو خۆشتن بە ئاوی پاك بۆی پەیدا دەكاتەوە! هەر لەبەر ئەوەیە ئەگەر لەش پیس بەشێكی لەجەستەی خۆی نەشت غوسڵەكەی دروست نییە:

خاوێن راگرتنی دەمو ددان (تنظيف الاسنان):

ئایینی ئیسلام هەمیشە خەڵکی هەڵدەنێ بۆ پاککردنەوەی دەمو ددانو پاك راگرتنیان بە سیواك یان بە شتی تر! پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەگەر بارگرانی نەبوایە لەسەر گەلو ئومەتم فەرمانم پێ دەکردن کە پێش هەموو نوێژێك سیواك بکەن... سیواك چڵە دارێکە لە داری ئیراك پڕژی باریکی هەن بۆ پاککردنەوەی ددان بەکار دەهێنرێو بۆنێکی خۆش بۆ دەمو ددان پەیدا دەکا!

ئەگەر لە نیگای پزیشکییەوە سەیری ئەم دارە بکەین دەبینین بەگوێرەی زانیاری کیمیا – ئەم دارە پێك هاتووە لە پڕژی سیلیۆزو چەورایی‌و راتنجی عەتری‌و سوێری مەعدەنی تێدایە، کە هەرە گرنگیان کلۆرۆری سۆدیۆمە کە ئەویش خوێی چێشتە، هەروەها کلۆریدی بوتاسیومو مادەی جیری شتی تریشی تێدایە!

سیواك فڵچەیەکی سروشتییە، خوێی مەعدەنی تێدایەو مادەی عەتریشی تێدایە کە بۆ پاککردنەوەو خاوێن راگرتنی دەم ددان سوودی هەیە بۆیە دەبینین پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێ)و هاوەڵەکانی هەزارو چوار سەد ساڵ پێش ئەمڕۆ ئەو دارە پڕژاوییە – کە داری ئیراکەو فڵچەیەکی سروشتییە بۆ پاککردنەوەی دەمو ددان – بە کاریان هێناوە کەچی دانیشتوانی خۆرئاواو وڵاتە پێشکەوتووەکان بۆ یەکەمجار ساڵی ١٨٠٠ی ز فڵچەیان بەکار هێناوە. بەو فڵچە نایلۆنە دەستیان کردوە بە پاککردنەوەی دەمو ددانیان! ئاشکراشە هەرکاتێ مرۆڤ دەمو ددانی پاش گوێ بخا ددانەکانی کرمۆڵ دەبنو زەردو ناشیرین هەڵدەگەڕێنو ژارهەڵدەدەنو لەش هەڵی دەمژێو نەخۆشی زۆری لێوە پەیدا دەبێ!

بەکارهێنانی فڵچەی دەمو ددان شتن مەبەستەکەی فەرمودەکەی پێغەمبەر دەگەیەنێ کە ئەویش پاكو خاوێنی دەمو ددانە.

نینۆککردنو تاشینو کورتکردنەوەی موو (قص الاظافر والشعر):

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمانی بە موسوڵمانان کردوە کە تادەتوانن گرنگی بە جەستەی خۆیان بدەن، زێدەمووی لاشەیان بتاشن یا کورتی بکەنەوەو نینۆکیان بکەن، لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێ: پێنج شت نیشانەی باوەڕو پاك رەوشتینو پەیڕەوکردنی پێغەمبەرانە: تاشینی مووی بەر، خەتەنەکردن، کورتکردنەوەی موی سمێڵ، هەڵکەندنی مووی بن هەنگڵو نینۆك کردن.

خۆپاککردنەوە لە پیسو پۆخەڵی (التطهر من النجاسة):

ئایینی ئیسلام وشەی پیسی (النجاسة)ی داناوە بۆ هەموو پیسییەك کە گەرای نەخۆشی تێدابێ، یان دەبێ بەهۆی گواستنەوەی نەخۆشیو تاعوون.

لە هەمان کاتدا فەرمانی کردوە بەخۆ پاککردنەوە لێی، ئەوەشی چەسپاندووە کە خوێنو کێمو مێزو پیسایی کە لە جەستە دێنە دەرێ پیسنو دەبێ خۆیان لێ پاك بکرێتەوە، لاشەی ئاژەڵی تۆپیوو مردارەوە بوو، هەروا چیقنەو پیسایی ئاژەڵ بە هەموو جۆرەکانیەوە بە پیسیان دادەنێو پێویستە خۆیان لێ بپارێزرێ، هەر بۆیەشە ئایینی ئیسلام نەك هەر لەشو ئەندام بەڵکوو فەرمانی کردوە پۆشاکیش پاكو خاوێن بێو بەپاکی رابگیرێ، بەتایبەتی لەکاتی نوێژدا. قورئان دەفەرموێ:

{وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ - سورة المدثر – ٤}.

واتە: جلو بەرگی خۆت خاوێن راگرە.

یەکێك لەو سوننەتانەی کە ئیسلام بۆ پاكو خاوێنی دایناوە خۆپاککردنەوەیە بە ئاوی پاك، ئەو ئاوە پاکەی کە خودی پیسییەکە لادەبا، ئەگەر ئاو نەبوو بەرد بەکار دەهێنرێ، یان کاغەزو مقەبا یان شتی تری لەو جۆرە، هەر لە سوننەتو رێڕەوی ئیسلامە کە فەرمانی کردوە دەستی چەپ بەکار بهێندرێ بۆ خۆ پاککردنەوە لە میزو پیساییو بەکار هێنانی دەستی راست بۆ شایەتمانو نان خواردن. پێغەمبەر لەم بارەوە دەفەرموێ:

« إِذَا شَرِبَ أَحَدُكُمْ فَلاَ يَتَنَفَّسْ فِى الإِنَاءِ ، وَإِذَا أَتَى الْخَلاَءَ فَلاَ يَمَسَّ ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ ، وَلاَ يَتَمَسَّحْ بِيَمِينِهِ »[1].

واتە: ئەگەر یەکێك لە ئێوە ئاوی خواردەوە با لەناو جامەئاوەکەدا هەناسە نەداتەوە، ئەگەر چو بۆ سەر پێشاو با دەستی راستی نەهێنێ بەوانێکەیدا. هەروەها پێغەمبەر لە فەرموودەیەکی تریدا فەرمانی کردوە بەوە هەر کەسێك لەخەو هەڵسا با هەردوو دەستی بشوا.

« إِذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ نَوْمِهِ فَلاَ يُدْخِلْ يَدَهُ فِى الإِنَاءِ حَتَّى يَغْسِلَهَا ثَلاَثَ مَرَّاتٍ فَإِنَّ أَحَدَكُمْ لاَ يَدْرِى أَيْنَ بَاتَتْ يَدُهُ »[2].

هەر لە ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) دەربارەی پاك و خاوێنی کە دەفەرموێ:

« لاَ يَبُولَنَّ أَحَدُكُمْ فِى الْمَاءِ الدَّائِمِ الَّذِى لاَ يَجْرِى ، ثُمَّ يَغْتَسِلُ فِيهِ » .

لەم حەدیسە پیرۆزەدا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) راستەوخۆ هەوڵی قەلاچۆکردنی نەخۆشی بلهارزیاو نەخۆشییەکانی تری داوە، چونکە ئاوی راوەستاو ئەگەر یەکێك میزی تێکرد – بەتایبەتی ئەگەر میزکەرەکە نەخۆشی هەبوو – زوو نەخۆشییەکە بڵاو دەبێتەوە جگە لەوە نەخۆشی تریش دەخاتەوە، زیاد لەوەش بۆگەن بڵاو دەکاتەوە! فەرمودەکەی پێغەمبەر کە دەفەرموێ: (ئاوی راوەستاو) حیکمەتێکی تری تێدایە ئەویش ئەوەیە کە ئاوی رەوان و رۆییندە کەمتر نەخۆشی بڵاو دەکاتەوە...

خواردن و خواردنەوە (المأكل والمشرب):

شتێکی ئاشکرایە کە لەشی مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەرکی شەرشانی خۆی لەژیاندا ئەنجام بدا پێویستی بە خۆراك هەیە، بۆیە دەبینین ئیسلام فەرمان بە

---

[1] ئیمامی بوخاری ئەم فەرموودەیەی گێراوەتەوە.

[2] ئیمامی بوخاری و موسلیم ئەم فەرموودەیەی گێراوەتەوە.

موسوڵمانان دەکا کە لەرزق‌و رۆزی پاك‌و خاوێن کە خودا پێی بەخشیون بخۆن‌و بخۆنەوە هەرگیز شتی پیس نزیك خواردن‌و خواردنەوەیان نەخەن.

پەروەردگار دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُواْ لِلّهِ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ، إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللّهِ - سورة البقرة – ١٧٢ -١٧٣}.

واتە: ئەی موسوڵمانان بخۆن‌و بخۆنەوە لەو خۆراك‌و بژێوەپاکەی کە ئێمە کردومانە بەرزق‌و رۆزی ئێوە شوکرو سوپاسی خودا بکەن، ئەگەر ئێوە راست دەکەن ئەو دەپەرستن.. ئەوەی لەسەر ئێوە حەرامە مردارەبوو خوێن‌و گۆشتی بەرازەو گۆشتی ئەو کوشتییەی بۆ غەیری خودا سەردەبڕدرێ‌و لەکاتی سەربڕیندا ناوی خودای لەسەر نایە!! ئەم ئایەتە بەروونی ئەوە دەگەیەنێ کە مردارەوەبوو خوێن‌و گۆشتی بەراز خواردنیان حەرامە، دەی با هەندێك لەم بارەوە درێژە بە باسەکان بدەین.

زیانی خواردنی گۆشتی مردارەوەبوو جۆرەکانی:

مردارەوە بوو ئەو ئاژەڵەیە کە بەبێ سەربڕین بە مردنێکی تەبیعی یان بەکارەساتێك مردار ببێتەوە، دیارە بێ هۆ مردارنابێتەوە، جا ئەگەر مرداربوونەوەکە، بەهۆی نەخۆشی بوو، ئەوە گومانی تێدا نیە کە لە لەشی ئەو ئاژەڵەدا هەندێ مادەی نا ئاسایی‌و ژەهراوی ماوەتەوەو خواردنی گوشتەکەی زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێ، تەنانەت ئەگەر بە ئاگر تەعقیمیش بکرێ بنە بڕ نابێ‌و هەندێ لەو مادە نائاساییانە دەمێنێتەوە! لاشەی مردارەوە بوو لەم حاڵەدا وەکوو خۆراکی ترشاو وایە کە گۆڕابێ چەندێك بتەوێ بەهۆی گەرمییەوە میکرۆبەکانی لێ هەڵاوێری، بەشی ئەوەندەی تێدا دەمێنێتەوە کە زیانبەخش بێ، تەنانەت زۆر جار خواردنی ئەو جۆرە گۆشتە سەردەکێشێ بۆ مردن‌و تووشی نەخۆشی سامناك بوون. ئەگەر مردارەوە بوو مرد نەکەی بەهۆی پیرییەوە بوو ئەوە زیانی وەکوو

زیـانی مـدارەوە بـوو وایـە: چـونکە پـیری واتـە لەناوچـوونی یـەك لـەدوا یـەکی ئەنسیجەکانی جەستە، دیارە داهیزانو لەناوچوونی هەر ئەنـسیجەیەك بـەبێ هـۆ نابـێ، جـا هۆیەکـە زەعیفـیو زەبـوونی سروشـتی بـێ، یـان نەخۆشـییەکی لـە سەرەخۆی درێژخایەنی سستکوژ بێ، کە بێگومان تامو رەنگی گوشتەکە دەگۆڕێو پلەی شیاوو گونجاو بۆ بژێوی کەم دەکاتەوە، بۆ هەزم بوون نابێ یان باش نییە.

لەوانەیە یەکێك بڵێ: کاکە گیان! ئەوەتا رۆژانـە لەوڵاتـە کوێـستانەکانو خـۆر ئاوادا ئەو هەموو گۆشتە مردارەوە بووە دەخورێ، هەروەها خوێنو گۆشتی ئاژەڵی سەرنەبڕاو، ئاژەڵی گۆشت نەخوراو دەخورێو چ زیانیشیان پـێ ناگـاو نەخۆشـیش ناکـەون! بـۆ وەڵامـی ئـەوە دەگـوترێ زیـانی خـۆراکی ترشـاوو گـۆڕاو لـە وڵاتـی کوێستانو ساردا کەمترە بەڵام بۆ وڵاتی گەرمەسیر زیانی زۆرەو خەتەرە! دەی خـۆ ئـایینی ئیـسلام ئـایینێکی جیهانییـەو بـۆ هـەموو جیهـان هـاتووە کـە وڵاتـی گەرمەسیریش دەگرێتەوە کە خۆراکی تێدا توشی گۆڕان دەبـێو زوو خواردەمـەنی تێدا تێك دەچێ!

کەوابوو گومـان لەوەدانییـە کـە گۆشـتی حـەیوانی سـەربڕاوی سـاغو بـێ دەرد بژێوێکی باشەو هیچ زیانێکی تێدا نییە بە پێچەوانەی ئـاژەڵی مـردارەوە بـوو کـە خوێنەکەی لێ نەچۆڕاوەو پاك نەبۆتەوە ئەو پەڕی زیانی تێدا هەیە!.

جۆرەکانی مردارەوە بوو (أنواع الميتة):

ئەو ئاژەڵەی بەکارەساتێك لەناو دەچێو مردار دەبێتـەوە ئیـسلام گۆشـتەکەی حەرامکردوە، قورئان دەفەرموێ:

{حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالْدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ-سورة المائدة – ٣}.

١- المنخنقة: بەو ئاژەڵە دەگوترێ کـە بـە خنکان مرداربێتـەوە، دیـارە خنکـان دەبێتـە هـۆی ئـەوەی گۆشـتی خنکاوەکـە بـەزوویی بۆگـەن بکـا، هـەروەکوو چـۆن

لەڕوی پزیشکییەوە گۆشتی خنکاوەکە بەکاری خواردن نایە چونکە رەنگی گۆشتەکە دەگۆڕێ و رەش دەبێ و بۆنی ناخۆش دەبێ و جیڕ دەبێتەوە.

٢- **الموقوذة**: بەو ئاژەڵە دەگوترێ کە ئەوەندەی لێ دەدرێ کەپێی مرداربێتەوە یان نزیك مردارەوەبوون دەبێ، ئەمجار وازی لێ دێنن تا مردار دەبێتەوە بەهۆی لێدانەکەوە.

٣- **المتردية**: بەو ئاژەڵە دەوترێ کە لە بەرزاییەکەوە بکەوێتە خوارێ بەهۆی کەوتنە خوارەوە مرداربێتەوە.

٤- **النطيحة**: ئەو ئاژەڵەیە کە بەهۆی شەڕکردن و شەڕە قۆچەوە لەگەڵ ئاژەڵێکی تردا مردار ببێتەوە، چونکە زوربەی کات وادەبێ بەهۆی شەڕە قۆچ و لێکدانەوە هەردوکیان یان یەکیان مردار دەبێتەوە.

گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی کە بەهۆی کارەسات و ئەو جۆرە شتانەوە مردار دەبنەوە بەکاری خواردن نایەن. وەکوو پزیشك و زانیاری تەندروستی چەسپاندویانە لەبەر ئەوە گۆشتەکە رەش هەڵدەگەڕێ و لنج دەبێ و بۆگەن دەکا، خۆ ئەگەر میکروب و بەکتریا بگاتە ئەو شوێنەی کە برینداربووە یان ئازاری پێ گەییشتووە یان برینەکە تووشی (گانگرینا) بوان بوو ئەوە خواردنەکەی زیاتر خەتەرناك دەبێ.

زیانی خواردنی پاشماوەی ئاژەڵی دڕندە:

ئایینی ئیسلام خواردنی پاشماوەی هەموو دڕندەیەکی حەرامکردوە! دڕندە بەگیانلەبەری خاوەن کەڵبەو چنگ دەگوترێ: کە هێرش دەباتە سەر گیانلەبەرانی ترو یەکێك یا زیاتر کە لە پارچەدەکاو گۆشتەکەی دەخوا، جا بۆ پارێزگاری ئاژەڵ لەم جۆرە دڕندانە شوان رادەگیرێ! کاتی وا هەیە ئەو شوانە فریا دەکەوێ، ناهێڵێ کە لەپارچەی بکا، یان وا رێ دەکەوێ دەیخنکێنێ یان دەیکوژێ، ئەمجار شوان فریا دەکەوێ، یان وا دەبێ کاتێ شوان پێ دەزانێ و فریادەکەوێ، کەمێکی ماوەتەوە، یان کەمێکی لێ خوراوە، لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا گۆشتی ئەو

ئاژەڵە درندە لێدراوە ناخورێ‌و نابێ بخورێ، بەمەرجێك بە لێدانەکە گیانی دەرچووبێ، چونکە ئەگەر خنکا بوو ئەوە حوکمی خنکاوی تری هەیە ئەگەر مردارەوە بوونەکەی بەهۆی بریندار کردنەوە بوو ئەوە دوبارە دروست نییە چونکە بە زۆری ئەو درندانە لا کەتۆپیو دەخۆن کە بەرواڵەت نەخۆشی هەڵدەگرن، یان وادەبێ بەکتریاکە لەدەمی درندەکەدا دەبێ. لەبەر ئەم هۆیانە ئایینی ئیسلام خواردنی پاشماوەی گیانلەبەری درندەی حەرامکردوە.

زیانەکانی خواردنی گۆشتی درندەو باڵندەی ڕاوکەر:

هەروەها ئایینی ئیسلام خوادرنی گۆشتی هەموو باڵندەیەکی چنگدارو ئاژەڵی کەڵبەدارو چنگداری حەرامکردوە، چونکە ئەو جۆرە گیانلەبەرانە ماسولکەی لەشیان توندەو ڕەنگی گۆشتیان ناشیرینەو بۆنیشیان بۆگەن‌و ناخۆشە... پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ:

(حرم عليكم كل ذي مخلب من الطير، وكل ذي ناب من السباع)

واتە: بۆ ئێوە حەرامە خواردنی گۆشتی هەموو باڵندەیەکی چنگدارو درەندەیەکی خاوەن کەڵبە.

گۆشتی ئەم گیانلەبەرانە بۆ مەعیدەی ئادەمیزاد گونجاو نییە، چونکە ئەمانە بۆ خۆیان نێچیر دەگرن‌و خۆیان ماندو دەکەن بەم هۆیەوە ماسولکەکانیان پتەو دەبن‌و مەعیدەی ئادەمیزاد ناتوانێ هەزمی بکا.

زیانی خوێن خواردنەوە (أضرار تناول الدم):

ئایینی ئیسلام خوێنخواردنەوەی حەرامکردوە، چونکە خوێن گونجاوترین شتێکە کە بەکتریای تێدا دروست دەبێ، یان گەشەی تێدا بکا، زیاد لەوەش خوێن خانەی ژەهراوی لەخۆ دەگرێ‌و پێویستە خۆی لێ بپارێزرێ، جگە لەوەش بەشێك لەو ماددەی میزی لێ پەیدا دەبێ لەخۆی دەگرێ! خۆ ئەگەر بێتو خوێنەکە هی ئاژەڵێکی نەخۆش بێ ئەوەهەردەبێتە گەورەترین کارەسات‌و زۆر زیانبەخش

دەبێ، لەلایەکی ترەوە هەرگیز خوێن بەخۆراك و بژێو داناندرێ، ئەو بەشەی کە پێی دەگوترێ زولاڵ کە دەڵێی زیچکاوی روونە خراپترین بەشیەتی.

زیانی خواردنی گۆشتی بەراز (أضرار أكل لحم الخنزير):

هەروەها ئایینی ئیسلام خواردنی گۆشتی بەرازی حەرامکردووەو موسوڵمانانی لەشەڕی توشبوون بەکرمی بەراز پاراستووە. (بیتیو دیکسونن) دەڵێ: گیرۆدەبوون بەکرمی بەراز لەچەند وڵاتێکدا بومتە بەڵایەکی گشتی بە تایبەتی لە فەرەنساو ئەڵمانیاو ئیتاڵیاو بەریتانیا. کەچی ئەم نەخۆشییە لەوڵاتە خۆر هەڵاتییەکاندا زۆر دەگمەنە، چونکە ئایینی دانیشتوەکانیان گۆشتی بەرازی حەرامکردوە، لەلایەکی ترەوە گۆشتی بەراز نەخۆشی ترێخینا بۆ ئادەمیزاد رادەگوازێ کە نەخۆشییەکی سامناکە. کیفایەتە کە ئێمە دەربارەی ئەم نەخۆشییە هەندێ راستی بخەینە روو!

یەکەم: هیچ پزیشکێکی پسپۆڕ ناتوانێ ددان بەوەدابنێ: کە هەر بەرازێ بگرێ ئەم کرمانەی تێدا نین، مەگەر بەزەرەبین هەموو پارچەیەکی ماسولکەکانی ئەو بەرازە تەماشا بکا، دیارە ئەمەش کارێکی ئەستەمەو لە تواناد نییە خۆ ئەگەر بشکرێ گۆشتەکەی ئەدم دەبێ.

دووەم: هەرکرمە مێیینەیەك لەم کرمانە (١٥٠٠) هەزارو پێنج سەد وردە گەرا لەناو ریخۆڵەی ئەو کەسەی کە تووشی ئەو کرمە بووبێ دەخاتەوە ئیتر ملیۆنەها گەرای کرمە مێیینە بەهۆی دەورەی خوێنەوە بەنێو جەستەدا بڵاو دەکاتەوە، ئەم گەرایانە لەناو ماسولکەکاندا کۆ دەبنەوەو سەر دەکێشی بۆ پەیدابوونی ئازارو هەڵئاوسانی ماموسکەکان... نەسیجی ماسولکەکان بادەکەن و توند دەبن لووی نەستور لەناو ماسولکەکاندا پەیدا دەبێ.

سێیەم: تا ئێستا چارەسەری ئەم نەخۆشییە نەدۆزراوەتەوە هەر لەبەر چەند هۆیەکی هونەری دەرمانیش ناکرێ! زیاد لەوەش گۆشتی بەراز چەند بەکتریای بۆگەن و باراتیفود راگوێزی ناو لەشی مرۆڤ دەکا کە دەبێتە هۆی ژەهراوی بوونی

لاشەی مرۆڤو دروستبوونی ئیلتیهاباتی کوشندە لە جیهازی هەزمیدا کە جاری وا هەیە بەماوەیەکی کورت مرۆڤ دەکوژێ.

زیانی عەرەقخواردنەوە (أضرار تعاطي الخمور):

ئایینی ئیسلام بە مەبەستی پارێزگاری مرۆڤ لە زۆر ئازارو زیان عەرەق خواردنەوەی حەرامکردوە. قورئان دەفەرموێ:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ - سورة المائدة -٩٠}.

پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) فەرموویەتی:

« كُلُّ مُسْكِرٍ خَمْرٌ وَكُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ .

واتە: هەموو شتێك كە ئادەمیزاد سەرخۆش بکا بە عەرەق دەژمێردرێو هەموو عەرەقێکیش حەرامە. لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ:

« لَعَنَ اللَّهُ الْخَمْرَ وَشَارِبَهَا وَسَاقِيَهَا وَبَائِعَهَا وَمُبْتَاعَهَا وَعَاصِرَهَا وَمُعْتَصِرَهَا وَحَامِلَهَا وَالْمَحْمُولَةَ إِلَيْهِ .

واتە: خودا نەفرەتی کردوە لەو کەسەی دەیخواتەوە لەو کەسەی دەیگێڕێ لەوەی دەیفرۆشێ ئەوەی دەیکڕێ ئەوەی دەیگوشێ ئەوەی بۆی دەگوشرێ ئەوەی هەڵیدەگرێ ئەوەی بۆی هەڵدەگرن. لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ: (اجتنبوا الْخَمْرَ فإنه مِفْتَاحُ كُلِّ شَرّ). خۆ لەعەرەق بپارێزن چونکە عەرەق کلیلی هەموو شەڕێکە.. مادده سەرخۆشکەرە ڕێژەیەکی کەمی بۆ لەشی مرۆڤ پێویستە بۆ هەزمکردنی ماددەی شەکرو سوودێکی تەندروستی هەیە. بەڵام وادیارە ئەم سوودە کاتێك دەبێ کە ئەم ڕێژەیە بەکەمی بخورێتەوە کە لەو ڕێژە زیادی کرد زیان دەبەخشێ بە تایبەت ئەگەر کەسێ بەردەوام بێ لەسەر خواردنەوەی ئیلتیهاباتی کوشندەو درێژخایەن لە ئەعصابو گورچیلەدا دروست دەکا، دەمارەکانی خوێن توند دەکاو جەرگ ڕەقەڵە دەکاو دڵ زەبوون دەکا!

وێ دەچێ یەکێك پرسیار بکاو بڵێ: کەوایە بۆچی ڕێژمیەکی کەم نەخورێتەوە؟! لەوەڵامدا دەڵێین: (کحول) لە هەموو مادمیەکی تر جیاوازە تەنانەت ئەگەر کەمیش بخورێتەوە زەعیفیو زەبوونی لە ویستو ئیرادەی مرۆڤدا پەیدا دەکاو ئینفیعالاتی دەروونی دروست دەکا ئەمەش بۆ خۆی خەتەرێکی سامناکە چونکە ئەو مرۆڤە دوای خواردنەوەی ئەو مادمیە دەبێتە مرۆڤێکی تر: مرۆڤە ئاساییەکەی جاران نامێنێ، ویستو ئیرادەی دەگۆڕێ، جا هەر چەندە بزانێ کە عەرەق خواردنەوە بە زۆری خراپە لەحاڵەتی ئاساییدا خۆی پێ داگیرناکرێ، کە کەمێکی لێ خواردەوەو کاری تێکرد تازە ناتوانێ دان بەخۆیدا بگرێو ملی پێوە دەنێ تا مر دەبێو دەبێتە بەندەی ئەڵقە لەگوێی مەیو بادەنۆشی.

بێگومان هەر کاتێ (١٠) دەگرام ماددەی (کحول) گەییشتە ناو خوێنی مرۆڤ کاریگەری خۆی پەیدا دەکا، هەموو پیاڵەیەك لە ویسکی یان کۆنیاك ئەم ئەندازمیەی تێدایە، جاری وا هەیە ئینسان سەرخۆش نابێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خواردنەوەکە کار دەکاتە سەر حاڵەتی جیسمیو عەقڵی مرۆڤەکەو لەسەر حاڵەتی سروشتی خۆی نامێنێ؟ جا ئەگەر لەم کاتەدا پزیشك بێنێ ئەو مەینۆشە فەحص بکا بۆی دەردەکەوێ کە ئەندازەی هەستو هۆشی بەتەواوی گۆڕاوە، بۆ نموونە ئەگەر بێتو ئەو مەینۆشە لەسەر ئامێری چاپکردن بنووسێ، زیاد لە عادەت هەڵە دەکا! ئەگەر ترومبێل لێخوڕی بە تەواوی یاسای هاتوو چۆ زەبت ناکا، بە گوێرەی سەرژمێرییەك کە کراوە دەرکەوتووە ١٣٪ لە کارەساتی تورمبێلەکان لە ڕێگەوباندا هۆیەکەی مەینۆشیو سەرخۆشی بووە.

بەگوێرەی زانیاری پزیشکی هەموو قوومە عەرەقێك پاڵە پەستۆی خوێن زیاد دەکا، ئەم پاڵە پەستۆ بەرزکردنەومیە بەتەنیا زیانی نییە، یان زیانێکی کەمی هەیە. بەڵام کاتێك زیانی گەورەی هەیە کە مرۆڤەکە بۆ خۆی زەختی خوێنی هەبێ، جا ئەگەر کەمێك زیاد بخواتەوە بە تەواوی زەختەکە بەرز دەکاتەوە بە ڕێژمیەك کە دەمارەکانی مێشکی بتەقنو توشی شەلەپەتێ ببێو

نزیکە بیکوژێ! چونکە ئاشکرایە ئەوانەی کە زەختیان بەرزە پێویستە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا زۆر لەسەر خۆبنو هەڵنەچن، چونکە هەموو هەڵچوونو زەخت بەرزبوونەوەیەك نزیکە ببێتەوە هۆی تەقینی بۆری خوێن! دەی خۆ سەرخۆش ناتوانێ زەبتی هەستو ئارەزۆی خۆی بکاو بۆی ناکرێ ئارامیو هێدێتی بۆ خۆی دەستەبەر بکا!

عەرەق بۆ کەسێك کە فێرنەبێو پێوەی ڕانەهاتبێ تووشی ڕشانەوەو دڵتێکەڵهاتنی دەکا! ئەگەر زۆریش بخواتەوە تووشی هەوکردنی گەدە دەبێو دەسگای هەزری تێك دەدا. بڕێك پزیشك پێیان وایە عەرەق هەر چەندە کەمیش بێ هەر زیانی هەیەو زەرەر بە ترشەڵۆکی ناو قەناتی جیهازی هەزری دەگەیەنێ، لەکاتێك دا ئەم ترشەڵۆکە زۆر پێویستە بۆ ڕێكوپێکی هەزم.

عەرەقخواردنەوە کارتێکردنی خراپی هەیە بۆ سەر وەچەو نەوە، زۆر بینراوەو دەبینرێ منداڵی سەرخۆشو عەرەقخۆرەکان نەخۆشو لاوازو بێ عەقڵن حەزیان لە تاوانکردنو شەڕو نەگبەتییە. لەلایەکی تریشەوە هەر کەسێ سەیری کتێبە پزیشکییەکان بکاو ڕاپۆرتە پزیشکییەکان سەیر بکا سەری سووڕ دەمێنێ، چونکە دەبینێ زوربەی هۆیەکانی نەخۆشییە سامناکەکان دەگەڕێتەوە بۆ عەرەقخوادنەوە. هەروەها زانیاری تازە دەری خستووە کە هەرگیز مەی نابێتە دەرمانی هیچ نەخۆشییەكو چارەسەری هیچ دەردێکی پێ ناکرێ، وە فیکرەی چارەسەرکردن بە عەرەق فیکرەیەکی هەڵەبووە، دەشزانین کە ئیسلام زۆر لەوەپێش ئەوەی چەسپاندوە، ئەوەتا (طارق جعفی)یەوە دەگێڕنەوە کە داوای لە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) کرد ڕێگەی بدا عەرەق دروست بکا، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) نەهی لیکردو فەرمووی: مەیکە، وتی: قوربان! من بۆ دەرمان دروستی دەکەم، پێغەمبەر فەرمووی: عەرەق دەرمان نییە بەڵکوو دەردە..

بێگومان بڕێك ڕۆشنبیرو نووسەرانی خۆرئاوا مەدحی تەشریعی ئیسلامیان کردوە دەربارەی قەلاچۆکردنی دیاردەی عەرەق خواردنەوە.

بتنام لە کتێبەکەیدا (أصول الشرائع) دەڵێ: خواردنەوەی خۆشاوی جۆ (بیرە) لە ناوچە باکورییەکاندا مرۆڤ بێ عەقڵ دەکا! لەناوچە باشورییەکانیشدا وەکوو شێتی لێ دەکا! ئایینی (محمد) هەموو عەرەقێکی یاساخ کردوە ئەمەش یەکێکە لە دیاردە جوانەکانی!

نەهیکردن لە چڵێسی (النهيُ عن الشراهة):

ئایینی ئیسلام بنەمایەکی گشتی داناوە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانی جیهانی هەزمیو فەرمانی بە موسوڵمانان کردوە کە پابەندی ئەو یاسایانە بن... لە قورئاندا دەفەرموێ:

{وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ-سورة الأعراف – ٣١}.

واتە: بخۆنو بخۆنەوە بەڵام زیادەڕەوی مەکەن، بێگومان خودا زیادەڕەو کارانی خۆش ناوێن: ئەم چەند وشە کەمەیە یاسایەکی تەندورستین... هەر کەسێك پەیڕەوییان بکا، لەشساغی بۆ خۆی دەستەبەر دەکاو نەخۆشی لە جەستەی خۆی دوور دەخاتەوە، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) فەرموودەیەکی پڕ مانای لەم بارەوە هەیە کە دەفەرموێ:

« مَا مَلأَ آدَمِيٌّ وِعَاءً شَرًّا مِنْ بَطْنٍ بِحَسْبِ ابْنِ آدَمَ أُكُلاَتٌ يُقِمْنَ صُلْبَهُ فَإِنْ كَانَ لاَ مَحَالَةَ فَثُلُثٌ لِطَعَامِهِ وَثُلُثٌ لِشَرَابِهِ وَثُلُثٌ لِنَفَسِهِ .

واتە: ئادەمیزاد هیچ زەرفێك پڕناکا خراپتر بێ لە پڕکردنی ورگی، بەسە بۆ ئادەمیزاد چەند پارویەك کە پشتی رابگرن، ئەمجار فەرمان بە ئادەمیزاد دەکا کە مەعیدەی خۆی بکا بەسێ بەشەوە بەشێکی بۆ خۆراكو بەشێکی بۆ خواردنەوەو بەشێکی بە بۆشی بهێڵێتەوە بۆ هەناسەدان.

ئادەمیزاد کە زۆری خوارد توانای هەزمی نامێنێو ئینتەلا دەکا، دوور نییە کە گەدەی بکشێو گەورە ببێ ئەوکاتە ئارەزۆی خواردنی کەم دەبێ، ئەگەر خواردنیشی خوارد بۆی هەزم ناکرێ، جاری وا دەبێ بەم هۆیەوە تووشی

رشانەوەو سك چوون و گێران و سەرئێشە دەبێ، زیادە رەوی لە خواردندا دەبێتە هۆی قەڵەوی و نەخۆشییەکانی دڵ و زەخت بەرزبوونەوەو نەخۆشی گورچیلەو نەخۆشی شەکرە..

سودەکانی رۆژوو (فوائد الصیام):

هەر بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییە جۆراو جۆرەکان، ئایینی ئیسلام رۆژووی داناوەو لەسەر موسوڵمانانی فەرز کردوە کە بەرۆژوو بن، ئەمڕۆش رۆژوو بە باشترین چارەسەر دەزاندرێ بۆ ئەم نەخۆشیانە:

١- پشێوی و هەوکردنی درێژخایەنی ریخۆڵەکان کە هاوکات بن لەگەڵ هەڵترشانی مادە زوڵالیەکان و مادە نەشەویەکان. هەر کەسێ تووشی ئەم جۆرە نەخۆشیانە بوو، رۆژو گرتن باشترین رێگا چارەیەتی بە تایبەتی کە لە نێوان دوو ژەمخواردنەکەدا ئاو نەخواتەوەو ماوەی نێوان دوو ژەمەکە درێژخایەن بێ، وەکوو لە رۆژووی رەمەزاندا ئەنجام دەدرێ.

٢- قەڵەوی و کێش زیادبونێك کە بەهۆی زۆر خواردن و نەجووڵانی زۆرەوە دورست بووبێ. دیارە رۆژوو گرتن بۆ ئەم نەخۆشییە باشترین چارەسەرە بەمەرجێك کاتی بەربانگ زۆر نەخواو پارشێوانیش بەس ئاو بخواتەوە.

٣- زیادبوونی رێژەی زەختی خۆیی. (الضغط الذاتی) دیارە ئەم نەخۆشییە زیاد دەکاو تەشەنە دەکا بەخۆش رابواردن و هەڵچوون و داچوونی دەروونی لەم حاڵەدا بە رۆژوو بوونی مانگی رەمەزان بۆی دەبێتە بەرەکەت و پیرۆزی بە تایبەتی ئەگەر وەزنی ئەو مرۆڤە زیاتر بێ لەوەزنی سروشتی هاوچەشنەکانی خۆی.

٤- نەخۆشی شەکرە (شەکرەمیز) ئەم نەخۆشییە وەکوو نەخۆشی زەخت بەرزبوونەوە بڵاوەو زۆرە، لە سەرەتاوە پێش ئەوەی باش دیاری بدا مرۆڤەکەوەزنی زیاد دەبێ، چونکە بەلاوازبوون شەکرە دادەبەزێ، دوای پێنج

سەعات تێپەڕبون لە نانخوادن شەکر لەخوێنـدا دادەبـەزێ بـۆ کـەمتر دوای تێپـەڕ بوونی (دە) سەعات ڕێژەی شەکرەکە دێتە خوار ئەنـدازەی سروشـتی خـۆی، بـەڵێ تا ئێستا کە کۆتایی چەرخی بیستەمە ڕۆژو گرتن لەگەڵ بەرچاو گرتنـی هەنـدێ تێبینی لە جۆری خۆراكو چەندییەتی دا، باشترین چارەسەری ئـەم نەخۆشـییەیە تەنانەت دوای پەیدابوونی (ئەنـسولین)یـش، بـە تایبـەتی ئەگـەر مرۆڤەکـە کێـشی پتر لە کێشی سروشتی خۆی بێ. دیارە پێش دروسـتکردنو دۆزێنـەوەی ئەنـسۆلین جگە لە ڕۆژوگرتن هیچ چارەسەرێکی تر بۆ ئەم نەخۆشییە نەبوە.

٥- هەوکردنی گورچیلەی کوشندەو درێژخایەنو ئاوسێنەر (تورم).

٦- نەخۆشییەکانی دڵو دڵ پەنمین.

٧- ئیلتیهابـاتی جوموژگـە (مفاصـل) کـە درێژخایـەن بـێ بـە تایبـەتی کـە مرۆڤەکە قەڵەو بێ، وەکوو بەزۆری لای ئافرەتان دوای تەمەنی چال ساڵی ڕودەدا.

وێ دەچێ یەکێك پرسیار بکاو بڵێ: دەیسەلمێنم کە ڕۆژوو بۆ ئەم نەخۆشیانە سوود بەخشە بەڵام ئەمە پێویستی بە ڕێنمایی پزیشك هەیەو دەبێ بۆ هەریـەکێ لەم نەخۆشیانە پزیشکی تایبەتی ڕێنمایی نەخۆشەکە بکا، دەی خۆ ڕۆژوو لەسـەر لەشساغان فـەرزکراوە! لـە وەڵامـدا دەڵـێین: ڕاسـتە، بـەڵام سـوودی ڕۆژو گـرتن بـۆ لەشـساغان پاراسـتنی سـاغاکەیە لـەم جـۆرە نەخۆشـییانەی کـە باسمـان کـردن، ئاشکراشە ئەم جۆرە نەخۆشیانە هەموویان وردە وردە پەیدا دەبنو لەنکاو دیـاری نـادەنو نـاتوانرێ بزانـی سـەرەتای ئـەم نەخۆشـیانە کەیـە. بـەگوێرەی پزیـشكو تەندروسـتی چەسـپاوە کـە خۆپاراسـتن زۆر کاریگـەرە پـێش بەدیارکـەوتنی دیاردەکـانی ئـەم جـۆرە نەخۆشـیانە بـەگوێرەی سـەرژمێری ڕاسـتو دروسـت دەرکەوتووە کە زێدە قەڵەوی هاوکاتـە لەگـەڵ ئامادەباشـی بـۆ نـەخۆشـی شـەکرەو بەزبوونـەوەی هاوکاتـە لەگـەڵ ئامادەباشـی بـۆ نەخۆشـی شـەکرەو بەرزبوونـەوەی تەوژمی خوێنو هەوکردنی درێژخایەنی جمگەکان، بەڵام هەتا قەڵەوی کەمتر بـێ ئامادەباشی بۆ ئەم نەخۆشیانە کەم دەبێتەوە.

هەنگوێن دەرمانی دەردانە (العسل فيه شفاء للناس):

قورئانی پیرۆز بە روونو ئاشکرایی سوودو قازانجی هەنگوێن دەچەسپێنێو دەفەرموێ:

{وَأَوْحَى رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ، ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ فَاسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلاً يَخْرُجُ مِن بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ - سورة النحل – ٦٨ -٦٩}.

لێرەدا قورئان ئەوە دەچەسپێنێ کە ئەو هەنگوێنە لەناو سکی هەنگ دێتە دەرێ دەرمانی گەلێ دەردی ئادەمیزادە، ئەمەش موعجیزەیەکە لە موعجیزە زانستییەکانی قورئان، ئێستا زانیاریی پزیشکی تازە ئەمەی سەلماندووە.

ئەگەر ئێمە تێڕوانینێکی کیمیاوییانەی ئەو مادانە بکەین کە هەنگوێنیان لێ پێك دێ، دەبینین هەنگوێن ٢٥- ٤٠٪ ماددەی کلۆکۆزی تێدایە، ئەو کلۆکۆزەی لە هەنگویندایە ماددەیەکە کە پزیشكو دەرمانساز بۆ زوربەی نەخۆشییەکان بەکاری دەهێنن. هەتا زانیاریی پزیشکی پێش کەوێ بەکار هێنانی کلۆکۆز لە زیادبوندایە. لەرێگەی دەمەوەو بەشێوەی دەرزی لێدان لەژێر پێستەوە، لە دەمارەوە دەرخوادی ئادەمیزاد دەدرێ. بەو بۆنەوە بەهێزکەرو موقەوییە یان خۆراکە. هەروەها بەکار دەهێنرێ دژی هەر زەهراو بوونێك کە بەهۆی نەخۆشی چەند ئەندامێك لە جەستەدا پەیدا بووبێ وەکوو ژەهراوی بوونی مێز کە بەهۆی نەخۆشی جەرگو پشێوی گەدەو ریخۆڵەوە پەیدا بووبێ هەروەها بەکار دەهێنرێ دژی ژەهراوی بوون بەهۆی لەرزو تاوە وەکوو نەخۆشی تێفۆئیدو ئیلتیهاباتی ریخۆڵەو نەخۆشی سەحایی مێشكو سورێژەو زەبوونی دڵو زەبحەی سینگ (الذبحة الصدريه) هەموو ئەم نەخۆشیانە کلۆکۆز دەرمانی سەرەکییانەو بەرەو شیفاو چاکبوونەوە دیانیا.

هەنگوێن کاریگەرییەکی هێدی کردنەوەی هەیە تفی ناودەم زیاد دەکا بۆ قوڕگ هێشانو کۆکەی وشك باشترین دەرمانە، هەر لەبەر ئەوەیە دەرمانسازەکان

ماددەی کلۆکۆز تێکەڵ بە زۆر دەرمان دەکەن وەکوو دەرمانی غەرغەرەو نەرمکەرەوەیە بۆ کاتی قەبزیو گیران چارەسازە، هەموو بەیانێ یەك کەوچکێك هەنگوێن بخۆی سوودی تەواوی تێدایەو خواردەمەنی ناو گەدە شل دەکاتەوەو قەبزی ناهێڵێ.

تەندروستی گشتی (الصحة العامة):

تیورێکی زانستی چەسپاوە دەڵێ: خۆپاراستن لە دەرمانکردن چاکترە (الوقایە خیر من العلاج) ئاایینی ئیسلامیش ئەم تیۆرەی سەلماندوە لە یاساو شەریعەتی خۆیدا بانگەوازی بۆ کردوە، بەم جۆرەی کە باسی دەکەین.

١- بانگەوازیکردن بۆ دەرمانکردن (الدعوة إلى التداوی) ئاایینی ئیسلام بەئاشکرا خەڵکی هەڵناوە بۆ چارەسەرکردنو تیمارکردن، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: (لکل داء دواء فإذا أصاب دواء الداء برئ باذن الله – عز وجل) هەموو دەردێك دەرمانی خۆی هەیە جا ئەگەر نەخۆش ئەو دەرمانەی دەیخوا دەرمانی دەردەکە بوو بەویستی خودا چاك دەبێتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئیسلام بەتوندی دژی نوشتەی ناشەرعیو فاڵگرتنەوەو خەیاڵ پلاوو بەری دەست خوێندنەوەو کتێب گرتنەوەو تەلەسم بازیو ئەو جۆرە کارانەی کە کاهینو مالەو رەبەنەکان لەسەر دەمی نەزانیدا دەیانکرد.. هەموو ئەوانەی کە گەڵ نەخۆشییان دەدایە پاڵ ئاڵەو شەوەو جندۆکەو دێوو درنج بەگێڵو کەمهۆش لەقەڵەم داوە.. لەهەمان کاتدا رێگەی داوە ئادەمیزاد هەوڵ بدەن هۆی نەخۆشییەکان بدۆزنەوەو چارەسەریان دیاری بکەن.

قومرتێنە (الحجر الصحي):

ئاایینی ئیسلام یەکەم ئایینو رێبازێکە کە یاسای قورمتێنەی داناوە، پێش زانیاریی پزیشکیو یاساکانی خۆرئاوا بە چەند چەرخێك دەست پێشکەری کردوە. لەم بارەوە پێغەمبەر فەرموویەتی:

« إِذَا سَمِعْتُمْ بِالطَّاعُونِ بِأَرْضٍ فَلاَ تَدْخُلُوهَا ، وَإِذَا وَقَعَ بِأَرْضٍ وَأَنْتُمْ بِهَا فَلاَ تَخْرُجُوا مِنْهَا »[1].

واتە: ئەگەر بیستان لەناوچەیەك تاعون و پەتا كەوتۆتەوە ئێوە تێی مەچن، ئەگەر تاعونەكە لەو ناوچەیە پەیدابوو كە ئێوەی لێبوون لێی دەرمەچن!

خۆ ئەگەر ئەوروپا لە ناوەڕاستی چەرخی چواردەهەمی زایینیدا كە تاعوونی تێدا كەوتەوە عەقڵی بەم یاسایە بشكایەو كاری پێ بكردایە، ئەو هەموو خەسارەتە گیانییەی پێ نەدەگەیشت و ئەو هەموو ئادەمیزادەی تێدا نەدەمرد، بێگومان ژمارەی ئەو ئادەمیزادانەی بە پەتاكە گیانیان لەدەستدا گەیشتە (٢٥) بیست و پێنج ملیۆن مرۆڤ. هۆی سەرەكی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە ئەوەبوو تەتەرەكان ساڵی (١٣٤٦ز)نەخۆشییەكەیان بردە باشووری روسیا ئیتر لەوێوە تاعوونەكە دەستی كرد بە بڵاوبوونەوە هەتا ساڵی (١٣٧٠ – ١٣٧٤ز). زوربەی ئەوروپای داگیركرد، جا لەوكاتەدا كە تاعوونەكە زوربەی ئەوروپای گرتبووەوە، وڵاتی میلانۆو بەندقییە گەلێ یاسای بەرگرتن لە تاعوونی دانا ئەوجا كۆماری راجواسا یاساكانی پوختەكردن و سەربازگەو خەستەخانەی لە دووری شارەكان كردەوە، بۆ ئەوەی ئەوانەی دێن و گومانیان لێ دەكرێ نەچنە ناو شارەكانەوەو لەو سەربازگەو خەستەخانانەدا بمێننەوە.

لە سەرەتا (٣٠) رۆژ دەیانهێشتنەوە، دوایی كردیانە چل رۆژ، بەم جۆرە نەیانهێشت تاعوونەكە لەناویاندا بڵاوبێتەوە. تەنانەت ئایینی ئیسلام قورەنتینەی بۆ نەخۆشی ئاژەڵیش داناوە، هەركاتێك جەڵەبێك ئاژەڵ نەخۆشییان تێكەوت نابێ لەگەڵ هی ساغ تێكەڵاو بكرێن بۆ ئەوەی ساغەكانیش تووشی نەخۆشییەكە نەبن.

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) فەرموویەتی (لا یورد ممرض علی مصح) واتە: حوشتری نەخۆش نابرێتە لای حوشتری ساغ تاوەكوو دەردی نەخۆشەكە نەچێ بۆ

---

[1] رواه اصحاب السنن.

ساغەکە. هەروەها بۆ مەبەستی خۆپاراستن لە نەخۆشیو بڵاوبوونەوەی بەناو ئادەمیزادا، پێغەمبەر دەفەرموێ: (فر من المجذوم فرارك من الأسد) لەبەر گول راکەو هەڵێ وەکوو چۆن لەبەر شێر هەڵدێی.

خێرایی کردن لە ناشتنی مردوو (التعجیل بدفن الموتی):

یەکێك لە مەبەستەکانی پارێز لە ئیسلام دا هەڵنانی موسوڵمانانە بۆ خێرا ناشتنی مردوو، هەرکاتێ ئادەمیزاد گیانی دەرچوو دەبێ خێرا رێو رەسمی ناشتنو بەخاك سپاردنی مردووەکە ئەنجام بدرێ، چونکە مردوو زوو بۆ گەن دەکاو ترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعونو نەخۆشی تری لێوە دەکرێ.

دوورە پەرێز لە ئافرەت لەکاتی بێنوێژی دا (اعتزال الحائض):

کارێك لەو کارانەی ئیسلام حەرامی کردوە بە مەبەستی پارێزگاری لە نەخۆشی، چوونە لای ژنە لەکاتی بێنوێژی دا!! قورئان دەفەرموێ:

{وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىَ يَطْهُرْنَ - سورة البقرة – ٢٢٢}.

وتراوە: دەردراوەکان (إفرازات)ی جەستە دوو جۆرن، جۆرێکیان بۆ لەش سوودی هەیە، وەك ئەو دەردراوانەی کە یارمەتی هەرەسو هەزم دەدەن یا یارمەتی دەزگای زاوزێ دەدەن، یا وەك ئەو دەردراوانەی کە لەناوەوە دەزگاکانی لەشو شانەکانیو ئەندامەکانی تر رێك دەخەن، ئەم چەشنە پێی دەگوترێ: (Secretion) ئەمەیش زۆر پێویستە بۆ ژیانو زیانی تێدا نییە.

بەشەکەی تر بە پێچەوانەوەیەو مانەوەی لە لەشدا سوودی نییە. پێویستە بەزوویی لە لەش دەربکرێ، ئەو مادانەش پێك هاتوون لە مادەی ژەهراوی، مانەوەیان لە لەشدا زیانی پێ دەگەیەنێ... وەکوو میزو پیسایيو عەرەقۆ خوێنی بێنوێژی ئەمەش پێی دەگوترێ (Excretion) ئایەتەکە چوونەلای ئافرەتی

بێنوێـژی حـەرامکردوە، ئەمـەش موعجیزەیـەکی زانـستییە بـۆ ئیـسلام، چـونکە ئیسلام ئادەمیزادی فێرکردوە پێش ئەوەی شتێك لـەم جۆرە ئیفرازاتانـە بزانـیٚ و بزانیٚ کە خوێنی بێنوێـژی ژەهرێکی لەشـەو سوودی بـۆ جـسیم نییـە تـا زوو لـە لەش دەرچیٚ درەنگە.

بەشی دووەمی ئایەتەکە دەفەرمویٚ: (فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ) واتـە: لەکاتی بێنوێژی ژناندا لە چوونەلایان کەناربگرن، ئەوەتا بۆچوونی پزیـشکی دەق لەگەڵ مەبەستی بەرزی ئەم ئایەتەدا یەك دەگرنەوە، چونکە تەندروسـتی ئـەوەی مەنع کردوە کە پیاو تێکەڵاوی لەگەڵ ژنـی حـەیزداردا بکا، چـونکە شـتی وا زیـان بە پیاوەکەش و بـە ژنەکـەش دەگەیـەنیٚ، ئـەم خوێنـە بڕسکاوە پیـسە، میکـروب و بەکتریایەکی زۆر لەخۆ دەگریٚ، زۆر ناخایەنیٚ کە پیاو تووشـی هـەوکردنی جۆراو جـۆر دەکـا، لەلایـەکی تریـشەوە لـەکاتی بێنوێژیـدا پـەردەکانی نـاوەوەی ئـافرەت دەسووتێنەوەو ناسك دەبنەوە، دوور نییە کە بەهۆی جوڵانـەوە پـەردەکان بـدڕێن، سەرەنجام بەهۆی میکرۆبەکانی ناو مناڵدانەوە نەخۆشی تەشەنە دەکا بۆ شوێنانی تـریش، ئەمـەیش ئەوەنـدەی تـر زیـان بـە تەندروسـتی ژن دەگەیـەنیٚ، سـەرەڕای ئەمەیش جووتبوون لەگەڵ ئافرەت بەری دەرچوونی خوێنەکە دەگریٚ و خوێنەکە لـە نـاوەوە ئـەوق دەکاتـەوە، ئەمـەیش سەردەکێـشیٚ بـۆ بـشێوی دەروونـیٚ و دەمـار گرژییەکی تەواو بۆ هەردوولا دەخولقێنیٚ!.

خوێنەری خۆشەویست سەیر بکە زانیاری پزیشکی چۆن هـەنگاو بـە هـەنگاو شوێن قورئان دەکەویٚ و دەیکاتە ڕەهنومای خۆی!!

زیانەکانی داوێنپیسی (أضرار الزنا):

ئـاینی ئیـسلام هـەر بـە مەبەسـتی پارێزگـاری مـرۆڤ لـە نەخۆشـییە جینسییەکان زینای حەرامکردوە، قورئان دەفەرمویٚ:

{وَلاَ تَقْرَبُواْ الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاء سَبِيلاً - سورة الإسراء – ٣٢}.

واتە: بەهیچ جۆرێك نزیکی داوێنپیسی مەکەونەوە، لە راستیدا داوێنپیسی تاوانێکی ئابڕو بەرمیەو ئەو پەڕی بێ رەوشتییەو رێگەیەکی نێجگار خراپو ناپەسەندە.

جا وەنەبێ ئیسلام زینای هەر لەبەر ئەوە حەرامکردبێ کە تاوانێکی کۆمەڵایەتییەو بەس بەڵکوو بەشێکی زۆری هۆی حەرام بوونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قەڵاچۆکردنو بەرگریکردن لە نەخۆشی جەستەییو دەروونیو رەوشتی.. هتد.

بێگومان یەکێ لە دیاردەو نەخۆشییەکانی کە بەهۆی زیناوە تووشی مرۆڤ دەبێ، نەخۆشی ئاتەشەکە (زەهری) کە پێشی دەگوترێ سفلیس تووشی هەموو جیسم دەبێو هەموو ئەندامەکانی جەستە دادەوەشێنێ، وەك کۆئەندامی دەماریو لەمفاویو هەرسیو زاووزێیی وەهەروەها تووشی ئێسكو جمگەو هەموو لووەکانی لەشیش دەبێ، لووەکان بۆریە داربن، یا بێ بۆریەبن.

هەروەها تووشی پێستو چاوو گوێیش دەبێ، تووشبوونەکەشی تا بڵێی مەترسیدارو سامناکە!! لەلایەکی ترەوە زینا دەبێتە هۆی پەیدابوونی نەخۆشی تر وەك قورحەی خاوو قورحەی خۆرەكو خۆرۆشو ئالۆشی شەرمگاو قەڵەشتبوونی کۆئەندامی زاوزێ (هەروەها داوێنپیسی دەبێتە هۆی توشبوونو بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی سامناکی کوشندەی ئایدز. کە بە خەتەرترین دەرد دادەنرێن. بگرە لە شێرپەنجەیش خەتەرترە!

هەرکەسێ بیەوێ بە وردی لەزەرەرو زیانی ئەم نەخۆشیانە بزانێ با بگەڕێتەوە بۆ کتێبە تایبەتەکان، ئیتر ئەوکاتە دەزانێ تا چ ئەندازەیەك ئیسلام گرنگی بە لەشپەروەری داوە.

هەروەها زینا دەبێتە هۆی پەیدابوونی نەخۆشی سووزەنەك کە ئەمڕۆ بە تەواوی جیهانی خستۆتە ژێر مەترسییەوە، ئەم نەخۆشییە میکرۆبێکی پچوکەو بەزەرەبینی پێشکەوتوو نەبێ هەستی پێ ناکرێ، هەرکاتێ پیاوێك ئەم

نەخۆشییەی لەگەڵ بیو زینا لەگەڵ ئافرەتێك بکا یەکسەر ئەم نەخۆشییە دەگوازرێتەوە بۆ ناو لەشی ئافرەتەکە، هەروا بە پێچەوانەش!

گڵاوی سەگ چەسپاوە (تقرير نجاسة الكلب):

یاسایەکی تر لە یاساکانی ئیسلام بۆ پارێزگاری لەشو لار بەگڵاو دانانی سەگە... پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) فەرموویەتی:

« إِذَا وَلَغَ الْكَلْبُ فِي إِنَاءِ أَحَدِكُمْ فَلْيُرِقْهُ ثُمَّ لْيَغْسِلْهُ سَبْعَ مِرَاتٍ احداهن بالتراب .

واتە: ئەگەر سەگ دەمی خستە ناو قاپو قاچاغی یەکێك لە ئێوە خێرا چی لەناو قاپەکەدایە بیرێژن، ئەمجار حەوتجار قاپەکە بشۆن جارێکیان بە قوڕاو بێ. مانای ئەم فەرموودەیە ئەوەیە کە نابێ ئادەمیزاد نانو ئاو بخواتەوە لە قاپێکدا کە سەگ دەمی تێ خستبێو بەدەمو قەپۆزی پیسی کردبێو نەخۆشیو بەکتریای تێدا بەجی هێشتبێ! ئەمەش موعجیزەیەکی زانیارییە بۆ ئیسلامو زۆر پێش زانیاری (طب) دەست پێشکەری کردوە، وا تازە بە تازە زانیاری تەندروستی چەسپاندوویەتی کە سەگ زۆر نەخۆشی راگوێز دەکا بۆ ناو لەشی ئادەمیزاد..

لە گۆڤاری (کۆسموس)ی ئەڵمانیدا (د. جەراد فتشر) لەژێر ناوونیشانی (ئەو نەخۆشییە سامناکانەی کە بەهۆی راگرتنی سەگو لێ نزیکبوونەوەیان پەیدا دەبن) باسێکی بڵاوکردەوە دەڵێ: (پێ لێ هەڵبڕینی کۆمەڵ لەم دواییەدا بۆ زیادە رەوی لە راگرتنی سەگدا بەو شێوە بەرفراوانییە سەر دەکێشێ بۆ کەوتنەوەی زۆر نەخۆشی سامناك بە تایبەتی کە لە راگرتنەکەدا یاری لەگەڵدا بکرێو وابکرێ سەگەکە بە تەواوی تێکەڵ ژیانی خێزان ببێ، گاڵتەو گەپی لەگەڵدا بکرێو ماچ بکرێو مرۆڤەکان بلێسێتەوەو لەسەر سفرەو خوان نانو ئاو لەگەڵ خێزاندا بخوا، هەموو ئەمانە: کە زەوقی ساغو سەلیم دژیەتیو لەگەڵ دابو نەریتی مرۆڤایەتی گونجاو نییەو پێچەوانەی یاسای تەندروستییە – دەبنە هۆی سەرەکی بۆ نەخۆشی وا کە تەندروستی ئادەمیزادو ژیانی دەخاتە خەتەرێکی سامناکەوە

ئەمەش شتێك نییە هەروا بە سادەیی سەیری بکرێ، پێویستە چارەسەرێکی کاریگەری بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە سەگ کرمی شریتی تێدایە[1] دەگوازرێتەوە بۆ ئادەمیزادو تووشی چەندان نەخۆشی سامناکی دەکاو گیانی دەخاتە مەترسییەوە.

بەگوێرەی زانیاریش دەرکەوتووە کە هەموو جۆرە سەگێك پچووكو گەورە هەموویان ئەم جۆرە کرمەیان تێدایە.

لەناوچەی فریزلەندە لە هۆڵەندا کە سەگ بەکار دێنن بۆ راکشانی گالیسکە، دەرکەوتووە لە هەموو سەد سەگێکدا داونزمیان ئەم نەخۆشییەیان تێدایە! لەناوچەی ئیسلەندەشدا لە هەموو (٤٣) کەسێك یەکێك تووشی ئەم نەخۆشییە بووە، دەریش کەوتووە ئەم رێژەیە لە ئوستراڵیادا زۆرتر هەیەو لە هەموو (٣٩) کەسێکدا لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە یەکێك تووشی ئەو نەخۆشییە بووە! ئەوەش چەسپاوە کە راگرتنو بەخێوکردنی سەگ لەو وڵاتانە بەو شێوەیە بوومتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەوڵاتانی تریشدا. ئەمجار دەڵێ: ئەوەی پێویستە لەسەر ئادەمیزاد کە بەهیچ جۆرێك گاڵتەو گەپ لەگەڵ سەگدا نەکا، منداڵ وا فێربکرێن کە خۆیان بپارێزنو لەسەگ دووربکەنەوەو نەهێڵدرێ دەستو مەچەکیان بلێسنەوە، بەهیچ شێوەیەك نەهێڵدرێ سەگ لە شوێنی یاریکردنی منداڵو جێگای حەوانەوەیاندا هەبێ، نابێ رێگا بدرێ سەگ لەو قاپو قاچاخانەدا شت بخوا کە بۆ شت تێداخواردنی ئادەمیزادە، بەهیچ جۆرێك نەهێڵدرێ سەگ بچێتە حانووتو چێشتخانەو هەر شوێنێك کە پەیوەندی بە خواردنو خواردنەوەی مرۆڤەوە هەبێ.

وەرزش (الرياضة):

ئاییني ئیسلام گرنگییەکی تەواوی بە وەرزش داوە کە نوێژ جۆرە ورزشێکە.

---

[1] ئەم جۆرە کرمە ناوە عیلمییەکەی *Taenia fchinacoccus*.

سوودەکانی نوێژ بۆ لەش (فوائد الصلاة):

نوێژ خۆی لەخۆیدا وەرزشێکی ئایینییە، هەموو موسوڵمانێك هەموو ڕۆژی وەك موچە بۆی براوەتەوەو لەسەریەتی کە ئەم ئەرکە پێنج جار ئەنجام بدا. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی جەستەو نەش‌و نما دەخاتە نێو ڕیخۆڵەوە، وەزشێکی باش‌و لەبارە بۆ لەش‌و جمگەو ماسولکەکانی.

دەی ئەگەر ئێمە سەرنجی جم‌و جووڵی ناو نوێژ بدەین دەبینین لەجم‌و جوڵی وەرزشی سوێدی دەچێ، ئەوەندە هەیە تەمەنی وەرزشی سوێدی ناگاتە سەد ساڵ‌و تازە داهاتووە، بە پێچەوانەی یاسای نوێژ کە هەزارو چوار سەدو ئەوەندە ساڵ بەر لە ئێستا داهێنراوەو بەبێ گۆڕان‌و دەسکاری ئەنجام دەدرێ.

خۆ ئەگەر بەرابەرییەك لە نێوان جم‌و جوڵی نیوژکردن‌و یاسای لنجی سوێدی دابکەین دەبینین جم‌و جوڵی نوێژ زۆر گونجاو ترو لەبارترە بۆ هەموو تەمەن‌و جینسێك. نوێژ بەوتنی (الله أكبر)و دەست بەرزکردنەوەو بەجم‌و جوڵ خستنە ماسولکەی دووشان بەرەو حەوا دەست پی دەکا، ئەم شێوەیەش جۆرێکە لەو تەمرین‌و پڕاوانە کە لە یاسای وەزشی سوێدیدا ئەنجام دەدرێ، گوایە ئەم جۆرە جم‌و جوڵە سینگ دەکاتەوە. دوای (الله أكبر)کردن‌و خوێندنی سوورەتی فاتیحە ئەمجار نوێژکەر دادێتەوەو دەچێتە روکوع هەردوو دەستی لەسە دوو ئەژنۆی دادەنێ‌و ماوەیێك ئارام دەگرێ، جەستە لەم شێوە جم‌و جوڵەو ئارام گرتنە چەند سودێکی پێ دەکا، جموژگەی رانی دەجووڵێنێ، بڕبڕەی پشتی ڕاست دەکاتەوە بە دەستیشی هێز دەخاتە سەر ئەژنۆکانی بەمەش باسکی بەهێز دەبن هەردو کارەکە – توندکرنی بڕبڕەی پشت‌و هێز خستنە سەر ئەژنۆ بۆ دواوە – زۆر پێویستن بۆ جیسم‌و سوود بەخشن، بێگومان یاسای وەرزشی سەردەم چاولێکەری ئەم شێوە جم‌و جوڵەیان کردوەو لاسایی دەکەنەوە، بەلام هیچ کامێك لەم یاسایانە نەیانتوانیوە وا بکەن دوجۆر حەرەکە بەیەکەوە ئەنجام بدەن، بەلام لە نوێژدا ئەم دوو جوڵەیە هەیە ئەمەش گەواهی ئەوەیە کە جم‌و جوڵەکانی ناو

نوێژ دانا کارییان تێدایە. چوونە سوجدەش چەند جمو جوڵێکی تێدایە کە سوود بەخشە بۆ هەموو ئەندامامی لەش چۆماندنەوەی هەردو ئەژنۆ سود بەخشە بۆ ئەوەی نەهێڵێ جموژگەی ئەژنۆ گرژبێن. چۆماندنەوەی هەردوو قۆڵو دانانی ناوچەوان لەسەر زەوی بەسودترین جمو جوڵە بۆ هەڵگڵۆفتنی گەدەو جیهازی هەزمکردنو بەرگریکردن لە گیرانو قەبزبوون، بەتایبەتی جمو جوڵی سوجدە سوودی بۆ ئافرەتان هەیە چونکە لەم حاڵەدا منداڵدانی لە شوێنی سروشتی خۆیدا رادەگریو ناهێڵێ چرچو چۆڵی تێدا پەیدا ببێ[1].

لەلایەکی ترەوە سوژدە بردن یارمەتدەری ئەوەیە کە نەهێڵێ: گەدە دابەزێ! پزیشکەکانی سەردەم وای بۆ دەچن کە باشترین چارەسەر بۆ دانەبەزینی گەدە سوژدە بردنە. هەندێکی تر لە حیکمەتی ئیسلام کە بە پێویستی داناوە هەموو ماسولکەو جموژگەی بەدەن لە نوێژدا مافی خۆی بدرێتێ! لەبەر ئەوەیە پێغەمبەر دەفەرموێ: (أسوأ الناس الذي يسرق من صلاته).

خراپترین کەس ئەو کەسەیە کە لە نوێژەکەی دەدزرێتەوەو بە تەواویو رێكو پێکی نایکا، مەبەست لەم دزیکردنە ئەوەیە کە نوێژکەرەکە راوەستانو روکوعو سوژدەو دانیشتنی ناو نوێژ بە نیوەچڵی ئەنجام بدا ئاشکراشە کە هەر وەکوو چۆن تەواوکردنی ئەم جمو جوڵانە پێویستە دەبێ بە دڵسۆزیو لێبوردۆیی ئەنجامیان بداو خوشووعی دڵی تێدا بێ. بۆیە قورئانی پیرۆز زەممی ئەوانەی کردوە کە بە تەمبەڵیو بارگرانی بۆ نوێژ رادەسێنو دەفەرموێ:

{وَإِذَا قَامُواْ إِلَى الصَّلاَةِ قَامُواْ كُسَالَى - سورة النساء – ١٤٢}.

واتە: دوو رووەکان کە بەڕواڵەت موسوڵمانن‌و بەدڵ ناموسوڵمانن، هەرکاتێ دەچن بەلای نوێژەوە بە تەمبەڵی بۆی دەچن! گومانیش لەوەدا نییە کە باشترین

[1] مامۆستا ئەحمەد موحەممەد مەرزوق – پسپۆر – لە پەروەردەکردنی لەشدا لە زانکۆکانی اسکتلەندەو ئەڵمنیاو سوید – مجلة لواء الإسلام -.

وەرزشی رۆژانە ئەو وەرزشەیە کە بەردەوام بێ و پێی ماندو نەبێ، وەرزشێکی وابێ کە زوربەی ماسولکەو جموژگەکان بخاتە کارو لە هەموو شوێنێك بکرێ و دابەش بکرێ بەسەر کاتەکانی شەوو رۆژدا: پێش خۆرهەڵاتن دوالادانی خۆر لە نیوەی ئاسمان، پێش خۆرئاوا بوونو پێش نوستن، ئەمە لەگەڵ گرنگیدان بە پاكو خاوێنی پۆشاكو لەش کە هەموو ئەمانەی گوتران لە نوێژدا دەستەبەر دەبن.

جڵەوگیری لە خۆشەکەتکردن (النهي عن الإجهاد):

ئایینی ئیسلام بە پێویستی داناوە کە لەشو لار مافی خۆی لەوەرزش بدرێتیو ماوەی بدرێتێ لەو وەرزشە زیاد بکا، بەڵام بەمەرجێك ئەوەندە خۆ ماندونەکا کە لە رادەی وەرزشی راستەقینە بچێتە دەرەوە جەستە پتر لە توانای خۆی جەختی لێ بکرێ، قورئان دەفەرموێ:

{لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا - سورة البقرة – ٢٨٦}.

واتە: پەروەردگار ئەرك ناخاتە سەر هیچ کەسێك کە زیاد لە توانای خۆی بێ. جا نوێژ لەگەڵ ئەوەدا کە وەرزشێکی جەستەییە، لە هەمان کاتدا خودا پەرستیشە، دەبێ ساغو نەخۆش ئەنجامی بدا، ئاشکراشە کە نەخۆش ناتوانێ هەموو جمو جوڵەکانی پێویست بۆ نوێژ جێبەجێ بکا، لەبەر ئەوە پەروەردگار بۆ نەخۆش بارسووکییەکی تەواوی داناوە.

ئەوەتا بەپێی ئەم فەرموودەیەی کە ئیمامی بوخاری گێڕاویەتییەوە.

عیمرانی کوڕی حوصەین (خودای لێ رازی بێ) فەرمووی: نەخۆشی مەیاسیریم هەبوو، لە بارەی چۆنیەتی نوێژکردنی نەخۆشەوە لە پێغەمبەرم پرسی، فەرمووی: نوێژ بەراوەستانەوە بکە، ئەگەر نەتتوانی بەدانیشتنەوە ئەگەر نەتتوانی بە راکشانەوە نوێژەکان بکە. هەروەکوو چۆن ئیسلام رێگەی داوە بۆ نەخۆشو رێبوار کە لە رەمەزاندا رۆژوو نەگرن:

{فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ}

هەروەکوو چۆن کەسێك پێداویستی ڕێگای حەجی نەبێ حەجی لەسەر نییە، یان کەسێك نەخۆش بێ چۆن بۆ غەزاو جەنگی بێ بڕوایانی لەسەر نییە:

{لَيْسَ عَلَى الْأَعْمَى حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ }

خوێنەری هێژا! وەکوو دەبینی ئایینی ئیسلام سوودو قازانجی گیانیو بەدەنی تێکەڵاو دەکا تا ئادەمیزاد والێبکا خۆشبەختی گیانیو جەستەیی دەست بکەوێ.

ئەمڕۆش بەهێزکردنی لەشو جەستە پێویستە بۆ بەهێزبوونی هۆشو بیر، تەنانەت گوتراوە: هۆشی ساغ وا لەناو لەشی ساغا... کەواتە ئادەمیزاد لە ئیسلامدا هۆی چالاکی بۆ مسۆگەر دەبێ، بۆ ئەوەی کە لەشو هۆشی هەردوو پێکەوە گەشە بکەن، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە ئیسلام ئارەزووە رەواکانی مرۆڤ جێبەجێ دەکا، هەروەکوو چۆن ئەو موعجیزە عیلمیو پزیشکییانەی کە لەناو ئایەتەکانی قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەردا دەبینرێن، کە هەتا ئەم نزیکانەیش زانستی پزیشکی پەی پێیان نەبردبوو، بەڕاستی ئەمانە بەهێزترین بەڵگەن لەسەر راستیی پێغەمبەرێتی موحەممەدو دروستی پەیامەکەی.

بەشی بیستو شەشەم:

مەسیحیەت لە قورئاندا

بڕوای مەسیح خودا بەیەك ناسین بووە – بانگەوازیی حەزرەتی مەسیح بۆ گرنگیدان بە ژیانی رۆحی – حەزرەتی مەریەم لەڕوانگەی قورئانەوە – موژدەی جوبرائیل بۆ مەریەم – سکپڕیی مەریەم بە عیساو لەدایکبوونی عیسا – پەیامی عیسا – موعجیزەکانی عیسا – دوژمنایەتی جولەکە بۆ عیسا – کۆتایی هاتنی ژیانی عیسا.

خودا بەبەکناسین بڕوای حەزرەتی عیسابوو:

ئەگەر سەیری ئەو ئایەتانەی قورئان بکەین کە باسی مەسیحو ئایینی مەسیح دەکا، دەبینین قورئان رێك ئەوە دەچەسپێنێ کە بیرو باوەڕی حەزرەتی مەسیح یەکتاپەرستی تەواو بووە، یەکتاپەرستی، بە هەموو جۆرێك، یەکتا پەرستی لەخودا پەرستی دا، کەس شایانی پەرستن نییە جگە لە پەروەردگار، یەکتاپەرستی لە دوستکردنو بەدیهێناندا، بەگوێرەی بیرو باوەڕی مەسیح بەدیهێنەری زەویو ئاسمانو هەموو بونەوەر پەروەردگارەو کەسی تر نییە، یەکتاپەرستی لەزاتو سیفاتدا، بەبڕوای مەسیح زاتی خودا لە ماددەی جوێ جوێ پێك نەهاتووە (زاتی ئەو مورەکەب نییە) سیفاتو رەوشتی لە سیفاتو رەوشتی هیچ کەس ناچن! زاتی پەروەردگار بێ مندالو باوكو دایکە، لە کەس نەبووە کەسی لێ نابێ، خودا دەفەرموێ:

{يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لاَ تَغْلُواْ فِي دِينِكُمْ وَلاَ تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقِّ إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِّنْهُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَلاَ تَقُولُواْ ثَلاَثَةٌ انتَهُواْ خَيْرًا لَّكُمْ إِنَّمَا اللّهُ إِلَـهٌ وَاحِدٌ سُبْحَانَهُ أَن يَكُونَ لَهُ وَلَدٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَات وَمَا فِي الأَرْضِ وَكَفَى بِاللّهِ وَكِيلاً-سورة النساء-١٧١}.

واتە: ئەی خاوەن نامەکان! لە کاروباری ئایینی خۆتاندا پێ لێ هەلمەبڕن، شتێ کە شایانی شانی پێغەمبەر نەبێ دەرهەقی مەیلێن، زاتێ کە نازناوی مەسیحەو ناوی عیسایەو کوڕی مەریەمە ئەم زاتە پێغەمبەری خودایەو بەفەرموودەی ئەو کە وشەی (کن)ە لە رەحەمی مەریەمدا بەبێ باب هاتووتە

وجوود نەك بە شێوەی ئاسایی. كەوایە بڕواتان بە خوداو پێغەمبەرەكانی هەبێو خودا بەیەك بناسنو مەڵێن سێ خودا هەن. خودا یەكەو نابێ بە دوو كوڕو كچیشی نییەو نابێو پاكو خاوێنە لە هەموو خەوشێك، هەرچی لە ئاسمانو زەویدا هەیە هی ئەوە.

لە ئایەتێكی تردا دەفەرموێ:

{لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَآلُواْ إِنَّ اللّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ مِنَ اللّهِ شَيْئًا إِنْ أَرَادَ أَن يُهْلِكَ الْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُ وَمَن فِي الأَرْضِ جَمِيعًا - سورة المائدة – ١٧}.

واتە: بەراستی كافری بەڕاستی ئەوانەن كە دەڵێن: خودا عیسای مەسیحی كوڕی مەریەمە، دەی پێیان بڵێ: باشە ئەگەر خودا ویستی عیسای مەسیحی كوڕی مەریەمو مەریەمی دایكی لەناو بەرێ كەسێ هەیە كە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ كە نەهێڵێ خودا لەناویان ببات؟ خەیر كەس نییە، ئەوانیش وەك سەرجەمی خەڵكی سەرزەوی خودا هەركاتێ مەیل بكا لەناویان دەباتو كەس نییە بەرگری لەمكارە بكا. لە شوێنێكی تردا دەفەرموێ:

{وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا، لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا، تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا، وَمَا يَنبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا - سورة مريم – ٨٨-٨٩}.

دەڵێن: خودا بۆ خۆی منداڵی پەسەنكردوەو عیسای بەفرزەندی خۆی حسێب كردوە، بەراستی بەم بۆچوونەتانو وتنی ئەم قسانە تاوانێكی گەوە ئەنجام دەدەن، نزیكە ئاسمانەكان شەقار شەقار ببنو زەوی شەق ببێو كێوەكان هەرەس بێننو بڕوخێن بەسەر یەكا، بەهۆی ئەوەوە كە دەڵێن: خودای میهرەبان منداڵی بۆ خۆی دروست كردوە، كەشتی وا ناپەسەند شایستەی شانی خودای میهرەبان نییە.. خوێنەری هێژا هەموو ئەم دەقانە (ئایەتانە) ئەوە دەچەسپێنن كە عیسا ئادەمیزادێكەو خودا هەڵی بژاردوەو كردوویەتی بە پێغەمبەرو بانگەوازیكەر بۆ ڕێگای ڕاستی!

بێگومان پەروەردگار نامەیەکی بۆ حەزرەتی عیسا ناردوە بەناوی ئینجیل پشتیوانو تەواوکەری تەورات بوو، مژدەی ئەوەی تێدا بوو کە لە ئاخر زەمانا پێغەمبەرێك دێ ناوی ئەحمەدە (محمد)ە دەبێتە ڕێ نیشاندەری موسوڵمانان رزگارکەری مرۆڤ:

{وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ - سورة الصف - ٦}.

ئەوکاتەی عیسای کوڕی مەریەم بە نەوەی ئیسرائیلی گوت: گەلۆ! من ڕەوانە کراوی پەروەردگارم بۆلای ئێوە، ئایینو شەریعەتی پێش خۆم کە یاسای تەوراتە بەلامەوە ڕاستەو مزگێنیێ هاتنی پێغەمبەرێکتان دەدەمێو ناوی ئەحمەدە.

بانگەوازیکردنی مەسیح بۆ گرنگیدان بە پەروەردەکردنی گیان:

مێژوونووسان هەموویان ئەوەیان دووبارە کردۆتەوە کە حەزرەتی مەسیح بانگەوازی یەکەی بۆ گرنگی دان بەژیانی ئەو دنیاو وازهێنان لەم دونیایە بووە، هەمیشە بانگی خەڵکی کردوە کە ئەوەندە کۆڵ بە دنیاوە هەڵنەگرنو زیاد لە پێویست خۆی پێوە خەریك نەکەن، ئیمانیان بەخودا بەهێز بکەنو گرنگی بدەن بە ژیانی قیامەتو وابزانن ئەو ژیانە مەبەستی سەرەکی ئادەمیزادەو ژیانی دونیا بۆ ئەوەیە کە لە پێناو بەرژەوەندی ئەو ژیانەدا بەسەر ببرێ.. ئێستا پرسیارێك دێتە پێشەوە پرسیارەکەش ئەوەیە: بۆچی بانگەزاییەکەی حەزرەتی مەسیح هەر هەوڵی گرنگیدانی بە لایەنی گیانی داوەو ویستوویەتی خەڵکی واز لە دونیا بێنن؟!

بۆ وەڵامی ئەوە دەڵێین: هۆیەکەی ئەوەبووە: ئەو جولەکانەی حەزرەتی مەسیح ئەم مژدەیەی پێ داونو ئەو ئایینەی بۆ هێناون لایەنی مادەیان بەسەردا زاڵبووە، زوربەیان مادە پەرست بوونو وایان دەزانی کەژیانی دونیا خۆی لەخۆی دا مەبەستەو هۆکاری ئادەمیزاد نییە بۆ ژیانی قیامەت. تەنانەت برێکیان پێیان

وابوو کە ئەو سزایەی خودا هەڕەشەی پێ لە تاوانباران کردوە، یان ئەو پاداشەی کە مژدەی پی داوە بەخودا پەرستان کاتەکەی لە جیهاندایە نەك لە قیامەت... (ڕێنان) کە فەیلەسوفێکی فەرەنسییە لە کتێبەکەیدا – کە ناوی ژینامەی مەسیح)ە دەربارەی ئەو ڕقو کینەیەی کە لە دەروونی جولەکەکاندا بەرامبەر خەڵکی رەگی داکوتابوو، دەڵێ: ئەگەر نەتەوەی ئیسرائیل ئاگاداری ئەو تەعلیماتانەی یونانیەکان بونایە کە ناوەڕۆکەکەیان ئەوە دەگەیەنن: کە مرۆڤ بریتییە لە دوو توخمی سەربەخۆ: یەکێکیان گیانە ئەوی تریان لاشەیە، جا ئەگەر لە دنیادا گیان ئازار بچێژێ لە قیامەتدا لە ژیانی دووەمدا دەحەسێتەوە، ئەگەر ئەمەیان بزانیایە لە گەڵ لەو سزاو ئێش‌و ئازارە دەروونیانە رزگاریان دەبوو، کە بەهۆی چەوسانەوەو ژێر دەستییەوە تووشیان دەبوو، وەکی تریش ئەوان خۆیان بە چاکتر دەزانی لە لایەنی رۆشنبیری‌و ئایین‌و کلتورەوە لەو گەلانەی کە دەیان چەوساندنەوە!! جا چونکە بڕوای دوا رۆژیشیان نەبوو ئەوەندەی تر بەم چەوساندنەوە دڵتەنگ دەبوون.

ئەمجار (رینان) دەڵێ: جولەکەکان وەکوو یونانییەکان بڕوایان بەوە نەبوو کە ئادەمیزاد لاشەو گیانەو لەم دوو عونسورە سەرەکییە پێك هاتووە! بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە لە تەوراتی بەردەستیاندا هەیە کە رافەی نەفسیان بەخوێن لێك داوەتەوە لە تەوراتەکەیاندا هاتووە دەڵێ:

(لا تأكلوا دم جسم ما، لأن نفس كل جسد دمه).

واتە: خوێنی هیچ لاشەیێ مەخۆن چونکە رەوانی هەموو لاشەیێ خوێنەکەیەتی. کەوابوو جولەکەکان نەیانزانیوەو بڕوایان وانەبووە کە گیان شتێکە جوداوازە لەگەڵ لاشەدا. بۆیە کە مەسیح هات موژدەی ژیانی دوا رۆژی دانی‌و ئەوەی بۆ رونکردنەوە کە ژیانی دوارۆژ مەبەستی سەرەکییە بۆ ئەم جیهانەو گیانی ئادەمیزادی شتێکی هەرگیز کۆتایی نەهاتووە. لەلایەکی ترەوە نەتەوەی ئیسرائیل خاوەنی سیستەمێکی یاسایی شارەستانی دوورو درێژی رێك‌و

پێك بوون، لە بارەی سەوداو مامەڵەو کارو باریانەوە.. جا کە وابوو کەسایەتی حەزرەتی مەسیح خۆی بناغەی مەسیحییەتەو ئەرکی سەرشانمانە – وەکوو چۆن لە قورئاندا هاتووە – ئاوا شی بکەینەوە.

سەرەتا دەست بکەین بە چیرۆکی لەدایکبوونی حەزرەتی مەریەمە تا لەبەر رۆشنایی ئەم چیرۆکەدا هەموو ئەو کونو کەلەبەرانەی کە پەیوەندییان بە ژیانی مەسیحەوە هەیە لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەی هێناویەتی شی بکەینەوە.

حەزرەتی مەریەم لە قورئاندا (مريم في القرآن):

عیمرانی باوکی مەریەم پیاوێکی ناودارو زانایەکی گەورەی ناو زانایانی نەتەوەی ئیسرائیل بوو، خێزانەکەی نەزۆك بوو، منداڵی نەدەبوو، پەنای بردە بەر خودای میهرەبانو لێی پاڕایەوە کە منداڵێکی بداتێ، لە سەرشانی خۆشی نەزر کرد ئەگەر خودا کوڕێکی بداتێ ئەو کوڕە بکاتە خێرو بیکاتە مەجەوری (بيت المقدس)! پەروەردگار دوعاکەی گیرا کرد، دایکی مەریەم هەستی بە هەبوونی منداڵێك کرد لەناو منداڵدانیدا دەجولایەوە، کاتێ سکەکەی دانا منداڵەکە کچ بوو کچیش بەپێی عادەت بەکەڵکی مجەوری نایە، دوایی ناوی نا (مەریەم)و لەخودا پاڕایەوە کە چاو دێری بکاو لە بەڵاو ناخۆشی دونیا بیپارێزێ، پەروەردگار نزاکەی قبوڵ کردو نەزرەکەشی لێ وەگرتو پێی رازی بوو. وا دیارە عیمران کۆچی دوایی کردوە مەریەمە هێشتا پچکۆڵە بووە، پێویستی بەوە بووە کە کەسێك سەرپەرشتی بکاو پێداویستی بۆ دابین بکا، لەبەر ئەوە دایکی مەریەم مەریەمی کچی بردە لای مالەو لێپرسراوانی (بيت المقدس) ئەوانیش مقۆمقۆیان تێکەوت ئاخۆ کامەیان ببێتە سەر پەرشتیاری مەریەم... دوایی لەناو خۆیاندا تیروپشکیان کرد، سەرپەرشتیی مەریەم بەر زەکەریا کەوت کە مێردی پووری بوو، ئیتر زەکەریا مەریەمی وەرگرتو لەسەر عیبادەتێکی ساخ پەروەدەی کرد تا شتێکی سەیری لێ بینی، هەر رۆژێ کە زەکەریا دەچوو بۆلای مەریەم بۆ

خەڵوەخانەکەی رزق و رۆزییەکی سەیری لەلا دەدی، کە ئەوبۆی نەهێنابوو، تەنانەت ئەو جۆرە خواردنە لەو کاتەدا لەلای کەس دەست نەدەکەوت، کە لێی دەپرسی: مەریەم! ئەم خواردەمەنییەت لەکوێ بوو؟ لەوەڵامدا دەیگوت: لەلای خوداوە بۆم دێ. ئەم چیرۆکە قورئان ئاوای دەگێڕێتەوە:

{إِذْ قَالَتِ امْرَأَةُ عِمْرَانَ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا فَتَقَبَّلْ مِنِّي إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ، فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنثَى وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالأُنثَى وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وِإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ، فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ وَأَنبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقاً قَالَ يَا مَرْيَمُ أَنَّى لَكِ هَذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ إنَّ اللّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ - سورة آل عمران – ٣٥ – ٣٧}.

ئەمە پوختەی ئەو روداوو دیاردانەن کە پەیوەندییان بەسەرپرپوونی مەریەمو لەدایکبوونی عیساو پەروەردەبوونییەوە هەیە، هەر لەوکاتەوە کە لەسکی دایکیدا بووە تا ئەوکاتەی بووە بە ئافرەتێکی تەواو لە سێبەری خودا پەرستیدا پەروەردەبووە، بێگومان ئەم شێوە پەروەردەبوونە رێخۆشکەربووە بۆ کارێکی گەورە کە خودا بۆی داناوەو زێدە لە هەموو ئافرەتی جیهان ئەوی بۆ دیاریکراوە، هەر بۆیەشە فریشتە راستەو خۆ پێی گوت: ئەی مەریەم! خودا تۆی هەڵبژاردووەو لە هەموو خەوشێك پاکی کردویتەوە، زێدەرێزی داویتێ بەسەر هەموو ژنانی جیهاندا:

{وَإِذْ قَالَتِ الْمَلاَئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَاكِ عَلَى نِسَاء الْعَالَمِينَ، يَا مَرْيَمُ اقْنُتِي لِرَبِّكِ وَاسْجُدِي وَارْكَعِي مَعَ الرَّاكِعِينَ - سورة آل عمران – ٤٢ – ٤٣}.

بێگومان ئەم هەڵبژاردنە ویستێکی خودایی بوو، بۆ ئەوەی مریەم ببێتە دایکێك بۆ منداڵێك کە بێ باوك دروست بێ، هۆکاری سروشتی تێدا نەیەتە جێ، بۆ ئەوەی مریەم بۆخۆی ببێتە نیشانەیەکی گەورەی پەروەردگار! دەم بەستی

هەموو تاوانبارو گوماندارو زماندرێژێك بكا چونكە ژیانی مەریەم پێش ئەوەی عیسای بكەوێتە سكەوە دوای لەدایكبوونیشی بەجۆرێكی وا بوو كە بەهیچ جۆرێ گومانی لێ نەكرێ.

مزگێنی جوبرائیل بۆ حەزرەتی مەریەم(بشرى من جبرائيل إلى مريم):

كاتێك مریەم گەورە بوو، بوو بە ئافرەتێكی تەواو لە كاتێكدا كە لەكەسوكاری گۆشەگیربوو دیمەنێكی زۆر سامناكی بینی، لێی ترسا، لاوێكی شێوە شیرینی چاو پێكەوت خەریكبوو لێی نزیك دەبووەوە زۆر لێی ترسا پێی وابوو پەلاماری دەدات پەنای گرت بە خوداو ویستی لەخۆی دوور بخاتەوە، چەند جارێك ناوی خودای لێ هێناو ترسی خودای یاد خستەوە ئیتر حەزرەتی جوبرائیل خۆی لێ ئاشكراكردو وتی: من فریشتەم، خودا ناردوومی كوڕێكی پاك سروشتی باشت پێ ببەخشم، ئیتر بە تەواوی سەری سوڕما، بەلایەوە شتێكی سەیر بوو كە بەبێ ئەوەی مێردی هەبێ‌و شووی كردبێ مندالی ببێ، زیاد لەوەش بۆ خۆی خۆی دەناسێ كە ئافرەتێكی داوێنپاكەو هەرگیز داوێنپیسی لێ روونەداوە!.

ئیتر جوبرائیل ئەوەی خستە یاد كە خودا دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە، هیچ شتێك لەدەستی دەرناچێ، ئەوەشی پێ راگەیاند كە ئەو كوڕەی خودا دەیداتێ نیشانەیەكە لە نیشانەكانی خوداو دەسەلاتداریێتی! ئەوەتا قورئان ئاوا چیرۆكەكەی دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ:

{وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا، فَاتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا، قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَن مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيًّا، قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَامًا زَكِيًّا، قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا، قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِّنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا - سورة مريم – ١٦-٢١}.

ئەمجا حەزرەتی جوبرائیل هەواڵی ئەوەشی پێدا کە کوڕەکەی ناودێر دەکا بەمەسیح و عیسای کوڕی مەریەمی پێ دەگوترێ، لە دونیاو قیامەت ڕێزدارو پیاو ماقوڵ دەبێ و زۆر خۆشەویست و نزیکی بارەگای خودا دەبێ، ئەم کوڕە هەر لە نێو لانکەدا بەمنداڵی زمانی دەپڕژێ و قسەی وا دەکا مەگەر هەر پیاوی کامڵ بتوانێ قسەی وا بکا، خودا دەیکاتە پێغەمبەری خۆی و فێری کیتابی دەکاو دانایی فێر دەکاو ئەحکامی تەورات و شەریعەتی ئەو کتێبەی فێر دەکاو کتێبی ئاسمانی تری بە ناوی (ئینجیل) بۆ دەنێرێ، تا بەزانایی و دانایی ببێتە ڕێ نیشاندەری خەڵکی.

{وَإِذْ قَالَتِ الْمَلاَئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَاكِ عَلَى نِسَاء الْعَالَمِينَ، وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلاً وَمِنَ الصَّالِحِينَ، قَالَتْ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي وَلَدٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ قَالَ كَذَلِكِ اللّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَاء إِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ، وَيُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ} سورة آل عمران ٤٥-٤٨.

سك پڕبوونی مەریەم بە عیساو لەدایكبوونی عیسا:

حەزرەتی مەریەم هەر لەگەڵ جوبرائیل فوی ڕەحمەتی بە یەخەیدا کرد یەکسەر بەقودرەتی خودا سکی بوو، بێگومان ئەم سکپڕبوونە شتێکی نائاسایی و سەرسوڕهێنەر بەڵام بۆ دەسەڵاتی خودا شتێکی ئاساییە، چونکە خودا ویستی کە دەسەڵاتی بێ پایانی خۆی لەم ڕێگەوە پیشانی ئادەمیزاد بداو بزانن خودا چی بۆی دەکرێ:

{إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِندَ اللّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِن تُرَابٍ ثِمَّ قَالَ لَهُ كُن فَيَكُونُ - سورة آل عمران – ٥٩}.

بێگومان داستانی دروستبوونی عیسا لەلای خودا وەك داستانی دروستبوونی ئادەم وایە، ڕاستە کە دروستبوونی عیسا بەبێ باوك شتێکی سەیرە بەڵام لەوسەیرتر ئادەمە، کە خودا لە خاك دروستی کردوە بەبێ باوك و دایك، هەر ئەوەندەبوو بە قوڕەکەی فەرمووببە بە ئادەم و ئەویش دەرحاڵ بوو بە ئادەم.

حەزرەتی مەریەم دوای ئەوەی سکی پڕبوو بە عیسا دەستە وەستان دانیشتو بیری لەو قسانە دەکردەوە کە لە جوبرائیلی بیستبوو، گومانیش لەوەدا نییە کە مەریەم ئەو قسەو قەسەلۆکانەی دەهێنایە پێش چاوی کە لەوەبەدوا خەڵکی پێی دەڵێن و بوختانی پێ دەکەن و دەڵێن: ئەم کچە هێشتا شووی نەکردوە چۆن بەبێ ئەوەی مێردی ببێ سکی پڕ بوو، منداڵی بوو، ئەم بیرو بیرۆکانەی بە مێشکی خۆیدا دەهێنان و ترس و لەرزێکی چووە دڵەوە قەلەق و دڵەراوکێ روی تێکرد حەزی لە تەنیایی دەکردو گۆشەگیری پێ خۆشبوو، بۆیە لە خەڵکی دوور کەوتەوەو خۆی لەپێش چاوی خەڵك ونکردو دەترسا کە باسی سك پڕبوونەکەی بگاتە دەم خەڵکی و بە خراپی ناوی بەرن.

کاتێك مەریەم کەوتە نۆمانگ و نۆ رۆژەی خۆیەوەو ژانگرتی ئازاری ژانەکان پاڵی پێوەنا پەنا بۆ لقەدار خورماکان بەرێ و خۆیان لەناو حەشار بداو دەستیان پێوە بگرێ ئالەو کاتەدا دەیزانی چەند قسەو قسەلۆکی بۆ هەڵدەبەستن، بۆیە ئاواتە خوازی ئەوەبوو کە پێش ئەوکاتە بمردایە یان شتێکی هیچ و پوچ بوایەو کەس بێزی نەهاتایە ناوی بێنێ، لەوکاتە ناسکەدا لەو تەنگانەو نارەحەتیەدا حەزرەتی جوبرائیل هات دڵنەوایی کردو فەرمانی پێکرد کە لقەدار خورمایەك راوەشێنێ خورمای تەڕو تازەی بۆ بەردەبنەوەو لێیان بخوا، برینی ناوسکی سارێژ دەبن، لەو جۆگە ئاوەش بخواتەوە کە بەبن دارەکاندا دەڕوا دڵ و دەروونی ئارام دەگرێ و دڵەڕاوکێی نامێنێ.

ئەمجار جوبرائیل ئەوەشی فێرکرد کە هەرکاتێ کەسێك لێی پرسی یان سەرکۆنەی کرد یان وتی ئەمەت لەکوێ بوو؟! هیچ وەڵامییان نەداتەوە، بەڵکوو ئاماژەیان بۆ بکا کە زمانی بەرۆژووە، قسەکردنی لەخۆی حەرامکردوە، ئەمە پوختەی ئەو چیرۆکەیە کە قورئان دەیگێڕێتەوە دەفەرموێ:

{فَحَمَلَتْهُ فَانتَبَذَتْ بِهِ مَكَانًا قَصِيًّا ، فَأَجَاءَهَا الْمَخَاضُ إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا وَكُنتُ نَسْيًا مَّنسِيًّا ، فَنَادَاهَا مِن تَحْتِهَا أَلَّا تَحْزَنِي قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا ، وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا ، فَكُلِي

وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا - سورة مريم - ٢٢-٢٦}.

کاتێك حەزرەتی مەریەم منداڵەکەی لێ بوووەوە هەڵی گرتەوەو گرتیە باوەشی و هاتەوە بۆ ناو خزم و کەس و کارو نەتەوەکەی، هەموو سەریان سوڕماو سەرسام بوون ئەوەی مەریەمی دەناسی و شارەزای خودا پەرستی و داوێنپاکی بوو ئەوانەی نەیاندەناسی هەروەکوو یەك سەرسام بوون، چونکە مەریەم کارێکی سەر سوڕهێنەری هێنایە کایەوە! چونکە ئەو کچ بوو هێشتا شووی نەکردبوو! دیارە منداڵبوونی بەبێ ئەوەی شووی کردبێ جێگای ئەوەبوو گومانی خراپی لێ بکەن، چونکە لەکاتی پەیدابوونی شتی سەرسوڕهێنەری کتوپڕی وادا زۆرجار عەقڵ و تێبینی کارناکا بە تایبەت کە بەڵگەی تاوانبارکردن بەدەستەوە بێ و نیشانەکەشی شتێکی مادی بێ، جێگای گومانی تێدا نەمێنێ؟!.

حەزرەتی مەریەم لەبەرامبەر ئەو هەموو تۆمەت و زریان و رەشەبایەدا هەر ئەوەندەی لەدەست هات کە گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکەی حەزرەتی جوبرائیل بکا، بێدەنگی بکاتە کاری خۆی و هەرکەسێ پرسیاری لێبکردایە ئاماژەی بۆ لای کوڕەکەی بۆ دەکردن و دەیگوت قسە لەگەڵ ئەودا بکەن، ئەوانیش بەوە رقیان هەڵدەستاو پێیان وابوو گاڵتەیان پێ دەکا، چونکە لەوە پێش نەیان دیبوو کە منداڵ لەلانکەدا قسە بکاو گفت و گۆی لەگەڵدا بکرێ!! بەڵام حەزرەتی عیسا (دروودی خوای لەسەربێ) وەڵامی عاقڵانەو ژیرانەی دەدانەوە، داوێنپاکی دایکی دەچەسپاند، ئەمجار هەواڵی ئەوەشی پێدان کە بۆ خۆی دەبێتە خودا پێداوو دەچێتە ریزی ئەوانەی کە پەروەردگار پەڕاوی بۆ ناردوون و دەیکاتە پێغەمبەری خۆی و پیرۆزی دەخاتە کارەکانییەوەو پەروەردگار ئامۆژگاری کردوە بە ئەنجامدانی نوێژو زەکاتدان تا لە ژیاندابێ، هەموو کات لەگەڵ دایکیدا چاکەکار دەبێ و گوێڕایەڵی فەرمان و ئامۆژگارییەکانی دەبێ و لوتبەرزی ناکاو خۆی بەزل نازانێ. دەیگوت: سڵاوی خودا لەسەرمبێ رۆژی لەدایکبوونم و رۆژی مردنم و رۆژی زیندووبونەوەشم. ئەمەی گوترا: پوختەی مانای ئەم ئایەتانەیە کە دەفەرموێ:

{فَأَتَتْ بِهِ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُ قَالُوا يَا مَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْئًا فَرِيًّا، يَا أُخْتَ هَارُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا، فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ قَالُوا كَيْفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِي الْمَهْدِ صَبِيًّا، قَالَ إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا، وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا، وَبَرًّا بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا، وَالسَّلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا - سورة مريم - ٢٧-٣٣}.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هۆی چی بووە عیسا بەبێ باوک خودا خولقاندی؟! بێگومان دەبێ حیکمەتێکی تێدابێو خودا بۆ خۆی ئەو حیکمەتە بزانێ، ئەوەتا لە قورئاندا ئاوا ئاماژەی بۆ دەکا دەفەرموێ:

{قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِّنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا - سورة مريم - ٢١}.

بۆ ئەوەی بیکەین بە بەڵگە لەسەر گەورەییو بەدەسەڵاتی خۆمان، هەم ڕەحمەتو بەزەیی ئێمەش بێ بۆ ئادەمیزاد.

هەرکاتێکیش لەو نیشانانەو بەڵگانە وردبینەوە کە بوونە هۆی ئەوەی عیسا بەبێ باوک لەدایك بێ، بەڵگەیەکی گەورەی ڕوداوێکی سەر سوڕهێنەرمان دێتە بەرچاو، کارە گرنگەکەش ئەوەیە کە لەدایکبوونی عیسا بەبێ باوک دەسەڵاتو توانای فراوانی خودا دەگەیەنێو ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەر خۆی کەریمی کارسازەو هیچ شتێك نییەو هیچ کەس ناتوانێ ڕێگەی کارێکی لێ بگرێ، هیچ کاتێکیش پابەندی یاسای هۆکارو کارلێکراو (الاسباب والمسببات) نابێو چۆنی بوێ ئاوا دەیڕەخسێنێو لە هەموو کارێکی دا ئازادە.

عیسا پێغەمبەرو ڕەوانەکراوی خودایە (عیسى رسول الله):

نەتەوەی ئیسرائیل لەڕێگای ڕاستی ئاین لایانداو لە سنوور تێپەڕینو کەوتنە ناوزلکاوی هەواو ئارەزۆبازیو زیادەڕەوییان لە خۆش ڕابوادرنـدا کردو هەڵوەدای

کۆکردنەوەی ماڵو دارایی بوون... لە حەلاڵو حەرام سڵیان نەکردەوە، لەبەر ئەوە پەروەردگار زۆر هۆکاری خۆش رابواردنی لێ یاساغکردن، قورئان دەفەرموێ:

{فَبِظُلْمٍ مِّنَ الَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ طَيِّبَاتٍ أُحِلَّتْ لَهُمْ وَبِصَدِّهِمْ عَن سَبِيلِ اللّهِ كَثِيرًا، وَأَخْذِهِمُ الرِّبَا وَقَدْ نُهُواْ عَنْهُ وَأَكْلِهِمْ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا - سورة النساء - ١٦٠ - ١٦١}.

بەهۆی زوڵمو زۆری جولەکەکان خۆیان، زۆر هۆکاری خۆشرابواردنمان لێ قەدەغەکردن، کە لەوەپێش بۆیان رەوابوو، هەروەها بەهۆی گومڕاکردنی خەڵكو لادانیان لە ڕێگای خوداو سوود خواردنو مادەپەرستی زیاد لە ئەندازەیان (کەلێیان قەدەغەکرابوو) خواردنی ماڵی خەڵك بەنارەواو بێهۆ ئەو یاسایانەمان بەسەردا سەپاندن، بۆ رۆژی دواییش سزای بەئێشمان بۆ ئامادە کردوون. جا لەبەر ئەو هەموو سەرپێچی کردنەی نەتەوەی ئیسرائیل حیکمەتو ویستی خودا وابوو کە حەزرەتی عیسا بکاتە پێغەمبەرو فێری تەوراتو ئینجیلی بکاو بینێرێتە ناویانو بانگەوازی خوداپەرستی لەناویاندا هەڵدا! خودا بۆ خۆی دەفەرموێ:

{وَيُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ، وَرَسُولاً إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ - سورة آل عمران - ٤٨ - ٤٩}.

پەروەردگار عیسای رەوانەی ناو نەتەوەی ئیسرائیل کرد ئەویش بەگوێرەی فەرمانی خودا بانگەوازی ئایینی بلاوکردەوە، داوای کرد شوێنی بکەون، هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە جولەکەکان لەو گومڕاییە بگێڕێتەوە، حەرامو حەلاڵیان بۆ رون بکاتەوەو کێشەو نیزاعیان بۆ یەکالا بکاتەوە، بڕێ لەو شتانەی کە لێیان قەدەغەکرابوو بۆیان حەلاڵ بکا.

{وَلَمَّا جَاء عِيسَى بِالْبَيِّنَاتِ قَالَ قَدْ جِئْتُكُم بِالْحِكْمَةِ وَلِأُبَيِّنَ لَكُم بَعْضَ الَّذِي تَخْتَلِفُونَ فِيهِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ، إِنَّ اللَّهَ هُوَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ - سورة الزخرف - ٦٣ -٦٤}.

کاتێ عیسا بە بەڵگەو دەلیلەوە هاتە لای نەتەوەی ئیسرائیل، وتی: من هاتوومە ناوتان بە بەڵگەو حیکمەتەوە بۆ ئەوەی هەندێ کێشەو نیزاعی تێی کەوتوون بۆتانی ڕون بکەمەوە، ئێوە تەقوای خودا بکەن‌و گوێڕایەڵی ئامۆژگایەکانی من بن، بێگومان پەروەردگار خودای من‌و ئێوەیشە! دەی وەکوو من دەیپەرستم ئێوەش بیپەرستن، ئەمە ڕێگای ڕاست‌و دروستە.

موعجیزەکانی عیسا (د.خ) (معجزات عیسى (علیه السلام)):

کە حەزرەتی عیسا بانگەوازی خۆی بڵاوکردەوە، پیاوە ئاییەنییەکانی جولەکە هەستیان بەخەتەرێکی گەورەکرد، ئەوەتا حەزرەتی عیسا رەخنەیان لێ دەگرێ‌و لەوخۆ بەدونیا هەڵەو گیربوونەیان نارازییەو لۆمەیان دەکا لەسەر ئەوە کە لە ئارەزۆبازیدا ژیان بەسەر دەبەن‌و، ئەوەندە بە پەرۆشن بۆ خۆش رابواردن، نهێنییەکان ئاشکرا دەکاو عەیب‌و عاریان لەناو خەڵکدا بڵاو دەکاتەوە، لەبەر ئەوە مالەکانیان هەموو یەکیان گرت‌و بڕیاریاندا دژی بوەستن‌و بەدرۆی بخەنەوە، داوایان لێکرد موعجیزەیەك پیشان بدا کە بەڵگەبێ لەسەر پێغەمبەرایەتییەکەی، پەروەردگار چەند موعجیزەیەکی گەورەی پێ بەخشی! ئەم چیرۆکەش قورئان ئاوا بۆمان دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ:

{أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللّهِ وَأُبْرِئُ الأكْمَهَ والأَبْرَصَ وَأُحْيِـي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ، وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ الَّذِي حُرِّمَ عَلَيْكُمْ وَجِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَطِيعُونِ-سورة آل عمران/٤٩-٥٠}

واتە: ئەی نەتەوەی ئیسرائیل ئەمن پێغەمبەری خودام‌و لەلایەن پەروەردگارەوە موعجیزەم هێناوە ئەمن لە قوڕ شکڵێك دروست دەکەم وەکوو شکڵی باڵندە دوایی فووی پێدا دەکەم دەبێتە باڵندەی ڕاستی‌و بەفەرمانی خودا دەفڕێ، کوێری مادەرزاد چاك دەکەمەوە، بەڵەك چاك دەکەمەوە بەناوی خوداو

بەپشتیوانی ئەو مردو زیندو دەکەمـەوە، دەزانمو هـەواڵتان دەدەمـێ چـی دەخـۆن چـی هەڵـدەگرن بـۆ دوا رۆژتـان لەماڵـدا پەزمەنـدەی دەکـەن بێگومـان لـەوەدا نیشانەی راستی پێغەمبەریەتی من دەردەکەوێ، ئەگەر ئێوە بڕواتان هـەبێ... مـن یاساو شەریعەتی پـێش خـۆم کـە تەوراتـە پـشتگیری لێ دەکـەمو پـەیڕەوی دەکـەم، هـەروەها بـۆ ئـەوەی بـڕێ لـەو شـتانەی کـە لێتـان قەدەغـەکراوە بۆتـان حـەلاڵ بکەمەوە، من لەلایەن خوداوە نیشانەی پێغەمبەرایەتی خۆم پێیـە، تـەقوای خـودا بکەنو گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی من بـن... بێگومـان پـەروەردگار خـودای مـنو ئێوەیە، عیبادەتی ئەو زاتە بکەن، ئەمە ڕێگای راستو دروستە.

قورئانی پیرۆز ئاوا موعجیزەیەکی تری حەزرەتی عیـسامان بـۆ دەگێڕێتـەوەو دەفەرموێ:

{إِذْ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ السَّمَاء. قَالَ اتَّقُواْ اللّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ، قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنزِلْ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ السَّمَاء تَكُونُ لَنَا عِيداً لِّأَوَّلِنَا وَآخِرِنَا وَآيَةً مِّنكَ وَارْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ، قَالَ اللّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ فَمَن يَكْفُرْ بَعْدُ مِنكُمْ فَإِنِّي أُعَذِّبُهُ عَذَابًا لاَّ أُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِّنَ الْعَالَمِينَ-سورة المائدة – ١١٢ – ١١٥}.

کاتێ کە هاوڕێکانی حەزرەتی عیسا وتیـان: ئـەی عیـسای کـوڕی مەریـەم! ئایـا خودای تۆ دەتوانێ لە ئاسمانەوە سفرەو خوانمان بۆ بنێرێتە خوارێ؟! عیـسا پێـی گـوتن: تـەقوای خـودا بکـەن واز لـەو جـۆرە پرسـیارانە بێـنن، چـونکە کەسـێك بڕوادری تەواو بـێ ئـەو جۆرە پرسـیارانە ناکـا؟! وتیـان دەمانـەوێ خواردنمـان بـۆ بنێرێتـە خـوارێ لێـی تێربخـۆینو دڵیـشمان ئـارام بگـرێو دڵنیـابین کـە تـۆ رەوانـەکراوی پـەروەردگاری بەتـەواوی دڵنیـابین کـە تـۆ راسـتگۆی لـە پێغەمبەرایەتییەکەتدا، ئێمە دەبینە شایەد لەسەر موعجیزەکەو بـۆ ئەوانـەی کـە لێرە حازرنین، ئەمجار حەزرەتی عیسا وتـی: پـەروەردگارا! سـفرەو خوانێکمـان لـە ئاسمانەوە بۆ بنێرە خوارەوە، بۆ ئـەوەی ئێمـەیش ئـەو رۆژەی کـە سفرەوخوانمان بـۆ دێتـە خـوارێ بیکـەین بەجـەژن بـۆ خۆمـانو بـۆ ئەوانـەی دوا ئێمـەیش دێـن،

بێگومان تۆ باشترین ڕزق و ڕۆژی دەری!! بەڵام هەر کەسێ دوای ئەوە کافربوو یان بەکافری مایەوە سزایەکی دەدەم کەسم لەبونەوەردا بەو جۆرە سزانەدابێ.

حیکمەت و مەبەست لە موعجیزەکانی حەزرەتی عیسا:

خوێنەری ئازیز! ئەوەی گوترا بڕێك بوو لە موعجیزەکانی حەزرەتی عیسا ئێستا وێ دەچێ کە تۆی خوێنەر بڵێی بۆچی موعجیزەکانی ئەم پێغەمبەرە لەم شێوەو جۆرەبوون؟! بۆ وەڵامی ئەوە دەڵێین: موعجیزە بە گوێرەی ئادەمیزادانی ئەو کۆمەڵەی پێغەمبەرەکەی بۆ ڕەوانە دەکرێ دەنێردرێ، خەڵکی ئەو ڕۆژگارەش بڕوایان بەگیان نەبوو هەموو شتێکیان بەمادده دەزانی، جا کە حەزرەتی عیسا هات موعجیزەیەکی نواند بەڵگەو دەلیل بوو لەسەر ڕاستی بانگەوازییەکەی، ئەوەی چەسپاند کە گیان هەیەو شتێکی سەرەکییە لە ژیاندا ئەوەتا: ئەوە شکڵێ باڵندەیەکە لە قوڕ دروستکراوە گیانی بە بەردا دەکرێ زیندو دەبێت و لەشەقەی باڵی دەدا، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە شتێك هەیە غەیری لاشەیەو مادده نییە، کاتێك بە بەرلاشەدا کرا لاشەکەی زیندو کردەوە، مردویەکە داپۆشراوەو ئامادەکراوە بۆ ناشتن کە مەسیح بانگی لێکرد زیندو دەبێتەوەو وەڵامی بانگەکەی دەداتەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە گیان جیاوازە لە لاشەو بەو بانگکردنە گیانی تێکەوتەوەو ڕوحی بەبەردا کرایەوە، بەڵێ ئابەو جۆرە موعجیزەکانی عیسا بە گوێرەی بانگەوازییەکەی تایبەتمەند بوون بەو بانگەوازییەی کە بۆ بەخێوکردنی گیان و بڕوا بەزیندوبوونەوە تەرخان کرابوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە ژیانێکی تر هەیە لەو دونیا چاکەکار پاداشی چاکەکەی و خراپەکار سزای خراپەکەی دەدرێتەوە.

دژایەتیکردنی جولەکە بۆ حەزرەتی عیسا (د.خ):

حەزرەتی عیسا بۆ چەسپاندنی بانگەوازییەکەی ئەو موعجیزانەی نواندن، بێگومان موعجیزەکانیشی هەموو سەرکوتکەرو زوبان لاڵکەرو چەسپێنەر بوون و

سەرپێچیکەرو ملهوڕانی بۆڕدان، دەبوایە ئەم موعجیزانە بەس بونایە بۆ گوێڕایەڵی و بڕواهێنانیان بە حەزرەتی عیسا! بەڵام ئەو جولەکانە کە عیسایان بۆ رەوانە کرابوو هەموو دڵرەق و ملهوڕبوون، پێیان نەنگی بوو شوێنی کەون و بڕوای پێ بهێنن.

لەبەر ئەوە دەستیان کرد بەدژایەتیکردنی حەزرەتی عیساو نەیاندەهێشت، خەڵك بچێتە سەر ئایینەکەو بڕوا بە عیسا بێنن، جۆرەها پیلان و فێڵ و تەڵەکەو پڕو پاگەندەیان دژی حەزرەتی عیسا نەخشەکێشاو بلاوکردەوە، کاتێك هەستیان کرد ئەم هەوڵانەیان سوودبەخش نەبوون نەیانتوانی بەرهەڵستکاری بکەن، لە هەمان کات دا دەیان بینی کەهەژارو نەداراو بێ نەوا شوێنی دەکەوتن و بەپیر بانگەوازییەکەیەوە دەچوون و لە دەوری کۆ دەبوونەوەو بڕوایان بە قسەکانی دەکرد، ئا لەم کاتەدا جولەکەکان باری پلانەکەیان گۆڕی و لەلای فەمانڕەواو پاشاکانی رۆمان دوزمانیان دژی عیساکردو ئەوەیان خستە دڵی قەیصەرو پاشاکانی رۆمانەوە کە پەرەپێدانی بانگەوازییەکەی عیساو فراوان بوونی دەبێتە هۆی لەناوچوونی دەسەڵاتیان و روخانی دام و دەزگاکانیان! تا لە ئاکاما توانیان وا بکەن قەیصەر فەرمان دەرکا بە گرتنی عیساو لەسێدارەدانی و لەناوبردنی! بەڵام ئەوەی لەلای بەندە خەیاڵە لای خودا بەتاڵە، ئەوەتا دەبینین قورئان ئەوە دەچەسپێنێ کە پەروەردگار نەیهێشت ئەو خوانەناسانە بە ئاکامی خۆیان بگەن، نەیانتوانی عیسا دەستگیربکەن! بەڵکوو خودا رزگاری کرد لە دەستیان.

{وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَـكِن شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلاَّ اتِّبَاعَ الظَّنِّ - سورة النساء - ١٥٧}.

واتە: جولەکە ئیدیعای ئەوە دەکەن دەڵێن: ئێمە عیسای کوڕی (مەریەم)مان کوشتووە راست ناکەن! ئەوان عیسایانا نەکوشتووە - وەکوو ئیدیعادەکەن - لە سێدارەشیان نەداوە - وەکوو گومان دەبەن و لەناوخەڵکدا بلاویان کردۆتەوە - بەڵکوو ئەوان سەریان لێ تێکچووە، کابرایەکی تریان هەڵواسی وایانزانی عیسایە،

بێگومان ئەوانەی دەربارەی عیسا کێشەیان لێ پەیدا بووە لە خاوەن کتێبەکان — جولەکەکان — گومانێکی زۆریان دەربارەی لە سێدارەدانی عیسا لاپەیدا بوو، چونکە زانیارییەکی تەواویان لەم بارەوە دەست نەکەوتووە جگە لە گومانو بۆچوونی هەڵەو ناڕاست هیچی تریان بەدەستەوە نییە.

ئەمەش شتێکی سەیر نییە کە کەسێکی تر لە عیسا بچێو ئەو کار بەدەستانە وابزانن ئەوە عیسایە، چونکە لە روانگەی لێکۆڵینەوە کەسایەتییەکانی پزیشکی زانیاری زۆر رووداوی وا بینراونو دەبینرێن کە زۆرکەش لەیەکتر دەچێ، زۆر جار کار بەدەستان دەکەونە هەڵەوە لەوەدا کە یەکێك لەجیاتی یەکێکی تر سزا دەدەن. دەی باشە ئەگەر مەسیح لەسێدارە نەدرابێ ئەی چی لێهات؟ وەڵامی ئەم پرسیاە قورئان دەیداتەوە کە دەفەرموێ:

{وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا، بَل رَّفَعَهُ اللّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا - سورة النساء - ١٥٧ - ١٥٨}.

نەخێر، ئەو جولەکانە عیسایان بۆ نەکوژراو بەیەقینی نەیانکوشت بەڵکوو پەروەردگار بەرزی کردەوە بۆ لای خۆی... لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار دەفەرموێ:

{إِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ - سورة آل عمران — ٥٥}.

واتە: پەروەردگار بەعیسای فەرموو: ئەی عیسا! من بەگوێرەی تەمەنی خۆت دەتمرێنمو ناهێڵم کەس دەستدرێژی بکاتە سەرتو بتکوژێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە حەزرەتی مەسیح لە دوژمنەکانی پارێزراوبوو نەیانتوانیوە زەفەری پێ بەن. کە دەفەرموێ: (ورافعك الي) زوربەی زۆری راڤەکەرانی قورئان پێیان وایە کە پەروەردگار عیسای بەلاشەو گیانەوە بەرز کردۆتەوە بۆ لای خۆی!! برێکی تریشیان دەڵێن: عیسا لەسەر زەوی ژیاوە تا ئەو رۆژەی تەمەنی تەواو بووە ئەمجار خودا مراندوویەتی وەکوو چۆن پێغەمبەرەکانی تری مراندوون،

مەبەست لە وشەی (رافعك)ش ئەوەیە کە دوای لەدونیا دەرچوونی پلەو نیشانەی بەرزکراوەتەوە، وەکوو چۆن پەروەردگار لەبارەی حەزرەتی ئیدریسەوە دەفەرموێ:

{وَرَفَعْنَاهُ مَكَانًا عَلِيًّا - سورة مريم – ٥٧}.

واتە: پلەو پایەمان بەرزکردەوە بۆ شوێنێکی بەرز! جا لەسەر بۆچونی ئەو کۆمەڵە راڤەکەرانەی قورئان کە دەڵێن: عیسا لەسەر زەوی ژیاوە تا رۆژی مردنی.

پرسیارێك دێتە پێشەوە دەڵێین: دوای ئەورووداوەی کە هەڵمەتیان بردە سەر عیساو بە خەیاڵی خۆیان عیسایان لەسێدارەدا لەراستی دا واش نەبوو، ئەی عیسا بۆ کوێ چوو؟! چی بەسەرهات! لەوەڵامدا دەڵێین: خودا لەبەر حیکمەتێك چۆنییەتی دوا ئەو روداوەی لەسەر چەواشەکردوین‌و بۆی رون نەکردوینەوە، چۆنیەتیەکەی حەواڵەی عیلمی خودا دەکەین‌و لێی بێدەنگ دەبین...!!

ئەمە چوختەی ژینامەو بەسەرهات‌و روداوی ژیانی مەسیح بوو، قورئان ئەوەندەی لێ باس کردوە لە رۆژی لەدایکبوونییەوە تا رۆژی مردنی. بێگومان عیسا کوڕی خودا نییە وەکوو فەلەکان دەڵێن: بەڵکوو پێغەمبەرێکە لە پێغەمبەرەکانی خودا، نێردراوە بۆ رێنومایی نەتەوەی ئیسرائیل. کۆتایی سەرگورشتەی عیسا بەوگفت‌و گۆیەی نێوان پەروەردگارو عیسا دەهێنین کە لە رۆژی قیامەتدا رودەداو قورئان بۆمانی باس دەکاو دەفەرموێ:

{وَإِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِن دُونِ اللّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِن كُنتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلاَ أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ، مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلاَّ مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ،{إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ - سورة المائدة – ١١٦-١١٨}.

واتە: ئەی موحەممەد! یادی ئەو رۆژە بکەرەوە کە پەروەردگار عیسا دەخاتە بەر پرسیارو پێی دەفەرموێ: ئەی عیسای کوڕی مەریەم! ئایا تۆ بەخەڵکت گوتووە کە منو دایکم بەخودا بزانن، جگە لە خودا ئێمە بپەرستن؟! عیسا دەڵێ: پاكو بێ خەوشی بۆ تۆیە پەروەردگار! من شیاوی ئەوە نیم شتێك بڵێم کە ناحەق بێ، خۆ ئەگەر شتی وام وتبێ ئەوە خۆت ئاگاداری، ئەوەی لە دەروونی مندا هەیە تۆ ئاگاداری بەسەریدا بەڵام ئەوەی لای تۆیە من پەی پێ نابەم. بێگومان زاتی بێچوونی تۆ نهێنی زانە، تۆ خۆت ئاگاداری من ئەوەی فەرمانت پێ نەکردبم پێم نەگووتوون. من پێم گوتوون کە عیبادەتی پەروەردگار بکەن کە خودای منو خودای ئێوەشە، تا لە ناویاندا بووم ئاگاداریان بووم ئەمە کردارو گوفتاری من بووە. کاتێك کە مراندتم خۆت چاودێریان بووی! خۆت بەسەر هەموو شتێکدا ئاگاداری، ئەگەر سزایان بدەی بێگومان ئەوانە بەندەی بێ دەسەڵاتی خۆتن، ئەگەر لێیان خۆش ببێ بێگومان تۆ بە توانایو لەکارو فرمانا دانای.

بێگومان چیرۆکی مەسیح بەو جۆرەی قورئان دەیگێڕێتەوە، هەموو ئیدیعای ناحەزان پوچەڵ دەکاتەوە، دڵی گوماناویو رارایانیش دەگاتە ئەو قاناعەتە کە ئەوەی حەزرەتی (محمد) لە پەروەردگارەوە دەیگێڕێتەوە، راستو دروستە چونکە ئەگەر لەخوداوە نەبێ حەزرەتی (محمد) ئەم هەواڵە غەیبییانەی لەکوێوە دەربارەی مەسیحییەت زانی.

دکتور (بیشر فارس) لە کتێبەکەی (الشرف عند العرب قبل الإسلام)دا پرسیار دەکا دەڵێ: ئایا ئیسلام دەستکردی ئایینی جولەکەو مەسیحییە؟! هەر بۆ خۆی وەڵام دەداتەوە دەڵێ: نەخەیر! لەلایەکی ترەوە دەڵێ مێژوو ئەوەی چەسپاندووە کە لەسەردەمی پێغەمبەردا نە تەوراتو نە ئینجیل وەرنەگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی، دیارە حەزرەتی (محمد) هیچی لێ نەزانیوە، هەندێ کەس لەوانەی بڕوایان بە پێغەمبەرایەتی حەزرەتی (محمد) نییە دەڵێن: گوایە حەزرەتی (محمد) ئەم جۆرە چیرۆکانەی لە مامۆستاکانیەوە

وەرگرتووە، بۆ رەتکردنەوەی قسەی ئەو جۆرە کەسانە دەڵێین: ئەو مامۆستایانە یان بتپەرست بوون یان جوولەکە یان مەسحیی یان موبتەدیعە بوون. ئاشکرایە موبتەدیعە ناتوانێ ناوەرۆکی ئینجیل و ئەو یاساو پرۆگرامەی تێیدایە فێری حەزرەتی (محمد) بکا! چۆن وێ دەچێ موبتەدیعە بێ تاك و تەنهایی خوداو پێغەمبەرایەتی عیسا فێری (محمد) بکا؟ جولەکە هەرگیز ناچن سەر گروشتەی مەسیح و دایکی و چەسپاندنی گەورەیی و پاکییان فێری حەزرەتی (محمد) بکەن... یان (تەثلیث) سێ خودای و هەڵوەسینی مەسیح رەت بکاتەوە!! خۆ ئەگەر بگوترێ (محمد) بۆ خۆی موبتەدیعە بووە دەبوایە ئەم رایە لەناو خەڵکا مەشهوور بێ یان پەیوەندییەکی پتەوی بە پێغەمبەرەوە هەبێ و وای لێبکا کە فێری ئەو رێبازە ببێ ئەمەش لە مێژوودا نەسەلمێنراوە!

هەرکەسێ لە ئایەتەکانی قورئان – ئەو دەقانەی چیرۆکی مەسیح دەگێڕنەوە تی بفکرێ بۆی ئاشکرا دەبێ چ مانایەکی بەرز و بەلاغەت و فەصاحەتێکی سەر سوڕهێنەری تێدایە، بە جۆرێك کە بڕوا ناکرێ ئەم جۆرە ئاخاوتنە لەبیر و عەقڵی ئادەمیزادەوە دەربێ، یان لە کەسێکەوە ببیسترێ بە درۆ ئیدیعای پێغەمبەرایەتی بکا، بەڵکوو یەکسەر شایەدی ئەوە دەدا کە ئەم کەلامە لە لایەن خوداوە بۆ حەزرەتی (محمد) نێردراوە تا بڕێ راستی کە لە خەڵکی هون بوون بۆیان بگێڕێتەوە.

بەشی بیست و حەوتەم:

بەڵگەی عەقڵی لەسەر راستی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد (د.خ)

ژینامەی پێغەمبەر پێش پێغەمبەرایەتی – ئەو ریکخستن و چاکەخوازییەی لەناو نەتەوەکەیدا ئەنجامی دا – هەوانتەبازی ئەوانەی ئینکاری پێغەمبەرایەتی (محمد) دەکەن – بەرنامەی حەزرەتی (محمد) سەرچاوەکەی نیگای خوداییە – نەخوێندەواری پێغەمبەر – ئیددیعای پێغەمبەرایەتی – راستی و حەقویستی لە هەڵس و کەوتی پێغەمبەردا – رەنگدانەوەی هەڵس و کەوتی پێغەمبەر بۆ سەر رەوشتی هاوەڵەکانی – یارمەتی و پشتیوانی خودا بۆ پێغەمبەر – ئەنجامدانی نامەی پێغەمبەران.

ژینامەی پێغەمبەر پێش پێغەمبەرایەتی (سيرة الرسول قبل النبوة)

پێغەمبەرایەتی هیچ پێغەمبەرێك وەکوو پێغەمبەرایەتی حەزرەتی (محمد) بە بەڵگەی عەقڵی و بنبڕ نەچەسپاوە، هیچ پێغەمبەرێك ئاوا بەڵگەی عەقڵی پاڵپشتی راستی پێغەمبەرایەتییەکەی ناکا؟! دەی با ئێستا راستەوخۆ لە ژینامەی پیرۆزیەوە چەند بەڵگەیەکی عەقڵی لەم بارەوە بخەینەڕو.

بێگومان شتێکی سەلمێنراوە کە حەزرەتی (محمد) (دروودی خودای لەسەربێ) بە نەخوێندەواری لەناو هۆزێکی نەخوێندەوار دا پێگەیشتووە، لەژیانیا پەراوێکی نەخوێندۆتەوە، دێڕە شیعرێکی نەنووسیوە، وتارێکی نەخوێندۆتەوە، سەرۆکایەتی هۆزێکی نەکردوە، ماڵی و کۆڵەوەنانی نەکردوە، هیچ شتێکی لە یاساو شەریعەتی نەتەوەکانی پێش خۆی نەخوێندۆتەوەو نەزانیوە، ئەگەر شتێکی لەمانە هەبوایە هاوەڵانی و ئەوانەی کە هەموو هەڵس و کەوتێکیان تۆمارکردوە، چییان زانیوەو بیستووە، دەربارەی ژیانی –پێش پێغەمبەرایەتی و دوا پێغەمبەرایەتی– هەموویان گێڕاوەتەوەو نوسیوەتەوە، شتێکیان لەم بارەوە دەگێڕایەوەو بڵاو دەکردەوە، یان دوژمن و ناحەزانی لەم بارەوە بەمەبەستی ئینکاریکردنی پێغەمبەرایەتییەکەی شتێکیان دەگێڕایەوە، بەڵام هیچ شتێ لەم

شتانەی لێوە نەقڵ نەکراوە، هەتا تەمەنی گەیشتۆتە چل ساڵی ئاوا بەو شێوە ژیانی بەسەر بردووە. شتێکی ئاشکراو سەلمێنراوە کە هەر کەسێك هەڵکەوتوو ناوازە بێ دیاردەی ئەو هەڵکەوتوویەی لە سەردەمی گەنجیدا لێ بەدەر دەکەوێ! دەی خۆ حەزرەتی (محمد) تا تەمەنی گەیشتە چل ساڵ هیچ دیاردەیەکی ئەو هەڵکەوتوویەی لێ دەرنەکەوتووە، بەڵکوو ئەوەی لە حەزرەتی (محمد)ەوە – پێش پێغەمبەرایەتی – بیستراوەو بینراوە، بریتی بووە لە دەستپاکیو ئەمانەتو گۆشەگیری کە هەرگیز هاوبەشی نەتەوەکەی نەکردوە بۆ بتپەرستیو سەرخۆشیو رابواردنی نابەجێ، ئەمجار کە تەمەنی گەیشتە چل ساڵو نیگای بۆ هاتو کرا بە پێغەمبەر دەستی بە بانگەوازی کردو باڵپشتی بانگەوازییەکەی بە قورئان کرد، کە هەواڵی نهێنیو غەیبی رابوردوو داهاتووی لەخۆ گرتووە، باسی چۆنیەتی ویستی خودا دەربارەی ئایینیو شارستانیو ژیان بەسەر بردن دەکا، لایەنی بیرو باوەڕ بە خوداو بەڵگەهێنانەوەی عەقڵیو زانستی لەسەر هەبوونیو راستی ئەو بیرو باوەڕە! ئەمە جگە لەوەی کە ئەو قوئانە راسترین یاسای ئەخلاقو نەفس بەرزیی لەخۆ گرتووە، هەروەکوو چۆن شێوەو چۆنییەتی تاعەتو خوداپەرستی سودبەخشی بۆ گیانو لاشە تێدایە، راسترین یاساو شەریعەتی رامیاری ئیسلامی لەخۆ گرتووە وەکوو لەم کتێبەدا شیمان کردەوە.

ئەو رێکخستنو چاکەخوازییەی کە پێغەمبەر لەناو نەتەوەکەیدا ئەنجامیدا:

بێگومان حەزرەتی موحەممەد (دروودی خودای لەسەربێ) لە ماوەیەکی کەمدا توانی چەند گۆڕانکارییەکی گەورەو سەرسوڕهێنەر لەناو گێتی دا پەیدا بکا، کە ئەم گۆڕانکاریو رووداوانە بە رواڵەت پێویستیان بە ماوەیەکی زۆرو کۆششێکی بێ ئەندازە هەیە. ئەم گۆڕانکارییانەش بریتی بوون لە:

١- یەکخستنی نەتەوەی عەرەبو کردنیان بە نەتەوەیەکی یەکپارچە کە لەوە پێش بریتی بوو لە چەند تیرەو هۆزێکی جیا جیاو هیچ شتێك نەیدەتوانی یەکیان بخاو ئاوا لەسەر یەك ڕێبازو پرۆگرام کۆیان بکاتەوە.

٢- قەلاچۆکردنی بتپەرستی لەناو عەرەبەکان کە لە دێرزەمانەوە بە میراتو کەلەپوور بۆیان مابوەوە، ئەمجار جێگیرکردنی ئاینێکی ئاسمانی لە شوێنی ئەو بتپەرستییە، ئاینێکی وەها کە ئادەمیزاد لە پلەی هەرە ژووروی مرۆڤایەتی دادەنێ.

٣- گۆڕینو ئیصلاحکردنی کۆمەڵگای عەرەب لە بارەی ڕەوشتی کۆمەلایەتییەوە کە ئەو کۆمەڵگایەی ڕزگار کرد لە نەزانی نەزانان لە پێشێلکردنی مافی بێ نەوایانو لە ڕۆچونو زیادەڕەوی لە خۆش ڕابواردنو ئارەزووبازیو چەسپاندنی دادوەریی کۆمەلایەتی بەبێ جیاوازی لە نێوان زەبونو بەهێزدا دەی کردارێك لەم کردارانە بەسە بۆ ئەوەی کە خاوەنەکەی ئەوپەڕی پلەی ڕێزو مرۆڤایەتی بدرێتێو ناوی نەمر بکا لەناو گەورە پیاوانی مێژوودا! دەی تۆ چی دەڵێی: ئەگەر بزانی ئەم کردەوانە هەموویانو زۆری تریش لەسەر دەستی تاکە پیاوێكو لە ماوەیەکی کورتدا دەستەبەر کراون، ئەو زاتەش حەزرەتی (محمد)ە (دروودی خودای لەسەربێ) چونکە نیگای خودایی پاڵپشتی بووەو سەرچاوەی بەرنامەکەی لەوەحییێکی ئاسمانی بووە. ئەم گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییە گرنگانە پێویستیان بە هۆکارو تەعلیلی مەقبوولی وا هەیە کە دڵ ئارامی پێ بگرێ، لەم بارەوە تەنها ئیحتیمالو ئەگەر هەیەو بەس.

١- بڕوا بەوە بکەین کە حەزرەتی موحەممەد (دروودی خودای لەسەربێ) پێغەمبەرو ڕەوانەکراوی خودا بووە، لەلایەن خوداوە یارمەتی دراوە، ئەمەش قورئان بەئاشکرا ئاماژەی بۆ کردوە عەقڵیش پاڵپشتی دەکا.

٢- یان بڵێین: حەزرەتی موحەممەد پێغەمبەر نەبووە ئەم پلەو پایەو ڕامیاری زیرەکییەی بە بلیمەتی خۆی دەستکەوتووە.

ئەو ئەگەرو فەرەزییاتیانەی دەخرێنە ڕو لەلایەن ئەوانەی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد رەت دەکەنەوە

ئەگەر یەکێك ئەگەری دووەمی بەلاوە پەسەندبوو، باسەکەی لەگەڵ موناقەشەو تاوو توێ دەکەین‌و دەڵێن: لە ئاکامی بۆچوونەکەی تۆ کۆمەڵێك ئەگەرو پرسیار سەر هەڵدەدەن.

أ) ئەم ئایینەی لە راهیبێکی مەسیحی یان مالێکی جولەکە وەرگرتووە.

ب) موحەممەد خوێندن‌و نووسینی زانیوەو ئایینەکەی لەیەکێك لە ئایینەکانی پێش خۆی وەگرتووە.

ج) موحەممەد ئیددیعای پێغەمبەرایەتی بەدرۆو دەلەسە کردوە!

د) ئەو رەوشتانەی خۆی پێ رازاندبونەوە، ئەو تاعەت‌و خوداپەرستییەی هەموو ریاو چاو بەست بووەو توانیویەتی بە درێژایی ژیانی پەرە بەم چاو بەستییە بدا.

ه) توانیویەتی ئەم درۆو ریباو چاو بەستییە لە هەموو کەس بشارێتەوە.

و) لەگەڵ ئەو هەموو رەوشتانەی باسمان کردن واش خودا یارمەتی داوە.

ز) پێغەمبەر ئیددیعای پێغەمبەرایەتی کردوە، پەیامی هەموو پێغەمبەرەکانی بەو پەڕی کەماڵ‌و تەواوی هێناوە!!.

دەی با ئێستا ئەم ئەگەرو فەرزمیاتانە یەکە یەکە شی بکەینەوە.

پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد (سەرچاوەکەی نیگای خودایە):

ئەگەری یەکەم کە بریتییە لەوەی کە حەزرەتی موحەممەد (درودی خودای لەسەربێ) ئایینەکەی لە راهیبێك یان مالێك وەگرتبێ، ئەوە ئەگەرو فەرەزییەکە لە هەموو رویەکەوە واقیعی مێژوویی هەڵی دەوەشێنێتەوە یەکێك لەو شوبهانەی کە برێ نیازناپاك دەیانخەنە ڕوو دەربارەی راستی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد ئەوەیە دەڵێن: ئەو قورئان لەلای بوحەیرای راهیب فێربووە کە لە دانیشتوانی شاری بوصرای شام بووە، دەڵێن: ئەم بوحەیرایە کابرایەکی نەسطوری‌و

شوێنکەوتووی ئاریوس بووە لە یەکتاپەرستیدا، ئەم رایە سەریرترین و بوختان‌و عەجیبترین بۆچونێکە بۆ چەواشەکردنی راستییەکان.

جا بۆ رەتکردنەوەی ئەم ئیددیعایە بەتاڵە دەڵێین: کتێبەکانی مێژوو ژینامەی پێغەمبەر، ئەوەیان چەسپاندوە کە موحەممەد کاتێ لەگەڵ ئەبو تالیبی مامی دا چوو بۆ شام تەمەنی نۆ ساڵ یان دوانزە ساڵ بووە، ئەم راهیبە حەزرەتی موحەممەدی بینی لەگەڵ مامیدا لە هەمان کاتدا بینی هەورێك سێبەری لێ دەکرد ئیتر بوحەیرا بە ئەبو تالیبی گوت کە ئەم کورە دوا رۆژێکی پرشنگداری دەبێ! ئەمجار وتی ئاگات لێبێ جولەکە فرسەتی لێ نەهێنن، دەی هیچ سەرچاوەیەك لەمانەو هی تریش باسی ئەوە ناکەن کە موحەممەد شتێکی لەو بوحەیرایە دەربارەی باوەڕو ئایین بیستبێ.

جارێکی تر حەزرەتی موحەممەد سەفەری وەڵاتی شامی لەگەڵ مەیسەرەدا کردوە مەیسەرە بەندەو خزمەتکاری خەدیجەبووە، پێغەمبەر ئەوکاتە تەمەنی (٢٥) ساڵ بووە، مەبەستی سەفەرەکەشی بازرگانی بووە، دەی لەو سەفەرەشیدا پێغەمبەر لە کاروانەکەو لە مەیسەرە جودا نەبووتەوە تا بەتەنها بچێتە لای راهیبێك فێری شت بێ، تەنانەت ئەوەندەش لە شاری بوصرا نەماونەوە، بەڵکوو شت‌و مەکیان فرۆشتووەو کەل‌و پەلی پێویستی خۆیان کریوەو زوو گەڕاونەوە.

ئەمە بوختەی ئەو هەواڵ‌و چیرۆکە مێژووییەیە کە دەربارەی پەیوەندی حەزرەتی موحەممەد بە بوحەیرای راهیبەوە تۆمار کراوە، کە بە هیچ جۆرێك پەیوەندییەکی فیکری بەدی ناکرێ لە نێوان بوحەیراو حەزرەتدا؟!

دەی با ئەم توێژینەوە بخەینە لاوەو لەلایەکی ترەوە سەیری قەضییەکە بکەین‌و لێی وردبینەوە دەبینین ئیددیعای ئەو نیازناپاکانە هیچ بەڵگەیەکی عەقڵی بڕوا پێکراو پاڵپشتی ناکا، بەڵکوو چەند حەقیقەتێکی دژ بەو بۆچوونەی ئەوان خۆیان دەنوێنن‌و سەر هەڵدەدەن.

یەکەم: ئەگەر موحەممەد بڕی زانیاری لە بوحەیرای راهیب یان یەکێکی تر وەربگرتایە دەبوایە شوێنکەوتوانی پێغەمبەر ئەمەیان بدرکاندایە، چونکە

ئاشکرایە هاوەڵانی پێغەمبەر هیچ کردارو گوفتارێکیان کە لێ بیستبێ فەرامۆش نەکردوە بەڵکوو هەموو شتێکی پەیوەند بەو زاتەوە لە کتێبەکانی مێژوو سیرەتدا تۆمارکراوە، لە بەراوەکانی حەدیسدا بەریوایاتی جیا جیا گێردراوەتەوە.

دووەم: ئەگەر ئەوەی ئەو نیاز ناپاکانە ئیددیعای دەکەن راست بوایە خوانەناس و کافرەکان دەیان کردە بەڵگەو کاتی خۆی بەرەنگاری پێغەمبەریان پێ دەکرد، دەیانگوت: ئەوەی موحەممەد ئیددیعای دەکاو دەڵێ: نیگای خودام بۆ هاتووە بریتییە لەو زانیارییەی کە لەشام لای مەسیحی و جولەکەکان فێربووە.

تاکە شوبهەیەك کە دوژمنان لەم رووەوە پشتی پێ دەبەستن ئەوەیە گوایە لەگەڵ بوحەیرادا کۆبونەوەی کردوە ئەم بوحەیرایە تەوراتی زانیوەو بەزبانی خۆیان خوێندویەتیەوە.

قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ ئەمە دەکاو قسەکەشیان رەت دەکاتەوەو دەفەرموێ:

{وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ - سورة النحل – ١٠٣}.

واتە: ئێمە دەزانین و ئاگامان لێیە ئەوانە دەڵێن: ئادەمیزاد (محمد) فێری ئەم قورئانە دەکا، دەی باشە خۆ زمانی ئەوانەی کە ئەم فێرکردنەی دەدەنە پاڵ زمانێکی دیکەیەو لۆغەتێکی عەجمییە، ئەم قورئانەش بە زوبانێکی عەرەبی رەوان و ئاشکرایە....

سێیەم: قورئان زانست و زانیاری پیاوە ئایینییەکانی مەسیحی و جولەکەی سەردەمی پێغەمبەرو پێش ئەو سەردەمەو دوای ئەو چەرخەی لەخۆ گرتووە، چەند ئەحکام و تەشریعات و یاسایەکی وای لەخۆ گرتووە کە بەهیچ جۆرێك بڕواناکرێ کە ئەم کەلامەی لە بوحەیرا یان یەکێکی تر وەرگرتبێ، بەڵکووو زۆر جاران قورئان روداوە مێژوویی و ئایینییەکان بەپێچەوانەی تەرات و ئینجیلەوە دەگێرێتەوە، کە ناوداران بە عەهدی دێرین و عەهدی نوێ.

چوارەم: قورئانی پیرۆز ئایەتەکانی بەگوێرەی ڕوداوو پێویستی کات نازڵ کراوە، نازڵبوونەکەشی لەماوەی بیست و سێ ساڵدا بووە. حەزرەتی موحەممەد قورئانی بەیەکجار نەهێناوە، واتە: وەکوو ئەو کتێبانە نییە کە نووسەرێك ماوەیەك بە دانان و نووسینیەوە خەریك بێ و ئەمجار پاکنووسی بکاو بیخاتە بەردستی خوێنەران. ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێ کە قورئان نە لە کەس وەرگیراوەو نە دانراوی موحەممەد خۆیەتی بەڵکوو نیگای خودایەو پەروەردگار بەنیگا بۆ پێغەمبەری ناردووە.

پێنجەم: بوحەیرای ڕاهیب دانیشتوی شام بووە، موحەممەد دانیشتووی مەککە بووە، خۆ فێربوون و فێرکردن بە دانیشتنێك یان چەند دانیشتنێك ئەنجام نادرێ بەڵکوو پێویستی بەوە هەیە قوتابی لە خزمەت مامۆستادا ماوەیەکی زۆر چۆك داداو گوێی بۆ ڕابگرێ، جا خۆ ئەگەر شتێك لەم بابەتانە ڕوی بدایە لەناو عەرەبەکاندا دەنگی دەدایەوە، عەرەبەکان – خۆیان – ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە موحەممەد لەفلان کەس فێری ئەم قورئانە بووە، ئەمەش شتێکە مێژو باسی نەکردوە.

شەشەم: بوحەیرای ڕاهیب یەکێك نەبووە لە خۆشخوان و زمانپاراوی عەرەب، موحەممەدیش بۆ خۆی پێش پێغەمبەرایەتییەکەی بەخۆشخوان و زمانپاراو ناوبانگی دەرنەکردوە، دەی کەوابوو سەرچاوەی بەلاغەتی ئەم قورئانە لەکوێوە هاتووە؟ موحەممەد چۆن توانی ئەم کەلامە ڕەوانە بێنێ؟ کە هەموو بەلاغەت و ڕەوانبێژی عەرەبەکانی بۆڕداوە، ئەو ڕەوانبێژی و بەلاغەتەی کە قورئان تەحەددای هەموو عەرەبەکانی پێ کردوە، نەیانتوانی بەرامبەری بکەن بەجۆرێك کە ناچار دەبێ بگوترێ: ئەوە نیگای خودایە.

حەوتەم: ئەگەر بوحەیرای ڕاهیب ئەو پلە پەرزەی لە زانیاری و ڕەوانبێژی و بەلاغەتدا هەمووبێ بۆچی لەسەردەمی خۆیدا ئەم بلیمەتیەی خۆی دەرنەخستووەو خۆی پێ نەکردوە بەسەرۆك و پیاوماقوڵی نەتەوەکەی؟ ئەو کە بلیمەتێکی ئاوابێ چۆن ڕازی دەبێ کە مسکێن و ژێردەستەی خەڵکی تربێ؟! یان

بۆچی پاش ئەوەی کە موحەممەد دەستی بە بانگەوازی کردو پێغەمبەرایەتی خۆی چەسپاندو سەرکەوتنی بەدەست هێنا بۆچی بوحەیرا نقەیەکی لێ نەهاتو نەیگوت: بابە ئەوە قوتابی منەو فێرم کردوە، ئەوە بلیمەتیو هونەری منە؟!

نەخوێندەواریی پێغەمبەر (امیة الرسول):

ئەگەری دووەم ئەگەر بگوترێ: پێغەمبەر خوێندەوارو نووسەربووە ئەمە ئەگەرێکە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی پاڵپشتی ناکا، بێگومان ئەوە چەسپاوە کە پێغەمبەر نەخوێندەوار بووە، نەخوێندنەوەی زانیوە نە نووسینی زانیوە، هەرگیز نەبیندراوە کە موحەممەد نە پێش پێغەمبەرایەتیو نە پاش پێغەمبەرایەتی – لە ماڵو لە دەرەوەی ماڵ قەڵەمو کاغەز بەکار بهێنێ بۆ نووسینو دانانی کتێبێ!! نەخوێندەواری پێغەمبەر نیشانەیەك بووە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی، چونکە لەگەڵ ئەو نەخوێندەوارییەدا ئەو کتێبە بەنرخەی هێنا کە قورئانە کە هیچ کەس نەیتوانیوەو ناتوانێ سورەتێکی سی ئایەتی لە وێنەی بێنێ، پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) بەردەوام ئەم قورئانەی بۆ دەخوێندنەوە، هیچ جارێك پیتێك یان وشەیەکی لێ نەدەپەڕاند! شتێکی ئاشکراشە کە مرۆڤی ڕەوانبێژو ڕەوانو بەلیغ ئەگەر وتارێکی سەرپێی خوێندەوەو جارێکی تر دووبارەی کردەوە ناتوانێ با بشتوانێ زوربەی وتارەکەی بە هەمان ناوەڕۆك دووبارە بکاتەوە. بێگومان قورئان بۆ خۆی صیفەتی نەخوێندەواری بۆ پێغەمبەر بەبانگ هەڵداوە، ئەوەتا پەروەردگار بە ئاشکراو ڕاستەوخۆ بە بەرچاوی ئەو هەموو خەڵکەوە بە دۆستو دوژمنیانەوە – بە پێغەمبەر دەفەرموێ:

{وَمَا كُنتَ تَتْلُو مِن قَبْلِهِ مِن كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذًا لَّارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ - سورة العنكبوت – ٤٨}.

واتە: ئەی موحەممەد! تۆ پێش ئەم قورئانە هیچ کتێبێکت نەخوێندۆتەوە، بەدەستی ڕاستیشت هیچ نووسینێکت نەنووسیوە، خۆ ئەگەر خوێندنو نووسینت بزانیبایە ئەوە ئەو خودا نەناسانە دەکەوتنە شكو گومانەوەو دەیانگوت: ئەمە دانراوی خۆتەو نیگای خودایی نییە..! لە قورئاندا ئایەتێکی تر هەیە تەئکیدی نەخوێندەواری پێغەمبەر دەکاتەوەو دەفەرموێ:

{الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ يَأْمُرُهُم بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَاهُمْ عَنِ الْمُنكَرِ-سورة الأعراف – ١٥٧}.

واتە: ئەوانە شوێن پێغەمبەرو ڕەوانە کراوێکی نەخوێندەواری ئەوتۆ کەوتوون کەوەصفو سەنای لە تەوراتو ئینجیل دا نووسراوە – فەرمانیان پێ دەکا بە چاکەو نەهییان لێ دەکا لە خراپە – دەی عەرەبەکان ئەم دوو ئایەتەی کە نەخوێندەواریی موحەممەد رادەگەیەنن. چەند جار بیستووەو زوربەشیان دژی پێغەمبەربوون دوژمنایەتییان دەکرد، جا ئەگەر بێتو بیانزانیبایە کە پێغەمبەر خوێندنو نووسین دەزانێ بێگومان لێیاندەکرد بە هەڵاو باشترین بەڵگە بوو بۆ ئەوەی بە درۆی بخەنەوە، بەهێزترین بەڵگە دەبوو بۆ بەدرۆخستنەوەی. ئەمجار با بڵێین: قەیناکا سەلماندمان کە پێغەمبەر خوێندنەوەو نووسینی زانیوە! بێگومان فێربوون بە دانیشتنێكو دوو دانیشتن دەستە بەرنابێو بەدزییەوە ناکرێ، بەڵکوو فێربوون پێویستی بەوە هەیە قوتابی لای مامۆستا بمێنێتەوەو ماوەیەکی دورو درێژ لە خزمەتیا چۆك داداو لای بخوێنێ. جا ئەگەر وابوایە ئەوە بێگومان لەناو عەرەبەکاندا بڵاو دەبوەوە کە پێغەمبەر زانیاری لە فلانو فلانەوە فێربووە.

ئەو زانستو زانیاریانەی لە قورئاندا هەن زۆرو زەبەندەن، هەروا بە ئاسانی پیاو فێریان نابێو دەبێ مامۆستاش بڕۆفیسۆرو بلیمەت بێ، جا ئەگەر لەناو عەرەبەکاندا پیاوێکی ئاوەها هەبووبێ لە زانیاریو زانستدا گەیشتبێتە ئەو پلەیە دەبوو بناسرایەو پەنجەی بۆ درێژ بکرایەو پێغەمبەریش ناچار دەبوو لە

هەموو هاوەڵەکانی زیاتر ڕێزی لێ بگرێ پێش هەموانی بخستایەو دەبوو ڕۆژێکیش لە ڕۆژان پێغەمبەر ئەوەی بدرکاندایە بۆ هەندێ کەس!!

دەی هیچ شتێك لەم بارەوە ڕوینەداوە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە نەخوێندەواری پێغەمبەر نیشانەیەکی پتەو بووە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتییەکەی‌و هیچ شك‌و گومانێك لەئەمەدا نییە.

ئیدیعای پێغەمبەرایەتی:

ئەگەری سێیەم: کە ئەویش بریتییە لەوەی حەزرەتی موحەممەد بەدرۆ لافی پێغەمبەرایەتی لێ دابێ، ئەمەش ئەگەرێکە هەر زوو پوچەڵ دەبێتەوەو ناتوانێ خۆ لە بەرامبەر ڕەخنەی زانستی بگرێ، چونکە پێغەمبەرایەتی کارێکی ئاسان نییەو کەس ناتوانێ – بە هەوانتە ئیدیعای بکاو لە خۆوە هەڵی بەستێ! مەگەر پیاوێکی دڵڕەق‌و تەماعکارو دەروون نەخۆش‌و لەخودا نەترس بتوانێ درۆی ئاوا هەڵبەستێ! کەسێکیش بتوانێ ئەم ئیدیعایە ئاوا بکا دەبێ زنجیرەی ژیانی هەموو تاوان‌و پلان‌و گونەهکاری بێ لە هەموو ڕویەکەوە لە هەموو خێرو بیرێك دوور بیت، دەی باشە با لە مێژوو بپرسین ئاخۆ موحەممەد لە پەروەردەبون‌و ژیانی دا لەم جۆرە کەسانە بوو؟! ئایا مێژوو گەواهی ئەوەی بۆ نادا کە لەپێش پێغەمبەرایەتیدا چەند ڕەوشت جوان‌و لەسەرەخۆو دەست پاك‌و داوێنپاك بووە، تەنانەت پێیان گوتووە: (محمد الأمين) بەم نازناوە بانگیان کردوە، هەرگیزاو هەرگیز تاوانێك یان ڕەوشتێکی ناشیرینی لێوە نەگێردراوەتەوە؟! دەی باشە کەسێك سەرەتای ژیانی بە خاوێنی‌و ڕەوشت جوانی هێنابێ چۆن دوای ئەوەی کە تەمەنی گەییشتە چل ساڵی دەگۆڕێ‌و ڕەوشتی هەموو بە پێچەوانەوە دەبێ، ئایا سوننەتی بوونەوەر هەمووی گۆڕدرا؟!

ئەمجار ئەوانەی هاوچەرخی بوون‌و گفتوگۆیان لێ بیستووەو ئاگایان لە هەڵس‌و کەوتی بووە، گەییشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە موحەممەد ڕاستگۆیەو

نیگای لەخەودا بۆ هاتووە، بۆ نموونە بڕێ لە عەرەبەکان کە موسوڵمان بوون تێی فکریوون و سەیری هەڵس و کەوتیان کرد، وتیان سوێند بە خودا ئەمە روخساری پیاوی دروزن نییە. هەروەها خاتوو خەدیجەی خێزانی دەیزانی کە چەند راستگۆو چەند دەستپاکەو چەند ئەمین و داوێنپاکە، بۆیە کاتێ نیگای بۆ هات و بۆی گێڕایەوەو پێی گوت: خەدیجە! بەراستی ئەو روداوە، من دیومە ئەوەندە سامناك بوو لەخۆم دەترسێم! خێرا خەدیجە وەڵامی دایەوە وتی: نەء مەترسە سوێند بەخودا هیچ کاتێ خودا تۆ ریسوا ناکا تووشی خراپەت ناکا، تۆ صیلەی رەحم بەجێ دێنی، لەقسەدا راستگۆی و لەپێناو بەرژەوەندی ئادەمیزاددا تێ دەکۆشێ و نارەحەتی دەچێژێ، میوانداری هەژارو بێ نەوایان دەکەی یامەتی نەبوان دەدەی دڵنەوایی کۆستکەوتووان دەکەی[1].

هەروەها ئەوەی کە هیرقەل – پاشای رۆم – بە ئەبو سوفیان و هاوەڵەکانی گوت – دیارە هیرقەل ئەوکاتە کافربوو – پێی گوتن: ئایا ئێوە پێش ئەوەی موحەممەد ئەم ئیدیعایە بکا بە درۆزنتان دەزانی؟ وتیان نەخەیر ئێمە هەرگیز درۆمان لێ نەبینیوە! ئەمجار هیرقەل پێی وتن: دەی کەسێك درۆ لەگەڵ ئادەمیزاد نەکا بە ناوی خوداشەوە درۆ هەڵنابەستێ!

ڕیاو دووڕوویی لەهەڵس و کەوتی پێغەمبەردا نەبووە:

ئەگەری چوارەم ئەوەیە بڵێین: موحەممەد لەو رەشت و هەڵس و کەوتەیدا درۆی کردوە بەو ڕەوشتە – بەرواڵەت جوانانە – رەوشتی سامناکی تری داپۆشیوە! بێگومان ئەم بۆچوونە زۆر لە ئەگەری دووەم لاوازتر دەبێ لە بەرامبەر رەخنەی زانستیدا، چونکە دووڕوویی بەکار ناهێندرێ مەگەر بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی تایبەتی، جا هەر کاتێ – درەنگ یان زوو – ئەو مەبەستە بەدی هات دووڕوویەکە دەپووچێتەوەو پەردە لەسەر بۆخەڵاواتەکە

---

[1] صەحیحی بوخاری بەشی نیگا (وحی).

هەڵدەماڵدرێو ڕاستییەکە دەردەکەوێ، چونکە دەروونی ڕیاکاری دووڕو بەرواڵەت دەرۆنێکی نزمو پەستە، هەر کە زانی لە کارەکەیدا سەرکەوتووە خێرا حەقیقەتی خۆی دەردەخاو خۆی کەشف دەکا!! جا ئەگەر مەبەستەکەی لەم ڕیاکاریو دوو ڕوویە ماددی بوایە دەبو کە سەرکەوت لەو ماددە پەرستییە سوودی وەربگرتایە! خۆ ئاشکرایەو مێژوو شایەدە کە موحەممەد بەهەژاری ژیانی بەسەر بردووە بە هەژاریش کۆچی دوایی کردوە، هیچ شتێکی دونیا پەرستی بۆ خۆی لانەدا، خۆی بە ماددە هەڵەو گیرنەکرد: هەرچەندە دەیتوانی بە ئارەزۆی خۆی پێداویستییەکانی خۆش ڕابواردن بۆ خۆی دەستەبەر بکا.

هەرگیزاو هەرگیز لەسەر ڕاخراوی دێباج دانەنیشتووە: پۆشاکی ئاوریشمی لەبەرنەکردوە، زێڕو زیوی لەخۆ نەداوە هەنگوستیلەی زێڕی لە پەنجە نەکردوە، خانوو بەرەی سادەترین خانو بەرەی ئەو ڕۆژگارە بووە، جلو بەرگیشی جلو بەرگێکی سادەو بەسیت بووە، لەو جلو لیباسە بووە کە مرۆڤی مام ناوەندی لەبەری کردوە ئەگەر مەبەستی پلەو پایەی دونیایی بوایە دەبوایە لە ڕۆییشتندا پێش هاوەڵانی بکەوتایەو فەرمانی بکردایە هەرکاتێ ڕەت بوایە هاوەڵانی سەری بۆ نەوی بکەنو سوژدەی بۆ بەرن! دەی خۆ مێژوو شایەدە کە پێغەمبەر هەرکاتێ هاتبێتە کۆڕی یارانەوە لەکوێ بەتاڵ بووبێو جێگای هەبووبێ یەکسەر دانیشتووە، هەرکاتێ بەرێگادا ڕۆییشتبێ لەناو هاوەڵانی دا بووە.

دەگێڕنەوە: ڕۆژێ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) هات بۆ ناویارانی، خۆی بە عاسایێ دەگرت، یارانی زۆر بەرێزەوە لە بەری هەڵسان: فەرمووی:چاو لە بەڕانییەکان مەکەن کە دەچن لە بەر پاشاکانیان هەڵدەستن: ئێوە لەبەر من هەڵمەسن، خۆ من پادشا نیم من پێغەمبەرم، جگە لەوە پێغەمبەر پێی ناخۆش وو کە خەڵك مەدحی بکاو لە بەرامبەریا پێیدا هەڵبڵێ، لێی دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: بە تانو پۆی مندا هەڵمەدەن وەك نەصرانییەکان بە تانو پۆی عیسای کوڕی مەریەمیان هەڵداوەو کردوویانە بە کوڕی خودا، شتی وا لەمن دوورە من بەندەی خودام، کەواتە پێم بڵێن: بەندەی خودا پێغەمبەری خودا.

ئەگــەر مەبەســتی لــەو ریــایی‌و دووروییــە بەدەســتهێنانی دەســەڵات‌و فــەرمانڕەوایی بوایــە بێگومــان پێغەمبــەر ئەوەنــدە لــەناو هاوەڵانیــدا ڕێــزو پلــەو پایەی پەیداکردبوو هەرچی بیگوتایە بۆیـان دەکـرد! چـی مـسکێن‌و کۆیلـەکان بـۆ پاشاکانی ڕۆم‌و فارسیان دەکرد ئەمان بـەزیادەوە بـۆ پێغەمبـەریان دەکـرد، کەچـی لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر لەسەرەتاوە چۆن بوو هیچ لە ڕەوشتی خۆی نـەگۆڕی: جـۆری خـواردن‌و شـێوەی جـل‌و بـەرگ‌و داب‌و حەشـەمی تێکنـەدا، پاسـەوان‌و سـکرتێری لـە دەوری خـۆی کۆنـەکردەوە، هـیچ کاتـێ ڕای خـۆی فـەرز نـەکردوە، عەرەبێکی دەشتەکی دەهات بـۆلای چاکی کەواکـەی ڕادەتەکانـدو بـە تونـدی‌و بـێ عاقڵانە قسەی لەگـەڵ دەکـرد بـە جۆرێـك كـە هاوەڵەکانی پێیـان نـاخۆش بـووەو ویــستوویانە دەری بکــەن‌و دووری بخەنــەوە بــەڵام پێغەمبــەر دەیفــەرموو: وازی لێبێـنن. دەگێڕنـەوە ڕۆژی فـەتحی مەککـە کابرایـەك هـات بـۆ لای لـە بەرسـامی پێغەمبەر لەشـی دەلـەرزی! پێغەمبـەر پێـی فـەرموو: لەسـەرخۆبەو مەترسـێ مـن پادشا نیم من کوڕی ژنێکی قوڕەیشی ساویلکەم: لەتکە گۆشتێ بە تـاوێری گـەرمی هاوین دەبرژاندو دەیخوارد...!!

ئەوەتا ئەبو وەلیـد – عوقبـەی کـوڕی ڕەبیعـی عەبـشەمی – سـەرۆك‌و بـاوەڕ پێکراوی هۆزەکەی بوو بە گەورە گـەورەکانی قوڕەیـشی گـوت: - کـە کۆبونـەوە بـۆ لێــدوان دەربــارەی موحەممــەد – ئــەی گــرووی قــوڕەیش! بــۆ نەچــم بــۆ لای موحەممـەدو تـۆزێ لەگـەڵیا بـدوێم‌و چەندشـتێکی بخەمـە پـێش چـاو تـەماع بنێمەبەری بەڵکوو هەندێکیان وەرگرێ‌و بیدەینێ‌و وازمان لێ بێنـێ: وتیـان باشـە ئەی باوکی وەلید! بچۆ لەگەڵی بـدوێ‌و چـی دەوێ بیـدەرێ: عوقبـە چـوو بـۆلای‌و پێی گوت: کوڕی برام! تۆ خۆت دەزانی لەناو ئێمەدا پایەو جیگای بەرزی شەرەفی تیرەو هۆزی نەژادی گەورەت هەیە جا ئەگەر مەبەستت بەم کارەی هێناوتە مـاڵ‌و سـامانە، ئێمـە ئەوەنـدەت دەدەینـێ ئەونـدەت مـاڵ‌و سـامان بـۆ کۆدەکەینـەوە کـە ببیتـە یەکـەم دەوڵەمەنـدو سـەرمایەدار لەناوماندا! ئەگـەر گـەورەیی‌و شـەرەفت دەوێ دەتکەین بە گەورەی خۆمان‌و بەبێ تـۆ قامـك ناکـەین بـە ئـاودا! ئەگـەر بـۆ

پاشایی دەگەڕێیت دەتکەین بە پاشای خۆمانو بۆت مۆر دەکەین! ئەگەر ئەوەی دێتە سەرت جنۆکەیەو ناتوانی لەخۆتی دوور خەیەوە پزیشکت بۆ دێنینو هەموو سامانی خۆمانت لە پێناودا بەخت دەکەین تا رزگارت دەبێ لە چنگی!

ئەمجار پێغەمبەر فەرمووی: باوکی وەلید لێ بوویتەوە؟ وتی: بەڵێ: فەرمووی: دەگوێم لێ بگرە تا پێت بڵێم: ئینجا دەستی کرد بە خوێندنی سەرەتای سورەتی (فصلت).

{بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ}

{حم تَنزِيلٌ مِّنَ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ}

هەتا گەیشتە ئەوە کە دەفەرموێ: {فَإِنْ أَعْرَضُوا فَقُلْ أَنذَرْتُكُمْ صَاعِقَةً مِّثْلَ صَاعِقَةِ عَادٍ وَثَمُودَ....}.

دەگێڕنەوە دەڵێن: لێرەدا عوتبە هەموو گیانی کەوتە لەرزینو هەڵساو گەڕایەوە... هتد.

نووسەرێکی ئەمەریکی کە ناوی (واشنجتۆن أرفنج)ە دەربارەی کەسایەتی پێغەمبەر دەڵێ: ئایا پێغەمبەر ساماندار بوو؟ نەء بەڵکوو هەژاربوو، بەڵام کە خەدیجەی مارەکرد برێ دەوڵەمەند بوو، کۆششی کرد بۆ ئەوەی ماڵو سامان پێکەوەبنێ و گەشە بە ماڵو سامانەکەی بکات. ئەمجار نووسەری ناوبراو دەڵێ: ئایا پێغەمبەر پیاوێکی دەرکەوتوو بوو؟! بەڵێ پیاوێکی ناسراو بوو لە وەڵاتی خۆیدا، بێگومان پیاوێکی ناسراو بوو لە وڵاتی خۆیدا، بێگومان پیاوێکی زیرەكو ئەمین بوو، ئایا دەست ڕۆیشتوو بوو؟ بەڵێ موحەممەد لە خێزانێك بوو کە بنەماڵەکەی کارو باری کەعبەیان بەدەستەوە بوو، بۆیە پلەی کۆمەڵایەتیو ڕەوشتە بەرزەکانی وایان لێ کردبوو جێ متمانەی خەڵکی بوو، بەڵام کە موحەممەد بانگەوازی ئیسلامی هەڵدا لەگەڵ خزمو کەسو کاری خۆیدا تووشی ڕقەبەریو بەرامبەری بوو دژایەتی کەوتە نێوان موحەممەدو هۆزەکەیەوە!! بێگومان روخاندنی بتەکان مانای ئەوەبوو کە دەسەڵاتی قورەیشییەکان بەسەر

کەعبەدا نەمێنێ، ئەو سودو قازانجەی دەستیان دەکەوت لە هۆی هاتنی حاجیەکان بۆ مەککە لە دەستیان بچێ؟!

پێغەمبەر لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا زۆر ناخۆشیو نارەحەتی چەشت گەلێك قوربانیدا، زۆر کەس لە عەرەبەکان گومانیان لە راستگۆیی ئەودا هەبوو

چەند ساڵێك هەولو تێکۆشانی کرد سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا، تەنانەت لەکاتی بانگەوازی کردندا توشی جۆرەها چەوسانەوەو بێ ڕێزیو دەستدرێژی کردن بوو! بەڵکوو ناچار بوو زێدو نیشتمانی خۆی بەجێ بێڵێو پەنا بۆ شوێنی تر بەرێ. تەمەنی گەییشتە چل ساڵ نیگای ئاسمانی بۆ هات، ئیتر ساڵ دوای ساڵ لەپێناو ئیسلامدا زیاتر توشی کێشمە کێشم بوو، قورەیشییەکان زۆر ئازاریاندا، کاتێك هیجرەتی فەرموو لە مەککە دەرچوو (١٣) سێزدە ساڵ بەسەر پێغەمبەرایەتیەکەی دا تێپەڕ بوو، ئیتر لە بازگانێکی دەوڵەمەندەوە بوو بەکۆچەرییەکی نەبوو، کاتێکیش گەییشتە مەدینە بیری لەوە نەکردەوە ئەو هێزە عەسکەرییە پێکەوە بنێ کە پێکیەوەنا، بەڵکوو سەرەتا بیری لەوە کردەوە مزگەوتێك دروست بکا بتوانێ نوێژی تێدا بکا، بانگەوازی خۆی تێدا بڵاو بکاتەوە، هەموو ئارەزۆو هێواو ئاواتی ئەوەبوو ئیسلام لە کەشێکی هێدیو هێمنیدا بڵاو بکاتەوە، ئەمجار دەڵێ: پێغەمبەر لە هەموو هەڵسو کەوتێکیدا خۆ نەویست بوو (نوکرانی زاتی هەبوو) بە بەزەیی بوو هەرگیز بیری لە دەوڵەمەندی نەدەکردەوە، بەرژەوەندی ماددی خۆی نەدەویست قوربانی بە ماددەدا لە پێناو روحانیەتدا[1].

دوای ئەو هەموو رونکردنەوانە دەتوانین بڵێین: کە ژینامەی پێغەمبەر دوورە لە چاوو ڕاوو چاو بەست، بەڵکوو تۆمارێکی راستو دروستە، پڕە لە نموونەی رەوشتی بەرزو تابلۆی فیداکاری کە بەڵگەن لەسەر راستی

---

[1] سەیری کتێبی (حیاء محمد) بکە دانراوی واشتنجتۆن أرفنج وەرگێڕانی دکتور عەلی حوسنی خەربوتلی – ٢١٦.

پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرو هەر کەسێ تۆزێ ویژدانی هەبێو حەق پەرستبێ دان بەم حەقیقەتەدا دەنێ!!

ڕەنگدانەوەی ڕفتاری بەرزی پێغەمبەر لە هاوەڵانیدا:

ئەگەری پێنجەمك برێتییە لەوە کە بگوترێ موحەممەد توانیویەتی ریابازیو دوو ڕوییەکەی خۆی لە نزیکترین هاوەڵانی خۆی بشارێتەوە، ئەمەش ئەگەرێکە لە بەرامبەر ڕەخنەی زانستدا زۆر لە ئەگەرەکانی دیکە لاوازترە، چونکە مێژوو ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە کە هەموو خاوەن بیرو باوەڕێك چەند هاوەڵێکی هاوبیری هەن، کەسێك ئیدیعای بیرو باوەڕێك بەرێیابازیو دوروویی بکا دەبێ چەند کەسێك هەبن لە تەکیا یارمەتی بدەن بۆ گەیشتن بەو ئاواتانەو سودو قازانجەی دەستیان دەکەوێ بەشی بکەنو هەر کەسە بەشی خۆی هەڵبگرێ: دەی خۆمێژوو گەواهی ئەوە دەدا کە نزیکترین هاوەڵانی کە ئەبو بەکرو عومەرو عوسمانو عەلی بوون دواکۆچی خۆی یەك لە دوایەك بوونە جێنشینو هەمووشیان وەکوو پێغەمبەر دونیا نەویستو خۆ بەختکەربون لە ڕێگەی خوادا، هیچ کاتێك بەفەرمانڕەواییو دەسەڵاتداری لە خۆبایی نەبوون، ژیانی خۆیان نەگۆڕێ، بەڵکوو خۆیان بەخزمەتکاری گەل دەزانیو پۆشاکیان لەهی خەڵکەکە شڕ تربوو، خواردنو خۆراکیان لەوان کەمتربوو، شەوانە بە نوێژو خودا پەرستی ڕۆژیان دەکردەوە، ئەمە هاوەڵانی ئەوەش خێزانەکانی هەموویان نموونەی ڕەوشت بەرزیو دونیا نەویستی بوون، ئەو پەڕی خۆنەویستو خوداپەرست بوون، هەموویان تاکۆتایی ژیانیان بەو جۆرە بوونو، لەسەر ئەوحاڵە دونیایان بەجێ هێشتووە دەی کە ئەمە ژینامەی پڕشنگداری پێغەمبەر بێ ئیتر ریابازی لەکوێدا هەیە، کامسەروەریو ڕەوشت بەرزییەك دەگاتە ئەم تۆمارە دەرەخشانە کە سەرمەشقی گشت خوویەکی شیرینە.

ئاشکراشە کە هاوەڵ و خێزانەکانی پێغەمبەر هەموویان ئاگاداری نهێنییەکانی پێغەمبەر بوون، ئەگەر تۆزقاڵێك گومانیان هەبوایە لە ڕاستگۆیی ئەودا شوێنی نەدەکەوتن.

پشتیوانیکردنی خودا لە پێغەمبەر (تأييد الله للرسول):

ئەگەری شەشەم: بریتییە لەوە کە بگوترێ: لەگەڵ ئەوەیشدا کە پێغەمبەر ریابازو دووڕوبوو خودا یارمەتی داوە!!

ئەمەشیان ئەگەرێکە لە هەموو ئەگەرەکانی دی لاوازترەو بێ بنچ و بناخەترە؟! چونکە کەی شتی وا هەیە کە خودا پشتیوانی ریابازان و بوختانکاران بکاو زاڵیان بکا بەسەر بیرو هۆشی خەڵکا؟! بەتایبەتی ئەو دووڕوو درۆزنانە ئیددیعای پێغەمبەرایەتی بکەن بەراستی ئەمە لە هەموو ڕوداوێك خەتەرترە.

ئەم گوتەیەی (تۆماس کاریل) گەلێ راستە کە لە کتێبی (الابطال = پاڵەوانەکان)ی خۆیدا دەڵێ: بێگومان گەورەترین شەرمەزاییە بۆ مرۆڤە رۆشنبیرو شارەستانی لەم چەرخەدا کە گوێ رابگرێ بۆ قسەو قسەلۆکی ئەوانەی کە دەڵێن ئایینی ئیسلام درۆیەو موحەممەد تەفرەدەرو هەلاتبازبووە. بەراستی کاتی ئەوە هاتووە کە جەنگی قەلاچۆکردنی ئەم جۆرە قسە پڕو پووچانە بەرپابکەین و رەتیان بکەینەوە، چونکە بەرنامەی ئەو پێغەمبەرە تا ئێستاش چرایەکی پرشنگدارە ئەوە (١٤) سەدەیە بەردەوام هەموو کاتێ ئادەمیزادانەی کە وەکوو ئێمە خودا دروستی کردون!! ئایا یەکێك لە ئێوە گومان دەبا کە ئەم پەیام و بەرنامەیەی ئەم ملیون ملیونە خەڵکە بە درێژایی ئەو مێژووە بڕوایان پێ بووەو لەسەری مردوون درۆ دەست هەڵبەست چاوبەست بووبێ؟! بێگومان من هەرگیز بڕوام بەم بۆچوونە نییەو قەت رای واپەسند ناکەم! ئەگەر درۆو فێڵ و ساختە ئەوەندە لای ئادەمیزاد رەواجی هەبێ و ئاوا لای کۆمەڵانی ئادەمیزاد وەربگیرێ بەلای منەوە ئەو ئادەمیزادانە هەموویان گێل و شێت و ژیانیش

هەمووی هیچ و پوچ و بێ نرخ و گومڕاییەو دەبوایە ئادەمیزاد دروست نەکرێ!!؟!
ئەمجار دوای ئەمە دەڵێ:

ئەرێ براینە! ئایا قەت دیوتانە پیاوێکی درۆزن بتوانێ ئاینێک بێنێتەکایەوەو بڵاوی بکاتەوە؟! بەراستی ئەمە سەیرە؟! چونکە بێگومان پیاوی درۆزن ناتوانێ خانوێك لە خشت دروست بکا، ئەو وەستایە ئەگەر ئاگاداری لە سروشتی تایبەتی خشت و گەچ قوڕدا نەبێ و نەزانێ چۆن چۆن لێکیان دەدا بێگومان ئەوەی دروستی دەکا گردۆلکەیەکە لە کەرەستەو خشت و خۆڵ. بەڵێ ئەم ئاینە ئەگەر لەسەر درۆ دەلەسە هەڵبچندرایە شایانی ئەوە نەدەبوو کە (١٤) سەدە خۆ بگرێ و بچێتە دڵ و دەروونی ملیۆنەها ملیۆن ئادەمیزادەوە، دەبوو هەرزوو بڕوخایەو شوێنەواری نەمایە؟؟

موحەممەد بەرنامەی پێغەمبەران دەچەسپێنێ:

ئەگەری کۆتایی ئەوەیە کە بگوترێ: محمد – گەرچی داواکەی لاف و گەزاف بووە – بەڵام بەرنامەیەکی چاکی داناوە، دەق لە چەشنی ئەو یاسانامە باشانەیە کە پێغەمبەران دایان مەزراندووە، ئەوەتا فەرمانی کردوە بە چاکەو نەهی کردوە لە خراپەو فەرمانی بەخودا پەرستی کردوە! ئەمەشیان ئەگەرێکە لە بەرامبەر رەخنەدا خۆناگرێ چونکە ئەمەش پێچەوانەی دەستوری بوونەوەرە، چونکە چۆن تەصەوور دەکرێ بگوترێ موحەممەد درۆ هەڵبەستەو لێشی چاوەڕوان بکرێ شەریعەتێکی وابێنێتە کایەوە، شەریعەتێك تا ئێستا لە باشیدا نموونەی نەبیستراوەو نەبیندراوە، ئاینێك کە بنەمای هەموو عەدالەت و هەموو پێویستییەکی پێشکەوتنی شارستانی و مرۆڤایەتی لەخۆ گرتبێ!! بەڵێ ئەوەتا دکتور جۆستاف لوبون لە کتێبەکەیدا (حضارة العرب) دەڵێ: بنج و بناوانی رەوشتەکان لە قورئاندا گەلێ بڵندو پەسەندە، دەق لەچەشنی ئەوەی کە لە گشت کتێبە ئاینییەکانی پێشیندا هەبووە لەئەمیشدا ئاوایە.

ئـەمجار دەڵـێ: ئـەوەی شـك‌و گومـانی تێـدا نییـە كـە موحەممـەد لـەوڵاتی عەرەبدا دەستكەوتێكی بەدەست هێناوە كە ئاكامی وا لە هیچ كاتی لـە ئاییـنەكانی پێش ئیسلامدا بەدی نـاكرێ لەبـەر ئـەوە نـاتونین فـەضل‌و پیـاوەتی موحەممـەد بەسەر عەرەبەكاندا سنوور دار بكەین چونكە چی بۆ بلێین هێشتا هەر كەمە.

لە شوێنێكی تردا دەڵێ: ئەگەر كرداری نایاب پێوەری گەورە پیاوان بێ، دەبـێ (محمد) لە هەرە گەورە پیاوە ناسراوەكانی مێژوو بێ.

بـەڵێ: وا هەنـدێ لـە زانـا خۆرئاواییـەكان بـەخۆدا چـونەوەو – هەرچـەندە دەمـارگیری ئـایینی كـوێری كـردون‌و مێـژوو نووسـانیان ددان بـە گـەورەیی ئـەو مرۆڤـەدا نـانین – بـەڵام وا ناچـار بـوون كـە ئیعـتیراف بـە فـەضـل‌و گـەورەیی پێغەمبەر بكەن‌و ویژدان بەكار بێنن. زانای بەناوبانگ (بارتلی سنت هیلر) دەڵـێ: بێگومــان موحەممــەد بلیمــەترین‌و زیــرەكترین‌و بــەدینترین‌و گــەورەترین‌و دڵنەرمترین عەرەبی سەردەمی خۆی بووە، بێگومان گەییشتە پلـەی هـەرە بـەرزی دەسەڵاتداری‌و سەر كردایەتی بەهۆی زێـدە لێهاتوویی خـۆی بـە سـەرعەرەبەكانی تـردا!! ئاشكراشـە ئایینەكـەی بـوو بـە نیعمـەتێكی گـەورە بـۆ هـەموو ئـەو گـەل‌و نەتەوانەی ئەو ئایینەیان قبووڵ كردوە.

ئەمــەی گــوترا كورتەیــەك بــوو لــەو راوو بۆچــوونانەی ویــستمان بەســەر پێیەكەوە پوچەڵیان بكەینەوە، ئەو راوو بۆچوونە هەڵانـەی رەواجیـان پـێ دراوە لـە لایـەن ئەوانـەوە كـە ئینكـاری پێغەمبەرایـەتی موحەممـەدیان كـردوە. وەكـوو زانیتـان وا بەقـەدەر توانـا پلـەی زانیـاری‌و بلیمـەتی‌و واقیعـی حـاڵی حـەزرەتمان پێشكەشكردن بە جۆرێك كە هیچ كۆسپێك نـەماوە لەبەردەمماندا بـۆ ئـەوەی پـڕ بـەدەم هـاوار بكـەین كـە ئـەو زاتـە پێغەمبـەری خودایـەو رەوانـەكراوی زاتـی پەروەردگارە.

بەشی بیستو هەشتەم:

فەرموودەکانی پێغەمبەر - یا ڕێبازی پێغەمبەرایەتی - سەرچاوەی دووەمی شەریعەتی ئیسلامن

پلەی فەرموودەکانی پێغەمبەر لە ئیسلامدا - بۆچی لەسەردەمی حەزرەتدا فەموودەکانی نەنووسرانەوە؟! - هەوڵدان بۆ فیت خستنە ناو فەرموودەکانی حەزرەتی موحەممەد - بەکارهێنانی شێوازی زانستییانە بۆ پاکژیکردن حەدیپ - سەند (رشتە)ی حەدیپ و جۆرەکانی - پلەی حەدیپو ئەندازەی راستی - رەخنە لە دەقی حەدیپەکان - بەناوبانگترین کتێبی بروا پێکراوی حەدیپ - رانماییکردنی حەدیپ بۆ ئەحکامە شەرعییەکان - حدیپ هەندێکی دەبێتە تەشریعو هەندێکیشی نابێتە تەشریع.

مانای حەدیث:

حەدیث برێتییە لە قسەکردنو هەواڵدان جا ئایینی بێ یان ئایینی نەبێ! دوایی مانایەکی تایبەتی وەرگرت کە بریتییە: لە فەرموودەی پێغەمبەر یان کردەوەی پێغەمبەر یان رازی بوونی پێغەمبەر بە کردارێك یان گوفتارێك کە بینیبێتی یان بیستبێتی رەزامەندی خۆی پیشاندابێ، یان موسوڵمانێك بۆی گێرابێتەوە.

پلەی حەدیث لە ئیسلامدا (منزلة الحديث في الإسلام):

موسوڵمانان رایان لەسەر ئەوەیە کە حەدیث هەرکاتێ دەرکەوتو چەسپا کە قسەی پێغەمبەرەو فەرموودەی ئەوە، دەبێتە بەڵگەی ئایینیو بناخەی حوکمی شەرعیو پێویستە پەیڕەوی ناوەڕکی بکرێو بکرێتە سەرچاوەی شەریعەتو یاسای ژیان. قورئانی پیرۆز لە زۆر شوێندا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە حەدیثی پێغەمبەر سەرچاوەی شەریعەتەو دەبێ بکرێتە بەرنامەی ژیان.. ئەوەتا دەفەرموێ:

{وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا - سورة الحشر — ٧}.

ئەوەی پێغەمبەر بەخشی بە ئێوەو پێی گوتن گورج وەری بگرن، ئەوەیشی نەیی لێکردن وازی لێ بێنن.. لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ:

{قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ، قُلْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ فإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ - سورة آل عمران — ٣١- ٣٢}.

واتە: ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە خوداتان خۆش دەوێ، شوێن من بکەون‌و بەگوێرەی ئامۆژگاریی من رفتار بکەن خودایش ئێوەی خۆش دەوێ لە تاوانەکانتان خۆش دەبێ، پەروەردگار لێخۆشبوو بە بەزەییە، پێیان بڵێ: گوێڕایەڵی فەرمانی خوداو پێغەمبەربن، جا ئەگەر بە گوێیان کردی باشە خۆ ئەگەر پشتیان هەڵکرد، ئەوە مانای وایە کافرن‌و خودایش گرۆهی کافری خۆش ناوێن. لە ئایەتێکی تردا روبەڕوی پێغەمبەر خۆی حەزرەتی موحەممەد دەفەرموێ:

{وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ- سورة النحل — ٤٤}.

واتە: ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ ناردووە کە گەنجینەی تۆماری یادگارە جوانەکانە، هەتا تۆیش بە رەفتارو بە کردارو بە گوتار ئەم یاسانامە جوانە بۆ ئەو خەڵکە رون بکەیتەوە. حەدیثی پێغەمبەر سەرچاوەی دووهەمە لە سەرچاوەی حوکمە شەرعییەکان جا چ حوکمی عەمەلی بن یان هی بیرو باوەڕ، پلەی حەدیث لە دوای پلەی قورئانە. حەدیث گرنگییەکی گەورەی هەیە دەربارەی تێگەیشتن لە مانای قورئانی پیرۆزو دەرخستنی ئەو حوکمانەی لەناو دەقەکانی دا پێچراونەوەو یاسا گشتییەکانی لەخۆیان گرتووە، رانومایی کردنی راڤەکەرانی قورئان بۆ زۆر مانای وا ئەگەر بەهۆی فەرمودەکانی پێغەمبەرەوە نەبوایە ماناکانیان نەدەزاندران، بێگومان ژمارەی ئایەتەکانی قورئان نزیکەی شەش هەزار ئایەتە دووسەد ئایەت پەیوەندییان بە حوکمە شەرعییەکانەوە

هەیە، بەڵام ژمارەی ئەو حەدیثانەی حوکمی شەرعییان لەخۆ گرتووە دەگاتە نزیکەی چوار هەزار حەدیث.

حەدیث حوکمە شەرعییەکانی قورئان بەیان دەکا، حوکمە موجمەلەکان شی دەکاتەوە، ئەو ئایەتانەی ماناکەیان موشکیلەو نازانرێ ماناکەیان رون دەکاتەوە، حوکمێك گشتی بێ، تایبەتمەند (تخصیص)ی دەکا، حوکمی رەها (مطلق)، سنووردار (تقیید)ی دەکا.. بۆ نموونە قورئان پاك، خاوێنی بەمەرج داناوە بۆ دەستکردن بە نوێژ، ئەمە حوکمێکی موجمەلە، حەدیثی پێغەمبەر ئەم حوکمە موجمەلەی شی کردۆتەوە، شێوەی پاكو خاوێنی بەئاو یان بە تەیەمموم کردن رونکردۆتەوە. قورئان نوێژکردنی فەرز کردوە بەڵام کاتو ژمارەی نوێژەکانو رکاتو چۆنیەتی کردنی روکوعو سوجدەو تەحییاتی باس نەکردوە ئەمەش حوکمێکی موجمەلە حەدیثی پێغەمبەر هەموو ئەم شتانەی بە گوفتارو کردار رون کردۆتەوە، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) پێش نوێژی بۆ موسوڵمانان دەکردو دەیفەرموو من چۆن نوێژ دەکەم لەبەرچاوی ئێوە ئێوەش ئاوا نوێژ بکەن.

قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتدا باسی زەکاتی کردوە بەڵام بە درێژی باسی زەکاتو ئەندازەی زەکاتی نەکردوە حەدیثی پێغەمبەر هاتووە ئەم مانا موجمەلەی شی کردۆتەوە، بە دوورو درێژی ئەوشتانەی زەکاتی لێ دەکەوێو ئەندازەی زەکات لە هەرەیەکێ لەو شتانەداو چۆن بدرێو چۆن وەربگیرێ باس کردوە!

بەم نموونانە کۆتایی بەم باسە دێنینو چیدی درێژەی پێ نادەین! هەروەها پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) زۆر روداوی توش دەهاتن، گەلێك پرسیاری ئاراستە دەکران، زۆر لە بارەی شەڕو ئاشتییەوە، لە بارەی کڕینو فرۆشتنەوە روداو دەهاتنە پێشەوە، بۆ هەندێکیان حوکمی قورئان هەبوو ئایەت دەهاتە خوارێ بۆ هەندێکیشیان نەبوو، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) دەربارەی ئەوشتانە فەرموودەی دەفەرموون، ئامۆژگاری دەکردو حوکمی بەیان دەکرد، لەم رووەوە بۆ ئەم جۆرە

کارو روداوانـە حـەدیـث تاکـە سەرچـاوەیەو زانایـانـی شـەرع پـشتیان پـێ بەسـتووە لەبەر ئەم هۆیانە گرنگی پێدان بە حەدیث پێویست بوو.

بۆچی لەسەردەمی پێغەمبەردا حەدیث تۆمار نەکرا؟

لەسەردەمی پێغەمبەردا حەدیث نەنوسرایەوە، وەکـوو نووسـینەوەی قورئـان، ئـەوەتا دەبیـنین، پێغەمبـەر (درودی خودای لەسەربێ) چـەند نووسـەرێکی دیـاری کردبـوو بـۆ نووسینەوەی قورئان، هەر کە ئایەتەکە دەهاتە خوارێ فـەرمانی بـە نووسـینەوەی دەکرد بەلام نووسەری دانەنابوو بـۆ نووسـینەوەی حـەدیـث، بەڵـکوو حـەدیـثـی وا هەیە نەهی دەکا لە نووسینەوەی حەدیث، حیکمەتی نەنووسینەوەکەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە کە ترسی ئەوە هەبوو حەدیثو قورئان تێکەڵاوبن!

دوای کۆچکردنی پێغەمبەرو دونیا بەجێ هێشتنی پەڕاوێکی نووسراوەو رێـکو پێـك کـراو کـە قورئانـە لەبـەر دەسـت موسـوڵمانان دا هـەبوو، حـەدیثـەکـانی پێغەمبـەریش لـە سـنگی خەڵـکدا پـارێزرابوونو موسـوڵمانان دەمـاو دەم دەیانگێڕایەوە! جا ئەگەر روداوێـك روی بدایـەو حوکمەکـەی لـە قورئانـدا نەبوایـەو برێ هاوەڵانی پێغەمبەر بیانزانیایە کە هەمان روداو سەدەمی پێغەمبەر روی داوەو پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) بەجۆرێك هـەڵسو کـەوتی لەگەڵدا کـردوە ئـەو حـەدیثـەی دەگێڕایەوە، هەروەها هاوەڵان بیرەوەری خۆیان لەگـەڵ پێغەمبـەردا دەگێڕایـەوە کـە چۆن فلان رۆژ ئامۆژگاری کـردون، لـە فـلان غـەزادا چـی فـەرمووەو لـە فـلان رۆژدا دەربارەی فلان شت چی گوتووە.

هەوڵدان بۆ شێواندنی حەدیث (محاولة الدس علی الحدیث):

هـەر بـەهۆی نەنووسـینەوەی حـەدیـث لـە پـەڕاوێکی تایبەتیـدا لەسـەردەمی حەزرەتدا یان سەردەمێکی نزیـك بـەو سـەدەمەو پـشت بەسـتنیان بـە بـیرەوەریو

(ذاکـرة)و زۆری‌و بـەرفراوانی ئـەو هـەموو فـەرموودەو روداوانـەی پێغەمبـەر بینیـونی‌و هەڵوێـستی بەرامبـەریان نوانـدووە لـە مـاوەی پێغەمبەرایەتییەکـەدا، هەندێ هەلپەرست‌و نەفس نزم هاتن لە خۆیانەوە قسەو قسەلۆکیان هەڵبەسـتن‌و وتیان ئەمانە قسەی پێغەمبـەرن‌و حـەدیـثن؟! واش دەردەکەوێ کـە ئـەم حاڵەتـە سەردەمی پێغەمبەریش بووبێ! بۆیە دەفەرموێ: (من كـذب علـي متعمـدا فليتبـوأ مقعده من النار).

واتە: کەسێك درۆ بە زوبان منـەوە بکا بـا جێگای خـۆی لـە دۆزەخـدا خـۆش بکا؟! جا لە کاتێکدا لە سەردەمی پێغەمبەر خۆیدا درۆیان بەدەمەوە هەڵبەسـتبێ، دیارە دوای وەفاتی خۆی حەدیث هەڵبەستن بەدەمیەوە زۆر ئاسانترە!

ئەمجار کە فتووحاتی ئیـسلامی ئـەنجام دراو ژمارەیـەکی زۆر لـە نەتـەوەکانی فارس‌و رۆم‌و بەربەرو میصری‌و سوری.. هتد موسوڵمان بوون‌و هاتنە ژێر سـایەی ئیسلامەوە، لەوانە هی وا هەبوو موسوڵمان بونەکەیان هەر بە زوبـان بـوو، ئیمـان نەچوبووە ناو دڵیانەوە، ئیتر حەدیث هەڵبەستن‌و درۆکـردن بـەدەم پێغەمبـەرەوە پەرەی سەندو زۆر بوو! ئەم حەدیثە دانراوو هەڵبەسـتراوانە هـەموویان گـومراهی بوون، سەری لە موسوڵمانان دەشێواند هەموویان باسی چونیەتی خـوداو لێچونی لەشتی ترو گۆڕینی حوکمە شـەرعییەکان بـوو! هـەر ئـەم بەڵـگەیە بەسـە لەسـەر زۆری حەدیثـی دەسـت هەڵبەسـت، ئـەو حەمکـە حـەدیثـەی کـە باسـی راڤـەکردنی قورئان دەکەن... دەڵێن: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە بارەیەوە فەرموویەتی: هیچ کامێ لەمانە بەلای منەوە نەگەیونەتە پلەی حەدیثی صحیح.

ئیمامی بوخاری لە صـەحیحی بوخاریـدا کـە کـۆی کردۆتـەوەو حـەدیثـەکانی گەیشتونە حەوت هەزار حەدیث‌و نزیکەی سێ هەزار حـەدیثـی دوبـارەن، دەڵـێن: ئیمام ئەم حەوت هەزارە حەدیثەی لەناو شەشصەد هەزار حەدیثـدا هەڵبـژاردووە کە لەو سەردەمەدا بەسەر دەم‌و زوبانی خەڵکەوە بوون. ئاشکراشە کە ئەوەی بوو بە هاندەری حەدیث هەڵبەستەکان بۆ حەدیث هەڵبەستن چەندشتێك بوو.

یەکەم: کێشەی رامیاری، کێشەی نێوان حەزرەتی عەلیو موعاوییەو کێشەی نێوان عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرو عەبدولمەلیك، ئەمجار کێشەی نێوان ئەمەویو عەباسی، هەموو ئەمانە بوونە هۆی سەرەکی بۆ حەدیث دانان هەرکەسە تاقمێکی خۆش دەویستو کۆمەڵە حەدیسێکی لە مەدحو سەنایاندا هەڵدەبەستو زێدە رێزی دەدانێ، هەر بەم جۆرەش ئەو حەدیث هەڵبەستانە هاتن چەند حەدیثیان بۆ رێز لێنان لە نەتەوەی عەرەبو هۆزەکانیو پێدا هەڵدانیاندا دانان، ئەم هۆزانەش لەناو خۆیاندا کێشەو نیزاعیان هەبوو لەسەر خەلافەتو فەرمانڕەواییو شانازی کردن بە خۆیان، باشترین رێگایەك کە پێیدا بگەنە ئامانجی خۆیان حەدیث هەڵبەستن بوو، هەر کەسە بە ئارەزۆی خۆیو بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بە گوێرەی بەرژەوەندی حەدیثی هەڵدەبەستن درۆی سەریەك دەنان، هەروەها حەدیثیان دادەنان بۆ شاروشارۆچکەو دەڤەرو وڵات. بە جۆرێك شارێکی گەورە نییە چەند حەدیسێکی لە فەضلو رێزیدا دانەنرابن.

دووەم: کێشەی بیرو باوەڕ دەربارەی زاتی پەروەردگار (علم الكلام) کێشەی نێوان زانایانی شەرع، بۆ نموونە زانایانی عیلمی کەلام دەربارەی قەزاو قەدەر جەبرو ئیختیار کێشەیان هەیەو هەریەکەیان رایەکی هەیە، دەیەوێ رایەکەی خۆی دەرکەوێ، لەبەر ئەوە رێگایان بە خوداوە کە پاڵپشتی رێبازو مەزهەبەکەی خۆیان بکەن بۆ ئەم مەبەستەش چەند حەدیسێکی هەڵبەستراویان هێناوەتەوەو دایانناوە! لەهەموو باسێکی فیقهیدا حەدیسێك پاڵپشتی ئەم مەزهەبو رێبازە دەکاو حەدیسێکی تر پاڵپشکی رێبازەکەی تر دەکا.

سێیەم: هەبوونی هەندێك لەو بەناو مەلاو خوێندەوارانەی کە خزمەتچی دەربای خەلیفەو پادشایان بوون، ئەمانە بەگوێرەی ویستی ئەو خەلیفەو لێپرسراوانە حەدیثیان هەڵبەستوونو خەڵکیان بۆ هەڵخەڵاتاندون.

چوارەم: سافیلکەیی برێ لە زانایانی ئیسلام لە باسی ئەخلاقو رەوشتو ترساندنو دڵخۆشکردن (الترهيب والترغيب)و ئەو جۆرە شتانەی کە نابنە هۆی

حەڵاڵکردنی شتێکی حەرام یان حەرامکردنی حەڵاڵ رێگەیان بەخۆ داوە لەم جۆرە باسانەدا حەدیث هەڵبەستن، ئیتر هاتوون کتێبەکانی حەدیثیان پڕ کردوە لە باسی گەورەیی هەندێ کەس و هۆزو شوێن هەروەها گەورەیی هەندێ لە سوورەتەکانی قورئان و ئایەتەکانی قورئان، وەکوو ئەو حەدیثانەی کە لە ئەبو عیصمەی نوحی کوڕی ئەبو مەریەم گێڕدراونەوە، دەڵێن: چەندەها حەدیثی بەدرۆ هەڵبەستوون دەربارەی گەورەیی قورئان و سورەتەکانی. دەڵێ: هەرکەسێك سورەتێك بخوێنێتەوە ئەوەندەو ئەوەندەی خێر دەگاتێ، بە زۆری ئەم جۆرە حەدیثانە لە کۆتایی سورەتەکاندا لە تەفسیری بەیضاوی و تەفسیری خازندا بەدی دەکرێن و نووسراون، هەروەها نموونەی ئەم جۆرە حەدیثانە لە کتێبەکانی ئەخلاق و صوفیگەری و کتێبەکانی تەرغیب و تەرهیبدا ئەوەندە زۆرن ناژمێردێن!!

پشت بەستن بەشێوازی زانستی بۆ پاڵفتەکردنی حەدیث:

ئەم بێ سەرو بەری و کەس لە کەسییە دەربارەی حەدیثەکانی پێغەمبەر کۆمەڵێك زانای لێهاتوو راستگۆی ئیسلامی هۆشیار کردەوەو هەڵینان کە لێ ببڕێن بۆ پاڵفتەکردنی حەدیث لەو درۆو دەلەسانەو هەڵاواردنی چاك لە خراپ، بۆ ئەم مەبەستەش چەند رێبازێکی زانستیانەیان گرتە بەر، کە ناگۆنجێ لەگەڵ پەیرەوکردنی ئەو جۆرەرێبازو یاسایانەدا گاڵتە بازاڕی و حەدیث دروستکردن ئەنجام بدرێ!.

دکتور ئەسەد روستەم[1] لە پێشەکی کتێبەکەی دا (مصلح التأريخ) زاراوەکانی مێژوو دەڵێ: (ئەو قەواعیدو یاسایانەی زانایانی زانستی حەدیث پێش ئەو هەموو سەدەو چەرخانەی رابوردو دایانناون بە مەبەستی گەییشتن بە راستی لە حەدیثدا چوونە بنج و بناوانی حەدیثەکان لە هەموو رویەکەوە! لە ناوەرۆکدا لەگەڵ ئەو

---

[1] یەکێك بووە لە پسپۆڕانی مێژوو لە دانشکای ئەمریکی لە بێروت.

یاساو نیزامانـەدا دەگونجێو یـەك دەگرنـەوە کـە زانـا ئەوروپییـەکان دایـان نـاونو ناویان لێ ناون زانستی مثودولوجی[٢].

خـۆ ئەگـەر مێـژوو زانـەکانی ئـەوروپا لـە چـەرخەکانی ناوەڕاسـتو تـازەدا کتێبو دانراوی زانایانی زانستی حەدیث (علماء الحدیث) یان بدیبایە ئەوەندە لە دانـانی زانـستی مثـودولـوجی دوانەدەکـەوتن، هـەتا چـەرخی هەژدەهـەم ئـەم زانستییەیان لێ هۆن نەدەبوو! بە کورتی دەتوانین بە زانا خـۆر ئاواییـەکان بڵێین: ئەو زانستییەی کە ئێوە شانازی پێوە دەکەنو پێتان وایە تێیدا پێشڕەون، ئەوە لە وەڵاتی ئێمە زۆر زوو سەری هەڵدادوەو لەسەر دەستی زانایانی حـەدیـث گەشـەی کردوە.

یـەکێك لـەو ڕێبـازە زانـستییانەی کـە زانایـانی حـەدیـث پـەیڕەوییان کـردوە ئەوەبوو ئەو کەسانەی کە لەناو رشتەی گێڕانـەوەی حـەدیثـەکـەدا ناویـان دەهـات، یەك بەیەك دەگەڕان بەدوای زانینی ناوو باسو خواسیاندا، جا ئەو کەسـانەی کـە بڕبـڕەی فەرموودەکـەیان بـەڕیز لـە یـەکترەوە دەگێڕایـەوە دەبـوو نـاوی یـەکتریان دیاری بکردایە، بەمەیش دەگـوترێ: (الاسـناد - رشـتە) یـان (السـند) واتـە: بەڵـگە لەسەر راستی گێڕانەوەکە!

هەر کەسێك حەدیسێکی بگێڕایەوە دەبوایە بڵێ: من لە فلان کەسم بیـستووە یان فلان کەس بۆی گێڕامەوە ئەویش لەفلان کەسەوە ئەویش لە فـلان کەسـەوە.. هتد. بەم جۆرە زنجیرەی حەدیث گێڕەوەکان دەڕوا تـا دەگاتـە سەرچاوەی یەکـەم، ئەمـە بـۆ هـەموو حەدیـسێك ئەمـەیان کـردوە، جا بـۆ ئـەوەی زنجیرەی حـەدیـث گێڕەوەکان ببشکنن ئەو پەڕی هیلاکیو خۆماندوو کردنیان تەحەممول کردوە بـۆ

---

[٢] مثودۆلوجی، واتە: زاراوە تاریخییەکان - ئەو زانـستییەی کـە لەسـەر چـوونە بـنجو بنـاوانی رووداوەکان هەڵدەستێ بۆ بشکینو دەرخستنی راستییە رووداوە مێژوویەکانو رەخنە گرتن لەو شێوە ناکارەی کە لە کۆندا مێژووی پێ نەقڵ کراوە بۆ ئێمە.

ئەوەی بزانن کێ لەو حەدیث گێڕەوانە لەکەدارو درۆزن‌و گێژو بێ سەلیقە بووە، ئەمەش پێویستی بە زانینی ژینامەی حەدیث گێڕەوەکان‌و لێکۆڵینەوەی رەوشتیان، جیاکردنەوەی پلەی هۆش‌و سەلیقەو زانیاری‌و بەدینیان هەیە، هەر لەبەر ئەمە زانستی ژینامە (علم التراجم)یان بەدی هێناوە کە پێی دەڵێن: زانستی زەدەکاری‌و راستکاری (علم الجرح والتعدیل) بۆ لێکۆڵینەوە لە حاڵ‌و چۆنیەتی حەدیث گێڕەوەکان‌و زانینی شوێن‌و کاتی ژیانیان، کامەیان لەگەڵ کامەیان ناسیاوی هەبووە هاوچەرخ بوون‌و بگونجێ کە یەکتریان بینیبێ!

هەروەکوو چۆن بە وردی لە حەدیث گێڕەوەکەیان کۆڵیوەتەوە ئاخۆ راستگۆیە یان درۆزنە، تا چ ئەندازەیێك وردو ئەمین‌و زمانپاك‌و راستیخوازبوون لە گێڕانەوەی حەدیثەکەدا تا حوکم بکەن بەوەی ئاخۆ کامەیان دڵنیایە لە گێڕانەوەکەی دا، بۆیە حەدیثیان لە حەدیث گێڕەوە (الراوي) وەرنەدەگرت هەتا بۆیان رون نەبویایەوە کە پلەیەکی بەرزی هەیە لە راستگۆیی‌و بەدینی‌و ژینامە پاکیدا! هەروەکوو چۆن بە کەمترین گومان‌و شوبهە لە ژینامەی شەخصی حەدیث گێڕەوەکە حەدیثەکەیان بە لاواز (ضعیف) دادەنا! خۆ ئەگەر گومانیان پەیدا بکردایە لە راستگۆیی حەدیث گێڕەوەکەو بیانزانیایە کە لە شتێکا درۆ دەکا یەکسەر حەدیثەکەیان رەت دەکردەوەو بە هەڵبەستراوو (مەوضوع)یان حسێب دەکرد. با لەوە پێشیش لە گێڕانەوەی حەدیثدا درۆی لێ نەبیسترابێ.

لەم رووەوە ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەس کۆچکردوی ساڵی (١٧٩ هـ) دەفەرموێ: عیلم – واتە: حەدیث – لە چوارکەس وەرناگیرێ!

یەکەم: گێل‌و بێ عەقڵ.

دووەم: کەسێك هیواو هەوەسێکی ببێ خەڵك بانگ بکا بۆ دابینکردنی ئەو هیواو ئاواتەی خۆی.

سێیەم: درۆزنێك درۆ لە قسەی ئاسایی دا بکا با لە گێڕانەوەی حەدیثی پێغەمبەردا راستگۆیی خۆی چەسپاندبێ.

چوارەم: پیرو کەنەفتێك – هەرچەندە بەدین بێو فەزڵو تەقوای هەبێ بەڵام نەزانێ چ دەگێڕێتەوە، لەبەر پیری ئاگای لەبەرو دوای قسەکانی خۆی نەبێ.

هەروەها زانایانی حەدیث لە ئەندازەی زیرەکیو زەین ساغی هەموو حەدیث گێڕەوەیەك سەرنجیان داوە، بڕێ گێڕاوەیان بەرامبەری بە بڕێکی تری کردوە ئەگەر هەڵەی زۆریان تێدا بەدی کردبێ یان هەستیان کردبێ کە زەینو حیفظی تەواو نییە حەدیثەکانی ئەو کەسەیان بە لاواز (ضعیف) داناوە – با لەککە لەکەسایەتیو راستگۆییدا نەبێ: بەڵام هەر لەترسی ئەوەی نەبادا زەینی خیانەتی لێ کردبێ حەدیثەکەیان بە زەغیفو پوچەڵ داناوە. لەلایەکی ترەوە زانایانی حەدیث داوایان لە حەدیث گێڕەوە کردوە کە حەدیثەکە بەدەقی بگێڕێتەوە، هیچ وشەو رستەی لێ نەگۆڕێ! لەم بارەوە دکتور ئەسەد رەستەم دەڵێ: ئەمە رێزداریەکی زانستییە لە رێزداریەکانی زانایانی حەدیث، ئەوانە یەکەم کەسن کە داوای دەستپاکیو زمانپاکیو راستییان کردوە لە گێڕانەوەی حەدیثداو گەڕانو پشکنینو بۆ دۆزینەوەی دەقە ئەصڵییەکەیان بە ئەرکێکی پیرۆزو پێویست زانیوە، تەنانەت هەندێ لەو زانایانە بەلایانەوە وابووە کە ئەگەر هەڵەیەك یان زمانخوارییەك لە دەقەکەدا هەبوو نابێ راست بکرێتەوە بەڵکوو وتوویانە: دەبێ لە پەراوێزا ئاماژەی بۆ بکرێ.

خوێنەری هێژا ئەمەی گوترا ئەو جۆرە یاساو بەرنامەیەیە کە زانایانی حەدیث لە چەرخە سەرەتاییەکانی کۆچیدا پێی گەیشتوونو کاریان پێ کردوە! وا ئەمڕۆ مێژوونووسانی هاوچەرخ پەیڕەوی هەمان رێباز دەکەن.

ئابەو جۆرە زانایانی زانستی حەدیث یاساو قاعیدەی زانستییان داناوە بۆ وەرگرتنو پەسەندکردنی حەدیث بە جۆرێك کە تاکو ئەمڕۆش ئەو یاسایانە راسترین قاعیدەن بۆ چەسپاندنی روداوی مێژوویییو پلەی هەرە بەرزی زانستیو وردەکارییان تێدا رەنگ دەداتەوە.. ئەمجار ئەو زانایانەی دووایی هاتوون هەرچی حەدیسێکیان دیوە کۆیان کرۆدۆتەوەو تۆماریان کردوە، زۆر جاریش هێزو پێزی

حەدیثەکە: راستە، درۆیە، صەحیحە، زەعیفە – ئاشکرایان کردوە، هی واشیان هەبووە هەر حەدیثی صەحیحی لە کتێبەکەی دا تۆمار کردوە؛ وەکوو بوخاریو موسلیم، هەندێکیشیان حەدیثی درۆو هەڵبەستراویان لە کتێبەکانیاندا تۆمار کردوە بۆ ئەوەی خەڵکی بیانزانیو خۆیانیان لێ دوور بخەنەوەو کاریان پێ نەکەن، هەروەها هەرچی پێیان گەییشتووە لەناوی حەدیث گێڕەوەکان بنەچەو رەچەڵەکو چۆنیەتی ژیانیان تۆمار کراوە تا لێکۆڵەرەوەکان کەرەستەی باشیان لابێ، هەرکاتێ ویستیان لە راستیو دروستی حەدیثەکان بکۆڵنەوە، لەم بارەوە کتێبی گەورەو بەرفراوانیان داناوە، سەدان بەڵکوو هەزاران جڵدی قەبارە گەورەیان نووسیونەوە بە جۆرێك کە لای هیچ گەلو نەتەوەیەك کەمێك لەو کەلەپوورە نابیندرێ!

سەنەدی حەدیثو جۆرەکانی:

زانایان فەرموودەکانی پێغەمبەریان بە گوێرەی سەنەدەکان دابەشکردوە بۆ ئەم بەشانە.

یەکەم: حەدیثی موتەواتەر: ئەو حەدیثەیە کە کۆمەڵێك لە ئادەمیزادان بیگێڕنەوە بە جۆرێك کە نەگونجێو عەقڵ بۆی نەچێ کە لەسەر درۆیێك هاتبن، ئەوانیش لە کۆمەڵێکی وەك خۆیان بیستبێ ئەوانیش هەروا تا دەگاتە سەر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ).

حەدیثی موتەواتەر دەبێتە دوو بەش:

بەشی یەکەم: ئەوەیە بە لەفظو مەعناوە تا دەگاتە سەر پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) کۆمەڵ لە کۆمەڵی بیستبێ ئەم جۆرە زۆر کەمە.

بەشی دووەم: ئەوەیە ماناکەی موتەواتەر بێ، باوەکوو وشەکانی گۆڕانکاری تێدا کرابێ.. وەکوو ئەو حەدیثانەی کە ژمارەی نوێژو رکاتی نوێژەکان دیاری دەکەن. شایانی باسە زانایان زۆر کتێبیان لە بارەی حەدیثی مەوتەواتەردا داناوە

دواترینیان زاناو حەدیث زانی گەورە (محمد جعفر الكتابي)یە کە کتێبێکی داناوە ناوی ناوە (نظم المتناثر في الحديث المتواتر) کە پێنج سەد حەدیثی لەخۆ گرتووە.

دووەم: حەدیثی مەشهوور: بەو حەدیثە دەگوترێ کەسێ موسوڵمانی دادپەروەر یان زیاتر بیگێڕنەوە بە (لەفظ و مەعناوە) ئەم جۆرە حەدیثە زۆر زۆرە.

سێیەم: حەدیثی عەزیز: ئەوەیە دوو موسوڵمان بیگێڕنەوە.

چوارەم: حەدیثی ئاحاد: ئەوەیە یەك کەس بیگێڕێتەوە.

پلەکانی فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ):

زانایان حەدیثیان لەبارەی راستیو زەعیفییەوە کردۆتە سێ بەش:

بەشی یەکەم: حەدیثی صەحیح: بەو حەدیثە دەگوترێ کە هەڵەی تێدا نەبێ لە ئیسنادیشیا عیلەلو نارێكو پێکی نەبێ، موسوڵمانێکی عادڵو بڕوا پێکراو لە یەکێکی وەکوو خۆیەوە ئەویش لە یەکێکی وەکوو خۆیەوە تا دەگاتە کۆتایی گێردرابێتەوە.

بەشی دووەم: حەدیثی حەسەن: بەو حەدیثە دەگوترێ کە لە ئیسنادەکەیدا راویەکی گومان لێکراو بە درۆزنی تێدا نەبێ، بەڵام لە راوییەکانیدا کەسێکی تێدابێ کە رەخنەی لەسەر بێ جا رەخنەکە دەربارەی زەینساغی (حفظ) یان وریایی (ضبط) بێ! هەر بەو شێوە راوییەکانی تریشی بە درۆزن حسێب نەکرابن، بە جۆرێك کە رەخنەگری حەدیث لەبەر وا گومان بەرێ کە ئەو حەدیثە بنەمایەکی دیاری هەبێ.

سێیەم: حەدیثی زەعیف: بەو حەدیثە دەگوترێ: کە گومانی لێ بکرێ بەوە کە لەمەتنی حەدیثەکەدا یان یەکێ لە زنجیرەی ئیسنادەکەیدا کەسێکی وا هەبێ بڕوا بەگێڕانەوەکەی نەکرێ، یان گومانی لێ بکرێ بە جۆرە بێدینی (بیدعەت)ێك. بەڵام ئەو حەدیثەی کە بە درۆ حسێب دەکرێ بە حەدیثی (موضوع) هەڵبەستراو دادەنرێ.

رەخنەگرتن لە دەقی حەدیث (نقد نص الأحاديث):

زانایانی زانستی حەدیث رەخنەکانیان هەر دەربارەی سەنەدو وردبوونەوە لە راستیو دروستی سەنەدەکە نەبووە، بەڵکوو دەقی حەدیثەکانیشیان خستۆتە بەر ئاوێنەی رەخنەو چەند قاعیدەو یاسایەکیان داناوە بۆ رەخنەگرتن لە حەدیث کە هیچ نرخو هێزێکی لەم یاساو قاعیدە سەردەمانەی کە ئەمڕۆ بۆ نەقدییان داناوە کەمتر نییە. بێگومان (شاە عبد العز) ئەم یاساو قاعیدانەی کورت کردۆتەوە لە کتێبی (العجالة النافعة)دا تۆماری کردون لەوێدا ئەو حەدیثانەی کە وەرناگیرێنو رەت دەکرێنەوە دەست نیشان کراون ئەویش ئەمانەن:

١- هەرکاتێ حەدیثەکە لەگەڵ رووداوێکی مێژوویی چەسپاودا یەك نەگرێتەوە.

٢- ئەگەر حەدیث گێڕەوەکە بێدین بوو حەدیثەکەشی تانەی لەیەکێ لە صەحابە دەدا، یان حەدیث گێڕەوەکە لە کۆمەڵەی لەڕی دەرچون (الخوارج) بێو حەدیثەکەشی تانە لە خانەوادەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) بدا، هەر کاتێ حەدیثەکە بە سەندێکی بێ لایەن پاڵپشت کرا حەدیثەکە دەبێتە مەقبوول.

٣- هەرکاتێ حەدیثەکە یەك کەس گێڕابوویەوەو ناوەڕۆکی بریتی بوو لە فەرمانێك کە هەموو موسوڵمانێك پێڕەوی بکا! چونکە کارێکی وا گرنگ نابێ هەرەیەك کەس بیستبیەتی!

٤- ئەگەر رواڵەتی حەدیثەکە خۆی ئەوەی دەگەیاند کە درۆبێ!

٥- هەرکاتێ ناوەڕۆکی حەدیثەکە لەگەڵ عەقڵو هۆشی ساغو تەعلیماتە ئیسلامییەکاندا رێك نەکەونو یەك نەگرنەوە.

٦- هەر کاتێ حەدیثە گێڕادروەکە یەك کەس بیگێڕێتەوەو حەدیثەکە دەربارەی روداوێك بێ – ئەگەر راست بێ – دەبوایە زوربەی خەڵك بیزانیایەو زۆر کەس بیگێڕایەوە.

٧- هەرکاتێ ناوەڕۆکی حەدیثەکە ئەوەندە پڕو پووچو بێ کەڵك بێ لەگەڵ گەورەییو پلەو پایەی پێغەمبەردا نەگونجێ! یان وشەکانی ئەوەندە نارەوانو خوارو خێچ بن لەگەڵ رەوانبێژیو خۆشخوانی پێغەمبەردا نەگونجێ.

٨- هەرکاتێ حەدیثەکە سزایەکی گەورە دابنێ بۆ تاوانێکی بچکۆلە! یان پاداشتێکی گەورە دابنێ بۆ چاکەیەکی بچکۆلە.

٩-هەرکاتێ حەدیثەکە باسی پێغەمبەرەکانی پێشوو بکاو بڵێ ئەوان پاداشی چاکەی خەڵك دەدەنەوە.

١٠- هەرکاتێ حەدیث گێڕەوەکە بۆ خۆی دان بەوەدا بنێ کە درۆی کردوە.

ئەو سەردەمو رۆژگارەی حەدیثی تێدا نووسرایەوە:

سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ)و سەردەمی جێنشینەکانیو بەشێکی سەردەمی ئەمەوییەکانیش تێپەڕی، هێشتا حەدیث هەر دەماو دەم دەگێڕدرایەوەو نە نووسرابووەوە، کاتێ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوو بە جێنشین ئەم خەلیفە خواناسە بەڕێزە، فەرمانی بە لێپرسراوی مەدینەکرد کە حەدیث کۆبکاتەوە، ئیمامی بوخاری لە کتێبەکەیدا (صحيح البخاري) لە بەشی – العلم –دا دەفەرموێ: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نامەی نووسی بۆ ئەبو بەکری کوڕی حەزمو پێی فەرموو: تەماشاکە چی فەرموودەی پێغەمبەر هەیە گشتی بنووسەوە، تا نەفەوتێ، چونکە من مەترسی ئەوەم هەیە کە بەرە بەرە ئەم زانستە کوێر بێتەوەو زاناکانیشی بەرودوا نەمێنن، جا ئەگەر زانیمان کە خەلافەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە ساڵی (٩٩)ی کۆچییەوە دەست پێ دەکاو ساڵی (١٠١)ی کۆچی کۆتایی پێ دێ، ئەوە دەگەینە ئەو ئاکامە کە سەرەتای نووسینەوەی حەدیث ساڵی (١٠٠)ی کۆچی بووە. جا وەنەبێ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هەر بەو نامە نووسینەی کە بۆ لێپرسراوی مەدینەی نووسی وازی هێنابێ بەڵکوو مێژوو ئەوەی بۆ چەسپاندوین کە نامەی بۆ هەر چوار دەوری خۆیو بۆ هەموو وڵاتێکی موسوڵمان نشین نووسیو داوای لێکردن کە حەدیث بنووسنەوەو کۆی بکەنەوە.

بەناو بانگترینی کتێبە بڕواپێکراوەکانی حەدیث:

وەکوو زانیمان لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچییەوە دەست کرا بە حەدیث نووسینەوە، بەناو بانگترین کتێب کە حەدیثی تێدا کۆکرابێتەوە لە سەدەی دووەمی کۆچی دا کتێبی (الموطأ)ی ئیمام مالیکە کە ساڵی (١٧٩)ی کۆچی لە دونیا دەرچووە! ئەمجار لەوەدوا نووسینەوەی حەدیث زۆر گرینگی پێدرا، لە ناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا زۆر کەس خۆی بۆ تەرخان کرد، بەڵام نووسینەوەی حەدیثو گرنگی پێدانی وەکوو زانیاریەکی سەربەخۆو بەشبەش‌و ڕێکخراو تا سەدەی سێیەم دەستی پێ نەکرد!

کتێبی حەدیث زۆرن گەورەترو بەناوبانگترو صەحیح ترو بڕوا پێکراوتر بەلای زاناکانەوە ئەم کتێبانەن.

١- صەحیحی بوخاری هی (موحەممەدی کوڕی ئیسماعیل بوخاری) کۆچکردوی ساڵی (٢٥٦) کۆچییە.

٢- صەحیح موسلیم: هی (موسلیمی کوڕی حەججاج) کۆچکردوی ساڵی (٢٦١)ی کۆچییە.

٣- سونەنی ئەبو داوود هی (ئەبو داود) کۆچکردوی ساڵی (٢٧٥)ی کۆچییە.

٤- سونەنی تیرمذی هی (ترمیذی) کۆچکردوی ساڵی (٢٧٢)ی کۆچییە.

٥- سونەنی ئیبنو ماجە هی (ئیبنو ماجە) کۆچکردوی ساڵی (٢٧٣) کۆچییە.

٦- سونەنی نەسائی هی (نەسائی) کۆچکردوی ساڵی (٣٠٣)ی کۆچییە.

کتێبی صەحیحی بوخاری‌و صەحیحی موسلیم لەناو موسوڵماناندا ڕێزو پایەیەکی گەورەیان دەست هێناوەو پێیان دەگوترێ: (الصحیحین).

ئەو دوو کتێبە ئەو حەدیثانەیان لە دوو توێدا نووسراوە کە زانایان لەسەر راستییان ڕێك کەوتوون‌و بەلایانەوە صەحیحن. بەڵام چوار کتێبەکانی تر جگە لە حەدیثی صەحیح حەدیثی (حسن)یشیان تێدایە، هەروەکوو چۆن خاوەنی ئەم

کتێبانە هەرکاتێ ویستویانە حەدیسێك هەڵسەنگێنن سەرنجی زاناو خوێنەریان بۆ بەهێزیو بێ هێزی پایەی ئەو حەدیثە راکێشاوە!!

بەشەکانی حەدیثی صەحیح (أقسام الحديث الصحيح):

زوربەی زۆری زانایان حەدیثی صەحیحیان بە گوێرەی ئەو صیفەتانەی کە دەبنە هۆی صیحەتی حەدیث، حەدیثەکانیان دابەشکردوەو کردویانن بە حەوت بەش، هەر بەشەیان لەبەشی دواخۆی پایەی بەرزترە:

١- ئەو حەدیثەی بوخاریو موسلیم لە (صەحیحین)دا دایان نابێ بەم بەشە دەگوترێ (المتفق عليه) پەسەندی ئەممەت.

٢- ئەو حەدیثەی بوخاری – بەبێ موسلیم – تەخریجی کردبێ.

٣- ئەو حەدیثەی موسلیم – بەبێ بوخاری – تەخریجی کردبێ.

٤- ئەو حەدیثەی بەپێی مەرجی بوخاریو موسلیم بێ، بەڵام خۆیان تەخریجیان نەکردبێ.

٥- ئەو حەدیثەی بەپێی مەرجی بوخاری بێ.

٦- ئەو حەدیثەی بەپێی مەجی موسلیم بێ.

٧- ئەو حەدیثەی کە یەکێ لە زانایانی بڕوا پێکراوی حەدیث بەساغی دانابێ.

پشت بەستن بە حەدیثی صەحیحو حەسەن بۆ وەرگرتنی حوکمی شەرعی:

ئاشکرایە کە موجتەهیدو شەرعزانو زانایانی ئیسلام حوکمی شەرعی لە حەدیثی صەحیحو حەسەن وەردەگرن هیچ کاتێ پەنا بۆ حەدیثی زەعیف نابەن چونکە حەدیثی زەعیف حوکمی لێ وەرناگیرێ! بەڵام هەندێ لە زانایان رێگەیان داوە کە لە کرداری چاکەدا کار بەم جۆرە حەدیثە بکرێ وەکوو ئەو حەدیثە زەعیفانەی کە خەڵك هەڵدەنێن بۆ رەوشت جوانیو چاکەکردن! وەکوو ئیمامی غەزالی لە کتێبی (احياء علوم الدين)دا کردویەتی. شایانی باسە کە ئەوەش بڵێین:

حەدیثى زەعیف هەموویان یەك پلەیان نییە حەدیثى زەعیفى وا هەیە تا پلەى (موضوع - هەڵبەستراو) دادەبەزێ! بڕێ حەدیثى زەعیفى وا هەیە لەگەڵ ناوەڕۆكى قورئان ڕێك ناكەوێ، زۆر حەدیثى زەعیف هەن لە باسكردنى حەقیقەتى ڕووداوو نهێنییەكانى بونەوەردا دژ بە قورئان دەوەستێن! بۆیە پێویستە دووربینى بكرێ، بەڵكوو واچاكە كارى پێ نەكرێ.

حەدیثى هەڵبەستراو حوكمى شەرعى لێ وەرناگیرێ:

بەڵێ حەدیثى هەڵبەستراو حوكمى شەرعى لێ وەرناگیرێ! بەڵكوو گێڕانەوەشى حەرامە مەگەر بۆ ئەوە بیگێڕینەوە كە ئاگادارى موسوڵمانان بكەینەوە كە ئەو حەدیثە مەضوعو دەست هەڵبەستە.

نوسەرانى ئینسكلۆبیدیاى ئیسلامى دەڵێن: (هەرچەندە موسوڵمانان كاتى خۆى نەفرینیان لەو كەسە دەكرد كە حەدیثى هەڵبەستراو – بە مەبەستى خراپ – بەناو خەڵكدا بلاو بكاتەوە بەلام چەند ئیعتیبارێك هەیە لە بڕێ كات دا تۆزێك ئەم ڕایە نرم دەكاتەوە، بە تایبەتى ئەگەر حەدیثە هەڵبەستراوەكە بڕێ ئامۆژگارىو تەعلیماتى ڕەوشتى لەخۆ گرتبێ، بێگومان ئەم قسەیە لەگەڵ حەقیقەتدا ڕێك ناكەوێو بوختانو درۆ هەڵبەستنە بە زوبان عیلمى حەدیثەوە. ئاشكراشە زانایانى ئیسلام لەزۆر كۆنەوە ئەم شوبهەو گومانانەیان پوچەڵ كردۆتەوە. ئەوەتا لە كتێبى ئیبنو صەلاحى شەهرەزوورى ناسراو بە (علوم الحدیث) لاپەڕە (١٠٠)دا دەڵێ: ئەوانەى حەدیث هەڵدەبەستن چەند جۆرێكن لە هەموانیان زیانبەخشتر كۆمەڵێكن خۆیان بە دونیا نەویستو سوفینیزم حسێب كردوە، لە خۆیانەوە حەدیثیان هەڵبەستوون بەو هیوایە خێریان بگاتێو پێیان وابووە ئەو حەدیثە هەڵبەسراوانەیان لێ وەردەگیرێو خەڵكى فریویان دەخۆنو پێیان بروا دەكەن!! تا كۆمەڵێك زاناو لێهاتووى زانستى حەدیث لێیان ڕاپەڕینو پەردەیان لەسەر هەڵدانەوەو قەلاچۆى ئەو بیرە پرو بوچەیان كرد!!

حەدیث هەیە دەبێتە سەرچاوەی حوکمی شەرعی، حەدیثیش هەیە نابێتە سەرچاوەی حوکمی شەرعی (السنة تكون تشريعا وغير تشريع)

پێویستە تێبینی ئەوە بکرێ کە هەر حەدیسێك لە پێغەمبەرەوە هاتبێ‌و لە کتێبەکانی حەدیثدا تۆمار کرابێ – جا حەدیثەکە قسەبێ یان کردەوە بێ یان بێ دەنگی‌و رازی بوون بێ – دابەش دەکرێن بە چەند بەشێکەوە:

یەکەم: هی وا هەیە دەربارەی شتێك هاتووە کە پێویستییەکی ئادەمیزادییە وەکوو خواردن‌و خواردنەوەو نووسین‌و رۆیشتن‌و دیدەنی کردن‌و ناوبژیکردن‌و رێکخستنەوەی دوو کەسی دژ بەیەك‌و بەگوێرەی داب‌و نەریتی کۆمەڵایەتی‌و بێنەو بەرەی کرین‌و فرۆشتن.

دووەم: هی وا هەیە بە گوێرەی تاقیکردنەوەی شەخصی‌و تایبەتی‌و کۆمەڵایەتی هاتووە وەکوو ئەو حەدیثانەی دەربارەی کارو باری کشت‌وکاڵ‌و تەندروستی هاتوون.

سێیەم: هی وا هەیە بەگوێرەی نەخشەو پلانی ئادەمیزاد بەگوێرەی هەل‌و مەرجی تایبەتی هاتووە، وەکوو ئەو حەدیثانەی دەربارەی دابەشکردنی سوپا لەشەڕ گەداو رێکخستنی ریزەکانی سوپاو ئەو جۆرەشتانە کە بەهۆی بارو زوروفی کاتی‌و لێهاتووی تایبەتی، پێغەمبەر هەڵس‌و کەوتی تێدا کردون!

ئەم سی جۆرە حەدیثە نابنە سەرچاوەی تەشریع‌و بە بکەو مەکەی شاریع حسێب ناکرێن بەڵکوو ئەوە کارێکی ئادەمیزادین‌و هەڵس‌و کەوتی پێغەمبەر تێیاندا نابنە تەشریع‌و سەرچاوەی تەشریع.

حەدیث دەبێتە سەرچاوەی حوکمی شەرعی گشتی‌و تایبەتی:

ئەو حەدیثانەی کە دەبنە سەرچاوەی تەشریع چەند بەشێکن:

١- هەر حەدیسێك لە پێغەمبەرەوە هاتبێ لەسەر شێوەی پێ راگەیاندن بەو سیفەتە کە پێغەمبەرە بە خەڵکی راگەیاندبێ، وەکوو ئەوەی ئایەتێکی موجمەلی

قورئـان رونبكاتـەوە، يـان حـوكمێكى گـشتى تايبەتمەنـدى بكـا، حـوكمێكى رەهـا (مطلق) سنووردار بكا، يان لايەنى عيبادەتێك شى بكاتەوە، يان شتێك بـه حـەلاڵ دانىَ يان حەرامى بكا، يان دەربارەى بيرو باوەڕو رەوشت يان شتێك كە پەيوەنـدى هەبىَ بە يـەكێك لـەو شـتانەى باسمان كـردن، ئـەم جۆرە شـتانە هـەموو كـات بـە تەشـريع دادەنـرێنو تـا رۆژى قيامـەتيش ئـەم تەشـريعە بەردەوامـە. جا ئەگـەر فەرمانەكـەى پێغەمبـەر دەربـارەى ئـەم جـۆرە شـتانە بكـەبوو واتـە: ئـەمربوو، پێويستە هـەموو موسـوڵمانێك لـە عاسـت خۆيـەوە بيكـا، ئەگـەر مەكـە بـوو واتـە: نەهى بوو پێويستە هەموو موسوڵمانێك خۆى لىَ بپارێزىَو توخنى نەكەوىَ.

٢- ئەو حەديثانـەى كە لـە پێغەمبـەرەوە هـاتوون بـەو سـيفەتەى كـە پێـشەواو سـەرۆكو گـەورەى موسـوڵمانانە وەكـوو سـوپا نـاردن بـۆ شـەڕ لەگـەڵ دوژمنانـداو خەرجكردنى ماڵو دارايى بەيتولمال لـە شوێنى پێويـستدا، يـان كۆكردنـەوەى مـاڵو دارايـــى بـــەيتولمال لـــە سەرچـــاوەكانييەوە، هـــەروەها تـــەعينكردنى قـــازىو فـــەرمانڕەوايانى هـــەرێمو ناوچـــەكانو پەيمانبەســـتنو ئـــەم جۆرەشـــتانەى كـــە پەيوەنـدييان هەيـە بـەكارو بـارى ئيمامـەتو پێـشەوايىو نەخـشەو پلانـدانان بـۆ بەرژەوەندى گشتى موسـوڵمانان – حـوكمى ئەمانـە هيچيان نابنـە تەشـريعى عـامو گشتىو نابىَ هـەر كەسـە لـە عاسـت خۆيـەوە هەڵكوتێتـە سـەرى! مەگـەر بـەئيزنى خەليفەو پێشەوابىَ! كەس بۆى نييە ئـەوە بكاتـە بەڵـگە كـە پێغەمبـەر كرويـەتى ئەويش لە خۆيەوە پڕى بداتىَو بيكا.

٣- ئەو حەديثانەى كە لە پێغەمبەرەوە هاتوون دەربـارەى قـەزاوەتو دادگـايى كردن، چونكە حەزرەت وەكوو پێغەمبـەر بـووەو حـوكمى شـەرعى راگەيانـدوە لـە هەمانكاتدا سەرۆكى گشتيى موسـوڵمانان بـووەو كـارو بـارى رێكخـستونو راميـارى راپەڕاندونو لە كێشەو ناكۆكى ناو موسوڵماناندا قازى شەرعى بووە.

حوكمى ئەم جۆرە حەديثانەش ناتوانرىَ بكرىَ بە شەريعەتى گشتى، كەوابوو كەسێك حەقێكى لەسەر كەسێك بوو ئەويش ملى نەدەداو ئينكارى دەكـرد كـابراى

خاوەن حەق ناتوانێ بە زۆر حەقی خۆی لێ بستێنێ مەگەر لە رێگای دادگاوە؟ چونکە لە سەردەمی پێغەمبەردا بەو شێوە حەق وەرگیراوە.

سوپاس بۆ خودای تاكو تەنیا کە یارمەتیدام بۆ وەرگێرانی ئەم بەڕاوە پیرۆزە کە رۆژی (۱۹۹٤/٥/۲٥) بەرامبەر بە (۱٥) ذیلحیجەی ساڵی (۱٤۱٤)ی کۆچی لە رەشنووسینی بوومەوە.

شایانی باسەکەبەندە لەمانگی ئابی ساڵی (۱۹۸۸)ی زانیییەوە خەریکی وەرگێرانی ئەم پەڕاوە پیرۆزەیەو زۆر بەشێنەیی‌و لەسەرەخۆ ئیشم تێداکردوە، بەس بەش رەشنووسەکەیم داوەتە بەڕێز ماۆستا نووری فارس حەمە خان بۆ ئەوەی چاوی پێدا بگێرێ‌و سەرنجی خۆییم پێ بڵێ: خوا حەقە ماموستا درێغی نەکردوە زۆر دڵسۆزانە پێیدا چۆتەوەو گەلێك رستەی بۆ گۆڕیوم، زۆر هەڵەی بۆ راست کردومەوە ئەگەر راست نەکرانایەوە نەنگی پێوە دیاردەبوو! خودا پاداشی ماندووبوونەکەی بداتەوەو وێنەی زۆربن‌و پایەداربێ.

هیوادارم خوێنەرانیش بە چاوێکی رەخنەیی بنیاتنەرەوە بیخوێننەوە بە سەرنج‌و بۆچوونی خۆیان منەتبارم بکەن‌و هەڵەم بۆ هەڵگرنەوە.

ماموستا نووری فارس لە کۆتایی رەشنووسەکەدا بەم چەند دێرە سەرنجی خۆی بەرامبەر بەکتێبەکە دەربڕیوەو دەڵێ:

سوپاس بۆ خودا لە سەرەتای ئەم کتێبەوە هەتا ئێرە بەوردی سەرنجی خۆمم لەبارەی وەرگێراوەکەیەوە دەربڕی، گەرچی ئەم کتێبە مەشهوورەو بە ناوبانگە، بەڵام لە گەڵێ شوێندا پتر لە پێویست لایەنگیری نوێخوازی دەکا، لە گەڵێ شوێندا لاسکاییەکی رووتی نووسەرە میشسرییە تازەکانە. لەگەڵ ئەمەدا تا ئەو کاتەی کتێبێکی رێكو پێك تر روحی دینی ئیسلاممان بۆ رون دەکاتەوە، ئەم کتێبە جوانترین هەنگاوە لەم کاتەدا. لە خودا داواکارین ماموستا محمود لە پاکنووسەکەیدا پتر سەر کەوتووبێ.

نوری فارس - ۱۹۹٤/۱۰/۱۳

پێڕستی سەرەباسەکان

(فهرس المواضيع)

بەشی پێنجەم: یەکتایی خودا

مطبعة الزمان – بغداد – هاتف ٤١٦٢١٨١
١٤١٧ هـ - ١٩٩٦م

رقم الإيداع في دار الكتب والوثائق
٢٨١ في ٢٣/١١/١٩٩٦